ڕۆمان

# پردەکەی سەر ڕووباری درینا

ئیڤۆ ئاندریچ

ساڵی 1961
خەڵاتی ( نۆبل )ی لە ویژەدا وەرگرتووە

موکەرەم ڕەشید تاڵەبانی
کردوویەتی بە کوردی

2011

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان                دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی
بەڕیوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

پردەکەی سەر ڕووباری درینا (ڕۆمان)
نووسینی: ئیڤۆ ئادریچ
وەرگێڕانی : موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی
چاپی یەکەم 2011
تیراژ: 1000
نرخ: 6000
چاپ: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (702)ی ساڵی (2011)ی پێدراوە



نووسەر ئیڤۆ ئاندریچ 1892 ـ 1975



دیمەنی ئێستای پردەکەی سەر ڕووباری درینا ـ فیشیگراد




**بەرگی ڕۆمانەکە وەرگێڕانی : د. سامی درووبی**

# بۆچی ئەم ڕۆمانەمان هەڵبژارد؟

لە هەشتاكاندا كاتێك دەستم بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە كرد هەستم كرد كە نووسەرەكەی چووەتە ناخی كەسایەتی و ڕووداوەكانەوەو، باسی وڵات و گەل و خاكێك دەكات، زۆر لە بارودۆخ و شێوەی وڵات و خاك و گەلەكەی منەوە نزیكە، ئەگەر هەر تەواو لەیەك نەچن. نووسەر ڕووداوو بەسەرهاتەكانی ئەو گەلانەی لە وڵاتی بۆسنیاو هەرزە گۆڤینا دەژین وێنە دەكێشێت، كە بە دەستی داگیركاری جارێك توركان و جارێك نەمساوی و مەجەرو جارێك سیربەكانەوە تاڵترین ژیان دەگوزەرێنن و خەم و خەفەت و پەژارە دەیانپووكێنێتەوە، ئەو داگیركاری و زوڵم و زۆرەی دەستەڵاتدارانی عوسمانلی لەو گەلانەیان دەكرد لەو كارە نامرۆڤانەدا ڕەنگی دەدایەوە كە كۆرپەی بەر مەمكان و منداڵانی ساوایان لە دایك و باوكان دەكردەوەو بەرەو شوێنێكی دوور لە وڵاتی خۆیان، بۆ ئەستەنبوولێیان دەبردو لەوێ دەیانهێنانە ژێر ئایینی خۆیانەوەو ناویان دەگۆڕین و دەیانكردنە ئەندامانی سوپای ئەنكشارییەو شەڕی وڵاتانیان پێ دەكردن، ئەم كارە لەگەڵ كاری سەفەربەرلكی سەردەمی یەكەمین جەنگی جیهانیدا لە وڵاتی خۆمان یەك دەگرنەوە، كاتێك باوك و براو مێردو مام و خاڵ و كوڕیان لە كەس و كاریان دەكردنەوە بەرەو بەرەكانی جەنگیان ڕادەپێچان و دواتر بێ سەرو شوێن دەبوون و دەكوژران و نەدەگەڕانەوە.

ئەو ئازارو ژان و ئەشكەنجەو غەم و پەژارانەی لە ڕووداوو بەسەرهاتەكانی ئەم ڕۆمانەدا بەرچاومان دەكەوێت، كە هەر هەموویان پردەكەی درینا پێكەوەی بەستوون، هەست بە هەمان ئەو ئازارو زوڵم و زۆرەی عوسمانلییەكان دەكرا كاتێك تا ساڵەكانی بیستی سەدەی ڕابوردوو خاكی كوردستانیان داگیركردبوو، جۆرەها زوڵم و زۆریان لەم گەلە ستەمدیدەو لەم خاكە بەپیت و فەڕە دەكردو، خەڵكیان بە باج و بە ناردنە بەرەكانی شەڕی پیاوە نەخۆشەكە دەچەوساندەوەو برسیەتی و بێكاری و نەداری و نەزانین و نەخۆشییان پتر بڵاو دەكردەوە.

هەركە ئەو بەسەرهات و چیرۆكە یەك لە دوای یەكانەی ئەم ڕۆمانەم دەخوێندنەوەو تا دەهات بۆ لای خۆیان ڕایاندەكێشام بڕیارم دا ئەم شاكارە وەربگێڕمەوە سەر زمانی كوردی، بۆیە لە نەوەدەكاندا وتارێكم لەبارەی ڕۆمانەكەو لە بارەی نووسەرەكەوە نووسی و لەوێدا بەڵێنم دابوو ئەو ڕۆمانە بە كوردی بخەمە بەردەستی خوێنەری كورد، ئەوەبوو لە هاوینی ساڵی 1999دا سێ پاڕ (بەش)م لێ وەرگێڕا، بەڵام لەبەر هەندێك بارو دۆخی كاری ڕۆژنامەنووسی و مامۆستایەتی بە شێوەیەكی كاتی دەستم لە وەرگێڕانەكە هەڵگرت و بۆ دەرفەتێكی گونجاو دەگەڕام درێژە بە وەرگێڕانەكە بدەم و بەڵێنەكەم بەدی بهێنم، ئەوەبوو هاوینی ئەم ساڵ 2008 ئەو دەرفەتەم بۆ هەڵكەوت و قۆستمەوەو لە

کۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا تەواوم کردو پشوویەکی خۆشنوودیم پێدا هاتەوە کە توانیم ئەم شاکارە وەربگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی.
نووسەری ئەم ڕۆمانە (ئیڤۆ ئاندریچ)ە لە 9ی ئوکتۆبەر ـ تشرینی یەکەمی ساڵی 1892 لە شاری ترافنیك لەدایك بووەو لە 13ی ئاداری 1975 لە شاری بەلگراد کۆچی دوایی کردووە، بەبنەچە (کرواتی)یە، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی دووەمین جەنگی جیهانی ڕایگەیاندبوو کە (سیربی)یە. ئەم ڕۆمانەی (پردەکەی سەر ڕووباری درینا) شاکارێکی زۆر گرنگی مرۆڤایەتییانەیە، بۆیە لە ساڵی 1961دا لیژنەی بەخشینی خەڵاتی (نۆبل) لەسەر ئەم ڕۆمانە خەڵاتی (نۆبل)یان لە ئەدەبدا پێ بەخشی.
ئەمەیش هۆیەکی دیکەی ئەوتۆ بوو هانی داین پێ لەسەر ئەوە دابگرین ئەم ڕۆمانە بخەینە بەردەم خوێنەری کورد، بۆ ئەم مەبەستەیش ڕۆژی تەنیا چوار لاپەڕەمان وەردەگێڕا، دوو لاپەڕەیان دانی بەیانی و دوو لاپەڕەیان دانی ئێوارە، یەکسەر ئەو لاپەڕانەمان وەردەگێڕاو یەکسەر بە کۆمپیووتەر دەماننووسییەوە بێ ئەوەی کاغەز بەکار بهێنین ، ڕۆژانی هەینیش کاتێك کارەبا نەبووایەو کات یارمەتی دابایەن چەند لاپەڕەیەکمان لەسەر کاغەز وەردەگێڕاو بۆ ئێوارە بە کۆمپیووتەر دەمانووسییەوە، تا لە ماوەی پتر لە چوار مانگدا توانیم وەرگێڕانەکە تەواو بکەم، کاتێك هەر چەند لاپەڕەیەکیشم تەواو بکردایە یەکسەر هەڵەچنیم دەکردو هەندێك جاریش وشەی ئەوتۆم بهاتایەتە پێش و واتای پڕ بە پێستی وشەکەم بویستایە تەماشای فەرهەنگم دەکرد یان لە گەڵ زمانی ئینگلیزیدا بەراوردم دەکردو واتای تەواوی وشەکەم بۆ دەردەکەوت و بەکارم دەهێنا.
جگە لەوەیش ڕۆمانەکە پڕ لە ناوی شارو گوندو ناوچەو هەندێك خواردنەوەی ئەو وڵاتەیە بۆیە زۆربەی ئەو ناوو وشانەم لەناو دوو کەوانەدا داناوە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت ئەوە ناوە، تا بۆیشم کرابێت دەستەواژەو دەربڕینی باوی کوردیم بەرانبەر بە ڕستەو دەستەواژەو ئیدیۆمەکان بەکارهێناوەو هەوڵم داوە ڕستەکان ڕەوان و کوردەواریانە بن، بۆیە لە دوایەمین هەڵەچنی و پێداچوونەوەدا ئەو شوێنانەیشم دەستکاری کردووە کە هەستم کردووە لەنگ و کوردەواریانە نین، بۆیە هیوادارم بەم کارە خزمەتێکی بچووکم بە کتێبخانەی کوردی کردبێت.
هەڵبەت نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە ئەم ڕۆمانەم لە زمانی عەرەبییەوە کردووەتە کوردی، ئەگەرچی هەن دەڵێن باشتر وایە شاکار لە زمانی ڕەسەنەوە وەربگێڕرێت باشترە، جا لەبەر ئەوەی تا هەنووکە هیچ یەکێك لەوانەی زمانی بیانی دەزانن یان ئەو زمانە دەزانن کە (ئیڤۆ ئاندریچ) ئەم ڕۆمانەی پێ نووسیوە، دەستپێشخەرییەکی ئەتۆیان نەکردووەو بێن ئەم شاکارە وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی، بۆیە ئێمە بڕیارمان دا ئەم ڕۆمانە لە عەرەبییەوە وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی، ئەو وەرگێڕانەشمان هەڵبژارد کە دکتۆر سامی درووبی خەڵکی شاری (حمس)ی شام لە حەفتاکاندا بەر

لەوەی نووسەری ڕۆمانەکە لەساڵی 1975دا کۆچی دوایی بکات وەریگێڕابووە سەر عەرەبی، چونکە لە پێشەکییەکەدا دەڵێت (ئیڤۆ ئاندریچ لەوپەڕی چالاکیدایە، وتارو چیرۆك و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر دەنووسێت (بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە لەبارەی بۆلیڤار، جۆبا، پترارك، ئەوانی دیکە)، وێژەیش مافی ئەوەی بەسەرەوە هەیە چاوەڕێی نموونەی نوێی شاکاری ئەدەبی لیٚ بکات).

هەڵبەت د. سامی درووبی وەرگێڕێکی دەست ڕەنگین و چالاك و لێزان و دانا بووە، ئەو ڕۆمانەی بە شێوەیەك وەرگێڕاوە لات وایە هەر بە خۆی نووسیویەتی، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر ڕەوان و سفت و سۆڵی پێوەدیارەو لە لایەن ڕەخنەگرانەوە کارەکەی باش هەڵسەنگێنراوەو نرخێنراوە.

وەرگێڕ لە ساڵی 1921 لە شاری (حمس) لەدایك بووەو لە زانکۆیەکی فەرەنسا بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری سایکۆلۆژیدا وەرگرتووە، باڵیۆزی سووریا بووە لە میسرو، مامۆستا بووە لەزانکۆی دیمەشق و ڕاوێژکاری ڕۆشنبیری و، دواتر بووەتە وەزیری پەروەردە و، ئەندامی کۆمەڵەی تۆژینەوەو لێکۆڵنەوە بووە، ساڵی 1976 کۆچی دوایی کردووە.

بە درێژایی تەمەنی 35 کتێب و وەرگێڕانی شاکاری جیهانی و بابەتی جۆراوجۆری وەرگێڕاوەو چاپ کردووەو ئەم ڕۆمانە وەرگێڕراوەیشی ساڵی 1984 لەبەیرووت چاپ کراوەتەوە.

**موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی**

**هەولێر** 27-11-2008

# پێشەکی وەرگێڕ

وێژەی یۆگۆسلاڤی، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەو دیو سنووری ئەو زمانەی تێیدا چرۆی کردبوو هیچی لەبارەوە نەدەزانرا، بەرە بەرە بە جیهاندا بڵاو بووەوە. ئەگەرچی لەسەدەی ڕابوردوودا ژمارەیەك لە شاعیرو نووسەرانی ئەوروپامان بینی بایەخیان بە شیعری یۆگۆسلاڤیا[1] دەداو هەندێك لە چامەکانیان وەردەگێڕاو بڵاویان دەکردنەوە، (وەك یاکۆب گریم و هاردەر گۆتەو میریمێ ومیکیڤیچ و پوشکین)، ئەگەرچیش هەندێك لەشاکارەکانی وێژەی کلاسیکی یۆگۆسلاڤی لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا وەرگێڕرابوونە سەر زمانانی بیانی، کەچی لەم سەردەمەی ئێمەدا پاش ئەوەی کۆمەڵی نوێی یۆگۆسلاڤیا ئەزموونی سەربەخۆی سۆسیالیستی خۆی دامەزراند، بایەخێکی زۆرتر بەوێژەی نوێی یۆگۆسلاڤی دەدرێت. ئەمەیش لیستی ئەو نووسراوە وێژەییانەی یۆڤۆسلاڤیا دەیسەلمێنێت کە لە ماوەی نێوان ساڵی 1945 تا ئەم سەردەمەی ئێمە لە دەرەوەی یۆگۆسلاڤیا بڵاو بوونەتەوە. ئەم لیستەی کە (ئاژانسی یۆگۆسلاڤی لەمەڕ مافی نووسەر) بڵاوی کردووەتەوە پێمان دەڵێت نزیکەی چوارسەد شاکاری ئەدەبی یۆگۆسلاڤی وەرگێڕراون و لە بیست و چوار دەوڵەت لە دەوڵەتانی جیهاندا بڵاوکراونەتەوە.

پەخشکارانی بیانی بەتایبەتی پتر بایەخ بە نووسراوەکانی ئیڤۆ ئاندریچ و میرۆسلاڤ کرلیجا دەدەن. بەڵام ئیڤۆ ئاندریچ کە ئەمڕۆ وەرگێڕانی ڕۆمانی (پردەکەی سەر ڕووباری درینا)ی پێشکەش دەکەین، بە ژمارەی ئەو نووسراوانەی وەرگێڕراون لەڕیزی پێشەوەی بایەخدانی جیهان بە وێژەی یۆڤۆسلاڤی دێت. ئەو ڕۆمانانەی پاش جەنگ نووسیونی و بریتین لە (پردەکەی سەر ڕووباری درینا)، (هەواڵەکانی شاری ترافنیك)، (قەیرە)، لەگەڵ چیرۆك و حیکایەتەکانیدا، بە سی و شەش چاپ و، بە سێزدە زمانی بیانی بڵاوکراونەتەوە: ئینگلیزی، ڕووسی، فەرەنسی، ئیتالی، ئەڵمانی، پۆڵەندی، سویدی، هندی، ئۆکرانی، چیکی، سلۆڤاکی، لیتوانی، بولگاری.

لە ساڵی 1953 ڕۆمانی (پردەکەی سەر ڕووباری درینا) چوار جار لە ئەڵمانیاو، سێ جار لە یەکیەتی سۆڤیەتی (جاران م . ت)( کە حەوت کتێب لە نووسینی ئیڤۆ ئاندریچ وەرگێڕراون)و دوو جار بە ئنگلیزی یەك لە لەندەن و دووەم لە نیۆیۆرك چاپ کراون.

ئیڤۆ ئاندریچ ساڵی 1892 لە شاری ترافنیك لەدایك بووە. سەر بە خێزانێکی کاسۆلیکی مامناوەندە لە بواری پیشەو بازرگانیدا کاریان دەکرد. هێشتە تەمەنی نەگەیشتبووە دوو ساڵی لەناکاو باوکی کۆچی دوایی کرد. بۆیە دایکی، کە لە تەمەنی بیست و یەك ساڵیدا بێوەژن کەوت، پەنای بردە لای خزمەکانی لە شاری فیشیگراد، کە شارۆچکەیکی جوانی سەر ڕووباری درینایە. لەم شارۆچکەیەدا ئیڤۆ منداڵیەتی خۆی بەسەربردو، چووە بەر خوێندنی سەرەتایی. پاشان خوێندنی دواناوەندی لە شاری سەرایێڤۆ تەواوکرد.

ئەم سێ شارەی شارەکانی بۆسنیا ( ترافنیك، فیشیگراد، سەرایێڤۆ) کە ئیڤۆ ئاندریچ لاویەتی خۆی لەوێ بەسەربردووە، ئەو شوێنانەن کە ڕووداوەکانی هەرسێ ڕۆمانەکەی تێدا ڕوو دەدەن و بە پێری نووسیونی و

بریتین له (هەواڵەکانی شاری ترافنیك)، (پردەکەی سەر ڕووباری درینا)، (قەیرە)، کە هەر هەموویان ساڵی 1945 پاش کۆتایی هاتنی دووەمین جەنگی جیهانی بڵاوبوونەوە.

ئیڤۆ ئاندریچ خوێندنی لە زانکۆکانی زەغرب و ڤییەناو کراکۆفیا درێژە پێداوەو، پسپۆری لە مێژوو و زمانانی یۆگۆسلاڤیا وەرگرتووە.

بەڵام دەستەڵاتدارانی نەمسا لەو کاتانەدا لەساڵی 1914 لە شاری (سبلیت) گرتیان، لەبەر ئەوەی ئەندامی ڕێکخراوەکانی لاوانی نەتەوەیی شۆڕشگێڕ بوو (کە دیالۆگ و مشت و مڕو وتووێژەکانیان لەسەر پردی درینا بەجوانترین شێوە بۆ وێنەکێشاوین)، بۆیە یەك ساڵی ڕەبەقی لە هەردوو بەندیخانەی شیبنیك و ماریبۆر بەسەر برد، پاشان ناچار کرا بە دەست بەسەری لە گەڕەکێك لە گەڕەکەکانی زینتسا بەسەر ببات. ئەوەبوو ساڵی 1917 بەبۆنەی دەست بەکاربوون و هاتنە سەرتەختی (ئەمپراتۆر شارل)ەوە بڕیاری لێبوردن دەرچوو، بۆیە ئیڤۆ ئاندریچ ساڵی 1918 درێژەی بە خوێندن داو لە زانکۆی (گرانتس) پلەی دکتۆرای لەسەر تێزەکەی وەرگرت کە ناونیشانی (ژیانی فیکری لە بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا لە سەردەمی داگیرکاری تورکدا) بۆ هەڵبژاردبوو. پاشان لە زغرب گۆڤارێکی وێژەیی بڵاوکردەوە.

پاشان ئیڤۆ ئاندریچ چووە ڕیزی پیشەی دیپلۆماسییەوەو، ماوەی نێوان هەردوو جەنگی بۆ ماوەی کورت و درێژ لە شارو پایتەختی جۆراوجۆری ئەوروپادا بەسەر برد لەوانە: ڕۆما، بوخارست، مەدرید، تریستا، جنیڤ، برۆکسل. پاشان لە یۆگۆسلاڤیا لە ساڵی 1939وە تا 1941 بە وەزیر دامەزرێنرا.

بەڵام ئیڤۆ ئاندریچ هاوکات دیبلۆماتکارو نووسەر بوو، کاری پیشەیی دیبلۆماتکاری ڕێگەی بەرهەمی وێژەیی لێنەگرت.

ژیانی وێژەییانەی خۆی لە ساڵی 1918 بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژژمێرێکی ویژدانیانە سەبارەت ئەو ساڵانەی لە بەندیخانە بەسەری بردبوون دەست پێکرد، ، ناونیشانی (Ex Ponto)ی بۆ هەڵبژاردبوو، کە ناونیشانێکە لە ناونیشانێکی کتێبێکی ئۆفیدەوە خواستوویەتی (Epistolae ex ponto). لە ساڵی 1919 کتێبی (نیگەرانی) بڵاوکردەوە، کە کۆمەڵە نووسینێکی نوێی پەخشانی ویژدانییە. ساڵی 1920 یەکەمین چیرۆکی خۆی (ڕێگەی بلند دییرز بلیز) بڵاو کردەوە، ئیدی لەو کاتەوە بە چیرۆکنووس ناوی دەرکرد.

لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا لە ساڵانی (1924، 1931، 1936) سێ کۆچیرۆکی بڵاوکردەوە، دوای ئەوانەیش ساڵی 1948 چوارەمین کۆچیرۆکی بە ناونیشانی (چیرۆکگەلی نوێ) بڵاوکردەوە.

زۆربەی بابەتی نووسراوو بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئیڤۆ ئاندریچ لەبارەی بۆسنیاوەیە، باسی مێژووی ئەو وڵاتە دەکات لە سەرەتای داگیرکاری تورکەوە تا ئەم سەردەمە، باسی شارو گوندو دیمەن و دانیشتووانی بۆسنیا دەکات چ تورك و، سلاڤی موسوڵمان و، سیربی ئەرسۆزۆکس و کرواتی کاسۆلیك و، قەشەی فرنسیسکانی و، جوولەکەو، ئەفسەرانی نەمساوی و، چەتەو، .... تاد هەروەها ڕەفتارو نەریت و، ئەفسانەو، جەنگ و، هیواو ئاوات و، ڕقە توندو ئارەزووە لەرادەبەدەرەکانیان وێنە دەکێشێت.

هەرچی کتێبی (هەواڵەکانی ترافنیك)ە، ئەوە باسی گەیشتنی کۆنسوڵی فەرەنسا بە نوێنەرایەتی ناپلیۆن بۆ ئەو شارۆچکەی بۆسنیا دەکات، لەگەڵ ئەو کارو چالاکییە سیاسی و بازرگانیانەی ئەو کونسوڵە ئەنجامی

داون، وێڕای ئەو دژوارییانەی لەو وڵاتە دواکەوتووەی کە لەوە دەچوو شێوەیەکی دڕندانە لەخۆ بگرێت و ئەو ململانێیەی لە نێوانی و لە نێوان کونسوڵی نەمسادا هەبوو، سەرەڕای ئەوەی بۆ دەستەڵاتدارانی تورك و قەشە فرەنسیسکانییەکانیان نابووەوە، باسی ئەو بارو کەشە دژوارەیش دەکات کە ناچار بوون لەگەڵ هەردوو خێزانەکانیاندا بەسەری ببەن، کە کەشێکی گۆشەگیری و نەزانین و دڵڕەقی بوو هەندێك جار لێکی نزیك دەکردنەوە وێڕای ئەو هەستی گومان و وریاییەی کە هەر یەکەیان بەرانبەر بەوی دیکە هەیانبوو. ئەو کوودەتا گەورانە کە سەردەمی ناپلیۆن بەخۆوەی بینی شوێنەواری ئەو گۆڕانانە لەم شارۆچکە بچووك و وێڵەی شارەکانی ئەمپراتۆریەتی عوسمانلیدا دەنگی دەدایەوە، کتێبەکە ئەو دەنگدانەوەیەمان پیشان دەداو، بە خۆشی و ناخۆشی خێزانان و، ڕۆمانی ئەویندارى و، ڕووداوی ناوچەییان تێکەڵ دەکات.

هەرچی (قەیرە)یە ئەوە ڕۆمانێکە لە چەشنی ڕۆمانەکانی (بەلزاك)، لە هەندێك لاوە لە نووسراوەکانی دیکەی ئیڤۆ ئاندریچ ناکات. بەڵام نووسەر وەك ناسراوە بیرتیژی و شیکردنەوەی قووڵی تێدا نواندووە. بەسەرهاتی کیژێکی بە نژاد خەڵکی سەرایێڤۆیە، لەناکاو دەگۆڕێت پاش کارەساتێك کە تووشی باوکی دەبێت، ئەو کات دەبێتە مرۆڤێکی ڕەزیل و پیسکەو ڕقی لە ئادەمیزادان دەبێتەوەو، بە شێوەیەك دەژێت تا دێت گۆشەگیرتر دەبێت. کیژەکە دەمرێت و بارودۆخی مردنەکەی دەبێتە ڕازێك تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەکێشێت.

هەرچی کتێبی (پردەکەی سەر ڕووباری درینا)یە کە ئێستە بە وەرگێڕراوی پێشکەشی دەکەین، بێگومان بە لووتکەی شاکارەکانی ئیڤۆ ئاندریچ دادەنرێت، نووسەر لەسەر ئەم ڕۆمانە گەورەترین خەڵاتی وێژەیی وەرگرتووە کە لە یۆگۆسلاڤیا دەبەخشرێت و[2]، پتر لە دە جار چاپ کراوەتەوە.

ئەو پردە بەردینە بەناوبانگەی لەسەر ڕووباری درینا لە شاری ڤیشیگراد دروست کراوەو مەبەست لە دروست کردنی ئەوە بووە بۆسنیاو سیربیا پێکەوە ببەستێتەوە، کە ئەو کاتە دوو هەرێم لە هەرێمەکانی ئەمپراتۆریەتی عوسمانلی بوون، ئەم پردە کەسایەتی سەرەکی ئەم چیرۆکەیە کە باسی مێژووی ئەو وڵاتە لە سەدەی شازدەمەوە تا ساڵی 1914 دەکات، ئەم پردە کە ئیڤۆ ئاندریچ وا باسی دەکات کە (لە جوانیدا نموونەی نییە)و مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت ئەو پردە لەو شارۆچکە دوور دەستەدا دروست کرابێت، ئەو تەوەریە کە بەشەکانی ڕۆمانەکە پێکەوە دەبەستێتەوەو یەکیان دەخات، چونکە ئەو پارە جۆراوجۆرانەی کتێبەکەیان لێ پێکدێت چەندین چیرۆکن هەر هەموویان پێوەندییان بە پردەکەی دریناوە هەیە.

ئەم پردە ساڵی 1571 بە فەرمانی گەورە وەزیر (واتە سەرەك وەزیران ــ م . ت) محەمەد پاشا سۆکۆلۆڤیچ دروست کراوە کە لە گوندێکی بچووکی گوندەکانی بۆسنیای نزیك بە ڤیشیگراد لە دایك بووە.

نووسەر لە دووەمین پاڕی کتێبەکەیدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چۆن ئەم منداڵە بۆسنییە لە چنگی دایك و باوکی دەرهێنرا لەگەڵ ئەو منداڵانەی دیکەی وڵات بە ناوی باجی خوێنەوە بە زۆر دەرهێنران، بۆ ئەستەمبووڵ برا، لەوێ بوو بە موسوڵمان و، بوو بە ئەفسەرێکی تورك ، دواتر بوو بە وەزیرێکی ناوداری دەستەڵاتدار. مرۆڤ ناتوانێت فرمێسکەکانی خۆی ڕابگرێت کاتێك دیمەنی ئەو دایکە تۆقیوانە دەبینێت

کاتێك منداڵەکانیان بەرێ دەکەن کە سەربازانی تورك لە ئامێزیان ڕفاندوون و دەریانهێناون و بۆ شـوێنێکی دووریان دەبەن.
لە سێیەمین و چوارەمین پاڕیشدا نووسەر باسی مێژووی دروستکردنی پردەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، باسی ئـەو جۆرە ئازارو ئەشکەنجانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە کـاتی دروسـتکردنی پردەکـەدا بەسـەر سـوخرەکاران لـە دانیشتووانی شارەکەدا سەپێنراوە لەگەڵ ئەو زوڵم و زۆرەی عابد ئاغا لێی دەکردن کە وەزیرەکە ڕایسپاردبوو سەرپەرشتی دروستکردنی پردەکە بکات، کە پیاوێکی تۆقێنەرەو لە پشت پـەردەی دڵڕەقیشـەوە نائـەمینی خۆی شاردبووەوە. نووسەر باسی ئەو وێرانکارییەمان بۆ دەکات کە ڕادیسـلاف ئـەنجامی دان و، چـۆن پێـی زانراو، دەستگیر کراو، لە قازووخ درا. باسکردنی ئەو ئەشکەنجەیەی ڕادیسلاڤ مووچـڕکەیەکی تۆقێنـەر بـە لەشی مرۆڤدا دێنێت.
ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بە درێژایی سەدەکان بەردەوام دەبن و زۆر جیـاوازو جۆراجـۆرن، بـەڵام بـەردەوام بـە پردەکەوە پەیوەستن: کارەساتی لافاو، ڕووداوەکانی یاخیبوون، دەردو پەتا، داگیرکردنـی بۆسـنیا لـە لایـەن سوپای نەمساو مەجەرستانەوە ساڵی 1878و ئەو گۆڕانانەی ئەم داگیرکردنە هێنانیە گۆڕێ (گۆڕانی ئابووری جۆراجۆرو ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر کە کەمێك لە پلەو پایـەی پردەکـەی کـەمتر کـردەوە)، بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییەکان، شەڕەکانی بەلقان، سەرهەڵدانی نـەوەی نـوێی شۆڕشـگێڕ، پاشـان کـوژرانی ئەرشـیدۆق فرانتس فردیناند ساڵی 1914و، هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان سـربب و نەمسـاو مەجارسـتان و تەقاندنـەوەی پردەکە.
ئەمە هەر هەمووی مێژووە. بەڵام مێژوویەکە لە کتێبەکەدا تێکەڵ بە درامای سۆزداری و، کارەساتی خێزان و، ڕووداوی خودی دەبێت، وەك بڵێیت ڕووداوە مێژووییەکان تەنیا بیانوون و نووسەر دەیەوێت بـە هۆیانـەوە ناخی ناخەوەی مرۆڤایەتی وێنە بکێشێت، تەنانەت کاتێك چیرۆکە خـودی یـان سـەبارەت بـە خێزانـەکانی دەخوێنیتەوە کە پردەکەی درینا پێکەوەیان دەبەستێتەوە خەیاڵت بۆ ئەوە دەچێت کە ئەمانە خـەیاڵن و لـە واقیعەوە دوورن. لە ڕاستیدا جیاکردنەوەی ئەم چیرۆك و بەسەرهاتانە لە نێوان ئەوەی واقیعەو ئەوەی خەیاڵە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لێرەدا خەیاڵ زۆر توند تێکەڵاوی مێژوو دەبێت، لەودیوی هـەر بەسـەرهاتێکەوە ڕووداوێکی واقیعی یان ئەفسانەیی هەیە خەڵکەکە لەمەڕ ڕووداوێکی واقیعی گواستوویانەتەوە، لەم ڕووەوە کتێبەکە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی بەڵگەنامەی مێژوویی لەخۆ دەگرێت. بەڵام هەرچـۆنێك بـووە یەکـەمین خەسڵەتی ئەوەیە کە شاکارێکی ئەدەبییە نـەك ڕۆمـانێکی مێـژوویی. تەنانـەت لـە لایـەنی مێژووشـەوە مێژووی دەروونی تاکەکانە بەرانبەر بە ڕووداوەکانی مێـژوو پـتر لـەوەی گێڕانـەوەی ئـەم ڕووداوانـە بێـت. ڕووداوەکان لێرەدا هیچ بەهایەکی ئەوتۆیان نییە تەنیا لەوەدا نەبێت کە بارودۆخی دەرەکـین دەروونـی تاکـە کەسانیان بە ئاکارو لایەنی کـەم و کـورتی و ئـارەزوو و ئـازارو ژان و شـادی و کامەرانییەکانیانـەوە تێـدا بەرجەستە دەبێت .. ئێمە لەم کتێبەدا بەسەرهاتی کیژێك دەخوێنینەوە خۆی دەکوژێت بەوەی خـۆی لەسـەر پردی درینـاوە فڕێ دەداتە ناو ڕووبارەکەوە لەبەر ئەوەی بێ ئارەزووی خۆی بە مێرد دراوەو حەز لـەو مێـردە ناکات و لەگەڵ شان و شکۆی ئـەودا هاوسـان نییـە... بەسـەرهاتی لاوێـك دەخوێنینـەوە لەسـەر پردەکـە

دراوێکی زێڕین دەدۆزێتەوە و دەچێت یاری پێ دەکات و خوو بە قومارکردنەوە دەگرێت و لەڕێ دەردەچێت ... بەسەرهاتی ئاغایەك دەخوێنینەوە نەریتەکانی خۆی ناگۆڕێت و زۆر پابەندی ئایینەو لە داخی گۆڕانی نەریت و حوکم کردنی خوانەناسان خەفەت دەخوات ... بەسەرهاتی سەربازێکی لاو دەخوێنینەوە کە کیژێك فریوی دەدات کاتێك پاساوانی پردەکە دەکات بۆ ئەوەی چەتەیەك تێپەڕێنێت، بۆیە مەرگ بە باشتر لە هەست بە ڕیسوایی فریودان و ڕیسوایی ئەرك بەجێنەهێنان دەزانێت ... هەروەها بەسەرهاتی لاوێکی ڕۆشنبیری بە ئاوات و لە خۆبایی و بایەخ بەخۆدەر دەخوێنینەوە کە بایەخ بە شتی دیکە نادات تەنیا ئەوە نەبێت کە نێرگسییەتی خۆی بەسەریدا دەسەپێنێت، ئەو تەنانەت بەوەیشەوە ناوەستێت کیژێك هەڵدەخەڵەتێنێت و فریو دەدات کە بە وەفادارییەوە خۆشی ویستووە، لەبەر ئەوەی تەنیا خۆی خۆش دەوێت، تاد، تاد ....

ئیڤۆ ئاندریچ چەند چووەتە ناخی مرۆڤایەتییەوەو چەند بلیمەتانە وێنەی سایکۆلۆژیانەی دەم و چاوەکانی گرتووە!

ئەو کەسایەتییانەی وێنەی کێشاون ژ بیر ناچنەوە. ناڵێم نموونەی مرۆیی زیندوون، چونکە وێژە کاری بە نموونەکانەوە نییە، بەڵکو دەڵێم ئەوانە تاکە کەسانێکن نووسەر ئەوەندە وردو قووڵ و ڕاستگۆیانە وێنەیان دەکێشێت کە تۆ هاوکات بەچاوی دیدەو چاوی هزر دەیانبینیت، پاشان لە ناو خەیاڵ و ئەندێشەتدا تا هەتایە دەمێننەوە.، هیچ خەسڵەتێکیان لێ کەم نابێتەوەو، ڕەنگێکیشیان کاڵ نابێتەوە.

پاشان کتێبەکە، سروەی خەفەتبارانە هەڵدەمژێت و، هەڵویستێکی تێدا لە بارەی بوون و ژیانەوە دەردەبڕێت هەڵویستی ڕەشبینی ئاسایی نییە، بەڵام هەرچۆنێك بووە هەڵویستی ئەو کەسەیە کە ناتوانێت تەنیا ئەوە نەبێت هەست بکات کە ژیان و بوون بە خۆیان (جۆرە شەڕێکیان تێدایە)، شەڕێك کە پاساو نادرێتەوەو کەس تێی ناگات و هۆیەکانیشی نازانرێت. هەڵبەت ژیانی خودی پردەکە، کە کەسایەتی سەرەکی ئەم کتێبەیە، ڕەنگە هیمایەکی ئەم تێڕوانینە پەژاراوییەی تێدابێت. نووسەر پێدەکەنێت و خەڵك دێنێتە پێکەنین، بەڵام لە ناو قاقای پێکەنینەکەیدا هەست بە چەند ئاخ و ئۆفێکی بە ئێش و ئازار دەکرێت.

ئەم کتێبە ڕۆمانە؟ ناوی هەرچی لێ دەنێیت بینێ. بەڵام ئەوەت لەیاد نەچێت کە جۆرە ئەدەبێکی تایبەتە، چیرۆك و شیعرو فەلسەفەو مێژووی تێدایە جوانترین شت لەوەی کە هەر شاکارێکی ئەدەبی نوێ و ڕەسەن لەخۆی بگرێت.

ئیڤۆ ئاندریچ لەوپەڕی چالاکیدایە، وتارو چیرۆك و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر دەنووسێت (بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە لەبارەی بۆلیڤار، جۆیا، پترارك، ئەوانی دیکە)، وێژەیش مافی ئەوەی بەسەریەوە هەیە چاوەڕێی نموونەی نوێی شاکاری ئەدەبی لێ بکات.

**سامی درووبی**

(1) هەڵبەت ئەم پێشەکییە ئەو کاتە نووسراوە کە یۆگۆسلاڤیا پارچە پارچە نەبووبوو، کرواتیاو بۆسنیاو هەرزە گۆڤیناو مۆنتی نیگرۆو دواتر هەرێمی کۆسۆڤۆی لێ جیا نەبووەوە، بۆیە وەرگێڕ هەر ناوی یۆگۆسلاڤیا دێنێت (م. ڕ. ت). (2) نەك هەر ئەوە بگرە نووسەر لەسەر ئەم ڕۆمانە ساڵی 1961 خەڵاتی (نۆبل)ی پێ بەخشراوە (م . ڕ. ت).

# یەکەمین پار

بەشی هەرە زۆری ڕووباری درینا[1]، بە نیهالی تەسك و تروسكی نێو چیای سەختدا دەكشێت، یان بەگەلیی قوولّی نێوان كەناری بەرزدا تێدەپەڕێت، لە هەندێك شوێن نەبێت، دۆڵی فرەوانی لێناكەوێتەوە، لەكەناری ئەم بەرو ئەو بەریەوە هەندێك پارچە زەویی بە پیتی لێ پێكدێت، بڕێكیان پێ دەشت و ئەوانی دیكە پڕ لە گردو تەپۆڵكەن، بۆ كشت و كاڵ و نیشتەجێ بوون دەشێن. یەكێك لەو پێدەشتانە لێرەوە لە شارۆچكەی (فیشیگراد)ەوە دەست پێدەكات[2]، لەو شوێنەی ڕووباری درینا سەرچاوە دەگرێت. لەو پێچە كوت و پڕەی، لەو دەربەندە قوولّە تەسكەوە كە لە تاوێرەكانی (بۆتكۆ)و چیاكانی (ئۆزافنتسا) پێكهاتووە. ئەو گۆشەیەی ڕووباری درینا لەم شوێنەدا پێكی دەهێنێت تا ڕادەیەكی زۆر تیژە، جگە لەوەی چیاكانی ئەم بەرو ئەوبەر ئەوەند لێژن و یەكیان لە ئامێز گرتووە لەوە دەچن بارستاییەكی داخراو بن ڕووبارەكەیان لێوە دەرپەڕیبێت وەك بلّێیت لە دیوارێكی تاریكەوە سەری دەرهێناوە. بەلاّم لەپڕ چیاكان لێك جودا دەبنەوەو، گۆڕەپانێكی نارێك پێكدێنن، تیرەكەی لە فرەوانترین شوێنیدا بە پێوەری ئاسۆیی لە پازدە كیلۆمەتر تێناپەڕێت .

لەم شوێنەدا كە ڕووباری درینا بە مەزنی دەكشێت و، لەم بارستاییە چیا ڕەشە هەزار بە هەزارەدا، كە بە ڕواڵەت داخراون، ڕووبارەكە شین دەكاتەوەو، كەف دەچەرێنێت، پردێكی گەورە لەبەردی هەڵكۆڵراوی رێك و پێك دروست كراوە، یازدە تاقی فرەوانی هەیە. پاش ئەم پردە دۆڵێكی بەرینی پڕ هەڵەت هەیە، وەك بلّێیت پردەكە بنكەی بێت. لەم دۆڵەدا شارۆچكەی فیشیگرادو دەوروبری و چەند گوندێكی خوارەوەی ئەم لاو ئەو لای تەپۆڵكەكان دەبینرێن، كە بە كێڵگەو لەوەڕگەو بێستانی قۆخ داپۆشراون و چەند شووەریەكیش بەرچاو دەكەون كە بەشەكانی دۆڵەكە لێك دیكە جودا دەكەنەوە، لەگەڵ چەندین گچكە دارستاندا لێرەو لەوێ بلاّوبوونەتەوە، لێرەو لەوێیش بڕەدار سنۆبەر بەرچاو دەكەون .

ئەگەر لە خاڵی سەرەتای ئاسۆگەوە سەرنج بدەیت وات بە خەیاڵدا دێت ئەوەی لە تاقە فرەوانەكانی پردە سپییەكەوە دێتە دەرێ و پەرت دەبێتەوە تەنیا ئاوی ڕووبارەكە نییە، بگرە ئەم زەوییە بەرفرەوانە كێڵراوەیشە كە تیشكی ڕۆژ داپۆشیوە، لەگەڵ ئەو هەموو سەوزاییانەی تێیدا شین بوونە، لەگەڵ ئەم ئاسمانە سامالّەی لە سەرروویەوەیە .

لە لاكەناری ڕاستی ڕووبارەكەوە، لای خودی پردەكەدا، ناوەندی شارەكەو بازاڕە توركییەكەی دەبینرێن، كە بەشێكی دەگاتە پێدەشتەكەو بەشێكی دیكەیشی دەكەوێتە لێژایی تەپۆڵكەكانەوە. پێدەشتی (مالۆخین)یش، دەكەوێتە ئەوبەری پردەكەوەو، بە درێژایی كەناری دەستە چەپ پەرت دەبێتەوە، كە گەڕەكێكە خانووبەرەكانی لە دەوروبەری ئەو ڕێگەیەن بەرەو (سەراییڤۆ) دەچێت، كەواتە پردەكە كە هەردوو بەشی ڕێگەی ( سەراییڤۆ) لەخۆ دەگرێت، شارەكەو دەوروبەری پێكەوە دەبەستێتەوە. لە ڕاستیدا كە دەلّێیت (پێكەوە دەبەستێتەوە) لەو ڕاستییە كەمتر نییە كە بلّێیت هەتاو بەیانیان هەڵدێت بۆ ئەوەی ئێمەی مرۆڤ

بتوانین دەوروبەری خۆمان ببینین و، بڕۆینە سەر ئیشەکانمان، ئێوارانیش ئاوا دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بنووین و ماندوویەتیی ڕۆژمان دەرچێت .

لەبەر ئەوەی ئەم پردە بەردینە مەزنە، کە لە ڕووی دروست کردنەوە بێ هاوتایەو لە جوانیدا دەگمەنەو، شارەکانی دیکە لەوانەی لە دەوڵەمەندی و بازرگانیدا زۆر پێشکەوتووترن ئەم جۆرە پردەیان نییە (لەسەردەمی کۆندا دەیانگوت وڵات تەنیا دوو پردی لەم چەشنەیان تێدایە) لە ڕاستیدا ئەم پردە تەنیا ڕێگەیە، لەسەر ئاوەڕۆی ناوین و سەرووی ڕووباری درینا بێ ترس و لەرز هات و چۆی لێوە دەکرێت، کە ئەو گرێ پێویستەیە بۆسنیاو سێربیا پێکەوە دەبەستێت و، لە چوارچێوەی سێربیاشەوە بۆسنیاو بەشەکانی دیکەی ئەمپراتۆریەتی عوسمانلی تا ئەستەمبووڵ پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەم شارۆچکەیەو گەڕەکەکانی دەوروبەری ئەم گردبوونەوەیەیە کە دەبێت لەم خاڵە سەرەکییانەی هات و چۆکردنەداو، لەم بەرو ئەوبەری پردە گشتییەکانەوە دروست بن .

لەبەر ئەوەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خانووبەرە لەم بەرو ئەوبەری پردەکەوە زۆرتربوون و ژمارەی دانیشتووان فرەتر بوون و، بە هۆی ئەم پردەوە شارەکە ژیاو، ڕەگ و ڕیشەی لێوە داکوتا، ڕەگ و ڕیشەیەك هەرگیز لەناو نەچێت .

جا ئەگەر بتەوێت وێنەی ئەم شارە ئاشکراتر ببینیت و، پتر لە مۆرکی پێوەندی نێوانی و نێوان مەجارستان بگەیت، دەبێت ئەوە بزانیت لەم شارەدا پردێکی دیکە بەسەر ڕووبارێکی دیکەوە هەیە، ئەویش پردە دارینەکەی سەر ڕووباری (رزاف)ە، لەوپەڕی شارەکەوە (رزاف) دەڕژێتە نێو (درینا)وە.

ئەمەش وای کردووە نێوەندەی شارو بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی شار بکەوێتە ناوچەی ئەو زمانە گچکەی زەوییە لمینەی نێوان هەردوو ڕووبارەکەوە، بەڵام گەڕەکە پەرتوبڵاوەکان دەکەونە ئەوپەڕی هەردوو پردەکەوە، لەکەناری دەستە چەپی ڕووباری دریناو کەناری دەستە چەپی ڕووباری رزاف، کەواتە شارەکە دەکەوێتە سەر ئاوەوە، بەڵام ئەگەرچی ڕووبارێکی دیکەو پردێکی دیکە هەیە، کەچی ئەگەر یەکێك بڵێت (لەسەر پردەکە) ئەوە مەبەستی پردەکەی ڕووباری رزاف نییە، کە پردێکی دارینی ساکارو بێ مێژووە، نە جوانەو نەش هیچ واتایەك دەبەخشێت، ئەوە نەبێت کە خەڵك بەخۆیان و ڕەشەوڵاغ و بەرزە وڵاغەکانیانەوە بەسەریدا دەپەڕنەوە، بگرە مەبەست لەوە پردە بەردینەکەی سەر ڕووباری درینایە.

درێژیی پردەکە دووسەدو پەنجا گەزو، پانییەکەی دە گەز دەبێت، بەڵام لەناوەڕاستدا کە دوو شۆستەی تەواو هاوچەشنی، لەم بەرو ئەوبەری ڕێگەکەوە هەیە کە ئۆتۆمبێلی پێدا تێپەڕ دەبێت لەوێدا پانییەکەی دوو چەندەیە، بەم بەشەی پردەکە دەڵێن (کابیا)، ئەو ئەستوونە نێوەندییەی لەسەرەوە بەرینترە، لەوێدا بەکۆڵەکە لە هەردوو لاوە پتەوتر کراوە، لە دەستەچەپ و دەستەڕاستی ڕێگەکەوە دوو شۆستە پشتیان پێوە داوە، چوون یەك ئازایانە بەسەر ئاوە شینە شڵپ و هوڕکەرەکەدا بەئاسمانەوە قیت ڕاوەستاون، درێژی هەریەك لەشۆستەکان نزیکەی پێنج پێ و پانییەکەشی پێنج پێ دەبێت و، هەریەکەیان وەك هەموو پردەکە بەدرێژی لێوارێکی بەردینیان هەیە، بەڵام ئازاد و بێ بنمێچ، ئەو شۆستەی بەرانبەرتە کە لەشارەوە بێیت بەلای دەستەڕاستدا پێی دەگوترێت (سۆفا) کە دوو پلە بەرزترەو، بەچەند تەختێك دەوری گیراوەو لێواری پردەکە

پشتی گرتوون، هەروەها هەردوو پلەکەو تەختەکان و لێوارەکەش هەر هەموویان لەیەك جۆرە بەردی لووس هەڵکۆڵراون، هەرچی شۆستەی دەستەچەپە لە شۆستەی دەستەڕاست دەچێت، بەڵام تەختی لێ نییە، لەناوەڕاستی لێوارەکەدا دیوارێك لە باڵای مرۆڤ بەرزتر قوت بووەتەوە، تابلۆیەکی مەرمەڕی سپی پێوەیە بە نووسینی تورکی و بە سێزدە بەیتە شیعر، ناوی دروستکەری پردەکەو ئەو ساڵەی تێیدا دروست کراوە تۆمارکراوە، لە خواری دیوارەکەشەوە کانییەك هەیە ئاوێکی باریکەلە ڕێچکەی لێ بەستووە لەدەمی ئەژدیهایەکەوە دەڕژێت لەبەرد دروست کراوە، لەسەر ئەم شۆستەیە پیاوێك لەگەڵ فنجان و مقاڵە هەردەم هەڵایساوەکەیدا قاوەخانەیەکی دامەزراندووەو، شاگردێکی هەیە لەسەر (سۆفیاکە) کە قاوە پێشکەش بەخەڵکی دەکات، ئەمە (کابیا)یە.

لەسەر پردەکەو کابیاو، لەدەوروبەریان ئەو شوێنانەی پێوەندییان پێوە هەیە، وەك دەبینین ژیانی دانیشتووانی شارۆچکەکە بەردەوام دەبێت و پەرە دەستێنێت، بەردەوام لە هەموو گێڕانەوەیەك لە بارەی سەرگوزەشتەی ژیانی خۆیان و تیرەیان یان ژیانی گشتییان، گوێت لەو دوو وشەیە دەبێت (لەسەر پردەکە)، لە ڕاستیدا لەسەر پردەکەی درینا یەکەمین سەیران ئەنجام دەگرێت کە منداڵەکان ئەنجامی دەدەن، هەروەها یەکەمین یاریش کە زارووکان دەیکەن ئەو منداڵە گاوورانەش لەکەناری دەستەچەپی ڕووباری درینا لە دایك دەبن، لەسەرەتای هاتنە دنیایانەوە بەسەر پردەکەدا دەپەڕنەوە، چونکە بۆ (پیرۆز کردنیان) لەیەکەمین هەفتەدا دەبرێنە کڵێسا، بگرە هەموو منداڵەکانی دیکە، ئەوانەی لە کەناری دەستەڕاستیشدا لە دایك دەبن و بگرە ئەو موسڵمانانەیش کە پیرۆز ناکرێن، بەشی هەرە زۆری ژیانیان لە نزیك پردەکەدا بەسەر دەبەن، وەك باوك و باپیرانی لەمەو پێشیان: لە نزیك پردەکە بە قولاب ماسی دەگرن، یان لەژێر کونەکانیدا کۆتر دەگرن، هەر بەمنداڵی چاویان ئاشنای هێڵە لەگەڵ یەکدا گونجاوەکانی ئەو پردە بووە کە لە بەردی لووسی کون کونی جوان و ڕێك و پێك هەڵکۆڵراو دروست کراوە، هەموو بازنەو گۆشەکانی جوان دەناسن کە لێیان پێکهاتووەو قەشەنگ دروست کراون و، هەموو سەرگوزەشتەو ئەفسانەکانیشیان ئەزبەر کردووە کە پێوەندییان بە سەرهەڵدان و دروستکردنیەوە هەیە، کە ئەندێشەیان تێدا لەگەڵ ڕاستیدا تێکەڵاو دەبێت و، بەشێوەیەکی سەیرو پتەویش ڕاستییان تێدا لەگەڵ خەوندا تێکەڵاو دەبێت.

بێ ئەوەی هەست پێ بکەن ئەم سەرگوزەشتەو ئەفسانەیان زانیوە، پێزانینێك ناتوانیت مێژوویەکی بۆ دابنێیت، وەك بڵێیت کاتێك لەدایك بوونە لەگەڵ خۆیاندا هێناویانە، وەك چۆن ئاشنای نوێژەکانیانن ئاوەها ئاشنایان بوونە، لەیادیان نییە یەکەمین جار لە کێوە بیستوویانە.

دەزانن کە پردەکە بە فەرمانی سەرەك وەزیران محەمەد پاشا دروست کراوە کە ئەو گوندەی لێی لەدایك بووە دەکەوێتە ئەو ناوچەوە، لەو دیوی ئەو چیایانەوە کە چواردەوری پردەکەو شارەکەیان داوە، کەس نەیدەتوانی هەموو پێداویستییەکانی ئەم موعجیزە لەبەرد دروست کراوە نەمرە پەیداو مسۆگەر بکات، تەنیا وەزیر نەبێت، ( وەزیر لە ویژدانی کیژۆڵاندا شتێکی بریسکەدار، مەزن، ترسێنەر، نادیارە)، دەشزانن کە ڕازی پردەکەی دروست کردووە، ئەو ئەندازیارە تەلارسازەی کە ڕەنگە چەند سەدەیەك ژیابێت تا توانیبێتی هەموو ئەم شتە جوان و زیندووانە لەخاکی سێربەکاندا دروست بکات ... ڕازی ئەندازیارێکی ئەفسانەییە ئەندێشەی

دانیشتووان بە ئارەزووی خۆی دروستی کردووەو، بەم ناوەی ناوزەد کردووە، چونکە خەڵك نایانەوێت بیری خۆیان بە چەندین ناوەوە خەریك و سەرقاڵ بکەن و، نەیش منەتباری کەسانێکی زۆر بن، بگرە تەنیا ئەگەر بە ئەندێشەیش بووبێت، هەروەها دەشزانن کە (جنۆکە)ی ئاو تەگەرەی خستووەتە بەردەم درووستکردنی پردەکەوە، وەك چۆن کەسێك لە هەموو کات و سەردەمێکدا تەگەرە دەخاتە بەردەم هەموو دروستکردنێکەوە، ئەو (جنۆکە)یە بەشەو هەموو ئەو شتانەی تێك دەدا کە بەڕۆژ دروست دەکران، تا لە ئاکامدا دەنگێك لەئاوەکەوە بەرز بووەوەو، ئامۆژگاری (ڕازی)، ئەندازیاری تەلارسازی کرد، دوو جمکی ساوا، کوڕوکیژێك، بەناوی (ستۆیا) و (ئۆستۆیا) بهێنێت و، لەناو دیواری کۆڵەگەکانی پردەکەدا بیانشارێتەوە، هەرکە ڕازی گوێی لەم ئامۆژگارییە دەبێت، بەهەموو لایەکی بۆسنیادا دەست بەگەڕان بەدوای ئەو دوو منداڵەدا دەکات، بەڵێنیش بەو کەسە دەدات، کە دەیاندۆزێتەوە خەڵاتێکی باشی پێ ببەخشێت.

ئەنجام پاسەوانەکان دەتوانن لە یەکێك لە گوندە دوورەکاندا دوو منداڵی ساوا بدۆزنەوەو، لەبەر ئەوەی وەزیرەکە دەستی دەڕۆیشت، بەزۆر هەردوو منداڵە ساواکە دەهێنن، بەڵام کە دەیانهێنن دایکیان ناتوانێت لێیان ببڕێت و جیا ببێتەوە، بە هەڵتەك هەڵتەك و لۆژەلۆژ، بەگریان و ڕۆڵە ڕۆ، بێ ئەوەی هەست بە جنێو لێدان بکات تا فیشیگراد بە دوویاندا دێت، لەوێیش، لە فیشیگراد، دەتوانێت خۆی بدزێتەوە تا دەگاتە ئەندازییارەکە، ئەفسانەکە دەڵێت هەردوو منداڵەکە لەناو کۆڵەکەی پردەکەدا هاتوونەتە ڤەشاردن، چونکە دەبوو ئەو کارە ئەنجام بگرێت، بەڵام، وەك دەڵێن، بەزەیی بە هەردوو منداڵەکەدا هاتووەتەوە، بۆیە دوو کونی لە کۆڵەکەکەدا هێشتووەتەوە تا دایکە بەستەزمانەکە بتوانێت شیر بە هەردوو منداڵە قوربانییەکەی بدات، ئەو دوو کونە، دوو کونن لە پەنجەرە دەچن، بەشێوەیەکی هونەری ئەوتۆ دروست کراون، تەسکن و، لەو کونانە دەچن لە دیواری شوورەکاندا بۆ تەقەکردن دروست دەکرێن و... ئێستە کۆترو گوگوختی کردوویانەتە هێلانەی خۆیان، سەدانساڵیشە بۆ یادکردنەوەی ئەو بیرەوەرییە شیری دایکەکە دڵۆپ دڵۆپ لە دیوارەکەوە دەڕژێت: لەوەرزێکی دیاریکراوی ساڵدا چەند دڵۆپەیەکی سپی بچووك لە نێو بەردەکانەوە دەڕژێنە دەرەوە، شوێنەواری بەسەر بەردەکانەوە دەبینرێت و ناچێتەوە( بیرۆکەی شیری ئافرەت شتێکی نزیکی بێ تام، شتێکی تەمومژاوی و سەیر لە ویژدانی منداڵەکاندا بەجێ دەهێڵێت، وەك وەزیران و ئەندازیارەکان، نیگەرانیان دەکات و خۆیان لێ دوورەپەرێز دەگرن) خەڵکی ئەم شوێنەواری شیرەی بەسەر بەردەکانەوەیە دادەتاشن و، دەیکەنە پۆدرەیەکی بۆن خۆش و بەو ئافرەتانەی دەفرۆشن دوای منداڵبوون شیریان وشك دەکات.

لەوێیش، لە کۆڵەگەی نێوەندی لەژێر کابیاکەدا، کونێکی گەورەتر هەیە، لەجۆرە دەرگەیەکی بێ دەرگە دەچێت، لە کونێکی گەورەی تەقەکردن دەچێت، دەڵێن ژوورێکی گەورە لەم کۆڵەگەدا هەیە، هۆڵێکی نووتەکە عەرەبێکی ڕەشی تێدا دەژی، منداڵەکان ئاگایان لەمە هەیەو، ئەمەش ڕۆڵێکی گەورە لە خەون و سەرگوشتەکانیاندا دەگێڕێت، کە بەپەنابردنە بەر درۆو ڕووداوی هەڵبەستراو پێشبڕکێی یەکدییان پێ دەکەن.

ئەوەی ئەو عەرەبە ڕشە ببینێت، دەبێت بمرێت، تائێستە هیچ منداڵێك نەیدیوە، چونکە منداڵان نامرن، بەڵام شەوێك لە شەوان (حامد)ی کۆڵ هەڵگر، کە نەخۆشی تەنگە نەفەسیی هەیەو، بەردەوام سەرخۆشەو، بەدەستی پەتایەکەوە گیرۆدەیە لەناو قژو لەناو هەردوو چاوە خوێن تێ زاوەکەیدایە، دەیبینێت، بۆیە هەمان شەو دەمرێت، لەوێ لەنزیك دیوارەکەدا گیان دەسپێرێت، لە ڕاستیدا ئەو پیاوە زۆری خواردبووەوە تا کەوتبووە گیانەڵاو، ئەو شەوەی لەوێ، لەسەر پردەکە، بەو ئاسمانە ساماڵ و سەرمایەی بەسەر بردبوو کە پلەی سەرما گەیشتبووە پازدە پلەی ژێر سفرەوە، زۆرجار منداڵەکان لەم کونە تاریك و نووتەکەوە وەك کونێکی ترسێنەرو سەرنجڕاکێش تەماشایان دەکرد، لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون هەموویان تەماشا بکەن ئەگەر شتێکیان بینی لەهەڵلا بدەن، چاویان دەنایە درزە فرەوانە تاریکەکەوەو دەویان دادەچەقاندو دەحەپەسان و، لەترساندا وەك بیی ناو ئاو دەلەرزین، تا منداڵێکی لاوازیان هەستی دەکرد کە کونەکە وەك پەردەیەکی نووتەك خەریکە دەلەرێتەوەو دەبزوێت، یان تا هاوڕێیەکی قوشمەچیی زیرەك هاواری دەکردو (بەردەوام لەم شوێنانەدا یەکێکی لەو چەشنە هەیە) دەیگوت: (ڕەشتاڵەکە) و بەڕەواڵەت هەڵ دەهات، ئەوە یارییەکەی دەشێواندو، نائومێدی نارەزایی لەلای ئەو کەسانە دروست دەکرد حەزیان لە پێکهاتەی ئەندێشە دەکردو ڕقیان لەگاڵتە دەبووەوەو لەو بڕوایەدا بوون ئەگەر لێی ورد ببنەوە ڕەنگە شتێك ببینن یان هەست بە شتێك بکەن، کەچی زۆربەیان بەشەو، لەنێو خەودا، زۆرانیان لەگەڵ ئەم عەرەبەی پردەکەدا دەگرت، وەك بڵێی زۆران لەگەڵ قەدەردا دەگرن، تا دایکیان لەخەوی هەڵدەستاندن و لەو مۆتەکەی ڕزگار دەکردن، لە کاتێکدا کە دایکەکە قومێك ئاوی بە کوڕەکەی دەدا (بۆئەوەی ترسی بڕێت)و، هانی دەدا ناوی خواوەند بێنێت، منداڵەکە کە یاریی ڕۆژانە زەفەری لێ سەندووە، سەرلەنوێ دەنوست و دەچووە باوەشی خەوێکی قورسەوە، نوستنی ئەو منداڵەی ئیدی نەترسێت و نوستنەکەش درێژە نەکێشێت.

لەبەردەم پردەکەیشدا لە کەنارە هەڵەتەکەیەوە کە بەردی کلسیی خۆڵەمێشینی لێیە لە هەردوو لاوە دوو قۆرتی خڕ، پاشان دوو قۆرتی دیکەو، پاشان دوو قۆرتی دیکە هەن، ئیدی لەو چەشنە، ماوەی نێوان هەردوو قۆرت و، دوانەکەی دیکە یەکە، وەك بڵێیت ئەو قۆرتانە شوێن سمی ئەسپێکی زۆر زەبەلاح بن، شوێنەکان لەوپەڕی (شارۆچکە کۆنەکەوە) هاتوون، بەسەر هەورازە تاوێرینەکەدا بەرەو خوار لێژ بوونەتەوەو گەیشتوونەتە ڕووبارەکە، پاشان دوای ڕووبارەکەیش دەردەکەونەوەو لەکەناری ئەو بەرەوە لەژێر خاکە گەنم ڕەنگی و لە ژێر دارو درەخت و ڕووەکەکاندا بزردەبن، ئەو منداڵانەی بەهاوین، ڕۆژانە هەموو کاتێکی خۆیان، بەدرێژایی ئەم کەنارە تاوێرینە، بە ڕاوکردنی ماسیی بچووك بەسەر دەبەن، دەزانن کە ئەم کون و قۆرتانە شوێن پێی جەنگاوەرانی سەردەمێکی زۆر کۆنن، ئەو کاتە پاڵەوانی زەبەلاح لەسەر زەوی دەژیان و، ئەو کاتەیش تاوێرەکان هێشتە هشك نەبووبوونەوە، بگرە چوون زەوی نەرم بوون و، ئەسپی ئەو سەردەمەیش وەك ئەو پاڵەوانانە زۆر زۆر گەورە بووە، بەڵام منداڵانی (سێرب) بڕوایان وایە کە ئەو قۆرتانە شوێن سمی (شارتس)ن(3)، لەو سەردەمەوە ماونەتەوە کاتێك (مارکۆ) لە زیندانەکەی لە سەرووی چیاکەوە لە (شارۆچکە کۆنەکە) هەڵات و، بەهەڵەتەکەدا شۆڕبووەوەو، بە بازدانێکی گەورە لە ڕووباری درینا پەڕییەوە کە ئەو کاتە پردی لەسەر دروست نەکرابوو، هەرچی منداڵانی موسڵمانانە ئەوە دەزانن کە ئەم قۆرتانە شوێن

پێی (کوالیفچ مارکۆ) نییەو، ناکرێت شوێن پێی وی بن ( چۆن دەکرێت گاورێك و ناکەس بەچەیەك ئەم جۆرە هێزو توانایەی هەبێت و، ئەسپێکی لەو ئەسپە هەبێت)، بگرە ئەوانە شوێنەواری خاتوو (عەلییە)ن بەسەر پشتی ئەسپە باڵدارەکەیەوە، وەك زانراوە، بەچاوێکی سووك دەیڕوانییە کاروان و کاروانچییەکان و، بەبازێك لە ڕووبارەکان دەپەڕییەوە، وەك بڵێیت جۆگەڵەبن، هەرگرووپێك لەو منداڵانە بڕوایەکی زۆریان بەڕاستی و دروستیی بۆچوونەکەی خۆیان هەبوو، تا ڕادەیەك لەو بابەتە نەدەدوان و، هیچ کاتێکیش کەسێکیان نەیدەتوانی ئەوی دیکە لەو بڕوایەی پەشیمان بکاتەوەو، هیچ کاتێکیش کەس ڕای خۆی لەو بارەیەوە نەگۆڕیوە.

ئاوی باراناو، دوای باران بارین، لەناو ئەم قۆرتە خڕە قووڵانەدا دەمایەوە، کە لە جامی گەورە گەورە دەچن، وەك بڵێیت لەناو دەفری لەبەرد دروست کراودا بێت وایە، منداڵان بەو قۆرتە پڕ لە ئاوە دەڵێن (بیر)، هەردوو گرووپەکەش، بەپێی بڕوای خۆیان، ماسییە بچووکەکانی خۆیانیان تێ دەخست کە بە قوڵاپ دەیانگرتن.

لەکەناری لای چەپەوە، یەکسەر لەسەر ڕێگەکە گۆڕێکی لاتەریك هەیە لە خۆڵ دروست کراوە بەڵام خۆڵەکەی ڕەق بووەتەوەو بووەتە بەرد، هیچ شتێکی لێ ناڕوێت تەنیا گیایەکی بچووکی ڕەقیلەی ئاڵۆز نەبێت وەك بڵێیت لە پۆڵایە، ئەم گۆڕە ئەو شوێنەیە کە منداڵەکان کردوویانە بە مەکۆی خۆیان و یارییەکانیان لە دەوروبەری پردەکە لەم شوێنەدا کۆتایی دێن، لە ڕابووردوودا بەم شوێنانەیان دەگوت گۆڕی (ڕادیسلاڤ)، کە دەگێڕنەوە گوایە یەکێك لە سەرکردەکانی سێرب بووەو، پیاوێکی بەهێزو بەدەسەڵات بووە، چونکە کاتێك وەزیر بڕیاری دا پردێك لەسەر ڕووباری درینا دروست بکات و پاسەوانەکانی نارد فەرمانەکەی جێبەجێ بکەن، هەموو دانیشتووان گوێڕایەڵی بوون و، لەبەردەم پیاوانی وەزیردا ئامادەبوون و ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند بەبێ کرێ ئیشی تێدا بکەن، تەنیا ئەو (ڕادیسلاڤ)ە نەبێت، یاخی بوو، ئاژاوەی نایەوەو، ڕێنوێنیی وەزیرەکەی کرد واز لەو کارە بێنێت، چونکە تووشی گێرمەو کێشەیەکی زۆر دەبێت، نەهێڵن پردێك لەسەر ڕووباری درینا دروست بکات، ئەوە بوو وەزیر دوای دەردی سەری و کێشمە کێشمێکی زۆر ئەنجا توانی (ڕادیسلاڤ) دەستگیر بکات، لە بەر ئەوەی ڕادیسلاڤ پیاوێکی بە تواناو ئازا بوو، لە پیاوی دیکەی نەدەکرد، تفەنگ نەبوو بیپێکێت، شمشێر نەبوو بتوانێت بیکوژێت، زنجیر یان گوریس نەبوو بەرگەی بەستنەوەی بگرن، چونکە گوریسەکەی دەبڕیو زنجیرەکەیشی دەپچڕاند، وەك بڵێیت داوێکی بێ هێز بن.. تا ئەو ڕادەیەی بازبەند و نووشتەکەی بە هێز بوو کە هەڵیگرتبوو. کێ دەزانێت چ شتێك دەبوو ڕوو بدات و، ئایە وەزیرەکە دەیتوانی پردەکە دروست بکات، ئەگەر یەکێك لە دەست و پێوەندەکانی نەبووایە کە پیاوێکی فێڵباز و زۆرزان بوو، بەرتیلی بە کارەکەرەکەی (ڕادیسلاڤ) داو ژێر زمانی کێشایەوە، بۆیە لەپڕ (ڕادیسلاڤ) لە خەودا گیرا، پاش ئەوەی بە ئاورێشمیان بەستەوە سەریان بڕی، چونکە نووشتە کار لە ئاورێشم ناکات؟

ئافرەتەکانمان بڕوایان وایە لەشەوێك لەشەوانی ساڵدا مرۆڤ دەتوانێت تیشکێکی بریسکەداری زۆر ڕووناك ببینێت دادەبارێتە سەر ئەم گۆڕە، ئەویش لە پاییزاندا، لە ماوەی نێوان جەژنی لەدایکبوونی (مریەم)و جەژنی کۆچ کردنیدا. ئەو کیژۆڵانەیش بێدار دەمانەوە، لە پەنجەرەکانەوە دەیانڕوانییە گۆڕەکەی (ڕادیسلاڤ) چ بڕوایان بەو ئەفسانە هێنابێت یان نەهێنابێت، جارێك لە جاران نەیانتوانیوە ئاگرێك ببینن لە ئاسمانەوە

داباریبێتە سەر گۆڕەکە، چونکە بەر لەوەی نیوەشەو دابێت خەو پێڵووی قورس دەکردن. بەڵام کاروانچییەکان، کە شەوانە بۆ شارەکە دەگەڕانەوە لە پشت پردەکەوە ڕووناکییەکی سپییان لە سەر گۆڕەکە دەبینی بێ ئەوەی بیر لە ڕووداوەکە بکەنەوە !

بەڵام تورکەکانی شارەکە دەیگێڕنەوە کە لە سەردەمێکی زۆر زۆر کۆندا وەلییەك لە وەلییەکان بە ناوی شێخ تورکمان لە ڕێی خوادا لەم شوێنە شەهید بووە، پاڵەوانێك بووە لێرەدا بە گژ سوپایەکی کافراندا چووە تا نەهێڵێت لە ڕووباری درینا بپەڕنەوە. جا لەبەر ئەوەی لێرەدا نە گۆڕێك یان نە کێلێك هەیە، لەبەر ئەوەیە پیاو چاکەکە ئارەزووی وابوو، ویستوویەتی بەم شێوەیە بیشارنەوە، هیچ نیشانەیەك لەسەر گۆڕەکەی نەبێت جیای بکاتەوە، بۆ ئەوەی کەس نەزانێت لێرە نێژراوە، چونکە ئەگەر هات و سوپایەك لە سوپای کافران جارێکی دیکە لەم شوێنەوە بکشێت، ئەوە بۆ خۆی دەتوانێت لە گۆڕەکەی بێتە دەرەوەو بەر لەو سوپایە ببڕێتەوە، وەك چۆن پێشتر بەری لێ بڕیبووەوە، ئیدی ئەو سوپایە لە کشاندا ناتوانێت دوورتر لە پردی فیشیگراد پێشڕەوی بکات. بەڵام ئاسمان جاروبار بە ڕووناکیی خۆی ڕوونی دەکاتەوە.

هەروەها ژیانی کیژۆڵەکانیش بەو جۆرە لە ژێر پردەکەو دەورو بەریدا دەگوزەرا، یارییان دەکرد، یان خەونی منداڵانەیان دەبینی، تا ئەو کاتەی گەورە دەبن و دەستە ڕاست و دەستە چەپی خۆیان دەناسن و لەو سنوورە دەردەچن، لە یەکەمین ساڵانی پێگەیشتنندا ژیانیان دەگوێزنەوە سەر پردەکە: یەکسەر دەگوێزرێتەوە (کابیا) لەوێدا ئەندێشەی هەرزەکان خۆراکی نوێو ئاسۆی نوێ بەدی دەکات و، لەوێدا پەژارەو هەموو جۆرە تێکۆشان و ماندوویەتیی ژیان دەست پێ دەکات.

لە کابیاو دەوروبەریدا یەکەمین خەونی ئەڤینداری و، یەکەمین چاوداگرتن و چاو قرپاندنی ساکارانەو ڕوانین و چرپە چرپ دەست پێ دەکات، لێرەدا یەکەمین مامەڵە کردن و فرۆشتن ڕوو دەدات و، یەکەمین بازاڕ لێرەوە دەست پێ دەکات و، لێرەدا خەڵکی بە شەڕ دێن و ئاشت دەبنەوە. لێرەدا یەکدی دەبینن و، سەردەکەون، لێرەدا فرۆشیارەکان یەکەمین بەرو بوومی (گێلاس) و (کاڵەك و شووتی)ی خۆیان بۆ فرۆشتن لە سەر لێواری پردەکە ڕۆ دەکەن..لێرەدا چاتورشی بەیانیان و نانەگەنم بە گەرمی پێشکەش دەکرێن ، لێرەدا دەرۆزەکەرو پەککەوتەو شێت و وێتەکان گرد دەبنەوە، هەروەها لاوە ساغ و بەتەندروستەکان گرد دەبنەوە، کە دەیانەوێت خۆیان پیشانی کەسانی دیکە بدەن، یان کەسانی دیکە ببینن، یان ئەوانەی دەیانەوێت شتێك لە شتەکان، میوە یان جل یان چەکێك پێشکەش بکەن. لێرەدا زۆرجار کەسانێکی بەڕێزی پێگەیشتوو دادەنیشن، بۆ ئەوەی کەمێك لە باری گشتی و پەژارەی هاوبەشی خۆیان بدوێن، بەڵام ئەو لاوانەی تەنیا لە ستران گوتن و لاقرتێ بەو لاوە هیچی دیکە نازانن، لەوان پتر لێرەدا بە یەك دەگەن .. لێرەیشدا، لە سەردەمی ڕووداوە مەزنەکان و ڕووداوو بشێوییە مێژووییەکاندا، بەیاننامەو بڵاوکراوەکان لەژێر تابلۆ مەرمەڕەکەدا هەڵ دەواسران، کە لە سەرووی کانیی ئاوەکەوە، بە نووسینی تورکی ڕازێنراوەتەوە، هەر لێرەیشدا، تا ساڵی 1878 ئەو کەسانە لە سێدارە دەدران یان لە قازووخ دەدران، بە هەر هۆیەك بووبێت. لە سێدارەدان لەم شارەی سەر سنووردا زۆر بوو، بە تایبەتی لەو ساڵە پڕ لە بشێوی و ئاژاوانەدا، تا ڕادەیەك هەندێك کات ڕۆژ نەبوو یەکێکی تێدا لە سێدارە نەدرێت.

کەژاوەی بووك گواستنەوەو مردوو بەڕێ کردنیش لە ڕووبارەکە ناپەڕێتەوە، ئەگەر لەلای کابیاکە ڕانەوەستێت. لێرەوە کەژاوەی بووکان ئامادە دەبوون و ڕیزیان دەبەست، بەر لەوەی بچنە ناو جەرگەی شارەوە، سەردەمەکە هێمن و بێ غەم و پەژارە ببووایە، خەڵکی شووشە (راکیا)یان[4] لە دەمی یەکدی دەستاندو مژیان پێوە دەناو گۆرانییان دەچڕی و سەمای (کۆلۆ)یان[5] دەکردو، ماوەیەك دەمانەوە لەوە درێژتر کە بە بیریاندا بێت. لە کاتی تەرمی مردوو بە ڕێ کردنیشدا ئەوانەی تەرمی مردووەکەیان لەسەر شان بوو لێرە لەسەر شانیان دەهێنایە خوارەوەو ماوەیەك لەسەر کابیاکە پشوویان دەدا، کە مردووەکەیش برێکی تەمەنی خۆی تێدا بە سەر بردبوو.

کابیا گرنگترین شوێنی پردەکەیەو، پردەکەیش گرنگترین شوێنی شارەکەیە، وەك گەشتیارێکی تورکی نووسیویەتی کە دانیشتووانی فیشیگراد مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ کردووەو، لە گەشتنامەکەی خۆیدا نووسیویەتی دەڵێت :"کابیا لای ئەوان بە چەقی پردەکە دەژمێررێت و، پردەکەیش ناوجەرگەی شارە کە پێویستە لە ناو دڵی هەمووواندا بمێنێتەوە".

کابیا بۆمان دەسەلمێنێت کە ئەو ئەندازیارە کۆنانەی سەرگوزەشتەکان دەگێڕنەوە، بە گژ (جنۆکە)و جۆرەها (شەیتان)دا چوونەو ناچار بوونە دوو منداڵی زیندوو (لە پردەکاندا بشارنەوە)، سەلماندوویانە کە زۆر زیرەکن، کاتێك نەك هەر ڕەچاوی ئەوەشیان کردووە تا چ ڕادەیەك سوود بە نەوەکانی داهاتوو دەگەیەنێت و چ پشوویەکیان بۆ دەستەبەر دەکات. ئێمە ئەگەر شارەزای ئەو ژیانە ببین کە ئێستە دانیشتووانی ئەم شارە دەیگوزەرێنن و، بە شێوەیەکی دروست لێی بکۆڵینەوە، ناچار دەبین ددان بەوەدا بنێین، کە کەم کەس لەم بۆسنیادا هەن، هەلی چێژ وەرگرتن و ڕابواردنیان هەیە، وەك ئەوەی هەموو دانیشتوویەك لە دانیشتووانی فیشیگراد هەیانە، ئەگەر دواکەسیش بووبن.

شتێکی بەڵگە نەویستیشە کە وەرزی زستان بە شتێك لەو شتانە ناژمێررێت کە دەربارەی پردەکە باسیان دەکەین، چونکە کەس بە زستان بەسەر پردەکەدا ناپەڕێتەوە، مەگەر یەکێك ناچار بێت بە سەریدا بپەڕێتەوە هەنگاو هەڵ دێنێت و لە ترسی بای سارد کە بەردەوام لە ڕووبارەکەوە هەڵدەکات سەری شۆڕ دەکاتەوە. تەنیا وەرزی زستانی لێ دەرچێت، ئەوە لە وەرزەکانی دیکەدا کابیا بۆ تێکڕای گەورەو بچووکان بەخششێکە لە بەخششەکان .. هەر یەکێك لە دانیشتووان لە وەرزەکانی دیکەی ساڵدا لەهەر کاتێکدا بیەوێت دەتوانێت بە شەو یان بە ڕۆژ سەر لە کابیا بدات و، لە سەر سۆفا، یان لە دەوروبەری دانیشێت، چ بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکانی یان تەنیا بۆ دەمەتەقێ و ڕابواردن لە گەڵ هاوەڵەکانیدا.

ئەم سۆفا بەردینەی بە سەر ڕووبارە شینە بە شڵپ وهوڕەکەدا درێژەی کێشاوەو، پازدە مەتر لێوەی بەرزە، وەك بڵێیت بە ئاسمانەوە بەسەر ئاوەکەوەیە، لەنێوان سێ لا تەپۆڵکەو هەڵەتی شینی کەسکین و، لەژێر ئاسمان و هەورو ئەستێرانداو، ئاسۆگەیەکی والآیشی لەبەردەمدایە تەنیا لەلایەکەوە وەك بڵێیت پەیژەیەکی تەسکی ئەوتۆیە لە ناو چیای شیندا داخراوە.

چەند شالیار یان دەوڵەمەند لە جیهاندا دەتوانن شادی یان غەم و پەژارە یان ڕابواردن یان کاتی بە تاڵی خۆیان لە شوێنێکی وەك ئەم شوێنەدا بە با بدەن. بێ گومان ئەوانە کەمن، زۆر کەمن، بەڵام ئەو کەس و

کارانەمان چەند زۆر بوون، بە درێژایی سەدەکان و نەوەکان، لێرەدا دانیشتن و چاوەڕوانی بەرەبەیانیان کرد، یان چاوەڕوانی کاتی نوێژی شێوانیان کرد، یان چاوەڕوانی کاتی شەوانیان کرد، کە ئەوەی تێیدا تەماشای ئاسمان بکات وای بە خەیاڵدا دەهات ئاسمان لە سەرخۆ بە سەر سەریدا دەبزوێت. زۆرمان لە نێودا هەن، لەوانەی لەوێ دانیشتوون و، دەم و چاویان لەنێو لاقیاندا شاردووەتەوەو، پاڵیان بە تاوێرە لووسە سافەکەوە داوە، لەسێبەری سەمای تیشکی سەر چیاکان و سەمای هەورەکان بە ئاسمانی بێ کۆتایی و بەرینەوەو، بیریان لەو داوانە دەکردەوە، کە چارەنووسی دانیشتووانی شارەکەمانیان لێ دروست دەکرا، ئەو داوانەی بە تێپەڕبوونی سەردەمەکان ناگۆڕێن، بەلاّم هەر جارەو بە شێوەیەکی نوێ یەك دەگرنەوە. یەکێك لە سەردەمێکی زۆر کۆندا گوتوویەتی (ڕاستە کە بێگانە بووەو گاڵتەیشی کردووە) ئەم کابیایە کاری لە چارەنووسی شارەکەو، بگرە لە ڕەوشتی دانیشتووانی شارەکەیش کردووە، چونکە ئەم ڕاوەستانە دوورو درێژە بێ دەنگانە کلیلی ئەوەن لە دانیشتووانی فیشیگراد تێبینی دەکرێن کە ئارەزووی لێ ڕامان و درێژەدان بە خەو بینین دەکەن، کە یەکێکە لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەو بێ دەنگی و کپییە غەمگینانەی کە بووەتە خەسڵەتێکی تایبەتیی ڕەوشتی دانیشتووانی ئەم شارە.

بە ڕاستی ئێمە ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە دانیشتووانی فیشیگراد، ئەگەر بێت و لەگەڵ دانیشتووانی شارانی دیکەدا بەراورد بکرێن، بە سووکەڵەو خوێنگەرم دانراون، ئارەزووی ڕابواردن و دەست بلاّوی دەکەن. شارەکەیان لە شوێنێکی زۆر باشدایەو، گوندەکانی دەوروبەری بەپیت و بەرەکەتن و، ئەوی ڕاستی بێت دانیشتووانی شار پارەیەکی زۆریان دەست دەکەوێت و خێرێکی زۆر بە سەر شاردا ڕژاوە، بەلاّم ماوەیەکی زۆری تێدا ناخایەنێت، ئەگەر بێت و لەم شارەدا پیاوێکی ئەوتۆت بینی دەست بە خۆوە دەگرێت و کاروبارەکانی خۆی باش بەڕێوە دەبات بێ ئەوەی بیر لە ئارەزوویەك لە ئارەزووەکان بکاتەوە، ئەوە دەبێت بزانێت یەکێکە لەوانەی تازە نیشتەجێی شارەکە بوونە، بەلاّم ئاوو هەوای فیشیگراد وا دەکەن منداڵانی شارەکە دەست بلاّوو بە پەنجە بلاّوی لە دایك بن و دواتریش پەتای زۆر خەرج کردن و گوێ پێ نەدان لە خەڵکانی دیکەوە تووشیان دەبێت، بۆیە ژیانێك دەگوزەرێنن ئەم دروشمەیان بۆ هەڵبژاردووە:" ڕۆژێکی نوێ، ڕووزییەکی نوێ".

دەیگێڕنەوە کە کۆنە نۆفاك کە پرزەی لێ بڕاو ناچار بوو لە شەڕ پاشەکشە بکات و، وازی لە "حەیدووق ـ ڕێبگری"ی[6] ڕۆمانیا[7] هێنا، ئەم ئامۆژگارییانەی خوارەوەی بە گوێی (گروتسا)ی لاودا هەڵداوە کە شوێنی وی گرتەوە: کاتێك خۆت لە بۆسەدا مەلاّس دەدەیت، باش تەماشای ئەو ڕێبوارە بکە کە نزیك دەبێتەوە، ئەگەر دیتت بەشانازییەوە هەنگاو هەڵدێنێت و سنگی دەرپەڕاندووەو بەروانکێکی سووری لەبەرەو چەند مەدالێکی زیوینی لە سنگ داوەو، گێوەی سپی لەپێیە، ئەوە بزانە خەڵکی (فۆچا)یە[8]، دەست بەجێ هێرشی بەرەسەر، چونکە پارەی لەبەرك و لە خورجەکەیدا پێیە، ئەگەر دیتت جلکی شڕو هوڕی لەبەرەو، سەری دانەواندووەتەوەو، بەسەر پشتی ئەسپەکەوە پان بووەتەوە وەك بڵێیت بۆ دەرۆزە دەچێت، بێ سێ و دوو دەستی خۆت بووەشێنە، چونکە ئەوە خەڵکی (ڕۆجاتسا)یە، هەروەها خەڵکی ئەم شارەیش: ڕەزیل و پیسکەو دوو زمانن، بەلاّم پارەیەکی زۆریان لایە، لێ ئەگەر شێتێکت بینی بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە قیت

دانیشتبوو، لە دەفی دەداو بەدەنگی بەرز سترانی دەچڕی، دەست مەوەشێنە دەستی خۆت بە شتێکی بێ سوودەوە خوێناوی مەکە، بگرە ڕێی ئەو تەرەسە بدە بەڕێی خۆیدا بڕوات، ئەوە خەڵکی فیشیگرادە، هیچ شتێکی نییە، چونکە پارە بەدەستی خەڵکی فیشیگرادەوە نامێنێت.

هەموو ئەوە پشتیوانیی ئەو بیرۆکە دەکەن کە ئەو بیانییە هێناویەتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا، شتێکی دژوارە بە تەواوەتی مەوداو ئاستی ڕاستگۆیی ئەو بیرۆکە دەستنیشان بکەین، ئەویش لەبەر ئەوەی نە لێرەو نە لە کاروباری دیکەدا، شتێکی ئاسان نییە هۆو هۆکار لێك جیا بکەینەوە، ئایە کابیاکەیە وای لە دانیشتووان کردووە بەم شێوەیە بن، یان دانیشتووان بە بیرو بە مێشك بەم شێوەیە بیریان لێ کردووەتەوە، بەچەشنێك دروست کراوە پێویستی و ڕەوشتەکانیان بەدی بێنێت؟ ئەوەیش هەرچۆنێك بێت پرسیارێکی زیادو بێ سەرو بەرو پووچە، چونکە هەر دروستکراوێك بەمەبەستی خۆی دروست دەکرێت، هیچ خانوو بەرەیەك لەو ژینگەیە جیا نییە کە تێیدا دروست کراوە، لە پێداویستی و ئارەزوو بیرۆکەکانی جیا نابێتەوە، هەر هێڵێك لە هێڵەکان و هەر شێوەو دیمەنێك لە دیمەنەکان لەناو تەلاردا مەبەستی خۆیان هەیە، بەڵام هەر دروست کراوو تەلارێك مەزن و سوود بەخشەو، ژیانی هەر تەلارێك مەزن و جوان و سوود بەخشەو، پێوەندیی هەموو بنیاتێکی لەم جۆرە بەو کەسانەوە کە لەنێوانیاندا دروست کراوە، هەموو ئەوە زۆرجار دراماو بەسەرهات و سەرگوزەشتەی ئاڵۆزو سەیری لەگەڵ خۆدا هەڵگرتووە، هەر چۆنێکیش بێت شتێکی دووپات کراوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەنێوان ئەم پردەو لە نێوان ژیان و گوزەرانی دانیشتووانی ئەم شارەدا پێوەندییەکی گەرم و گوڕی گیان بەگیانی هەیە تەمەنی چەند سەدەیەك دەبێت، چارەنووسی پردەکەو چارەنووسی شارەکە ئەوەندە تێکچڕژاون، مرۆڤ ناتوانێت بیری بەلایاندا بچێت و بەجیاجیا بیانگێڕێتەوە، لەبەر ئەوەیە ئەوەی سەرگوزەشتەی ڕەچەڵەکی ئەم پردەو سەرگوزەشتەی چارەنووسی بگێڕێتەوە، لەهەمان کاتدا سەرگوزەشتەی ژیانی شارو دانیشتووانی شار نەوە لەدوای نەوە دەگێڕێتەوە، هەروەها هەموو ئەو بەسەرهاتانەی کە دەکرێت دەربارەی ئەم شارەی بگێڕینەوە هێڵی پردە بەردینەکە پێکەوەیان دەبەستێت، کە یازدە دەلاقەی هەیەو وەك نگین (کابیا)یەك لە ناوەڕاستیدایە.

******

پەراوێزەکان:

1- درینا گەورەترین ڕووباری (ساڤا)یە، ئەم ڕووبارە لە دوو پەلی بچووك پێك دێت بەناوی (بیفا) و (تارا) یەکەمیان لە چیای (میتۆر) و دووەمیان لە چیای (کۆمۆفی)یەوە سەرچاوە دەگرن، لەباشوورەوە بەرەو باکوور بە درێژایی (333) کیلۆمەتر درێژە دەکێشێت و بە پەلی تاراوە (461) کیلۆمەتر دەبێت و، ڕووباری درینا لە خوارەوە بۆ کەشتیرانی ناشێت، ئەویش لەبەر لێژی، بەڵام زۆرتر بۆ کەڵەکی دار ڕاکێشان بەکار دێت و، لەساڵی (1955)دا وێستگەیەکی گەورەی کارەبایی لەسەر دامەزرێنراوە.

2- فیشگیراد: شارۆچکەیەکە دەکەوێتە ئەو شوێنەوە ڕووباری دریناو ڕزاف بەیەك دەگەن، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا خاڵێکی گرنگی ستراتیژی بووە.

3- شاراتس: ناوی ئەسپەکەی پاڵەوانی نێو شیعری میللی ( کوالیفچ مارکۆ)یە.

4- ڕاکیا: جۆرە شەرابێکی (مەی)ە. 5- سەمایەکی میللی و نەتەوەییە لەو وڵاتەدا.

6- (حەیدووق): ڕێگر ئەو پیاوە ناپەسەندە نییە، ڕێ لە خەڵکی بگرێت بەڵکو پیاوێکە لەدەست تورکەکان دەداتە چیاو، بەردەوام ئامادەی یارمەتیدانی چەوسێنەرەکانی بووە لە ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی، زۆر شیعری میللی هەن باسی ستارنیا نۆفاك (کۆنە نۆفاك) و (گرویستا)ی لاو دەکەن.

7- ڕۆمانیا: ناوچەیەکی چیایی ڕۆژئاوای سەراییڤۆیە.

8- فۆچا: بنکەیەکی بازرگانییە دەکەوێتە کەناری لای ڕاستی ڕووباری دریناوە، مزگەوتێکی جوانی لێیە.

پاڕ: (بەش) ، (فەسڵ).

# دووەمین پاڕ

پێویستە ئێستە بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێینەوە کە بگرە بیرۆکەی دروستکردنی پردێك، یان بیرۆکەی دروستکردنی پردێك وەك ئەم پردە دروستکراوەی ئەمڕۆ بە بیری کەسدا نەهاتووە.

ڕەنگە هەندێك ڕێبوار، لەو سەردەمە کۆنەدا، کە شەکەت و ماندوو تلیساو بەم شوێنەدا تێدەپەڕین، هیوایان خواستبێت بتوانن بە موعجیزەیەك لە ڕووبارە پان و پۆڕو تافەکە بپەڕنەوە، بۆ ئەوەی ئاسانترو خێراتر بگەنە جێ و گەشتەکەیان کۆتایی پێ بێنن. لەو کاتەوە مرۆڤگەل پەیدا بوونە بەم شوێنەدا تێپەڕیون و تووشی تەگەرەکانی ڕێگەوبان بوونە، خەونیان بەو هۆکارانەوە بینیوە کە ڕێرەوێکیان لەم شوێنەدا بۆ دەستەبەر بکات، هەروەها لە مێژەوە کاروانچی و ڕێبوارەکان خەونیان بە ڕێگەی باش و، هاوڕێی دڵسۆزو داڵدەی گەرم و گوڕەوە بینیوە، شەوی تێدا بە سەر ببەن. بەڵام بەردەوام خەونی هەموو مرۆڤێك بە پیت نابێت و، ئەو بیرۆکەی بە بیری ئەندێشەیەکدا دێت، زۆر جار ئەو خواست و توانایەیان لە گەڵدا نابێت ئارەزووەکان بە دی بهێنن.

یەکەمین وێنەی پردەکە کە دەبوو لەسەر ئەم ڕووبارە دروست بکرێت وەك بروسکەیەکی پرشنگدار (کەمێك تەم و مژاوی) لە ئەندێشەی منداڵێکی تەمەن دە ساڵاندا تێپەڕی، کە خەڵکی گوندێکی ئەو دەوروبەرە بوو ئەویش گوندی (سۆکۆلۆفیچ)ە، لە بەیانییەکی ساڵی 1516 ز.دا، کاتێك لە گوندەکەی خۆیەوە کە لێی لەدایك بووە بەم شوێنەدا تێپەڕی و بەرەو شارە دوور و بریقەدارو ترسناکەکەی ئەستەنبووڵ دەبرا.

ئەو سەردەمە، ئەم ڕووبارەی درینا لێرەدا لە نێو هەردوو کەنارە ڕووتەڵ و ڕەقەن و تاوێرو زیخینەکەیدا، وەك لافاوێکی تیژ لە چیاکانەوە هەڵدەقوڵی و دەهاتە خوارەوەو (زۆر جاریش چەپۆکانێی دەکرد). شارەکە لەو سەردەمەوە هەبووە، بەڵام بە شێوەو مەودای دیکە، لەلا ڕاستی ڕووبارەکەوە، لە سەرووی ئەو تەپۆڵکە سەختەی کە ئێستە وێرانەیەك دەبینرێت، شارۆچکەیەکی کۆن هەبووە بە درێژایی سەردەمەکان ماوەتەوە، قەڵایەکی هەبووە چەند لکێکی لێ بووەتەوە، بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە وڵاتی بۆسنیای تێدا گەیشتبووە لووتکەی دەستەڵات، چەندین بورج و ژێرخان و سەنگەری پتەوی هەبووە (بافلۆفیچ) دروستی کردوون، کە یەکێك لە فەرمانڕەوا بەهێزەکانی ئەو سەردەمە بووە. لەم لاو لەو لاو لە پشتەوەی قەڵاکەیش هەردوو گەڕەکی گاوورنشین هەبووە، گەڕەکی مەیدان و، گەڕەکی بیکافاتس، هەروەها گوندێکی نوێیش هەیە، ئەویش گوندی (دۆشچە)یە. لە خوارەوەیش، لە پێدەشتەکەدا، لە نێوان ڕووباری (درینا) و ڕووباری (رزاف)دا، کە لەوەوپاش شار هەبووەو، ڕێگەیەك دوو کەرتی دەکرد ئەوەی پێیدا بڕۆیشتایە سەری بە ئوتێلێکی دارینەوە دەتەقی، سەرەڕای ژمارەیەك ئاشە هەواینەو، چەند کوختەیەك.

لەو شوێنەی ڕووباری درینا ڕێگەکە دەبڕێت، پاپۆڕە بەناوبانگەکە هەبوو، پاپۆڕەکەی فیشیگراد. کە بریتی بوو لە بەلەمە ڕەشێکی کۆن، پیاوێکی ڕوو درژی سست دەیهاژوو، ناوی (یاماك) بوو. ئاگەدارکردنەوەی ئەم

پیاوە، بگرە کاتێك بە ئاگا بووایەو نەنووستایە، لەوە دژووارتر بوو هەر پیاوێکی دیکە لە خەوێکی زۆر قورس و شیرین ئاگەدار بکرێتەوە.

(یاماك) زەبەلاحێکی لەش زلی زۆر بەهێز بوو، بەڵام لەو شەڕە بێ شومارانەی بەشداری کردبوون و ئەستێرەی تێیاندا درەوشابووەوە، هەندێك لە هێزو توانای لە دەست دابوو، تەنیا چاوێکیشی هەبوو، لە گەڵ یەك گوێ و یەك لاقدا (ئەو لاقەکەی دیکەی دار بوو). بەبێ سەڵاوو بەبێ هیچ بزەیەك، بە ئارەزووی خۆی کاڵاو ڕێبوارانی دەگوێزایەوە، سست بوو، هیچ سستمێکی پێڕەو نەدەکردو پابەندی نەدەبوو، بەڵام دەست پاك و سەربڵند بوو، ئەو بڕواو دڵنیاییەی پیشانی خەڵکی دەداو ئەو بڕوایەی پێی دەکرا لە ئەفسانە دەچوو، سەرەڕای سستی و میزاجی سەیری. حەزی دەکرد لەگەڵ ئەو ڕێبوارانەدا هیچ قسەیەك نەکات کە دەیگواستنەوە، پێوەندی نێوانیشیان نەپچڕێت. بگرە ئەو قرووشە مسانەی وەك کرێ پێیان دەدا، فڕێی دەدانە ناو بەلەمە ڕەشەکەوە، ڕۆژ تا ئێوارە لەناو لم و ئاودا دەمانەوەو، ئێوارە بهاتایە بەبێ هیچ گوێ پێ دانێك لەناو جامۆڵکەیەکدا کۆی دەکردنەوە، کە بۆ بەتاڵکردنی ئاوی ناو بەلەمەکە بەکاری دەهێنا، پاشان دەیبردنەوە کوختەکەی خۆی لە کەناری ڕووبارەکە.

بەلەمەکە ئیشی نەدەکرد، ئەو کاتە نەبێت کە تەوژمی ئاوەکەو بڵندی ڕووبارەکە لە ئاستێکی ئاسایی، یان لە ئاستێکی نیوچە ئاساییدا بووایەن، بگرە ئەگەر ئاوی ڕووبارەکە لێل بووایەت و لە ڕادەیەکی دیاریکراو تێپەڕیبایە، یاماك بەلەمە قورسە زەبەلاحەکەی خۆی ڕادەکێشا، بە پەرژینی کەنارەکەوەی توند دەبەستەوە. بەو جۆرە کەس نەیدەتوانی لە ڕووباری درینا بپەڕێتەوە، چوون دەریایەکی فرەوانی لێ دەهات.

لەم بارودۆخانەیشدا، بە گوێیە ساغەکەیشی گوێی لە هیچ قسەیەك نەدەگرت، یان دەڕۆیشتە وڵاتەکەو لە کێڵگەکەیدا دەکەوتە ئیش کردن...ڕێبوارەکانت دەبینی بە درێژایی ئەو ڕۆژە دەگەیشتنە سەر کەنارەکەی ئەو دیوی بۆسنیاو، دەستەپاچەو نائومێدانە چاوەڕێی کەڵەك و خاوەن کەڵەکیان دەکرد، سەرما زەفەری پێ هێنا بوون و بارانیش تەڕی کردبوون، جار ناجارەیش لەو بەری ڕووبارە لێڵ و هەڵچووەکەوە هاواریان دەکرد: ( یاااااااااا... ماااااااااااااا...ك...).

کەس وەڵامی نەدەدانەوەو کەسیش دەرنەدەکەوت، تا ئاوەکە بەو بەرزییە بمایەتەوەو نەنیشتایەتەوە. تەنیا یاماك بێ بەزەییانەو بێ سێ و دوو و چەندو چوون و بێ ڕاڤەکردن کاتی بەڕێ کەوتنی کەڵەکەکەی دیاری دەکرد.

ئەو باژێرەی کە ئەو سەردەمە تەنیا لە گوندێکی چڕی بچووك دەچوو، بە بنارەکانی کەناری هەڵەتی ڕووباری دریناوە بوو، لە خوارووی وێرانەی قەلا کۆنەکەوە، ئەو کاتەیش نە ئەم مەوداو نە ئەم ئەدگارانەی بوو کە پاشتر وەدەستی هێناون، کاتێك دوای دروستکردنی پردەکە هاتوچۆ پەرەی سەندو بازرگانی بووژایەوە.

لەو ڕۆژەی مانگی تشرینی دووەمدا کاروانێك ئەسپ گەیشتنە کەناری دەستە چەپی ڕووبارەکە باریان بە سەر پشتەوە بوو، لەوێ بارگەیان خست تا شەو بەسەر ببەن. ئەو کات ئاغای پاسەوان پاش ئەوەی لە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆسنیادا ژمارەی دیاری کراوی منداڵە دیانەکانی گرد کردبوونەوە، ئەوەی کە بە باجی (خوێن) ناو دەبرا. لەگەڵ سوارەکانیدا بەرەو تسایگراد[1] دەگەڕایەوە.

شەش ساڵ بەسەر دوایەمین جاری کۆکردنەوەی ئەو باجەی (خوێن)دا تێپەڕیبوو. بۆیە هەڵبژاردنی ئەم جارەیان ئاسان و بە پیت بوو. ئەوە بوو بێ دەدری سەری ژمارەی پێویستی منداڵی نێرینەی ساغ و سەلامەت و ژیر و بەهێزیان دەست کەوت، ئەوانەی لە تەمەنی دە تا پازدە ساڵیدا بوون، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لە باوکان منداڵەکانی خۆیان لە دارستانەکاندا شاردبووەوەو فێریان کردبوون گێل و گەوج خۆ دەربخەن و بشەلن و، جلی دڕاویان لەبەر کردبوون و، بە پیس و ناشیرینی بە جێیان هێشتبوون، بۆ هیچ نا، تەنیا بۆ ئەوەی ئاغا دەستنیشانیان نەکات و نەیانبات. بگرە هەندێك لە باوکەکان دیمەن و ڕوخساری منداڵەکانی خۆیان شێواندبوو، بۆ نموونە، یەکێك لە پەنجەکانی دەستیان بڕیبوون.

ئەو منداڵانەی بەم شێوەیە لە بۆسنیا دەستنیشان کرابوون سواری ئەسپی بچووك کرابوون، کاروانی دوورو درێژی ئەسپەکان لەبەر درابوو. هەر ئەسپێك لە ئەسپەکان دوو سەبەتەی لە توول چنراوی بە سەر پشتەوە بوو، لەو سەبەتانەی میوەیان پێ دەگوێزنەوە، هەر سەبەتەو منداڵێکی تێدا دانرابوو، لەگەڵ هەر منداڵێکیشدا بوخچەیەك و پەپکە نانێك دانرابوو، کە دوایەمین شیرینییە ئەو منداڵانەی لە ماڵی باوکیانەوە دەیانبرد. لەناو ئەم سەبەتە هەڵتەك هەڵتەك و بە جیڕە جیڕەدا ئەو دەم و چاوە ناسك و تۆقیوانەت دەبینی، دەم و چاوی ئەو منداڵانەی بە زۆر لەبەر درابوون..دەتبینین لووتیان لە سەبەتەکانەوە هێنابووە دەر. هەندێکیان هێور هێور دەیانڕوانییە ئاسۆ، لە سەرشانی ئەسپەکانەوە، بەچاو بە دوورایی دوورترین شوێنی ئەو وڵاتەدا چاویان دەگێڕا، کە تێیدا لە دایك بوونە، هەندێکی دیکەیشیان لەهەمان کاتدا پەپکەیان دەخواردو دەشگریان، هەندێکیشیان سەریان بە کۆپانەکانەوە نابوو پرخەیان دەهات.

بەچەند شەقاوێکێش لە دوای ئەسپەکانەوە، چەند دایك و باوك و کەس و کارێکت دەبینی، پەرت و بڵاوو بە هەسکە هەسك، ئەو منداڵانەیان بە ڕێ دەکرد کە برابوون و چی دیکە نەدەگەڕانەوەو، لەچارەیان نووسرابوو لەوڵاتێکی بیانیدا ژیان بگوزەرێنن و، ببنە موسڵمان و سونەت بکرێن و ئایین و وڵات ونەژادی خۆیان ژ بیر بکەن و، ژیانیان لە سوارەی پاسەوانانی سوڵتان یان لە بەڕێوەبەرایەتییەکی باڵای کارگێڕییەکانی ئەمپراتۆریەتی عوسمانیدا بگوزەرێنن. زۆرترین ژمارەی بە ڕێ کارەکان ئافرەتن، دایك یان داپیرە یان خوشکی منداڵە ڕفێنراوەکانن. ئەگەر پتر لەوەی ڕێیان پێ دراوە لە کاروانەکە نزیك ببنەوە، سوارەکانی ئاغا لێیان دەخوڕن و بە سواری ئەسپەکانیانەوە تاویان دەدەنێ و بە سەریاندا دەقیڕێنن و بە قامچی بڵاوەیان پێ دەکەن، ئافرەتەکان هەڵ دەهاتن و، بە درێژایی ڕێگەکە لەناو دارستانەکاندا خۆیان دەشاردەوە، پاشان سەرلەنوێ گرد دەبوونەوەو، دووی کاروانەکە دەکەوتن و هەر یەکەیان دەکۆشا بۆ دوایەمین جار، بەچاوە پڕ لە فرمێسکەکانیەوە، سەری کوڕە ڕفێنراوەکەی، لە ناو سەبەتەکەدا ببینێت. دایکەکان لە هەمووان کەللەڕەق ترو، بێ ئۆقرەتر بوون، پەیتا پەیتا ڕایان دەکرد بێ ئەوەی ئاگەیان لێ بێت پێ بە کوێدا دەنێن و، سنگیان ڕووت و قژیان بژ بژ ببووەوەو، هەموو شتێکی دەوروبەریان ژ بیر کردبوو، دەگریان و دەیانلاواندەوە، وەك بڵێیت یەکێکیان مردووەو بۆی شێتگیر بوونە، هاواریان دەکردو دەیانقیژاند، هەر دەتگوت بەرەژان دەیانگرێت، ئەوەند فرمێسك بە چاویاندا هاتبووە خوارەوە هیچیان نەدەبینی و بەرەو ڕووی قامچییەکان دەبوونەوەو، هەرکە قامچییەکیان لێ درابایە وەڵامیان دەدایەوە (بۆ کوێی دەبەن؟)

برێکیشیان دەکۆشان منداڵەکانیان بە ناوی خۆیان ڕوون و ئاشکرا بانگ بکەن، بۆ ئەوەی لە خودی خۆیان شتێکیان پێ ببەخشن لەوەی دەکرێت بە دوو وشە بگوترێت، وەك دوا ڕاسپاردە یان ئامۆژگاریی ڕێگە، ئەوەتە یەکێك هاوار دەکات:

- ڕازی، کوڕم، دایکت ژ بیر نەکەیت.

ئەوەیش یەکیکی دیکەیە دەگریەت و دەڵێت : ( ئیلیا،ئیلیا،ئیلیا)، نائۆمێدانە چاو بە دوای ئەو سەرە خۆشەویستەدا دەگێڕێت کە دەیناسێت و، هاوارەکەی دووبارە دەکاتەوە، وەك بڵێیت ئەو ناوە دیانە لە مێشکی منداڵەکەدا بچەسپێنێت، کە دوای چەند ڕۆژێکی دیکە تا هەتایە لێی دەسێنرێتەوە.

بەڵام ڕێگە درێژو، زەوییش ڕەق و، تەنیش لاوازو، تورکانیش بەهێز و بێ بەزەیین. ئەوە بوو وردە وردە ئافرەتەکان لەبەر ماندوو بوون و لە ترسی قامچی ڕادەوەستان و یەك لە دوای یەك وازیان لە ئەو کۆششە بێ هوودەیە دەهێنا. لێرەدا، لای کەڵەکەکەی فیشیگراد، دوایەمین و کەللە ڕەق ترین کەسیان ڕادەوەستا، چونکە نەیان دەهێشتن سواری کەڵەکەکە بن و، هیچ ڕێگەیەکی دیکەیش نەبوو بتوانن پێی بپەڕنەوە. ئێستە دەتوانن هێور هێور لێرەدا لە سەر ئەم کەنارە هەڵەتە ڕۆنیشن و، تێرتێر بگرین، کەس نییە لەم شوێنەدا دوویان بکەوێت، لێرەدا ڕاوەستان، وەك بڵێیت سەرما ڕەقی کردبنەوەو وایان لێ هاتووە هەست بە برسیەتی و تینوویەتی ناکەن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە، لە کەنارە تاوێرینەکەی ئەو بەرەوە، کاروانی ئەسپ و سوارەکان ببینن، کە ڕێچکەی بەستووەو درێژ دەبێتەوەو بەرەو دۆبرۆن دەچێت و لەچاو بزر دەبێت، تا لەناو کاروانەکەدا جارێکی دیکە ئەو منداڵ خۆشەویستەی خۆیان ببینن کە لەچاو بزر دەبێت.

لەو ڕۆژەی مانگی تشرینی دووەمدا یەکێك لەو هەموو سەبەتە زۆرانە منداڵێکی گەنم ڕەنگی تەمەن دە ساڵانی تێدا بوو، خەڵکی گوندێکی سەرەوەی چیاکانی سۆفۆکۆلۆڤیچ بوو. منداڵەکە بێ دەنگ تەماشای دەورو بەری خۆی دەکرد، مووسێکی بە دەستە شێن و مۆڕ بووەکەی لە تاو سەرمادا گرتبوو، واق وڕماوانە لێواری سەبەتەکەی پێ دەقلیشاندو هاوکات ئاوڕی ئەم لاو ئەو لای خۆی دەدایەوە. بێ گومان لە مێشکی خۆیدا وێنەی کەنارە بەردینەکەی تۆمار کردووە کە دارپەڵکگەلێکی ڕووت و بۆرو هەژار دایانپۆشیوە، وێنەی ئەو پیاوە نائاساییەی تۆمارکردووە، خاوەنی کەڵەکەکەو، وێنەی ئاشە هەواینە لاوازە پڕ لە تەونی جاڵجاڵۆوکەکە کە ڕەشەبا سەرەتاتکێی تێدا دەکات، ئەو شوێنەی منداڵەکان شەویان تێدا بەسەر برد تا بوار بۆ هەموویان دەڕەخسێت و لە ئاوە تیژەکەی درینا دەپەڕنەوە کە قەلە ڕەشکە بەسەریەوە دەقیڕێنن.

ئەم منداڵە تووشی جۆرە نەخۆشییەکی جەستەیی بووە، لە جۆرە درزێکی ڕەش دەچێت، جار جارە، لە ماوەی چرکەیەك یان دوو چرکەدا سنگی دوو کەرت دەکردو، زۆری ئازار دەدا. ئەو ژانە لە ئەندێشەیدا بە دیمەنی ئەم شوێنەوە پەیوەست ببوو، کە ڕێگەکەی لێ پێچ دەکاتەوەو ئازارو نائومێدی و غەم و پەژارەی تێدا لە هەردوو کەناری ڕووبارەکە کۆ دەبێتەوە، کە لێ پەڕینەوەی زۆر دژوارو گران بوو، ئاکامی مسۆگەر نەبوو. ئەو شوێنە دەمار دێنێتە ئێش و ژان، لە وڵاتێکدا، کە لەلایەکی دیکەوە، بەوە ناسراوە کە وڵاتێکی شاخاوی کەم دەرەتانە، نەداری و گولەمەرگیی خەڵکەکەی ناشارڕێتەوە، وڵاتێکە ئۆرگانەکانی سروشت ڕوو بە ڕووی مرۆڤ دەبنەوەو، بە سەریدا زاڵ دەبن، چونکە لەو بەهێزترن، ئەویش خۆی بە دەستەوە دەدات و

هەست بە ناتوانایی خۆی دەکات و، پتر هەست بە کولەمەرگی و بەدبەختیی خۆی دەکات و، پتریش هەست بە دواکەوتوویی خۆی و کەسانی دیکەیش دەکات.

هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەو پەتایەی ئەو ڕۆژەی مانگی تشرینی دووەم تووشی ئەو منداڵە هات، ئیدی هەرگیز دەستی لە یاخەی نەکردەوە، بگرە کاتێك ژیان و ئایین و ناوی خۆیشی گۆڕی و، وڵاتەکەی بە وڵاتێکی دیکە گۆڕییەوە.

ئەوەی دواتر تووشی ئەو منداڵە بوو، ئەوە نووسراوەکانی مێژوو بە هەموو زمانان دەیگێڕنەوەو، خەڵکی جیهان پتر لە ئێمەی خەڵکی ئەم وڵاتە دەیناسن. وردە وردە، بە تێپەڕبوونی کات، ئەو منداڵە، بوو بە ئەفسەرێکی دلێری ئەفسەرانی تەلاری سوڵتان. پاشان بوو بە سەرکردەو پیاوێك لە پیاوانی دەوڵەت لەوانەی ناوو دەنگیان زۆر وڵاتان ڕۆیشتبوو. ئەو کابرایە (محەمەد پاشا سۆکۆلی)یە کە لە سێ کیشوەردا سەرکردایەتی جەنگی کردو، لە زۆربەی ئەو جەنگانەدا سەرکەوت و، سنووری دەوڵەتی تورکیای فرەوانتر کردو ئاسایشی لە دەرەوە بۆ دابین کردو لە نێوخۆیشدا کاروباری چاك بەرێوەبرد. لەژیانیدا خزمەتی سێ سوڵتانی کردو تەمەنی لە شەستساڵیش تێپەڕی بوو. ئەوەندە تاقیکردنەوەو ئەزموونی لە چاکەو خراپەدا وەدەست هێنابوو، بۆ کەم کەس لە باشترین پیاوان هەڵدەکەوێت و، لە ڕێگەی دەستەڵات و هێزەوە بە چەندین لووتکەو شاخدا هەڵزنا بوو، ئێمەمانان نایانزانین و کەم کەس لە پیاوچاکان پێیان دەگەن و دەیانپارێزن. ئەم پیاوە نوێیەی لەو منداڵەوە لە جیهانێکی سەیردا سەری هەڵدا، بە خەیاڵیش بووبێت ئێمەمانان ناتوانین هاوڕێیەتی بکەین، دەبوو هەموو ئەو شتانە لە یادی خۆی بباتەوە کە لەو وڵاتەدا بە جێی هێشتبوون، کە لێوەی ڕفێنرابوو.

بێ گومان دەربەندی ڕووباری (درینا)ی لای (فیشیگراد)یشی لە یاد کردووە، لە گەڵ ئەو کەنارە چۆل و ڕووتەدا کە لە سەرماو پەژارەو نیگەرانیدا ڕێبوارەکانی تێدا هەڵدەلەرزین، هەروەها کەڵەکە سستە پتورکاوو، خاوەنە سەیرو سەمەرەکەیشی، لەگەڵ ئەو قەلەڕەشکانەدا بەسەر ڕووبارە لێلەکەدا دەیانقیڕاند. بەڵام ئەو ژان و ئازارەی تەنی ڕۆژێك لە ڕۆژان بە تەواوەتی دەستی لە یاخەی نەکردەوە، بگرە بە تێپەڕبوونی ساڵان و لە سەردەمی پیربوونیدا، ماوە نا ماوەیەك زۆرتر سەری هەڵدەداو، تووشی ئەو درزە ڕەشە دەبوو، کە سنگی دووکەرت دەکردو، ئەو ئازارە تایبەتییەی دەچەشت کە هەر لە منداڵییەوە باشی ناسیبوو، لە هەموو ئەو جۆرە ئازار و ژانانەیش جیاواز بوو، کە پاشتر لە ژیاندا تووشیان بوو بوو بە تووشیەوە، ئەو کاتە وەزیر چاوی دەقووچاندو، چاوەڕوان دەبوو ئەو تیغە ڕەشە بەسەر بچێت و، ژانەکە بڕەوێتەوە. لە ساتێك لە ساتەکانیشدا، وای بە خەیاڵدا دێت کە لەو پەتایە ڕزگاری دەبێت، ئەگەر بێت و ئەو کەڵەکە لە ڕووباری دووری درینا لا ببات، کە بەردەوام هەموو ژانەسەرو کولەمەرگی و هەموو جۆرە بەدبەختییەکی تێدا کۆ دەبێتەوەو بە هۆیەوە دەگوێزرێتەوە، ئەگەر بێت و پردێك دروست بکات ئەو دوو کەنارە تاوێرینە پێکەوە ببەستێت بەسەر ئەو ئاوەی بە نێوانیاندا تێ دەپەڕێت، ئەگەر هەردوو سەری ڕێگەکە پێکەوە ببەستێت کە لەم شوێنەدا دادەبڕێت، ئەگەر تا هەتایە بۆسنیا، ئەو وڵاتەی شوێنی منداڵیی و گۆڕەپانی ژیانی بووە بە ڕۆژهەڵاتەوە توند ببەستێتەوە. بەم چەشنە محەمەد پاشا سۆکۆلی یەکەمین کەس بوو، ساتێك لە ساتەکان

لەو دیوی پێڵووە لێك نراوەکانیەوە وێنەی ئەو پردە بەردینە گەورەو، جوان و بە هێزەی دیت، کە پێویستە لەو شوێنەدا دروست بکرێت.

ئیدی لەو ساڵەوە، دەست بە دروستکردنی ئەو پردە گەورە کرا کە بە سەر ڕووباری درینەوەیە. ئەویش بە فەرمانی وەزیرو لە سەر ئەرکی وی. دروستکردنی پردەکە پێنج ساڵی خایاند. ئەو ماوەیەیش تا ڕادەیەکی زۆر، بۆ شارەکەو بۆ هەموو وڵاتیش پڕ لە ژیان و مەترسی بوو، پڕ لە گۆڕانکاری و ڕووداوی ورد و درشت بوو. بەڵام لە ڕووداوە سەیرەکانی سەردەم، ئەو شارەی، کە بە تێپەڕبوونی سەدە، خەڵکەکەی هەموو ڕووداوەکانیان لە یادەو، ڕووداوەکان دەگێڕنەوە — لەوانەیش کە ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە پردەکەوە هەیە — بە دوورو درێژی ئەو ڕووداوانەی تێدا نەماوەو ناگێڕرێنەوە کە پێوەندییان بە دروستکردنی ئەم پردەوە هەیە.

گەل ناتوانێت شتێك ژ یاد بکات، یان بگێڕێتەوە ئەو کاتە نەبێت کە دەتوانێت تێی بگات و دەیکاتە ئەفسانە. بەڵام هەرچی شتی دیکەیە ئەوە لە نزیکیەوە ڕوو دەدەن بێ ئەوەی کاری تێبکەن و بێ ئەوەی خەیاڵی بورووژێنن و بێ ئەوەی لە یادەوەرییدا بچەسپێن و، ڕووداوە سروشتییە پشت گوێ خراوەکانیش کپ و بێ دەنگ دەمێننەوە، کەس گوێیان پێ نادات. بە بۆچوونی ئەو ئەم بنیاتە کارێکە یەکێکی دیکە ئەنجامی دەدات و، لەسەر ئەرکی یەکێکی دیکە ئەنجام دەدرێت، بگرە کاتێك لە ئاکامی ئەو کۆشش و ڕەنجانەوە پردەکە قوت ببێتەوە، ئەو کاتە خەڵکی بە دوورو درێژی ڕووداوەکان دەگێڕنەوەو، ئەو کات لە دایکبوونی پردەکە کە بە جوانترین شێوەو کەرستەی بەهێزی ئەوتۆ دروستکراوەو ڕازاوەتەوە، کە لەناو ناچن، بە بەسەر هات و سەرگوزەشتەی سەیر سەیری ئەفسانەیی دەیرازێننەوە، کە دەزانن چۆن سەرلەنوێ هونەرمەندانە دایدەڕێژن و، چۆن چۆنەکی تا ماوەیەکی دوورو درێژ لە یادەوەریی خۆیاندا دەیپارێزن.

******

(1): بە سیربییایی بە شاری (ئەستەنبوول) دەڵێن (تساریگراد).

# سێیەمین پاڕ

لە بەهاری ئەوساڵەی وەزیرەکە بڕیارەکەی دا، پیاوەکانی لەگەڵ دەست و پێوەندییەکاندا گەیشتنە شارەکە تا هەموو شتێك ئامادە بکەن کە پێویستە بۆ دروستکردنی پرد ئامادە بکرێن. پیاوەکان لە ئەژماردن نەدەهاتن و، ئەسپ و گالیسکەو ئامێری جۆراوجۆرو دەواریان پێ بوو. گەیشتنیان ترس و لەرزو بشێوی خستە باژێرە بچووکەکەو گوندەکانی دەوروبەریەوە، بە تایبەتی لە نێو دانیشتووانی دیاندا.

(عابد ئاغا) سەرکردەی ئەو گرووپەی دەکرد، ئەو پیاوەی کە وەزیر زۆرتر بۆ دروستکردنی پردەکە پشتی پێ دەبەستێت. ئەندازیارێکش یاریدەی دەدا پێیان دەگوت (تۆتۆن ئەفەندی). دانیشتووان بەر لەوەی عابد ئاغا بگات وا باسیان دەکرد کە کابرایەکە چاو پۆشی لە کەس ناکات و، ئاگەی بەزەیی پێدا هاتنەوە نازانێت، دڵ ڕەق و تا بڵێیت توندوتیژ، لەو دەمەیشەوە ئەوانە هاتوون و لە خێوەتەکانیاندا لە گەڕەکی (مەیدان) جێگیر بوونە، (عابد ئاغا) داوای لە نوێنەرانی دەستەڵاتداران و هەموو ڕیش سپییە موسوڵمانەکان کرد بۆ تاوتوێکردنی ئەو کارە کۆ ببنەوە. کۆبوونەوەکەیش ئەوەندە درێژەی نەکێشا، چونکە تەنیا هەر عابد ئاغا جڵەوی قسەکردنی گرتە دەست و کەسی دیکە بەشداری لەگەڵ نەکرد. ئەوانەی ئامادەی کۆبوونەوەکە ببوون خۆیان لە بەردەمی کابرایەکی چوارشانەی، چاو شیندا بینییەوە، سوورایی پاشماوەی نەخۆشی بە ڕوویەوە دیاربوو، جل و بەرگێکی دەوڵەمەندانەی (تساریگراد)ی پۆشیبوو، کورتە ڕیشێکی زەردو، جووتە سمێڵێکی هەیە، وەك سمێڵی خەڵکی مەجەرستان بە شێوەیەکی سەیر لوولی داون. ئەو وتارەی ئەم پیاوە توندوتیژە بە گوێی ئامادەبووانیدا دا، پتر لەڕواڵەتی، تووشی سەرسوڕمانیی کردن، گوتی :( بێ گومان بەر لەوەی بگەمە ئێرە پڕوپاگەندەی لەمەڕ منتان پێگەیشتووە. من دەزانم ئەو پڕوپاگەندانە جوان نین و شادی بەخشیش نین ، ڕەنگە بیستبێتتان کە من داوا لە هەموو کەسێك دەکەم کار بکات و گوێڕایەڵ بێت. هەر کەسێکیش وەك پێویست کار نەکات و تاك چاوانەو بێ هیچ وەڵامدانەوەیەك بە گوێم نەکات و نەجووڵێتەوە فەلاقەی دەکەم و دەیکوژم، من لە وشەی (ناکرێت) و(نییە) تێناگەم و، لەبەر هەر وشەیەك بێت و بە هۆی وشەیەکەوە سەر دەپەڕێنم و لەسەر دەدەم، واتە بەکورتی، من کابرایەکی شەڕەنگێزم، حەزم لە خوێنڕشتنە. من بە تەنگی ئەوەوەم پێتان بڵێم کە ئەو پروپاگەندانە بە خۆڕایی بەر گوێتان نەکەوتوون و هیچ

زێدەڕۆییەکیان تێدا نییە. ئەوی ڕاستی بێت درەختەکەی من بیّ سێبەرە. ساڵانێکی دوورو درێژە لە خزمەتکردنی دەوڵەتدا ئەم ناوبانگییەم دەرکردووە. لەگەڵ جێبەجیّ کردنی دەستپاکانەی فەرمانەکانی سەرەك وەزیراندا. من، دوای پشت بەستن بە خوا، دەمەوێت ئەم کارە ئەنجام بدەم کە لە پێناویدا بۆ ئێرەیان ناردووم. بگرە ئەگەر هات و لێی بوومەوەو ڕۆیشتم، هیوادارم ئەو پڕوپاگەندانەی پێتان گەیشتوون ڕەشتر وخراپتر بن).

پاش ئەم پێشەکییە دڕندانەیەی کە ئامادەبووان کپ و بیّ دەنگ گوێیان لیّ دەگرت بیّ ئەوەی چاو بەرز بکەنەوەو بنۆڕن عابد ئاغا پێی ڕاگەیاندن کە فەرمانەکە فەرمانی دروستکردنی بنیاتێکی زۆر گرنگەو دەوڵەمەندترین وڵات چوون ئەو بنیاتەی نییەو، کاری دروستکردنی پێنج ساڵ دەخایەنێت، ڕەنگە شەش ساڵیش بخایەنێت، بەلاّم خواستی سەرەك وەزیران لەو وادەدا جێبەجیّ دەبێت کە بۆی دەستنیشان کراوە. پاشان ئەو شتە سەرەتاییانەی هەڵدا کە پێویستی پێیان دەبێت و کارە بەراییەکانیشی ڕوون کردەوە لەگەڵ ئەوەی لە تورکەکانی ناوچەکە چاوەڕوانی دەکات و، ئەوەیش لە کافرە دیانەکانی دەخوازێت.

(تۆسۆن) ئەفەندیش لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، کە پیاوێکی ڕەنگ بزرکاو بوو، لە یۆنان لە دایك ببوو پاشان ببووە موسوڵمان، ئەندازیارێکی لێهاتوو بوو ژمارەیەکی زۆر تەلارو خانووبەرەی خەیری بۆ محەمەد پاشا لە تساریگراددا دروست کردبوو. تۆسۆن ئەفەندی لە تەنیشتی عابد ئاغاوە هێور هێور دانیشتبوو، مەبەستی نەبوو وەك بڵێیت قسەکانی ناژنەفیت، یان وەك بڵێیت تێیان ناگات. هەر سەرنجی هەردوو دەستی دەداو، سەری بەرز نەدەکردەوە جار جار نەبێت ، ئەو کات مرۆڤ دەتوانێت هەردوو چاوە ڕەشەکەی ببینێت کە وەك مەخمەڵ دەبریسکانەوە، کە دوو چاوی جوانی ئەوتۆ بوون دووریان نەدەبینی، دوو چاوی کابرایەك کە تەنیا هەر تەماشای کارەکەی خۆی دەکردو، لە ژیان و لە جیهاندا جگە لەو کارە هیچ شتێکی هەست پیّ نەدەکردو نەدەبینی.

پیاوەکان لە دەوارە تەسکە خنکێنەرەکەوە بە شڵەژاوی و دەروون ڕووخاوی چوونە دەرەوەو، هەستیان بە ئارەقە دەکرد دڵۆپ دڵۆپ لەژێر جلە نوێیەکانیانەوە کە بۆ جەژنیان دەپۆشی دادەچۆڕاو، هەستیان دەکرد ترس و پەژارە زوو زوو سەری دڵی دەگرتن بە جۆرێك نەتوانن بە سەریاندا زاڵ بن.

ئەو ڕۆژە بەدبەختییەکی گەورەی ئەوتۆ کە نەدەزانرا چییە بە سەر شارەکەو هەموو وڵاتەکەدا داباری .. دەردی سەرییەك کە خەڵکی بڕوایان وابوو کۆتایی نایەت. سەرەتا درەختەکانی دارستانەکەیان بڕییەوەو، دەست بە گواستنەوەی دارەکان کراو، ئەوەندە دار لەم بەرو لەو بەری ڕووبارەکەوە کەڵەکە کرا خەڵکی وایان دەزانی پردەکە بە دار دروست دەکرێت. پاشان دەست بە لادانی خۆڵ و هەڵکەندن و کون کردنی کەنارە تاوێرینەکە کرا، زۆربەی ئەم کارانەیش هەر بە بێگاری (سوخرە) دەکران، بەم شێوە کار تا پاییزێکی درەنگ بەردەوام بوو، تا ماوەیەکیش کارەکە ڕاگیرا.

هەموو شتێك بە چاودێریی عابد ئاغاو، بە هەڕەشەی دارە درێژە سەوزەکەیەوە بەڕێوە دەچوو کە بوو بە وێردی گۆرانییەکی میللی. چونکە حامد ئاغا بەو دارە ئاماژەی بە هەر کەسێك کردبایە، کە دیتبای کاتی خۆی بە فیڕۆ دەدات یان وەك پێویست کار ناکات، پاسەوانەکان دەست بەجیّ دەستگیریان دەکردو، لە

شوێنی خۆیدا دەستیان بە فەلاقەکردنی دەکرد تا لەخۆی دەچوو، خوێن فیشقەی دەکردو بەسەرو پۆتەڵاکیدا چۆڕاوگەی دەبەست. ئەو کات هەڵیان دەگرت و لە ئاویان هەڵ دەکێشاو پاشان دەیانهێنایەوە سەر ئیش کردن. لە دوا دوایی پاییزدا کاتێك عابد ئاغا خەریك بوو شارەکە بە جێ بهێڵێت پیاو ماقووڵ و ڕیش سپییەکانی شارەکەی جارێکی دیکە گاز کردو پێی ڕاگەیاندن کە زستان دەڕواتە شوێنێکی دیکە، بەڵام بە چاو چاوی لێرەیەو چاودێری ئێرە دەکات. هەموویان وەڵامی هەموو شتێکیان دایەوە. پێی ڕاگەیاندن ئەگەر بگەڕێتەوەو ببینێت زیان بە کارەکان گەیەنراوە، بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێتەوەو ببینێت پارچە تەختە دارێك لە بیناکە کرابێتەوە ئەو کات قەرامات لە هەموو شارەکە وەردەگرێت. کاتێك پێیان گوت ڕەنگە لافاوی ڕووبارەکە هەندێك زیانی پێ بگەیەنێت، بە ساردی و بێ سێ و دوو پێی گوتن ولاّت ولاّتی خۆیان و ڕووبار ڕووباری خۆیانەو هەر زیانێك لافاو بە بیناکەی بگەیەنێت کەواتە دەستکردی ئەوانە.

بۆیە دانیشتووان بە درێژایی وەرزی زستان پاسەوانیی بیناکەیان کردو، وەك بیبیلەی چاوی خۆیان ئاگەیان لێ بوو. کە بەهار داهات عابد ئاغا گەڕایەوەو تۆسۆن ئەفەندی لە تەنیشتییەوە بوو، بەرد هەڵکۆڵەرە دەڵماسییەکانیش هاتن کە گەل بە (وەستا ڕۆمانییەکان) ناویان دەبردن، سەرەتا نزیکەی سی بەردتاش دەبوون، وەستایەك سەرکردەی دەکردن پێیان دەگوت (ئەنتوان)، کە دیانێکی خەڵکی شارۆچکەی (ئۆلتسیگنا)[1] بوو، پیاوێکی جوانی کەڵەگەت، چاوبازی، تیژڕوان و، لووت چەوت بوو، قژە خەنییەکەی بەسەر هەردوو شانیدا شۆڕ ببووەوە، جلێکی پۆشیبوو چوون جلی سیربەکان. یاریدەدەرەکەی قوڵەڕەشێك بوو، قوڵەڕەشێکی ڕاستەقینە، لاوێکی ڕووخۆش و خۆش دوو بوو، هەموو شارەکەو، هەموو کرێکارەکان بە (قوڵەڕەش)یان ناو دەبرد.

ئەگەر دانیشتووانی شار پارساڵ وایان دەزانی عابد ئاغا نیازی وایە بە دار پردێك دروست بکات، کەچی ئەم ساڵ هەموویان بڕوایان وایە کە عابد ئاغا دەیەوێت (قوستەنتینییە)یەکی نوێ لە سەر ڕووباری درینا دروست بکات. لەو کانە بەردەوە، کە پێشتر سنوورەکەیان بە چیاکانەوە دەستنیشان کردبوو لە دوورایی یەك سەعاتە ڕێ لە شارەوە، دەست بە گواستنەوەی بەرد کرا.

ساڵی نوێ لە نزیك بەلەمەکەی فیشیگرادەوە دەستی پێکرد بەهارێك بوو ناوچەکە لەوەوپێش بەهاری لەو جۆرەی بەخۆوە نەدیتبوو، شان بە شانی ئەوەی لەم وەرزەی ساڵدا هەموو ساڵێك دەڕواو گوڵی دەکرد، لەو شوێنەدا کۆمەڵێك کووخی لەدار دروستکراو هەڵتۆپزین و ... ڕێگەو بانی نوێ دەرکەوتن و ... چەند ڕێڕەوێك هەڵکەنران دەگەیشتنە ئاوەکە... شوێنەکە لە گالیسکەدا جمەی دەهات کە مانگاو ئەسپ ڕایاندەکێشان، بۆیە هەموو ڕۆژێك دانیشتووانی گەڕەکی مەیدان و (ئۆکۆڵچە) لەخوارەوەی ڕووبارەکەوە، دیمەنی ئاهەنگێکی نوێی جموجووڵی خەڵك و چارەواو ئامێری جۆراوجۆری کارکردنیان دەبینی .

لە کەنارە بەردینەکەوە بەردکۆڵەکان کاریان دەکرد، ئەم هەموو بەشەی شارەکە لەبەر بڵاوبوونەوەی گەردیلە زەردی دەنواندو دەچووەوە. لە پێدەشتە لمینەکەوە، کە لەوێوە دوور نەبوو، کرێکارەکانی خەڵکی ناوچەکە گەچیان دەکوژاندەوەو ورد دەکردو بە جلوبەرگێکی پەڕپووتەوە کە گەردیلەی دووکەڵی سپیی ئاگردانەکە سپی کردبووەوە دەهاتن و دەچوون. ڕێگەکان لەبەر قورسی گالیسکە بارکراوەکاندا چاڵ و چۆڵییان

تێکەوتبوو، کە بەسەریاندا دەڕۆیشتن. بەلەمەکەیش ڕۆژ تا ئێوارە ئیشی دەکرد، تەختەداری پرد دروست کردنەکەی لەم کەنارەوە بۆ ئەو کەنار دەگواستەوە، هەروەها چاودێران و کرێکارەکانیشی دەپەڕاندەوە، پسپۆرەکانیش تالای سمتیان دەچوونە ناو ئاوە بەهارییە قوڕینەکەوەو کۆڵەگەو ئەستوونیان دەچەقاندو (قوفە)کانیان بە ( زیخ و چەو) پڕدەکرد، کە دەبوو ئاوەڕۆی ڕووبارەکە بگۆڕن.

ئەو خەڵکەی تا ئەو کاتە لەم شارە بچووکەی خانووبەرە پەرت و بڵاوەی داوێنی چیاکەی نزیك ئەو بەلەمەی نێو ڕووباری درینا ژیانێکی کامەرانیان بەسەر دەبرد، تەماشای هەموو ئەو کارانەیان دەکرد. کارەکە ئاسانتر دەبوو گەر تەنیا هەر تەماشایان کردبایە، بەڵام کارەکان ئەوەند فرەوان و بە تەووژم ببوونەوە تا ڕادەیەك هەموو گەڕەك و شتەکانی نەك هەر شارەکە بە تەنێ بگرە ناوچە دوورەکانی دەوروبەریشی لەگەڵ گێژاوی خۆیدا ڕامالێبوو. لە دووەمین ساڵدا ژمارەی کرێکارەکان زۆرتر بوو تا وای لێهات لەگەڵ ژمارەی هەموو دانیشتووانانی نێرینەی شارەکەدا یەکسان بێت. هەموو گالیسکەو هەموو ئەسپ و هەموو مانگاو گاکانیش لەپێناوی پردەکەدا کەوتنە کارکردن. هەموو ئەوەی بیتوانایەت بجووڵێتەوە یان بەڕێوە بچێت، بران و بۆ کارکردن بەکارهێنران، جارێك بە کرێ و، جارێکی دیکە بە بێ کرێ و بە بێگاری . پارەیش لە پێشان زۆرتر بوو، بەڵام گرانیی گوزەران و قات و قڕی لە زیادبووندا لە زۆر بوونی پارە خێراتر بوون، ئەوەندەی نەدەبرد کە پارەکە بگاتە دەستی کرێکارەکان دەیاندیت نیوەی خەرج بووە. بۆیە نیگەرانی و بشێوی و نەبوونی ئاسایش و هێوری لە گرانیی گوزەران و قات و قڕی، لە سەر شانی دانیشتووانی وڵاتەکە قورستر بوو. شارەکە، بە هۆی کەڵەکەبوونی هەموو ئەم سوپا بێ شومارەی ئەو کرێکارانەی نەدەزانرا لە کوێوە دێن، لە نیگەرانی و نەبوونی ئاسایش و بشێویدا نغرۆ ببوو. وێڕای دڵڕەقی عابد ئاغایش، چەندە ناکۆکییان لەنێواندا ڕووی دەداو، چەندە ڕووداوی (دزی)یش لە بێستان و ماڵەکاندا ڕووی دەدا . دەبوو ژنە موسوڵمانەکان دەم و چاوی خۆیان دابپۆشن، بگرە کاتێکیش بچووبانە نێو حەوشەی ماڵەوەیش، چونکە ئەو کرێکارە بیانی و غەیرە بیانییانە، کە لە ئەژماردن نایەن، ڕەنگە لە ناکاودا ئاووڕی هەموو لایەك بدەنەوە. ئەوە بوو تورکەکانی شارەکە بە وردی داب و نەریتی ئایینییان پێڕەو دەکرد، بە تایبەتی تازە ببوونە تورك، کەسیان نییە لەیادی نەبێت کە باوکی یان باپیری کریستیان بووبێت یان تازە موسوڵمان بووبێت. لە پێناوی ئەم هۆیانەدا پیرەمێردە بە تورك بووەکان بە ئاشکرا لەو بارودۆخە بێزار ببوون شاری تێدا گیرسابووەوەو، ئاووڕیان لەم هەموو تێکەڵییە جەنجاڵەی کرێکاران و ئاژەڵ و تەختەدارو خۆڵ و بەردە نەدەدایەوە، ئەم تێکەڵییەی کە تا دەهات فرەوانتر دەبووەوەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبوو، شەقامەکان و ماڵەکانیان لە ئێستەوە تێك دەدا .

سەرەتا شانازییان بەم کارە خێرخوازییەوە دەکرد کە وەزیرێکی خەڵکی وڵاتەکەیان ویستی بیکات، لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە ئەوەیان نەدەزانی کە ئەمڕۆ دەیبینن: نەیاندەزانی کە بنیاتێکی مەزنی وەك ئەم بنیاتە دەبێتە هۆی ئەم بشێوی و ئەم جۆرە نیگەرانی و ئەم جۆرە ڕەنجدان و پارە تێچوونە. بە خۆیانیان دەگوت : شتێکی باشە مرۆڤ سەر بە ئایینێکی ڕاست بێت و، شتێکی باشە لە ئەستەنبوڵ وەزیرێکی خەڵکی وڵاتەکەی خۆمانمان هەبێت و، شتێکی باشە پردێکی بەهێزو بە نرخ بە سەر ڕووبارەکەوە ببینین، بەڵام ئەوەی

ئێستە ڕوو دەدات لە هیچ شتێك ناچێت و هیچ شتێك لێی ناچێت. شارەکە بووەتە دۆزەخ، بووەتە هات و چۆکردنێکی شێتانە: کاری نەزانراوو، دووکەڵ و، تەپ و تۆزو، هات و هاوارو، هەراو هوریا. ساڵان دێن و دەڕۆن، کارەکان فراوانترو بەرزتر دەبنەوە، بەڵام مرۆڤ کۆتاییەکانیان نابینێت و، هیچ واتایەکیان لێ ناگات. هەموو ئەمە لە گشت شتێك دەچێت تەنیا لە پرد نەبێت .

ئەوانەی تازە ببوونە تورك ئەم قسانەیان بە خۆ دەگوت، ئەگەر یەکێکیان بە تەنیا بە یەکێکی دیکەیان گەیشتبایەو، چوار چاو یەکدییان بینیبایە، دانیان بەوەدا دەنا کە ناوداریەتی و سنگ دەرپەڕاندن و نەبەردی و سەروەری چاوەڕوانکراو بەسەر شانیانەوە بوونەتە بارێکی قورس و، نکۆڵییان لە وەزیرو لە پردەکە دەکردو، داوایان لە خواوەند دەکرد لەم کارەساتەیان ڕزگار بکات و، دڵنیایی بە خۆیان و بە ماڵەکانیان ببەخشێتەوە کە پێشتر لە سایەیدا دەژیان و، ئەو ژیانە ساکارەیان پێ ڕەوا ببینێتەوە کە پێشتر لە نزیك کۆنە بەلەمەکەی کەنار ڕووبارەکەدا بە سەریان دەبرد.

ئەمە هەمووی تورك و دیانەکانی ناوچەی هەموو فیشیگرادی پێکەوە نیگەران کردبوو، لەگەڵ تەنیا جیاوازییەکدا ئەویش ئەوە بوو کەس لە دیانەکانی نەدەپرسی ڕایان چییەو، بێزاری خۆیان دەرنەدەبڕی. پاشان سێیەمین ساڵ داهات کە خەڵکی بەخۆڕایی بۆ دروستکردنی بنیاتە نوێیەکە بە کار دەهێنران و، کارو ئەسپ و مانگاکانیان بۆ تەرخان کردبوو.

ئەوە تەنیا کریستانەکانی فیشیگرادی نەگرتبووەوە، بەڵکو کریستیانەکانی هەرسێ قەزاکانی دەوروبەریشی گرتبووەوە. سەربازەکانی عابد ئاغا بەسواری ئەسپەکانیان دەچوونە هەموو شوێنێك و، کریستانەکانیان دەگرت، جووتیار یان دانیشتووی شار بووایەن و بۆ کارکردنی سەر پردەکیان ڕاپێچ دەکردن، زۆر جار، کوت و پڕ بەسەریاندا دەداو، لە خەودا چوون مریشك بگرن وایان دەگرتن، تا وای لێهات ڕێبواران لە هەموو بۆسنیادا یەکدییان ئاگەدار دەکردەوە، بەلای ڕووباری درینادا تێنەپەڕن، چونکە یاساوڵەکان هەموو کەسێك دەگرن بە ڕێکەوت بەوێدا تێپەڕێت، بێ ئەوەی لێی بپرسن تۆ کێیت و چیت و بۆ کوێ دەچیت و، بەلایەنی کەمەوە ناچاری دەکەن چەند ڕۆژێك ئیش بکات. تا وای لێهات کریستیانی شارەکان لە جیاتی ئەوەی کار بکەن چەند دۆڵکەیەك (مەی)یان پێ دەدان. لاوی دەشتەکانیش هەوڵیان دەدا بەرەو دارستانەکان هەڵێن، بەڵام ئەوەندەی پێ نەدەچوو یاساوڵەکان هەندێك لە ئەندامانی تیرەکانیان بە بارمتە دەگرت، بەتایبەتی ئافرەتیان هەڵدەبژارد، بۆ ئەوەی لە جیاتی لاوە هەڵاتووەکان کاربکەن.

ئەمە سێیەمین پاییزە خەڵکی بەزۆر لەسەر پردەکە کاردەکەن و، هیچ شتێك لە ئارادا نییە بیسەلمێنێت کە کارەکە پێش دەکەوێت و، کۆتایی کارەساتەکە نزیك دەبێتەوە. چلەی پاییزە. گەڵای درەخت وەریون. باران ڕێگەو بانەکانی تەڕ کردووە. ڕووباری درینا هەڵچووەو بە لێڵی بەرەو خوار دەکشێت. کێڵگەکان ڕووت بوونەتەوە، تەنیا پاشەڕۆکی دروێنەیان تێدا ماوەتەوەو، پڕ لە قەلەڕەشکە بوونە کە بە سستی باڵیان تێدا دەگرنەوە. کەچی عاباد ئاغا کاری ڕانەگرتووە. لەژێر تیشکی زەردەی هەتاوی تشرینی دووەمدا جووتیارەکان بە پێ خاوسی یان بە نەعلی ئۆبانشییەوە[2] کە لە پێستی خوێناوی خۆشەنەکراو دروست کراوە تەختەدارو بەردەکان دەگوێزنەوە، بە ڕێگە قوڕینەکەدا دێن و دەچن، لە ماندوویەتیدا چۆڕاوگەی

ئارەقەیان دێت، لەبەر زەبری بایەکەشدا  لە سەرماندا دەلەرزن، دەمەڵقۆپانە ڕەشەکانیان، کە لەبەر چڵکنی ڕەش بوونەتەوەو، پڕ لە کونی نوێ و کۆنە پینەن، بە گیانی خۆیانەوە پێچاوەتەوەو، داوێنی تاکە کراسەکەیان گرێ داوە، کە لە پەمووی زبر دروست کراوەو لەبەر باران و قوڕو دووکەڵدا ڕەش بووەتەوەو، ناوێرن بیشۆن نەوەك لەناو ئاودا شیتاڵ شیتاڵ ببێتەوە. ئەو تووڵە سەوزەی کە بەدەستی عابد ئاغاوەیە بەسەر سەری هەموپانەوەیە، چونکە عاباد ئاغا ڕۆژی چەند جار (کان)ی بەردەکان لە (کانیا) بەسەر دەکاتەوە، وێڕای بەسەرکردنەوەی ڕۆژی چەند جارەی کارەکانی دەورو بەری پردەکە. کە لەهەموو خەڵکی تووڕەیە، چونکە ڕۆژان دێن و دەچن و کارەکە خێراو وەك پێویست بەرەو پێشەوە ناچێت و، پاڵتۆیەکی قورسی لەبەرەو، سەرتاپای ڕەش داگەڕاوەو، دەچێتە کون و کوختەی کرێکاران و کەلەبەرەکانیانەوەو، جنێو بەهەموو کەسێك دەدات، تەنانەت چاودێرو قۆنتەراتچییەکانیش.

ـ ڕۆژان کورتن و .. تادێت کورتتر دەبنەوە. داخ لە دەستی ئێوەی سەگ باب.. ئێوە نانی خۆڕایی دەخۆن .
زۆر تووڕە دەبوو وەك بڵێیت گوناهی ئەوانە، ئەگەر هەتاو درەنگ هەڵ بێت و شەو زوو دابێت. بەڵام تووڕەیی عابد ئاغا پێش خۆرئاوابوون دەگەیشتە چڵەپۆپە. دەمەو ئێوارەو نائومێدی فیشیگراد، کاتێك تەپۆڵکە سەختەکان شارەکەیان دەتەنییەوەو شەو بە خێرایی و قورس و بێ دەنگ دادەهات، وەك بڵێیت دوایەمین شەو بێت. ئەو کات کەس نەدەما عابد ئاغا تووڕەیی خۆیی پێدا بڕێژێت، بۆیە تووڕەیی لە ناخیدا پەنگی دەخواردەوەو ئازاری دەداو، نەیدەتوانی بنوێت، لەبەر ئەوەی بیری لەو هەموو کارە زۆرانە دەکردەوە کە هێشتە ئەنجام نەدراون، هەروەها بیری لەو هەموو کەسە زۆرانە دەکردەوە کە کات بەفیڕۆ دەدەن، عابد ئاغا دەست بە دانەچیرە دەکات و بانگی چاودێرەکان دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت کە چۆن دەکرێت سبەینێ باشتر سوود لە ڕۆژ وەربگیرێت و، چۆن دەکرێت کرێکارەکان باشتر بەکار بهێنرێن .
لەم کاتەدا خەڵك لەناو ماڵە قوڕین و تەویلەکانیاندا دەنوون و پشوو دەدەن و، هێزو توانایان وەبەر دێتەوە، بەڵام هەشیانە دەزانێت چۆن بێداری بۆ ئەو کارە دەکێشێت کە ئارەزووی دەکات. لە تەویلەیەکی بەرینی وشکدا ئاگرێك لە ناوەڕاستیدا دەسووتا، یان بڵێ خەریك بوو ئاگرەکەی دادەمرکایەوە، چونکە هیچ نەمابوو تەنیا چەند دەنگێك لە ژوورەکەدا نەبێت کە لەوە دەچوو تاریك بێت. شوێنەکە بە گشتی پڕ لە دووکەڵ و بۆنێکی تیژ بوو ئەویش بۆنی جلی تەڕو ئەو جەستانە بوو کە ژمارەیان نزیکەی سی جەستە دەبوو. هەموویان پیاوی بە بێگار گیرابوون جووتیاری گوندەکانی دەوروبەر بوون، کەسانێکی هەژارو، کریستیانی کۆیلە بوون، هەموو پیس و تەڕو ماندوو، خەفەتبار بوون. ئەم کارەی کە بێ کرێ دەیکەن و، هیچ ئومێدێکیان پێ نییە، دڵی هەنجن هەنجن کردوون، کەچی کێڵگەکانیان، لەو سەرەوە، لە گوندەکان، چاوەڕوانی کێڵانی زستانە دەکەن، ئەوانە ئۆبۆجاکەکان [3] لە نزیك ئاگرەکەدا هشك دەکەنەوەو، خەریکی چنینی ئۆبانشییەکانیانن، یان تەنیا لە پشکۆکانی کانوونەکە (کوانوو) دەڕوانن. کابرایەکی خەڵکی مۆنتی نیگرۆیان تێدایە کەس نازانێت لە کوێوە هاتووە. جەندرمەکان لە ڕێگە دەستگیریان کرد، چەند ڕۆژێکە کار دەکات و، بەردەوام بۆ هەموان دەگێڕێتەوەو بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەم کارە تەنگی پێ هەڵچنیوەو بێزاری کردووەو شکۆی وی بەرگەی ئەم جۆرە کۆیلایەتییە ناگرێت.

ئێستە زۆربەی جووتیارە بێدارەکان، بەتایبەتی گەنجەکان لەدەوری گردبوونەتەوە. ئەوەتا دەست بۆ گیرفانە قوولەکەی بەروانکەکەی درێژ دەکاتەوە کە لە پێستی کاوڕ دروست کراوەو، لەسەرخۆ جۆزلایەکی [4] بچووکی ئەوەندەی ناو لەپێك دەردەهێنێت، دیمەنێکی پەڕپووتی هەیەو، لە گەڵێشیدا کەوانەیەکی کورت دەردێنێت. جووتیارێك لە تەویلەکە دەچێتە دەرەوە پاسەوانی دەکات، نەوەك یەکێك لە تورکەکان لەناکاودا بگاتە جێ. هەموو ئامادەبووان تەماشای پیاوەکەی خەڵکی مۆنتی نیگرۆ دەکەن وەك بڵێیت یەکەم جاریانە دەیبینن و تەماشای جۆزلاکەیش دەکەن کە لەناو هەردوو دەستە گەورەکەیدا بزر دەبێت. پیاوەکە بەسەر جۆزلاکەدا دەچەمێتەوە کە بە ئەژنۆیەوە ناوەو بەچەناگەی توند دەستکەکەی گرتووەو، ژێیەکانی بە کەتیرە چەور دەکات و، فوو بە کەوانەکەدا دەکات. هەموو شتێك شێدارو نەرمە. وریایانەو لەسەرخۆ ئەو کارانە دەکات، وەك بڵێیت تەنیا کەسە لە جیهانداو، هەموو خەڵکی چاودێری دەکەن و تێی دەڕوانن. یەکەمین دەنگ کرخ و تیژ دێتە دەرەوەو تا دێت هەڵدەچێت و دەنگی خۆی ساف دەکات و بە لووت دەست بە گۆرانی دەکات و لە کاتی گۆرانی چڕینیشدا ئامێرەکە دەژەنێت .. هەموو شتێك لەگەڵ یەکدا دەگونجێن و، هەموو شتێك پێشبینی ئەوەیان لێ دەکرێت کە پیاوەکە بەسەرهاتێکی چاك دەگێڕێتەوە، ئەوەندە ناخایەنێت، پاش ئەوەی گونجانێك لە نێوان دەنگی وی و نێوان جۆزەلا ژەندنەکەدا دروست دەکات، توند بە شانازییەوە سەری بە پشتدا دەگێڕێتەوە، قورقوڕاگە لاوازەکەی دەردەکەوێت و، لاجانگی لای ڕووناکییەکەوە دەبریسکێتەوەو، لەسەرخۆ دەنگێکی کپ کراو لە سنگییەوە دێتە دەر : (ئائائائاه...) پاشان بە دەنگێکی خۆش و ڕەوان دەست بە گۆرانی چڕین دەکات:

(ستیفان)ی قەراڵی سربەکان مەی دەنۆشێت

لە بریزرەن، لە خاکی بەپیت

بەتریارکە پیرەکان لە تەنیشتییەوەن

بەتریارکە پیرەکان چولر کەسن

نۆ مەترانیش لەوێن

بیست وەزیریش، لە پایەبەرزەکانی سوپا

لەگەڵ کەسایەتییەکانی سرب، لە هەموو چین و توێژێك

میخائیلۆی مەیگێڕ، مەی دەگێڕێت

کاتدۆزی خوشکیشی

بە بریسکەی ئەو خشڵانەی

بە بەرۆکییەوە دەبریسکێنەوە

ژوورەکەی ڕووناك

کردووەتەوە

تا دەهات جووتیارەکان لە گۆرانیبێژەکە نزیك دەبوونەوە، بەڵام بێ ئەوەی هیچ سروەیەکیان لێوە بێت، تەنانەت گوێت لە هەناسەیان نەدەبوو. هەموویان لە سەرسوڕمان و واق وڕماویدا چاویان لێك دادەگرت.

پشتیان مێروولەی دەکرد، لاقیان ڕادەستا، سنگیان بەرز دەبووەوە، چاویان دەبریسکایەوە، پەنجەکانیان لێك دوور دەکەوتنەوەو پاشان ڕەپ ڕادەوەستان و، ئێسکی کاجیرەیان وێك دەچووەوە. پیاوەکەی خەڵکی مۆنتی نیگرۆیش خێراتر ئاوازەکەی دەوڵەمەندتر دەکردو ئەوەندەی نەدەبرد بەرزتر دەبووەوەو، ئەوەندەیشی نەدەبرد جوانترو بەجەرگتر دەبوو، هەرچی بێگارەکانە کە چۆڕاوگەی جەستەیان دەهات، ئەوانەی وایان لێهاتبوو ئارەزوویان نەدەکرد بنوون، گوێیان بۆ گۆرانییەکە شل کردبوو، وەك بڵێیت چارەنووسی خودی ئەوان دەگێڕێتەوە لەکاتێکدا ڕووناکترو جوانتر دەبووەوە.

لەناو ئەو جووتیارە بێگارانەدا، پیاوێك هەبوو ناوی ڕادیسلاف بوو، خەڵکی گوندی ئۆنیشە بوو، کە گوندێکی بچووکەو ڕاستەوخۆ لە سەرووی شارەوەیە. پیاوێکی کورتە بالآی گەنم ڕەنگی، چاو تیژی، پشت کۆماوەیە، ئەگەر ڕێ بکات بە خێرایی دەڕوات و پێیەکانی لێك دوور دەخاتەوەو سەرو هەردوو شانی لای چەپەوە بۆ ڕاست و لای ڕاستەوە بۆ چەپ دەلەقێنێتەوە، وەك بڵێیت ئارد دەبێژێت. ئەم پیاوە وەك پێ دەچێت هەژار نییە، هەروەها وەك خۆی پیشان دەدات ساکاریش نییە. ناوی خێڵەکەی (کیراك)ەو زەوییەکی باشیان هەیەو، پیاوگەلێکی زۆرن. بەڵام خەڵکی گوندەکەیان ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێت لەم چوار ساڵەی دواییەدا هەموویان بوونەتە موسوڵمان، بۆیە ئەندامانی تیرەکەی گۆشەگیر بوونەو دەورە دراون. ئەم (ڕادیسلاڤ)ە کورتە بالآو گۆشەگیرە تۆوی شۆڕش و یاخیبوون لەم شەوانەی پاییزدا بلآو دەکاتەوە، لە تەویلەیەکەوە دەچێتە تەویلەیەکی دیکەو، چوون دەرزی دەچێتە نێو ڕیزی جووتیارەکانەوەو، یەك بەیەك بەگوێیاندا دەچرپێنێت، بەگشتی وتەکانیشی ئەمانەی خوارەوە بوون ((برایان، بەسە ئیدی بەسە. پێویستە بەرگری لە خۆمان بکەین. ئێوە دەبینن ئەم پردە لەناومان دەبات، هەموومان هەڵدەلووشێت، منداڵەکانمان ماندوو دەبن ئەوەند بە بێگاری کاری تێدا بکەن، ئەگەر هەندێکمان ماین. ئەوە لێرەدا تەنیا لەناوبردنمان بۆ ئامادە دەکرێت و، هیچی دیکە. پێ خاوس و کریستیانەکان پێویستیان بە پرد نییە، ئێمە ڕانە پەزو پۆڵەمان لەبەرخۆ نەداوەو بازرگانییەکی بەرفرەوانیش ناکەین، بەڵەمەکەمان بەسەو لەسەریشمانەوە دێت و لە پێمانەوە زیادە. بۆیە هەندێکمان لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین لە تاریکیی شەودا بچین تا بۆمان بکرێت ئەوەی دروست کراوە تێك بدەین و بڕووخێنین و، لەناو خەڵکیدا دەنگۆی ئەوە بلآو بکەینەوە کە (جنۆکە) دەیڕووخێنێت و ڕێ نادات پردێك لەسەر ڕووباری درینا دروست بکرێت. با بزانین ئەمە نەختێك یارمەتیمان دەدات. هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە نییە پێویستە کارێك بکەین)).

لەناو خەڵکەکەدا، وەك هەمیشە وایە، کەسانێکی دی دەترسان و بڕوایان پێ نەدەکرا، بڕویان وابوو، ئەو بیرکردنەوەیە نەزۆکانەیە، چونکە هیچ شتێك نییە تورکە بەهێزو فێڵبازەکان پاشگەز بکاتەوە لەوەی نیازیان هەیە بیکەن، دووپاتیان کردەو وایان بۆ باشترە تا دوایەمین ڕۆژ بە بێگاری درێژە بەو کارە سەختە بدەن و، دۆخەکە لە خراپییەوە بەرەو خراپتر نەبەن، هەروەها کەسانێکی دیکەی بینی بڕوایان وابوو هەر شتێك بکرێت لەوە باشترە چوون چوارپێ تا دێت هەر ئەم بارە قورسەیان بەسەر پشتەوە بێت و، لەوە باشترە چاوەڕوانی ئەو کاتە بن دوایەمین پینە لەپینەی جلە شڕۆڵەکانی بەریان بەر بێتەوەو، لەوە باشترە تا دێت بەم کارە قورسە وردە وردە توانای خۆیان لەدەست بدەن و، لەم نانە ڕەقە باشترە کە عابد ئاغا پێشکەشیان

دەكات و، پێویستە دوای هەر مرۆڤێك بکەون لەم بارودۆخەیان دەربهێنێت کە گیرۆدەی بوونە. بە تایبەتی گەنجەکان ئەم قسانەیان دەکرد، بەلاّم کەسانێکی هۆشمەندی خاوەن ژن و تیرەیش بەبێ سوور لەسەر بوون و هەراوهوریا ئەو هزرەیان پێ باش بوو، لەکاتێکدا غەمبارییان بە ڕوخسارەوە دیار بوو دەیانگوت: (با ئەو پردە بڕووخێنین و خوێن دابپۆشێت بەر لەوەی هەڵمان لووشێت. بەلاّم ئەگەر هات و ئەم کارە هیچ سوودێکی ئەوتۆی نەبوو ....).

پاشان، وەك نیشانەی گومان دەستیان ڕادەوەشاند بەرانبەر بە سوودی ئەوەی نائومێدانە بەنیازن ئەنجامی بدەن ..

بەم شێوە لەسەرەتای پاییزدا، یەکەمین جار لەناو کرێکارەکان و لە شاردا دواتر ئەوە بلاّو بووەوە کە جنۆکەی ئاو دەستی لە کاری پردەکە وەرداوەو، شەوانە ئەوە دەڕووخێنێت کە بە ڕۆژ دروست دەکرێت و، ئەو کارەی بۆ دروستکردنی پردەکە دەکرێت بەرهەمی نابێت. هاوکات بە ڕاستی شوێنی وێران کردنەکە دەردەکەوت، لەو شوێنەی پردەکە لێیە، بەڵکو لە کاری ئاوەدانی و، ئەو ئامێرانەی تا ئەو کاتە لەسەر ئەو ئەستوونانە بە جێیان دەهێشت کە لەم لاو ئەو لای پردەکەوە دەستیان بە دروستکردنی کردبوو نەدەمان و کەمتر دەبوونەوە، ئەو کارەیش بە قوڕ کرابوو، درزی دەبردو ئاو دەیبرد.

دەنگۆی ئەوەی کە پردەکە دروست ناکرێت بلاّو بووەوەو گەیشتە شوێنە دوورەکان، تورکەکان دەستیان بە بلاّوکردنەوەی کرد وەك چۆن کریستیانیش بلاّویان دەکردەوە، تا وای لێهات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دڵ و دەروونی خەڵکدا دەچەسپا.

کریستیانەکانیش لە ناخی دڵ و دەروونەوە پێیان خۆش بوو. بەبێ دەنگی و بە نهێنی ئەو هەستەیان دەردەبڕی. بەڵکو زۆر کەس لەوانەی بووبوونە موسوڵمان و ئەوانەیان بەچاو نەبینیبوو پاش ئایین گۆڕینەکەیان پێشبینییان دەکرد بەدی بێن، بەڵکو لەسەر خوانێکی نەدارانە ڕۆدەنیشتن و هەر بەردەوام ماندوو دەبوون و ڕەنجیان دەکێشا، شادومانانە ئەو چیرۆکانەیان بەرگوێ دەکەوت و دەگێڕایەوە کە باسی ئەو شکستییە گەورەیان دەکردو، چێژێکی تاڵیان لە لێکۆڵینەوەی ئەوەدا دەبینی کە گوایە خودی وەزیرەکان ناتوانن بگەنە ئاکامی جێبەجێکردنی ئەوەی نیازیان وایە جێبەجێی بکەن. خەڵك دەیانگوت بەنا بیانییەکان خۆیان بۆ ڕۆیشتنەوە ئامادە دەکەن و ، پردەکەیش لەم شوێنەدا دروست ناکرێت کە نەدەبوو لێرە بێت و لێرە دەست بە دروستکردنی بکرێت. هەموو ئەم پڕوپاگەندانە بلاّو بوونەوەو زۆر خێرا تەشەنەیان کردو لەناو خەڵکیدا بلاّوو پەرت بوونەوە.

خەڵکی بە ئاسانی بەسەرهات دروست دەکەن و خێرایش بلاّوی دەکەنەوە، کەچی ژیانی ڕۆژانەیش بە شێوەیەك تێکەڵ بە بەسەرهاتەکان دەبێت و وای تێکەڵ دەبێت لێی جودا نەبێتەوە، ئەو جووتیارانەی شەوانە گوێیان لە جۆزلاژەنەکە دەگرت، دەیانگێڕایەوە کە ئەو جنۆکەیەی کاری دروستکردنی پردەکەیان تێك دەدات بە عابد ئاغایان ڕاگەیاندووە کە واز لەو کاری تێکدانە ناهێنێت ئەگەر جمکێك، خوشك و برا بن بە ناوی ستۆیاو ئەستۆیا لە دیواری ئەو بناغەیەدا نەشارێتەوە(نەنێژێت) کە پردەکەی لەسەر دروست دەکرێت. زۆریان سوێندی ئەوەیان دەخوارد کە بە چاوی خۆیان جەندرمەکانیان بینیوە لە گوندەکاندا بە دوای ئەو

جمکەدا گەڕاون. (بەڕاستیش جەندرمەکان نەدەگەڕان بەڵام بەدوای منداڵاندا نەدەگەڕان، بەڵکو سیخوڕییان دەکردو لە خەڵکیان دەپرسی ئایە ئەو کەسە نەناسراونە دەناسن کە پردەکە تێك دەدەن).

ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕووی دا کیژێکی گێل و گەوجی گوندێکی سەرووی فیشیگراد سکی پڕ دەبێت. مرۆڤێکی بەستەزمان بوو، لە ماڵی کابرایەکی بیانیدا کارەکەر بوو. نەیدەویست ناوی ئەو پیاوە بدرکێنێت کە سکی پڕ کردووە، یان ڕەنگە بە خۆیشی نەیدەزانی لە کام پیاو سکی پڕ بووە. ڕووداوێکی دەگمەن بوو پێشتر نموونەی نەبووە، کە کیژێك ـ بە تایبەتی وەك ئەم کیژە ـ سکی پڕ ببێت و نەزانرێت باوکی منداڵەکەی کێیە. ئەم ڕووداوە دەنگی دایەوەو لە شوێنە دوورەکانیشدا بڵاو بووەوە. لەو ڕۆژانەدا کە باسیان دەکەین ئەو ئافرەتە کیژە لە حەوشێك لە حەوشەکاندا جمکێکی دەبێت، بەڵام جمکەکە بە مردوویی لەدایك دەبن. ئافرەتانی گوندەکە لە منداڵ بوون و ژان گرتنەکەیدا یارمەتی دەدەن، کە زۆر سەخت و دژوار دەبێت. هەردوو منداڵەکە لە بێستانێکی دارقۆخدا بەخاك دەسپێررێن. بەڵام ئەو ئافرەتە بەدبەختە بۆ ئەوە نەخولقاوە تا ببێتە دایك، لە سێیەمین ڕۆژدا لە جێگە ڕاست دەبێتەوەو هەموو گوندەکە بە دوای هەردوو منداڵەکەیدا تەی دەکات. خەڵکی بێ هوودانە دەیانەوێت تێی بگەیەنن کە هەردوو منداڵەکەی بە مردوویی لەدایك بوونەو هەردووکیان نێژراون. بۆ ئەوەیش خۆ لە پرسیارەکانی قوتار بکەن کە کۆتاییان نەدەهات پێیان دەگوت یان بە ئاماژە تێیان دەگەیاند کە هەردوو منداڵەکەی بۆ شار گوێزراونەتەوە، بۆ ئەو شوێنەی تورکەکان پردەکە دروست دەکەن.

بەو جۆرە کەساس و بەدبەختانە ڕێی شار دەگرێتە بەرو، بە دەوری ئەسکەلەو وەرشەکاندا دەخولێتەوەو، بەترسەوە دەڕوانێتە چاوی پیاوەکان و، بە ورتە ورتێك کەس لێی نەدەگەیشت پرسیاری لێ دەکردن منداڵەکانی لە کوێن. پیاوەکانیش بەسەرسوڕمانەوە تەماشایان دەکرد، یان قاویان دەدا تا لە کاریان نەکات. کاتێك دەبینێت لەمەبەستی ناگەن، دوگمەکانی کراسە زبرە جووتیارانەکەی دەترازێنێت و، هەردوو مەمکە بە ئازارە ئەستوور بووەکەی پێشانیان دەدات، کە سووربوونەتەوەو لەبەر ئەو هەموو شیرەی تێیان زاوە، درزیان تێکەوتووەو شەقار شەقار بوونە. کەس نەیدەزانی چۆن چۆنی یارمەتی بدەن و، چۆنی بۆ ڕوون بکەنەوە کە هەردوو منداڵەکە بە پردەکەوە نەبەستراونەتەوە، چونکە وەڵامی ئەو هەموو قسە خۆشانەی نەدەدایەوە کە پێی دەگوتران و، هەموو ئەوەی بۆی دووپات دەکرایەوەو، هەموو ئەو جنێوو هەڕەشانەی ئاراستە دەکران، تەنیا بە ورتە ورتێکی سکاڵاکارانەی بە ئازارو، بە ڕوانینێکی تیژی پڕ بە گومان چاوی ئاراستەی هەموو گۆشەیەك دەکردو چاوی پێدا دەگێڕا. تا وای لێهات دواتر خەڵکەکە وازیان لە سەرکۆنەکردن و پێداهەڵشاخانی هێناو، وازیان لێهێنا بۆ ئەوەی بە دەوری وەرشەکاندا بسووڕێتەوە. وایان لێهات ئەگەر بیانویستایە خۆیانی لێ لابدەن لێی دوور دەکەوتنەوەو دڵیان پڕ سۆزو بەزەیی دەبوو. چێشکەرەکان سەلکە گەنمەشامی کوڵاویان وێ دەدا، ئەو خواردنە بێ بەهایەی کە بە کرێکارەکان دەدراو زۆر جاریش بە سووتاوی لە بنی مەنجەڵەکاندا دەمایەوە. کرێکارەکان ناوی ئیلیکا شێتیان لێ نابوو، دوای ئەوانیش هەموو شارەکە بەو ناوەوە بانگیان دەکرد. بگرە خودی عابد ئاغا بە لایدا تێدەپەڕی و پێیدا هەڵنەدەشاخی، بەڵکو ڕووی وەردەچەرخاندو فەرمانی دەدا شتی وێ بدەن. بەم شێوەیە لەنزیك پردەکەوە،

وەك شێتێكی ئاشتیخواز دەیگوزەراند، بەهۆی ئەویشەوە ئەو ئەفسانە ماوەتەوە كە دەڵێت توركەكان هەردوو منداڵەكەیان لە پردەكەدا شاردووەتەوە. هەندێك كەس بڕوایان بەم ئەفسانەیە هەبوو، هەندێكی دیكەیان بڕوایان پێ نەبوو، كەچی بە هەر هەموویان دەیانگوتەوەو بڵاویان دەكردەوە. كەچی وێرانكارییەكە درێژەی دەكێشا، هەندێك جار كەمتر دەبووەوە، هاوكات پڕوپاگەندەكان كە دەیانگوت جنۆكەكان ڕێ نادەن پردێك بەسەر ڕووباری دریناوە دروست بكرێت، پتر تەشەنەیان دەستاندو دەچەسپان.

بەردەوام عابد ئاغا لە وێزەی خۆی دەردەچوو. لە ڕقاندا دڵی پڕ لە زووخاو دەبوو كە مرۆڤێك لە گێتیدا هەبێت، وێڕای ئەو دڵڕەقییەی پێی ناسرابوو، دڵڕەقییەك كە پێی لەسەر دادەگرت و شانازی پێو دەكرد، هەنگاو بۆ كارێك هەڵێنێت بە پێچەوانەی ئەو كارەوە بێت ئەو دەستی پێ كردووە یان بە نیازە بیكات. هەروەها هەستی بە هیچ نەدەكرد تەنیا بە بێزاری لەم گەلە نەبێت (چ موسوڵمان و چ كریستیان)، ئەم گەلە سست و لە كار ناتواناو، لە ناونیتكە هەڵدان و گاڵتە پێ كردندا خێراو داهێنەرە، كە لە حوكمدانە سەر هەموو ئەوەی نایانزانێت یان تێیان ناگات، زانیارییەكی ئەوتۆی نییەو هیچ نازانێت، وەك چۆن وشەی گاڵتەجاڕی و تێكدان دەزانێت.

عابد ئاغا پاسەوانی لە هەردوو كەناری ڕووبارەكە جێگیركرد. بۆیە تێكدان لە تەپۆڵكە خۆلەكاندا نەماو، لە خودی ناو ئاوەكەدا بەردەوام بوو. لەوێیش نەدەبڕا تەنیا لە مانگەشەوەكاندا نەبێت كە مانگ ڕووناكی دەكردنەوە. ئەمەیش ئەو قسانەی دەسەلماند كە عابد ئاغا دەیكردن،ل ەوەی بڕوای بە جنۆكە نەبوو، كە ئەو جنۆكەیە لەچاو بزر نییەو لە ئاسمانیشەوە نایەت. بۆ ماوەیەكی دووردرێژ نەیدەویست یان نەیدەتوانی بڕوا بەو كەسانە بكات كە ئەمە فێڵێكە لە فێڵەكانی جووتیاران ... بەڵام ئێستە بڕوای بەوە هێناوە كە بە ڕاستی شتەكە هەوە. ئەمەیش زۆری تووڕە كرد كە تا دەهات پەرەی دەستاند. بەڵام هاوكات دەركی بەوە كردبوو كە دەبێت هێور ببێت و تووڕەیی خۆی ڤەشێرێت ئەگەر بیەوێت تێكدەرەكە بناسێت و دەستگیری بكات و، زۆر خێرا ڕەگ و ڕیشەی ئەم ئەفسانانە لەناو بەرێت و ڕیشەكێش بكات، كە خەڵكی لەبارەی جنۆكەو واز لێ هێنانی كاركردن لە پردەكە دەیگێڕنەوە. ڕەنگە ئەم ئەفسانانە مەترسییەكی گەورە دروست بكەن. بۆیە بانگی بەرپرسی جەندرمەكان دەكات، كە كابرایەكی ڕەنگ زەردی لاوازی خەڵكی شاری بلافیا[5] بوو.

ئەم دوو پیاوە هەردووكیان خۆشیان بەیەكدا نەدەهات، هاوكات بەردەوام لێك نزیك دەبوونەوەو كێ بەركێشیان بوو. سۆزێكی ڕق لێ بوونەوەو بوغزو كینەو ترس و گومان لە نێوانیاندا هەڵدەبەستراو دەهاتە هەژاندن. عابد ئاغا كە لە مامەڵەكردن و هەڵس و كەوتی بەرانبەر بە هیچ كەسێك نەرم و جوان نەبوو، ڕقی لەم پیاوە ڕەنگ زەردە دەبووەوە كە بووبووە موسوڵمان، ئەم خوانەناسە بێ مێشكە، ئەو ڕقەیشی نەدەشاردەوە. هەرچی ئەم پیاوە بیگوتایە یان بیكردایە عاباد ئاغای تووڕە دەكردو پاڵی پێوە دەنا جنێوی پێ بدات و شەرمەزاری بكات. هەرچەندە بلافیاكییەكە سەرشۆڕو ملكەچ و نەرمتر ببوایە ئەوە عابد ئاغا ئەوەندەی دیكە ڕقی لێ دەبوەوەو خۆشی پێدا نەدەهات. هەر لە یەكەمین ڕۆژەوە، بەرپرسی جەندرمەكان ترسی عابد ئاغای چووبووە دڵەوەو حەزی لێ نەدەكردو لێی ڕەشبین بوو. تا دەهات ئەو ترسە بووە

مۆتەکەیەکی قورسی بەئازار هیچ ساتێك لێی دوور نەدەکەوتەوە. لە هەر هەنگاوێکدا بیهاویشتایە، لەهەموو جم و جوولێکدا لە خەویشدا بووایە، دەیپرسی: تۆ بڵێیت چ ڕەنگدانەوەیەکی لای عابد ئاغا هەبێت؟

بێ هوودە بەسەر شۆڕی و ملکەچی هەوڵی دەدا قایلی بکات و سۆزی بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. هەرچی کردبایە، عابد ئاغا لێی بێزار دەبوو، سەرکۆنەی دەکرد. ئەم ڕق لێبوونەوەیش کە کەس تێی نەدەگەیشت، پیاوەکەی ئیفلیج و سەرسوڕماو دەکردو بێ دەستەڵاتی و بێ مێشکیی پتر دەکرد. تا وای لێهات بڕوای وابوو، کە بە هۆی عابد ئاغاوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان نەك هەر نان و پلەو پایەی لە دەست دەدات، بەڵکو سەریشی تێدا دەچێت. بۆیە بەردەوام بە شڵەژاوی دەژیا، لە نائومێدییەکی کوشندەوە بۆ حەماسەتێکی لەرزۆکی تێکشکاو، ئەوەتا بە ڕەنگ زەردی و قیت لەبەردەم عابد ئاغادا ڕاوەستاوەو، ئەوەتا عابد ئاغا بە دەنگێکی تووڕەوە پێی دەڵێت: ( ئەی مێشك پووچ، تۆ ئەم گرووپە بەرازانە دەناسیت، زمانیان و فرت و فێڵەکانیان دەزانیت، وێڕای ئەوەیش ناتوانیت ئەو بێفەڕە بدۆزیتەوە کە کارەکانی وەزیر تێك دەدات، چونکە تۆیش وەك ئەو بێفەڕیت، ئەو کەسەیش لە تۆ بێفەڕترە کە تۆی بە بەرپرس و چاودێر دامەزراندووە. کەس ئەو پاداشتەی نەداویتەوە کە شایەنتە. من بەخۆم پاداشتت دەدەمەوە، مادامەکێ کەسی دیکە ئەو کارە ناکات. تێبگە کە من وات لەناو خاکدا دەنێژم بە شێوەیەك سێبەرێکت لە هەاو، بگرە ئەو سێبەرەشت نەمێنێت کە بچکۆڵەترین گیا دروستی دەکات، ئەگەر لە ماوەی سێ ڕۆژدا تێکدان و ئازاردان نەمێنێت، ئەگەر ئەو کەسە لە ماوەی سێ ڕۆژدا دەستگیر نەکەیت کە ئەو تێکدانە ئەنجام دەدات، ئەگەر لە ماوەی سێ ڕۆژدا هەموو ئەو قسەلۆکە بێ بەهایانە کپ نەکەیتەوە کە لەبارەی جنۆکەو ڕاوەستانی کارەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، ئەوە لەبەرزترین شوێنی ئەسکەلەکانەوە لە قازووخت دەدەم، تا هەموو کەسێك بتبینن، ئەگینە بترسن و بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست و دروست. سوێند بە ژیان و بە ئاییینم دەخۆم. مرۆڤیش بە خۆڕایی سوێند بە ژیان و بە ئاییینی خۆی ناخوات. ئەمڕۆ پێنج شەممەیەو تا ڕۆژی یەك شەممە کاتێکی زۆرت لە پێشە، ئێستەیش .. ملت بشکێنەو بڕو بۆ لای ئەو ئیبلیسەی تۆی هێنا... دەی ... ملت بشکێنە).

کابرا بڕوای بە هەڕەشەی عابد ئاغا هەیە، بێ سوێند خواردنیش بێت، چونکە لە ناو خەویشدا بووایە لەرزی لێ دەهات، کە خەیاڵی ئەوەی کردبایە گوێی لە دەنگییەتی و نیگاو ڕوانینەکەی دەبینێت. ئەوەتا دوای دیدارەکەی لەگەڵ عابد ئاغادا هەست بە جۆرێك لەو ترسە بێ سنوورە کوشندەیە دەکات و، دەست بەجێ بە ئارەزووی نائومێدانەوە دەست بەکار دەکات و، هەموو پیاوەکان کۆ دەکاتەوەو دەست بە جنێودان دەکات، دوای ئەوەی لە سستییەکی کوشندەوە دێتە سەر کینەیەکی شێتانەو، بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات، وەك بڵێیت بە زیندوویی لە قازووخ درابێت، بەڕووی هەر یەکەیاندا هەڵدەشاخێت: (تاك چاوینە، تەمبەڵینە.. پاسەوانیەتی وا دەبێت؟ بەم شێوەیە سامانی سوڵتان دەپارێزن؟ کە بۆ نان خواردن بانگ دەکرێن سووك و خێران، کە بۆ کارێك گاز دەکرێن پێ بەستراوو، مێشك ئیفلیجن.. بە هۆی ئێوەوە شەرمەزارم. بەڵام ئیدی کاوێژکردن بەسە ئەی تەمبەڵینە .. باش بزانن کە ئەم ئەسکەلانەتان بۆ دەکەمە سێدارە، دوای دوو ڕۆژی

دیکە کەستان سەری پێوە نامێنێت ئەگەر ئەم کارەساتە ڕانەوەستێت، ئەگەر ئەو دزانە نەگرن و ئەگەر نەیانکوژن،... سوێند بە ئاییەنم و بە قورئان بێت تەنیا دوو ڕۆژتان لە پێشە بە زیندوویی بمێننەوە).
بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەم شێوەیە هاواری دەکرد. دواتر کە وای لێ هات نەیزانی چی دیکە بخاتە سەر ئەو قسەو هەڕەشەیەی کردنی، هیچی بۆ نەمایەوە، ئەوە نەبێت، یەك لە دوای یەکدی، تفی لە ڕووی هەر هەموویان کرد. بەڵام پاش ئەوەی لەم کەفچەڕێنە بووەوەو، لە فشاری ئەو ترسە ڕزگاری بوو، بەرگی تووڕەیی پۆشیبوو، بە ئارەزووی بەرگریکارانە دەستی بەکار کرد. شەو لەگەڵ پیاوەکانیدا چاودێری کەنارەکەیان کرد.
ساتێك لەساتەکان، گوێیان لە زرمەیەك بوو، لە شوێنێکی ئەسکەلەکەی دوور ڕووبارەکەوە هات، خۆیان گەیاندە شوێنەکە. گوێیان لە زرمەی پارچە تەختەدارێك بوو، لەگەڵ کەوتنەخوارەوەی بەردێك کە کەوتە ناو ئاوەکەوە. کە گەیشتنە جێ دەبینن بە ڕاستی ئەسکەلەکان تێکدراون و، دەبینن دیوارەکە ڕووخێنراوە، بەڵام شوێن پێی هیچ تاوانبارێکیان نەبینی، جەندرمەکان، بەرانبەر بەم بۆشاییە کە لەوە دەچێت پڕ لە مۆتەکە بێت، هەستیان بە مووچڕکەیەك کرد، کە بۆ شێی شەوو ئەو ترسە دەگەڕایەوە ئەو کەسە هەستی پێ دەکات بڕوای بە ئەفسانە بێت. هاواریان دەکردو لە تاریکیدا تەماشای یەکدییان دەکردو، مەشخەڵە داکیرساوەکانیان دەجووڵاندەوە. بەڵام هەر هەموو ئەوانە سوودیان نەبوو... چونکە ئەم تێکدانە تازەیە ڕووی دا، تێکدەرانیش نەگیران و نەیشکوژران، وەك بڵێیت بە ڕاستی جنۆکە بن و نەبینرێن.
شەوی دواتر بەرپرسی جەندرمەکان بۆسەکەی باشتر ئامادە کردو، هەندێك پیاوی لە کەنارەکەی دیکە دانا، کە تاریکاییش داهات هەندێك لەسەربازەکانی لەسەرجەم ئەسکەلەکاندا شاردەوە، بێ ئەوەی هیچ کامێکیان ببوێرێت، خۆیشی لەگەڵ دووی دیکەیاندا سواری بەلەمێك بوو بردییە کەناری لای چەپەوە بێ ئەوەی کەس لە تاریکیدا بیانبینێت. لەوێوە دەیتوانی بە دوو سەوڵ لێدان بگاتە ئەم یان ئەو دوو ئەستوونەی دەست بە دروستکردنیان کرابوو، بەو شێوەیە دەیتوانی، وەك هەڵۆ، لە هەردوو لاوە هێرش بباتە سەر ئەوەی کاری وێرانکارییەکەی دەکردو نەهێڵێت هەڵێت، مەگەر کەسێك بێت باڵ بگرێتەوە یان بچێتە ژێر ئاوەوە.
بەرپرسی جەندرمەکان ئەو شەوە درێژە ساردەی بەسەربرد، لەناو بەلەمەکەدا ڕاکشابوو، بەکەڵپۆس خۆی داپۆشیبوو، هزرو بیرکردنەوەی ڕەش و نووتەك ئازاریان دەداو بەردەوام ئەم پرسیارەی بە مێشکدا دەخولایەوە: تۆ بڵێیت عابد ئاغا هەڕەشەکەی خۆی جێبەجێ بکات و کۆتایی بە ژیانی بهێنێت کە هەرچۆنێك بووبێت ئەوەی لەگەڵ ئەم بەرپرسەیدا بەسەری بردووە ژیان نەبووە، بەڵکو تەنیا ترس و ئەشکەنجە بووە؟ لەو کاتەدا هیچ سروەیەك بە درێژایی بینایەکە بەر گوێ نەدەکەوت، تەنیا خوڕەی ئاوەکە نەبێت کە نەدەبینرا، ڕۆتینیانە کشەی دەهات، هەروەها خەریك بوو ڕۆژ دەبووەوەو، بەرپرسی جەندرمەکان هەستی دەکرد کە جەستە گران و سڕبووەکەی ژیانی تاریك و کورتتر دەکاتەوە.
شەوی دواتر، کە سێیەمین و دوایەمین شەو بوو، وەك ئەوەی پێشووی بەڕێوەچوو: هەمان بێداری، هەمان ئامادەیی پیاوەکان. نیوەشەو داهات. بەرپرسی جەندرمەکان هەستی کرد وردەوردە سڕبوونێکی کوشندە لەشی دەتەنێتەوە. لەم کاتەدا دەنگی خشپەیەکی نزم بەرگوێ کەوت کە لە بەربەستی ئەو دار بەرووەی

داکوترابوونە ناو ڕووبارەکەو ئەسکەلەکانی لەسەر توندکراوە.لەوبەریشەوە دەنگێکی بەهێزی فیتفیتە بەرگوێ کەوت و، بەلەمی بەرپرسی جەندرمەکان بزووت. ئەو ئێستە لەناو بەلەمەکەدا ڕاوەستاوە، لەتاریکایی دەڕوانێت و، هەردوو دەستی دەجوولێنێتەوەو، بە دەنگێکی گڕ هاوار دەکات: (سەوڵ لێدەن، تا دەتوانن سەوڵ لێدەن).

پیاوەکانیش سەوڵیان لێدەداو نیوچە بێدار بووبوونەوە، بەڵام تەوژمێکی بەهێز هێرشی بۆ هێنان بەر لەوەی بەخۆ بکەون، خۆیان دیتەوە لەگەڵ ڕەوتی ئاوەکەدا دەچن، لە جیاتی ئەوەی بەرەو لای ئەسکەلەکان سەوڵ لێ بدەن، ئەگەر ئەو شتە ڕاینەگرتبان کە کەس بیری لێ نەدەکردەوە، ئەوە لە تەوژمی ئاوەکە قوتاریان نەدەبوو، ڕەنگە بۆ شوێنێکی دووری ڕاپێچابان.

لەوێ، لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا، بەلەمەکەیان بەر شتێکی قورسی لەدار دروستکراو کەوت و زرمەیەکی گەورەی لێوە هات و، ڕایگرتن، ئەو کات دیتیان جەندرمەکان لەسەرەوەی ئەسکەلەکان پڕیان داوەتە پیاوێك و چنگیان ناوەتە بینەقای و بەیەك دەنگ دەڵێن (ئەو هەموو پیاوانە خەڵکی لای ناوچەکانی لای خۆمانن و هەموویان بوونەتە موسوڵمان و لەتاریکیدا هاوارە پچڕ پچڕەکانیان تێکەڵ بە یەکدی دەبوون کە لێیان تێنەدەگەیشتیت):

ـ بیگرە، وازی لێ مەهێنە.

ـ کاخریمان، وەرە بۆ ئێرە.

ـ ئەوەتا دێم..

لە کاتێکدا ئەو دەنگانە بەرز دەبوونەوە، دەنگی کەوتنە خوارەوەی تەنێکی قورس یان تەنی مرۆڤێك لەناو ئاوەکەدا بەرگوێ کەوت. بەرپرسی جەندرمەکان بۆ ماوەیەکی کورت پەشۆکاو شڵەژا، نەیدەزانی لە کوێ ڕاوەستاوەو چی ڕوو دەدات، ئەو کاتەی دوای ماوەیەك هاتەوە سەرخۆی، دارێکی درێژی دایە بەر ئەو مێخانەی کە لەناو ئاوەکەدا بەریان کەوت، فشاری خستە سەرو، بەلەمەکە بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاوەکە چووە پێشەوە. هەر پاڵی دەدا تا گەیشتە نزیك ئەسکەلەکە. ئێستە لای مێخی دارچنارەکەیە، بە تووڕەییەوە توند هاواری کرد:

ـ مەشخەڵەکە، مەشخەڵەکە داگیرسێنن.. پەتێکم وێ دەن.

سەرەتا کەس بە دەنگییەوە نەچوو. بەڵام دوای چەند هاوارێکی زۆری نێوانیان، کە کەس نەیدەتوانی گوێ لەوەی تەنیشتی بگرێت یان لێی تێبگات، لە سەرەوە مەشخەڵێکی بچووکی لەرزۆکی ترسنۆکانە داگیرسێنرا، ئەم تیشکە ئەو جەندرمانەی پتر شڵەژاندو، پیاوو شتەکانی هەموو خستە نێو گەرداوێکی نوێوە: خۆیان و سێبەرەکانیان و ئەو تیشکە سوورانەی لە ئاوەکەدا دەدرەوشانەوە. بەڵام ئەوەندەی نەبرد مەشخەڵێکی نوێ بە دەستێکی دیکەوە داگیرسێنرا. ئەو کات تیشکەکە سەقامگیر بوو، پیاوەکان هاتنەوە سەرخۆو یەکدییان ناسییەوە. ئیدی ئەو کاتە هەموو شت ڕوون بووەوەو لێی گەیشتن.

لە نێوان بەلەمەکەی بەرپرسی جەندرمەکان و ئەسکەلەکاندا، کەڵەکێکی لەسێ پارچە دروستکراوو، سەوڵێکی ڕاستەقینەی لەو جۆرەی سەوڵی لێدەرانی بەلەم بەکاری دەهینن دەبینرا، لە درێژایی و توانای

کەڵەکەکە کەمتر نەبوو، کەڵەکەکە بە پەتێکی لە توێکڵی دارباوی (بادەم) دروستکراو بەیەك لە مێخەکانی دارچنارەکەی ژێر ئەسکەلەکانەوە بەسترابووەوە، بەو جۆرە لە شوێنەکەی خۆیدا دەمایەوەو بەرەنگاری ئەو تەوژمە خێرایەی ئاوەکە دەبووەوە، کە قوڕاوی دەکردو توند بۆ ژێرەوەی ڕادەکێشا. جەندرمەکان هاریکاری بەرپرسەکەی خۆیان کرد تا لە کەڵەکەکە تێپەڕێت و بۆ لایان بچێتە سەرەوە. هەر هەموویان هەناسە بڕکێیان بوو، زەبرو زەنگی بە ڕوخساریانەوە دیاربوو. لەسەر تەختەدارەکان کابرایەکی کریستیان دەبینرا بە پەت بەسترابووەوە. سنگی توندو خێرا هەڵبەزو دابەزی بوو. هەردوو چاوە زەقەکەی دەرپۆقیبوون و سپیاتییە تۆقیوەکەیان دەرکەوتبوو.

یەکێك لەهەر چوار جەندرمەکە، کە بەتەمەنترینیان بوو، لەکاتێکدا زۆر شڵەژابوو، ڕووداوەکەی بۆ بەرپرسەکە دەگێڕایەوە. گوتی لەچەند شوێنێکی ئەسکەلەکاندا خۆیان شاردبووەوەو چاودێرییان دەکرد، کاتێك لە تاریکاییدا گوێیان لە دەنگی سەوڵ لێدانێك بوو، وایان زانی بەلەمی بەرپرسەکەیە، بەڵام زۆر دانایانە ددانیان بە خۆدا گرت و وایان نواند وەك بڵێیت کەس لەوێ نییە، بگرە چاوەڕوان بوون بزانن چی ڕوو دەدات. ئەو کات دوو جووتیاریان بینی لە مێخەکان نزیك دەبنەوەو بە زەحمەت کەڵەکەکەیان بە یەکێکیانەوە بەستەوە. وازیان لێ هێنان تا پێیدا هەڵژنان، تا هاتنە ناو ئەسکەلەکانەوەو کەوتنە نێویان و بە تەوشە هێرشیان کردنە سەرو کەوتنە وێزەیان و بە پەت بەستنیانەوە. یەکێکیان لەبەر ئەوەی لێدانەکە بەر سەری کەوتبوو بوورایەوە، بە ئاسانی توانرا دەست و پێی ببەسترێتەوە، هەرچی دووەمیانە کە لەسەرەتاوە خۆی وا نیشان دا کە نیوە مردووە، وەك ماسی خۆی لە نێو دەستیان هەڵخلیسکاندو لە ناو تەختەدارەکانەوە خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە.

جەندرمەکە ئەوەی گوت و، لە ترساندا بێ دەنگ بوو، بەرپرسەکە دەستی بە هات و هاوار کرد:

ـ کێ ڕێی دا هەڵبێت؟ پێم بڵێن کێ ڕێی دا هەڵبێت.. هەر هەمووتان هەنجن هەنجن دەکەم.

پیاوەکان بێدەنگ بوون و ورتەیان لێوە نەهات، لە کاتێکدا چاویان لەبەر تیشکە سوورە لەرزۆکەکەدا پرتەی دەهات، بەرپرسەکە بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە، وەك بڵێیت لە تاریکاییەکەدا بە دوای کابرای بزربوودا دەگەڕێت و، بەردەوام جنێوی بۆ دەژماردن و، جنێوی پێ دەدان و بە ڕوویاندا هەڵدەشاخا کە بە درێژایی هیچ ڕووژێك ئەو جۆرە جنێوەی ئاراستە نەکردوون. لێ لەناکاودا ڕاچەڵەکی و، خۆی لە جووتیارە دەست و پێ بەستراوەکە نزیك کردەوە، وەك بڵێیت خۆی بەسەر گەنجینەیەکی بەهاداردا دەدات و، بە دەنگێکی لاواز وەك بڵێیت فیکەیەکە لە نێوان ددانەوە دێتە دەرەوە، بەدەم لەرزینەوە گوتی:

ـ ئاگەداری ئەمە بن، باش ئاگەداری ئەمە بن، ئای لە دەستی ئێوە ئەی دایك چی و چی پێ کراو... سەرتان لێ دەکەمەوە ئەگەر لە دەستتان هەڵێت.

جەندرمەکان هاتن و لە دەوری جووتیارەکە گرد بوونەوەو دووی دیکەیش لە کەنارەکەی دیکەوە بە ناو ئەسکەلەکاندا ڕایانکرد. بەرپرسەکە فەرمانی دا. داوای لە پیاوەکان کرد دەست و پێی جووتیارەکە توندتر ببەستنەوە. بەم شێوەیە بە هێمنی و لەسەرخۆ وەك لاشەیەکی مردوو گەیاندیانە کەناری ڕووبارکە. بەرپرسەکەیش بە دوویاندا چوو نەیدەزانی پێ لە کوێ دانێت و چاوی لە پیاوە دەست و پێ بەستراوەکە

نەدەتررووکاند. هەرکە هەنگاوێکی هاویشتبایە هەستی دەکرد کە گەورەتر دەبێت و تەنیا ئێستە ژیانی بەبەردا کراوە.

چەندین مەشخەڵی دیکە لەسەر کەنارەکە دادەگیرسان و دەجووڵانەوەو دەکوژانەوە، پاشان سەر لەنوێ دادگیرسانەوە. جووتیارە دەستگیرکراوەکەیان بۆ زنجێك لە زنجەکانی کرێکارەکان گواستەوە کە ئاگری تێدا کرابووەوە، بە پەت و زنجیر بە مێخێکیانەوە بەستەوە.

خودی ڕادیسلاڤ ئۆنیشتییە.

بەرپرسەکە نەختێك هێورتر بووەوە، لە هاوارو سوێندخواردن کەوت، لێ نەیدەتوانی لە هیچ شوێنێك تۆتکە بگرێت. جەندرمەی ڕەوانەی خوارەوەی ڕووبارەکە دەکرد تا بە دوای ئەو جووتیارەکەی دیکەدا بگەڕێن کە خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە، ئەگەرچی زۆر ئاشکرابوو کە گەیشتنە وی و دەستگیرکردنی، ئەگەر نەخنکابێت، کاریکە کەس ناتوانێت لەم تاریکە شەوەدا ئەنجامی بدات. هەروەها فەرمانی دیکەی دەداو، دەهاتە ژوورەوەو دەچووە دەرەوەو دەگەڕایەوەو لەبەر هەڵچوون سەرخۆش ببوو. تا دەستی بە لێپرسینەوەی جووتیارە دەست و پێ بەستراوەکە کرد، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو پاشگەز بووەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی دەیکرد بەمەبەستی ئەوە بوو خۆی کۆنترۆڵ بکات و نیگەرانی خۆی ڤەشێرێت، لەبەر ئەوەی تەنیا یەك بیرۆکە لە مێشکیدا دەخولایەوە: چاوەڕوانی عابد ئاغای دەکرد.

چاوەڕوانییەکەی درێژەی نەکێشا.

لەبەر ئەوە عابد ئاغا، پاش ئەوەی سەرخەوێکی شکاند، وەك ڕاهاتبوو لە نیوە شەودا دەست بەجێ لەخەو هەستاو، نەیتوانی جارێکی دیکە بخەوێتەوە، لە نزیك پەنجەرەکەوە ڕاوەستاو تەماشای تاریکایی دەکرد. لە بەرزاییەکەوە لەسەر بیکافاتس، دەتوانێت بە ڕۆژ تەماشای دۆڵی ڕووباری درینا بکات و، هەموو بیناکە ببینێت، هەروەها کوختە بچووك و ئاسیاوو تەویلەکان و هەموو ئەو ڕووپێوە تێکدراوە قەرەباڵغەی دەورو بەری بیناکە ببینێت. ئێستە لە تاریکاییدا بیری بۆ لای هەموو ئەو شتانە دەچێت و دڵی پڕ لە ژان و تاڵییەو، بیر دەکاتەوەو لە دڵی خۆیدا دەڵێت کارەکان سست و دژوارانە بەرێوە دەچن، بێگومان ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەمە بەر گوێی وەزیر دەکەوێت: بەلایەنی کەمەوە تۆسۆن ئەفەندی دەیگێڕێتەوە، ئەو کابرا بێ بەزەیی و، دوو ڕووە، دەم و چاو لووسە. ئەگەر شتێکی لەو جۆرە ڕوو بدات، ئەوە ڕەنگە هیچ نرخ و پایەیەکی لای وەزیر نەمێنێت. تەنیا ئەوەیش بوو خەوی لێ تەراندبوو، وای لێ دەکرد لە کاتی نوستندا ڕابچڵەکێت، ئەگەر بنوستایە. ئەگەر بیری بۆ ئەوە بچووبایە کە وەزیر لێی تووڕە دەبێت نانی پێ نەدەخورا وەك بڵێیت ژەهر بێت، بە بیزاری لە خەڵکی دوور دەکەوتەوەو، ژیانیشی لەبەرچاو دەکەوت. بیری لە نەمانی بایەخ و پلەو پایەی لای وەزیر دەکردەوەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: کەواتە ئەو کات لە وەزیر دوور دەکەویتەوەو ئەو کات دوژمنانت گاڵتەت پێ دەکەن (ئای .... هەموو شتێك تەنیا ئەمە نا)، ئەو کات بێ نرخ دەبیت .... دەبیتە پەڕۆیەکی شڕوهوڕ .... بێزراوو نائومێد دەبێت، نەك هەر لای کەسانی دیکە، بەڵکو بەلای خۆشتەوە .... واتە ئەم سامانەت لەدەست دەچێت، کە بە شەکەتییەکی زۆر بەدەستت هێناوە، یان ئەگەر سامانەکەت مایەوە ئەوە دەبێت بە نهێنی، دوور لە ئەستەنبووڵ، لە شوێنێکی تاراوگە، لە

هەرێمێك، لە هەرێمەكان، دوور وڵات و، لەبیركراوو نائومێدانە خەرجی بكەیت ... نا، نا ... هەموو شتێك تەنیا ئەمە نا .... لەوە باشتر ئەوەیە لەمڕۆ بە دواوە چاوم هەتاو نەبینێت و، لە ئێستە بە دواوە شنەبای بەیان هەڵنەمژم ... سەد جار لەوە باشترە بە مرۆڤی نەمێنمەوەو هەرگیز هیچ شتێكم نەبێت ...

بەردەوام ئەم هزرانەی بە بیردا دەهات و ، خوێن دەزاییە سەری و ڕۆژانە چەند جارێك زرنگەی لەم لاو لەو لای تەوێڵی هەڵدەستاند، هیچ كاتێكیش بە تەواوەتی لە دڵی دەرنەدەچوو، بەڵكوو وەك قورساییەكی ڕەش دڵی دادەگرت. ئەوە واتای لەدەستدانی گرنگی و پایەدارییەو ڕەنگە ئەم لەدەستدانی پایەدارییەیش هەموو ڕۆژ یان هەموو ساتێك ڕوو بدات .. چونكە هەموو ڕووداوەكان بەو ئاراستەدا دەڕۆن بەو ڕۆژە بگات... لێ تەنیا بە خۆی خەبات دەكات و تێدەكۆشێت ئەوە ڕوو نەدات و خۆی لێ بپارێزێت: بە تەنیا خۆی ماوەی پازدە ساڵە كێبەركێ لەگەڵ گشت خەڵك و هەموو شتێكدا دەكات، لەو كاتەوە توانیویەتی پلەو پایەو كاریگەری هەبێت، لەو كاتەوە وەزیر كاری گەورە گەورەی پێ ڕادەسپێرێت. كێ بەرگەی ئەم هەموو نیگەرانی و هەموو ترسە دەگرێت؟ كێ دەتوانێت بنوێت و لەم جۆرە بارودۆخانەدا هێوری خۆی لەدەست نەدات؟

عابد ئاغا پەنجەرەكەی كردەوەو تەماشای تاریكی كرد، ئەگەرچی شەوەكە شەوێكی ساردو شێداری پاییز بوو، لەبەر ئەوەی لەم ڕووپێوە داخراوە تەنگەبەرەدا هەستی دەكرد خەریكە دەخنكێت. ئەو كات بڵێسەی ڕووناكی بینی، بە درێژایی كەناری ڕووبارەكە بەسەر ئەسكەلەكانەوە دەبریسكایەوە. كاتێك بینی مەشخەڵەكان پتر دەبوون و تا دەهات ژمارەیان زیادی دەكرد، پێشبینی ئەوەی كرد كە شتێكی نائاسایی ڕووی داوە: جلەكانی پۆشی و، بەردەستەكەی هەڵستاندو، گەیشتە تەویلە ڕووناك كراوەكە، لەو كاتەی كە فەرماندەی جەندرمەكان وای لێ هاتبوو نەیدەزانی چۆن جنێو بدات و، فەرمان بۆ كێ دەربكات، نەیدەزانی چی بكات تا كات بە فیڕۆ نەچێت.

كاتێك عابد ئاغا گەیشت، ئەم گەیشتنەی كە پێشبینی نەدەكرا، ئەوە بە تەواوەتی شڵەژاندی. بە سنگ فرەوانییەوە هیوای ئەم ساتەی دەخواست، كاتێكیش شتەكە بەدی هات، نەیزانی بەو شێوەیەی بیری لێ دەكردەوە سوودی لێوەربگرێت، بەڵكو بە تەواوەتی شڵەژابوو، زاری وێكدا دەچوو، تەتەڵەی دەكرد، جووتیارە بە زنجیر بەستراوەكەی لە بیركردبوو، عاباد ئاغا بە چاوێكی سووكەوە لە تەوقی سەریەوە، تەماشای كرد، پاشان بەرەو لای گیراوەكە ڕۆیشت.

ئاگر لە تەویلەكەدا كرایەوە، ئەوەندەی دیكە ڕووناك بووەوە تا ڕادەیەك دوورترین گۆشەی ژوورەكە ڕووناك ببووەوە، جەندرمەكانیش تا دەهات ئاگرەكەیان خۆشتر دەكردو داریان تێ دەهاویشت.

عابد ئاغا بەرانبەر بە جووتیارە دەست و پێ بەستراوەكە ڕاوەستا. لەم درێژتر بوو. بە هێوری ڕاوەستاو بیری دەكردەوە، هەموو پیاوەكان چاوەڕوانی ئەویان دەكرد بپەیڤێت، لێ ئەو تێ دەفكری: ئەمە ئەو پیاوەیە كە دەبێت زۆرانبازیو ململانێی دەگەڵ بكەم و خۆم بكەمە هاوشانی وی؟ ئەمە ئەو پیاوەیە كە پلەو پایەو چارەنووسم لەسەر وی ڕاوەستاوە؟ ئایە ژیانی من لەسەر ئەو دوو پیاوە ڕاوەستابوو: بەرپرسی گێل و گەوجی بێ نرخی جەندرمەكان و، ئەم ئەسپێ پیس و كەللە ڕەق و داخراوە؟

لەناکاودا عابد ئاغا ڕاچڵەکی و دەستی بە فەرمان دەرکردن کردو لە جووتیارەکەی دەپرسی!
تەویلەکە پڕ لە جەندرمە بوو. لە دەرەوەیش دەنگی چاودێرو کرێکارەکان بەرگوێ دەکەوت کە لەخەو هەڵستابوون. عابد ئاغا پرسیارەکانی بەهۆی وەرگێڕێکەوە ئاراستەی گیراوەکە دەکرد کە بەرپرسی جەندرمەکان بوو.
سەرەتا ڕادیسلاڤ گوتی بڕیاری دابوو لەگەڵ لاوێکی برادەریدا هەڵێت، بۆ ئەو مەبەستەیش چووبوونە ناو ئاوەکەوە پاش ئەوەی کەڵەکێکی بچووکیان دروست کرد. کاتێك بۆیان ڕوون بووەوە کە کەس بڕوا بەم قسەیەی ناکات، چونکە مرۆڤ لەم جۆرە شەوە تاریك و نووتەکەدا ناچێتە ناو ڕووبارێکی بەشەپۆل و پڕ لە تاوێرو لمەوە ـ هەروەها ئەوانەی دەیانەوێت هەڵێن بەسەر دەرابەکان ناکەون و کارەکان تێك نادەن ـ بی دەنگ بوو هیچی دیکەی لەزار نەهاتە دەر، تەنیا ئەوە نەبێت بە لووت بەرزییەکەوە گوتی :
- هەموو شتێك بە دەستی خۆتانەوەیە ... هەرچی دەکەن ، بیکەن.
عابد ئاغا توند بەرسڤی دایەوە:
- بەڵێ، ئێستە دەبینیت چیمان دەوێت.
جەندرمەکان زنجیرەکانیان لێ کردەوەو سنگیان ڕووت کردەوە، زنجیرەکانیان خستە نێو گڕی ئاگرەکەوە، بە هۆی هێزی دووکەڵەوە زنجیرەکان ڕەش ببوون، بۆیە دەستی هەموویان پیس بوو، هەروەها هەموو شوێنێکی جەستەی جووتیارەکەیان ڕەش کرد کە نیوچە ڕووت بوو، هەرکە زنجیرەکان سوور هەڵگەڕان یان خەریك بوو سوور هەڵگەڕێن، (مەرجان)ی قەرەج لە سەرێکیانەوە بە پشکۆهەڵگرێکی گەورە هەڵی گرتن، هاوکات جەندرمەیەك بە هەمان شێوە لەو سەرەوە هەڵیگرتن.
بەرپرسی جەندرمەکان وتەکانی عاباد ئاغای وەرگێڕا.
- دەی ئێستە ڕاستییەکەمان پێ بڵێ.
- چیتان پێ بڵێم؟ ئێوە دەتوانن هەموو شتێك بکەن و هەموو شتێك دەزانن.
هەردوو پیاوەکە زنجیرەکانیان نزیك کردەوەو نایانە سەر سینگە پان و تووکنەکەی، دەمی جووتیارەکە وێك چووەوەو، دەمارەکانی ملی ئەستوور بوون و، پەراسووەکانی لەهەر دوو لاوە دەرکەوتن و، دەمارەکانی سکی توندتر دەبوون و گرژ دەبوونەوە، وەك چۆن لە کاتی ڕشانەوەدا وایان لێ دێت. لە ئازاردا دەینرکاندو، توند ئەو پەتانەی دەگوشی کە پێیان بەسترابووەوە، هەر تێکدەچوو، دەکۆشا سنگی لە ئاسنە گەرمەکان دوور بخاتەوە، چاوەکانی پرتە پرتیان بوو، فرمێسك بەسەر هەردوو گۆنایدا چۆڕاوگەی بەستبوو.
زنجیرەکان دوور خرانەوە.
ـ ئەمە تەنیا سەرەتایەکە، باشتر نەبوو بێ ئەوەی وات لێ بکەین قسە بکەیت؟
جووتیارەکە هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا، بەڵام هەر بێ دەنگ بوو.
ـ پێمان بڵێ کێت لەگەڵ بوو؟!
ـ ناوی (جان)ە، بەڵام نازانمماڵیان لە کوێیەو لە کام گوندە!

جارێکی دیکە زنجیرەکان نزیك کرانەوەو، تووك و پێستە سووتاوەکان گرژ بوون و، دووکەڵ چووە لووتی پیاوەکەوەو پژمی، پاشان پچڕ پچڕ دەستی بە قسە کرد، لە کاتێکدا کە جەستەی لە ئەژمەتی ئەشکەنجەدا وێك چووبووەوە. هەموو ئەوەی لێی تێگەیشتن ئەوە بوو کە هەردووکیان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن چەند شوێنێکی پردەکە تێك بدەن. وایان دەزانی دەبێت ئەوە بکەن کە کردیان، کەسیش هیچی لەو بارەوە نەزانیوە، کەسیش بەشداری تێدا نەکردووە، سەرەتا لە کەنارەکەوە دەهاتن و، گەیشتبوونە چەند شوێنێکی جیا جیاو، تێکیان دابوون، تا ئەو کاتەی بینییان بە درێژایی کەنارکە پاسەوان لەسەر دەرابەکان هەن، وایان بە بیردا هات سێ تەختەدار پێکەوە ببەستن و، کەڵەکێکی لێ دروست بکەن و بە هۆیەوە بە ڕووبارەکەدا خۆیان بگەیەننە بینایەکە بێ ئەوەی کەس بیانبینێت و، سێ ڕۆژ ئەم کارە ئەنجام بدەن، لە یەکەمین شەودا خەریك بوو دەستگیر بکرێن، بەڵام توانییان دەرباز بن، بۆیە شەوی دواتر دەرنەچوون، پاشان ئەم شەو سواری کەڵەکەکە بوون و ئەو ڕووداوی لێ کەوتەوە.

ـ ئەمە هەموو شتێك بوو. ڕووداوەکە بەم جۆرە بوو، کارەکەمان وا ئەنجام دا، ئێستە چیتان لە دەست دێت بیکەن.

ـ نا . ئەمە ئەوە نییە کە دەمانەوێت بیزانین. پێمان بڵێ کێ هانی دایت ئەم کارە بکەیت .. ئەو ئەشکەنجەیەی تا هەنووکە بەرانبەرت بەکارمان هێناوە هیچ نییە، ئەگەر بەوەی بەراورد بکەین دواتر بەکاری دەهێنین.

ـ چیتان دەوێت ئەنجامی بدەن.

ئەو کات مەرجانی ئاسنگەر بە پەنگرهەڵگرەکانییەوە نزیك بووەوەو، لە تەنیشت پیاوە دەست و پێ بەستراوەکەوە نووشتایەوە، دانە دانە نینۆکەکانی پێی دەرهانین کە پەتی بوون. جووتیارەکە هەر نقەی لێوە نەهات، بەڵکو ددانی بەخۆدا دەگرت. بەڵام لەرزێکی سەیر تەنی داگرتبوو تا دەگاتە سمتی ـ بەو دەست و پێ بەستراویشەوە ـ ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە ڕەنگە ژانەکە زۆر ئازاربەخش بێت. ساتێك لە ساتەکان ورتەیەك لەژێر ددانەکانی جووتیارەکەوە بەر گوێ کەوت. بەرپرسی جەندرمەکان چاودێری و تەماشای وشەو جم و جووڵەکانی دەکردو چاوەڕوان بوو گوێی لەهەر ددان پێدانانێکی بێت، بە دەستی ئاماژەی بە قەرەجەکە کرد ڕاوەستێت، هەستا لە جووتیارەکەی پرسی:

ـ بەڵێ؟ چی دەڵێیت؟

ـ هیچ ... بۆچی ئەم ئەشکەنجەیەم دەدەن، بێ هوودە کاتی خۆتان بە فیڕۆ دەدەن؟

ـ بڵێ کێ هانی دایت ئەم کارە بکەیت؟

ـ کێ هانی دام؟ ئیبلیس ....

ـ ئیبلیس ؟

ـ ئیبلیس. بەڵێ ئیبلیس ... خودی ئەو ئیبلیسەی هانی ئێوەی دا بێنە ئێرەو ئەم پردە دروست بکەن. جووتیارەکە هێدی هێدی و لەسەرخۆ دەپەیڤی، لێ بە ڕاشکاوی و ڕوون.

ئیبلیس ... وشەیەکی سەیرە بەم جۆرە تاڵییەو لەم بارودۆخە سەیرەدا دەگوترێت.. ئیبلیس .. بەرپرسی جەندرمەکان لەگەڵ خۆیدا گوتی: بێگومان لێرە ئیبلیسێك هەیە..

بەڵام قیت ڕاوەستابوو، سەری نزم کردبووەوە، وەك بڵێیت شتەکە پێچەوانە بووبێتەوەو گیراوەکە بووبێتە پرسیار لێکەرو ئەو بووبێتە پرسیار لێکراو . ئەم وشەیە بەر ژێیەکی هەستیاری ناخی کەوت و، لەناکاودا، هەرچی جۆرە نیگەرانی و ترسێکی گەورەی نێو دڵی بوو، هەر هەمووی ورووژاند وەك بڵێیت دەستگیرکردنی تاوانبارەکە قوتاری نەکردبێت .. بەڵێ .. ڕەنگە هەموو ئەمە، عابد ئاغاو دروستکەری پردەکەو، جووتیارە شیتەکە، ڕەنگە هەموو ئەوانە ئیبلیس دروستی کردبن .. ئیبلیس .. ئیبلیس ئەو بوونەوەرە تاکەی کە پێویستە هەموومان لێی بترسین .. بەرپرسی جەندرمەکان مووچرکەیەکی بە لەشدا هات و کەمێك بەرەو پشت کشایەوە، لە هەمان کاتدا دەنگی توندو تیژو تووڕەی عابد ئاغا هەڵیستاند، بۆیە ڕاپەڕی، عابد ئاغا نەڕاندی و ، بە قامچییە کورتە لە پێست دروستکراوەکەی لە لاڕانی جزمەی قاچی ڕاستی داو گوتی:

ـ هێی؟ ئەوە چییە؟ هەی خوێڕی نوستوویت؟

قەرەجەکە هەر لەسەر چۆك بوو پەنگرهەڵگرەکانی بەدەستەوە بوو، بەڕوانینێکی سەرشۆڕانەو ترسەوە بەهەردوو چاوە ڕەشە تیژەکەی دەیڕوانییە باڵای بەرزی عابد ئاغا، جەندرمەکان ئاگرەکەیان خۆش کرد، کە بڵێسەی بەرز دەبووەوە بەر لەوەی گەش ببێتەوە، بۆیە هەموو شوێنەکە ڕووناك بووەوەو، گەرمی تێدا بڵاو بووەوەو، دیمەنەکەی مرۆڤی دەتۆقاند. ئەم شوێنەی کە شەوی بەسەردا هات شوێنێکی شەپرێوی وێرانە بووە، لەناکاودا ئێستە گەورە بووەو فرەوان دەبێتەوەو دەگۆڕێت. شڵەژانێکی تۆقێنەرو کپییەکی لەڕادەبەدەر باڵیان بەسەر تەویلەکەو دەوروبەریدا کێشاوە، وەك چۆن لە هەموو شوێنێك ڕوو دەدات کە ڕاستیی تێدا بەدەست دەهێنرێتەوە، یان مرۆڤێکی زیندوو تێدا ئەشکەنجە دەدرێت، یان دادوەری تێدا دێتە پاراستن. عابد ئاغاو بەرپرسی جەندرمەکان و گیراوەکە دەجووڵێنەوەو وەك ئەکتەر دەپەیڤن، ئەوانی دیکەیش بەسەر پەنجەکانیان ڕێ دەکەن و چاویان لە عاردە، هیچ ناڵێن مەگەر شتێك پێویست بێت بیڵێن، ئەویش بە دەنگێکی نزم. هەر یەکەیان ئاواتەخواز بوو لە شوێنێکی دیکەی جگە ئەم شوێنە بووایەو، ئاگەی لە هەموو ئەم بابەتە نەبووایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوە نەکەردەنییە، با دەنگیان نزم بکەنەوەو تا دەتوانن جم و جووڵی خۆیان کەمتر بکەنەوە، بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە بتوانن خۆیان کەمێك لەم کێشەیە دوور بخەنەوە.

کاتێك عابد ئاغا زانی لێکۆڵینەوەکە بە سستی بەرێوە دەچێت و مژدەی گەیشتنە ئاکامی لێ بەدی ناکرێت، ئیدی ئوقرەی لێ بڕاو لە تەویلەکە چووە دەرەوەو کۆمەڵێك جنێوی داو، بەرپرسەکەیش بە دوویدا چووە دەرەوەو، جەندرمەکانیش دوویان کەوتن.

خەریك بوو ڕۆژ دەبووەوە. هێشتا خۆر نەکەوتبوو، بەڵام ئاسۆ ڕووناك ببووەوە. لە نێوان تەپۆڵکەکاندا مرۆڤ چەند گەواڵە هەورێکی بە ئاسمانەوە دەبینی، بەنەوشەیی تاریك دەچوونەوە. لەنێوان گەواڵە هەورەکانەوە ئاسمانێکی ساماڵی بێ گەردی بەدی کرد سەوز دەچووەوە. بە ڕووی عاردە شێدارەکەشەوە تەم و مژی نزم دەبینرا، چڵ و پۆپی درەختە بەردارو گەڵا زەردە پەرت بووەکانیان سەریان لێ هێنابوونە دەرەوە. عابد ئاغا لە کاتێکدا کە هێشتە بە قامچییە بچووکەکەی بە لا ڕانی جزمەکەیدا دەکێشا هەر فەرمانی دەدا.

پێویسته لەگەڵ تاوانبارەکەدا درێژە بە لێکۆڵینەوە بدرێت، بەتایبەتی لەڕووی پێوەندی بە هاوکارەکانییەوە. لێ پێویسته ئەشکەنجەدانەکەی سنوور نەبەزێنێت، چونکە ڕەنگە بمرێت و، پێویسته هەموو شتێك ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی بە زیندوویی لە نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا لە قازووخ بدرێت، لە قازووخ دانەکەیش لە بەرزترین شوێنی ئەسکەلەکانەوە بێت، تا هەموو شارەکە ببیبینن. تا هەموو کرێکارەکان لە هەردوو کەناری ڕووبارەکەوە ببیبینن. پێویسته مەرجان هەموو شتێك ئامادە بکات و، جاڕدەر بچێت لە هەموو گەڕەکەکانی شاردا جاڕ بدات، کە خەڵك دەتوانن نیوەڕۆ لەسەر پردەکەوە ئاکامی ئەو کەسانە ببینن کە بیناکە دەڕووخێنن و، پێویسته هەموو پیاوان، تورك و نەسرانی، بە منداڵ و پیرەمێردەوە لەوێ ئامادە بن.

ئەو ڕۆژەی کە دەبووەوە ڕۆژی یەك شەممە بوو، ڕۆژی یەك شەممەیش کرێکارەکان ئیشیان دەکرد وەك چۆن هەموو ڕۆژانی دیکەی هەفتە ئیشیان دەکرد، بەڵام خودی چاودێرەکان لەو ڕۆژەدا سەریان سوڕمابوو. کاتێك بەتەواوەتی ڕۆژ بووەوە، ئەوەندەی نەبرد هەواڵی دەستگیرکردنی تاوانبارەکە بڵاو بووەوە، کە ئەشکەنجە دراوەو نیوەڕۆیش لە سێدارە دەدرێت. بۆیە ئەو بارە دەروونییەی باڵی بەسەر تەویلەکەدا کێشابوو، کە بارێکی خۆگیری و ئامادەکاریانە بوو، لە هەموو شوێنێکی فرەوانی دەوروبەری بیناکەدا بڵاو بووەوە. ئێستە کرێکارە بێگارەکان بێ دەنگ کار دەکەن، خۆیان لەوە دوورەپەرێز دەگرن لێك بڕوانن، هەر یەکەیان دەڕوانێتە ئەو کارەی لە بەردەمیدایە، وەك بڵێیت ئەمڕۆ سەرەتاو کۆتایی گێتی بێت.

هەرکە بوو بە کاتژمێر یازدەی بەیانی دانیشتووانی شار، کە زۆربەیان تورك بوون، لە بەرزاییەکەی نزیك پردەکە گرد بوونەوەو، منداڵەکانیان چوونە سەر تاوێرە گەورەکان کە بۆ ئەوە ئامادەکرابوون بتاشرێن.

کرێکارەکانیش لە دەوری تەختەدارە باریك و درێژەکان پەرت ببوونەوەو پەپکە نانیان بەسەردا دەبەشرایەوە بۆ ئەوەی تێریان بکات. بەترس و لەرزەوە بێ دەنگ تەماشای دەروبەری خۆیان دەکردو خواردنەکەیان دەجوو. پاش کەمێك عابد ئاغا هات کە تۆسۆن ئەفەندی و، وەستا ئەنتۆن و، ژمارەیەك کەسایەتی تورك پاسەوانییان دەکردو، هەموویان لە شوێنێکی وشکایی نێوان پردەکەو تەویلەکە ڕاوەستان کە گیراوەکەی لێ بوو، ئەوەی سزا درابوو لە سێدارە بدرێت. عابد ئاغا جارێکی دیکە چووە ناو تەویلەکەوە. پێیان ڕاگەیاند کە هەموو شتێك ئامادەکراوە: قازووخێك لە دارچنار ئامادەکراوە، نزیکەی چوار ئەرشین(6) درێژە، تا بڵێیت تیژە، نووکەکەی ئاسنی تێ ئاخنراوە، باریك و درێژ بە پیو چەور کراوەو، چەندین مێخ و ئەستوون لەسەر ئەسکەلەکان داکوتراون، کە قازووخەکەیان پێوە توند دەکرێت و دەچەرێنرێت، چەکوشێکی دارینیش دانراوە بۆ ئەوەی قازووخەکەی پێ دابکوترێت، لەگەڵ هەندێك گوریس و هەموو ئەو شتانەی بۆ ئەو کارە پێویستن.

بەرپرسی جەندرمەکان شڵەژابوو، ڕەنگی خاکی لێ نیشتبوو، چاوەکانی سوور بووبوونەوە، تا هەنووکەیش چاوی بەو ڕوانینە بڵێسەدارانەدا نەدەهات کە عابد ئاغا تەماشای دەکردن و تێی دەڕوانین.

ـ باش گوێت لێ بێت.. ئەگەر هەموو شتێك وەك پێویستە جێبەجێ نەکرێت، ئەگەر بمکەیتە گاڵتەجاڕی خەڵکی، ئیدی لەمەودوا نەتبینم، نە تۆو نە قەرەجەکە، ئەم پشقلە بزنە ... چوون سەگی کوێر لە ڕووباری دریندا دەتاخنکێنم.

عابد ئاغا ئەوەی گوت، پاشان بەلای قەرجەکەدا ئاوڕی دایەوە کە دەلەرزی و، بە دەنگێکی نەرم پێی گوت:

ـ بگره ئەمە شەش دینار، ئەگەر تا ئێوارە بە زیندوویی مایەوە شەش دیناری دیکەت پێ دەبەخشم، ئاگەدار بە.

لە منارەی مزگەوتە سەرەکییەکەی ناوەندی شارەوە دەنگی خۆجە بەرز دەبووەوەو، نیگەرانی لە ڕیزی حەشاماتەکەدا بڵاو بووەوەو ئەوەندەی نەبرد دەرگەی تەویلەکە کرایەوەو، دە جەندرمە ڕیزیان بەست، هەر ڕیزەی پێنج کەس، ڕادیسلاڤ، بەپێ خواس و سەری ڕووتەوە، لە نێوانیاندا دەچووە پێشەوەو وەك جاران چەمابووەوە، بەڵام لاقی لێك دوور نەدەخستنەوە، وەك چۆن ئارد ببێژێت وا دەهاتە پێش چاو. بە هەنگاوی کورت کورت، ڕێکردنێکی سەیر ڕێی دەکرد، وەك بڵێیت بە هەردوو قاچە بریندارەکەیەوە باز بدات، لە کاتێکدا کە خوێن لە شوێنی نینۆکە هەڵکەنراوەکانی پەنجەی هەردوو پێیەوە فیشقەی دەهات و، قازووخێکی درێژی سپی و تیژ بە سەر شانییەوە بوو. مەرجان و دوو قەرەجی دیکەی لە دوو بوون، لەوانەی لە کاتی تاوانبار لە قازووخداندا یارمەتی مەرجانیان دەدا. لەناکاودا بەرپرسەکە پەیدا بوو (کەس نەیزانی لە کوێوە هەڵتۆبزی)، سواری ئەسپە سوورە مەیلەو قاوەییەکەی ببوو، کەوتە پێش ئەو کەژاوەیە کە دەبوو سەد هەنگاو ببڕێت تا دەگاتە یەکەمین ئەسکەلە.

خەڵکەکە سەریان بردبووە پێشەوەو لەسەر پەنجەی پێیان ڕاوەستابوون تا پیاوەکە ببینن کە پیلانەکەی داڕشتووەو بەرگری ڕێکخستووەو بیناکەی وێران و تێکداوە. زۆریان بەلاوە سەیر بوو کە دیمەنی پەرپووت و شرۆڵی ئەم پیاوەیان بینی، کە مەزەندەیان دەکرد بە شێوەیەکی دیکە بێت. کەسیان نەیاندەزانی بۆچی بەم جۆرە لۆقە لۆق و، بۆچی بەم شێوە پچڕ پچڕ ڕێ دەکات. کەسیان ئەو جێ سووتانەیان نەدەبینی کە بەهۆی زنجیرەکانەوە جەستەیان تەنیبووەوەو، وەك هێڵی گەورە گەورە سینگیان کون کون کردبوو، ئێستەیش بە کراس و فەرووەکەی داپۆشراوە. بۆیە پەرپووتترو بێ نرختریان دەهاتە بەرچاو لەوەی بتوانێت ئەو پاڵەوانیەتییە ئەنجام بدات، کە ئێستە بەرەو مەرگی ڕادەپێچێت. تەنیا قازووخە سپییەکە جوانییەکی ڕەشبینانەی بە دیمەنەکە دەبەخشی و، سەرنجی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا.

کاتێك گەیشتنە ئەو شوێنەی خۆڵی تێدا کۆدەکرایەوە، بەرپرسەکە لە ئەسپەکە دابەزی و بە جووڵەیەکی فیز زلانەی شانۆگەرییانە ڕەشمەکەی دایە دەستی بەردەستەکەیەوەو، لەناو ئەوانی دیکەدا بزر بوو، لەو ڕێگە قوڕینەی هەورازەکە کە لێوەی بەرەو ئاوەکە شۆڕ دەبوونەوە. پاش ماوەیەك، خەڵکەکە دەیانتوانی جارێکی دیکە بەهەمان شێوە بەسەر ئەسکەلەکانەوە بیانبینن، کە لەسەرخۆو هێورانە سەردەکەوتن. لەو ڕاڕەوە تەسکانەیشدا کە لە مێخ و تەختەدار دروست کرابوون، جەندرمەکان بە تەواوەتی چوار دەوری (ڕادیسلاڤ)یان دابوو، تەواو تەنگیان پێ هەڵچنیبوو، بۆ ئەوەی خۆی هەڵنەداتە ناو ڕووبارەکەوە. بەم شێوەیە لەسەرخۆ بەرەو پێشەوە دەچوون و، هەر سەردەکەوتن تا گەیشتنە لووتکە. لەوێ لەسەر ئاوەکە بۆشاییەکی لە تەختەدار دروستکراو بە قەوارەی ژوورێکی مامناوەندی هەبوو، لەم شوێنەدا، لەسەر شانۆیەکی بەرز، ڕادیسلاڤ و، بەرپرسەکەو، هەرسێ قەرەجەکە ڕاوەستابوون، کەچی جەندرمەکانی دیکە بە پەرت و بڵاوی لە سەر ئەسکەلەکان لە دەوریان ڕاوەستابوون.

خەڵك لەسەر تەپۆڵكەكە دەجووڵان و شوێنی خۆیان دەگۆڕی. تەنیا سەد پێ لە تەختەدارەكانەوە دووربوون. كەواتە دەیانتوانی هەموو كەسێك و هەموو جووڵەیەك ببینن، بەڵام نەیاندەتوانی قسەكان ببیستن و وردەكارییەكان لێك جودا بكەنەوە. خەڵكەكەو كرێكارەكان لە كەناری چەپەوە سێ چەندان لە شانۆكەوە دوور بوون، هەر كاتێك بیانویستایە دەیانتوانی بجووڵێنەوەو، زۆر تێدەكۆشان بۆ ئەوەی گوێ شل بكەن و پتر تەماشا بكەن. كەچی گوێیان لە هیچ نەدەبوو، بگرە ئەوەی دەیانبینی سەرەتا وا پێدەچوو بێفەڕ بێت و هیچ چێژێكی تێدا نەبێت، كەچی لە ئاكامدا دیمەنەكە زۆر ناشیرین بوو تا ڕادەیەك هەر هەموویان ڕوویان وەرچەرخاندو، زۆریان بەرەو ماڵ گەڕانەوە لەوە پەشیمان بوون كە ئامادە ببوون.

كاتێك ڕادیسلاڤ فەرمانی پێ كرا ڕاكشێت، سەرەتا دوودڵ بوو، بەڵام ئەوەندەی نەبرد لە بەرپرسەكە نزیك بووەوە بێ ئەوەی تەماشای قەرەجەكەو بێ ئەوەی تەماشای جەندرمەكان بكات، وەك بڵێیت هەر نەبن، لە بەرپرسەكە نزیك بووەوە بە شێوەیەك وەك بڵێیت یەكێك لە ناسیاوەكانی بێت و، بە دەنگێكی نزم و كپ پێی گوت:

ـ گوێ بگرە، بە ژیان و بەو دنیات سوێندت دەدەم ئەم چاكەیەم لەگەڵ بكە: وام كون بكە بە جۆرێك وەك سەگ لە ئازاردا نەتلێمەوە.

بەرپرسەكە ڕاچڵەكی و بە ڕوویدا هەڵشاخی وەك بیەوێت ئەم وتووێژە بێ هوودە بەچرپەیە لەخۆی دوور بخاتەوە:

ـ وێڵ بە ئەی نەسرانی.. تۆ، ئەی ئەو بەجەرگەی بینای سوڵتان دەڕووخێنێت، هاتوویت چوون ئافرەت دەپاڕێیتەوە. هەموو شتێك وەك چۆن فەرمانیان پێ كراوەو وەك چۆن شایەنی تۆیە، جێبەجێ دەكرێت..

ڕادیسلاڤ پتر سەری دانەواند، لە كاتێكدا هەردوو قەرەجەكە لێی نزیك بوونەوەو دەستیان بە لەبەر داكەندنی فەرووەو كراسەكەی كردو، زامەكانی سینگی دەركەوتن كە زنجیرەكان دروستی كردبوون، سوورهەڵگەڕابوون و ئەستوور ببوون. جووتیارەكە هیچی دیكەی نەخستە سەر ئەوەی گوتی، بەڵكو ڕاكشا وەك فەرمانی پێدرا، ڕووی لە عەرد بوو. هەردوو قەرەجەكە نزیك بوونەوەو سەرەتا هەردوو دەستیان لە پشتەوە بەست، پاشان هەر یەكە لە قاچیان بە گوریس بەستەوەو هەر یەكەیان گوریسەكەی بۆ لای خۆی ڕاكێشا، بۆیە هەردوو قاچی زۆر لە یەكدی دوور كەوتنەوە، لە كاتێكدا كە مەرجان قازووخەكەی لەسەر دوو پارچە تەختەداری كورت دادەنا بەجۆرێك سەری قازووخەكە لەنێوان هەردوو قاچی جووتیارەكەدا بێت. پاشان مەرجان كورتە چەقۆیەكی پانی لە باخەڵی دەرهێناو، لە نزیكی پیاوە ڕاكشاوەكەوە كڕنووشی بردو، بەسەریدا نوشتایەوە تا قوماشی شەرواڵەكەی لەنێوان لنگیدا بدڕێت و ئەو كونە گەورەتر بكاتەوە كە قازووخەكەی لێ دەچێتە ناو لەشیەوە. خۆشبەختانە بینەران ئەم بەشە ترسێنەرەی كاری جەلادەكەیان نەبینی. بەڵام پیاوە بەستراوەكەیان بینی بە هۆی لێدانە كورت و خێراكەوە دەلەرزی و، هەندێك بەرز دەبووەوە وەك ئەوەی بڵێیت كە دەیەوێت هەڵسێتە سەرپێ، بەڵام ئەوەندەی نەبرد لەناكاودا كەوت و ، بەربووەوە سەر تەختەدارەكان. تا كاتێك قەرەجەكە لەم كارەی بووەوە، هەستایە سەر پێ و، چەكوشە دارینەكەی هەڵگرتەوەو، لەسەرخۆ هێدی هێدی لەسەرە دوورە خڕەكەی قازووخەكەی دەدا. لە نێوان هەر

لێدان و لێدانێکی دیکەدا ڕادەوستاو سەرەتا تەماشای ئەو لەشەی دەکرد کە قازووخەکەی تێدەبڕی، دواتر تەماشای هەردوو قەرەجەکەی دەکردو، هانی دەدان توندو لەسەرخۆ گوریسەکان توند ڕاکێشن بێ ئەوەی بجووڵێنەوە، لەشی جووتیارەکە لەخۆڕا گرژ دەبووەوە، لە کاتێکدا هەردوو لاقی دوور کەوتبوونەوە، هەرکە چەکوشەکە لێی دەدا لەگەڵیدا بڕبڕاگەی پشتی کۆمڕ دەبووەوە، بەڵام هەردوو گوریسەکە ڕایاندەکێشاو بۆ دۆخی جارانیان دەگێڕایەوە.

بێدەنگی لە هەردوو کەناری ڕووبارەکە ئەوەندە قووڵ بوو تا ڕادەیەك خەڵکی گوێیان لە دەنگی لێدان و دەنگدانەوەی لێدانەکان دەبوو کە لەهەموو شوێنێکی کەنارە تاوێرینە هەورازەکە دەنگی دەدایەوە. نزیك ترینیان دەیانتوانی گوێیان لە جووتیارەکە بێت کە بە تەوێڵی لە عەردی دەداو، گوێیان لە دەنگێکی دیکە بێت کە نە لە نووزەو نە لەگریان و نە لە پەڵپەگریان دەچوو، هەروەها لەدەنگی هیچ ئادەمیزادێك نەدەچوو. جیڕەیەك یان کیڕەیەك لە لاشە درێژ ڕاکێشراوە ئەشکەنجەدراوەکە بەرگوێ دەکەوت، وەك بڵێیت دەنگی پەرژینێك مێخە، بە پێ لەقە لێی دەدرێت، یان وەك بڵێیت دەنگی درەختێکە دەشکێنرێت. قەرەجەکە دوای هەر لێدانێك بەسەر جەستە ڕاکشاوەکەدا دادەچەمییەوە، تا بزانێت ئایە قازووخەکە بە شوێنی دروستی خۆیدا ڕۆدەچێت یان نا، لەوە دڵنیا بوو کە هیچ ئەندامێك لە ئەندامی ژیان نەهاتووەتە دەرەوە، دەگەڕایەوە شوێنی خۆی بۆ ئەوەی کارەکەی تەواو بکات.

هەموو ئەمە لە کەنارەکەوە بە لاوازی و کزی دەبینراو دەبیستra، بەڵام هەموو قاچەکان دەلەرزین و، هەموو دەم و چاوەکان گرژ دەبوونەوەو، هەموو پەنجەکان سڕ دەبوون.

لێدانەکان لە ماوەی ساتێکدا ڕاوەستان. چونکە مەرجان بینی دەماری شانی ڕاستی گرژبووەو پێستەکەی بەرز بووەتەوە. خێرا لێی نزیك بووەوەو، لە شوێنی ئەستووربوونەکە درزێکی لە شێوەی خاچی دروست کرد، زەردکاوێك لە زامەکەوە هاتە دەرەوە، سەرەتا کەم بوو، دواتر بەرە بەرە زیادی دەکرد. پاشان دوای دوو یان سێ لێدانی لەسەرخۆی هێدی هێدی، نووکی قازووخەکە لە شوێنە درز تێ کراوەکە دەرکەوت. مەرجان هەر بە چەکوشە دارینەکەی لە قازووخەکەی دەدا تا نووکەکەی لە ئاستی گوێی ڕاستییەوە هاتە دەرەوە.

قازووخەکەی بە کۆمی پیاوەکەدا کرد وەك چۆن کاوڕ لە سیخ دەدرێت و هەردووکیان هیچ جیاوازییەکیان نەبوو تەنیا لەوەدا نەبێت کە قازووخەکە لە دەمییەوە نەهاتە دەرەوە، بەڵکو لە پشتییەوە هاتە دەرەوە، جگە لەوەیش زیانێکی ئەوتۆی نە بە ڕیخۆڵەو نە بە دڵ و نە هەردوو سییەکانی نەگەیاند، ئەو کات مەرجان چەکوشەکەی فڕێ داو، نزیك بووەوەو، لە جەستە ساردو سڕەکە ورد بووەوەو، بە چوار دەوری ئەو خوێنەدا سووڕایەوە کە دڵۆپ دڵۆپ لە هەردوو شوێنی چوونە ژوورەوەو هاتنە دەرەوەی قازووخەکەوە دەتکاو پەڵەی بچووك بچووکی لەسەر تەختەدارەکان دروست دەکرد. هەردوو قەرەجەکەیش لاشە سڕبووەکەی وەرگێڕاو خستیانە سەر پشت. هەردوو قاچیان بە خوارەوەی قازووخەکەوە گرێ داو بەستەوەو لەو کاتەیشدا مەرجان لە پیاوەکە ورد دەبووەوە بۆ ئەوەی بزانێت هێشتە زیندووە. تەماشای ئەو ڕوومەتەی دەکرد کە لەناکاودا بارستایی گەورەتر دەبوو لەجاران پانترو گەورەتر بوو.. هەردوو چاوی دەرپۆقیبوونە دەرەوەو نیگەران بوون، بەڵام بڕۆکانی هێشتە کپ بوون، زاری بەشیبووەوەو، هەردوو لێوی ڕەق هەڵاتوو و گرژ بوون. ددانە

سپییەکانیشی جیڕببوونەوە. پیاوەکە وای لێهاتبوو توانای بەسەر هەندێك دەماری دەم و چاویدا نەدەشکا، بۆیە دەم و چاوی لە جۆرە دەمامکێك دەچوو . بەڵام هێشتە دڵی کپ و بێ دەنگ لێی دەداو هێشتە هەناسەی کورت کورتی خێرا لە سییەکانییەوە دەهاتنە دەرەوە. هەردوو قەرەجەکە هەڵیانستاند وەك چۆن کاوڕێکی لە سیخ دراو هەڵسێنرێت، مەرجانیش هاواری بەسەردا دەکردن ئاگەیان لە خۆیان بێت و لاشەکە نەهەژێنن، خۆیشی لەوەدا یارمەتی دان و، نووکە پانەکەی قازووخەکەیان خستە نێوان دوو مێخەوەو، هەموو ئەوەشیان بە بزماری گەورە گەورە چەسپاندو، لە پشتەوەیش بە هەمان ئاست بە تەختەدارێکی بچووك پاڵپشتیان بۆ کرد کە بە قازووخەکەو بە مێخەکانی ئەسکەلەکان ڕایانگرت .

کاتێك قەرەجەکان لە ئەرکەکەی خۆیان بوونەوە، نەختێك بەرەو دواوە کشانەوەو، چوونە ڕیزی جەندرمەکانەوەو، کەس لەو پانتاییە خاڵییەدا نەمایەوە تەنیا پیاوە لە قازووخ دراوەکە نەبێت، لە بەرزایی دوو گەزەوە قیت بووبووەوە، سینگی تالای پشتوێنەکەی ڕووت بوو. بینەر لە دوورەوە قازووخەکەی لە گیانیدا دەبینی کە هەردوو لاقی پێوەی بەسترابوونەوە، هاوکات هەردوو دەستی بەرەو پشت قۆڵ بەست کرابوون، بۆیە وا دەهاتە پێش چاوی خەڵکەکە وەك بڵێیت پەیکەرێکە، لە سەر ئەسکەلەکان، لە سەر لووتکەیەکی بڵند کە دەڕوانێتە ڕووبارەکە بە ئاسمانەوە باڵی گرتبێتەوە.

چرپە چرپ کەوتە هەردوو کەنارەکەو بینەران جووڵە جووڵێکی نائاساییان تێکەوت. هەندێك کەس چاویان دانەواندو، هەندێکی دیکەیان یەکسەر بەرەو ماڵ گەڕانەوە بێ ئەوەی ئاوڕ بدەنەوە. زۆربەشیان، بێ ئەوەی ورتەیەکیان لەزار بێتەدەر هەر، تەماشای ئەو باڵا مرۆییانەیان دەکرد، کە لەبۆشاییدا نیشان دراوەو بە شێوەیەکی ناسروشتیانە وشك هەڵاتووەو قیت بووەتەوە. ترس و تۆقین دەروونی گرتبوون و لاقیان لە ژێریاندا دەلەرزی، بەڵام نەیانتوانی خۆیان لەو دیمەنە قوتار بکەن و، زاق زاق تێی نەڕوانن.

لە نێو ئەو ئاپووورە تۆقیوەدا (ئیلینکا شێت) دزەی کردو، تەماشای نێوهەردوو چاوی هەر یەکەی دەکردو، لێیان ورد دەبووەوە، بەشکو بەو دوو چاوە ئەو شوێنە بدۆزێتەوە کە هەردوو منداڵەکەی تێدا کوژران و نێژران. جارێکی دیکە بەرپرسەکەو مەرجان و دوو جەندرمە، لە پیاوەکە نزیك بوونەوەو بە وردی دەستیان بە پشکنینی کرد. بە قەد قازووخەکەوە دەزوویەکی باریکی خوێن ڕێچکەی بەستبوو. هەرچی پیاوەکە بوو ئەوە هێشتە زیندوو بوو، نەبووراببووەوە: ئەم لاو ئەو لای بەرز دەبوونەوەو دادەبەزین و، دەمارەکانی ملی لێیان دەدا، هەردوو چاویشی لەسەرخۆ دەخولانەوە بەڵام ڕانەدەوەستان، لە نێو ددانە جیڕەکانیشیەوە ورتە ورتێك دەهات ئەوەی بیبیستایە بە زەحمەت وشەی پچڕ پچڕی لێك جودا دەکردەوە وەك:

ـ تورکەکان ... تورکەکان ... تورکەکانی سەر پردەکە .... وەك سەگ بتۆپن .... وەك سەك بمرن ...

هەروەها پیاوەکە بەسەر قازووخەکەوە دەینکاند.

قەرەجەکان ئامرازەکانی خۆیان کۆکردەوەو لە ئەسکەلەکان دابەزین و ڕووەو کەنارەکە ڕۆیشتن، هاوکات جەندرمەکان و بەرپرسەکەیان دابەزین ... خەڵکەکە لە بەردەمیاندا پاشەکشەیان کردو دەستیان بە بڵاوەبوون کرد، تەنیا منداڵە بچووکەکان مانەوە، چوونە سەر تاوێرەکان یان بە دارەکاندا هەڵگژان و چاوەڕێی شتێکی دیکەیان دەکردو نازانن شتەکە کۆتایی هات و، هەر مرۆڤەو بە سزای خۆی گەیشت و

پرسیاری ئەوەیان دەکرد ئەم پیاوە نامۆیە چی بەسەر دێت کە بەسەر ئاوەکەوە باڵی گرتووەتەوە، وەك بڵێیت ویستوویەتی باز بداتە ناو ڕووبارەکەوەو ڕایانگرتبێت.

بەرپرسەکە لە عابد ئاغا نزیك بووەوەو، پێی ڕاگەیاند کە هەموو شتێك وەك پێویست بوو ئەنجام دراو، بەو شێوەیە کۆتایی هات کە پلانی بۆ دانرابوو، ڕاشیگەیاند کە بەندکراوەکە هێشتە زیندووەو، هەر زیندوویش دەبێت چونکە ئەندامەکانی بەر نەکەوتوون، عابد ئاغایش هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، تەنانەت بە تێڕوانینێکیش، بەڵام بە دەستی ئاماژەی کرد کە ئەسپەکەی بۆ بهێنن و، دەستی بە بەڕێ کردنی تۆسۆن ئەفەندی و وەستا ئەنتوان کردو، خەڵکی بڵاوەیان لێ کرد، دەنگی دارۆغەیش بە ناوشاردا هاواری دەکرد کە سزاکە جێبەجێ کراو، هەڕەشەی ئەوەی دەکرد هەر کەسێك نیازی بێت ئەو کارە ئەنجام بدات کە تاوانبارەکە ئەنجامی دا، ئەوە سزایەکی لەو جۆرە بگرە لەو سزایە توندتر دەدرێت.

بەرپرسەکە بە شڵەژاوی لەو بنارە ڕاوەستا کە لەناکاو خەڵکەکە چۆڵیان کرد. بەردەستەکەی جڵەوی ئەسپەکەی گرتووەو، پیاوەکانیشی چاوەڕوانی فەرمانی ئەون. هەستی کرد کە پێویستە شتێك بڵێت بەڵام نەیتوانی یەك وشەیش بدرکێنێت، لەبەر ئەوەی لە ناخەوە تووشی هەڵچوونێکی گەورە بوو کە دڵی پڕ کرد. تەنیا لەو ساتەدا هەموو ئەوەی بیر کەوتەوە کە پێشتر نەیدەتوانی بیری بکەوێتەوە چونکە سەرقاڵی ڕێ و جێی ئامادەکردنی جێبەجێکردنی سزاکە بوو... تەنیا لەو ساتەدا هەڕەشەکەی عابد ئاغای بیرکەوتەوە کە گوتبووی بەزیندوویی لەقازووخی دەدات ئەگەر بێت و نەتوانێت تاوانبارکە دەستگیر بکات. ڕاستە ئەو لەو کارەساتە ڕزگاری بووە، لێ تەنیا یەك موو لێوەی دوور بوو، لە دوایەمین ساتدا لێی قوتار بوو. ئەو پیاوەی لەوێ لەسەر ئەسکەلەکە قیت بووەتەوە، بە دزییەوە هەموو توانایەکی بە درێژایی شەو بەکاربرد، بۆ ئەوەی کارەساتەکە تەنیا بەسەر ئەودا بشکێتەوە.بەڵام ئەوەتا شتەکە پێچەوانە بووەتەوە. بەرپرسەکە تەنیا کەسە لە ناو هەموو خەڵکدا کە تەماشای ئەو پیاوە دەکات کە بە زیندوویی لەسەر ڕووبارەکە هەڵواسراوەو دەست و پێی شەتەك دراون، ئەو ڕوانینە هاوکات ترسێکی بێ پایان و شادییەکی پڕ لە ژانی دەخستە دەروونیەوە، ترسێك لە ناخیدا دەجووڵایەوەو خەیاڵی ئەوەی دەکرد کە ڕەنگ ئەو بووایە تووشی ئەو کارەساتە ببووایە، هەستیشی بە شادییەکی بێ پایانی دەکرد هەر وەنەبوو بە هۆیەوە باڵ بگرێتەوە کە کارەساتەکە تووشی ئەو نەبوو، هێشتە زیندووەو دەتوانێت ئازادانە بجووڵێتەوە. کاتێك هەموو ئەوەی بە خەیاڵدا دەهات هەستی بە چەند تەزوویەك دەکرد توند بە سینگیدا بڵاو دەبووەوەو دەگەیشتە هەردوو لاق و هەردوو بازووی و ناچاری دەکرد هەردوو پێی بجووڵێنێتەوە، پێ بکەنێت و بدوێت، وەك ئەوەی بڵێیت خۆی قایل بکات کە هێشتە ساغەو دەتوانێت ئازادانە بجووڵێتەوەو، قسان بکات و لە قاقای پێکەنین بدات قاقایەکی گوێ کەڕکەرو، ئەگەر پێویستی کرد گۆرانیش بچڕێت و، ناتوانایانە ورتەی لێوە نەیەت کە لە سەرووی قازووخەکەوە بێت، لەوێ چاوەڕوانی مردن بکات ئەوەیش تەنیا بەختەوەرییە کە ڕەنگە بەسەریدا ببارێت.

هەردوو دەستی بێ ویستی خۆی دەجووڵاندەوەو، هەردوو لاقی خەریك بوون دەهاتنە سەما، ئەوەیش دەمیەتی دەکرێتەوەو پێکەنینێکی کرژی لێوە دێتە دەر، لەخۆیەوە چەند وشەگەلێکی زۆری لێوە دێنە دەر:

ـ ها ها ها .. ڕادیسلاڤ، ئەی جنۆکەی چیا، بۆ بەم شێوەیە ڕەق هەڵاتوویت، ڕەنگی تەرمت لێنیشتووە؟ بۆبەردەوام نابیت، بۆ پردەکە تێکنادەیت؟ بۆ ورتە ورتت لێوە دێت و دەنکێنیت؟ ئەی جنۆکە گۆرانی بڵێ ... دەی سەما بکە ... ئەی جنۆکە ...

جەندرمەکان واقیان وڕماو شڵەژان کاتێك بینییان کە سەرۆکەکەیان سەما دەکات و هەردوو بازووی دوور خستووەتەوەو، گۆرانی دەڵێت و لە قاقای پێکەنین دەدات و، گەرووی بە وشەی سەیر سەیر پڕ دەکات، لە کاتێکدا کەفێکی سپی لە قەراغی هەردوو لێویەوە دێتە دەر.

تەنانەت ئەسپەکەیش بە نیگایەکی پڕ لە ترسەوە لێی ڕوانی.

❊❊❊❊❊❊

(1) شارێکی بچووکە

(2) جۆرە نەعلێکی پانە جووتیاران لە پێیان دەکرد

(3) قوماشێکە چوارگۆشەیە سەربازە جووتیارەکان وەك گۆرەوی لە پێیان دەکرد

(4) ئامێرێکی میوزیکە

(5) شارۆچکەیەکە لە مۆنتی نیگرۆ

(6) ئەرشین : پێوەرێکی تورکییە نزیکەی (66) سەنتیمەترە.

# چوارەمین پاڕ

هەموو ئەوانەی لە هەردوو کەنارەکەوە جێبەجێکردنی سزاکەیان بینی هەواڵەکەیان لە شارەکەو لە گوندەکانی دەوروبەردا بڵاوکردەوە، بۆیە ترس و تۆقینێکی ئەوتۆ چووە دڵی کرێکاران و خەڵکەکەوە لە باسکردن نایەو، خەڵکی ئەو وێنەیەی لە تەنیشتیانەوە لەو ڕۆژە کورتەی ڕۆژانی مانگی تشرینی دووەم ڕووی دا لە ویژدانیاندا چەسپاو، باس هەر باسی ئەو پیاوە بوو کە هێشتە بەسەر قازووخەکەوە، کە لەسەر ئەسکەلەکانە، زیندووە. هەر یەکەو پەیمانی بەخۆی دا لە بارەی ئەو پیاوەوە هیچ نەڵێت، بەڵام ئەوە چ بایەخێکی هەیە، کە بەردەوام بیر لای ئەوەو، بە ناچار یش چاو بەردەوام لەو دەڕوانێت !

ئەو جووتیارانەی یەك لەدوای یەك لە (بانیا)وە دەگەن و، بە گالیسکەکانیان کە گاو مانگا ڕایدەکێشان بەردیان دێنا، هەنووکە چاویان شۆڕ دەکەن و بە دەنگێکی نەرم لە چارەواکانیان دەخوڕن هەنگاو هەڵێنن و، کرێکارەکانیش بە درێژایی کەنارەکەو لەسەر ئەسکەلەکان لە کاتی کارکردندا بە گەروویەکی نووساوو دەنگێکی خنکاوەوە قسە لەگەڵ یەکدی دەکەن و، ناپەیڤن تەنیا ئەو کات نەبێت کە پێویست بە پەیڤین بکات. خودی چاودێرەکانیش کە داری لە لقە دارگوێزیان بە دەستەوەیە، کەمتر دڵڕەقی و زۆرتر نەرمییان دەنواند. بەردکۆڵە دەڵماسییەکانیش کە بەردەکانیان ساف و لووس دەکرد ڕەنگ و ڕوویان زەرد هەڵگەڕابوو، چەناگەیان چووبووە یەك و پشتیان لە پردەکە کردبوو، بە تووڕەیی کەوتبوونە وێژەی بەردەکان و، تەوشەکانیان جۆرە دەنگێکیان لێ بەرز دەبووەوە لەو کەشەی کە کپییەکی بێ دەنگ باڵی بەسەردا کێشابوو، لە دەنگی  دەنووك ئاژنی پۆلە (مەل) یێك دەچوو.

زوو خۆر ئاوا بوو، کرێکارەکان بەرەو شوێنی حەوانەوەکانیان بوونەوە، ئارەزوویان دەکرد چەند بتوانن لە ئەسکەلەکان دوور بکەونەوە. بەر لەوەی تاریکایی شەو دابێت مەرجان لەگەڵ خزمەتکارێك لەوانەی عابد ئاغا بڕوای پێ دەکردن بە ئەسکەلەکاندا بۆ لای سزا بەسەر سەپێنراوەکە سەرکەوتن، زانییان هێشتە زیندووەو هێشتە لە هۆشی خۆی نەچووەتەوە دوای ئەوەی چوار سەعات بەسەر جێبەجێکردنی سزاکەدا تێپەڕیوە. زۆر لەسەرخۆ بە زەحمەت چاوی دەگێڕاو، تای لێهاتبوو، کاتێك قەرەجەکەی لە خوارەوە بینی دەستی بە ئاه و ناڵەی بەرزتر کرد، هەردوو پیاوەکە نەیانتوانی لەو ئاه و ناڵەی گیان دەرچوونەی هیچ شتێك لێك جودا بکەنەوە تەنیا چەند وشەیەکی پچڕ پچڕ نەبێت :

- تورکەکان .... تورکەکان .... پردەکە ....

هەردوو پیاوەکە خۆشحاڵ بوون و، بە چیای (بیکافاتس)دا بۆ ماڵی عابد ئاغا گەڕانەوە، بە ڕێگەوە هەر کەسێکیان ببینیایە پێیان ڕادەگەیاند کە ئەوەی سزای بەسەردا سەپێنراوە هێشتە زیندووەو، ددان بە ددانندا دەنێت و لە بەرزایی قازووخەکەوە بە دەنگێکی ئاشکراو ڕوون قسان دەکات و، ڕەنگە تا سبەینێ نیوەڕۆ بە

زیندوویی بمێنێتەوە. عابد ئاغایش خۆشحاڵ بوو، فەرمانی دا، وەك بەڵێنی دابوو، پاداشت بە مەرجان ببەخشرێت.

هەموو گەڕەكێكی شارو دەوروبەری پردەكە ئەو شەوە بە ترسەوە نوستن، یان بڵێ ئەوەی توانی بنوێت نوست، زۆریش بوون ئەوانەی نەیانتوانی پێڵوو لێك بنێن! سبەینێ دووشەممە ڕۆژ بووەوە، ڕۆژێكی خۆرەتاو لە ڕۆژانی مانگی تشرینی دووەم، هەرچی چاو لە دەوری وەرشەكە یان لەهەموو شارەكەدا هەبوو تەنیا لەو بنیاتەیان دەڕوانی كە كۆڵەگەدارو تەختەداری لێ بە سەر ئاوەكەوە تێك ئالاون، تا دیمەنی ئەو پیاوە ببینن كە تەنیا بەسەر قازووخەكەوە قیت ماوەتەوە، لەو لێوارەی كە لەوە دەچێت لە پاشەڵی كەشتییەكە بچێت. كەسانێكی زۆریش هەبوون كە لە خەو هەستان وایان زانی ئەو ڕووداوەی دوێنێیان لە خەوندا بینیوە كە بە بەرچاوی خەڵكەوە لەسەر پردەكە ڕووی دا، كاتێك دیمەنی پیاوەكەیان بینی لەشیان لە جووڵە كەوت و بە چاو ڕووانییان، وەك بڵێیت خەونە بەئازارەكەیان لەبەر هەتاو تەواو دەبێت و بە ڕاستی لە واقیعدا بەردەوام دەبێت.

كرێكارەكان چوون دوێنێ بێ دەنگ بوون، بێ دەنگییەكی تێكەڵ بە شكستی و تاڵی. چوون دوێنێ چرپە چرپ شاری تەنییەوەو، دوێنێ ئاساییانە نیگەرانی كەوتە دەروونی خەڵكەوە. جارێكی دیكە مەرجان لەگەڵ هەمان ئەو خزمەتكارەدا سەر ئەسكەلەكان كەوت، چەند جارێك بە چوار دەوری سزا بەسەر سەپێنراوەكەدا سووڕایەوە، هەندێك قسەیان لەگەڵ یەكدی كردو، هەردووكیان سەریان بەرز كردەوەو تەماشای دەم و چاوی جووتیارەكەیان كرد لە سەرەوە، جارێكیش مەرجان شەرواڵەكەی توند كردەوە... دواتر دابەزین .... ئەوە بەس بوو مرۆڤ ببینێت كە چۆن بۆ كەنارەكە دابەزین و، چۆن بێ دەنگ بە ناو ئەو خەڵكەدا دەڕۆیشتن كە سەرقاڵی كاركردن بوون، بۆ ئەوەی دەرك بەوە بكرێت كە پیاوەكە گیانی دەرچووە. هەموو ئەوانەی بینییان دەركیان بەوە كرد كە جووتیارەكە مردووە، سربەكان هەستیان بەجۆرە شادومانییەك كرد، وەك بڵێیت سەركەوتنێكیان بەدەست هێناوە نابینرێت.

ئێستە بوێرانەتر دەتوانن ئاوڕ لە سەرەوە بەرەو ئەسكەلەكان و بەرەو كوژراوەكە بدەنەوە. ئێستە هەست بەوە دەكەن لەم ململانێیەدا كە لەگەڵ توركەكان ئەنجامی دەدەن تەرازووی ئەوان لە سەرەوەیە. مردن گەورەترین سەرمایەیە. ئەوەتە ئەو زارانەی كە تا ئەو كاتە ترس نوقاندبوونی، ئێستە سەربەخۆ دەكرێنەوە. ئەوەتە كرێكارەكان، كە جل و بەرگیان قوڕاوی ببوو، تەڕ ببوون، ڕدێنیان درێژ ببوو، ڕەنگیان زەرد داگەڕابوو، بەردی گەورە گەورەی (نابیا)یان بە سڵنگی لە دار سنەوبەر دروستكراو تل پێ دەدا، جار نا جارێك ڕادەوەستان، تا تف لە ناو لەپیان بكەن، هەندێكیان بە دەنگێكی خنكاو بە یەكدی دەڵێن:

ـ خوا لێی خۆش بێت و لێی ببوورێت.

ـ شەهیدە .... ئێمە بەستەزمانین...

ـ ئەی نابیبنیت كە پیاوێكی پیرۆزە؟ ئەی بەستەزمان ئەو پیرۆزە ...

هەر كەسێك تەماشای ئەو پیاوەی كردبایە كە بە بالاّیەوە قیت ڕاوەستابوو، لە لای خۆیەوە وای دەزانی لە پێش تیپێكی سەربازەوەیە. ئێستە لەم لووتكەیەی كە وەریدەگرێت، مەزندەیان نەدەكرد مرۆڤێك بێت ترس

بخاته دڵەوە یان داوای سۆزو بەزەیی پێداهاتنەوە بکات، بە پێچەوانەوە، ئەوان ئێستە هەست بە ئاستی ئەو بەرزییە دەکەن کە پێی گەیشتووە، ئەو ئێستە لەسەر عەرد نییە، هەردوو دەستی بە هیچەوە گیر نەکردووە، نە مەلەوانی دەکات و نە باڵ دەگرێتەوە. خودی خۆی چەقی خودی خۆیەتی. لە پەیوەستەکانی زەمین و قورساییەکانی زەمین قوتاری بووە. هەست بە ژان و ئازار ناکات. ئێستە هیچ شتێك دەستەڵاتی بەسەردا ناشکێت، نە تفەنگ و نە شمشێر، نە گومانی خراپ و، نە قسەی ئادەمیزادان و، نە دادگەی تورکان.

ئەم باڵا تا ناوقەد ڕووتەی، هەردوو دەست و هەردوو پێ بەستراوە وشك هەڵاتووەی سەرەوخوار بەسەر قازووخەکەدا هەڵواسراوە، ئێستە جەستەی لە جەستەی مرۆڤ ناچێت کە ئەستوور دەبێت و تێك دەچێت، بەڵکو لە پەیکەرێکی سەر بەرزاییەك دەچێت، دەمێنێتەوەو نافەوتێت، لەوێ تا هەتایە هەر دەمێنێتەوە.

کرێکارەکان بە دزییەوە ئاوڕیان دەدایەوەو نیشانەی خاچیان دەنواند.

ئافرەتەکانیش لە گەڕەکی مەیدان بە هەنگاوی خێرا سێبەری ماڵەکانیان دەبڕی و، هەندێکیان سەردانی یەکدییان دەکرد، بۆ ئەوەی خولەکێك دوو خولەك چرپەچرپ بکەن و چەند فرمێسکێك برێژن، پاشان بە هەڵەداوان بگەڕێنەوە ماڵەوە نەوەك خواردنەکەی نێوەڕۆیان بەسەر ئاگرەوە بسووتێت. یەکێکیان مۆمێکی بچووکی لەبەردەم ئیقۆنەیەکدا داگیرساند. ئەوەندەی نەبرد مۆم لە هەموو ماڵەکاندا داگیرسێنران و لە سووچ و گۆشەی ژوورەکاندا هاتنە ڤەشارتن.

منداڵانیش لەم کەشە شکۆدارەدا چاویان دەگێڕاو، تەماشای ئەم ڕووناکییانەیان دەکردو، گوێیان لەم دەربڕینانە دەگرت کە تێیان ناگەن لەوانەی کە گەورەکان بە پچڕ پچڕی دەیانگوتن: (خوایە بەزەییت پێماندا بێتەوە..خوایە ئاگەدارمان بیت)، (شەهید لای خوا ئەوەندەی پاداشت دەدرێتەوە ئەوەندەی ئەو کەسەی گەورەترین کڵێسای دروست کردبێت)، (خوای تاك و تەنیا یارمەتیمان بدە، دوژمنەکەمان لەناو بەرەو ڕێی مەدە ماوەیەکی دووروودرێژ بەسەرماندا زاڵ بێت)، منداڵەکان کە گوێیان لەم پەیڤانە دەبوو بێ ئەوەی هەراسان و بێزار بن ئەم پرسیارانەیان دەکرد: (واتای شەهید چییە؟، کێ کڵێسای دروست کردووەو لە کوێ دروستی کردووە؟)، منداڵەکان بە بایەخێکی زۆرەوە دەیانویست ڕووداوەکان بزانن و دایکەکانیشیان دەکۆشان بێ دەنگیان بکەن:

ـ بێ دەنگ بە گیانەکەم ... بێ دەنگ بە ... تا لە ژیاندا ماویت خۆت لە تورکە نەفرەتییەکان بپارێزەو ئاگەت لە خۆت بێت.

بەر لەوەی دووبارە تاریکایی دابێتەوە، عابد ئاغا جارێکی دیکە بینایەکەی پشکنی و پێی خۆشبوو ئەو پەندە تۆقێنەرە چ شوێنەوارێکی بەجێ هێشتبوو، فەرمانی دا جووتیارەکە لە سەر ئەسکەلەکان لابەرن:

- ئەو سەگە فڕێ بدەنە بەر سەگەکان.

لەو شەوە شێدارە فێنکەدا وەك بڵێیت شەوێك بێت لە شەوانی بەهار، لەو شەوەی لەناکاودا تاریکاییەکەی داهات، جۆرە هەڵچوون و پشێوییەکی سەیر، کە مرۆڤ تێی نەگات، لەناو کرێکارەکاندا هاتە کایەوە. تەنانەت ئەوانەیش پێشتر حەزیان لەوە نەبوو شتێك لەبارەی وێرانکردن و بەرخودانەوە ببیستن ئێستە وایان لێهاتووە ئامادە بن گەورەترین قوربانی ببەخشن و، هەر سەرکێشییەك بوویێت لەسەرکێشییەکان ئەنجامی

بدەن. ئەو تەرمە مردووە بوو بەجێی بایەخی هەموو خەڵك و جۆرە پیرۆزییەكی پەیدا كرد. ئەوانەیش خەڵكانێكی ڕەنجدەرن و، ئارەزوویەك پاڵیان پێوە دەنێت و، بەزەییەكی پتەو لە ناخیاندا دەجووڵێتەوەو، چەندین نەریت و ڕەفتاری كۆنیان هەیەو لێیان ڕاهاتوون، دەست بە جووڵە دەكەن و لە خۆیانەوە هاوكاری یەكدی دەكەن بۆ ئەوەی تەرمی شەهیدەكە وەدەست بخەنەوەو، لە گلاوی ڕزگاری بكەن و لەسەر ئایینی كریست بینێژن، ئەوانە بە وریاییەوە بە گوێی یەكدیدا دەچرپێنن و لە تەویلەو شوێنە نهێنییەكاندا كۆدەبنەوە. پارەیەكی زۆریان گرد كردووەتەوە بڕی حەوت دینارەو بڕیاریان داوە وەك بەرتیل بە (مەرجان)ی پێشكەش بكەن.

بۆ ئەم مەبەستەیش سێ كەسیان لە ناو خۆیاندا دەستنیشان كردووە كە لە هەموویان تێگەیشتووترو لێهاتووترن، ئەوانە توانییان پێوەندی بە پیاوكوژەكەوە بكەن، ئەوانە كە هەنووكە گیانیان ئارەقە دەڕێژێت و ماندوو و شەكەت بوونە، خەریكن بە فرت و فێڵ و هێنان و بردن بە شێوەیكی سست وت و وێژی لەگەڵ دەكەن. ئەوەیان بە تەمەن گەورەترە سەری دەخورێنێت و بە ئەنقەست سەری زمان دەگرێت و دەڵێت: ( گوێ ... بگ.. رە... شتەكە بەسەرچوو. ئەوە چارەنووس نووسیویەتی. بەڵام دەزانیت ئەوە ئادەمیزادە، وەك دەڵێن، باش نییە، بۆ نموونە، دڕندە بیخوات و سەگەیل شیتاڵ شیتاڵی بكەن).

مەرجان دەركی بەوە كرد كە شتەكە پێوەندی بە ڕێككەوتنێكەوە هەیە، بۆیە بە زارێكی پڕ لە سكاڵاوە پتر لەوەی كەللەڕەقی تێدا بێت دەستی بە قبووڵ نەكردنی ئەو كارە كرد:

ـ نا ... نا ... لەو ڕووەوە قسەم لەگەڵ مەكەن... ئێوە دووچاری تێكەوتنێكم دەكەن... ئێوە نازانن ئەم عابد ئاغایە چ جۆرە ڕێوییەكە.

جووتیاركە پێی ناخۆش بوو، هەردوو برۆی هێناوە یەك و، دەستی بە هزرین كرد. لەبەر خۆیەو گوتی : (ئەمە قەرەجە، پیاوێكە نە ئایین و نە گیانی هەیە ... ناشێت مرۆڤ دۆستایەتی یان برایەتی بكات و، ناتوانێت سوێند نە بە خاك و نە بە ئاسمان بخوات ).

دەستی ڕاستی لە گیرفانی پاڵتۆكەیدا بوو هەر حەوت دینارەكەی توند گرتبوو، گوتی:

ـ بەڵێ ... دەزانم ... ئێمە دەزانین ئەو كارەت لەسەر ئاسان نییەو ... ئێمە حەز ناكەین تووشی ئەزیەتت بكەین. بگرە ... ئەوە چوار دینارمان لەبەر خاتری تۆ دەستەبەر كردووە ... لەو بڕوایەدام بەس بێت ...

ـ نا .... نا .... ژیانم لە هەموو خێرو بێرەكانی زەمین بەهادارترە ... عابد ئاغایش بە زیندوویی نامهێڵێتەوە ئەگەر بەدەنگی داواكەتانەوە بێم. ئەوە كابرایەكە هەموو شتێك دەبینێت، تەنانەت ئەگەر نوستوویش بێت. من دەمرم هەركە بیر لەو شتە بكەمەوە.

جووتیارەكە تێ هەڵدەچێتەوە بێ ئەوەی ئاگەی لە سكاڵای قەرەجەكە بێت:

ـ چوار ... بگرە بڵێ پێنج. ئاكام پێنج دینارت دەدەینێ.

ـ ناوێرم ، ناوێرم.

ـ گوێ بگرە... فەرمانت داوە ئەم تەرمە ... بۆ نموونە ... فڕێ بدەیتە بەردەم سەگەیل ... كەواتە فڕێی بدە، دوای ئەوە گوێ بەوە مەدە چی ڕوو دەدات، كەس لەو بارەوە پرسیارت لێ ناكات. ئەو كات ... بۆ

نموونه ... ئەركی ئێمە ئەوە دەبێت تەرمەكە بگوێزینەوەو... بە پێی ڕێ و ڕەسم و نەریتی خۆمان بەخاكی دەسپێرین... بەڵام ... بۆ نموونە بە نهێنی ... ئیدی هەرگیز كەس بەوە نازانێت و ... تۆیش، سبەینێ دەڵێیت، بۆ نموونە، سەگەیل، بۆ نموونە، تەرمەكەیان ... بردووە... ئیدی كەس هیچ شتێك نابینێت و كەس هیچ شتێك لەو بارەوە نازانێت و، تۆیش هەقی خۆت وەردەگریت ...

جووتیارەكە وریایانە قسەی دەكردو بیریشی دەكردەوە، بەڵام هەركە پێویست بووایە وشەی (تەرم)ی گۆبكردایە بە بێزارییەكی سەیرەوە ڕادەوەستا.

ـ ئایە دەزانن من بۆ پێنج دینار ژیانی خۆم دەخەمە مەترسییەوە؟ نا ... نا ..

جووتیارەكە لەسەرخۆ دەڵێت:

ـ كەواتە با شەش بێت.

قەرەجەكە هەستایە سەر پێ و، هەردوو بازووی لێك دوور خستەوەو، ساختەكارانە واتای جدی و ڕاستگۆیی ئەوتۆی نواند كە كەس ناتوانێت بینوێنێت ئەوانە نەبن كە درۆو ڕاستی لێك جودا دەكەنەوەو، لەبەردەم جووتیارەكەدا ڕاوەستا وەك بڵێیت ئەو سزابەسەردا سەپێنراو بێت و جووتیارەكەیش پیاوكوژەكە بێت و، گوتی:

با سەر پێشكەش بكەم مادامەكێ ئەمە ئارەزووی چارەنووس بێت و، با ژنەكەم بێوەژن بكەوێت و منداڵەكانم بێ باوك بمێننەوە: حەوت دینار بێنەو تەرمەكە ببە.. بەڵام دەبێت كەس هیچ شتێك نەبینێت و، كەس ئاگەی لە هیچ شتێك نەبێت.

جووتیارەكە بەداخێكی زۆرەوە سەری لەقاندەوە داخی ئەوەی كە ناچارە چی پێیە بەو جەردەیەی بدات. وەك بڵێیت ئەو قەرەجە پارەكەی نێو لەپی بینیبێت.

ئەو كات لەسەر وردەكارییەكان ڕێككەوتن. لەسەر ئەوە ڕێككەوتن، كە مەرجان تەرمەكە بباتە كەناری دەستەچەپی ڕووبارەكەوە، پاش ئەوەی لەسەر ئەسكەلەكان دەیهێننە خوارەوە، ئەنجا لە شوێنێكی تەریكدا فڕێی بدات بەر لەوەی تاریكی دابێت ، بە شێوەیەك نە دەست و پێكانی عابد ئاغاو نە ڕێبواران نەیبینن. ئەو كاتەیش هەر سێ جووتیارەكە لە چڕە زەردەسیری و دڕكێكدا خۆیان مات داوە كە تۆزێك لەو شوێنەوە دوورە، بۆیە هەركە تاریكایی دابێت تەرمەكە دەبەن و بە خاكی دەسپێرن، بە مەرجێك بەخاك سپاردنەكە لە شوێنێكی نهێنیدا بێت و، هیچ شوێنەوارێكی لە پاش بەجێ نەمێنێت، ئەو كات دەشێت وا بزانرێت كە سەگەیل تەرمەكەیان پارچە پارچە كردووەو خواردوویانە. لەسەر ئەوەیش ڕێككەوتن كە مەرجان پێشەكی سێ دینار وەربگرێت و ئەو چوار دینارەكەیش ئەو كاتە وەربگرێت كە كارەكە بە تەواوەتی ئەنجام دەگرێت .

هەمان ئەو شەوە هەموو شتێك بە پێی ڕێككەوتنەكەی نێوانیان ئەنجامی گرت.

دەمەو ئێوارە مەرجان تەرمەكەی نایە سەر شان و، لە سەر كەنارەكە لە خوارووی ڕێگەكەوە فڕێی دا (ئێستە لەو لەشە ناچێت كە هەمووان لەو دوو ڕۆژەدا دەیانبینی بەسەر قازووخەكەوە قیت ڕاوەستاوەو سنگی دەرپۆقیوە، بەڵكو جارێكی دیكە، (ڕادیسلاڤ)ە، وەك چۆن پێشتر وابوو، بە هەمان تەن و پشت كۆماوی خۆیەوە، بەڵام ئێستە بێ خوێن و بێ گیانە)، پاشان یەكسەر لەگەڵ یاریدەدەرەكانیدا، بەو بەلەمەی

لە دووەمین کەناری ڕووبارەکەوە بوو، گەڕایەوە شار. هەرسێ جووتیارەکەیش لە ناو چڕە زەردەسیری و دڕکەڵانەکەدا چاوەڕوان بوون. کەس بە ڕێگەکەدا تێنەدەپەڕی چەند کرێکارێك نەبێت دواکەوتبوون لەگەڵ چەند تورکێکدا لەوانەی بۆ ماڵەوە دەگەڕانەوە. پاشان بێدەنگی باڵی بەسەر ئەو ناوچەیەدا کێشا کە لەتاریکیدا نوقم ببوو. چەند سەگێك حەپین، سەگەیلێکی زەبەلاحی بەرەڵڵاو بێ شوێن و بی خودان، جووتیارەکان کە خۆیان لەناو گژوگیاکەدا حەشار دابوو بەردیان تێگرتن و ڕاویان نان. سەگەکان کلکیان شۆڕ کردەوەو ڕایان کرد، بەڵام پتر لە بیست پێ لە تەرمەکەوە دوور نەکەوتنەوەو، لەوێ ڕاوەستابوون و چاوەڕێیان دەکرد بزانن چی ڕوو دەدات، چاوە داگیرساوە گڕگرتووەکانیان لە تاریکاییدا دەبینران، کاتێك جووتیارەکان بینییان تاریکی هەموو ئەو ناوچەیەی داپۆشیوەو پێ دەچێت لەمەودا کەس تێنەپەڕێت، لە حەشارگەکەی خۆیان هاتنە دەرەوەو تەوشەیەك و خاکەنازێکیان پێ بوو، دوو تەختەداریشیان دانا کە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، هەردووکیان لەسەر یەکدی دانا، پاشان تەرمەکەیان ڕاکێشاو خستیانە سەری و، بەو شێوەیە بە هەڵەتەکەدا سەرکەوتن، لەوێش لە حەوزێکدا کە ئاوی بەهارو پاییز دروستی کردبوو کاتێك لە تەپۆڵکەکەوە بەرەو ڕووباری درینا ڕۆدەچووە خوار، لەوێ چەند بارستاییەکی بەردیان لادا کە شێوەیەکی گەواڵە هەورێکیان پێکدێنا وەك بڵێیت جۆگەیەکی وشك بێت و وشك نەکات، بۆیە بە پەلەو بێ دەنگ بێ ئەوەی ورتەیان لێوە بێت و دەنگە دەنگ بێننە ئاراوە گۆڕێکی قووڵیان لێ دا. لەشە ڕەق هەڵاتووە ساردو سڕە شین هەڵگەڕاوەکەیان بۆ ناو گۆڕەکە شۆڕ کردەوە.

بەتەمەنەکەیان بازی دایە ناو قۆرتەکەوە، چەند جارێك وریایانە بە چەرخەکەی لە بەردە سوانێکی دا، سەرەتا سەوەفانەیەکی داگیرساند، دواتر مۆمێکی باریکەڵەی پێکرد لەناو پارچە قوماشێکی نوشتاوەی دەرهێنا، دواتر لەلای سەری مردووەکەوەی چەقاندو خێرا سێ جار هێمای خاچی نواندو بە دەنگی بەرز دەیگوت: (بەناوی خواو کوڕو ڕوحی پیرۆز)، دوای ئەویش هەردوو جووتیارەکە، لە سەرەوە لە تاریکیدا، هێمای خاچیان نواند. جووتیارکە دوو جار دەستی بەسەر مردووەکەدا جووڵاند وەك بڵێیت بە دەستی بەتاڵ و بە مەیەك مەی پرژێنی بکات کە نابینرێت، دوو جاریش بە دەنگێکی نزم و کڕنووشەوە گوتی :( ئەی یەسووع دەستی بەندەکەی خۆت بگرەو لە ڕیزی پیاوە پیرۆزەکانیدا دانێ).

ئەنجام بەچەند وشەیەك ورتە ورتێکی لێوە هات، کە نە ڕیزبەندی پێکەوەی گرێ دەدان و نە لە واتایان تێدەگەیشتیت بەڵام وشەی نوێژ بوون، وشەگەلێکی شکۆدارو ڕێزلێگیراو بوون، هەردوو هاوەڵەکەیشی بێ ڕاوەستان هێمای خاچیان دەنواند، کاتێك بێ دەنگ بوو هەردوو تەختەدارەکەیان دایە، ئەویش لەسەر شێوەی گومەز بە درێژایی لەسەر تەرمەکەی دانا، لە جۆرە بنمیچێك دەچوون کە مردووەکە داپۆشێت، جارێکی دیکە هێمای خاچی نواندو، مۆمەکەی کوژاندەوەو لە گۆڕەکە هاتە دەرەوە. ئەو کات هەر سێکیان لەسەرخۆ وریایانە خۆڵیان دەکردە ناو قۆرتەکەو لێزانانە ڕێکیان دەخست بۆ ئەوەی هیچ بەرزییەك بەسەر گۆڕەکەوە نەمێنێت، دواتر بشێت ببینرێت. کاتێك لێ بوونەوە بەردەکانیان چوون جاران بۆ سەر خۆڵە تەڕەکە گێڕایەوە، پاشان هێمای خاچیان نواندو، بە ڕێگەی خۆیاندا گەڕانەوە، بە سووڕانەوەیەکی دوورو درێژ لە دوورترین شوێن لە گۆڕەکەوە هاتنەوە سەر ڕێگەکە.

ئەو شەوە بارانێکی زۆری لەسەرخۆ باری، بای لەگەڵ نەبوو، کە ڕۆژ بووەوە تەم و مژێکی قورسی شیر ڕەنگ و، شێیەکی فێنکی لەگەڵ خۆی هێنا کە هەموو نهالەکەی تەنییەوە. بە هۆی تیشکێکی سپییەوە کە جار جار بەرز دەبووەو جار جاریش دادەبەزی، دەبینرا کە ڕۆژ ململانێی لەگەڵ تەمدا بوو، نەیدەتوانی لێی بێتە ژوورەوە. هەموو شتێك تەمومژاوییە وەك بڵێیت شانۆیەکی تارمایی بێت و، هەموو شتێکی نوێش نامۆیە. خەڵك لەناکاو لەناو تەمەکەوە دێنە دەرەوەو، لە ناکاویش لەناویدا ون دەبن. لەم کەش و هەوای ئەم بەیانییە زووەدا، گالیسکەیەکی بچووك بە ناوەندی شاردا تێپەڕی دوو جەندرمەی تێدابوو ئەو بەرپرسەیان گرتبوو کە دوێنێ سەرۆکیان بوو.

ئەو بەرپرسەی کە لەپێرێوە لەبارێکی هەڵچوونی و پەرۆشی ئەوتۆدا بوو لەبەر ئەوەی هەستی دەکرد کە هێشتە زیندووەو لە قازووخ نەدراوە، ئەوەی بەبەرچاوی هەمووانەوە سەمای دەکرد، بەدرێژایی ئەو ماوەیە کپ و هێور نەبووبووەوە: هەموو دەمارەکانی دەلەرزین و لەیەك شوێندا ئوقرەی نەدەگرت. هێشتە پێویستییەك ئەشکەنجەی دەدا کە بەرەنگاری نەدەکرا، تا ئەو کاتەی بە خۆی بسەلمێنێت و بە کەسانی دیکە بسەلمێنێت کە ساغەو هیچ ئەزیەتێکی پێ نەگەیشتووەو، هیچی نییەو هیچ زیانێکی پێ نەگەیشتووەو، دەتوانیت بجووڵێتەوە. هەندێك جاریش عابد ئاغای بیر دەکەوتەوە (ئەو یادکردنەوەیە وەك سێبەرێك وابوو شادمانییەکەی داپۆشیبوو)، ئیدی دەچووە ناو بیرکردنەوەیەکی ئازاربەخشەوە. بەڵام لەو کاتەدا هێزو تینێکی نوێ کۆ دەبووەوە، بە هێزێکی ئەوتۆ پاڵی پێوە دەنا کە بەرنگاری نەکرێتەوە تا بجووڵێتەوەو تێك بچێت و وەك هار هەنگاو هەڵهێنێت، بۆیە سەرلەنوێ دەستی بە سەما دەکردو، هەردوو بازووی لێك دوور دەخستەوەو، بە پەنجەکانی چەپڵەی لێ دەداو، وەك سەماکەر بەژنی خۆی دەجووڵاندەوە، بەردەوام بە جووڵەی نوێی بەهێزو لەناکاو دەیسەلماند کە لە قازووخ نەدراوەو، بە هەناسە بڕکێوە شان بە شانی سەماکردنەکە دەیگوت :

ـ ئەوە منم ... ئەوە منم ... چی و چی دەکەم ..

نەیدەویست هیچ خواردنێك بخوات و، لەناکاودا هەموو گفت و گۆیەکی دەبڕی و، سەرلەنوێ دەستی بە سەما دەکردەوەو بە دەنگێك کە لە دەنگی منداڵ دەچوو لەگەڵ هەر جووڵەیەکدا دووپاتی دەکردەوە:

ـ ئەوە منم ... ئەوە منم ..

شەوی ڕابوردوو کاتێك وێرایان بە عابد ئاغا ڕابگەیەنن کە بارودۆخی کاربەدەستەکە بەو ڕادەیە گەیشتووە، بە کورتی و بێ بایەخانە گوتی:

ـ شێتەکە ببەنە (بلیفیێ) و لە ماڵی خۆیدا چوار پەلی ببەستنەوە، بۆ ئەوەی ڕەفتاری گەوجانە لەچوار دەوری شاردا ئەنجام نەدا. ئەو بۆ ئەم جۆرە کارە نەخولقاوە.

چۆنی گوت وایان کرد. سەربازەکانی کاربەدەستەکە ناچار بوون سەرۆکەکەی خۆیان بەو گالیسکەوە ببەستنەوە کە سواری بووە، چونکە نەیتوانیوە هێور ببێتەوە. دەگریاو بەرەنگاریان دەبووەوە. ئەگەر بیتوانیایە بەشێکی لەشی بجووڵێنێتەوە، بەلادا دەکەوت و هاوارێکی لێ بەرز دەبووەوە:

ـ ئەوە منم .. ئەوە منم ..

ئاكام ناچاربوون هەردوو قاچ و هەردوو باڵی شەتەك بدەن، ئەوەندەیان توند بەستەوە تا ڕادەیەك لەناو گالیسکەکەدا قنج ڕاوەستا دەتگوت گونییە گەنمێکە زۆر باش دووراوەتەوە، ئەو کات وای خەیاڵ دەکرد، کاتێك نەیدەتوانی هیچ ببزوێت، کە دەیانەوێت لە قازووخی بدەن، بۆیە دەتلایەوەو بەرەنگاری دەکردو نائومێدانە دەینالاند و هاواری لێ هەڵدەستاو دەیگوت:

ـ من چیم ... من چیم ... جنۆکەکان بگرن .. نا، ئەی عابد ئاغا ...

خەڵکی دوورترین ماڵی شار گوێیان لەو هاوارە بوو، دوای گالیسکەکە کەوتن، بەڵام ئەو تەمەی ڕۆژی شاردبووەوە ئەوەندەی نەبرد گالیسکەکەی لەگەڵ نەخۆشەکەو هەردوو هاوەڵەکەیدا قووت دا.

دەکرا ئەم ڕۆیشتنە لەناکاوەی بەرپرسەکە ترسی زۆرتر بخاتە دڵی خەڵکییەوەو بە گوێی یەکدییاندا دەچرپاند کە ئەو جووتیارەی سزای مەرگی بەسەردا درابوو بێ تاوان بوو، بەرپرسەکە لە مردنی وی بەرپرسیارە. ئافرەتەکانیش، لە گەڕەکی مەیدان، بۆ یەکدیکەیان دەگێڕایەوە کە جنۆکە تەرمی (ڕادیسلاڤ)ی بەستەزمانیان لەژێر تاوێرەکانی (بۆتکۆ)دا ناشتووەو شەو ڕووناکییەکی زۆر لە ئاسمانەوە بەسەر گۆڕەکەیدا دابارییوە: هەزار هەزار مۆمی داگیرساو دەبریسکانەوە، لە شێوەی پۆلێکی دوورو درێژدا کە لە ئاسمانەوە دادەبەزییە سەر زەوی سەمایان دەکرد. ئەوان ئەو دیمەنەیان لە ناو فرمێسکەکانەوە بینی.

خەڵکی بڕوایان بە هەموو جۆرە قسەو قسەڵۆك و پڕوپاگەندەیەك دەکردو لە نێو خۆیاندا بە گوێی یەکدییانەوە دەچرپاند، بەڵام ترس لە هەمووان بەهێزتر بوو. کار لە پردەکەدا خێراو بێ ڕاوەستان و وەستان و بشێوی بەڕێوە دەچوو، دەکرایش تا خوا ئارەزوو بکات بەردەوام بێت، ئەگەر ئەو سەرماو سۆڵە زۆر ساردە نەبووایە کە لە سەرەتای کانوونی یەکەم (دێسەمبەر)دا هەڵیکرد، بۆیە عابد ئاغا وێڕای ئەو هەموو هێزو توانایەی هەیبوو، نەیتوانی بەرەنگاری بکات.

شارەکە بەم کەشە ساردو باهۆزو بەفرە ڕانەهاتبوو کە لە نیوەی یەکەمی مانگی کانوونی یەکەمدا سەریان هەڵدا. سەهۆڵ بەردی بە زەوییەوە دەنووساندو درەختەکانیش دەتەقینەوە. بەفرێکی بلووری کە شت و ئامێرو کوختەکانی دادەپۆشی، دواتر سبەینێ بایەکی توند هەڵدەکردو بۆ شوێنێکی دیکەی هەڵدەگرت و، ناوچەیەکی دیکەی دادەپۆشی. بۆیە کارەکان هەر لەخۆیانەوە ڕاوەستان و، ترسی خەڵکی لە عابد ئاغا کەمتر بووەوەو دواتر بە تەواوەتی نەما. عاباد ئاغا چەند ڕۆژێك بەرگەی گرت، بەڵام دواتر ملکەچ بوو. کرێکارەکانی ناردەوەو کارەکانی ڕاگرت و، ئەو کاتەیش باهۆزێکی توند لەگەڵ گەردەلوولی بەفردا هەڵیکرد بە خۆیشی سواری ئەسپەکەی بوو لەگەڵ دەست و پێوەندەکەیدا ڕۆیشتن. هەمان ڕۆژیش تۆسۆن ئەفەندی بە بەلەمێك لە بەلەمەکانی جووتیارەکان ڕۆیشت، بە پەتۆو نڤینێك خۆی پێچابووەوە کە بە پووش داپۆشرابوو، وەستا ئەنتوانیش بەرەو لایەکی دیکە سەفەری کرد.. حەشاماتی کرێکارە بێگارەکانیش بە گوند و نهالە قووڵەکاندا پەرت بوونەوەو، بێ دەنگ و هەرا بزر بوون، چوون ئاو بە ناخی زەویدا ڕۆچوون، بیناکەیش وەك یارییەکی بەجێ هێڵراو لە شوێنی خۆیدا مایەوە.

عابد ئاغا بەر لەوەی ئۆغر بكات پیاو ماقووڵە توركەكانی گازكردو، لە كاتێكدا غەم و ڕقێكی زۆری پڕ دڵ بوو، ئەوەی پێ گوتن كە پار ساڵ پێی ڕاگەیاندبوون كە هەموو شتێك بەوان ڕادەسپێرێت و، لە هەمووشتێكیشیان بە بەرپرسیار دەزانێت:

ـ من دەڕۆم، بەڵام چاوم لێرەیە. ئاگەدارو وریا بن. ئەگەر بیست سەری یاخیتان كوشتبێت لەوە باشترە چاوپۆشی لە بزربوونی یەك بزمار بكەن كە موڵكی سوڵتانەو، لەسەرەتای بەهاردا دەگەڕێمەوەو، دەبێت سەبارەت بەهەر هەموو شتێك ئاگەدارم بكەنەوە.

پیاوماقووڵەكان چوون پارساڵ پەیمانیان پێ دا، پاشان بڵاوەیان لێ كردو بە غەمباری بەرەو ماڵەكانیان گەڕانەوەو خۆیان بە فەروەو پاڵتۆو شاڵەكانیان پێچابووەوەو، لە دڵی خۆیاندا سوپاسی خوایان كرد كە زستان و گەردەلوولی بەسەر دنیادا سەپاندووەو، بەوەیش سنوورێكی بۆ هێزی بەهێزان داناوە.

بەڵام كاتێك بەهار هاتەوە، عابد ئاغا نەگەیشت، بەڵكو پیاوێكی دیكە گەیشت كە وەزیر متمانەی پێ دەكات، ناوی عارف بەگ بوو، تۆسۆن ئەفەندیش یاوەری بوو، چونكە ئەوەی عابد ئاغا لێی دەترسا ڕووی دابوو، ئەویش ئەوە بوو كە كابرایەك (یەكێك بە تەواوەتی لە بارودۆخەكە ئاگەدارەو هەموو شتێكی لە نزیكەوە بینیوە) زانیاری وردو وشیارانەی لەبارەی ئەو كارانەوە كە عابد ئاغا لە سەر پردەكە ئەنجامیان دەدات بە سەرەك وەزیران ڕاگەیاندووە، وەزیرەكە زانیبووی كە دوو سەد تا سێ سەد كرێكار لەو دوو ساڵەدا بە بێگاری كاریان لە پردەكەدا كردووە، بێ ئەوەی هیچ كرێیەك وەربگرن و، زۆر جاریش لەسەر حسێبی خۆیان خواردنیان خواردووە، لە كاتێكدا عابد ئاغا پارەی وەزیرەكەی بۆ خۆی گل دەدایەوە (بە وردیش ئەو بڕە پارەیەی حسێب كردبوو كە تا ئەو كاتە دەستی بەسەردا گرتبوو)و، وەزیرەكە ئەوەشی زانیبوو كە عابد ئاغا ناپاكی لە ژێر پەردەی حەماسەت و توندوتیژی بێ سنووردا دەشاردەوە، وەك چۆن زۆر جار لە ژیاندا ڕوو دەدات، ئەوەیش وای لەهەموو دانیشتووانی ناوچەكە كردبوو، نەك تەنیا هەر كریستیانەكان، نەفرەت لەو ساتە بكەن دەست بە دروست كردنی ئەو پردە كراو نەفرەت لەو پیاوە بكەن كە فەرمانی دا ئەو پردە دروست بكرێت، لەبری ئەوەی ستایشی ئەم كارە مەزنە خێرخوازییە بكەن. محەمەد پاشایش پیاوێكە بە درێژایی ژیانی خۆی بەگژ دزی و ناپاكی فەرمانبەرەكانیدا دەچوو، ئەم والییە داوای لە بەرپرسەكەی خۆی كرد تەواوی بڕە پارەكە بگێڕێتەوەو دەست بەجێ لەگەڵ ژن و كەنیزەكانی و ئەو بڕە سامانەی ماویەتی لە گوندێكی بچووكی گوندەكانی ئەنادۆڵدا بگیرسێتەوەو، داوای شەفاعەتی هیچ كەسێك نەكات ئەگەر بیەوێت سزایەكی توندتری بەسەردا نەسەپێنرێت.

دوای گەیشتنی عارف بەگ بە دوو ڕۆژ وەستا ئەنتوان لە دەلماسیاوە لەگەڵ یەكەم كارگەردا گەیشت. تۆسۆن ئەفەندی بە پیاوە نوێیەكەی ناساند كە وەزیر متمانەی پێ دەكات، لە ڕۆژێكی خۆرەتاوی فێنك لە ڕۆژانی مانگی نیسان (ئەپریل)دا بە چواردەوری بیناكەدا سووڕانەوەو سەرنجی دیزاینی یەكەمین كارەكانیان كرد، كاتێك عارف بەگ ڕۆیشت و، هەردوو پیاوەكە لەسەر كەنارەكە مانەوە، وەستا ئەنتوان لە دەم و چاوی تۆسۆن ئەفەندی ورد بووەوە، كە وێڕای ئەو ڕۆژە هەتاوییە، خۆی داپۆشیبوو، لەناو پاڵتۆ ڕەشە دەڵپەكەیدا خۆی گرمۆڵە كردبوو، خۆگرمۆڵەكردنێكی تووڕەییانە.

ـ بێ گومان ئەم پیاوە جۆرێکی دیکەیەو زۆر لە عابد ئاغا جیاوازترە. سوپاس بۆ خوا ... بەڵام دەپرسم: کێ بوو ئەوەندە بەجەرگ و بوێر بووە توانیویەتی وەزیر ئاگەدار بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو حەیوانە دەربکات.

تۆسۆن ئەفەندی بەرەو پێشەوەی نواڕی و ، بە دەنگێکی هێور گوتی:

ـ بێ گومان ئەم پیاوە باشترە.

ـ دەبێت ئەو کەسەی بە وەزیری ڕاگەیاندووە پیاوێکە زۆر باش شارەزای شێوازەکانی عابد ئاغایە لە کارکردندا، دەشیتوانی خۆی بگەیەنێتە وەزیرو جێی متمانەی ئەو بێت.

ـ بێ گومان ئەمە باشترە.

تۆسۆن ئەفەندی بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە بێ ئەوەی چاو هەڵبڕێت، لە کاتێکدا زۆرتر خۆی بە پاڵتۆکەیەوە گرمۆڵەکردبوو. بەم شێوەیە کارەکان لەژێر فەرمانی سەرۆکی نوێ عارف بەگدا دەستیان پێکرد.

ئەوی ڕاستی بێت عارف بەگ پیاوێکە زۆر لە عابد ئاغا جیاوازە. پیاوێکی لاق درێژو کەمێك پشت کۆماوو، گوپ خڕو دوو چاوی ڕەشی خەندەیی بوو. ئەوەندەی نەبرد گەل ناوی (باپیرە)یان لێ نا. هاواری نەدەکردو داری هەڵنەدەگرت و وشەی قەبەی گۆ نەدەکردو، کۆششێکی بەرچاوی دەرنەدەخست، تەنیا فەرمانی دەداو لەسەرەوە کارەکانی دەبەشییەوەو دەم بە خەندەو پێکەنین و بێ غەم بوو. بەڵام هیچ شتێکی لێ لە دەست دەرنەدەچوو یان لێی نەدەشارایەوە. ئەویش ئەو کەشە حەماسەتەی هەبوو سەبارەت بەو شتانەی پێوەندییان بە خواستی وەزیرو فەرمانی وەزیرەوە هەبووایە، لەگەڵ یەك جیاوازیدا، کە پیاوێکی هێورو، دروست و، شکۆمەند بوو، شتێکی ئەوتۆی نەبوو لێی بترسێت و شتێکی ئەوتۆیشی نەبوو حەز بکات بیشارێتەوە، بۆیە پێویستی بەوە نەبوو کەسانی دیکە بترسێنێت و، ڕاویان بنێت، کارەکان خێرا بەرێوە دەچوون وەك چۆن پار ساڵ بەرێوە دەچوون (چونکە وەزیرەکە خێرایی دەویست)، هەڵەکانیش زۆر بە توندی سزا دەدران، بەڵام هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کاری بێگاری هەڵوەشێنرایەوە. هەموو کرێکارەکان کرێی خۆیان وەردەگرت و خواردنی خۆیان وەردەگرت کە ئاردو خوێ بوو، هەمووشتێك خێراترو باشتر لە سەردەمی عابد ئاغا بەرێوەچوو. تەنانەت ئەو ئافرەتە شێتە (ئیلینکا) بزر بوو، ئەو زستانە ڕۆیشت بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێك لە هیچ شوێنێك لە دووی خۆی بەجێ بهێڵێت.

بیناکە گەورەترو فرەوانتر دەبوو. خەڵك هەنووکە دەیانتوانی ئەوە ببینن کە ئەو کارە خێرخوازییەی وەزیر ئەنجامی دەدات تەنیا دروستکردنی پردەکە نابێت، بەڵکو خانێکیش دەگرێتەوە، کە ڕێبواران لەوانەی بەسەر پردەکەدا دەپەڕنەوەو لە دوورەوە دێن، شوێنێکی تێدا بۆ خۆیان و بۆ ئەسپ و کاڵاکانیان دەدۆزنەوەو دەستەبەر دەکەن، ئەگەر بێت و لەوێدا شەویان بەسەردا بێت. دروستکردنی خانەکە بە پێی ڕێنوێنییەکانی عارف بەگ دەستی پێکرد. لە دەروازەی گەڕەکی بازرگانی، دوو سەد پێ دوور لە پردەکە، لەوێوە کە هەورازەکە بەرەو گەڕەکی مەیدان دەست پێ دەکات، پێدەشتێکی بەرز هەبوو ڕۆژانی چوارشەممە بازاڕی مەڕو ماڵاتی لێ ڕێك دەخرا. لەوێ لەسەر ئەو پێدەشتە دەست بە دروستکردنی خانە نوێیەکە کرا. کارکردن سست بەرێوە دەچوو، بەڵام مرۆڤ تەنیا بە ورد بوونەوە لە پێکهاتە بەراییەکانی دەیتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە بینایەکی گەورەو بەردەوام و دەوڵەمەند دەبێت و دیزاینەکەی بە قەوارەیەکی گەورە داڕێژراوە.

خەڵکی سەرنجی ئەوەیان نەدەدا کە خانە گەورەکە بێ ڕاوەستان، بەو شێوە سستە، بەرز دەبووەوە، چونکە پتر سەرنجیان لای دروستکردنی پردەکە بوو.
ئەو کارانەی لەسەر ڕووباری درینا ئەنجام دەدران ئێستە ئەوەندە ئاڵۆز بوونە بە شێوەیەك مرۆڤ سەرسوڕهێنەر دەکەن، تەنانەت بێکارەکانی دانیشتووانی شارەکە ئەوانەی لەسەر کەنارەکەوە تەماشای کارەکانیان دەکرد وەك ڕوانییان لە ڕووداوە سروشتییەکان، وایان لێ هاتبوو بەدواداچوونیان بۆ بکەن و لەوە بگەن: چەندین پرد دروست دەکرێن و، لە هەموو لایەکەوە قۆرت هەڵدەکەنرێن و، ڕووبارەکە لق و جۆگەی لێ دەبێتەوەو لە ئاوەڕۆیەکەوە دەچێتە ئاوەڕۆیەکی دیکە. وەستا ئەنتوان لە دەلماسیاوە کرێکاری پسپۆری لەبواری دروستکردنی گوریسدا هێناون و پێشەکی هەموو بەروبوومی (کانابیس Cannabis)[*]ی تەنانەت ناوچە دوورەکانیشی کڕیوە. ئەو پیشەکارانە لە کارگەو وەرشەی تایبەتدا گوریسی زۆر بەهێزو زۆر ئەستوور دروست دەکەن. دارتاشەکانی خەڵکی یۆنانیش سڵنگی لە داردروستکراوی گەورەی پێچکەداریان دروست دەکرد، بەو شێوەیەی کە وەستا ئەنتوان و تۆسۆن ئەفەندی دیزاینیان دەکێشاو ئەو سڵنگانەیان لەسەر کەڵەك دادەناو بەو گوریسانە لەسەر ئەو کەڵەکانەوە قورسترین بەردیان بەرز دەکردەوەو، بۆ ئەستوونەکانیان دەگواستەوە کە یەك لەدوای یەك لەناو ئاوەڕۆی ڕووبارەکەدا بڵندو قوت دەبوونەوە. کاری گواستنەوەی هەر بارستاییەك لەو بارستاییە گەورانە لە کەنارەوە بۆ شوێنەکانیان لە بنەوەی ئەستوونەکە چوار ڕۆژی دەخایاند.
لەبەر ئەوەی خەڵکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژو ساڵ لە دوای ساڵ، ئەوەندە هەموو ئەوەیان بینی ئیدی هەست کردنیان بە بیرۆکەی کات لە دەست داو وایان لێهات لە نیازی دروستکارەکە نەدەگەیشتن ئایە ڕاستە یان نا. وایان دەبینی کە بیناکە بەرەو پێشەوە ناچێت، بەڵکو وایان دەبینی کە پتر بە کاری لاوەکییەوە گیرۆدە دەبێت و دەئاڵۆزکێت و، هەموو ڕۆژێك دوورتر دەبێتەوە لەوەی کە پێویستە ببێتێ. ئەو خەڵکانەی کە کار ناکەن ئەوانن ئاسانتر پشوویان نامێنێت و، لە حوکم دان بەسەر ئەو کارەی کەسانی دیکە دەیکەن تووشی هەڵە دەبن. تورکەکان سەرلەنوێ دەستیان بەوە کرد شان بلەقێنن و دەستیان بجووڵێننەوە وەك ئاماژەیەکی گومان کاتێك سەبارەت بەپردەکە دەپەیڤین. هەرچی کریستیانەکانە ئەوە بێ دەنگ دەبوون. بەڵام کاتێك لە بیناکەیان دەڕوانی بیرۆکەی چەپەڵ بە ناخیاندا دەخولایەوەو ئۆخەییان دەکردو، هیوای شکستییان بۆ دەخواست، وەك چۆن هیوای شکستییان بۆ هەموو پرۆژەیەکی تورکان دەخواست. لەو ماوەیەدا سەرۆکی دێری (بانیا) کە لە تەنیشتی شارۆچکەی (بریبۆی)ەوە بوو، لە دوایەمین لاپەڕەی سپی کتێبی پیرۆزەکەیدا ئەم دێڕانەی نووسیوە (دەبێت ئەوە بزانرێت لەو سەردەمەی کە محەمەد پاشا پردێکی لەسەر ڕووباری درینا دروست، توندو تیژییەکی توند بەرانبەر بە گەلی کریستیان لەلایەن ئاغاکانەوە بەکارهێنراو، گەل کاری بێگاری پێ کرا. پیشەکارانیان لە دەریاوە هێنا. لە ماوەی چەندین ساڵدا خەریکی بنیاتنان بوون و، بێ هوودە پارەیەکی زۆر بەفیڕۆ دراو، ڕووبارەکەیان کردە دوو سێ بەشەوە، بەڵام نەیانتوانی پردەکە دروست بکەن).

ساڵان تێدەپەڕن و، وەرزەکانی هاوین و پاییزو زستان و بەهار یەك بە دوای یەکدا دێن و، پیشەکاران و کرێکاران دەڕۆنەوەو دێنەوە. هەنووکە ڕووباری درینا بە گومەز داپۆشراوە، گومەزی پردەکە نا بەڵکو گومەزی ئەم ئەسکەلە دارینانەی کە لە تۆڕێکی سەیری ئاڵۆزکاوی مێخ و تەختەداری سنەوبەر دەچن. لە هەردوو لاوەیش سڵنگی بەرزی لە تەختە دروستکراو دەلەرێنەوە، کە توند بەسەر کەڵەکەوە بەستراونەتەوە. لە هەردوو کەناری ڕووبارەکەشەوە دووکەڵی ئاگر بەرز دەبێتەوە کە قوڕقۆشمی لەسەر دەتوێنرێتەوە، دواتریش دەکرێتە ناو کونی کاشییەکان و بەردەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، بەستنەوەیەك کە نابینرێت.

لە کۆتایی سێیەمین ساڵدا ڕووداوێك لەو ڕووداوە ڕەشانە ڕووی دا کە بە دەگمەن لە بینایەکی گەورەدا ڕوونادەن. خەریك بوو لە دروستکردنی ئەستوونی ناوەندی دەبوونەوە کە کەمێك بەرزترەو، لە سەرەوە لە ئەستوونەکانی دیکە پانترە، لەبەر ئەوەی (کابیا)کەی لەسەر دادەنرێت. کرێکارەکان بە دەوری بارستاییە درێژە زەبەلاحەکەدا دەهاتن و دەچوون و هەراو هوریایان بوو کە بەسەر سەریانەوە هەڵواسرا بوو، بە پەت و گوریسی ئەستوور بەسترابووەوە. سڵنگەکەیش نەیدەتوانی بە تەواوەتی بۆ شوێنەکەی خۆی بەرزی بکاتەوە. بۆیە قوڵەڕەشەکە، یاریدەدەری ئەنتوان ڕای کرد، کە پشووی لێ بڕابوو، بە تووڕەییەوە دەستی بە هاوار هاوار کرد (بەو زمانە سەیرەی کە ساڵ لەدوای ساڵ لەناو ئەو خەڵکەدا دروست ببوو کە بە ڕەچەڵەك خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهانن) خێرا فەرمانی بەوانە دەدا کە سڵنگەکەیان لەژێر ئاوەکەوە دەجووڵاندەوە، لەو کاتەدا پەتەکان دەپچڕێن و یەکەم بارستایی بەردەکە بە گۆشەیەك لە گۆشەکانی و دووەم  بە هەموو قورسایی خۆی کەوتە سەر قوڵەڕەشەکەدا کە لەبەر هەڵچوون و تووڕەیی خۆی ئاگەی لەسەرەوە نەبوو بەڵکو تەماشای ناو ئاوەکەی دەکرد. لە شتە موعجیزەکان ئەوەبوو کە بەردەکە کەوتە ئەو شوێنەی کە دەبوو لێی دابنرێت بەڵام لەکاتی کەوتنە خوارەوەیدا قوڵەڕەشەکەی لەگەڵ خۆدا ڕاپێچا، بۆیە بەشی خوارەوەی جەستەی وردوخاش و بەژێرەوە کرد. هەموو خەڵك دەستیان بە ڕاکردن و هاوارکردن و داوای یارمەتیدان کرد. وەستا ئەنتوان دوای پێنج دەقە گەیشت. قوڵەڕەشە لاوەکە سەرەتا بووڕایەوەو دواتر بە هۆشی خۆی هاتەوە، دەیناڵاندو ددانەکانی نووقابوون و نائومێدی و ترس بە ڕوخسارییەوە دەردەکەوت و لە چاوەکانی وەستا (ئەنتوان)ی دەڕوانی .

وەستا (ئەنتوان)یش، کە برۆکانی وێك چووبوونەوەو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، فەرمانی بە کرێکارەکان دەدا گرد ببنەوەو ئامێرەکانیان هەڵگرن و بەردەکە لادەن. بەڵام هەر هەموو ئەوە هیچ سوودێکیان نەبوو، چونکە ئەوەندەی نەبرد شەڵاڵەی خوێن فیشقەی کردو لاوەکەی خوێناوی کرد، تا دەهات هەناسەی دەپچڕاو، لێڵایی بەر چاوانی دەگرت. تا دوای نیو سەعات ، لە کاتێکدا دەستی لە ناو دەستی وەستا (ئەنتوان)دا بوو بە جووڵەیەکی گرژ توندی دەگوشی، گیانی دەرچوو.

بە خاك سپاردنی قوڵەڕەشەکە ڕووداوێکی شکۆدارانە بوو خەڵکی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە یادیان نەدەچوو. هەموو موسوڵمانەکان بەشداری بەخاك سپاردنیان کرد، هەر یەکەیان پێچووکەیەك شانیان دەدایە ژێر ئەو دارە تەرمە، کە نیوەی سەرەوەی جەستەی لاوەکەی تێدابوو، چونکە پاشماوەی جەستەی لەژێر تاوێرەکەدا مابووەوە. وەستا ئەنتوان پەیکەرێکی جوانی لەسەر گۆڕەکەی لە خودی بەردی پردەکە دروست

کردبوو، بۆ مردنی ئەو لاوە زۆر پەرێشان بووبوو کە بە منداڵی لە شارۆچکەی (ئاوڵتسیگنە) لەچنگی نەداری قوتاری کردبوو، ئەو شارۆچکەیەی ژمارەیەك تیرەی قوڵەڕەشەکانی لێ دەژیان کە ڕێکەوت بۆ ئەوێی هێنابوون. لێ کارەکە یەك ساتیش ڕانەوەستا.

سەرمای زستانی ئەو ساڵەو ساڵی دواتریش ئەوەندە سەخت نەبوو، تا ڕادەیەك توانرا کار تا نیوەی مانگی کانوونی یەکەم بەردەوام بێت. کە پێنجەمین ساڵ داهات دەستیان بە کردنەوەو لادانی ئەو پاشەرۆکە پەرتەی تەختەدارو بەردو ئامرازو هەموو جۆرە کەرەستەکان کرد.

لە پێدەشتە بڵندەکەیش، لە تەنیشت ئەو ڕێگەوە کە دەچێتە ناو مەیدانەوە، لەو کاتەوە خانە نوێیەکە قیت ڕاوەستابوو، هیچ ئەسکەلەیەك نەیبەستبووەوە. بینایەکی گەورەی یەك نهۆمی بوو، لە خودی بەردی پردەکە دروست کرابوو. هێشتە لە ناوەو لە دەرەوە، کاریان لەخانەکەدا دەکرد، بەڵام مرۆڤ لەو کاتەوە دەیتوانی مەزەندە بکات تا چ ڕادەیەك ئەوەی بنیات نراوە لە هەموو ئەو شتانەی لە شاردا هەن و مەزەندە دەکرێن باڵاترە، بە جوانی هێڵەکانی و لەگەڵ یەکدی گونجانیان و توندو پتەوی ئەو کەرەستانەی پێیان دروست کراوە. ئەم تەلارە کە بە بەردێکی بریقەداری مەیلەو زەرد بیناکراوەو، بە قرمیدێکی سووری تاریك سەری گیراوەو، ڕیزێك پەنجەرەی جوانی بۆ دروست کراوە، بەلای دانیشتووانەوە بینایەك بوو، کەس لەوەوبەر هیچی لەبارەی چەشنی ئەو بینایەوە نەبیستبێت، بینایەك ئەوەندە گەورەو مەزن بە چەشنێك کەس بڕوا بەو گەورەیی و مەزنییەی نەکات و، لەمەودوا دەبێتە بەشێك لە ژیانیان و تەواوکەری ژیانیان. وایان دەزانی ئەو بینایە، کە وەزیرێك دروستی کردووە، کەسی دیکەی لێ نیشتەجێ نابێت، وەزیران نەبێت. بینایەکە ئەوەند ڕێك و پێك و دەوڵەمەندو جوان و ڕازاوە بوو، ئەوەندەی سەرسام کردبوون چووبووە دڵیانەوە.

هەمان کات ئەو بارستاییەی کە شێوەی نییەو لە مێخ و تەختەداری بەناو یەکدا چووی سەر ڕووبارەکە پێکهاتووە، بچووکتر دەبووەوەو خەڵکی ئەگەر لە لایەکەوە تەماشایان بکردایە دەیانتوانی زۆر بە ڕوونی ئەو پردە ڕاستەقینەیە ببینن کە بە بەردە جوانەکانی بانیا دروست کراوە. کە هێشتە کرێکارەکان، تاك تاك و، گرووپ گرووپ، لە کارەکانیان بەردەوام بوون کە تا ئەو کاتەیش بەلای هەندێکەوە هەر بە شتێکی بێ نرخ و بێ سوود تەماشا دەکرا کە هیچ شتێك پێکەوەیان نەبەستێتەوە، کەچی لە ئێستەوە، تەنانەت لە بۆچوونی ئەو خەڵکەوە هیچ بڕوایان نەدەکرد، بووەتە شتێکی تەواوو بە هەر هەموویەوە بووەتە پردێکی وێنە دەگمەن و نەخشە جوان، لە ئاکامی هەر بەشێك لە بەشەکانی هەموو ئەو کارە تاکانەوە هاتووەتە دی. کە یەکەمین جار تاقەکانی دەرکەوتن، کورتترین و بچووکترین و نزیکترینیان لە کەنارەوە، ئەوانی دیکەیش یەك لە دوای یەك دەردەکەوتن، تا دوایەمین تاقیان دەرکەوت بۆیە هەر هەموو ئەسکەلەکان لادران و، ئیدی پردەکە زۆر جوان بەسەر هەر یازدە پایە بەهێزەکەیەوە، وەك دیمەنێکی نوێی سەرسوڕهێنەر دەرکەوت، سەرنجی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا.

دانیشتووانی فیشیگراد خەڵکانێکن زوو هزرە چاکەکان وەردەگرن وەك چۆن زوویش لە هزرە خراپەکان دەگەن، ئەوەندەی نەبرد لەو گومانانە پەشیمان بوونەوە کە لایان دروست ببوون. ئیستەیش وایان لێهاتووە هەوڵ نادەن سەرسوڕمانی خۆیان ڤەشێرن و نەیش جلەوی حەماسەتیان ڕاگرن. هێشتە ڕێ نەدرابوو کەس

بەسەر پردەکەدا تێپەڕێت، بەڵام خەڵك لە سەر هەردوو کەنارەکە گرد دەبوونەوە، بە تایبەتی کەناری لای ڕاست، کە گەڕەکی بازرگانی و بەشی هەرە گەورەی شارەکەی کەوتووەتێ، تەماشای ئەو کرێکارانەیان دەکرد کە بەسەر پردەکەدا تێدەپڕین و بەردەکانیان لەسەر شۆستەو لە سەر تەختەکانی سەر کابیاکە لووس دەکرد... تورکەکانی فیشیگراد دەیانڕوانییە ئەو کارەی کە کەسانی دیکە ئەنجامیان داوەو بە پارەی کەسانی دیکە دروست کراوە، کە لە ماوەی پێنج ساڵدا، بە ئارەزووی خۆیان ناویان لێ دەناو، لەو ماوەیەدا پێشبینی خراپترین چارەنووسیان بۆ دەکرد. یەکێکیان، کە خەواجەیەکی کورتە بنەی خەڵکی (دوشچێ) بوو، بە هەڵچوونێکی گوشادو خۆشنوودەوە گوتی:

ـ بە درێژایی ئەو ماوەیە پێم دەگوتن هیچ شتێك نییە سوڵتان نەتوانێت نەیکات و ئەو خەڵکە زیرەکانە ئەو شتە بینا دەکەن کە دەیانەوێت بینای بکەن، ئێوەیش وەڵامتان دەدامەوەو دەتانگوت: پردەکە دروست ناکەن و ناشتوانن دروستی بکەن. ئێستە بنۆڕن چۆن دروستیان کرد، بنۆڕن چەند جوان و چەند باشە!

خەڵکی لەگەڵ قسەکانی وی بوون، ئەگەرچی قسەکانی وییان لە یاد نییە، بەڵام ئەوەیان باش دەزانی کە گاڵتەی بە پردەکەو بەو کەسانە دەهات کە دروستیان دەکرد وەك چۆن ئەوانیش گاڵتەیان پێ دەهات.

شادییەکی ڕاستگۆیانە دەروونی تەنیبوونەوەو هەر دەیانگوت و دەیانگوتەوە:

ـ خەڵکینە ئەمە چییە لە شارەکەماندا دامەزراوە!...

ـ ئایە تواناو زیرەکی وەزیرت بۆ دەرکەوت؟ وەزیر تەماشای هەر شوێنێك بکات کارێکی چاکەی لێ بەرز دەبێتەوەو، شادومانی ڕوو لەو ناوە دەکات.

خەواجە کورتە بنە ڕووخۆش و شادومانەکە لەسەری دەڕوات و دەڵێت:

ـ هەموو ئەوەی تا ئێستە دەیبینن هەر هیچ نییە. تەماشاکەن چۆن وەك ئەسپێك بۆ نواندن و نمایش بیڕازێننەوە، ساف و لووسی دەکەن و دەیڕازێننەوە.

بەم شێوەیە لە پیشاندانی حەماسەتدا کێبەرکێیان دەکردو بە دوای ڕاستەقینەترین و جوانترین و بەهێزترین وشەگەلی ستایش و پێداهەڵداندا دەگەڕان. کەس نەمابوو تەنیا پیاوێك نەبێت بە ڕوانینێکی سووکەوە تەماشای بیناکەو ئەوانەی دەکرد کە پێیاندا هەڵدەدا. ئەویش ئەحمەد ئاغا شیتا بوو، کە گەورە بازرگانێکی گەنمە، پیاوێکی درێژی دەروون ڕژدو ڕەزیل، ڕەنگ زەردو وشك و چاوڕەش و بیناتیژو لێو تەنك وەك بڵێیت هەردوو لێوی پێکەوە نووساون. لەبەر هەتاوی ئەو ڕۆژە جوانەی ڕۆژانی ئەیلوولدا دەیڕوانی و لەسەر بیرو ڕاکانی پێشتری خۆی سووربوو، لێیان پاشگەز نەدەبووەوە (چونکە هەندێك کەس هەن بێ هیچ هۆو هۆکارێك جۆرە ڕکبوونەوەیەکیان لەدڵدایە، لەهەموو ئەو شتانە گەورەترو بەهێزترە کە کەسانی دیکە دەتوانن دروستیان بکەن و دایان بهێنن)، ئەگەر گوێی لەو کەسانە بوایە بە حەماسەتەوە بە مەزنیەتی و پتەوی پردەکەیاندا هەڵدەداو، دەیانگوت لە هەموو قەڵایەك بەهێزترە، گاڵتەی دەهاتێ و دەیگوت:

ـ لافاو نەبێت ... ئەو لافاوە ڕاستەقینەی کە فیشیگراد دەیناسێت... چاوەڕوان بن ... دەبینن چی لە پردەکە دەمێنێتەوە کاتێك لافاو دێت.

به ناخۆشییەوە مشت و مڕیان لەگەڵ دەکردو، بیرو ڕاکانیان ڕەت دەکردەوەو، ستایشی ئەوانەیان دەکرد لە پردەکە کاریان دەکرد، بەتایبەتی عارف بەگ کە ئەم بینا گەورەو جوانەی دروست کرد، کە بزەی دەهاتێ ئەو بزە جوان و دلێرانە، وەك بڵێیت یاری بکات ... بەڵام شیتا لەسەر ئەوە سوور بوو ڕای هیچ کەسێك بە دروست نەزانێت:

ـ بەڵام پرسیارتان لێ دەکەم: ئەم خەسێنراوە دەیتوانی بە بزەی سەر لێوی پردەکە دروست بکات و، پشتی لێ کردبێتەوە، ئەگەر عابد ئاغاو تووڵە سەوزەکەی دەستی و، سستەمە ڕێك و پێك و ستەم و زوڵم و زۆرەکەی نەبووایە؟

حەماسەتی خەڵکەکە ئەوەندەی دیکە تووڕەی کرد وەك بڵێیت سووکایەتی بەو بکەن، بە تووڕەییەوە چووە دوکانەکەیەوە کە هەموو ڕۆژێکی لێ دادەنیشێت، نە هەتاوو نە پردەکەیش نابینێت و، دەنگ و هەراو هوریای ئەو خەڵکە بە حەماسەتەیش نابیسێت.

بەڵام شیتا حەڵەتێکی دەگمەن و تەنێیە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆشی و حەماسەت تا دێت پەرە دەستێنن و، گوندەکانی دەورو بەر دەتەنێتەوە. تا سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم داهات، عارف بەگ ئاهەنگێکی فرەوانی بەبۆنەی کۆتایی هاتنی دروستکردنی پردەکەوە ساز کرد، ئەم پیاوەی کە جم و جووڵ و هەڵس و کەوتەکانی بە ئۆرستوکراتی ناوزەد دەکرێت و، دڵڕەقییەکەیشی وا باس دەکرێت کە پەنهان و شاراوەیەو، هەموو ئەو پارەیەی خرابوونە ژێر دەستییەوە بۆ ئەو مەبەستانە خەرج کردووە کە وەزیر دەستنیشانی کردوون، بێ ئەوەی هیچی بۆ خۆی لێ گل بداتەوە، بەلای خەڵکەوە لەهەر هەموو بابەتەکە گرنگترین کەس بوو، تەنانەت زۆرتر ناوی ئەویان دەهێنا وەك ئەوەی ناوی خودی وەزیرەکە بێنن. بەو شێوەیە ئەو ئاهەنگەی سەرپەرشتی ڕێکخستنی کردبوو زۆر دەوڵەمەندو ڕازاوەو مەزن و پایەدار بوو.

چاودێرو کرێکارەکان دیارییان وەرگرت کە پارەو جل و بەرگ بوو، خوانێکی گشتیش ڕێکخرا دوو ڕۆژی خایاند، هەموو کەسێکی تێدا بەشدار بوو لەوانەی ئارەزووی بەشداری کردنیان کرد. خەڵکی نانیان خواردو خواردیانەوەو بۆ ڕێز لێ گرتنی وەزیریش میوزیکیان ژەندو سەمایان کردو گۆرانییان چڕی و پێشبڕکێی ئەسپ سواری و ڕاکردنیان ڕێکخست و، لە گۆڕەپانی بازاڕەکەش کە نێوان پردەکەو ناوەندی شار پێکەوە دەبەستێتەوە، بە مەنجەڵ حەلوایان لێ دەناو بە گەرمی بەسەر گەلدا دەبەشرایەوە، تەنانەت ئەوانەیش دەیانخوارد کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە جەژنەکاندا تامیان نەکردووە. ئەو شیرینییە دەگەیشتە گوندەکانی دەورو بەری شارەکە، هەر کەسێك تامی بکردایە لەخوا دەپاڕایەوە تەمەنی وەزیر درێژ بکات و تەندروستی پێ ببەخشێت و، تەمەن درێژیش بەو کەسە ببەخشێت کە دروستی کردووە. منداڵانی وایش هەبوون جار لە دوای جار دەگەڕانەوە سەر مەنجەڵەکان تا حەلوا لێ نەرەکان دەیانناسینەوەو بە کەوگیرەکانیان ڕاویان دەنان و ئەوانیش هەڵدەهاتن. بۆیە منداڵە قەرەجێك ئەوەندە حەلوای گەرمی خواردبوو، مرد.

ئەم ڕووداوانە لە یادی خەڵکیدا چەسپابوون، بۆیە دەیانگێڕایەوە وەك چۆن سەرگوزەشتەیان لە بارەی دامەزراندنی پردەکەوە دەگێڕایەوە، بە تایبەتی وێ دەچوو وەزیرە بەرچاو تێرو دەست بڵاوەکان و بریکارە دەستپاکەکان لە سەدەکانی دواتردا بزربووبن و، ئەم جۆرە ئاهەنگانە بووەتە شتێکی دەگمەن و دواتریش بە

تەواوەتی نەماوەو، وەك ئەو ئەفسانانەیان لێهاتووە کە لەبارەی جنۆکەو ستۆیاو ئوستۆیاوە دەگێڕرانەوە، کە لە موعجیزە دەچن.

لەو ئاهەنگانەدا، بەگشتی لە یەکەمین ڕۆژەکانیدا، خەڵك چەندین جار بەسەر پردەکەدا پەڕینەوە لەم بەرەوە بۆ ئەو بەر. منداڵەکان بە ڕاکردن بەسەریدا دەپەڕینەوەو پیاوەکانیش لەسەرخۆ بە سەریدا دەڕۆیشتن و قسەیان دەکرد یان لە ئاسۆ نوێیەکانیان دەڕوانی کە لە هەموو شوێنێکەوە تەماشایان دەکرد. ناتواناو شێواوو شەل و پەککەوتەکانیش بە کەژاوەو بەسەر شان دەگوێزرانەوە، چونکە کەس نەبوو بیەوێت لە بەشداریکردن لەم ڕووداوە مەزنەدا ئەو ئاهەنگەی لەدەست دەربچێت و واز لەو بەشەی خۆی بهێنێت. پلەو پایە نزمترین خەڵکی شارەکەیش هەستیان بەوە کرد کە لەناکاودا وزەو تواناییان دوو چەندان بووەو، هێزی زۆرتریان وەبەر هاتووە، وەك بڵێیت کارێکی نەبەردی لە کارە نەبەردییە پەرجووەکان کە لە توانای مرۆڤ بەهێزترە لە تواناو سنووری ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگی داوەتەوە، وەك بڵێیت لەناکاودا ئۆرگانێکی نوێیان دۆزیبێتەتەوە، جگە لەو ئۆرگانانەی کە تا ئەو کاتە دەیانزانی، مەبەستم زەوی و ئاوو ئاسمانە، وەك ئەوەی لە ناکاودا بەم کارە خێرخوازییە کە مرۆڤێك ئەنجامی داوە ئاواتێکی قووڵ لە ئاواتەکانی هەموو خەڵك یان هەر تاکێك لە تاکەکان بەدی هاتبێت، ئەو خەونە کۆنەی لەو کاتەوە مرۆڤ پەیدابووە بیری لێ دەکاتەوە: ئەویش ئەوەیە کە بەسەر ئاودا بڕۆن و کۆنترۆڵی بۆشایی ئاسمان بکەن.

لاوە تورکەکان سەمای کۆلۆیان بە چوار دەوری مەنجەڵە حەلواکاندا دەکرد، پاشان بە سەماکردن بەرەو پردەکە دەڕۆیشتن، لەوێ وایان دەزانی بە ئاسماندا دەفڕن و بەسەر عەرددا ناڕۆن، دواتر ئەڵقەیەکیان لەناو کابیادا پێك دەهێناو، لەوێ بە بابووجەکانیان لە عەردو لە کاشییە نوێیەکانیان دەدا وەك بڵێیت پتەوی پردەکە تاقی بکەنەوە. منداڵەکانیش، لەچوار دەوری ئەو ئەڵقەی سەماکردنە بازنەییەی لەم جەستە لاوانە پێکهاتووە کە بە یەك ڕیتم و بێ ماندوو بوون هەڵدەپەڕین، لە دەوری لاوەکان گردبووبوونەوەو سەمایان دەکردو دزەیان دەکردو بە ناو لاقیاندا ڕایان دەکرد کە هەڵپەڕکێ ورووژاندبوونی، وەك بڵێیت لە بەربەستێکی جووڵاوەوە دزە دەکەن و، بۆ یەکەمین جار لە ژیانیاندا لەناوەندی ئەڵقەکەدا ڕادەوەستن، لەسەر ئەو پردەی کە ماوەی چەند ساڵە ل خەڵك دەبیسن قسەی لەبارەوە دەکەن، لەسەر ئەو کابیایەی ئەو قوڵەڕەشەبەستەزمانەی لەژێردا نێژراوە، ئەوەی شەوانە تارماییەکەی دەردەکەوت.

منداڵەکان لە کاتێکدا چێژیان لە هەڵپەرکێی لاوەکان وەردەگرت، هێشتە هەستیان بەو ترسە دەکرد کە قوڵەڕەشەکە لەماوەی ژیان و لە کاتی کارکردن لەپردەکەدا لە دەروونی منداڵەکانی شارەکەدا دروستی کردبوو.

کە لەسەر ئەم پردە بەرزە نوێیە نایابە بوون، وایان بە خەیاڵدا دەهات، لەمێژە دایکیان و ماڵەکانیان بەجێ هێشتووە، ئەوانەی تێیاندا لەدایك بوونەو، لە جیهانی پیاوە قوڵەڕەشەکان و تەلارە سەیرەکان و هەڵپەرکێ دەگمەنەکاندا وێڵ و سەرگەردانن. لە ترساندا دەلەرزین، بەڵام نەیاندەتوانی لە وێنەی قوڵە ڕەشەکە قوتاریان ببێت و خۆیان دەستبەرداری سەمای سۆلۆی بازنەیی سەر کابیا نایابەکە بکەن. هیچ شتێکیش سەرنجی ڕانەدەکێشان مەگەر ڕوودانی موعجیزەیەکی نوێ نەبوایە....

ئەمەیش لاوێکی گێلەو، سەر بە تیرەیەك لە تیرەی ئاغاکان (ئەویش تیرەی وتفەرتکۆڤیچە کە خەڵکی شارەکە گاڵتەی زۆری پێ دەکەن) ناوی مورادەو بە کەڕ ناوەزەدی دەکەن، ئەوەتە لەناکاو بە شوورەی پردەکەدا هەڵدەزنێت، ئیدی منداڵان دەقیژێنن و ، پیاوە گەورەکان بە واق وڕماوی و ترسەوە هاوار دەکەن، کەچی لاوە گێلەکە وەك سیحر لێکراو بەسەر بەردە تەسکەکاندا دەڕوات و، هەردوو باڵی لێك دوور خستوونەتەوەو سەریشی بەرەو دواوە بەرز کردووەتەوە، هەردوو پێی یەك لە پێش یەکدی داناوە، وەك بڵێیت هەست ناکات لەسەر ئاوەکەو کونەکەیە، وەك بڵێیت بەشداری جوانترین سەما بکات و لە تەنیشتییەوە ژمارەیەك منداڵی چەتۆن و بێ کار ڕێ دەکەن و هانی دەدەن لە ڕێ کردن بەردەوام بێت. لەو سەری پردەکەوە عەلی ئاغای برای چاوەڕێی دەکرد، کە دواتر فەلاقەیەکی کرد وەك چۆن منداڵێکی بچووك فەلاقە بکرێت.

زۆر کەس نیو کاتژمێر بەرەو ئاستی ڕووبارەکە ڕێیان دەکرد، تا دەگەیشتنە (کالانا) یان (میزالینۆ)، تا لەوێوە لەم پردە بڕوانن، کە بەخۆی و هەر یازدە تاقەکانییەوە، کە لە درێژیدا وەك یەك نەبوون، لەبەر چاویان سپییەکی کاڵ دەچووەوە، وەك بڵێیت بەسەر ئاوەکەوە لە نێوان تەپۆڵکە سەوزەکاندا نەقشێکی ڕازاوەیە.

لەو ماوەیەدا تابلۆیەکی گەورەی سپییان هێنا کە هەندێك دەربڕینی لەسەر نووسرابوو، تابلۆکە بەقەد دیوارە بەردینەکەوە داکوترا، کە سوور دەچێتەوەو سێ گەز لە شوورەی پردەکە بەرزتر ترە.

خەڵکی ماوەیەکی دوورو درێژ لە دەوری دەربڕینە ڕازێنراوەکان گرد دەبوونەوەو لێیان ڕادەمان، تا پیاوێکی ئایینی یان لاوێکی نەختێك خوێندەوار دەهات و، هەر چۆنێك بووایە بەرانبەر بە کووپێك قاوە یان لووزێك کاڵەك و شووتی یان لە ڕێی خوادا ئەو نووسینانەی بۆ دەخوێندنەوە.

لەم ڕۆژانەدا ئەو دەربڕینە ڕازێنراوانە سەد جار پیت پیت خوێنرانەوە. ئەوانە چەند دێڕە هۆنراوەیەکن هۆنەرێکی خەڵکی کوستەنتینییە هۆنیویەتییەوە ناوی (بەدیع)ە، تێیاندا ئاماژە بە ناوو ڕەچەڵەك و نازناوی ئەو کەسە کراوە کە پردەکەی بینا کردووە، هەروەها ئەو ساڵە پڕ کامەرانییەی پردەکەی تێدا دروست کراوە، کە ساڵی (979)ی کۆچی، واتە ساڵی (1571)ی زایینییە. ئەم (بەدیع)ە هۆنراوەی سووك و ئاوازداری بەرانبەر بە پارەی قورس و زرنگەدار دەهۆنییەوە، دەشیزانی چۆن چۆنی بەسەر دەستڕۆیشتووەکانی ئەم جیهانەیدا بسەپێنێت کە تەلاری مەزنیان دروست دەکرد یان نۆژەن یان چاکیان دەکردەوە. ئەوانەیش کە دەیناسن (ئەوانە کەمێك ئێرەی پێ دەبەن) بە گاڵتەجاڕییەوە دەیانگوت: گومەزی ئاسمان تەنیا شوێنێکە کە تا هەنووکە وتەی بە خامەی ئەوی لەسەر نەڕازێنراوەتەوە، بەڵام (بەدیع) وێڕای ئەو هەموو بەخششە زۆرەی کە دەستی دەکەوتن، ئیبلیسێکی نائومێدو پەڕپووت و برسی بوو، بەردەوام لەگەڵ ئەو نەدارییە تایبەتەدا ململانێی بوو کە زۆر جار وەك نەفرەتێکی دەگمەن دەستبەرداری یاخەی شاعیران نەدەبوو، کە هیچ چاکەو بەخششێك نەیدەتوانی دووری بخاتەوە.

بە هۆی لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری لە ڕیزی دانیشتووانی وڵاتەکەمان و، بە هۆی کەللە ڕەقی و ئەندێشە تیژییانەوە، هەر کۆڵکە خوێندەوارێکی شارەکە بە ئارەزووی خۆی هۆنراوەکانی (بەدیع)ی دەخوێندەوەو، بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی ڕاڤەی دەکرد. ئەوەی پێوەندی بەم قسە ڕازێنراوەی سەر تابلۆکەوە هەبێت وەك

هەر دەقێکی دیکە وایە. هەرکە بخرێتە بەردەم خەڵکی ئەوە لەسەر بەردە نەمرەکە هەر بە نەمری دەمێنێتەوە، هەموو چاوێك دەیبینێت و هەموو خەڵك دەیخوێنێتەوەو هەموو خەڵك لێکی دەدەنەوە، چ ئاقڵ بن چ شێت، چ نیاز خراپ چ نیازپاك. هەر یەکە لە بیسەران ئەو دێڕە هۆنراوەی ئەزبەر دەکرد لەگەڵ بیستن و، ڕەفتارو ڕەوشتیدا دەگونجێت. بەم شێوەیە ئەوەی لەسەر بەردە ڕەقەکە هەڵکۆڵرابوو، بەبەرچاوی خەڵکییەوە بوو، زارەکان بە شێوەی جۆراوجۆر دەیانگوێزایەوەو، زۆر جاریش بەسەر ئەو زارانەوە دەگۆڕا، تەنانەت تا ڕادەیەکی سەیریش دەشێوێنرا...

دەقە هەڵکۆڵراوەکە ئەمەی خوارەوە بوو: (ئەمە محەمەد پاشایە، مەزنترین و دادوەرترین فەرمانڕوا لە سەردەمی خۆیدا. ئەوەتە ئەو بەڵێنەی بەدی هێنا کە بە خۆی دابوو، بۆیە بە ڕەنج و کۆششی خۆی ئەم پردەی لەسەر ڕووباری درینا دروست کرد. لەسەر ئەم ڕووبارە قووڵ و خێرایە کەسانی پێش ئەو نەیانتوانی هیچ شتێك بکەن. لە یەزدان داواکارم بینایەکەی بەهێزو پتەو بێت و، پۆشاکی شادومانی بپۆشێت و غەمیش پەی بە دڵی نەبات، چونکە بە درێژایی ژیانی زیوو زێڕی لە پێناوی چاکەخوازیدا خەرج کردووە. کەسیش نییە بتوانێت بڵێت ئەو پارەیەی لەم بوارانەدا خەرج دەکرێن هەر وا بە خۆڕایی دەچن. (بەدیع) کە هەموو ئەوەی بینیوە، ئەم هۆنراوەیەی هۆنیوەتەوە کاتێك بینای پردەکە تەواو بووە. خوا ئەم بینایە پایەدار بکات کە لە جوانیدا دەگمەنەو وێنەی نییە).

ئاکام گەل لە سەرسوڕمان تێربوو، تەنیا بەسەر پردەکەدا دەهاتن و دەچوون و، لە گوێ گرتن لەهۆنراوە ڕازێنراوەکانی سەر تاوێرەکە بێزار بوون. پردەکە کە لە سەرەتای دروستکردنییەوە سەرسوڕهێنەرێك بوو لەسەرسوڕهێنەرەکان، ئێستە چووەتە ناو ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵکەوە، خێراو بێ گوێ پێدان و واق وڕماو بەسەریدا دەپەڕنەوە، هەروەها ئەو ئاوە تافەی بە ژێریدا دەڕوات، وەك بڵێیت پردەکە یەکێکە لەو ڕێگە بێ شومارانەی کە بەخۆیان و چارەواکانیان بە پێ دروستیان کردوون. تابلۆکەی سەرووی دیوارەکەیش، وەك هەر بەردێکی دیکەی لەم جۆرە بێ دەنگ بوو. ئەو ڕێگەیەی لە کەناری چەپەوەیە ئێستە بە ڕێگە بچووکەکەی پێدەشتە بەرزەکەی کەناری ئەو بەرەوە بەستراوەتەوە. بەلەمە ڕەشە پەڕپووتەکەو خاوەنە سەیرەکەشی شوێن بزر بوون. لە قووڵاییدا لە ژێر دوایەمین پایەو تاقی پردەکەیشدا هەندێك تاوێرو بەردو لم مانەوەو، دوو کەناری نشێوو بەرەو خوارکەیش مانەوە، خەڵك لەسەردەمی کۆندا زۆر زەحمەت لێیانەوە سەردەکەوتن و دادەبەزین، بە زەحمەتیش چاوەڕێیان دەکردو، بێ هوودە لەم کەنارەوە بۆ ئەو کەنار بانگیان دەکرد. هەموو ئەمە، لەگەڵ ڕووبارە تیژەکەدا، ئێستە بە شێوەیەك لێی دەپەڕنەوە لە ئافسانە بچێت. لەسەرەوە، لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، خەڵك وایان لێهاتووە بە پێ لەم کەنارەوە بۆ ئەو کەنارەکەی دیکە دەچن وەك بڵێیت باڵیان هەبێت و باڵ بگرنەوە، بەسەر پردە پان و پۆڕە درێژەکەدا دەڕۆن، ئەو پردە بەهێزەی وەك چیایەك ماوەتەوە، کە لەژێر سمی ئەسپدا دەزرنگێتەوە وەك بڵێیت تەنیا لە کاشییەکی لە بەرد دروستکراوی تەنك بنیات نرابێت.

هەروەها ئەو ئاشە دارینانەو، ئەو خانۆچکانەیش بزربوون کە هەرکە پێویستی بکردایە ڕێبواران ڕوویان تێ دەکردن. لە شوێنی ئەوانەیش خانێکی گەورەی فرەوان قیت بووەوە، پێشوازی لە ژمارەیەك ڕێبوار دەکات،

که ڕۆژ له دوای ڕۆژ زۆرتر دەبن. مرۆڤ له دەرگەیەکی پانی هێڵداری گونجاوەوە دەچێتە ژوورەوە. لەم لاو لەو لای دەرگەکە دوو پەنجەرەی گەورە هەن، چەند ئەستوونکەیان هەیە بەڵام لە ئاسن دروست نەکراون، بەڵکو لە بەرد هەڵکۆڵراون، هەر ئەستوونکەو یەك پارچەیەو، بەرهەیوانە پان و لاکێشەییەکەیش شوێنی بارە کاڵاو شت و مەکی ڕێبوارانی تێدا دەبێتەوە، لەچوار دەوری بەرهەیوانەکە دەرگەی سی و شەش ژوور ڕیزیان بەستووە، گەورو تەویلەکانیش لەسەر تەپۆڵکەکەن، لە پشتەوە، خەڵکەکە زۆریان لا سەیر بوو کاتێك بینییان تەویلەکانیش لە بەرد دروست کراون، وەك بڵێیت خانووی ئەسپەکانی سوڵتان بن. هەر لە سەرایێڤۆوە بگرە تا دەگەیتە ئەدرنە خانێکی لەم جۆرە نابینیت. هەموو ڕێبوارێك دەتوانێت شەوو ڕۆژێك لەم خانەدا بەسەر ببات و، بێ بەرانبەر شوێنی حەوانەوەو ئاگرو ئاو بۆ خۆی و بۆ خزمەتکارو ئەسپەکانی دەست بکەوێت.

هەموو ئەمەیش، وەك خودی پردەکە، بینایەیەکی خێرخوازییە سەرەك وەزیران محەمەد پاشا دروستی کردووە، کە بەر لە شەست ساڵ لێرە لەپشتی ئەم چیایانەوە لە ئەو گوندە بەرزە، گوندی سۆکۆلۆڤیچ لەدایك بووەو، لەبری (باجی خوێن) ڕاپێچی ئەستەنبوڵ کراوە. پارەو خەرجییەکانی خانەکەیش لەو موڵکانەوە دەهات کە محەمەد پاشا بەو پارەو سامانە دروستی کردبوون کە لەکاتی داگیرکردنی مەجارستان دەستی بەسەردا گرتبوون، کە بەم دواییانە داگیرکرا، پاشان ئەو موڵکانەی بۆ خانەکە کردە وەقف.

بەم شێوەیە دروستکردنی پردەکەو خانەکە زۆر چەشنە ئەشکەنجەو شەکەتی لەناوبرد. دەبوو ئەو پەتا توندەیش نەمابا کە وەزیرەکە بە منداڵی تووشی ببوو کاتێك لە فیشیگراد لەناو بەلەمدا دەبێت، مەبەستم ئەو درزە ڕەشە تیژەیە کە جار نا جارێك سینگی دوو شەق دەکات، بەڵام وەزیر لە چارەی نەنووسرابوو بێ ئەو ژانە بگوزەرێنێت و، نەیش بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ چێژ لەوێنەی ئەو بینایە گەورەیە ببینێت کە لە فیشیگراد دروستی کردووە. چونکە هەرکە کاری دروستکردنی پردەکە تەواو بوو، هەرکە خانەکەیش دەستی بە پێشوازی لێ کردنی ڕێبواران کردو، هەرکە خەریك بوو پردەکە ناوی لە جیهاندا دەردەکرد، تا محەمەد پاشا جارێکی دیکە هەستی بە ژانی (نووکە ڕەشەکە) کرد کە سینگی دووشەق کردبوو، ئەم جارەیش دوایەمین جار بوو.

ڕۆژێك لە ڕۆژان، ڕۆژی هەینی، کاتێك لەگەڵ دەست و پێوەندەکانیدا دەچێتە مزگەوتێکەوە، دەروێشێکی جل پەڕپووتی نیوچە شێت دەستی چەپی لێ پان دەکاتەوەو داوای خێرێکی لێ دەکات، کاتێك وەزیر ئاوڕ دەداتەوە تا فەرمان بە یەکێك لە دەست و پێوەندەکانی بدات هەندێك پارە بە نەدارەکە بدات، لەو کاتەدا دەروێشەکە لە نێو قۆڵی ڕاستییەوە ساتۆرێکی تیژی چوون ساتۆری قەسابان دەردێنێت و تا هێزی تێدا دەبێت دەیکاتە ورگی وەزیردا، دەست و پێوەندەکانی وەزیریش دەروێشەکە دەکوژن، کوژراوو بکوژەکە لە یەك کاتدا دەمرن و، هەردووکیان لە تەنیشت یەکەوە لەسەر کاشییە بۆرەکان لەبەردەم مزگەوتەکەدا بۆ چەند ساتێك بە ڕاکشاوی دەمێننەوە: بکوژە قەڵەوە خوێنمژەکە کە لەسەر عەرد ڕاکشاوەو هەردوو لاق و هەردوو باڵی لێك دوور خستوونەتەوە، وەك بڵێیت هێشتە لە دۆخی تووڕەییدا بێت کاتێك چوون هار دەستی وەشاند، لە تەنیشتیشیەوە سەرەك وەزیران ڕاکشاوەو، دوگمەکانی سینەی کراونەتەوەو، ملوانکەکەیشی

گلۆر بووەتەوەو لە دوورەوەی کەوتووە. سەرەك وەزیران لەم ساڵانەی دواییەدا کۆمابووەوەو جەستەی لاواز ببوو، دەم و چاویشی داکەوتبوو، ڕوخساریشی هشك هەڵاتبوو. ئەگەر هەنووکە تەماشای بکەیت سینگی ڕووت و سەری ڕووت و  خەڵتانی خوێن و گۆشەگیرو کرژ، ئەوە وەك پیرە جووتیارێکی (سۆکۆلۆڤیچ)ت دێتە پێش چاو هەر لێی بدرێت و لێی بدرێت تا دەمرێت، کەمتر لەوەی لە وەزیرێکی بە شان و شکۆ بچێت کە تا پێش ساتێك دەستەڵاتی ئەمپراتۆریەتی تورکی بەڕێوە دەبرد.

چەند مانگێك تێپەڕی بەر لەوەی هەواڵی مردنی وەزیرەکە بگاتە شارەکە، هەواڵەکە بە ڕوونی نەگەیشت بەڵکو لە شێوەی چرپەی نهێنی کە شایەنی بڕوا پێ کردن و بە درۆخستنەوەیە. چونکە لە ئەمپراتۆریەتی عوسمانیدا ڕێ نەدەدرا هەواڵی خراپ و ڕووداوی دڵتەزێن لەناو خەڵکدا بڵاو ببێتەوەو، زارەو زار بکات، تەنانەت ئەگەر لە وڵاتێکی دراوسێشدا بووبێت، کەواتە چۆن چۆنەکی ئەگەر هات و کارەکە پێوەندی بە کارەساتێکەوە بێت تووشی وڵات هاتبێت. دواتر بەرژەوەندی کەس لەوەدا نەبوو خەڵك بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ قسە لەبارەی مردنی سەرەك وەزیرانەوە بکەن. حزبی نەیارەکانی، ئەو نەیارانەی ئاکام توانییان بیکوژن، بەتەنگی ئەوەوە بوو ڕێو ڕەسمێکی بەشکۆ بۆ بەڕێخستنی تەرمەکەی ڕێك بخات، بە مەرجێك هەموو یادوەرییەکی زیندوو لەبارەی کەسایەتی وییەوە بنێژرێت. هەرچی خزمەکانی محەمەد پاشاو دەست و پێوەندو لایەنگرەکانی بوون کە زۆربەیان لە ئەستەنبوڵ بوون، لارییان لەوە نییە کە خەڵك زۆر لەبارەی سەرەك وەزیرانی پێشووەوە نەدوێن، بەوەیش هیوایان زۆرتر دەبێت بۆ ئەوەی لە فەرمانڕەوا نوێیەکان نزیك ببنەوەو ئەوانیش بایەخیان پێ بدەن و، لە ڕابوردوویان ببوورن.

بەڵام ئەو دوو بینا جوانەی لەسەر ڕووباری درینا قیت بوونەتەوە، تا دەهات لە شاری فیشیگرادو لەهەموو گوندەکانی دەورو بەری کاریگەرییان لە بازرگانی و گەیاندن دەکرد، لە کاتێکدا ئەو کاریگەرییەیان هەبوو ئاگەیان لە زیندووان و مردووان نەبوو، دەربەستی ئەوانەیش نەدەهاتن کە بەرز دەبوونەوەو نەیش بەوانەی ژێردەکەوتن. شارەکە لە تەپۆڵکەکانەوە بەرەو ڕووبارەکە دەکشاو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەترو فرەوانتر دەبوو، زۆرتر لە چواردەوری پردەکەو چواردەوری خانەکە گرد دەبوونەوە کە خەڵکی ناوی ئۆتێلە بەردینەکەیان لێ نابوو.

بەم شێوەیە پردەکەو کابیای سەر پردەکە سەریان هەڵداو، بەم شێوەیە شارەکە لە چواردەوری گەشەی سەند، دوای ئەوە لەماوەی سێ سەدەدا، پلەو پایەی لە پەرەسەندنی شارەکەو واتای لە ژیانی دانیشتوواندا مایەوە، بەو شێوەیەی بە کورتی باسمان کرد. بەڵکو ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت واتاو جەوهەری بوونی لە مانەوەو بەردەوامبوونیدا بوو. هێڵی ڕووناکی لە دیمەنی شارەکەدا نەگۆڕا، هەروەها ڕوخساری چیاکان لەسەر لاپەڕەی ئاسمان لە دەرورو بەری نەگۆڕا. بەئاسمانییەوە مانگ گەورە دەبوو و بچووك دەبووەوە، لەچوار دەوری نەوەکان لەدایك دەبوون و دەمردن، ئەویش هیچ نەدەگۆڕا، وەك ئەو ئاوەی بە ناو تاقەکانی ژێریدا دەکشاو دەڕۆیشت. ئەگەرچی ئەویش پیر بوو بەڵام پیرییەتی بەو شێوەیە ڕووی تێ کردبوو لەسەر پێوانەی کات نەك تەنیا لە تەمەنی مرۆڤ گەورەتر، بەڵکو گەورەتر لە تەمەنی نەوەگەلێکی بێ شومار.. بە شێوەیەك چاو

هەستی بە بە پیربوونی نەدەکرد. وێڕای ئەوەی چارەنووسی پردەکە بەرەو نەمان دەچێت کەچی وا پێ دەچوو ژیانی نەمرانە بێت، چونکە پێشبینی کۆتایی هاتنی نەدەکرا.

❊❊❊❊❊❊

(❊) کانابیس یان ماریجوانا کە بە عەرەبی پێی دەگوترێت (قەنەب)، ڕووەکێکە لە گوڵەگەی کەرەستەی سڕکەر دروست دەکرێت و لە لاسکەکەی پەت و گوریس دروست دەکرێت .

# پێنجەمین پار

یەکەمین سەدە بەسەرچوو. ئەگەرچی وا پێ دەچوو درێژ بێت و، زۆر کەس و ژمارەیەك کاری لەناوبرد، بەڵام بەسەرچوو بێ ئەوەی شوێنەوارێکی ئەوتۆی بەسەر تەلارە گەورەکانەوە بەجێ هێشتبێت کە دیزانی باشیان بۆ ڕێکخراوەو پتەوو بەهێز بنیات نراون. پردەکە مایەوەو وەك یەکەم ڕۆژ کاری خۆی دەکرد، لەگەڵ کابیایەکەی سەری و خانەکەی تەنیشتی، دەکرا سەدەکەی دیکەیش بەو شێوەیە بەسەر بچێت، لەگەڵ بەدوای یەکدا هاتنی وەرزو نەوەکان، دەکرا ئەو تەلارانەیش وەك خۆیان مابانەوە بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا بێت، ئەگەرچی ئەوەی کات نەیتوانی بەدی بهێنێت، هاریکارییەکی ئەوتۆ لە نێوان بارودۆخی دوور لە یەکدییەوە هێنایە کایەوە کە بیری لێ نەدەکرایەوە.

لەو ماوەیدا، لەکۆتایی سەدەی حەڤدەیەم، ئەو گۆرانی و پەیڤینانەی لەنێوان خەڵکدا دەگوتران و ئەوەی هەندێکیان بە گوێی یەکدییانەوە دەچرپاند زۆرتر سەبارەت بە وڵاتی مەجارستان بوو کە سوپای تورکان خەریك بوو لێی دەکشایەوە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی یەك سەدەی ڕەبەق داگیری کردبوو. لە بۆسنیا لەو بارەیەوە قسە دەکرا. زۆر لە ناودارانی بۆسنیا دەستیان بە بەرگری کردن لەو زەوی و زارانە کرد لە مەجارستان هەیانبوو، لەکاتی کشانەوەدا ئێسکەکانی خۆیان لەسەر زەوی مەجارستان بەجێ هێشت. دەشێت ئەوە بگوترێت کە ئەوانەی مردن لە کەسانی دیکە بەختەوەرتر بن، لەبەر ئەوە زۆر لە ناودارەکانی دیکە وەك پەنجە بە ڕووت و قووتی بۆ بۆسنیای نیشتمانە کۆنەکەی خۆیان گەڕانەوە، تێیدا زەوییەکی ڕەقەن و ژیانێکی کولەمەرگی چاوەڕێی دەکردن، دوای ئەو ژیان و گوزەرانە بەختەوەرو دەوڵەمەندانەی لە مەجارستان دەیانگوزەراندو، دوای کۆنترۆڵ کردنی ئەو زەوی و زارە زۆرەی لە مەجارستان هەیانبوو. دەنگدانەوەی کزی ئەو ڕووداوانە تەنانەت گەیشتە ئێرەیش، بەڵام کەس مەزەندەی ئەوەی نەدەکرد کە دەشێت ئەم هەنگاریایەی نیشتمانی گۆرانی، پێوەندییەکی بەو ژیانی ڕۆژانەوە هەبێت کە ئەو شارۆچکەیە دەیگوزەرێنێت. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە ڕووی دا. چونکە کاتێك تورکەکان لە مەجارستان کشانەوە، ئەوە ئەو وەقفانەی بە داهاتەکانیان خانەکە بەڕێوە دەبرا، کەوتنە سنووری ئەمپراتۆریەت بۆیە ئەو داهاتانە لەدەست چوون.

دانیشتووانی شارۆچکەکەو، ئەو ڕێبوارانەی ماوەی سەدەیەکە لە خانە بەردینەکە دادەبەزن، لێی ڕاهاتن، ئەوان هەرگیز بیریان لەو داهاتانە نەدەکردەوە کە بە هۆیەوە بەڕێو دەچێت و، نەیش پرسیاریان لەبارەی سەرهەڵدان و ڕەچەڵەکی ئەو داهاتانەوە نەدەکرد. هەموویان سوودیان لە خانەکە وەردەگرت، وەك بڵێیت

درەختێکی پیرۆزی بەخشندەی تەنیشت ڕێگەکەیەو، کەس خاوەنی نییە، بەڵکو هی هەموو خەڵکە. ڕەحمەت بارانی گیانی وەزیرەکەیان دەکرد، بەڵام بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ئەو وەزیرە بەر لەسەدەیەك مردووە، لەوەشیان نەدەپرسی کێ ئێستە زەوی و زاری سوڵتان و موڵکەکانی ئەوقاف دەپارێزێت و بەرگرییان لێ دەکات. کێیە بیر لەوە بکاتەوە کە کاروباری ئەم جیهانە بەم شێوەیە تێکەڵ و پێکەڵ بووەو بەم شێوەیە پێکەوە گرێ دراون ئەگەرچی لێکەوەیش دوورن؟ بۆیە کەس لە شارۆچکەکە تێبینی ئەوەی نەکرد کە داهاتەکە کەمی کردووە.

خزمەتکارەکان وەك جاران لە خانەکەدا کاریان دەکردو وەك جارانیش پێشوازییان لە ڕێبوارەکان دەکردو، وایان دەزانی کارەکە لەوە تێناپەڕێت کە ئەو پارەی بۆ خانەکە تەرخان کراوە، دواکەوتووە، هەر ئەوەیش ڕووی دا. لەگەڵ ئەوەیشدا مانگان و ساڵان تێپەڕین، پارەکە هەر نەدەگەیشت. خزمەتکارەکان کاریان بەجێ هێشت. بەڕێوەبەری ئەو موڵکانەی بۆ خانەکە تەرخان کرابوون، کە ئەو کاتە کاری دەکرد، کە داود خۆجە موتەوەلی بوو (ناوی موتەوەلی بەسەردا بڕابوو لەبەر ئەوەی کاروباری وەقفەکانی بەڕێوە دەبرد، دواتر ئەو ناوە بوو بە ناوی تیرەکەی) لە هەموو لایەکی دەپرسی، لە هیچ کەسێکەوە وەڵامی دەستگیر نەدەبوو. وای لێهات ڕێبواران خۆیان خزمەتی خۆیان دەکردو، خانەکەیان پاك دەکردەوە لەو سنوورەی خۆیان یان چارەواکانیان پێویستیان پێ دەبوو، هەر یەکەیان خانەکەی بەجێ هێشتبا  زۆر پاشەڕۆك و شتی پەرت و بڵاوی بەجێ دەهێشت، دەبوو ئەوەی دوای دەهات پاکی بکردایەتەوەو ڕێکی بخستایەتەوە، وەك چۆن ئەوەی یەکەم ئەو پاشەڕۆکانەی پاك دەکردەوە کە بەجێ هێڵرابوو، یان ئەو پەرت و بڵاوییەی ڕێك دەخست، کە جێ هێڵرابوو، بەڵام هەر یەکە پاشەڕۆك و پیسی زۆرتری بەجێ دەهێشت لەوەی هەبوو.

داود خۆجە چی لەدەست هات ئەنجامی دا بۆ ئەوەی خانەکە ڕزگار بکات و بە زیندوویی بهێڵێتەوە، سەرەتا لە گیرفانی خۆی پارەی خەرج کرد، دواتر دەستی بە قەرزکردن لە خزمەکانی کرد، بینا گرانبەهاکەی نۆژەن دەکردەوەو ساڵ لە دوای ساڵ جوانتری دەکردەوە، ئەگەر یەکێك بیگوتایە خۆی ماڵوێران دەکات کە دەیەوێت ئەو شتە بپارێزێت کە ناپارێزرێت، وەڵامی دەدایەوە کە ئەو پارەیە لە شوێنی خۆیدا دادەنێت و، چاکە لەڕێی خوادا دەکات و، خوایش بەخۆی سەرپەشتیاری وەقفەکانە، بۆیە ناشێت ئەم بینا خێرخوازییە بەجێ بهێڵێت کە هەموو خەڵك بە ئاشکرا پشتیان تێکرد.

ئەو پیاوە داناو خواناس و، ڕك و توندەی کە شارەکە ماوەیەکی دوورو درێژ لەیادی نەکردبوو، نەیدەویست واز لەو کۆششە بهێنێت کە دەیدا، ئەگەرچی ئەو کۆششە هیچ ئومێدێکی لێ چاوەڕوان نەدەکرا. دڵسۆزانەو گیانفیدایانە کاری دەکرد، چونکە لە مێژە دەرکی بەوە کردبوو کە مرۆڤ لەسەر ئەم خاکە بۆ ئەوە دروست بووە تا ململانێ لەگەڵ وێرانکاری و ڕووخان و تێکدان و لەناوبردن و نەماندا بکات، پێویستە مرۆڤ درێژە بەو ململانێیە بدات، تەنانەت ئەگەر نائومێدیش ببێت. ئەگەر لەبەردەم خانەکەدا دابنیشتایە کە بە بەرچاویەوە خەریك بوو دەڕووخا، ئەگەر یەکێك پێی گوتبا واز لەو کۆششانە بهێنە یان بەزەیی پێدا بهاتایەتەوە، لە وەڵامدا دەیگوت:

ـ بەزەییتان پێمدا نەیەتەوە. ئێمە هەر هەمووومان تەنیا یەك جار دەمرین، کەچی پیاوە مەزنەکان دوو جار دەمرن: جارێکیان کە ئەم زەوییە بەجێ دەهێڵن، جارێکی دیکەیش ئەو کاتەی ئەو بینایانە لەناو دەچن کە دروستیان کردووە.

کاتێك پیاوەکە نەیتوانی کرێی کرێکارەکان بدات، بە خۆی، وێڕای ئەوەی بەنێو ساڵدا چووبوو، گژو گیای دەوری خانەکەی هەڵدەکێشاو، هەندێك شوێنی نۆژەن دەکردەوە. ئیدی بەو شێوەیە ڕۆژێکیان، کاتێك لە سەربانەکە بوو قرمیدێکی شکاوی لا دەداو یەکێکی نەشکاوی لەشوێن دادەنا لەناکاو گیانی سپاردو کۆچی دوایی کرد. شتێکی ئاساییە پیاوێکی ساکاری خەڵکی شارۆچکەیەك نەتوانێت تەلارێك بپارێزێت سەرەك وەزیرانێك دروستی کردبێت و، ڕووداوەکانی مێژوو سزای مەرگیان بەسەردا سەپاندبێت. پاش مردنی داود خۆجە خانەکە لەناکاو دەستی بە داڕووخان کردو لە هەموو لایەکەوە نیشانەی داڕووخانی تێکەوت و، ئاوەڕۆکان گیران و بۆگەنی بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەوەو، قرمیدەکانی سەربان شکان و بارانی لێ دەهاتە ژوورەوەو، پەنجەرەو دەرگەکان شکان و بایان ڕانەدەگرت و، تەویلەکان لە گژوگیادا نوقم بوون. بەڵام ئەو بینا بەردینە کە لەڕووی تەلارسازییەوە باش دروست کرابوو بە ڕواڵەت ساغ و دروست بوو، دەستی وێرانکاری نەگەیشتبووە جوانییە هێورەکەی، هەروەها پەنجەرە گەورەکانی نهۆمی خوارەوەی لەگەڵ ئەستۆنگەکانیاندا کە لەیەك بارستایی نەرمە تاوێر دروست کرابوون، کە وەك دەزوولەی باریك هێورانە دەیانڕوانییە جیهان. هەرچی پەنجەرەکانی نهۆمی سەرەوەیە کە نەڕازێنرابوونەوە ئەوە نیشانەی شەکەتی و جێ هێشتن و ناڕێکییان پێوە دیاربوو کە ناوەوەیان تەنیبووەوە.

وردە وردە، خەڵك وایان لێهات خۆیان دوورەپەرێز دەکرد لەوەی شەو لە شارەکەدا بمێننەوە، یان وایان لێهات بە پارە لە ئۆتێلی (ئاوستامۆبچی) دەنوستن. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئەو ڕێبوارانە کەمی دەکرد کە لایان دەدایە خانەکە. ئەگەرچی کرێی نوستن لە خانەکە لەوە تێنەدەپەڕی کە ڕەحمەت بۆ گیانی وەزیرەکە بنێرن.

ئاکام کە دەرکەوت پارە ناگات و کەس نییە کاروباری ئەم بینایە بەڕێوە ببات کە وەزیر دروستی کردووە، بۆیە هەموو خەڵکی، لەوانەیش بەڕێوەبەری نوێی موڵکەکانی وەقف، چی دیکە بایەخیان پێی نەدا، ئەمەیش وای کرد خانەکە چۆڵ و هۆڵ و تەریك بوو، وردە وردە درزو شەقی تێکەوت و دەڕووخا، وەك هەر تەلارێکی دیکە کە کەسی لێ نیشتەجێ نەبێت و کەس لێی نەپێچێتەوە. لە دەوروبەری خانەکە گژو گیاو دڕك و داڵ شین دەبوون و، قەلەڕەشکەو مەل هێلانەکانیان دروست دەکردو پۆل پۆل گرد دەبوونەوەو ڕەش دەچوونەوە.

بەم شێوەیە ئەو خانە بەردینەی کە وەزیرەکە دروستی کردبوو هەرەسی دەهێناو زووترو پێش وەخت دەڕووخان، ڕووخانێك کە کەس بیری لێ نەکردبێتەوە (هەموو ئەو کارانەی لەم جۆرەن بە ڕواڵەت بەو شێوەیە ڕوو دەدەن کە بیری لێ نەکرابێتەوە).

بەڵام لەبەر ئەوەی خانەکە پەیامەکەی خۆی بەجێ نەگەیاندو لەبەر چەندین بارودۆخی ناهەموار بەر لەکاتی خۆی داڕووخا، کەچی پردەکە، کە پێویستی بە هیچ چاودێری و پارێزگاری لێ کردن نەبوو، هەر بە پێوە

مایەوەو هەر هەردوو کەنارە بەرانبەرەکەی پێکەوە دەبەستەوەو وەك یەکەمین ڕۆژ قورسایی زیندوو و مردووی لەم لاوە بۆ ئەو لا دەگواستەوە.

باڵندەکان بە دیوارەکانییەوە هێلانەی خۆیان دروست دەکردو، لەو درزە نادیارانەی کە ڕۆژگار لە قەد دیوارەکانی دروستی دەکردن، وردیلە گیا شین دەبوون و، ئەو بەردە زەردە کون کونەی کە پردەکەی لێ دروست کرابوو بە هۆی کاریگەری شێ و گەرماوە پتەوترو توندتر دەبوو. لەبەر ئەو هەموو ڕەشەبایەی لە هەردوو لاوە بە سەر دۆڵ و ڕووبارەکەدا هەڵی دەکردو خۆی پێدا دەکێشاو، لەبەر ئەوەی باران دەیشوشت و هەتاو هشکی دەکردەوە، تا دەهات ڕەنگی دەگۆڕاو، ڕەنگەکەی بوو بە سپییەکی سپی مەیلەو بۆر، وای لێهات لە تاریکاییدا دەبریسکایەوە وەك بڵێیت لە ناوەوە ڕووناك کراوەتەوە.

ئەو لافاوە زۆرو گەورانەی کە تووشی شارەکە دەهاتن، کولەمەرگییەکی سەخت و بەردەوام بوون، نەیانتوانی زیان بە پردەکە بگەیەنن. ئەو لافاوانە ساڵانە لە بەهارو پاییزدا ڕوویان دەدا، بەڵام هەموو جارێك بۆ شارەکەی نزیك پردەکە لەهەمان ئاستی مەترسی و ئەزیەتدا نەبوون. هەرچۆنێك بێت، ئەوە ڕووباری درینا بەلایەنی کەمەوە ساڵی جارێك گەورەتر دەبوو و هەڵدەچوو و هاژەی دەهات، لە تاقەکانی پردەکەوە پەرژینی کێڵگەو لق و پۆپ و گەڵای درەخت و کۆتەرەو دارو درەختی دارستانی کەنارەکانی ڕادەماڵی. ئەو ڕۆژانەیش کیڵگەو بەردەم ماڵان و کۆگەکان زیانیان بەر دەکەوت. لافاوەکە تەنیا هەر ئەوەندە دەبوو.

بەڵام ماوەی بیست ساڵ یان سی ساڵ جارێك لافاوی گەورە گەورە ڕووی دەداو یادوەری قووڵی لە دەروونی خەڵکیدا بەجێ دەهێشت وەك یادوەری شۆڕش یان جەنگەکان و، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ چەند بەروارێك دەمانەوە بە پێی ئەو بەروارانە تەمەنی تەلار و تەمەنی مرۆڤان دەژمێررا (بۆنموونە دەگوترا: پاش تۆفانە گەورەکە بە شەش ساڵ، یان لەکاتی تۆفانە گەورەکەدا).

پاش ئەو لافاوە گەورانە شتی ئەوتۆ لەم نیوە گەورەیەی شارکە نامێنێتەوە کە دەکەوێتە پێدەشتەکەوە لەسەر زمانە لمینە بچووکەکەی نێوان دریناو ڕزاف، تەنیا کەمێك لەو سامانانە نەبێت کە دەگوێزرێنەوە. هەر لافاوێکی گەورەی بەو قەوارەیە کارێکی وای دەکرد شارەکە چەندین ساڵ پاشەکشە بکات. چونکە ئەو نەوەیەی ئەو ڕووداوەی دەبینی نیوەی تەمەنی خۆی لە چاککردنەوەی ئەو زیانانەو تیمارکردنی ئەو دەردەسەرییانەدا دەگوزەراند کە ئەو (تۆفانە گەوررە)یە لەپاش خۆی بەجێی دەهێشت. خەڵکیش تا دواتەمەنیان لە گێڕانەوەکانیاندا باسی ئەو ترس و تۆقینانەیان دەکرد کە لەو شەوەی شەوانی پاییزدا تووشیان بوو، کاتێك بەبەر باران و ڕەشەباو لەبەر ڕووناکییەکی کەمدا دەستیان بە بەتاڵ کردنی دوکانەکانیان کردو کاڵاکانیان هەڵدەگرت و بۆ شوێنی بەرزتریان دەگواستەوە، لەگەڕەکی مەیدان، لە ماڵ و ئەنباری کەسانی دیکەدا، تا ئەو کاتەی ڕۆژ بووەوە، لە بڵندایی تەپۆڵکەکەوە دەیانڕوانییە ئەم شارەی کە بێ ئەوەی هەست بکەن خۆشیان دەویست، وەك بڵێیت ئەو خوێنەیە بە شادەمارەکانیاندا گوزەر دەکات و، لەو ئاوە کەف چەرێنە ڕادەمان کە لە شەقامەکاندا تا ئاستی بنمیچەکان تەختەی بنمیچەکانی یەك لە دوای یەك، بە هاژە هاژو وژە وژ ڕادەماڵی، تێدەکۆشان بزانن ماڵی کێ تا هەنووکە توانیویەتی بەرگەی لافاوەکە بگرێت و هێشتە بە پێوە ماوە.

ئەو سەرۆك تیرانەی کە سەریان سپی ببوو و غەم و پەژارە باری سەرشانی قورس کردبوون، کاتێك لە جەژنەکانی (سلاڤا) یان سەری ساڵ یان شەوانی ڕەمەزاندا بە یەك دەگەیشتن و دادەنیشتن، دەکەوتنە قسەو باس و دەستیان بە دەمەتەقێ دەکرد هەر کاتێکیش باسی ئەو ڕووداوەیان بکردایە کە مەتەرسیدارترین و سەختترین ڕووداوی ژیانیان بوو، مەبەستم (تۆفان)ەکەیە. یادوەری تۆفانەکە هەر دەمێنێتەوە، پاش پازدە ساڵ دوای ئەوەی بە پاشەکەوت و چاککردنەوەی خانووەکانەوە بەسەریان برد، هێشتە هەر هەست دەکەن کە شتێکی ترسناك و مەزنەو لە دەروونیاندا خۆشەویست و لە دڵ و دەروونیانەوە نزیکە. ئەم یادوەرییە پێوەندییەکی پتەوی نێوان ئەوانەیە هێشتە زیندوون لە ڕۆڵەکانی ئەم نەوەیە، کە ساڵ دوا ساڵ ژمارەیان کەمتر دەبێتەوە، هیچ شتێك نییە ئەوەندە خەڵکی پێکەوە گرێ بدات وەك ئەو یادوەرییە دژوارەی پێکەوەیان بەسەر بردووەو پێکەو تێیان پەڕاندووەو پێکەوەیان گوزەراندووە. بۆیە هەستیان بەو هەموو خۆشەویستییە دەکرد سەبارەت بەو مستەکۆڵەیەی کە گرانترین مستەکۆڵە بوو ئاراستەیان کرا. لە بووژاندنەوەی ئەو یادوەرییانەدا چێژێکی ئەوتۆیان وەردەگرت کە لاوەکان لێی تێنەدەگیشتن، سەرچاوەی ئەو یادوەرییانە کۆتاییان نەدەهات و، کاتێکیش ئەو یادوەرییانەیان دەگێڕایەوە شەکەتی زەفەری پێ نەدەبردن. هەر یەکەیشیان ئەو باسەی تەواو دەکرد کە ئەوی دیکە دەیگێڕایەوەو بیرەوەرییەکەی بیردەهێنایەوە. چاوە پیرو ئەبڵەق و کزەکانیان لێکدییان دەڕوانی، ئەو شتانەیان بەدی دەکرد کە لاوەکان نەیاندەتوانی هەستی پێ بکەن. بە حەماسەتەوە ڕووداوەکانیان دەگێڕایەوە، غەم و پەژارەکانی ڕۆژانەی ئێستایان لەناو یادوەری غەم و پەژارەیەکی گەورەتردا نوقم و تێکەڵ دەکرد کە خۆشبەختانە ڕۆژگارێکی دوورو درێژە بەسەرچووە.

ئەگەر لە ژوورە گەرمەکانی ماڵەکانی خۆیاندا دانیشتبان کە ڕۆژگارێك لە ڕابوردوودا لافاو تەنیبوونیەوە، بۆ سەدەمین جار، بە چێژو لەزەتەوە، باسی هەندێك دیمەنی کاریگەر یان دڵتەزێنی ئەو ڕووداوەیان دەکرد. هەرچەندە یادوەرییەکە بە ژان و ئازاربەخش ببووایە، چێژی گێڕانەوەکەی مەزن و گەورەتر دەبوو. ئەم یادوەرییانەیان کە لەناو دووکەڵی جگەرە یان پەرداخێك لە خۆشترین مەی دەیانگێڕایەوە، زۆر جار دەشێوێنراو، زێدەڕۆیی تێکەڵ دەبوو، ئەندێشەو دووری دەیانڕازاندەوە، کەچی هیچ کام لە قسەکەرەکان تێبینی ئەوەیان نەدەکرد، بەڵکو ئامادە بوو گەورەترین سوێند بخوات کە ڕووداوەکە بەو شێوەیە ڕووی داوە، چونکە هەر یەکەیان بێ خواست و هەست کردن بەشداری لەو ڕازاندنەوەدا کردووە.

بەردەوام ژمارەیەك لەو پیرەمێردانە بەم شێوەیە دەیانگوزەراند لەوانەی دوایەمین لافاوی مەزنیان لەیادەو، بەردەوام لە نێوان خۆیاندا باسیان دەکردو، بە گوێی لاوەکانیاندا دەدا کە لەم سەردەمەدا ئەو کارەساتانە نەماون کە سەردەمی ڕابوردوو بەخۆوەی بینیون، هەروەها ئەم سەردەمە ئەو خێرو بێرەی نەماوە کە لەسەردەمی ڕابوردوودا هەبووە.

گەورەترین لافاو لەمێژووی شارەکەدا، لافاوێك بوو کە لە دوایەمین ساڵی سەدەی هەژدەیەمدا ڕووی داو، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە یادوەری خەڵکدا هەر مایەوەو، زۆر بەسەرهات و چیرۆکی لەبارەوە دەگێڕرایەوە.

لە ڕیزی تاکەکانی ئەو نەوەیەدا (کە پیرەمێردەکان دواتر گێڕایانەوە) کەسێك نەمابوو بە تەواوەتی دوایەمین لافاوی گەورەی لەیاد بێت. لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو خەڵك لە شەوە باراناوییەکانی شەوانی پاییزدا وریاو

گوێ قولاغ دەمانەوە، چونکە دەیانزانی کە ئاو ئامانی نییە، بۆیە ئەنبارەکانی نزیك ڕووبارەکەیان چۆڵ دەکردو شەوانە بە چراوە بە کەنارەکانی ڕووبارەکەدا دەسووڕانەوەو گوێیان بۆ هاژەی ئاوەکە ڕادەگرت، (لەبەر ئەوەی پیرەمێردەکان دووپاتی دەکەنەوە کە مرۆڤ دەتوانێت لە جۆری هاژەی تەوژمی ئاوەکە بزانێت ئایە لافاوەکە یەکێکە لەو لافاوانەی کە ساڵانە ڕوو دەدات بێ ئەوەی زیانی زۆری لێ بکەوێتەوە، یان لافاوێکە لەو لافاوە دەگمەنە بەدبەختییانەی کە پردو شارەکە نغرۆ دەکات و هەموو شتێك لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێت کە باش دروست نەکراوەو لەسەر بناغەی پتەو دانەمەزراوە). بۆ سبەینێ تێبینییان کرد کە ئاوی درینا بەرز نابێتەوە بۆیە شار ئەو شەوە بە ئاسوودەیی نوست، چونکە خەڵك لەنیگەرانی شەوی پێشتر شەکەت و ماندوو و بێداربووبوون. هەروەها ئاوەکەیش فریوی دابوون. کەچی ئەو شەوە ئاوی ڕزاف لەناکاودا زۆر بەرز بووەوەو ئاوە سوورە پڕ لە قوڕو لیتەکەی هات و لەو شوێنەی هەردوو ڕووبار بەیەك دەگەن بەردەم ئاوی ڕووباری درینای گرت و ئاوی هەردوو ڕووبار پەنگی خواردەوەو شاری تەنییەوە.

سۆلی ئاغا عوسمان ئاغچ، کە یەکێك لە دەوڵەمەندترین تورکەکانی شارەکە بوو، ئەسپێکی عەرەبی ڕەنگ سپی تێکەڵ بە سوور، ڕەسەن و جوان و بەنرخی هەبوو، کاتێك ئاوە پەنگ خواردووەکە بەرز دەبووەوە، ئەسپەکە دەیحیلاندو دەیحیلاند، هەر بێ دەنگ نەدەبوو تا خزمەتکارەکان و خانەخوێکەی لە خەو هەڵستاند ئەوانیش لە تەویلەکەیان بردە دەرەوە کە دەکەوتە تەنیشت ڕووبارەکەوە: ئیدی بەو شێوەیە زۆربەی دانیشتووان لە خەو بێدار بوونەوە. خەڵکەکە بە بەر باران و بای توندو تیژەوە ڕایان دەکردو هەر چییان بەردەست کەوتبایە لە چنگی کارەساتەکەیان ڕزگار دەکرد، نیوچە ڕووت تا ئەژنۆیان نوقمی قوڕاو دەبوون، منداڵەکانیان بە کۆڵەوە دەگرت کە تازە لە خەو بێدار کرابوونەوەو دەگریان. چارەواکانیش ترساوو تۆقیبوون. هەموو ساتێك .. دەنگی قرچەیەکی کپ بەرگوێ دەکەوت. ئەوە دارو دەوەنەکان بوون کە ڕووباری درینا لە دارستانە لە ئاو نغرۆبووەکاندا لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵی کێشابوون و بەر ئەستوونە بەردینەکانی پردەکە دەکەوتن.

لەوێ لەسەرەوەیش، لای مەیدان، کە هیچ کات ئاوی پێ ناگات، پەنجەرەکان ڕووناك بوون، چەند چرایەکی کزیش دەجوولانەوەو بێ پچڕان تاریکاییەکەیان دوو کەرت دەکرد. دەرگەی هەموو ماڵەکان والا بوون و پێشوازییان لە زیان لێکەوتووەکان دەکرد کە چۆڕاوگەی ئاویان دەهات و بە ترسەوە دەچوونە ژوورەوەو، منداڵەکانیان یان ئەو شتانەیان هەڵگرتبوو کە پێویستیان پێیانە. لە تەویلەکانیشدا بلێسەی ئاگر دەهات، ئەو خەڵکانە لە نزیکیەوە خۆیان هشك دەکردەوە کە شوێنیان لە ماڵەکاندا دەست نەکەوتبوو.

پیاو ماقوولانی گەڕەکی بازرگانی ـ دوای ئەوەی خەڵکەکانیان بردە نێو ماڵەکانەوە (تورکان بۆ ناو ماڵی تورکان و، کریستیان و جووەکان بۆ نێو ماڵی کریستیانەکان) ـ لەماڵی حاجا ڕیستانۆڤ، لە هۆڵە گەورەکەی نهۆمی خوارەوە گرد بوونەوە، لەوێ، سەرۆك و بەڕێوەبەرانی دانیشتووی هەموو گەڕەکەکانی شارەکەت دەبینی، کە شەکەتی ورەی لێ بڕیبوون و گیانیان تەڕ بووبوو، پاش ئەوەی هەموو دانیشتووانیان لەخەو هەڵستاندو لە مەترسییان قوتار کردن. تۆ تورکان و کریستیان و جووەکان دەبینیت هەموو تێکەڵاون. توندوتیژی ئۆرگانەکان و قورسایی کولەمەرگییەکان هەموو خەڵکیان لێك نزیك کردووەتەوەو، پردێکیان

لەسەر ئەو کەلێنە دروست کردووە کە ئایینێك لە ئایینێکی دیکە جودا دەکاتەوە، بە تایبەتی کریستیان و تورکەکان، ئەوەتا ئەوانە پێکەوە شان بە شانی یەکدی کۆ دەبنەوە: سۆلی ئاغا عوسمان ئاغچ و، بوترس بۆگدانۆڤیچی دەوڵەمەندو، موردۆبابۆو، قەشە میخائیلۆ (کە قەشەیەکی قەڵەوی کەم دووی گاڵتەجارو خوێن گەرمە)، لەگەڵ مەلا عیسمەت، کە پیاوێکی قەڵەوی جیددییەو، خۆجەی فیشیگراد (کە پیاوێکی ئایینی تورکە)و ئیلیاس لیڤی (کە نازناوی لیاچۆیەو پیاوێکی ئایینی جووە تەنانەت لە دەرەوەی شارەکەیش بەوەی دەناسن کە بۆچوونی ڕاست و دروستەو ڕەوشت بەرزە). نزیکەی دە ڕوخساری دیکەی پیاو ماقووڵانی شارەکەو نوێنەرانی هەر سێ ئایینەکە دەبینران، کە هەر هەموویان پێکەوە گردبببوونەوە. هەموویان تەڕبووبوون، ڕەنگیان زەرد دەچووەوە، چەناگەیان وێك چووبووەوە، بەڵام بە ڕواڵەت خۆیان هێور پیشان دەدا. دانیشتبوون و جگەریان دەکێشاو قسەیان لەبارەی ئەو هەنگاوانەوە دەکرد بۆ قوتارکردنی دانیشتووان هاوێژران و ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت. ناوە ناوەیش ژمارەیەك لە لاوانیان لێ دەچووە ژوورەوە چۆڕاوگەی ئاویان لێ دەتکاو پێیان ڕادەگەیاندن کە هەموو زیندووان بۆ مەیدان و پشتی قەڵاکە گوێزرانەوەو لەوێش لە ماڵە کریستیان و تورکەکاندا داڵدە دراون و جێیان کراوەتەوەو، لە خوارەوەیش تا دێت ئاوەکە بەرزتر دەبێتەوەو، شەقام بە شەقام شارەکە دەتەنێتەوە.

هەرکە شەو بەرەو پێشەوەتر دەچوو (بە سستیش بەرەو پێشەوە دەچوو، زل و مەزن دەهاتە پێش چاوو بێ پسانەوە وەك ئاوەکەی خوارەوە ڕادەبورد) دەوڵەمەندو سەرۆکەکان هەستیان بەگەرم بوونەوە دەکرد کاتێك قاوەیان دەخواردەوەو (مەی)یان دەنۆشی. ئەڵقەیەکی تەسکی بەگوڕو تین پێکدەهات، چوون ژیانێکی واقیعیانەی نوێ و ناواقیعیانەی نوێ لە هەمان کاتدا، کە ئەو ژیانەی دوێنێ نییەو، نەیش ئەو ژیانەی کە سبەینێ دەبێت... لە دوورگەیەکی سەر لافاوی ڕۆژگار دەچوو، قسەو باس تا دەهات گەرمتر دەبوو، دواتر ئاراستەی دەگۆڕا، وەك ڕێککەوتنێکی پەنهانی نێوان بەشداربووانی کۆبوونەوەکە. خۆیان لەوە دوورەپەرێز دەگرت تەنانەت باسی لافاوەکانی پێشوویان نەدەکرد کە هیچ شتێکیان لە بارەوە نەدەزانی تەنیا ئەو شتانە نەبێت کە بە گێڕانەوەو چیرۆك بیستوویانن. ئەوان سەبارەت بە بابەتگەلێك دەئاخڤتن پێوەندییان بە ئاوو بەو کولەمەرگییەوە نەبوو کە لەو ساتەدا بەسەریان دەهات.

ئەو کەسانە کە خەفەت جڵەوی لێ سەندبوون تێدەکۆشان لە پێناوی ئەوەی ڕواڵەتییانە خۆیان وا پیشان بدەن کە هێورن و دەربەست نایەن، تەنانەت بە جۆرە پەنهانییەکیش. بەهۆی لێکگەیشتنێکی شاراوەوە کە لەسەر بیرکردنەیەکی خورافیانە دامەزراوەو، بەپێی ئەو بنەما (نەنووسراوانە، بەڵام پیرۆزانە) لە ڕێ و ڕەسمی ڕەسەنایەتی و دلێرانە، ئەو بنەمایانەی دەوڵەمەندەکان و گەڕەکی بازرگانی پێڕەویان دەکەن، کە لە ڕۆژگارێکی دێرینەوەیە هێزو دەستەڵاتی یاسایان هەیە، بەپێی ئەو لێکگەیشتنەو لەبەر ئەو بنەمایانە هەر یەکێك لەو کەسانەی گرد بوونەتەوە وای پێ باش بوو کە ئەرکی ئەوەیە هەست و نەستی خۆی دامرکێنێت و، بەلایەنی کەمەوە بەڕواڵەت خەفەت و ترسەکانی خۆی دەرنەخات و، ئاخافتنەکەی سەبارەت بە کارەساتێك، کە ناتوانێت دووری بخاتەوە، بە ئاراستەیەکی دیکەدا ببات و بە شێوازێکی خۆشدووانە لە بارەی بابەتگەلی دوور بدوێت.

لەکاتێکدا خەڵکەکە بەو شێوەیە هێوری خۆیان دەستەبەر دەکردەوەو، ساتێکی بیرچوونەوەیان دەدۆزییەوەو، لەگەڵ بیرچوونەوەیشدا هەندێك پشوویان پێدا دەهاتەوەو هەندێك هێزیشیان وەبەر دەهاتەوە کە سبەینێ زۆر پێویستیان پێ دەبێت، ئەو کاتە چەند پیاوێك دێنە ژوورەوە کە (کۆستا بارانتس)یان هێنابوو. ئەو دەوڵەمەندەی هێشتە لاو بوو، تەواو تەڕ ببوو، تا هەردوو ئەژنۆی قوڕاوی بوو، پشتوێنەکەی لێ کەوتبوو. کە لێیان دەچێتە ژوورەوە لە ڕووناکییەکەو، لەو ژمارە زۆرەی خەڵکەکەی ناو هۆڵەکە سەری سوڕ دەمێنێت، تەماشای خوارەوەی دەکرد وەك بڵێیت خەون ببینێت، دەست بە سڕینی ئەو ئاوەی دەم و چاوی دەکات کە چۆڕاوگەی بەستبوو، شوێنێکیان بۆ کردەوە، پەرداخێك (ڕاکیا)یان پێشکەش کرد، لێ نەیتوانی تەنانەت پەرداخەکە لەلێوی نزیك بخاتەوە، هەموو جەستەی لە پەنجەی هەردوو پێیەوە تا تەوقی سەری دەلەرزی. لەناو هۆڵەکەدا چرپە چرپ دەستی پێ کرد: ویستوویەتی هەڵسێت و بەرەنگاری ئەو تەوژمی لافاوە ببێتەوە کە ئێستە لە کەنارە لمینەکەوە هەڵدەقوڵێت، لەو شوێنەی عەمبارو لۆدەکانی لێیە.

(کۆستا بارانتس) پیاوێکی لاوە، پیشتر خەڵکی ئەم شارە نەبووە، بەڵکو پێش بیست ساڵ وەك بە منداڵی هاتووەتە شارەکەو بەکرێ ئیشی کردووەو دواتر کچی تیرەیەکی دەوڵەمەندی خواستووەو خێرا بەو شێوە دەوڵەمەند بووە. کوڕە جووتیارە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییەدا بەچەند بۆندێکی بوێرانە، کە تێیاندا ڕەچاوی هیچ کەسێکی نەکردووە، توانیویەتی سامانێکی زۆر پێکەوە بنێت، بەو شێوەیە بووەتە دەوڵەمەندێك لە هەموو تیرە دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر. پێشتر ئاگەی زیان لێ کەوتنی نەزانیوەو، ناشزانێت چۆن بەرگەی کارەساتەکان دەگیرێت. ئەم پاییزە بڕێکی زۆر قۆخ و گوێزی مۆنۆپۆل کردبوو، بڕێك کە زۆر لە توانای ئەو زۆرتربوو، بەو هیوایەی نرخ بەسەر بازاڕی میوەدا بسەپێنێت، تا قەرزەکانی پێ بداتەوەو قازانجێکی لەڕادەبەدەریش بکات، وەك چۆن پارساڵ وای کرد. جا ئەوەتانێ هەنووکە هەموو سامانەکەی تێ دەچێت. ماوەیەکی زۆر تێپەڕی بەر لەوەی ئەو کاریگەرییە نەمێنێت کە دیمەنی ئەم پیاوەی واقی وڕمابوو لە دەروونی بەشداربووانی گردبوونەوەکەدا دروست کردبوو. لەبەر ئەوەی لافاوەکە زیانی بە هەمووان گەیاندبوو، زیانەکە زۆر بێت یان کەم، بەڵام بە هۆی ئەو نەریتەی لەسەری پەروەردە بووبوون، زۆرتر لەم پیاوە تازە دەوڵەمەندە کۆنترۆڵی خۆیانیان دەکرد.

پیاوە بەساڵداچووە بەڕێزەکان سەرلەنوێ ئاخافتنەکانیان بەرەو لای بابەتگەلێك بردەوە کە پێوەندییان بە لافاوەکەوە هەبوو. دەستیان بە گێڕانەوەی سەربوردە لەبارەی ڕۆژگاری کۆنەوە کرد، کە هیچ پێوەندییەکیان بەو کارەساتەوە نەبوو لێرەدا بەناچاری پێکەوەی کۆکردوونەتەوەو، خێرا لە هەموو لایەکەوە بۆ ئێرەی هێناون.

ڕاکیای تێژوتفتیان دەنۆشی و، سەربوردەیان لەبارەی ڕووداوە خۆشەکانی سەردەمە بەسەرچووەکانیان دەگێڕایەوە، یادوەری کەسانێکی نەشازی شارەکەیان زیندوو دەکردەوەو، چەندین جۆرە ڕووداوی خۆش و سەیریان دەگێڕایەوە، هەر یەکە لە قەشە میخائیلۆو حاجی لیانچۆ لەو ڕووەوە پێشەنگ بوون. تەنانەت کاتێك بەبێ ئەوەی ئاخێوەران ئارەزوو بکەن باسی لافاوەکەی پێشوو هاتە گۆڕێ، تەنیا باسی لایەنە سووك و خۆشەکانی ئەو لافاوەیان کرد، یان ئەوەی لەو لایەنانە بە سووك و خۆش دەهاتە پێش چاو دوای

تێبەربوونی هەموو ئەو ساڵە دوورو درێژانە، تا ڕادەیەك پەنایان بۆ شێوازی ئەفسووناوی دەبرد کاتێك لەبارەی لافاوەکەوە بدوایەن.

لەبارەی قەشە (یۆفان)ەوە دوان کە پێشتر لەو شارەدا قەشە بووە، کە خەڵك بە پیاوێکی باشی ناو دەبەن، بەڵام دەستی پیرۆز نییەو، نوێژو پاڕانەوەکانی لای خواوەند نرخێکی ئەوتۆیان نییە. لە هاویندا، لەکاتی وشکەساڵی و قات و قڕیدا کە زۆر جار تێکڕای بەروبوومی لەناو دەبرد، هەموو جارێك قەشە یۆفان پێش کاروانێك خەڵك دەکەوت و دەستی بە نوێژ دەکردو لە خواوەند دەپاڕایەوە باران ببارێت، کەچی هیچ شتێك دوای ئەو نوێژو پاڕانەوانە بەدی نەدهات تەنیا قات و قڕی زۆرترو گەرمای خنکێنەرتر نەبێت. لە وەرزێکی پاییزدا، پاش هاوینێکی قات و قڕی، ئاوی ڕووباری درینا دەستی بەبەرزبوونەوە کردو، نیشانەی ئەوە لەئارادابوو کە لافاوێکی گەورە شار نوقم دەکات، ئەو کات قەشە یۆفان دێتە کەنار ڕووبارەکەو، بڕواداران کۆ دەکاتەوەو لە خواوەند دەپاڕێتەوە بارانەکەو بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوەکە ڕاگرێت. بۆیە پیاوێکی سەرخۆشی تەمبەڵ کە ناوی یۆکژ بوو، ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو کە بە گشتی خواوەند پێچەوانەی ئەوە دەکات کە قەشەکە داوای لێ دەکات، ئەو پیاوە نەیکردە نامەردی و بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

ـ گەورەم، ئەم دوعایە مەکە، بەڵکو دوعاکەی هاوین بکە، دوعای باران... بێگومان باران خۆش دەکات ئەگەر لە خواوەند بپاڕێیتەوە باران بنێرێت.

عیسمەت ئەفەندی، کورتە بنەی قەڵەو، سەبارەت باو باپیرەکانی خۆی و چۆنیەتی ڕوو بە ڕووبوونەوەیان لەگەڵ لافاودا دواو گوتی: لە کاتی لافاوێکدا کە ماوەیەکی دوورو درێژە ڕووی داوە، دوو پیاوچاك چوون لە خواوەند بپاڕێنەوە قەزاو بەلا لە شارەکە دوور بخاتەوە. ماڵی یەکێکیان لە نزماییەکەی شار بوو کە بەر ئەگەری هەڕەشەی لافاوەکە کەوتبوو، کەچی ماڵی ئەوەکەی دیکەیان لەقەد گردەکە بوو کە لافاوەکەی پێ نەدەگەیشت. ئەمەی دووەم دەستی بە پاڕانەوە کرد، کەچی ئاوەکە نزم نەبووەوە، بۆیە قەرەجێکی سپی پێست کە خەریك بوو ماڵەکەی نغرۆی ژێر لافاو دەبوو، دەستی بە هاوار کرد:

ـ خەڵکینە، خەڵکینە، ئەو پیرمێردە بێنن کە دانیشتووی ناوەنجی شارە، ئەو پیرەمێردەی خانووەکەی وەك خانووەکانی ئێمە نغرۆ بووە. نابینن ئەمەی نێشتەجێی قەد گردۆڵکەکەیە نوێژو پاڕانەوەکەی لەژێر هەردوو لێوەوە دێتە دەرەوە؟

ئەمەیش حاجی لیاچۆیە، سوورەڤلّی دەم بە بزەو پێکەنین، کە پەلکی قژە سپییەکەی  بە پرِی لە ژێر کڵاوە زۆر نزمەکەیەوە دەردەچێت، ئەو بەم میزاجانە پێدەکەنێت، ڕووی دەم لە قەشەو خۆجە دەکات و دەڵێت:

ـ لەکاتی لافاودا نوێژ مەکەن و لە خواوەند مەپاڕێنەوە، ئەگینە برادەرانی خۆمان ڕابوردوویان بیر دەکەوێتەوەو هەر سێکمان لەم هۆڵە وەدەردەنێن و، ناچارمان دەکەن لەبەر ئەو بارانە لە خواوەند بپاڕێینەوە.

بەم شێوەیە لە نێو خۆیاندا دەپەڤین و سەربوردەیان دەگێڕایەوە، کە لە خودی خۆیاندا بێ نرخ بوون و کەسانی دیکە تێیان نەدەگیشتن و، بێ واتا بوون تەنیا لە ڕوانینی ئەوان و ڕوانینی ڕۆڵەکانی ئەو نەوەی سەر بە ئەون: ئەوانە تەنیا بیرهێنانەوەی یادوەری بێ مەبەست و گیانی بە گیانی بوون، تەنیا خۆیان دەیزانن، یادوەرییەکن وێنەی ژیانی جوان و سەخت و ڕۆتینیانەی ئەو شارۆچکەیەی دەکێشا، ئەو ژیانەی کە ئەوان

بەسەریان دەبرد... کە ماوەیەکی دوورو درێژە هەموو ئەوە گۆڕاوە، لەوەی مابێتەوەو پێوەندییەکی پتەوی بە ژیانیانەوە هەبێت، بەڵام هەنووکە چەند لەم کارەساتەوە دوورە کە بەو شەوە تووشی شارەکە بووەو بە ناچاری لەم ئەڵقە سەیرو تۆقێنەرەدا کۆی کردوونەتەوە.

هەروەها ئەو پیاوە بەڕێزانە کە پێگەیشتن و هەر لە منداڵییەوە چەندین جۆرە کولەمەرگییان بینی، کۆنترۆڵی (شەوی لافاوە مەزنەکە)یان کردووەو ئەوەندە هێزو توانا لە خۆیاندا دەبینن وایان لێ دەکات وا خۆیان پیشان بدەن کە بەرانبەر بەو کارەساتەی تووشیان بووە گاڵتە بکەن و، ئەو دژوارییە فریو بدەن کە ناتوانن لە خۆیانی دوور بخەنەوە.

بەڵام لە ناخی خۆیاندا هەموویان هەستیان بە نیگەرانییەکی قورس دەکرد، هەر یەکەیان، لەو دیوی ئەو گاڵتەو پێکەنینە زەردانەوە کە لە پێکەنینی ماسکەکان دەچن، لە ناخی خۆیدا بیرۆکەیەکی خەفەتباری هەڵەوگێڕ دەکات و، گوێ لە هاژەی ئاوو گڤەی ڕەشەبا دەگرێت، گوێ لەو ورتە ورتە دەگرێت لە شارە نزمەکەوە بەر گوێ دەکەوێت کە هەموو شتێکی لەوێ بەجێ هێشتووە. بەرەبەیانی سبەینێ، دوای ئەوەی شەویان بەو شێوەیە بەسەر برد، کە لە مەیدان ڕاوەستابوون خانووەکانی خۆیان لە پێدەشتەکەدا بینی کە نغرۆی ئاو بوونە، هەندێکیان لافاو تا نیوەیان هاتبوو، هەندێکی دیکەیان ئاو تا بنمیچەکانیان هاتبوو. ئەو کات بۆ یەکەمین و دوایەمین جار شارەکەی خۆیان بینی بێ پردە. ئاستی ئاو دە مەتر بەرز بووبووەوەو، تاقە پان و بەرزەکانی پردەکەی داخستبوون ئاو بەسەر پردەکەدا دەڕۆیشت کە لەژێر لافاودا بزربووبوو، هیچی لێ نەدەبینرا ئەو شوێنە بەرزەی نەبێت کە (کابیا)کەی لێیە ... ئەو شوێنە تەنیا شوێنێك لە سەر ئاوەکەوە وەك ماڵۆچکەیەك دیار بوو.

بەڵام دوای دوو ڕۆژ ئاوەکە لە ناکاو نزم بووەوەو دابەزی، ئاسمان ساماڵ بوو، هەتاو هەڵات و تیشکی دایەوە، وەك چۆن دەشێت لە هەندێك ڕۆژانی مانگی تشرینی یەکەم لەم نیشتمانە بەپیتەدا ڕوو بدات. دیمەنی شار لەو ڕۆژە جوانەدا دیمەنێکی تۆقێنەر بوو خەفەت و پەژارەو بەزەیی لە دەروونندا دەجووڵاند. خانووی قەرەج و هەژارەکان لەسەر لێواری ڕووبارەکە بەئاراستەی تەوژمەکە لار بووبوونەوە، زۆربەیان بنمیچیان نەمابوو، گەچ و بوورەکیان پێوە نەمابوو، تەنیا چەرداغە ڕەشەکانیان لە نێو گەڵای دارپەڵکەکانەوە دیار بوون، چوون کەلاوە دەهاتنە پێش چاو. هەرچی خانووی دەوڵەمەندەکان بوو کولانەکانیان بێ پەرژین مابوونەوەو، پەنجەرەکانیان کرابوونەوەو تێکشکابوون و، لەقەد هەر یەکەیان هێڵێکی سوور کێشرابوو ئاماژەی بەو شوێنە دەکرد کە ئاوی لافاوەکەی پێگەیشتووە. چەندین تەویلە ئاو ڕامالیبوون و چەندین ئەنبار وەرگێڕرابوون. لە دوکانە نزمەکاندا قوڕو لیتە دەگەیشتە زرانی، ئەو کاڵایانەی تێدا نوقم بووبوون کە نەتوانرابوو لەکاتی گونجاودا دەربهێنرێن. تێکڕای شەقامەکانیش دارو دەوەنیان تێدا کەوتبوو، کەس نەیدەزانی لافاوەکە لە کوێوە ڕایمالیون، هەروەها کەلاکی ئاوساوو ئەستووربووی ئەو چارەوایانەی تێدا کەوتبوو کە لافاوەکە خنکاندبوونی.

بارودۆخی شارەکە بەو شێوەیە بوو کە دەبوو دابەزن و ڕووی تێ بکەنەوەو ژیانی خۆیانی تێدا دەست پێ بکەنەوە. لە نێوان هەردوو کەنارەکەدا کە بەو شێوەیە نغرۆ بووبوون، بەسەر ئاوەکەشەوە کە هێشتە بە

هرووژم  هاژەی دێت و هەر لێڵە، پردەکە لەبەر هەتاوەکە قیت ڕاوەستابوو سپی دەچووەوەو هیچی لێ نەگۆڕابوو. ئاوەکە دەگەیشتە نیوەی قەدی ئەستوونەکان، بۆیە پردەکە لە ڕووبارێکی دیکەی قووڵدا نغرۆ بووبوو قووڵتر لەو ڕووبارەی بەژێر تاقەکانیدا تێدەپەڕی. بە درێژایی پەرژینی سەرەوەی پردەکە قوڕ چین چین وشك بووبووەوەو لەبەر تیشکی ڕۆژدا درزی تێدەکەوت. بەسەر (کابیا)کەیشەوە ئاومالَك و لق و پۆپ و گەڵای درەخت کۆ بووبوونەوە، کەچی هەر هەموو ئەوە دیمەنی پردەکەیان نەگۆڕیبوو کە تەنیا بە خۆی لە لافاوەکە قوتاری بووبوو بیٚ ئەوەی زیانی پیٚ بکەوێت و، دوای لافاوەکە بیٚ ئەوەی بگۆڕێت قیت بووەوە.

هەرکە لافاوەکە تەواو بوو هەموو خەڵکی شار دەستیان بە کارو کەسابەت کردو سەرقاڵی چاککردنەوەی ئەو شتانە بوون کە لافاوەکە تێکی دابوون، کاتی هیچ کامێکیشیان ئەوەندە فرەوان نەبوو بیر لە واتای ئەم پردە سەرکەوتووەو هیماکەی بکاتەوە، بەڵام، کاتێك لەم شارە بەدبەختەدا کە ئاو هەموو شتێکی تێدا وێران کردووەو تێك داوە بیٚ ئەوەی چاو پۆشی لە هیچ بکات، بۆ سەر کارەکانیان دەچوون، دەیانزانی کە شتێك لە ژیانیاندا هەیە دەتوانێت خۆ لەبەرانبەر هەموو ئۆرگانەکاندا ڕابگرێت و، لە هەموو مەینەتییەکی نویٚ بە ساغ و سەلامەتی بگوزەرێنێت و هیچی لیٚ نەگۆڕێت، ئەویش بە هۆی گونجاوی و نایابی نێوان شێوەو پتەوی بناغەکانییەوە بوو کە دانایانە دارێژرابوو.

زستانی ئەو ساڵە زۆر سەخت بوو، چونکە هەموو ئەو بەرو بوومانەی کە لە پەنامالٚ و عەمبارەکاندا هەڵگیرابوون چ تەختەو گەنم و ئالیك بوو، لافاوەکە هەمووی ڕامالٚیبوون. بۆیە دەبوو خانووەکان نۆژەن بکرێنەوە، تەویلە دروست بکرێنەوەو پەرژینەکانیان بۆ بینا بکرێتەوەو، کاڵای نویٚ قەرد بکرێن تا شوێنی ئەو کاڵایانە بگرن کە لەناو عەمبارو دوکانەکاندا بیٚ کەڵك بوونە، هەرچی (کۆنتا بارنتس)ە کە پتر لە کەسانی دیکە پیێی ناخۆش بوو بە هۆی بۆندە بوێرانەکانییەوە کە بەروبوومی قۆخی پیٚ مۆنۆپۆل کردبوون، ئەوە دوای ئەو زستانە نەژیا، بەڵکو لە خەفەتدا مردو چەند منداڵێکی لە پاش خۆی بەجیٚ هێشت داڵدەیەك نەبوو بیانگرێتە خۆ، لەگەڵ قەردێکی کەمی جیا جیا لەهەموو گوندەکاندا، لە دەروونی خەڵکیشدا یادوەری پیاوێکی بەجیٚ هێشت ویستی قاچ لە بەڕەی خۆی زۆر درێژتر بکات.

بەڵام یادوەری لافاوە گەورەکە لە هاوینی دواتردا لە دەروونی ئەو بەساڵداچووانە بەرەو نەمان دەچوو کە ماوەیەکی دوورو درێژ لە ئەندێشەیاندا دەژیا، کەچی لاوەکان لەسەر کابیا بەردینە سپی و لووسەکە دادەنیشتن و گۆرانییان دەگوت و دەئاخفتن، بەسەر ئەو ئاوەی بە ژێریاندا بەرەو قووڵاییەکی زۆر قووڵ دەڕۆیشت، بە هاژەیشی گۆرانییەکانی بۆ تەواو دەکردن... بیرچوونەوە مرۆڤ لە هەموو شتێك چاك دەکاتەوە، گۆرانی چڕینیش باشترین هۆیە بۆ شت لە بیرچوونەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە گۆرانی چڕیندا هیچ شتێکی بیر ناکەوێتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە دڵی خۆشی دەوێت.

بەم شێوەی لەسەر کابیاکە لە نێوان ئاسمان و ڕووبارەکەو چیاکاندا، نەوەکان فێری ئەوە دەبوون کە پێویستە مرۆڤ ئەوەند خەفەت بۆ ئەو کولەمەرگییانە نەخوات کە ئاوە بەگوڕەکەی درینا لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت. لەویٚ ئەو فەلسەفەیان کردە دروشمی خۆیان کە لە نەستەوە سەری هەڵداوەو شارۆچکەکە باوەڕی پێیەتی

ئەویش ئەمەیە: ژیان پەرجوویەکە مرۆ تێی ناگات، کە بەردەوام لە لێکترازان و توانەوەدایە، کەچی دەمێنێت و بەوپەڕی بەهێزییەوە بەردەوام دەبێت (وەك ئەو پردەی بەسەر دریناوەیە).

❊❊❊❊❊❊

# شەشەمین پار

پردەکەو کابیاکە، بە هۆی پەرەسەندنی ڕووداوەکان و ڕەوتی شەڕەکانی نێوان مرۆڤەوە، دووچاری هێرشی دیکەی جگە لە لافاو بوونەوە. بەڵام ئەو هێرشانە نەیانتوانی زیان بە پردەکە بگەیەنن یان گۆڕانکاری بەسەردا بهێنن، وەك چۆن لافاوە تیژەکان نەیانتوانی.

لەسەرەتای سەدەی ڕابوردوودا، شۆڕشێك لە سیربیا هەڵگیرسا. ئەم شارۆچکەیەی کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان سیربیاو بۆسنەوە لە هەموو سەردەمێکدا پێوەندییەکی توندو تۆڵ و ڕاستەوخۆو بەردەوامی لەگەڵ ڕووداوەکانی سیربیادا هەبووەو، وەك پەنجەکانی دەست بە پێرییانەوە چووە، هەموو ئەوەی لە فیشیگراد ڕوویان دەدا ـ فیتنە یان پەتا یان تیرۆر یان شۆڕش ـ ناکرێت دانیشتووانی (ئۆتیسە) گوێی پێ نەدەن، پێچەوانەی ئەوەیش دروستە. بەڵام لە سەرەتاوە پرسەکە وا پێدەچوو دوور بێت و ئەوەندە گرنگ نەبێت، پێدەچوو دوور بێت چونکە لەو دیوەکەی دیکەوە لە ویلایەتی بەلگراد ڕووی دا، ئەوەندەیش گرنگ نەبوو چونکە ئەو هەواڵانەی لە بارەی هەڵگیرسانی شۆڕشەوە بڵاو دەکرانەوە هەرچۆنێك بووە نوێ نەبوون. چونکە لەو کاتەوە ئەمپراتۆریەت هەبووە شۆڕش هەبووە، هیچ فەرمانڕەواییەکیش بێ شۆڕش و بێ پیلانگێڕان نەبووە هەروەها هیچ دەوڵەمەندییەکیش بێ خەفەت و زیان نییە. بەڵام یاخیبوونەکە تا دەهات ڕۆدەچووە ناو ژیانی هەموو ویلایەتی بۆسنیاوە، بەتایبەتی ژیانی ئەم شارۆچکەیە کە یەك کاتژمێر لە سنوورەوە دوورە.

هەرچی ململانێیەکە لە سیربیا پەرەی بسەندایە داوا لە تورکەکانی بۆسنیا دەکرا پیاوی فرەتر ڕوانەی سوپا بکەن و بەشێوەیەکی بەرفرەوان بەشداری لە ئامادەکردن و دابینکردنی شتەکانیان و دەستەبەرکردنی خۆراك و بژیویان بکەن. بەشێکی زۆری سوپاو کاروانی ئازووقە کە بۆ سیبریا دەنێررا بە شارەکەدا تێدەپەڕی، ئەوەیش بۆ تورکەکان دەبووە هۆی خەرجی و ئاگەدارکردنەوە لە مەترسی و بۆ سیربەکانیش کە لەم ساڵانەدا ڕاو دەنران و غەرامەیان بەسەردا دەسەپێنرا پتر لەوەی لەهەر کاتێکی دیکە بەسەریاندا دەسەپێنرا. ئاکام هاوینێکیان یاخیبوونەکە گەیشتە خودی ئەم ناوچانە، یاخیگەران، دوای ئەوەی خۆیان لە ئۆیتسە دوورەپەرێز گرت، گەیشتنە شوێنێك بەپێ دوو کاتژمێر لە شارەکەوە دوور بوو، دەستیان بە تۆپباران کردنی قەڵای لوتفی بەگ لە (فیلیتیڤۆ) کردو، ماڵی تورکەکانیشیان لە (تسرنچیچ) سووتاند.

تورکەکان و سیربەکانی شارەکە دووپاتیان کردەوە کە بە گوێی خۆیان دەنگی تۆپەکانی (قەرە جۆرج)یان[1] بیستووە. بەڵام مرۆ گومانی لەوە دەکرد دەنگی تۆپەکانی شۆڕش بگاتە شارەکە، چونکە مرۆڤ زۆر جار گوێی لەو شتانە دەبێت کە مەترسی لێیان هەیە یان هیواخوازییان دەکات، هیچ گومانێکیش لەو ئاگرانە

نەدەکرا کە یاخیبووەکان شەوانە لە سەر (بانووس)، ئەو لووتکە ڕووتەڵەی نێوان (فیلیتیڤۆ)و (جۆستیلێ) هەڵیان دەگیرساند، کە مرۆڤ دەیتوانی لە شارەکەوە دار سنەوبەرکانی بژمێرێت. تورکەکان و سیربەکان بە ڕوونی ئەو ئاگرانەیان دەبینی، بە وریاییەوە چاودێرییان دەکردن، لێ هەر هەموویان بە ڕواڵەت وایان دەنواند کە نایانبینن. خۆیان لە پشت پەنجەرەکانەوە حەشار دەدا یان لە تاریکایی باخچە چڕەکانیان دەوەستان و تەماشای گڕی ئاگرەکان و هەڵچوون و کوژانەوەیان دەکرد. ئافرەتانی سیربەکان لە تاریکاییدا هیمای خاچیان دەنەخشاندو، دەگریان و هەڵچوونێك باڵی بەسەردا دەکێشان هۆیەکەی نەدەزانراو، لەگەڵ فرمێسکەکاندا تەماشای پەرچدانەوەی ئەو ئاگرانەیان دەکرد کە شۆڕشگێڕان هەڵیاندەگیرساند، وەك بڵێیت بڵێسەی تارمایی ئەو ئاگرانەیە ئەوساکە بەسەر گۆڕەکەی (ڕادیسلاڤ)دا دادەباری کە داپیرەکانیان بەر لە سێ سەدەیە، لە خودی ئەم (مەیدان)ەو بە هەمان شێوە، لە فرمێسکەکانەوە بینیویانە.

ئەم بریسك و هوڕەو ئەم ئاگرە جیا جیاو پەرت و بڵاوەی تاریکی شەوی هاوین، کە ئاسمان لە جۆرە چیایەك دەچێت، هەموو ئەمە بەلای سیربەکانەوە لە جۆرە تاوەرێکی نوێی تاوەرەکانی ئەستێرەکان دەچێت، پێشبینی بوێرانەیان تێدا دەخوێندەوە، دەلەرزین و پێشبینی ئەو ڕووداوە چاك و خراپانەیان دەکرد کە تووشیان دێن. هەرچی تورکەکانە هەموو ئەوەیان وا دەبینی کە شەپۆلێکی سەرەتای دەریایەکی ئاگرە بەم شەوانەی هاوین چیاکانی گرتووەتەوە، هەمووی بە دەوری ئەو ئاگرانەدا دەخولێتەوە، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیا. هەرچی سیربەکانە لە خواوەند دەپاڕانەوە ئەو بڵێسە چاکە کە هاوچەشنی ئەوەیە لە سینگیاندایەو لە قووڵایی دەروونیاندا شاردوویانەتەوە، وا لەو بڵێسەیە بکات بگاتە ئەم لایەی سەر تەپۆڵکەکانی ئەوان، تورکەکانیش لە نوێژەکانیاندا داوایان لە خواوەند دەکرد ئەو ئاگرە ڕابگرێت و بکوژێنێتەوەو، دووری بخاتەوەو، ئەو نیازە ڕووخێنەرانە لەناوببات کە خوانەناسەکان بیریان لێ دەکەنەوەو بارودۆخ بۆ دۆخی جاران بگێڕێتەوەو، ئاسایشی ڕاستگۆیانە بگێڕێتەوە کە ئایینی دروست دەستەبەری دەکات. شەوانی ئەو ڕۆژگارانە پڕ لە چرپەی هوشیاری و زەبەندە بوو، لەو چرپەشەوە شەپۆلی شاراوەی ئارەزوو و خەونی بوێرانە سەرچاوەیان دەگرت. هزرو پلانگەلی ئەوتۆ کە لە ئەگەری ڕوودانەوە دوور بوون، لەو تاریکییە شینانەی ئاسمانی شاردا ڕوو بە ڕووی یەکدی دەبوونەوەو سەردەکەوتن و تێك دەشکان، کە ڕۆژی دواتر دەهات و بەیانی دەبووەوە تورك و سیربەکان بۆ سەر کاری خۆیان بەڕێ دەکەوتن و، ئەمیان بەویان بگەیشتایە چاویان بینایی نەدەداو ڕوخساریان هیچ دەربڕینێکی پێوە نەدەبینرا، سەڵاویان لە یەکدی دەکردو، لەگەڵ یەکدیدا بە سەدان دەربڕینی باو دەئاخافتن، ئەو دەربڕینانەی ڕەوشت و ڕەفتاری لادێییانە پێویستیان پێ دەکەن، لەوانەی بەردەوام لە شاردا بەسەر زارانەوە بوون و، خەڵکی وەك دراوی قەڵپ بۆ یەکدییان دەگوێزایەوە، بەڵام ڕێیان بۆ دامەزراندنی پێوەندی کۆمەڵایەتی خۆش نەدەکردو ئاسانیان نەدەکرد.

کاتێك پاش جەژنی ئەلیاسی پیاوچاك بە ماوەیەکی کەم ئاگر لە چیای بانۆس کوژایەوەو، شۆڕشەکە لە ناوچەی ئۆدیسە دوور خرایەوە، هیچ کام لە هەردوو گرووپەکە سۆزی خۆیان دەرنەخست. مرۆ نەیدەزانی ئایە بە ڕاستی ئەو سۆزە سەر بەم گرووپە یان ئەو گرووپ. هەرچی تورکەکان بوو ئەوە پێیان خۆش بوو شۆڕشەکە دوور بکەوێتەوەو هیوایان دەخواست بە تەواوەتی بکوژێتەوەو نەمێنێت و ئەو کردەوانە بنبڕ بن کە

خوانەناسە شەڕخوازەکان ئەنجامیان دەدەن، بەڵام ئەو شادییەیان ناتەواوو تاریك بوو، چونکە زۆر زەحمەت بوو مەترسییەکی ئەوەندە نزیك لە بیر بکەن. تەنانەت زۆربەیان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژیش دوای ئەوە ئەو ئاگرە تۆقێنەرانەیان لە خەوندا دەبینی کە شۆڕگێڕەکان هەڵیان دەگیرساند وەك شەپۆلە بریسکە لە هەموو تەپۆڵکەکانی دەوروبەری شار دەبریسکایەوە، یان گوێیان لە زرمەی تۆپەکەی قەرە جۆرج دەبوو لە دوورەوە دەنگی دەهات، بەڵکو وەك بۆردومانێکی ترسێنەر ویرانکاری بۆ هەموو شوێنێك دەهێنا.

هەرچی سیربەکانە ئەوە نائومێد بوون و ئاواتەکانیان بەدی نەهات، کاتێك ئاگری سەر لووتکەی چیای بانۆس نەما، بەڵام لە ناخی خۆیاندا، لە قووڵاییی دەروونیاندا، لەو قووڵاییەی بۆ کەس ناکرێتەوە، یادی ئەو ڕووداوانەیان دەکردەوە کە ڕوویان دا، هەر لەو بڕوایەدا بوون ئەوەی یەك جار بەدی هات، دەشێت جارێکی دیکە بەدی بێتەوە. هەروەها ترووسکەیەك هیوایان مابوو لەوەی چەوساوەکان هەیانە. چونکە ئەوانەی فەرمانڕوایی دەکەن و پێویستە خەڵك بچەوسێننەوە لە پێناوی ئەوەی فەرمانڕەوایی بکەن، ناچارن بەرانبەر بە کارەکان بە شێوەیەکی دانایانەو تێگەیشتووانە بجووڵێنەوەو ڕەفتار بکەن، تەنانەت ئەگەر ئارەزوو بەرچاوی تاریك کردن یان دوژمن ناچاری کردن سنووری ئەقڵ ببەزێنن، لە ڕێگەی سەرەوخوار هەڵدەخلیسکان و بەوەیش سەرەتای ڕووخانیان دەستنیشان دەکرد، لە کاتێکدا چەوساوەکان هاوکات سوود لە ئەقڵ وەردەگرن، ئەقڵ و شێتایەتی ئەو تەنیا چەکە بوون کە دەشێت لە تێکۆشان دژ بە چەوسێنەرەکان، جارێك بە نهێنی و ، جارێکی دیکە بە ئاشکرا بەکاری بهێنن.

ئەو کاتە گرنگی پردەکە پەرەی سەندو مەترسی لێ دەکرا، چونکە تەنیا ڕێگەی هێورو پارێزراوە کە ویلایەتی بۆسنیا بە سیربیاوە دەبەستێتەوە. ئەوەبوو پۆلێك سەرباز کە لە ماوەی ئەو ئارامییە دوورو درێژەدا بەرەڵڵا نەکرابوون لە شارەکەدا جێگیر بوون و، پاسەوانی پردەکیان دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو پۆلە سەربازە بە شێوەیەکی باش و بە کەمترین کۆشش ئەرکەکەی خۆیان بەجێ بگەیەنن، لە ناوەڕاستی پردەکەدا سوپێرێکیان لە تەختەدار دروستکرد، لە شێوەو دیمەن و کەرەستەوە شتێکی زۆر ناشیرین بوو. بەڵام هەموو سوپای جیهان بۆ مەبەستی تایبەتی و بۆ پێویستی کاتی بینای لەم جۆرە دروست دەکەن کە دواتر، لە بۆچوون و ڕوانینی ژیانی شارستانی و بۆچوونی پێویستییەکانی ئاشتییەوە، شتێکی بێ بەهایەو کەس تێی ناگات. ئەو سوپێرە خانوویەکی ڕەزا قورسی یەك نهۆمی بوو، لە بنەدارو تەختەداری گەورە دروست کرابوو، لە ژێرەوەی ڕێڕەوێکی بۆ کرابوو لە تونێل دەچوو. خانوویەکی بەرز بوو لەسەر کۆڵەکەی بەهێز ڕاوەستابوو بە شێوەیەك بەسەر ئەم لاو ئەو لای پردەکەوە بوو پشتی بە کابیاکەوە نەدابوو لە دوو لاوە نەبێت، لایەك لەسەر شۆستەی چەپەوەو لایەك لەسەر شۆستەی ڕاستەوە، لە ناوەڕاستیشدا ڕێڕەوێك بۆ گالیسکەو ئەسپ و پیادە هەبوو. کەچی پاسەوانەکان لە بەرزاییەوە، لەو نهۆمەی تێیدا دەنوستن و بە چەند پێ پلکەیەك بۆی سەردەکەوتن کە لەدار شاتان دروست کرابوون و لە دەرەوە دانرابوو، دەیانتوانی چاودێری هەموو مرۆڤێك بکەن کە بەسەر پردەکەدا تێپەڕێت و ناسنامەو شت و مەکەکانی بپشکنن و، هەر ساتێکیش پێویست بکات ڕێی نەدەن لە پردەکە بپەڕێتەوە.

بە ڕاستی ئەو سوپێرە دیمەنی پردەکەی گۆڕیبوو. کابیا جوانەکە لەژێر ئەو بینا تەختەدارینەدا بزربوو کە خۆی بەسەر ئەستوونەکانیدا دابوو، وەك بڵێیت بەسەر کابیاکەدا ڕۆنشتبێت ڕۆنشتنی باڵندەیەکی زەبەلاحی ناشیرین.

ئەو ڕۆژەی لە دروستکردنی سوپێرەکە بوونەوە، هێشتە بۆنی شاتانی لێ دەهات و دەنگی پێیش لە بۆشاییدا بەرگوێ دەکەوت، هەرکە بیناکە تەواو بوو یەکسەر پاسەوانەکان تێیدا جێگیربوون، هەرکە بەرەبەیانی یەکەمین ڕۆژیش بووەوە سوپێرەکە وەك بڵێیت داوە یەکەمین قوربانییەکانی خۆی دەستگیر کرد.

لە سایەی هەتاوە سوورە نزمەکەدا، لە یەکەمین ساتەکانی بەیانیدا، ژمارەیەك لە سەربازو ژمارەیەك لە چەکدارە تورکەکان کە پاسەوانن و شەوانە بە دەوری شاردا دەسووڕێنەوە لە ژێر سەنگەرەکەدا گردبوونەوەو بەوەیش یارمەتی پۆلە سەربازەکەیان دەدا، لە ناوەڕاستی ئەو ئاهەنگەشدا فەرماندەی پاسەوانەکان لەسەر یەکێك لە ئەستوونەکان دانیشت و، پیرەمێردێکی کورتە بالآی لە شێوەی حاجییە خواناسەکان لە بەردەمیدابوو، هاوکات لە قەشەو لە گەدا دەچوو، وێڕای سەری سپی و لۆچەکانی دەم و چاوی، گورج و گۆڵ و، ڕوو بە خەندەبوو. مرۆڤێکی ساکارو ڕەفتار سەیر پێیان دەگوت (بالیزێ) بە نژاد خەڵکی شاری (چاینچە) بوو. چەندین ساڵ بوو ڕوو بە بزەو پێکەنین و بە شکۆو ڕێزەوە دەهات و دەچوو، سەری لە کڵێساو دێرەکان دەداو ئامادەی گردبوونەوەی پیاوچاکان و جەژنی پیاوچاکان دەبوو، بۆ خواوەند نوێژی دەکردو کڕنووشی دەبردو بەرۆژوو دەبوو. لە ڕابوردوودا دەستەڵاتدارانی تورك ئاوڕیان لێ نەدایەوە، بەڵکو وەك پیاوێکی سەرشێت و خواناس و چاك ڕێیان دەدا وێڵ و سەرگەردان بێت و، ڕێیان دەدا بە ئارەزووی خۆی بێت و بچێت و سەر لە هەر شوێنێك بدات .

هەرچی ئێستەیە ئەوە سەردەمێکی نوێ دەستی پێ کردووە، ئەویش بە هۆی ئەو شۆڕشەوە کە ئاگرەکەی لە سیربیا هەڵگیرسا، بۆیە ئەوە بووە هۆی وەرگرتنی هەنگاوی توندوتۆڵتر، ئەو کاتە چەندین تیرەی تورك لە سیربیاوە دەگەیشتنە جێ کە شۆڕشگێڕەکان هەموو سامانێکیانیان سووتاندبوون، ئەو تیرەانە ڕك و کینەیان بڵاو دەکردەوەو داوای تۆڵەسەندنەوەیان دەکرد. وێڕای ئەوەی سەنگەرەکانی پێشەوە لەهەموو شوێنێك لە پاسەواناندا جمەیان دەهات، ئەگەرچی چاودێریش توندتر کرابوو، کەچی تورکەکانی ئەو شارە هێشتە هەستیان بە نیگەرانی و غەمباری دەکردو، هێشتە ڕك و کینە دڵ و دەروونی پڕ کردبوونەوە، بۆیە بە چاوێکی گوماناوییەوە تەماشای هەموو خەڵکێکیان دەکردو تینووی بینینی خوێنیان دەکرد.

ئەو پیرەمێردە کورتە بالآیە لە (ڕۆهات تسا)وە گەیشتبووە پردەکە، لە بەدبەختی ئەو بوو کە تەنیا ڕێبوار بوو ئەو ڕۆژە ڕێی کەوتبووە پردەکە لەو ڕۆژەی سوپێرەکەی تێدا بیناکرابوو و بۆ یەکەمین جاریش بوو پاسەوانەکان لەو سوپێرەدا جێگیر ببوون، بە تایبەتی بەر لەوە گەیشتبوو کە بە تەواوەتی ڕۆژ ببێتەوە، وەك چۆن خەڵکیش مۆمێکی داگیرساویان بەدەستەوە بوو، دارێکی ئەستووری بەدەستەوە بوو هیماو وشەی سەیر سەیری لەقەد نەخشێنرابوو، هەرکە بەسەر پردەکەدا ڕۆیشت سەپێرەکە قووتی دا، وەك چۆن جاڵجاڵۆکە مێشێك هەڵلووشێت. لەوێ چەند پرسیارێکی کورتیان ئاراستە کرد: کێیە، چییە، لە کوێوە هاتووە، ئەم نیشانەو هیماو وشە سەیرانە چین بە قەد دارەکەیەوە نەخشێنراون، ئەویش دەستی بە وەڵامدانەوەی تەنانەت

ئەو پرسیارانەیش کرد کە لێی نەدەکران، شانی پێدا کردو بە ڕاشکاوی دەستی بە پەیڤین کرد وەك بڵێیت لە بەردەم (قازیی یەکەم)دایە، نەك لەبەردەم تورکانی شەڕخوازدا. گوتی ئەو هیچ نییە، کەس نییە، بەڵکو گەشتوەرێکە لە گەشتوەرانی ئەم زەمینە، لەم ساتە ناوەخت و بەسەرچووەدا بە ئێرەدا تێدەپەڕێت، سێبەرێکە لە سێبەرەکانی هەتاو، ئەو ئەو ڕۆژە کەمانەی ژیانی کە ماونەتەوە، بە نوێژو پاڕانەوە بەسەر دەبات و، لەم دێرەوە دەڕواتە ئەو دێرو، هەر دەسووڕێتەوەو تا سەر لە هەموو شوێنە پیرۆزەکان و تەلارە ئایینییەکان و، گۆڕی قەراڵەکان و گەورە فەرمانڕەوایانی سیرب دەدات، هەرچی هیماو پیتەکانی قەد داردەستەکەشیەتی، ئەوە هیمای سەردەمەکانی ئازادی و نەبەردییەکانی سیربن، ئەوانەی بەسەر چوونەو ئەوانەیش لە ئاییندەدا دێن، ئەویش لەبەر ئەوەی (پیرەمێردەکە ئەمەی گوت و لە شەرم و بێ فیزی و بێ نازیدا پێکەنی) سەردەمی ژیانەوە نزیك بووەتەوە، بەڵکو زۆر نزیك بووەتەوە ئەگەر مرۆڤ بڕوا بەو شتانە بکات کە لە کتێبەکاندا دەیانخوێنێتەوەو لە زەمین و ئاسماندا دەیانبینێت، تەخت و موڵکی خواوەند دەژێتەوە، چونکە لە سەر بنەمانی ڕاستی دامەزراوەو قوربانی لە پێناودا بەخشراوە.

پیرەمێردە کورتە باڵاکە لەسەری ڕۆیشت و گوتی:

ـ بەڕێزان دەزانم ئەوەی دەیبیستن پیتان خۆش نییەو، دەشزانم کە ڕەنگە دەبوایە ئەو شتانەتان بۆ باس نەکەم، بەڵام ڕاتانگرتم و پرسیارتان لێ کردم کە بە پێی ڕاستی هەموو شتێکتان پێ بڵێم بۆیە دەبوو بیانڵێم. خوا ڕاستییەو، خوا یەکەو، ئێستە تکاتان لێ دەکەم ڕێم بدەن بڕۆم، چونکە پێویستە ئەمڕۆ بڕۆمە بانیا، تا سەر لە دێری (سیبیانەی پیرۆز) بدەم.

ئەوەبوو شیفکۆ قسەکانی پیرمێردەکەی وەردەگێڕاو، بێ هوودە هەوڵی دەدا کە زمانی تورکی باش نەدەزانی ئەو دەربڕینانە بە وشەی ڕووت وەرگێڕێت. فەرماندەی پاسەوانەکان، کە کابرایەکی خۆنەخۆش خستەی خەڵکی ئەنادۆڵ بوو، نیوچە وریا گوێی لە وەرگێڕەکە بوو کە ئاخاوتنێکی تەم مژاوی و پچڕ پچڕی دەگوت و، جار نا جارێك تەماشای پیرەمێردەکەی دەکرد، پیرەمێردەکەیش تێڕوانینێك تێی دەڕوانی هیچ ترسێکی لەخۆنەگرتبوو، هەروەها هیچ واتایەکی خراپ تێگەیشتنی دەرنەدەبڕی، بە جووڵەی چاوەکانی لایەنگیری لەوە دەکرد کە وەرگێڕەکە دەیگوت، ئەگەرچی زمانی تورکیشی نەدەزانی. فەرماندەی پاسەوانەکان لە ناخی دڵەوە هەستی بەوە کرد کە بەرانبەر بە پیرەمێردێکی شێت ڕۆنیشتووە، بەرانبەر بە دەروێشێکی خوانەناس، بەرانبەر بە شێتێکی قسەخۆش کە هیچ مەترسییەکی لێ نەکرێت. داردەستەکەی پیرەمێردەکەیشی پارچە پارچەکردبوو، وای دەزانی کوڕۆڵەو نامەی نهێنی تێدایە، هیچ شتێکی لە داردەستەکەدا نەدۆزییەوە، بەڵام وەرگێڕانەکەی شیفکۆو  پەیڤەکانی پیرەمێردەکە مرۆ دەخەنە گومانەوەو، بۆنی سیاسەتیان لێ دێت و، نیازی مەترسیداریان پێوە دیارە. دەکرا فەرماندەی پاسەوانەکان ڕێی بەم شێتە بەستەزمانە، بەم پیاوە ساکارە بدایە، بە ڕێگەی خۆیدا بڕوات ئەگەر سەربازی دیکەو پاسەوانی مەدەنی گوێیان لەو لێپرسینەوەیە نەگرتایە. هەروەها (شیفکۆ)یش لەوێ بوو کە زۆر ڕوون بوو کاتێك ئاخافتنی پیرەمێردە پێداگرەکەی وەرگێڕا بەرەو ئاراستەی خراپ ترین واتای برد، شیفکۆیش پیاوێکە لووتی خۆی لە هەموو کاسەیەك دەژەنێت و، حەزی لەوەیە پاشقولی ئەم و ئەو بدات، دەتوانێت بەبێ هیچ بەڵگەیەك لایەنگیری لە

پڕوپاگەندەی خراپ بکات. هەروەها ئەو تورکانەی خەڵکی شار لەوێ بوون، ئەو ئارەزوومەندانەی ڕووگرژو درژ لێرەو لەوێ دەسووڕێنەوەو، هەر ڕێبوارێك گومانی لێ بکەن دەستگیری دەکەن و، بەبێ هیچ هۆیەك لووت لەکاری فەرماندەی پاسەوانەکان دەژەنن... هەموو ئەوانە لەوێ گرد بووبوونەوە. ئەوانە ئەم ڕۆژانە هەموویان تاڵیی ڕك و کینە سەرخۆشی کردوون و تینووی تۆڵەسەندنەوەو کوشتن و بڕین بوون. ئەوانە دەیانەوێت ئەو کەسانە بکوژن کە دەتوانن بیانکوژن، مادامەکێ ناتوانن ئەوانە بکوژن کە دەیانەوێت بیانکوژن. فەرماندەی پاسەوانەکان لێیان ناگات و خۆشی ناوێن، بەڵام دەرك بەوە دەکات کە لەسەر ئەوە کۆکن سوپێرەکە لە یەکەمین ڕۆژەوە قوربانی هەبێت، ئەو لەوە نیگەرانە ئەو پێداگرییەی ئەوان ئەزیەتێکی پێ بگەیەنێت ئەگەر بەرهەڵستی خواستی ئەوان بکات. بەرگەی ئەوەی نەدەگرت بەهۆی ئەم پیرەمێردە شێتەوە تووشی دەردەسەری ببێت. هەرچۆنێك بووە ئەم پیرەمێردە ناتوانێت بە ئاخافتنەکانی سەبارەت بە ئەمپراتۆریەتی سیربیا لەنێوان تورکەکانی ئەم وڵاتەدا دوور بڕوات کە لەم ڕۆژانەدا وەك هەنگی نێو شانەیەکی هەڵەوگێڕاو ورووژاون، با ئاوە لێڵەکەی ڕووبارەکە، وەك چۆن هێناویەتی، بیبات.

هەرکە پیرەمێردەکەیان بە پەت بەستەوەو، هەرکە فەرماندەی پاسەوانەکان خەریك بوو بەرەو شار بەڕێ دەکەوت تا ئەشکەنجەدانەکەی نەبینێ، چەند پیاوانی جەندرمەو تورکەکان هاتن لاوێکی سیربی جل شڕیان لەگەڵ خۆ ڕادەکێشا، جل و بەرگی لاوەکە شیتاڵ شیتاڵ ببوو، دەم و چاوی خوڵاوی و، هەردوو دەستی ڕووشابوون.. لاوێك بوو ناوی (میلی) بوو، تاك و تەنیا لە گردۆڵکەی (لیسکا) ژیانی دەگوزەراندو، ئاسیاو (ئاش)ێکی لە (ئۆسوێنتسا) بەڕێوە دەبرد. تەمەنی لە نۆزدە ساڵ تێپەڕی نەکردبوو، تەندروستی باش و بە خۆوە بوو.

ئەو بەیانییە، بەر لەوەی ڕۆژ ببێتەوە، میلی ئاشەکەی پڕ لە جۆ کرد کە دەبوو بیهاڕێت و جۆگە گەورەکەی ڕادا، دواتر بەرەو ناوجەرگەی دارستانەکەی ئەو لای ئاشەکە بەڕێ کەوت بۆ ئەوەی هەندێك دار بهێنێتەوە. بەدەست تەورەکەی دەجووڵاندەوەو، لق و پۆپی دارچناری دەبڕی وەك بڵێیت گەنم دروێنە بکات. فێنکی بەیانی ئاسوودەیی پێ دەبەخشی و شادومان بوو چونکە دارەکان بەدەم پاچەکەیەوە بەردەبوونەوە. پاچەکەی توند ڕانەدەوەشاند، لێ دەمەکەی تیژ بوو، دارە ناسکەکانیش لەوە لاوازتر بوون بەرگەی ئەو هێزە بگرن کە لە دەروونی خۆیدا هەستی پێ دەکرد. هەستی بە شتێك کرد سنگی پڕ دەکردو هانی دەدا لەگەڵ هەر جووڵەیەکدا هاوار بکات. هاوارەکانیشی تا دەهات زۆرتر دەبوون و پێکەوە گرێ دەدران. لاوەکە وەك هەموو خەڵکی (لیسیکا) گوێی سووك نەبوو، گۆرانیشی نەدەزانی، لەگەڵ ئەوەیشدا لەو شوێنە چڕە سێبەرەدا گۆرانی دەچڕی و هاواری دەکرد. ئەو گۆرانییانەی دەچڕی کە پێشتر بیستبووی خەڵکی دیکە دەیانچڕی، بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێك بکاتەوە، لە یادی چووبووەوە لە چ شوێنێکدایە. لە سەردەمی شۆڕشی سیربیادا گەل گۆرانییەك لەو گۆرانییە میللییانەی گۆڕی بوو کە بەم دوو دێڕە دەست پێ دەکات:

کاتێك عەلی بەگ لاو بوو،

کیژێك ئاڵاکەی وی هەڵدەگرت

گۆرانییەکەی وا گۆڕیبوو بڵێت:

کاتێك جۆرج [2] لە هەرەتی لاویدا بوو

کیژێك ئالآکەی هەڵدەگرت

لەچوارچێوەی ئەو ململانێیە گەورەو سەیرەی چەندین سەدەیە لەم وڵاتی بۆسنیادا، لە نێوان دوو باوەڕدا، سەری هەڵداوەو، لە پێناوی خاك و دەستەڵات و تێڕوانینێکی تایبەت لە ژیان و سستەم، هەردوو نەیار نەك هەر ئافرەت و ئەسپ و چەکی یەکدییان زەوت دەکرد، بەڵکو شیعرو گۆرانییەکانی یەکدیشیان زەوت دەکرد.

بەم شێوەیە شیعرێکی زۆری ئەم گرووپەکە وەك تاڵانێکی بەبەها بووبووە موڵکی گرووپەکەی دیکە .

ئەوەیش ئەو گۆرانییە بوو کە خەڵکی سیربیا لەم سەردەمانەی دواییدا لە ماڵە داخراوەکانیاندا، لە ڕۆژانی جەژن یان لە لەوەڕگە دوورەکاندا کە تورکەکان ساڵی جارێك ڕووی تێناکەن دەیانچڕی، بەڵام بە نهێنی و وریایی و دوور لەوەی تورکەکان بیبیستن، لەو لەوەڕگە دوورانەدا کە مرۆڤ وەك چۆنی دەوێت دەتوانێت بە گۆشەگیری و نەداری لە ناوچەیەکی دڕندەدا بژێت و گوزەران بکات و بە ئارەزووی خۆی چی گۆرانییەکی بوێت بیچڕێت.

ئەوە ئەو گۆرانییە بوو کە میلی خزمەتکاری ئاشەوانەکە ویستی لە دارستانێکی نزیك ئەو ڕێگەیەدا بیچڕێت کە تورکەکان و (لۆباك ئۆراخۆفاك) بەرەو بازاڕی شار پێیدا تێدەپەڕن.

هێشتە بەرەبەیان لووتکەی تەپۆڵکەکانی ڕووناك نەکردبووەوەو، هێشتە تاریکی باڵی بەسەر ئەو شوێنە بەسێبەرەی دەوروبەری داربڕەکەدا کێشابوو. خوناڤ (میلی) تەڕ کردبوو، خەوە قورسەکەی شەوو، ئەو نانە گەرمەی خواردبووی و، ئەو کارە ئاسان و ساکارەی کە ئەنجامی دەدا، هەر هەموویان گەرمایی و فێنکییان بە جەستەی دەبەخشی. پاچەکەی بە دەست دەوەشاندو لە بنەدار ئەسپیندیارێکی دەدا درختەکەیش هیچی بۆ نەدەمایەوە ئەوە نەبێت داچەمێتەوەو وەك بووك دەستی خەسووی ماچ بکات، دار ئەسپیندارەکە بە شەونمێکی سارد لە وردە پرووشەی باران دەچوو، ئاو پەرژینی دەکرد، بە داچەماویش دەمایەوە، لەبەر ئەوەی ئەو سەوزاییەی لە زەویدا بوو چڕتر بوو لەوەی درەختەکە بکەوێت. ئەویش لق و پۆپە سەوزەکانی بە دەستێك دادەپاچی وەك بڵێیت یاری بکات و، هاوکات پڕ بە دەم گۆرانی دەچڕی و شادومانانە چەند وشەیەکی لەزار دەهاتنە دەر. وشەی (جۆرج) شتێکی تەم و مژاوی بوو بەڵام شتێکی بەهێزو ئازا بوو، وشەی (کیژ)و (ئاڵا)یش لای ئەو دوو شتی نەناسراوو نەزانراو بوون، بەڵام بەدەنگی قووڵترین ئارەزووەکانی خەونەکانییەوە دەهاتن، ئەویش ئەوەیە کە کیژێکی ببێت و کیژەکەیش ئاڵایەك هەڵگرێت. هەرچۆنێك بێت چێژی لە گۆکردنی ئەو وشانە وەردەگرت. ئەو هێزەی لە ناخیدایە هانی دەدات بێ شومار دووبارەیان بکاتەوە، هەرکە جارێك ئەو وشانە گۆ دەکات ئەوە ئەو هێزەی لە ناخیدایە پتر پەرەی دەستاندو، پاڵی پێوە دەنا ئاشکراتر بیانڵێتەوە.

بەم شێوەیە کاتێك ڕۆژ بووەوە، میلی گۆرانی دەگوت و لق و پۆپی درەختەکانی دادەپاچی و دەبڕییەوە کە لەو پێناوەدا چووبووە نێو دارستانەکەوە. کاتێك بە تەواوەتی لەو کارە بووەوە، بە لاپاڵە شێدارەکەدا شۆڕ بووەوەو کۆڵەدارێکی لەدووی خۆی ڕادەکێشا. کاتێك گەیشتە ئاشەکە تورکەکانی لەوێ بینی. ئەسپەکانیان بەستبووەوەو چاوەڕێیان دەکرد. نزیکەی دە کەس دەبوون. (میلی) وەك چۆن ڕووی لە دارستانەکە کردبوو بە

جلێكی شڕو شۆڵ و بە پەشۆكاوی لە دارستانەكە گەڕایەوە، نە (جۆرج)ی لەبەرچاو بوو، نە كیژو نە ئالاّی لە تەنیشتەوە بوو. توركەكان چاوەڕوان بوون تا پاچەكەی دانا، كە پاچەكەی دانا، لە هەر چوار لاوە پڕیان دایەو، دوای بگرەو بەردەیەكی كەم بە پەتێكی درێژی جلّەوی ئەسپ دەستیان بەستەوەو بەرەو شار پێشی خۆیانیان دا. بە ڕێگەوەیش ئەوەیان لەیاد نەچوو پشتی داركاری بكەن و پێ لەقەی تێ بسرەوێنن و پرسیاری ئەوەی لێ بكەن كە ئێستە جۆرج لە كوێیەو، جنێو دوای جنێو، جنێوبارانی ئالاّو كیژەكەشیان دەكرد.

لە ژێر سوپێرەكە، لە كابیاكەدا، پاسەوانەكان پیاوە شێتەكەیان بەستبووەوە، وێڕای سەربازەكان، ئەگەرچی هێشتە ڕۆژیش نەبووبووەوە ژمارەیەك لە بێكارانی شارەكەیش گرد بووبوونەوە. پەنابەری توركی زیان پێكەوتوویان تێدا بوو كە لە سیربیاوە گەیشتبوون، كە هەر هەموویان چەكدار بوون، خۆیان بەشكۆو ڕێزدار دەنواند وەك بڵێیت ڕووداوەكە ڕوداوێكە دەبوو هەر ببێت و شەڕێكی یەكلاخەرەوەیشە. لەگەڵ بەرزبوونەوەی هەتاو بەرەو گومەزی ئاسمان ئەوان پتر هەڵدەچوون. هەتاو خێرا بەرزتر دەبووەوەو تەم و مژێكی بێگەردی مەیلەو سوور لەوێ لە كۆتایی ئاسۆ بە ئاسمانی (جۆڵش)ەوەی لەگەڵدا بوو. بە شێوەیەك پێشوازییان لە لاوە تۆقیوەكە كرد وەك بڵێیت سەركردەی شۆڕشە، ئەگەرچی جلێكی شڕۆڵی لەبەر بوو، بەستەزمان بوو، ئەگەرچی لە كەناری لای چەپی دریناوە هاتبوو، ئەو ناوچەیەی كە شۆڕشی تێدا ڕووی نەدابوو. توركەكانی (ئۆراخۆفاك) و (ئۆلۆباك) كە ڕكیان لەم بوێرییە گەورەیەی ئەو لاوە دەبووەوەو نەیاندەتوانی بڵێن كە بە ئەنقەست نییە، شایەتی ئەوەیان دا كە لاوەكە لە نزیك ڕێگەكەدا بە شێوەیەكی بەرەنگاربوونەوە، گۆرانی لە بارەی هێزو توانای جۆرج و چەكدارە خوانەناسەكان گوتووەتەوە. ڕاستیشت بوێت دەم و چاوی لاوەكە دەم و چاوی پاڵەوان نەبوو یان دەم و چاوی سەركردەی گرووپێكی مەترسیدار نەبوو، زاڵەتەرەك و تۆقیو بوو، لە ناو جلە شڕو وڕەكانیدا داڕووخاوو، ڕەنگ بزركاو بوو، بە دوو چاو تەماشای فەرماندەی پاسەوانەكانی دەكرد كە هەڵچوون خێلی كردبوون، وەك بڵێیت چاوەڕوانی ئەوەی لێ بكات ڕزگاری بكات، نەیدەزانی كە سوپێرێك لەسەر پردەكە دروست كراوە، چونكە زۆر كەم هام و شۆی شاری دەكرد، بۆیە ئەوەی بەرانبەر بەو ڕووی دەدا بەلای ئەوەوە سەیر بوو، هەروەها لە ڕاستیشەوە دوور بوو، وەك بڵێیت لە ناو خەونێكدا لە شارێكی نامۆو، لە نێوان كەسانێكی شەڕخوازو ترسناكدا بزرە. سەر زمانی دەگرت و، چاوی شۆڕ كردبووەوەو دووپاتی دەكردەوە، كە هیچ گۆرانییەكی نەچڕیوەو، هێرشی نەبردووەتە سەر شان و شكۆی توركان، چونكە خزمەتكارێكی دەستكورتەو لە ئاشێك كار دەكات و لە دارستانەكەدا خەریكی دار گلێركردنەوە بووەو نازانێت بۆچی بۆ ئێرەیان هێناوە. لاوەكە لە ترساندا دەلەرزی. ئەوی ڕاستیش بێت ئەوەی گوتی مەبەستی ئەوە نەبوو درۆ بكات، چونكە لە ڕاستیدا لەو ڕووداوە نەگەیشتبوو كە تووشی هات، ناشزانێت بۆچی دوای ئەو هەڵچوونە مەزنە لە نزیك فێنكایی جۆگەكەدا هەستی پێكرد، بۆچی لەناكاودا بە دەست بەستراوی و پەتپەتی پێ كراوی هێنرایە ئێرە، بۆ لای كابیاكە تا لەبەردەم ئەم خەڵكە بێ شومارەدا ببێتە جێی سەرنج ڕاكێشان، كە دەبێت بەرسڤی پرسیارەكانیان بداتەوە. خۆیشی ئەوەی لە بیركرد كە گۆرانی چڕی بێت، تەنانەت ئەگەر بۆ ڕاگوزاریش بێت.

کەچی تورکەکان لەسەر قسەکانی خۆیان سوور بوون، ئەوەیش ئەوەبوو گۆرانی شۆڕشگێڕانەی گوتووە لەو ساتەی کە ئەوان بەوێدا تێپەڕیون و، بەرەنگاریشیان بووەتەوە کاتێك ویستوویانە دەستی ببەستنەوە. هەر یەکەشیان ئەوەی بۆ فەرماندەکە دووپات دەکردەوەو بۆ ڕاستی قسەکانیشی سوێندی دەخوارد:

ـ سوێند دەخۆیت کە ڕاستی دەڵێیت؟

ـ سوێند دەخۆم.

ـ سوێند بخۆ.

ـ بە خوای مەزن.

سێ جار ئەو سوێندەی دەخوارد. دواتر لاوەکەیان لە تەنیشت (یالیزێ)وە داناو ڕۆیشتن تا پیاوکوژەکە هەڵستێنن کە دیار بوو خەوی قورس بوو. پیرەمێردەکە تەماشای لاوەکەی کرد کە لە شەرمان و لە پەشۆکاوی و واق وڕماویدا چاوی دەترووکاند چونکە ڕانەهاتووە بە ڕۆژی نیوەڕۆ گۆشەگیرو تەنێ، لە ناوەڕاستی پردەکەدا، لە نێوان ئەو حەشاماتەدا ڕاوەستێت.

پیرەمێردەکە لە لاوەکەی پرسی:

ـ ناوت چییە؟

لاوەکە بە سەرشۆڕی و وەك بڵێیت هێشتە وەڵامی تورکەکان دەداتەوە:

ـ میلی.

ـ کەواتە کوڕم با باوەش بە یەکدیدا بکەین.

پیرەمێردەکە ئەوەی گوت و سەرە سپییەکەی بەلای شانی (میلی)دا شۆڕ کردەوە.

ـ کوڕم میلی با دەست لە ملی یەکدی بکەین، با دەست لە ملی یەکدی بکەین و، هیمای خاچ بنەخشێنین، بە ناوی باب و کوڕو ڕوحی پیرۆز، بە ناوی باب و کوڕو ڕوحی پیرۆز. ئامین.

پیرەمێردەکە تەنیا بە وشە هیمای خاچی بۆ خۆی نەخشاند، چونکە هەردوو دەستی بەسترابوونەوە، زۆر خێرا ئەو هیمایەیان نەخشاند لەبەر ئەوەی تا دەهات جەلادەکە لێیان نزیکتر دەبووەوە .

جەلادەکە، کە یەکێك لە سەربازەکان بوو، ئەو ئەرکەی پێ سپێررابوو خێرا تەواوی کرد، بۆیە سەرەتای ڕێبوارەکان کە لە تەپۆڵکەکانەوە دەهاتنە خوارەوەو بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕین ـ چونکە ئەو ڕۆژە ڕۆژی بازاڕکردن بوو ـ دەیانتوانی لە نزیك سوپێرەکەوە سەری هەردووکیان بەسەر دوو قازووخی نوێوە ببینن، ئەو شوێنەی کە سەری ئەوانی تێدا لە جەستە جیاکرابووەوەو خوێنی تێدا ڕژابوو زیخپۆش کرابوو و ڕێك خرابووەوە.

سوپێرەکە بەم شێوەیە (کاری دەکرد).

ئیدی لەو ڕۆژەوە هەموو گومان لێکراوەکان یان ئەو تاوانبارانەی بزانرێت پێوەندییان بە یاخیگەرییەکەوە هەبووە، لەلای پردەکەوە یان لە هەر شوێنێکی سەر سنوورەوە، دەهێنرانە لای کابیاکە، ئەوانەی بە دەست بەستراوی دەهێنران بۆ ئەوەی لەژێر سوپێرەکەدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت بەدەگمەن بە زیندوویی لەم شوێنە قوتاریان دەبێت. لەو شوێنەدا ملی چەندین یاخیگەر پەڕێنرا، هەروەها ملی کەسانێکی بێ تاوان

پەڕێنرا کە هیچ گوناهێکیان نەکردبوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە بەدبەخت بوون. سەرەکانیش بەسەر قازووخەوە بەرز دەکرانەوە بە دەوری سوپێرەکەدا ڕیز دەکران. هەرچی تەرمەکانە ئەوە لەسەر پردەکەوە فڕێ دەدرانە ناو ڕووبارەکەوە، ئەگەر کەسێك نەهاتبایەتە پێشەوەو لە ڕێی خوادا تەرمە سەربڕاوەکە ببات و بەخاکی بسپیرێت.

ئەو شۆڕشەی کە ماوەی ئاگربەستی تێدا ڕادەگەیەنرا، چ کورت، چ درێژ بووایە، ساڵانێکی دوورو درێژی خایاند، زۆریش بوون ئەو پیاوانەی بۆ لێواری ئاوەکەیان هێنان (تا بە دوای سەرێکی دروست و تێگەیشتوودا بگەڕێن) ئەوەبوو ڕێکەوت وای خواست ـ ئەو ڕێکەوتەی کە بێ هێزەکان بزر دەکات لەگەڵ ئەوانەی وریا نین و ئاگەیان لەخۆ نییە ـ ئەو دوو پیاوە ساکارە، ئەو دوو پیاوە بەستەزمان و بێ تاوان و نەخوێندەوارە لە پێشەوەی کاروانەکەوە بوون، چونکە قوربانیانی لەم جۆرە، زۆر جار لەبەردەم گەردەلوولی ڕووداوە گەورەکاندا تووشی سەرەگێژە دەبن و گەردەلوولەکە بۆ لای خۆی ڕایاندەکێشێت و قووتیان دەدات بێ ئەوەی بتوانن بەرەنگاری ببنەوە. بەم شێوەیە (میلی) لاوو (یالیزێ)ی پیرەمێرد کە لەیەك سات و لەیەك شوێندا لەسێدارە دران، وەك دوو برا پێکەوە بوون، یەکەمین کەس بوون کە بە سەریان سوپێری سەربازەکانیان، لەسەر کابیاکە ڕازاندەوە، کە پاش ئەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەبوو، بە درێژایی ماوەی یاخیگەرییەکە، بەو جۆرە سەرانە نەڕازێنرێتەوە. بەم شێوەیە هەل بە یادوەری ئەو دوو پیاوە بەستەزمانە ڕەخسا، کە پێشتر کەس نەیبینیبوون و گوێی لە ناویان نەبووبوو، لە یادی خەڵکیدا قووڵترو نەمرتر بێت لە یادی قوربانییە بەناوبانگەکانی دیکە.

بەم شێوەیە کابیاکە لە ژێر سوپێرە دژوارەکەدا بزر بوو کە بە نەگبەتی و شوومی ناوبانگی دەرکردبوو، بە بزربوونیشی کۆبوونەوەو ئاخافتن و گۆرانی و شادییەکان بزر بوون. تەنانەت تورکەکانیش کە بەم شوێنەدا تێدەپەڕین هیچ چێژێکیان لێ وەرنەدەگرت، هەرچی سیربەکان بوو گەر ناچار نەبووبان کەسیان بەسەر پردەکەدا نەدەپەڕییەوە، ئەگەر بشپەڕیبایەوە ئەوە سەری نزم دەکردەوە خێرا دەڕۆیشت.

لە دەوری سوپێرە لە دار دروست کراوەکە، تا دەهات تەختەدارەکان بۆرتر دەبوون، ئەوەبوو ئەو کەشە هاتە گۆڕێ کە زۆرتر دیمەنی ئەو بینایانە بە خۆوەیان دەبینن کە سوپا بە شێوەیەکی هەمیشەیی تێیاندا نیشتەجێ دەبێت. ئەوەبوو جل و بەرگی شۆڕراوی سەربازەکان بە سەر مێخەکانەوە هەڵدەخران و، لە پەنجەرەوە پاشەڕۆك و ئاوی پیس و هەموو جۆرە زبڵێکی دیکە کە لە سەربازگەدا گرد دەبوونەوە، فڕێ دەدرایە ناو ڕووباری دریناوە. بۆیە بەسەر ئەستوون درێژەکەوە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی پردەکەوە پەڵە پەڵە پیسایی مابوونەوە کە لە دووررا دەبینران.

ئەوەبوو خودی ئەو سەربازە کاری جەلادەکەی ئەنجام دەدا. پیاوێکی قەڵەوی گەنم ڕەنگ و چاو زەردی مەیلەو لێڵی خەڵکی ئەنادۆڵ بوو، دوو لێوی قوڵە ڕەشی پێوە بوو، بە دەم و چاوێکی قەڵەوی وێکچووەوەی بۆر، بەردەوام بزەیەکی لە سەر لێو بوو، بزەی ئەوانەی کە میزاجیان بێگەردو گەدەیان پڕ لە خواردنی خۆشە. ناوی خەیرەدین بوو، ئەوەبوو ئەوەندەی نەبرد ناوبانگی لە هەموو شارەکەو هەموو ناوچەی سەر سنوور دەرکرد. چێژی لە کارەکەی وەردەگرت و گەز گەز باڵای پێ دەکرد. هەرچۆنێك بێت شارەزاییەکی

خێرا بوو تا ئەوپەڕی سنووری شارەزایی و خێرایی. لاوان و بەساڵداچووانیش دەیناسن، یان تەنانەت ناوەکەی دەزانن، ئەو ناوە ترس و تۆقین و تەنانەت ئارەزووی زانینی دەخستە دڵ و دەروونی خەڵکەوە. ڕۆژانی خۆرەتاو لەسەر پردەکەو لە سێبەری سوپێرە دارینەکەدا دادەنیشت یان ڕادەکشا، جاروباریش هەڵدەستاو ئەو سەرانەی بەسەر دەکردەوە کە بەسەر قازووخەکانەوە ڕیزکرابوون، وەك چۆن بێستانەوان گندۆرەکانی خۆی بەسەر دەکاتەوە، دواتر دەگەڕایەوەو لەسەر تەختەیەك لە تەڕاییەکەدا ڕادەکشاو بە گیان قورسی و چاو کزی باوێشکی دەدا، میزاجی باش بوو، لە پیرە سەگێکی تووکنی سەگەکانی شوانان دەچوو. لە کەناری پردەکەوە، لەودیوی دیوارەکەوە، منداڵان گرد دەبوونەوەو ئارەزوویان دەکرد شت بزانن و بە ترس و شەرمەوە تەماشایان دەکرد. بەڵام خەیرەدین، ئەگەر کار هەبووایە، زۆر بزێو، ئیشکەر بوو، کۆششمەند بوو، حەزی نەدەکرد کەس دەست لە کارەکانی وەربدات. ئەو دەست تێوەردانە لە کاروباری ئەو بە پەرەسەندنی یاخیگەرییەکە پتر پەرەی دەستاند. کاتێك یاخیگەرەکانی هەندێك گوندی سەرووی شاریان سووتاند، تورکەکان هەڵچوون، هەڵچوونێکی لەڕادەبەدەر، بەوەوە ڕانەدەوەستان تەنیا شۆڕشگێڕان و سیخوڕەکان یان ئەو کەسانە دەستگیر بکەن کە وایاندەزانی ئەوانیش لەوانەن تا بیانهێننە لای فەرماندەی پاسەوانەکان لەسەر پردەکە، بەڵکو بەو تووڕەییە وایان لێ هاتبوو دەیانویست دەست لە جێبەجێکردنی سزاکەیش وەربدەن.

لەوێ، بەرەبەیانی ڕۆژێك لە ڕۆژان سەری قەشەی فیشیگراد، قەشە میخائیلۆ دۆزرایەوە، کە ڕۆژانی لافاوەکە خۆی ئەوەند بە بەهێز دەهاتە پێش چاو تەنانەت گاڵتەی بە خۆجەو حاخام دەهات، لە کاتی ئەو تووڕەیی و ڕك لێبوونەوەیەی بەرانبەر بە سیربەکان بێ تاوانانە سەری تێداچوو، چەند منداڵێکی قەرەجەکان هاتن و جگەرەیان لە دەوی مردووەکە دەئاخنی. خەیرەدین سەرکۆنەی ئەو جۆرە کارانەی دەکردو تا بۆی بکرابایە ڕێی نەدەدایە.

کاتێك ئەو ئەنادۆڵییە قەڵەوە لە ناکاو بە دووکەڵی ڕەژوو مرد، جەلادێکی نوێ شوێنەکەی گرتەوەو کارەکەی تەواوکرد، بەڵام ڕاستیت دەوێت ئەوەندەی ئەو لێهاتوو نەبوو، ئیدی خەڵکی ماوەی چەند ساڵ، کە یاخیگەرییەکە بەردەوام بوو، دانەدەمرکایەوە، ڕۆژانە دوو سەر یان سێ سەری بڕاویان دەبینی لە سەر کابیاکەوە بەرز دەبوونەوە. خەڵکی لەم جۆرە بارودۆخەدا خێرا دڵیان ڕەق دەبێت و، چی دیکە بینینی ئەو دیمەنانە ئەوەندە کاریان تێناکەن، لەبەر ئەوە دانیشتووان ئەوەندە بەو دیمەنە ڕاهاتن، وایان لێهات کاتێك بە تەنیشتیدا تێپەڕیبان گوێیان پێ نەدەداو ئاگەیان لێ نەدەبوو، تەنانەت دەست بەجێ تێبینی ئەوەیان نەکرد کە ئەم پیشانگە نەگریسە تەواو بووە.

کاتێك بارودۆخ لە سیربیا و سەرسنوور هێور بووەوە، ئەو کات سوپێرەکە گرنگی خۆی لەدەست داو، هۆکاری بەردەوامبوونیشی نەما، کەچی پاسەوانەکان هەر تێیدا دەنوستن، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژیش بوو هات و چۆ بەسەر پردەکەدا ئازادو بێ چاودێری بوو. کاروبار لە هەموو سوپاکاندا بە شێوەیەکی سست پەرەدەستێنن، بەڵام پەرەسەندنی کاروبار لە ناو سوپای تورکدا لە هەموو سوپایەکی دیکە سستترە. دەکرا ئەو بارودۆخە تا خوا ئارەزوو بکات درێژەی هەبێت، ئەگەر ئەو ئاگرە نەبوایە کە شەوێکیان بە هۆی

مۆمێکی داگیرساوەوە کە لەبیر کرابوو وای کرد سوپێرەکە بسووتێنێت، بۆیە سوپێرەکە، کە هێشتە لەبەر گەرمای ڕۆژ گڕی گرتبوو، تا بنەوەی ئەستوونەکانی سووتا، واتە تا گەیشتە کاشییە بەردینەکان کە سەر پردەکەو کابیاکەیان پێ ڕازێنرابوونەوە.

خەڵکی شار لە دیمەنی ئەو بڵێسە گەورەیە هەڵچوون، هەڵچوونێکی گەورە، کە نەك هەر پردە سپییەکە، بەڵکو گردۆڵکەکانی دەوروبەریشی ڕووناك کردبووەوەو تیشك و پڕیشکە سوورە جووڵاوەکەیشی بە سەر ڕووی ڕووبارەکەوە دەبریسکایەوە. کە بەیانی بووەوە، پردەکە وا دەهاتە پێش چاو کە دیمەنە کۆنەکەی خۆی وەرگرتووەتەوەو، لە بینایە قورسە لە تەختەدار دروستکراوەکە قوتاری بوو کە چەندین ساڵە بەردەم کابیاکەی لێ گرتووەو شاردووەتەوە. کاشییە سپییەکان سووتابوون و لەبەر هێس ڕەش داگەڕابوون، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند باران و بەفر هەمووی شوشتەوە. بەو شێوەیە هیچ شتێك لە سوپێرەکەو ڕووداوە خوێناوییەکان کە پێوەندییان پێوە هەیە نەمابووەوە تەنیا چەند یادوەرییەکی تاڵ نەبێت، ئەویش وردە وەردە لەناوچوو، بە نەمانی ئەو نەوەیە ئەویش لەناوچوو، تەنیا یەك مێخی بەڕوو نەبێت نەسووتابوو، کە بە قەد پلێکانێی کابیاکەوە مابووەوە.

کابیاکە بۆ سەردەمی جارانی گەڕایەوە کە کاریگەری لە ژیانی شارەکەدا هەبوو. لە شۆستەکەی لای چەپیشەوە خاوەن قاوەخانەکە گەڕایەوەو، ئاگری لە کوانووەکەدا کردەوەو ئامێرەکانی ڕێك خستنەوە. تەنیا شتێك زیانی پێ کەوتبوو کانییەکە بوو، چونکە ئەو ئەژدیهایەی ئاوەکەی لە دەمەوە دەهاتە دەرێ تێکشکابوو، خەڵکیش وەك جاران لەسەر (سۆفا)کە دەستیان بە ڕاوەستان کرد. کاتێکی دوورو درێژیان تێدا بەسەر دەبردو دەئاخڤین و کێشەکانی خۆیان چارەسەر دەکرد، یان بە دەست بەتاڵی و بێکاری پاڵیان دەدایەوە. هەرزەکارەکانیش گرووپ گرووپ لەوێ دەستیان بە گۆرانی چڕین کردەوە. هەر لەوێش لاوەکان دوورەپەرێز دادەنیشتن، ئازارو ئەشکەنجەی ئەویندارێ خۆیان، یان باسی ئارەزوویەکی بە ئازارو تەم و مژاوی گەشت کردن بەرەو شوێنێکی دوورو ژیان گوزەراندن لەو شوێنە دوورەیان بە با دەدا، تا لەوێ سەرکێشی بێ وێنەو کاری گەورە گەورە ئەنجام بدەن، ئەو ئارەزووەی کە زۆر جار لەو ژینگە تەسك و ترووسکە سنووردارانەدا ئازاری لاوان دەدات.

پاش بیست ساڵ دوای ئەو ڕووداوانە، نەوەیەکی نوێ هاتە کایەوە لەسەر پردەکە گۆرانی دەگوت و گاڵتەی دەکرد، نەوەیەکی نوێ قەفەسە ڕەشەکە، واتە سوپێرەکەی نەدەناسی و، ئاگەی لە هاوارە خنکاوەکانی گەرووی ئەو پاسەوانانە نەبوو ئەوانەی شەوانە ڕێبوارانیان ڕادەگرت، نەیش ئاگەیان لە خەیرەدین و ئەو سەرە بڕاوو بڵاوکراوانە نییە کە بە شێوەیەکی لێهاتووانە دەیپەڕاندن، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بووبووە وێردی سەر زمانان.

تەنیا چەند پیرەژنێك مابوونەوە کە ڕاوی ئەو منداڵانەیان دەنا، ئەوانەی قۆخەکانیان دەدزین و بە دەنگێکی بەهێزو نووساو جنێویان دەداو نەفرەتیان لێ دەکردن: (خوا خەیرەدینت بۆ هەواڵە بکات تا سەرت لە گەردن بکاتەوە. خوا یار بێت دایکت بەسەر بڕاوی بەسەر کابیاکەوە دەتبینێت).

بەڵام منداڵەکان کە بە ناو پەرژینەکاندا ڕایان دەکردو هەڵدەهاتن، دەیانزانی کە ئەو قسانە هیچ فەرێکیان تێدا نییە.

بەم شێوەیە نەوەکان لە نزیك پردەکەدا، پشتاو پشت بەدوای یەکدا دەهاتن، وەك گەرد هەموو شوێنەوارێکیان لەسەر پردەکە لادەبرد کە ئارەزوویەکی ڕەوتەنی، یان پێویستییەکی لەناکاوی ئارەزووەکانی مرۆڤ و پێداویستییەکانیان بۆی بەجێ هێشتبوون، پاش ئەوەیش پردەکە وەك خۆی دەمایەوەو نەدەگۆڕاو نەدەشیا بگۆڕێت.

* * * * * *

(1) قەرە جۆرج سەرکردەی یاخیگەری نیشتمانی سیربەکانە دژ بە تورکەکان ساڵی 1804 (وەرگێڕ بۆ عەرەبی).

(2) ئەو قەرەجۆرجەی لە پەراوێزی پێشوودا ئاماژی پێدراوە.

# حەوتەمین پاڕ

دەیان ساڵ بەسەر پردەکەو شارەکەدا تێدەپەڕێت. ئەو دەیان ساڵەی کە تێیاندا ئەمپراتۆریەتی عوسمانلی تا دهات بەرەو گیانەڵاو لە ناوچوون دەچوو. ئەو ساڵانە لە ڕوانگەی ئەو کەسانەوە هاوچەرخیان بوون تا ڕادەیەك هێمن و شادی بەخش بوون، وێڕای ئەو فاکتەری خەفەت و ترسەی لەخۆیان گرتبوو، وێڕای ئەوەیش کە ناوە ناوە قات و قڕی و بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشی و مەترسی لە هەموو جۆرێکیان لەخۆدەگرت. کەچی ئەو ڕووداوانە لەسەرخۆو یەك لە دوای یەك لە شێوەی ڕاپەڕینی کورتدا ڕوویان دەدا ئەویش لە سەردەمانێکی دوورو درێژی هێوری و ئارامیدا.

ئەو سنوورەی دەکەوێتە نێوان هەردوو ویلایەتی بۆسنیاو بەلگرادەوە، ئەو سنوورەی لەم شوێنەوە، بە تەواوەتی بەسەر شارەکەدا تێدەپەڕێت، لەم ساڵانەی دواییەدا خەریکە تا دێت زۆر ڕوونتر دەبینرێت و، دیمەن و واتای سنووری نێوان دوو دەوڵەت لەخۆ دەگرێت. ئەم بارودۆخە جۆری ژیان و گوزەرانی سەبارەت بەهەموو ناوچەکە دەگۆڕی و، کاری لە بازرگانی و گەیاندن و باری گشتی دەروونی و پێوەندی دوو قۆڵی نێوان تورك و سیرب دەکرد.

تورکە بەساڵداچووەکان نێو چاوانی خۆیان گرژ دەکردەوەو چاویان قووڵ دەکردەوەو، نەیانەویست ئەو گۆڕانکارییانە بسەلمێنن، وەك بڵێیت هیواخواز بن ئەم تارماییە ناخۆشە پەرت بکەنەوە، تووڕە دەبوون و هەڕەشەیان دەکردو کۆ دەبوونەوەو ڕاوێژکارییان بە یەکدی دەکرد، پاشان بۆ چەندین مانگ شتەکەیان ژ بیر دەکرد، تا بارو دۆخێکی تاڵ هات و سەرلەنوێ لە مەترسی وریای کردنەوە.

ڕۆژێك لە ڕۆژانی بەهار، تورکێك لە تورکەکانی (فیلیتۆڤۆ) لەو بەری سنوورەوە هاتە خوارەوەو لەسەر کابیاکە ڕۆنیشت و، لەبەردەم ئەو کەسایەتییە تورکانەی کە کۆبووبوونەوە بە هەڵچوونەوە دەستی بە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە کرد کە بەر لە تاوێك لە (فیلیتۆڤۆ) بەسەری هات.

گوتی: زستان، یۆڤان مچیچ، سەرداری (ڕۆیان)، کە پیاوێکی بەدە، لەگەڵ گرووپێکی چەکداردا، لە گوندی (ئارێل)ەوە گەیشتە گوندی (فیلیتۆڤۆ)و، دەستی بە پشکنین و پێوانەکردنی سنوورەکان کرد، کاتێك پرسیاری ئەوەی لێکرا ، لێرە چی دەکات و چی دەوێت، لووت بەرزانە وەڵامی دایەوە کە ئەو ناچار نییە ئامار بۆ کەس ڕوون بکاتەوە، بە تایبەتی بۆ کەسانێکی خوانەناس لە خەڵکی بۆسنیا، بەڵام ئامادەیە پێیان

بڵێت: ئەگەر بە تەنگی ئەوەوەن، ئەوە ئەو لەلایەن میر (میلۆك)ەوە نێرراوە تا بزانێت سنووری سیربستان تا کوێ درێژ دەبێتەوە.

پیاوەکە گوتی: (وامان دەزانی کریستیانەکە سەرخۆشەو، نازانێت چی دەڵێت، چونکە لە مێژە دەمانزانی کە دزێکی ناپاك و پیاوێکی نارِەسەنە، ئیدی ناردمانەوە وەك چۆن پیاوێکی گێل و گەوج دەنێرینەوە، پاشان هەرگیز بیرمان لێ نەکردەوە. بەڵام پاش تەنیا کەمتر لە دوو مانگ گەڕایەوە، ئەم جارەیان پۆلێکی تەواوی جەندرمەی (میلۆك)ی لەگەڵ بوو، لەگەڵ نوێنەرێکی سوڵتان کە کابرایەکی خەڵکی ئەستەنبووڵ بوو، پیاوێکی سست و شل و خاوو ڕەنگ زەرد. بڕوامان نەدەکرد. بەڵام نوێنەری سوڵتان هەموو شتێکی بۆ دووپات کردینەوە. لە شەرماندا کەمێك چاوی شۆڕ دەکردەوەو، لایەنگیری لە قسەکانی (یۆڤان) دەکرد. گوتی حکوومەتی سوڵتان فەرمانی داوە میلۆك بە ناوی سوڵتانەوە فەرمانڕەوایی وڵاتی سیربیا بکات و، سنوور دەستنیشان کردنیش بۆ ئەوەیە بزانێت مەودای فەرمانڕواییەکەی تا کوێ درێژە دەکێشێت. کاتێك پیاوانی نوێنەرەکە بە درێژایی هەورازەکەی خوارەوەی (تبریتسا) دەستیان بە مێخ چەقاندن کرد، (میچیچ) یەك یەك بەلای مێخەکاندا تێدەپەڕی و هەڵی دەکەندو فڕێی دەدایە پشتەوەیان. کریستیانە تووڕەکە (بەشکەم خوایە سەگ گۆشتەکەی بخوات) بە ڕووی نوێنەری سوڵتاندا هەڵشاخاو، هاواری بەسەردا کرد وەك چۆن هاوار بەسەر خزمەتکاردا دەکرێت و، هەڕەشەی لێ کرد سزای توندی بەسەردا بسەپێنێت و، گوتی ئێرە سنوور نییە، سنوور ئەوەیە کە سوڵتان و قەراڵی ڕووسیا دەستنیشانیان کردووەو، دیکۆمینتێکیان لەبارەوە بە میر (میلۆك) داوە، ئەو سنوورە بە درێژایی ڕووباری (لیم) دەکشێت و، دواتر یەکسەر بەسەر پردی فیشیگراددا خوار دەبێتەوەو بە تەنیشتی ڕووباری دریندا بەردەوام دەبێت. ئەم هەموو خاکە بەشێکی وڵاتی سیربیایە. تەنانەت ئەم سنوورانە کاتین، چونکە پێویستە لە ئاییندەدا زۆرتر لەوە بێنە ژوورەوە. نوێنەری سوڵتان زۆری هەوڵ داو کۆشا بۆ ئەوەی قایلی بکات، ئەو کاتەیش کە قایلی کرد سنوورەکەیان لە سەرووی (فیلیتۆڤۆ)وە دیاری کرد. ئیدی بەلایەنی کەمەوە ئەو بارودۆخە بە شێوەیەکی کاتی لەو شوێنەدا چەقی. بەڵام جۆرە گومان و ترس و دڵەڕاوکەیەکمان پەیدا کرد، وامان لێ هات نەماندەزانی چی بکەین و چۆن سەقامگیر دەبین).

لەو بارەوە لە گەڵ خەڵکی (ئۆتیسە) ئاخافتین، ئەوانیش نەیاندەزانی چی ڕوو دەدات و، نەیش ئەم هەموو شتە چی ئاکامێکیان لێ دەکەوێتەوە. حاجی زەکی کە دوو جار سەری لە ماڵی خوا لە مەکە داوەو، تەمەنی لە هەشتا ساڵ و شتێك تێپەڕیوە، گوتی سنووری تورکان، بەر لەوەی نەوەیەك لەناو بچێت، بەرەو شوێنێکی دوور، بۆ وێندەر بۆ لێواری دەریای ڕەش، ماوەی پازدە قۆناغ دەکشێتەوە.

پیاوی (فیلیتۆڤۆ) ئەوەی گوت و پیاوماقووڵانی تورکی دانیشتووانی شاری فیشیگراد گوێیان لێ بوو، بەڵام لە ناخەوە شڵەژاوو نیگەران بوون. بەهۆی ئەو قسانەوە تۆتکەیان لێ بڕابوو، بە دەست تەختە بەردینەکەیان دەگرت، وەك بڵێیت تەوژمێکی توندی نادیار لەلایەك لە لایەکانەوە لە ژێرەوەیان خۆی پێدا دەکێشێت و پردەکە بە توندی دەلەرێنێتەوە. دوایی وردە ورردە هاتنەوە سەر خۆیان و، شتێکیان لەناو ئاخافتنەکەدا بۆ دەرکەوت کە لە بەهای ئەو ڕووداوە سووك و کەم بکاتەوە.

ئەوان حەزیان لە هەواڵی ناخۆش و بیری ڕاگوزاری دڵتەزێن و ئەو ئاخافتنە جیددییە نییە کە غەم و خەفەتیان بۆ دێنن، بەڵام برِوایان وایە کە کارەکە مژدەی باش ناگەیەنێت. ئەوان ناتوانن نکۆڵی لە قسەو ئاخافتنەکانی پیاوەکەی خەڵکی (فیلیتۆڤۆ) بکەن. ناشزانن چۆن هێوری بکەنەوەو چۆن سەرخۆشی لێ بکەن. بۆیە خۆشیان پێدا نەدەهات و، چاوەڕێ بوون کەی بەرەو ئەوپەڕی گوندەکەی خۆی بگەڕێتەوەو هەواڵە ناخۆشەکان لەگەڵ خۆی بباتەوە کە لەوێوە هێناونی. شتێکی ئاساییە ئەوە غەمەکەی نەدەڕەواندەوە، بەڵام لەم شوێنەی دەردەپەڕاند .

کاتێك بە ڕاستی پیاوەکە ئەو ناوەی بەجێ هێشت، خۆشحاڵ بوون بتوانن پەنا بەر نەریتەکانیان بەرنەوەو بە هێمنی لە سەر کابیاکە درێژە بە دانیشتنەکانیان بدەن، بێ ئەوەی ئەم ئاخافتنانە ژیانیان تاڵ بکات و ئایندەیان بەرەو مەترسی ببات و، ئەوەشیان بۆ کات و ڕۆژگار بەجێ هێشت مەترسی ئەم ڕووداوانە کەمترو سووکتر بکاتەوە کە لەودیوی چیاکانەوە ڕوو دەدەن.

ڕۆژگاریش ئەرکەکەی خۆی بەجێ گەیاندو، ژیانیش بەبێ گۆڕان هەر وەك خۆی بەردەوام بوو، سی ساڵ یان پتر بەسەر ئەو ئاخافتنەدا تێپەڕی کە لەنزیك کابیاکە ڕووی دا. بەڵام ئەو مێخانەی نوێنەری سوڵتان و کارداری (ڕۆیان) لەسەر سنوور چەقاندیان، ڕەگ و ڕیشەی پەیدا کردو بێچووشیان لێ پەیدا بوو، بەروبوومێکی درەنگیشی لێ کەوتەوە، کە لە زاری تورکاندا تاڵ بوو. تورکەکان ناچار بوون دوایەمین شاری خۆیان لە وڵاتی سیربیا بەجێ بهێڵن. ڕۆژێك لە ڕۆژانی هاوین، ئاپوورەی کاروانی پەنابەرانی (ئۆتیسە) قەرەباڵغییەکیان لەسەر پردەکەی فیشیگراد دروست کرد کە جێی خەفەت و بەزەیی پێدا هاتنەوە بوو.

لەو جۆرە ڕۆژە گەرمانەدا کە مانەوەی دوورو درێژی بەرەبەیانیان لەسەر کابیاکە چێژبەخش و خۆشبوو، تورکەکان لەگەڕەکی بازاڕەوە دەهاتن و هەردوو شۆستەکەی سەر ئاوەکەیان داگیردەکردو، سەبەتە گندۆرەو شووتی بەسەر پشتی گوێدرێژەوە دەگەیشتە پردەکە. گندۆرەو شووتی گەییو بە درێژایی ڕۆژ لەوێ سارد دەکرایەوە، کە ئێوارە دادەهات، بێکارەکان دادەواڵان و دەیانکڕی و لەسەر (سۆفیا)کە دەیانخوارد. زۆرجار دوو هاوڕێ گرەویان لەسەر شووتییەکە دەکرد: یەکێك دەیگوت سوورەو، ئەوی دیکە دەیگوت زەردە، کە دەشیانشکاند، دۆڕاوەکە پارەکەی دەداو، دوایی هەر هەموویان دەیانخواردو دەئاخفتن و دەستیان بە هەراو هوریا دەکرد.

هێشتە گەرماییەکی زۆر لە گەرمایی ڕۆژ لە هەردوو شۆستە بەردینەکەوە دێتە دەر، بەڵام لە کاتی زەردەپەڕدا بایەکی فێنك لە ئاوەکەوە هەڵ دەکات و بەرز دەبێتەوە. ناوەڕاستی ڕووبارەکەیش دەبریسکێتەوە، بەڵام لە هەردوو کەنار لەژێر دار پەڵك و حەیزەرەانەکاندا سێبەرێکی کەسکی مەیلەو ڕەش بەرچاو دەکەوێت. گردۆڵکەکانی دەورو بەریش لەژێر تیشکی هەتاودا ڕەنگێکی سووریان دەنواند، بەڵام هەندێکیان دەبریسکانەوەو هەندێکی دیکەیان دامرکاوو تاریك. لەسەرووشەوە، لەسەر نیوەی باشووری ڕۆژئاوای هەر هەموو پێپلکەوە کە چاو لە کابیاکەوە لێی دەڕوانێت پەڵە هەوری هاوینە دەبینرێن کە سات نا ساتێك ڕەنگیان دەگۆڕێت. ئەو پەڵە هەورانە مەزنترین دیمەنن کە کابیاکە لە وەرزی هاویناندا پێشکەشیان دەکات، چونکە لەو کاتەوە ڕووناکی بەیانیان گەرمتر دەبێت و هەتاو دەگاتە ناوەڕاستی ئاسمان،

ئەو پەڵە هەورانە لە پشتی چیاکانەوە وەك بارستاییەکی چڕی سپی و زیوین و بۆر دەردەکەون و، دیمەنی دڵڕفێن دروست دەکەن، وەك بڵێیت گومەزی جۆراجۆرو ڕەنگامەی چەندین تەلاری نایابن، تەنانەت ئەگەر گرد ببنەوەو ببنە پەڵە هەورێکی گەورە، ئەوە تا ئێوارە بەو شێوەیە لە شوێنی خۆیاندا بە قورسی و کپ، بەسەر ئەو گردۆڵکانەوە دەمێننەوە، کە چوار دەوری شارەکەیان داوە، ئەو شارەی تیشکی هەتاو هەمووی ڕووناك کردووەتەوە. ئەو تورکانەی لە کاتی خۆرئاوابووندا لەوێ لەسەر کابیاکە دادەنیشن بەردەوام ئەم پەڵە هەورانەیان لەبەر چاوە، وەك بڵێیت دەواری سپیی ئاورێشمی (لەتان) بن، لە ئەندێشەیاندا ڕواڵەت و دیمەنی هەڵمەت و شەڕی تەم و مژاوی بێدارو زیندوو دەکەنەوە، ئەو وێنانەیش زیندوو دەکەنەوە کە ئەوەند بەهێزو باڵان مرۆ تووش سەرسوڕمان دەکەن و سنوور تێدەپەڕێنن. کاتێك کە تاریکایی دادێت و ئەو پەڵە هەورانەی هاوینی دەوروبەری شار دادەمرکێنێتەوەو پەرتیان دەکاتەوە، ئەو کات ئەستێرەکان بە ئاسمانەوە دەردەکەون و مانگ هەڵدێت و، ڕەنگی نوێی ئەفسووناوی بەرچاو دەکەون.

مرۆڤ کە لەسەر کابیا بێت هەست بەم جوانییە سەیرە ناکات، وەك لەم کاتەی ڕۆژانی هاویندا هەستی پێ دەکات. مرۆڤ وا هەست دەکات کە سواری چەرخ و فەلەکێکی ئەفسووناوی بووەو، بە بۆشایی ئاسماندا تێدەپەڕێت و، بەسەر ئاودا دەڕوات و بەئاسماندا دەفڕێت و، خۆی دێتە بەرچاو کە توندوتۆڵ بە شارەکەیەوە، بەو ماڵە سپییەوەی گرێ دراوە، کە لەوێ لەسەر کەنارەکەیەو بە باخچەو بێستانی پڕ لە دارقۆخ دەور دراوە. لەم شوێنەدا زۆر لە خەڵکی ساکاری دانیشتووانی شار، دەتوانن لەو کاتانەدا، کە قاوە هەڵدەقوڕێنن و جگەرە دەکێشن، هەست بە دەوڵەمەندی جیهان و ئەم هەموو نازو بەخششەی خاوەند بکەن. هەموو ئەو شتانە یەك بیناو تەلار دەتوانێت بە ئادەمیزادانی ببەخشێت، چەندین سەدە پێیان ببەخشێت، ئەگەر جوان و بەهێزبوو، ئەگەر خاوەندەکەی لە ساتی گونجاودا لە ئەندێشەی خۆیدا دیزانی بۆ داناو، لە شوێنی گونجاودا دروستی کردو، لە جێبەجێکردنیشیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

ئەوەتا ئێمەیش لە ئێوارەیەك لەو ئێوارانەداین، کە تژ لە ئاخافتن و پێکەنین و گاڵتەو گەپە کە خەڵکی لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕیان دەکەن، یان بە گوێی ڕێبوارو پیادەکانیاندا دەدەن.

ئەو کەسەی کە گاڵتەیەکی زۆری پێ دەکرێت، لاوێکی کورتە بنەی بەخۆوەبووی دیمەن سەمەرەیە، پێی دەڵێن (سالکۆ) کۆر.

ئەم کۆرە کوڕی ئافرەتێکی قەرەج و، سەرباز یان ئەفسەرێکی خەڵکی ئەنادۆڵە، لەم شارە سەربازیی دەکرد، ئەو ئەنادۆڵییە ئەم کوڕەی خۆی کە حەزی لێ نەدەکرد، بەر لەوەی لەدایك بێت بەجێی هێشتبوو. ئەوەندەیشی نەخایاندبوو دایکی کۆچی دوایی کردبوو، بۆیە بەبێ تیرەو بەخێوکەر گەورەببوو. بەڵام هەموو شارەکە بەخێویان دەکرد. ئەو سەر بە هەموانەو سەر بە کەسیش نییە. لە دوکانان و ماڵاندا کار دەکات و، ئەو کارانەی ئەو دەیانکات کەس قایل نابێت بیانکات و، پیسایی چاڵ و ئاوەڕۆکان فڕێ دەدات و، ئەو قۆرتانەی کە دروست دەبن یان ئەوەی ئاو ڕایدەماڵێت پڕ دەکاتەوە. ڕۆژێك لە ڕۆژان ماڵێکی تایبەت بەخۆی نەبووەو، ناوی تیرەیشی نەبووە پێی گاز بکرێت، پیشەیەکی تایبەتیشی نەبووە پێی بناسرێت، هەرچی خواردنێکی دەست بکەوتایە بە سەرپێیی یان ڕۆیشتنەوە دەیخواردو، لە عەمبارەکاندا دەنوست و، جلکی

شرۆڵی پینە پینەی دەپۆشی کە خەڵکی خێریان پێ دەکرد. هەر لە منداڵییەوە چاوی ڕاستی لەدەست دابوو. ئێستە مرۆڤێکی سەیرو، دڵ ساف و بێ گەردو، خۆش دووە، ڕووخۆشەو زۆری حەز لە خواردنەوەیەو زۆر دەخواتەوە: ئەگەرچی خزمەتی دانیشتووانی شار دەکات کە کاریان بۆ دەکات، ئەوە بە شێوەیەکی دیکەیش هەر خزمەتی دەکردن چونکە هەموو نوکتەو گاڵتەو گەپەکانیان لەبارەی ئەوەوە بوو.

ژمارەیەك لە کوڕە بازرگانەکان لە دەوری ئەم کۆرە گردبووبوونەوەو پێدەکەنین و گاڵتەیان پێ دەکرد.

بۆنی کاڵەك و گندۆرەو قاوەی کوتراو بەر لووت دەکەوت. خۆر ئاوا بووە، بەڵام ئەو ئەستێرە گەورەیەی کە بە ئاسمانی (مۆلیڤنیك)ەوە دەبریسکێتەوە، هێشتە دەرنەکەوتووە. لەم ساتەدا کە دەشێت ساکار ترین شت دیمەنی خەونی پڕ لە جوانی و ترس و واتا لەخۆ بگرێت، ئەوە لەسەر پردەکە پێشەنگی ئاوارەکانی (ئۆتیسە) دەرکەوت.

پیاوەکان بەپێ دەڕۆیشتن، تۆزو گەرد داپۆشیبوون و پشتیان کۆمابووەوە. ئافرەتەکانیش بەسەر ئەسپی بچووك بچووکەوە لەژێر عەباکانیانەوە چاویان زیتەی دەهات و هەڵتەك هەڵتەکیان بوو، یان ئەو منداڵانەیش هەڵتەك هەڵتەکیان بوو کە بە قایش بەسترابوونەوە یان بە سندووقەوە شەتەك درابوون. لەنێوان ئەوانەیشدا جار جارە پیاوێکی پایەبەرز دەبینرا، سواری ئەسپێکی ڕەسەن بووە، لێ چوون هەنگاوی دوای جەنازە ڕێی دەکردو سەری شۆڕ کردبووەوە، تەنانەت کاتێك دەیبینیت هەستێکی زۆر بەو کولەمەرگییە دەکەیت کە پاڵی بەو خەڵکەوە ناوە ڕوو لەم شوێنە بکەن. هەندێکیان تاکە بزنێکی بە گوریس بەستراوەیان ڕادەکێشا، هەندێکیشیان کاوڕێکی بە باوەشەوە بوو. هەموویان بێ دەنگ بوون. تەنانەت منداڵەکانیش نەدەگریان. تەنیا ترپەی سمی ئەسپ و پێی پیاوەکانت دەبیست، تەقەتەقی دەفرە مس و دارینەکانی سەر پشتی ئەسپەکانت دەبیست، کە بارەکانیان قورس بوون.

هاتنی ئەو خەڵکە ماندوو و ڕووخاوانە دەست بەجێ چالاکی و جموجوڵی لەسەر کابیاکە ڕاگرت. هەرچی بەساڵداچووەکانە ئەوە هەر لەسەر نیشتگە بەردینەکان دانیشتبوون، لاوەکانیش یەك بە دوای یەکدا هەڵستان تا بوونە پەرژینێکی مرۆیی. کاروانەکە بە ناوەندیاندا ڕۆیشت. هەندێك لە دانیشتووانی شار بێ دەنگ بە چاوی بەزەییەوە تەماشای ئەو پەنابەرانەیان کردو، هەندێکی دیکەیان پێشوازییان لێکردن و ویستیان ڕایانبگرن و شتێکیان پێشکەش بکەن، بەڵام پەنابەرەکان ئاوڕیان نەدایەوە تا بزانن چییان پێشکەش دەکرێت، تەنانەت بەرسڤی وشەی پێشوازی لێکردنەکانیشیان نەدەدایەوە کە پێیان پێشوازی دەکرد، بەڵکو بە پەلە هەنگاویان دەهاویشت بۆ ئەوەی بگەنە دواقۆناغ بەر لەوەی تاریکایی دابێت و، بەر لەوەی شەویان بەسەردا بێت بگەنە (ئۆکۆڵچە).

ژمارەیان نزیکەی سەدو بیست تیرە دەبوو، پتر لە سەد تیرەیان بەرەو سەراییڤۆ ڕۆیشت بە هیوای ئەوەی جێیان بکاتەوە، نزیکەی پازدە تیرە لە شارەکە مانەوە، کە زۆربەیان خزم و کەس و کاریان لەوێ هەبوو.

تەنیا پیاوێك لەو پیاوانەی کە شەکەتی زەفەری لێ سەندبوو، تەنیا پیاوێك بە ڕواڵەت هەژارو بێ تیرە دەهاتە پێش چاو، چەند ساتێك لەسەر کابیاکە مایەوەو، لە ئاوە تافەکەی خواردەوەو، جگەرەیەکی وەرگرت کە پێشکەشی کرا. سپی دەچووەوە ئەوەندە تۆزو گەردی ڕێگەی لێ نیشتبوو، چاوەکانی گڕیان دەهات وەك

بڵێیت لەرزو تایەتی، لە هەموو شتێکی دەڕوانی، دووکەڵی جگەرەکەی تامەزرۆیانە قووت دەداو، بەو ڕوانینە گڕاوییە دڵتەزێنە تەماشای ئەوانەی دەورو بەری دەکرد، بێ ئەوەی بەرسڤی پرسیاری شەرمنانەی هەندێکیان بداتەوە. تەنیا هەردوو سمێڵە درێژەکەی سڕی، بە کورتی سوپاسگوزاری خۆی پێشکەش کرد بەو تاڵییەی کە لە ئاکامی ماندووبوون و هەست بە بزربوونەوە دێتە ئاراوە، چەند وشەیەکی لە زار هاتنە دەر کە لە ناکاودا بەو ڕوانینە تەماشای هەمووانی کرد کە نابینێت. گوتی:

ـ ئێوە لێرە دانیشتوون کات بەسەر دەبەن و، نازانن چی لە (ستانیشڤاتس) ڕوو دەدات. ئەوەتا ئێمە یەکەمین جار پەنا بۆ خاکی تورکان دەبەین، بەڵام بۆ کوێ هەڵدێین و هەڵبێین کاتێك نۆرەی وڵاتەکەتان دێت؟ کەستان ئەوە نازنن و، تەنانەت بیریشی لێ ناکەنەوە.

پیاوەکە ئەوەی گوت و لەناکاو بێ دەنگ بوو. ئەوەی گوتی بۆ ئەو کەسانە زۆر بوو کە تا پێش ساتێك هیچ خەفەتێکیان لە دڵدا نەبوو، بەڵام هاوکات ئەوە کەم بوو ئەگەر لەگەڵ ئەو تاڵییەدا بەراورد بکرێت کە ڕێگەی پێ نادات بێ دەنگ بێت و نەیش بە ڕوونی ئەوە دەربڕێت کە لە دڵیدایە. ئەوەتانێ ئەو بێ دەنگییە بەئازارە دەشکێنێت، مۆڵەتیان لێ وەردەگرێت و سوپاسیان دەکات و، خێرا بەهەڵەداوان دەڕوات تا بە کاروانەکەدا بگات.ئەوەیش ئەوانەن هەڵدەستن تا بەڕێی بکەن و هیوای ساغ و سەلامەتی بۆ بخوازن.

ئەو شەوە هەستێکی بەئازار باڵی بەسەر کابیاکەدا کێشابوو. هەموویان تاریك و بێ دەنگ بوون. تەنانەت کۆرەکەیش لەسەر پێپیلکەیەکی بەردین لاڵ دانیشتبوو، نەدەجووڵایەوەو، توێکڵە شوتی لە دەوروبەری پەرت و بڵاو بووبووەوە، کە بە هۆی گرەوێکەوە خواردبووی. بە غەمباری سەری خستبووە سەر باڵی و، چاوی دانەواندبوو، بزر، وەك بڵێیت لەو بەردەی بەردەمی ناڕوانێت، بەڵکو چاوی تەماشای شوێنێکی دوورو قووڵی دەکرد کە نەیدەتوانی پێی بگات. خەڵکەکە پێش وەخت دەستیان بە چۆڵکردنی پردەکە کرد.

بەڵام ڕۆژی دواتر هەموو شتێك وەك ڕابوردوو دەستی پێکرایەوە، چونکە دانیشتووانی شار ئارەزوو ناکەن کولەمەرگییان بیر بکەوێتەوەو، بەتەنگی ئەوەشەوە نین خەفەت بۆ ڕووداوێك بخۆن بەر لەوەی ڕوو بدات، لە ناخی دەروونەوە بڕوایان وابوو کە ژیانی ڕاستەقینە ئەم ماوە هێورانەیەو، شتێکی شێتانەو بێ هوودەییە مرۆڤ ئەم ماوە هێورە دەگمەنانە تێك بدات، ئەویش بە داواکردنی ژیانێکی دیکەی پتەوترو سەقامگیرتر کە دەستەبەر نابێت.

لەماوەی ئەو بیست و پێنج ساڵەی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم سەرابیڤۆ یەك جار نەخۆشی چاوەقووڵەو کۆلێرای تێدا بڵاو بووەوە. شارەکە لەو جۆرە بارودۆخانەدا پابەندی ئەو ئامۆژگارییانە دەبوو کە پێغەمبەر فەرمانی بە بڕواداران داوە بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری خۆیان لەکاتی پەتایەکەدا پێڕەویان بکەن: (ئەگەر گوێتان لێبوو چاوەقووڵە لەخاکێکدا بڵاو بووەتەوە مەچنە ناو ئەو خاکەوە، ئەگەر لەو خاکەشدا بڵاو بووەوە کە ئێوەی تێدان، لێی مەچنە دەرێ).

کەچی خەڵکی بەردەوام پابەندی بنەماکانی تەندروستی نابن، ئەگەر ئاگەداریش بکرێنەوە کە ئەوە فەرمایشتی پێغەمبەری خوایە، ئەگەر دەستەڵات ناچاریان نەکات، بۆیە دەستەڵات لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتادا هات و چۆی ڕێبواران و پۆستەی کەم دەکردەوە یان یەکجارەکی قەدەغەی دەکرد. ئەو کات دیمەنی

ژیان لەسەر کابیاکە دەگۆڕا. ئەو دانیشتووانانەی کابیاکەیان دەتەنییەوە، چ کرێکار یان بێکار، چ ئەوانەی گۆرانییان دەچڕی و چ ئەوانەی گوێیان دەگرت، هەموو بزر دەبوون و، سۆفیاکە، وەك سەردەمی شەڕو شۆڕشەکان، جارێکی دیکە لەلایەن بڕێك پاسەوانەوە داگیر دەکرا. ئەگەر ڕێبواران لە سەرابیڤۆوە هاتبان، ڕایاندەگرتن و ناچاریان دەکردن بگەڕێنە دواوەو تفەنگەکانیان بۆ بەرز دەکردنەوەو بە دەنگی بەرز تێیان دەخوڕین. پاسەوانەکان پۆستەکانیان لە دەستی پۆستەچییەکان وەردەگرت و پابەندی هەموو هەنگاوەکانی وریایی و ئاگەداری دەبوون. لە سەر کابیاکە بە دارێکی بۆندار، کە چڕە دووکەڵێکی سپی لێ بەرز دەبووەوە، ئاگرێکی کەمیان دەکردەوەو، دواتر بە مقاش نامەکانیان یەکە یەکە دەگرت و بە ناو دووکەڵەیاندا ڕەت دەکرد، کاتیك بەو شێوازە خاوێن دەبووەوە، بەرەو قۆناغی دیکەیان دەنارد ڕێشیان بە ڕۆیشتنی هیچ کالآیەك نەدەدا، بەڵام ئەو ئەرکە گەورەیەی کە لەسەر شانیان بوو بایەخدان بەنامەکان نەبوو بەڵکو بە خەڵکەکە بوو، چونکە ڕۆژانە ژمارەیەك خەڵك دەگەیشتن، ڕێبوار یان بازرگان یان ئەوەی ئیش و کاری هەبووایە یان دەربەدەر. پاسەوانێك لەپاسەوانەکان لە دەروازەی پردەکەدا چاوەڕێی دەکردن، هەرکە لە دوورەوە دەیبینین بەدەستی ئاماژەی بۆ دەکردن کە نزیکبوونەوە قەدەغەیە، بۆیە ڕێبوارەکە ڕادەوەستا، یان دەستی بە وتوویژ دەکردو پاساوی بۆ هاتنەکەی خۆی دەهێنایەوەو بارودۆخەکەی خۆی ڕوون دەکردەوە، هەر یەکێك لەوانە لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێت بچنە ناو شارەوە، هەر یەکەشیان دووپاتی دەکردەوە کە وەك سەرچاوەی کانی پاك و خاوێنەو، ئەو لەکوێ و کۆلێرا لەکوێ ـ خوا نەفرەتی لێ بکات ـ کە لەوێ لە سەرابیڤۆ بڵاو بووەتەوە، ڕێبوارەکان وردە وردە دەگەیشتنە ناوەندی پردەکە لە کاتیکدا ئەم ڕوونکردنەوانەیان پێشکەش دەکردو دەگەیشتنە (کابیا)کە، لەوێ پیاوانی دیکەی پاسەوانەکان خۆیان لەو وتوۆیژە تێ هەڵدەقورتاند، هەر هەموویان بەدەنگی بەرز هاواریان دەکردو بەدەستیان ئاماژەیان دەکرد لەبەر ئەوەی لەدوورایی چەند مەترێکەوە دەدوان، ئەو هاوارە بەرزەشیان هۆیەکی دیکەی هەبوو، ئەو پاسەوانانەی لەناو کابیاکەدا بەسەریان دەبرد ڕۆژگاری خۆیان بەخواردنەوەی (ڕاکیا)و خواردنی پیازی سپییەوە بەسەر دەبرد، کارەکەیان ئەو مافەی پێ بەخشیبوون، لەبەر ئەوەی وا دەزانرا کە (ڕاکیا) و پیازی سپی کاریگەری لەڕوودانی بەرگری دژ بە پەتاکە هەیەن بۆیە بەشێوەیەکی بەرفرەوان سوودیان لەو مافە وەردەگرت، زۆر ڕێبواریش هەبوون لەپاڕانەوەو هەوڵی قایلکردنی جەندرمەکان ماندوو دەبوون، بۆیە بەنائومێدی بۆ (کۆڵشتە) دەگەڕانەوە، بێ ئەوەی ئەو شتە بەجێ بهێنن کە لە پێناویدا هاتبوون، بەڵام لە ناویاندا کەسانێك هەبوون گیانی بەردەوامبوون و بەرەنگاربوونەوەیان تێدا بوو، ئەوانە لەشوێنی خۆیاندا لەسەر (کابیا)کە بۆ چەندین کاتژمێر دەمانەوەو، چاوەڕوانی ساتێکی سستی یان بیرچوونەوەیەکیان دەکرد، یان پێشبینی ڕێککەوتنێکی لەناکاوی سەرکەوتووانەیان دکرد، بەڵام ئەگەر سەرۆك پاسەوانانی شارەکە بەرێکەوت لەوێ بووایە، ئەو کات هیچ ئومید نەدەما ڕێبوارەکان هیچ شتێکیان دەستگیر بێت. ئەم سەرۆك پاسەوانە، کە ناوی (سالکۆ هیدۆ)یە، ئەو دەستەڵاتی ڕاستەقینەی پیرۆزە، ئەو، ئەو کەسە نابینێت کە قسە دەکات و گوێی لێ ناگرێت و، پێشوازی لێ ناکات بۆ ئەوە نەبێت بە پێی فەرمان و بنەما پەیڕەوکراوەکان ئەرکەکانی

خۆی بۆ ڕوون بکاتەوە. لە ئەرك ڕاپەڕاندنەکانی خۆیدا نابیناو کەرە، تەنانەت ئەگەر لەوەیش ببێتەوە ئەوە لاڵیش دەبێت. بۆیە بێ هوودەیە ڕێبوار لیّی بپاڕێتەوەو خونکی بۆ بکات.

ـ ساڵح ئاغا، من زۆر ساغ و بێ بەڵام.

ـ کەواتە بۆ ئەو شوێنە بگەڕێوە کە لێوەی هاتوویت، هیوای تەندروستی و ساغیت بۆ دەخوازم. بۆ ئەوێ بگەڕێوە. گەردنت ورد کە...

مشت و مڕ لەگەڵ هیدۆدا سوودی نییە. هەرچی لەگەڵ جەندرمەکاندایە ئەوە دەشێت مرۆڤ بە ئاکامێك بگات. ئەوەی بەسە کە ڕێبوارەکە لەسەر پردەکە بمێنێتەوەو، لە ئاڵوگۆڕکردنی هاوارکردن لەگەڵیاندا بەردەوام بێت و بەشەڕ بێت و، درێژە بە ئاخافتن بدات، باسی شەکەتی و ماندووبوونەکان و ئەو مەینەتییانەی خۆی بکات کە بەسەری هاتوون و، ئەو کولەمەرگییە بگێڕێتەوە کە پاڵی پێوە ناوە سەفەر بکات، لەگەڵ هەموو جۆرە نەگبەتییەکانی دیکەدا، تا زۆرتریان لێ نزیك دەبێتەوە، ئەگەر دەربڕینەکە ڕاست بێت، تا ئەوانیش باشتر بیناسن و، لەبەر چاویان وای لێ بێت کەمتر لە پیاوێك بچێت تووشی کۆلێرا بووبێت. ئەو کات یەکێك لە جەندرمەکان پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات ئەو لە جیاتی بچێتە ناو شارو ئەو پیاوە ئاگەدار بکاتەوە کە ڕێبوارەکە ئیشی پێیەتی، بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکەی پێ ڕابگەیەنێت. ئەوەیش یەکەمین پلەی ئاسانکارییە،بەڵام ڕێبوار دەزانێت کە هیچ کەسێکی دیکە لەبری خۆی ناتوانێت ئەرکەکەی ئەو بە باشی بەجێ بگەیەنێت، جەندرمەکانی ئێرەیش لەبەر ئەو بارودۆخەی هەیانە، بەهۆی ئەوەوە بەردەوام بەدەستی سەرئێشەوە دەناڵێنن، چونکە نیوچە سەرخۆشن، چونکە خۆیان بە (ڕاکیا) چارەسەر دەکەن، تەواو ئاگەیان لەخۆیان نییە، زۆر جاریش بە پێچەوانەوە ئەو ئەرکە بەجێ دەگەیەنن کە پێیان ڕادەسپێررێت. بۆیە ڕێبوار درێژە بە ئاخافتنەکانی خۆی دەدات و لێیان دەپاڕێتەوەو، دیارییان پێشکەش دەکات و، دوعاو نزای چاکەیان بۆ دەکات، ئیدی بەم شێوەیە تا هیچ جەندرمەیەك لەسەر (کابیا)کە نامێنێتەوە ئەوەیان نەبێت کە ڕێبوارەکە بۆی ڕوون بووەتەوە کە لە هەموویان نەرمترە ئەو کات یارییەکە تەواو دەبێت، جەندرمە دڵ پاکەکە ڕووی خۆی بەرەو دیوارەکە وەردەگێڕێت، بە ڕواڵەت وا خۆی پیشان دەدات کە ئەو نووسراوە نەخشێنراوانەی سەر دیوارەکە دەخوێنێتەوە، هەردوو دەستی دەخاتە پشتی و لەپی ڕاستی دەکاتەوە. ڕێبوارە ئۆقرەگرەکەیش ئەو برە پارەیەی تێ داوێت کە لەسەری ڕێککەوتوون و، تەماشای لای چەپ و ڕاستی خۆی دەکات، بە ڕاکردن نیوەی دووەمی پردەکە دەبڕێت و، لەناو شاردا بزر دەبێت. جەندرمەکە بۆ شوێنەکەی خۆی دەگەڕێتەوەو پیازێکی سپی دەشکێنێت و بە (ڕاکیا) تەڕی دەکات. ئەو کارە ورەو چێژێکی ئەوتۆو، هێزو تین و دڵڕەقییەکی زۆرتری پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی بێداری بۆ شارکە بکێشێت و لە کۆلێرای بپارێزێت.

بەڵام نەگبەتی و کولەمەرگی تا هەتایە بەردەوام نابێت (ئەوەیش خەسڵەتێکی هاوبەشی نێوان ئەوو نێوان شادییە)، بەڵکو بەسەر دەچێت و تێدەپەڕێت، یان بەلایەنی کەمەوە وێنەکەی دەگۆڕێت و، لە تاریکایی بیرچوونەوەدا بزر دەبێت. وێڕای هەموو شتێك ژیان لەسەر کابیاکە بەردەوام نوێ دەبێتەوەو، پردەکەیش ساڵان و سەدەکان نایگۆڕن و نەیش ئەو پێوەندییانەی نێوان خەڵکی کە گۆڕانکاری دڵتەزێنانەیان بەسەردا

دێت. هەر هەموو ئەوانە بەسەریدا تێدەپەڕن وەك چۆن ئاوە تیژەکان بەژێر تاقە لووسە نایابەکانییەوە تێدەپەڕن.

******

## هەشتەمین پارِ

تەنیا هەر شەڕ و درم و پەتاو کۆچ نەبوون، کە یەك بە دوای یەکدا تووشی ئەم پردە دەهاتن و ژیانیان لەسەر (کابیا)کە پەك دەخست. بەڵکوو ڕووداوی دیکەی دەگمەن هەبوون بە ناوی ئەو ساڵانەوە ناوزەد دەکران کە تێیاندا ڕوویان دەدا. یادوەری ئەو ساڵەی لە بیری خەڵکدا بۆ سەردەمێکی دوور دەهێشتەوە.
ئیفریزە بەردینەکە کە لە هەردوو لای چەپ و ڕاستی پردەکەوە بە دەوری پردەکەدا دروست کراوە، ماوەیەکی دوورو درێژە ساف و لووس کراوەو، لە بەشەکانی دیکەی پردەکە ڕەشترە. سەدان ساڵە جووتیارەکان ئەگەر لە کاتی پەڕینەوە بەسەر پردەکەدا بیانەوێت پشوو بدەن بارەکانیان لەسەر ئەم ئیفریزە دادەنێن، سەدان ساڵیشە بێکارەکان پاڵ بەم ئیفریزەوە دەدەن و خۆیان بەسەردا دەدەن و دەپەیڤن، کە تەنیاش دەبن بازووی لەسەر دادەنێن و تەماشای خوارەوە دەکەن و لە ڕۆیشتنی ئاوە کەفچەرێنە خێراکە دەڕوانن کە بەردەوام نوێ دەبێتەوەو بەردەوام وەك خۆی دەمێنێتەوە.
لێ ژمارەی ئەو بێکارە تەماشاکەرانەی خۆیان بەسەر ئیفریزەکەدا دەدەن و تەماشای ڕووی ئاوەکە دەکەن بۆ ئەوەی بیخوێننەوەو لێی ورد ببنەوە، ئەوەندە زۆر نەبوو وەك لەم ڕۆژانەی دوایی مانگی ئابی ئەو ساڵەدا ژمارەیان زۆر بوو. ئاوەکە بەهۆی بارانەوە لێڵ بووبوو، ئەگەرچی هێشتە هاوین کۆتایی نەهاتبوو. لە گێژەنگەکانی ئاوەکەدا لەژێر تاقەکانەوە کەفێکی سپی دروست دەبوو، دەخولایەوەو تێکەڵ بە دارچیلکەو لق و پۆپ و وردە کا دەبوو. بەڵام دانیشتووان لەو بێکارانەی خۆیان بەسەر دیوارەکەدا دابوو، سەریان خستبووە سەر بازوویان، لەڕاستیدا هەنووکە تەماشای ڕووبارەکەیان نەدەکرد کە لە مێژە دەیناسن و هیچ شتێکی ئەوتۆی نییە پێیان ڕابگەیەنێت، بەڵکو لەناو ڕووی ئاوەکەدا دەگەڕان، تا هۆیەك بدۆزنەوە تینوویەتییان

لەمەڕ تێگەیشتن بشکێنێت و، هەوڵیان دەدا شتێك بدۆزنەوە كە لەوە بچێت شوێنەوارێكی ئەو چارەنووسە تەم و مژاوییە سەختە بێت كە لەم ڕۆژانەدا لەناكاو ڕووی تێكردن و دڵ و دەروونی گرتن.

لەو سەردەمەدا ڕووداوێكی زۆر دەگمەن لەسەر كابیاكە ڕووی دا، ڕووداوێك لەو ڕووداوانەی كە لە ڕابوردوودا وێنەی نەبووەو ڕەنگە لە ئاییندەیشدا دووبارە نەبێتەوە كە پردێك و شارێك لەسەر ڕووباری درینا مابێت. ئەم ڕووداوە شارەكەی هەژاندو ورووژاندی و دەنگی دایەوەو لە شوێن و ناوچەكانی دیكە، وەك بەسەرهات و گێڕانەوەیەك لەو گێڕانەوانەی كە بە هەموو جیهاندا دەخولێنەوە، وڵاتانی دووری تەنییەوە.

بەسەرهاتەكە بەسەرهاتی دوو پاوانی بچووكی (لیڤی لۆج) و (نیزۆكە)یە. ئەو دوو پاوانە بچووكە دەكەونە ئەوپەڕی هەردوو لای بەرانبەر یەكدی ئەو لاپاڵەی كە تەپۆڵكە بۆرو گردۆڵكە سەوزەكانی دەوروبەری شار پێكی دەهێنن.

گوندی (سترایچە)ی گەورە كە دەكەوێتە باكووری ڕۆژهەڵاتی گردۆڵكەكانەوە، نزیكترین گوندە لە شارەوە. خانوو و كێڵگەو بێستانەكانی هەندێكیان بەسەر تەپۆڵكەكانەوە پەرت و بڵاون، هەندێكیان لەناو دۆڵ و شیوی نێوان تەپۆڵكەكاندان. لەلایەكی بازنەیی یەكێك لەم تەپۆڵكانەوە چەند ماڵێك هەن نزیكەی پازدە ماڵ دەبن، نوقمی ناو بێستانی دارقۆخن و لە هەموو لایەكەوە كێڵگە دەوری داون. ئەمە پاوانەكەی (لیڤی لۆج)ە. كە نشینگەیەكی هێورو جوان و دەوڵەمەندی توركەو كەوتووەتە سەرووی سەرەوە. بەشێكە لە بەڕێوەبەرایەتی (سترایچە)، بەڵام لە شارەكەوە نزیكترە وەك ئەوەی لە بەندەرەكەوە نزیك بێت، چونكە ئەو خەڵكەی نیشتەجێی (لیڤی لۆج)ن ماوەی نیو كاتژمێر ڕێ كردن لە گەڕەكی بازاڕەوە دوورن، لەم گەڕەكەدا ئەمبارو پیشەكارییان هەیە، ئەوانیش چوون خەڵكی شارەكە، هیچ جیاوازییەكیان لەگەڵ دانیشتووانی شاری (فیشیگراد)دا نییە تەنیا ئەوە نەبێت كە موڵكەكانیان سەقامگیرترو دڵنیاترن، چونكە لەسەر خاكێكی پتەوی بەر هەتاون و مەترسی لافاویان لەسەر نییە، ئەگینە زۆر بێ فیزن و ژیانێك دەگوزەرێنن لە گۆشەگیرییەوە نزیكە، هیچ ڕەفتارو نەریتێكی خراپیان نییە، كە خەڵكی شارەكە هەیانە. چونكە پاوانەكەی (لیڤی لۆج) خاكێكی بە پیت و ئاوێكی سازگاری هەیەو، ئەو خەڵكەی لێی دەژین جوانن.

لەوێ، لەم پاوانە، لقێكی تیرەی عوسمان ئاغچ دەژین، كە یشتەجێی (فیشیگراد)ە. ئەگەرچی ئەوانەی لە شارەكە دەژین لە ئەندامانی سەر بەم تیرەیە زۆرترو لەوان دەوڵەمەندترن، كەچی خەڵكی لەو ڕایەدان كە ئەوان (پلەی دووەم)ی تیرەكەن و، ئەوانەی لە (لیڤی لۆج)ی لانكەی تیرەكە دەژین، لە ڕاستیدا ئەوان لە باشەكانن. ئەم تیرەیە تاكە كەسانی ڕەسەنیان تێدایە، زوو بە دەنگی لێقەوماوانەوە دەچن، شانازی بە گەورەكەی خۆیانەوە دەكەن كە ئەو خانووە گەورەیەی هەیە، كە گەورەترین خانووی شارەكەیە، كە لەوپەڕەوە دەبینرێت سپی دەچێتەوە، لە باشوورەوە بەرەو ڕۆژئاوا دیارەو، بە سەربانەكەیەوە كە بە كا داپۆشراوەو، بە هەر چوار پەنجەرە شووشەیینەكەیەوە بەردەوام سپی دەچێتەوە. خانووەكە لە دوورەوە دیارە، یەكەمین شتە بەرچاوی ئەو ڕێبوارە دەكەوێت كە لەو ڕێگەیەوە دادەبەزێت و بەرەو فیشیگراد دەڕوات یان ئاوڕ دەداتەوە، ئەگەر ئەم شارە بەجێ بهێڵێت. دوا تیشكی هەتاو كە لەودیوی لووتكەی (لشتان)ەوە ئاوا دەبێت، بەردەوام لەسەر ڕووی سپیی ئەم خانووە دەمێنێتەوەو دەبریسكێتەوە. لە مێژیشە دانیشتووانی شار لەوە ڕاهاتوون

ئێواران لەکاتی خۆرئاوابووندا تەماشای بریسکانەوەی تیشکی هەتاو بکەن کە بەسەر پەنجەرەکانی ماڵی تیرەی عوسمان ئاغچەوە دەبریسکێتەوەو دواتر خامۆش بوونی یەك لەدوای یەکی ئەو پەنجەرانە دەبینن. زۆر جاریش یەکێك لەو پەنجەرانەیان دەبینی تەنانەت پاش ئەوەی خۆر ئاوا دەبوو، دوای ئەوەیش زەردەپەڕ باڵی بەسەر شاردا دەکێشا، بە دوایەمین تیشکدانەوەی بزری نێو پەڵە هەورەکان دەبریسکانەیەوە، تا چەند ساتێك هەر دەبریسکایەوە، وەك بڵێیت ئەستێرەیەکی گەورەی سوورەو بەسەر شارە تاریکەکەوە سەرەتاتکێ دەکات. خاوەنی ئەو خانووە لە شارەکەدا پیاوێکی ناودارو بەڕێزە. عەبد ئاغا عوسمان ئاغچ لە ژیان و هەموو کارەکانیدا پیاوێکی دلێرو چاونەترسە. عەبد ئاغا لە گەڕەکی بازاڕ ئەمبارێکی هەیە کە بینایەکی نزم و تاریك دێتە پێش چاو، ئەگەر لێی بچیتە ژوورەوە، گەنمە شامی و قۆخ و سنەوبەری تێدا دەبینیت بەسەر تەختەدارو حەسیری خانە خانەدا ڕۆکراون. عەبد ئاغا بە کۆ نەبێت کاڵا نافرۆشێت، بۆیە هەموو ڕۆژێك ئەمبارەکەی ناکاتەوە، لەکاتێکدا زۆر جار لەبەردەم ئەمبارەکەدا لەسەر کورسییەك دادەنیشێت. لەوێ لەگەڵ کڕیارەکان یان لەگەڵ کەسانێکی ناسیاوی خۆیدا دەئاخڤێت. پیاوێکی باڵا بەرزو بەخۆوە بووی ڕەنگ سوورە، بەڵام ڕیشی هەروەها سمێڵی تەواو سپین، دەنگی گڕو زیقە. لەبەر ئەوەی چەند ساڵێکە تووشی نەخۆشییەکی توندی (ڕەبوو) بووە. ئەگەر لەکاتی ئاخافتندا بورووژێت و دەنگ بەرز بکاتەوە، کە زۆر جار تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت، دەست بە کۆکینێکی ئەوتۆ دەکات و، لەناکاو قسەکانی دەپچڕێن و، چاوو لووت و گوێی دەکرێنەوەو، دەم و چاوی سوور هەڵدەگەڕێت و، هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسك دەبن و، سینگی وەك هەورە تریشقەی نێو چیاکان دەست بە قرخە قرخ دەکات. کاتێك ئەو کۆکەیەی تەواو دەبێت، یەکسەر دەگەڕێتەوە دۆخی جاران و، هەناسەیکی قووڵ هەڵدەمژێت و، دەست بە ئاخافتنەکەی دەکاتەوە لەو خاڵەی لێوەی ڕاوەستابوو، بەڵام بە دەنگێکی گۆڕاوو کەمێك لاواز. لە شارو دەوروبەریدا بەوە ناسراوە کە پیاوێکی یەك گفت و دەست بڵاوە. لە هەموو کارو ئەزموونەکانیدا ئەم خەسڵەتانەی هەیە، ئەگەرچی زۆر جاریش زیانی پێ دەگەیەنێت. دەبینین کاتێك شتەکە لە بەرژەوەندی ئەودا نەبووایە، جاری وا هەبووە، لە پێناوی بەچاوێکی سووك تەماشاکردنی لادێییەك کە لەبەر پارەکەی لەرزی لێ دەنیشێت، یان بەچاوی سووك تەماشاکردنی بازرگانێکی چاوچنۆك، بە یەك وشە نرخی گەنمە شامی یان قۆخی کەم یان بەرز کردووەتەوە. بەگشتی خەڵکی لە گەڕەکی بازاڕ بە گوێی دەکەن و، بیرو بۆچوونەکانیان بە دڵە. ئەگەرچی زۆر جار لە بڕیارەکانیدا توندو تیژە. کاتێك عەبد ئاغچ لە (لۆڤی لۆج)ەوە دادەبەزێت و لەبەردەم ئەمبارەکەیدا دادەنیشتێت، بەدەگمەن بەتەنیا دەبێت، چونکە خەڵکی حەزیان لە قسەکانیەتی و ئارەزووی بیستنی بیرو بۆچوونەکانی دەکەن. زۆر ڕاشکاوانە دەدوێت و، بەردەوام ئامادەیە ئەو شتە ڕابگەیەنێت کە خەڵکی ئەوە بەباش دەزانن لێی بێدەنگ بن و، ئەو بەرگری لێ بکات. ئەگەرچی تەنگەنەفەسی (ڕەبوو) بە کۆکە کۆك سات ناساتێك قسەکانی پێ دەبڕێت، ئەوەی سەیرە ئەم ڕەبووەو ئەم کۆکەیە کاریگەری ئەوەی دەیلێێت تێك نادەن، بەڵکو هێزی قایلکردنی پتر دەکەن و، جۆرە ڕیزو گرنگییەکی کاریگەر بە شێوازی دەربڕینەکەی دەبەخشن کە بەئاسانی بەرەنگاریی نەکرێت.

عەبد ئاغچ پێنج کوڕی هەیە ژنیان نەهێناوە، تەنیا کچێکی هەیە کە دوایەمین منداڵیەتی و، ئێستە لەهەڕەتی تەمەنی مێردکردندایە. خەڵکی سەبارەت بە فاتیمەی کچی ئەو دەزانن کە زۆر جوانەو بە تەواوەتی لە باوکی دەچێت. بابەتی مێردکردنەکەی شاری سەرقاڵ کردووە، تا ڕادەیەك وای لێهاتووە وردە وردە دەوروبەری شاریشی سەرقاڵ کردووە. لە هەموو سەردەمێکدا لە وڵاتی ئێمە لەسەر ئەوە ڕاهاتوون، لە نەوەیەك لە نەوەکان کە چیرۆك و سەربوردەو گۆرانی سەبارەت بە کیژێك لە کیژەکان دەگوترێت، لەبەر جوانی و خەسڵەت و ڕەوشتەکانی، ئەو کیژە لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەبێتە مایەی ئارەزوو و نموونەی باڵا کە نەشێت کەس پێیڕا بگات، ناوی ئەو کیژە گڕ لە ئەندێشە بەردەدات و، حەماسەتی پیاوانی لەمەڕ بڵاو دەکرێتەوەو ئیرەیی ئافرەتانی لە بارەوە دەهۆنرایەوە. ئەم جۆرە بوونەوەرە جوان و دەگمەنانە، کە سروشت جیایان دەکاتەوەو بەرەو لووتکەی پڕ مەترسییان بڵند دەکاتەوە.

ئەم کیژەی عابد ئاغا لە باوکی دەچێت نەك هەر تەنیا بە ڕوخسارو بە ڕواڵەت، بەڵکو بە مێشکی بێگەردو بەهرەی ئاخافتنی. ئەوانەی ئەوە باش دەزانن، ئەو لاوانەن کە لەکاتی زەماوەندو کۆبوونەوەکاندا دەکۆشن بە ڕیبایەکی نارەسەنانە دڵی بەلای خۆیاندا ڕاکێشن یان بە میزاجێکی بوێرانە سەری لێ بشێوێنن. لە هونەری ئاخافتندا لە جوانییەکەی کەمتر نەبوو. بۆیە ئەو گۆرانییەی بەباڵای فاتیمەی کچی عەبد ئاغادا دەگوترا (ئەو گۆرانییانەی بە باڵای ئەم جۆرە بوونەوەرە دەگمەنانەدا دەگوترێن، لە شوێنێك لەشوێنەکان لەخۆوە سەر هەڵدەدەن، بۆیە ئەو گۆرانییە دەڵێت:

ئەی فاتیمەی کچی عەبد ئاغا

ئەی پڕ لە پەنهانی و پڕ لە جوانی

هەروەها خەڵك لە شارو دەورو بەری گۆرانییان دەچڕی و ئەوەیان دەگوت، بەڵام ئەوانەی بیانوێرایە داخوازی کچە جوانەکەی (ڤیلی لۆج) بکەن زۆر کەم و دەگمەن بوون. ئەوانە بەخۆیان یەك لە دوای یەك ڕەت کرانەوە، بۆیە خێرا ئەو پەرژینە سەرسوڕمان و ڕك و ئیرەیی و ئارەزووی بێ دەنگ و چاوەڕوانی چەپەڵانە لە بارەی فاتیمەوە هەڵبەسترا. ئەو پەرژینەی کە زۆر جار لە بارەی بوونەوەرە بەهرەدارو دەگمەن و چارەنووسە مەزنەکانەوە هەڵدەبەسترێن.. ئەو کەسانەی کەسانی دیکە گۆرانییان بەبەژندا دەچڕن و باسیان دەکەن، ئەوە چارەنووسیان زوو ڕایاندەماڵێت، لەبری ژیانێکی ڕاستەقینەی بەدی هاتوو، هیچیان لە پاش بەجێ نامێنێت تەنیا لاژەیەك یان سەربوردەیەك نەبێت.

زۆر جار لە نیشتمانەکەماندا ڕوو دەدات ئەو کچەی خەڵك باسی دەکەن لەبەر هەمان هۆ کەم هەن خۆشیان بوێت و، بە (قەیرە کچی) دەمێنێتەوە، کەچی کچانی دیکە بە ئاسانی و خێرا مێرد دەکەن کە لە هیچ ڕوویەکەوە هاوچەشنی ئەو نین، بەڵام فاتیمە تووشی ئەو پەتایە نەبوو، چونکە یەکێك لەوانەی شەیدای بووبوون چووە داخوازی: ئەوەند بوێر بوو بە شێوەیەك ئاواتی ئەوەبوو ببێتە هاوسەری، ئەوەندەیش لێهاتوو و لەسەر ئەو مەسەلەیە سوور بوو بە جۆرێك گەیشتە ئەوەی مەبەستەکانی بەدی بهێنێت.

پاوانی نیزۆکە تەواو دەکەوێتە بەرانبەر ڤیلی لۆج، لەو بازنە پێچ پێچەی کە لە حەوزەکەی فیشیگراد پێك دێت.

پاش پردەکە، لە دوورایی کەمتر لەنیو کاتژمێر بەپێ ڕۆیشتن بەرەو سەرەوە بۆ لای سەرچاوەی ڕووبارەکە لەو بارستایییە چیا سەرکەشانەی کە درینای لێ لە وەرچەرخانێکی کوت و پڕەوە سەرچاوە دەگرێت، وەك بڵێیت لە دیوارێکی گەنم ڕەنگەوە دێتە دەرەوە، پارچە زەوییەکی باریکی بەپیت لە کەنارە تاوێرینەکەی ڕووبارەکە هەیە: کە پاشەرۆکی ڕووبارەکەو ئەو لافاوانەیە کە دەڕژێنە سەر هەورازێکی تاوێرین لە تاوێرەکانی بۆتکۆ، ئەو زەوییە چەندین کێڵگەو باغی لێیەو لە کەنارەکەشیەوە مێرگی سەختی لێیە کە گژو گیایەکی بەپیتی هەیە، کە لە ناو بەرزایی بە پیت و زەل و قامیشی چڕو تاریکدا بەرەو لووتکە بزر دەبن. هەموو پاوانەکە موڵکی تیرەی بەگەکانی (حەمزەتش)ن، کە بەناوی (ترکۆڤچ)یشیان ناوزەد دەکەن، لە نیوەی ئەو پاوانەدا پێنج تا شەش تیرە لە تیرەکانی جووتیارە کۆیلەکان دەژیان، لەنیوەی دووەمیش خانووی براکان هەبوو لە بەگەکانی تیرەی حەمزەتش، لە سەرووشیانەوە مستەفا بەگ حەمزەتش. پاوانەکە تەواو تەریکە، ڕووەو باکوورە، هەتاو ڕاست پێی ناکەوێت، ڕەشەبایش نایگرێت، بە میوەو ئالف دەوڵەمەندە پتر لەوەی بە گەنم دەوڵەمەند بێت. لەبەر ئەوەی لە هەموو لایەکەوە بە گردۆڵکەی بەرز بەرز دەور دراوە، بۆیە زۆربەی ساتەکانی ڕۆژ لە سێبەردایەو، بە درێژایی ڕۆژیش کپ و ماتە، تەنانەت هەر هاوارێك لە گەرووی شوانەکانەوە دەربچێت، یان هەر جووڵەیەك لە زەنگی ملی پەزێکەوە بێت، لە چیاکاندا دەنگ دەداتەوە. تەنیا یەك ڕێگە بەرەو ئەو پاوانە دەچێت، ئەویش ئەو ڕێگەیەیە کە لە فیشیگرادەوە دێت. کاتێك مرۆڤ لە شارەوە دەردەچێت و، لە پردەکە دەپەڕێتەوەو، ڕێگە سەرەکییەکە دەبڕێت کە بەلای ڕاستدا وەردەچەرخێت و دواتر لەگەڵ کەناری ڕووبارەکەدا بەردەوام دەبێت و، تەنانەت دادەبەزێتە کەنارەکە، لەوێ مرۆڤ دەربەندێکی تەسکی بەردەڵان دەبینێت بەرەو لای چەپی پردەکە وەردەچەرخێت و، ماوەیەك بەناو زەوییەکی سەخت و هەورازی نەکێڵراوو نەچێنراودا تێدەپەڕێت و، لە تەنیشت ڕووباری دریناوە شان بە شانی ئاوەڕۆی ئاوەکە سەردەکەوێت، وەك بڵێیت پەراوێزێکی سپی هەڵەتە گەنم ڕەنگییەکەیە کە پایینی نوقمی ئاوەکەیە.. ئەگەر یەکێك لە بڵندایی پردەکەوە تەماشای سوارێك یان ڕێبوارێك بکات بە ڕێدا بڕوات، وا دەزانێت بەسەر بنەدارێکی باریکدا دەڕوات خرابێتە نێوان ئاوو تاوێرەوەو، وێنەکەی بە درێژایی ڕێگەکە دەبینێت لەسەر ڕووی ئاوە سەوزە هێورەکە وێنابووە.

ئەمە ئەو ڕێگەیە کە لە شارەوە بەرەو نیزۆکە دەچێت، هیچ ڕێگەیەکی دیکە لەو لای نیزۆکەوە نییە، چونکە هیچ شوێنێکی دیکە نییە دوای نیزۆکە مرۆڤ ڕووی تێ بکات و، کەسیش نییە بۆ جێیەکی دوورتر لە نیزۆکە بڕوات. چونکە بنارە سەختەکە کە بە دارستانی پەرت و بڵاو داپۆشراوە، لە سەرووی ماڵەکانەوە، دوو دۆڵی قووڵی سپی دوو کەرتی دەکات، شوانەکان پێیاندا سەردەکەون کاتێك بیانەوێت ڕانە مەڕو پەزەکانیان لە چیاکە گلێر بکەنەوە.

خانووە گەورە سپییەکە دەکەوێتە ئەوێوە، خانووی مستەفا بەگ گەورەترین تاکی تیرەی (حەمزەتش)ە. ئەم خانووە لە خانووەکەی عوسمان ئاغچ بچووك تر نییە کە لە (ڤیلی لۆج)ە، بەڵام جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە چونکە لەو قۆرتایی و دارستانەدایە کە لە کەناری ڕووبارەکەدایە بۆیە نابینرێت، لەدەوری ئەو خانووە یازدە دار ئەسفەندیار هەن لە شێوەی نیوچە بازنەیی، بە هاژە هاژو لاربوونەوەیان بزاوتێکی بەردەوام دەخەنە ئەم

گۆشەیەی زەوییەوە کە  لە هەموو لایەکەوە داخراوەو، شتێکی دژوارە مرۆڤ پێی بگات. لە ئاستێکی ژێر ئەم خانووەوە خانووی هەردوو برای دیکەی تیرەی حەمزەتش دەبینرێن، کە لە خانووی یەکەم دەکەن، بەڵام کەمێك لەو بچووکترن و، زۆر ساکارانەترن. هەموو براکانی سەر بە تیرەی حەمزەتش منداڵی زۆریان هەیەو، هەر هەموویان بەژن جوان و باڵا بەرزو  ڕەنگ زەردن، حەز بە بێدەنگی دەکەن و گۆشەگیرن، بەڵام لەکارکردندا گورج و گۆڵ و چوست و چالاکن و لەوە ڕاهاتوون بەهای ئەوە بزان کە خوا پێی داون و بەرگریشی لێ بکەن. وەك هەموو دەوڵەمەندەکانی ڤیلی لۆج، کۆگەیان لە شار هەیە، هەموو ئەو بەروبوومانەی تێدا ئەمبار دەکەن کە لە نیزۆکە دروێنەی دەکەن. لە هەر وەرزێك لە وەرزەکان ئەو دەربەندە تەسکە بەردەڵانە دەبینرێت کە لە تەنیشت ڕووباری دریناوەیە، لە خۆیان و لە کۆیلەکانیاندا جمەی دێت و چوون مێرووله دێن و دەچن و دەجوولێنەوە، هەندێکیان بەروبووم و کاڵایان بەسەر شانەوەیەو بەرەو شاری دەبەن و، هەندێکیان بەرەو گوندە بزربووەکەی نێوەند چیاکان دەگەڕێنەوە دوای ئەوەی کارەکەی خۆیان تەواو کردووەو پارەکانیان خستووەتە ژێر پشتوێنەکانیانەوە.

خانووەکەی مستەفا بەگ حەمزەتش، ئەو خانووە گەورە سپییەی کە مرۆڤ وەك شتێکی لەناکاوی جوان لەکۆتایی دەربەندە بەردەڵانییەکەدا سەری پێدا دەتەقێتەوە، ئەو دەربەندەی وا پێدەچێت بەرەو هیچ شوێنێك نەچێت، چوار کچ و تەنیا کوڕێکی تێدا دەژین کە ناوی (نائیل)ە. ئەم نائیل بەگە یەکێکە لەوانەی هەر لە سەرەتاوە بە ئاواتی فاتیمەی کیژی (ڤیلی لۆج) بووە.

لە شاییەك لە شاییەکانی ژن گواستنەوەدا، لە دەرگەیەکی درز تێ بردووەوە، کە ژمارەیەك لاوی  بەگوڕ چوون دانە دانەی هێشووە ترێیەك لەبەردەمیدا گرد بووبوونەوە، هەر تەماشای دەکردو بە جوانییەکەی سەرسام بووبوو. جارێکی دیکەیش توانیبووی لەنێو دەستە خوشکەکانیدا ببینێت کە لە دەوری گرد بووبوونەوەو ئەو گاڵتە بوێرانەیەی بە گوێدا دابوو:

ـ لە یەزدان دەپاڕێمەوە مستەفا بەگ ناوی بووکت لێ بنێت.

فاتیمەیش پێدەکەنێت، پێکەنینێکی بێ دەنگ.

لاوەکەیش بە شادییەوە لە کونە تەسکەکەی دەرگەکەوە پێی دەڵێت:

ـ پێمەکەنە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو ڕووداوە سەیرە بەدی دێت.

کیژەکە کە جارێکی دیکە پێدەکەنێت و، باڵای خۆی لار دەکاتەوە لە جووڵەیەکی سەرکێشانەی ئەوتۆدا کە ئافرەتانی وەکو ئەوو لە تەمەنی ئەودا نەبێت نایزانن، کە جووڵەیەکە لە وشەو پێکەنینەکانی کاریگەرترن، وەڵام دەداتەوەو دەڵێت:

ـ ئەو ڕووداوە سەیرە ڕوودەدات ئەگەر بێت و (ڤیلی لۆج) دابەزێتە (نیزۆکە).

بەم شێوەیە ئەو بوونەوەرانەی کە سروشت بەهرەی زۆری پێ بەخشیون، زۆرجار بوێرانەو بێ بیرکردنەوە بەرەنگاری چارەنووس دەبنەوە. ئەم بەرسڤەی کە بەرسڤی لاوەکی (حەمزەتش)ی پێ دایەوە، وەك هەموو ئەو کارانەی ئەنجامی دەدان و ئەو قسانەی دەیکردن، زارەو زار بڵاو بووەوە.

ئەندامانی سەر بە تیرەی (حەمزەتش) لەو کەسانە نین یەکەمین دژواری ڕایان بگرێت و ورەیان دابەزێنێت، ئەوانە تەنانەت بۆ کاری لەوە خوارتریش، دەست بەجێ واز ناهێنن و، لەپڕێکدا خۆیان لەقەرەی نادەن، کەواتە چۆن لە کارێکی وا ترسناکدا ئەو کارە دەکەن ... ناوبژیوانی هەندێك لەو خزمانەی نیشتەجێی شارن بێ سوود بوو. بەڵام ئەوکات پیرەمێرد مستەفا بەگ حەمزەتش بەخۆی دەستی دایە ئەوەی ژن بۆ کوڕەکەی بهێنێت. بەردەوام کاری هاوبەشیان لەگەڵ عەبد ئاغادا هەبوو. عەبد ئاغایش لەم دواییانەدا بەهۆی ڕەفتارو ڕەوشتی لووت بەرزییەوە زیانێکی گەورەی لێ کەوتبوو، بە هۆی ئەو زیانانەشەوە نەیتوانیبوو هەندێك لەو پابەندبوونانەی خۆی بەجێ بهێنێت کە دەبوو بەجێیان بهێنێت. لەو بارودۆخەدا مستەفا بەگ یارمەتی دابوو و پشتگیریشی کردبوو، ئەو کارەیش کەسانی دیکە نایکەن کەسانێکی دلێرو ئازا  نەبێت لەوانەی لە بازاڕدا کار دەکەن، ئەوانەی بە شێوەیەکی ئاسایی و ساکارو بێ دەنگ هاریکاری یەکدی دەکەن و پشتی یەکدی دەگرن.

لەو کۆگە تاریك و تا ڕادەیەك شێدارانەدا، لەسەر کورسییە بەردینە لووسەکانی بەردەمیاندا، تەنیا هەر بابەتی دارایی و بازرگانی یەکلا ناکرێنەوە، بەڵکو خودی چارەنووسی تەواوی ئادەمیزاد دیاری دەکرێت. بەڵام چی لە نێوان عەبد ئاغا عوسمان ئاغچ و لە نێوان (مستەفا بەگ حەمزەتش)دا ڕووی داو، چۆن مستەفا داخوازی فاتیمەی بۆ (نائیل)ی کوڕە تاقانەکەی کردو، چۆن عەبد ئاغا کچەکەی پێ بەخشی، لە کاتێکدا بە لووت بەرزو کەللەڕەق ناسراوە، کەس ئەوەی نەزانیوە. هەروەها کەس بە تەواوەتی لەو سەرەوە لە ڤیلی لۆج نەیزانی چی لە نێوان باوکەکەو کیژە تاقانەکەیدا ڕووی دا. شتێکی ئاساییە ناشێت کیژەکە دەست بە ڕووی باوکییەوە بنێت و  بە قسەی نەکات... هەرچۆنێك بێت بە شێوەیەك تەماشای کرد ناکاوی و کوت و پڕی و دڵ ئێشانی دەگەیاندو، مووچڕکێکی تایبەتی بەلەشدا هات و، سەری بۆ خواستی باوکی دانەواند، سەردانەوەاندنێکی کپ و بێ دەنگ، وەك ئەوەی لەدێرکاتەوە تا ئێستە لە نیشتمانەکەماندا باوە. کیژەکە دەستی بە دانان و بڵاوکردنەوەی کەرەستەکانی بووکێنی و تەواوکردن و ڕێکخستنیان کردو، وای هەست دەکرد خەون دەبینێت.

هیچ وشەیەك لە نیزۆکەوە بەرگوێ نەکەوت. پیاوە داناکانی حەمزەتش داوا لە خەڵکی ناکەن سەرکەوتنەکانیان لە ئاخافتنی سەرکێشانەدا تۆمار بکەن. ئەوەی دەیانویست دەستیان کەوت، وەك ڕاهاتوون بەو سەرکەوتنەی خۆیان  شادبوون و، پێویستیان بەوە نەبوو کەسێکی دیکە بەشداری خۆشی و شادییەکەیان بکات، هەروەها کاتێك تووشی نائومێدی یان شکستییەك هاتبان داوایان لە کەس نەدەکرد بەزەیی پێیاندا بێتەوە.

بەڵام ئەوە ڕێی لە خەڵکی نەگرت بەبێ بنەماو لەزۆر بۆنەدا سەبارەت بەو بابەتە بپەیڤن، بەردەوام خەڵکی بەو شێوەیەن و ئەوە ڕەفتاریانە.

هەموو شارو گوندەکانی دەورو بەر، باسی ئەوەیان دەگێڕایەوە کە چۆن تیرەی حەمزەتش ئەوەی ویستیان بەدەستیان هێناو، چۆن کیژەکەی عەبد ئاغا، ئەو کیژە جوان و سەلارو بەنازە، کە لەهەموو وڵاتی بۆسنیادا دەزگیرانێکی نەدۆزییەوە بچێتە دڵیەوە، سەرکوت و زەلیل کراو، چۆن (ڤیلی لۆج دابەزییە نیزۆکە)،

ئەگەرچی فاتیمە بە ئاشکرا دەیگوت ئەمە بە دی نایەت... خەڵکی حەز بەوە دەکەن بەو شێوەیە سەبارەت بەو هەرەسهێنان و سەرشۆڕییە بئاخفن کە ڕوو بە ڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە زۆر بەرزو بڵند بوونەتەوەو، بەرەو پلەو پایەیەکی بەرزو باڵا هەڵکشاون.

ماوەی یەك مانگی ڕەبەق خەڵکی سەربوردەیان لە بارەی ئەم ڕووداوەوە بەگوێی یەکدیدا دەدا، لە ئاخافتنەکانیاندا، وەك چۆن ئاوێکی سازگارو شیرین لە دەو هەڵبدەن، بەو شێوەیە باسی ئەو سەرشۆڕییەیان کردبووە بنێشتە خۆشەی سەر زاریان، کە ڕوو بە ڕووی فاتیمە دەبێتەوە. ماوەی یەك مانگی ڕەبەق. خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژی زەماوەندەکە لە نیزۆکەو ڤیلی لۆج بەردەوام بوو.

فاتیمە لەگەڵ دەستەخوشك و خزم و کەنیزەکانیدا بۆ یەك مانگی ڕەبەق سەرقاڵی ئامادەکردنی شت و مەکی بووکێنییەکەی بوو. کیژەکان گۆرانییان دەچڕی. خۆیشی گۆرانی دەچڕی. تەنانەت دەیتوانی گۆرانی بچڕێت. گوێی بۆ گۆرانییەکانی خۆی شل دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام هەر بیری دەدەکردەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەر تەقەڵێك لە دەرزییەکەی وای بیر دەکردەوە، کە نە خۆی و نە نەقشەکانی نیزۆکە نابینن. یەك چرکە چییە ئەمەی لەیاد نەدەچووەوە، بەردەوام لەگەڵ خۆیدا دووبارەی دەکردەوە. لە کاتی ئەم کارو ئەم گۆرانی چڕینەدا، هەستی بەوە دەکرد کە ڕێگەی نێوان ڤیلی لۆج و نیزۆکە دوورو درێژەو، یەك مانگ دەخایەنێت.

شەوانە کاتێك بە بیانووی ئەوەی دەیەوێت کارێك تەواو بکات تاك و تەنیا دەمایەوە، تا چاو بڕیکات جیهانی لەبەردەمدا واڵا دەبووەوە، دەوڵەمەندو پڕ لە ڕووناکی و گۆڕانکاری شادی بەخشانەی بەخۆوە دەنواند.

شەوانی ڤیلی لۆج گەرمن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا شێدارن و، ئەستێرەکان نزم و پەرێشان ڕووناکییەکی سپییان لە دەورەو دەبریسکێنەوە. فاتیمە لەبەردەم پەنجەرەکەدا ڕاوەستابوو، تەماشای ئەو شەوەی دەکرد. هێزو توانایەکی هێورو بەجۆش و شیرین لە هەموو لەشیدا بوو. بە جیا هەستی بە هەر بەشێك لە بەشەکانی لەشی دەکرد، وەك بڵێیت کانییەکی تایبەت لە کانییەکانی تواناو شادییە: بەتایبەتی هەردوو لاق و، هەردوو لا سمت و، هەردوو باسك و، گەردن و سینگی. گۆی هەردوو مەمکە قورسە بەفەڕەکەی لە میسراعی پەنجەرە تەختەدارینەکە دەخشا. لەوێ هەستی بە گردۆڵکەکەو هەموو ئەو شتانە دەکرد کە لەسەر گردۆڵکەکەن: خانوو و تەلارو کێڵگەکان، هەستی دەکرد کە هەناسەیەکی قووڵی گەرم و یەك بە دوای یەکدا هەڵدەکێشن و لەگەڵ ئاسمانە بریسکەدارو بۆشاییە تاریکەکەدا هەڵدەبەزن و دادەبەزن و، میسراعە تەختەدارینەکەیش لەسایەی ئەم هەناسەدانانەدا هەڵدەبەزێت و دادەبەزێت و لەگۆی هەردوو مەمکی دەخشێت و، بەرەو شوێنێکی دووریان بەجێ دەهێڵێت و، دواتر دەگەڕێتەوەو سەرلەنوێ لێیان دەخشێتەوە، پاشان نزیك دەبێتەوەو دواتر دوور دەکەوێتەوەو، ئیدی بەو شێوەیە.

بەڵێ جیهان گەورەیە، جیهان مەزن و زەبەلاحە، بە ڕۆژیش بەو جۆرەیە، کاتێك دۆڵەکەی فیشیگراد لەگەرماییدا گڕ دەگرێت، ئەو کاتەی مرۆڤ وەنییە گوێی لە دەنگی پێگەیشتنی گوڵەگەنم بێت کە تەواوی

دۆڵەکەی داپۆشیوە، ئەو کاتەی شارەکە دەبینرێت سپی دەکاتەوەو بەدەوری ڕووبارە سەوزەکەدا پەرت و بڵاو بووەتەوەو، دەروازەکانی بە تەپۆڵکە ڕەشەکان و بەو هێڵە ڕاستە کە پردەکەیە، داخراوە.
بەڵام بەشەو، تەنیا بە شەو، کاتێك ئاسمانەکان دەبووژێنەوەو دەبریسکێنەوەو، مرۆڤ ناتوانێت دەرك بە خۆی و بەو شوێنە بکات کە پێی دەگات و، نەیش چی دەوێت و، نەیش ئەو شتە چییە کە پێویستە ئەنجامی بدات. بە ڕاستی تەنیا بەشەو مرۆڤ ژیانێکی هێمن و درێژ دەگوزەرێنێت. بە شەو ، وشەگەلی ئەوتۆ نین بە درێژایی تەمەن مرۆڤ توند ببەستنەوە، بەڵێنی کوشندە نییە، بارودۆخی ئەوتۆ نین دەروازەیان واڵا نەبێت، مۆڵەتێکی کورت نییە بێت و بێ بەزەییانە تێپەڕێت، بێ ئەوەی بەرەو جگە لە مەرگ یان ڕیسوایی نەڕوات. بەڵێ ژیانی شەو چوون ژیانی ڕۆژ نییە، کە ئەوەی جارێك تێیدا دەگوترێت حوکمێکی گرێدراوی بێ خواست و، بەڵێنێکی یەکجارەکی بێت، مرۆڤ نەشێت خۆی لێ بدزێتەوە. بە شەو هەموو شتێکی ئازاد ڕەها نەزان و لاڵە.
لە کاتێکدا فاتیمە جڵەوی بۆ بیرە ڕاگوزارییەکانی خۆی شل کردبوو، گوێی لە دەنگێکی بە ئازاری خنکاو بوو وەك بڵێیت لە دوورەوە دەهات: ئـ ااااخ ... خ خ خ ... ئـ ااااخ ... خ خ.
ئەوە عەبد ئاغا بوو، لە خوارەوە، لە نهۆمی خوارەوە، لەگەڵ ئەو کۆکەیەدا ململانێی دەکرد کە شەوانە بەسەری دەهات.
فاتیمە نەك هەر دەنگی باوکی دەناسی، بەڵکو باوکی دەبینی جگەرەی دەکێشا، کۆکە ئەشکەنجەی دەداو بێداری شڕی دەکرد. ئەو دوو چاوە گەورە قاوەییەی دەبینی کە باشی دەناسین وەك چۆن خۆشەویستترین شوێن لە دڵی خۆیدا بناسێت، ئەو دووچاوەی کە تەواو لە هەردوو چاوی خۆی دەچن و هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت هەردوو چاوی باوکەکە لە بەر بەساڵداچووندا کزبوونەو نغرۆی بریسکەی فرمێسکاوی بەبزە بوونە، ئەو دوو چاوەی کە بۆ یەکەمین جار ئەوەی تێدا خوێندەوە کە چارەنووسی وێ دەبێت بەو شێوەیە بێت کاتێك پێی گوت کە بەڵێنی بە پیاوێکی سەر بە تیرەی حەمزەتش داوەو، پێویستە لە ماوەی یەك مانگدا خۆی بۆ زەماوەند ئامادە بکات.
ـ کـ ... خا .... کـ ... خا ... ئاخ ...
لە ناکاوێکدا ئەو هەست بە خۆشی کردنە پووکایەوە کە پێش چەند خولەکێك بەرانبەر جوانی شەوو مەزنی جیهان هەستی پێ دەکرد. ئەو هەناسە بۆندارەی لە خاکەوە دەهاتە دەرەوە ڕاوەستاو، هەردوو مەمکی کیژەکە لە گرژبوونەوەیەکی هێوردا وێك چوونەوەو، ئەستێرەو بۆشاییەکان نەمان، هیچ شتێك نەمایەوە چارەنووس نەبێت، چارەنووسی وێ نەبێت، کە خەریکە بە شێوەیەکی دژوار بێتە دی، بەڵکو بەدی دێت هەرکە کات بەسەر بچێت لەم هێورییەدا، هێوری بێ دەنگ و بۆشایی، ئەو هێورییەی پاش هەموو شتەکان دەمێنێتەوە.
دەنگی کۆکە کپەکە لە نهۆمی خوارەوە بەرز دەبێتەوە.

بەڵێ گوێی لە باوکیەتی و دەیبینێت، وەك بڵێیت لەبەردەمیدایە. باوکە خۆشەویست و بەهێزو تاقانەکەیەتی، کە هەست دەکات لەوەتای خۆی ناسیوەتەوە پێوەی بەستراوەتەوە، یەکبوونێك جیابوونەوەی نەبێت، یەکبوونێکی نەرم و خۆش.

وا هەست دەکات ئەم کۆکەیەی کە باوکی دەهەژێنێت و ئازاری دەدات لە سنگی ئەوەوە دێتە دەر. ڕاستە باوکی بە زار گوتوویەتی (بەڵێ)، بەڵام وێ دەیگوت (نا)، بەڵام ئاکام هەردووکیان یەکن، ئەو باوکیەتی و باوکی ئەوە، تەنانەت لەمەیشدا ... هەست دەکات کە وشەی (بەڵێ) کە گوتوویەتی (وەك وشەی (نا) هەردووکیان وەك یەك لە خودی خۆیەوە هاتووەتە دەرەوە). لەبەر ئەوە چارەنووسی دژوارو تیژ بوو، خەریکە بەدی دێت، لەبەر ئەوە هیچ چارەسەرێکی بەدی نەدەکرد، ئەگەرچی نەیدەبینی کە هیچ چارەسەرێك لە ئارادا بێت، ئەوە لەبەر ئەوە بوو کە هیچ چارەسەرێك نەبوو .. ئەو یەك شت دەزانێت، ئەویش ئەوەیە کە بە هۆی وشەی (بەڵێ)وە کە باوکی گوتوویەتی و، پێوەندی بەوەوە هەیە وەك چۆن وشەی (نا) پێوەندی بەوەوە هەیە کە خۆی دەیڵێت، ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ کوڕەکەی مستەفا بەگدا بە بەردەمی قازیدا تێدەپەڕێت، چونکە ڕێی تێناچێت عەبد ئاغا ئەو بەڵێنەی داویەتی جێبەجێ نەکات، بەڵام هاوکات ئەوە دەزانێت و گومانی لەوە نییە کە پێ نانێتە نیزۆکە، ئەگەر ئەوەی بکردایە ئەو لەو قسانە پەشیمان دەبووەوە کە کردوونی، ئەوەیش زۆر دەگمەنە، چونکە قسەکانی وێ قسەی هەر تاکێکی تیرەی عوسمان ئاغچە. لێرەدا لەم خاڵە کپەی نێوان (نا)یەکەی وێ و (بەڵێ)کەی باوکی، لە نێوان ڤیلی لۆج و نیزۆکەدا، دەبێت لێرەدا لەم خاڵە ئاڵۆزەدا بە دوای چارەسەردا بگەڕێت، بۆیە وێ ئێستا بیر لەو شتە دەکاتەوە. ئەو ئێستا لە مەوداکانی جیهانی گەورەو دەوڵەمەند، بیر لە ڕێگەی نێوان ڤیلی لۆج و نیزۆکە ناکاتەوە، بەڵکو بیر لەو بەشە کورت و غەمبەخشەی ڕێگەکە دەکاتەوە، ئەو بەشەی دەکەوێتە نێوان دادگەکەوە، لەو شوێنەی قازی بۆ کوڕەکەی مستەفا بەگ مارەی دەکات و، نێوان کۆتایی پردەکە، کە بەرزاییە بەردەڵانەکە بەرەو ڕێگە تەسکەکە خوار دەبێتەوە، ئەو ڕێگەیەی بەرەو نیزۆکە دەڕوات...ئەم ڕێگەیەی کە پێی لەسەر دانانێت، چونکە ئەو باش ئەوە دەزانێت. هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە ئەو بەشە بچووکەی ڕێگەکە وەك تەونی جۆڵا لەم بەرەوە بۆ ئەوبەر ببڕێت. ئەندێشەی لە دادگەکەوە بۆ ناوەندی شارو تا بازاڕو تا پردەکەی دەبرد، ئەو کات ئەوەندەی نەدەبرد یەکسەر پاشەو پاش دەگەڕایەوە، وەك بڵێیت کونێکی دیبێت، بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕی و دەگەیشتە بازاڕو ناوەندی شار تا دەگەیشتە دادگەکە... ئیدی بەم جۆرە، هات و چوون و چوون و هاتن. ئا لەوێدا چارەنووسی دیاری دەکرا.

هزریشی ڕانەدەوەستاو، ئاگەی شادی نەدەزانی، زۆر جار لای کابیاکە دەگیرسایەوە، لای ئەو سۆفیا بەردینە جوان و ڕووناکە دەگیرسایەوە، کە خەڵکی لێی دادەنیشن و دەئاخفن، کە لاوان گۆرانی تێدا دەچڕن و، ئاوە سەوزەکەی ڕووبارەکە تیژو لەقووڵاییدا تێدەپەڕی، تەنانەت ئەگەر لەم ڕێگەچارە بووایەتەوە، سەرلەنوێ باڵی دەگرتەوە وەك بڵێیت ڕووداوێکی لێ قەومابێت، وای لێ دەکرد لەسەرەتای ڕێگەکە تا کۆتایی ڕێگەکە دەچوو. شەو لە دوای شەو بیرو هزری لای کابیاکە دەگیرسایەوە، چونکە هیچ چارەسەرێکی دیکەی نەدۆزیبیوەو، وای لێهات وردە وردە ئەو گیرسانەوەی لەوێ درێژە بکێشێت. وێناکردنی ئەو ڕۆژەی کە دەبێت

به ڕاستی ئەو ڕێگەیە ببڕێت نەك بە ئەندێشە وەك ئێستە وا دەكات و، چارەسەرێك بدۆزێتەوە بەر لەوەی بگاتە كۆتایی پردەكە، وێناكردنی ئەو ڕۆژە هەموو ترس و تۆقینێكی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو كە لە مردندا هەیە، لەگەڵ هەموو ئەو ترس و لەرزو تۆقینەی لە ژیاندا هەیە كە سەرشۆڕی سیسی دەكات و لە ناوی دەبات، لەو ناتوانایی و تاك و تەنیاییەیدا، هەستی بەوە دەكرد كە ترسی ئەم وێناكردنە تەنێ شتێك بوو بتوانێت ئەو ڕۆژە دوور بخاتەوە، یان بەلایەنی كەمەوە دوای بخات ...

كاتێك دوایەمین پێنج شەممەی مانگی ئاب هات (كە ڕۆژی دیاریكراوی گواستنەوەكە بوو) ئەندامانی تیرەی حەمزەتش بە سواری ئەسپەكانیان هاتن تا بووكەكە بگوێزنەوە. فاتیمە سواری ئەسپێك كراو، بەرەو شار لەبەر درا، جلێكی نوێی قورسی لەبەر كرابوو وەك بلێیت قەڵغانە، هاوكات سندووقەكانی شتومەكی بووكێنی لەناو حەوشەدا خرانە سەر پشتی ژمارەیەك ئەسپ و ڕێ و ڕەسمی مارە بڕینەكە لەدادگە لەبەردەم قازیدا بەڕێوەچوو، بەوەیش عابد ئاغا بەڵێنەكەی خۆی بەدی هێناو، كیژەكەی خۆی دایە كوڕەكەی مستەفا بەگ. كاروانەكە بەرەو نیزۆكە بەڕێ كەوت، كە لەوێ خۆئامادەكردن بۆ شایی و زەماوەند كراوە.

كاروانەكە ناوەندی شاری تێپەڕاند، دواتر بازاڕی شاری بەجێ هێشت، واتە بەشێكی ئەو ڕێگەیەی بڕی كە هیچ ڕێگەچارەیەكی دیكەی نییە، ئەو ڕێگەیەی كە فاتیمە بە ئەندێشە چەندین جار هات و چۆی تێدا كردووە. ڕەق و واقعیانەو بەرچاوە، لەوە دەچێت وێنەكەی ئاسانتر بێت لەو وێنەیەی لە ئەندێشەدا بوو. ئێستە نە ئەستێرە هەن و نە بۆشایی ئاسمان و نە كۆكەی كرو، نە ئارەزووی ئەوەی كات خێرا بڕوات یان سست بێتەوە. كاتێك گەیشتنە پردەكە، جارێكی دیكە كیژەكە هەستی بەوە كردەوە، وەك چۆن لەو شەوانەی هاویندا، كاتێك لەبەردەم پەنجەرەكەیدا ڕاوەستابوو، بە هەموو بەشێك لە بەشەكانی جەستەی هەستی بە هەستێكی بەهێزو ڕوون كرد، بە تایبەتی بە سینگی كە نەختێك گیرابوو وە ك بلێیت لەناو قەڵغاندایە.

گەیشتنە كابیاكە، كیژەكە سەری بردە لای برا بچووكەكەیەوە وەك چۆن لە شەوانی ڕابوردوودا بە ئەندێشە ئەوەی كردبوو، سەری بردە لای برا بچووكەكەیەوە كە لە تەنیشتییەوە بەسەر ئەسپەكەیەوە بوو، داوای لێكرد كەمێك ئاوزەنگییەكەی بەرز بكاتەوە، چونكە هەنووكە لەو بەرەو خواركە ڕەقەنە نزیك دەبنەوە كە لێوەی لە پردەكەوە دادەبەزنە ڕێگە بەردەلانییەكەی بەرەو نیزۆكە دەچێت. براو خوشكەكە ڕاوەستان پاش ئەوانیش هەموو كاروانەكە ڕاوەستا، ئەوەیش شتێكی سەیر نییە، چونكە ئەوە یەكەمین جارو دوایەمین جار نییە كە میوانانی بووك گواستنەوە لەسەر كابیا ڕاوەستێت. لەكاتێكدا براكەی لەسەر ئەسپەكەی دابەزی و بەدەوری ئەسپەكەیدا سووڕایەوەو، جڵەوەكەی لە باسكی گرێ دا، لەو كاتەدا كیژەكە خێرا بە سواری ئەسپەكە خۆی گەیاندە لێواری پردەكەو، پێی ڕاستی لەسەر ئیفریزە بەردینەكە داناو لەسەر زینەكەوە چوون چۆلەكەیەكی سووك بازی داو بە دیوارەكەدا هەڵژناو لەو بەرزاییەوە خۆی هەڵدایە ناو ڕووبارە تیژەكەی ژێر پردەكەوە، براكەی بە دوایدا ڕایكردو جەستەی خۆی بەسەر ئیفریزە بەردینەكەدا درێژ كردەوەو، توانی داوێنی لەچكە پەرت و بڵاوەكەی بگرێت بەڵام نەیتوانی خۆی بگرێت. هەموو بانگهێشت كراوەكان لە ئەسپەكانیان دابەزین و، دەستیان بە هات و هاواری سەیر كردو، بە درێژایی ئیفریزەكە بە شێوەی سەیر سەیر ڕاوەستان وەك بلێیت بت بن.

هەمان ڕۆژ، کە ئێوارە داهات، بارانێکی بە ڕەهێڵ دەستی بە بارین کرد، سەرمایەکی وا هەڵیکرد کەس ڕانەهاتبوو لەم وەرزەی ساڵدا سەرمای لەو جۆرە ببینێت. ئاوی ڕووباری درینا بەرز بووەوە، قوڕاوی بوو و هەڵچوو، بۆ ڕۆژی دواتر ئاوە قوڕاوییەکەی تەرمەکەی فاتیمەی لە شوێنێکی بڵندی کەنار لە نزیك (کالاتیێ) دایە لا. ڕاوچییەك تەرمەکەی لەوێ بینی، یەکسەر ڕۆیشت ئەفسەرەکەی لێ ئاگەدارکردەوە. ئەوەندەی نەخایاند ئەفسەرەکە لەگەڵ کویخاو ڕاوچییەکەو سالکۆ کۆر گەیشتنە شوێنەکە. لەم جۆرە بارو دۆخەدا سالکۆ کۆر دواناکەوێت.

تەرمەکە لەسەر لمە نەرمەکە ڕاکشابوو. شەپۆلەکان دێن و تەڕی دەکەن و قوڕاوی دەکەن و جارو بار بە ئاوە قوڕاوییەکەیان دایدەپۆشن. ئاو نەیتوانیبوو لەچکە ڕەشە نوێیەکەی دامالێت، کە لە جەستەی بووبووەوەو لە پشتی سەریەوە کەوتبوو، بۆیە بەم تێکەڵبوونەی لەگەڵ قژ پڕەکەیدا بووبووە بارستاییەکی ڕەشی سەیر لە تەنیشت ئەو جەستە سپییەوە کە ئاوەکە جلی بووکێنی لەبەر داکەندو ڕفاند. ڕاوچییەکەو سالکۆ کۆر، ڕوو درژو کاجیرە نوقاو، چوونە ناو ئاوە تەنکەکەی کەنارەکەوە، کیژە ڕووتەکەیان هەڵگرت و سەخڵەت و وریایانە گەیاندیانە کەنار ڕووبارەکە، وەك بڵێیت هێشتە زیندوو بێت. لەوێ خێرا بە لەچکەکەی خۆی دایانپۆشی کە بە ئاوی قوڕاوی لەکەدار بووبوو.

خنکاوەکە هەمان ڕۆژ ، لە نزیکترین گۆڕستانی تورکی لە کەنارە بەرزەکەی ژێر کابیاکە نێژرا، کە پاوانی (ڤیلی لۆج)ی لێیە. کە ئێوارە داهات بێکارەکان لە خانەکاندا لە دەوری ڕاوچییەکەو کۆرەکە گرد بوونەوە، لە ناخیاندا ئەو ئارەزووە نەفرەت لێ کراوە دەبزوا، بە تایبەت ئەوانەی ژیانیان پووچەو هیچ جوانییەکی تێدا نییەو بێ هەڵچوون و ڕووداوە. ئەو بێکارانە هەردوو پیاوەکەیان بە مەی هان دەداو جگەرەو تووتنیان دەدانێ، بەشکو شتێك لە بارەی تەرم ناشتنەکەوە بزانن. بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، چونکە مەی نەیتوانی گرێی زمانی هەردووکیان بکاتەوە، تەنانەت کۆرەکە هیچ ورتەیەکی لێوە نەهات. جارو بار هەردووکیان تەماشای یەکدییان دەکردو، هەردووکیان پێکەوە بێ دەنگ پەرداخە مەیەکەیان بڵند دەکردەوە، وەك بڵێیت هەردوو پەرداخەکە لە یەکدی دەدەن لێدانێك کەس نەیبینێت، دواتر هەردوو پەرداخە مەیەکەیان هەڵدەدایە گەروویانەوە.

بەم شێوەیە ئەو کارە دەگمەنە لەسەر کابیاکە ڕووی دا کە لەوەپێش کاری لەو جۆرە ڕووی نەدابوو. (ڤیلی لۆج) دانەبەزییە (نیزۆکە)و فاتیمەی کیژی عەبد ئاغایش نەبووە هاوسەری پیاوێکی سەر بە تیرەی حەمزەتش.

دوای ئەو ڕووداوە عەبد ئاغا عوسمان ئاغچ پێی نەنایە شار. لە زستانی ئەو ساڵەدا لەبەر کۆکە ڕەشە گیانی سپارد بێ ئەوەی بە تەنیا وشەیەك مرۆڤیك لەو خەفەتە ئاگەدار بکاتەوە کە دەیکوشت.

بەهاری دواتر مستەفا بەگ کیژێکی دیکەی لە تیرەی برانکۆڤچ بۆ کوڕەکەی خواست.

خەڵکی تا ماوەیەك هەر باسی ئەو ڕووداوەیان دەکرد، دواتر لەبیریان کرد. هیچ نەمایەوە تەنیا گۆرانییەك نەبێت سەبارەت ئەو کیژەی کە جوانییەکەی دەبریسکێتەوەو هەردوو مەمکی لەسەرووی هەموو شتێکەوەن، وەك بڵێیت هەر دەژێت و هەرگیز نامرێت.

# نۆیەمین پاڕ

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی حەفتا ساڵ بەسەر شۆڕشی قەرە جۆرجدا جارێکی دیکە شەڕ لە وڵاتی سیربیادا هەڵگیرسایەوە، ئەوەندەشی نەبرد ناوچەکانی سنوور بە دەنگییەوە چوون و یاخیبوونی خۆیان ڕاگەیاند، بۆیە سەرلەنوێ ماڵە تورك و سیربییەکان لەو دووراییە لە (یلیب)و (جۆسیتلیا)و (تسرچەچی) و (فیلیتۆڤۆ) ئاگریان تێبەربوو. بۆ یەکەمین جاریش دوای ئەو ساڵە دوورو درێژانە، بەیانیان بەسەر کابیاکەوە سەری کەسانێکی کوژراوی سیربی دەبینران، سەری جووتیارانی کورتە باڵای قژ کورت و دەماری دەم و چاو هەڵایساوو سمێڵ درێژ، وەك بڵێیت ئەو کەسانەن کە بەر لە حەفتا ساڵ لێرە دەبینران. بەڵام ئەوە ئەوەند درێژەی نەکێشا، چونکە هەرکە شەڕی نێوان تورکیاو سیربیا کۆتایی هات خەڵك هێور بوونەوە. لە ڕاستیشدا ئەم ئاشتییە تەنیا ڕواڵەت بوو زۆر ترسی لەژێر پەردەدا شاردبووەوەو، دەنگی لەرزۆك و چرپەی نیگەرانی لە دواوەوە بوو. وردە وردە خەڵك دەستیان بەوە کرد زۆر ڕوونترو ڕاشکاوانەتر لە بارەی ئەوەوە بدوێن، کە سوپای نەمسا هاتووەتە ناو خاکی بۆسنیاوە. لە سەرەتای هاوینی ساڵی 1878دا چەند یەکەیەکی سوپای فەرمی تورك بە شارەکەدا تێپەڕین لە سەراییڤۆوە بەرەو بریبۆی دەچوون. ئەو کات زانرا کە سوڵتان بۆسنیا بێ بەرخودان بەدەستەوە دەدات. تیرەکان خۆیان ئامادەکرد بەرەو سەنجقەکە کۆچ بکەن، هەندێك لەو تیرانەشیان تێدا بوو کە بەر لە سێزدە ساڵ لە ئۆتیسەوە کۆچیان کردبوو لەبەر ئەوەی ئارەزوویان نەدەکرد لەژێر دەستەڵاتی سیربدا بژین، بۆیە ئەوەتە جارێکی دیکە خۆیان ئامادە دەکەن لەژێر چەپۆکێکی نوێی کریستیانەکان هەڵێن. بەڵام زۆربەی خەڵکی لە شارەکەدا مانەوەو چاوەڕوانی ڕووداوەکانیان دەکردو، بە ڕواڵەت خۆیان وا پیشان دەدا کە دەربەست نایەن، ئەگەرچی خۆیان بۆ شڵەژاوییەکی دڵتەزێن ئامادەکردبوو.

لە یەکەمین ڕۆژی تەمووزدا موفتی (بلیڤیا) لەگەڵ چەند پیاوێکدا گەیشت، لەسەر ئەوە سووربوو بزووتنەوەی بەرخودان لە بۆسنیا دژ بە نەمساوییەکان ڕێك بخات. ئەم پیاوە بەڕێزە موو زەردەی کە ڕواڵەتی هێوری ڕەفتاری توندو تیژانەی شاردووەتەوە، لە ڕۆژێکی هاویندا لە سەر کابیا دانیشت و، پیاوماقووڵانی تورکی شارەکەی گرد کردەوەو، هەوڵی دا ئارەزووی شەڕکردن دژ بە نەمساوییەکان لە ناخیاندا بوروژێنێت. بۆی دووپات دەکردنەوە کە بەشێکی زۆری سوپای فەرمی لە وڵاتدا دەمێنێتەوە، ئەگەرچی ئەوە بە پێچەوانەی ڕێنماییە فەرمییەکانیشەوە بێت، ئەوەیش بە مەبەستی ئەوەی لەگەڵ گەلدا بەرەو ڕووی داگیرکەری نوێ ببێتەوە، بۆیە داوا لە هەموو لاوان دەکات تا زووە پێوەندی پێوە بکەن و، ئازووقەی بۆ دابین بکرێت و ڕوانە سەراییڤۆ بکرێت. موفتی دەیزانی کە خەڵکی فیشیگراد بەوە بەناوبانگ نین کە جەنگاوەری بەجۆش و خرۆش بن و، ئەوە بە باش دەزانن ژیانێکی شێتانە بژین لەوەی مردنێکی شێتانە بمرن، لەگەڵ ئەوەیشدا لە ساردی و قسەنەکردنیان سەری سوڕ ما. نەیدەتوانی ماوەیەکی درێژتر لەوە لەگەڵیاندا بمێنێتەوە، بۆیە هەڕەشەی ڕقی گەل و سزای خوای لێ کردن ئەگەر بێت و نەجەنگن و، عوسمان قەرە مانلیا

ئەفەندی یاریدەدەری خۆی ڕاسپارد بەردەوام بێت تا تورکانی فیشیگراد بە پێویستی بەشداری کردنیان لە بەرەنگاری سەرتاسەریدا قایل بکات.

کاتێك هێشتە قسەیان لەگەڵ موفتیدا دەکرد، عەلی موتەوەلیچ پتر لە هەمووان بەرهەڵستی دەکرد. ئەم پیاوە سەر بە دێرینترین تیرەی شارەکەیەو، خەڵك زۆریان ڕێز لێ دەنێن. تاکەکانی ئەم تیرە هیچ کاتێك زۆر دەوڵەمەند نەبوونە، بە ڕاستگۆو ڕاشکاوی ناسراون. هەر لەدێر کاتەوە بەوە ناوبانگیان دەرکردووە کە کەسانێکی کەللەڕەقن، بەڵام کەندەڵی یان ترس یان خونکی یان ڕیایی یان هەر کارێکی بێ بەها یان هۆکارێك لە هۆکارە بێ قیمەتەکان ناتوانن زەفەریان پێ ببەن. بەتەمەنترین ئەندامی ئەم تیرە ئەو کەسەیە کە سەرپەرشتی ئەو بینایە خێرخوازییە دەکات کە محمەد پاشا لە شارەکەدا دایمەزراندووەو، سەرپەرشتی پاسەوانی دەکات و کاروباری بەڕێوە دەبات، ئەویش لەماوەی پتر لە دوو سەد ساڵ، هەروەها سەرپەرشتی ئەو خانە بەردینە بەناوبانگەشی دەکرد کە لە نزیك پردەکەوەیە. ئەوەبوو بینیمان چۆن خانە بەردینەکە داهاتی نەما کە پێی دەپارێزرا، ئەویش پاش لەدەستچوونی مەجارستان و، چۆن لە ئاکامی هاریکاری چەند بارودۆخێکەوە هەرەسی هێناو، چۆن لە بینا خێرخوازییەکان هیچ شتێك نەمایەوە کە وەزیرەکە دروستی کردن تەنیا پردەکە نەبێت، لەبەر ئەوەی سوودێکی گشتی هەیەو پێویستی بە هیچ پارێزگارییەك نییەو هیچ قازانجێکیشی لێ دەستەبەر نابێت. بۆیە ناوی موتەوەلیچ یادی شانازی کردنە بە لای تاکەکانی ئەو تیرەوە کە لە ماوەی ئەو ساڵە دوورو درێژانەدا بە دەستپاکییەوە ئەو ئەرکەیان ڕادەپەڕاند. لە ڕاستیشدا ئەو ئەرکە نەما لەوەتای داود خۆجە لە کێبەرکێی پاراستنی خانە بەردینەکەدا دۆڕا، بەڵام شانازییەکە هەر ماوە، لەگەڵیشدا نەریتی تاکەکانی ئەم تیرەیە ماوە بەر لە هەر کەسێکی دیکە خۆیان بە ڕاسپێرراوی پردەکە دەزانن و بە واتایەکی دیکە خۆیشیان بە بەرپرسیاری چارەنووسی ئەم پردە دەزانن، چونکە پردەکە لە ڕووی ئەندازیارییەوە بەشێکی تەواوکەری ئەو (وەقفە) مەزنە جوانە بوو، کە بەڕێوەیان دەبردو دواتر داهاتەکەی نەماو بە داخەوە بەو شێوەیەی بەسەر هات. ئەو تیرەیە نەریتێکی دیکەشیان هەبوو لە ڕابوردوویەکی دوورەوە بۆیان مابووەوە: ئەویش ئەوەیە دەبێت بەلایەنی کەمەوە کەسێکی سەر بەو تیرە لە هەر نەوەیەکیاندا زانست بخوێنێت و ببێتە پیاوی ئایینی. ئێستەیش عەلی خۆجە ئەو تاکەیە. لە لایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەیش بیر بخەینەوە کە سامانی تاکەکانی سەر بەم تیرەیە لە کورتی دابوو، هیچیان نەمابووەوە تەنیا چەند کۆیلەیەك نەبێت، لەگەڵ دوکانێکدا کە ماوەیەکی دوورو درێژە لە باشترین شوێنی گەڕەکی بازاڕ، لە خودی مەیدانی نزیك پردەکەدا هەیانە. هەردوو برا گەورەکەی عەلی خۆجە لە شەڕ کوژران، یەکێکیان لە ڕووسیاو، ئەوی دیکەیان لە مۆنتی نیگرۆ.

عەلی خۆجە هێشتە لاوو، چوست و چالاك و ڕوو خۆش و، شەڕەنگێز، بەردەوام وەك تاکێکی تیرەی موتەوەلچ، لە هەر کارێکدا بیرو ڕایەکی هەیە، شێتگیرانە بەرگری لێ دەکات و، یەك موو چییە لێی لانادات. بۆیە لەبەر ڕەوشتی ڕاشکاوانەو سووربوونی لەسەر ڕای خۆی ئەوە زۆر جار لەگەڵ پیاوانی ئایینی و لەگەڵ بەرپرسەکانیدا جیاوازو ناکۆك دەبوو. پایەی خۆجەو نازناوی خۆجەی هەبوو، بەڵام هیچ کارێك لە کارەکانی ئەم پلەو پایەی ئەنجام نەدەداو، ئەو نازناوەی هیچ قازانج و سوودێکی پێ نەدەگەیاند. بۆیە بۆ

ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەها سەربەخۆ بێت بە خۆی کاروباری ئەو دوکانەی بەڕێوە دەبرد کە بە میرات لە باوکیەوە بۆی مابووەوە.

عەلی خۆجە وەك زۆربەی موسوڵمانانی فیشیگراد بەرەنگاری بیرۆکەی بەرپاکردنی بەرەنگاری و بەرخودانی چەکدارانە دەبێتەوە. ناشێت ئەوەیش بەلای ئەوەوە لەبەر ترسنۆکی یان ساردبوونەوەی سۆزی ئایینییەوە بێت. ئەو نە لە موفتی و نە لەهەر شۆڕشگێڕێکی دیکە ڕکی کەمتر نەبوو بەرانبەر ئەو دەستەڵاتە بیانییە کریستیانە کە دەگەیشت، هەروەها ڕکیشی لە هەموو ئەو شتانە دەبووەوە کە دەشێت ئەو دەستەڵاتە بیانییە بیهێنابایە. بەڵام بڕوای وابوو کە سوڵتان بە پرەکتێکی بۆسنیای بۆ نەمساوییەکان بەجێ هێشتووەو، ئەو هاووڵاتییانی خۆی باش دەناسێت، بۆیە بەرهەڵستی بیرۆکەی بەرخودان و بەرنگاربوونەوەیەکی هەڕەمەکی دەکرد کە دەبووە هۆی شکستی هێنان و بگرە ئاکامی خراپیشی لێ دەکەوێتەوە. هەرکە ئەو بیرو ڕایە لە مێشکیدا چەسپا، یەکسەر بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندو بە توندی بەرگری لێ کرد. ئەم جارەشیان پرسیاری فێڵبازانەی خستە ڕوو، تێبینی وردیشی پیشان دا، بە تایبەتی (موفتی) شەرمەزار کرد. بەم شێوەیە یەکێك بوو لە دانیشتووانی فیشیگراد، ئەوانەی کە زۆریان حەز لە کوشتارو قوربانیدان نەدەکردو، بەرهەڵستی ئەو نیازەی موفتی دەکرد کە نیازی بوو بواری جەنگین تاقی بکاتەوە، بە ڕاشکاوی بەرهەڵستی ئەو ڕایەی دەکرد.

کاتێك عوسمان قەرە مانلیا ئەفەندی بۆ درێژەدان بە ئاخافتن لەگەڵ دانیشتووانی فیشیگراددا مایەوە، عەلی خۆجەی بینی لە پشتییەوە ڕاوەستاوە. جا لەبەر ئەوەی بەگ و ئاغاکان بە تەواوەتی بیرو ڕایان لەگەڵ بیرو ڕای عەلی خۆجەدا یەك بوو، بۆیە لە ئاخافتندا لەسەرخۆ بوون و دەربڕین و وشەکانیان جوان دەڕازاندەوە، بۆیە ڕێیان بە خۆجەی ڕاستگۆ دا ، کە هەڵچووبوو، سنگی خۆی دەرپەڕێنێت و ململانێ لەگەڵ قەرە مانلیادا دەست پێ بکات.

پیاوماقووڵانی تورکانی فیشیگراد ئێوارە بەپێی پلەو پایەیان لە شێوەی بازنەیەکدا چوارمشقی لەسەر کابیاکە دانیشتبوون، عوسمان ئەفەندیشیان لەگەڵ بوو، کە پیاوێکی درێژو باریك و ڕەنگ زەرد بوو، هەر دەمارێك لە دەمارەکانی ڕوومەتی بە شێوەیەکی سەیر گرژ ببوون، هەردوو چاوی سوور هەڵگەڕابوون، تەوێڵ و هەردوو گۆنای پڕ لە شوێنی زام و برین بوون وەك ئەوانەی تووشی ئاوڵە هاتوون. عەلی خۆجە بەرانبەری ڕاوەستابوو، سوور هەڵگەڕابوو، بەلای کورتە باڵادا دەیڕوانی، بەڵام نوورانی بوو، سەرگەرم، بە دەنگە بەرزەکەی بەردەوام پرسیاری نوێی دەورووژاند: هێزەکان کامەن؟ بۆ کوێ دەڕۆن؟ چ هۆیەکی گواستنەوەت بە دەستەوەیە؟ چۆن دەڕۆیت؟ مەبەست و ئامانجی چییە؟ ئەگەر شکست بێنێت چی ڕوو دەدات؟ ئەم شیکردنەوە سادە فێڵاوییەی کە عەلی خۆجە کارەکەی پێ چارەسەر دەکرد، هیچی لە پشتەوە نەبوو، ئەوە نەبێت کە پیرە پیاو بە هۆی دەست ڕۆیشتوویی کریستیانەکانەوە هەستی بە غەم و خەفەت و تاڵییەك دەکرد، بەو هۆیەوەش کە تورکانی تێدا بە ئاشکرا لاوازو لە بێ سەرو بەرییەکی سەرتاسەریدا دەبینی. کەچی عوسمان ئەفەندی پێ داگرو دەروون ڕەش نە لەوانەیە ئەم شتان ببینێت و نەیش تێیان بگات. خەسڵەتێکی توندوتیژو توندڕۆو دەمارگیری هەیە. دەمار گرژو نەخۆشە .. خێرا ئوقرەو هێوری خۆی لە

دەست دەداو، یەکسەر هێرشی دەکردە سەر هەر نیشانەیەك لە نیشانەکانی گومان لای عەلی خۆجە، وەك بڵێیت بەرانبەر بە دوژمنێك ڕاوەستاوە. ئەم خۆجەیە بێزاری دەکات، بە تووڕەیییەکی شارواە وەڵامی دەدایەوەو، تەنیا بەلای شتی گشتیدا دەچوو، تەنیا وشەی زل زلی بە گوێدا دەدا. دەیگوت: ئێمە بەرەو ئەو کارە هەنگاو دەنێین کە پێویستە بیهاوێین، بەو هۆکارانەی کە دەتوانین ئەنجامیان بدەین، گرنگ ئەوەیە ڕێ بە دوژمن نەدەین بەبێ شەڕ پێ بنێتە ناو خاکمانەوە، ئەوەیش پرسیاری زۆر دەورووژێنێت تەگەرە دروست دەکات و یارمەتی دوژمن دەدات. ئاکام عوسمان ئەفەندی جڵەوی خۆی لە دەست داو، بە چاوێکی سووکەوە کە نەیدەشاردەوە، بەرسڤی هەر پرسیارێك لە پرسیارەکانی خۆجەی دەدایەوەو دەیگوت: (کاتی ئەوە هاتووە بمرین)، (پێویستە گیانی خۆمان بەخت بکەین)، (هەموومان تا دوایەمین کەسمان مابێت لەناو دەچین).

خۆجە قسەی پێ پچڕی و گوتی :

ـ وام دەزانی دەتەوێت نەمساوییەکان لە بۆسنیا وەدەر نێیت، ئەمەیش ئەو مەبەستەیە کە لە پێناوێدا گرد بووینەتەوە. بەڵام مادام پرسەکەی پرسی مردن بێت، ئەوە ئەفەندی، بە خۆمان دەتوانین بمرین بێ ئەوەی پێویستمان بە تۆ ببێت. شتی دی لە مردن ئاسانتر نییە! ..

قەرە مانلیا بە تووڕەیی و زبرییەوە گوتی:

ـ بەڵام ناتبینم بەو ڕێگەیەدا بڕۆیت.

عەلی خۆجە بە دەنگێکی بڕەوە گوتی:

ـ بەڵام من دەبینم بە ڕاستی تۆ بە ڕێگەی مەرگدا دەڕۆیت، لێ نازانم بۆچی لە پێناوی پرسێکی نەزۆکی لەو جۆرە بە دوای هاوەڵدا دەگەڕێیت لەو ڕێگەیەدا لەگەڵت بن.

ئەو کات ئاخافتنی نێوانیان بوو بە تێك هەڵچوونێکی ڕاستەقینەو، عوسمان ئەفەندی نەیارەکەی بە کریستیانێکی قرچۆك و، خاین و بە یەکێك لەو خاینانە ناوبرد کە دەبوو وەك کریستیانەکان لەسەر ئەم کابیایە سەریان خەڵتانی خوێن ببوایە، کەچی خۆجە هێوری خۆی پاراست و، بە شێوەیەکی ورد مشت و مڕی لەگەڵ دەکردو، داوای بەڵگەو پاساوی لێ دەکرد، وەك بڵێیت ئەو هەڕەشەو جنێوانە نابیسێت کە عوسمان ئەفەندی تێی دەگرت.

لە ڕاستیشدا دژوارە مرۆڤ وتووێژکاری لەو دوو وتووێژکارەو دوو پیاوی کەللەڕەقتر لەو دوو پیاوە بدۆزێتەوە. ناشێت مرۆڤ چاوەڕێی شتێکی ئەوتۆیان لێ بکات ئەوە نەبێت بارودۆخەکە تەواو تێك بچێت و، ناکۆکییەکی دیکەی بخرێتە سەر. ئەوەیش جێی داخەو، دەستەڵاتی ئەوەیش لەئارادا نییە دوور بخرێتەوە، چونکە لەو ساتانەی کە کۆمەڵێك لە کۆمەڵەکان لەق دەبێت و دەشێوێت و گۆڕانکاری مەزنی تێدا دێتە ئاراوە، کە چار نییە، ئەوە پیاوانێکی لەم جۆرە دێنە پێشەوەو کارەکان بەرەو ڕێگەی نادروست دەبەن و لە ئەرکی لەڕێ لادەریدا بزر دەبن، چونکە هاوسەنگی و کامڵبوونی خۆیان لەدەست دەدەن.

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم تێهەڵچوونە نەزۆکە ئەو ئاکامەی لێ کەوتەوە کە بەگ و ئاغاکان دەیانویست، لەبەر ئەوەی پرسی بەشداربوونیان لە یاخیبوونەکەدا بەبێ چارەسەر مایەوەو، پرسی ئەوەشیان پێ نەکرا یەکسەر

ڕای خۆیان لەمەڕ بابەتەکە دەربڕن. نێوەڕۆ عوسمان ئەفەندی لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوەکانیدا ڕۆیشت و سەفەری کرد تا چاوی بە موفتی بکەوێت، لە کاتێکدا لە تووڕەییدا دەلەرزی و دەیقیژاندو هەڕەشەی دەکرد.
لەم مانگەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەواڵەکان دەگەیشتن و پاڵپشتی ئەو بیرۆکەو ڕایە چاکەیان دەکرد کە بەگ و ئاغاکان ویستیان، ئەویش ئەوەیە کە باشتر وایە شارەکەیان و ماڵ و خانووەکانیان بپارێزن. لە ناوەڕاستی ئابدا نەمساوییەکان چوونە ناو سەراییڤۆوە. ماوەیەکی کورتی دوای ئەوەیش شەڕێکی نائومێدانە لەسەر چیای (گلاسینتاس) ڕووی دا. ئەو شەڕە هاوکات کۆتایی هەر هەموو بەرخودانێك بوو. پاشماوەی هێزە شکست خواردووەکانی تورك، لە ڕێکە هەورازە سەختەکەوە دەگەیشتنە شارەکە، کە لە گردۆڵکەی لیسکا دەهاتە خوارەوەو بە شارۆچکەی ئۆکۆڵچەدا تێدەپەڕی. کە تێکەڵییەك لە شۆڕشکێڕانی خەڵکی وڵات و سەربازانی سوپای فەرمی بوو ئەوانەی وێڕای فەرمانەکانی سوڵتان ئاکامی بەشداری کردنیان لە بەرخوداندا کەوتە ئەستۆوە. سەربازەکان جگە لەوەی داوای ئاوو نانیان دەکرد، پرسیاری ڕێگەی (ئۆفاتس)یان دەکرد لە کوێوەیە، هەرچی شۆڕشگێڕەکانە ئەوە دەروونیان پڕ حەماسەت و ورەی جەنگین بوو، شکستییەکان ورەی پێ بەرنەدابوون، لە کاتێکدا کە دەم و چاویان ڕەش داگەڕابوو، تۆزو گەردیان لێ نیشتبوو، جل و بەرگەکانیان دڕابوون، بە شێوەیەکی توندو گاڵتە پێ کردن وەڵامی پرسیاری تورکەکانی فیشیگرادیان دەدایەوە کە هەرگیز ئارەزووی جەنگیان نەدەکردو، خۆیان بۆ سەنگەر لێدان و ڕێ نەدان بە دوژمن ئامادە دەکرد بەسەر ڕووباری دریندا نەپەڕێتەوە.
جارێکی دیکە عەلی خۆجە پەیدا بووەوەو، بەبێ شەرم و شەرمەزاری ڕایگەیاند کە ئەم شارە ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات و، بەرگریش هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە، ئەویش دوای ئەوەی ئەڵمانەکان بۆسنیایان لەم پەڕەوە بۆ ئەو پەڕ داگیر کردووە. شۆڕشوانەکانیش ئەوەیان دەرك پێ کردبوو، بەڵام نەیاندەویست ددان بەو شتەدا بنێن، چونکە ئەو خەڵکەی کە پاکترین جل و بەرگ دەپۆشن و خۆشترین خۆراك دەخۆن و، ئەوانەی ماڵ و سامان و موڵکەکانی خۆیان پاراست و بە ترسنۆکی و ئەقڵمەندییەوە لە شۆڕش و خەبات دوور بوون، ڕکیان هەڵدەستاندن و ناخیان دەورووژاندن، لەو کاتەدا عوسمان ئەفەندی چوون شێت گەیشت، کە لاوازترو ڕەنگ زەردتر بووبوو، هەوەسی پتر بووبوو، ئارەزووی جەنگ و کوشتاری لا پتر پەرەی سەندبوو. دەربارەی هیچی دیکە نەدەدوا جگە لە بەرخودان و بەرگری نەبێت لە هەموو شوێن و بەهەر نرخێك بووە، هەروەها بەردەوام لەبارەی پێویستی مردن دەئاخفت. هەموو خەڵکەکەیش لەبەردەم سووربوون و مکوڕبوونیدا دەکشانەوە، عەلی خۆجە نەبێت، کە هێورو لەسەرخۆو بەبێ تانەو شادی نواندن بە بەڵگە بۆ عوسمان ئەفەندی دەسەلماند کە شۆڕشەکە کۆتایی هات وەك چۆن بەر لە مانگێك لەسەر ئەم کابیایە پیشبینی کرد. ئامۆژگاریشی کرد کە تا کار لەکار نەترازاوەو بارودۆخەکە ئاڵۆزتر نەبووە تا زووە خۆی لەگەڵ پیاوەکانیدا بگەیەنێتە (بلیڤیا).
ئێستە عەلی خۆجە ئەوەندە توند نییە، غەمبارانە دڵنەوایی قەرە مانلیای دەدایەوە، وەك بڵێیت دڵنەوایی نەخۆشێك بداتەوە، ئەوەیش لەبەر ئەوەی، لە ناخی خۆیدا هەستی دەکرد کە لە پشتی ئەو ڕواڵەتە گرژانەوەیە، زۆر دڵگران بوو لەو کولەمەرگییەی کە نزیك دەبووەوە. هەستی بە ئازارو تووڕەییەك دەکرد کە

کەس ناتوانێت هەستی پێ بکات موسوڵمانێکی بڕوادار  نەبێت کە دەبینێت هێزێکی بیانی نزیك دەبێتەوەو سستمی کۆنی ئیسلامی ناتوانێت ماوەیەکی دوورو درێژ خۆی لەبەردەمدا ڕابگرێت. ئەم غەمە شاراوەیە بەبێ ئارەزووی خۆی لە وشەکانیدا دەردەکەوت.

بەرسڤی هەموو جنێوەکانی قەرە مانلیای نەدەدایەوە، بە جۆرە غەمگینییەکەوە نەبێت، گوتی:

ـ ئەفەندی، لەو بڕوایەدایت، کە من پێم ناخۆش نەبێت لێرە ڕاوەستم و نەمساوییەکان ببینم دێنە ناو خاکی وڵاتەکەمەوەو من هێشتە زیندووم؟ لەو بڕوایەدایت ئێمە دەرك بەوە ناکەین کە چاوەڕێمان دەکات و، ئەم ڕۆژگارە ناخۆشە نابینین کە خەریکە ڕوومان تێدەکات؟ .. ئێمە دەزانین چ زیانێکمان لێ دەکەوێت و چ زیانێك دەکەین ... هەموو ئەوە باش دەزانین. ئەگەر مەبەستت ئەوەیە بۆمانی شی بکەیتەوە، ئەوە پێویستی نەدەکرد جارێکی دیکە بێیتەوە، نە بە خوا پێویستیش نەبوو لە (بلیڤیا)وە بێیت. بەڵام من بڕوام وایە کە تۆ بایەخی ئەم کارانە نازانیت، ئەگەر بایەخت پێ دابان ئەوە ئەو کارانەت نەدەکرد کە ئەنجامت دان و، ئەو قسانەشت نەدەکرد کە کردتن. ئەو ئەشکەنجەیە کە زۆر لەوە گەورەترە کە تۆ مەزەندەی دەکەیت ئەفەندی. ناشزانم چارەی چییە بەڵام دەزانم تۆ ناتەوێت ڕێنوێنی ئەوە بکەیت ئەو چارەسەرییە بکرێت.

بەڵام عوسمان ئەفەندی هەموو ئەو شتانەی نەدەبیست کە لەگەڵ ئارەزووی ڕاستگۆیانەی قووڵی بەرخوداندا نەدەگونجان، بۆیە ڕکی لەم خۆجە دەبووەوە وەك چۆن ڕکی لە نەمساوییەکان دەبووەوە کە شۆڕشی دژ بەرپاکردبوون. بەم شێوەیە هەر کاتێك نەیارێکی دەستڕۆیشتوو و شکستیی گەورە نزیك دەبێتەوە، لە کۆمەڵدا ڕك و کینە لە نێوان برایاندا سەرهەڵدەدات و دووبەرکێی ناوخۆیی دەکەوێتەوە. عوسمان ئەفەندی هیچ وتەیەکی دیکەی نەما بیڵێت، دەستی بەوە دەکرد عەلی خۆجە بە خائین ناوزەد بکات و بە گاڵتەجاڕییەوە ئامۆژگاری بکات بەر لەوەی نەمساوییەکان بگەن ببێتە کریستیان. خۆجەیش بە هێوری وەڵامی دەدایەوە:

ـ باوباپیران نەبوونە کریستیان، منیش نابمێ. ئەفەندی، من نامەوێت ببمە کریستیان، بەڵام ناشمەوێت لەگەڵ گەوجێکدا بجەنگم.

هەموو پیاوماقووڵانی تورکان لە خەڵکی فیشیگراد هەمان بیروڕای عەلی خۆجەیان هەیە، بەڵام لەو بڕواشەدا بوون کە باشتر وایە ڕای خۆیان ڕابگەیەنن و، هەرچۆنێك بووە بەم ڕاشکاوی و بەم ڕوونی و زبرییە بیڵێن. لە نەمساوییەکان زەندەقیان چووبوو کە بە لێشاو دەهاتن، هاوکات لە قەرە مانلیایش دەترسان کە گرووپەکەی شارەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو، بۆیە لە ماڵ نەدەهاتنە دەرەوە، یان نەدەچوونە سەر موڵکەکانیان لە نزیك شارکەوە، ئەگەر نەیانتوانیایە خۆیان لە بینینی مانلیاو پیاوەکانی قوتار بکەن، ئەوە نیگایان پەرتەوازەو وشەکانیان تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون، بە دوای پاساوێکی گونجاوی ئەتۆدا دەگەڕان ڕێگەیان بدرێت ئەو شوێنە بەجێ بهێڵن.

قەرە مانلیا لەسەر تەپۆڵکە بچووکەکەی بەرانبەر کەلاوەی خانەکە کۆبوونەوەی بەردەوامی لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەکرد. جەماوەرێکی جۆراوجۆر دەهاتن و دەچوونە ئەو شوێنە: پیاوانی قەرە مانلیا، ئەو کەسانەی ڕێیان دەکەوتە ئەوێ، ئەو پیاوانەی دەهاتن لە ئاغا نوێیەکەی شار پرسیارێك لە بارەی بابەت یان پرسێکەوە

بکەن یان ئەو کەسانەی شۆڕشوانان بە زۆرەملێ پێش خۆیانیان دابوو بۆ ئەوەی گوێ لە ئاخافتنەکانی فەرماندەکە بگرن. قەرە مانلیا هەر وتاری دەدا. کاتێك ئەگەر قسەکەی ئاراستەی خودی یەکێك بکردایە، هاوارێکی بەسەردا دەکرد وەك بڵێیت بەسەر سەد کەسدا دەخورێت. تا دەهات دەم و چاوی ئەوەندی دیکە زەردو لاواز هەڵگەڕابوو، هەردوو چاوی دەخولاندەوەو سپێنەکەیان بە ڕوونی زەردیان دەنواند، کەفێکی سپی لەم لاو لەو لای لێویەوە گرد دەبووەوە. یەکێك لە خەڵکی شار سەبارەت بە بڕوایەکی میللی بڵاوی نێو موسوڵمانان قسەی بۆ دەکرد، کە پێوەندی بە پیر (تورکمانیا)وە هەبوو کە لە سەردەمێکی زۆر کۆندا لێرە لەم شوێنە مردووە کاتێك ڕێی نەدەدا سوپای کافران لە درینا بپەڕێتەوە، کە ئێستە لە  گۆڕەکەی خۆیدا ڕاکشاوە، ئەو گۆڕەی دەکەوێتە کەناری ئەوبەرەوەی سەرووی ڕووبارەکەوەو بێگومان هەرکە یەکەمین خوانەناس پێ بنێتە سەر پردەکە ئەو هەڵدەستێتە سەرپێ. کاتێك قەرە مانلیا ئەفسانەکەی بیست بەوپەڕی حەماسەت و گرژییەوە دەستی بەسەردا گرت و خەڵکی لێ ئاگەدار دەکردەوەو دەیگوت ئەمە پشتیوانییەکی واقعییەو بیری لێ نەکرابووەوە. دەیگوت:

ـ برایان، ئەم پردە بینایەکی خێرخوازییەو وەزیرێك دروستی کردووە. بۆیە هێزە خوانەناسەکان ئەوەیان لە چارە نووسراوە نەتوانن بەسەریدا بپەڕنەوە. ئێمە بە تەنیا بەرگری لێ ناکەین. بەڵکو ئەو پیاو چاکەی خوا بەرگری لێ دەکات کە نە تفەنگ و نە شمشێر کاری تێ دەکات. هەر کاتێك دوژمنەکەمان بگات ئەو هەڵدەستێتە سەرپێ، لەناوەڕاستی پردەکەدا ڕادەوەستێت و هەردوو باڵی درێژ دەکاتەوە، کاتێك دوژمنان ببیننن، چۆکیان دێتە لەرزین و، دڵیان لەناکاو دادەکەوێت، تەنانەت ناتوانن لەترساندا هەڵێن. برا تورکەکان، بڵاوەی لێ مەکەن، هەمووتان لەگەڵم وەرن، وەرن بچینە لای پردەکە.

قەرە مانلیا بەم شێوەیە لەبەردەم ئاپوورەی خەڵکەکەدا هاواری دەکرد. بەو ڕاوەستانە ڕەپەی بەو دەمەڵقۆپانە ڕەشە درێژو دڕاوەیەوە، بەو شێوەیە هەردوو دەستی درێژ کردبوونەوە شێوەی ئەو ڕاوەستانەی دەنواند کە پیاو چاکەکە ڕادەوستێت، لە خاچێکی بەرزو باریکی ڕەش دەچوو فێسێکی لەسەر بێت.

دانیشتووانی فیشیگراد ئەم ئاخافتنەیان دەزانی، بەڵکو لە قەرەمانلیا باشتریان دەزانی، چونکە هەر یەکەیان ئەم ئەفسانەی بە منداڵی بیستووە، پاشان بەخۆی چەندین جار گێڕاویەتییەوە، بەڵام هیچ ئارەزوویەکیان نەنواندووە ژیان و ئەفسانە تێکەڵ بکەن و، لە کارێکدا پشت بە یارمەتی مردووان ببەستن کە هیچ زیندوویەك لە زیندووەکان ناتوانێت یارمەتییان بدات. عەلی خۆجە لە دووکانەکەی دوور نەدەکەوتەوە بەڵکو خەڵکی ئەو ڕووداوانەیان بۆ دەگێڕایەوە کە بەرانبەر بە خانە بەردینەکە ڕوویان دەدا، هیچی نەدەکرد تەنیا ئەوە نەبێت بۆ ناڕەزایی دەربڕین دەستی دەجووڵاندەوە لەکاتێکدا غەم و بەزەیی بە ڕوویەوە دەردەکەوت و دەیگوت:

ـ دەمزانی ئەم گەوجە ناهێڵێت نە زیندووەکان و نە مردووەکان پشوو بدەن. خوا دەست بە باڵمانەوە بگرێت ...

ئەوە قەرە مانلیایە، ناتەوان بەرانبەر بە دوژمنی ڕاستەقینە، هەموو تووڕەیی خۆی بەسەر عەلی خۆجەدا ڕژاند. هەرەشەو گوڕەشە دەکات و، هاوار دەکات و، سوێند دەخوات کە خۆجەی کەللەڕەق بەقەد کابیاکە

لە مێخ بدات بەر لەوەی ناچار بێت شارەکە بەجێ بهێڵێت، تا بەم شێوەیە چاوەڕوانی گەیشتنی نەمساوییەکان بکات کە نەیویست لەگەڵیان بەشەڕ بێت و نەشیهێشت خەڵك لەگەڵیان بەشەڕ بێن.

نەمساوییەکان لەسەر گردۆڵکەکانی لیسکا دەرکەوتن، بۆیە هەر هەموو ئەم مشت و مڕە کۆتاییان هات و خەڵکی بۆیان دەرکەوت کە بە ڕاستی شار ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات. قەرە مانلیا دوایەمین کەس بوو کە شارەکەی بەجێ هێشت و دوو تۆپخانەی ئاسنینیشی بەقەد لاپاڵە بچووکەکەی بەرانبەر بە خانەکە لەدووی خۆی بەجێ هێشت کە بۆ ئەویێ ڕاکێشابوون. بەڵام بەر لەوەی شارەکە بەجێ بهێڵێت فەرمانی بە یەکێك لە بەردەستەکانی دا، کە ئاسنگەرێکی بە تەن زەبەلاح و مێشك پووچ بوو، بچێت چوار پەلی عەلی خۆجە ببەستێتەوە، کاتێك کە بە مێخێکی داربەڕوو بەستییەوە کە لە سوپێرە کۆنەکە لە نێوان دوو پایەی بەردینی سەر کابیاکە مابووەوە بە گوێی ڕاستی هەڵیواسی و لە مێخی دا.

خەڵك گوێیان لە قەرە مانلیا بوو بە دەنگی بەرز ئەو فەرمانەی دەرکرد، لە کاتی ئەو هەراو هوریاو شڵەژانە سەرتاسەرییەی گۆڕڕەپانی بازاڕەکەو دەورو بەری پردەکە بەخۆوەیان دەبینی، بەڵام کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە فەرمانەکە بەو شێوەیە جێبەجێ دەکرێت، چونکە مرۆڤ لەم جۆرە بارودۆخەدا وشەی زل و جنێوی ئەوتۆ دەبیسێت. یەکەمین جار بیرۆکەکە ناماقووڵانە دەهاتە پێش چاوو، وا لێك دەدرایەوە کە تەنیا هەڕەشە یان ڕیسواکردن یان شتێکی لەو جۆرە بێت. تەنانەت عەلی خۆجە بە خۆی ئەوەندەی بە گرنگ و جدی هەڵنەگرتبوو. خودی ئاسنگەرەکەیش کە ڕاسپێررابوو ئەو کارە بکات بە قایم کردنی هەردوو تۆپخانەکەوە سەرقاڵ بوو پێوەی دیار بوو دوو دڵەو بیردەکاتەوە، بەڵام لە مێخدانی خۆجە بەقەد کابیاکەوە بەر گوێی خەڵك کەوتبوو، بۆیە ئەو خەڵکە شڵەژاوو غەمبارانە لە مێشکی خۆیاندا گریمانەو ئەگەری ئەوەیان دادەنا ئەو جۆرە تاوانە ئەنجام بدرێت یان ئەنجام نەدرێت... سەرەتا زۆربەی خەڵك لەو بڕوایەدا بوون کە ئەو کارە کارێکی بێ نرخ و قێزەون و نەکەردەنییە، لە ڕاستیشدا وایە... بەڵام لەم ساتانەدا کە شڵەژان و بشێوییەکی گشتی سەری هەڵداوە دەبوو شتێك ئەنجام بدرێت، شتێکی گەورەی لە ڕادەبەدەر، ئەم کارەیش تەنیا شتێکە کە دەشێت ئەنجام بدرێت.. ئەنجام دەدرێت؟ ئەنجام نادرێت؟ ئەم ئەگەرە وردە وردە بەرجەستە دەبوو. هەرکە خولەکێك تێدەپەڕی یان جووڵەیەك ڕووی دەدا بەر لە هەموو کاتێکی پێشتر بە کارێکی ماقووڵ دەهاتە پێش چاو. بۆچی ئەنجام نەدرێت؟ دوو پیاو هاتن و خۆجەیان گرت و ئەویش هیچ بەرگری لە خۆی نەکرد ... لە پشتەوە قۆڵ بەستیان کرد ... هەموو ئەمە هێشتە لە واقعێکەوە دوورە کە بگاتە هەموو ئەو ترس و شێتایەتییە. بەڵام نزیك بوونەوە لەو واقیعە هەنگاو هەنگاو دەبێت. وەك بڵێیت ئاسنگەرەکە بەرانبەر بە لاوازی و دوودڵی خۆی لەناکاو هەستی بە شەرمەزاری و ڕیسوایی کردبێت، لەناکاو چەکوشێکی دەرهێنا کە بەر لە ماوەیەك بۆ چەسپاندن و دامەزراندنی هەردوو تۆپەکە بەکاری هێنابوو، کەس نەیدەزانی لە کوێوە دەریهێنا، لەبەر ئەوەی کاتێك مەزەندەی ئەوەی کرد کە دوژمنان گەیشتن یان خەریکن بگەن، ئەوان ماوەی نیو کاتژمێرێك بە پێ لە شارەوە دوورن، ئەو مەزەندەکردنە تواناو ورەی پێ بەخشی و، پاڵی پێوە نا تا سەر کارەکە ئەنجام بدات. خودی ئەم مەزەندە پڕ ئێشە وای لە خۆجە کرد گوێ

بەهیچ شتێك نەدات، تەنانەت بەو سزا ستەمگەرانە شێتە بێ بەهایەی کە دەویسترێت بەسەریدا بسەپێنرێت.

بەم شێوەیە لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ئەو کارە ئەنجام درا کە لە هەموو چرکەیەك لە چرکەکان بە جیا ئەستەم بوو نەدەکرا ڕوو بدات. لەبەر ئەوەیش کەس نەبوو بڕوای وابێت کە ئەم کارە باشە یان ڕێی تێ دەچێت، ئەوە هەر یەکەو لەلای خۆیەوە جۆرە بەشدارییەکی لەوەدا کرد کە خۆجە بە گوێی ڕاستی بە مێخی داربەڕوو بە کابیاکەوە لە مێخ بدرێت. کاتێك خەڵك لەبەردەم نەمساوییەکان بڵاوەیان کرد کە دادەبەزینە ناو شارەوە، خۆجە بەو شێوەیە سەیرو پڕژان و پێکەنیناوییە مایەوە، ناچار بوو مل کەچ بێت و هێور داساکێت، چونکە بە ئاستەم بجوولایەتەوە گوێی دەئێشاو ئەگەری ئەوەیش هەبوو گوێی لە بن هەڵکەنرایەت کە هەستی دەکرد ئەوەندەی چیایەك قورسە. هاواری دەکرد، کەس نەبوو گوێ لە هاواری بگرێت و لەو دۆخە بە ئازارەی قوتار بکات. چونکە هەموو زیندوویەکان، لە ترسی نەمساوییەکان کە دەگەیشتن و، لە ترسی شۆڕشگێڕەکان کە دەجەنگان و پاشەکشەیان دەکرد، خۆیان لە ماڵ نا یان بە گوندەکاندا پەرت بوونەوە. شارەکە خامۆش دەهاتە پێش چاو، پردەکە چۆڵ بوو وەك بڵێیت مەرگ هەموو شتێکی تێدا لەناوبردووە. کەس نەبوو پردەکە بپارێزێت، تەنیا عەلی خۆجە وەك تۆپێکی بێ گیان لەسەر کابیاکە بوو، سەری بە مێخەکەوە جەڕابوو، لە دەستی ئازار دەیناڵاندو، تەنانەت بەم حاڵەتەشەوە بیری بۆ لای بەڵگەی نوێ دەچوو بیرو ڕاکانی قەرە مانلیایان پێ ڕەت بکاتەوە.

نەمساوییەکان وردە وردە نزیك دەبوونەوە، پێشەنگەکانیان، لە کەنارەکەی دیکەوە، ئەو دوو تۆپخانەیان بینی لەبەردەم خانەکەی نزیك پردەکەدا دانرابوو، ڕاوەستان و چاوەڕوانی گەیشتنی تۆپخانە چیاییەکانی خۆیان دەکرد. کە نێوەڕۆ داهات لە دارستانێکی بچووکەوە چەند بۆمبێبێکیان ئاراستەی خانە چۆڵەکە کردو زیانیان پێ گەیاند کە پێشتر دەلەرزی، ئەو شیشە زۆر جوانانەی پەنجەرەکانیان تێکشکاند کە لە یەك بارستایی نەرمە تاوێر دروست کرابوون. نەمساوییەکان تەقەیان ڕانەگرت ئەو کاتە نەبێت هەردوو تۆپخانە تورکییە جێ هێڵراوەکەیان تەفروتوونا کردو هەڵیان گێڕایەوەو بینییان کە لەو ناوە بەجێ هێڵراوەو کەس بەرسڤیان ناداتەوە، ئەو کات وریایانە لە پردەکەو لە شارەکە نزیك دەبوونەوە، ژمارەیەك لە سەربازە مەجەرییەکان وردە وردە گەیشتنە کابیاکەو دەستیان لەسەر بەلەپیتکەی تفەنگەکانیان بوو یەکسەر تەقە بکەن. کاتێك خۆجەیان بینی واق وڕماو بەرانبەری ڕاوەستان. خۆجە لە ترسی ئەو بۆمبانەی بەسەرسەریدا کیڤەیان دەهات خۆی گرژ کردبووەوە، تەنانەت ئەو ئازارو ژانەی بیرچووەوە کە مێخەکە بە گوێی دەگەیاند، تا ماوەیەك لە بیری چووەوە... کاتێك ئەو سەربازانەی بینی کە ڕکی لێیان دەبێتەوەو، لوولەی تفەنگەکانیانی بینی ئاراستەی ئەو کراون، دەستی بە ئای و ئۆیەکی سکاڵائامێزانەی بەردەوام کردو، لەگەڵ خۆیدا گوتی : ئەمە ئەو زمانەیە کە هەموو کەسێك تێی دەگات. بە هۆی ئەوەشەوە سەربازەکان تەقەیان نەکرد. لە کاتێکدا هەندێکیان بەردەوام بەسەر پردەکەدا هەنگاو هەنگاو دەڕۆیشتن، کەچی هەندێکی دیکەیان لە تەنیشتییەوە ڕاوەستان و لە نزیکەوە تێیان دەڕوانی و لەو دۆخەی نەدەگەیشتن. تا ئەو کاتەی برینپێچێك گەیشت و مەقاشێکی دەرهێناو لەسەرخۆ بزمارەکەی هەڵکێشا، کە بزمارێکی لەو جۆرە بوو بۆ

ناڵ کردنی ئەسپ بەکار دەهێنرا... عەلی خۆجە ئازاد بوو... لەبەر ماندووبوون و شەکەتی و ئازار بەسەر پێپلکە بەردینەکاندا بەربووەوە، لەو کاتەی هێشتە ئازاری هەبوو، گوێی دەئێشا. برینپێچەکە دەرمانێکی تیمارکردنی لە برینەکەی گوێی دا، خۆجەیش لەناو فرمێسکەکانەوە ، وەك بڵێیت خەونێکی سەیر دەبینێت، دەیڕوانییە ئەو قردێلە پانەی باڵی چەپی ئەم سەربازەی پێ پێچرابووەوەو، وێنەی خاچێکی گەورەی لەپارچەیەکی سوور درواوی پێوە بوو. ناشێت مرۆڤ مۆتەکەی ئەوتۆی بەسەر بێت ئەوەندە ترس و تۆقین لەخۆ بگرێت ئەو کاتە نەبێت کە تووشی لەرزو تاو هاتبێت. ئەم خاچە لەناو فرمێسکەکانی عەلی خۆجەدا مەلەی دەکردو لێوە تارماییەکی زەبەلاح بەدی دەکرا. بەردەمی ئاسۆی لێ گرتبوو. پاش ئەوە برینپێچەکە برینەکەی عەلی خۆجەی تیمار کردو بە سەروێنەکەی لەسەر شاشەکەوە بەستییەوە. خۆجە بەسەر پێچراوی هەستا، پشتی چەمابووەوە، تا ماوەیەك پشتی بە پەرژینی پردەکەوە دا، هێور نەدەبووەوەو نەدەهاتەوە سەر خۆی زۆر بە زەحمەت نەبێت.

لەبەردەمیدا، لەو بەری کابیاکەوە، لەژێر نووسینە تورکییەکەی نەخشێنراوی سەر بەردەکە، سەربازێك کاغەزێکی گەورەی سپی هەڵدەواسی، ئەگەرچی خۆجە لە ئەژمەتی ئازارو ژاندا هێشتە سەری درنگەی دەهات، نەیتوانی جڵەوی ئەو خووەی خۆی ڕابگرێت کە لێی ڕاهاتبوو و تەماشای ئەو ڕیکلامە سپییە نەکات. بانگەوازێك بوو جەنەراڵ  فیلیبۆڤیچ، بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی ئاراستەی دانیشتووانی بۆسنیاو هەرزەگۆڤینای دەکات بەو بۆنەوە کە سوپای نەمسا پێی ناوەتە ناو خاکی بۆسنیاوە. عەلی خۆجە دەستی دانایە سەر چاوی ڕاستی و دەستی بە (حینجە) خوێندنەوەی دەقە تورکییەکە کرد، نەیتوانی بیخوێنێتەوە ئەو وشانە نەبیت کە بە فۆنتی گەورە نووسرابوون.

(ئەی دانیشتووانی بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا:

(سوپای ئەمپراتۆری نەمسا پاشای مەجارستان، سنووری وڵاتی ئێوەی تێپەڕاندووە، وەك دوژمنێك نەهاتووە وڵات بە زەبری هێز داگیر بکات، بەڵکو وەك دۆستێك هاتووە سنوورێك بۆ ئەو هەموو جۆرە بشێوییە دابنێت کە چەندین ساڵی دوورو درێژە تەشەنەیان کردووە، نەك تەنیا هەر لە بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا، بەڵکو لە ناوچەکانی سنووری نەمساو مەجارستان).

..........................................................................

(ئەمپراتۆر شا ناتوانێت ئەو توندو تیژی و بشێوییەی نزیك خاکەکەی ببینێت و، ئەو کولەمەرگی و نەهامەتییە ببینێت کە لە سنووری وڵاتەکەی نزیك ببنەوە ...).

(سەرنجی وڵاتانی گەورەی جیهانی بۆ لای بارودخی ئێوە ڕاکێشاوە، بۆیە ئەنجوومەنێکی نەتەوەکان بە تێکڕای دەنگ بڕیاریان دا کە نەمسا مەجارستان ئاشتی و بەختەوەریتان بۆ دەستەبەر بکەنەوە کە ماوەیەکی دوورو درێژە لەدەستتان داوە).

( خاوەند شکۆ سوڵتان، کە بەختەوەری ئێوەی مەبەستە، هەستی بەوە کردووە کە پێویستە ئێوە ڕادەستی دۆستە مەزنەکەی ئەمپراتۆر شا بکات بۆ ئەوەی بتانپارێزێت).

..........................................................................

(ئەمپراتۆر شا فەرمان دەدات کە هەموو ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە بە پێی دەستەڵاتەکانی یاسا یەك مافیان هەبێت و، ژیان و خانوو بەرەو سامانی هەر هەموویان بپارێزرێت).

..........................................................................

(دانیشتووانی بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا بە دڵنیاییەوە وەرنە ژێر چەتری ئاڵای سەرکەوتووی نەمسا مەجارستانەوە، دۆستانە پێشوازی لە سەربازەکانمان بکەن و، دەست بە ئیش و کارەکانتان بکەنەوەو، دڵنیا بن کە بەرو بووم و ڕەنجی کارەکانتان پارێزراون).

خۆجە یەك یەك ئەم فرێزانەی دەخوێندەوەو، واتای هەموو وشەکانی نەدەزانی، بەڵام هەر هەموویان ئێش و ئازاریان پێ گەیاند. ئەوەیش ئێشێکی تایبەت بوو زۆر لەو ئێش و ئازارانە جیاواز بوو لە گوێ بریندارەکەی و سەرو پشتی هەستی پێ دەکرد. تەنیا ئەو کاتەو بە کاریگەری ئەم ( وشانەی ئەمپراتۆر) بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەرکی بەوە کرد کە خۆی و کەس و کارو هەر هەموو ئەوانەی بە پێوەندییەك خزمایەتییان لەگەڵیاندا هەیە هەر هەموویان بە تەواوەتی لەناو چوون. بەڵام سەیر لەوەدایە کە: چاو هەر تەماشا دەکات، زمانیش هەر قسان دەکات، مرۆڤیش هەر ژیان دەگوزەرێنێت، بەڵام ژیانێکی ڕاستەقینە ناژیت. چونکە کەوتوونەتە ژێر دەستەڵاتی ئەپراتۆرێکی بیانییەوەو، ئایینێکی نوێ بەر دەرگەی پێ تەنیونەتەوە. هەر هەموو ئەوە لەم وشە زل زل و ئەم فەرمانە تەم و مژاوییانەدا ڕوونە، ئەوەی زۆرتر ڕوونی دەکاتەوە ئەو ژانە قورسە بوو لە سینەدایە کە لە هەموو ئەو ئازارو ژانانەی مرۆڤ هەستیان پێ دەکات قورس و گرانترە کە دەشێت ئەندێشە پەییان پێ ببات. چەند هەزار کەسێك لەو گەمژانەی وەك عوسمان قەرە مانلیا ناتوانن هیچ یارمەتییەك پێشکەش بکەن و نەیش بارو دۆخەکە تۆزێك بگۆڕن (خۆجە لەگەڵ خۆیدا درێژەی بە تاوتوێ کردنی ئەو بابەتە دەدا) ( هەر هەموومان لەناو دەچین، با لەناو بچین): ئەم هاوارکردنە چ بەهایەکی هەیە لە کاتێکدا سەردەمێك هاتووەتە کایەوە مرۆڤی تێدا بەم شێوەیە هەرەس دەهێنێت، نە دەمرێت و نەیش دەژێت، بەڵکو دەگەنێت (بۆگەن دەبێت)، وەك چۆن مێخێك لەناو خاکدا دەگەنێت، دوایی سەر بەهەر هەموو جیهان دەبێت تەنیا خودی خۆی نەبێت. بە ڕاستی ئەوە کولەمەرگییە، کولەمەرگییەکی گەورەیە ئەوانەی لە شێوەی قەرە مانلیان نایبینن و تێی ناگەن بەڵکو بە خراپ تێگەیشتن کاری قورستر لە دەروون دەکات و جێی شەرمەزارییە.

عەلی خۆجە لەناو ئەم هزرانەدا نغرۆ ببوو کاتێك بەکاوەخۆ پردەکەی بەجێ هێشت. ئاگەی لەوە نەبوو ئەو سەربازەی فریاگوزاری بە دواوەیە. ئێستە گوێی نائێشێت وەك ئەو تۆپە بۆرە قورسە تاڵە دەئێشێت کە لەناکاو لە ناو سینەیدا جێگیربوو پاش ئەوەی (وشەکانی ئەمپراتۆر)ی خوێندەوە. لەسەر خۆی دۆڕیشت، هەستی دەکرد تا لە ژیاندا ماوە پێی بەو کەنارەکەی ئەوبەر ناکەوێت، ئەم پردەیش کە بۆ شار جێی شانازییەو، کە توند بە ناوی خێزانەکەیەوە بەندە لەوەتای دروست کراوەو کە لەسەری پەروەردەو گەورە بووەو، ژیانی خۆی لە نزیکیدا بەسەر بردووە لەناکاو لە ناوەڕاستەوە لەوێ لای کابیاکە هەرەسی هێناوەو، ئەم کاغەزە سپییە پانە کە بانگەوازەکەی نەمسای لەسەر نووسراوە، پردەکەی لە ناوەڕاستەوە دوو شەق کرد وەك بڵێیت تەقینەوەیەکی بێ دەنگ بێت و، لەو شەقەشەوە کونێکی گەورە پەیدا بووەو، چەند ئەستوونێکی

جیا جیا هێشته لەلای ڕاست و چەپی ئەو شەقەوە هەن ڕەپ ڕاوەستاون، بەڵام هات و چۆ زۆر زەحمەتە چونکە پردەکە وای لیٚ هاتووە هەردوو کەنار پێکەوە نابەستێتەوەو، دەبێت هەموو مرۆڤێك لە ئێستە بە دواوە تا هەتایە لەو کەنارە بمێنێتەوە کە ئێستە لێی دەژیت.

عەلی خۆجە لەسەرخۆ دەڕوات و نغرۆی ئەم خەون و ئەندێشانە بووەو، بەم لاو بەو لادا لەتری دەبرد چوون یەکێك پێکرابێت و تووشی برینێکی قووڵ بووبێت و، ئەوەندەیشی نەدەبرد هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسك دەبوون .... هەنگاوی دوو دڵانەی دەناو، وەك دەرۆزەکەرێکی نەخۆش ڕێی دەکرد بۆ یەکەمین جار بەسەر پردەکەدا بپەڕێتەوەو ئەوەندە نەبات پیٚ بنێتە ناو شارێکی نامۆی نەناسراوەوە...

چەند دەەنگێکی بەر گویٚ کەوت، ڕاچڵەکی. ژمارەیەك سەرباز بە تەنیشتییەوە دەڕۆیشتن، جارێکی دیکە لە ناویاندا ئەو دەم و چاوە زلە هێورە گاڵتەجاڕەیەی بینی، دەم و چاوی ئەو سەربازەی مێخەکەی لە گوێی دەرهێنا، خاچێکی سووری لە باڵ پێچرابوو. سەربازەکە بەهەمان بزەو پێکەنینەوە تەماشای کردو ئاماژەی بە شاشەکە کردو بە زمانێك لێی تێنەدەگەیشت داوای شتێکی لێکرد.. خۆجە وا تێگەیشت کە دەیەوێت خزمەتێکی دیکەی پێشکەش بکات، یەکسەر ڕاوەستاو دەم و چاوی ڕەش داگەڕاو، گوتی: (خۆم دەتوانم ئەم ئیشە بکەم، خۆم دەتوانم بیکەم. پێویستم بەکەس نییە).

بە هەنگاوی توندوتۆڵترو بە پەلە بۆ ماڵەوەی تێتەقاند.

*******

# دەیەمین پار

بۆ ڕۆژی دواتر سوپای نەمسا بە شێوەیەکی فەرمی ئاهەنگێڕانەوە چووە ناو شارەکەوە.
کەس لە یادی نایەت شار بێ دەنگییەکی وەك بێ دەنگی ئەو ڕۆژەی بە خۆوە بینیبێت. تەنانەت دوکانەکانیش نەکرانەوە، دەرگەو پەنجەرەی ماڵەکانیش بە درێژایی ئەو ڕۆژە گەرمە خۆرەتاوەی کۆتایی مانگی ئاب داخرابوون. کووچەکان چۆڵ و، بن دیواری ماڵان و باغەکان چوون مردوو کپ و مات بوون. نائومێدی و شڵەژاوی باڵی بەسەر ماڵە تورکەکاندا کێشابوو، وریایی و گومانیش ماڵە کریستیانەکانی تەنیبووەوە. ترس و لەرزیش دەروونی هەر هەموو خەڵکی گرتبووەوە. نەمساوییەکان کە هاتبوونە ناو شارەوە لە بۆسە نانەوە دەترسان، تورکەکانیش لە نەمساوییەکان دەترسان، سیربییەکانیش پێکەوە لە نەمساوی و تورکەکان دەترسان، جووەکانیش زەندەقیان لە هەمووان دەچوو، لەبەر ئەوەی هەموویان لە ڕۆژگاری شەڕو جەنگدا لەوان بەهێزترن بە تایبەتی هێشتە خەڵکی زرمەی تۆپخانەکانی دوێنێیان لە گوێدا دەزرنگێتەوە. ئەگەرچی بە گوێی تەنیا ترسیان نەکردایە ئەوە چ تاقێکیان ئەو ڕۆژە لووتی نەدەهێنایە دەرەوە. بەڵام مرۆڤ گەورەی دیکەیشی هەیە. گرووپی نەمساوییەکان کە دوێنێ هاتنە ناو شارەوە ئەفسەرەکەو پۆلیسەکانیان لە بارەگاکانیان هێنایە دەرەوە. ئەفسەری فەرماندەی ئەو گرووپەی کە شمشێرەکەی بۆ ئەفسەرکە بەجێ هێشت و، فەرمانی پێ دا درێژە بە ئەرکەکانی خۆی بدات و، هێوری و ئاسایش لە شارەکەدا بپارێزێت و، پێی ڕاگەیاند کە کاتژمێر یازدەی پێش نیوەڕۆی سبەینێ کۆلۆنێل دەگات و، پێویستە پیاو ماقوولان، واتە نوێنەرانی هەر سێ ئایینەکە لە کاتی هاتنە ناوشارەوە لە پیشوازیدا بن، ئەفسەرکە سەرخۆشانە ملکەچی فەرمانەکە بوو، ئەوەندەی نەخایاند دەست بەجێ بە دووی (مەلا ئیبراهیم و حوسێن ئاغا مودەڕس و، قەشە نیقۆلاو، داود لیڤی حاخام)یدا ناردو پێی ڕاگەیاندن سبەینێ نیوەڕۆ لەسەر کابیاکە پێشوازی لە فەرماندە نەمساوییەکە بکەن و بە ناوی دانیشتووانەوە سڵاوی لێ بکەن و تا ناوەندی شار یاوەری بکەن.
بەر لە کاتە دیاری کراوەکە پیاوانی (هەر چوار ئایینەکە) گرد بوونەوەو، لەسەرخۆ بەرەو کابیاکە بەڕێ کەوتن. سالکۆ هیدۆ، یارمەتیدەری ئەفسەرەکە، بە هاریکاری پۆلیسێك، مافوورێکی درێژی تورکی ڕاخست و بن و ناوەندی سەکۆ بەردینەکەی پێ داپۆشی کە دەبوو فەرماندە نەمساوییەکەی لەسەر دانیشێت، پیاوەکان ماوەیەکی زۆر بە شکۆمەندی و بەڕێزو کپ و بێ دەنگ لەو شوێنە ڕاوەستان، کاتێك تەماشای ڕێگە سپییەکەیان کرد کە لە (ئۆکۆڵچە)وە دادەبەزی و فەرماندە لە هیچ کوێیەك دیار نەبوو، هەر هەموویان هاوکات تەماشای یەکدییان کرد، دواتر پاش ئەو ڕێککەوتنە بێ دەنگە، لەبەشە دانەپۆشراوەکەی

سەکۆ بەردینەکە دانیشتن، قەشە نیقۆلا کیسە گەورەکەی کە لە چەرم دروست کرابوو و تووتنی تێ دەکرد، دەرهێناو بە هاوەڵەکانی پێشکەش کرد.

لەسەر سۆفیاکە دانیشتبوون وەك چۆن لە سەردەمی لاویدا بەبێ غەم دادەنیشتن و وەك هەموو لاوەکانی دیکە کاتیان لەسەر کابیاکە بەسەر دەبرد. هەر هەموویان بەنێو ساڵدا چوونە، قەشە نیقۆلاو مەلا ئیبراهیم گەیشتوونەتە تەمەنی پیری و، مودەڕس و حاخامیش لە پەنجایان تێپەڕاندووە. هەر یەکەیان ئەمڕۆ باشترین جل و بەرگی خۆیان لەبەر کردووە، تەنیا بیریان لە خۆیان و لە کەس و کاری خۆیان دەکردەوە. لەبەر تیشکی هەتاوی ئەو هاوینە گەرمەدا هەر یەکەیان لە ڕووی ئەوانی دیکە ورد دەبووەوە، دەیبینی وا دەهاتنە پێش چاو زۆر لە تەمەنی خۆیان پیرتر بن و، ئەو دیمەنەی جارانیان نەماوە. هەر یەکەیان هاوەڵەکانی خۆیان بیر دەکەوتەوە وەك چۆن لە سەردەمی لاوی و سەردەمی منداڵیدا دەیناسین، لە تەنیشت ئەم پردەوە هەر یەکەیان وەك درەختێکی سەوز لەگەڵ نەوەکەیدا گەورە دەبوو کە کەس نازانێت ئێستە چی بەسەر دێت.

جگەرەیان دەکێشاو، سەبارەت بە زۆر شت دەئاخافتن و لە ئەندێشەی خۆیاندا بیرۆکەی دیکەیان دەهۆنییەوەو، سات نا ساتێك ئاوڕێکیان بەلای (ئۆکۆڵچە)دا دەدایەوە کە فەرماندەی لێوە دەردەکەوێت.... ئێستە هەموو شتێك بەم فەرماندەوە بەندە کە دتوانێت، چاکە یان خراپە، هێوری یان مەترسی نوێ، بۆ ئەوان، بۆ جیهانی ئەوان، بۆ هەموو شارەکەیان بێنێت.

بێگومان قەشە نیقۆلا لەهەر هەموو ئەو چوار پیاوە هێورتر بوو، لە هەموویان پتر خودی خۆی کۆنترۆڵ کردبوو، یان مرۆڤ بەو جۆرەی هەست دەکرد. حەفتا ساڵی تەمەنی تێپەڕاندووە، بەڵام هێشتە بەخۆوەیەو بەتوانایە. ئەو کوڕی قەشە میخائیلۆی بەناوبانگە کە تورکەکان لەسەر هەمان ئەم پردە سەریان پەڕاند. بە لاوی ژیانێکی کولەمەرگانەی گوزەراند.

چەندین جار بۆ سیربیا هەڵات تا لە ڕکی تورکان و تۆڵە لێکردنەوەیان خۆی ڕزگار بکات. لەبەر ڕەوشت و ڕەفتاری توندی ڕکیان لێ دەبووەوەو خۆشیان پێدا نەدەهات و تۆڵەیان لێ دەکردەوە. بەڵام لە ئاکامدا لە ئەبرەشییەکەی باوکیدا سەقامگیر بوو، کاتێك ساڵە پڕ ڕووداوەکان هێور بوونەوە، ژنی خواست و دەروونی هێور بووەوە. ئەو ڕۆژگارانە بەسەر چوون و خەڵکی لە یادیان کردن (ئەم قەشە بە گاڵتەوە دەیگوت: لە میژە ڕەفتارم گۆڕاوەو تورکەکانیش نەرم بوونە). ماوەی پەنجا ساڵە قەشە نیقۆلا کاروباری سەخت و دژواری ئەبرەشییە فراوانە پەرت و بڵاوەکەی لەسەر سنوور، لەسەرخۆو بە شێوەیەکی دانایانە بەڕێوە دەبات، هیچ ڕووداوو ئاژاوەیەکی بە خۆوە نەبینی تەنیا ئەوانە نەبێت کە ژیان لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت، بۆیە بە دڵسۆزی خزمەتکارو شکۆمەندی میر بەویژدان و دادپەروەرانە بەرانبەر تورکان و گەل و سەرۆکەکانی بەڕێوەی دەبرد.

ئەوسا و ئێستایش لە هیچ ژینگەو هیچ ئایینێك، خەڵکی پیاوێکیان نەبینی وەك ئەو بەم شێوەیە خەڵك تێکرا، بەبێ جیاوازی ئایین یان ڕەگەز یان تەمەن خۆشیان بوێت... وەك ئەم قەشە کە هەموو کەسێك هەر بە (باپیر) ناوزەدی دەکەن. بەلای هەموو شارەوە، بەلای هەموو ناوچەکەوە، کڵێسای سیربیا بەرجەستە دەکات، هەموو ئەوە بەرجەستە دەکات کە گەل بە (کریستی) ناوزەدی دەکەن و هەموو ئەوەی گەل

دەیبینێت کە ئەوە کریستییە. وێڕای هەموو ئەوەیش گەل نموونەی کاهن و سەرۆکیان تێدا بەدی دەکرد وەك خەڵك لەم شارەو لەم بارودۆخەدا وایان مەزەندە دەکرد.

قەشە نیقۆلا بالاّ بەرزو بەهێزێکی بێ هاوتا بوو، ئەگەرچی ڕۆشنبیرییەکی بەرفرەوانی نەبوو بەڵام دڵێکی فرەوان و ئەقڵێکی دانایانەو دەروونێکی هێورو ئازایانەی هەبوو، جۆرە زەردەخەنەیەکی هەبوو دڵی دەبرد و دەروونی هێور دەکردەوەو ورەی دەگەشاندەوە. ئەو زەردەخەنەیەی کە باس ناکرێت و مەزەندە ناکرێت، زەردەخەنەی ئەو پیاوە بەتوانا بەرچاوتێرەی کە بە ئاشتی لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەژێت لە دەورو بەرین. هەردوو چاوە سەوزەکەی هەندێك جار تەسك دەبنەوە تا ڕادەیەك وایان لێ دێت لە دوو دەزووی وردی قاوەیی دەچن بریسکەی زێڕینیان لێوە دێتەدەر. تا سەردەمی پیربوون بەو شێوەیە بوو. کاتێك بە بازاڕدا تێدەپەڕی، خۆی بە پاڵتۆکەی پێچابووەوە کە لە پێستی ڕێوی دروست کرابوو، ڕیشێکی سوور دەوری دەم و چاوی تەنیبووەوە وێڕای بەساڵداچوون یەك تەڵ سپی تێ نەکەوتبوو، ئەو ڕیشەی هەموو سینگی داپۆشیبوو، فێسە زلەکەیشی لەسەر نابوو کە زەنگۆڵەیەکی گەورەی پێوە شۆڕبووبووە لەو تووکە چڕەی خۆی چنرابوو، کاتێك بەم شێوەیە بە بازاڕدا تێدەپەڕی، وا مەزەندە نەدەکرا تەنیا هەر کاهنی ئەم شارەیە کە پاڵی بە پردەکەوە داوەو ماوەی پەنجا ساڵە کاهنی ئەم ناوچە چیاییەیەی، سەر بە کڵێسای ئەرسۆزۆکسە بە تەنیا، بەڵکو وا دەهاتە پێش چاو کە هەر لەمێژە، لەسەردەمی پێش نووحەوە کاهنی ئەم ناوچەیەیە، ئەو ڕۆژگارەی کە ئایینە جیاوازەکان و کڵێسا جۆراوجۆرەکان کە ئێستا دەیانبینین، جیهانیان بەسەر خەڵکی جیا جیادا دابەش نەکردبوو. فرۆشیارەکان لە دوکانەکانیانەوە لەم بەرو ئەوبەری شەقامەکانەوە سەر بە هەر ئایینێك بووبان سڵاویان لێ دەکرد، ئافرەتانیش دوور دەکەوتنەوە سەریان دادەنوشتاندەوەو چاوەڕوان بوون (باپیرە) تێپەڕێت، منداڵانیش (تەنانە جووەکانیش) یارییەکانیان ڕادەگرت و لە هات و هاوار دەکەوتن و بە تەمەنەکانیان بەوپەڕی ڕێزو نەوازشەوە دەهاتنە پێشەوەو دەستە گەورەو زبرەکەی (باپیرە)یان ماچ دەکرد، تا ساتێك لە ساتەکان بەسەر سەری تاشراویان و ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاویان لە ئاکامی یاری کردندا، هەست بە دەنگە خۆش و مژدەبەرەکەی بکەن کە دەڵێت:

ـ کوڕم خوا تەمەنت درێژ بکات، خوا تەمەنت درێژ بکات.

ئەم ڕێز لێ گرتنەی باپیرە بوو بە نەریتێك خەڵکی نەوە دوای نەوە لە باو باپیرانەوە بۆیان دەمایەوە، تەنانەت وەك نەریتێکی خۆڕسکی لێ هات و، نەوەکانی هاووڵاتییان کە لەدایك دەبوون ئەو نەریتەیان لەگەڵدا لەدایك دەبوو.

بەڵام سێبەرێك ژیانی قەشە نیقۆلای تاریك کردبوو: ئەویش ئەوەبوو ژنەکەی منداڵی نەدەبوو، بێگومان ئەوەیش بابەتێکی ترسناك بوو، بەڵام کەس لە یادی نایەت گوێی لەخۆی یان هاوسەرەکەی بوویێت لەو بارەوە هیچ سکاڵایەکیان کردبێت، تەنانەت کەس لە یادی نایەت ڕوانینێکی لە چاویاندا بینیبێت تێکەڵاوی جۆرە تاڵی و ناخۆشییەك بێت. بەردەوام بە لایەنی کەمەوە دوو منداڵ لە منداڵانی خزمەکانیان لە لادێ لە ماڵیاندا بووە، پەروەردەیان دەکردن و گەورەیان دەکرن تا ژنیان دەهێنا، ئەو کات قەشەو ژنەکەی دوو منداڵی سەرپەرشتی دیکەیان دەکرد.

شان بە شانی قەشە نیقۆلا مەلا ئیبراهیم دانیشتبوو. پیاوێکی باڵا بەرزی لەڕو لاوازی دەمار دیار، ڕیشێکی تەنك و دوو سمێڵی هەبوو شۆڕ بووبوونەوە. زۆر لە قەشەکە گەورەتر نییە. خێزانێکی زۆرو سامانێکی باشی هەیە لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، بەڵام وێڕای لاوازی و شەرمنییەکەی، لەگەڵ هەردوو چاوە شینەکەیدا کە لە دوو چاوی منداڵ دەچن خۆی پشت گوێ خستبوو. لە خواپەرستێك یان هەژارێك لە هەژارانی حاجییان دەچێت پتر لەوەی پیاوێکی لە نەوەی خێزانێکی دێرین بێت کە ئەویش خۆجەی شاری فیشیگرادە. مەلا ئیبراهیم سەری زمانی دەگرت (تەنانەت خەڵکی بە گاڵتەوە دەیانگوت: ئەگەر یەکێك بیەوێت لەگەڵ مەلا ئیبراهیمدا بئاخڤێت، پێویستە هیچ کارێکی نەبێت). بەڵام مەلا ئیبراهیم لە شارەکەو لە دەورو بەریدا بە لێبوردەیی و چاوتێری ناسرابوو، لەسەرخۆو و ئاکار بەرزو ئازا بوو، ئەگەر مرۆڤ جارێك بیبینیایە، یەکسەر ڕواڵەت و کێشەی زمان گرتنەکەی لەیاد دەکرد، هەموو ئەوانەی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا کە نەخۆشی یان نەداری پەکی خستبوون یان تووشی کێشەیەك بووبن.

خەڵکی لە دوورترین گوندەوە دەهاتنە لای بۆ ئەوەی داوای ئامۆژگاری لێ بکەن، بەردەوام خەڵك لەبەردەم ماڵەکەیدا دەبینرا چاوەڕێیان دەکرد. زۆر جار ئەو ژن و پیاوانەی پرسیار یان داوای یارمەتییان لێ دەکرد لە بازاڕدا ڕایاندەگرت. دەستی بە ڕووی کەسەوە نەدەنا. وەك پیاوە ئایینییەکانی دیکە نوشتەو دوعای بە گران نەدەکرد.

ئەگەر یەکێك لە ناو شەقامدا پێی گەیشتبایەت و ڕایگرتبایەت. ئەوەندەی نەدەخایاند دەچووە بەر یەکەمین سێبەر ڕێکەوتبی کردبا، یان دوور لە خەڵکی لەسەر یەکەمین بەرد دادەنیشت کە تووشی هاتبا: ئەو کەسە لەسەرخۆو بە چرپە غەمەکانی خۆی بۆ هەڵدەڕشت و، مەلا ئیبراهیمیش وریایانەو بە سۆزەوە گوێی لێ دەگرت، دواتر چەند وشەیەکی باشی بە گوێدا دەدا باشترین چارەسەری ئەو کێشەیەی بوو، یان دەستە لاوازەکەی دەبردە نێو گیرفانە قووڵەکەی پاڵتۆکەیەوەو، تا لەوە دڵنیا دەبوو کە کەس نەیبینیوەو، چەند درەمێکی دەردەهێناو دەیخستە قولەمشتی پیاوەکەوە. بەلای ئەوەوە کاتێك کارەکە پێوەندی بە یارمەتیدانی پیاوانی موسوڵمانەوە هەبێت ئەوە هیچ شتێك دژوار یان ناخۆش یان نەکەردەنی و دەگمەن نییە، . بەردەوام کاتی بۆ ئەم جۆرە یارمەتییانە بەدەستەوە بوو. بەردەوام بە مەبەستی یارمەتیدان پارەیشی دەبەخشی، لەم بۆنانەیشدا زمان گیراوییەکەی لە یاد دەچووەوە، وەك بڵێیت لەکاتی بە چرپە قسەکردنی لەگەڵ پیاوە نەدارەکەدا زمان گیراوی لەیاد بچێتەوە. ئەگەرچی خەڵکی لە ماڵەکەی چووبانە دەرەوەو دڵیشیان خۆش نەکرابا، ئەوە بەلایەنی کەمەوە هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە بەشێوەیەکی کاتی هەستی بە جۆرە پشوویەك دەکرد، ئەویش لەو هەستەوە کە یەکێك بەشداری لە ژان و ئازارەکەیدا کردووە وەك بڵێیت ژان و ئازاری خۆی بێت.

بەردەوام بایەخی بە غەم و پێویستییەکانی خەڵکی دەداو هەرگیز بیری لە خۆی نەدەکردەوە. هەموو ژیانی خۆی بە لەش ساغی و کامەران و دەوڵەمەندی بەسەر بردبوو، یان بە ڕواڵەت بەو شێوەیە دەهاتە پێش چاو. هەرچی حوسێن ئەفەندی، مامۆستای فیشیگرادە، ئەوە پیاوێکی مەیلەو کورت و قەڵەوە، ئەگەرچی هێشتە گەنجە، ڕێکپۆش و جل و بەرگ پۆشتەیە، دوو چاوی ڕش و خڕو، ڕیشێکی ڕەشی لە شێوەی هێلکەیی بڕاوی

ڕێك و پێکی هەیە دەروی دەم و چاوێکی سپی مەیلەو ئاڵی داوە. پیاوێکی خوێندەوارە، ئاگەی لە زۆر شتەو، بە ڕۆشنبیر دەناسرێت، بەڵام لە سنووری خۆی تێدەپەڕاند. حەزی دەکرد وتار بۆ خەڵکی بدات و، خەڵکی گوێی لێ بگرن. لەو بڕوایەدا بوو کە دەتوانێت بئاخڤێت. بۆیە حەزی دەکرد زۆر بئاخڤێت. لە قسەکردنیشدا پەنای بۆ ئاماژە دەبرد: هەردوو باسکی کەمێك بڵند دەکردەوەو دەستی تا ئاستی هەردوو باسکی دەهێنا (کە دوو دەستی سپی و نەرم نینۆك ئاڵ بوون، لێرەو لەوێ کورتە ڕەشە مووی چڕ تەنیبوونییەوە)، کە بپەیڤیایە چوون یەکێك ڕەفتاری دەکرد لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی بکات. گەورەترین کتێبخانەی لە شارەکەدا هەیە، گەنجینەیەکە بە ئاسن دەوری گیراوە، توندو تۆڵ کلیل دراوە، پڕە لە کتێب مامۆستاکەی (عەرەب خۆجەی بەناوبانگ) بەر لەوەی بمرێت بۆی بەجێ هێشتووە، ئەو کتێبانەی نەك هەر لە تۆزو مۆرانە دەپاراست بەڵکو لە خوێندنەوەیشی دەپاراستن، هەندێك لاپەڕەی هەڵنەدەدانەوە لە بۆنەی زۆر تایبەت و، بە گیانێکی ڕەزیلانەوە نەبێت. بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو ئەو کتێبانەی هەبوو جۆرە شکۆیەکی پێ بەخشیبوو بە بۆچوونی ئەوانەی نازانن کتێب چییە، بە بۆچوونی خۆیشی پلەو پایەی بەرز دەکردەوە. خەڵکی دەیانزانی کە ڕووداوە گرنگەکان تۆمار دەکات، ئەوانەی لە شارەکەدا ڕوو دەدەن، بۆیە لای خەڵکی وا ناوبانگی دەرکردبوو کە زانایەکی تێگەیشتووە، لەو بڕوایەدا بوون ناوبانگی ئەو پتر لە ناوبانگی هەموو شارو ناوبانگی هەر تاکێك لە تاکەکانی دانیشتووان پتر ڕۆیشتووە. لە ڕاستیشدا ئەو مێژووەی دەینووسی وردەکاری تێدا نەبوو، هەروەها ئەوەندەیش گەورە نەبوو. مودەڕس بەر لە پێنج یان شەش ساڵە دەستی بە نووسینی ئەو مێژووە کردووەو، هێشتە لە چوارەمین لاپەڕەی  تێنووسە بچووکەکەیدایە.  چونکە مودەڕس بڕوای وابوو هەموو ڕووداوەکانی شار شایەنی ئەوە نین لە مێژووەکەی ئەودا شوێنێك بۆ خۆ داگیر بکەن، لەبەر ئەوەی ئەو بایەخ و بەهایەیان نییە. بۆیە مێژووەکەی، وەك کچە قەیرەیەك بەخۆوەی بنازێت، نەزۆك و هشك و بەتاڵ بوو.

چوارەمین پیاو کە نوێنەری ئایینە جۆراوجۆرەکانن داود لیفی بوو، حاخامی فیشیگراد، نەوەی حاخامی بەناوودەنگ، حاجی لیاچی کۆن کە ناوو کەهۆنۆتی و سامانی خۆی بۆ بەجێ هێشتووە، بەڵام نە زیرەکی و نە بوێری خۆی بۆ بەجێ نەهێشتووە.

پیاوێکی پیسکنی ڕەنگ زەرد، دوو چاوی قاوەیی پڕ لە غەم و پەژارە، شەرمن و بێ دەنگ تا ئەوپەڕی ڕادەی شەرم و بێ دەنگی کە مەزەندە بکرێت. هەرکە گەیشتە پلەی حاخام یەکسەر ژنی خواست. جلێکی دەڵپی دەوڵەمەندانەی لە جۆخی ئەستوور درواوی لەبەر دەکرد تا لەبەرچاوی خەڵك پایەدارترو بەتواناتر بنوێنێت، ڕیش و جووتە سمێڵێکی بۆ خۆی دانابوو. بەڵام مرۆڤ لەو دیوی ئەو جلە دەڵپ و پێکەنیناوییەوە هەستی بە جەستەیەکی بێ هێزو لاواز دەکردو، لە ڕیشە ڕەشە تەنکەکەیەوە شێوەیەکی هێلکەیی دەم و چاوێکی منداڵانەی نەخۆش کەوتەی دەبینی. زۆری پێ ناخۆش بوو لە کاتی پێویستدا چووبایەتە لای خەڵك و بەشداری لە تاوتوێ کردنی پرس و بڕیارەکاندا بکردایە، چونکە بەردەوام هەستی بەوە دەکرد زۆر کورت و لەوانی دیکە لاوازو بێ هێزو دواکەوتووترە.

ئێستە ئەو چوار پیاوە لەبەر هەتاو دانیشتوون، لەبەر قورسی ئەو جلی ئاهەنگەی پۆشیویانە هەموویان ئارەقە بە جەستەیاندا دێتە خوارێ و، هەست بە هەڵچوون و غەم دەکەن وێڕای ئەو ڕواڵەتەی کە دەیانەوێت خۆ بنوێنن.

ـ دەی با جگەرەیەکی دیکە داگیرسێنین، سوێند بە گیانی داپیرەم دەخۆم هێشتە کات بە دەستەوە ماوە، خۆ ئەو پیاوە باڵندە نییە لەناکاو لەسەر پردەکە بنیشێتەوە.

قەشە نیقۆلا، کە هەر لەمێژە ڕاهاتووە لەپشتی پەردەی گاڵتەوە ئەو بیروڕاو غەمانەی دەروونی خۆی و ناخی کەسانی دیکە ڤەشێرێت، ئەمەی گوت.

ئاوڕێکیان بە لای ڕووگەی (ئۆکۆڵچە)دا دایەوەو درێژەیان بە جگەرەکێشان دا.

ئاخافتن بە شێوەیەکی سست و بە وریایی بەڕێوە دەچوو، ئەوەندەیشی نەدەبرد دەگەڕایەوە سەر چۆنیەتی پێشوازی لێ کردنی فەرماندەکە.

لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە قەشەکە سەڵاوو پێشوازی لە فەرماندەکە بکات. قەشەیش بێ دەنگ سەرنجی هەرسێکی دان و ماوەیەکی دوورو درێژیش تێی ڕوانین، هەردوو پێڵووی نیوچە نووقانێك نووقاندو خستنیە سەر یەکدی، هەردوو چاوی وایان لێهات لە دوو دەزووی باریك بچن بریسکەی زێڕینیان لێ هەڵقولێت، وەك ئەو کاتەی کە بزە دەیگرێت.

حاخامە گەنجەکە زۆر دەترسا، تەنانەت نەیدەتوانی دووکەڵی جگەرەکە دوورتر لە خۆی بەبادا بدات، بۆیە دووکەڵەکە لەناو ڕیش و هەردوو سمێڵەکەیدا لوولی دەخواردو پەنگی دەخواردەوە. مامۆستاکەیش لەو زۆرتر دڵنیا نەبوو. هەموو ئەو ڕەوانییەی هەیبوو، هەموو ئەو شکۆی ڕۆشنبیرانەی هەیبوو، ئەم بەیانییە لەناکاو لەدەستی دا، بەڵام، بەلایەنی کەمەوە، مەودای ئەو ژان و ئازارەی نەدەزانی کە ئەو ترس و تۆقینە خستبوویانە دڵیەوە، چونکە ئەو ڕایە مەزنەی بەرانبەر بە خۆی هەیبوو، ڕێگەی ئەوەی لێ دەگرێت بە مەبەست بگات. دەیویست لە وتارێکی وێژەییدا لەگەڵ ئاماژە ڕێك  و پێکەکانیدا کە هەموو شتێك ڕاڤە دەکەن، درێژە بە قسەکانی بدات، بەڵام هەردوو دەستە جوانەکانی دەکەوتنە سەر کۆشی، قسەکانیشی دەپچڕان و گرێیان تێ دەکەوت. سەری لەوە سوڕما بوو شکۆی جارانی لەدەست هەڵدەهات، پەیتا پەیتا هەوڵی دەدا بەدەستی بهێنێتەوە، بەڵام ئەوە هیچ سوودێکی پێ نەگەیاند، وەك ئەو مرۆڤەی لە مێژە لەسەر شتێك ڕاهاتبێت کەچی لە کاتی پێویستیدا شتەکەی لێ بزر دەبێت.

ڕەنگ زەردییەکەی مەلا ئیبراهیمیش کەمێك سەری کردبوو، ئەگەرچی لەسەرخۆو دەروون هێور بوو، جار ناجارێك ڕوانینەکانی لەگەڵ ڕوانینەکانی نیقۆلادا یەکیان دەگرتەوە، ئەوە شێوازی لێك گەیشتنیان بوو. هەردووکیان کۆنە هاوەڵی یەکدی بوون، دوو هاوەڵی سەردەمی منداڵی، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت مرۆڤ لەبارەی ئەو دۆستایەتییەوە بدوێت لەو سەردەمەدا لە نێوان تورکان و سیربییەکاندا هاتبێتە کایەوە. کاتێك لەسەردەمی لاویدا تورکانی فیشیگراد هەندێك سەرئێشەیان بۆ قەشە نیقۆلا دروست کرد، مەلا ئیراهیم کە ئەو کاتە باوکی لە شارەکەدا دەستی دۆڕیشت، یارمەتی پێشکەش کردبوو. پاش ئەوە کاتێك ئاژاوە لە شارەکەدا کەم بووەوەو، پێوەندی نێوان هەردوو لا لە پێشوو پاشتر بوو، هەردووکیان گەیشتبوونە تەمەنی

پیری و پێوەندی دۆستایەتییان لەنێواندا توندوتۆڵتر ببوو. بۆ گاڵتە هەر یەکەیان هاوەڵەکەی خۆی بە دراوسێ بانگ دەکرد، چونکە ماڵی هەردووکیان کەوتبووە هەر دوو لای لێکەوە دووری ئەم پەڕو ئەوپەڕی شارەوە، بۆیە لە ڕۆژگاری قات و قڕی یان لافاو یان دەردو پەتادا، یان کارەساتێکی تووشی شار دەبوو، یەك ئەرك کۆی دەکردنەوە کە هەر یەکەیان بۆ گرووپەکەی خۆی ئەنجامی دەدا. ئەگەر لە بارودۆخی دیکەدا لە مەیدان یان لە ئۆکۆڵچە بە یەکدی بگەیشتبایەن سڵاویان لە یەکدی دەکرد جۆرە سڵاوێك کە جگە لەم شوێنانەدا قەشەو خۆجەیەك لە یەکدییان نەدەکردو، هەردووکیان بە شێوەیەك لەگەڵ یەکدی دەپەیڤین جۆرە پەیڤینێك جگە لەم شوێنە قەشەو خۆجەیەك لەگەڵ یەکدییان نەدەکرد. زۆر جاریش قەشە نیقۆلا ئەو هەلەی دەقۆزتەوەو دارقلیانەکەی ڕووەو شارەکە ئاراستە دەکرد کە بەدرێژایی کەناری ڕووبارەکە لەژێر پردەکەدا پان بووبووەوەو، بە نیوچە ڕاستەقینەو نیوچە پێکەنینەوە دەیگوت:

هەر کەسێك لێرە هەناسە بدات یان بەسەر عەرددا بجووڵێتەوە یان بە دەنگی مرۆییانە بپەیڤێت، هەردووکمان لیی بەرپرسین، من و تۆ.

مەلا ئیبراهیم زمانی تەتەڵە دەکات و وەڵامی دەداتەوە:

ـ قسەکەت ڕاستە دراوسێ، بە ڕاستی ئێمە هەردووکمان لە هەر هەموویان بەرپرسیارین.

خەڵکی شار کە گاڵتەیان بە هەموو شتێك دەکرد سەبارەت ئەو کەسانەی بە لێککگەیشتنی تەواو لەگەڵ یەکدی دەژیان دەیانگوت: خۆشەویستی نێوان قەشەو خۆجەیان لە نێواندایە.

ئەو فرێزە بوو بە پەندی پێشینیان.

ئێستە، هەر یەکەیان لەوی دیکە دەگات، ئەگەرچی هیچ ورتەیەکیان لە زاریش نەهاتە دەرەوە. قەشە نیقۆلا دەرکی بەوە کردبوو تا چ ڕادەیەك مەلا ئیبراهیم پێی ناخۆشە، مەلا ئیبلراهیمیش دەرکی بەوە کردبوو کە بەلای قەشەوە کارەکە ئەوەندە ئاسان نییە. هەر یەکەیان لەوی دیکەی دەڕوانی، وەك چەندین جار ئەوە لەماوەی ژیانیاندا، لەبۆنە جۆراوجۆرەکاندا ڕووی داوە، کە هەردووکیان بەرپرسیاری هەموو ئەوانەن کە لەم شارەدا بە دوو پێ دەبزوێن، یەکێکیان بەرپرسی ئەوانەیە هێمای خاچ دەنوێنن، دووەمیش بەرپرسی ئەوانەیە کڕنووش دەبەن.

لەو کاتەدا دەنگی سمی ئەسپێك بەرگوێ کەوت غاری دەداو، پیاوێك لە پیاوانی پاسەوان بەسەر ئەسپێکی لەڕەوە دەرکەوت، لە ترساندا هەناسە بڕکێی پێ کەوتبوو، هەر لە دوورەوە هاواری کرد هاواری پەیامبەرێك و گوتی:

ئەمە فەرماندەکەیە، ئەمەتە سواری ئەسپێکی سپییە.

ئەفسەرەکە هێورو دڵنیاو بە تەندروست پەیدا بوو.

ئەمە پەڵە تەپ و تۆزێکە لە ئۆکرڵچەوە دێتە خوارێ.

ئەو پیاوانەی لەسەردەمی هەرەسهێنانی تورکاندا لە سەدەی نۆزدەیەم لەدایك بوون و گەورە بوون، هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخسا سوپایەکی ڕاسەقینەی ڕێك و پێکی وڵاتە زلهێزەکان ببینن، هەموو ئەوەی هەلیان بۆ ڕەخساو بینییان تەنیا چەند یەکەیەکی کەم و کورتی سوڵتانیان، بە ئازووقەی خراپ و، جل و بەرگی

ناشایستەوە بینیوە، کە ناوە ناوە مووچەیان وەردەگرت، یان ئەو پیاوانەی پێیان دەگوتن باش بوزوق، کە خەڵکی بۆسنیا بوون و بە زۆر کرابوونە سەرباز، سەر بە هیچ سستمێك نەبوون و پەرۆشی هیچ نەبوون. کەواتە ئەمە یەکەمین جارە ئەو پیاوانەی لەسەر پردەکە ڕاوەستاون ئەو هێزە واقیعییە سەرکەوتووە درەوشاوەو لەخۆ دڵنیایە دەبینن کە ئەمپراتۆرێك هەیبێت. دەبوو ئەم هێزە سەرنجی ڕاکێشابان و، دەنگی بچڕیبان. هەرکە تەماشای ژمارەی ئەسپەکان و دوگمەی قەد کراسی سەربازەکانیان کرد، خەیاڵی ئەوەیان کرد کە وڵاتێکی فرەوان و بەهێزو جیهانێکی دیکە لە پشتەوەی ئەو ئەسپ سوارو ئەو پیادانەوە هەیە کە جل و بەرگی نمایشیان پۆشیوە، کە جیهانێکی بەتواناو خاوەن سستم و پڕ لە بەختەوەرییە. سەریان زۆر سوڕماو کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بەجێ هێشتن.

لە پێشەوە دوو شاور بەسەر دوو ئەسپی بازووی تێرەوە بوو، پاش ئەوانیش یەك پۆل ئەسپ سوار سواری ئەسپی ڕەش بووبوون. ئەسپەکان پاك و خاوێن سڕابوون. بە هەنگاوی ورد وردی ئەوتۆ دەڕۆیشتن. سوارەکان فێسی سووری بێ زەنگۆڵیان لەسەر نابوو، سینگیان بە قردێلەی زەرد ڕازێنرابووەوە. هەر هەموویان لە هەڕەتی لاویدا بوون، ڕەنگی پێستیان ئاڵێکی گەش و ، سمێڵیان لوول، گەشاوەیی و پشوویان بە ڕوخسارەوە دەبینرا، وەك بڵێیت تازە لە سەربازگە هاتوونەتە دەرەوە. لە پشتەوەیشان دەستەیەك ئەفسەر دەبیران کۆلۆنێلەکە پێشیان کەوتبوو، هەموو تەماشای ئەویان دەکرد. ئەسپەکەی ئەو لە هەموو ئەسپەکان زلتر بوو، ئەسپێکی خاڵ خاڵاوی مل درێژی چەوتاوەی تا ڕادەیەك جێی سەرسوڕمان بوو. تۆزێك لەو لای ئەفسەرەکەوە تیپێکی پیادەو زرێپۆش دەهاتن سەربازەکانی جلی سەوزیان پۆشیبوو، خوودەکانیان کە لە پێست دروست کرابوو چەپکێك پەڕیان پێوە بوو، قایشی سپی بەرەواژ بە قەد سنگیانەوە بوو، ئەوانە بەر ئاسۆیان گرتبوو، وەك بڵێیت دارستانێکن دەجووڵێتەوە.

هەردوو شاورەکەو هەردوو ئەسپەکە بە بەردەم پیاوە ئایینییەکان و ئەفسەرەکەدا تێپەڕین، پاشان لە گۆڕەپانی بازاڕەکەدا ڕاوەستان و لە هەردوو لاوە ڕیزیان بەست.

هەر چوار پیاوەکە لەسەر کابیاکە لەناوەندی پردەکەدا ڕاوەستابوون و ڕەنگیان زەرد داگەڕابوو، دەروونیان شڵەژابوو، سەرنجی ئەفسەرەکانیان دەدا کە دەهاتن. ئەفسەرێکی لاو لە کۆلۆنێلەکە چووە پێشەوەو، چەند وشەیەکی لەگەڵ ئاخافت، ئەفسەرەکان ڕێ کرنەکەی خۆیان سست کردەوە، تا ئەو کاتەی کۆلۆنێل چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە نوێنەرانی ئایینەکان لەناکاو ڕاوەستاون لە ئەسپەکەی دابەزی، دوای ئەو هەموو ئەفسەرەکانیش لە ئەسپەکانیان دابەزین، وەك بڵێیت پێکەوە فەرمانیان پێ کرابێت. هەندێك سەرباز ڕایان کردو جڵەوی ئەسپەکانیان گرت و چەند هەنگاوێك پاشەو پاشیان بردنەوە.

پیاوێکی کورتە باڵا بوو، دیمەنی بەدڵەوە نەدەچوو، بێ هێز، ناشیرین، دڕندە، وەك بڵێیت لەناو ئەو ئەفسەرو سەربازانەدا ئەو تەنیا کەسێك بێت لە جیاتی هەر هەموویان جەنگابێت. ئێستە ڕووی ڕاستەقینەی دەردەکەوێت، جل و بەرگێکی بێ فیزانەی پۆشیوە، کەمێك ڕێکپۆشە، بەڵام گوێی بە ڕواڵەتی خۆی نەداوە، بە پێچەوانەی ئەفسەرەکانییەوە کە ڕوخساریان سپی و جلی ڕێك و پێکیان پۆشیبوو. ئەوە وێنەی ئەو پیاوەیە کە بەبێ حسێب خۆی دەخواتەوەو، خودی خۆی دەڕووخێنێت، ڕەنگی داگەڕاوەو ڕیشی درێژ بووەو

شڵەژاوی و نیگەرانیش بە هەردوو چاویەوە دەبینرێن و، خوودە بەرزەکەیشی کەمێك بەرەو تەنیشت خوار بووەتەوە، جل و بەرگەکەیشی شڕوهوڕ بووە کە جەستەی لاوازی تێدا دەجووڵێتەوە، جووتێك کورتە پێڵاوی لە جۆری پێڵاوی ئەسپ سوان لە پێیە پاژنەیان ئەوەند ڕەق نییەو بریسکەیان نایەت. کۆلۆنێل کە هەردوو لاقی بڵاو کردبووەوەو قامچییەکەی ڕادەوەشاند نزیك بووەوە. ئەفسەرێك ئاماژەی بە پیاوەکان کرد کە لەبەردەمیدا ڕاوەستابوون یەك یەك پێی ناساندن، کۆلۆنێل بە ڕوانینێکی خێرای تاریك و رقاوی سەرنجێکی دان، ڕوانینێکی تیژلە جۆری ئەو ڕوانینانەی مرۆڤێك ئەرك و لێپرساوییەکی گەورەی لە ئەستۆ بێت و مەترسی زۆر گەورەیش سەریان لێدابێت. پاش ئەوە ڕوون بووەوە جگە لەم ڕوانینە هیچ ڕوانینێکی دیکە نازانێت.

لەو ساتەدا قەشە نیقۆلا بە دەنگێکی هێوری قووڵ دەستی بە پەیڤین کرد. کۆلۆنێل سەری بەرز کردەوە، ڕوانینەکەی خۆی لەسەر ڕوخساری ئەم پیاوە شکۆدارە جبە ڕەشە ڕاگرت. ئەو دیمەنە هێورە پان و پۆڕە ساتێك سەرنجی ڕاکێشا. ڕەنگە لەوە نەگەیشتبێت کە پیرەمێردەکە دەیگوت، یان ڕەنگە بە ڕواڵەت خۆی وا پیشان دابێت کە تێی ناگات، بەڵام ڕوخساری قەشە دەبێت سەرنجی ئەو کەسە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت کە دەیبینێت.

قەشە نیقۆلا ئاسان و ڕەوان و بێ زۆر لەخۆکردن پەیڤی، ڕووی لەو ئەفسەرە لاوە کردبوو کە دەبوو قسەکانی وەربگێڕێت، پتر لەوەی ڕووی لە خودی کۆلۆنێل بێت، گوتی ئەو بە ناوی هەموو پیاوانی ئاییینییەوە لێرە ئامادەبوونە، بۆ کۆلۆنێلی دووپات دەکاتەوە کە ئەوان و هەموو گەل ئارەزووی ئەوە دەکەن ملکەچی خواست و دەستەڵاتی هاتووان بن و، لەوەیش درێغی ناکەن ئەو شتانە بەدی بهێنن کە دەستەڵاتی نوێ دەیەوێت کە خۆی لە سەقامگیری ئاسایش و سستمدا دەنوێنێت و، داوایش دەکەن سوپا خۆیان و خێزانەکانیان بپارێزێت و، ڕێیان بدات بە ئاشتی بژین و ڕا ستگۆیانەو سەربەزانە درێژە بە کارو پیشەکانیان بدەن.

قەشە نیقۆلا بە کورتی پەیڤی و، لەناکاو نقەی لێ بڕا، بواری بە کۆلۆنێلە تووڕەکە نەدا ئوقرەی لێ ببڕێت و قسەکردن تەنگی پێ هەڵبچنێت. وێڕای ئەوەیش کۆلۆنێلەکە چاوەڕێی ئەوەی نەکرد ئەفسەرە لاوەکە قسەکانی قەشە نیقۆلا وەربگێڕێت، بەڵکو بە دەنگێکی تەواوو پچڕ پچڕەوە گوتی:

ـ باشە ... باش ... هەموو ئەو کەسانە دەپارێزین ربەشێوەیەکی باش ڕەفتار دەکەن بەڵام پێویستە ئاسایش و سەقامگیری باڵ بەسەر هەموو شوێنێکدا بکێشێت. ئەگەر بشیانەوێت بارودۆخەکە پێچەوانەی ئەوە نابێت.

کۆلۆنێلەکە ئەمەی گوت و سەرێکی بۆ لەقاندەوەو، بەبێ سڵاوو هیچ ڕوانینێك درێژەی پێ داو ڕۆیشت. لە هەر چوار پیاوە ئاییینییەکە دوور کەوتەوە. کۆلۆنێل بە بەردەمیاندا تێپەڕی و ئەفسەرو سایسەکانیش دوای کەوتن و، کەس گوێی بە (نوێنەرانی هەرچوار ئاییینەکە) نەدا کە تاك و تەنیا لەسەر کابیاکە مانەوە. هەر هەموویان نائومێد بوون، چونکە ئەو بەیانییەو بەدرێژایی شەوی ڕابوردوو کە کەسیان تێر خەو نەبووبوون، سەد جار ئەو پرسیارەیان لە خۆ دەکرد کە ئەو ساتە چۆن تێدەپەڕێت کاتێك لەسەر کابیاکە پێشوازی لە فەرماندەی سوپای ئەمپراتۆری دەکەن. بە هەزارو یەك شێوە ئەو ساتەیان دێنایە پێش زەینی خۆیان، هەر

یەکەو بە پێی ڕەوشت و بە پێی زیرەکی خۆیان، خۆیشیان بۆ خراپترین ئەگەر ئامادە کردبوو. هەندێکیان وایان بە بیردا دەهات کە بۆ ئەو وڵاتە دوورەی ئەڵمانیا ڕەپێچ دراوە یان دوور خراوەتەوە کە لێی ناگەڕێتەوە تا جارێکی دیکە ماڵ و شارەکەی خۆی ببینێتەوە. هەندێکیان ئەوەیان یاد کەوتەوە کە خەڵکی لەبارەی خەیرەدینەوە دەیانگێڕایەوە کە لە ڕابوردوودا لەسەر خودی ئەم کابیایە سەری دەپەڕاند. بە هەموو شێوەیەك ئەو کارەیان دێنایە بەرچاو، تەنیا بەو شێوەیە نەبێت کە لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەم ئەفسەرەدا ڕووی دا کە بە قەڵافات لەڕو لاواز بوو بەڵام یەك قسەو یەك بڕیارو توند بوو، کە تەنیا قاڵبووی جەنگ بوو، چونکە بیر نە لەخۆی و نە لە کەسانی دیکە ناکاتەوەو خەڵك و وڵاتی دەورو بەریشی نابینێت تەنیا بابەتێکی جەنگ و کوشتار یان ئامێری جەنگ و کوشتار نەبێت و، بە شێوەیەکیش ڕەفتار دەکات وەك ئەو کەسەی بۆ خۆی و بەناوی خۆیەوە بجەنگێت.

لەوێ سەرلێشێواوو نیگەران مانەوەو یەك تەماشای یەکدییان دەکرد. هەر ڕوانینێك لە ڕوانینەکانیان لە جۆرە پرسیارگەلێکی لاڵ دەچوو: ئەوە بە زیندوویی ماوین؟ ئایا ئەگەرە خراپەکە بەسەرچوو؟ ئیدی چی چاوەڕوانمانە؟ چی بکەین؟ ...

سەرۆکی پۆلیس و قەشەکە یەکەمین کەس بوون بە ئاگە هاتنەوە. گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەرکەکەیان وەك (نوێنەرانی ئایینەکان) کۆتایی هات. هیچ شتێکیان لەسەر نەماوە ئەوە نەبێت بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان و خەڵکی قایل بکەن کە نەترسن و هەڵنەیەن، بەڵکو چاویان بە کارەکانی خۆیانەوە بێت. هەر سێ کەسەکەی دیکە ئەو ئاکامەیان لا پەسەند بوو، ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو، نەیاندەتوانی بیر بکەنەوە، ئەم ئاکامەیان لەلا پەسەند بوو، وەك چۆن دەشیا هەر ئاکامێکی دیکە پەسەندبکەن، چونکە نەیاندەتوانی هیچ جۆرە دەستپێشخەرییەك پێشکەش بکەن.

سەرۆکی پۆلیس، کە پیاوێك بوو هیچ کارو بابەتێك نەیدەتوانی جڵەوی هێوری لێ بستێنێت، بەرەو کارو ئەرکەکانی خۆی تێی تەقاند. پاسەوانەکەیش مافوورە درێژە ڕەنگاوڕەنگەکەی لوول دا کە لە چارەی نەنووسرابوو پێشوازی لە فەرماندەیەك بکات، سالکۆ هیدۆیش ساردو سڕ لە تەنیشتییەوە ڕاوەستابوو.

(نوێنەرانی ئایینەکان) هەر یەکەو بە شێوازی خۆی بڵاوەیان لێ کردو، هەر کەسەو بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت. هەرچی حاخامەکە بوو ئەوە ڕایدەکردو، دەیویست بە زووترین کات بگاتە ماڵەوەو بە گەرمی نێو ماڵەکەی، نزیك بە دایك و هاوسەرەکەی غەم و خەفەتەکانی لە بیر بکات. هەرچی مامۆستاکە بوو لەسەرخۆی ڕێی دەکرد نغرۆی هزرەکانی بووبوو. بڕوای وابوو، دوای ئەوەی هەموو شتێك بە ئاسانی کۆتایی هات کە پێشبینی نەکرێت، هیچ پێویستی بە ترس و تۆقین نەدەکردو، وای دەهاتە پێش چاو کە بەدرێژایی ژیانی تا ئەو ڕۆژە لە هیچ کەسێك نەترساوەو، پرسیاری لەمەڕ مەترسی ئەم ڕووداوەو سەبارەت ئەو پلەو پایەی کە پێویستە هەیبێت لەو مێژووەی کە دەینووسێت، دەورووژاندو، لە دڵی خۆیدا گوتی: تەنیا بیست دێڕی بەسە، تا لە ماڵەوە نزیکتر دەبووەوە ژمارەی دێڕەکان کەمتر دەبوونەوەو هەرکە دێڕێکی کەم دەکردەوە هەستی بە هەموو شتێکی دەورو بەری دەکرد بەهایان کەمتر دەبووەوە، لە کاتێکدا بەلای خۆیەوە پلەو پایەی خۆی بە تەواوەتی بەرزترو بڵندتر دەبوو.

هەرچی مەلا ئیبراهیم و قەشە نیقۆلایە ئەوە پێکەوە ڕۆیشتن تا گەیشتە سەرەتای مەیدان. بێ دەنگ و سەرسوڕماو بوون و، دیمەن و ڕەفتاری فەرماندەی سوپای ئەمپراتۆری حەپەساندبوونی. هەردووکیان بە تەنگی ئەوەوە بوون بگەنە ماڵەوەو بە زووترین کات چاویان بە کەس و کاریان بکەوێتەوە. کاتێك گەیشتنە ئەو شوێنەی ڕێگەی هەردووکیانی لێ جیا دەبێتەوە نەختێك ڕاوەستان و هەر یەکەیان بێ دەنگ تەماشای ئەوی دیکەی کرد. مەلا ئیبراهیم دەیڕوانی و هەردوو لێوی دەجووڵاندەوە وەك بڵێیت چەند وشەیەك دەجوێتەوەو ناتوانێت گۆیان بکات. قەشە نیقۆلا زەردەخەنەکەی خۆی بەدەست هێنایەوە کە چوون زێڕ دەبریسکانەوە. ئەوەیش وای کرد هەردووکیان هانی یەکدییان دا، ئەو کات قەشەکە ڕای خۆی ئاشکرا کرد کە ڕای خودی خۆجەیە. گوتی:

ـ مەلا ئیبراهیم، ئەرکی ئەم سوپایە ئەرکێکی خوێناوییە.

ـ ڕ .. ڕ ... ڕاستە ..... خ ..... خ ..... خوێناوییە.

بەم شێوەیە مەلا ئیبراهیم لە کاتی قسەکردندا زمانی گرت کاتێك دەستی بەرز کردەوە. دواتر بە سلاوێك بەسەرو دەربڕینێك بە دەم و چاوی مۆڵەتی ڕۆیشتنی لە هاوەڵەکەی وەرگرت.

قەشە نیقۆلا بە هەنگاوی لەسەرخۆ بەرەو ماڵ گەڕایەوە کە لەبەردەمی کڵێساکەدا بوو، ژنەکەی پێشوازی لێ کرد بێ ئەوەی پرسیاری لەبارەی هیچ شتێکەوە لێ بکات و، خێرا پێڵاوەکانی داکەندو، جبەکەی لەسەر شانی لاداو فێسەکەی لەسەر قژە پڕە ماش و برنجییە مەیلەو سوورەکەی داکەند کە چۆڕەی ئارەقی دەهات. لەسەر کەنەبە بچووکە نزمەکە دانیشت.

ژنەکەی لە لێواری کەنەبە تەختەدارینەکە پەرداخێك ئاوو کلۆیەك شەکری دانابوو، کاتێك ئاوی خواردەوەو تینووی شکا، جگەرەیەکی پێکرد، دوایی ئەوەند ماندوو بوو چاوی نوقاند. بەڵام شەبەنگی کۆلۆنێلە تووڕەکە بەردەوام لەبەر هەردوو چاوە نووقاوەکەی ڕەشکەو پێشکەی دەکرد، ڕووناك وەك برووسکە کە ئاوی چاومان دەستێنێت و پانتایی بینینمان دادەپۆشێت، بە شێوەیەك جگە ئەو شتی دیکە نابینین و لەگەڵ ئەوەیشدا ناتوانین وێنەکەی جیا بکەینەوە. قەشە مژێکی لە جگەرەکە داو هەناسەی هەڵکێشاو لەگەڵ خۆیدا دیگوت:

ـ تەماشا تووشی چ بەڵایەك بووین ......

لە شاریشەوە، لە سەر ڕیتمێکی نوێ کە لەوەوپێش نەیبیستبوو، دەنگی دەهۆڵ و شاوری گرووپی سەربازە پیادەکانی بەر گوێ دەکەوت.

*****

# یازدەمین پاڕ

بەم شێوەیە ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە کە لە ژیانی شاردا نزیك بە پردەکە ڕووی دا، بەو شێوەیە ئەنجامی گرت کەسی تێدا زیانمەند نەبوو، تەنیا عەلی خۆجە نەبێت. پاش چەند ڕۆژێك ڕەوتی ژیان گەڕایەوە دۆخی ئاسایی خۆی و وا دەبینرا کە هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا نەهاتووەو تەنانەت خودی عەلی خۆجە زاتی شکاو، چوون هەموو دوکاندارەکان دوکانەکەی خۆی نزیك بە پردەکە کردەوە. تەنیا شت ئەوە بوو لەو کاتەوە برینپێچێکی خواری بەرەو لای ڕاستی لەسەر گوێی دادەنا، بۆ ئەوەی ئەو شوێن برینە بشارێتەوە کە پێوەی دیاربوو. لە ڕاستیشدا ئەو (بارستایییە بۆرە)ی کە هەناسەی لە سینگی بڕی کاتێك خاچە سوورەکەی بە قۆڵی سەربازە نەمساوییەکەوە بینی و کاتێك لە نێوان فرمێسکەکانییەوە (بانگەوازەکەی ئەمپراتۆر)ی خوێندەوە، بەتەواوەتی لەبەرچاوی ون نەبووە، بەڵام بچووك بووەتەوە تا ئەوەندی دەنکە تەزبیحێکی لێ هاتووە، بە شێوەیەك دەتوانێت بژیت، ئەگەرچی لەناو سینگیدا ماوە، عەلی خۆجە تەنیا کەس نەبوو (گوللە)یەکی لەم چەشنە گوللەیەی لەدڵدا مابێتەوە.

لە سایەی داگیرکاریدا ڕۆژگارێکی نوێ دەستی پێ کرد، خەڵکی لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی ڕێی لێ بگرن لە ناخی دەروونیانەوە مەزەندەی ئەوەیان دەکرد کە بارودۆخێکی کاتی بێت، ئەو ڕووداوانەیش چەندە زۆر بوون کە لە یەکەمین ساڵی داگیرکاریدا ڕوویان دا! ئۆتۆمۆبیلە سەربازییە زەردەکان بە کاروانێکی دوورو درێژ ڕیزیان بەستبوو، لە دووی یەك گوڕەیان دەهات و بەسەر پردەکەدا دەپەڕینەوە، ئازووقەو کەڵ و پەل و کاڵاو ئامێرو شت و مەکی ئەوتۆیان تێدا بوو کە تا ئەو کاتە نەبینرابوون.

لە سەرەتاوە خەڵکی تەنیا سوپایان بینی. سەربازەکان لە هەموو سووچ و لە هەموو کێڵگەو دەغڵێکدا هەڵدەقوڵێن وەك چۆن ئاو لە بن عەردەوە هەڵدەقوڵێت. گۆڕەپانی بازاڕەکەیان تەنیبووەوە، مرۆڤ لە هەموو شوێنێکی شارەکەدا دەیبینین. هەموو ساتێك هاواری ئافرتێکی تۆقیو بەرگوێ دەکەوت کە لەناکاو لە بەردەم ماڵدا یان لە بێستانی قۆخی پشت ماڵدا پێی لە سەربازێك هەڵدەنوتا. ئەو سەربازانە کە لە ماوەی دوو مانگدا ڕێ کردن و جەنگێن ماندووی کردبوون بەوە دڵیان خۆش بوو کە هێشتە زیندوون. زۆریان حەز لە پشوودان و ڕابواردن و چێژوەرگرتن بوو، بەردەوام بە جلە سەربازییە شینە تاریکەکیانەوە بە شارو دەورو بەریدا دەسووڕانەوە. مرۆڤ لە هەموو سەعاتێك لە سەعاتەکانی ڕۆژدا هەندێکیان لەسەر پردەکە دەبینێت. وای لێهاتووە هاوولاتییان نایەنە سەر کابیاکە،کەسانێکی زۆر کەمیان نەبێت، لەبەر ئەوەی بەردەوام سەربازی لێیە. ئەو سەربازانە لەسەر کابیاکە دادەنیشتن و، بە زمانی جۆراجۆر گۆرانییان دەچڕی و، گاڵتەیان دەکردو، میوەیان دەکڕی و دەیانخستە ناو شەبقە شینەکانیانەوە کە لێوارەکەی پێست بوو، لەسەرەوە ئارمێکی زەردی لە ئاورێشم چنراوی پێوە بوو یەکەمین پیتی ناوی ئەمپراتۆر (فرانسوا جۆزیف)ی تێدا نەخشێنرابوو.

بەڵام سەربازەکان لە سەرەتای پاییزەوە وردە وردە ڕۆیشتن. تا دەهات ژمارەیان کەمتر دەبووەوە. پاشان تەنیا (پەل)ەکانی جەندرمە مانەوە. ئەوانەیش بەدوای خانوودا گەڕان و، لەپێناوی نیشتەجێبوونێکی بەردەوامدا لەویٚ سەقامگیربوون. هاوکات فەرمانبەران و، خەڵکانێکی گەورە خزمەتگوزارو خزمەتگوزاری پلە بچووک بە خۆیان و خێزان و کارەکەرەکانیانەوە دەگەیشتنە شار، دوای ئەوانیش پیشەکاران و پیشەسازانی بواری کارو پیشەی ئەوتۆ گەیشتن کە تا ئەو کاتە لە وڵاتەکەماندا نەزانرابوون. ئەوانە خەڵکی چیك و پۆڵەندەو ئۆکرانیاو مەجارستان و ئەڵمانیایان تێدا بوو.

سەرەتا وا پێدەچوو کە بە ڕێکەوت هاتبنە شارەکەوە، وەك بڵێیت ڕەشەبایەك بۆ ئێرەی هێنابن، وەك بڵێیت بە شێوەیەکی کاتی هاتبنە ئێرە تا پێکەوە ئەو ژیانە بگوزەرێنن کە خەڵکی بەردەوام لەم شوێنەدا گوزەراندوویانە. وەك بڵێیت ئەرکی ئەم دەستەڵاتە مەدەنییە ئەوە بێت ماوەیەکی دیکە درێژە بەو داگیرکارییە بدات کە سوپا دەستی پیٚ کردبوو. وێڕای ئەوەیش مانگ لە دوای مانگ ژمارەی بیانییەکان پتر دەبوو. بەڵام ئەو شتەی کە لای خەڵکی شتێکی کوت و پڕ بوو، لە هەموو شتێکی دیکە زۆرتر سەرسوڕمان و گومانی خستبووە دەروونیانەوە پتربوونی ژمارەی ئەو بیانییانە نەبوو، بەڵکو ئەو پرۆژە گەورانە بوو کە کەس تێیان نەدەگەیشت و، ئەو چالاکییەی کە شەکەتی نەدەزانی و، ئەو ورەبەرزییەی لە جێبەجیٚ کردنی پرۆژەکانیاندا دەیاننواند. ئەو خەڵکە یەك سات چییە پشوویان نەدەداو، ڕێشیان بە کەسانی دیکە نەدەدا پشوو بدەن. وەك بڵێیت بەم تۆڕە پەنهانەی کە وردە وردە دەردەکەوت، بەم تۆڕە یاساو سستەم و فەرمانانە، بڕیاریان دابێت ئاگەیان لە هەر هەموو ژیان ببێت، ئاگەیان لە هەموو خەڵك و زیندەوەران و شتەکان ببێت، دیمەنی شارو نەریت و ئاکاری خەڵکی هەر لە منداڵییەوە تاکو مردن، هەموو شتێك بگۆڕن و، هەموو شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ بکەن.

هەموو ئەوەشیان لەسەرخۆو، بیٚ قسەکردنی زۆرو، بیٚ توندو تیژی و، بیٚ هەڕەشەکاری و وروژاندن، بە شێوەیەك کەس هەستی بە شتێك نەدەکرد پاڵیان پێوە بنێت بەرەنگاریان ببنەوە. ئەگەر هات و لێك تێنەگەیشتنێك ڕووی دا، یان هەستیان بە تۆزقاڵێك بەرخودان کرد، یەکسەر ڕادەوەستان و، لە شوێنێکدا بە پەنهانی لێی دەکۆڵینەوە، دوایی هیچیان نەدەکرد ئەوە نەبێت ڕووگە یان شێوازی کارەکەیان دەگۆڕی و، ئەو ئاکامەیان بەدەست دەهێنا کە وێڕای هەموو شتێك بە نیازبوون بەدی بهێنن. دەستیان بەهەر شتێك بکردایە بەلای خەڵکییەوە سەیر یان بیٚ بەها بوو. کێڵگە نەکێڵراوەکانیان دەپیواو، هەندێك درەختی نێو دارستانیان دیاری دەکردو نیشانەیان لەسەر دادەناو، ئاودەست و سەپتەنگەکانیان دەپشکنی و، لە ڕاستی و دروستی کێشانەو کێشانەکارییەکان دەکۆڵینەوەو، لەو نەخۆشییانەیان دەپێچییەوە کە تووشی خەڵکی دەبوون و، ژمارەو ناوی درەختە بەردارەکانیان دەپرسی، هەروەها جۆرەکانی بزن و مەڕو باڵندەکان (وەك بڵێیت یاری دەکەن و ڕادەبوێرن ... بە بۆچوونی گەل هەر هەموو ئەو کارانە بیٚ بەها دەهاتنە پێش چاوو لێی نەدەگەیشتن). لەناکاو ئەو کارانەی کە زۆر بە وختەیی و سووربوونەوە ئەنجامیان دەدان کەم بوونەوەو نەمان بیٚ ئەوەی هیچ شوێنەواریك لە پاش خۆیان بەجیٚ بهێڵن، وەك بڵێیت تا هەتایە لەناوچوون. بەڵام چەند مانگێك یان بەلایەنی کەمەوەساڵێکی نەبرد، گەل کە بە تەواوەتی ئەو بابەتەی لە یاد چووبووەوە،

لەناكاو لە واتای ئەو هەنگاوانە گەیشت كە سەرەتا وای هاتنە پێش چاو كە بێ بەهان و لە مێژیشە تەواو ژ بیری كردبوون. ئەوەتا ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕیش سپییانی گەڕەكەكان بۆ بارەگای حكوومەت گاز كران بۆ ئەوەی فەرمانی نوێیان لەبارەی درەخت بڕین لە دارستانەكان، یان سەبارەت بە قەلاچۆكردنی نەخۆشی تیفۆس، یان شێوازی فرۆشتنی میوەو شیرینی، یان مۆڵەتی هات و چۆكردنی چارەواو ولاغەكانیان پێ ڕابگەیەنن. بەم شێوەیە هەموو ڕۆژێكی نوێ بڕیارێكی نوێی تێدا دەردەچوو. بە دەرچونی هەر بڕیارێكی نوێش هەموو مرۆڤێك هەستی بەوە دەكرد كە ئازادی تاكەكەسی هەندێك تەسك دەبێتەوە، یان پابەندبوونەكانی زۆرتر دەبوون. بەلاَم ژیانی شارەكەو گوندەكان و هەموو دانیشتووانی شارو گوندەكان فرەوانتر دەبووەوە.

لە ماڵەكانیشدا، نەك هەر ماڵی توركەكان بەڵكو ماڵی سیربەكانیش، هیچ شتێك نەگۆڕاوە. خەڵكی لە ماڵەوە دەژین و كار دەكەن و ڕادەبوێرن وەك چۆن پێشتر دەژیان و كاریان دەكردو ڕایان دەبوارد. لە ماڵدا نانیان دەكردو، قاوەیان لە ناو كوانوودا دەبرژاندو، جل و بەرگیان لە ناو قزاندا دەنایە سەر ئاگرو دەیانكولاندو دواتر بە دەرمانی سۆدا دەیانشوشت، ئەو دەرمانەی پەنجەی ئافرەتی دەبردو، پارچە قوماشیشیان بە تەون دەچنی و بە (تارە) دەیانڕازاندەوە، نەریتە كۆنەكانی جەژن و شایی و زەماوەندیش وەك خۆیان مانەوەو نەگۆڕان. هەرچی ڕەوشت و نەریتی نوێیە كە بیانییەكان هێنایانن، خەڵكی تەنیا لە نێوان خۆیاندا بە چرپە باسیان لێوە دەكردن، وەك شتگەلێكی سەیر ئەقڵ بڕوایان پێ نەكات. بەكورتی زۆربەی خەڵك لە ماڵەكانیاندا هەر دەژیان و كاریان دەكرد وەك چۆن جاران دەژیان و كاریان دەكردو، وەك چۆن لە ماوەی پازدە ساڵ یان بیست ساڵی دوای گەیشتنی داگیركەرەكان هەر بەو شێوەیە دەژین و كار دەكەن.

بەلاَم دیمەنی شار بە شێوەیەكی ئاشكراو خێرا دەگۆڕا. ئەو خەڵكانەی لە ماڵەكانی خۆیاندا نەریتە كۆنەكانی خۆیان پاراستبوو، بیریان لە گۆڕینیان نەكردبووەوە، بە ئاسانی لەگەڵ ئەم گۆڕانانەدا دەگونجان كە بەسەر شاركەدا دەهاتن و، پاش مشت و مڕێكی زۆر یان كەم، پاش سەرسوڕمانێكی درێژخایەن یان كورت پەسەندیان دەكرد. شتێكی ئاساییە كە شێوەی نوێی ژیان گوزەراندن لە ڕاستیدا جۆرە تێكەلاَوییەك لە كۆن و نوێ دەگەیەنێت، وەك چۆن ئەمە لە هەموو شوێنێك لەم جۆرە بارودۆخەدا ڕوودەدات، چونكە بۆچوونە كۆنەكان و نەریتە كۆنەكان بەرەو ڕووی نوێیەكان دەبنەوەو بەرهەڵستییان دەكەن و، دواتر تێكەلاَویان دەبن، یان شان بە شانیان دەژین وەك بڵێیت چاوەڕێی ئەوە بن و ببینن كامیان بەسەر ئەوی دیكەدا زاڵ دەبێت و دوای ئەو دەژێت. خەڵكی پێكڕا بە هەردوو دراوی ناوخۆیی و دراوی بیانی شتیان دەژماردو، هاوكاتیش درێژی شتیان بە پێوەری ناوخۆیی و پێوەری بیانی دەپێواو، كاتی پارە وەرگرتن و قەرد دانەوەیان بە هەردوو ڕۆژژمێری نوێ و ڕۆژژمێری كۆن پێكەوە دیاری دەكرد(جەژنی پیاوچاك جۆرج، یان جەژنی پیاوچاك دیمتری). ئەگەرچی یاسای سروشتی ئەوەیە كە خەڵكی بەرهەڵستی هەموو شتێكی نوێ دەكەن، بەلاَم ئەو بەرهەڵستییە نەدەگەیشتە ئەوپەڕی ڕادەی خۆی، چونكە زۆربەی خەڵكی لەو بڕوایەدان ژیان لە ڕووی پایەوە مەترسیدارترو لە ڕووی پابەندبوونەوە بەهێزترە لەو وێنەیەی كە دەینوێنێت. تەنیا دەستەیەكی كەمی تاكەكان نەبێت بە ڕاستی لە ململانێی نێوان كۆن و نوێ هەست بە كارەساتێكی قووڵ دەكەن، وێنەی ژیان

به لای ئەوانەوە پێوەندی بە خودی ژیانەوە هەیە، پێوەندییەکی قووڵ بێ ئەوەی بە هیچ مەرجێکەوە پابەندبێت.
(شەمس بەگ برانکۆڤیچ)ی خەڵکی (تسرنچا) سەر بەو دەستەیە بوو، کە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین و دیارترین بەگەکانی شارەکە. شەش کوڕی هەیە چواریان ژنیان خواستووە، ماڵەکانیان خۆی لە خۆیدا گوندێکی پێك دەهێنا، بە بێستانی قۆخ و سەوزایی دەور درابوون. شەمس بەگ تاکە سەرۆکی هەر هەموو ئەم خێڵە بوو، پیاوێکی توندو کپ و کڕبوو. بالاّ بەرز، ڕۆژگار پشتی چەماندبووەوە، بە عەمامە سپییە بە زێڕ نەخشێنراوەکەیەوە نەدەچووە شار، تەنیا ڕۆژانی هەینی بۆ نوێژکردن لە مزگەوت نەبێت. لە یەکەمین ڕۆژی داگیرکردنەوە لەهیچ شوێنێکی شارەکە ڕانەدەوستاو، لەگەڵ کەس نەدئاخفت و، لەم لاو لای خۆی نەدەڕوانی. لە ماڵی خێزانی (برانکۆڤیچ)دا کەس نەیدەوێرا نە جلێکی نوێ، نە پێلاوێکی نوێ، نە ئامرازێکی نوێ بێنێتە ژوورەوە، تەنانەت وشەیەکی نوێش. هیچ لە کوڕەکانیشی هیچ کارێکیان نەدەکرد پێوەندی بە دەستەلاّتە نوێیەکەوە هەبێت، هیچ کام لە نەوەکانیشی نەدەچوونە خوێندنگە. هەموو ئەو خێڵە ئەم بارودۆخە نوێیەیان پێ ناخۆش بوو. ناڕەزایی لەمەڕ کەللە ڕەقی پیرەمێردەکە لەنێو کوڕەکانیدا دیارە، بەلاّم کەس ناوێرێت یان ناتوانێت بە وشەیەك یان نیگایەك ناڕەزایی خۆی دەرببڕێت. تورکەکانی گەڕەکی بازرگانی کە تێکەلاّوی خەڵکە نوێیەکە دەبوون و هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکردن، ئەگەر شەمس بەگ بە بازاڕدا تیپەڕیبا بەڕێزگرتنێکی کپ و بێ دەنگەوە سلاّویان لێ دەکرد، کە تێکەڵ بە ترس و سەرسوڕمان و نیگەرانی نێو ویژدان بوو. پیرەمێردەکان لە پیاو ماقوولانی شارەکە زۆر جار دەچوونە (تسرنچا)، وەك بڵێیت حەجی شوێنێکی پیرۆز دەکەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ شەمس بەگدا دانیشن و دەمەتەقێی لەگەڵ بکەن. لە ماڵەکەی ئەودا ئەو کەسانە گرد دەبوونەوە کە لەسەر بەرنگاربوونەوەو بەرخودانی تا دوا هەناسە سوور بوون و ئەوەیان ڕەت دەکردەوە مل بۆ دیفاکتۆ کەچ بکەن چەندیان لەسەر بکەوێت. لە ڕاستیشدا کۆبوونەوەکان دانیشتنی دوورو درێژ بوون، ئامادەبووەکان کەمتر قسەیان ئاڵ و گۆڕ دەکردو، ئاکامی بەرچاویشیان لێ دەرئەنجام نەدەهێنا.
شەمس بەگ لەسەر مافوورە سوورە بچووکەکەی خۆی دانیشتبوو بە فەروەکەی خۆی پێچابووەوەو بە زستان و هاوین دوگمەی پاڵتۆکەی دابوو، جگەرەی دەکێشاو میوانەکانی لە دەورو بەری بوون. وەك جاران دەمەتەقێ لەبارەی هەنگاوێکی نوێی ئەو هەنگاوە ناخۆش و نابەجێیانەوە بوو کە دەستەلاّتداران دەیانهاویشت، یان سەبارەت بەو تورکانە بوو کە خۆیان لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکاندا دەگونجێنن، گونجاندنێك ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێت. هەموو ئامادەبووان لەبەردەم ئەم پیاوە بەڕێزە توندەدا هەست بەوە دەکەن چی تاڵی و نیگەرانی و پەشێوییان هەیە دەربڕن. هەموو دەمەتەقێیەك بەم ئاکامە کۆتایی دەهات:
(هەموو ئەمە بەرەو کوێمان دەبات؟ هەموو ئەمە لەکوێ ڕادەوەستێت؟ ئەوانە کێن و چییان دەوێت، ئەو بیانییانەی کە وا پێدەچێت نە ئاگەی پشوو و نە ئاگربەست و نە میانڕەوی و نە سنوورێك نازانن؟ بەچی مەبەستێك هاتوون؟ ئەم هەموو شتانەیان لە کوێوە بۆ دێت کە تەواو نابێت و چی بەم هەموو شتە دەکەن؟

ئەو نیگەرانییە چییە وەك نەفرەت دوویان کەوتووەو بەرەو ئەم کارە نوێیانەو ئەم پرۆژە نوێیانە پاڵیان پێوە دەنێت کە نە سەرەتایان هەیەو نە کۆتایی؟).

شەمس بەگ هیچی نەدەخستە سەر قسەکان تەنیا تەماشای میوانەکان نەبێت و زۆربەی کات بێ دەنگ دەبوو. دەم و چاوی تاریك و نووتەك بوو، نەك لەبەر ئەوەی هەتاو سووتاندبێتی، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو شتەی دەخستە ڕوو لە ناخی دەروونیدا بوو، ڕوانینەکەیشی دژوار بوو، بەڵام ون و بزر، هەردوو چاوی پەشێو بوون، دوو بیبیلەی ڕەشیان هەبوو وەك بیبیلەی هەڵۆیەکی بەتەمەن بازنەی سپی و بۆر دەورەی دابوون ، زارێکی درێژی هەبوو وەك بڵێیت وشەیەك لە وشەکان دەپێوێت، کە ناگۆڕێت، بەڵام نەدەگەیشتە ئەوەی گۆی بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر خەڵکەکە هیچ جۆرە ناخۆشی و هێورییەکیان بەدی نەکردایە ئەوە لای ئەو هەستیان بە جۆرە پشوویەك دەکرد، کە ئەو خۆگرییە توندە نائومێدانەی ئەویان دەبینی لە داخاندا دەبووژانەوەو کاری تێ دەکردن.

کاتێك شەمس بەگ لەم هەینییەکەی دواتردا دەچووە گەڕەکی بازرگانی لەوێ گۆڕانێکی نوێی تەلارو خەڵکەکە چاوەڕێی دەکرد کە هەینی ڕابوردوو نەبوو. تەماشای عەردی دەکرد تا ئەو گۆڕانە نەبینێت، بەڵام ئەو کاتە لەناو قوڕە وشکەکەدا کە شەقامەکەی داپۆشیبوو، شوێن سمی ئەسپی دەبینی، شان بە شانی شوێنەواری ئەو ناڵە خڕانەی سمی ئەسپی تورکی ، شوێنەواری ناڵی کەوانەیی ئەم لاو ئەو لای تیژی ئەسپی نەمساوی دەبینران، تێبینی ئەوەیش دەکرا کە شوێنەواری ئەم ناڵانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تا دەهات پتر دەبوون، بەم شێوەیە چاوی تەنانەت لە ناو قوڕدا ئەو شتانەی دەخوێندەوە کە لە ڕوخسارو شتەکانی دەورو بەریدا دەیخوێندەوە، ئەویش ئەوەیە کە بەسەرچوونی ئەم سەردەم و ڕۆژگارە بێ بەزەییانە نزیك بووەتەوەو، هیچ شتێك بەری لێ نابڕێتەوە.

کاتێك شەمس بەگ دەرکی بەوە کرد کە ناتوانێت سەرنجی هیچ شوێنێك بدات، بە تەواوەتی وازی لە هاتوچۆکردنی ناو شار هێناو، خۆی لە (تسرنچا) بەندکرد کە سەرۆکی بێ دەنگی ئەو تەختەی بوو بەڵام ڕەق بوو داخی دڵی نەدەڕەواندەوە، بەرانبەر بە کەس و کاری توندو دڵڕەق، بەرانبەر بە خۆیشی دڵڕەقتر. پیرەمێردەکانی شارەکەو پیاوماقووڵانی تورك چوون پیاوچاکێکی زیندووی پیاوچاکانی خوا بەردەوام سەریان لێ دەدا (لەوانەیش بە تایبەتی عەلی خۆجە موتەوەلیچ). شەمس بەگ لە سێیەمین ساڵی داگیرکاریدا مرد بێ ئەوەی تووشی هیچ نەخۆشییەك ببێت، مرد بەر لەوەی ئەو وشە تاڵە گۆ بکات کە بەردەوام بە لێواری هەردوو لێوی دەیجوی، هەردوو لێوی پیرەمێردە بەساڵاچووەکە، مرد بێ ئەوەی جارێکی دیکە پێ بنێتە ئەو گەڕەکی بازاڕەی کە هەموو شتێکی تێدا بەرەو ڕووگەیەکی نوێ ئاراستە دەبوو.

لە ڕاستیدا شارەکە بە شێوەیەکی کوت و پڕ و لەناکاو دەگۆڕا. بیانییەکان دەستیان بە بڕینی درەختەکان کردو، لە شوینی ئەوانیشدا درەختی نوێیان دەچاندو، ڕێگەو بانەکانیان چاك دەکردەوەو ڕێگەی نوێیان دروست دەکردو، جۆگەیان هەڵدەکەندو، تەلاری گشتییان دروست دەکرد. لە ساڵەکانی سەرەتادا ئەو دوکانانەی بازاڕیان تێکدا کە لەسەر یەك هێڵی ڕاست نەبوون (ئەگەرچی تا ئەو سەردەمە ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسیان بێزار نەکردبوو)، لە شوێنی دوکانە کۆنە دەرگە دارینەکان دوکانی نوێی بناغە پتەویان دروست

کرد، بنمیچەکانیان بە قرمید یان چینکۆ داپۆشرابوو، دەرگەکانیشیان بە ئاسن کلیل دەدرا (دەبوو دوکانەکەی عەلی خۆجەیش ببێتە قوربانییەك لە قوربانییەکانی ئەو هەنگاوانەو، وەك چۆن ئەوانی دیکە ڕووخێنران ئەویش بڕووخێنرێت ، ئەگەرچی عەلی خۆجە بەتوندی و کەللە ڕەقی بەرەنگاری ئەو هەنگاوە بووەوەو، سکاڵای بۆ دادگە بەرز کردەوەو، پەنای بۆ هەزارو یەك فاکتەرو هۆکار برد تا سەرکەوت و ئەو فەرانەی دەستگیر بوو کە دوکانەی ئەو وەك خۆی بمێنێتەوەو لەشوێنی خۆیدا دەستی لیّ نەدرێت). گۆڕەپانی بازاڕەکە فرەوان کرایەوەو ڕێکخراو، تەلارێکی گەورەو نویّ دروست کرا، کرایە بارەگای دادگەو دەزگەکانی بەرێوەبردن لە ناوچەکەدا. هەرچی سوپا بوو ئەوە لەو کارانە بەردەوام بوو کە پێوەندییان بە خۆیەوە هەبوو، لەوەیشدا خێراتر بوو لە دەستەڵاتە سڤیل و، کەمتریش ڕەچاوی خەڵك و بە قسەی خەڵکی دەکرد. خانووی لە تەختەدار دروست دەکردو، زەوی دەکێڵاو، بەروبوومی دەچاندو، ڕوخساری تەواوی تەپۆڵکەکانی دەگۆڕی.

پیرەمێردەکانی شارەکە ناتوانن لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیانەدا دەرببەن و، هەر سەرسوڕمانی خۆیان دەردەبڕن. هەرکە مەزەندەی ئەوە بکەن کە ئەم سووربوونە سەیرە خەریکە کۆتایی دێت، دەبینن ئەو بیانییانە دەست بە پرۆژەیەکی لەوەی پێشوو سەیرتر دەکەن. دانیشتووان بەرانبەر بەم پرۆژانە ڕادەوەستان و تەماشایان دەکردن، نەك وەك ڕاوەستانی منداڵان ئەوانەی ئارەزو دەکەن لەو پرۆژانە بڕوانن کە گەورەکان ئەنجامیان دەدەن، بەڵکو ڕاوەستانی گەورەکان بۆ ئەوەی تەماشای یاری بچووکەکان بکەن. بەڵام ئەم پێویستییە بەردەوامەی لە دەروونی ئەو بیانییانەدا هەڵایساوە، کە بەرەو بنیاتنان و ڕووخاندن و هەڵکەندن و ئاوەدانکردنەوەو دروستکردن و گۆڕانکاری پاڵیان پێوە دەنێت، ئەم ئارەزووە بەردەوامەی پێشبینی کردنی کاریگەری هێزە سرووشتییەکان و، لە کۆششێکدا بۆ خۆدەربازکردن لەم کاریگەرییەو ڕێ لیّ گرتنی، کەسێك نەبوو لێرە لەوە تێبگات و ڕێزی لیّ بنێت و بەهای بزانێت، لەوەیش پتر هەموو دانیشتتوانی شار، بە تایبەتی پیرەمێردەکان، بڕوایان وابوو کە هەر هەموو ئەو شتانە بەڵایەکن و کارەساتیان بەدواوەیە. بە بیرو بۆچوونی ئەوان، پێویستە شارەکە مۆرکی هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵات بپارێزێت: ئەگەر شتێك تێك بچێت چاك بکرێتەوە، ئەگەر شتێك هەرەسی هێنا، کۆڵەکەی بدرێتە پاڵ، بەڵام پێش ئەوە یەکێك چەند کارێك لەسەر بنەمای پلان و پیشبینی ئەنجام بدات پێویست نین، بناغەی تەلارەکان دەستکاری بکات و ئەو دیمەنە تێك بدات کە خوا بۆ ئەم شارەی ویستووە، ئەوە هەرچۆنێك بووە نابێت.

بەڵام بیانییەکان، بە شێوەیەکی خێراو تەواوو بە پێی چەند نەخشەیەکی نەزانراو کە مکوم لێیان کۆڵرابووەوە یەك لەدوای یەك درێژەیان بە پرۆژەکانیان دەدا تا کۆتایی دەهاتن، بۆیە دانیشتووانی شارەکە سەریان لەوە سوڕمابوو.

بەم شێوەیە، کە خەڵکی شارەکەمان هەرگیز بیریان لەوە نەکردبووەوە، نۆرە هاتە سەر خانە بەردینە پشت گویّ خراوەکە کە بەر لە سێ سەدە پردەکەی تەواو دەکرد. لە ڕاستیشدا ئەوەی پێی دەگوترا خانە بەردینەکە هەر لەمێژ بوو بووبووە کەلاوەیەکی وێرانە، دەرگەکانی پتورکاوو شکابوون و، ئەستوونگەکانی کە لە نەرمە بەرد دروست کرابوون ئەوانیش شکابوون، بنمیچەکەی داڕووخابووە خوارەوە. لەبەردەمیشیدا درەختێکی گەورەی (ئەکاسیا) داکەوتبوو، کۆمەڵێك دڕك و زەردەسیری و، چەندین گژو گیای بیّ ناو شین بووبوون. بەڵام

دیوارەکانی دەرەوەی وەك خۆیان مابوونەوەو، هێشتە بەردە سپییە لاکێشەییەکانی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ڕاوەستاون. دانیشتووانی شار، لەو کاتەوە لەدایك دەبن تا دەمرن، ئەو تەلارەیان وەك وێرانەیەك چوون وێرانەکانی دیکە نەدهاتە پێش چاو، بەڵکو بە تەواوکەری پردەکەیان دەزانی، بەڵکو بێ جیاوازی وەك ماڵەکانیان بە بەشێکی تەواوکەری شارەکەیان دادەنا، بیریشیان بۆ ئەوە نەدەچوو، تەنانەت لە خەونیشدا، کەس دەست بۆ ئەم خانە کۆنە درێژ بکات و شتێکی تێدا بگۆڕێت کە ڕۆژگارو سروشت نەیانگۆڕیوە. بەڵام ئەوەتە ڕۆژێك لە ڕۆژان نۆرەی ئەویش دێت. سەرەتا ئەندازیارەکان درێژایی دەورو بەریان پێوا، دواتر کرێکارو وەستاکان هاتن و یەك لە دوای یەك بەردەکانیان لاداو فڕێ داو، باڵندەو زیندەوەرە بچووکەکانیان دەترساندو ڕاو دەنا کە هێلانەیان تێدا کردبوو. ماوەیەکی زۆری نەخایاند ئەو شوێنەی دەکەوتە سەرووی گۆڕەپانی بازاڕی نزیك بە پردەکە لەو خۆڵە کەڵەکە بەستووەی ئەوێ پاك کرایەوە. تەنیا بارستاییەکی باشترین بەردی خانەکە مایەوە کە مکوم جێبەجێ کرابوو.

دوای ساڵێك یان کەمێك پتر، لە شوێنی خانە بەردینە سپییە کۆنەکەدا، تەلارێکی یەك نهۆمی سەربازی، بەرزو زل بڵند بووەوە، بە ڕەنگێکی شینی کاڵ بۆیە کرابوو، بە چینکۆی ئاسن سەری گیرابوو، دیوارەکانی ئەم لاو ئەو لای کون و کەلەبەری تەقەکردنیان تێ کرابوو. سەربازەکان بە درێژایی ڕۆژ لە گۆڕەپانە خۆڵینە فراوانکراوەکەی بەردەم تەلارەکە مەشقیان دەکرد، باش چاوشەکان بە دەنگی بەرز فەرمانیان پێ دەکردن، ئەوانیش وەك کوژراو لەسەر عەرد لەپەو ڕوو درێژ دەبوونەوە، یان وەك هەرزە سەریان دەخستە ناو خۆڵەکەوە. ئێوارانیش لە پەنجەرە بێ شومارەکانی تەلارە ناشیرینەکەوە دەنگی سروودی جەنگی شان بە شانی هارمۆنیا بەرگوێ دەکەوت کە کەس تێی نەدەگەیشت ...تا ئەو کاتەی دەنگی شاورەکە بەرز دەبووەوە کە وای دەکرد سەگەلی شار بە وەڕین و حەپین بە دەنگییەوە بچن، ئەو کات هەر هەموو ئەو هەراو هوریایە کپ دەبووەوەو، ڕووناکی لە پەنجەرەکانەوە دەکوژایەوە. بەم شێوەیە تەلارە خێرخوازییە جوانەکە نەما کە وەزیرەکە دروستی کردبوو، هەر بەم شێوەیەیش تەلارە سەربازییەکە، کە خەڵکی وەك چۆن ڕاهاتبوون، هەر بە ناوی خانە بەردینەکە ناویان دەبرد، لەسەر زەوییە ڕێك و پیك کراوەکەی نزیك پردەکە دەستی بە ژیانی خۆی کردو، تەواو لەگەڵ هەموو ئەوانەی دەورو بەریدا نەدگونجا.

ئێستە پردەکە تەواو گۆشەگیر بووبوو.

لەسەر پردەکەیش ئەو کارانە ئەنجام دران کە وایان کرد ڕەوشت و نەریتەکانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەرەنگاری نوێ کردنەوەکان بوونەوە کە بیانییەکان و دەستەڵات و فەرمانڕەواییەکەیان هێنابوویانە گۆڕێ. لە ئاکامی ئەوەیشەوە هەموو شتێکی کۆن و، هەموو نەریتەکانی وڵات ناچار بوون پاشاکشێ بکەن و خۆ بگونجێنن.

ژیان لەسەر پردەکە بێ گۆڕانکاری بەردەوام بوو، لە سنووری ڕاوەستانی لای خودی خەڵکی شارەکە. هەرچۆنێك بوو ئێستە سیربی و جووەکان ئازادانەتر دەچوونە سەردانی کابیاکە، ژمارەی ئەوانەیان کە بەدرێژایی ڕۆژ دەچوونە سەردانی کابیاکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی دەستاند، بێ ئەوەی چوون ڕابوردوو گوێ بە تورکەکان و نەریت و ئیمتیازاتەکانیان بدەن. پردەکە هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە پیاوانی چالاك لە بازرگان و بزنسماندا جمەی دەهات، لەوێ دادەنیشتن بۆ ئەوەی ئافرەتە جووتیارەکان ببینن، خوری و باڵندەو

هێلکەیان لێ دەکڕین، سەیرانکەری بێکاریش لە تەنیشتیانەوە بەبەر تیشکی هەتاوەکەوە لەم پەڕی شارەوە بۆ ئەوپەڕی شار دەهاتن و دەچوون و پیاسەیان دەکرد. ئێوارانیش خەڵکی دیکەی شار دەهاتن، بزنسمانەکانیش بە خۆیان دەهاتن بۆ ئەوەی بێ دەنگ کەمێك بپەیڤن یان سەرنجی ئەو ڕووبارە بدەن کە بە کورتە دارپەڵك و شوێنی دانیشتن لە لم دروست کراو دەور درابوو. هەرچی شەوە ئەوە بۆ لاوەکان بوو کە کاتیان تێدا بەسەر دەبرد.

ژیانی شەوانە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا هاتبوو، کە بەلایەنی کەمەوە لە سەرەتاوە جێی ناکۆکی بوو. ئەویش لەبەر ئەوەی دەستەڵاتدارانی نوێ ڕووناکییەکی بەردەوامیان بۆ شارەکە دابین کرد، چەندین چرای نەوتییان بە ئەستوونە سەوزەکانی شەقامە سەرەکی و دووڕیان و چوار ڕیانەکانی شارەوە کرد. فەرحات ئەو چرایانەی پاك دەکردەوەو نەوتی تێ دەکردن و دایدەگیرساندن، کە پیاوێکی درێژکەلەی نەدارەو ماڵەکەی پڕ لە منداڵی ورد وردە، پێش ئەوە لە کارگێڕی بەردەست بوو، تۆپی ڕەمەزانی دەتەقاندو کارو ئیشی لەو جۆرانەی دەکرد بێ ئەوەی کرێیەکی دیاریکراوی مسۆگەر وەربگرێت. بەو شێوەیە چەند شوێنێکی پردەکە ڕووناك کرایەوە هەروەها کابیاکەیش ڕووناك کرایەوە. ئەو مێخەی لەوێ چراکەی پێوە کرابوو بە ئەستوونێکی لەداربەڕوو دروست کراوی قەد سوپێرە کۆنەکەوە داکوترابوو. ئەو چرایەی کە کابیاکەی ڕووناك دەکردەوە ململانێیەکی دوورو درێژی لەگەڵ ڕەوشت و ڕەفتاری ئەو سەرپێچیکارانەدا کرد کە ئارەزوویان دەکرد بە تاریکی گۆرانی بچڕن و جگەرە بکێشن و دەمەتەقێ بکەن، لەگەڵ ئارەزووی تێکدان لای ئەو لاوانە کە نائومێدی ئەڤین و حەزکردن لە تاك و تەنیایی و خواردنەوە لە دەروونیاندا دەخولایەوە، بۆیە ئەو ڕووناکییە ڕقی دەورووژاندن، چەندین جاری یەك لە دوای یەك ئەو چرایەیان دەشکاند ... شکاندنی ئەو چرایە بووبووە هۆی ئەوەی سزای زۆر بسەپێنرێن و بڕیاری جۆراجۆریش دەربکرێن، تەنانەت سەردەمێك پاسەوانێکی تایبەت بۆ ئەو چرایە دانرا، بۆیە بوونی ئەو پاسەوانە بەشەو بۆ ئەو کەسانەی سەردانی کابیاکەیان دەکرد لە خودی چراکە جێی بێزارییەکی زۆرتر بوو، بەلام ڕۆژگار کاری خۆی کرد، چونکە نەوەکان وردە وردە بە چراکە ڕاهاتن و، بە چەشنێك لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکەدا ڕاهاتن بە ڕادەیەك جلەویان بۆ هەستی شەوانەیان لە ژێر ڕووناکی کزی چراکانی شارەوانیدا شل دەکردو، وایان لێ هات هەموو جارێك بەرد یان دار یان هەر شتێك دەستیان پێ گەیشتبا تێنەدەگرت. ئەم گونجانەیش ئەو کارەی ئاسان کرد کە چراکان شەوانی مانگە شەو دانەگیرسێنرێن، کە بە تایبەتی ئەو شەوانەیش خەڵکێکی زۆر سەردانی کابیایان دەکرد.

ساڵی جارێکیش پردەکە لە شەوی هەژدەی ئابدا، کە ڕۆژی جەژنی لەدایکبوونی ئەمپراتۆرە، لەم پەڕ تا ئەوپەڕ ڕووناك دەکرایەوە. ئەو ڕۆژە دەستەڵاتداران پردەکەیان بە چەپکە گوڵ و لقەدار سنەوبەر دەڕازاندەوە. کە شەو دادەهات زنجیرەیەك چراو مۆم دادەگیرسێنران: سەدان قوتووی بەتاڵ پڕ لە پیوو ڕۆن دەکران و دادەگیرسێنران، لە هەردوو کەنارەوە بڵێسەی ئاگر بەرز دەبووەوە. ئەم چرایانە ناوەندی شاریشیان ڕووناك دەکردەوە، لەکاتێکدا ئەم پەڕو ئەوپەڕی شار بە تاریکی دەمانەوەو ئەستوونەکانیان لە تاریکیدا بزر دەبوون و، بەشە ڕووناکەکەی وەها دەهاتە پێش چاو وەك بڵێیت بە ئاسمانەوەیە.

بەڵام چرا نەبوو زوو نەکوژێتەوە، ئاهەنگیش نەبوو بەسەر نەچێت .... کە ڕۆژی دواتر دەهات پردەکە دەگەڕایەوە دۆخی جاران. هیچ شتێك بۆ ڕۆڵەکانی ئەم نەوەیە نەدەمایەوە تەنیا ئەم وێنە نۆژەنکراوەی پردەکە نەبێت کە نوقمی ڕووناکی و سێبەر بووە، کە دیمەنێکی جوان و کاریگەر بوو، بەڵام زۆر کورت بوو لە خەون دەچوو.

دەستەڵاتی نوێ شتێکی دیکەی جگە لە ڕووناکی بەردەوام بەسەر پردەکەدا سەپاند، لەوانەیش خاوێنی، یان جۆرە خاوێنییەك کە لەگەڵ تێڕوانینیدا بگونجێت. ئیدی توێکڵە میوەو ناوکە کاڵەك و توێکڵە باوی و گوێز بەسەر کاشی پردەکەوە چەند ڕۆژ نەدەمانەوە تا باو باران پەرت و بڵاویان بکەنەوە، بەڵکو هەموو بەیانیانێك گسکدەرێك کە شارەوانی تایبەت بۆ ئەو کارەی دامەزراندبوو گسکی دەداو خاوێنی دەکردەوە. ئەنجامیش کەس لەم کارە بێزار نەبوو، چونکە خەڵك لەسەر پاك و خاوێنی ڕادێن ئەگەرچی پێویستی ئەوان و نەریتی ئەوانیش وا نەبوو، بەمەرجێك بە خۆیان ئەنجامی نەدەن.

شتێکی دیکەی نوێش هەبوو کە داگیرکاران هێنایان، ئەویش ئەوەبوو کە لەوەتای کابیاکە دروست کراوە بۆ یەکەمین جار ئافرەتان دەستیان بە سەردانی کابیاکە کرد. خێزان و کچانی فەرمانبەران و کارەکەرو پەروەردەکارانی منداڵەکانیان لەسەر کابیاکە ڕادەوەستان بۆ ئەوەی کەمێك دەمەتەقێ بکەن، یان ڕۆژانی جەژن لەگەڵ میردەکانیاندا، سڤیل یان سوپایی، لەوێ دانیشن.

ڕاستە لە نێوان کابیاو ڕەگەزی ئافرەتانی شاردا پێوەندییەکی هەمیشەیی هەیە، بەڵام ئەم پێوەندییە لەوە تێناپەڕێت کە ئەو لاوانەی دەهاتنە کابیاکە هەندێك وشەیان ئاراستەی ئەو کچانە دەکرد کە بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕین، یان هەندێکیان سۆزی ناخی دڵیان بۆ یەکدی ئاشکرا دەکرد، یان هەندێکیان لەگەڵ یەکدی ئاشت دەبوونەوەو کۆتاییان بەو ناکۆکی و نەیارییانەیان دەهێنا کە بە هۆی ئافرەتانەوە لە نێوانیاندا دروست بووە، یان بە داخەوە باسی ئەو ئازارو ئەزیەتانەیان دەکرد لەسەر دەستی ئەوان تووشیان هاتوون. زۆر کەسانی گۆشەگیرو تەنیایش هەبوون کاتێکی دوورو درێژیان بە تەنێ لەوێ بەسەر دەبردو گۆرانییان بۆ خۆیان دەچڕی و جگەرەیان دەکێشاو بێ دەنگ لە ئاوە خێراو خوڕەکەیان دەڕوانی. ئەوە باجی سۆزەو پێویستە هەر یەك لە ئێمەمانان بیدات و کەس ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات. ئەو ناکۆکییانەی نێوان لاوان چەندە زۆرن کە لەوێ چارەسەر کران و چەندە زۆرن ئەو سەرکێشییانەی ئەڤینداری کە وێنا کراون! ئەو دەمەتەقێیانە چەند زۆرن لەوێ سەبارەت بە ئافرەت و دڵداری کراون! ... چەندە زۆرن ئەو خەونانەی لەوێ بە ئەندێشەدا تێپەڕیون!. چەندین ئارەزوو و تامەزرۆیی لەوێ هەڵیساون! ... چەندین ئارەزوویش کپ و خامۆش بوونەتەوە .. هەموو ئەمانە ڕاست و دروستن ... بەڵام خودی ئافرەتان ڕۆژێك لە ڕۆژان لای کابیاکە دانەنیشتن و، ڕایشنەوەستان، نە کریستیانەکانیان و نە موسوڵمانەکانیان. هەرچی هەنووکەیە ئەوە تەواو گۆڕاوە.

ڕۆژانی یەك شەممووان و جەژنەکان، خەڵکی ڕاهاتبوون ئافرەتی چێشت لێنەری ڕوو سووری جەستە شەتەك دراو ببینن، بەو هۆیەشەوە لە سەرەوە شانیان دەرپەڕیبوون و لە خوارەوەیش هەناسەیان لێ بڕابوو، لەتەنیشتیشیانەوە پاسەوانەکانیان بە جلی فەرمی خاوێن و دوگمە ئاسنینە بریقەدارو، ئارم و نیشانە

سوورەکان و ئەو بەندانەوە کە سەربازە پیادەکان سنگی خۆیانیان پێ دەڕازاندەوە، دانیشتبوون. لە ڕۆژانی جگە لەیەك شەممەو جەژنەکانیش فەرمانبەرو ئەفسەرەکان لەگەڵ ژنەکانیاندا بۆ سەیران دەچوونە دەرەوە، لای کابیاکە ڕادەوەستان و، بە زمانی خۆیان کە کەس تێی نەدەگەیشت دەپەیڤین و ، لە قاقای پێکەنینیان دەداو، بە ئارەزووی خۆیان دەهاتن و دەچوون و پیاسەیان دەکرد.
دیمەنی ئەو ئافرەتە بێکارانە، کە سەرقاڵی دەمەتەقێ بوون، ئەو ئافرەتە ڕوو بە بزەو پێکەنینانە کە گاڵتەیان دەکرد، کەم تا زۆر بەلای هەموو خەڵکەوە جێی سەرسوڕمان بوو. بەڵام ئەوانەی یەکەمین جار بە بینینی ئەو دیمەنە سەریان سوڕماو واقیان وڕما ئەوەندەی نەخایاند لێی ڕاهاتن، وەك چۆن لە زۆر شتی نوێی دیکە ڕاهاتن، ئەگەرچی پەسەندیشیان نەبوویێت.
دەشێت بە شێوەیەکی گشتی بڵێین کە ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی پردەکە بە خۆوەی ببینی شتی بێ بەهای ڕواڵەتی کورت بوون. گۆڕانە گرنگەکان کە لە ئەندێشەی خەڵکی و لە نەریت و لە ڕواڵەتی شاردا بەدی هاتن لە نزیك پردەکەدا ڕوویان دا بێ ئەوەی دەستی لێ بدرێت. وا پێدەچێت ئەم پردە سپییە کۆنەی کە خەڵك لە ماوەی سێ سەدەدا بە سەریدا پەڕیونەتەوە بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکیان تێدا مابێتەوە، وەك خۆی ماوەتەوەو تەنانەت لە سەردەمی ئەمپراتۆری نوێشدا گۆڕانی بەخۆوە نەبینی و، بەسەر ئەم لافاوی شتە نوێ و گۆڕانکارییانەدا سەردەکەوێت، وەك چۆن پێشتریش بەسەر گەورەترین لافاودا سەرکەوت و لەو شەپۆلە زۆرانە بە ساغ و سەلامەتی ڕزگاری بوو کە نغرۆیان کردبوو، هەموو جارێك بە ساغی و سپییەتی ڕزگاری دەبوو هیچ ئازارێکی پێنەدەگیشت، تەنانەت وەك بڵێیت ژیان و گیانی زۆرتری بەبەردا کراوەتەوە.

*****

# دوازدەمین پاڕ

بەم شێوەیە ژیان لەسەر کابیاکە پتر جموجووڵ و جوولآنەوەی تێکەوت و پڕ لە ڕووداوی جۆراوجۆر بوو. هەموو ئەو خەڵکە زۆرو ڕەنگاو ڕەنگ و جۆراوجۆرەی دانیشتووی شارەکەمان و بیانی بە لاوو بە ساڵداچووانەوە، بە درێژایی ڕۆژ، بگرە لە هەندێك کاتەکانی شەویشدا دەچوونە ئەوێ، بەڵام تەنیا بایەخیان بە خۆیان دەداو لە ناو هزرو بیرکردنەوەو چێژو ئارەزووەکانی خۆیاندا نوقم دەبوون کە هەنگاوەکانیان لەو پێناوەدا بۆ ئەوێیان هێناون. بۆیە ئاگەیان لەکەسانی دیکە نەبوو کە هەنگاوەکانیان بۆ هزرو غەمی دیکە بۆ ئەوێیان دەهێنان و سەریان دادەنەواندو نیگا بزر بەسەر پردەکەدا دەپەڕینەوە بێ ئەوەی تەماشای لای چەپ یان ڕاست بکەن و ئاگەیان لەوانە بێت لەسەر کابیاکە دانیشتوون.

بێگومان میلان گلاسنچانین (خەڵکی ئۆکۆڵچە) یەکێك لەو ڕێبوارانە بوو. پیاوێکی درێژو، وشك و، پشت کۆماوەی ڕەنگ زەرد بوو. هەموو جەستەی سووك و بێ کێش دەهاتە پێش چاو، لەسەر دوو پاژنەی لە قورقۆشم ڕادەوەستا. بۆیە کە ڕێی دەکرد هەڵتەك هەڵتەکی بوو، دەچەمایەوە، وەك چۆن ئالآیەك لە ئالآکانی کڵێسا لەکاتی تەوافدا بەدەستی منداڵێك لە منداڵانی کۆرسەوە بێت و بچەمێتەوە. ڕەنگی قژو هەردوو سمێڵی خۆڵەمێشی بوو، وەك بڵێیت پیرەمێردێکی بە ساڵداچوو بێت. هەردوو چاوی بەردەوام نوقابوون. بە شێوەیەك هەنگاوی دەهاویشت چوون کەسێك کە خەوتبێت و ڕێ بکات، تێبینی ئەوەی نەدەکرد هیچ شتێك لەسەر کابیاکەو ڕەفتاری خەڵکی گۆڕابێت. ئەو خەڵکەیش لەسەر کابیاکە دانیشتوون خەون دەبینن یان گۆرانی دەڵێن یان دەمەتەقێ دەکەن یان کات بە فیڕۆ دەدەن، ئەوانیش تێبینی ئەوەیان نەدەکرد بە لایاندا تێپەڕێت. بەساڵداچووان هەیانە لە یادیان چووەتەوەو، لاوەکانیش بە بیریان نایەتەوەو بیانییەکانیش نایناسن. لەگەڵ ئەوەیشدا چارەنووسی ئەو پێوەندییەکی زۆری بە کابیاکەوە هەیە لەوەی کە خەڵکی لە شارەکەدا پیش دە ساڵ یان دوازدە ساڵ لەمەوپێش دەیانگێڕایەوەو بە گوێی یەکدییانەوە دەچرپاند.

نیقۆلا گلاسنچانین، ئەو ڕۆژگارە لە شارەکەدا نێشتەجێ و سەقامگیر بوو کە شۆڕش لە چڵەپۆپەدا بوو. ئەویش زەوییەکی باشی لە ئۆکۆڵچە کڕی. خەڵك مەزەندەیان دەکرد لە شوێنێکەوە پارەیەکی ڕفاندووە کە حەلآڵ نییە. کەس بەڵگەیەکی لەو بارەوە نەبوو، بۆیە خەڵکی بڕوایان بەو گریمانە نەبوو نیوە بڕوا پێ کردنێك نەبێت، بەڵام هیچ کامێکیان بە تەواوەتی ڕەتی ناکەنەوە. ئەم کابرایە دوو جار ژنی هێناوە، وێڕای ئەوەیش

منداڵی زۆری نەبووە، تەنیا یەك کوڕی هەبوو ئەویش (میلان) بوو کە هەموو سامانەکەی بۆ بەجێ هێشتبوو، ئەوەی خەڵکی دەیبینین و ئەوەی شاررابووەوەو کەس نەیدەبینین. (میلان)یش تەینا کوڕێکی هەبوو ناوی پوترس بوو. دەکرا هەموو سامانەکەی میلان بەشی بکات و، لێی بۆ بەجێ بهێڵێت ئەگەر تووشی ئەو پەتایە گەورە نەبووایە کە ئەویش پەتای قومار کردنە.

دانیشتووانی ئەم شارە بە سروشتی خۆیان قومارچی نەبوون. ئەوە بوو پێشتر بینیمان ئەو ئارەزووانەی کە خولیایانن چەشنێکی دیکەن و زۆر لە ئارەزووی قوماركردن جیاوازە: زۆریان حەز لە خۆشویستنی ئافرەت و، ئارەزووکردنی خواردنەوەو، گۆرانی و، بێکاری و پیاسەکردن و بەردەوام بوون لەگەڵ زیندە خەونەکانیان نزیك بە ڕووبارەکەیان. ئەوی زانراویشە کە تواناو وزەی مرۆڤ لە هەموو شتێکدا سنووردارە، تەنانەت لەم کارانەیشدا، چونکە ئارەزووەکان لە ناخی مرۆڤدا پێکدا دەدەن و پاڵ بە یەکدییەوە دەنێن، زۆر جاریش یەکدی لەناو دەبەن. ئەوەیش واتای ئەوە نییە کە یەکێك لە دانیشتووانی شار قومار ناکات، بەڵام ژمارەی ئەوانەی قوماریان تێدا دەکرد لە ژمارەی ئەوانەی لە شارەکانی دیککەدا قوماریان دەکرد کەمتر بوو، زۆربەی ئەوانەیش بیانی بوون یان لەو کەسانە بوون کە تازە هاتبوونە شارەکەو لێی نێشتەجێ بووبوون. هەرچۆنێك بێت میلان گلاسنچانین یەکێك لەوانە بوو خووی بە قومارەوە گرتبوو. هەر لە منداڵییەوە ئارەزوی قومارکردنی کەوتبووە مێشکەوە، ئەگەر کەسی لە شارەکەدا نەدۆزیبایەو قوماری لەگەڵدا بکات، ئەوە دەچووە شارۆچکەکانی دەورو بەر، کە دەگەڕایەوە یان ئەوەندە پارەی لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە وەك بازرگانێك لە بازاڕ بیهێنێتەوە، یان بێ کاتژمێرو، بێ زنجیرو، بێ قوتووە جگەرەکەی و، بێ ئەموستیلە دەگەڕایەوە، بەڵام لە هەردوو بارەکەدا ڕوخسار زەردو ڕەنگ بزرکاو وەك بڵێیت نەخۆش کەوتووە.

ئەو شوێنەی ئاموشۆی دەکرد مەیخانەکەی ئۆستامۆئیچ بوو، لای ئەوپەڕی گەڕەکی بازرگانی لە شاری فیشیگراد. ئەو مەیخانەیە ژوورێکی بچووکی تەسکی بێ پەنجەرە بوو، تەنانەت بە ڕۆژیش مۆمی تێدا دادەگیرسێنراو، بەردەوام سێ یان چوار کەس لەو پیاوانەی تێدا کۆ دەبوونەوە کە لەم جیهانەدا یارییان لەهەموو شتێکی دیکە خۆشتر دەویست. ئەو پیاوانە لە شانۆی ئارەزوودا شەویان بەدەم ڕۆژەوە دەداو، دەرگەی ژوورەکەیان لە خۆیان پێوە دەدا، لە دووکەڵی جگەرەو بۆگەنی هەوادا قانگیان دەخوارد، خوێن دەزاییە چاویان و، گەروویان وشك دەبوو، دەستیان دەلەرزی. لەو ژوورەدا میلان بەشێکی زۆری تەمەنی لاوی خۆی بەسەر بردو، ماڵئاوایی لە بەشێکی زۆری هێزو تواناو سامانی خۆی کرد، تەمەنیشی زۆر لە سی ساڵی تێنەپەڕیبوو کاتێك ئەو گۆڕانە لەناکاوەی بەسەردا هات کە کەس نەیتوانی پاساوی بۆ بهێنێتەوە، کە لەو نەخۆشییەی تا هەتایە قوتار کرد، بەڵام هاوکات ژیانی گۆڕی و بەرەواژی کردەوە.

لە وەرزێك لە وەرزەکانی پاییزدا بەر لە چواردە ساڵ پیاوێکی بیانی گەیشتە مەیخانەکە، نە پیرو نە لاو بوو، نە جوان و نە ناشیرین بوو، کابرایەکی بە تەمەن، کەم دوو، بەڵام تەنیا هەردوو چاوی بزەیان دەهات. پیاوێکی پرەکتیکی بوو تەواو نغرۆی ئەو کارە بووبوو کە لە پێناویدا هاتبوو، دوای ئەوەی شەوی لە شار بەسەر برد، بەرەبەیان تووشی ئەو ژوورە تەسکە بوو کە یاریکەرەکان لە پاش نیوەڕۆی دوێنێوە تێیدا کۆبووبوونەوە، ئەوان بەوپەڕی وریایی و گومانەوە پێشوازییان لێکرد، بەڵام لە ڕەفتاردا ئەوەندە هێمن و

سەنگین بوو بە شێوەیەك گوێیان نەدایە، کاتێك بە پارەیەکی کەم گرەوی لەسەر پاپەزێك دەکرد. زۆرتر دەدۆڕا وەك ئەوەی بباتەوە، دەشڵەژاو نێو چەوانی درژ دەکردو، دەستی بە گیرفانەکانی ناوەوەدا دەکرد، بە نقەنق چەند دراوێکی زیوینی دەردێنا.

پاش ئەوەی پارەیەکی زۆری دۆڕاند، نۆرەی دابەشکردنی پاپەزی هات، سەرەتا سست و وریایانە دابەشی کرد، دواتر وردە وردە خێراو ڕەهایانە دابەشی کرد. وای لێهات نەك هەر لەسەرخۆو بوێرانە، بەڵکو وای لێهات بوێرانەترو ئازایانەتر یاری بکات و، لە گرەوکردندا تا ئاکامی یارییەکە وازی نەدەهێنا. وای لێهات دراوی زیوین لەبەردەمیدا کەڵەکە بوو، یاریکەرەکانیش یەك لەدوای یەك وازیان لە یاری دەهێنا، یەکێکیان گرەوی لەسەر زنجیرە ئاڵتوونەکەی کرد، بەڵام پیاوە بیانییەکە بە ساردییەکەوە ئەوەی ڕەت کردەوەو گوتی تەنیا گرەو لەسەر پارە دەکات.

یاری لە کاتی نوێژی شیواندا کۆتایی هات، چونکە کەسیان پارەی زۆرتریان نەبوو. میلان گلاسنچانین دوایەمین کەس بوو کە لەیاری بەردەوام بوو، بەڵام ئاکام ناچار بوو بکشێتەوە، ئەو کات پیاوە بیانییەکە بەوپەڕی ئەدەبەوە داوای لێبووردنی کردو بەرەو ژوورەکەی خۆی تێی تەقاند.

بۆ ڕۆژی دواتر یاری دەستی پێ کرایەوە، بیانییەکە دەدۆڕاو دەیبردەوەو، دەدۆڕاو جارێکی دیکە دەیبردەوە، بەڵام بردنەوەی لە دۆڕاندن زۆرتر بوو، بە شێوەیەك یاریکەرانی دانیشتووی شار جارێکی دیکە بڵاوەیان کردو هەرچی پارەیەکیان پێ بوو دۆڕاندیان. سەرنجی دەستی پیاوەکەیان دەداو هەردوو مەچەکیان دەپشکنی و، لەهەموو لایەکەوە چاودێرییان دەکردو پاپەزەکەیان بە پاپەزی دیکە دەگۆڕیەو، شوێنی خۆیان لەسەر کەنەبەکە دەگۆڕی کە مافوورێکی بەسەردا درابوو، بەڵام هەر هەموو ئەوە سوودی نەبوو. یاری ئۆتوز بیریان کرد (سی و یەك). کە یارییەکی خراپ و ئاسان بوو هەر لە منداڵییەوە دەیانکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا نەیانتوانی شێوازی یاریکردنی ئەو پیاوە بیانییە بزانن، زۆر جار دەگەیشتە بیست و نۆ تەنانەت دەگەیشتە سی، زۆر جاری دیکەیش لە بیست و پێنج ڕادەوەستا، هەر هەموو گرەوێکی دەبردەوە، چ بچووك و چ گەورە، چاویشی لە هەندێك فرت و فێڵی بچووك دەپۆشی کە هەندێك یاریکەر ئەنجامیان دەدا وەك بڵێیت نایانبینێت، بەڵام فرت و فێڵە گەورەکانی ڕیسوا دەکرد.

بوونی ئەو پیاوە نامۆیە لە مەیخانەکەدا ئازاری (میلان)ی دەداو ڕقی هەڵدەستاند. لەم ڕۆژگارەی دواییدا میلان هەستی بە لەرزو تای زۆرترو شکستی زۆرتر دەکرد. سوێندی خواردبوو کە چی دیکە یاری نەکات، بەڵام هەر یاری دەکرد، بۆیە هەر دەدۆڕا تا دوایەمین قرووشی پێ نەدەما، ئەوجا دەگەڕایەوە ماڵەوەو هەستی بە سەرشۆڕی و نەهامەتی دەکرد. لە چوارەمین یان پێنجەمین ڕۆژدا توانی کۆنترۆڵی خودی خۆی بکات و لە ماڵ بمێنێتەوە، پاش ئەوە پارەی پەیدا کردو جلەکانی پۆشی. هەستی بە قورسیی سەرو هەناسە بڕکێی خۆی دەکرد. خێرا ئێوارە شیوەکەی خوارد، بێ ئەوەی بزانێت چی خوارد، پاشان چەند جارێك چووە ناو حەوشەی ماڵەوەو، جگەرەی کێشاو پیاسەی کردو، سەرنجی شارە کپەکەی خوارەوەی خۆی دا لەم شەوە ڕووناکەی شەوانی پاییز. کە پیاسەی دەکرد تارماییەکی نادیاری بینی بە ڕێگەکەدا دەڕۆیشت، پاشان لەبەردەم پەرژینی ماڵەکەیدا هەنگاوەکانی هێور کردەوە.

پیاوە نەناسراوەکە هاواری کردو گوتی:

ـ دراوسێ ئێوارەت باش.

میلان بە دەنگیدا زانی کە پیاوە بیانییەکەیە، ئەوەی لە مەیخانەکە یاری دەکات. شتەکە ڕوون بوو کە پیاوەکە بۆلای ئەو هاتووەو، دەیەوێت قسەی لەگەڵ بکات. میلان لە پەرژینەکە نزیك بووەوە.

پیاوە بیانییەکە لەسەرخۆو بێ گوێ پێ دان، وەك بڵێیت هەر لەبەر خۆوە دەدوێت گوتی:

ـ ئەم ئێوارە نەهاتیتە مەیخانەکە.

ـ ئەم شەو میزاجم هانی نەدام بچم. ئەوانی دیکە لەوێن؟ ...

ـ هەموویان ڕۆیشتنەوەو کەس لەوێ نەماوە، پێش کاتی ئاسایی بڵاوەیان لێکرد. بەڵام وەرە با هەردووکمان بڕۆین.

ـ بەڵام کات درەنگە. شوێنێکیش نییە ڕووی تێ بکەین

ـ ئەگەر ئارەزوو دەکەیت دەچینە لای کابیاکە لە خوارەوە. ئەوەندەی نەماوە مانگ هەڵبێت.

ـ بەڵام کاتەکە گونجاو نییە.

ئەوەی گوت و بە گوێی نەکرد، بەڵام هەردوو لێوی وشك بوون و، هەستی کرد ئەو قسەیەی بەلای خۆیەوە نامۆیە، وەك بڵێیت کەسێکی دیکە ئەو قسەیە دەکات.

پیاوە بیانییەکە هەر ڕاوەستابوو، چاوەڕێی دەکرد، وەك بڵێیت پێشبینی ئەوە بکات کە دەبێت پێشنیازەکەی هەر جێبەجێ بکرێت. ئەوەبوو میلان دەرگەی باخچەکەی کردەوەو، لەگەڵ پیاوەکەدا ڕۆیشت ئەگەرچی گوتبووی نایەم و، وێڕای ئەوەی هەست بە ڕق لێبوونەوە بەرانبەر بەم پیاوە بیانییە دەکات و، وێڕای ئەوەی بە وشەو هزرو دوایەمین ڕاچەنینی خواستی، ئارەزووی دەکرد خۆی لەو هێزە فریودەرە قوتار بکردایە کە چنگی ناوەتە بینەقاقەی و ناتوانێت خۆی لێ قوتار بکات.

هەردوو پیاوەکە خێرا لە هەورازی ئۆکۆڵچە چوونە خوارەوە. بە ڕاستی مانگ خەریك بوو لە پشتی (ستانشفاتتس)ەوە بە گەورەیی و کەرتکراوی هەڵ دەهات. پردەکەیش بێ سنوورو ناواقیعیانە دەهاتە پێش چاو، لەبەر ئەوەی ئەم سەرو ئەو سەری لە تەم و مژێکی مەیلەو شیریدا نغرۆ بووبوو. هاوکات ئەستوونەکانی لە خوارەوە لە ناو تاریکیدا بزربووبوون. هەروەها یەکێك لە هەردوو لایەکەی هەر پایەو هەر تاقێکی تیشکی بەهێز ڕووناکی دەکردنەوە، کەچی ئەو لایەکەی دیکە تەواو سێبەرە. ئەو ڕووگە ڕووناك و سێبەرانە چوون هێڵی تیژ تیژ تێکەڵ دەبوون و پەرچ دەبوونەوەو لێك دادەبڕان بە شێوەیەك پردەکە لە چەندین وێنەی ڕازێنراو دەچوو یاری ڕووناکی و تاریکییەکە هێڵکاری دەکرد.

کەس لەسەر کابیاکە نەبوو. هەردوو پیاوەکە دانیشتن. بیانییەکە پاپەزەکانی دەرهێنا. ڕوخساری میلان خەریك بوو جارێکی دیکە بڵێت کات نەگونجاوە، مرۆڤ بە باشی پاپەزەکان نابینێت، بەڵام بیانییەکە ئاگەی لێ نەبوو. یارییەکە دەستی پێ کرد.

سەرەتا هەندێك قسەیان ئاڵ و گۆڕ کرد، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند کە یارییەکە گەرم بوو. تەنیا جگەرەیان دەپێچایەوەو بۆ یەکدییان دادەگیرساند. پاپەزەکان ئەم دەست و ئەو دەستیان کرد، تا لە ئاکامدا لای دەستی نەناسراوەکە گیرسایەوە. پارە بەبێ هەراو هوریا دەکەوتە سەر بەردەکە کە ئاونگێکی تەنك تەڕی کردبوو.

ئەو ساتانە یەك بە دوای یەکدا تێپەڕین کە میلان زۆر باش دەیزانین، ئەو ساتانەی کە بیانییەکە دوو خاڵی وەردەگرت کاتێك 29 خاڵ ببووایە یان یەك خاڵی وەردەگرت کاتێك 30 خاڵی هەبووایە، بۆیە گەرووی میلان تەواو دەگیرا، بەر چاوی تاریك دادەهات، ڕوخساری بیانییەکەیش کە نغرۆی ڕووناکی مانگ بوو بوو تا دەهات هێورتری دەنواند، لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا میلان هەموو شتێکی دۆڕاند. ئەو کات بیانییەکە پێشنیارێکی خستە بەردەم میلان بچێتەوە بۆ ماڵ و پارەی دیکە بهێنێت، پێشی ڕاگەیاند کە ئامادەیە تا ئەوێ یاوەری بکات.

هەردووکیان ڕۆیشتن و هاتنەوەو درێژەیان بە یاری دا. میلان چوون کابرایەکی کەڕو تاك چاو یاری دەکرد. پاپەزەکانی وەك خەیاڵ دەبینی و، بە ئاماژەی داوای ئەوەی لێ دەکرد کە بیخواستایە. وای لێهات ئەو پاپەزانەی لە نێوانیاندا دانرابوون، بوون بە شتێکی لاوەکی، بوون بە بیانوو یان پاساوێك لەم دەستەو یەخە نائومێدانەدا کە بەبێ پەروا دەستیان داوەتێ. کاتێك پارەکەی میلان جارێکی دیکە کۆتایی هات، بیانییەکە فەرمانی پێ کرد بچێت لە ماڵەوە پارەی دیکە بهێنێت، خۆی لەسەر کابیاکە مایەوە جگەرەی دەکێشا. بە پێویستی نەزانی ئەم جارە یاوەری میلان بکات، چونکە ناشێت مرۆڤ پێشبینی ئەوە بکات کە ئێستە میلان دەتوانێت سەرپێچی فەرمانەکەی بکات یان فریوی بدات و لە ماڵەوە بمێنێتەوە. میلان بە گوێی کرد: ئەو کات لەناکاو بەخت سووڕایەوە. میلان هەموو ئەو پارەیەی وەدەست هێنایەوە کە دۆڕاندبووی. ئەو گرێیەی کە چنگی لە بیناقاقەی نابوو لە ئاکامی هەڵچووندا تا دەهات تەسکتر دەبووەوە. پیاوە بیانییەکەیش تا دەهات بڕی گرەوەکەی دوو سەدو سێ سەد زیاد دەکرد. یارییەکەیش تا دەهات خێراترو توندتر دەبوو. پاپەزەکان لە نێوانیاندا زەرد دەبوونەوەو پارچە زێڕیان لێ دروست دەبوو. هەردووکیان بێ دەنگ بوون. بەڵام میلان بە زەحمەت هەناسەی دەدا، جارێك شەڵاڵی ئارەقە دەبوو، جارێك مووچڕکەیەکی ساردی بە لەشدا دەهات، لەم شەوە کپەی بەر تیشکی مانگەشەو. یاری دەکردو پاپەزی دابەش دەکردو دەیشاردەوە، نەك بۆ چێژو خۆشی یارییەکە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە ناچاری ئەوەی پێ کراوە. وای مەزەندە دەکرد کە ئەم پیاوە بیانییە نەك هەر پارەکەی، دینار بە دینار لێ دەردێنێت، بەڵکو مۆخی ئێسکەکان و دڵۆپ دڵۆپ خوێنی دەمارەکانی لێ دەردێنێت و، لەگەڵ هەر دۆڕاندنێکی نوێشدا تواناو وزەو خواستی نامێنێت.

جار ناجارێك لە پەناوە تەماشایەکی نەیارەکەی دەکرد، پێشبینی دەکرد ڕوخسارێکی ئیبلسیانە ببینێت دانەکانی هاتبنە دەرەوەو چاوی پشکۆ بن، کەچی هیچی دیکەی نەدەبینی تەنیا خودی ئەو بیانییە نەبێت، بە ڕوخساری هێورەوە، بەردەوام ئەوەی دەردەبڕی کە پیاوەکە کارەکەی خۆی دەکات، ئەوەی هەموو ڕۆژێك دەیکات، هەوڵیشی دەدا ئەو ئەرکە کۆتایی پێ بهێنێت کە نە ئاسان و نە هیچ چێژێکیش دەبەخشێت.

جارێکی دیکە میلان خێرا هیچی بە دەستەوە نەما، بیانییەکە پێشنیاری کرد گرەوەکە لەسەر مەڕو ماڵات و خانووبەرە بێت.

ـ پێنج لیرەی مەجەڕی زرنگەدار بەرانبەر بە ماینە کوێت و زینەکەی.

ـ باشە.

بەم شێوەیە میلان ماینەکەی دۆڕاند، دوای ئەوەیش دوو ئەسپی لە ئەسپە بار هەڵگرەکان دۆڕاند لەگەڵ هەندێك مانگاو گوێرەکەدا. بیانییەکە هەموو چارەواکانی نێو تەویلەکەی (میلان)ی بەناو ناوزەد دەکردو، یەك یەك نرخی دروستی بۆ مەزەندە دەکردن، وەك بڵێیت لەو ماڵەدا لەدایك بووەو گەورە بووە، ئەو کارەیشی وەك بازرگانێکی وردەکارو هێمن دەکرد.

ـ ئێستەیش یازدە دینار بەرانبەر بە کێڵگەکەت کە ناوی (سالکۆشا)یە. قایلیت؟

ـ قایلم.

پیاوە نەناسراوەکە دانی جیڕ کردەوە. کۆی خاڵی هەر پێنج پاپەزەکە کە میلان وەری گرتن 29 خاڵ بوو.

ـ پاپەزت دەوێت؟

ـ یەك دانە...

میلان ئەو وشەیەی بە بڵمەبڵم گوت کە بە ئاستەم دەبیسترا، ئەو کات هەموو خوێنی لەشی ڕژایە دڵییەوە. بیانییەکە پاپەزێکی لەسەر خۆ هەڵدایەوە. دوو خاڵ بوو. پاپەزێکی باشە. میلان بێ دەربەستانە لە نێوان ددانەکانیەوە گوتی:

ـ بەسە.

بە گرژی پاپەزەکانی کۆکردەوەو شاردنییەوە. ویستی ڕواڵەتی بێ دەربەستی بە دەنگ و ڕوخساری خۆی ببەخشێت، بۆ ئەوەی نەیارەکەی نەتوانێت کۆی ئەو خاڵانە لە دەستیدایە وەدەست بهێنێت.

ئەو کات بیانییەکە بە ئاشکرا دەستی بە ڕاکێشانی پاپەزێك کرد بۆ خۆی. کاتێك گەیشتە 27 خاڵ ڕاوەستا، هێورانە تەماشای هەردوو چاوی (میلان)ی کرد. بەڵام میلان هەردوو پێڵووی نوقاند. بیانییەکە پاپەزێکی دیکەی هەڵگێڕایەوە. ئەویش دوو بوو. هەناسەیەکی کورتی هەڵکێشا کە نەدەشیا ببیسترێت. وا پێدەچوو بیەوێت لە 29 ڕاوەستێت، سەرلەنوێ خوێن خەریك بوو دەزاییە سەری میلان وەك ئەوەی بیەوێت پێش شادی سەرکەوتن بکەوێت. بەڵام بیانییەکە ڕاچەنی و خۆی درێژ کردەوەو، سەری بەرەو پشتەوە وەرگێڕا ئەو کات تەوێڵ و هەردوو چاوی لەبەر تریفەی مانگدا بریسکانەوە، ئەوجا پاپەزێکی دیکەی وەرگێڕا. ئەویش دوو خاڵ بوو. ئایە ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم پاپەزەیش (دوو) بێت؟ ئەگەری ئەوە هەبوو سێ پاپەز بە دوای یەکدا (دوو) بن؟ ... لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە ڕووی دا ... ئەوە (میلان)ە تەماشای پاپەزەکە دەکات کە هاوەڵەکەی وەری گێڕا، کەچی کێڵگەکەی تێدا دەبینی لە بەهاردا کێڵراوەو پاچەکۆڵە کراوەو جوان جوان ڕازاوەتەوە ... (گۆل)ەکانی کێڵگەکەی بە دەوریدا خولانەوە، وەك بڵێیت تووشی ئێقدانەوەو ڕشانەوە هاتبیت. بەڵام دەنگە هێورەکە، دەنگی پیاوە بیانییەکە، بە هۆشی خۆی هێنایەوە:

ـ ئۆتوز بیر . کیلگەکە هی منە.

دوایی نۆرە هاتە سەر کێڵگەکانی دیکەو، هەردوو خانووەکەی و، ئەنجا نۆرەی دارستانە بچووکەکە سندیانەکەی هات. هەردووکیان بەردەوام لەسەر نرخەکان ڕێك دەکەوتن. میلان جار ناجارێك دەیبردەوەو بە جووڵەیەکی تێرو پەلە چەند دینارێکی کۆ دەکردەوەو، ئومێد وەك بریسکەی زێڕ لە دڵیدا دەبریسکایەوە. بەڵام دوای دوو دەست یان سێ دەست وەشاندنی بێ بەختانە هیچی بە دەستەوە نەدەما، ناچار دەبوو گرەو لەسەر موڵکەکانی بکات.

کاتێك یاری چوون لافاو هەموو شتێکی ڕامالّی، هەردوو قومارچییەکە ساتێك ڕاوەستان، نەك بۆ ئەوەی هەناسەیان پێدا بێتەوە، چونکە دەشێت بگوترێت ئەوە بەلای هەردووکیانەوە ترسێنەر بوو، بەڵکو بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە دەشێت لەمەودوا لەسەر چی گرەو بکەن. بیانییەکە هێوری خۆی پاراستبوو، بەڵام ڕوخساری لە ڕوخساری پیاوێك دەچوو بەخەفەتەوە کار بکات، چونکە پاش کۆتایی هاتنی یەکەمین بەشی کارەکەی کەمێك پشووی دەدا، بەڵام پەلەی دەست پێکردنی دووەمین بەشی بوو. میلان تەواو قیت و سڕ ڕاوەستابوو. خوێن ڕژابووە هەردوو گوێیەوە. هەستی دەکرد ئەو نیشتگە بەردینەی لەسەری دانیشتووە بەرز دەبێتەوەو دواتر ڕۆ دەچێت. لەم ساتەدا بیانییەکە ئاخافت، بە دەنگە ناخۆش و بیزراوو قرخەکەی گوتی:

ـ هاوڕێ دەزانێت ئێستە چی دەکەین؟ جارێکی دیکە یاری دەکەینەوە. بەڵام ئەم جارەیان گرەو لەسەر هەموو شتێك دەکەین: من لەسەر هەموو ئەوەی بردوومنەتەوە، تۆیش لەسەر ژیانت. ئەگەر تۆ بردتەوە، ئەوە هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە، وەك جاران دەبنەوە موڵکی تۆ: پارەو، چارەواو وڵاغ و، زەوی، ئەگەر تۆیش دۆڕایت دەبێت لێرەوە لەسەر کابیاکەوە خۆت بهاوێژیتە ناو درێناوە.

پیاوە بیانییەکە ئەوەی بە شێوەیەکی وشك و زاری پیاوێکی پرەکتیکی گوت، وەك چۆن هەموو شتێکی دیکەی دەگوت، وەك بڵێیت کارەکە کاری ڕێککەوتنە لەسەر ئاسانترین شت لەو شتانەی دوو قومارچی سەرقاڵی یاریکردن لەسەری ڕێك دەکەون. میلان پێشبینی ئەوەی کرد کە لەوە نزیك بووەتەوە ژیانی لە دەست بدات و، پێویستە خۆی ڕزگار بکات، هەوڵی دا هەڵستێتە سەر پێ بۆ ئەوەی لەو گەردەلوولە سەیرە قوتاری ببێت کە هەموو شتێکی لە چنگ دەرهێناو، ئێستەیش دەیەوێت بە شەپۆلەکانی، کە ناتوانێت بەرەنگاریان ببێتەوە، خۆیشی ڕامالێت. بەڵام پیاوە بیانییەکە بە یەك نیگا هێنایەوە شوێنی خۆی و، میلان سەری شۆڕ کردەوەو، دەستی بۆهاوەڵەکەی درێژ کرد، وەك بڵێیت لە مەیخانەکە لەسەر سێ یان چوار قرووش یاری بکەن.

هەر یەکەیان پاپەزێکی هەڵبژارد. پاپەزی بیانییەکە چوار بوو، پاپەزی میلانیش دە بوو. کەواتە دەبوو میلان پاپەز دابەش بکات. ئەوە هیواو ئومێدێکی پێ بەخشی. دابەشی کرد. بیانییەکە هەر داوای پاپەزێکی نوێی دەکرد.

ـ پاپەزێکی دیکە ... پاپەزێکی دیکەیش.

پیاوەکە پێنج پاپەزی ڕاکێشاو گوتی :

ـ ئیدی بەسە.

میلان پاپەزی ڕاکێشا، کاتێك گەیشتە 28 ساتێك ڕاوەستا، تەماشای ئەو پاپەزانەی کرد کە بیانییەکە کۆی کردبوونەوەو تەماشای ڕوخسارە مەتەڵاوییەکەی کرد. مرۆڤ ناتوانێت گریمانەی ئەوە بکات چەند خاڵی کۆ کردووەتەوە، بەڵام ڕەنگە لە بیست و هەشت زۆرتر بێت، یەکەم لەبەر ئەوەی ئەم شەو لە ئەوە کەمتر ڕانەدەوەستا، دووەم چونکە پێنج پاپەزی لایە. میلان دوایەمین هێزی خۆی کۆکردەوەو پاپەزێکی دیکەی ڕاکێشا. چوار خاڵ بوو. کە هەموویان دەکەنە 32. کەواتە دۆڕاندی.

تەماشای پاپەزەکانی دەکردو چاوی بڕوای نەدەکرد. وای دەهاتە پێش چاو کە شتێکی نەکەردەنی و دەگمەنە بە یەك دەست هەموو شتێك لەدەست بدات. شتێکی گەرمی سووتێنەر لە تەوقی سەریەوە تا پەنجەی پێی بە لەشیدا دێت. لەناکاو بەهای هەموو شتێکی بۆ ڕوون بووەوە: بەهای ژیان، بەهای مرۆڤ، ڕاستیی ئەو پەتا نەفرەتییە سەیرەی پاڵی پێوە دەنێت قومار لەگەڵ برادەرو لەگەڵ بیانییەکاندا بکات، لەگەڵ خۆیدا یان لەگەڵ یەکێك لەوانەی لە دەورو بەرین. هەموو شتێك ڕووناك و ئاشکرا بوو، وەك بڵێیت ڕۆژ بووەتەوە، وەك بڵێیت یاری و دۆڕاندنەکە خەونێك بوو لە خەودا بینی. بەڵام هاوکات هەموو شتەکە ڕاست بوو نەیدەتوانی خۆی لێ قوتار بکات و ڕێگەچارەیشی نەبوو، میلان ویستی شتێك بڵێت، بنکێنێت، هاوار بکات، تەنانەت بە ئاخێك، بەڵام تەنانەت نەشیتوانی ئەوەیش بکات.

لە تەنیشتییەوە پیاوە بیانییەکە چاوەڕوان بوو، لەناکاو لە شوێنێکی کەنارەکەوە کەڵەشێرێك قووقاندی، قووقاندنێکی بڵندی بیستراو.. جارێك و دوو جار . کەڵەشێرەکە نزیك دەبووەوە، تەنانەت وەك بڵێیت مرۆڤ دەنگی شەقەی باڵەکانی دەبیسێت. لەم ساتەشدا پاپەزە پەرت و بڵاوەکە باڵیان گرتەوە وەك بڵێیت گەردەلوولێك تەفرو تووناى کردوون، پارەکانیش پەرت و بڵاو بوونەوەو، کابیاکە هەتا بناغەکەی لەرزی. میلان لە ترساندا هەردوو چاوی نوقاند، مەزەندەی کرد کە دوا دوایی ژیانی نزیك بووەتەوە. کاتێك هەردوو چاوی کردەوە، بینی تاك و تەنیایە. نەیارەکەی چوون بلقێکی سابوون پووکایەوە، بە خۆی و بە هەموو ئەو پاپەزو پارانەی لەسەر کاشییەکە بوون نەمان.

مانگە نیوە ناتەواوو سوورو مەیلەو پرتەقاڵییەکە، لەوپەڕی ئاسۆوە بوو، بایەکی شێدار هەڵیکرد. هاژەی ئاوەکان لە قووڵاییەوە بەرزتر بووەوە. میلان وریایانە دەستی بەسەر ئەو بەردەدا هێنا کە لەسەری دانیشتبوو، دەیویست بە هۆشی خۆی بێتەوەو، بزانێت لە کوێیەو، بیری بکەوێتە چی ڕووی دا، دواتر بە نقەنق هەستاو، بەرەو ماڵەکەی کە لە ئۆکۆڵچە بوو بەڕێ کەوت وەك بڵێیت بە دوو لاقی دیکە دەڕوات لاقەکانی خۆی نین.

هەرکە گەیشتە بەردەم ماڵ لە کاتێکدا دەینکاندو بەم لاو بەو لادا دەکەوت، چوون برینداریك بەر بووەوەو، جەستەی توند بەر دەرگەکە کەوت و زرمەی لێ هەڵستاند، خێزان و منداڵەکانی بە ئاگە هاتنەوەو بردیانە سەر نوێنەکەی. ماوەی دوو مانگی ڕەبەق لەرزو تا بەری نەدەداو لە کۆڵی نەدەبووەوە. وای دەزانی ئیدی ئەو نەخۆشییە دەست لە یاخەی ناکاتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا چاك بووەوەو هەڵسایەوە سەر پێ، بەڵام کەسێکی دیکەی لێ هاتە کایەوە کە (میلان)ی ئەوسا نەبوو، پێش وەخت پیرییەتی ڕووی تێکرد، ئێستە بووەتە مرۆڤێکی ڕەفتار سەیرو بە گۆشەگیری ژیان دەگوزەرێنێت، زۆر کەم دەئاخڤێت و، تا ڕادەیەکی زۆر

پێوەندی لەگەڵ خەڵکیدا تەسکتر دەبێتەوە. دەم و چاوی کە هەرگیز بزەی نەدەهاتێ ئاگەبوونێکی بە ئازارو گرژی ئەوپەڕی سنووری گرژی دەردەبڕی، وای لێ هات بایەخ بە هیچ شتێك نەدات تەنیا ماڵ و خێزانەکەی خۆی نەبێت و، ئێسە دەچێتە سەر کارەکانی خۆی وەك بڵێیت ڕۆژێك لە ڕۆژان برادەرایەتی هیچ هاوەڵ و دۆستێکی خۆی نەکردووە.

لە کاتی نەخۆشییەکەیدا بەسەرهاتەکەی ئەو شەوەی سەر کابیاکەی بۆ قەشە نیقۆلا گێڕابووەوە، دوای ئەویش ئەو نهێنییەی بۆ دوو لە باشترین دۆستەکانی گێڕابووەوە. چونکە هەستی دەکرد کە ناتوانێت ژیان بگوزەرێنێت ئەگەر بێت و ئەو نهێنییەی نێو دەروونی نەدرکێنێت. بۆیە خەڵکی هەندێك شتیان لە بارەی ڕووداوەکەوە زانی بەڵام وردەکاری دیکەیان لە ئەندێشەی خۆیان خستبووە سەرو ڕازاندبوویانەوە، وەك بڵێیت ئەوەی لەڕاستیدا ڕووی دا بەس نەبووبێت، پاشان سەرنجیان بۆ لای چارەنووسی کەسێکی دیکە گوێزایەوەو، میلان و ئەو بەسەرهاتەیان لە یادچووەوە کە بەسەری هاتبوو. بەم شێوەیە پیاوەکە کە شەبەنگی (میلان گلاسنچانین)ی ئەوسا بوو، ئێستە لە نێو خەڵکی شارەکەدا دەژیاو کاری دەکردو بەرەو پێشەوە دەچوو. نەوەی نوێ نایناسێت تەنیا بەو شێوەی ئێستەی نەبێت، مەزەندەیش ناکات ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسێکی دیکە بێت، تەنانەت خۆیشی ڕەفتارو هەڵس و کەوتی کەسێك دەکات هەموو شتێکی ڕابوردووی بیر چووبێتەوە. ئەگەر ماڵی بەجێ هێشتبایەو بچووبایەتە شار، بە ڕۆیشتنێکی قورس و سست کە لە ڕۆیشتنی ئەو کەسەی دەکرد بە دەم خەوەوە ڕێ دەکات، بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕی، بێ ئەوەی هەست بە هیچ هەڵچوونێك بکات و، بێ ئەوەی هیچ شتێکی بیر بێتەوە. بیری نەدەکەوتەوە کە ئەم سۆفایە، کە نیشتگەی بەردینی لێیە، کەسانێکیان لەسەر دانیشتووە گوێ بە هیچ نادەن، پێوەندی بەو شوێنە ترسێنەرەوەی ئەوپەڕی دونیاوە هەیە کە شەوێك لە شەوان بۆ دوایەمین جار یاری تێدا کردو، بەرانبەر هەموو سامانەکەی، تەنانەت بەرانبەر بەخودی خۆی و، بە ژیانی خۆی لەم جیهانەو لەو جیهانی دیکەیشدا، گرەوی لەسەر ئەو پاپەزە بەدنمەکە کرد.

میلان زۆر جار ئەو پرسیارانەی دەورووژاند: تۆ بڵێیت ئەوەی ئەو شەوە بەسەری هات مۆتەکەیەك نەبووبێت ئەو کاتە بەسەری هات کە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا بوورایەوە؟ ناکرێت ئەوە لە ئاکامی ئەو نەخۆشییەیەوە نەبێت کە هیچ هۆیەکی دیار نییە؟ بە ڕاستی قەشە نیقۆلاو ئەو دوو دۆستەکەی دیکە کە میلان نهێنی ڕوودوەکەی بۆ درکاندبوون، لەو باوەڕەدا بوون کە ئەوەی میلان بۆی گێڕاونەتەوە تەنیا وڕێنەیەو لە کاتی لەرزو تاکەدا بینیویەتی.

چونکە ئەوان بڕوا ناکەن کە ئیبلیس یاری (ئۆتوزبیر)ی کردبێت و ئەو کەسەی بۆ لای کابیاکە ڕاپێچ کردبێت بۆ ئەوەی لەناوی ببات. بەڵام ئەو سەرکێشیانەی تووشمان دەبن ئەوەند تەم و مژاوی و ئازاربەخشن کە زۆر جار مرۆڤ لەوە سەری سوڕ نامێنێت کە خەڵك لەو بڕوایەدا بن خودی ئیبلیس ئەو کارەی کردبێت، بۆیە هەوڵ دەدەن پاساوی بۆ بهێننەوەو بەلایەنی کەمەوە خۆیان وا لێ بکەن بە لایانەوە پەسەند بێت.

هەرچۆنێك بێت، ئەگەر ئەوە بە دەستێوەردانی ئیبلیس یان بەبێ دەست تێوەرنەدانی وی ڕووی دابێت، ئەگەرچی ئەوە لە خەون یان لە ژیانی ڕاستیدا ڕووی دابێت، ئەوە ئەو شتە بەڵگەنەویستەی کە هیچ

گومانێك هەڵناگرێت ئەوەیە کە میلان گلاسنچانین، پاش ئەوەی شەوێك لە شەوان تەندروستی خۆی و لاوی و بڕێکی زۆر پارەی لە دەست دا، ئەوە وەك شتێکی پەرجوو ئاسا تا هەتایە لەپەتای قومار قوتارو ڕزگاری بوو. بەڵام ئەوە هەموو شتێك نەبوو. بەسەرهاتەکەی میلان گلاسنچانین بەسەرهاتی چارەنووسێکی دیکەی دەخرێتە سەر کە پێوەندییەکی توندو پتەوی پێوە هەیە، ئەویش چارەنووسێکی دیکەیەو یەکەمین داوی ئەو بەسەرهاتە لە کابیاکەوە دەست پێ دەکات.

ڕۆژی دواتری ئەو شەوەی کە میلان گلاسنچانین (لە خەون یان لە ژیانی ڕاستەقینەدا) ئەو دوایەمین یارییە ترسێنەرەی خۆی کرد، ڕۆژێکی سایەقەی خۆرەتاوی ڕۆژانی پاییز بوو. ئەو ڕۆژەیش ڕۆژی شەممە بوو. جووەکانی فیشیگراد هەموو ڕۆژانی شەممە بە خۆیان و منداڵەکانیانەوە لەسەر کابیاکە گرد دەبونەوە. ڕۆژانی شەممە ناچنە سەر کارو، جل و بەرگی جەژن لەبەر دەکەن کە بریتییە لە شەرواڵی ئاورێشم و بەروانکەی خوری و فێسی پانی سووری دلیقین، بەو شێوەیە لە کەناری ڕووبارەکەدا ئاهەنگ بە بۆنەی ڕۆژی خواوندەوە دەگێڕن وەك بڵێیت لەو کەنارانەدا بە دوای یەکێکدا بگەڕێن و، زۆر جاریش لای کابیاکە دادەنیشن و، بە زمانی ئەلبانی دەمەتەقێیەکی زیندووانەی پڕ هەراو هوریا بەرپا دەکەن، بە سیربی نائاخڤن تەنیا بۆ هەندێك جنێودان نەبێت.

وا ڕێك کەوت کە بۆکۆس جاوون، کە کوڕە گەورەی (ئیبراهام جاوون)ی سەرتاشی خواناسە، یەکەمین کەس بوو ئەو بەیانییە هاتە کابیاکە. تەمەنی شازدە ساڵانە، هێشتە کار یان پیشەیەکی دیاریکراوی نییەو نەدۆزیتەوە. ئەم لاوە، بە پێچەوانەی هەموو ئەندامانی خێزانی (جاوون)ەوە، هەندێك سەرکێش و بزێوە، هەر ئەمەیشە ڕێی ئەوەی لێگرتووە لەسەر یەك ئیش بەردەوام بێت، بۆیە بەردەوام بۆ خۆی لە هەموو شتێك و لەهەموو شوێنێك بە دوای ئەو شتەدا دەگەڕا کە پتر جوان و سوودی پتری تێدایە. کاتێك ویستی لەسەر نیشتگە بەردینەکە دانیشێت و، لەوە دڵنیا بێت کە پاك و خاوێنە، لە نێوان درزی نێوان دوو خشتدا شتێکی تەنکی بینی دەبریقایەوە. ئەو شتە بریقەی زێڕی هەبوو کە مرۆڤ زۆری خۆش دەوێت. لێی ورد بووەوە، بۆیە هیچ گومانێکی نەما: ئەوە دینارێکی زێڕە کەوتووەتە ناو ئەو درزەوە. لاوەکە ئاوڕی ئەم لاو ئەو لای خۆی دایەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کەسی دیکە دەیبینن یان نا، تا بەدوای شتێکدا بگەڕێت بۆ ئەوەی دینارەکەی لە نێو درزەکەوە پێ دەربهێنێت کە لە درزەکەدا بۆی پێدەکەنی. بەڵام ئەوەندەی نەخایاند کە ئەمڕۆ شەممەیەو، ئەنجامدانی هەر کارێك لە ڕۆژانی شەممەدا ڕیسواییەکی گەورەو گوناهێکی مەزنە. بۆیە هەڵچوو و ڕەنگی تێکچوو پاشان لەسەر درزەکە ڕۆنیشت و، بڕیاری دا تا نیوەڕۆ هەڵنەسێت. کە کاتی نانی نیوەڕۆ هات و هەموو جووەکان بە پیرو لاوەوە بەرو ماڵ بوونەوە، زەلە جۆیەکی ئەستووری دۆزییەوە دینارە زێڕینەکەی لە درزەکە پێ دەرهێنا، ئەوەی لە یاد چووەوە کە ئەمڕۆ شەممەیەو ئەو کارەی گوناهە. دینارەکەیش دینارێکی زێڕی مەجەری باریك بوو کە هەر یەکەی لە گەڵا درەختێکی وەریو زۆر قورستر نەدەبوو. لاوەکە درەنگتر لە کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ گەڕایەوە ماڵەوە. کاتێك لە دەوری خوانە نزمە هەژارانەکە دانیشت کە سێزدە کەس لەچوار دەوری دانیشبوون (یازدە کوڕو دایك و باوکیان) گوێی بە سەرزەنشتەکانی باوکی نەدا کە بەوەی تۆمەتبار دەکرد تەنبەڵ و بێکارە. تەنانەت ناتوانێت لە کاتی نان خواردنی نیوەڕۆدا بگاتەوە ماڵ.

هەردوو گوێی دەزرنگانەوە. هەردوو چاوی واق وڕماو بوون. ئەو ژیانە دەوڵەمەندەی کە بەردەوام خەونی پێوە دەبینی هەنووکە بەدی هات. هەستی دەکرد هەتاو لە گیرفانیدایە.
بۆ سبەینێ بۆکۆس چوو بۆ مەیخانەکەی ئۆستامۆئیچ بێ ئەوەی زۆر بیر بکاتەوە، دزەی کردە ناو ئەو ژوورە تەسکەوە کە بە لایەنی کەمەوە لە هەموو کاتێك لە کاتەکانی شەوو ڕۆژدا یاری پاپەزێنی تێدا دەکرا. زۆری خەون بەم شتەوە دەبینی، بەڵام هیچ ڕۆژێك پارەیەکی ئەوتۆی نەبووە بوێرێت بێتە ئەم شوێنەو بەختی خۆی تاقی بکاتەوە. بەڵام ئێستە دەتوانێت ئەم خەونە بەدی بهێنێت.
لەوێ چەندین کاتی پڕ شڵەژان و هەڵچوونی بەسەر برد. سەرەتا بە چاوێکی سووك و گومانەوە پێشوازی لێ کرا. کاتێك قومارچییەکان بینییان دینارە مەجەرییەکە دەگۆڕێتەوە، یەکسەر مەزەندەیان بۆ ئەوە چوو کە لە کەسێکی دزیبێت، وێڕای ئەوەیش قایل بوون یارییان لەگەڵ بکات (چونکە ئەگەر یاریکەران هەوڵ بدەن سەرچاوەی ئەو پارەو پوولانە بزانن کە هەر یەکەیان پێیەتی، ئەوە هەرگیز نەیاندەتوانی یاری بکەن). قومارچییە نوێیەکە بە ئەزموونی نوێدا تێدەپەڕی: کە بیبردایەتەوە لەبەر کاریگەری گەرماو ئارەقە خۆێن دەزاییە سەری و بەرچاوی تەماوی دەبوو، ئەگەر دۆڕانێکی لە بردنەوە گەورەتر بدۆڕابایە هەستی بە تەنگە نەفەسی و ڕاوەستانی دڵی دەکرد. بەڵام پاش هەموو ئەو ئازارو ژانانە کە وای دەزانی هیچ چارەسەرێکیان نییە، ئەو ئێوارەیەی کە مەیخانەکەی بەجێ هێشت چوار دیناری لە گیرفاندا بوو. ئەگەرچی بە هۆی هەڵچوونەوە هێزی لەبەر بڕابوو، تای لێ هاتبوو، وەك بڵێیت بە قامچییەکی گڕگرتوو فەلاقە کرابێت، ئەوە قیت و سەربەرزانە ڕێگەی گرتەبەر. لەبەردەم ڕوانینە گڕگرتووەکانیدا ئاسۆی بریسکەداری دوور والآ دەبوون، تیشکێکی بەهێزیان دەخستە سەر نەداری خێزانەکەی و، شارەکەیان هەموو لە بناغەوە دەگۆڕی، لە ڕۆیشتندا نازی دەکردو لە خۆشیاندا مەست بووبوو. وای لێهات بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا، نەك هەر ڕێزی بریسکەو زرنگانەوەی زێڕ بگرێت، بەڵکو بەهای قورساییەکەیشی بزانێت.
لەو پاییزەدا بۆکۆس، ئەگەرچی لە هەڕەتی لاویدا بوو، ئەزموونی ئەوتۆی نەبوو، بوو بە لاوێکی دەربەدەری قومارچی پیشەگەرو، ماڵی خێزانەکەی بەجێ هێشت. (جاوون)ی بە ساڵداچوویش لە شەرم و خەفەتی کوڕەکەیدا قۆنگی دایەوەو، تایەفەی جووەکانیش هەر هەموویان هەستیان بەو کارەساتە کرد وەك چۆن هەست بە ئازارێك بکەن کە تووشی هەر هەموویان هاتبێت. پاش ماوەیەك لاوەکە شاری بەجێ هێشت، هیچ شوێنێك بە خۆوەی ڕانەدەگرت چوون مرۆڤێك ئەم چارەنووسە کولەمەرگییەی لە چارە نووسرابێت، چارەنووسی قومارچی. لەو کاتەوە دوای تێەڕبوونی چواردە ساڵ کەس گوێی لە هیچ هەواڵێکی نەبوو. جووەکان گوتیان هۆیەکەی بۆ ئەو (دینارە ئیبلیسیانە) دەگەڕێتەوە کە ڕۆژی شەممە لای کابیاکە دۆزییەوەو لە درزەکەی دەرهێنا.

*****

# سێزدەمین پاڕ

ئێستە لە چوارەمین ساڵی داگیرکاریداین. وا دەهاتە پێش چاو کە هەموو شتێك هەندێك هێور بووەتەوەو، هەموو شتێك بە شێوەیکی ئاسایی بەڕێوە دەچێت. ئەگەرچی ڕۆژگاری ئەو هێوربییە خۆشە نەگەڕاوەتەوە کە سەردەمی تورکان بە خۆوەی بینی (ئەوەیش زۆر دەگمەنە)، سستم بە پێی چەمکە نوێیەکان سەقامگیر دەبوو. بەڵام ئێستە لە وڵاتدا ئاژاوەو شڵەژانی دیکە ڕوو دەدات، ئەوەتا جارێکی دیکە سەربازە پاسەوانەکان لەسەر کابیاکە بینران. وەرە بزانە ئەوە چۆن ڕووی دا:

لەم ساڵە نوێیەدا دەستەڵاتدارانی نوی سستمی سەربازگیرییان لە بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا جێبەجێ کرد، بۆیە ئەو کارە شڵەژانێکی زۆری لە ڕیزی دانیشتتواندا نایەوە، بە تایبەتی تورکەکان، لە میژەیش، بەر لە پەنجا ساڵ، کاتێك سوڵتان بڕیاری دا سوپایەکی فەرمی دروست بکات جل و بەرگی سەربازی بپۆشێت و لەسەر شێوازی ئەوروپایی مەشق بکات و چەکدار بکرێت، ئەو دانیشتووانانە ئاڵای یاخیگەرییان بەرز کردەوەو، چەندین شەڕی ڕاستەقینەیان کرد، ئەگەرچی بچووك بوون بەڵام خوێناوی بوون، لەبەر ئەوەی نەیانەویست ئەو جل و بەرگانە بپۆشن کە خوانەناسەکان دەیپۆشن و، نە ئەو قایشانە بە سنگیانەوە شۆڕ بکەنەوە کە بەسەر یەکەوە ئەو نیشانە بێزراوە دروست دەکەن: خاچ. ئەوەتانێ دەیانەوێت ئێستەیش هەمان ئەو جل و بەرگە سەربازییە بپۆشن، ئەو جلە (تەسکە) ناشیرینە، وێڕای ئەوەیش دەیانەوێت ببنە سەربازو خزمەتی ئەمپراتۆرێکی بیانی سەر بە ئایینێکی دیکە بکەن.

لە یەکەمین ساڵانی داگیرکارییەوە، کاتێك دەستەڵاتداران دەستیان بە نمرەدانان بۆ ماڵەکان و ئامارکردنی دانیشتووان کرد، ئەو هەنگاوانە هەستی گومانیان لە دەروونی تورکەکاندا ورووژاندو، ترسی نادیار بەڵام قووڵی لا دروست کردن.

وەك چۆن بەردەوام لەم جۆرە بارو دۆخانەدا ڕوو دەدات، پیاوماقووڵان و خوێندەوارەکانی تورکەکانی شارەکە کۆ بوونەوە بێ ئەوەی کەس بیانبینێت، بۆ ئەوەی لەسەر تێگەیشتنی ئەو هەنگاوانە ڕێك بکەون و، چی پێویستە بەرانبەریان ئەنجام بدرێت.

ڕۆژێك لە ڕۆژانی مانگی ئایار ئەو کەسایەتییە یەکەمانە بە نیوچە ڕێکەوتێك لای کابیاکە بە یەك گەیشتن و، لەسەر سۆفاکە دانیشتن. لە کاتێکدا هێورانە سەرقاڵی قاوە خواردنەوە بوون و، تەماشای بەردەمی خۆیان دەکرد، بەنیوچە چرپە دەستیان بە ئاخافتن سەبارەت بەم هەنگاوە نوێیە گوماناوییانە کرد کە دەستەڵاتداران دەستیان داوەتێ. هەر هەموویان لەو هەنگاوانە ناڕازین. چونکە لە بنەڕەتدا بە پێچەوانەی هەموو بیروڕاو نەریتەکانی ئەوانەوەن، هەر یەکەیان هەستی دەکرد کە خۆ تێهەڵقورتاندنی دەستەڵاتداران لە کاروباری کەسیەتی ئەوو ژیانی خێزانی ئەو سەرشۆڕی دەگەیەنێت و پێویست ناکات و کەس تێی ناگات. بەڵام

کەسیان نەیتوانی واتای ڕاستەقینەی ئەم ئامارو سەرژمێرییە شی بکاتەوە کە دەستەڵاتداران ئەنجامی دەدەن، نەیش چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەو ڕێ لێ گرتنی دەستنیشان بکات.
لەوانەیش عەلی خۆجە، کە بە دەگمەن نەبووایە ڕووی نەدەکردە کابیاکە، چونکە کاتێك ئەو پایە بەردینانەی دەبینی کە بەرەو سۆفیاکە هەڵدەزنان هەستی بە خورانی گوێی دەکرد، خورانێکی بە ئازار.
حوسێن ئاغا، مامۆستای فیشیگراد، ئەو پیاوە خوێندەوارە زۆر بلێیە، ئەو واتایەی شی دەکردەوە کە ڕەنگە نمرەدانان بۆ خانوبەرەو ماڵ و سەرژمێری بچووك و گەورەکان بیگەیەنێت، چونکە ئەو لە هەموویان زانیاری زۆرترە، گوتی:
ـ وا پێدەچێت ئەمە ڕەفتارێك لە ڕەفتارەکانی خوانەناسەکان بێت کە لە مێژە لێی ڕاهاتوون. بۆ نموونە بەر لە 30 ساڵ یان پتر وەزیرێك لە (ترافنیك) هەبوو ناوی تاهیر پاشا بوو، کە بە نژاد خەڵکی ئەستەنبوڵ بوو، بووبووە ئیسلام، بەڵام ڕاستگۆ نەبوو بەڵکو دوو ڕوو بوو، لە ناخی خۆیدا هەر بە نەسرانی مابووەوە، تەنانەت خەڵکی لەبارەیەوە دەگێڕنەوە کە زەنگێکی لای خۆیدا دادەنا، ئەگەر بیویستایە بانگی بەردەستێکی بکردایە لە زەنگەکەی دەدا وەك چۆن قەشەیەکی نەسرانی لە زەنگ دەدات، تا بەردەستەکە وەڵامی دەدایەوە. ئەم تاهیر پاشایە یەکەمین کەس بوو لە ترافنیك  نمرەی بۆ خانووەکان دانا، بە بزمار تابلۆیەکی بە دەرگەی هەموو ماڵێکەوە دادەکوتا نمرەیەکی لەسەر بوو (بۆیە ناوی بزمارکوتی لێنرا). بەڵام گەل ڕاپەڕی و هەموو ئەو تابلۆیانەی هەڵکەندو، لە شوێنێکدا کۆی کردەوەو ئاگری تێ بەردا. هەر وەنەبوو خوێن برێژرێت، بەڵام خۆشبەختانە ئەستەنبوڵ بە کارەکەی زانی و، وەزیرەکەی لە بۆسنیا بانگهێشت کردەوە ... لە خوا داواکارین شوێنەواری بسڕێتەوە... ئەوەی ئێستە ڕوو دەدات شتێکی لەو جۆرەیە. چونکە نەمساوییەکان دەیانەوێت تۆمارێکیان لەبەر دەستدا بێت سەرژمێری هەموو شتێك لەخۆ بگرێت، تەنانەت سەریشمان.
هەموو ئامادەبووان تەماشای بەردەمیان دەکرد، لە کاتێکدا گوێیان لە وتارەکەی مامۆستا دەگرت کە بەوە ناسرابوو لە باسکردنی یادوەری کەسانی دیکە حەزی لە درێژدادڕی دەکرد، پتر لەوەی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکراو کورت ڕای خۆی سەبارەت بەو ڕووداوانە بخاتە ڕوو کە ئەمڕۆ ڕوو دەدەن.
عەلی خۆجە، وەك ڕاهاتووە، یەکەمین کەس بوو جیکڵدانی بە قسەکانی مامۆستاکە تەنگ بوو، بۆیە گوتی :
ـ مودەڕس ئەفەندی، ئەمە بۆ ئایینی نەمساوییەکان ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ بەرژەوەندییەکانیان دەگەڕێتەوە. ئەوانە کەسانێکن یاری ناکەن و کاتی خۆیان بە فیڕۆ نادەن، تەنانەت کە دەنوون. تەنیا ساتێکیش چییە بەرژەوەندییەکانیان بیر ناکەن. ئێمە ئێستە نازانین چییان دەوێت، بەڵام دوای چەند مانگێك یان پاش ساڵێك دەیبینین. خوا لێخۆش بوو شەمس بەگ ڕاستی گوت کاتێك دەیگوت: (مینی نەمساوییەکان پتیلەیەکی درێژی پێوەیە). بە ڕای من نمرە دانان بۆ خانووبەرەو ئامارو سەرژمێری کردنی خەڵکی ڕێ خۆش کردنێکە بۆ سەپاندنی باجی نوێ، ڕەنگە خەڵکیش گرد بکەنەوە بۆ ئەوەی بە (بیگاری) سوخرە هەندێك کاریان پێ بکەن، یان بیانکەنە سەرباز .. ڕەنکە بۆ هەردووکیشیان بێت ...هەرچی ئەوەیە کە دەست بە جێ شۆڕش

بکەین، ئەوە ئێمە سوپا نین تا بتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەین. ئەمە شتێکە خوا دەیبینێت و خەڵکیش دەیزانێت. بەڵام پێویسە مل بۆ هەموو شتێك کەچ نەکەین کە بەسەرماندا دەسەپێنرێت. پێویستە کەس ئەو نمرانە نەپارێزێت کە دایاندەنێن، کەسیش ساڵی لەدایکبوونی خۆی نەڵێت، با بە خۆیان ئەو بەروارەی لەدایکبوونی هەر یەکەمان هەڵبێنن. بەڵام ئەگەر سنووریان بەزاندو دەستیان لە کاروباری منداڵ و بەختەوەریمان وەردا، دەبێت سەر دانەنەوێنین و، بەرگری لە خۆمان بکەین، ئەو کاتەیش خوا هەرچی ویست با بیکات..

ماوەیەکی دوورو درێژ ئەو هەنگاوە بێزراوانەیان تاوتوێ کرد کە حکوومەت دەیانهاوێت، بەڵام لای قسەکانی عەلی خۆجە هەڵوەستەیەکیان کرد: بەرگری نیگەتیڤانە. پیاوەکان وایان لێ هات تەمەنی خۆیان ئاشکرا نەدەکرد یان زانیاری ڕاستیان نەدەدا، پاساوی ئەوەیان دەهێنایەوە کە نەخوێندەوارن و خوێندن و نووسین نازانن. هەرچی ئافرەتەکان بوون ئەوە کەس نەیدەوێرا پرسیارێکیان لێ بکات، چونکە ئەوە بە ئابڕوو بردن دادەنرێت و خوێنی بەدواوەیە. بۆیە وێڕای هەموو ڕاسپاردەکانی حکوومەت، وێڕای هەموو ئەو هەڕەشەو گوڕەشانەی ئاراستەی کردبوون، کەچی تابلۆی نمرەکانیان لەو شوێنانە دادەکوتا کە نەدەبینران، یان بە هەڵەوگێڕاوی دایاندەکوتا... یان ماڵەکانیان بە گەچ سواغ دەداو نمرەکانیان دادەپۆشی، وەك بڵێیت ئەوە بە ڕێکەوت بووە.

کاتێك دەستەڵاتداران بینییان کە بەرخودان قووڵ و ڕاستگۆیانەیە ئەگەرچی لەژێر پەردەوەیە، جۆرە لێبوردەییەکی نواند، چاوی لەوە پۆشی یاساکە بە شێوەیەکی توندو تیژانە جێبەجێ بکات، بەوەیش خۆی لەو ئاکامانە بەدوور گرت کە دەبوو ڕوو بدەن و، خۆیشی لەو جۆرە ململانێیانە دوورەپەرێز گرت کە دەبوو ڕوو بدەن.

دوو ساڵ بەسەر ئەو سەردەمەدا تێپەڕی، ئەو نیگەرانییەی لەمەڕ ئامارو سەرژمێرییەکە دروست بووبوو لە یاد چووبووەوە، کاتێك بە شێوەیەکی پرەکتیکی بەبێ جیاوازی ئایین یان چینی کۆمەڵایەتی، لاوەکان بۆ سەربازی بران. ئەو کات لە وڵاتی هەرزەگۆڤینیای ڕۆژهەڵات شۆڕشێکی ئاشکرا هەڵگیرسا، ئەم جارەیان شان بە شانی تورکەکان سیربەکانیش بەشدارییان تێدا کرد. سەرکردەکانی شۆڕشگێڕان تێکۆشان پێوەندی بە وڵاتانی بیانییەوە ببەستن بە تایبەتی تورکیا. دەیانگوت وڵاتی داگیرکەر لەو دەستەڵاتانەی خۆی زێدەڕۆیی کردووە کە لە کۆنگرەی بەرلین پێی ڕاسپێرراوەو ئەو مافەی نییە خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکان بکاتە سەرباز کە بەردەوام سەر بە تورکیا بوونە. لە بۆسنیا بەرخودانی ڕێك و پێك ڕووی نەدا، بەڵام شۆڕش لە ڕێگەی (فۆچا)و (جورایدە)وە گەیشتە ناوچەکانی دەورو بەری بەڕێوەبەرایەتی فیشیگراد، هەندێك شۆڕشڤان لەوانەی بە تاك و تەرا دەجەنگین هەروەها هەندێك هێزی شکستخواردوو، هەوڵیان دا بەسەر پردی فیشیگراددا بپەڕنەوەو پەنا ببەنە بەر سنجق یان سیربیا. وەك شتێکی ئاسایی کە لەم بارودۆخانەدا ڕوو دەدات، ئەوە وڵات شان بە شانی شۆڕشڤانان خەڵکانێکی دزو جەردەی بە خۆو بینی.

ئەو کاتە سەرلەنوێ پاسەوانان لەسەر کابیاکە دانران، پاش ئەوەی بە درێژایی ئەو هەمووو ساڵانەی تێپەڕین پاسەوانی لێ نەمابوو، بۆیە ئەگەرچی زستانەکەیشی زۆر سارد بوو، وێڕای بەفر بارین، کەچی شەوو ڕۆژ دوو

جەندرمە پاسەوانییان دەکرد، ئەو دوو پاسەوانە ڕێبوارانی نەناسراوو گومان لێکراویان ڕادەگرت و، پرسیاریان لێ دەکردن و دەیانپشکنین.

دوای دوو هەفتە مەفرەزەیەکی گرووپی گەڕۆك (شترایفکۆربس) گەیشتە شارەکەو، سەربازەکانی ئەو مەفرەزەیە لەسەر کابیاکە شوێنی جەندرمەکانیان گرتەوە. ئەو گرووپە ئەو کاتە ڕێکخرابوو کە شۆڕشەکە بە شێوەیەکی ئەوتۆ فرەوانتر بووبووەوە، ئەو گرووپە لە کەسانێکی گەڕۆك پێکهێنرا، کە هەڵبژێرران و چەك و تەقەمەنییان بۆ ئامادە کرا بۆ ئەوەی لە ناوچە شاخاوی و سەختەکاندا کار بکەن، ئەندامانی ئەو گرووپە لەو کەسانە بوون خۆیان ناونووس کردبوو، مووچەیەکی باشیان وەردەگرت. هەندێك لەسەربازانی ئەم گرووپە ئەو کەسانە بوون وەك یەدەکی یەکەم لەگەڵ سوپای داگیرکەردا هاتبوون، دواتر ئارەزوویان نەکردبوو بگەڕێنەوە، بۆیە چووبوونە ڕیزی (شترایفکۆربس)ەوە. هەروەها سەربازانی جەندرمەیش هێنرابوونە ڕیزی ئەو گرووپەوە. هەروەها ژمارەیەك لەو سەربازانەیش هێنرابوونە ڕیزی ئەم گرووپەوە چوون کەسانێك بڕوایان پێ دەکرێت و دەشێت ببنە چاوساغ و ڕێ پیشاندەر.

لەو زستانەدا کە نە ئاسان و نە کورت بوو، دوو پیاوی سەر بەو گرووپە پاسەوانی کابیاکەیان دەکرد. شتێکی باو بوو کە یەکێك لەو دوو پاسەوانە بیانی و ئەوەی دیکە خەڵکی وڵاتەکە بێت. بەڵام سوپێر دروست نەکرا وەك چۆن تورکەکان ئەوسا لە سەردەمی شۆڕشی قەرە جۆرج لە سیربیا دروستیان کرد، کەسیش نەکوژراو سەریش نەپەڕێنرا. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەم جارەیش وەك چۆن هەموو جارێك کە کابیاکە دادەخرێت، ڕووداوی لە ڕادەبەدەر ڕووی داو شوێنەواری لە شارەکەدا بەجێ هێشت، چونکە کاتی تەنگانە بەبێ ئەوە تێناپەڕێت کە کولەمەرگی بۆ هەندێك کەس نەهێنابێت.

لەو سەربازانەی پاسەوانی کابیاکەیان دەکرد، لاوێکی ڕووسی خەڵکی (جالیسیا)ی ڕۆژهەڵات بە ناوی گریگۆر فیدۆن هەبوو. تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو، کەتەیەکی زل، بەڵام بە ناخ منداڵ بوو، چوون ورچ بەهێزو چوون کیژان شەرمن. ئەو لاوە ماوەی سەربازی بەسەر دەبرد کاتێك تیپەکەی ڕەوانەی بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا کرا، بۆیە لە شەڕی (مالاگای و گلاسیناك)دا بەشداری کرد. ساڵ و نیوێکی لە چەندین سەربازگەی بۆسنیای ڕۆژهەڵاتدا بەسەربرد. کاتێك ماوەی سەربازییەکەی تەواوکرد، ئارەزووی نەکرد بۆ (کۆلۆبیا) بگەڕێتەوە کە شارەکەی خۆیەو دەکەوێتە جلیسیاوە، ئارەزووی نەکرد بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆیان کە پڕ لە منداڵەو، جگە لە منداڵ هیچی دیکەی تێدا نییە. کاتێك بانگەواز ئاراستەی خۆبەخشکاران کرا بۆ چوونە ڕیزی گرووپی (شترایفکۆربس)ەوە، ئەو کاتە لەگەڵ تیپەکەیدا چووبووە (بیست)، داواکاری پێشکەش کرد بۆ ئەوەی بچێتە ڕیزی ئەو گرووپەوە، یەکسەر وەرگیرا، زۆری پێ خۆش بوو کاتێك مەزەندەی ئەوەی کرد کە دەگەڕێتەوە ئە ناوچانەو ئەو شارە بچووکانەی بۆسنیا کە ڕۆژگارێکی تێدا بەسەر بردوون، هەندێکیان خۆش و هەندێکیان ناخۆش، بەڵام ئەو ڕۆژگارە ناخۆشانەی ئێستە لە چوارچێوەی یادەکانەوە بەجوانترو زیندوانەتر لە خودی ڕۆژگارە خۆشەکان دێتە بەرچاو، چونکە ئەو پێوەندی بەم و بەویشەوە هەیە. دەروونی لە خۆشیاندا دەتوێتەوەو پڕ لە شانازی دەبێت کە ڕوخساری باوك و دایك و براو خوشکەکانی دەبینی کاتێك یەکەمین بڕە پارەیان بۆ دەنێرێت لەو مووچە زۆرەی کە وەك خۆبەخشکار وەریدەگرێت .

لەوەیش پتر بە چوونە ڕیزی ئەو گرووپەوە ئارەزووی دەکرد نەك هەر بۆ وڵاتی بۆسنیا بنێررێت کە شەڕی دژ بە شۆڕشڤانان هێزو توانای مرۆڤ ناهێڵێت و ئەگەری مەترسی کوشندەیشی تێدایە، بەڵکو بۆ شارێکی سەر کەناری ڕووباری درینا کە ئیشی سەرباز لەوێ تەنیا ئەوەیە ببێتە پاسەوانی شەو یان ڕۆژ.

زستانی تەواو لەوێ بەسەر برد، بە پێڵاوەکەی کابیاکەی بۆ چەندین کاژێری دوورو درێژ دەکوەتاو، لە شەوە کپ و زۆر ساردەکاندا فووی بە ناو لەپدا دەکرد، کاتێك تاوێریش لە سەرماندا درزی دەبردو تەنانەت ئاسمان بەسەر شارەکەدا گڤەی دەهات و، ئەستێرە زلەکانی پاییز دەبوونە مۆمێکی بچووکی شاراوە.لەوێ کاتێك پێشوازی لە بەهار کردو یەکەمین نیشانەی بەهاری لەسەر کابیاکە بەدی کرد: ئەویش بە درزبردنی شەختەی ئەستووری سەر ڕووباری درینا، تا دەگاتە ئەو دەنگەی کە مرۆڤ هەستی دەکرد ڕۆ دەچووە ناو ناخیەوە، تا دەگاتە ئەو گڤە گڤە بێ هێزە گڤەی بایە نوێیەکە کە بە درێژایی شەو لە دارستانە ڕووتەکاندا دەنگی دەدایەوە، ئەو دارستانانەی چیاکانی سەرووی ڕووبارەکەیان داپۆشیوە.

لاوەکە کە نۆرەی بهاتایە پاسەوانی دەکردو، هەستی دەکرد بەهار کە لە چوارچێوەی زەوی و ئاوەوە لەسەرخۆ سەر دێنێتە دەرو نغرۆی دەکات و، هەموو هەستەکانی دەورووژێنێت و هزرەکانی مەست و تێك دەدات، لەکاتی پاسەوانیدا لەبەر خۆیەوە ئەو گۆرانییە ئۆکرانیانەی دەگوتەوە کە لە وڵاتەکەی خۆیدا لەناو خەڵکدا باون، کە گۆرانیشی دەچڕی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئەو بەهارە مەزەندەی ئەوەی دەکرد کە لێرە لەم شوێنەدا کە ڕەشەبای لێ هەڵدەکات چاوەڕێی یەکێك دەکات.

لە یەکەمین ڕۆژی مانگی ئاداردا فەرماندایەتی ئەو مەفرەزەیەی ئاگەدار کردەوە کە پاسەوانی پردەکە دەکات ورياو ئاگەداری زۆرتر بن، چونکە زانیاری ئەوتۆ بەدەست گەیشتوون کە جەردەی بەناوبانگ یاکۆف چیکرلیا، لە هەرزەگۆڤیناوە چووەتە بۆسنیاو، ئێستە خۆی لە شوێنیکی دەورو بەری فیشیگراد شاردووەتەوەو، ئەگەرێکی زۆری ئەوە هەیە هەوڵ بدات لەوێوە خۆی بگەیەنێتە سنووری سیربیا یان تورکیا. سەربازانی (شترایفکۆربس) زانیارییان لەبارەی ڕەنگ و ڕووی (چیکرلیا)وە پێگەیشت، هەروەها لەوەیش ئاگەدار کرانەوە کە ئەو جەردەیە ئەگەرچی کورتە باڵایەو سەرو قەپۆزی ناشیرینە، بەڵام بەهێزو لێزان و تا ڕادەیەکی زۆر فێڵبازەو، چەندین جار مەفرەزەکانی فریو داوە پاش ئەوەی گەمارۆیان داوە، کەچی خۆی قوتار کردووە.

فیدۆن گوێی لەو ڕاپۆرتە بوو، وەك بەیاننامە فەرمییەکانی دیکە بە ڕاستی وەرگرت. بەڵام جۆرە زێدەڕۆییەکی تێدا بەدی کرد: لەو بڕوایەدا نییە بەسەر ئەم پردەدا دەرباز ببێت کە پانایی لە دە هەنگاو تێناپەڕێت و، ئەو نەیبینێت. ئەوەتا چەند کاژێرێکی شەوو ڕۆژ لەسەر کابیاکە بەسەر دەبات، ئاسوودە بێ ئەوەی هیچ غەم و خەفەتێك نیگەرانی بکات. بە ڕاستی چاوو گوێی خۆی کردووەتەوە، بەڵام ئەو ورياييەيە بۆ ئەگەری دەرکەوتنی ئەو (یاکۆف)ە ئاراستە نەکرابوو کە کەس نازانێت لە کوێیە، بەڵکو ئەو وريايیە نغرۆی لێوردبوونەوەی ئەو نیشانەو ئەو ڕووداوە سروشتییانە بوو کە بەهار لەسەر کابیاکە دەینواند.

ئاسان نییە مرۆڤ نیگای خۆی بخاتە سەر تەنیا یەك شت، کاتێك لە تەمەنی بیست و سێساڵیدا بێت هەست بەوە بکات هەموو جەستەی مێرووله دەکات، کە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی هێزو ژیان، کاتێك بەهار لە

هەموو ئالییەکی دەورو بەریەوە دەبریسکێتەوە بۆن و بەرامە بڵاو دەکاتەوە. بەفر لە هەموو ڕێگەو دۆڵەکاندا دەتوێتەوە، شەپۆلە لێڵەکانی ڕووبارەکەیش خێرا کشەیان دەهات، ڕەشەبایش کە لە باکووری ڕۆژئاواوە هەڵی دەکرد بەو باڵانەی خۆی هەناسەی بەفری چیاکان و نەوچرۆکانی دێنا. هەر هەموو ئەوە (فیدۆن)ی مەست دەکردو سەرسوڕمانی دەکرد کاتێك لەم شۆستەوە بۆ ئەو شۆستە دەهات و دەچوو، یان شەوانە پشتی بە دیوارەکەوە دەداو، لەگەڵ بایەکەدا گۆرانییە ڕووسییە خۆشەویستەکانی خۆی دەگوتەوە. شەوو ڕۆژ ئەو هەستەی لە دەست نەدەدا کە چاوەڕێی یەکێك دەکات، کە هەستێکی ناخۆش و خۆشە لە هەمان کاتدا، وەك بڵێیت هەموو ئەوانەی لەسەر ئاوەکەو زەوی و بە ئاسمانەوە دووپاتی دەکەنەوەو دەیسەلمێنن.

ڕۆژێکیان لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا، کیژێکی تورك بە تەنیشت پاسەوانەکەدا تێپەڕی. بە تەمەن نەگەیشتبووە ئەو تەمەنەی کە کیژانی تورك سەرپۆش و لەچکی تێدا دەبەستن، بەڵام لەو تەمەنەدا بوو کە ڕێ بەو کیژانە نادرێت تەواو بەسەری پەتی بچنە دەرەوە، بەڵکو بە سەرپۆشێکی تەنك خۆیان دەپێچنەوە کە هەموو گیانیان تا دەگاتە هەردوو باسك و قژو چەناگەو تەوێڵیان دادەپۆشی، ئەم تەمەنە ئەو کات و ماوە کورتەی نێوان منداڵیەتی و هەرزەییە، چونکە کیژی تورکان لەم تەمەنەدا بێ مەبەست و بە خۆشنوودییەوە جوانی دەم و چاوی خۆی دەخاتە ڕوو کە هێشتە لە دەم و چاوی منداڵ دەچێت، لێ لەگەڵ ئەوەیشدا دەم و چاوی مێینەیەکە لە سبەینێ بەدواوە تا دەمرێت بە لەچك دادەپۆشرێت.

کەس لەسەر کابیاکە نەبوو، لەگەڵ (فیدۆن)دا پیاوێکی دیکە پاسەوان بوو، ناوی (ستیڤان ڕەچا) بوو، کە جووتیارێك بوو چووبووە ڕیزی (شترایفکۆربس)ەوە. ئەم پیاوە بەساڵدا چووە کە ڕکی لە مەی نابێتەوە، بە پێچەوانەی ئەو ئەرکەی سستم بۆی دەستنیشان کردووە، خەواڵووانە لەسەر سۆفیا بەردینەکە دانیشتبوو.

فیدۆن بە نیگایەکی وریایانەی شەرمنانەوە تەماشای کیژەکەی کرد. سەرپۆشە ڕەنگاوڕەنگەکەی بە هۆی هەڵکردنی باو ڕیتمی هەنگاوەکانییەوە بە دەوریدا شەپۆلی دەداو لوولی دەخواردو لەبەر تیشکی هەتاودا دەبریسکایەوە وەك بڵێیت بوونەوەرێکی زیندوو بێت. بە چمکی سەرپۆشەکەی دەوری دەم و چاوە ساویلکەو جوانەکەیشی توند جەرێنرابوو. هەردوو چاویشی نیوچە نوقاو بوون بەڵام بزەیان دەهاتێ. کیژەکە بەم شێوەیە بە تەنیشتیدا تێپەڕی و، ڕووەو شار بزربوو.

لاوەکە بەردەوام لەم شۆستەوە بۆ ئەو شۆستەکە دەهات و دەچوو. بەردەوام تەماشای لای گۆڕەپانی بازاڕەکەی دەکرد. مەزەندەی دەکرد کە چاوەڕوانی یەکێك دەکات. پاش نیو کاژێر ـ کە هێشتە یردەکە بەو قرچەی نیوەڕۆیە کپ و بێ دەنگ بوو ـ کیژە تورکەکە لە بازاڕ گەڕایەوەو، دووبارە بە بەردەم لاوە شڵەژاوەکەدا تێپەڕی. ئەم جارەیان بۆ ماوەیەکی نەختێك درێژترو نەختێك بوێرانەتر نیگای دایە، بۆیە سەری سوڕما کە بینی ئەویش لەلای خۆیەوە بە نیگایەکی لەناکاوی خێرا تەماشایەکی کرد، بەڵام تەماشایەکی بێ ترس، بزەیەکی هەندێك مەکرانەیشی هاتێ، بەڵام مەکرێکی لەو جۆرە مەکرە بێ مەبەستەی کە منداڵان لە یاریدا پەنای بۆ دەبەن، بۆ ئەوەی یەکدی فریو بدەن. وێڕای ئەوەیش، جارێکی دیکە بەرێ کردنە هێورو هەنگاوە لەسەرخۆکانی دوور کەوتەوە، لەگەڵ شەپۆلدان و جووڵانەوەی سەرپۆشە دەڵپەکەیدا کە بەژنی

داپۆشیبوو. نەقشەکانی ڕۆژهەڵات و ڕەنگە تاریکەکان کە سەرپۆشەکەیان ڕازاندبووەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێوان خانووەکانی کەناری ئەوبەرەوە دەبینران.

ئەو کاتە لاوەکە بە ئاگە هاتەوەو ڕاچەنی . بینی هێشتە لە هەمان شوێنی خۆیدایە، بە هەمان بارو شێوەوە، وەك ئەو کاتەی کیژەکە بە تەنیشتیدا تێپەڕی. کاتێك بەم شێوەیە بە ئاگە هاتەوە، دەستی بە تفەنگەکەیدا هێناو، تەماشای ئەم لاو ئەو لای خۆی کردو هەستی کرد کە ئاگەی لە شتێك نەماوە. (ستیڤان)یش لەبەر تیشکی فریودەری هەتاوی مانگی ئاداردا خەو بردبوویەوە. لاوەکە هەستی بەوە کرد کە هەردووکیان گوناهێکیان کردووەو دەشێت لەو ماوەیەدا، کە ناتوانێت مەزەندەی بکات چەند بووەو ناتوانێت مەترسیشی بۆ خۆی و بۆ کەسانی دیکە مەزەندە بکات، ڕەنگە دەستەیەك سەرباز بە تەنیشتیاندا تێپەڕیبن. شەرمی بە خۆی هات و، بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە (ستیڤان)ی لە خەو کردەوەو، هەردووکیان درێژەیان بە ئەرکی پاسەوانی خۆیان دا، تا نۆرەیان کۆتایی هات.

لاوەکە بە درێژایی ئەو ڕۆژە، چ لە کاتی پشوودان و چ لە ماوەی پاسەوانیدا، بەردەوام شەبەنگی کیژە تورکەکەی دێناوە بەرچاو، کە چەندین جار بە نازەوە بە بەردەمیدا دەهات و دەچوو. ڕۆژی دواتر، کاتی نیوەڕۆ، کاتێك پردەکەو بازاڕیش کەمترین ژمارەی خەڵکیان تێدا دەبینرێت، جارێکی دیکە کیژەکە بە ڕاستی نەك لە خەیاڵدا بەسەر پردەکەدا تێپەڕی. جاریکی دیکە (فیدۆن) تەماشای ئەو دەم و چاوەی کرد، کە قوماشە ڕەنگاو ڕەنگەکەی توند بە دەوردا جەرێنراوە، وەك بڵێین بەشداری لە یارییەکدا دەکات یاساکانی نەزانێت بە نیوە ناتەواو نەبێت. ئەوەی دوێنێ ڕووی دا ئەمڕۆیش دووبارە بووەوە. بەڵام نیگاکان درێژتر بوون و، بزەکانیش زیندووانەو بوێرانەتر بوون. (ستیڤان)یش لەلای خۆیەوە بەشداری ئەم یارییەی کرد، ئەویش سەرلەنوێ لەسەر نیشتگە بەردینەکە نوستبوو، ئەگەرچی دواتر، وەك ڕاهاتبوو سوێندی خوارد، کە نەنوستبوو، تەنانەت بەشەویش پێڵووی لەیەك نانێت. کیژەکە لە گەڕانەوەدا وەنەبوو ڕابوەستێت، کوت و پڕ بە نیگایەك تەماشای ناوچاوی سەربازەکەی کرد، ئەویش دوو وشەی شڵەژاوی بێ واتای بە گوێدا دا، ئەو کاتیش هەستی دەکرد لە ئەژمەتی هەڵچووندا هەردوو پێی لە ژێریدا دەلەرزین و، تەواو خۆی لە بیر کردبوو.

مرۆڤ لە خەوندا نەبێت ئەم جۆرە هەنگاونانە بوێرانە ناهاوێت. کاتێك کیژەکە سەرلەنوێ لە کەنارەکەی ئەو بەرەوە لە چاو بزربوو، لاوەکە لە ترساندا لەرزی. چونکە ڕێی تێناچێت کیژێکی تورك بوێرێت تەماشای سەربازێکی نەمساوی بکات. ئەم شتەی کە پێشتر گوێی لێ نەبووەو، پێشتریش ڕووی نەداوە، ناشێت ڕوو بدات تەنیا لە خەوندا یان لە کاتی بەهاردا لەسەر کابیاکە نەبێت. لاوەکەیش زۆر باش دەزانێت بۆ یەکێکی وەك لە بارودۆخی ئەودا بێت لەم وڵاتەدا لەوە ڕیسوایی ترو مەترسیدارتر نییە کە توخنی ئافرەتێکی موسوڵمان بکەوێت. لە سوپادا باسی ئەوەیان بۆ کردبوو، لە (شترایفکۆربس)یش باسیان بۆ کردبوو. سزای ئەم جۆرە تاوانە سزایەکی توندە. تەنانەت چەندین پیاو گیانیان لە بری ئەم جۆرە تاوانانەدا لەدەست دابوو، چونکە تورکەکان هەڵچووبوون و تووڕە بووبوون و کوشتبوونیان، لەبەر ئەوەی پێداگیری لە پاراستنی نامووسی خۆیان دەکەن کە دەبێت دەستدرێژی لێ نەکرێت.

ئەو، هەموو ئەوە دەزانێت و، بە ڕاستی و دڵسۆزانە دەیەوێت سستم بپارێزێت و پابەندی فەرمانەکان بێت، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا تەواو پێچەوانە ڕەفتار. نەگبەتی پیاوانی سەرپێچیکار لەوەدایە، ئەو شتانەی لێیان بێ بەش کراون، کە ناتوانن دەستەبەریان بکەن، ساتێك لە ساتەکان وایان لێ دێت کە بە ئاسانی دەستەبەر بن (یان وا مەزەندە دەکەن)، بەڵام دواتر ڕاستییەکەیان بۆ دەردەکەوێت: بەدی نایەن و قەدەغەن، ئەو کەسانە باجی ئاکامەکەی دەدەنەوە، کە وێڕای هەموو شتێك توخنی دەکەون.

نیوەڕۆی سێیەمین ڕۆژ، کیژە تورکەکە سەرلەنوێ تێپەڕی. وەك چۆن لە خەوندا ڕوو دەدات، هەموو شتێك بەو شێوەیە بەڕێوەچوو کە ئارەزووی لاوەکە حەزی لێ نەدەکرد وەك بڵێیت واقیعێك بێت جڵەوی هەموو شتێکی بەدەست بێت: ستیڤان نوستووە، بە قەناعەت و ئامادەیی بەردەوامی خۆیەوە ئامادەیە خەڵکی قایل بکات پێڵووی لەیەك نەناوە، کەس لەسەر کابیاکە نییە. لاوەکە وەك جاری پێشووتر چەند وشەیەکی هەڵگڵماند. کیژەکەیش هەنگاوەکانی سستر کردەوەو، بە ترس و لەرزەوە بەچەند وشەیەك وەڵامی دایەوە لە وشەکانی ئەو تەم و مژاوی تر بوون.

ئەم یارییە ترسناکە کە ئەقڵ بڕوای پێ ناکات درێژەی کێشا. لە چوارەمین ڕۆژدا، کاتێك کیژەکە تێپەڕی، پاش ئەوەی چاوەڕێی کرد کە کەس لەسەر کابیاکە نەبێت، ڕووی کردە لاوە ئەویندارە گرگرتووەکەو، پرسیاری لێ کرد کەی نۆرەی پاسەوانی کردنی دواتری دێت. ئەویش وەڵامی دایەوە کە کە جارێکی دیکە کاتی خۆرئاوابوون لە کاتی نوێژدا لەسەر کابیاکە دەبێت.

ـ داپیرەم دەبەمە ناوەندی شار، بۆ ئەوەی شەو لەوێ بەسەر ببات و، خۆم بە تەنیا دەگەڕێمەوە.

کیژەکە ئەمەی بە گوێدا چرپاند بێ ئەوەی ڕاوەستێت و، بێ ئەوەی سەری بەلای ئەودا وەرچەرخێنێت، بەڵکو لە تەنیشتەوە بە نیگایەکی تیژ تەماشای کرد، هەر وشەیەك لەو وشە ساکارانەی کە لە زاری هاتنە دەر بەڵگەی شادی بەخشی ئەون، کە دەگەڕێتەوەو بە دیداری دەگات.

پاش چەند کاتژمێرێك، جارێکی دیکە، فیدۆن و هاوەڵە خەواڵووەکەی لەسەر کابیاکە بوون، ئەم دەمەو ئێوارە فێنکەی وا دەهاتە پێش چاو کە پڕ لە بەڵێن بێت. وردە وردە ڕێبواران کەمتر دەبوونەوە. کیژە تورکەکە لەو ڕێگەوە دەرکەوت کە لە (ئۆسوینجا)وە دەهات، سەرپۆشەکەی پۆشیبوو کە دەمەو ئێوارە ڕەنگەکانی کاڵ کردبووەوە. لە تەنیشتییەوە پیرەژنێکی تورکی پشت کۆماوە دەڕۆیشت، عابایەکی ڕەشی لەخۆ ئاڵاندبوو. ئەوەندە کۆمابووەوە لەوە دەچوو لەسەر چوار لەپ و پێ بڕوات. بە دەستی ڕاست خۆی بەسەر گۆچانێکدا دابوو، دەستی چەپیشی بە باسکی کیژەکەوە بوو. هەردووکیان بە تەنیشت (فیدۆن)دا تێپەڕین. کیژەکە هەنگاوەکانی سست کردەوە، بە شێوەیەك هەنگاوە سستەکانی هاوکات لەگەڵ هەنگاوەکانی پیرەژنەکەدا جووت بن کە ڕای دەکێشا. هەردوو چاوی بە سێبەری تاریکیی بەرابیەکان زەق بووبوونەوە. ئێستە بە نیگاکانی بوێرانەو ڕاشکاواناتر لە نیگاکانی لاوەکە دەڕوانێت، وەك بڵێیت ناتوانێت خۆی لێ قوتار بکات. کاتێك هەردوو ئافرەتەکە لەناو شاردا لەچاو بزربوون، مووچڕکەیەکی بەهێز لەشی لاوەکەی داگرت. بە هەنگاوی خێرا خێرا لەم شۆستەوە بۆ ئەو شۆستە دەستی بە هاتوچۆ کرد، وەك بڵێیت

بیەوێت ئەو شتە بەدەست بهێنێتەوە، کە لە دەستی داوەو، بە هەڵچوونێکەوە کە لە نیوچە ترسێك دەچوو، هەر چاوەڕێی کیژەکەی دەکرد. (ستیڤان)یش نوستبوو.

لاوەکە لە دڵی خۆیدا گوتی:

ـ تۆ بڵێیت چیم پێ بڵێت کە دەگەڕێتەوە؟ من چی پێ بڵێم؟ ڕەنگە داوای لێ کردبم شەو لە شوێنێکی پەنهاندا بە دیداری یەکدی بگەین.

لاوەکە مووچڕکێکی هاتێ کاتێك بیری بۆ لای ئەو چێژو مەترسییانە چوو کە ئەم بیرۆکە لەخۆی گرتوون. کاژێرێك بەسەر چاوەڕوانیدا تێپەڕی، کاژێرێکی دیکەیش تێپەڕی، بەڵام کیژەکە نەگەڕایەوە.لێ ئەم چاوەڕوانییە جۆرە چێژێکی شیرینی لە خۆ گرتووە. ئەم چێژە شیرینە پتر دەبێت هەرکە شەو تاریك و نووتەکتر بێت. لەو کاتەدا پاسەوانە دوومانەکەی ئەو هات کە پاش وی نۆرەی پاسەوانی دەهات بەر لەوەی کیژەکە بگەڕێتەوە. پاسەوانی ئەم جارەیش تەنیا دوو سەرباز نەبوون، بەڵکو دوو سەربازو (دراکینۆڤیچ)ی چاووشیان لەگەڵ بوو. ئەو پیاوە دڵڕەقە بە خۆی و ڕیشە ڕەش و کورتەکەیەوە هات و فەرمانی بە (فیدۆن) و (ستیڤان) کرد بڕۆن و هەرکە گەیشتنە ژوورەکەیان دەست بەجێ بنوون و، لەوێ نەجووڵێنەوە، تا فەرمانێکی دیکەیان بۆ دێت... ئەوەی بە دەنگێکی توندو بێزراوو چەپەڵانە پێ گوتن: فیدۆن تەم و مژاوییانە، مەزەندەی ئەوەی کرد کە تاوانێکی کردووەو هەستی کرد خوێن دەزێتە سەرییەوەو دەرەنگەی دێت.

ئەو ئۆردووە پان و بەرین و ساردو سڕەی کە دوازدە نوێنی تێدایە، چۆڵ بوو. پیاوەکان هێشتە لە شار بوون، یان لە چێشتخانەن، شیوی ئێوارە دەخۆن. فیدۆن و ستیڤان بە نیگەرانی و جیکڵدان تەنگییەوە چاوەڕێیان دەکرد، بیریان دەکردەوەو دەکۆشان ئەو هۆیە هەڵبێنن کە بووە هۆی ئەوەی چاووشەکە بەم شێوە توندو لەناکاوە دەست بەسەری کردن. پاش کاژێرێك، کاتێك سەربازەکان بۆ نوستن یەك بە دوای یەکدا هاتنەوە، چاووشێك بە ڕوو درژی هاتە ژوورەوەو، بە دەنگێکی گڕ داوای لێ کردن دووی بکەون. بەم بەڵگانە بۆیان دەرکەوت کە توند مامەڵە لەگەڵدا کردنیان تا دێت پەرە دەستێنێت و، هەر هەموو ئەوەیش ئاکامی باشیان لێ بەدی ناکرێت. هەرکە لە ئۆردووەکە چوونە دەرەوە هەردووکیان لە یەکدی جودا کرانەوە تا لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

تا دێت شەو هەڵدەکشێت. وردە وردە درەنگ دادێت و دوایەمین ڕووناکی لە شاردا دەکوژێتەوە. کەچی هێشتە پەنجەرەکانی ئۆردووی سەربازەکان ڕووناکن. جار ناجارێك دەنگی زەنگی دەرگەی چوونە ژوورەوە بەرگوێ دەکەوێت و، زڕەی کلیل و جیڕەی دەرگە قورسەکان دەبیسترێن. سەربازانی سەر بە ئەفسەرەکانیش دێن و دەچن و، خێرا بە شارە تاریك و نوستووەکەدا دەسووڕێنەوە، چوون تەونی جۆلا لە نێوان ئۆردووەکەو بارەگای فەرماندایەتی لە یەکەمین نهۆمدا دێن و دەچن، کە چراکانی ئەویش هێشتە ڕووناکن. مرۆڤ دەتوانێت بە پێی ئەم بەڵگە دەرەکییانە مەزەندەی ئەوە بکات کە ڕووداوێك لە شارەکەدا ڕووی داوە.

کاتێك فیدۆن لە کاژێری یازدەدا، بۆ نووسینگەی ئەفسەری لیفتینانت کۆلۆنێل برا وای هەست دەکرد ئەوەی لە سەر کابیاکە ڕووی دا ئێستە چەندین ڕۆژ بەڵکو چەند هەفتەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە. چرایەکی میتاڵ لەو چرایانەی بە نەوت دەسووتێن لەسەر مێزەکەیە، لە سەرەوەی بەربەستێکی گۆزەیی سەوز هەبوو

ڕووناکییەکەی ئاراستەی خوارەوە دەکرد. لیفتینانت کۆلۆنێل گرچمار لە تەنیشت ئەو مێزەوە دانیشتبوو، تیشکی چراکە هەردوو بازووی تا قۆڵەنیسکی ڕووناك کردبووەوە، بەڵام سمت و سەری نغرۆی تاریکی بوون، کە بە هۆی بەربەستە سەوزەکەوە پێکهاتبوو. لاوەکە ئەم دەم و چاوە زەردە قەڵەوە دەناسێت کە لەوە دەچێت لە دەم و چاوی ئافرەتێك بچێت. ئەم سەرو قەپۆزە بوێرو نەرم و لووسە بە دوو سمێڵی بچووکەوە کە بە ئاستەم دەبینرێن، دوو چاوی نەترسی پێوەیە کە بازنەی لۆچی تاریك دەوریان داوە. هەموو سەربازەکان لەم ئەفسەرە قەڵەوو لەسەرخۆیە دەترسن، وەك چۆن لە ئاگر دەترسن. ئەو پیاوانە زۆر دەگمەنن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بتوانن خۆیان لەبەردەم نیگای ئەو دوو چاوە بوێرەدا ڕابگرن و، کاتێك وەڵامی پرسیارەکانی دەدەنەوە زمانیان لێك نەئالێت، کە هەر وشەیەکی ئەو پرسیارانە بە شێوەیەکی لەسەرخۆو جیاو لێك جیاواز گۆ دەکات هەر لە یەکەمین پیتەوە تا دواپیت، وەك چۆن لە قوتابخانەو شانۆدا باوە. (دراگینۆڤیچ)ی چاووشیش لە تەنیشتییەوە دانیشتووە. جەستەی ئەویش نغرۆی تاریکییە، تەنیا هەردوو دەستی دیارن، تیشکێکی تیژ ڕووناکی کردوونەتەوە، کە دوو دەستی تووکنن و شۆڕ بوونەتەوە، ئەموستێلەیەکی قورسی زێڕین پەنجەی یەکێکیانی ڕازاندووەتەوە.

دراگینۆڤیچ لێپرسینەوەکەی دەست پێ کردو گوتی:

ـ پێمان بڵێ چۆن کاتی نێوان کاژێر پێنج تا حەوتت بەسەر برد. کاتێك تۆو سەربازی یاریدەدەر لە سەربازانی (شترایفکۆربس) ستیڤان کالاتسان لای کابیاکە پاسەوانیتان دەکرد.

فیدۆن هەستی کرد خوێن دەزێتە دەم و چاویەوە. هەموو مرۆڤێك کاتی خۆی بەو شێوەیە بەسەر دەبات کە پێویستەو دەتوانێت بەسەر ببات، کەسیش ئەوەی بە بیردا نایەت لەبەردەم دادگەیەکی دڵڕەقدا پرسیاری ئەوەی لێ بکرێت باسی هەموو ئەوەی ڕووی داوە بە هەموو وردەکارییەکانەوە، تەنانەت هەستە نهێنییەکان لە یەکەمین ساتەوە تا دوایەمین سات بگێڕێتەوە. کەس ئەوەی بە بیردا نایەت، بە تایبەتی لاوێکی تەمەن بیست و سێ ساڵەی لە تەمەنی ئەودا کە ئەو کاتانەی بەهاری لای کابیاکە بەسەر بردووە. وەڵامی چی بداتەوە؟ ئەو دوو کاژێرەی کاژێرەکانی پاسەوانی بەو شێوە بەسەر برد وەك چۆن هەموو ڕۆژێك کاژێرەکانی دیکە بەسەر دەبات .... وەك دوێنێ و پێرێ .. بەڵام لەم ساتەدا شتێك لەو شتە باوانەی بیر نایەتەوە کە هەموو ڕۆژێك ڕوو دەدەن لەوەی دەشێت وەڵامی پێ بداتەوە، بەڵکو شتی دیکەی قەدەغەکراوی بیر دێتەوە کە لەم جیهانەدا تووش هەموو مرۆڤێك دێت، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت پلەو پایەدارانی سەرەوەی خۆی لێ ئاگەدار بکاتەوە، ئەویش ئەوەی کە (ستیڤان) وەك ڕاهاتووە کەمێك خەو بردبوویەوە، لە کاتێکدا، بە خۆی چەند وشەیەکی لەگەڵ کیژێکی تورکدا ئاڵوگۆڕ کرد کە نایناسێت، کە شەویش داهات بەسۆزو جۆش و خرۆشەوە هەموو گۆرانییەکانی وڵاتەکەی بە ورتە ورت چڕی و چاوەڕێی کرد کیژەکە بگەڕێتەوە ... کە گەڕانەوەیەك بوو شتێکی سەرنج ڕاکێشی نائاسایی بۆ دەهێنا. ئاخ وەڵام دانەوە چەند قورس و گرانە ناتوانێت باسی هەموو شتێك بکات، بەڵام ناتوانێت بێ دەنگ بمێنێتەوە ...دەبێت دەست و برد بکات، چونکە تا دێت کات تەسکتر دەبێتەوەو، تا دێت شڵەژان و شەرمەزاری پەرە دەستێنن ... فیدۆن نەیزانی بێ دەنگییەکەی چەندی خایاندو چەند درێژەی کێشا ...

ـ بەڵێ ....

لیفتینانت کۆلۆنێلەکە وای گوت. هەموو خەڵك ئەم (بەڵێ) ڕوون و بەهێزو بە ئاوازە دەزانن، کە لە دەنگی ئامێرێکی زەبەلاحی ئالۆز دەچێت جوان چەور کرابێت .

فیدۆن هەر لە سەرەتاوە بە شڵەژاوی و خێرا وەك تاوانبار بڵمەبڵمێکی دەست پێ کرد.

تا دەهات شەو دەکشا، بەڵام چراکان نە لە ئۆردووەکەو نە لە بارەگای فەرماندایەتی نەدەکوژانەوە. لێپرسینەوەو، کۆنووس و، ڕوو بە ڕووبوونەوەکان بە دوای یەکدا دەهاتن. سەربازانی دیکەیش لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرا لەوانەی هەمان ڕۆژ لای کابیاکە پاسەوانییان کردبوو، بەڵکو هەندێك لەو ڕێبوارانەشیان هێنا ئەو ڕۆژە بەسەر پردەکەدا پەڕیبوونەوە. بازنەکە پتر لە دەوری فیدۆن و ستیڤان و، ئەو ئافرەتە تورکە بەساڵداچووەدا دەخولایەوە کە کیژە بچووکەکە لەسەر پردەکە دەستی ڕاکێشابوو.

لاوەکە مەزەندەی ئەوەی دەکرد هەموو ئاکامە ئیبلیسیانە کلۆم دراوەکان، ئەوانەی لە ئاکامی خەونەکانیەوە هاتوونەتە کایەوە بەسەر ئەودا دەشکێنەوە. بەرەبەیان ڕوو بە ڕووی ستیڤان کرایەوە. جووتیارەکە بە مەکرەوە چاوی دەپرتاندو بەشێوازێکی ساختەو دەنگێکی خۆکردانە دەئاخافت، ئەوەیشی دووپات دەکردەوە کە ئەو جووتیارێکی نەخوێندەوارەو خوێندنەوەو نووسین نازانێت و، لە هەموو شتێکدا پشت بەم (بەڕێز فیدرۆن)ە دەبەستێت (بەردەوام بەو شێوەیە ناوی هاوەڵەکەی دەبرد کە پێکەوە پاسەوان بوون).

لاوەکە لە دڵی خۆیدا گوتی : دەبێت وەڵامدانەوەکە بەم شێوەیە بێت.

لە برساندا زگی قۆڕەی دەهات و، لە ئەژمەتی هەڵچووندا دەلەرزی، ئەگەرچی تا هەنووکە بە تەواوەتی نەیدەزانی چی قەوماوەو، چی بێ گوێیەکی کردووەو، ئەو تاوانە چییە ئەنجامی داوە. بەڵام (بەیانی) ڕووداوەکەی بە تەواوەتی ڕوون کردەوە.

ئەو ئەڵقە سەیرە بە درێژایی شەو دەخولایەوە، چەقەکەیشی ئەو ئەفسەرە ساردە بێ بەزەییە بوو. تەنیا ئەفسەرەکە هێورو بێ دەنگ بوو، بەڵام ڕێی نەدەدا کەس هێورو بێ دەنگ بێت. ڕەفتارو ڕواڵەتی لە بوونەوەرێکی مرۆیی ناچێت لەبەرجەستە بوونی ئەرك دەچێت، لە کاهینێکی تۆقێنەری کاهینەکانی دادوەری دەچێت، دڵی ئاگەی لاوازی و بەزەیی نازانێت، هێزێکی گەورەتر لە هێزی مرۆڤی هەبوو، دەربەستی نان خواردن و نوستن و پشوودان نەدەهات. کاتێك ڕۆژ بووەوە جارێکی دیکە (فیدۆن)یان هێنایە لای لیفتینانت کۆلۆنێلەکە. ئێستە لە نووسینگەکەدا جگە لە لیفتینانت کۆلۆنێلەکەو جگە لە (دراگینۆڤیچ)، سەربازێکی چەکدار لە سەربازانی جەندرمەو ئافرەتێکیش هەن، کە یەکەمین جار وای بە بیردا هات کە بوونی ئەو ئافرەتە لەوێ دروست نەبێت. چراکە کوژابووەوە. ژوورەکە، کە ڕووی بەرەو باکوور بوو سارد بوو، لەوە دەچوو لە سێبەردا بێت. لاوەکە هەستی کرد ئەو خەونەی شەو بینیبووی ئێستە تەواو دەبێت و خەریکە پەرت دەبێتەوەو بەم ڕۆژی ڕووناکە خەریکە نەمێنێت.

دراگینۆڤیچ لە ئافرەتەکەی پرسی:

ـ ئەمە ئەو سەربازە بوو کە پاسەوانی پردەکەی دەکرد؟

ئەو کات فیدۆن بە ئازارەوە تێدەکۆشی و وریایانە تەماشای ئافرەتەکەی کرد. ئەم کیژە موسوڵمانە بوو کە شەوی ڕابوردوو بینیبووی، بەڵام ئێستە سەرپۆشی نەداوەو سەری ڕووتە، پەلکەکانی قژە چڕە خەنەییەکەی وەنییە بەسەر سەریەوە رانەوەستن. شەرواڵێکی تورکانەی ڕەنگاوڕەنگی پۆشیوە، بەڵام جل و بەرگەکانی دیکەی، کراس و پشتوێن و بەروانکەکەی، لە جل و بەرگی کیژە سیربییەکانی پێدەشتی سەرەوەی شار دەکەن. بەبێ سەرپۆش بەتەمەنترو قەڵەوتر دێتە پێش چاو. بە تەواوەتی ڕوومەتی گۆڕاوە. زاری فرەوان و گەورەو شەرخوازانە بوو، هەردوو پێڵووی سوورهەڵگەڕابوون، هەردوو چاوی پرشنگدارو ڕووناك بوون، ئەو سێبەرانەیان نەمابوو کە دوێنێ پێوەیان بوون.

ـ بەڵێ .

بە شێوەیەکی ڕەق و بێ ئەوەی دەربەست بێت ئەوەی گوت، کە بەلای (فیدۆن)ەوە ئەوەیش شتێکی نوێی نەگونجاو بوو، وەك هەموو دیمەنێکی ئێستەی ئەم ئافرەتە.

دراگینۆڤیچ درێژەی بە لێپرسینەوەکە دا: چۆن لە پردەکە پەڕییەوە؟ چەند جار لە پردەکە پەڕییەوە؟ چی بە فیدۆن گوت؟ فیدۆن چی پێ گوت؟ بە گشتی وەڵامی دروستی دەدایەوە، بەڵام بێ گوێ دان و بە لووت بەرزییەوە.

ـ یالنکا، دوایەمین جار کاتێك لە پردەکە پەڕیتەوە چی پێ گوتیت؟

ـ هەندێك قسەی گوت، بەڵام بە تەواوەتی نازانم چی گوت، چونکە گوێم لێ نەگرت، بەڵکو بیرم لەو هۆیانە دەکردەوە کە وام لێ دەکەن بتوانم یاکۆف دەربازو ئاودیو بکەم.

ـ بیرت لەوە دەکردەوە؟

ـ بەڵێ بیرم لەوە دەکردەوە.

ئافرەتەکە بە نابەدڵی ئەو وەڵامەی دایەوە، دیار بوو کە ماندوو بوو، نەیشیدەویست لەوە پتر بڵێت کە پێویست بە وتن دەکات. بەڵام چاووشەکە بە دەنگێك هەڕەشەی پێوە دیاربوو پێی لەسەر ئەوە داگرت، لەگەڵ سووربوون لەسەر وەڵامی ڕاشکاوانە، ئەو قسانە دووبارە بکاتەوە لە کاتی یەکەمین لێپرسینەوەدا لە بارەگای فەرماندایەتی گوتبوونی.

ئافرەتەکەیش ئەوەی ڕەت دەکردەوەو، وەڵامەکانی کورت بوون و، هەندێك بڕگەی قسەکانی پێشووی پشت گوێ دەخست و نەدەگوت، بەڵام هەموو جارێك ڕایدەگرت و بە پرسیارە لیهاتووانەو تەوس ئامێزەکانی ناچاری دەکرد بگەڕێتەوە سەر قسەکانی پێشووی.

وردە وردە هەموو ڕاستییەکان ڕوون بوونەوە. کە ناوی (لینکا)یەو سەر بە خێزانی (تازچ)ی خەڵکی ناوچەی لیسکای سەرووە. ئەوەبوو لە پاییزی ڕابوردوودا (حەیدووق ـ ڕێگر) چیکرلیا گەیشتە ناوچەکە، زستانیشی تێدا لە تەویلەیەك لە سەرووی گوندەکەوە بەسەر بردووەو، ئەویش بە خۆی جل و بەرگ و خواردنیشی لە ماڵەوەیان بۆ دەهێنا. زۆر جاریش ئەویان بۆ ئەو کارە ڕادەسپارد، بۆیە یەکدییان خۆش ویست و، بوون بە دەزگیرانی یەکدی. تا ئەو کاتەی کە بەفر خەریك بوو دەتوایەوەو گەڕان و پشکنینەکانی (شترایفکۆربس) پەرەیان سەند یاکۆف بڕیاری دا هەرچۆنێك بێت خۆی بگەیەنێتە سیربیا. لەو ماوەیەدا پەڕینەوە لە ڕووباری

درینا زۆر دژواره تەنانەت ئەگەر پاسەوانیشی لەسەر نەبێت، ئەی ئەگەر پاسەوانی بەردەوامی لەسەر بێت ئەو کاتە چۆن. بۆیە بڕیاری دا لە پردەکە بپەڕێتەوەو، پلانێکی بۆ فریودانی پاسەوانەکان دانا، ئەویش نیازی خۆی بۆ یارمەتیدانی دەربڕی، ئەگەر گیانیشی لەسەر دانابێت، بۆیە لەگەڵی چوو. سەرەتا ڕۆیشتە لیسکا، پاشان چوونە ئەشکەوتێك لە سەرووی (ئۆکۆڵچە). یاکۆف پێشتر لەسەر کەناری ڕووباری (گلاسیناتس) جل و بەرگی ژنانەی تورکانی لە قەرەجەکان دەست کەوتبوو: عەبایەك و شەرواڵێك و پشتوێنێك. بە پێی ڕێنماییەکانی ئەو، لەو کاتانەدا بەسەر پردەکەدا دەپەڕییەوە کە تورکانێکی زۆری بەسەردا ناپەڕنەوە، بۆ ئەوەی کەسیان پرسیار نەکەن و نەڵێن ئەو کیژە تورکە نەناسراوە کێیە، تا پاسەوانەکەیش بە بینینی ڕابێن. بەم شێوەیە سێ ڕۆژی یەك لە دوای یەك بەسەر پردەکەدا پەڕییەوەو بڕیاری دا یاکۆف بپەڕێنێتەوە.

ـ بۆچی ئەو کاتە پەڕاندتەوە کە ئەم سەربازە پاسەوانی پردەکەی دەکرد؟

ـ چونکە وام بۆ دەرکەوت کە لە هەموویان لاوازترە!

ـ لەبەر ئەم هۆیە؟

ـ بەڵێ.

ئافرەتەکە لەبەر سووربوونی چاوشەکە ناچار بوو تەواوی بەسەرهاتەکە بگێڕێتەوە. گوتی یاکوف خۆی بە عاباکەی پێچایەوە پاش ئەوەی کارەکانی بەو شێوەیە بۆ ڕێکخست و، دەمەو ئێوارە دەستی گرت و بەرەو پردەکەی برد وەك ئەوەی بڵێیت دەستی داپیرەی گرتبێت و، بە تەنیشت هەردوو پاسەوانەکەدا تێپەڕی کە هەستیان بە هیچ شتێك نەکرد، چونکە فیدۆن تەماشای کیژەکەی دەکرد نەك پیرەژنەکە، لەبەر ئەوەیش هاوەڵەکەی کە لەو بەتەمەنتر بوو لەسەر سۆفیاکە دانیشتبوو وەك بڵێیت نوستبێت.

کاتێك گەیشتنە بازاڕ بە ناوەندی شاردا تێنەپەڕین، بەڵکو بە ڕێگەی باریك و لاوەکیدا ڕۆیشتن تا ئاشکرا نەبن و نەگیرێن. هەر ئەمەیش بوو ئاشکرای کردن. لەبەر ئەوەی لەناو ئەو شارەدا کە نەیاندەناسی ڕێیان بزرکرد. لە جیاتی ئەوەی بگەنە پردی ڕزاف تا بگەنە ئەو ڕێگەیەی کە دەگاتە سنوور، خۆیان لەبەردەم چایخانەیەکی تورکاندا بینییەوە، لەو ساتەدا ژمارەیەك پیاوی لێ دەهاتنە دەرەوە. سەربازێکی تورکی لە سەربازانی جەندرمەیان تێدا بوو خەڵکی شارەکە بوو، گومانی لە پیرەژنە سەرداپۆشراوەکە کرد کە کیژێك دەستی ڕادەکێشێت لەوەبەر نەیبینیوە، بۆیە بەو شێوەیە دوایان دەکەوێت تا دەگەنە ڕزاف، لەوێ لێیان نزیك دەبێتەوەو پرسیاریان لێ دەکات کە کێن و بۆ کوێ دەچن، یاکۆفیش لەژێر سەرپۆشەکەوە وریایانە چاودێری جم و جووڵەکانی دەکرد، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە کاتی هەڵاتن هاتووە، بۆیە سەرپۆشەکە فڕێ دەدات و پاڵ بە یالنکاو جەندرمەکەوە دەنێت و هەردووکیان بەر دەبنەوە (لەبەر ئەوەی کورتە باڵاو بچووکە بەڵام وەك زەمین بەهێزەو، دڵی لە دڵی پیاوانی دیکە ناچێت). هەرچی یالنکا بوو توند هەردوو لاقی جەندرمەکەی گرت (بەوپەڕی ڕاستگۆیی و بە هێورییەوە دانی بەوەدا نا)، ئەو کاتەی جەندرمەکە دەیویست خۆی لە چنگی قوتار بکات، ئەو کاتە یاکۆف لە ڕزاف پەڕییەوە وەك لە گۆماوێکی بچووك بپەڕێتەوە، ئەگەرچی ئاو دەگەیشتە سەرووی ئەژنۆی و، لەکەناری ئەو بەرەوە لە ناو داریەڵکەکاندا لە چاو ون بوو، ئەمیش ڕاپێچی

بارەگای فەرماندایەتی کرا، لێی دراو هەڕەشەی لێ کرا بەڵام هیچی نەدرکاندو، نەیشیویست هیچ بدرکێنێت.

چاووشەکە بێ هوودە دەکۆشا بە پرسیاری ڕاستەوخۆو قسەی خۆش و هەڕەشە بەرەو لای شتێکی دیکەی ڕاکێشێت، بۆ ئەوەی دەست و پێوەندو هاوکارانی دیکەی بناسێت و، بزانێت یاکۆف لە ئاییندەدا چ نیازو پلانێکی هەیە. ئەو هەولآنە هیچ کاریان لێ نەکرد. زۆر شت لە بارەی ئەو خالآنەوە دەڵێت کە قایل دەبێت شتیان لەبارەوە بڵێت. هەرچی ئەو خالآنەیە کە نایەوێت لەبارەیانەوە بئاخڤێت ئەوە نەتوانرا ناچار بکرێت یەك وشەیان لەبارەوە بدرکێنێت، هەرچەندە دراگینۆفیچ پێداگیری لەسەر دەکرد:

ـ هەرچی دەزانیت پێم بڵێ، ئەوە لەوە باشترە یاکۆف ئەشکەنجە بدرێت کە بێگومان ئێستە لەسەر سنوور دەستگیر کراوە.

ـ کێ دەستگیر گیراوە؟ ئەو دەستگیر کراوە؟ هەهـ! ...

کیژەکە ئەوەی گوت و بە نیگایەکی بەزەیی پێدا هاتنەوەوە تەماشای چاووشەکەی کرد، وەك چۆن تەماشای پیاوێك بکات کە نەزانێت چی دەڵێت و، بۆ سووکایەتی پێ کردنیش بە گۆشەی لای ڕاستی لچی سەرەوەی لچێکی لێ هەڵقورتاند، جووڵەی ئەو لچەی سەرەوەی کە هەنووکە لە زاروویەك دەچێت چووبێتەوە یەك، هەستی تووڕەیی یان بە چاوێکی سووك تەماشاکردن یان چاوقایمی دەردەبڕی پتر لەوەی ئەو وشانەی بەکاری دەهێنان ئەو هەستانە دەربڕن.

ئەو جووڵە گرژەی لەو ساتانەدا واتای بێزاری و ناخۆشی بەهەر هەموو ڕوومەتییەوە دەنواند، ئەگەرچی ڕوومەتی ڕێك و پێك و جوان بوو، تەنیا لەو ساتانەدا نەبێت.

لە پەنجەرەکەوە نیگایەکی ساویلکانەی واق وڕماوانەی کرد، تەواو پێچەوانەی ئەو جووڵە گرژە ناشیرینەی لچی سەرەوەی بوو، وەك بڵێین جووتیارێکە تەماشای کێڵگە چێنراوەکەی بکات بزانێت کەش و هەوا کار لە تۆوەکانی ناکات.

ـ خوای لەگەڵ. ئەوەتا ڕۆژ بووەوە. بێگومان لە دوێنێ ئێوارەوە تا ئێستە، نەك هەر سنوور بەڵکو هەموو بۆسنیاشی تێپەڕاندووە، کە تەنیا دوو کاژێر لێرەوە دوورە. من زۆر لەوە دڵنیام. دەشتوانن لێم بدەن و بشمکوژن، بۆیە لە پێناوی ئەوەدا لەگەڵی ڕۆیشتم. هەرچی ئەوە ئەو هەرگیز نایبینن. بێ ئومێدانەیشە بیر لەوە بکەنەوە .... ئا ....

لچی سەرەوەی هاتە یەك و، لای گۆشەی ڕاستییەوە بەرز بووەوە، لەناکاو ڕوومەتی پیرو چەقاوەسوو و ناشیرین دێتە پیش چاو. کە ئەو لچەی شل بووەوەو نزم بووەوە ئەو کات دەم و چاوی شێوەی ساویلکانەی خۆی وەردەگرێتەوەو بێ ئەوەی هەست پێ بکرێت سۆزێکی بوێرانەی پێوە دەبینرێت.

دراگینۆڤیچ دوای ئەوە نەیزانی چی بکات، تەماشای لیفتینانت کۆلۆنێلەکە کردو ئاماژەی پێ کرد کیژەکە بگەڕێنێتەوە. ئەم جار لێپرسینەوەی فیدۆن دەستی پێ کرد. لاوەکە دانی بە هەموو شتێکدا نا. هیچ شتێکی بۆ بەرگری لەخۆکردن پێشکەش نەکرد، تەنانەت ئەوەی دراگینۆڤیچ بە ئەنقەست لە پرسیارەکانیدا ئاماژەی پێ دەکرد. وشەکانی لیفتینانت کۆلۆنێلکەیش کە بە هۆی مەترسی هەڵوێستەکەوە ئێش و

ئازارێکی شاراوەیان لەخۆ گرتبوو، بە شێوەیەکی تەواو لاوەکەیان تاوانبار دەکرد، ئەو وشانەیش نەیانتوانی لاوەکە لەو سەرسوڕمان و واق وڕمان و سڕبوونەی تێی کەوتبوو دەربکەن. کرچمار بە زمانی ئەڵمانی پێی گوت:

ـ وام دەزانی لاوێکی تێگەیشتوویت، هەست بە ئەرکەکانی خۆت دەکەیت و ئامانجەکانی خۆت لە ژیاندا تێدەگەیت، مەزەندەم دەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان ببیتە سەربازێکی مەردانە مەفرەزەکەمان شانازیت پێوە بکات. کەچی ئەوەتە کەوتیتە ناو ئەویندارییەکی منداڵانەوە وای لێ کردیت هیچ شتێك نەبینیت و، لەبەردەم یەکەمین مێیینەدا چۆکت دادا کە بە تەنیشتدا تێپەڕی. بە شێوەی ڕەفتاری پیاوێکی شل و خاوی لاواز ڕەفتارت کرد. ڕەفتاری پیاوێك بۆ ئەوە نەشێت هیچ ئەرکێکی ڕاستەقینەی پێ بسپێررێت. بۆیە پێویستە بدرێیتە دادگە. بەڵام سزاو بڕیاری دادگە هەر چییەك بێت، ئەوە سزای گەورەترت ئەوەیە کە نەتتوانی ئەوە بسەلمێنیت کە شایەنی ئەو بڕوایەی پێت بەخشرابوو، نەشتتوانی  پایەکەی خۆت وەك پیاوو وەك سەرباز بپارێزیت. ئێستەیش بڕۆ.

ئەم وشە لەسەرخۆو توندو هاوسەنگانە، شتێکی نوێیان بۆ ویژدانی لاوەکە تێدا نەبوو. پێش ئەوەی پێی بوترێت خۆی هەستی بە هەر هەموویان دەکرد. پەیدابوونی ئەم ئافرەتەی، یاری (ڕێبگر)ەکەو، ئەو قسانەی کردنی و، ڕەفتاری ستیڤان و، چۆنیەتی بەڕێوەچوونی لێپرسینەوە کورتەکە، هەر هەموویان لەناکاودا ئەوەیان بۆ سەلماند کە ئەو ڕەفتارەی لای کابیاکە نواندی یارییەکی سەرپێچیکارانەو ساویلکانەی یارییەکانی بەهار بوو کە لێبوردن نایگرێتەوە. وشەکانی لیفتینانت کۆلۆنێلەکەیش لاگیرییەکی فەرمی ڕاستی و دروستی هەر هەموو ئەوە بوو، ئەفسەرەکەیش پێویستی بەوە بوو ئەو وشانە بڵێت پتر لەوەی پێویست بوو فیدۆن بیانبیسێت، ئەویش لە ئاکامی وەفاداری بۆ هەندێك لەو ئەرکانەی بە نووسین نووسراون، بەڵام بنەمایەکی چەسپاوی بنەماکانی یاساو سستمن. لاوەکە هەستی بە هەستی ئەو مرۆڤە دەکرد بەرانبەر بە دیمەنێکی مەزنی بێ هاوتاو دەگمەن ڕاوەستابێت، وەك هەست بکات بەرانبەر بە دۆزینەوەیەك ڕاوەستاوە کە هەموو سنوورەکانی نابینێت، کە ئەوەیش ئاکامی ترسناکی چەند ساتێکی خۆلەبیرکردنە لە کاتێکی خراپ و پایەیەکی ترسناکدا. ئەگەر ئەو ساتانە لای کابیاکە تێپەڕیبان و کەس پێی نەزانیبان، ئەوە هیچ نرخ و بەهایەکیان نەدەبوو، ئەو کات دەبوونە سەرکێشییەك لەو سەرکێشییە بچووکانەی کە لاوان ئەنجامیان دەدەن و لەکاتی دوورو درێژو بێزارکاری پاسەوانی شەوانەدا بۆ یەکدی دەگێڕنەوە. بەڵام ئەو ساتانە بەهایەکی یەکلاکەرەوەیان هەیەو دەبێت  لە ڕووی ئاکامی هەست پێکراوو بینراوەوە بنرخێنرێن. ئەو کات وەك مردن وایە، واتای کۆتایی هەموو شتێك دەگەیەنێت، لێرەیشدا کۆتاییەکی سووك و بێ بەهایە. لە ئێستە بەدواوەیش ناتوانێت بەرانبەر بەخۆی و بەکەسانی دیکەیش  بەتەواوەتی و دروست بێ گوناهی خۆی بسەلمێنێت. لەمەودوایش نامەی لە کۆلۆمبیاوە پێ ناگات و، لە کەس و کاریشیەوە وێنەی بۆ ڕەوانە ناکرێت، یان ترەنسفیرێك لەو ترەنسفیرانە ڕەوانە ناکات، کە بەوپەڕی شانازی و سەربەرزییەوە ڕەوانەی ماڵەوەی دەکردن. ئەمە کۆتایی پیاوێکە بە خۆی خۆی فریو دابێت و ڕێی بە کەسی دیکەیش دابێت فریوی بدات.

لەبەر هەر هەموو ئەوە فیدۆن هیچ وشەیەکی نەدۆزییەوە وەڵامی لیفتینانت کۆلۆنێلەکەی پێ بداتەوە.
ئەو چاودێرییەی خرابووە سەر فیدۆن ئەو چاودێرییە توندو تیژە نەبوو. قاوەڵتییان بۆ هێنا، دەشێت بگوترێت بە دەمێك خواردی دەمی وی نەبوو.پاشان فەرمانیان پێکرد شت و مەکەکانی ئامادە بکات و چەکەکەی و ئەو شتانەیش بگێڕێتەوە کە پێوەندییان بە خزمەتی سەربازییەوە هەیە. دەبوو کاژێر دە سواری ئۆتۆمۆبیلی پۆستەکە ببوایەو جەندرمەیەکی لەگەڵ بووایەو، بەرەو سەراییڤۆ بەڕێ کەوتبایە، بۆ ئەوەی لەبەردەم دادگەی سەربازیدا ئامادە بووایە.
کاتێك لاوەکە خەریك بوو شت و مەکەکان لەسەر ڕەفەی سەرووی قەرەوێڵەکەیەوە کۆدەکردەوە، هاوەڵەکانی کە چەند کەسێك بوون و هێشتە لەناو نوێنەکانیاندا بوون، بە ئەسپایی و وریایانە بەسەر پەنجەکانیان چوونە دەرەوە بێ ئەوەی هیچ تەقە تەق و دەنگە دەنگێك بکەن، چوونە دەرەوەو دەرگەکەیان لەدوای خۆیان داخست. ئەو بازنە گۆشەگیری و بێ دەنگییە قورسە کە چوار دەوری مرۆڤێك دەدەن تووشی کولەمەرگی و نەهامەتی هاتبێت وەك چۆن لە دەوری گیان لەبەرێکی نەخۆش دروست دەبێت، ئەو بازنەیە تا دەهات لە دەوری فیدۆن فرەوانتر دەبووەوە. سەرەتا ئەو تابلۆ ڕەشەی هەڵکەندو کردەوە کە بە ئەڵمانی ناوو پلەو ژمارەی مەفرەزەو یەکە سەربازییەکی لێ نووسرابوو، تابلۆکەی لەسەر ئەژنۆی داناو ڕووە نووسراوەکەی ڕووەو عەرد کرد، پاشان خێرا بە تەباشیر لەسەر پشتە ڕەشەکەی چەند پیتیکی نووسی: (تکایە هەرچیم لە پاش بەجێ دەمێنێت بۆ باوکمی بنێرن کە لە کۆلۆمبیایە، سڵاو لە هەموو برادەران دەکەم و، داوای لێبورن لە بەرپرسانم دەکەم: ج . فیدۆن).
پاشان لەپەنجەرەکەوە تەماشایەکی کردو، بە چرکەیەك و لە گۆشەیەکی تەسکی ئەوەندە تەسکەوە بە چاو هەموو ئەو شتانەی لە ئامێز گرت کە دەشێت لەم جیهاندا ببینرێن. دوای ئەوە تفەنگەکەی داگرت و گوللەیەکی قورسی چەورکراوی تێخست دوایی گوێرەوییەکەی داکەند و تیغێکی هێناو گوێرەوییەکەی لەلای پەنجە گەورەی پێی ڕاست کون کردو، لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشاو بە هەردوو دەست و هەردوو پێی تفونگەکەی توند گرت، بەشێوەیەك لوولەی تفەنگەکە بە ژێر چەناگەیەوە چەسپ بێت، پێیشی وا دانا بەو شێوەیەی پەنجە گەورەکەی بتوانێت بەلەپیتکەکە ڕاکێشێت، گوللەیەکی بەخۆوە نا، دەنگی تەقینەوەکە لە هەموو ئۆردووەکەدا دەنگی دایەوە.
پاش ئەم بڕیارە گەورەیە هەموو شتێك ئاسان و ساکار بووەوە. نۆژدار گەیشت و، بە فەرمی مردنەکەی سەلمێنرا. کۆنووسی خۆکوشتنەکە خرایە سەر بەڵگەکانی لێپرسینەوەکە.
پاشان پرسی ناشتنەکەی هاتە پێشەوە. فەرمان بە دراگینۆڤیچ کرا بچێتە لای قەشە نیقۆلاو لەبارەی ناشتنەکەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ بکات: ئایە دەکرێت فیدۆن لە گۆڕستانەکەدا بنێژرێت، ئەگەرچی خۆی کوشتووە؟ ئایە قەشە نیقۆلا قایل دەبێت نوێژ لەسەر تەرمی مردوویەکی سەر بە میللەتێکی دیکە بکرێت؟
بەڵام قەشە نیقۆلا لەو ساڵەی دواییەدا لەناکاودا پیری ڕووی تێکردبوو، هەستی دەکرد هەردوو قاچی هێزیان تێدا نەماوە. بۆیە لەو ئەبرەشییە گەورەیەدا یاریدەدەرێکی بۆ خۆی دەستنیشان کردبوو ئەویش قەشە (یووسۆ) بوو. قەشە یووسۆ پیاوێکی کپ و بێ دەنگ، بەڵام سەرقاڵ و بزێوە، کابرایەکی باریکەڵەی

ڕەشتاڵەیە چوون پشکۆیەك کوژابێتەوە وایە. لەم مانگانەی دواییدا سەرپەرشتی هەموو کاری کەهەنووتی و ئاهەنگە ئایینییەکانی شارەکەو گوندەکانی کردبوو، لە کاتێکدا قەشە نیقۆلا هیچ شتێك ناکات تەنیا ئەوە نەبێت کە دەتوانێت ئەنجامی بدات بێ ئەوەی ماڵ بەجێ بهێڵێت، یان لەو کڵێسایەی زۆر لە ماڵەکەیەوە نزیکە.

دراگینۆڤیچ بە فەرمانی لیفتینات کۆلۆنێلەکە ڕۆیشتە لای قەشە نیقۆلا. پیرمێردە بەساڵداچووەکە لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشابوو پشووی دەدا پێشوازی لێ کردو قەشە یووسۆیش لە تەنیشتییەوە بوو. کاتێك دراگینۆڤیچ پرسی مردنی (فیدۆن)و پرسی ناشتنەکەی بۆ باس کرد، هەردوو قەشەکە بۆ ماوەیەك بێ دەنگ بوون. کە یووسۆ بینی نیقۆلا قسە ناکات، ئەو دەستی بە ئاخافتن کرد. بە دەنگێکی تەم و مژاوی و ترس ئامێزەوە گوتی: ئەم پرسە کارێکی نائاساییەو باو نەبووەو، پێچەوانەی ڕێنماییە کەهەنووتییەکانەو لەگەڵ نەریتە پیرۆزەکانیشدا ناگونجێت و، ناکرێت هیچ شتێك ئەنجام بدرێت ئەگەر بە بەڵگەی تەواو نەسەلمێنرێت کە خۆکوژەکە لە کاتی خۆکوشتنندا لەسەر خۆی نەبووە.

بەڵام ئەو کات قەشە نیقۆلا لەسەر جێگە ڕەقە تەسکەکەی هەستایە سەرپێ کە بە کۆنە مافوورێکی شڕۆڵ داپۆشرابوو، ئەو کات جەستەی کە لە پەیکەر دەچوو دەرکەوت، وەك چۆن هەموو جارێك وابوو کاتێك بە ناوەندی شاردا تێدەپەڕی و لەوێ خەڵك لە ڕاست و چەپەوە سڵاویان لێ دەکرد. لە یەکەمین وشەوە کە پێی گوت دەم و چاوە پانەکەی ڕووناك بووەوە کە هێشتە ڕەنگی ئەرخەوانی دەنواند، ئەو دەم و چاوەی کە دوو سمێڵی پێوەیەو تێکەڵ بە ڕیشی بوونە، لەگەڵ ئەو دوو برۆ چڕو پڕەی سوورییەکەیان تێکەڵ بە سپیایەتی بووە... لەگەڵ یەکەمین وشەدا پێی گوت ئەم دەم و چاوە ڕووناك بووەوە کە کاتیك ببینیت دەرك بەوە دەکەیت کە دەم و چاوی پیاوێکە لەوەتا لەدایك بووە فێری ئەوە بووە بە سەربەخۆیی بیر بکاتەوەو، بیروڕای خۆی ڕاستگۆیانە دەربڕێت و، بەوپەڕی هێزو تواناشەوە بەرگری لێ بکات.

قەشە نیقۆلا هەستایە سەرپێ و بەبێ سێ و دوو، بێ وشەی زل زل و بریقەدار ڕووی قسەی لە قەشە یووسۆو (دراگینۆڤیچ)ی چاووش کرد:

ـ کاتێك کارەساتێك ڕوو دەدات، هیچ شتێك نامێنێت پێویست بە سەلماندن بکات. کەس خۆی ناکوژێت ئەگەر تەواو بیرو ئاگەی لەسەر خۆی بێت. کێ بەبێ کاهن، لە شوێنێك لەودیوی پەرژینێکەوە، بەرپرسیاریەتی ئاکامی ناشتنەکەی وەك مرۆڤێکی خوانەناس، لە ئەستۆ دەگرێت؟ کابرا خوا دەست بە باڵتەوە بگرێت بڕۆو فەرمان بدە مردووەکە ئامادە بکەن تا بە زووترین کات بینێژین، لە گۆڕستانەکەیشدا دەینێژین، نەك لە شوێنی دیکە، من نوێژی لەسەر دەکەم. ئەگەر لە پاشەڕۆژدا قەشەیەك لە میللەتەکەی خۆی هات و بینی چەند شتێك وەك پێویست دەکات ئەنجام نەدرابێت و بە دروستی نەکرابێت با ئەویش چی دەوێت بیخاتە سەر نوێژەکە، یان چی دەوێت لیی ڕاست بکاتەوە.

کاتێك دراگینۆڤیچ ڕۆیشتە دەرەوە، قەشە نیقۆلا جارێکی دیکە ئاوڕی لە قەشە یووسۆ دایەوە، کە شڵەژاو سەری سوڕما، پێی گوت:

ـ چۆن رێ لەوە دەگرم کریستیانێك لە گۆڕستانەکەدا بنێژرێت؟ بۆچی نامەوێت نوێژی لەسەر بکەم؟ ئەوەی بەسە لەم ژیانەدا بەدبەخت بووە. هەرچی لەو دنیایە ئەوە ئەوەی لەمەڕ گوناهەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات لەمەڕ گوناهەکانمان هەمان لێپرسینەوە لەگەڵ ئێمەیش دەکات.

بەم شێوەیە ئەو لاوەی گوناهێکی لای کابیاکە کرد، تا هەتایە لە شارەکەدا مایەوە، ئەوەبوو بۆ بەیانی دواتر بەخاك سپێررا، دوای ئەوەی قەشە نیقۆلای بەساڵدا چوو بە یارمەتی کندلفیت دیمتری نوێژی لەسەر کرد.

سەربازانی شترایفکۆربس یەکە یەکە بە بەردەم گۆڕەکەدا تێپەڕین و هەر یەکەیان مشتێك خۆڵی نەرمی بەسەر گۆڕەکەدا کردو، دوو لە گۆڕهەڵکەنەکان زوو کارەکەی خۆیان تەواو کردو، چەند ساتێك لە دەوری گۆڕەکە ڕاوەستان وەك بڵێیت چاوەڕوانی فەرمانێك بکەن، لە کاتێکدا تەماشای ئەستونێك دووکەڵی سپییان دەکرد لە کەناری ئەو بەرەوەی ڕووبارەکەوە نزیك بە ئۆردووەکە بەرز دەبووەوە ... لەوێ نوێنە پووشینەکەی فیدۆن دەسووتێنرا کە خەڵتانی خوێن بووبوو.

ئەم مستەکۆڵە سەختەی دەستی چارەنووس، کە بوو بە هۆی تێداچوونی ئەو سەربازە لاوەی کە کەس ناوی نازانێت و، ژیانی کردە قوربانی چەند ساتێکی پشت گوێ خستن و هەڵچوون لەسەر کابیاکە، ئەو مستەکۆڵەیە شوێنی خۆی لە نێوان ڕووداوەکاندا کردەوە کە خەڵکی شارەکە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بە داخ و پەژارەوە باسیان دەکردو زۆر جار لەبارەیەوە دەئاخافتن. یادوەری ئەو لاوە هەستوەرە بێ بەختە ماوەیەکی زۆرتر لە ماوەی مانەوەی پاسەوان لەسەر کابیاکە مایەوە.

لە پاییزی دواتردا شۆڕشی هەرزەگۆڤینا دامرکێنرایەوەو، ژمارەیەك لە سەرکردە ناسراوەکانی موسوڵمانان و سیربەکان بەرەو مۆنتی نیگرۆ یان تورکیا هەڵاتن. لەم ناوچانەدا ژمارەیەك جەردەو ڕێگر مانەوە کە لە ڕاستیدا هیچ پێوەندییەکان بە شۆڕشەوە نەبوو کە چووبوونە ڕیزیەوە، بەڵکو کەسانێك بوون ڕاوو ڕووت و تاڵان و بڕۆیان بۆ خۆیان دەکرد. دواتر ئەوانەیش یەك بە دوای یەکدا دەستگیر کران، یان پەرت و بڵاوەیان پێ کرا تا وای لێهات هێوری هەرزەگۆڤینای گرتەوە. بۆسنیا بێ بەرەنگاربوونەوە سەربازانی پێشکەش کرد. بەڵام ڕۆیشتنی یەکەمین کاروانی سەربازان لە لاوەکان ئاوا ئاسان و ساکارانە نەبوو.

دەستەڵاتداران لە هەر هەموو ناوچەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە تەنیا سەد لاویان کردە سەرباز، بەڵام ئەو ڕۆژەی ئەو لاوانەی تێدا لەبەردەم بارەگای فەرماندایەتیدا کۆکرانەوە (جووتیارەکانیان، کیسەیان بە دەستەوە بوو، شارییەکانیش جانتای لە دار دروست کراو) مرۆڤ شارەکەی وا دەهاتە پێش چاو وەك پەتای تێدا بڵاو بووبێتەوە یان قووی سەفەربەرلکی تێدا درابێت. زۆر لە سەربازە گیراوەکان هەر لە بەیانی زووەوە مەیەکی زۆریان خواردبووەوە، مەییان تێکەڵ بە مەی کردبوو.

جووتیارەکانیان، هەموویان کراسی سپی خاوێنیان لەبەر کردووە. ئەوانەی نەیانخواردووەتەوە کەمن بەڵکو لە نێوان شت و مەکەکانیاندا دانیشتوون و پشتیان بە دیوارەوە داوەو خەو زەفەری پێ بردوون. زۆربەیان بیزارن و مەی کاری تێکردوون و هەراو هوریایانەو لەبەر گەرمای هەتاو ئارەقە بە گیانیاندا چۆڕاوگەی بەستووە. هەر چوار تا پێنج کەسیان خەڵکی گوندێکن و شانیان بە شانی یەکدییەوە داوەو سەریان نزیك سەری یەکدی

کردووەتەوەو چوون درەختی باریك بەم لاو بەو لادا دێن و، گۆرانییە قەبەو سستەکەیان دەڵێنەوە . وەك بڵێیت لە جیهاندا تاك و تەنیان: (ئوووو ...ئەی کیژ .... ئەی کیژ .... ئوووو). جۆرە بشێوییەکیان هێناوەتە ئاراوە.

بەڵام ئەوە بە هیچ لێك ناچێت ئەگەر بێت و لەگەڵ ئەو هەڵچوون و ناڕەحەتییەدا بەراورد بکرێت کە دایك خوشك و خزمی ئەو لاوانە دروستیان کردووە، ئەوانەی لە گوندو لادێی دوورەوە لەگەڵیان هاتوون و لە ناخی دەرونیانەوە بە کوڵ دەگرین و، تا بە ڕێگەوە دوایەمین پەپکەو شیرینییان پێ بدەن.

گۆڕەپانی بازاڕەکە لە ئافرەتاندا جمەی دەهات. بە ڕوو درژی دانیشتوون وەك بڵێیت چاوەڕوانی دەرچوونی بڕیاری دادگە بکەن، جاروباریش لە نێوان خۆیاندا دەئاخڤن و، فرمێسکەکانیان بە چمکی سەرپۆشەکانیان وشك دەکەنەوە. بە شێوەیەکی بێ هوودە پێشتر لە گوندەکاندا ڕاگەیەنرابوو کە ئەو لاوانە نە بۆ جەنگ و نە بۆ کاری قورس نابرێن، بەڵکو دەچنە ڤییەننا بۆ ئەوەی خزمەتی ئەمپراتۆر بکەن و لەوێ بەچێژترین خواردن دەخۆن و باشترین جل و بەرگ دەپۆشن و باشترین جۆرە پێڵاو لە پێ دەکەن و دوای خزمەتی دوو ساڵ دەگەڕێنەوە ماڵەوەو، لاوانی هەموو ناوچەکانی دیکەی ئەمپراتۆریەت ئەوانیش خزمەتی سەربازی خۆیان دەکەن، خزمەتی ئەوانە سێ ساڵ دەبێت نەك دوو ساڵ. هەموو ئەوە بێ هوودە ڕاگەیەنرابوو. سەرجەم ئەو ڕوونکردنەوانە بە تەنیشت ئەو ئافرەتانەدا چوون سروەی با تێدەپەڕن، وەك شتێك پێوەندی بەوانەوە نەبێت و هەرگیز لێی تێناگەن. گوێیان لە هیچ نەدەگرت تەنیا لە دەنگی ئارەزووەکانیان کە بە تەنێ ئاراستەیان دەکەن، ئەو ئارەزووە کۆنەی پشتاو پشت بۆیان ماوەتەوە فرمێسکی دەزایاندە چاویانەوەو، گریانی لە سینەیاندا دەجووڵاندەوەو بۆ سووربوون لەسەر یاوەری کردنی ئەو لاوانە پاڵیان پێوە دەنا، کە پتر لە گیان و ژیانی خۆیان خۆشیان دەوێن، تا بتوانن یاوەرییان بکەن و بۆ دوایەمین جار نیگایان بدەنێ.... ئەو لاوانەی کە ئەمپراتۆرێکی نەناسراو بۆ وڵاتێکی نەناسراو ڕاپێچیان دەکات، بۆ کارێك کە هیچ شتێکی لەبارەوە نازانن. بێ هوودە ئێستە جەندرمەکان و فەرمانبەرانی سەرکردایەتی گشتی بە نێوانیاندا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بۆیان دووپات بکەنەوە کە پێویست ناکات بەم جۆرە غەمبار بن و ڕێنوێنییان بکەن، کۆسپ و تەگەرە نەخەنە بەردەم چوونیان و بە دوای سەربازە گیراوەکاندا ڕانەکەن و، بشێوی دروست نەکەن، چونکە هەر هەموو ئەو لاوانە بە ساغ و سەلامەتی دەگەڕێنەوە، هەموو ئەو شتانە بێ هوودە بوون. ئافرەتەکان گوێیان بۆ ڕادەهێلان و، بە نیگایەکی گەوجانەی گوێڕایەڵانە بڕوایان پێ دەکردن، بەڵام ئەوەندەی نەدەخایاند لە پڕمەی گریانیان دەداو، بەکوڵ دەگریان. وا پێدەچوو فرمێسك و گریانەکانی خۆیان خۆش دەویست وەك چۆن ئەو لاوانەیان خۆش دەویست کە بۆیان دەگریان.

هەرکە کاتی بەڕێ کەوتن هات و، لاوەکان وەك چۆن باوە چوار چوار ڕیزیان بەست و، بەسەر پردەکەدا تێپەڕین، ئەوەندە بگرەو بەردەو ڕاکردن ڕووی دا، هێورترین پیاوانی جەندرمە نەیتوانی خۆی پێ ڕابگیرێت. ئافرەتەکان دەڕۆیشتن و خۆیان لە چنگی پیاوانی جەندرمە قوتار دەکرد تا هەر یەکەیان لە تەنیشتی خۆشەویستەکەیەوە ڕێ بکات و، بە یەکیدیاندا دەداو، بەردەبوونەوە سەر عەردو، هاواریان تێکەڵ بە بانگەوازو، تکاو پاڕانەوەو، دوایەمین ئامۆژگاری دەبوو. هەندێکیان هەڕایان کرد تا لە کاروانی سەربازە

تازە گیراوەکان تێپەڕین، کە چوار پیاو لە جەندرمەکان لە پێشەوەیانەوە بە ڕیز دەڕۆیشتن، لە بەردەم پێیاندا خۆیان بە عەرددا دەداو لە سینگی ڕووتی خۆیان دەداو هاواریان دەکرد: (مەگەر بەسەر لەشمدا بیانبەن، مەگەر بەسەر لەشمدا بیانبەن).

پیاوەکانیش بە کەمێك خۆماندووکردنەوە هەڵیان دەستاندن و لەسەرخۆو وریایانە پێڵاوەکان و داردەستەکانیان لە قڕە گژوبژو جل و بەرگە دەڵپ و فووتێکراوەکانیان دەردەهێنا.

هەندێك لە لاوەکان شەرمیان بەم بارودۆخە هاتێ و بە ئاماژەی تووڕە لە ئافرەتەکانیان خوڕی و تکایان لێ کردن بگەڕێنەوە ماڵەوە، سەربازە تازە گیراوەکان یان گۆرانییان دەچڕی یان جار جار هاوارێکی بە ئاستەمیان لە زار دەهاتە دەرێ، ئەوەیش ئەوەندەی دیکە هەراو هوریاو دەنگە دەنگەکەی خەستر دەکرد. هەندێك لە دانیشتووانی شارەکەیش لەسەر شێوازی خەڵکی شارەکە ئەم سروودەیان دەگوتەوە، لە کاتێکدا ئەوەند هەڵچووبوون ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو.

لەسەراییڤۆو بۆسنیا

هەموو دایکێك غەمبارە

کوڕەکەی لێ دوور کەوتووەتەوە

کە بەسەربازی بۆ ئەمپراتۆری ناردووە

ئەم سروودە گریانەکەی توندو بەکوڵتر دەکرد.

کاتێك کاروانەکە بەهەر شێوەیەك بوو لە پردەکە پەڕییەوە، پاش ئەوەی ماوەیەك ڕاگیرا، پاشان ئەو ڕێگەیەی گرتە بەر کە بەرەو سەراییڤۆ دەڕۆیشت، لەوێ خەڵکی شارەکە لەم بەرو لەوبەری ڕێگەکەوە چاوەڕوان بوون، بۆ ئەوە هاتبوونە دەرەوە تا سەربازە تازە گیراوەکان بەڕێ بکەن و بۆیان بگرین وەك بڵێت بۆ لەسیدارەدانیان ببەن. ژمارەیەکی زۆر ئافرەت دەبینران، هەر هەموویان دەگریان، ئەگەرچی هیچ کەسێکیان خزمایەتی لەگەڵ هیچ کام لە سەربازە تازە گیراوەکاندا نەبوو کە دەڕۆیشتن. لەبەر ئەوە دەگریان چونکە لە دڵی هەر یەکەیاندا هۆیەك هەبوو هانی دەدا بداتە پرمەی گریان، مرۆڤ کە دەبینێت کەسێکی دیکە تووشی ناخۆشییەك بووە حەز دەکات داخی دڵی خۆی دەرببڕێت.

بەڵام ئەم ڕیزانەی ئەم لاو ئەو لای ڕێگەکە وردە وردە کەمتر بوونەوە. ئافرەتە جووتیارەکان یەك لە دوای یەك وازیان لە بەگەڵ کەوتنی کاروانەکە دەهێنا. پاشان تەنیا دایکی سەربازە تازە گیراوەکان مانەوە، کە بە دەوری کاروانەکەدا ڕایان دەکرد، وەك بڵێیت لە تەمەنی پازەساڵیدا بن و بەسەر قۆرتەکەی تەنیشت ڕێگەکەدا بازیان دەداو لەم لاوە دەچوونە ئەو لاکەی دیکە. دەکۆشان جەندرمەکان فریو بدەن بۆ ئەوەی لە جگەرگۆشەکانیانەوە نزیك بن. لاوەکان ئەوەیان پێ ناخۆش بوو کە ڕووی دەدا، بە درژییەوە ئاوڕیان دەدایەوەو بەسەریاندا هەڵدەشاخان و، دەیانگوت: (بگەڕێرە ماڵەوە، پێت دەڵێم بگەڕێرە ماڵەوە).

بەڵام دایکەکان ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن، چاویان هیچی نەدەبینی تەنیا کوڕەکانیان نەبێت، گوێیان هیچی نەدەبیست تەنیا گریانەکانی خۆیان نەبێت.

پاشان ئەم ڕۆژگارە پەشێوە بەسەرچوو وەك چۆن ڕۆژگارەکانی دیکەیش بەسەرچوون. خەڵکی بە گوندەکاندا پەرت و بڵاوەیان لێ کردو هێوری باڵی بەسەر شاردا کێشا. کاتێك یەکەمین نامەو وێنەی فۆتۆگرافی لە (ڤییەنا)وە گەیشت کە سەربازە تازە گیراەکان دەیانناردەوە، وردە وردە بارودۆخەکە هێورتر بووەوەو بەرگە دەگیرا. ئەگەرچی ئافرەتەکان بۆ ماوەیەکی زۆریش هەر بەسەر ئەم نامەو وێنانەدا دەگریان، بەڵام گریانی ئێستایان هێورترو لەسەرخۆتر بوو.

(شترایفکۆربس) هەڵوەشێنرایەوەو، شارەکەی بەجێ هێشت. ماوەیەکی دوورو درێژ بەسەر کابیاکەدا تێپەڕی بێ ئەوەی پاسەوانی هەبێت. ئەوەتانێ ئێستە ئەو خەڵکە لەسەر کابیاکە دادەنیشن وەك چۆن ڕۆژگاری پێشتر لەوێ دادەنیشتن.

دوو ساڵی خێرا تێپەڕین. ئەوەتا بە ڕاستی پێشەنگی سەربازە لاوەکان بە پاك و تەمیزی و سەر تاشراوی و سك تێر لەم پاییزەدا بۆ شار دەگەڕێنەوە. خەڵك لەچوار دەوری گەڕاوەکان گرد دەبنەوەو، ئەوانیش باسی ژیانی سەربازی خۆیان و ئەو شارە گەورانەیان بۆ دەگێڕنەوە کە بینیویانن و، ناوی نەبیستراوو وشەو زاراوەو دەربڕینی بیانییان تێکەڵ بە ئاخافتنەکانیان دەکرد. کاتێك کاروانێکی نوێی سەربازە تازە گیراەکان بەڕێ کەوت، گریان و نیگەرانی کەمتر بوو.

بە شێوەیەکی گشتی هەموو شتێك ئاسانترو نزیکتر لە باو دەهاتە پێش چاو. لاوانگەلێك گەورە بوون کە زۆر شت لەیادوەری ڕوونی سەردەمی تورکیان لەبیر نەبوو، لاوانێك لە هەموو ڕوویەکەوە شێوەی ئەو ژیانە نوێیەیان هەڵبژارد، بەڵام بە پێی ئەو نەریتە کۆنانەی کە خەڵکی شارەکە پێڕەیان دەکرد، ژیانیان لەسەر کابیاکە دەگوزەراند. لەوە گەڕێ کە جل و بەرگێکی نوێیان دەپۆشی، لەوە گەڕێ کە پیشەی نوێ و کاری نوێیان دەستەبەر کرد .. ئەوانە لە ئاخافتنەکانیاندا، کە بووبووە پێداویستییەکی ڕاستەقینە لە پێداویستییەکانی دڵ و خەیاڵ و ئەندێشە، دانیشتوان لە دانیشتووانی ئەم شارە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ باوباپیرە دێرینەکایاندا نییە، کە لەدێر کاتەوە لەم شارە ژیاون.

هەنووکە سەربازە تازە گیراوەکان بەبێ یاخیبون و بشێوی نانەوە سەفەر دەکەن و، باسی دزو جەردەو ڕێبگر نەما، تەنیا لە سەربوردەکاندا نەبێت کە بەساڵداچووەکان دەیانگێڕایەوە. خەڵکی پاسەوانانی (شترایفکۆربس)یان لەیاد چووبووەوە، وەك چۆن پێشتر پاسەوانانی ئەوسای تورکیان لەیاد چووبووبووە، کەپێشتر پاسەوانی پردەکەیان دەکرد، کاتێك سوپێرێك لەسەر کابیاکە هەبوو.

* * * * *

# چواردەمین پار

ژیان لە شارەکەدا نزیك بە پردەکە پتر جوولەو چالاکی و گەرم و گوڕی تێکەوت و، وای لێهات پێ بچێت ڕۆژ بە ڕۆژ پتر ڕێك و پێك و دەوڵەمەندتر بێت و، دیمەن و ڕواڵەتێکی گونجاوی لەخۆگرت و، جۆرە هاوسەنگییەکی تێدا بەدی هات بەر لە ئێستە بە خۆوەی نەدیبوو، ئەو هاوسەنگییەی هەموو ژیانێك لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا پێویستی پێ هەیەو، بە دەگمەن و بە شێوەیەکی نیوە ناچڵی و کاتی نەبێت، پێی ناگات.

لەو وڵاتە دوورەی کە نایناسین، ئەو وڵاتەی فەرمانڕەوایی وڵاتەکەمان دەکات و کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات، لەم ماوەیەدا ـ کە دوایەمین چارەکە سەدەی نۆزدەیەم بوو ـ سەردەمێك لەو سەردەمە هێورو دەگمەن کورتانە بەدی هات لەو ڕووەوە کە پێوەندی بە پێوەندی کۆمەڵایەتی و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبێت. خەڵکی لەم ناوچە بزرانەی ئێمەدا، هەندێك هەستیان بەم هێورییە دەکرد، وەك چۆن مرۆڤ هەست بەو بێ دەنگییە گەورەیە دەکات کە باڵی بەسەر دەریادا کێشاوە کاتێك لە دوورترین کەنارەوە بێت.

ئەویش ئەو 30 ساڵە بوو کە خۆشگوزەرانییەکی ڕێژەیی و، ئاشتییەکی ڕواڵەتیانەی تێدا بەدی هات ـ لەسەر شێوازی فرانسوا جۆزیف ـ کە زۆر لە ئەوروپاییەکان لەو ماوەیەدا بڕوایان وابوو کە وێنەی دروستی بەدیهێنانی خەونە دێرینەکەیان دۆزیوەتەوە، مەبەستم گەشەسەندنی کەسایەتی مرۆڤە گەشەسەندنێکی کامڵانەو سەرکەوتووانە لە سێبەری ئازادی سەرتاسەری و پێشکەوتندا. سەدەی نۆزدەیەم پیت و فەڕە زۆرو زەبەندە خەیاڵ پڵاوییەکانی خۆی لەبەرچاوی ملیۆنان ئادەمیزاددا هەڵڕشتبوو، تراویلکەیەکی خۆشگوزەرانی و ئاسایش و کامەرانی بۆ وێنا کردبوون کە هەموو خەڵك و هەموو تاکێك، بە نرخێکی گونجاوو بە قیست سوودیان لێ وەردەگرن. بەڵام لە ژیانی ئەم سەدەیەی نۆزدەیەمە نەگەیشتبووە ئەم شارە بزرەی بۆسنیا، تەنیا چەند دەنگدانەوەیەکی لاوازو کز نەبێت، لە سنووری توانای ئەم ژینگە ڕۆژهەڵاتییە دواکەوتووە لە ڕووی پێشوازی لێ کردنی ئەم دەنگدانەوەو، بەو شێوەی لەگەڵێدا دەگونجێن و، بەو شێوەیە تایبەتییەی تێیان دەگات.

پاش ئەوەی ساڵانی بەرایی تێپەڕین کە گومان و ڕاوەستان و دوو دڵی و ئەو هەستەیان لەخۆگرتبوو کە کارەکە تا ماوەیەك کاتییە، شارەکە وردە وردە لەگەڵ ژیانی نوێدا ڕاهات و، گەل ڕێك و پێکی و سستم و قازانج و ئاسایشی تێدا دەبینی. ئەمەیش بۆ ئەوە بەس بوو کە لێرەیش ژیان، ژیانی دەرەکی، بە ڕێڕەوی باش بوون و پێشکەوتندا بەرەو پێشەوە بچێت. هەرچی شتی دیکەی جگە ئەوەیە، ئەوە لە بنی بنەوەی تاریکی هەستدا زیندانی کرا، کە تێیدا سۆزی بەرایی و بڕوای پتەو دەژین و هەڵدەچن، بڕوای چەندین جۆرە ڕەگەزو ئایین و چین، کە بە ڕواڵەت وا پێ دەچن لەناو چووبن و نەمابن، بەڵام لە ڕاستیدا گۆڕانکاری و

کارەساتی ئەوتۆیان بۆ سەدەکانی دادێی دوور هەڵگرتووە کە وا پێ دەچێت گەل ناتوانێت دەستبەرداریان ببێت، بە تایبەتی گەلی ئەم وڵاتە.

پاش ئەو هەموو جۆرە لێك گەیشتن و ئەو ململانێیانەی لەسەرەتادا سەریان هەڵدا، خەڵکی هەستیان بەوە کرد کە حکوومەتی نوێ پێی خۆی توند داکوتاوەو درێژ خایەن دەبێت (حکوومەتەکە بە خۆیشی هەستی بەو خەیاڵ پڵاوییە دەکرد کە بە بێ هەبوونی ئەو هیچ دەستەڵاتێکی چەسپاوو بەهێز نایەتە کایەوە) . حکوومەتەکە کەسایەتییانە نەبوو، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستەڵاتی ڕادەپەڕاند، ئەمەیش بەتەنێ بەس بۆ ئەوەی ئەگەری بەرگەگرتنی ئەم لە ئەگەری بەرگەگرتنی ڕژێمی تورکان ئاسانتر بێت. هەموو ئەو هێزو زەبرەی فەرمانڕەواییە نوێیەکە بە خۆوەی گرتبوو، لەژێر پەردەی ڕێزو ترس و نەریتەکاندا هاتبوونە ڤەشارتن. خەڵك لە زەبرو زەنگی دەستەڵاتداران دەترسان، بەڵام بە شێوەیەك لێی دەترسان، وەك چۆن مرۆڤ لە مردن یان نەخۆشی دەترسێت، نەك وەك چۆن لە ترساندا لەبەردەم دوو ڕوویی و کولەمەرگی و توندو تیژیدا دەلەرزێت. ئەمەیش دەستەڵاتێکی بۆ ڕەوا دەبینین زۆر لە کەسایەتییان زۆررتر بوو، هەروەها دەستەڵاتێکی ئەفسووناوی بۆ دەستەبەر دەکردن خەڵکی بە ئاسانی ملکەچی دەبوون. بە نازناوەکانیان کە لێرەدا پێ دەچێت زل بێت، هەروەها بە هێوری و نەریت و ڕەفتارە ئەوروپاییەکانیان، بڕواو ڕێزگرتنیان بەسەر گەلدا دەسەپاند، کە تەواو جیاوازییان لەگەڵدا هەیەو، هیچ ئیرەیی یان ڕەخنەیەکی ڕاستەقینەیان بەرانبەریان نییە.

لەلایەکی دیکەوە، خودی ئەو بیانیانە، پاش تێپەڕۆبوونی ماوەیەك نەیانتوانی بە تەواوەتی خۆیان لە کاریگەری ئەم ژینگە ڕۆژهەڵاتییە قوتار بکەن.

منداڵەکانیان لەگەڵ منداڵەکانی شار دەربڕینی بیانی و ناوی بیانییان لە ئاخافتندا بەکار دەهێناو، یاری نوێیان لەژێر پردەکەدا فێر دەکردن، لە هەمان کاتدا زۆر بە خێرایی، گۆرانییەکانمان و شێوازی ئاخافتنیان لە منداڵانی وڵاتەوە وەردەگرت، لەگەڵ شێوازی سوێند خواردن و، یارییە کۆنەکانمان، وەك بازدان بە سەر پشتداو شتی دیکە.

هەروەها گەورەکانیش، ئەوانیش ژیانێکی نوێ و، دەربڕین و ڕەوشتی ناباویان لەگەڵ خۆ هێنابوو، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ شتێکی نوێیان دەخستەسەر زمانەکەیان و شێوازی گوزەران کردنیان لە خەڵکی وڵاتەکەوە وەردەگرت.

لە ڕاستیدا دانیشتووان، بە تایبەتی کریستیان و جووەکان، لە جل و بەرگ و ڕەفتاردا لاسایی بیانییەکانیان دەکردەوە کە داگیرکەر هێنابوونی، بەڵام ئەو بیانییانەیش گەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو ژینگەوە، کە دەبوو ژیانی تێدا بگوزەرێنن.

ژمارەیەك لەو فەرمانبەرانە، وەك (ماگیار)ی توندوتیژ یان (پۆلۆنی) فیززل، بە نیگەرانییەوە بەسەر پردەکەدا دەپەڕینەوە یان بە نابەدڵی دەچوونە ناو شارەوە، سەرەتایش زۆ کەللە ڕەق و دەمارگیرو گۆشەگیر بوون، وەك چەند دڵۆپە ڕۆنێك لەناو ئاودا، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند دوای چەند ساڵێك چەندین سەعات لەسەر کابیاکە دادەنیشتن و، جگەرەیان دەکێشا، ئەو جگەرانەی کە لەناو قوتووی نایابدا دایاندەنان،

تەماشای دووکەڵەکەیان دەکرد کە بە ئاسمانی شین و هەوای کپی ئێواراندا پەرت دەبووەوە، وەك بڵێیت دانیشتووانی مێژینەی دانیشتووی شارەکەن، یان لەگەڵ پیاوماقووڵ و بەگەکانماندا لە لاپاڵێکی شیندا چاوەڕوانی ئێوارەیان دەکرد، بە ئاخافتنیکی سست و لەسەرخۆ کە هیچ مەترسییەکی تێدا نەبوو دەئاخفتن، یەك بابەتیشی لەخۆ نەدەگرت، لەسەرخۆ خواردنەوەیان دەخواردەوەو جار ناجارێك پاروویەك خواردنیان دەخوارد، کە کەس وەك خەڵکی فیشیگراد لێی نازانن. لەناو ئەو بیانیانەدا فەرمانبەر یان پیشەکار هەبوون ژنیان لە خەڵکی شارەکەمان خواست و بڕیاریان دا لێی نیشتەجێ بن و تا لە ژیاندا ماون بەجێی نەهێڵن.

ئەم ژیانە نوێیە بە بۆچوونی هەر تاکێك لە دانیشتووانی شار، لەوە بەدەر نییە، ئەوەی لە مێژە لەناو خوێنیاندا دەجووڵێتەوەو لە ناخی دەروونەوە ئارەزووی دەکەن نەیەنێتە دی، بە پێچەوانەوە: هەموو خەڵکی چ موسوڵمان یان کریستیان، بە خودپارێزی جۆراوجۆرو ڕەهاوە دێنە ناو ئەم ژیانە نوێیەوە، بەڵام ئەو خودپارێزییانە هەر شاراوەو لەژێر پەردەوە بوو، کەچی ژیان بە بەرچاوی هەر هەمووانەوە، بە توانا نوێیەکانیەوە کە پێ دەچوو گەورە بن، دیار بوو... پاش چەند جۆرە دوو دڵی و دوورو درێژ یان کورت زۆربەی خەڵك چوونە ژێر ڕکێفی ڕەوتە نوێیەکەوەو، دەستیان بە کارو پیشەگەری نوێ کردو، قازانجی جۆراجۆریان دەکردو، بە پێی بیروڕا نوێیەکان و بە پێی شێوازە نوێیەکان دەژیان کە بۆ هەر تاکێك جم و جووڵی زۆرترو بەرەوپێشەوە چوون و هەل و بەختی زۆرتری دابین و دەستەبەر دەکرد.

ژیانە نوێیەکە پابەندبوون یان پێوەندی بە ژیانە کۆنەکەی سەردەمی تورکانەوە کەمتر نەبوو، بەڵام ئاسانترو مرۆییانەتر بوو، هەروەها ئەو پابەندبوون و پێوەندییانە بە شێوەیەکی داهێنەرانەی ئەوتۆ لە مێژبوو دانرابوون، بە شێوەیەك مرۆڤ ڕاستەوخۆیانە هەستیان پێناکات. بۆیە هەر مرۆڤێك هەستی دەکرد کە هەموو شتێکی دەوروبەری فرەوانترو پڕتر لە هەواو هەمەجۆرو دەوڵەمەندتر بووە.

دەوڵەتی نوێ، بە دەزگەکانی بەڕێوەبردنییەوە، دەیتوانی بێ ژانەسەر یان بەزەبر باج لە خەڵکی وەربگرێت، بە پێچەوانەی تورکانەوە کە بە شێوازی نامرۆیی و نەشیاو، یان تەنیا بە تاڵان و بڕۆ وەربگرن. دەوڵەتی نوێ ئەوەندە پارەی لە باج وەرگرتن دەست دەکەوت زۆر خێراترو مسۆگەرانەتریش لەوەی تورکان وەریاندەگرت.

وەك چۆن لەکاتی خۆیدا پاش سوپا جەندرمەکان گەیشتن، پاشان فەرمانبەرو مووچەخۆرەکان گەیشتن، هەروەها دوای مووچەخۆرەکانیش بازرگانەکان گەیشتن و، دەست بە بڕینی دارو درەختی دارستانەکان کراو، قۆنتەراتچی و بەڵێندەرانی بیانی و ئەندازیارو کرێکاران هاتن، ئەمەیش هەلی جۆراوجۆری بۆ دەستهێنانی قازانج دەستەبەر کرد کە چینی هەژارو فرۆشیارەکان بەدەستیان دەهێنا، هەروەها ڕەفتارو نەریتی نوێی هێناو گۆڕانکاری نوێی لە جل پۆشین و زمان لە ناو تاکەکانی گەلدا هێنایە کایەوە. یەکەمین ئۆتێل دروست کرا(دواتر لەبارەی ئەو ئۆتیلەوە دەدوێین) هەروەها مەیخانەو دوکانی ئەوتۆ دروست کران پێشتر نامۆ بوون و نەناسرابوون. شان بە شانی جووە ئیسپانییەکان (سفاردیم) کە چەندین سەدەیە لەم وڵاتەدا دەژین، چونکە لەو ڕۆژگارەوە پردەکەی درینا دروست کراوە لێرە دەژین و نیشتەجێ بوونە، ئێستە جووەکانی گالیسنا (ئەشکنازی) ڕوویان تێکردووە.

ئەوەندە بڕە پارەو دراو لە وڵاتدا زۆر بوو پێشتر بەخۆوەی نەبینیبوو، وەك بڵێیت خوێنێكی نوێیە. لەوەیش گرنگتر ئێستە خەڵكی بە ئاشكراو بوێرانەو ڕاشكاوانە بەكاری دەهێنن. هەر مرۆڤێك دەیتوانی دەستی خۆی بە ئاگری بەكارهێنانی ئەم زیوو زێڕو بەنكەنۆتە گەرم بكاتەوە، یان بەلایەنی كەمەوە تەماشای بكات و چێژی لێوەربگرێت، چونكە ئەو بەكارهێنان و مامەڵە پێكردنەی دراوە نەدارترین تاكی لە تاكەكانی كۆمەڵ دەخلافاند كە نەدارییەكەی شتێكی كاتییە، كەواتە دەشێت بەرگە بگرێت.

ئەوە ڕاستە سەردەمی پیشوو دراوو پارەو، دەوڵەمەندی تێدا هەبوو، بەڵام ئەو دەوڵەمەندانە زۆر كەم بوون، پارەو سامانەكانیان دەشاردەوە وەك چۆن گیانلەبەرێك پێیەكانی خۆی بشارێتەوە، ئەوانە دڵێری خۆیانیان نیشان دەداو، وەك وێنەیەك لە وێنەكانی دەستەڵات و بەرگری شانازییان پێوە دەكرد كە هاوكات بۆخۆیان و بۆ كەسانی دیكە جێی گلەیی بوو. هەرچی ئێستەیە ئەوە دەوڵەمەندی (یان ئەوەی بە دەوڵەمەندی و زەنگینی دەژمێررا یان ناو دەبرا) لەناو خەڵكیدا بووەتە شتێكی باو، بۆیە بە ڕابواردن و چێژی كەسایەتی خۆی دەنوێنێت. زۆربەی تاكەكانیش دەیانتوانی شتێك لە بریقەكەی یان وردەكانیان هەبێت. بارودۆخ بەم جۆرە بەڕێوە دەچوو، بۆیە جگە لەوە كە هەموو ئەو شتانەی پێشتر خەڵكی بە نهێنی و بە دزییەوە چێژیان لێوەردەگرت، ئێستە دەتوانن بیكڕن و بە ئاشكرا چێژی لێوەربگرن، ئەمەیش سەرنجی زۆر خەڵكی دیكەی بە لای خۆیدا ڕادەكێشا لەوانەی هەوڵیان بۆ دەداو ئارەزوویان دەكرد. ئەوەی لە ڕابوردوودا بە زەحمەت دەست دەكەوت، یان گران بوو، یان یاساو نەریتی تایبەت قەدەغەی كردبوو، ئێستە لە زۆر حاڵەتدا بووەتە شتێك بشێت و هەر یەكەی لەوانە پارە یان لێی دەزانن دەستیان بكەوێت. زۆر ئارەزوو و حەز یان داخوازی كە لە چەندین شوێندا خۆیان حەشار دابوو، یان هەرگیز تێر نەدەبوون، ئێستە وایان لێهاتووە تێر بن و بە ئاشكرا داوای تێربوون بكەن، ئەگەر بە تەواوەتیش تێر نەبێت، ئەوە بە لایەنی كەمەوە هەندێك هەر تێر دەبوو. لە ڕاستیشدا لەگەڵ هەموو ئەمەیشدا جۆرە ڕێك و پێكییەك و سستمێك و بەربەستی ڕەواو یاسایی هاتبووە گۆڕێ، چونكە شتە خراپەكان نەنگ بوون و، چێژبەخشەكانیش گەلێك دژوارو زۆر گران بوون، بەڵام یاساو شێوازەكان گۆڕا بوون، بۆیە لەم بوارەو لە بواری دیكەدا ڕێیان بە خەڵك دەدا لەو بڕوایەدا بن كە ژیان فرەوانترو پڕ لەڕابواردن و ئازادی تر بووە.

لە ڕاستیدا چێژوەرگرتنی ڕاستەقینەو، كامەرانی ڕاستەقینە، لە ڕابوردوو پتر نەبووە، بەڵام ئەوە گومانی لێناكرێت ئەوەیە كە خۆگەیاندن بەو چێژلێوەرگرتنانە ئاسانتر بووە، خەڵكی وایان لێهات هەست بەوە بكەن كە بوارێكی بەرفرەوانتری هەر تاكێك لە تاكەكان دەستەبەرتر بووە. ئەوەی لە دەروون و ناخی خەڵكی فیشیگرادا هەبوو لەو ئارەزوو خۆڕسكییە كۆنەی لەمەڕ ژیانی ڕابواردن و چێژوەرگرتن ئێستە هۆكارێكی بۆ دەستەبەر بووە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەو نەریتە نوێیانەو ئەو شێوە بازرگانی و قازانجانە نوێیانە، كە ئەو بیانیانە لەگەڵ خۆیانیان هێناوەو تازە هاتوونەتە شارەكەوە بكۆڵێتەوەو دڵنیا بێت.

جووەكانی پۆڵەندە كە بە خاوو خێزانەكانیانەوە بۆ ئەم وڵاتە كۆچیان كردبوو، هەموو چالاكییەكانی خۆیان لەم بوارەدا ئەنجام دەدا. ئەوەتا (شرایبەر) بازاڕ یان دوكانێكی داناوە، ئەوەتا (گۆتنگلان) مەیخانەیەك بۆ سەربازەكان دەكاتەوە، ئەوەیش (تاسلەر)ە ئۆتێلێك بەڕێوە دەبات، ئەوەیش خێزانی (شپرلنگ)ە كارگەیەك

بۆ دروستکردنی(سۆدا) و وەرشەیەك بۆ وێنەی فۆتۆگرافی دادەمەزرێنێت، ئەوەیش (تسفیر) کۆگەیەك بۆ سەعات و زێڕینگەری دەکاتەوە.

پاش ئەو ئۆردووەی جێی خانە بەردینەکەی گرتەوە، بەو بەردەی مابووەوە تەلارێك دروست کرا بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیەتی و دادگەی لێ بوو. ئۆتێلەکەی (تسالەر)یش پاش ئەو دوو تەلارە گەورەترین تەلار بوو لە شارەکەدا. ئۆتێلەکەی (تسالەر) لە کەناری ڕووبارەکەوەیە، لە پردەکەوە زۆر نزیکە. ئەم کەنارەی لای ڕاست بە دیوارێك پتەو کرابوو کە لە هەردوو لای پردەکەوە پاڵپشتی کەناری ڕووبارەکەی دەکرد، ئەو دیوارە لە کاتی دروستکردنی پردەکەدا دروست کرابوو. بەو شێوەیە دوو پێدەشت لای ڕاست و لای باکووری پردەکەوە درێژ دەبوونەوە وەك بڵێیت دوو شۆستەن لە ڕووبارەکە بەرزترن. لەسەر ئەم عەردە کە گەل بە گۆڕەپانی پێشبڕکێ ناوی دەبرد منداڵانی شار نەوە لە دوای نەوە یارییان دەکرد. کاربەدەستانی ئەم ناوچەیە ئێستە پێدەشتی لای چەپیان زەوت کردووەو، بە شوورەیەك دەوریان داوەو درەختی بەردارو گژو گیایان تێدا چاندووەو کردوویانەتە نیوچە شەتڵگەی ناوچەکە.

لە پێدەشتەکەی لای ڕاستیش ئۆتێلەکە دروست کراوە. پێش ئەوە (خان زاریا) یەکەمین دەروازەی گەڕەکی بازرگانی بوو. ئەو خانە شوێنێکی باشی هەبوو، چونکە ڕێبواری ماندوو و تینوو کە لە پردەکەوە دەهاتە ناو شارەوە یەکەمین جار چاوی بەو خانە دەکەوت. هەرچی ئێستەیە ئەوە ئەو خانە کۆنە نزمە وای لێهاتووە ڕۆژ بە ڕۆژ زۆر نزمترو سەرشۆڕتر بێتە پێش چاو، وەك بڵێیت نغرۆی ناو زەوی دەبێت.

ئۆتێلە نوێیەکە بە فەرمی ناوی پردەکەی لێ نراوە کە لە نزیکی دروست کراوە. بەڵام گەل بە ئارەزووی خۆی ناو لە هەموو ئەو شتانە دەنێت کە لەگەڵ لۆژیکی تایبەتی خۆیدا دەگونجێت و، لەگەڵ ئەو واتا ڕاستەقینەدا یەك دەگرێتەوە کە بە بۆچوونی ئەو بۆی دەشێت، ئەو نووسینەی لەسەر تابلۆی ئۆتێلی (تسالەر) نووسرابوو (کە بە زمانی ئەڵمانی نووسرابوو Hotel Zur Brücke کە واتای ئۆتێلی پرد دەگەیەنێت) سڕابووەوە، پیتەکانی بە بۆیەی ئاوی نووسرابوون، سەربازێکی شارەزای ئەو بوارە نووسیبووی، بۆیە خەڵکی ناوی ئۆتێلی (لۆتیکا)یان لێنابوو، ئەو ئۆتێلە تا هەتایە بەو ناوەوە ناوی ڕۆیشت. ئەویش لەبەر ئەوەی خاوەنی ئۆتێلەکە (تسالەر) کە جوویەکی زلی سارد بوو، ژنێکی نەخۆشی هەبوو، دوو کچیشی هەبوو بە ناوی (منیا، ئیرین)، هیچ دەستەڵاتێکی لە ئۆتێلەکەدا نەبوو، بەڵکو لە ڕاستیدا دشەکەی (خوشکی ژنەکەی) خاوەنی ئۆتێلەکەو داینەمۆی ئۆتێلەکە بوو، کە ئافرەتێکی لاوی زۆر جوان بوو، بێوەژنێکی زمان درێژی قسە لە ڕوو بوو، وەك پیاو چوست و چالاك بوو.

نهۆمی سەرەوەی ئۆتێلەکە شەش ژووری خاوێن و ڕێك و پێکی لێبوو بۆ ڕێبواران تەرخان کرابوون، نهۆمی خوارەوەیش لە دوو هۆڵ پێکهاتبوو، یەکێکیان گەورەو ئەوەی دیکە تەسك بوو. هەرچی هۆڵە گەورەکەیە ئەوە خەڵکی ئاسایی و بێ فیز ڕوویان تێدەکرد. لە سەربازانی ڕیزو پیشەگەرەکان. دەرگەیەکی دوو لایی شووشەی تەنك هۆڵە بچووکەکەی لە گەورەکە جیا دەکردەوە، لەسەر لای یەکەم وشەی (EXT A) نووسرابوو، لەسەر لایەکەی دیکە وشەی (ZIMMER) واتە (ژوور) نووسرابوو. ئەم ژوورە بنکەی ژیانی کۆمەڵایەتی فەرمانبەران و ئەفسەران و زەنگینەکانی شارەکە بوو. خەڵك، لە ئۆتێلی لۆتیکا، دەخۆنەوەو

پاپەزێن دەکەن ، گۆرانی دەچڕن و سەما دەکەن ، دەمەتەقێی ڕاستەقینە دەکەن و، ڕێککەوتنی بازرگانی لە نێوان خۆیاندا مۆر دەکەن، باشترین خواردن دەخۆن و، لەسەر نوێنی پاك و خاوێن دەنوون. زۆر جاریش ئەو کۆمەڵە بەگ و بازرگان و فەرمانبەرانە شەویان بە دەم ڕۆژەوە دەداو ڕۆژیان بەدەم شەوەوە دەداو دەیانخواردەوەو ڕایاندەبوارد تا شەکەتی و مەی جڵەوی لە دەست دەسەندن و، تا ئەوەندە یارییان دەکرد بە ڕادەیەك ماندوو دەبوون و نەیاندەتوانی پاپەزەکان ببینن (ئێستە قومارچییەکان بە پەنهانی و بە دزییەوە لە ژووره بچووکە تەسك و ترووسکەکەی (ئۆستامۆئیچ)دا یاری ناکەن).

لۆتیکا بەوپەڕی ڕێزو ڕووخۆشییەوە ئەو کەسانەی دەردەکرد کە زۆریان مەی دەخواردەوە یان هەموو پارەو پوولەکانیان دەدۆڕاندو، پێشوازی لە کڕیارو بستێنانی نوێ دەکرد کە هێشتە سەرخۆش نەبوونەو زۆر تامەزرۆی مەی و یاری کردنن.

کەس نەیدەزانی و، کەس نەیدەپرسی ئەو ئافرەتە کەی پشوو دەدات و، کەی دەنوێت و، کەی نان دەخوات و، کەی ئەو کاتە دەستەبەر دەکات کە جل و بەرگ بپۆشێت و بایەخ بە جوانیی خۆی بدات. چونکە بەردەوام لەوێ بوو(یان بەو شێوەیە دەهاتە پێش چاو)، خزمەتی هەموو کەسێکی دەکردو، لە هەموو بستێن و کڕیارێك نزیك دەبووەوەو، جیاوازی لە نێوان ئەم و ئەودا نەدەکردو، هەرگیز دەستبەرداری بوێری و بێ فیزی خۆی نەدەبوو.

بەژن زرافێکی قەڵەوی سپی ڕەنگ، قژ ڕەشی چاو تیژ بوو. دەیزانی کەی مامەڵەو ڕەفتار لەگەڵ ئەو کڕیارو بستێنانەدا دەکات کە پارەیەکی زۆریان لە ناو (سینی)یەکەدا دادەنا، بەڵام جار ناجار مەی پاڵی پێوە دەنان توندو تیژی بنوێنن و کاری بێ ئابڕوویی ئەنجام بدەن. بە زمانی شیرین قسەی لەگەڵ هەر هەمووواندا دەکرد، بوێرانە، گاڵتەی لەگەڵ دەکردن و، نقوڕچکی ئاراستە دەکردن، هێوری دەکردنەوە (دەنگێکی قرخی جیاوازی هەبوو، بەڵام هەندێك جار چوون گمەی کۆتری لێدەهات، قوول و ختۆکەیی. لە ئاخافتندا هەڵەی دەکرد، چونکە باش زمانی سیربیایی فێر نەبووبوو، بە زمانێکی خۆشی ئاماژە قسەی دەکرد، هیچ کات شی نەدەکرایەوەو، جیاوازی لە نێوان نێرو مێدا نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ هەر هەموو ئەوەیشدا لە ڕووی بەرزی و نزمی دەنگ و واتاوە تەواو لەگەڵ شێوازی میللی ئاخافتندا یەکی دەگرتەوە).

هەر یەکە لە کڕیارەکان سوودی لە بوونی وێ وەردەگرت و ئەڤینداری لەگەڵ دەکردو ئاگری ئارەزووەکانی خۆشتر دەکرد مادامەکێ لە ئۆتێلەکەدا دراوو کاتی خۆی بەسەر دەبردو خەرج دەکرد. بەڵام ئەو دوو شتە ـ مەبەستم پارە خەرج کردن و بەسەربردنی کاتە ـ ئەو دوو شتە بەردەوام مسۆگەرانەن، هەرچی جگە ئەو دووانەیە ئەوە وا پێدەچێت هەبێت، بەڵام مسۆگەر نییە. لۆتیکا، بە لای دوو نەوەی دەست بڵاو یان دەوڵەمەند یان بەگەکانەوە، لە جۆرە تراویلکەیەك دەچوو، لە شەبەنگێکی پرشنگداری گرانبەهای سارد دەچوو، گەمەو یاری بە هەستەکانی دەکردن. لەو سەربوردانەی خەڵکی بۆ یەکدییان دەگێڕایەوە، باسی ژمارەیەکی زۆر کەم و دەگمەنی تاکەکان دەکرا لەوانەی توانیبوویان سۆزی ئەو ئافرەتە بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، بەڵام خودی ئەوانیش ناتوانن بڵێن بە ڕاستی چییان لێ دەستگیر بووەو، تا کوێ بڕ دەگات.

شتێکی ئاسان یان ساکارانە نەبوو ئەم ئافرەتە زۆرانبازی و ململانێ لەگەڵ ئەو پیاوە زەنگینە سەرخۆشانەدا بکات، کە زۆر جار ئارەزووی دڕندانەیان دەخرۆشاو دەورووژا، کە مەزەندە نەکرێت. بەڵام لۆتیکا، ئەو ئافرەتەی ئاگەی شەکەتی نەدەزانی، ئەم ئافرەتە زۆرزان و، هەست ساردوسڕو، بیرتیژو ئامادەیە، کە لەدوە دەچێت دڵی پیاوی هەبێت، هەموو تووڕەبوون و هەموو ئارەزوو و ئاڵۆشییەکی لە ناخی ئەو پیاوە سەرشێتانەدا کپ دەکردو دادەمرکاندەوە، ئەویش بە هاریکارییەکی سەیری نێوان جەستەی جوان و نازو مەکری قووڵ و زۆرزانی خۆیەوە، بەردەوام دەیتوانی بستێك لە نێوان خۆی و هەر یەك لەو تاکانەدا بهێڵێتەوە. بستێك، کە ئارەزوو و ئاڵۆشییەکانی پتر دەورووژاندن و پلەو پایەیشی لای ئەوان بەرزتر دەبووەوە. لە ترۆپکی ساتی سەرخۆشی و توندترین ساتی تووڕەبوونیاندا یاری بەو پیاوە سەرشێت و هەڵچووانە دەکرد، وەك چۆن مەتادۆر یاری بەگا دەکات، ئەویش لەبەر ئەوەی خێرا ئەو جیهانەی ناسی و بە ئاسانی لە ڕواڵەتدا پەی بە نهێنی ئەو ئارەزووە ئاڵۆزانە برد. لە هەموو لایەنەکانی ئەو پیاوە سۆزدارە دڵڕەقە ئاڵۆشاوییانە ئاگەدارە. هەموو شتێکی بۆ دەخستنە ڕوو، بەڵێنی هەموو شتێکی پێ دەدان، بەڵام شتێکی زۆر کەمی پێ دەبەخشین، یان بڵێ هەر هیچی پێ نەدەبەخشین، چونکە بە ڕاستی ئارەزووەکانی ئەوانە تێر نەدەبوون، بۆیە ناچار دەبوون بە شتێکی کەم قایل بن. لەگەڵ زۆربەی کڕیارەکانیدا بە شێوەیەك ڕەفتارو هەڵس و کەوتی دەکرد وەك چۆن ڕەفتارو هەڵس و کەوت لەگەڵ نەخۆشاندا بکات، وەك ڕەفتارو هەڵس و کەوتی لەگەڵ کەسانێکدا کە ماوە نا ماوەیەك دووچاری تەنگژەو تێکچوون دەبن. دەشێت بە گشتی بگوترێت وێڕای ئەوەی کە پیشەکەی پیشەیەکی جوان نییەو پیشەیەکی زۆر شەریفانە نییە، کەچی ئافرەتێکی هەست دروست و دڵ نەرم و ڕەوشت چاك بوو، دەیزانی چۆن دڵخۆشی پیاوێك بداتەوەو یارمەتی بدات کە ئەوەندەی خواردبێتەوە لە سنووری خۆی تێپەڕاندبێت، یان لە یاریدا ئەوەندەی دۆڕاندبێت لەو سنوورەی تێپەڕاندبێت کە نەدەبوو لەوە پتر بدۆڕێنێت. کڕیارەکانی خۆی شێت دەکرد، چونکە بە خۆیان شێت بوون، فریوی دەدان چونکە خۆیان دەیانویست فریویان بدات، لە ئاکامیشدا ئەوندەی لێ نەدەڕووتاندنەوە ئەوەندە نەبێت کە بە خۆیان ئامادەبوون تەخشان و پەخشانی بکەنەوەو بیدەن و لە دەستی بدەن. ڕاستە پارەو پوول و سامانێکی باشی پێکەوە نابوو، بەڵام هاوکات دەیزانی چۆن لە قەردێك لە قەردەکان خۆش دەبوو، یان چۆن چاو تێرانەو بێ دەنگ زیانێك لە زیانەکانی ژ بیر دکرد. دەستی یارمەتی بۆ دەرۆزەکەرو نەخۆشان درێژ دەکردو، یارمەتی ئەو خێزان و دەوڵەمەندانەی دەدا کە ڕۆژگار پشتی تێ کردبوون، بەبێ هیچ هەراو هوریایەك، لێزانانەو وریایانەو نەرم و نیانانە یارمەتی دەدان و، بە دەنگی منداڵانی بێ دایك و باوك و بێوەژنانی خێزانە ناودارەکانەوە دەچوو، بە هانای ئەو هەژارو نەدارە شەرمنۆکانەوە دەچوو کە داوای یارمەتییان نەدەکردو پێیان ناخۆش بوو یارمەتی وەربگرن و لە وەرگرتنی یارمەتی دوودڵ دەبوون.

هەر هەموو ئەوەی لێزانانە ئەنجام دەدا، وەك چۆن لێزانانە ئۆتێلەکەی بەڕێوەبرد، خۆیشی لە کڕیارە سەرخۆش و چاو چڵێس و ڕووسەختەکان دوور دەگرت و، ئەوەی بیتوانایەت لێی دەستاندن و، دواتر نائومێدیشی دەکردن، بەڵام تا هەتایە بە تەواوەتی دەستی بە ڕوویانەوە نەدەنا.

ئەوانەی خەڵكیان دەناسی و مێژوویان دەزانی زۆر جار دەیانگوت بە ڕاستی ئەوە زیانێكی گەورەیە كە چارەنووس شتێكی ئەوتۆی بەم ئافرەتە نەبەخشیوە تەنیا ئەم بوارە تەسك و نزمەی بواری كار نەبێت، ئەگەر ئەم ئافرەتە تێگەیشتووە مرۆییە كە بیر لە خودی خۆی ناكاتەوە، ئەم ئافرەتە هاوكات چاوچنۆك و خەڵك ویستە، ئەم ئافرەتەی كە ئۆتێلێك لە ئۆتێلەكانی لادێ بەڕێوە دەبات و گیرفانی كات بەسەربەران لە ڕۆڵەكانی شار بەتاڵ دەكات، ئەگەر ئەوەی ئێستە نەدەبوو، ئەگەر بارودۆخ شوێنێكی دیكەی جگە ئەم شوێنەی بۆ مسۆگەر دەكرد، ئەوە دەشیا پلەو پایەیەكی دیكەی هەبوایەو، ڕەنگە ببوایەتە یەكێك لەو ئافرەتە بە ناوبانگانەی كە مێژوو باسیان دەكات، ئەوانەی جڵەوی چارەنووسی خێزانی گەورەو چارەنووسی تەخت و وڵاتانیان دیاری دەكردو، بەردەوام ڕەوتەكەیان بەرەو ڕێڕەوی باشتر دەبرد.

لەو سەردەمەدا، لە دەوروبەری ساڵی 1885، ئەو كاتەی لۆتیكا لە لووتكەی تواناو هێزی خۆیدا بوو، چەندین لاو لە كوڕانی دەوڵەمەندەكان شەوان و ڕۆژانی خۆیان لەو هۆڵە بچووكەدا بەسەر دەبرد كە دوو دەرگەی شووشەیی تاریكی هەبوو. دەمەو ئێواران لە نزیك سۆپاكەدا ڕۆدەنیشتن، لەبەر خەواڵوویی و نەخەوتن چاویان كزو سیس داگەڕابوو، تەواو بێدار نەبووبوونەوەو لە سەرخۆشی شەوی بووری نەهاتبوونەوە سەرخۆ، لەبەر شەكەتی و نەنووستن ژ بیر كربوو لە كوێی ئەم جیهانەدان و چاوەڕێی چی دەكەن. لۆتیكا ئەم ئاگربەستەی دەقۆزتەوە، خۆی دەگەیاندە یەكەمین نهۆمی ئۆتێلەكەو، لە ژوورێكی بچووكی تایبەت بە كارەكەرەكان، كە كردبوویە نووسینگەی خۆی و، نەیدەهێشت كەس پێی تێ بهاوێت.

ژوورەكە بە چەندین جۆرە تەخت و، وێنەی فۆتۆگرافی و، شتی لە زێڕو زیوو بلوور دروستكراو سیخناخ بوو. لەم ژوورەدا، لەو دیوی پەردەوە سندووقێكی ئاسنین هەبوو بە بۆیەی سەوز بۆیە كرابوو، لەگەڵ نووسینگەیەكی بچووكدا نغرۆی كاغەزو بلیت و كارت و ژمێردەو ڕۆژنامەی ئەڵمانی و پارچە كاغەزی لەمەڕ نرخەكانی بۆرسەو لیستی ژمارەی ئەو بلیتانە بوو كە لە ڕاكێشاندا بردوویانەتەوە.

لەو ژوورە بچووكە تەسك و ترووسكە قەرەباڵغ و خنكێنەرەدا، كە پەنجەرەكەی (كە لە پەنجەرەكانی دیكە بچووكترە) ڕاستەوخۆ دەڕوانێتە یەكەمین تاقی پردەكە، كە تەسكترین تاقەكانی پردەكەیە، لۆتیكا كاتی دەست بە تاڵی و بێ ئیشی خۆی بەسەر دەبردو، نیوەی دیكەی نهێنی ژیانی خۆی لەوێ بەسەر دەبرد، كە كەس هەقی بەسەرەوە نەبوو خۆی نەبێت.

لۆتیكا لەو ساتانەی ئازادیدا، كە كارەكەی خۆی دەدزی، هەواڵەكانی بۆرسەی دەخوێندەوەو، لە ڕیكلامەكان دەكۆڵییەوەو، كاری ژمێریاری خۆی ڕێكدەخست و، وەڵامی نامەی بانكەكانی دەدایەوەو، بڕیاری خۆی وەردەگرت و، فەرمانی دەردەكردو، پارەكانی دەژماردو، پاشەكەوتی نوێی ڕەوانەی بانك دەكرد، لەوێ لایەنی نەزانراوی كارەكەی خۆی تەواو دەكرد، لەوێ بەشی شاراوەی ڕاستەقینەی ژیانی دەگوزەری، كەس لە خوارەوەو، هیچ كەسێك لەو خەڵكە پێیان نەدەزانی.

لەوێ ماسكە لێو بە بزەكەی لە دەم و چاوی خۆی هەڵدەماڵی، ئەو كات دەم و چاوی دەبووە دەم و چاوێكی سەخت و دژوارو، نیگاكانی دەبوونە نیگایەكی تیژو تاریك. لەو ژوورەوە نامەی بۆ ئەندامانی خێزانەكەی دەنووسی كە ئەژماریان زۆر بوو، ئەندامان خێزانی (ئابفلمایەر) لە شاری تارنۆڤۆ، لەو براو خوشكانەی كە

لە خزمە نزیکەکانی خۆیان ژنیان خواستبوو یان مێردیان پێکردبوون، کە هەر هەموویان جوولەکەی زۆر دەست کورتی خەڵکی (گالیسیا)ی ڕۆژهەڵات بوون، کە ئێستە لێك دابڕاون، هەندێکیان لە گالیسیاو، هەندێکیان لە نەمساو هەندێکی دیکەیان لە مەجارستان. لەو ژوورەوە چارەنووسی دوازدە خێزانی جوولەکەی بەڕێوە دەبردو ئاراستە دەکرد، دەستی لە وردەکاری ژیان و گوزەرانی تاکەکانیان وەردەداو، لە بارەی ژن هێنان و مێردکردنیانەوە بڕیاری دەردەکردو، منداڵەکانی بۆ فێرگە یان فێربوونی پیشەیەك لە پیشەکان دەناردن و، نەخۆشەکانی تیمار دەکردن، سەرزەنشتی تەمبەڵ و دەست بڵاوەکانی دەکردن و ، ستایشی کرێکارە چالاکەکان و ئەوانەی دەکردن کە دەستیان بە پارەو پوولەوە دەگرت و، ئەگەر ناخۆشییەك بکەوتایەتە نێوان ئەندامانی خێزانەکەوە ناوبژی دەکردن و ئاشتی دەکردنەوەو، لە کاتی ناکۆکی یان سەرلێشێواندا ئامۆژگاری پێشکەش دەکردن و، هانی هەر هەمووی دەدان لە ژیاندا ڕێڕەوی ئاقڵانەو باشترو چاوتێرانە بگرنە بەر، هاوکات هۆکارەکانی ئەوەی بۆ دەستەبەر دەکردن، چونکە لەگەڵ هەر نامەیەك لە نامەکانیدا چێکێکی ڕەوانە دەکرد، کە کارێکە وای دەکرد بە گوێی بکەن و ئامۆژگارییەکانی جێبەجێ بکەن و، پێداویستییەك لە پێداویستییە مادی یان گیانییەکان تێر بکەن و، خۆیان لە ناخۆشی دوور بخەنەوە. لۆتیکا لە بەرزکردنەوەی پلەو پایەی خێزانەکەی خۆی بەم شێوەیەو بەڕێوەبردنی کاری هەر تاکێك لە تاکەکانی ئەو خێزانە تاکە چێژی ڕاستەقینەی خۆی دەبینییەوەو، چاکەی خۆی دەبینییەوە بەرانبەر بە هەموو ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆین و، بەرانبەر بە هەموو ئەو چێژانەی ژیان کە دەستبەرداریان بووە. هەرکە پلەو پایەی هەر تاکێك لە تاکەکانی خێزانی ئابفلمایەر، چ پیاو چ ئافرەت، لە ناو کۆمەڵدا تەنانەت یەك پلە بەرز بووایەتەوە، هەستی دەکرد کە پلەو پایەی خۆی بەرز بووەتەوە، دڵخۆشی خۆی بەرانبەر بەو هەموو شەکەتی و کولەمەرگییەی خۆی لەوەدا دەبینییەوە، بە هاندەرێکیشی دەزانی بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا کۆششی زۆرتر بکات.

هەندێك جار ڕێك دەکەوت لە هۆڵە بچووکەکەوە دەچووە ژوورەکەی خۆی، لە کاتێکدا ئەوەندە ماندوو و بێزار بووبوو نەیدەتوانی نامەیەك بنووسێت و، نەیش نامەیەك بخوێنێتەوەو، نەیش بە ژمێرەکانیدا بچێتەوە، لەو بارودۆخانەدا تەنیا لەبەردەم پەنجەرە بچووکەکەدا دادەنیشت و پڕ هەردوو سییەکەی هەوای فێنکی هەڵدەمژی کە لە ڕووبارەکەوە بەرز دەبووەوەو لە هەوای هۆڵەکەی خوارەوە زۆر جیاواز بوو. ئەو کات چاوی بە پردە بەردینە پتەوو ڕێك و پێکەکە دەکەوت کە ڕووی هەموو ئاسۆی گرتووە، ئەو ئاوە خێرایەیشی دەبینی بە ژێریدا تێدەپەڕی. پردەکە وەك خۆیەتی، چ بە نیوەڕۆ، یان ئێوارە، یان کاتی بەرەبەیان، لەبەر تریفەی مانگی زستان و، لەبەر تیشکی ئەستێرە هێورەکاندا. هەردوو کەناری پردەکە یەکدی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و، لە لووتکەیەکی تیژدا بەیەك دەگەن و بە هاوسەنگییەکی تەواوی چەسپاوەوە پاڵیان بە یەکدییەوە داوە. لۆتیکا لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵاندا لەوە ڕاهاتبوو ئەو پردە ببێتە تەنیا ئاسۆی باوو گەواهیدەری لاڵ و بێ زمان، کە ئەم ئافرەتە جووە دوو ڕووە لەو ساتانەدا پەنای بۆ ببات کە بە دوای پشوودا دەگەڕێت و پشوو دەدات، کاتێك کارو کاروبارەکانی خێزان لەوانەی کە بەردەوام بە تەنێ

چارەسەریان دەكات، هەروەها كاتێك لەو كارو كاروبارانەدا دەگاتە گرێكوێرەیەك كە چارەسەر ناكرێت، یان دەگەنە ڕێگەیەكی بنبەست .

بەڵام ئەو ساتانەی پشووە زۆر درێژە ناكێشن، چونكە بەردەوام ڕێك دەكەوت هاوارێك لە قاوەخانەكەی خوارەوە دەیپچڕاندن، یان هاواری كڕیاری نوێن كە داوایان دەكرد بە خۆی ئامادە بێت، یان هاواری سەرخۆشێكە بە ئاگە هاتووەتەوەو سەرخۆشی بەری داوەو، داوای شەرابی نوێ دەكات و، داوا دەكات چراكان پێ بكرێن و موزیكژەنەكان بێن و، بانگی لۆتیكا دەكات. ئەو كات لۆتیكا لە حەشارگەكەی خۆی دێتە دەرەوەو، بە قفڵێكی تایبەت دەرگەكەی دادەخات و، دەچێتە خوارەوە تا پێشوازی لە كڕیارەكە بكات یان بە بزە باوو زمانە تایبەتەكەی خۆی سەرخۆشەكە هێور بكاتەوە، وەك چۆن منداڵێك ژێر دەكرێتەوە كە تازە لەخەو هەڵستابێت و دەیهێنێت و لای مێزەكە دایدەنێتەوەو، ئەو كات سەرلەنوێ دەست بە خواردن و خواردنەوەو ئاخافتن و گۆرانی و خەرج كردنی پارەو پوول دەكرێتەوە.

ئەوەیش لەبەر ئەوەی كە ئەو لەوێ نەبێت بارودۆخەكە تێك دەچێت و، كڕیارەكان بەشەڕ دێن، ئەمە لاوێكی بەگەكانی (تسرنچا)یە، ڕەنگ زەردو، نیگا دڕندەیی، هەرچی خواردنەوەیەكی پێشكەش بكرێت دەیڕێژێتە سەر عەردو لە دەستی هەموو شتێك سكالاو بێزاری دەردەبڕێت و، لەگەڵ بەردەست و كڕیارەكاندا دەكەوێتە دەمەقالێ. چەند ڕۆژێكە لە ئۆتێلەكەدا پەیتا پەیتا دەخواتەوە، جار ناجارێك نەبێت پشوو بدات، دەیەوێت لۆتیكا ببینێت، بەڵام بە شێوەیەك دەخواتەوە، پێدەچێت ئازارو ژانێك پاڵیان پێوە نابێت خۆیشی نەزانێت چییە، ئازارێكی زۆر قوڵترو زۆر گەورەتر لەوەی ئافرەتێكی جوولەكەی جوانی خەڵكی (تارنۆڤۆ)ی خۆش بوێت، كە ئەو بەخۆی ئەو ئارەزووەی بەرانبەر بەم نەبێت و، لەوە گەورەتر بێت ئەم جاری بەرانبەر بكێشێت.

ئەوە لۆتیكایە بێ ترس لێی نزیك دەبێتەوە. لێ نزیكبوونەوەیەكی بە ئاستەمی ئاسایی و پێی دەڵێت:

ـ ئەیووب چی ڕووی داوە؟ خۆشەویستەكەم بۆچی هات و هاوارتە؟

سەرخۆشەكە لە كاتێكدا دەنگی هێور بووەتەوەو پێڵووی هەردوو چاوی هاتوونەتە یەك، تەماشایەكی كرد، وەك چۆن تەماشای تارماییەك بكات لەناكاو پەیدا بووبێت، بە پچڕ پچڕی پرسیاری لێدەكات:

ـ لەكوێ بوویت؟ دەمەوێت بزانم لەكوێ بوویت .. ئەوانە لێرە ژەهرم پێدەدەن بیخۆمەوە.. ژەهرم دەرخوارد دەدەن.. بەڵام نازانن من كە ئەگەر ...

ئافرەتەكە، دەیەوێت هێوری بكاتەوە، هەردوو دەستە سپییە بۆندارەكەی نزیك بە دەم و چاوی بەگەكە ڕادەوەشێنێت و دەڵێت:

ـ دانیشە، بە هێوری دانیشە ... ئەگەر بتەوێت شیری چۆلەكەشت بۆ دێنم. بەردەستەكە گاز دەكات و بە زمانی ئەڵمانی داوای شتێك بۆ لاوەكە دەكات.

ـ لەبەردەممدا بە شێوەیەك مەدوێ تێی نەگەم ... بۆڵە بۆڵ مەكە ... فرتسین ... فۆقتسین ... چونكە من ... تۆ دەمناسیت.

ـ ئەیووب، دەتناسم، دەتناسم. كەس ناناسم وەك تۆ دەناسم.

ـ باشە ... لەگەڵ كێ بوویت؟ بڵێ.

بەم شێوەیە ئاخافتن لە نێوان سەرخۆشەکەو ئافرەتەکەدا بێ ئامانج و بێ ئاکام بەردەوام دەبوو بێ ئەوەی کۆتایی بێت، شان بە شانی شووشەیەك شەرابی گرانبایی دوو پەرداخ : پەرداخێك بۆ لۆتیکا کە هەر پڕ بوو، پەرداخێك بۆ ئەیووب کە هەرکە پڕ دەبوو، بەردەوام هەڵی دەقوڕاندو سەرلەنوێ و بەردەوام پڕی دەکردەوەو بەسەرەوەی دەنا.

ئەوەتە لۆتیکا، لە کاتێکدا کە لاوە تەمبەڵەکە بەو زمانە بۆڵە بۆڵی بوو و ورتەی دەهات کە مەی خواردنەوە لەگۆی خستبوو، وڕێنەی لە بارەی خۆشەویستی و مردن و ئازاری ئەویندارى دەکات کە چارەسەری نییەو شتی لەو چەشنە کە لۆتیکا باش ئەزبەری کردوون، چونکە هەر یەك لە سەرخۆشانی وڵات بەو شێوە دووبارەی دەکەنەوە، ئەوەتە لۆتیکا هەڵدەستێت و لە مێزەکانی دیکە نزیك دەبێتەوە، کە کڕیارانی دیکەیان لە دەور دانیشتووە، لەوانەی ئێواران لە ئۆتێلەکە گرد دەبنەوە بێ ئەوەی دوا بکەون.

لە دەوری هەر مێزێك لەم مێزانە ژمارەیەك زەنگینی لاو دانیشتوون، لەوانەی دەستیان بە چوونە قاوەخانەو مەی خواردنەوە نەکردبوو، تەنیا لەم ماوەی دواییەدا نەبێت. ئەوانە خەڵکانێکی بەفیزی لادێن، بینییان کە خان زاریا بووەتە ئەو شوێنەی زۆریان بێزار دەکات و لەگەڵ پلەو پایەی ئەواندا یەك ناگرێتەوەو، هێشتەیش لەناو ئۆتێلەکەدا هەست بە جۆرە شەرمەزارییەك دەکەن. لەدەوری مێزیکی دیکە چەند فەرمابەرێکی بیانی دانیشتبوون، ئەفسەرێکیش دانیشتبوو کە ئەمڕۆ ئەڵقەی سەربازی بەجێ هێشتبوو، بەوە قایل بوو بوو دابەزێتە ئاستی ئۆتێلە سڤیلەکان، چونکە نیازی وایە داوا لە لۆتیکا بکات قەردێکی بە پەلەی پێ بدات. لە دەوری مێزی سێیەمیش ئەو ئەندازیارانە دانیشتبوون کە هێڵی شەمەندەفەر بە ناو دارستانەکەدا بۆ ناردنە دەرەوەی دار ڕادەکێشن.

لەگۆشەیەکیشدا یافلی ڕانکۆڤیچ دانیشتبوو، کە بەتەمەن لە هەموو لاوەکان بچووکترە، بەڵام هاوکات دەوڵەمەندترین کەسە، قۆنتەراتچییەکی نەمساوی لەگەڵ دانیشتبوو لە پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەرەکە کاری دەکرد، هەردووکیان لەسەر  مێزەکە سەرقاڵی ئەژمارکردن بوون ..یافلی جلوبەرگێکی لە شێوەی تورکان پۆشیبوو، فێسێکی لەسەر نابوو لە قاوەخانەکە داینەدەکەند. دووچاوی ڕەشی بچووك (لە دوو درزی بریسکەدار دەچوون) بەدەم و چاوە پان و زەرد هەڵگەڕاوەکەیەوە ڕووەو خوار بووبوونەوە، بەڵام دەیانتوانی لە ساتە دەگمەنەکانی شادی یان سەرکەوتندا فرەوان و زەقتر ببنەوەو ببنە دووچاوی گەورەی گەشی بە بزەو پێکەنین، پێکەنینێکی ئیبلیسیانە.

هەرچی قۆنتەراتچییەکەیە ئەوە جلێکی خۆڵەمیشی وەرزشی پۆشیبوو، جووتێك پووتی بەرزی زەردی لەپێ کردبوو دوو بەندیان هەبوو دەگەیشتنە ئەژنۆ. ئەو بە پێنووسێکی بەزێڕ زەرکەفتکراوی زرێ زیوین دەینووسی، کەچی یافلی بە پێنووسێکی گەورەی (ڕەساس) دەینووسی کە بەر لە پێنج ساڵ دارتاشێك لە دارتاشەکانی سوپا لە دوکانەکەیدا ژ بیری کردبوو کاتێك بزمارو ڕەزەی لێ دەکڕی. هەردووکیان سەرقاڵی مۆرکردنی ڕێککەوتنێك بوون بۆ دابینکردنی خواردن بۆ ئەو کرێکارانەی لە پرۆژەی ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەرەکەدا کاریان دەکرد. نغرۆی کارەکەی خۆیان بووبوون، لێکیان دەداو دابەشیان دەکردو کۆیان دەکردەوەو، هەندێك ژمارەیان ڕێك دەخست کە هەندێکیان لەسەر کاغەزەکان دەبینران، کە هەر یەکەیان

دەکۆشا هاوەڵەکەی خۆی پێ قایل بکات و فریوی بدات، هەندێکیشان نەدەبینران و هەر یەکەیان دەیویست لە مەزەندەی خۆیدا بیانهێڵێتەوە، ئەوانەی کە هەر یەکەیان، لەسەر ئەو بنەمایەو بە کۆشش و خێرایانە، بۆ خۆیانیان لێك دەدایەوە، کە تا چ ڕادەیەك دەتوانێت هەلێك بقۆزێتەوەو قازانج دەستەبەر بکات.

لۆتیکا بەسەر ئەو کڕیارانەدا سووڕایەوەو بۆ هەر یەکەیان وشەیەکی جوان، یان بزەیەکی باش، یان نیگایەکی کپی پڕ تێگەیشتن و دەرك کردنی دۆزییەوە، پاشان گەڕایەوە لای بەگە لاوەکە کە دەستی بە هات و هاوارو توندو تیژی دەکردەوە.

شەوان، کاتێك هۆڵەکە مەیی تێدا دەخورایەوەو، لەگەڵ هەموو ئەو هات و هاوارە توندو جۆش و خرۆش و کرووزانەوەو وەحشەتگەرییەی مەی خواردنەوە لەخۆی دەگرێت، کە لۆتیکا باش شارەزای بووە، پێویستە ساتێکی بێ دەنگی و هێوری بێتە ئاراوە تا لۆتیکا لەو کاتەدا بتوانێت بگەڕێتەوە ژوورەکەی خۆی و، لەوێ لەبەردەم تیشکی کزی چرا گۆزەییەنەکەیدا پشوو بدات، یان دەست بە نووسینی نامەکانی بکاتەوە، تا ئەو کاتەی ڕووداوێکی نوێ دەقەومێت و بانگی خوارەوە دەکرێت.

بۆ ڕۆژی دواتر هەمان سەربوردە لەگەڵ ئەو بەگە زمان شڕو جنێوفرۆشە سەرخۆشە بە ئالۆشە یان کەسێکی دیکەی لە چەشنی ئەو دووبارە دەبێتەوە ... بۆ (لۆتیکا)یش هەمان ئەو خەفەتە بەردەوام دەبێت کە پێویستە بە ڕوو خۆشی و بزە لەسەر لێو بەرەو ڕووی ببێتەوەو، هەمان ئەو کارەیش بەردەوام دەبێت کە هەردەم لە یارییەکی سووکی بێ کۆتایی دەچێت.

مرۆڤ لەو بڕوایەدایە کە ڕێی تێناچێت لۆتیکا لەسەرقاڵی و زۆری و زەبەندەیی ئەو ئەرکە جۆراوجۆرانەدا، کە شەوو ڕۆژ ژیانیان تەنیوەتەوە، بتوانێت کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات و درێژە بە ئیشەکەی خۆی بدات، کە پێویست بە سینگ فرەوانییەك دەکات لەوەی ئافرەت نییەتی، هەروەها پێویست بە تواناو هێز دەکات کە پیاویش بەرگەی ناگریت. لەگەڵ ئەوەیشدا لۆتیکا ئەو کارەی دەکرد بێ ئەوەی هیچ سکاڵایەك بکات، کە کارەکانیشی چارەسەر بکردایەت هیچ شتێکی بۆ کەس باس نەدەکردو، کەسیشی لەو کارە دەیکرد یان بە نیازە بیکات ئاگەدار نەدەکردەوە. وێڕای هەموو ئەوەیش دەیتوانی کاتی خۆی دابەش بکات و ڕۆژانە سەعاتێك بۆ (عەلی بەگ باشچ)ی دۆستی تەرخان بکات.

عەلی بەگ باشیچ تەنیا پیاوە کە لە شارەکەدا دەگوترێت بە ڕاستی سۆزو خۆشەویستی لۆتیکای بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە کە پێوەندی بە هیچ شتێکی دیکەوە نەبێت. بەڵام ئەم پیاوە گۆشەگیرترین پیاوەو لە هەر هەموو شارەکەدا بێ دەنگترینیانە. لەهەر چوار براکەی بەتەمەنترە، بەڵام ژنی نەهێناوە (دانیشتووانی شار لەو بڕوایەدان لۆتیکا بووەتە هۆی ئەوەی تا هەنووکە بێ ژن بمێنێتەوەو ژن نەخوازێت). کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە نابات. بەشداری ژیانی گشتی شار ناکات، مەی ناخواتەوەو، جنێوفرۆش نییەو لەگەڵ هاوڕێیانی هاوتەمەنی خۆیدا کات بەسەر نابات و ڕانابوێرێت. جگە لەوەیش یەك میزاجی هەیە، کە نایگۆڕێت، کابرایەکی خۆشەویستەو دەچێتە دڵەوە، بێ جیاوازی لەگەڵ هەمووان‌دا خودگیرە. وێڕای بێ دەنگی و گۆشەگیریش خۆی لە دیداری خەڵکی نادزێتەوەو لەگەڵیاندا دەئاخڤێت، سەرەڕای ئەوەیش کەس بیروڕایەکی ئەو ناگێڕێتەوە، کەس لە زمانی ئەوەوە قسەیەك ناگێڕێتەوە ئەو گوتبێتی. ئەوەی خۆی پێ بەسەو، تەواو لە

ژیانی خۆی و لە ڕای کەسانی دی بەرانبەر بە وی قایلە. پێویستی بەوە نییە بە شێوەیەکی پێچەوانەی شێوەی خۆی دەربکەوێت، یان بە شێوەیەك بێتە پێش چاو شێوەی خۆی نەبێت و، کەس چاوەڕوانی شتێکی دیکەو داوای شتێکی دیکەی لێناکات. ئەو یەکێکە لەو پیاوە دلێرانەی کە نازناوێکی گەورەیان هەیەو تەواو ژیانی پڕ کردوونەتەوە، کە دلێریەکی خۆڕسکی گەورەو ڕەسەنە، پاساوی لە خودی خۆیدایەو، نە دەکرێت پاساوی بۆ بهێنرێتەوە یان نکۆڵی لێ بکرێت یان لاسایی بکرێتەوە.

لۆتیکا بایەخێکی ئەوتۆی بە کڕیارانی هۆڵە گەورەکە نەدەدا. هۆڵە گەورەکە بەسەرپەرشتی (ماڵچکا) ی ئافرەتە مەیگێڕو (گۆستاڤ)ی مەیگێڕ بوو. هەرچی ماڵچکایە ئەوە لە هەموو شاردا ناسراوە، کە ئافرەتێکی خەڵکی مەجارستانە، ئافرەتێکی تێگەیشتووە، لە ژنە هاوسەری ڕاهێنەرێك لە ڕاهێنەرانی گیانلەبەرە دڕندەکان دەچێت. بەڵام گۆستاڤ کابرایەکی ئەڵمانی خەڵکی ناوچەی (بۆهیمیا)یە، کورتە باڵایەکی قژ سووری چاو پڕ خوێن و لنگ بلاوو پێ ساف و جلفڕو هەڵەشە بوو. ئەو دوو بەردەستە هەر هەموو کرێکارەکان دەناسن بەڵکو تێکڕا سەرجەم دانیشتووانی شار دەناسن، دەزانن کێ قەردی بە لاوە بێت، بەردەوام بە ڕێك و پێکی دەیداتەوە. هەروەها شارەزای میزاجی هەر یەکێك لە کرێکارەکانن کاتێك سەرخۆش و مەست دەبن. دەشزانن کێ پێویستە بە ساردییەوە پێشوازی لێ بکرێت و، کێ پێویستە بە گەرمییەوە پێشوازی لێ بکرێت، کێ پێویستە ڕێی پێنەدرێت بێتە ژوورەوە، چونکە شایەنی ئەوە نییە بێتە ناو (ئەم ئۆتێلەوە). پەرۆشی ئەوەن کڕیارەکان زۆر بخۆنەو وردە وردە قەردەکانیان بدەنەوە، بەڵام پەرۆشی ئەوەشن هەموو شتێك بە ڕوو سووری و بێ ئابڕووچوون کۆتایی پێ بێت، کە پێویستە بەو شێوەیە کوتایی پێ بێت، چونکە پرەنسیپی لۆتیکا ئەوەیە: (ڕیسواییمان ناوێت)، تەنانەت ئەگەر هات و جارێك بە ڕێکەوت یەکێك ئەوەند مەست و سەرخۆش بوو سنووری بەزاند، یان یەکێك بە زۆر ویستی بێتە ناو ئۆتێلەکەوە پاش ئەوەی لە مەیخانەی دیکەی مەیخانەکانی چینی دووەم شەرابی خواردبێتەوە، ئەو کاتە (میلان)ی بەردەست دەهات. کە گەنجێکی باڵا بەرزی شان پان بوو، دەمارەکانی بازووی دیار بوون. ئەم (میلان)ە کە بە نژاد خەڵکی شاری (لیکا)یە، کابرایەکە هێزو توانای (هەرقەل)ی هەیەو، کەم دووە، بەڵام هەموو کارەکان دەکات. بەردەوام ئەو جلانە دەپۆشێت کە شیاوی ئەوەن بەردەستێکی ئۆتێل بیانپۆشێت (لۆتیکا خەمی هەموو شتێك دەخوات): بەروانکەیەك لەسەر کراسێکی سپی، چۆخێکی سەوزی دوگمەداری بە زستان و هاوین لەبەر بوو، هەردوو باڵی تا قۆڵەنیسکی هەڵدەکرد بە شێوەیەك هەردوو بازووە ئەستوورە ڕەشە تووکنەکەی دەردەکەوتن کە لە دوو فڵچەی گەورە دەچوون. میلان جووتێك سمێڵی بچووکی داهێنراوی هەبوو، قژێکی زبری ڕەش ئەو بۆنەی لێدابوو لەوەی سوپاییەکان بەکاری دەهێنن.

هەر لە مێژ بوو نەخشەیەك بۆ ئەم کارە ناخۆشە بێزراوە داڕێژراوە کە میلان ئەنجامی دەدات و بووەتە ڕەفتارێکی باو. ئەگەر کڕیارێك سەرخۆش بێت بگاتە ڕادەی توندوتیژی، ئەو کات گۆستاڤ بە گفت و لفتی شیرین ڕایدەگرێت تا میلان دەگات، ئەو کات میلان لە پشتەوەی نزیك دەبێتەوەو، لەناکاو گۆستاڤ لێی دوور دەکەوێتەوە، میلان پڕ دەداتە پشتوێنی سەرخۆشکەو بە یەك دەست بەرزی دەکاتەوەو، بەو دەستەکەی دیکەیشی توند یاخەی دەگرێت، لەو کارەدا ئەوەندە لێهاتوو و خێرایە کەس هیچ ڕۆژێك نەیتوانیوە میلان

ببینێت چۆن بە هەردوو دەستی سەرخۆشەکە هەڵدەگرێت، پاشان ئەوەندە دەزانێت سەرخۆشەکە، ئەگەر بەهێزترین پیاوی شارەکەیش بێت، وەك بووکەشووشەیەکی لە کاو پووش دروستکراو بەرەو دەرگە باڵ دەگرێتەوە کە (ماڵچکا) لە کاتی گونجاودا دەیکاتەوەو، یەکسەر لە دەرگەکەوە دەچێتە دەرەوەی ناو شەقام، ئەو کات گۆستاڤ کڵاوەکەی یان داردەستەکەی یان هەر شتێکی دیکەی مابێتەوە بۆ فڕێ دەدات و، میلان بە هەموو توانای خۆیەوە دەچێتە پێشەوەو پەردە ئاسنینەکە دادەتاوە. هەموو ئەوە لە چاوتروووکانێکدا زۆر ڕێك و پێك ڕوو دەدات، ئەوەندە نابات کڕیارەکان ئاوڕ بدەنەوە دەرکراوەکە خۆی لە دەرەوە لە ناو شەقامدا دەبینێتەوە، هیچی پێناکرێت، ئەگەر تەواو کەللەیی بووبێت، ئەوە نەبێت بە چەقۆکەی یان بە بەردێك لە پەرژینە ئاسنینەکە بدات، وەك ئەو شوێنەوارانە دەیسەلمێنن کە بە پەرژینەکەوە بەجێ ماون، ئەو کات ڕیسواییەکە لە ئۆتێلەکەدا نابێت، بەڵکو لە شەقامەکەدا دەبێت، کپ کردنەوەیشی دەکەوێتە ئۆباڵی پیاوانی پۆلیس، هەرچۆنێك بێت هەیانە لە نزیك ئۆتێلەکەوە ڕادەوەستن.

ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕووداوێك تووشی میلان نەهات لەو ڕووداوانەی تووشی کرێکارەکانی ئۆتێلەکانی دیکە دێن، وەك ئەوەی ئەو سەرخۆشە بەرەو ڕووی ببێتەوە کە دەیانەوێت دەری بکەن و، بچێت مێزو کورسییەکان بەسەر یەکدا وەربگێڕێت یان ئەوەندە بەهێز بێت و بەهەردوو دەست وەهەردوو قاچی توند دەرگەکە بەرنەدات بە شێوەیەك جووتێك نەتوانن ڕاپێچی دەرەوەی بکەن. میلان لەم کارەیدا نە پەرۆشییەکی توندو میزاجێکی توورەو نە ئارەزوویەکی زۆری شەڕکردن، یان سینگ دەرپەڕاندنی نەدەنواند. بۆیە بەم جۆرە سفت و سۆڵ و خێرایە ئەنجامی دەدا. هەرکە یەك دەقیقە بەسەر دەرکردنی کرێارەکەدا تێدەپەڕی، ئەو کات میلان دەگەڕایەوە شوێنەکەی خۆی لە مووبەق یان لای قاپ شۆرەکە، وەك بڵێیت هیچ شتێك ڕووی نەدابێت.

بەڵام گۆستاڤ ئەو کات لە دەرگەکەوە دەچووە هۆڵەکە بچووکەکەوە، وەك بڵێیت بێ مەبەست ئەو کارە دەکات، تەماشای لۆتیکای دەکرد لە تەنیشت مێزێکەوە لەگەڵ کڕیاری پایەبەرزدا دانیشتووە، لەناکاو هەردوو چاوی دەقووچێنێت، لۆتیکا تێدەگات کە ڕووداوێك قەوماوەو، چارەسەر کراوە، ئەو کات لۆتیکایش هەردوو چاوی دەتروکێنێت، بێ ئەوەی قسەکانی خۆی ببڕێت و بێ ئەوەی بزە بەسەر لێویەوە نەمێنێت، خێرا چاو دەتروکێنێت، کەس هەست ناکات، ئەوەیش دەگەیەنێت: (باشە سوپاس، بەردەوام وریاو ئاگەدار بە).

پاش ئەوە هیچ نەدەمایەوە پرسی ئەوە نەبێت کە کڕیارە دەرکراوەکە خواردوویەتییەوە یان شکاندوویەتی. کاتێك درەنگانی شەو لە پشت بەربەستێکی سوورەوە ژمێردەی ئەو ڕۆژەیان تەواو دەکرد، لۆتیکا لە بری پارەی ئەو شتانە لە گۆستاڤ خۆش دەبوو.

******

# پازدەمین پاڕ

چەند ڕێگەیەك هەن کە دەشێت ئەو کڕیارە چەقاوەسووە پەنایان بۆ ببات، کە بەو شێوە لێزانانە لە ئۆتێلەکە دەرکراوە ـ ئەگەر یەکسەر لە ئۆتێلەکەوە بەرەو بەندیخانە بەڕێ نەکرێت ـ بۆ ئەوەی هێزو توانای خۆی وەبەر بێتەوەو لەو ڕووداوە دەرباز بێت کە بەسەری هات. یان دەبێت بە لەترە لەتر بەرەو کابیاکە بەڕێ بکەوێت تا بە شێی ئەو هەوایە فێنکی ببێتەوە کە لە ڕووبارەکەوە بەرز دەبێتەوەو لە تەپۆڵکەکانی دەوروبەرەوە هەڵدەکات، یان ئەو بارەی لێی بوو بچێتە بارێکی دیکە، ئەو کات دەچێتە (خان زاریا)، کە لە ئۆتێلەکەوە لە گۆڕەپانی شارەوانی دوور نییە، لەوێ بە ئارەزووی خۆی ددان جیڕ دەکاتەوەو، هەڕەشە دەکات و جنێو بەو دەستە دەدات، کە لە ناکاو گرتی و بەو شێوەیە دەرکردنە ناپاك و ستەمگەرانە لە ئۆتێلەکەی وەدەر ناو نەیتوانی بەرەنگاری ببێتەوە. لەم خانەدا، کە تاریکی دادێت و سەرۆك خێزان و پیاوە خاوەن کارەکان کە نایەنە ئەم شوێنە تەنیا بۆ ئەوە نەبێت ئەو پشکە مەیە بخۆنەوە کە ڕاهاتوون بیخۆنەوە، هیچ جۆرە ڕیسواییەك ڕوو نادات و ناشێت ڕوویش بدات، چونکە هەر مرۆڤێك لێرە بە ئارەزووی خۆی ئەوەندە دەخواتەوە بتوانێت پارەکەی بدات، هەر مرۆڤ لێرە بەو شێوەی پێویستە هەڵس و کەوت دەکات و، ئەوەی بیەوێت دەیڵێت. لێرە داوا لە کڕیاران ناکرێت پارە خەرج بکەن و سەرخۆش بن بە مەرجێك وەك کەسێك هەڵس و کەوت بکەن نەیخواردبێتەوە. ئەگەر یەکێك سنوور ببەزێنێت، ئەوە زاریا ئامادەیە، ئەو پیاوە قورسە بێ دەنگە، ڕوو گرژو تووڕەیە، کە چەکی سەرخۆش و بەشەڕهاتووەکان تێك دەشکێنێت و ورەیان پێ بەر دەدات، چەندەیش هات و هاوار بکەن، بە جووڵەیەکی سستی بازووی قورس و، دەنگی نزمی هێوریان ناکاتەوە:

ـ دەی ... دەی ... واز لەمە بێنە .. یاری بە ئاگر مەکە .. واز لەم کارە کەودەنە بێنە.

بەڵام تەنانەت لەم بارە دێرینەدا کە هوڵێکی جیاوازی نییەو، گارسۆنێکی قاوەخانەی نییە (چونکە لاوێکی سنجقەکە بەردەوام بە جل و بەرگی جووتیارانەوە کاری تێدا دەکات)، تەنانەت لەم مەیخانەیشدا ڕەفتارو نەریتە نوێیەکان تێکەڵ بە ڕەفتارو نەریتە کۆنەکان دەبوون، تێکەڵاوبوونێکی سەیر .

ناوداران و پیاوانی ئەوسا ئەوانەی (ڕاکیا)یان دەخواردەوە، لێرە لە گۆشەی تاریکدا بێ دەنگ دادەنیشن، ڕقیان لە هەراو هوریاو ژاوە ژاوو بشێوییە، لەم گۆشەیەدا کە لە تەنیشت پەرداخە (ڕاکیا)وە دانیشتوون وەك چۆن لە تەنیشت شتێکی پیرۆزەوە دانیشتبن حەز لە سێبەرو بێ دەنگی دەکەن. لەم دانیشتنەیاندا دانیشتوون و دەخۆنەوە، لە کاتێکدا گەدەیان سووتاوەتەوەو جگەریان هەوی کردووەو دەماریان گرژ بووەو حەزیان بە چارەی کەسدا نایەتەوە، تەنانەت بێزیان لەخۆ دەبێتەوە. دەخۆنەوەو چاوەڕوانن ئاکام ئەو ڕووناکی تیشکە پەرجووە سەیرە لە دەروونیاندا گڕ بگرێت و داگیرسێت کە خواردنەوە بۆ ئەو کەسانەی دەستەبەر دەکات

تەواو خوویان پێداوە، ئەو ڕووناکییەی لە پێناویدا ئازارو ئەشکەنجەو کەوتن و مردن بە چاوی خۆیان دەبینن، کە تا ساڵان تێپەڕێت ـ بەداخەوە ـ بەدەگمەن و بە ئاستەمتر تیشك دەدات.
بەڵام ئەوانەی تازە دەستیان بە خواردنەوە کردووە ئەوانە پتر ئارەزووی زۆر بڵێیی و هەراو هوریا دەکەن، بەتایبەتی کوڕانی زەنگینە گەنجەکان لەوانەی لەتەمەنی هەرزەییدان، ئەوانەی تازە کەوتوونەتە سەر ڕێگەی خراپە، ئەوانەی ئەو باجە دەدەنەوە کە هەموو کەسێك بە پەتای خواردنەوەو بێ ئیشی دەدات، هەندێکیان تا ماوەیەك و، هەندێکی دیکەیان تا هەتایە. بەڵام زۆربەی خەڵك ماوەیەکی دوورو درێژ لەسەر ئەم ڕێگەیە نامێننەوە، بەڵکو وازی لێ دێنن و، خێزان پێك دەهێنن و، بۆ قازانج و، ژیانی برژوازییانەو، خراپەی نهێنی و شاراوەو، ئارەزووی مامناوەندی تێدەکۆشن. کەس لەم ڕێگەیەدا نامێنێتەوە تەنیا ژمارەیەکی کەم لەو بەدبەختانە نەبێت کە لە چارەیان نووسراوە بەدبەختی بکێشن، ئەوانە لەم ڕێگەیەدا درێژە بە هەنگاوەکانی خۆیان دەدەن، لەبەر ئەوەی (مەی)یان لە ژیان پێ باشترە، کە لەم ژیانە کورتە فریودەرەدا شتێکی خەیاڵ پڵاوی کورت و فریودەرانە ترە. ئەوان لە پێناوی مەیدا دەژین و لە مەیدا دەمرن، تا وەك ئەوانەیان لێدێت لەم گۆشەیەدا تاریك و گێل و گەوج و تووڕە دانیشتوون.
لەوەتای ئەم ڕەفترو نەریتە نوێیانە جێگیربوونە ـ ئەو ژیانەی کە نە سستمی تێدایەو نە ڕەچاوکردن و، ئەو بازرگانییەی کە پتر گوڕو تین و چالاکی تێکەوتووەو، ئەو قازانجانەی کە زۆرتر بوونەو بەرزتر بوونەتەوە ـ جگە لە(سۆمبۆ)ی قەرەج، کە نزیکەی 30 ساڵ دەبێت بە خۆی و زوڕنا سەرەتاییەکەیەوە یاوەری هەموو ئاهەنگەکانی شارەکە دەکات، ئەوە ئێستە (فرانس فۆرلان)یش دێتە باڕەکەی زاریاو ئۆکۆردیۆن دەژەنێت. پیاوێکی باریکەلەی سوورەفڵە، گوارەیەکی زێڕی لە گوێی ڕاستە. پیشەی سەرەکی بازرکانییە، بەڵام زۆری حەز لە میوزیك و مەی و شەرابە. سەربازو کرێکارە بیانییەکان ئارەزوو دەکەن گوێ لە میوزیکەکەی بگرن. زۆر جاریش ڕێك دەکەوێت (جۆزلا)ژەنێکیش لە باڕەکەدا هەبێت، کە کابرایەکی خەڵکی (مۆنتی نیگرۆ)یە، کابرایەکی لاواز چوون خواپەرست، جل و بەرگ شڕۆڵ بەڵام بەژن ڕێك و نیگا ڕووناك، برسی بەڵام خوددار، لووت بەرزو فیز زل بەڵام ناچار بوو بە خێر پێ کردنی خەڵکی ژیان بگوزەرێنێت. ماوەیەك لە گۆشەیەکەوە، دوور لە خەڵك، دادەنیشێت، داوای خواردنەوە ناکات و تەماشای بەردەمی خۆی دەکات. بە ڕواڵەت خۆی وا پیشان دەدات کە هیچ نابینێت و، گوێ بە هیچ نادات، لەگەڵ ئەوەیشدا مرۆڤ دەرك بەوە دەکات کە هزرو نیازی دیکەی بە بیردا بێت، کە زۆر لەوانە جیاوازن لە ڕواڵەتیدا بەدی دەکرێن.
هەندێك سۆزی پێچەوانەو لێك جیاواز لە دەروونیدا ململانێیانە، بە تایبەتی مەزنیەتی ئەوەی لە دڵیدایەو بێ بەهاو هەژاری ئەوەی دەشێت بۆ خەڵکی بنوێنێت. بۆیە بەردەوام لەبەردەم خەڵکدا هەست بە جۆرە شڵەژان و شەرمەزارییەك دەکات. لە شوێنەکەی خۆیدا لووت بەرزانەو پشوودرێژانە دانیشتووە، چاوەڕوانە یەکێك داوای گۆرانییەك بکات، لەوە دڵنیا دەبێت کە کەوانەکە لەبەر شێ شل نەبوونەتەوەو، دەست بە سازدانی ئامێرەکە دەکات، ئاشکرایانەیش ئارەزووی ئەوە دەکات سەرنجی کەس بۆ لای ئەم ئامادەکارییە هونەرییانەی ڕانەکێشێت، کاتێك یەکەمین جار کەوانەکە بە ژێیەکەدا دەهێنێت، مرۆڤ تەنیا گوێی لە دەنگێکی لەرزۆکی جیاواز دەبێت وەك ڕێگەیەك باراناو تەڕی کردبێت، بەڵام لەگەڵ جۆزلادا گۆرانیەکی نەرم

به لووت دەڵێت لە کاتێکدا دەمی هەر نووقاوە، بەوەیش دەنگی جۆزلاکە تەواو دەکات و دەنگی ئەوو دەنگی خۆی لێك دەگونجێنێت، تا ئەو کاتەی کە هەردوو دەنگەکە تەواو لە دەنگێکی گوماناوی گشتگیردا تێکەڵ دەبن و ڕێ بۆ گۆرانییەکە  خۆش دەکات، ئەم ئیبلیسە بەدبەختە دەبینیت لەناکاو بە شێوەیەکی ئەفسووناوی دەگۆڕێت، ئەو کات شەرمنۆکی نامێنێت و، شتە ناکۆکەکانی ناخەوەی هێور دەبنەوەو دەسرێنەوەو، هەموو دژوارییە دەرەکییەکانیش ژ بیر دەچنەوە. ئەو کات موزیکژەنەکە یەکسەر سەر بەرز دەکاتەوە، وەك پیاوێك دەمامکی بێ فیزی تووڕ بدات، چونکە پێویستی بەوە نامێنێت ئەوە لە خەڵکی بشارێتەوە کە ئەو کێیەو چ کارەیە. دەست بە گۆرانی چڕین دەکات بە دەنگێك مرۆڤ پێشبینی ناکات ئەوەندە بەهێز بێت، چەند دێرێکی دەسپێك دەچڕێت:

گەلاّی ڕەیحانە دەست بە گریان دەکات و دەڵێت:

ئەی شەونمی ناسك بۆ ناتکێیتە سەرم؟

لەناکاو کڕیارەکان بێ دەنگ دەبن، پاش ئەوەی خۆیانیان بە ڕواڵەت وا پیشان دەدا گوایە هیچ نابینن بەڵکو دەپەیڤین. ئەوان لەوەتای ئەو دوو دێڕەی سەرەتایان بیست، مووچڕکەیەك بە گیانیاندا تێپەڕی، لەوەدا جیاوازی لە نێوان تورکان و کریستیانەکاندا نییە، لەبەر ئەوەی زۆر تینووی ئەو شەونمەن کە لە گۆرانییەکەدایە وەك چۆن لە ناخی ئەوانیشدایە، بێ ئەوەی هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا هەبێت.

بەلاّم کاتێك گۆرانیبێژەکە بە دەنگێکی نزمتر گوتی:

ئەوە لقە ڕەیحانە نەبوو

کاتێك سەرپۆشی خوازەو لێکچوواندنی فڕێ داو، دەستی بە ئەژماردنی ئارەزوو و چارەنووسە ڕاستەقینەکانی تورك و سێربی کرد، کە خۆیان لەپشت پەردەی وێنەی شەونم و لقە ڕەیحانەوە حەشار داوە، سۆزی بیستەران جیاوازی تێکەوت و بە ڕێگەیەکی جیاوازدا ڕۆیشت بە پێی جیاوازی ئەوەی هەر تاکێك هەستی پێ دەکات و ئارەزووی دەکات و بڕوای پێ هەیە. وێڕای ئەوەیش بە پێی یاسایەکی نەنووسراو ئوقرە دەگرن و هەر هەموویان بە هێوری گوێ لە گۆرانییەکە دەگرن تا کۆتایی دێت، ئەوەیش لە دەروونیاندایە دەرینابڕن و هیچ شتێك دەرناخەن لەوەی لە سینەیاندا دەخولێتەوە، هەر یەکەیان تەنیا تەماشای ئەو پەرداخە دەکات لە بەردەمیدا دانراوە کە لەسەر ڕووی بریقەداری (ڕاکیا)کە ئەو سەرکەوتنە بەدی دەکات کە هیواخوازیەتی، جەنگ و پاڵەوانەکان و نەبەردی و شکۆمەندی و ئەو جۆرە شتانە دەبینێت کە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا دەستەبەر نابن.

کاتێك پیاوە پلەو پایە نزم و کوڕە دەوڵەمەندەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ هەر دەخۆنەوە، ئەو کات جموجووڵ و بزاوتن دەکەوێتە بارەکەوە، ئەو کاتیش کار بۆ سۆمبۆو، فرانتس ڕۆلان و، تاك چاوەکەو (شیخا)ی قەرەج پەیدا دەبێت.

شیخا ئافرەتە قەرەجێکی خێل و ڕوو سەختە، خووی پیاوانی گرتووە، لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا دەخواتەوە کە دەتوانن وێر بکەن، بەلاّم هیچ کاتێك مەست نابێت، مرۆڤ مەزەندەی ئەوە ناکات کە ئاهەنگێك لە ئاهەنگەکانی مەی خواردنەوەو مەست بوون لەگاڵتە ناشیرینەکانی بێ بەش ببێت.

ئەو کەسانەی لەگەڵ تاك چاوو سۆمبۆو شیخادا کات ڕادەبوێرن ناوە ناوە دەگۆڕێن، بەڵام تاك چاوو سۆمبۆو شیخا لەچاو بزر نابن. ئەوانە بە موزیك و میزاج و ڕاكیا ژیان دەگوزەرێنن، ئەو کارەی کە دەیکەن بۆ ڕابورادنی کەسانی دیکەیەو، ئەو قازانجەی دەستیان دەکەوێت، ئەوەیە کە کەسانی دیکە تەخشان و پەخشانی دەکەن، ژیانی ڕاستەقینەی ئەوان بە شەوە، لەو دەمە نەشازانەی کە لەش ساغ و بەختەوەران دەنوون، لەو دەمە نەشازانەی کە ڕاكیاو ئارەزووە خەفێنراوو چەپێنراوەکان تا ئەو دەمەی جۆرە دۆخێکی دەروونیانەی توندو بریسکەدارو، پەرۆشییەکی مەزەندە نەکراو دروست دەکەن، کە هەموو جارێك وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام هەموو جارێکیش بە شتێکی نوێ دێتە بەرچاو، هەموو جارێکیش جوانتر لە هەموو کاتی پێشوو دێتە پێش چاو. ئەو سێ کەسە ئەو گەواهیدەرە بێ دەنگ و کرێگرتانەن کە هەموو مرۆڤێك دەوێرێت لە بەردەمیاندا ڕاستی خۆی بخاتە ڕوو (وەك چۆن دەربڕینێکی سێربی کرواتی دەڵێت: خوێنی ژێر پێستی خۆی پیشان دەدات) بێ ئەوەی دواتر هەست بە پەشیمانی یان شەرمەزاری بکات. هەموو شتێك لەگەڵ ئەوان و لەبەردەم ئەواندا ڕێی پێ دراوە، هەموو شتێك لەوانەی ئەگەر هی کەسانی دیکە بێت و دەربکەوێت ئەوە بە ڕیسوایی و ئابڕووچوون دەژمێررێت، لەوانەی ئەگەر هات و مرۆڤ لەماڵەکەی خۆیدا توخنی بکەوێت، ئەوە بە گوناهێك دەژمێرراو دەبووە شتێکی دەگمەن و نەکەردەنی. هەموو ئەو باوك و کوڕانە، ئەو دەوڵەمەندو، ناودارانەی سەر بەخێزانی بەناوودەنگن دەتوانن بە خۆشاردنەوە پشت بەستن بەناوی ئەو موسوڵمانانەو پشت بەستن بە بەرپرسیاریەتی ئەو موسوڵمانانە، ساتێك لە ساتەکان ئەو شتانە ئەنجام بدەن کە ناوێرن لەبەردەم هیچ کەسێکی دیکەدا ئەنجامیان بدەن و بنوێنن. ئەو کاتیش ڕووی ڕاستەقینە یان بەلایەنی کەمەوە بەشێکی ڕووی ڕاستەقینەیان ناوە ناوە دەردەکەوێت: دڵڕەقەکان دەتوانن گاڵتەیان پێ بکەن و لێیان بدەن، ترسنۆکەکانیش دەتوانن جنێویان پێ بدەن و، دەست بڵاوەکانیش دەتوانن دیارییان پێشکەش بکەن، ئەوانیش بە خۆ دەنازن و دەتوانن ستایش و پێدا هەڵدانیان لێ بکرێن، خەمۆك و خاوەن ئارەزووەکانیش دەتوانن چێژ لە گاڵتەو گەپ و کارە نەشازەکانیان وەربگرن و ، لەڕێ لادەرو چاوبرسی و ئەوانەی چاویان لەدەرە دەتوانن چێژ لە ڕەفتارە بوێرانەکانیان ببینن یان چێژ لەو خزمەتگوزارییانەی دیکە ببینن کە پێشکەشیان دەکەن.. ئەوانە پێداویستییەکی هەمیشەیین، دانیشتووانی شار ئەوانەی ژیانی ناخەوەیان سەرکوتکراوەو شێوێنراوە ددانیان پێدا نانێن. ئەوانە لە هونەرمەندانێك دەکەن لە ژینگەیەکدا بن ئاگەی هونەر نەزانێت و لێی نەگات. شارەکەیش هیچ پیاوو ئافرەتانی لەو جۆرە بێبەش نەبووە، چ گۆرانیبێژ، یان بێ ئابڕوو، یان نەشاز یان لیبۆك، تەنانەت ئەگەر هات و یەکێکیان پیربوو و مرد، ئەوە یەکێکی دیکە جێگەی پڕ دەکاتەوە. چونکە شان بە شانی ناسراوو ناودارەکان بەردەوام کەسانی نوێ لەوانە سەرهەڵدەدەن و پەروەردە دەبن، یارمەتی کات ڕابواردن و کات بەسەر بردن بدەن و کەش و هەوای خۆشی و کامەرانی بۆ ژیانی نەوەی نوێ دەستەبەر بکەن. بەڵام کاتێکی دوورو درێژ بەسەر دەچێت بەر لەوەی پیاوێکی چوون سالکۆی تاك چاو دەرکەوێت.

کاتێك پاش داگیرکاری یەکەمین (سێرك) گەیشتە شارەکە، تاك چاو دڵی لە کیژێك چوو سەمای دەکرد، بە هۆی ئەم کیژەوە چەند جۆرە کارێکی چەقاوەسووانەو نەشازانەی کرد، لەو پێناوەیشدا لە بەندیخانە توند کراو

لێدانی خوارد، هەروەها ئەو دەوڵەمەندانەی کە هیچ ئاکارێك ڕێی ئەوەی لێنەدەگرتن هانی بدەن و هەڵینێن ئەو ڕەفتارانە بکات، ئەوانیش قەراماتێکی زۆریان بەسەردا سەپێنرا.
ئێستە چەند ساڵێك بەسەر ئەو ڕۆژگارەدا تێپەڕیوەو، خەڵکی لە زۆر شت ڕاهاتوون، ئێستە گەیشتنی موزیکژەن و ئافرەتانی ئەکرۆباتیك و مارەوانە بیانییەکان وای لێهاتووە وەك جاران سەرنجی خەڵکی ڕانەکێشێت کاتێك یەکەمین سێرك گەیشت. بەڵام هێشتە خەڵکی سەربوردەی تاك چاوەکە دەگێڕنەوە کە چۆن دڵی لە سەماکەرەکە چووبوو.
ماوەیەکی دوورو درێژە هێشتە تاك چاوەکە ژیان و تەمەنی خۆی لە پێناوی خزمەتکردنی خەڵکدا بەفیڕۆ دەدات، بە ڕۆژ لە هەموو کارێکیاندا خزمەتی هەر هەموویان دەکات، شەوانیش خزمەتی بەگەکانیان دەکات، کارێك دەکات شادومانانە کات بەڕێ بکەن، چونکە دەخواتەوەو مەست دەبێت و ڕەفتارگەلێك دەکات ئاژاوەو بشێوی دروست بکەن. ئیدی بەم جۆرە نەوە دوای نەوە، چونکە هەرکە هەندێکیان واز لەم جۆرە ژیانە بهێنن و شوێنی خۆیان لە کۆمەڵدا بکەنەوەو ژن بهێنن و هێور ببنەوە، نەوەی نوێ سەر هەڵدەدەن و هەمان ئەم قۆناغانە دەبڕن. ئێستە تاك چاوەکە بەساڵدا چووەو پیر بووە. ئێستە وای لێهاتووە کاتێکی زۆری خۆی لە باڕەکەدا بەسەر دەبات پتر لەوەی لە کارەکەیدا بەسەری ببات و، بەو قازانجە کەمترە گوزەران دەکات کە لەو خێر پێکردن و خواردنەوەو پاشماوانە دەستی دەکەوێت کە دەوڵەمەندەکان پێشکەشی دەکەن. ئەو خەڵکەی شەوانی باراناوی پاییز لە باڕەکەی زاریا گرد دەبنەوە، نغرۆی بێزاری و جاڕسی دەبن. ئەوانە چەند دەوڵەمەندێکن لە دەوری یەکێك لە مێزەکان دانیشتوون. هزریان سستە، بیر لە شتی غەمگین و ناخۆش دەکەنەوە، قسەکانیان قورس و ناخۆشن لە بۆشاییدا دەنگ دەدەنەوە، دەم و چاویان ساردو بزرو گوماناوییە. تەنانەت (ڕاکیا)یش ناتوانێت میزاجیان بورووژێنێت. ئەوەیش تاك چاوەکەیە لە گۆشەیەکی باڕەکەوە لەسەر کورسییەك دانیشتووەو، خەو هەردوو پێڵووی قورس کردووە. شەکەتی و ماندوویەتی و گەرمای شێدارو یەکەمین پەرداخی ڕاکیا جڵەویان لێ ئەستاندووە. ئەمڕۆ کاتێك هەندێك شتی بۆ (ئۆکۆڵچە) دەبرد باران تا سەر ئێسك تەڕی کرد.
ئەوەیش کرێکارێکی بێزارە لەدەوری مێزی دەوڵەمەندەکان باسی ئەو ئەویندارییە کۆنە چەقاوەسووانە دەکات کە تاك چاوەکەی تێکەوت و، باسی کیژە سەماکەرەکەی سێرکەکە دەکات. ئەو بە شێوەیەك ئەو باسە دەگێڕێتەوە وەك بڵێیت بە ڕێکەوت بێت. بۆیە هەموو نیگاکان ئاراستەی ئەو گۆشەیە دەبێت کە تاك چاوەکەی لێ دانیشتووە. کەچی تاك چاوەکە بێ دەنگ و جووڵە دانیشتووەو خۆی وا پیشان دەدات گوایە هێشتە نوستووە. با بڵێین هەر چییان دەوێت با بیڵێن: تاك چاوەکە تەواو بڕیاری داوە ـ ئەویش بەیانی ئەمڕۆ کاتێك تووشی سەرئێشەیەکی توند بوو ـ کە هەرگیز بەرسڤی هیچ گاڵتە پێ کردنێکیان ناداتەوەو، لەمەدا ڕێ نادات بەو شێوەیە کڵاوی لەسەر بنێن وەك شەوی ڕابوردوو لەم باڕەدا ئەو دەوڵەمەندانە کڵاویان لەسەر نا.
یەکێکیان گوتی:
ـ وا بزانم هێشتە نامە بۆ یەکدی دەنێرن.

دووەم گوتی:
ـ تەماشای ئەم نارەسەنە بکە: نامەی ئەویندار بۆ ئافرەتێك دەنووسێت، هاوکات ئافرەتێکی دیکەی هەیە لێوەی نزیکە.
تاك چاوەکە هەوڵ دەدات و دەکۆشێت خۆی تێنەگەیەنێت. بەڵام ئەم قسەیەی لە بارەی ئەوەوە دەکرێت دەیهەژێنێت و کاری تێدەکات.
وەك بڵێیت هەتا ختۆکەی دەم و چاوی بدات، چونکە هەردوو چاوی دەیانویست لەناکاو بکرێنەوەو ماسوولکەکانی لە ئاکامی زەردەخەنەیەکی شادیدا دەکشان. بەرگەی ئەوە ناگرێت بێ دەنگ و کپ بێت. ئەوەتە سەرەتا دەستی دەجووڵێنێتەوە، جووڵانەوەی کەسێك گوێ و بایەخ بە شتەکە نەدات، بەڵام ئەوەندە ناخایەنێت لە ئاکامدا دەڵێت:
ـ هەموو ئەو شتانە ڕابوردن و بەسەرچوون ...
ـ ڕابوردن و بەسەرچوون؟ هەهە ... خەڵکینە گوێ بگرن ئەم تاك چاوە تاوانبارێکی سەیرە. لەوێ، لەو دوورایییە، ئافرەتێك لە پێناویدا دەسووتێت و، لێرەیش ئافرەتێکی دیکەی بە دەستەوە شێت دەبێت. ئەوەی یەکەم ڕۆیشت و بەسەرچوو، دووەمیش دەڕوات و بەسەر دەچێت، پاشان سێیەمین دێت ... ئەی بەدبەخت تۆ بڵێیت گیانت کوێوە بچێت، کە یەك بە دوای یەکدا ئەقڵیان پێ لەدەست دەدەیت؟
تاك چاوەکە هەستابووە سەر پێ و لە مێزی گرووپەکە نزیك بووبووەوە. نوستن و شەکەتی و، ئەو بەڵێنەی ژ یاد چووبووەوە کە بە خۆی دابوو گوایە توخنی هیچ قسەو قسەلۆکێك نەکەوێتەوە.کەچی ئەوەتە دەستی خستووەتە سەر دڵی و بۆ ئەو شەوگەردانەی دووپات دەکاتەوە کە نە ئەو ئەویندارەو نە ئەو تامەزرۆمەندە فریودەرەیە کە مەزەندەی دەکەن، هێشتە جلەکانی تەڕن و، هێشتە دەم و چاوی تەڕو پیس و ڕەنگ بووە،(چونکە فێسەکەی لەو جۆرە فێسەیە باشانە نییەو ڕەنگ دەداتەوە) بەڵام نغرۆی زەردەخەنەیەکی شادی و هەڵچووانە بووە. ئەوەتە لە تەنیشت مێزی زەنگینەکانەوە دادەنیشێت.
سانتۆ بابۆ، کە جوویەکی قەڵەوی جەستەو گیان سووکە، کوڕی میتۆو کوڕەزای (موردەبابۆ)یە، کە دوو بازرگانی ناوداری بازرگانی قاپ و قاچاغ و دەفری میتاڵن، هاواری کرد گوتی:
ـ پەرداخێك ڕۆم بۆ تاك چاو بێنن ..
چونکە کوێرەکە لەم دواییانەدا هەرکە بیتوانیایە لە جیاتی ڕاکیا، ڕۆمی دەخواردەوە، چونکە ئەم شەرابە نوێیە بۆ کەسانێکی وەك ئەو دروست کراوە، ئەگەر ئەم دەربڕینە ڕاست بێت، چونکە لە ڕاکیا کاریگەرترو خۆشترو خێراتر مەست دەکات. ڕۆم لە شووشەی بچووك بچووکی قەوارە یەك لە دەی لیتردا پێشکەش دەکرێت و، ئەو کاغەزەی پێوەیەتی وێنەی ئافرەتێکی گەنجی خولاسی (لە دایك و باوکێکی سپی پێست و ڕەش پێست)، لێو ئەستوورو چاو سووتاوی لەسەر کێشراوە، شەپقەیەکی گەورەی لە پووش دروستکراوی لەسەر ناوە، دوو گوارەی گەورەی زێڕی لە گوێیە، لە ژێر ئەو وێنەیەدا بە پیتی سوور نووسراوە: جامایکا (ئەویش ئارەزووی تاراوگە لای دانیشتووانی بۆسنیا دەورووژێنێت، کاتێك یەکێکیان بە قۆناغی بێ ئارەزوویيدا تێپەڕێت). تاك چاوەکە هەرکە وێنەی ئافرەتەکە دەبینێت یەکسەر هەست بە ئاگری شەرابە

نوێیەکە دەکات و تەنانەت مەزەندەی ئەوەی دەکرد ئەگەر بهاتبایەو پێش ساڵێك بەر لە ئێستە بمردایە، ئەوە لە چێژی ئەم نازو زادەی ژیان بێبەش دەبوو (لەجیهاندا چەند جوانی وەك ئەم جوانییە هەیە). هەرکە هەست بەوە دەکات دڵی نەرم دەبێت، بۆیە کاتێك قەپاغی هەر شووشەیەك ڕۆم بکاتەوە بەردەوام ماوەی چەند ساتێك ڕادەمێنێت و بیر دەکاتەوە. پاش ئەو چێژەی لەو ڕامان و ئەندێشەیەی وەردەگرێت، نۆرە دێتە سەر چێژی خودی شەرابەکە.

ئێستە بوتڵەکەی لەبەردەم دەم و چاوی خۆیدا ڕاگرتووە، وەك بڵێیت بە چرپەوە بیدوێنێت دواندنێکی گاڵتەئامێزانەی نەبیستراو. ئەوەیش ئەو کەسەیە کە وای لێکرد بیهێنێتە قسەو مەبەستەکەی بپێکێت، دڵڕەقانە لێی دەپرسێت:

ـ ئەی بەدبەخت چی بە کیژەکە دەکەیت؟ دەتەوێت بیخوازیت یان دەتەوێت یاری پێ بکەیت وەك چۆنت یاری بەوانی دیکە کرد؟

ئەو کیژەی ئاخێوەر مەبەستی بوو کیژێکی خەڵکی (دۆشچە)یە ناوی (باشا)یە. جوانترین کیژی شارەکەیە، باوکی مردووەو وەك دایکی نەقشکاری جل و بەرگە.

هاوینی ڕابوردوو لاوان لە کاتی گەشت و مەست بوونەکانیاندا زۆیان باس دەکرد، گۆرانییان لە بارەی جوانی بێ وێنەیەوە پێدا هەڵدەدا، بۆیە تاك چاویش وردە وردە لەگەڵیاند گیرۆدەی دەبوو، بێ ئەوەی بزانێت بۆچی و چۆن ... بەم شێوەیە دەستیان بەگاڵتە پێکردنی دەکرد.

یەکێکیان گوتی:

ـ بەستەزمان دەزانیت ئەگەر کیژێك چەپکە گوڵێك بۆ لاوێك هەڵدات چی دەگەیەنێت؟ ئەوە دەگەیەنێت کە (باشا) پێت دەبێژێت: من ئەوەندە تۆم خۆش دەوێت، وەك ئەم گوڵە پچڕێنراوە لە پێناوی تۆدا سیس دەبمەوە، تۆیش نە دێیتە داخوازیم، نەیش ڕێم پێ دەدەیت مێرد بکەم؟ ئەمە دەگەیەنێت.

هەموو لاوەکان باسی (باشا)یان بۆ کرد، باسی ئەو کیژە تاك و دەگمەن و داوێن پاك و سپییەیان بۆ کرد، کە بە نازو لەنجەولارەوە ڕێ دەکات و چوون خواربوونەوەو شۆڕبوونەوەی هیشووی گەییوی سەردیواری ناو حەوشە کە چاوەڕوانی یەکێك دەکات بیکاتەوە، بەو شێوەیە خۆی خوار دەکاتەوە. پێیان گوت: ئەو کەسەی کە باشا چاوەڕێی دەکات وەك گوڵ بیکاتەوە ئەوە لە تاك چاو بەو لاوە کەسی دیکە نییە .

بە ڕواڵەت خۆیان تووڕە کردو هاواریان کردو گوتیان: چۆن دەبێت بەو نیگایانەی تەماشای ئەم بکات؟ هەندێکی دیکەیان بەرگرییان لێکرد.

تاك چاویش هەر دەیخواردەوە. جارێك بڕوای بە پەرجووەکە دەکردو، جارێکی دیکە بە درۆی دەخستەوەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەوە کارێکی نەکەردەنییە. لەکاتی دەمەتەقێدا گاڵتەپێکردنی هاوەڵە گەورەکانی لە خۆی بەدوور دەخستەوەو، دەکۆشا تێیان بگەیەنێت کە ئەو ئەویندارییە هی ئەو نییە، چونکە ئەو لە پیرە مەیموونێکی هەژار دەچێت و کەسی پێ فریو نادرێت. بەڵام لە ساتی بێ دەنگیدا بە خۆی خەونی بە کیژەکەو بە جوانی کیژەکەو بەو کامەرانییەوە دەبینی کە دەشێت پێی ببەخشێت بێ ئەوەی ئەو پرسیارە لەخۆی بکات ئایە دەشێت و دەتوانێت خۆی پێڕا بگەیەنێت. بەڵام هەموو شتێك لەم شەوە نایابەی هاویندا

ڕێی تێدەچێت کە ڕاکیاو گۆرانی و ئاگر ئاسۆکانی بێ ڕادەو سنوور فرەوانتر دەکەنەوە. ئەگەر شتێك ڕووی نەدابێت ئەوە شتێك نییە نەکردەنی بێت و، شتێکیش نییە تەواو بەدوور بزانرێت. تاك چاو دەزانێت ئەو دەوڵەمەندانە گاڵتەی پێ دەکەن و پێی ڕادەبوێرن. ئەو بەڕێزانە ناتوانن بێ پێکەنین ژیان بگوزەرێنن و، دەبێت سەر بنێنە سەر یەکێك، با ئەو ببێتە لیبۆك و بیانهێنێتە پێکەنین، ئەوەبوو ئەو کارەیان سەری گرت و تا هەنووکەیش هەر وایە. بەڵام ئەگەرچی هەر هەموو لە گاڵتە بەو لاوە شتی دیکە نییە، بەڵام شتێکی دیکە هەیە کە هەرگیز گاڵتە نییە، ئەویش ئەو ئافرەتە جوانەو، ئەم خۆشویستنە دەگمەنەیە کە خەونی پێوە دەبینی و تا ئێستەیش هەر خەونی پێوە دەبینێت. هەروەها ئەو گۆرانییانەیش گاڵتە نین کە خۆشەویستییان بە واقیعی و ناواقیعی تێدا دەژێت، ئەو گۆرانییانەی کە ئافرەتیان تێدا نزیك و هاوکات دوورە، وەك لە ئەندێشەو خەیاڵی ئەودا وایە. هەموو شتێك، تەنانەت ئەمەیش، بەبۆچوونی ئەو کەسانەی ڕادەبوێرن گاڵتەیە، بەڵام بە بۆچوونی ئەو ڕاستییە، بەردەوام لە ناخیدا شتێکی پیرۆزیش بووەو، بوونێکی واقیعیانەیشی هەبووە بەچاوپۆشین لە گاڵتەی ئەو دەوڵەمەندانەو، خودی شەراب و گۆرانی و، هەموو شتێك و، تەنانەت خودی (باشا)یش .

هەر هەموو ئەوە دەزانێت، بەڵام هەر هەموو ئەوەیشی لەبیر دەچێتەوە. چونکە دەروونی دەتوێتەوەو، ئەقڵی چۆڕاوگە دەبەستێت وەك چۆن ئاو چۆڕاوگە دەبەستێت و دەڕوات.

بەم شێوەیە، پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئەو ئەوینە گەورەو ئەو بەسەرهاتە ئابڕووبەرەی لەگەڵ ئەو ئافرەتە نەمساوییەدا بەسەری برد کە لەسەر پەت سەمای دەکرد، کەچی تاك چاو کەوتە داوی ئەفسوونی ئەوینێکی نوێوەو .... بەوەیش دەوڵەمەندو بێکارەکان یارییەکی نوێیان دۆزییەوە کە ئەوەندە دڵڕەقی و ورووژانی تێدا بوو بەشی ئەوەی دەکرد گاڵتەو پێکەنینیان بۆ ماوەی چەندین مانگ و چەندین ساڵ بۆ دەسەتەبەر بکات.

ئەو ڕووداوە لە ناوەڕاستی هاویندا ڕووی دا. پاشان هاوین کۆتایی هات و زستان هات و، گاڵتە لەمەڕ خۆشویستنی (باشا) لەلایەن تاك چاوەوە دەمەتەقێی شەوانی ڕازاندبووەوەو ڕۆژگاری خەڵکی لە ناوەندی شاردا کورت دەکردەوە. ئێستە ناوی تاك چاویان بە (زاوای لاو) یان (ئاشق) ناودەبرد. تاك چاو، بە ڕۆژ کاتێك واق وڕماوو بەدبەختانە دەچوو ئەو شتانەی لە دوکانەکان دەکڕی کە ڕایانسپاردبوو بیانکڕێت و، لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێن دەسووڕایەوەو شتگەلێکی زۆری بە دەست و بەسەر شانەوە هەڵگرتبوو، سەری لەوە سوڕمابوو بەو ناوەوە بانگیان دەکردو، پێی ناخۆش بوو بەو ناوەوە بانگ بکرێت، هیچیشی نەدەکرد تەنیا بۆ گاڵتە هەردوو شانی هەڵدەتەکاند. کە شەو دادەهات و، ڕووناکی لە بارەکەی زاریاوە دادەگیرساو، یەکێکیان بانگی پەرداخێك (ڕۆم)ی بۆ (تاك چاو) دەکردو، یەکێکی دیکە بە دەنگێکی نزم گۆرانی دەچڕی وەك بڵێیت بە ڕێکەوت گۆرانی دەچڕێت:

کاتی نوێژی ئێوارە هاتووەو، خۆر ئاوا بووە

ئێستە بە ڕووی تۆدا نابریسکێتەوە

ئەو کات هەموو شتێك لەناکاودا دێتە گۆڕین. ئەو کات بارو قورسایی نامێنن و شان بەرز کردنەوە نامێنێت، نە شارو، نە بارو، بگرە تاك چاویش ... نە تاك چاویش کە سەرما تەزاندبێتی و ڕدێنی درێژ بووبێتەوەو، بە جل و بەرگی شڕو شۆڵ و دڕاوی کەسانی دیکە خۆی داپۆشیبێت ... ئێستە هیچ شتێك لەو هەموو شتانە لە ئارادا نییە. ئێستە هیچ شتێك لە ئەندێشەی تاك چاودا نییە تەنیا بالکۆنێکی بەرز نەبێت، کە تیشکی ئاوابووی هەتاو ڕووناکی کردووەتەوەو، ڕەزە ترێیەکی کیژێك دەنوارێت و چاوەڕوانی ئەو پیاوەیە کە چەپکێك گوڵی بۆ هەڵبدات. ڕاستە لە چوار دەوری خۆیەوە بە دەنگی بەرز گوێی لە پێکەنین و تێبینی جۆراجۆرو گاڵتەی ناشیرین دەبێت، بەڵام هەر هەموو ئەوانە دوورن، وەك بڵێیت تەم بن، کەچی ئەو کەسەی گۆرانی دەچڕی زۆر لێوەی نزیکە، لێرەیە لە تەنیشت گوێیەوە گۆرانی دەچڕێت:

خۆزگە بمتوانیایە لە نزیکی تۆدا

خۆم بەتیشکی ڕۆژ گەرم بکردایەتەوە

ئەوەتانێ خۆی بە تیشکی ڕۆژ گەرم دەکاتەوە، کە ماوەیەکە ئاوا بووە، وەك بڵێیت لە هەموو ژیانیدا بە تیشکی ڕۆژی ڕاستەقینە خۆی گەرم نەکردبێتەوە کە هەموو ڕۆژێك بە ئاسمانی شارەکەوە هەڵدێت و ئاوا دەبێت.

ـ پەرداخێك ڕۆم بۆ تاك چاو.

بەو شێوەیە شەوانی زستان بەسەرچوون. ئەوەبوو لە کۆتایی زستانیشدا (باشا) مێردی کرد. نەقشکارە بەستەزمان و زۆر جوانەکەی (دۆتچە)، کە نۆزدەساڵی تەمەنی خۆی تەواو نەکردووە، مێردی بە حاجی عومەری نیشتەجێی پشتی قەڵاکە کرد (کە پیاوێکی بەڕێزی دەوڵەمەندە، تەمەنی پەنجاو پێنج ساڵە) سەر بە هەوێ مێردی پێکرد.

حاجی عومەر ماوەی 30 ساڵە ژنی هێناوە. ژنەکەیشی لە خانەوادەیەکی گەورەیەو، بە زیرەکی و لێهاتوویی ناوی ڕۆیشتووە. ئەو زەوییەی حاجی عومەر لە پشتی قەڵاکەوە هەیەتی گوندێکی ڕاستەقینەی ئاوەدانی پڕ لە هەموو جۆرە سامانێکە. دوکانەکانیشی کە لە شارن لە کەرەستەی پتەو دروست کراون، قازانجێکی مسۆگەری گەورەی بۆ دەستەبەر دەکەن. هەموو ئەوەیش نەك بە هۆی حاجی عومەرەوە، ئەو پیاوە هێورو سستەی کە ڕۆژانە تەنیا دوو جار لە قەڵاکەوە دێتە خوارەوەو دەچێتە بازاڕو دەگەڕێتەوە، بە ڕادەی ئەوەی بە هۆی ئافرەتە چالاك و زیرەك و بەردەوام زەردەخەنە لەسەر لێوەکەیەتی، کە هەموو ئافرەتانی تورك لە شارەکەدا ڕای ئەو سەبارەت بە زۆر بابەت بە یەکلاخەرەوەو پێوەری هەموو شتێك دادەنێن.

ئەم خانەوادەیە لە هەموو لایەکەوە باشترین خانەوادەیەو خەڵکی زۆریان ڕێز لێ دەگرن. بەڵام ئەو دوو کەسانە کە بە نێو ساڵدا چوونە منداڵیان نەبووە، ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان و بە هیوابوون منداڵیان ببێت، تەنانەت حاجی عومەر حەجی مەکەی کردو ژنەکەیشی خێرێکی زۆری بەسەر هەژارو نەداراندا دابەش کرد، بە هێوای ئەوەی خوا منداڵیان بداتێ. ساڵان تێپەڕین و سامانیان تا دەهات زۆرتر دەبوو، موڵکەکانیان پەرەیان دەستاند، بەڵام ئەوەی بە هیوای بوون خوا پێی نەبەخشین، بۆیە حاجی عومەر ئوقرەی گرت و ژنە

تێگەیشتووەکەیشی ئوقرەی گرت، بەڵام ئێستە هیچ ئومێدێك نەما، چونکە تەمەنی ژنەکە گەیشتووەتە چل و پێنج ساڵ.

ئەو سامانە زۆرەی کە حاجی عومەر پاش مردن لە دوای خۆی بەجێی دەهێڵێت لە مەترسیدایە. ئەوەیش پرسێکە نەك هەر خزمەکانی خۆی و خزمەکانی ژنەکەی خەمی بۆ دەخۆن، بەڵکو زۆربەی شار بە پەرۆشیەوەن. هەندێك خەڵك هیواخوازن ئەو هاوسەرگیرییە تا هەتایە بێ منداڵ بمێنێتەوە، هەندێکی دیکەیش لەو بڕوایەدان کە زیانێکی گەورەیە ئەو پیاوە بمرێت و وارسێکی نەبێت، ئەو کات سامانەکە لە نێوان ژمارەیەك لە خزمەکانیدا دابەش دەکرێت، بۆیە ئەوانە دەکۆشان قایلی بکەن ژنێکی دیکەی گەنج بخوازێت، مادامەکێ هێشتە کات بە بەریەوە ماوەو، مادامەکێ هیوای ئەوە لە ئارادایە کە منداڵی ببێت. بەم شێوەیە تورکانی شارەکە لەمەڕ ئەو پرسە بووبوونە دوو گرووپ.

بۆیە ژنە نەزۆکەکەی حاجی عومەر هات و بە خۆی ئەو کێشەیەی چارەسەر کرد. بە ڕاستگۆیی و سووربوونەوە، وەك لە هەموو کارێکدا وایە، بە مێردە دوودڵەکەی گوت:

ـ خوا هەموو شتێکی پێ بەخشیوین .. سوپاس بۆ خوا ... ئاسوودەیی و تەندروستی و دەوڵەمەندی پێ بەخشیوین ... بەڵام ئەوەی پێ نەبەخشیوین کە بە هەموو نەدارو هەژارێکی دەبەخشێت: ئەوەیش ئەوەیە کە کوڕی خۆمان ببینین و، بزانین پاش ئێمە هەموو ئەمە بۆ کێ دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر ویستی خواوەند ئەوە بێت من بەرگەی ئەو ئازارە بگرم، نابێت تۆ ئوقرە بگریت. من لەو بڕوایەدام کە شار نیازی وایە ژنت بۆ بخوازێت و، ئەو غەم و پەژارەیەی ئێمەیش بخاتە ئەستۆی خۆیەوە، ئەگەر دەیانەوێت ژنت بۆ بخوازن، ئەوە من لە پێشترم ئەو کارە بکەم، چونکە من باشترین هاودەمی تۆم.

ژنەکەی ئەم پەیڤانەی بە گوێدا داو، پاشان ئەو پلانەی پێ ڕاگەیاند کە لە مێشکیدا دەخولایەوە. مادامەکێ ئەو هیوایەی لەدەست چووە منداڵێکی بۆ بهێنێت. دەبێت هەوێیەکی بەسەر بێنێت کە ئافرەتێکی گەنج بێت و بشێت نەوەی بۆ بخاتەوە. یاسا ڕێی ئەمەی پێ داوە. بە خۆیشی وەك کەیبانووی ماڵ دەمێنێتەوەو پەرۆشی ئەوەیش دەبێت هەموو شتێك بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە بچێت.

حاجی عومەر بۆ ماوەیەکی زۆر ئەوەی ڕەت دەکردەوەو، دەیگوت: ئەو جگە لەو نایەوێت هاودەمی کەسی دیکە بێت و، پێویستی بە ژنێکی دیکەی لاو نییە. بەڵام ژنەکەی نەك هەر لەسەر پلانەکەی خۆی سوور بوو، بەڵکو ناوی ئەو ئافرەتەیشی بۆ درکاند کە بۆی هەڵبژاردووە. گوتی: مادامەکێ مەبەست لە ژنهێنانەکە منداڵ بوونە ئەوە باشترین شت ئەوەیە کە کیژێکی جوان و هەژارو بەتەندروست دەستنیشان بکرێت، منداڵی بە تەندروستی ببێت و، بە درێژایی تەمەنیشی بەوە قایل بێت کە خوا پێی بەخشیوەو، (باشا)ی کیژە جوانی نەقشسازی (دۆتچە)ی بۆ دەستنیشان کردووە.

ئەوەبوو بە خواست و بە هاریکاری ژنە کۆنەکە، حاجی عومەر (باشا)ی کیژە جوانی خواست. پاش یازدە مانگ باشا کوڕێکی جوانی بوو. بەم شێوەیە کێشەی واریسەکە چارەسەر کراو، ئەو هیوا زۆرانە ڕەوینەوە کە خزمەکانی حاجی عومەر خۆزگەیان بۆ دەخواست و بەوەیش دەمی خەڵکی شار داخرا. باشا بە

کامەرانی ژیاو، کەیبانووە کۆنەکەی ماڵەوەیش قایل بوو، هەردوو ئافرەتەکە پێکەوە وەك دایك و کچ پێکەوە بە ئاشتەوایی ژیانیان گوزەراند.

ئەو چارەسەرە شادە بۆ تاك چاو سەرەتای ئازارو ژانی بێ پایان بوو. ئازارو ژانی تاك چاو ئەو زستانە بە هۆی ئەوەوە کە باشا مێردی کردووە بوو بە بابەتی سەرەکی ڕابواردن کە گاڵتەو گەپی بێکاران لە باڕی زاریا بەدەوریدا دەخولایەوە. ئەو ئەویندارە دۆڕاوە بە شێوەیەك دەیخواردەوە لەوەپێش بەو شێوەیە نەیخواردبووەوە، ئەو دەوڵەمەندانەیش وێری خواردنەوەکەیان دەکرد، بەو پارەیەی دەیان دا دەیانتوانی ئەوەندە پێبکەنن تا فرمێسك لە چاویان چۆڕاوگەی دەبەست. گاڵتەجاڕان نامەی ساختەیان لە باشاوە بۆ دەهێناو بۆیان دووپات دەکردەوە کە شەوو ڕۆژ دەگریت و، خەریکە بۆ ئەم سوێی ببێتەوە، بەڵام کەس لە نهێنی ئەو ئازارو ژانەی خۆی ئاگەدار ناکاتەوە. ئەو کات تاك چاو شێت دەبێت و، گۆرانی دەچڕێت و، بە دوورو درێژی وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەداتەوەو، نەفرەت لە بەخت و نەوچەوانی خۆی دەکات کە ڕێکەوت بەو شێوەیە ناشیرین و نەداری کردووە.

ـ تاك چاو پێمان ناڵێیت چەند ساڵ لە حاجی عومەر بچووك تریت؟

دەوڵەمەندێك بەم شێوەیە دەستی بە ئاخافتن دەکرد. تاك چاویش بە ناخۆشییەوە وەڵامی دەدایەوە.

ـ نازانم، بەڵام چی سوودێکم پێ دەگەیەنێت ئەگەر لەو بچووکتر بم؟

یەکێکی دیکە دەبێژێت:

ـ ئەگەر بەراوردەکە لەسەر بنەمای دڵ و ئەوین ببووایە، ئەوە حاجی عومەر ئەوەی دەست نەدەکەوت کە دەستی کەوتووەو، تاك چاوەش وەك ئێستەی خۆی نەدەمایەوە.

تاك چاو پێویستی بە شتی لەوە پتر نەبوو تا ناخی بورووژێت و سۆزی ناسك ببێتەوە. ئەوەتانێ ئەوانە یەك لە دوای (ڕۆم)ی بۆ تێدەکەن و، دووپاتی دەکەنەوە کە نەك ئەو هەر بەتەمەن بچووکترو جوانترو بە دڵ لە باشاوە نزیکترە وەك ئەوەی حاجی عومەر نزیکتر بێت، بەڵام لە ئاکامدا ئەوەندە نەدارو هەژار نییە تا ئەو ڕادەیەی خەڵك مەزەندەی دەکەن. ئەو دەست بەتاڵانە، لە شەوانی دوورو درێژی زستاندا کە بەرانبەر بە پەرداخی ڕاکیایان بەسەر دەبرد، بەسەرهاتێکی دوورو درێژو قەبەیان هەڵبەستبوو بەردەوام دەیانگێڕایەوە. باوکی تاك چاوەکە ئەفسەرێکی تورکی نەناسراو بووەو کوڕەکەی هەرگیز نەیبینیوە. گوتوویانە ئەو ئەفسەرە لە ئەنادۆڵ، بۆ کوڕە نا ئاساییەکەی لە فیشیگراد، کە تەنیا وارسیەتی، لەو زەوییانەی کە هەیەتی، ڕووپێویێکی زۆری لەو زەوی و زارانە بەجێ هێشتووە، بەڵام خزمەکانی لەوێ نەیانهێشتووە ئەو ڕاسپاردەیە جێبەجێ بکرێت. دەبێت تاك چاو بە خۆی بچێتە ئەو شارە دەوڵەمەندە دوورە، شاری برۆسە، بۆ ئەوەی پیلان و نەخشە گلاوەکانی ئەو وارسە درۆزنانە پووچەڵ بکاتەوەو هەموو مافەکانی خۆی بە تەواوەتی چنگ بکەوێتەوە. ئەگەر ئەوەی بکردایە ئەوە دەیتوانی ئەو کات خودی حاجی عومەریش بکڕێت و هەموو ئەو دەوڵەمەندی و سامانەی حاجی عومەر هەیەتی بکڕێت.

تاك چاو گوێ بۆ قسەی ئەو خەڵکە شل دەکات و، مەی دەنۆشێت و، تەنیا هەناسە هەڵدەکێشێت. هەر هەموو ئەمەی زۆر پێ ناخۆشەو خەفەتی پێ دەخوات، بەڵام هەمان کات ئەوەی پێ خۆشە هەست بەوە

بکات و بەو شێوەیە بجوولێتەوە کە پیاوێك هەستی پێ دەکات و دەجوولێتەوە کە لەم شارە فریو دراوەو دزی لێ کراوە، وەك چۆون لەوێ لەو ولاتە دوورە جوانە فریو دراوە دزی لێ کراوە کە باوکە نەناسراوەکەی لێوە هاتووە. . ئەوەتا ئەو پیاوانە گەشتێکی خەیالی بۆ (برۆسە) رێك دەخەن. گالتە پێکردنەکانیان درێژە دەکێشن و توندو رەقتر دەبن و، توخنی وردترین وردەکارییەکان دەبنەوە.

شەوێکیان چەند کاغەزێکیان هێنابوو ناویان لێنابوون پاسپۆرت و، تاك چاویان بردە ناوەراستی بارەکەوەو، لەوێ دەیانسووراندەوەو دەیانپشکنی و نیشان و هیما جیاکارەکانیان بە گالتەجارِی و قاقای پێکەنینەوە لەناو پاسپۆرتەکەدا تۆمار دەکرد. جارێکی دیکە ئەو پارەیان ئەژمارد کە پێویستی پێدەبێت تا دەگاتە (برۆسە) و پرسیاریان لەمەر چۆنیەتی گەشت کردنەکەی و ئەو شوێنەی شەو لێی دەنوێت دەورووژاند. بەو شێوەیە بەشێکی ئەو شەوە درێژە بەسەر دەچوو.

تاك چاو مادامەکی نەیخواردووەتەوە، نارەزایی دەردەبرێت: ئەو بروا بەو قسانە دەکات و ناکات کە پێی دەگوترێن. گومان دەکات پتر لەوەی بروا بکات، یان بلێ هەر بروا بە هیچ ناکات مادامەکێ زۆری مەی نەخواردووەتەوە. بەلام هەر کاتێك مەست بوو ئەو کات رەفتارێکی وا دەنوێنێت گوایە بروای کردووە. کاتێك مەی جلەوی دلی لەدەست دەستێنێت، پرسیار لەوە ناکات کامە راستەو کامە گالتەو درۆیە. کاتێك دووەمین بوتلە رۆم نۆش دەکات، هەست بە بایەکی بۆندار دەکات لە (برۆسە)ی دوورەوە بەر لووتی دەکەوێت و، باخچە سەوزو تەلارە بەرزەکانی دەبینێت ـ بەلێ دەیانبینێت ـ. بەلێ، مرۆڤێکە هەر لە منداڵییەوە لە هەموو شتێکدا ستەم و زولم و زۆری لێکراوە، لە رووی خێزانەوە، لە رووی سامانەوە، لە رووی ئەویندارییەوە. خراپەی دەرهەق کراوە، مرۆڤ خراپەی دەرهەق کردووەو ئاسمانیش خراپەی دەرهەق کردووە. بە راستی نە بەو شێوەیە کە دێتە پێش چاو، نە بەو شێوەیەشە کە خەلك مەزەندەی دەکەن. تاك چاو هەرکاتێك پەرداخێکی نوێ بخواتەوە پتر ئارەزوو دەکات ئەو شتە بۆ خەلکی دەورو بەری خۆی رابگەیەنێت، ئەگەرچی ئەوەیش دەزانێت کە چەند دژوارە ئەو راستییە بسەلێنێت کە بە لای خۆیەوە روون و ئاشکرایە بەلام هەموو ئەوەی تێیدایەو لە دەوروبەرین بە درۆی دەخەنەوە. لەگەل ئەوەیشدا هەرکە یەکەمین پەرداخە (راکیا) دەخواتەوە، ئەو کات بە درێژایی شەو، بە وشەی پچر پچرو جوولەی قورس و بە فرمێسکی مەستبوون بۆ هەموو کەسێکی دەدرکێنێت. هەرکە زۆرتر شتەکان ئاشکرا بکات ئەوانەی دەوروبەری پتر لە قاقای پێکەنین دەدەن و زۆرتر گالتەی پێدەکەن. ئەوندە پێدەکەنن و ئەوەندە چێژ لەو پێکەنینە وەردەگرن تا ناڤتەنگیان ئەستوور دەبێت و، لە ئاکامی ئەو پێکەنینەوە کە ناتوانن خۆیانی لێ دەرباز بکەن کاجیرەیان جیرەی دێت و، ئەو پێکەنینەشیان لە هەموو خۆراك و خواردنەوەیەك پێ خۆشترە. ئەوان بە پێکەنین بێزاری شەوانی زستانیان لە بیر دەچێتەوەو، بە بێ مەبەست و بێ میانرۆیی لە تەنیشت تاك چاوەوە درێژە بە خواردنەوەو نۆش کردن دەدەن.

مەکی ئاغا سیراج کە لە هەموو کەسێك باشتر دەزانێت چۆن تاك چاو دەورووژێنێت و چۆن بە شێوازی ساردو سرو روالەتی شکۆمەندی رقی هەلدەستێنێت:

ـ خۆت بکوژە ... تاك چاو خۆت بکوژە .. تۆ شایەنی ژیان نیت مادامەکێ نەتتوانی باشا لە چنگی حاجی عومەری ناتەوان دەربهێنیت ! تاك چاو خۆت بکوژە، من ئەم ئامۆژگارییەت دەکەم.
تاك چاو بە کرووزانەوە دەڵێت:
ـ ها ... خۆم بکوژم ... خۆم بکوژم ... وا دەزانێت من بیرم لەوە نەکردووەتەوە؟ سەد جار چوومەتە لای کابیاکە بۆ ئەوەی خۆم فڕێ بدەمە ناو ڕووباری دریناوەو، سەد جاریش شتێك لەوەی پەشیمان کردوومەتەوە ...
ـ چی پەشیمانی کردوویتەوە؟ تاك چاو بێگومان ترس پەشیمانی کردوویتەوە. تاك چاو هەموو ئەندامی لەشت لەترساندا چوون بیی بن ئاو دەەلەرزن.
ـ نا بە خوا ... ترس نییە ... ترس نییە.
تاك چاو لەناو ئەو هەراو هوریا و پێکەنینەدا بازێك دەدات و، لە سینگی خۆی دەدات و، پارچەیەك لەو نانەی بەردەمی دەکاتەوەو بۆ لای ڕووی ساردو سڕی مەکی ئاغای دەبات و پێی دەڵێت:
ـ ئەمە دەبینیت؟ بەم زادە سوێندت بۆ دەخۆم ئەوە لەترساندا نییە.
لەم کاتەدا یەکێکیان بە دەنگێکی ناسك دەست بە گۆرانی چڕین دەکات:
ڕۆژ ئاوابوو
ئێستە ڕوومەتت ڕووناك ناکاتەوە
ئامادەبووان هەموویان بەیەك گرووپ گۆرانییەکە دەڵێنەوەو دەنگی گۆرانییەکە بەسەر دەنگی مەکی ئاغادا زاڵ دەبێت کە بەسەر تاك چاودا دەقیڕێنێت :
ـ خۆت بکوژە ... خۆت بکوژە ...
کاتێك ئەو گۆرانییەیان دەگوتەوە، بەخودی خۆیان هەستیان بەو هەڵچوونە دەکرد کە دەیانویست ئەو بەستەزمانەی تێوە بگلێنن، بەڵام ئاکام هەموو شتێك دەبووە بەزم و ڕەزمێکی ئەوتۆ هەر نەبێتەوە.
شەوێك لە شەوانی شوبات، بەو شێوەیە تا بەرەبەیان مانەوە، شێتایەتی گرتبوونی وەك چۆن قوربانییەکەیشی گرتبوون، کە ڕۆژ بووەوە هەموویان لەبارەکە هاتنە دەرەوەو، بەرەو پردەکە بەڕێ کەوتن، لە کاتێکدا جەستەیان دەرکەوت و هاتنەوە سەر خۆیان و دەمارەکانیان شەرابیان تێ زا ... پردەکە نیوچە چۆڵ بوو شەختە داپپۆشیبوو.
لەو هەراو هوریاو بەزم و ڕەزم و هاوار هاوارەدا، ئەم گرەوەیان کرد:
ـ کێ دەوێرێت بەسەر ئفریزە بەردینە تەسکەکەی پردەکەدا بپەڕێتەوە کە شەختەکەی لەسەر دەبریسکێتەوە؟
سەرخۆشێك گوتی:
ـ تاك چاو دەتوانێت.
یەکێکی دیکە هەڵیدایە:
ـ تاك چاو؟ ڕێی تێناچێت.
تاك چاو لە سینگی خۆی داو هاواری کرد:

ـ کێ ناتوانێت؟ بەستەزمان ئێستە دەبینیت ... من دەوێرم شتی وا بکەم هیچ پیاوێك نەوێرێت بیکات.
ـ ناوێریت ... دەی بیکە ئەگەر دەوێریت.
ـ بە خوا ڕاستە.
ـ تاك چاو دەتوانێت ... بەڵێ دەتوانێت ...
ـ نا ... درۆزن.

ئەو سەرخۆشانە بە هات و هاوار و شانازییەوە بەم شێوەیە گرەویان دەکرد، ئەگەرچی بە زەحمەت دەیانتوانی لەسەر پردە پان و پۆڕەکە لەسەر پێ خۆ ڕابگرن. بەم لاو بەو لادا لار دەبوونەوەو لەتریان دەبردو بە یەکدی خۆیان دەگرتەوە.

ئاگەیان لەو ساتە نەبوو تاك چاو خۆی هەڵدایە سەر ئفریزە بەردینەکە، بەڵکو لەناکاو بینییان سەرخۆش و سینگ ڕووت بەسەر سەریانەوە لەسەر ئفریزەکە لەتر دەبات و، دەکۆشێت هاوسەنگی خۆی بپارێزێت و، بەسەر خشتەکانی قەد دیوارەکەدا بەرەو پێشەوە بچێت .

پانی ئفریزە بەردینەکە لە دوو بست تێنەدەپەڕی. تاك چاویش بەسەریدا دەڕۆیشت و جارێك بەلای چەپ و جارێکی دیکە بەلای ڕاستدا لار دەبووەوە، پردەکە لای دەستە چەپیەوەیەو، لەژێر هەردوو لاقیشیدا لە سەر پردەکە کۆمەڵێك سەرخۆش هەن هەنگاو هەنگاو لەگەڵ هەنگاوەکانیدا دێن و، هات و هاواریانە و ناتوانێت وشەکانیان لێك جیا بکاتەوە، کە لە بشێوییەك دەچوو کەس تێی نەدەگەیشت.

لای ڕاستیشیەوە بۆشایی بوو، لەو بۆشاییەیشدا، لە شوێنێکی قووڵایی ئەم بۆشاییەدا، لە خوارەوە، هاژەی ڕووبارەکە دێت، کە نەدەبینرا. هەڵمێکی چڕیش لە ڕووبارەکەوە بەرز دەبووەوە، لە دووکەڵێکی سپی دەچوو، بەم بەیانییە ساردە بە ئاسمانەوە پەرت دەبووەوە.

ئەو ڕێبوارە کەمانەی بەوێدا تێدەپەڕین لە ترساندا ڕاوەستان و چاویان زەق کردەوە کاتێك تەماشای ئەو پیاوە سەرخۆشەیان دەکرد کە بەسەر پردەکەدا نەدەپەڕییەوە، بەڵکو بەسەر ئفریزە تەسکە خزو بەرزەکەی سەرەوەی هەڵدێرەکەدا دەڕۆیشت و، بە شێوەیەکی نارێك هەردوو باڵی دەجووڵاندەوە بۆ ئەوەی هاوسەنگی خۆی بپارێزێت. لە نێو ئەم سەرخۆشانەدا هەیانبوو لە شوێنی خۆیاندا قیت ڕاوەستان وەك بڵێیت لە خەون بێدار دەبنەوەو، تەماشای ئەو یارییە ترسناکەیان دەکردو لە ترساندا ڕەنگیان هەڵبڕووزکابوو. ئەوانە ئەو کەسانەن کە ئەوەندە مەست نەبوونە وەك ئەوانی دیکە سەرخۆش بوونە، چونکە ئەمان هێشتە کەمێك ئاگەیان لەخۆیان ماوە، هەرچی ئەوانی دیکەیە لە مەترسییەکە نەدەگەیشتن و، بە تەنیشت ئفریزەکەدا دەڕۆیشتن و، بە هات و هاوار یاوەری ئەو سەرخۆشەیان دەکرد کە لەسەرووی هەڵدێرەکەوە بەم لاو بەو لادا لار دەبێتەوەو دەکەوتە هەلەکە سەماو دەکۆشا خۆی بگرێتەوە.

تاك چاوەکە لەناکاو بە هۆی باری ترسناکییەوە هەستی کرد لە یاوەرەکانی جیابووەتەوە. ئێستە لە ئەژدیهایەکی زەبەلاح دەچێت لە سەرووی هەموویانەوەیە. هەنگاوە بەراییەکانی وریایانەو سستن. هەردوو نەعلە قورسەکەی هەموو ساتێك بەسەر خشتەکاندا دەخزێن کە توێژاڵێك شەختە دایپۆشیون. هەستی دەکرد

هەردوو لاقی لەژێریدا ڕادەکەن و، هەڵدێرەکەیش توند بۆ لای خۆی ڕایدەکێشێت بێ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری ببێتەوەو، خەریکە دەکەوێتە خوارەوە، ئەوەتە بە ڕاستی بەردەبێتە خوارەوە.

بەڵام ئەو بارودۆخە سەیرەو، هەست کردنی بەوەی کە خەریکە ڕوو بە ڕووی مەترسییەکی گەورە دەبێتەوە، ئەوە هێزو توانایەکی نوێیان بە بەردا کرد، کە لەوەپێش بەخۆوەی نەبینیبوو. لەو هەوڵ و کۆششەیدا بۆ ئەوەی هاوسەنگی خۆی بپارێزێت، بازی دەدا، بازدانی کورت کورت کە ئەوەندەی نەبرد بەهێزو چالاکانەتر دەبوون و، لای سمت و هەردوو ئەژنۆوە پتر چەمابووەوە لە جیاتی ئەوەی ڕێ بکات بە هەنگاوی کورت کورت سەمای دەکرد، خۆیشی نەیدەزانی بۆچی، ئەو سەمایەی بێ گوێ پێدان دەکرد، وەك بڵێیت لە بەراییەکی ناو دارستانێکی پان و پۆڕو شیندایە، نەك لەسەر لێوارێکی تەسکی بە شەختە داپۆشراو. لەناکاو، جووڵەی سووك و نەرم بووەوە وەك چۆن مرۆڤ لە خەوندا وای لێ دێت. ئەو جەستە گەورە ماندووەی ئێستە لە قورسایی خۆی قوتاری بوو. تاك چاوە سەرخۆشەکە ئێستە سەما دەکات و، بەم لاو بەو لادا دێت و خۆی بەسەر هەڵدێرەکەدا دەچەمێنێتەوە وەك بڵێیت دوو باڵی لێ ڕوابێت. هەستی دەکرد کە جەستەی ئاوازێك دەژەنێت ئەویش بەو ڕیتمەی سەما دەکات و، هێزێکی شادییانە لە جەستەیەوە دێتە دەرەوە ئاسوودەیی پێ دەبەخشێت و هاوسەنگی بۆ دەستەبەر دەکات. سەماکردن بۆ ئەو شوێنەی دەبات کە ڕێ کردن ناتوانێت بۆ ئەوێی ببات، وای لێهات بیری لە مەترسی نەدەکردەوەو، مەزەندەی ئەوەی نەدەکرد کە دەشێت بەربێتەوە، بۆیە بەم لاق و بەو لاق بازی دەداو، گۆرانی دەچڕی و لاقەکانی لێك دوور دەخستەوە وەك بڵێیت لەگەڵ ڕیتمی دەهۆڵ لێداندا سەما دەکات.

ـ ترلم ترلم تر تر تر ترلم، ترلم ترلم ...

تاك چاوگۆرانی دەچڕێت و، ڕیتمێك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە سەمای لەسەر بکات و، ڕێگە مەترسیدارەکەی بە ئاسوودەیی دەبڕێت. هەردوو ڕانی بەسەر هەردوو چۆکیدا دەچەمێنێتەوەو، سەری جارێك بۆ لای چەپ و جارێك بۆ لای ڕاست لار دەکاتەوە.

ـ ترلم ترلم ...ئا ... ئا ...

ئەو ئێستە لەم بارە نایاب و دەگمەن و پڕ لە مەترسییەدا کە بەسەر هەر هەموویانەوە بەرز بووەتەوە، ئەو تاك چاوە نییە کە دڵی خەڵکی شار خۆش دەکات و هات و چۆکەرانی بارەکە دێنێتە پێکەنین. هەست بەوە ناکات ئەوەی لە ژێر پێیدایە ئەو ئفریزە بەردینە تەسك و خزەی ئەو پردەیە کە دەیناسێت و بۆ هەزاران جار نانی لەسەر جویوەو، لە سێبەری کابیاکەدا خەوی لێکەوتووەو خەونی بە مردنێکی خۆشی نێوان شەپۆلەکانەوە بینیوە. نا، ئەو ئێستە لەو گەشتە دوورەدا کە دژوارە بەدی بێت، کە هەموو ڕۆژێك لە بارەکەدا باسی بۆ دەکەن و گاڵتەی پێدەکەن و گاڵتەجاڕانە پێی پێدەکەنن .. ئەو ئێستە دەستی بەو گەشتە کردووە کە لە ئاکامدا توانی هەنگاوی بۆ هەڵبهێنێت. ئەمە ئەو ڕێگەیە کە ئاواتەخوازی بوو، ڕێگەی پرۆژە گەورەکانە، لەوێ، لە کۆتایی ئەم ڕێگەدا شاری مەزنی برۆسەو، سامانە زۆرەکەی و، میراتە ڕەواکەی و، هەتاوی ئاوابوو و، باشای جوان و کوڕەکەی لێوە دیارە، واتە ژنەکەی لەگەڵ کوڕەکەیدا.

بەم شێوەیە بەسەر ئفریزەکەوە بە خۆشنوودی سەمای دەکرد تا گەیشتە کابیاکە، پاشان ئەو بەشە دیارەی تێپەڕاند کە دەوری سۆفیاکەی داوە، پاشان بەسەر هەر هەموو ئفریزەکەدا تێپەڕی تا گەیشتە کۆتایی پردەکە، کاتێك گەیشتە کۆتایی لەسەر ئفریزەکە بازی داو لەسەر پردەکە گیرسایەوە. بە هەڵچوونێکی زۆرەوە لە چوار دەوری خۆی دەیڕوانی، سەری سوڕ ما کە جەربەزەییەکەی بە سەلامەت کۆتایی هات و، زۆری سەر سوڕما کە جارێکی دیکە خۆی لەسەر ڕێگە بێوەی و ناسراوەکە بینییەوە. ڕێگەی فیشیگراد، بۆیە ئەو گرووپەی لەگەڵی بوون بە هات و هاوارو هاندان و گاڵتە پێکردن پێشوازییان لێکرد. ئەوەندی نەخایاند ئەوانەیشی پێڕا گەیشتن کە لە ترساندا ڕاوەستان و، دەستیان بە ماچ کردنی کردو دەستیان بەسەر هەردوو شان و فێسە کاڵ بووەوەکەیدا دەهێناو ئافرەینیان لێدەکرد. هەر هەمووشیان بە یەك دەنگ هاواریان دەکرد:

ـ بژی تاك چاو، بژی هەڵۆ ..

ـ بژی سەرکەوتوو ..

سانتۆ بابۆ بە دەنگێکی گڕو شێوەزاری ئیسپانی هاواری کرد، وای دەزانی لە بارەکەیەو هەردوو باڵی لێك دوور دەخستەوە وەك بڵێیت لە خاچ بدرێت:

ـ پەرداخێك ڕۆم بۆ تاك چاو.

لەم بەزم و ڕەزم و هەرایەدا یەکێکیان پێشنیازی کرد کە گرووپەکە بڵاوەی لێ نەکات و، کەس بۆ ماڵەوە نەگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەم سەرکەوتنەی تاك چاو درێژە بە خواردنەوە بدەن.

ئەو منداڵانەی ئەو دەمە لە تەمەنی هەشت یان نۆ ساڵیدا بوون و، ئەو بەیانییە بەڕێوە بوون خێرا بەسەر پردەکەدا کە توێژاڵی بەفر داپۆشیبوو بەرەو فێرگە دوورەکانیان دەچوون، ڕاوەستان و دەستیان بە تەماشاکردنی ئەو دیمەنە سەیرە کرد، ئەوەند واقیان وڕمابوو دەمیان بەش بووبووەوەو هەڵمی سپی لێوە بەرز دەبووەوە. ئەو کاتەی بەو شێوەیە ڕاوەستان و فەروویان پۆشیبوو، کتێب و تابلۆ بەردینەکانیان لەبن باڵ نابوو، هیچ لەو یارییە نەگەیشتن کە گەورەکان ئەنجامیان دەدا، بەڵام تا هەتایە دیمەنی تاك چاویان لەسەر ئفریزی پردەکە لەبەرچاو ون نەدەبوو.

بەڵێ وێنەی ئەو تاك چاوەیان لە بەرچاوو ئەندێشە ون نەدەبوو کە باشیان دەناسی و، ئەو کاتە بووبووە مرۆڤێکی سووکەڵەی گورج، بازی بوێرانەی کورت کورتی دەدا، شادومانانە ڕێی دەکرد، وەك بڵێیت ئەفسانەیەك هەڵی گرتبێت، لە شوێنێك ڕێی دەکرد ڕێ کردنی لێ قەدەغە بوو. بە گشتی کەس بەسەریدا ڕێی نەدەکرد.

*****

# شازدەمین پارڕ

بیست ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی کە پێشەنگی ئۆتۆمۆبیلە نەمساوییەکانی تێدا بەسەر پردەکەدا پەڕینەوە، ئەو ئۆتۆمۆبیلانەی بە ڕەنگی زەرد بۆیە کرابوون. ئەو ماوەیەیش زنجیرەیەکی دوورو درێژی ڕۆژان و مانگان پێك دەهێنن. هەر ڕۆژێك لەو ڕۆژو مانگانە درێژترین ماوەی ئاسایش و سەقامگیری و پێشکەوتنی مادی دەگەیەنێت کە شارەکە بە خۆوەی بینیبێت و، گەورەترین بەشی ژیانی ئەو نەوەیەی پێك دەهێنا کە لە سەرەتای داگیرکارییەکەدا گەیشتبووە تەمەنی هەژدە ساڵی.

ئەو ساڵانە سەردەمی گەشەسەندنێکی بەرچاوو قازانجێکی مسۆگەر بوون، ئەگەرچی زۆر جار هێشتە کەم و بچووك بوو. لەو ماوەیەدا ئەگەر دایکان لە بارەی کوڕەکانیانەوە بئاخفتنایە دەیانگوت: (لە خوا داواکارم تەمەنی درێژ بکات و تەندروستی و سەلامەتی پێ ببەخشێت و، بە ئاسانی ڕۆزی و زادی پێ ببەخشێت و بەسەریدا ببارێنێت). لە ماوەی ئەو ساڵانەدا ژنەکەی فەرەحات (کە پیاوێکی باڵابەرزی هەردەم نەدارە، چرای شەقامەکانی دادەگیرساندو لەبری ئەو کارە مانگانە دوازدە فلۆرینەی لە شارەوانی وەردەگرت) بە شانازییەوە دەیگوت: (سوپاس بۆ خوا...مێردەکەم لە شارەوانی فەرمانبەرە).

بەم شێوەیە ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەسەرچوون، بەبێ هەڵچوونی گەورەو بەبێ ڕووداوی گەورە، لە ڕووبارێکی ئارام دەچوو، کشەی بێت بەرلەوەی بڕژێتە ناو دەریاوە. وا پێدەچوو کە کارەسات لە ژیانی گەلانی ئەورووپادا نەمابێت، وەك چۆن لەم شارەی نزیك پردەکەدا نەماوە، ئەگەر لە هەر شوێنێکی جیهان شتێکی لەو جۆرە ڕوو بدات، دەنگی بە ئێرە نەدەگەیشت، یان ئەوەندە دوور بوو لێی نەدەگەیشتن .

بەم شێوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژانی هاوین، پاش ئەو ساڵە دوورو درێژانە جارێکی دیکە لەسەر کابیاکە ڕاگەیەنراوێکی فەرمی بە ڕەنگی سپی بەرچاو کەوت، ڕاگەیەنراوەکە کورت بوو، بە ڕەنگی ڕەش دەور درابوو، مەرگی خاوەندشکۆ شاژن (ئەلیسابات)ی بە خەڵك ڕادەگەیاند، کە لە ڕووداوێکی چەپەڵانەدا بە دەستی ئاژاوەگێڕێکی ئیتالی بە ناوی لۆکینی تیرۆر کرا. ڕاگەیەنراوەکە پاش ئەوەی بە توندی سەرگۆنەی ڕووداوەکە دەکات و بە ناوی هەموو گەلانی وڵاتی نەمساو مەجارستانی گەورەوە غەم و پەژارە

ڕادەگەیەنێت و، داوا لە هەموو هاوولاتییە دڵسۆزەکان دەکات پتر لە چوار دەوری تەختی ئەمپراتۆریەتی گردببنەوە، ئەویش باشترین سەرەخۆشییە لە پاشا کە چارەنووس ئەم مستەکۆڵەی لێ وەشاندووە.

ڕاگەیەنراوەکە لە ژێر تابلۆ سپییەکەدا هەڵواسرابوو کە بە تورکی لەسەری نووسرابوو، وەك چۆن ئەوسا بەیاننامەکەی ژەنەراڵ (میلیبۆڤیچ)ی بە قەدەوە هەڵواسرا، کە داگیرکردنی ولاّتی تێدا ڕاگەیاند. خەڵکی ئەم ڕاگەیەنراوەیان بە خەفەت و پەژارەوە خوێندەوە، چونکە ئەوەی کوژراوە شاژنە، ئافرەتە، بەلاّم بە تەواوەتی تێنەدەگەشیتن و، بە تەواوەتیش دڵیان بۆ نەدەسووتا.

چەند ئێوارەیەك کابیاکە گۆرانی چڕین و شایی و خۆشی بە خۆوە نەبینی، فەرمانی دەستەلاّتداران بەو شێوەیە بوو.

تەنیا یەك پیاو لەو شارەدا هەیە، کە هەواڵەکەی پێ ناخۆش بوو. ئەویش پیرۆ سۆلای تەنیا ئیتالی دانیشتووی (فیشیگراد)ە، کە قۆنتەراتچی و بەناو پەیکەرتاش و بۆیەچییە، واتە تەنیا وەستای پسپۆرە لە شارەکەمان. وەستا پیرۆ لە هەموو شاردا بەو ناوەوە بانگیان دەکرد، لەسەردەمی داگیرکاریدا هاتبووە شارەکەو لێی نیشتەجێ بووبوو، لەبەر ئەوەی کچێکی ئەم شارەی خواستبوو ناوی (ستانا)یە، کە کیژێکی هەژارەو ناوبانگی ئەوەند باش نەبوو، ستانا ئافرەتێکی سوورکەڵەی قەڵەوە، دوو ئەوەندەی مێردەکەی بەرزە، خەڵکی وایان باس دەکرد کە زمان درێژو دەست قورسە، باشتر وایە کەس خۆی لەقەرە نەدات و دەمەقالێی لەگەڵ نەکات. هەرچی وەستا پیرۆیە ئەوە پیاوێکی کورتە بنەی پشت کۆماوی خۆش ڕەفتارە، دوو چاوی کووژەکەیی بێ فیزی پێوەیە، هەردوو سمێڵی شۆڕ بوونەتەوە. کارێکی باشی دەزانی و، سامانێکی زۆری لێ دەست دەکەوت، ڕۆژگار هات و ڕۆژگار چوو، بووبوو بە هاوولاتییەکی ڕاستەقینەی فیشیگراد، بەلاّم، ئەویش وەك لۆتیکا، هەرگیز نەگەیشتبووە ئەو ڕادەیەی زمان و گۆکردنی باش فێر بێت. هەموو دانیشتووانی شار لەبەر دەست ڕەنگینی لەکارکردن و بێ گەردی و ساکاری خۆشیان دەویست . ژنە بەهێزەکەی لە پاڵەوانێکی وەرزش دەچوو، لە ژیاندا پێشی خۆی دابوو، وەك چۆن دایك کوڕە بەتەمەن منداڵەکەی خۆی پێش خۆی بدات.

کاتێك وەستا پیرۆ بەسەرو پۆتەلاّکی تەپ و تۆزاوی و خەڵتانی بۆیەوە لە سەر کارەکەی گەڕایەوە، ڕاگەیانراوەکەی خوێندەوە کە بەقەد کابیاکەوە هەڵواسرابوو، شەبقەکەی هێنایە خوارەوە تا هەردوو چاوی داپۆشی، دارجگەرە بچووکەکەی، کە بەردەوام لەنێو ددانیدایە، توند بە ددانی دەگرت و ددانی پێدا دەنا، بە جۆرە هەڵچوونێکەوە ددانی پێدا نا. هەرکە کابرایەکی خەڵکی شاری ببینیایە، دەرۆیشت بۆی بسەلمێنێت، ئەگەرچی بە خۆی ئیتالییە، بەلاّم هیچ پێوەندییەکی بە لۆکینی پیاوکوژو، ئەو تاوانە ناڕەوایەوە نییە کە ئەنجامی داوە. خەڵکی گوێیان لێدەگرت و، هێوریان دەکردەوەو، بۆیان دووپات دەکردەوە کە بڕوای پێدەکەن و، ئەوەیان بە خەیاڵدا نایەت شتێك لەوەی ڕووی داوە بخەنە ئەستۆی ئەو، بەلاّم هەر بۆ هەر یەکە لەو خەڵکەی ڕوون دەکردەوە کە وای لێهاتووە شەرم لە ژیان دەکات و، بە درێژایی ژیانی مریشکێکی سەر نەبڕیوە، چۆن دەستی دەچێت مرۆڤێك بکوژێت، بە تایبەتی کە ئەو مرۆڤە ئافرەت بێت و، کەسایەتییەکیش بێت ئەو پلە بەرزەی هەبێت کە شاژنە (ئەمپراتۆرە).

ئاكام ترسەکەی لێ بوو بە نەخۆشییەکی ڕاستەقینە. دانیشتووانی شار دەستیان بە گاڵتە پێکردن بە نیگەرانی و پێداگرتن و ئەو ئاخاوتنە زۆرانەی دەکرد کە دووپاتی دەکردەوە ئەو پێوەندی بە تاوانباران و ئاژاوەگێڕانەوە نییە. ئەوەندەی نەخایاند منداڵانی شار یارییەکی دڵڕەقانەیان دۆزییەوە، خۆیان لە پشت بەربەستێك لە بەربەستەکانەوە حەشار دەدا، کاتێك بەوێدا تێپەڕیبایە هاواریان دەکرد (لۆکینی). بەستەزمان ئەو هەموو هاوارانەی وەك زەردەواڵەی بچووك کە نەبینرێن لەخۆی دوور دەخستەوەو، شەبقەکەی توند لەسەر دەنا تا دەگەیشتە سەر هەردوو چاوی و، بە هەڵەداوان بەرەو ماڵ ڕای دەکرد، کە دەگەیشتە ماڵ لە ئامێزی پان و پۆڕی ژنەکەیدا دەستی بە گریان دەکرد.

پیاوە بچووکەکە دەگریاو دەیگوت:

ـ من شەرمەزارم، شەرمەزار ...ناوێرم تەماشای ناو چاوی هیچ یەکێك لەو خەڵکە بکەم .

ژنەکە پێی دەگوت:

ـ گێلە واز لەمە بێنە. لە چی شەرمەزاریت؟ لەوەی ئیتالییەك شاژن (ئەمپراتۆر)ی کوشتووە؟ پێویستە شای ئیتالیا شەرمەزار بێت. هەرچی تۆیت، تۆ کێیت تا شەرمەزار بیت؟

ـ شەرمەزارم ، شەرمەزار.

وەستا پیرۆ بەو شێوەیە سکاڵای لای ژنەکەی دەکرد کە ڕایدەژەندو دەکۆشا ئازایەتی و ورەی بەرز بکاتەوەو فێری بکات چۆن سەربەرزانە بە ناو سوپەر مارکیتی شارەکەدا تێپەڕێت بێ ئەوەی بەرانبەر بە هیچ کەسێك چاو بترووکێنێت.

لەو کاتەدا، چەند بەساڵداچوویەك لەسەر کابیاکە کزو مات دانیشتبوون، لەبەر پێی خۆیان دەڕوانی و، گوێیان لەو هەواڵانە دەگرت کە سەبارەت بە کوشتنی شاژن (ئەمپراتۆر)ی نەمسا لە ڕۆژنامەکانەوە وەرگیرابوون. ئەو هەواڵانە هەلێك بوون بۆ ئاخافتنی گشتگیر لەمەڕ چارەنووسی خاوەن نەبەردی و کەسایەتییە گەورەو ناودارەکان، ئەوەبوو حوسێن ئەفەندی، مامۆستای فیشیگراد، بۆ کۆمەڵێك پیاوماقووڵانی نەزان و گوێ قوڵاخی تورك لە دانیشتووانی گەڕەکی بازرگانی دەدواو باسی ئەو ئاژاوەگێڕانەی بۆ دەکردن و چ کارەن.

مامۆستا هێشتە وەك ڕابوردوو کەشخەو کەللە ڕەق و پاك و خاوێنە، بایەخ بە جل و بەرگی خۆی دەدات، هێشتە لەسەر هەمان ئەو بارودۆخەی خۆی ماوەتەوە، پێش بیست ساڵ چۆن بوو، ئێستەیش هەر وایە، ئەو ڕۆژەی لەسەر هەمان ئەم کابیایە لەگەڵ مەلا ئیبراهیم و قەشە نیقۆلادا پێشوازییان لە پێشەنگی نەمساوییەکان کرد، کە لەمێژە هەر یەکەیان سەری ناوەتەوەو لەناو گۆڕدا ڕاکشاوە.

ڕدێنی سپی بووە، بەڵام هێشتە وەك جاران خڕەو زۆر ڕێك و پێك قەڵەم تەراش کراوە. هێشتە تەواوی دەم و چاوی هێورو پرشنگدارە، چونکە ئەو پیاوانەی ئەقڵی ڕەق و دڵی چوون بەردیان هەیە درەنگ پیر دەبن. ئەو بۆچوونە مەزنەی کە بەردەوام بەرانبەر بە خۆی هەیبوو لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییەدا پتر دەچەسپا. دەبێت سەرپێیی باسی ئەفسوونی ئەو کتێبانە بکەین کە بەشی هەرەزۆری بەناوبانگی وی وەك زانا پشتی پێ دەبەستێت، هێشتە وەك خۆیان ماونەتەوە، نە تەواو بوونەو نەیش خوێنراونەتەوە، هەروەها ئەو مێژووەی

لەبارەی شاری (فیشیگراد)ەوە دەینووسێت ژمارەی لاپەڕەکانی لە چوار لاپەڕە پتر زیادیان نەکردووە، چونکە ئەم کابرایە تا بەنێو تەمەندا دەچوو پتر لە خۆی و مێژووەکەی بایی دەبوو، بە چاوێکی سووکترەوە تەماشای ئەو ڕووداوانەی دەکرد لە دەوروبەری ڕوویان دەدا. ئەوەتە ئێستە بە دەنگێکی نزم و سست دەئاخفێت، وەك بڵێیت شت لە دەستنووسێکی تەم و مژاویدا بخوێنێتەوە، قسەکانی فیز زلی و ساختەکاری و دلڕەقییان دەنواند. چارەنووسی شاژن (ئەمبراتۆر)(خوانەناس)ی تەنیا کردبووە بۆنەیەك بۆ ئاخافتن، چونکە ئەو چارەنووسە هیچ پێوەندییەکی بەو قسانەوە نییە کە دەیانکات. گوتی و ڕاڤەی دەکرد (ئەو ڕاڤەکردنەیش زانیاری خۆی نەبوو، بەڵکو لە کتێبی کۆن و زۆر باشدا خوێندبوویەوە کە مامۆستا بەناوبانگەکەی عەرەب خۆجە بۆی بەجێ هێشتبوون) گوتی: ئەوانەی ئێستا پێیان دەڵێن ئاژاوەگێڕەکان: ئاژاوەگێڕەکان هەر لە مێژە هەن و، تا هەتایەیش هەر دەمێننەوە، چونکە ژیانی ئادەمیزاد ئەمەی لەسەر نووسراوەو، خواستی خوای تاك و تەنیا وای ویستووە، چونکە هەر درەمێك چاکە دوو درەم خراپە بەرانبەریەتی، هیچ دلێرییەك نییە ڕك و کینەی بەرانبەر نەبێت، هیچ مەزنییەك نییە ئیرەیی بەرانبەر نەبێت، هەروەها هیچ شتێکی بێ سێبەر نییە چەند بچووکیش بێت، ئەمەیش بە تایبەتی کەسانی مەزن و بڕوا پێکراوان و ناوداران دەگرێتەوە، هەر یەك لەوانە خوێنمژێك بۆی لە بۆسەدایە، هەندێك جار درەنگتر لەناوی دەبات و هەندێك جار زووتر. بۆ نموونە تەماشای کوڕی ئەم شارە محەمەد پاشا بکەن کە لەمێژە نیشتەجێی بەهەشتە (مامۆستا ئەوەی گوت و بە دەست ئاماژەی بە تابلۆ بەردینەکەی سەرەوەی ڕاگەیەنراوە سپییەکە کرد) : خزمەتی سێ سوڵتانی کرد، داناترین دانا بوو، بەو هەموو تواناو بیر درێژی و ئەو گیانی چاکەخوازی و چاکەویستنەی هەیبوون ئەم پردەی دروست کرد کە هەنووکە لەسەری دانیشتوون، ئەویش بە چەقۆی یەکێك لەو ئاژاوەگێڕانە سەری نایەوە. وێڕای ئەو تواناو هێزەی، وێڕای ئەو داناییەی، نەیتوانی خۆی لەو ساتە بپارێزێت. ئەوانەی سەرەك وەزیران پلانەکانی پووچەڵ دەکردنەوە ـ کە گرووپێکی گەورەی بەهێز بوون ـ توانیبوویان چەك و بەرتیل بە دەروێشێکی شێتۆکە بدەن و، پالیان پێوە نا نیوەڕۆی ڕۆژێك لە ڕۆژانی هەینی کاتێك دەچوو نوێژی هەینی بکات بیکوژێت. دەروێشەکە، کە شڕە پاڵتاوێکی لەبەر کردبوو، تەزبیحێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، توانی ڕێگە لە وەزیر بتەنێتەوەو، سەرشۆڕانەو فێڵبازانە بە ڕواڵەت خۆی وا نیشان دا کە داوای خێر دەکات، کاتێك وەزیر دەیەوێت دەست بۆ گیرفانی ببات بۆ ئەوەی خێری پێ بکات ، دەیداتە بەر چەقۆ. بەم شێوەیە محەمەد پاشا گیانی سپاردو بوو بە شەهیدێك لە شەهیدان.

پیاوەکان کە گوێیان لە قسەکانی مامۆستا دەگرت، دووکەڵی جگەرەیان بەبا دەداو، جارێك تەماشای ئەو تابلۆ بەردینەیان دەکرد کە بە تورکی لەسەر نووسراە، جارێکی دیکە تەماشای ئەو ڕاگەیەنراوە سپییەیان دەکرد کە بە ڕەش چواردەور دراوە. وریایانە گوێیان بۆ ڕاڤەکانی مامۆستا ڕادەدێرا، ئەگەرچی هەر هەموویان لە هەموو وشەیەك لە وشەکانی نەدەگەیشتن، بەڵام، کاتێك تەماشای دووکەڵە جگەرەیان دەکرد بۆ دوور، بۆ پشتەوەی نووسینە تورکییەکەو پشتەوەی ڕاگەیەنراوە سپییەکە بڵند دەبووەوە، مەزەندەی ژیانێکی دیکەیان لە شوێنێکی جیهاندا دەکرد، کە لە ژیانی ئەوان نەدەچوو، ژیانێك بەرزبوونەوەیەکی

گەورەو دابەزینێکی قووڵی تێدابوو، ژیانێك مەزنایەتی تێدا تێکەڵاو بە کارەسات دەبوو، ژیانێك کە پێچەوانەی ئەم ژیانە ساکارە ڕۆتینیانەیە کە ئەوان لێرە لەسەر ئەم کابیایە بەسەری دەبەن و دەیگوزەرێنن.
ئەم ڕۆژگارانەیش بەسەرچوون وەك چۆن پێشتریش ڕۆژگاری دیکە بەسەرچوون. سەرلەنوێ ژیان لەسەر کابیاکە دەستی پێ کردەوە، لەگەڵ دەمەتەقێ باوو پڕ هەراو هوریاکەیدا، لەگەڵ گاڵتەو گۆرانییەکانیدا، ئیدی چی دیکە باسی ئاژاوەگێڕەکان نەدەکرا . ئەو ڕاگەیاندنەی هەواڵی مردنی ئەو شاژنە بیانییە نەناسراوەی ڕاگەیاندبوو بە هۆی هەتاوو باران و تۆزەوە کاڵ بووەوەو، دواتر ڕەشەبا دڕاندی و پارچەکانی بە درێژایی کەنارەکە پەرت و بڵاو کردەوە.
خەڵکانێکی چەقاوەسوویش، بۆ ماوەیەك، لە پشتی وەستا (پیرۆ)وە هاواریان دەکرد (لۆکینی)، بێ ئەوەی بە خۆیان لەواتای ئەو هاوارە بگەن و بزانن لەبەرچی هاوار دەکەن، ئەو ئارەزووە هەرزەییانە پاڵی پێوە دەنان گێچەڵ بە کەسانێکی هەستوەر بکەن و ئازارو ئەشکەنجەیان بدەن. هەر ئەو هاوارەیان دەکرد، بەڵام دواتر وازیان لێ هێنا چونکە ڕابواردنێکی دیکەیان دۆزییەوە. ستانا توانی مێردەکەی قوتار بکات، ئەو کاتەی دوو منداڵی زۆر چەقاوەسووی گرت و فەلاقەیەکی باشی کردن.
هەرکە مانگێك یان دوو مانگ ڕابورد خەڵکی وایان لێهات بە یەك وشەیش نە باسی مردنی شاژن و نە ئاماژەیان بە ئاژاوەگێڕەکان دەکرد. لە کۆتایی سەدەدا وا پێدەچوو کە ژیان ئەو توندییەی جارانی نەماوەو تا هەتایە هێور بووەتەوە. ئەو ژیانە بە کاروانی پان و ڕۆتینیانەیەوە هەموو شتێکی داپۆشیبوو، خەڵکی وایان هەست دەکرد کە سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکات، سەردەمێکی پڕ لە چالاکی و ئارام، مرۆڤ بەرەو پاشەڕۆژێکی دوور دەبات کە ناتوانێت پێیڕا بگات. ئەو چالاکییە بەردەوام و هەمیشەییە کە پێدەچوو لەسەر ئەم کارگێڕییە بیانییە، کە دانیشتووانی شارەکەمان نەیانتوانی لێی ڕابێن تەنیا بە زەحمەت نەبێت ـ ئەگەرچی لە ڕووی ئەو قازانجانەوە کە بەدەستی دێنن و ئەو کامەرانییەی هەیانە قەرداربارین ـ ئەو چالاکییە لە ماوەی بیست ساڵدا توانی زۆر شت لە دیمەنی شارو جل و بەرگ و نەریت و ڕەفتاری دانیشتووان بگۆڕێت، بەڵام نە لە نزیك و نە لە دوورەوە توخنی پردە کۆنەکە نەکەوت، هێشتە پردەکە وەك خۆیەتی، هێشتەیش دیمەنەکەی وەك خۆیەتی و نەگۆڕاوە.
ساڵی 1900 دەستی پێکرد، کۆتایی سەدەی بەختەوەری و سەرەتای سەدەی نوێ هات کە زۆر لە خەڵکی هەستیان دەکردو بڕوایان وابوو کە لەسەدەی ڕابوردوو پڕ لە کامەرانی تر دەبێت. لەو ماوەیەدا ئەندازیارانی نوی هاتن، دەستیان بە پشکنینی پردەکە کرد. خەڵکی بە دیمەنی ئەو ئەندازیارانە ڕاهاتبوون، منداڵانیش لە واتای گەیشتنی ئەو ئەندازیارانە دەگەیشتن کە ساقۆی پێستیان لەبەر کردبوو، گیرفانەکانی دەرەوەیان پڕ لە پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ بوو، بە چواردەوری تەپۆڵکەیەك یان تەلارێك لە تەلارەکاندا دەسووڕانەوە، گەیشتنیان ئەوەی دەگەیاند کە شتێك لە شتەکان دەڕووخێنرێت یان دروست دەکرێت یان هەڵدەکەنرێت یان دەگۆڕرێت. بەڵام کەس نەیدەتوانی مەزەندەی ئەوە بکات چی بە پردەکە دەکەن کە بە لای هەموو زیندووانی ئەم شارەوە شتێکی هەمیشەیی بوو، ناشێت بگۆڕێت، وەك ئەو زەوییەی بەسەریدا دەچن و ئەو ئاسمانەی بەسەر سەریانەوەیە.

کەواتە ئەندازیارەکان دەستیان بە پێوانە کردن و تۆمارکردن کرد، پاشان ڕۆیشتن و هەموو شتێك بیرچووەوە. بەڵام هەرکە گەیشتنە ناوەڕاستی هاوین، کە ئەو کاتەیە ئاستی ئاو لەوپەڕی نزمبووندایە، تا لە ناکاودا قۆنتەراتچی و کرێکاران پەیدا بوون و، ئەنبارێکی کاتی بە تەختەداریان دروست کرد ئامرازو ئامێرەکانیان تێدا دانا، ئەوەندەی نەبرد هەواڵی ئەوە بەشاردا بڵاو بووەوە کە پردەکە نۆژەن دەکرێتەوە، یەکسەر پایەو ئەستوونەکانی پردەکە بە ئەسکەلە دەور دران و، ئامێری قورسایی بەرزکردنەوە کە بەکرەیان پێوەبوو لەسەر پردەکە دانران، لەوانەی کە ڕێیان بە کرێکاران دەدا بەسەر بالکۆنێکی تەسکی تەختەدارەوە بە درێژایی ئەستوونەکان بێن و بچن، لەو شوێنانەی پردەکە ڕادەوەستان کە درزیان تێکەوتبوو یان چەپکە گیایان تێدا بوو لە کونی بەردەکانەوە شین بووبوون.

هیچ کونێکی بچووك نەما پڕ نەکرێتەوەو، هێلانەی باڵندەو پەلەورەکان لابران. کە لەو کارە بوونەوە، دەستیان بە چاککردنەوەی ئەو بناغانە کرد کە لە ناو ئاوەکەدا بوون، ڕێڕەوی ئاوەکەیان گۆڕی و، بەردە ڕەشە خوراوەکان دەرکەوتن، میخی داربەڕووەکانیش بە پتورکاوی لە ناو ئەو ئاوەدا دەرکەوتن کە سێ سەدو سی ساڵ پێش ئێستە تێیدا دانرابوون، بەڵام ڕەق هەڵاتبوون. بە ئامێریش چەمەنتۆو زیخ، سندووق پاش سندووق دادەبەزێنرانە خوارەوەو ئەو سێ پایەو ئەستوونە ناوەندییانەیان پێ پڕ دەکرایەوە کە پتر لەوانەی دیکە بەر تەوژمی خێرای ئاوەکە دەکەوتن، بناغەی ئەو ئەستوونانەیان پێ پڕ دەکرایەوە وەك کاکیلەیەك لە ڕەگەوە خورابێت.

ئەو هاوینە خەڵکی نەیانتوانی لەسەر کابیاکە دانیشن، ئەو ژیانە باوەی لێی ڕاهاتبوون لە دەوروبەری پردەکە بەسەری ببەن بەسەرچوو. هەموو شتێك لە ئەسپ و گالیسکەدا جمەی دەهات کە چیمەنتۆو لمیان دەگواستەوە. هاواری کرێکاران و فەرمانی چاودێران لە هەموو لایەکەوە بەرگوێ دەکەوت. خودی کابیاکە بوو بە ئەنباری تەختەدار.

ئەو خەڵکە تەماشای ئەو کارانەیان لەسەر پردە گەورەکە دەکرد، سەریان سوڕ دەماو هەر پێیان سەیر بوو، هەندێکیان نوکتەیەکیان دەگوتەوە، هەندێکیان دەستیان دەجووڵاندەوە، بەڵام هەر هەموویان هەستیان دەکرد کە ئەو بیانییانەی ئەم کارە دەکەن وەك چۆن کارەکانی دیکە دەکەن، ئەو کارەیان لەبەر هیچ شتێك نییە بۆ ئەوە نەبێت کە پێویستە کارێك لە کارەکان بکەن هەر کارێك بێت، ئەوە بۆ ئەوان پێویستییەکە ناتوانن خۆیانی لێ بەدوور بگرن، ئەوان ناتوانن بێ ئەوە ژیان بگوزەرێنن. کەس ئەمەی نەدەگوت، بەڵام هەر هەموویان هەستیان پێدەکرد.

ئەو خەڵکانەی ڕاهاتبوون کات لەسەر کابیاکە ڕابوێرن، ئێستە لەبەردەم ئۆتێلی لۆتیکا یان باڕەکەی زاریا، یان لەبەردەم دەروازەی دوکانەکانی نزیك پردەکە دادەنیشن: لەوێ چا دەخۆنەوەو دەمەتەقێ دەکەن و چاوەڕوانن کابیاکە ئازاد بێت و، پردەکە لە چنگی ئەم هێرشە قوتاری بێت کە تووشی هاتووە، وەك چۆن مرۆڤ چاوەڕوانی کۆتایی بارانێکی بەخوڕو ڕەهێڵە یان کۆتایی بەربەستێکی دیکەی لەم جۆرە دەکات.

ئەم بەیانییە لەبەردەم دوکانەکەی عەلی خۆجەی نێوان خانە بەردینەکەو بارەکەی زاریا، کە پردەکە لەوێوە بە شێوەیەکی والاّ دەبینرێت، دوو تورکی بێکار بەیانی زوو کۆبوونەوە لەوانەی لووت لە هەموو باسێك دەژەنن بە تایبەتی باسی پردەکە.

عەلی خۆجە بێ دەنگ و درژ گوێی لە قسەکانیان دەگرت. ئەبلّەقانەیش لەپردەکەی دەڕوانی کە کرێکارەکان وەك مێرووله لەسەری دەجوولّێنەوە.

عەلی خۆجە لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییەدا سێ جار ژنی هێنا. ئێستە ژنێکی هەیە بە تەمەن زۆر لەخۆی بچووکترە. زمانی ناکەسان بەچە لە گەڕەکی بازاڕ دەڵێت ئەمەیە ئەو هۆیەی وای لێکردووە بەر لەنیوەڕۆیان تووڕە بێت. لەو سێ ژنە چواردە منداڵی بووە بە درێژایی ڕۆژگار هەراو هوریایان خستووەتە ماڵەکەیەوە بە شێوەیك گوێی عەلی خۆجەیان کەڕکردووە. خەڵکی لە گەڕەکی بازاڕ بۆ گاڵتە دەڵێن عەلی خۆجە هەموو منداڵەکانی خۆی بەناو ناناسێتەوە. تەنانەت ئەم سەربوردەیان هەڵبەستووەو گێڕاوەتەوە کە یەکێك لە منداڵەکانی لە کۆڵانێکدا پێی دەگات و دەستی باوکی دەگرێت بۆ ئەوەی ماچی بکات، عەلی خۆجە پێی دەڵێت:

(بەیانیت باش ... بەیانیت باش ... بەلاّم تۆ کوڕی کێیت؟)

دیمەنی عەلی خۆجە زۆر نەگۆڕاوە، بەلاّم قەڵەوتر بووەو دەم و چاوی پتر سوور هەڵگەڕاوە. ئێستە وەك ڕابوردوو بە لۆقە لۆق ڕێ ناکات. بەڵکو بە هەنگاوی سست بەرەو ماڵەوە سەردەکەوێت کە لە گەڕەکی مەیدانە، چونکە ماوەیەکە هەست بەوە دەکات کە دڵی دەگوشرێت و ماوە نا ماوەیەك دێتەوە سەری، تەنانەت لە کاتی نوستنیشدا دێتەوە سەری، لەو پێناوەشدا ڕۆیشتە لای نۆژداری ناوچەکە دکتۆر مارۆفسکی کە لە نێو هەموو ئەوانەی تازە هاتوونەتە شارەکە، تەنیا کەسە عەلی خۆجە ددانی پێدا دەنێت و ڕێزی لێ دەنێت. نۆژدارەکە دەرمانێکی بۆ نووسیوە نەخۆشییەکەی چاك ناکاتەوە بەلاّم یارمەتی نەخۆشەکە دەدات بەرگەی نەخۆشییەکە بگرێت. عەلی خۆجە لە نۆژدارەکەوە ناوی لاتینی نەخۆشییەکەی خۆی فێربووە کە پێی دەگوترێت : Angina Pectorie دڵە کوتە .

عەلی خۆجە یەکێکە لەو تورکە دەگمەنانەی کە هیچ شتێکی نوێی لەو گۆڕانکارییانە پەسەند نەکردووەو وەرنەگرتووە کە بیانییەکان هێناویانن، نە لە جل و بەرگ و، نە لە بیرو ڕاکانی و، نە لە زمان و نە لە بازرگانی و کارەکانیدا. وەك چۆن لە ڕابوردوودا بەرهەڵستی بەرخودانی بێ سوودی کرد، بەرهەڵستییەکی کەللە ڕەقانە، بە هەمان شێوە، چەند ساڵێکە بەرهەڵستییەکی توندی هەموو نەمساوی و بیانییەك دەکات و، بەوپەڕی تواناوە بەرهەڵستی هەموو شتێکی دەوروبەری دەکات کە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەستێنن و پتر بلاّو دەبنەوە. لەو پێناوەیشدا چەند جار لەگەڵ خەڵکیدا دەمەقاڵێی بووەو، ناچار بووە قەرامە بە پۆلیس بدات .

ئەگەرچی هەنووکە نەختێك ماندوو بووەو، هەندێك بە هۆشی خۆی هاتووەتەوە، کەچی خوو و ڕەوشتی هەر هەمان خوو و ڕەوشتی جارانە، ئێستە ئەوەندە جیاوازی لەگەڵ ئەو کاتەدا نییە کە لەسەر کابیاکە لەگەڵ قەرە مانلیادا کەوتە وتووێژەوە. پیاوێکی کەللە ڕەقەو بەردەوام لەمەڕ هەموو کارێك لە کارەکان بیروڕای تایبەتی خۆی هەیە. بەلاّم ئەو ڕاشکاوییەی ناوبانگی پێ دەرکردبوو ئێستە گۆڕاوەو توند بووە، هەروەها

گیانی گێچەڵ پێکردن و بەرنگاربوونەوەی لا بووەتە جۆرە تاڵییەکی قەترانی، کە  توندترین وشەو زاراوە ناشێن دەری ببڕن و، لە بێ دەنگی و گۆشەگیریدا کپ ببێتەوە.
ورده ورده خۆجە هێور بووەوەو خووی بە جۆرە ڕامانێکی لەسەرخۆوە گرت کە پێویستی بە کەس نەدەکرد، بەڵکو کەسێکی دیکەی تێدابوو بێزارو سەخڵەتی دەکرد، چ ئەو کەسە لە بێکارانی گەڕەکی بازرگانی یان کڕیارێك لە کڕیاران یان ئافرەتە گەنجەکەی بووایە، یان ئەو کۆزە منداڵەی خۆی بوونایە کە ماڵەوەیان تەنیوەتەوە. بۆیە بەیانیان بەر لەوەی خۆر هەڵبێت لەماڵ هەڵدەهات و، دەچوو دوکانەکەی دەکردەوە بەر لەوەی بازرگانانی دیکە دوکانەکانیان بکەنەوە. لەوێ نوێژ دەکات. خواردنیشی بۆ دەبرێتە ئەوێ. ئەگەر دەمەتەقێ و هاتوچۆکاران و کارەکان بێزارو سەخڵەتی بکەن، دەرگەی دوکانەکەی دادەخست و لە گۆشەیەکی بچووکی پشتەوەی دوکانەکەدا کڕووژکەی دەکرد ناوی (تابووت)ی  لێنابوو. شوێنێکی شاراوەو تەسك و نزم و تاریك بوو، کە خۆجە خۆی تێدەپەستا هەروەنەبوو پڕ بە هەمووی بێت. کورسییەکی تەختەدارینی لێیە مافوورێکی لەسەرە، مرۆڤ دەتوانێت بە چوارمشقی لەسەری دانیشێت. چەند ڕەفەیەکیشی تێدایە قوتووی بەتاڵ و کۆنەکاغەزو شتگەلێکی زۆریان لەسەرە لەوانەی خۆجە شوێنی لە ناو دوکانەکەدا بۆ نەدۆزیونەتەوە. لەو شوێنە تەسك و تاریکەوە خۆجە لە دیوارە باریکەکەی دوکانەکەیەوە گوێی لە هەراوهوریای ژیان لە گەڕەکی بازاڕو، ترپەی سمی ئەسپ و هاواری فرۆشیارەکان دەبوو ... هەر هەموو ئەوە دەگەیشتنە هەردوو گوێی، وەك ئەوەی بڵێیت لە جیهانێکی دیکەوە بێت ... تەنانەت گوێی لە دەنگی هەندێك لە هاتوچۆکەران دەبێت لەوانەی لەبەردەم دوکانە داخراوەکەیدا ڕادەوەستان و هەندێك تێبینی توندیان لەبارەوە دەردەبڕی و گاڵتەیان پێدەکرد. بەڵام هێورانە گوێی لە ئاخافتنەکانیان دەگرت، چونکە ئەو بڕوای وابوو ئەوانە مردوون و هێشتە ئارام نەبوونەتەوە. هەرکە گوێی لێیان دەبێت، لە هەمات کاتدا لەبیریان دەکات. لەو حەشارگەیەی لەناو تەختەدارەکاندا، بیرو هزرەکانی باش لە هەموو ئەو شتانە دەیپارێزین کە دەشێت لەم ژیانەدا ڕوودەن، کە لە مێژە بە بڕوای ئەو تێکچووەو بە ڕێگەیەکی گومڕادا دەچێت. خۆجە خۆی لێرەدا دەبینێتەوەو بۆ بیروڕاکانی پێشووتری لەمەڕ چارەنووسی جیهان و بەڕێوەچوونی کاروباری مرۆیی دەگەڕێتەوەو هەموو شتێکی دیکەی لە یاد دەچێتەوە: گەڕەکی بازاڕی لە بیر دەچێتەوە، غەم و پەژارەکانی خۆی لە بیردەچێتەوە کە لە ئاکامی قەردەکانیەوە سەریان هەڵداوە، ئەو غەمانەیشی لە بیر دەچێتەوە کە کۆیلەکانی بۆی دروست دەکەن و ئەو پارانەی بۆ ناگێڕنەوە لێیان قەرد کردووەو، ئەو غەمانەیشی بیر دەچێتەوە کە ژنە زۆر گەنجەکەی بۆی دروست کردووە، ژنەکەی کە لەپڕ گەنجێتی و جوانییەکەی دەبێتە میزاجێکی خراپی گەوجی دۆزەخیانە، ئەو غەمانەیشی لە بیر دەچێتەوە کە بە هۆی ئەو کۆزە خێزانەوە سەرهەڵدەدەن، کە دەشێت خودی سامانی سوڵتان نەتوانێت بەرگەیان بگرێت، ئەو غەمانەی هەرکە خۆجە بیریان لێ دەکاتەوە زەندەقی دەچێت.
هەرکە هێور بووەوەو پشووی دا، گەڕایەوەو دوکانەکەی کردەوە وەك بڵێیت لە شوێنێکی دیکەوە گەڕابێتەوە.
خۆجە ئێستە گوێ لەو دەمەتەقێ پووچەی نێوان هەردوو دراوسێکەی دەگرێت.

یەکێکیان ( کە یەکێکە لە تەمبەڵە ناسراوەکانی گەڕەکی بازاڕ) لە کاتێکدا قاوەکەی عەلی خۆجەی دەخواردەوە بە فەلسەفە لێدانەوە گوتی:

ـ ئایە شوێنەواری ڕۆژگارو بەخششەکانی خواوەند دەبینیت؟ بەردەکان لە ئاوەکەدا پتورکاون چوون گوێرەوی لەناو پیلاودا دەپوترکێت، بەڵام نەمساوییەکان بەوە قایل نین، ئەوانە هەموو شتێك پینە دەکەنەوە کە پتورکابێت.

دووەمینیان کە بایەخ بە هەمان ئەو شتانە دەدات کە یەکەم بایەخیان پێ دەدات، وەڵامی دەداتەوە:

ـ بەستەزمان واز لەم قسانە بێنە. چەندە ڕووباری درینا بمێنێتەوە ئەوەندەیش پردەکەی دەمێنێتەوە. ئەگەر نەمساوییەکانیش دەست بە پردەکەدا نەهێنن، ئەوە چەندی لە چارە نووسرابێت ئەوەندە دەمێنێتەوە. ئەم هەموو پارە خەرج کردن و ئەم بشێوییە سوودیان نییە.

ئەگەر عەلی خۆجە قسەکەی پێ نەبڕیبان ئەوە ئەو دەمەتەقێیە ماوەیەکی دوورو درێژی دەخایاند. عەلی خۆجە گوتی:

ـ من پێتان دەڵێم شتێکی باش نییە دەستیان بەر پردەکە بکەوێت. دەبینن ئەم چاککردنەوەیە سوودی نابێت. ئەگەر ئەمڕۆ پردەکە چاك بکەنەوە ئەوە سبەینێ تێکی دەدەن. مەلا ئیبراهیم بۆی گێڕامەوە کە لە کتێبدا خوێندوویەتییەوە ئەوەی بەر لە ئاو ببڕێتەوەو ئاوەڕۆکەی بگۆڕێت، تەنانەت بۆ یەك ڕۆژ یان یەك کاتژمێریش بێت، ئەوە کوناهی کردووە. بەڵام نەمساوی هەست ناکات کە دەژێت ئەگەر خۆی بە شتێکەوە خەریك نەکات و لە شتێك نەدات. نەمساوی ئارەزوو دەکات مێخ بە خودی چاویشدا بچەقێنێت ... نەمساوی ئەگەر لە دەستی بێت ئارەزوو دەکات زەوی هەڵەوگێڕ بکات...

یەکێك لەو دوو پیاوە بێکارە گوتی:

ـ ئەوە خراپە نییە، لە ئاکامدا، ئەگەر نەمساوییەکان پردەکەیان چاك کردەوە، ئەوە زیان بە پردەکە ناگەیەنێت، ئەگەر تەمەنی درێژتر نەکات.

عەلی خۆجە بە توڕەییەوە گوتی:

ـ چۆن زانیت کە ئەوە زیان بە پردەکە ناگەیەنێت؟ کێ ئەوەی پێ گوتوویت؟ ئایە دەزانیت کە دەشێت یەك وشە شارێکی تەواو وێران بکات، ئیدی چۆن تەماشای هەر هەموو ئەم بشێوییە دەکەیت؟ ئەگەر خوێندن و نووسینت بزانیبایە، ئەگەر زانا بوویتایە ـ کە تۆ نەزانیت ـ ئەوە دەتزانی کە ئەم بینایە وەك بینایەکانی دیکە نییە، بەڵکو لەو بینایانەیە بە خواستی خواو لەڕێی خوادا دروست کراوە. هەندێك کەس لە سەردەمێك لە سەردەمەکان دروستیان کردووە، ئەوەتە کەسانێکی دیکە لە سەردەمێکی دیکەدا دەیڕووخێنن. تۆ ئاگەداری ئەوەیت کە پیرەمێردەکان لە بارەی خانە بەردینەکەوە دەیگێڕنەوە. لە هەموو وڵاتدا خانێکی دیکەی لەو جۆرە نەبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کێ بوو ڕووخاندی؟ ئەوە لە ڕووی پتەوی دروستکردن و هونەری تەلارسازییەوە دەبوو هەزار ساڵ هەڵی بکردایە، کەچی لەناوچوو وەك بڵێیت لە مۆم دروست کرابێت ... لەو شوێنەی خانەکەی لێ بوو، ئێستە بایەخ بە بەراز دەدەن و، دەنگی شاووری نەمساوییەکان بەرگوێ دەکەوێت.

پیاوەکە بەرهەڵستی کردو گوتی:

ـ هەرچی منم ، دەڵێم ... بڕوام وایە کە ....

ـ تۆ بە هەڵەدا چوویت ... ئەگەر قسەکەی تۆ ڕاست بێت ئەوە لە ئاییندەدا هیچ شتێك دروست نەدەکراو لە ڕابوردوویشدا هیچ شتێك نەدەڕووخا. دەگەڕێمەوەو پێت دەڵێم هەر هەموو ئەوە چاکەی لێ بەدی ناکرێت و، بۆ پردەکەو بۆ شارەکەیش و بۆ ئێمەیش کە هەموو ڕۆژێك بە چاوی خۆمان دەیبینین مژدەی هیچ چاکەیەکی لێ بەدی ناکرێت.

ئەوەکەی دیکە بە نیازخراپییەوە ئەو ئازارو ئەشکەنجانەی بیر خستەوە کە عەلی خۆجە لەسەر کابیاکە تووشی هاتبوون:

ـ ڕاستە ... خۆجە لە هەموو یەکێکی دیکە باشتر دەزانێت پردەکە چییە،

خۆجە گوتی:

ـ وا مەزانن کە من نازانم ...

ئەم جارە هێورو لەسەرخۆ دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتێك لە بەسەرهاتەکان کرد کە خەڵکی گاڵتەی پێ دەکەن، بەڵام ئارەزوو دەکەن گوێی لێ بگرن، بەڵکو ئارەزوو دەکەن چەندین جار گوێی بۆ ڕادێنن، گوتی:

ـ ئەوسا خوالێخۆشبووی باوکم لە شێخ دارییەوە بەسەرهاتی پردەکانی ئەم جیهانەی بیستبوو کە لە کوێوە هاتوون و چۆن یەکەم پرد دروست کراوە. کاتێك منداڵ بووم خوالێخۆشبووی باوکم ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە. گوتی: کاتێك خواوندی بەتوانا ئەم جیهانەی دروست کرد عەرد وەك خوانێکی جوان و ڕازاوەی پان و لووس بوو. بۆیە ئیبلیس ئەوەی پێ ناخۆش بوو خواوەند ئەم بەخششەی بە مرۆڤ بەخشیوەو ئیرەیی بە مرۆڤ برد، هەرکە زەوی بەو شێوەیە نەرم و شلە لە نێوان دەستی خواوە دهاتە دەرەوە، ئیبلیس خۆی دزییەوەو چوو بە نینۆکەکانی دەستی بە بریندارکردنی ڕووی زەوی کرد کە خوا دروستی کردبوو، تا توانی قووڵ ترین درزی تێکرد، بەو شێوەیە ڕووباری قووڵ و دۆڵ دەرکەوتن کە وڵاتان لێکدی جیا دەکەنەوەو، خەڵکی لێکدی جیا دەکەنەوەو، ڕێیان لە ئادەمیزادان گرت بەو زەوییەدا بسووڕێنەوە کە خواوەند وەك بێستانێك پێی بەخشیون و خواردنیان بۆ دەستەبەر دەکات و پەروەردەیان دەکات.

خواوەند کاتێك بینی ئیبلیسی نەفرەت لێکراو چی کرد تووڕە بوو، بەڵام نەیویست سەرلەنوێ ئەو زەوییە دروست بکاتەوە کە ئیبلیس تێکی دابوو، بۆیە فریشتەکانی خۆی نارد یارمەتی مرۆڤ بدەن و کاروبارەکانیان بەڕێوە ببەن، کاتێك فریشتەکان بینییان ئادەمیزادان ناتوانن بەو دۆڵ و شێوە قووڵانەدا بپەڕنەوەو بە ئاسانیش ناتوانن کارەکانیان ئەنجام بدەن، فریشتەکان باڵی خۆیان بەسەر ئەو شوێنانەدا بڵاوکردەوە، ئەو کات خەڵکی توانییان بەسەر باڵی فریشتەکاندا بەسەر ئەو شوێنانەدا بپەڕنەوە. بەم شێوەیە ئادەمیزدا لە فریشتەکانی خواوە فێری ئەوە بوون چۆن پرد دروست دەکرێت. لەو پێناوەدا دروستکردنی پردێك، دوای کانی، بە کارێکی چاکەو خواپەرستی دەژمێررێت، هەر لەو پێناوەشدایە دەستدرێژی کردنە سەر هەر پردێك بە گوناه دەژمێررێت، چونکە هەموو پردێك چەند بێ بەهایش بێت، هەر لە بنە دەوەن و دارێکەوە بگرە،

که بۆ پەڕینەوە لە لافاوی چیاکان دادەنرێت تا دەگاتە ئەم پردە مەزنە ڕەنگینەی کە محەمەد پاشا دروستی کردووە، فریشتەیەکی هەیە دەیپارێزێت تا ئەو کاتەی خوا حەز بکات بمێنێت.

هەردوو پیاوەکە کە بەم قسانە گەشانەوە، بە ڕێزەوە گوتیان:

ـ ئەڵڵاه .... ئەڵڵاه .....

ئەو پیاوانە بەم شێوەیە کاتی خۆیان ڕادەبوارد، لەکاتێکدا کار لەوێ لەسەر پردەکە بەرەو پێشەوە دەچوو، کە دەنگی سووڕانەوەی ڕەوڕەوەو تەق و تۆق و هاڕەی ئەو ئامێرەیان بەر گوێ دەکەوت کە چیمەنتۆی تێکەڵ بە لم دەکرد.

خۆجە لەم مشت و مڕەدا سەرکەوت وەك چۆن بەردەوام لەم جۆرە مشت و مڕانەدا سەردەکەوێت، چونکە کەس نایەوێت و ناتوانێت تا کۆتایی مشت و مڕی لەگەڵ بکات، بە تایبەتی لە نموونەی ئەم دوو بێکارە بێ قیمەتەی کە قاوەکەی دەخۆنەوەو دەشزانن کە سبەینێ بەشێك لە ڕۆژگاری خۆیان لەناو دوکانەکەیدا بەسەر دەبەن.

بەم شێوەیە خۆجە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەئاخفی کە بۆ کارێك لە دوکانەکەی نزیك دەبوونەوە یان بە ڕێکەوت بەوێدا تێدەپەڕین. هەر هەمووشیان بە لێوردبوونەوەیەکی گاڵتەجاڕی و ئاگەبوونێکی ڕواڵەتییەوە گوێیان لێدەگرت، بەڵام هیچ کەسێکی ئەو شارە نەبوو هاوڕای ئەو بێت یان لەو ڕەشبینییەی بگات و، لەم ترس و تۆقینە تاریکانەی تێ بگات کە بەخۆیشی نەیدەتوانی پاساویان بۆ بهێنێتەوەو بە بەڵگەوە بیانسەلمێنێت و پشت ئەستووریان بکات. جگە لەوەیش هەر لە مێژە هەموویان لەوە ڕاهاتبوون وا تەماشای خۆجە بکەن وەك چۆن تەماشای پیاوێکی کەللە ڕەقی شاز دەکەن، کە ئێستە بە هۆی ئەوەوە بەنێو ساڵدا چووەو، بە هۆی ئەو بارودۆخە دژوارەوە کە تێیدا دەژێت و، بە هۆی ژنە لاوەکەیەوە، وای لێهاتووە بە ڕوانینێکی ڕەشبینەوە تەماشای هەموو شتێك بکات و، واتایەکی میتافیزیکانە بەسەر هەموو شتێکدا بسەپێنێت کە جێی ڕەشبینی و بێز لێبوونەوەو لێ دوورکەوتنەوە بێت.

زۆربەی خەڵکی شار گوێیان بەو کارە نەدەدا لەسەر پردەکە ئەنجام دەدرا، هەروەها گوێیان بە هەموو ئەو کارانە نەدەدا کە چەند ساڵێکە ئەو بیانییانە لە شارەکەو لە دەوروبەریدا ئەنجامیان دەدەن. ئێستە زۆربەیان ڕۆزی خۆیان لە گواستنەوەی لم و تەختەدار یان گواستنەوەی خواردن بۆ کرێکارەکان دەست دەکەوێت. بەڵام منداڵەکان نائومێد بوون کاتێك کرێکارەکانیان بینی لەسەر ئەسکەلە تەختەدارینەکانەوە دەچوونە ئەو کونە تاریکەی پایەی ناوندییەوە، واتە ئەو (حوجرە)ی کە هەموو منداڵان لەو بڕوایەدابوون قوڵەڕەشەکەی تێدا دەژێت. ئەو منداڵانە نائومێد بوون کاتێك کرێکارەکانیان بینی دەچوونە ناو ئەو کونەوە بە قوفە پاشەڕۆك و زبڵی باڵندەیان لێ دەردەهێنایە دەرەوە، جگە لەوە هیچی دیکەی تێدا نەبوو. قوڵە ڕەشەکە دەرنەکەوت .ئەو ڕۆژە منداڵان درەنگ گەیشتنە فێرگە، چونکە کاتێکی زۆر چاوەڕوان بوون قوڵەڕەشەکە لە تاریکاییەکەوە بێتە دەرەوەو، مستەکۆڵەیەك بە سینگی یەکەمین کرێکاردا بکێشێت کە لەبەردەم خۆیدا دەیبینێت، کرێکارەکەیش بە هێڵێکی کەوانەیی بەر دەبێتەوەو دەکەوێتە ناو ڕووبارەکەوە ... منداڵەکان ئەو ماوە دوورو درێژە بێ سوود چاوەڕوان بوون و، پێیان ناخۆش بوو ئەوەی پێشبینییان دەکرد ڕوو بدات ، ڕووی

نەدا ... هەندێك لە تەمەن بچووكەكانیان تێكۆشان ئەوە بگێڕنەوە كە ڕووداوەكە بە ڕاستی ڕووی داوە، بەڵام شێوەی گێڕانەوەكەیان كەسی قایل نەدەكرد، تەنانەت ئەو منداڵانەی بە تەمەن لەوان گەورەتربوون گاڵتەیان پێكردن و ... هەرچی سوێندیشیان خوارد هیچ سوودێكی نەبوو.

كاتێك نۆژەنكردنەوەو چاككردنەوەی پردەكە تەواو بوو، كاری دیكە بۆ ڕاكێشانی ئاو بە بۆڕی بۆ شارەكە دەستی پێكرد. تا ئەو كاتە تەنیا دوو كانی تەختەدارین لە شارەكەدا هەبوون ئاوی كانییەكەیان بۆ گەڕەكی مەیدان دەگواستەوە. هەرچی كانییەكانی دیكەیە ئەوە لە بەشی خوارەوەی شار بوون، ئاوەكانیشیان لە ئاوی یەكێك لە ڕووبارەكانەوە دەهات، درینا یان ڕزاف، ئەو كات ئاوەكە لیل دەبوو هەر كاتێك یەكێك لەو دوو ڕووبارە هەڵچووبان و، لە وەرزی قرچەی گەرمای هاوینیشدا كەمی دەكرد كاتێك ئاستی ئاو لە ڕووبارەكە دادەبەزی. ئەندازیارەكان بۆیان دەركەوت كە ئەو ئاوە مەرجی تەندروستی تێدا نییە، بۆیە ئاویان لەشوێنێكی دووری چیاكەوە، لە خوارووی (كابرنیك)ەوە ڕاكێشا، كە لە كەناری ئەوبەری ڕووباری دریناوەیە، بۆیە دەبوو بە پردەكەدا بپەڕێتەوە.

بۆیە پردەكە ماوەیەكی دیكەی پەشێوی و هات و هاواری بە خۆوە بینی. چەندین خشتیان لێ كردەوەو ئاوەڕۆیەكیان بۆ ڕاكێشانی بۆڕی لێ هەڵكەندو ئاگریان لەناو چەند كوانوویەكدا كردەوەو قیریان لەسەر دەكوڵاندو قورقۆشمیشیان تێدەكرد، بۆیە جارێكی دیكە خەڵكی بە گومان و ئارەزووی لێ ئاگەداربوونەوە تەماشای ئەم كارانەیان دەكرد، وەك چۆن پێشتر تەماشای كارەكانی لەوەوپێشیان دەكرد.

عەلی خۆجە هەردوو برۆی لە ئەژمەتی ئەو دووكەڵەدا گرژ دەكرد كە لە گۆڕپانی بازاڕەكەوە دەگەیشتە دوكانەكەی و، بە چاوێكی سووكەوە باسی ئەو ئاوە (گڵاوە)ی دەكرد كە بەناو بۆڕی ئاسنیندا دەڕوات، كە نە بۆ خواردنەوەو نە بۆ خۆشوشتن دەشێت، ئەم ئاوەی كە ئەسپ نایەوێت بیخواتەوە ئەگەر ئەسپی ڕەسەن لەم سەردەمەدا مابێت. عەلی خۆجە بۆ هەموو ئەوانەی دەسەلماند كە دەیانویست گوێ لە قسەكانی بگرن، كە ئاوڕاكێشان بەم بۆڕیانەدا نیشانەی شوومی ڕوودانی چەندین كارەساتی نەزانراوە لەوانەی زوو یان درەنگ تووشی شارەكە دەبن.

هەركە هاوینی ساڵی دواتر هات بۆڕییەكان ڕاكێشرابوون و، پرۆسەی ڕاكێشانی ئاو تەواو بووبوو وەك چۆن كارەكانی دیكە پێشتر تەواوبووبوون، ئەو كات ئاوێكی پاكژی زۆر لە كانی ئاسنینەوە هەڵدەقوڵان، ئاوێك گوێ بە وشكە ساڵی و گوێ بە لافاو نادات. زۆر لە دانیشتووانی شار ئاویان بۆ ناو حەوشەكانیان ڕاكێشا، هەندێكێشیان بۆ ناو خودی ماڵەوەیان ڕاكێشا.

لە پاییزی ئەو ساڵەدا دەست بە ڕاكێشانی هێڵی شەمەندەفەر كرا. ئەو پرۆژەیە مەودا دوورو، ترسناكتر بوو، بە ڕواڵەتیش پێوەندی بە پردەكەوە نەبوو.

ئەو هێڵە ئاسنینە تەسكەیە كە وتاری ڕۆژنامەو نووسراوی فەرمی بە ناوی (هێڵی ئاسنینی ڕۆژهەڵات) ناوزەدیان دەكرد، دەبوو سەرایيڤۆ بە سنووری سیربیاو فارچتەو سنووری سنجقی توركیا لە نۆڤیبازاڕ تا ئۆفاتس پێكەوە ببەستێتەوە. دەبوو ئەو هێڵە ئاسنینە بە شاری فیشیگراددا تێپەڕێت كە دەبێتە گرنگترین وێستگەی.

وتاری زۆرو قسەی زۆر لە هەموو جیهاندا سەبارەت بایەخ و گرنگی مەترسیداری ئەو هێڵە لە ڕووی پۆلەتیکی و ستراتیژی و، بەستنەوەی بەم نزیکانەی بۆسنیاو هەرزەگۆڤیناو، ئەو ئامانجە دوورمەودایانەوە نووسران و گوتران کە نەمساو مەجارستان لەو سنجقەوە مەبەستیانە بەرەو سالۆنیك بڕۆن، هەروەها سەبارەت هەموو ئەو کێشە ئالۆزانەی کە ئەو پرۆژە دەیانخاتە ڕوو. هەرچی پێوەندی بە ئێرەوەیە، لەم شارەدا، هەموو شتێك ساکارو سەرنجراکێش دەهاتنە پێش چاو: قۆنتەراتچی نوێ دەگەیشتن، جەماوەری نوێی کرێکار کاریان دەکرد، سەرچاوەی نوێی ڕووزی بۆ زۆر کەس پەیدا بوو.

ئەم جارە هەموو شتێك بە پێوەری زۆر گەورە بوو. ڕاکێشانی ئەم هێڵە کە 166 کیلۆمەتر درێژەو، بە نزیکەی سەد پردو کۆپری و نزیکەی سەدو سی تونێلدا تێدەپەڕێت، کە دەوڵەت 74 ملیۆن کرۆنی زێڕی تێدا خەرج کردووەو بە چوار ساڵ تەواو بووە. خەڵکی کە ئەم ژمارە گەورەیەیان گۆدەکرد، بەتیلەی چاو تەمشای دووریان دەکرد، وەك بڵێیت هەولێ بێ هوودە بدەن تا ئەو چیا زێڕە لەوێ ببینن کە لە ئەژماردن نایە. (74 ملیۆن) .... بەم شێوەیە دانیشتووانی فیشیگراد بە ڕواڵەتی زانایەك کە هەموو شتێك بزانێت ئەو ژمارەیان دەگوتەوە، وەك بڵێیت ئەو برە پارەیە بە ناو لەپی ئەوان ژمێرراوە. چونکە خەڵکی، تەنانەت لەم شارە وێڵەدا کە ژیان لە دوو لەسەر سێی ڕواڵەتەکانیدا هێشتە بە تەواوەتی ڕۆژهەلاتییانەیە، وایان لێ هاتبوو، بووبوونە کۆیلەی ژمارە. (74ملیۆن) واتە کەمتر لە نیو میلۆن کرۆن بۆ هەر تاکە کیلۆمەترێك، یان بە تەواوەتی : 445782. بەم شێوەیە خەڵکی ژمارە زەبەلاحەکانیان دەجووەوە، بێ ئەوەی بەو هۆیەوە دەوڵەمەنتر بن یان کەمێك تێگەیشتووتر بن.

خەڵکی لە ماوەی یەکەمی ڕاکێشانی هێڵە ئاسنینەکەدا، بۆ یەکەمین جار هەستیان بەوە کرد کە ئەوان مەبەستیان ئەو جۆرە قازانجە ئاسانە دوور لە غەم و پەژارەیە نییە، کە لە سەرەتای ساڵانی داگیرکاریدا بەدەستیان هێنابوو. پاشان نرخەکان، نرخی کاڵاو بەروبوومی پێویست، لەم ساڵانەی دواییەدا زۆر بەرز بوونەتەوە، ئەو نرخانە کە بەرز دەبوونەوە چی دیکە دانەدەبەزینەوە، پاشان دوای ماوەیەکی کورت یان درێژ جارێکی دیکە بەرز دەبوونەوە. ڕاستە خەڵکی پارەیان دەست دەکەوت، ڕاستە کرێی کارکردن باش بوو، بەڵام بەردەوام ئەم کرێیانە بە لایەنی کەمەوە بە ڕادەی لە سەددا بیست لە خوارەوەی نرخی پێداویستییە ڕاستەقینەکانەوە بوون. ئەوەیش یارییەکی شێتانەی شاراوە بوو، ژیانی ژمارەیەك خەڵکی ژەهراوی دەکرد کە ئەوەندەی نەدەبرد پەرەی دەستاند، بەڵام کەس نەیدەتوانی دووری بخاتەوە، چونکە لەخودی ئەو سەرچاوە دوورە نەناسراوانەوە دەهات کە خێرو بێری ساڵانی سەرەتایان لێوە هاتبوو. زۆر لە خاوەن کارەکان کە ڕاستەوخۆ پاش داگیرکاری، پازە یان بیست ساڵ بەر لە ئێستە، دەوڵەمەند بوون، هوونەکە هەژار کەوتوون و، وایان لێ هاتووە کوڕەکانیان لای کەسانی دیکە کار دەکەن. ڕاستە هەن لەوانەی تازە هاتوون دەوڵەمەند بوونە، بەڵام دراویش لە لەپی ئەوانەوە چوون گیوە دەخلیسکاو دەخزا، وەك بڵێیت ئەوانیش لە یەکێك لەو یارییانەدان کە دەشێت مرۆڤ دوای ئەو یارییە خۆی ببینێتەوە هیچی نەماوەو شکۆمەندیشی لەکەدار بووە.

وردە وردە خەڵکی بۆیان ڕوون بووەوە ئەو قازانجانەی لەژیانێکی ئاسانەوە دەستەبەر دەبن، ڕوویەکی خراپی هەیەو، پارەو ئەوەی پارەی هەیە، تەنیا گرەوی سەرکێشییەکی گەورەی هەڵگێڕو وەرگێڕە کەس لە

دەستوورەکانی ناگات و کەس پێشبینی ئاکامەکانی ناکات، ئەوانیش بەشداری تێدا دەکەن بێ ئەوەی ئاگەشیان لێ بێت، بە بڕە پارەیەك بەشداری تێدا دەکەن ڕەنگە زۆر یان کەم بێت، بەڵام بەردەوام زیانی پێ دەکەوێت.

لە هاوینی چوارەمین ساڵدا یەکەمین شەمەندەفەر بە کاغەزی سەوزو ئاڵا ڕازێنرابووەوە بە ناو شارەکەدا تێپەڕی. تێپەڕبوونی شەمەندەفەرەکە شادییەکی میللی گەورە بوو. خوانێکی گەورە بۆ کرێکارەکان ساز کراو سەرقاپی چەند بەرمیلێك بیرەیان تێدا هەڵپچڕی. چەند وێنەی فۆتۆگرافی ئەندازیارەکانیش لە نزیك یەکەمین فارگۆندا گیران، هاتوچۆی ئەو ڕۆژەیش بە خۆڕایی بوو. عەلی خۆجە سەبارەت بەوە گوتی ( ڕۆژێکی بە خۆڕایی ... بەڵام بە درێژایی ژیان بە کرێ)، ئەوەی بە گاڵتەو تەوسەوە بەو کەسانە گوت کە سواری یەکەمین شەمەندەفەر بوون.

تەنیا ئەو کاتە، کاتێك هێڵە ئاسنینەکە ڕاکێشراو دەستی بەکارکردن کرد، خەڵکی زانییان بەهاو گرنگی چەندە بە بەراورد لەگەڵ پردەکەو ڕۆڵی پردەکە لە ژیانی شارو سەرجەم چارەنووسیدا. ئێستە هێڵە ئاسنینەکە، بە درێژایی ئەو کەنارەی ڕووباری درینادا کە لە پایینی چیای مەیدانەوە بەرەوخوار دەبێتەوەو، سەردەکەوێت و، بەدەوری شاردا دەسووڕێتەوەو بەناو تەپۆڵکەکەدا تێدەپەڕێت و، لە پێدەشتەکە، نزیك بە دوایەمین خانووی تەنیشت کەناری ڕووباری ڕزاف دادەبەزێت. وێستگەیەك لەوێ هەیە. هەموو ئەو ڕێگەو بانانەی کە بەرەو سەراییڤۆ دەچەن و لەوێشەوە بەرەو هەموو جیهانی ڕۆژئاوا دەچن، ئێستە لە کەناری دەستە ڕاستی ڕووباری درێناوە دەست پێدەکەن، چ بۆ خەڵکی یان بۆ کاڵاو کەلوپەل. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە هەنووکە پردەکەو کەناری دەستەچەپ بەتەواوەتی لەکار کەوتوون، چونکە لەمڕۆ بەدواوە تەنیا جووتیاران بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕن، ئەوانەی لە گوندەکانی کەناری دەستەچەپی ڕووبارەکەوە دێن، بە خۆیان و ئەسپە بچووکەکانیانەوە کە باری قورسیان لێ بارکردوون، لەگەڵ گالیسکەکانیاندا کە مانگا ڕایاندەکێشن، یان لەگەڵ چارەواکانیاندا کە دار لە دارستانەکانەوە بۆ وێستگەکە دەگوێزنەوە.

ئەو ڕێگەیەی کە لە پردەکەوە بەسەر تەپۆڵکەی (لیسکا)دا بەرەو (سیمچ) سەردەکەوت و، لەوێوە بە (گلاسیناتس) و (ڕۆمانیا)دا دەگەیشتە (سەراییڤۆ)، ئەم ڕێگەیە کە پێشتر دەنگی گۆرانی شوفێرەکان و زەنگۆڵەی ئەسپی گالیسکەکانی لێ بەرز دەبووەوە، وای لێهاتووە گژو گیاو چینێکی تەنکی قەوزەی سەوز داپۆشیوە کە شان بە شانی لەناوچوونی هەندێك ڕێگەو هەندێك تەلار، لەناوچوونێکی لەسەرخۆ، پەیدا دەبن. پردەکە وای لێهات تەنیا بۆ سەفەرکردن بەسەریدا دەپەڕینەوەو، هیچ مردوویەکی لەسەر بەڕێ نەدەکراو، خواحافیزیش لە ڕێبواران نەدەکرا، کەسیش بەسواری ئەسپ بەسەریدا تێنەدەپەڕی و، خەڵکیش لەکاتی گەشتدا بەسەر پشتی ئەسپەکانیانەوە شەرابیان لەسەر تێنەدەکرد.

خاوەن گالیسکەکان و ئەو گالیسکانەی بە پێست سەریان داپۆشراوەو ئەو چوارچەرخە کۆنانەی خەڵکی پییان دەڕۆیشتنە سەراییڤۆ، هەر هەموویان لەکار کەوتن و بێکار مانەوە. گەشتیش وای لێهات دوو ڕۆژی ڕەبەقی نەدەخایاند، لەگەڵ ڕاوەستان و مانەوە لە (ڕۆجاتسا)، بەڵکو تەنیا چوار کاتژمێری دەخایاند. ئەم ژمارانە وایان لە خەڵکی کرد بیر بکەنەوەو ڕابمێنن. وایان لێهاتووە ئەو قازانج و جۆرە پاشەکەوتانەیان دەژمارد کە

خێرایی بۆ مرۆڤیان دەستەبەر دەکات، ئەوانەیان بەوپەڕی هەڵچوونەوە دەژمارد. هەندێك پیاو بۆ چەند کارێکی پێویست لە (فیشیگراد)ەوە سەفەریان بۆ (سەرایيڤۆ) کرد، ئەوەبوو ئێوارەی هەمان ڕۆژ کە سەفەریان تێدا کردبوو گەڕانەوە شارەکەی خۆیان، خەڵکانێك وا تەماشایان کردن وەك چۆن تەماشای ڕووداوی سەیر بکەن، تەنیا عەلی خۆجەی بەردەوام گوماناوی کەللە ڕەق و زۆر ڕاشکاوو زۆر تاکڕەو نەبێت، چ سەبارەت بەمە یان هەر کارێکی دیکە بێت، وەڵامی هەر هەموو ئەوانەی دەدایەوە کە ئێستە شادومانی خۆیان لەمەڕ خێرا تەواوکردنی کارەکانیان دەردەبڕی، ئەوانەی ئەو کات و کۆشش و پارەیەیان دەژمارد بەو هۆیەوە پاشەکەوتیان دەکرد، عەلی خۆجە بە بێزارییەوە وەڵامی هەر هەموو ئەوانەی دەدایەوە: پەندەکە لەوەدا نییە چەند کات کورت کراوەتەوە، پەندەکە لە چۆنیەتی بەسەربردنی ئەو کاتەدایە، ئەگەر بۆ شتی خراپ بێت، ئەوە بۆ مرۆڤ باشترە هەر پاشەکەوتی نەکات. دەیویست بۆ خەڵکی بسەلمێنێت کە شتی بنەڕەتی ئەوە نییە خێرا بڕوات، بەڵکو بزانێت بۆ کوێ دەڕوات و، لە پێناوی چیدا، کەواتە خێرایی بەردەوام چاکەی لێ ناکەوێتەوە.

ڕۆژێکیان بە بێزارییەوە بە بازرگانێکی لاوی گوت:

ـ ئەگەر بەرەو دۆزەخیش ڕۆیشتوویت، وا باشترە لەسەرخۆ بڕۆیت. گێل و گەوجییە وا بزانیت کە نەمساوییەکان پارەیان خەرج کردووەو شەمەندەفەریان هێناوە بۆ ئەوەیە تۆ خێرا سەفەر بکەیت و، بتوانێت خێرا کارەکانت ئەنجام بدەیت. تۆ هیچ لە پرسەکە ناگەیت تەنیا ئەوە نەبێت لە شوێنێکەوە سەفەر بۆ شوێنێکی دیکە بکەیت، بەڵام ئەگەر بپرسیت، جگە لە تۆو ئەوانەی لە چەشنی تۆن، ئەم ئامێرە چی دەبات و چی دەهێنێت. ئەوە پرسیارێکە لەخۆتی ناکەیت و، کارێکە ناشێت تێی بگەیت . سەفەر بکە گیانەکەم سەفەر بکە، بۆ هەر کوێ دەتەوێت سەفەر بکە، بەڵام لەوە دەترسم ئەم سەفەرە ڕۆژێك لەم ڕۆژە نزیکانە نائومێدییەکی تاڵت بۆ بێنێت. ئەو کات ئەو ژوانە دێت کە ئەو نەمساوییانە بە شەمەندەفەرەکەیان بۆ شوێنێکت دەگوێزنەوە ئارەزوو ناکەیت سەری لێ بدەیت و ڕۆژێك لە ڕۆژان بیرت لێ نەکردووەتەوە کە بشێت سەری لێ بدەیت.

هەرکە گوێی لە شاووری شەمەندەفەرەکە بووایە کە بە دەوری نشێوە دژوارەکەی ئەودیوی خانە بەردینەکەدا دەسووڕایەوە، نێوچەوانی گرژ دەکردو، چەند وشەیەکی دەگڵماند کەس لێی نەدەگەیشت و، بەردەوام سەرقاڵی ڕستنی هزرە کۆنەکەی بوو، لەو کاتەی لە دەرگەی دوکانەکەیەوە تەماشای پردە بەردینەکەی دەکرد کە بەردەوام بە شێوەیەکی واڵا دەیبینێت، لەسەر ڕستنی هزرە کۆنەکەی بەردەوام دەبوو: ئەویش ئەوەیە کە گەورەترین تەلار بە یەك وشە بنیات نراوەو، دەشێت فیکەیەك دڵنیایی و ئارامی شاران و ژیانی شاران بە خۆیان و بە تێکڕای دانیشتووانیانەوە لەناو ببات ... یان ئەم پیاوە شەکەتە، کە یادوەری زۆری هەیەو، لەپڕ پیربووە، بەم شێوەیە دەیڕوانییە کارو ڕووداوەکان.

بەڵام عەلی خۆجە سەبارەت بەم کارەو سەبارەت بە کارەکانی دیکە کابرایەکی تاکڕۆ بوو، خەڵکی وەك کابرایەکی نەشازی ئاڵۆزو وشك تەماشایان دەکرد. ئەوی ڕاستی بێت خودی جووتیارەکانیش بە ئاسانی لە هێڵە ئاسنینەکە ڕانەهاتن. سواری شەمەندەفەرەکە دەبوون بەڵام نەیاندەتوانی نە لێی ڕابێن و نە لەخوو و

نەریتەکانی بگەن. بەرەبەیان لە تەپۆڵکەکانەوە دادەبەزین و، لەگەڵ خۆرکەوتندا دەگەیشتنە شارو، لە یەکەمین کەسیان دەپرسی بە ڕێکەوت لای یەکەمین دوکان تووشیان دەبووە تووشیەوە:

ـ (مەکینەکە) ڕۆیشتووە؟

فرۆشیارە دەست بەتاڵەکان کە هیچ شتێك ڕێی درۆکردنی لێ نەدەگرتن وەڵامیان دەدایەوە:

ـ ئەی بەستەزمان خوا بێ قەزات کات . ماوەیەکە ڕۆیشتووە.

ـ توو خوا؟

ـ بەڵام سبەینێ مەکینەیەکی دیکە دەڕوات.

جووتیارەکان ئەو پرسیارانەیان دەکرد بێ ئەوەی ڕاوەستن و، هەر دەڕۆیشتن و هەنگاوی خێرا خێرایان دەهاویشت و بانگی ئافرەت و منداڵەکانیان دەکرد پەلە بکەن.

بەو شێوەیە بە ڕاکردن دەگەیشتنە وێستگەکە. لەوێ فەرمانبەرێك هێوری دەکردنەوەو پێی ڕادەگەیاندن کە خەڵکی درۆیان لەگەڵ کردوون و شەمەندەفەرەکە بەر لە سێ خولژمێری دیکە بەڕێ ناکەوێت، ئەو کات پشوویەکیان پێدا دەهاتەوەو، بە درێژایی دیواری وێستگەکە دادەنیشتن و هەگبەکانیان بەتاڵ دەکردو شتیان دەخواردو دەمەتەقێیان دەکرد یان تۆزێك سەرخەوێکیان دەشکاند، بەڵام هەر لە ئامادەباشیدا بوون، هەرکە مەکینەی شەمەندەفەرێك لەو شەمەندەفەرەکانی کاڵاهەڵگر لە شوێنێکەوە شاووری لێ بدایە یەکسەر یەك بە دوای یەکدا هەڵدەستانە سەر پێ و، دەستیان بە ڕاکێشانی شت و مەکەکانیان دەکردو هاواریان دەکردو دەیانگوت:

ـ دەی دەی ... مەکینەکە دەڕوات.

فەرمانبەرکەی کە لەسەر شۆستەکەیە لە وێستگەکە دەریان دەکات و دەڵێت:

ـ پێم نەگوتن شەمەندەفەرەکە بەر لە سێ خولژمێری دیکە ناڕوات؟ بۆ کوێ پەلەتانە؟ چییە شێت بوونە؟

دەگەڕانەوە شوێنەکانیان و سەرلەنوێ دادەنیشتنەوە. بەڵام هەر بە گومان دەبوون و وریا دەمانەوە. هەرکە گوێیان لە یەکەمین شاور ببوایە، یان گوێیان لە دەنگێکی گوماناوی ببوایە، جارێکی دیکە هەڵدەستانەوە سەرپێ و، بەرەو شۆستەکە پاڵیان بە یەکدییەوە دەنا، لەوێ فەرمانبەرەکە جارێکی دیکە بەری لێ دەبڕینەوەو داوای لێ دەکردن پشوو درێژی بنوێنن و باش گوێ لە دەنگەکان بگرن.

ئەگەرچی ئەو جووتیارانە ئەم ڕەفتارەیان دەنواند ئەوە لەبەر ئەوەبوو لە ناخی خۆیاندا، وێڕای ئەو کۆششانەی بۆ دڵنیاکردنەوەیان دەدرا، نەیاندەتوانی خەیاڵی ئەوە نەکەن کە ئەم (مەکینە) ئامێرێکی خێرای ئەفسووناوی دەستبڕە نەمساوییەکان دایانهێناوە، ئەگەر مرۆڤ بە باشی خۆی بۆ ئامادە نەکات بەچاو تروکانێك لەدەستی دەردەچێت. هیچ غەمێکی نییە تەنیا یەك غەم نەبێت: ئەویش ئەوەیە کە فێڵ لە جووتیاری گەشتکار بکات و بەر لەوەی سواری ببێت تێی تەقێنێت و بڕوات.

بەڵام هەر هەموو ئەو شتانە شتی بێ بەها بوون، ئەم شتە بێ بایەخانەی لە ئەندێشەی جووتیارەکاندا دەخولێتەوە، لەگەڵ ئەو ڕەشبینییەی دڵی عەلی خۆجەی پڕ کردووەو، ئەو ورتە ورتەی هەردوو لێوی دەجووڵێننەوە. خەڵکی گاڵتەیان لە بارەوە دەگێڕایەوەو، هاوکات خێرا بە شەمەندەفەرەکە ڕادەهاتن، وەك

چۆن لەگەڵ هەر هەموو شتە نوێیە پشوو بەخش و خۆشەکاندا ڕادەهاتن. خەڵکی هەر دەچوونە سەر پردەکەو لای کابیاکە دادەنیشتن، وەك چۆن بەردەوام وایان دەکرد. ئەوان ئێستە بۆ کارگەلی ڕۆژانەی خۆیان بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕن، بۆ ئەو شوێنە سەفر دەکەن کە سەردەمە نوێیەکان پێویستیان پێ دەکات سەفەری بۆ بکەن و، بەو شێوەیەی سەردەمە نوێیەکان بەسەریاندا دەسەپێنن.  خەڵکی زوو ڕاهاتن مەزەندەی ئەوە بکەن کە ئەو ڕێگەیەی بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕێت بەرەو جیهانی گەورەو فرەوان ناچێت و، پردەکەیش هەنووکە ئەو پردەی  ڕابوردوو نییە، ئێستە ئەو هۆکارە نییە کە ڕۆژهەڵات بە ڕۆژئاوا دەبەستێتەوە ... یان بڵێ ئەوان تەنانەت بیریشان لەمە نەدەکردەوە.

پردەکە هەر وەك جاران قنج و قیت مابووەوە، لاو بوو لاوێکی هەمیشەیی ... لاوێك لاوێتی کارێك لەو کارە گەورانەی کە مرۆڤ بە دییان دەهێنێت پاش ئەوەی باش خەیاڵی بۆ دەچێت و باش جێبەجێی دەکات، ئەو کارانەی نازانن پیریەتی چییەو نازانن گۆڕان چییەو، بەشداری ـ یان بە لایەنی کەمەوە وای بۆ دەچن ـ چارەنووسی شتە ڕەوتەنییەکانی ئەم ژیانەی ئەم دنیایە ناکەن.

# حەڤدەمین پاڕ

بەڵام، لەویَ، لە نزیك پردەكە، لەو شارەی كە چارەنووس پێوەی بەستبووەوە، بەروبوومی سەردەمە نوێیەكان پێدەگەیشتن. ئەوەبوو ساڵی 1908 داهات، لەگەڵ خۆیدا نیگەرانییەكی زۆرو هەڕەشەیەكی تەم و مژاوی هێنا لەو كاتەوە بەسەر سینگی شارەكەوە بوو.

لە ڕاستیدا ئەم گۆڕانكارییە بە ماوەیەكی زۆر پێش ئەو ساڵە دەستی پێكردبوو، لەو كاتەوە دەستی پێكردبوو كە دەست بە ڕاكێشانی هێڵی شەمەندەفەر كرا، لە سەرەتای ساڵانی سەدەی نوێدا. ئەو كاتەی نرخەكان بەرەو بەرزبوونەوە دەچوون و، بەهای دراوو داهات و پارەو پوولیش بەرز دبووەوەو دادەبەزی، ئەو كاتە تا دهات خەڵكی زۆرتر لووتی خۆیان لە باس و خواسی ڕامیاری دەژەنی.

خەڵكی تا ئەو كاتە تەنیا بایەخیان بەو شتانە دەدا كە لە نزیكەوە پێوەندییان پێیانەوە هەبوو، ئەگینە ئاگەیان لە شتی دیكە نەبوو، لەمەڕ ئەو قازانجانە دەدوان كە بەدەستیان دەهێناو ئەو كاتە خۆشانەی بەسەریان دەبرد، بە گشتی تەنیا بایەخیان بەو كاروبارانە دەدا پێوەندییان بە خێزان و ئازیزانیان یان بە شار یان ئایینزاكەیانەوە هەبوو، ئاخافتنیشیان لەو بارەوە ڕاستەوخۆو سنووردار بوو زۆرتر لە پێشەوە یان لە پاشەوەی نەدەڕوانی. هەرچی هەنووكەیە ئەوە ئاخافتنەكانیان زۆرتر بایەخیان بەو كاروبارانە دەدا كە سنووری ئاسۆی باوی ئەوانیان تێدەپەڕاندو لە بازنەی ئەو سەرقاڵێیانەیان دەردەچوو.

لە سەراییڤۆ پارت و ڕیكخراوی ئایینی و نیشتمانی دامەزران، چ لە ڕیزی سیربەكان، چ لە ڕیزی موسوڵمانان، ئەوەندەی نەخایاند ئەو پارت و ڕێكخراوانە لقیان لە شارەكەدا كردەوە. وای لێهات ڕۆژنامەی نویَ دەگەیشتنە فیشیگراد كە لە سەراییڤۆ چاپ دەبوون. هۆڵی خوێندنەوە كرانەوەو تیپی گۆرانی سەریان هەڵدا. سەرەتا لە ڕیزی سیربەكانداو، دواتر لە ڕیزی موسوڵمانەكان و دواتریش لای جووەكان كۆمەڵە هاتنە كایەوە. وای لێهات خوێندكارانی فێرگە دواناوەندییەكان و خوێندكارانی زانكۆكانی ڤییەناو پراگ، ئەوانەی بۆ بەسەربردنی پشووی هاوین لە ناو كەس و كارو خێزانەكانیاندا دەگەڕانەوە شار كتێبی نویَ و نامیلكەی چاپكراوو شێوازو دەربڕینی نوێیان لەگەڵ خۆدا دەهێنایەوە. بەو ڕەفتارانەیان نموونەیان بۆ كەسانی بەتەمەن لەخۆیان بچووكتر لە دانیشتووانی شار دەهێنایەوە كە دەبێت مرۆڤ بەردەوام بیَ دەنگ نەبێت و، ڕایەكانی تەنیا بۆ خۆی نەهێڵێتەوە، وەك چۆن بەتەمەنەكان بڕوایان وایەو ئەو شتە دووبارە دەكەنەوە، بۆیە ناوی ڕێكخراوی نویَ و، ڕێكخراوی ئایینی و نیشتمانی سەریان هەڵدا، كە لەسەر بنەمایەكی فرەوانتر دامەزرابوون و، بانگەشەیان بۆ ئامانجی بوێرانەتر دەكرد، دوای ئەوە ڕێكخراوانی كرێكاران سەریان هەڵداو،

ئەو کات شار بۆ یەکەمین جار وشەی (مانگرتن)ی بەرگوێ کەوت و، ڕەوشت و کرداری هەڤاڵان لە لاوەکان مۆرکی جیدی وەرگرت و، ئێواران لەسەر کابیاکە سەبارەت بە کاروباری ئەوتۆ دەپەیڤین کە ئەوانی دیکە لێی تێنەدەگەیشتن و نامیلکەی بەرگ نەگیراویان دەگۆڕییەوە بە ناونیشانی:(سۆسیالیزم چییە)، (هەشت کاتژمێر کارکردن، هەشت کاتژمێر پشوو، هەشت کاتژمێر ڕۆشنبیری)،(ئامانج و شێوازی پرۆلیتاریای جیهانی).

ئاخافتن لەگەڵ جووتیاران وای لێهات سەبارەت بە کێشەی کشتوکاڵ و پێوەندی بە کۆیلایەتی و زەوی و زاری بەگەکان بوو. جووتیارەکان گوێیان لەو ئاخافتنانە دەگرت و بە نیگا تەماشای ئەم لاو ئەو لایان دەکردو ، سمێڵیان بە ئاستەم دەبزووت کە نەدەبینرا، نێوچەوانیشیان بەیەکدا دەداو گرژ دەبوو، وەك بڵێیت دەکۆشان بۆ ئەوەی هەموو شتێك لە ئەندێشەی خۆیاندا تۆمار بکەن، تا دواتر کاتێك بە تەنێ دەبن بیریان لێ بکەنەوە، یان دواتر لەگەڵ کەس و کارەکانیاندا لێیان بدوێن. ئەگەرچی کەسانێکی زۆر هەبوون تەنیا بۆ خۆپاراستن بی دەنگ دەبوون، یان ئەو ڕایە نوێ یان ئەم توندڕۆیە لە هزرو ئاخافتندا ڕەت دەکەنەوە، ئەوانەیش کە ئەم شتانەیان پەسەند دەکردو بە مژدەی چاکەیان دەژمێرا، ژمارەیان زۆر لەوە زۆرتر بوو، بەتایبەتی لە ڕیزی لاوان و هەژاران و بیکارەکاندا، ئەو ڕایانە لەگەڵ پێداویستی دەروونییاندا دەگونجا کە تا ئەو کاتە بێ دەنگ و چەپێنراو بوون، ئەو شتە مەزنەی دەخستە نێو دڵیانەوە کە حەماسەتی دەورووژاند، کە تا هەنووکە نەیانبوو. چونکە هەر یەکەیان کە وتارو نارەزایی و یاداشتەکانی دەخوێندەوە کە لەلایەن ڕێکخراوە ئایینی یان پارتەکانەوە دەرچووبوون، هەستی دەکرد کە شتێك لە ناخی سەرکەت کراویەوە دەردەچێت و، ئاسۆیشی فرەوانتر دەبێتەوەو، هزرەکانی ئازاد دەبن و، هیزیشی دەچێتە پاڵ هێزی کەسانی دیکەو، هێزی دیکەی دوور، کە بەر لە ئێستە بیریان لێ نەکردبووەوە، بەڵکو وایان بۆ دەردەکەوت، کە ژیان فرەوانترو دەوڵەمەندتر دەبووەوەو، سنووری حەرام و نەکەردەنی پاشەکشەیان کردووەو، ئامانجی نوێ و توانای دیکە سەریان هەڵداوە کە پێشتر نەبوون تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی بەر لەو کاتە نەیانبووە. بە ڕاستی ئەوانە ئێستە شتێکی نوێیان نییەو، شتێکی باشتر نابینن، بەڵام ئێستە دەتوانن تەماشای ئەودیوی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەیان لە شارەکەدا بکەن و، ئەو فرەوانی و هێزە بە شێوەیەك بە هزری ئەندێشاوی ببینن، بینینێك پەرۆشییان بگەشێنێتەوە، نە ڕەفتارو نەریتەکانیان گۆڕا، نەیش شێوەی گوزەرانیان، نەیش پێوەندییان بە یەکدییەوە، بەڵام دانیشتنی ئاسایی دەست بەتاڵییان لەسەر کابیاکە، بۆ قاوە هەڵقوڕاندن و جگەرەکێشان و ڕاکیا خواردنەوە، وای لێهات تێکەڵ بە مشت و مڕی هزری و، وشەی بوێرانەوە، شێوازێکی نوێی وتووێژ بوو. خەڵکی وایان لێهات دەچوونە ڕیزی ئەم فراکسیۆن و ئەو فراکسیۆنەوەو، لەسەر بنەمای پێوەری نوێ و بناغەی نوێ لێك تووڕە دەبوون و لێك نزیك دەبوونەوە، بەڵام لەهەر هەموو ئەوەدا لەژێر کاریگەری حەزی کۆن و ئارەزووەکانی باوباپیراندا دەمانەوە.

لەو ماوەیەدا ڕووداوەکانی دەرەوە لە شارەکەدا دەنگیان دەدایەوە. ساڵی 1903 خێزانی فەرمانڕەوایی لە سیربیا گۆڕا[1] . شاری فیشیگراد کە دەکەوێتە سەر سنووری سیربیاو لە سنووری تورکیاشەوە دوور نییە، کە

پێوەندییەکی قووڵی ئەوتۆی بەهەردوو وڵاتەوە هەبوو نەدەبینرا، ئەگەرچی خەڵکی بە ڕاشکاوی و ڕوون ئەو شتانەیان دەرنەدەبڕی کە سەبارەت بەم گۆڕانانە لە مێشکیان و لە ناخیاندا دەورووژان و دەخولانەوە.
خەڵکی لە شارەکەدا پتر هەستیان بەو چالاکی و فشارانە دەکرد کە دەستەڵاتداران ئەنجامی دەدەن، سەرەتا دەستەڵاتدارانی سڤیل و، دواتریش دەستەڵاتدارنی سوپایی، ئەویش بە شێوەیەکی نوێ. ئەم دەستەڵاتدارانە بەر لەوە چاودێری هەر تاکێك لە تاکەکانیان دەکرد، چاودێری ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان دەکرد، هەرچی ئێستەیە ئەوە پرسیار لە بارەی ئەو بیرو ڕایانەوە دەکەن، کە خۆیان بڕوایان پێیانەو، ئەوانەی کە خۆیان دەیانڵێن. تا دەهات ژمارەی پیاوانی جەندرمە لە گوندەکانی درێژایی سەر سنوور زۆرتر دەبوون. ئەفسەرێك لە ئەفسەرانی هەواڵگری خەڵکی (لیکا) چووە ڕیزی سەرکردایەتی ناوچەکەوە. پۆلیس دەستی بە گرتنی لاوان و سزادان و غەرامە لێوەرگرتنیان کرد، چونکە لە پەیڤین و ئاخافتنەکانیاندا خودپارێزییان نەدەکرد، یان سروودی قەدەغەکراوی سیربییان دەگوتەوە. بیانییە گومان لێکراوەکان دوورخرانەوە. لە نێوان نیشتمانپەروەرەکانیشدا هەندێك جار ناکۆکی لە بیروڕادا دەبووە هۆی دروستبوونی دەمەقاڵێ و پێکداهەڵپژان و تێك گیران.
هێڵی شەمەندەفەر نەك هەر گەشت کردنی کورتترو کاڵا گواستنەوەی خێراتر کرد، بەڵکو لەو ماوەیەدا خودی ڕووداوەکانیش زۆر بە خێرا ڕوویان دەدا. خەڵکی شارەکە ئەو خێراییەیان دەبینی چونکە وردە وردە ڕووی دەداو سەرنجی هەر هەمووی ڕادەکێشان. بەڵکو بووبووە خۆراکێکی ڕۆژانەو پێویستییەکی ڕاستەقینە. سەرتاپای ژیان هەنگاوی خێرایانەی دەهاویشت و لەپڕ خێراتر دەبوو وەك خێرایی لافاو بەر لەوەی بسوورێتەوەو لە تاوێرەکانەوە غلۆر ببێتەوەو ببێتە تاڤگە.
چوار ساڵ بەسەر دەستپێکردنی ڕۆیشتنی یەکەمین شەمەندەفەردا تێپەڕیبوو، کاتێك بەیانییەك لە بەیانییەکانی مانگی تشرینی یەکەم لەسەر کابیاکە، لەژێر ئەو تابلۆیەی بە تورکی لەسەری نووسراوە ڕاگەیەنراوێکی گەورەی سپی هەڵواسرا. ئەو ڕاگەیەنراوە مووچەخۆرێکی بەڕێوەبەرایەتی لە ناوچەکەدا کە ناوی (دراگۆ) بوو هەڵیواسیبوو. سەرەتا منداڵان و بێکارەکان لە چواردەوری ڕاگەیەنراوەکە گرد بوونەوە، بە دەنگێکی بەرز ڕاگەیەنراوەکەیان دەخوێندەوە، حینجەیان دەکردو لای دەربڕینە بیانی و زاراوە نوێیەکان ڕادەوەستان. ئەوانی دیکە تەماشای عەردیان دەکردو بێ دەنگ گوێیان ڕادەگرت و دەستیان بە سمێڵ و ڕدێنیاندا دەهێنا وەك بڵێیت وشەیەك بسڕنەوە کە نیازیان نییە بیڵێن.
عەلی خۆجە دوای نوێژی نیوەڕۆ گەیشت و دوکانەکەی بەجێ هێشت، تەنیا بەربەستێکی لەبەردەمدا دانابوو، ئاماژەی بەوە دەکرد کە داخراوە. ڕاگەیەنراوی ئەم جارە دەقی تورکی تێدا نییە، خۆجەیش نازانێت زمانی سیربی بخوێنێتەوە، مێرد منداڵێك بە دەنگی بەرز ڕاگەیەنراوەکەی دەخوێندەوە، خوێندنەوەیەکی تەواو میکانیزمانە، وەك خوێندنەوەی فێرگەکان.

***ڕاگەیەنراو***

***بۆ گەلی بۆسنیاو هەرزە گۆڤینا***

***(ئێمە) فرەنسوا جۆزێفی یەکەم، ئەمپراتۆری نەمسا پاشای بۆهیمیا ... تاد، پاشای نێرراوی مەجارستان، ئەمەی خوارەوە بۆ دانیشتووانی بۆسنیاو هەرزە گۆڤینا ڕادەگەیەنین:***

***( کاتێك سوپاکەمان بەر لە نەوەیەك سنووری وڵاتەکەی بەزاندن ...).***

کاتێك عەلی خۆجە گوێی لەم وشانە بوو هەستی بە نقوڕچکێك کرد لە گوێی ڕاستی دەگیرا لەژێر سەروینە سپییەکەیەوە، وێنەی مشت و مڕەکانی لەگەڵ قەرەمانلیاو، ئەو سزا توندەی بەسەریدا سەپینراو، ئەو خاچە سوورەی بەبەرچاوی پڕ لە ئەسرینییەوە دەجووڵایەوە کاتێك سەربازێکی نەمساوی هات و بەئەسپایی بزمارەکەی لە گوێی دەرکرد، ئەو ڕاگەیەنراوە سپییەی بیر کەوتەوە کە بانگەوازێکی تێدا ئاراستەی گەل کرابوو، ئەو وێنانەی یاد کەوتەوە چوون بڵێیت دوێنێ ڕوویان داوە.

مێردمنداڵەکە درێژەی بە خوێندنەوەکەی دا:

(ئەو کات بۆمان دووپات کردنەوە کە ئێمە وەك دوژمن نەهاتووینەتە وڵاتەکەتانەوە بەڵکو وەك دۆست هاتووین و، بە نیازین هەموو ئەو خراپییانە بنبڕ بکەین ماوەی چەندین ساڵە وڵاتەکەتان بە دەسـ دەسـ دەسـ دەسـ تییانەوە دەناڵێنێت).

خەڵکەکە سەرزەنشتی ئەو خوێنەرە نەزانەیان کرد، مێردمنداڵەکەیش پەشۆکاو ڕەنگی سوورهەڵگەڕاو ئەوەندەی نەخایاند لەنێو خەڵکەکەدا بزر بوو، کابرایەکی نەناسراو شوێنی ئەوی گرتەوە، چاکەتێکی پێستی لەبەربوو، وەك بڵێیت چاوەڕوانی ئەم هەلە بکات، دەستی بە خوێندنەوەیەکی خێرای بەردەوام کرد، وەك بڵێیت نزایەك بخوێنێتەوە کە ماوەیەکی دوورو درێژە ئەزبەری کردووە.

(ئەو بەڵێنەی لەو کاتە ناسکەدا پێتان درابوو لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە جێبەجێ کرا. بە درێژایی ئەو ماوەیە حکوومەتەکەمان تێکۆشا وڵاتەکەتان بەرەو ئاییندەیەکی کامەران ببات، ئەویش بەکارکردنی بەردەوام لەسایەی ئاشتی و یاسادا.

(زۆرمان پێ خۆشە ئەمڕۆ بە ڕاشکاوی بڵێین ئەو تۆوەی لە خاکێکی باش کێڵراودا تۆو دراوە بەروبوومێکی زۆ باشی لێ ڕوواوە. بێگومان ئێوەیش هەست بەم ڕووداوانە دەکەن، وەك هەست کردنتان بە پیت و فەڕێك بەسەرتاندا داواڵابێت، بۆیە لە جیاتی توندو تیژی و چەوساندنەوە. سستم و ئاسایش سەقامگیربوون و،کارو ژیان گوزەراندن بەرە بەرە پێشکەوتن و، خوێندن و زانیاری بڵاو بوونەوە، بڵاوبوونەوەیەك جێی شانازی بێت و، وای لێهات لەسایەی بەڕێوەبردنێکی ڕێك و پێکدا هەر مرۆڤێك بتوانێت سوود لە بەروبوومی کارەکەی خۆی ببینێت.

(ئەرکی درێژەپێدانی پێشکەوتن لەم بوارەدا دەکەوێتە ئەستۆی هەموومانەوە.

(لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا بینیمان کە کاتی ئەوە هاتووە بەڵگەیەکی نوێ پێشکەش بە دانیشتتوانی ئەو دوو وڵاتە بکەین چونکە لەوە دڵنیاین کە لەڕووی ڕامیارییەوە پێویستیان بە کارێك هەیە بیکەین بۆیە بڕیارمان دا بۆ ئەوەی بۆسنیا بۆ پلەیەکی بەرزتری ژیانی ڕامیارییانە بەرز بکەینەوە، سستمی دەستووری بەو دوو وڵاتە بدەین ـ لەگەڵ بارودۆخ و بەرژەوەندییە گشتییەکاندا بگونجێت ـ بەوەیش بناغەیەکی یاسایی بۆ نوێنەرایەتی کردنی ئاوات و خواست و بەرژەوەندییەکانیان دانێین.

(بۆ ئەوەی دەنگتان ببیسترێت کاتێك لە ئاییندەدا بڕیاری پێوەندیدار بە کاروباری نیشتمانەکەتان وەردەگیرێت کە ئیدارەیەکی سەربەخۆی دەبێت وەك چۆن تا هەنووکە ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەیە.

(بەڵام یەکەمین مەرجی پێویست بۆ پێڕەوکردنی ئەم دەستووره نیشتمانییه ئەوەیە کە باری یاسایی هەردوو وڵات دەستنیشان بکرێت، دەستنیشانکردنێکی ڕوون کە گومانی لێنەکرێت. لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپەو لەسەر بنەمای پاراستنی یادی ئەو پێوەندییانەی هەر لە مێژە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەو لە نێوان باوباپیرە دلێرەکانماندا هەبووە کە لە مەجارستان پاشایەتییان کردووە، بۆیە کارێکی وامان کرد مافی سەروەریمان بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا بگرێتەوەو، دەمانەوێت سستمی پاشایەتی لەم وڵاتەدا جێبەجێ ببێت کە مافی خێزانی ئێمەیە.

(بەوەیش دانیشتووانی ئەم دوو وڵاتە دەتوانن پشکی خۆیان لەو خێرو بێرە بەربکەوێت کە دەشێت ئەم پتەوکردنی پێوەندییە بۆیان دەستەبەر بکات کە تا ئێستە ئەوانی بە ئێمەوە گرێ داوە، ئەم بارودۆخە نوێیە دەکارێت پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بۆ نیشتمانەکەتان دابین بکات.

(دانیشتووانی بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا

(بایەخدانی ئێمە بە خۆشکوزەرانی مادی و مەعنەوی دوابایەخدانی زۆرو زەبەنمان نابێت کە تەختی پاشایەتی ئێمەی سەرقاڵ کردبێت، ئەوەیش بزانن کە یەکسانی نێوان هەمووان لەبەردەم یاساو، بەشدارییەکی فرەوان لە داڕشتنی یاساو بەڕێوەبردنی وڵات و پاراستنی هەموو ئایین و هەموو زمان و هەموو تایبەتمەندییە دێرینەکان، هەر هەموو وەك یەك، بزانن کە بە تەواوەتی بێ زیادو کەم سوود لە هەموو هەر ئەو خێروبێرە مەزنانە وەردەگرن.

(ئازادی تاکە کەسان و، فەری کۆمەڵ، ئەو ئەستێرە هێورەی کە هەنگاوەکانی حکوومەتەکەمان لەو دوو وڵاتەدا بەرەو پێشەوە دەبات).

عەلی خۆجە دەمی بەشیبووەوەو، سەری بەرەو پێشەوە لار کردبووەوە، کاتێك گوێی لەم وشانە دەگرت کە زۆربەیان بە گوێی ئاشنا نەبوون یان بەتەواوەتی لەهەر هەمووی نەدەگەیشت، هەروەها وشەکانی دیکەیش ئەوەند نامۆ نەبوون، بەڵام لەو چوارچێوانەدا هاتبوون سەیرن و مرۆڤ لێیان نەدەگەیشت ( تۆو ... لە خاکێکی باش کێڵراودا)، (هەرچی پێویستە بۆ پێڕەوکردنی ئەم دەستووره نیشتمانییانە)، (دەستنیشانکردنی بارودۆخی یاسایی دەستنیشانکردنێکی ڕوون گومانی تێدا نەبێت)، ( ئەو ئەستێرە هێورەی کە هەنگاوەکانی حکوومەتەکەمان بەرەو پێشەوە دەبات). بەڵێ ئەم وشانە (وشەی ئەمپراتۆر)ن سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە. خۆجە، کاتێك هەر وشەیەك لەم وشانە بەتەنێ دەبیسێت، ئەندێشەی بەرەو ئاسۆیەکی دووری مەترسیدار دەچێت و، جارێکی دیکە بەربەستێکی ڕەشی خۆڵەمێشی دەبینێت بە بەر هەردوو چاویدا دادەدرێتەوە. ئەو کات سەرەتا هیچ نابینێت، دواتر شتێك دەبینێت کە تێی ناگات و مژدەی خێرو بێری بە دواوە نییە. هیچ شتێکیش لەم ژیانەدا نییە ڕێی تێ نەچێت ... دەشێت هەموو پەرجوویەك ڕوو بدات. ڕەنگە کابرایەك بە وردی گوێ بۆ پەیڤینێك شل بکات و هیچ شتێك لە وردەکارییەکان نەگات، بەڵام بە تەواوەتی لە واتاکە دەگات و، بە دروستی لە مەبەستەکەیش دەگات. تۆو، ئەستێرەی هێور، بایەخ پێدانەکانی تەختی

پاشایەتی، دەشێت هەر هەموو ئەم پەیڤانە بە زمانی بیانی بگوترێن، بەبێ ئەوەی ڕێ لە خۆجە بگرن لە مەبەستەکە بگات، وەك بە خۆی لێکی دەداتەوەو، بەبێ ئەوەی ڕێی ئەوەی لێ بگرن لەو مەبەستە بگات بۆی بەکارهێنراون.

ئەو پاشایانە ماوەی سی ساڵ دەبێت پەیتا پەیتا بانگەواز بۆ وڵاتان و شاران و تاکەکانی گەلان بڵاو دەکەنەوە. بەهۆی ئەم وشانەی ئەمپراتۆریشەوە چەندین سەر لەم وڵاتانەدا دەپەڕێنرێن. ئەگەر بگوترێت (تۆو و ئەستێرەی هێورو بایەخپێدانەکانی تەختی پاشایەتی) بۆ ئەوە دەگوترێن کە لە ڕاستیدا ڕوو دەدەن: ئەویش ئەوەیە کە وڵاتان و نیشتمانگەلێك و ئەو زیندەوەرو دانیشتووانانەی لێیان دەژین، چوون وردە دراو، ئەم دەست و ئەو دەست دەکرێن و، ئەو مرۆڤەی بڕوای بە ئایینی ڕاست هێناوەو نیازەکانی پاکن، لە ئێستە بە دواوە لەسەر ئەم خاکە ئاسایش بەچاوی خۆی نابینێت و، بەبێ ئارەزووی خۆی و بەپێچەوانەی ئارەزوو و نیازە پاکەکانیەوە ڕەوش و سامانەکانی دەگۆڕرێن.

عەلی خۆجە گوێی لەم قسانە دەگرت هەستی دەکرد ئەم قسانە هەمان ئەو قسانەن بەر لە 30 سی ساڵ بەرگوێی کەوتوون و، ئەو خەم و خەفەتەی ئێستە بەسەر سینگییەوەن لە قوڕقۆشم قورسترن و هەمان ئەو خەم و خەفەتەن کە ئەو کاتە هەستی پێدەکرد. هەمان ئەو ڕاگەیەنراوەی کە ڕایگەیاندبوو سەردەمی تورکان بەسەرچوو، (مەشخەڵی تورك کوژایەوە)، هەر هەمان شتە بە گوێیاندا دەدرێتەوە، چونکە نایەنەوێت تێبگەن و لە ڕووداوەکان بگەن، بەڵکو وەك لێزانێك خۆ دەخافڵێنن و خۆ گێل دەکەن.

(بەرانبەر بەوە، بێگومان ئێوە شایەنی ئەو بڕوایەن کە بە ئێوەمان بەخشیوە، ئەویش لەبەر ئەوەی تەبایی نێوان پاشاو گەل، ئەو تەباییە، کە گەورەترین گەرەنتی پێشکەوتنی دەوڵەتە، بەردەوام ببێتە چرای کاری هاوبەشمان).

لە (بۆدابست)ی پایتەخت و بارەگای پاشایەتیمانەوە دەرچووە. فرانسوا جۆزێف . بە خۆی.

کابرای چاکەتە پێست لەبەرەکە بەم شێوەیە خوێندنەوەکەی تەواوکرد، ئەوەندەی نەخایاند لەپڕ پڕ بەدەم هاوارێکی توندی کرد کەس پێشبینی نەکردبوو:

ـ بژی خاوەند شکۆ بژی ئەمپراتۆرمان

ئەو کات فەرەحات ئەو پیاوە درێژەی چراکانی شارەوانی دادەگیرسێنێت، پاش ئەو هاواری کرد، وەك بڵێیت پێشتر پلانی بۆ دانرابێت:

ـ بژی .. بژی .. بژی.

لە هەمان کاتدا ئەوانی دیکە قپ و قڕ بڵاوەیان لێکرد.

هێشتە شەوی هەمان ڕۆژ دانەهاتبوو ڕاگەیەنراوە سپییە گەورەکە دڕێنراو فڕێ درایە ناو ڕووباری دریناوە. نیوەڕۆ ژمارەیەك لاوی سیرب دەستگیرکران لەوانەی گومانیان لێکرا ئەو کارەیان کردبێت، ڕاگەیەنراوێکی دیکەی سپی بە کابیاکەوە هەڵواسراو، پاسەوانێك لە پاسەوانانی شارەوانی ڕاسپێررا پاسەوانی بکات.

هەرکە حکوومەتێك لە حکوومەتەکان هەستی بەوە کرد کە لەڕێگەی ڕاگەیەنراوەوە پێویستی بە بەڵێندانی دابینکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتووانی وڵاتەکەی هەیە، دەبوو مرۆڤ ئاگەی لە خۆی بێت و پێشبینی تەواو پێچەوانەی ئەوە بکات. هەرکە مانگی تشرینی یەکەم کۆتایی هات، سوپا گەیشت. نەك هەر تەنیا بە شەمەندەفەر، بەڵکو لەڕێگە کۆنە چۆڵەکەشەوە. وەك چۆن 30 سی ساڵ لەمەوبەر ڕووی دا، سوپا ئەو ڕێگەیەی پاك دەکردەوە کە لە سەراییڤۆوە دەهات و، بە ئامێرو جبەخانەکانیەوە بەسەر پردەکەدا دەهاتە نێو شارەوە. هەمووجۆرە چەکێکی پێ بوو، تەنیا چەکی ئەسپ سواری نەبێت. هەموو ئۆردووەکان سیخناخ بوون. تەنانەت هەندێك سەرباز چوونە ناو خێوەت. یەکەی نوێ دەگەیشتنە شارو، چەند ڕۆژێکی تێدا دەمانەوەو، پاشان لەوێوە بەرەو گوندەکانی درێژایی سنوور لەگەڵ سیربیادا بڵاو دەبوونەوە. زۆربەی سەربازەکان سەربازی یەدەك بوون، سەر بە ڕەگەزی جیا جیا، پارەیەکی باشیان پێبوو. پێویستییەکانی ڕۆژانەیان لە دوکان دەکڕی، میوەو شیرینییان لە گۆشەی شەقامەکاندا دەکڕی، ئەو کات نرخەکان بەرز بوونەوە. لەسەر هەمان پرد کارێکی سەیر دەستی پێکرد. لە ناوەڕاستی پردەکەدا، ڕاست لەولای کابیاکەوە، بەو ئاراستەی لە شارەوە بەرەو دووەمین کەناری ڕووباری درینا دەچێت، ژمارەیەك کرێکار، کە بەتایبەتی بۆ ئەم مەبەستە هێنرابوون، لە یەکێك لەپایەکان دەستیان بە هەڵکەندنی قۆرتێکی یەك مەتر چوارگۆشە کرد.

ئەو شوێنەی ئەو کارەی لێ ئەنجام دەدرا بە خێوەتێکی سەوز داپۆشرابوو، لە ناو خێوەتەکەدا دەنگی لێدانی تەوشە بەرگوێ دەکەوت و دوایی نەدەهات و هەر قووڵی دەکرد، ئەو بەردانەیش کە دەریان دەهێنان، یەکسەر لەسەر ئیفریزەکەوە فرێیان دەدایە ناو ڕووبارەکەوە. ئەگەرچی کارەکە بە نهێنی ئەنجام دەدرا بەڵام خەڵکی شار زانییان کە پردەکە مینڕێژ دەکەن، واتە لەیەکێك لە پاییەکانییەوە قۆرتێك هەڵدەکەنن بگاتە بناغەکەی، پاشان لە بنی ئەو قۆرتەدا تەقەمەنی دادەنێن، ئەویش بۆ ئەو ڕۆژەی کە کاروبار دەگاتە ئەوەی جەنگ هەڵبگیرسێت و، ئەو کات تەقاندنەوەی پردەکە دەبێتە شتێکی پێویست. پێپلکەی درێژی ئاسنینیان بە ناو قۆرتەکەدا شۆڕکردەوە، کاتێك تەواو لە هەموو کارەکە بوونەوە دەرابێکی ئاسنینیان لەسەر قۆرتەکە دانا. چەند ڕۆژێك ڕابوارد، دەرابە ئاسنینەکە بەبەردو گەردەکانەوە نووسا، وای لێهات دوو چەرخە بەسەریدا دەڕۆیشت و، لە ژێر سمی ئەسپەکاندا ترپەی دەهات و، ڕێبواران و پیادەکان خێرا بەسەریدا بۆ سەرکارەکانیان دەپەڕینەوە، بێ ئەوەی بیر لە مین و تەقەمەنییەکان بکەنەوە. بەڵام مێردمنداڵەکان کاتێك دەچوون بۆ فێرگە لای ئەم شوێنە ڕادەوەستان، چەند پێ لەقەیەکیان بەم دەرگە ئاسنینەدا دەکێشا تا بزانن چی لەژێردا شارراوەتەوە، مەزندەی ئەوەیان دەکرد کە قوڵەڕەشێکی دیکە لە پردەکەدا خۆی شاردووەتەوەو لە نێوان خۆیاندا تێك دەگیران کاتێك پرسیاران لەبارەی تەقەمەنی و ئاکامەکانییەوە دەورووژاند، ئایە دەشێت بینایەکی گەورەی وەك ئەم بینایە بە تەواوەتی برووخێنرێت؟

عەلی خۆجە متەوەلیچ لە نێو بەتەمەنەکاندا یەکەمین کەسە سەرەتا بە دەوری ئەو خێوەتە سەوزەدا سووڕایەوە، هەروەها بە دەوری ئەو دەرابە ئاسنینەی پاشتر لەسەر پردەکە مایەوە، دەیڕوانی و ورد دەبووەوەو دەم و چاوی تاریك بوو، گومانیش لە دەروونیدا پەیدا بوو. گوێی لە هەموو ئەو قسانە دەگرت کە دەگوتران و خەڵکی بە گوێی یەکدییەوەیان دەچرپاند، ئەویش ئەوەبوو، کە قۆرتێك لەم پایەدا کراوەو

تەقەمەنی بە وایەرێکی کارەبایی بە کەنارەکەوە بەستراوەتەوە بە شێوەیەك دەکرێت لەهەر ساتێك لە ساتەکانی ڕۆژ یان شەودا پردەکە لە ناوەڕاستەوە بتەقێنرێتەوە وەك بڵێیت بەشەکر دروست کرابێت نەك بە بەرد.

خۆجە گوێی دەگرت و سەری دەلەقاندەوەو، بیری دەکردەوە ... بە ڕۆژ کاتێك دەچووە (تابووتە)کەیەوە بیری دەکردەوە. جارێك بڕوای بەو ئەگەرە دەکردو ، جارێکی دیکە ڕەتی دەکردەوە، چونکە ئەوە شێتی و کوفرە، بەڵام بەردەوام بیری بەو کارەوە سەرقاڵ بوو، لە خەوندا باوباپیرانی خۆی دەبینی لەوانەی یەك لە دوای وەقفی محەمەد پاشایان بەڕێوەبردووە، دەهاتنە لای و بە تووڕەییەوە پرسیاری ئەوەیان لێدەکرد کە چی ئەنجام دەدرێت و چی بە پردەکە دەکەن. ئەو خەفەتە لە ناخی عەلی خۆجەدا گینگڵی دەخواردو، نەیدەویست لەو بارەوە پرسیار لە هیچ کام پیاوماقووڵانی شار بکات، چونکە بڕوای وایە کە لەمێژە لە هەموو شاردا مرۆڤێکی تێگەیشتووی ئەوتۆ نەماوە بۆ ئامۆژگاری پەنای بۆ ببات، کەسیش نەماوە مشت و مڕێکی مرۆڤانەی لەگەڵدا بکات. هەموو پیاوانی شار بوونەتە یەکێك لە دوو شت: یان بووەتە پیاوێك سەربەرزی و ئەقڵی لەدەست داوە، یان بووەتە پیاوێکی سەرلێشێواوی بێزار وەك سەر لێشێواوی و بێزاری وی.

لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژێکیان هەلی پرسیارکردنی لەبارەی ئەم شتەوە بۆ هەڵکەوت. یەکێك لە بەگەکانی (برانکۆڤیچ)ی خەڵکی (تسرڤچا) کە ناوی (محەمەد)ە، لە شاری (ڤییەنا) خزمەتی سەربازی کردووە، پاشان لە ڕیزی سوپادا ماوەتەوە تا گەیشتووەتە پلەی باش چاووش (ئەم محەمەدە کوڕەزای شەمس بەگە کە پاش داگیرکاری خۆی لە شارۆچکەی (تسرڤچا) گۆشەگیر کردو لە خەم و خەفەتدا مرد، هەتاکو ئێستە لەنێو پیرەمێردانی تورکدا بە باشی ناوی دەبرێت، لەبەر ئەوەی ڕەوشت بەرزو هەڵویست پاك بوو) ئەو ساڵە محەمەد بەگ بە پشوودان هاتبووە شارەکە. پیاوێکی باڵا بەرزی زلی سوورکەڵەبوو، جلێکی شینی سەربازی پوختەی لەبەربوو، قردێلەی زەردو، نیشانەی سوورو، ئەستێرەی بچووکی زیوینی لای یاخەکەوە پێوەبوو، دوو دەستکێشی سپی چوون بەفری لەدەست دەکردو، فێسێکی سووریشی لەسەر دەنا. محەمەد بەگ بە گەڕەکی بازرگانیدا دەسووڕایەوەو بە ڕووخۆشی و لێو بە بزەو پاکژو پۆشتە لەگەڵ خەڵکدا دەدواو لەسەرخۆ شمشێرەکەی بە عەرددا دەداو خۆشنوودی و بڕوابوونی بۆ هەموو کەسێك دەنواند، وەك پیاوێك نانی ئەمپراتۆر دەخوات و، گومانی لەخۆی نییەو بەزەیی کەسی ناوێت.

کاتێك ئەم محەمەد بەگە هاتە دوکانەکەی خۆجە، پرسیاری تەندروستی و چاك و چۆنی لێ بکات و قاوەکەی بخواتەوە، عەلی خۆجە ئەوەی بە هەل زانی تا پرسیاری لەو بارەوە لێ بکات کە سەرقاڵی کردووە، لەبەر ئەوەی پیاوێکە لە پیاوانی ئەمپراتۆرو دوور لە فیشیگراد بەسەر دەبات. شتەکەی بۆ باس کردو، ئەو ڕووداوەیشی بۆ گێڕایەوە لەسەر پردەکە ڕووی دا، ئەوەیشی پێ ڕاگەیاند کە خەڵکی لە شاردا دەیگێڕنەوە، پرسیاری ئەوەی لێ کرد ئایە دەکرێت ئەم شتە نەکەردەنییە بکرێت: دەکرێت بە پێی پلانێك، بینایەیەکی خێرخوازی کە سوودو بەرژەوەندی گشتی تێدایە وەك ئەم بینایە بۆ ڕووخاندن ئامادە بکرێت.

کاتێك باش چاووشەکە گوێی لە بابەتی پرسیارەکە بوو، مۆرکێکی ڕاستی و جدی لێ بینرا: بزەکەی سەر لێوی نەما، دەم و چاوە سوورەڤلە تاشراوەکەی گرژ بوو( وەك بڵێیت لە نمایشی کاتی دەرکردنی فەرماندایە: ئامادە بە)، ساتێکی کورت وەك بڵێیت پەشۆکابێت بێ دەنگ بوو، پاشان بە دەنگێکی کپتر وەڵامی دایەوە:

ـ ئەوەی دەیگێڕنەوە لایەنی ڕاستی تێدایە. بەڵام ئەگەر دەتەوێت ئەوەی لە ناخمدایە پێت ڕابگەیەنم، ئەوە من پێت دەڵێم باشتر وایە مرۆڤ ئەم جۆرە پرسیارانە لەبارەی ئەم بابەتەوە نەوروژێنیت و، هیچی لە بارەوە باس نەکات، چونکە ئەوە بابەتی خۆئامادەکردنی جەنگ و، نهێنی سەربازی و، شتی دیکەیە.

خۆجە ڕکی لەهەر هەموو ئەم زاراوەو دەربڕینە نوێیانە دەبێتەوە، بە تایبەتی ئەم دەربڕینی (تا دوایی)یە، چونکە ئەم دەبڕینە نەك تەنیا دەمارەکانی گرژ دەکات بەڵکو لەبەر ئەوەی بە ڕوون و ئاشکرا هەستی دەکرد کە ئەم دەربڕینە لە ئاخافتنی بیانییاندا جێگەی ئەو ڕاستییە دەگرێتەوە کە خۆیانی لێ بێ دەنگ دەکەن، وەك بڵێیت ئەوەی بەر لەوە گوتراوە هیچ بایەخێکی نییە.

ـ تکات لێ دەکەم لەگەڵ مندا دەربڕینی (تا دوایی، تا دوایی) بەکار مەهێنە کە ئەوان بەکاری دەهێنن، بەڵکو پێم بڵێ چی لەسەر پردەکە دەکەن و، ئەگەر توانیت بۆم شی بکەوە. دواتر خۆ شتەکە نهێنی نییە. ئەمە چ جۆرە نهێنییەکە کە تەنانەت منداڵانی (حوجرە)یش دەیزانن؟

بەم شێوەیە خۆجە بە تووڕەییەوە قسەی برادەرەکەی بڕی و گوتیشی:

ـ پاشان پردەکە چ پێوەندییەکی بە جەنگی ئەوانەوە هەیە؟

برانۆڤیچ گەڕایەوە دۆخی لێو بە بزەی جاران و گوتی:

ـ شتێکی ئاساییە کە پێوەندی پێوە هەیە.

پاشان وەك چۆن لەگەڵ منداڵاندا قسە بکات و بیانلاوێنێتەوە بەو شێوەیە دەستی بە شیکردنەوە کردو، گوتی لە بنەمای سەربازیدا هەر هەموو ئەم شتانە تێبینی کراون و، سەربازی تایبەتیان بۆ تەرخان کراوەو، هەر مرۆیەك لە سوپای ئەمپراتۆردا کارێکی هەیە ئەوی دیکە پێی نازانێت و، پێویستە هەر تاکێك لە تاکەکانی ئەم سوپایە بایەخ بە کاروباری کەسی دیکە نەدات و، دەست لە کاری کەسی دیکە وەرنەدات.

خۆجە گوێی لێ دەگرت و لێی ورد دەبووەوە، بەڵام زۆر تێنەدەگیشت. پاشان جیکڵدانی تەنگ بوو، گوتی:

ـ باشە باشە .. هەموو ئەم قسانە جوانن، بەڵام ئایە ئەو خەڵکە دەزانن کە پردەکە بینایەکی خێرخوازییەو وەزیر لە ڕێی خوادا دروستی کردووەو، گوناهە تاکە بەردێکیشی لێ هەڵبکەنرێت؟

باش چاووشەکە هیچ ورتەیەکی لەزار نەهاتە دەر، بەڵکو هەردوو بازووی بڵاوکردەوەو، هەردوو شانی هەڵتەکاندو، هەردوو لێوی خۆی گەست و، هەردوو چاوی نوقاند، دەم و چاوی دەربڕینێکی مەکرو گۆساغی و قپ و قڕی و کوێری و کەڕی لەخۆگرت کە کەس ناتوانێت ئەنجامی بدات تەنیا ئەو کەسانە نەبن کە ماوەیەکی دوورو درێژ لە ئیدارە بۆگەنەکاندا کاریان کردووە کە نهێنگری تێدا ئەوەندە خراپ تێکچووە تا گەیشتووەتە گێل و گەوجی لە ڕووی هەست کردنەوەو، گوێڕایەڵیشی تێدا ئەوەند تێکچووە تا گەیشتووەتە ئەوەی بووەتە ترسنۆکی. کاغەزێکی سپی لەم خودداریییە لالەی لەم دەم و چاوەدا دەبینرێت زۆر ڕاستگۆیانەترە.

ئەوەندەی نەبرد پیاوی ئەمپراتۆر چاوی کردەوەو، بازووەکانی هێنایە خوارو، درژی دەم و چاوی نەهێشت و، گەڕایەوە ڕوخساری هێورو بزە لەسەر لێوو بڕوابەخۆبووەکەی جاران کە باشی خەڵکی ڤییەناو بە ئەدەبی تورکانی تێدا وەك ئاو تێکەڵی یەکدی دەبوون. پاش ئەوەی ئاخافتنەکەی بە لایەکی دیکەدا برد، بە وشەی بژاردە ستایشی تەندروستی خۆجەو دیمەنی هێشتە لاوی کردو، بە هەمان دۆستایەتی نواندنەوە داوای مۆڵەتی ڕۆیشتنی لیێ کرد کە یەکەمین جار لەکاتی گەیشتنندا نواندی. خۆجەیش هەر تووڕە بوو خەفەتەکانی دانەمرکابوونەوە. ئەوەتە ئێستە لەبەردەم دوکانەکەیدا ڕۆنیشتووە، نغرۆی هزرە خەفەتبارەکانی خۆی بووەو لە جوانی یەکەمین ڕۆژی مانگی ئادار دەڕوانێت، لەو لاوە لەبەردەمیدا پردە نەمرەکە قیت بووەتەوە، ئەو پردەی کە ناگۆڕێت، لە ناو تاقە سپییەکانەوە ڕووی ئاوی درینا دەبینێت سەوز دەکاتەوەو شەڵاڵە دەکات، وەك ئەوەی مرۆڤ کاتێك تەماشای ئەم دیمەنە دەکات ملوانکەیەکی سەیری دوو ڕەنگی دەبینێت لەبەر تیشکی هەتاودا دەبریسکێتەوە.

******

(1) لە ئاکامی ئەوەوە کە ژمارەیەك ئەفسەر لە بەلگراد مەلیك ئەلکسەندەر (لە خێزانی ئۆبرینۆڤیچ) و (دارگا)ی هاوسەریان لە ڕۆژی دەی حوزەیرانی ساڵی 1903دا تیرۆر کرد، تاجی سیرب بەر خێزانی (قەرە جۆرجڤیچ) کەوت، لە خودی (پوترس)ی یەکەم. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1908دا شۆڕشی (تورکیای لاو) بەرپابوو، ئەویش کۆتایی بە فەرمانڕەوایی سوڵتان عەبدولحەمید هێنا، تورکە لاوەکان بە سەرۆکایەتی کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی) سەربازگەی (سالۆنیك)یان کردە لایەنگیری خۆیان و شۆڕشیان دژ بە سوڵتان عەبدولحەمید بەرپا کردو لەسەر کاریان لادا. ئەو لاوانە دەیانویست ئەمپراتۆریەت ببووژێننەوە بۆ ئەوەی بەتواناتری بکەن تا بەرەنگاری ئەورووپا ببێتەوە.

# هەژدەمین پاڕ

ئەو گرژییەی لە هەموو جیهاندا بە ناوی (تەنگژەی پاشکۆیەتی) ناودەبرێت، کە خەریك بوو سێبەری ئەو تەنگژەیە چارەنووسی پردەکەو شارەکەی نزیك پردەکە بەرەو مەترسی ببات، ئەو گرژییە ئێستە لەپڕ هێور بووەتەوە، لەوێ، لە شوێنێك، پێوەندی دیپلۆماسی و وتووێژو گفت و گۆی نێوان پایتەختە پێوەندیدارەکان توانی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەم گرژییە بدۆزنەوە.

ئەم جارەیان لەسەر ئەم سنوورانە ئاگر هەڵنەگیرسا کە لەهەموو سەردەمەکاندا بە ئاسانی ئەو ئاگرە هەڵدەگیرسا. ئەوەتە ئەو یەکە سەربازییانەی بە بەتالیۆنی گەورە گەورە شارو گوندەکانی سنووریان تەنیبووەوە لەسەرەتای بەهاردا دەکشێنەوە بۆیە تا دێت ژمارەیان کەم دەکات. بەڵام ئەو گۆڕانانەی ئەم تەنگژەیە هێنابوونیە گۆڕێ پاش هێوربوونەوەی تەنگژەکە هەر مانەوە، وەك چۆن هەموو جارێك ڕوو دەدات. ئەو هێزە سەربازییەی بە شێوەیەکی بەردەوام لە شارەکەدا جێگیر بوو، ئێستە لەو هێزە سەربازییە زۆرترە کە پێشتر لێرە جێگیر بووبوو، هێشتە پردەکەیش هەر مینڕێژ کراوەو، کەسیش بیر لەو شتە ناکاتەوە، تەنیا عەلی خۆجە موتەوەلیچ نەبێت. ئەو زەوییەی دەکەوێتە پێدەشتە بەرزەکەی لای چەپی پردەکەوە لەسەرووی شوورەیەکی کۆنەوە کە بێستانی بەرێوەبەرایەتییەکەی لێ بوو، ئێستە کاربەدەستانی سەربازی ئەو زەوییەیان داگیرکردووە. چونکە دارە بەردارەکانی ناوەڕاستی ئەو بێستانەیان بڕیوەتەوەو خانوویەکی جوانیان تێدا دروستکردووەو کردوویانەتە یانەی ئەفسەران، چونکە ئەو خانووەی پێشتر کرابووە یانەو، تەنیا نهۆمێکی خوارەوەی تەسك بوو، ئەوەند تەسك بووەتەوە بەشی هەموو ئەو ئەفسەرانە ناکات کە تا دێت ژمارەیان پتر دەبێت.

بەم شێوەیە لە کەناری دەستە ڕاست ئۆتێلی لۆتیکا هەبوو، لەلای چەپیشیەوە یانەی ئەفسەران هەبوو، هەردوو تەلارەکەیش سپین، هەر یەکەیان تەواو لەوی دیکە دەچێت، گۆڕەپانی بازاڕیش کەوتووەتە نێوانیانەوە، دوکانەکان چواردەوریان داوە، لەسەرووی بازاڕیشەوە لەسەر تەپۆڵکەیەکی بچووك ئۆردووە گەورەکە دەبینرێت، کە هێشتە گەل بە خانە بەردینەکەی ناو دەبات، بە مەبەستی یادی ئەو (سەرای)ـەی محەمەد پاشا دروستی کردبوو کە لە هەمان ئەم شوێنەدا بوو، پاشان لەناوچوو بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێ بهێنێت.

ئەو نرخانەی پاییزی ڕابوردوو، بە هۆی هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی سوپاوە، بەرزبوونەوە، وەك خۆیان مانەوە بێ ئەوەی نزم ببنەوە، تەنانەت زۆرتر بەلای بەرزبوونەوەدا دەچن لە بری ئەوەی بۆ باری جاران بگەڕێنەوە. ئەو ساڵە دوو بانق کرانەوە، یەکێکی سیربی و، ئەوی دیکە موسوڵمان. خەڵکی وایان لێهات قەردیان بەکار دەهێنا وەك چۆن دەرمان بەکار بهێنن. هەموو کەسێك بە ئاسانی دەیتوانی قەرد بکات. بەڵام پێویستی بە پارە پتر دەبوو هەرکە پارە زۆرتر ببوایە. ئەوانەی پارەیان بێ ئەژمار خەرج دەکرد پتر لەوەی قازانج بکەن تەنیا ئەوان هەستیان دەکرد کە ژیان هێشتە جوان و ئاسانە. هەرچی بازرگان و بزنسمانەکانە ئەوە پڕ دڵیان

خەفەت بوو. چونکە تا دەهات کاتی پارەدانەوەی نرخی کاڵاکانیان نزیکتر دەبووەوەو، تا دەهات ژمارەی مەعمیلە سەر ڕاستەکانیان کە مسۆگەر بوون لە کورتی دەدا. ئەو کاڵایانەی نرخەکانیان لە ئاستی هێزو توانای کڕینی زۆربەی خەڵکی پتر بوو تا دەهات بەرزتر دەبووەوەو سنووری فرۆشتنیش کەمتر دەبووەوە، چونکە خەڵك داوای کاڵای هەرزانیان دەکرد. کەس شتی زۆری نەدەکڕی تەنیا ئەو کەسانە نەبێت کە درەنگ قەردەکانیان دەدایەوە. تەنیا کار کە قازانجەکەی مسۆگەر بوو کاڵا هێنان بۆ سوپا یان بۆ دەزگەیەك لە دەزگەکانی دەوڵەت بوو، بەڵام داواکاری ئەو کاڵا هێنانە بۆ هەر هەموو بازرگانان دەستەبەر نەدەبوو. لە کاتێکدا تا دەهات باجی دەوڵەت و باجی شارەوانی قورستر و زۆرتر دەبوو، توندی نواندنیش لە کۆکردنەوەی باجدا پتر پەرەی دەستاند. مرۆڤ لە دوورەوە هەستی دەکرد لارەسەنگییەکی زیانمەندانە لە بۆرسەکانی نرخدا لە ئارادایە. ئەو قازانجانەی لە ئاکامی ئەم بارودۆخەوە دەستگیر دەبوون دەچوونە گیرفانی کەسانێکی نادیارەوە، لە کاتێکدا زیان دوورترین گۆشەی وڵاتی دەتەنییەوەو بازرگانە بچووکەکانی دەگرتەوەو زیانیشی بە فرۆشیارە بچووکەکانیش دەگەیاندو کاریگەری خراپی لەسەر کڕیارانیش هەبوو.

باری ڕوحی لە شارەکەدا لە هێوری و ئارامییەوە دوور بوو. لەپڕ نەمانی گرژییەکە هێورییەکی ڕاستەقینەی نە بۆ سیرب و نە بۆ موسوڵمانەکانی شارەکە نەهێنا، بەڵکو لای یەکەمیان جۆرە نائومێدییەکی شاراوەی لەگەڵ خۆی بەجێ هێشت و، هەستی وریابوون و ترس و تۆقین لەوەی ئایینده بۆی شاردوونەتەوە لای ئەوانی دیکە بەجێ هێشت. بەبێ هۆیەکی دیارو بێ فاکتەرێکی ڕاستەوخۆ چاوەڕوانی ڕوودانی ڕووداوی گەورە ناخی دانیشتووانی تەنیبووەوە. چونکە گەل هیوای بە شتێك هەیەو بەزەیی بە شتێکی دیکەدا دێتەوە (یان بڵێ گرووپێکی گەل هیواخوازەو گرووپێکی دیکە بەزەیی پێدا دێتەوە)، لەسەر ئەو بنەمایەیش پێشوازی لە شتێك لە شتەکان دەکات یان تەماشای شتێك لە شتەکان دەکات. دڵی هەر مرۆڤێك گیرۆدەی نیگەرانییە، تەنانەت لە ڕیزی گشت خەڵك و نەزان و ساکارەکانیشدا، بە تایبەتی لە ڕیزی لاوەکاندا. کەس لەو ژیانە ڕۆتینییە قایل نییە کە چەندین ساڵە دەیگوزەرێنێت. هەر یەکە ئارەزووی لەوە پتر دەکات و، شتی لەوە باشتری دەوێت یان بەزەیی بە پێچەوانەکەیدا دێتەوە. بە ساڵداچووەکان ئاخ بۆ ئەو دڵنیایی و ئاسوودەیە هەڵدەکێشن کە لە سەردەمی تورکەکاندا بە گەورەترین مەبەست دادەنرا کە مرۆڤ ئاواتی بۆ دەخواست و بە جوانترین وێنەی ژیانی گشتی و تایبەتی دەژمێررا، کە هێشتە لە دەیەکانی سەرەتای ساڵانی داگیرکاری نەمسادا هەر باو بوو. بەڵام ژمارەی ئەوانە کەمە. هەرچی ئەوانی دیکەیە ئەوە ژیانێکی چوست و چالاك و قەرەباڵغ و بزێوو سەرنج ڕاکێشیان دەوێت. دەیانەوێت هەست بەو خۆشیانە بکەن کە کەسانی دیکە دەیگوزەرێنن، یان بەلایەنی کەمەوە ژیانێکی پڕ لە قەرەباڵغی و سەرنجڕاکێشیان دەوێت کە وایان لێدەکات هەستی پێ بکەن. ئەم ئارەزووەیش نەك هەر باری دەروونی گۆڕیوە، بەڵکو دیمەنی دەرەکی شارەوەیشی گۆڕیوە. هەروەها ئەو ژیانە کۆنە بەردەوامەی کە خەڵکی لەسەر کابیاکە، لە نێوان ئاسمان و چیاکاندا، دەیانگوزەراند، ئەو ژیانەی بە ئاخافتنی هێورو لێ ڕامانی ساکارانەو گاڵتەی خۆشی و گۆرانی ئەڤینداری ئاوێتە بوو بوو، ئەو ژیانەیش گۆڕانکاری تێکەوتبوو.

خاوەند قاوەخانەکە ئامێرێکی گرامافۆنی کڕیبوو، کە سندووقێکی گەورە بوو لە تەختەدار دروست کرابوو، شەیپوورێکی گەورەی لە میتاڵ دروست کراوی هەبوو، لە شێوەی گوڵێکی شینی بریقەداردا بوو. کوڕەکەی قەوان و دەرزییەکەی دەگۆڕی و ئەو ئامێرە گوێکەڕکەرەی پڕ دەکرد کە کابیاکەی دەهێنایە لەرزین و هەژان و لە هەردوو کەناردا دەنگی دەدایەوە. خاوەن قاوەخانەکە ناچار بوو ئەو ئامێرە بکڕێت تا لە ڕکەبەرەکانی دوانەکەوێت، چونکە دەنگی گرامافۆن وای لێهاتبوو دەنگی تەنیا لە یانەو هۆڵەکانی خوێندنەوەدا نەدەبیسترا، بەڵکو لە بێ بەهاترین مەیخانەی لادێدا دەبیسترا چونکە خەڵکی ئەوسا لەژێر دار زەیزەفوونێکدا، یان لەسەر هەرێزو گیا، یان لەسەربانێك ڕووناك کرابێتەوە دادەنیشتن و، بەئەسپایی و کەمتر دەئاخفتن. ئامێرەکانی گرامافۆن، بە پێی ئارەزووی کڕیاران کە ئەو ئامێرانەیان لە پێناودا دەخرایە گەڕ، لە هەموو شوێنێك زیل و بەمیان بوو، سروودی تورکی یان گۆرانی نیشتمانی سیربی، یان ئاوازی ئۆپەریتی نەمساوییان دەگوتەوە، چونکە خەڵکی ڕوویان نەدەکردە شوێنەکان، ئەو شوێنانە نەبێت کە زرم و هوڕو هەراو هوریاو بزاوتیان تێدایەو، شتیان نەدەکڕی و نەیاندەویست شت بکڕن تەنیا لەو شوێنانە نەبێت.

خەڵکی چوون برسی خوویان دابووە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان، بەڵام خێراو سەرپێیانە ئەو ڕۆژنامانەیان دەخوێندەوە. هەر یەکەیان تەنیا بەدوای ئەو ڕۆژنامانەدا دەگەڕا کە لە یەکەمین لاپەڕەدا ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشی بە پیتی گەورە بڵاوکردووەتەوە. هەرچی وتارەکانە کە بە پیتی بچووك نووسراون کەس نەیدەخوێندنەوە. هەموو ئەوەی هەنووکە ڕووی دەدا بە وشەی گەورەو بریقەدار دەخرایە ڕوو. لاوەکانیش ئەگەر ئێواران بەر لەوەی بنوون هیچیان بەر گوێ نەکەوتایەو هیچیان بە بەرچاوەوە نەبریسکایەتەوە لەوەی بەرۆژ بیستوویانەو بینیویانە، ئەوە هەستیان دەکرد کە ڕۆژگاری خۆیان وەك پێویستە نەگوزەراندووە.

بەگەکان و ئەفەندییەکان دەهاتنە کابیاکەو جیدی بە ڕوخساریانەوە دیار بوو، وا دەردەکەوتن کە گوێ بەو هەواڵانەی شەڕی نێوان ئیتالیاو تورکیا لە تەرابولس نەدەدا کە ڕۆژنامەکان بڵاویان دەکردەوە. بە گوێ قوڵاغەوە گوێیان بۆ ئەو هەواڵانە ڕادەگرت کە ڕۆژنامەکان لە بارەی فەرماندەی تورك ئەنوەر بەگی لاوو پاڵەوان بڵاویان دەکردەوە، کە دەست لە ئیتالییەکان دەوەشێنێت و بەرگری لە خاکی سوڵتان دەکات، وەك بڵێیت لە نەوەی (سۆکۆلۆڤیچ) یان (چۆبریلچ)ە. ئەوانە ئەبرۆیان گرژ دەکرد کاتێك گوێیان لە مۆسیقای بەرزی گرامافۆن دەبوو کە هزرو بیری تێك دەدان و موچڕکەیان بە لەشدا دەهات لەبەر ئەوەی بیریان لای چارەنووسی ئەو ناوچە تورکییە دوورەی ئەفریقیا بوو، لە ناخەوەو دڵسۆزانە مووچڕك بە لەشیاندا دەهات، بێ ئەوەی خۆیان تێك بدەن.

ئەوەبوو ساتێك لە ساتەکان بیرۆی ئیتالی، وەستا بیرۆ بەسەر پردەکەدا تێپەڕی، بە جل و بەرگی تۆزای و پڕ لە پەڵەی بۆیەو ڕۆنەوە لەسەر کار دەگەڕایەوە. پیری بەرۆکی بە وەستا بیرۆ گرتووەو، هەنووکە پشتی پتر کۆماوەتەوەو، بێ فیزی و ترسی پەرەیان سەندووە. وەك چۆن ئەوسا هەستی دەکرد تاوانبارە کاتێك لۆکینی شاژن ـ ئەمپراتۆری تیرۆر کرد، بە پێی ئەو لۆژیکەی کە بە خۆیشی تێی نەدەگەیشت، ئەوە ئێستە جارێکی دیکە هەست بە بەرپرسیاری تاوانێك دەکات کە هاووڵاتییە ئیتالییەکانی، ئەوانەی لە مێژە ئەم پێوەندی

پێیانەوە نەماوە، لە شوێنێك لەسەر ئەم خاكە ئەنجامی دەدەن. ئەوەتە لاوێكی تورك بە ڕوویدا هەڵدەشاخێت و دەڵێت:

ـ (خۆل) تەرابولست دەوێت؟ باشە ....

لاوە توركەكە ئەوەی گوت و، بازووی بۆ دەركرد (هەر لە مشتیەوە تا دەگاتە قۆڵەنیسكی)، جم و جووڵی دیكەی ناشیرینیشی دەنواند.

وەستا (بیرۆ)یش هیچی بۆ نەدەمایەوە ئەوە نەبێت شەبقەكەی ئەوەندەی دیكە توندتر كرد تا گەیاندییە ئاستی هەردوو چاوی، بە ددانەكانی توند گازی لە دارجغارەكەی گرت و، ماندوو و پشت كۆماو، شتەكانیشی لەبن هەنگڵ نابوو، خێرا بەرەو ماڵەوە تێی تەقاند كە لە سەرووی مەیدانەوە بوو.

لەوێ (ستانا)ی خێزانی چاوەڕێی دەكرد كە ئەویش پیر بووبوو، هێزی تێدا نەمابوو، بەڵام هێشتە لە زمان درێژی خۆی نەكەوتبوو. مێردەكەی سكاڵای لە دەست ئەو لاوانە كرد كە قسەی ناشیرینی پێ دەكەن و داوای (تەرابلوس)ی لێدەكەن كە تا چەند ڕۆژێك لەمەوبەر نەیدەزانی لە سەر ڕووی زەوی هەیە یان نا. ئەوەتە ستانا وەك جاران نایەوێت لێی بگات و نایەوێت بەزەیی پێدا بێتەوە، بەڵكو جارێكی دیكە بۆی دووپات دەكاتەوە كە ئەو بە هەڵەدا چووەو شایەنی ئەوەیە ئەو جنێوانەی پێ بدرێت.

ـ ئەگەر بە ڕاستی پیاو بوویتایە، كە پیاو نیت، بە فلچەكەت یان بە چەكوشەكەت بەو دەم و چاوە قرێژەیانتدا دەكێشا، ئیدی ئەو چەپەڵانە دواتر نەیاندەتوانی سووكایەتیت پێ بكەن، بەڵكو كە بەسەر پردەكەدا بپەڕییتەوە بۆ ڕێز لێ گرتنت هەڵدەستان و دەستیان بە سنگەوە دەگرت.

وەستا بیرۆ بە هێوری و خەفەتەوە وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵام ستانا، مرۆڤ چۆن دەتوانێت بە چەكوشەكەی بە دەم و چاوی دراوسێیەكەیاندا بكێشێت؟

بەم شێوەیە هەموو ئەو ساڵانە، شان بە شانی هەڵچوونی بچووك و گەورەو پێویستییەكی بەردەوام بە هەستكردنی ورووژێنەر، بەسەر چوون. بەم شێوەیە پاییزی ساڵی 1912 هات و دواتر ساڵی 1913 لەگەڵ شەڕەكانی بەلقان و سەركەوتنەكانی سیربدا هات. لەو شتە سەیرو دەگمەنانەی كە پێوەندییەكی ترسناكی بەچارەنووسی پردەكەو چارەنووسی شارەكەو چارەنووسی هەموو ئەوانەوە هەبوو لە شارەكەدا دەژیان، ئەوە بە كپ و بێ دەنگی ڕووی دا بێ ئەوەی ببینرێت.

بەیانیان و ئێوارانی ڕۆژانی مانگی تشرینی یەكەم بە ڕەنگی ئەرخەوانیانەو، ناوەندیشی بە ڕەنگی زێڕینانە بەسەر دەچوون، لەو كاتەی شار چاوەڕوانی دروێنەی جۆو شەرابی نوێی دەكرد. دانیشتنی دوای نیوەڕوانی سەر كابیاكە هێشتە جوان و بەچێژە، تەنانەت وەت دەزانی شار سروەی بای لێ نایەت. شتەكە لەو كاتەدا ڕووی دا.

بەر لەوەی ئەو خەڵكەی كە خوێندنەوەو نووسینیان دەزانی درك بەو هەواڵە ناكۆكانە بكەن كە ڕۆژنامەكان بڵاویان دەكردەوە، شەڕ لە نێوان توركیاو هەر چوار وڵاتی بەلقاندا دەستی پێكردو، وردە وردە بە درێژایی ڕێگە كۆنەكانی ناوخاكی بەلقان تەشەنەی دەكرد. بەر لەوەی جیهان بە وردی درك بە واتای ئەم جەنگە بكات و بەر لەوەی مەزەندەی مەوداكانی بكات، بە سەركەوتنی چەكەكانی سربە كریستیانەكان كۆتایی

هات. هەموو ئەوەیش دووراو دوور لەم شوێنەوە کۆتایی هات، بێ ئەوەی هیچ گوللەیەك بتەقێنرێت و دەنگی تۆپ لە سەر سنوور ببیسترێت، بێ ئەوەی هیچ سەرێك لێ بکرێتەوەو لەسەر کابیاکە هەڵبواسرێت. هەموو شتێك لەم ڕووداوە گەورانە دووراودوورو زۆر خێرا ڕوو دەدەن، بێ جیاوازی چوون بازرگانی و سامان. لەوێ، لە شوێنێکی جیهاندا، بلیتێکی خۆت و بەختت ڕادەکێشرێت، یان ئاگری شەڕێك هەڵدەگیرسێنرێت، ئەو کات چارەنووسی هەر یەك لە ئێمە دەستنیشان دەکرێت.

لێ ئەگەرچی دیمەنی شار وەك خۆی مابووەوەو نەگۆڕابوو، بەڵام ئەم ڕووداوانە گەردەلوول و باهۆزی توندی حەماسەت و نائومێدی قووڵیان لە دڵ و دەرووناندا چێ کرد. لە شاردا سیربەکان و موسوڵمانەکان بە هەستی زۆر لێك ناکۆك و جیاوازەوە پێشوازییان لەم ڕووداوانە کرد، ئەویش وەك هەموو ئەو ڕووداوانەی لەم ساڵانەی دواییەدا لە جیهاندا ڕوویان دەدا. ئەو هەستانەیش هاوسان نەبوون تەنیا لە توندی و قووڵیدا نەبێت. ئەو ڕووداوانە هەموو ئەو سنوورانەیان تێپەڕاند کە هەندێك هێواخوازی بوون و، پاساوی هەموو ئەو مەترسییانەیان دایەوە کە هەندێکی دیکە هەستیان پێدەکرد. ئەو ئارەزووانەی کە ماوەی چەند سەدەیەکە پێش مێژوو کەوتوون، ئێستە وایان لێهاتووە شان بە شانی ڕۆیشتنی ئەو برۆن و بە تۆزی پێی خێراییدا ناگەن و، لەرێڕەوی بەدیهێنانی بوێرانەترین شاکاریشدا دەرك بەو فڕینە سەیرەی ناکەن.

ئەگەر شار بیتوانیایە شتێك لەم شەڕە لەچارە نووسراوە ببینێت و هەست پێبکات ئەوە ئەو شتە بە شێوەیەکی تیژو خێراو ساکار رووی دەدا، کە پێشتر لێی ڕانەهاتبوون.

لە (ئۆفاتس) کە لەوێ سنووری نێوان نەمساو مەجارستان و تورکیا بە درێژایی ئەو ڕووبارە دەڕوات کە بە هەمان ناوەوەیەو، پردێکی بچووکی لە تەختەدار دروست کراو هەیە دەکەوێتە نێوان ئۆردووە نەمساوییەکەو مەخفەرە تورکییەکەوە، ئەفسەرێکی تورك لەو سنوورە پەڕییەوەو چووە لای ئۆردووە نەمساوییەکەو لەوێ بە جووڵەیەکی شانۆگەریانە، شمشێرەکەی بە ئیفریزی پردەکە تێکشکاندو خۆی دایە دەستی جەندرمە نەمساوییەکانەوە. لەو کاتەیشدا سەربازە سیربییەکان بە جل و بەرگی خۆڵەمێشینەوە دابەزینە سەر تەپۆڵکەکەو بە درێژایی سنووری نێوان بۆسنیاو سنجقەکە شوێنی یەکە سەربازییەکانی تورکیان گرتەوە، کە چەکی کۆنیان هەبوو. ئەو کات ئەو خاڵە بزر بوو کە سنووری نێوان نەمساو تورکیاو سیربی تێدا بەیەك دەگەیشتن. سنووری تورکیا کە پازدە کیلۆمەتر لە فیشیگرادەوە دوور بوو بۆ شوێنێکی دوور، بۆ پشتەوەی ئەدرنە پاشەکشەی کرد.

ئەم ڕووداوە زۆرو گەورانە کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ڕوویان دا شاریان لە ناخەوە هەژاند.

سەبارەت بە پردەکەی سەر ڕووباری درینا ئەم کوودەتایە کارێکی یەکلاکەرەوە بوو. ئەوەبوو پێشتر گوتمان پێوەندی کردن بە سەراییڤۆوە بە هۆی هێڵی ئاسنینەوە (شەمەندەفەر) پێوەندی پردەکەی بە ڕۆژئاواوە لەناوبرد، کەچی ئەوەتە ئێستە لە چاوترووکانێکدا پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتەوە دەپچڕێت. ئەو ڕۆژهەڵاتەی کە ئەم پردەی دروست کردووەو، دوێنێی نزیك لێرە بوو، وەك ئاسمان و زەوی دیفاکتۆیانە لێرە هەبوو، ئەو ڕۆژهەڵاتە ئێستە وەك شەبەنگێك لە چاو ون بوو. ئێستە پردەکە تەنیا هەردوو کەناری شارو بیست گوندی ئەم بەرو ئەو بەری ڕووباری درینا بەیەکەوە دەبەستێت.

ئەو پردە گەورە لەبەرد دروست کراوەی کە دەبوو، وەك وەزیر سۆلۆکۆڤیچ مەزەندەی کردبوو کە کارێکی خێرخوازی پیرۆزی ئەنجام داوە، هەردوو بەشی ئەمپراتۆریەت پێکەوە ببەستێت و ڕێ بۆ خەڵکی ئاسان بکات لە ڕۆژئاواوە بگەنە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژهەڵاتەوە بگەنە ڕۆژئاوا، ئێستە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا داپچڕاوەو چوون کەشتی نغرۆبوو و پەرستگەی پشت گوێ خراو چۆڵ بووە. ماوەی سێ سەدە بەرگەی هەموو شتێکی دەگرت و پاش هەموو شتێکیش هەر دەمایەوەو، بە باشترین شێوە ئەرکەکەی خۆی بەڕێوەبردو هیچ نەگۆڕا، بەڵام پێداویستی مرۆیی گۆڕانی بەسەردا هات و شتەکان لە جیهاندا گۆڕان بۆیە ئێستە پەیامەکەی خیانەتی لێ کرد. دەشیا، لەبەر ئەوەی جوان و پتەوو زەبەلاح بوو، بۆ چەندین سەدە سوپاکان بەسەریدا بپەڕنەوەو کاروانەکانیش یەك بە دوای یەکدا بەسەریدا تێپەڕن، بەڵام ئەو بینا خێرخوازییەی کە وەزیر دروستی کردبوو لە چاوترووکانێکدا، بە هۆی ئەو بزاوتە سەیرە پێشبینی نەکراوانەی بەسەر پێوەندییە مرۆییەکاندا دێن، ئێستە چۆڵ و هۆڵە و لە دەرەوەی چوارچێوەی ژیانە، ئەو ڕۆڵەی هەنووکە پردەکە دەیگێڕێت هەرگیز لەگەڵ ئەو دیمەنە هەمیشە لاوەو ئەو مەودا زەبەلاحە گونجاوەیدا ناگونجێت، بەڵام هێشتە وەك جاران قیت ڕاوەستاوە، وەك چۆن وەزیر بە ئەندێشە بینیبووی، کاتێك چاوی نوقاندبوو، هەروەها وەك چۆن ئەندازیارەکەی جوان و پتەوو سفت دروستی کردبوو، هیچ نەدەگۆڕا.

پێویستیش بە کات و بە کۆشش هەبوو تا دانیشتووان لەوە بگەن کە لێرەدا بە چەند دێڕێك ئاماژەی پێ دەدەین و، هەموو ئەوەی لە ماوەی چەند مانگێکدا بەدی هات. تەنانەت لە خەونیشدا سنوور بەو خێرایە ئەوەندە دوور نەدەکەوتەوە.

هەموو ئەوەی لە ناخی خەڵکدا، وەك ئەم پردە کپ و لاڵ نوستبوو، ئێستە لەناکاو بووژایەوەو، کاری خۆی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەکرد، کاری باری دەروونی گشتی و چارەنووسی خودی هەر تاکێك لە تاکەکانی دەکرد.

ڕۆژانی سەرەتای هاوینی ساڵی 1913 باراناوی و شێدار بوون. موسوڵمانانی شارکە لەسەر کابیاکە ڕوو گرژو غەمبار ڕۆنیشتبوون. ئەوەتە دە پیرەمێردیان لە دەوری لاوێك گرد بوونەتەوە ڕۆژنامەیان بۆ دەخوێنێتەوەو، دەربڕینە بیانییەکانیان بۆ شی دەکاتەوەو ناوە ڕۆژئاوایەکانیان بۆ وەردەگێڕێت و هەندێك زانیاری جوگرافی بۆ ئاسان دەکردن. ئەوانیش لەسەرخۆ جگەرەیان بە با دەدا و هێور تەماشای پێشەوەیان دەکرد، بەڵام نەیاندەتوانی بە تەواوەتی ئەو غەم و پەژارەیە بشارنەوە کە هەستیان پێ دەکرد. هەوڵیان دەدا خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و خۆیان بەسەر ئەو نەخشە جوگرافییەدا دەدا کە ئاماژە بە دابەشکردنە نوێیەکەی دوورگەی (بەلقان)ی دەکرد. لەو کاغەزەیان دەڕوانی، هیچ شتێکیان لەم هێڵە چەوت و بەناو یەکداچووە نەدەبینی، بەڵام هەموو شتێکیان دەزانی و لە هەموو شتێك دەگەیشتن، لەبەر ئەوەی جوگرافیاکەیان بەناو خوێنیاندا ڕۆچووبوو، چونکە ئۆرگانیانە هەستیان بە جیهان دەکرد.

پیرەمێردێك ڕووی کردە ئەو لاوەی پرسیارەکەی دەخوێندەوەو گوتی:

ـ ئۆشچۆپ (سکۆپیا) بەر کێ دەکەوێت؟

ـ بەر سیرب.

ـ ئۆه ...

ـ ئەی سالانیك ؟

ـ بەر یۆنان.

ـ ئۆھ ... ئۆھ ...

ـ ئەی ئەدرنە؟

ـ ڕەنگە بەر بولگاریا بکەوێت.

ـ ئۆھ ئۆھ ئۆھ ...

ئەو ئاھانە ئاھی دەنگدەرەوەی غەمناك نەبوون، چوون ئاھی ئافرەتان و خەڵکی بێ دەستەڵات، بەڵکو ھەناسەی خنکاوی قووڵایی ناخ بوون لە ھەوای ھاویندا لەگەڵ دووکەڵی جگەرەدا پەرت دەبووەوە کە لە سمێڵە چرەکانەوە بڵند دەبووەوە. زۆر لەو پیرەمێردانە تەمەنیان لە حەفتاساڵی تێپەڕیبوو. لە ئەستەنبووڵەوە تا دەگاتە سنووری دیاری نەکراوی بیابان لە دوورگەی عەرەب کە لێرەوە دوورە، کە لێ پەڕینەوەی ئەستەمە. (کۆنترۆڵی تورك لە ئەندێشەی ئەوانەدا واتای ئەو گرووپە گەورەیەی دەگەیاند کە دابەش نەدەبوو و تێکیش نەدەشکا، ئەو کۆمەڵەیەی ئایینی محەمەد کۆی دەکردنەوە). ئەوان بەتەواوەتی ئەوەیان بیر دەھاتەوە، بەڵام ئەوشیان بەیاد دەھاتەوە کە ئەو کۆنترۆڵەی تورکیا لە ماوەی ژیانی ئەواندا لە سیربەوە بۆ بۆسنیا پاشەکشەی کرد، پاشان لە بۆسنیاوە بۆ سنجق پاشەکشەی کرد. ئەوەتە ئێستەیش، بە بەرچاوی ئەوانەوە، بۆ شوێنێکی دوور پاشەکشێ دەکات کە ئەوان بە چاو نایبینن، وەك بڵێیت لەناکاو ژانە چاوێکی سەیریان تووش بووە، لە کاتێکدا ئەوان لێرە وەك گیایەکی ئاوی لەناو خاکێکی ھشکدا، فریودراوو ھەڕەشە لێکراوو تاك و تەنیا بە خۆیان و بە چارە ڕەشی خۆیانەوە دەمێننەوە. بێگومان ھەموو شتێك بە خواستی خواوەندە. ھەموو ئەوەی ڕوو دەدات بە خواستی خواوەند ڕوو دەدات. بەڵام مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێت لەم شتانە بگات. ئەوەی ئێستە ڕوو دەدات ھەناسەی مرۆڤ کپ دەکات و وێژدان دەھەژێنێت و، ھاوکات مرۆڤ ھەست دەکات کە خاك بە دزییەوە وەك بڵێیت مافوورەو لە ژێر پێی دەردەھێنرێت و، ئەو سنوورەی کە دەبوو جێگیرو پتەو بمێنێتەوە کەچی ئێستە دەبزوێت و دەگۆڕێت و دوور دەکەوێتەوەو چوون جۆگە بەخورەکانی بەھار لەچاو ون دەبێت.

ئەوە ئەو سۆزو ھزرانەن لە ناخی پیرەمێردو بە ساڵداچووەکاندا دەورووژێن و شەپۆل دەدەن، لە کاتێکدا لەسەر کابیاکە ڕۆنیشتوون و بە سەرسامییەوە گوێ لەو قسانە دەگرن کە لە ڕۆژنامەکاندا نووسرابوون. بێ دەنگ گوێیان ڕادەدێرا ئەگەرچی ئەو زاراوانەی ڕۆژنامەکان سەبارەت بە مەملەکەت و وڵاتەکان بەکاریان ھێنابوو وا دەھاتنە پێش چاویان کە ناشیرین و شێتانە بوون و لە شوێنی خۆیاندا نەبوون ، ئەگەرچی لەو بڕوایەدا بوون کە ئەم شێوازی نووسینە (کوفرە)و سەرپێچی کردنە لە یاسا ھەمیشەییەکان و لە لۆژیکی ژیان دەرچوونەو، وەك کارەساتێکیان دەزانی کە مرۆڤێکی سەربڵندو تێگەیشتوو ملی بۆ کەچ ناکات. دووکەڵی تووتنیش بەسەر سەریانەوە دەخولیەوە، بە ئاسمانیشەوە چەند پەڵە ھەورێکی سپی پچڕ پچڕ لە ھەورە باراناوییەکانی ھاوین ڕایان دەکردو، سێبەرەکانیان لەسەر عەرد پان و خێرا دەڕۆیشت.

لاوانی سیرب شەوانە تا درەنگانێ لەسەر کابیاکە دادەنیشتن: بە دەنگی بەرزو چەقاوەسووانە سروودیان دەگوتەوە، سروودەکان بە تۆپخانەی سیربیاندا هەڵدەدا، کەسیش سزای بەسەردا نەدەسەپاندن و سزایش نەدەدران، جارو باریش گەنجانی خوێندکاری زانکۆو فێرخوازانی خوێندنگە دواناوەندییەکان دەبینران. زۆربەیان لاوی کورتە بنەو ڕوو زەردو قژ درێژ بوون، شەبقەی ڕەشی لێوار پانیان لەسەر نابوو. بەم پاییزە بێ شومار دەهاتنە سەر کابیاکە، ئەگەرچی ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێکردبوو: بە شەمەندەفەرەکەی سەراییڤۆ لەگەڵ ڕێنمایی و دروشمدا دەگەیشتن و شەویان لێرە لەسەر کابیاکە بەسەر دەبرد، بەڵام بە ڕۆژ لە شاردا نەدەمانەوە، چونکە لاوانی فیشیگراد بە ڕێگەی دیاریکراودا بۆ سیربیایان دەگواستنەوە.

لە مانگەکانی هاویندا، کاتێك سەرەتای پشووی هاوین دەست پێدەکات، شارو کابیاکە لە خوێندکارو فێرخوازاندا جمەی دێت لەوانەی لە شارەکە لەدایك بوونەو هاتوونەتەوە پشووی هاوین لەناو خێزان و کەسوکارەکانیاندا بەسەر ببەن. گەیشتنیان کاریگەرییەکی ئاشکرای بەسەر ژیانی شارەکەوە هەیە.

لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا فێرخوازەکانی فێرگە دواناوەندییەکانی سەراییڤۆ بەکۆمەڵ دەگەنە جێ، لە نیوەی یەکەمی مانگی تەمووزدا خوێندکارانی ماف و نۆژداری و وێژەیی دەگەنە جێ ئەوانەی لە زانکۆکانی ڤییەناو پراگ و گراتس و زەغرب دەخوێنن. کە ئەوانە دەگەن ڕواڵەتی دەرەکی شار دەگۆڕێت. لە گەڕەکی بازاڕو لەسەر کابیاکە، مرۆڤ ئەو لاوانە دەبینێت کە بە ڕواڵەتدا گۆڕاون، گۆڕانێکی سەیر، لە ڕەفتارو زمان و جل و بەرگدا جیاواز لەو ڕەفتارو نەریتە باوانەی کە ناگۆڕێن. ئەوانە جل و بەرگی ڕەنگ تاریکیان لەبەرە، لەسەر شێوازی جل و بەرگی نوێ دروواوە، ئەویش جل و بەرگی (جلۆکنفاسۆن)ە کە لە هەموو ئەوروپادا بە دوایەمین ستایل و لووتکەی کەشخەیی دەژمێررا. شەپقەکانیشیان لە پووشێکی نەرم دروست کرابوون، لەسەر شێوازی شەپقەکانی پەناما کە لێوارەکانیان نزمەو، بە قردێلەیەك ڕازێنراوەتەوە لە شەش ڕەنگی تاریك پێکدێت. پێڵاوەکانیشیان جۆرە پێڵاوێکی ئەمەریکایی پان و لووت بەرز بوو. زۆربەشیان دار حەیزەرانێکی زۆر ئەستووریان بە دەستەوە بوو. پشتەوەی یاخەی چاکەتەکانیشیان دروشمێکی سۆکۆل یان دروشمی کۆمەڵەیەك لە کۆمەڵەکانی خوێندکاران و قوتابیانی پێوەبوو.

ئەوانە وشەی نوێ و گاڵتەی نوێ و گۆرانی نوێ و، سەمای نوێیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنایەوە کە لە (بالێ)کانی زستانی ڕابوردوودا بینیویانە، بە تایبەتی کتێبی نوێ و نامیلکەی نوێی سیربی و چیکی و ئەڵمانییان دەهێنایەوە.

پێش ئەوەیش، لە تەنگژەی یەکەمی داگیرکاری نەمسادا، ئەوە ڕووی دا کە هەندێك لە لاوانی شارەکە بۆ خوێندن دەچوونە دەرەوەی شار، بەڵام ئەو کاتە ژمارەیان وەك ژمارەی هەنووکە زۆر نەبوو، هەروەها ئەم گیانەش دەروونی نەتەنیبوونەوە کە هەنووکە تەنیویەتییەوەو، هەندێکیان لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییەدا خوێندنیان لە خانەی مامۆستایان لە سەراییڤۆ تەواوکردووە، هەر دوو یان سێیان ماف یان وێژەیان لە ڤییەنا تەواو کردووە، بەڵام زۆر کەم بوون، ئەوانە لاوانێکی بێ فیز بوون لە تاقیکردنەوەکانیاندا سەردەکەوتن بێ ئەوەی سەرنج بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، کاتێك خوێندنیان تەواو دەکرد ئەو کات لەناو ئەو سوپا زۆرو زەبەندەیەدا بزر دەبوون کە بیرۆکراتیەتی دەوڵەتی لێ پێکدەهات. بەڵام ماوەیەکە ژمارەی

خوێندکارو قوتابیانی شارەکە لەناکاو بێ شومار پەرەی ستاندووەو، وای لێهاتووە کوڕە جووتیارو کوڕە خاوەند پیشەکارە بچووکەکان بەهۆی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکانەوە خوێندنی خۆیان لە زنکۆکان تەواو بکەن. تەنانەت ناخی خودی خوێندکارەکان و ڕەفتارو هەڵسوکەوتیشیان گۆڕا.

ئێستە وەك ئەو خوێندکارانەی ئەوسا نین، خوێندکارانی سالآنی سەرەتای دوای داگیرکاری، لاوانی شەرمن و نغرۆی خوێندنەوە بن، پڕ بە پێستی تەسکی ئەم وشەیە، هەروەها لەو لاوە بێ هوودە یان ئەو هەرزەکارە بێ گوێیانە نەبوون کە لە مێژبوو شارەکە ناسیبوونی، ئەوانەی چاوەڕوانی ئەوە بوون ببنە خاوەن پیشەو کارو توانای لاویەتی خۆیان لەسەر کابیاکە بەفێڕۆ بدەن، ئەوانەی ئامۆژگاری کەس و کاریان دەکرێت ژنیان بۆ بخوازن تا واز لە گۆرانی چڕین بهێنن. بەڵکو جۆرە لاوانێکی نوێن لە چەندین شارو ولآتی جۆراوجۆر دەخوێنن و زۆر شت کاریان تێدەکات. ئەو خوێندکارانە لە شاری گەورەو زانکۆو خوێندنگە دواناوەندییەکان دەگەڕانەوە کە لێیان دەخوێندو دەروون و ناخیان پڕ لە بوێری و هزرو بیر بووبوو، ئەوانەی پێوەندییان بە مافی ئازادی گەلان و مافی بەختەوەری و سەربڵندی تاکەکانەوە هەبوو، ئەوانە حەماسەتی ورووژاندبوون. ئەوان لە هەر پشوویەك لە پشووەکانی هاویندا بیرو ڕای ئازادیان لەبارەی کاروباری کۆمەڵآیەتی و ئایینییەوە لەگەڵ خۆ دەهێنایەوە، لەگەڵ پەرۆشییەکی بەهێز لە پێناوی بووژاندنەوەی نەتەوایەتی کە لەم ڕۆژانەی دواییەدا بە تایبەتی پاش سەرکەوتنەکانی سیرب لە بەلقان، بووبووە بڕوایەکی گشتی و، لەلای ژمارەیەك لە لاوەکان بووبووە هەڵمەتێکی توندی بەرەوکارکردن و قوربانیدان.

کابیا شوێنی سەرەکی بوو کە کۆبوونەوەکانی خۆیانیان تێدا دەکرد. پاش شیوخواردن لەسەر کابیاکە گرد دەبوونەوە. لە تاریکیدا، لەژێر ئەستێرە درەوشاوەکاندا یان لەبەر تریفەی مانگە شەودا، ئەو کاتەی شەو کپ و بێ دەنگە، لەسەر ئەو ڕووبارەی هاژەی گوێی کەڕ دەکرد، ئەو کات دەنگی گۆرانی و گاڵتەکردن بەرز دەبووەوە، لەگەڵ دەمەتەقێ و ئاخافتنی ئەوتۆ کە دوایی نەدەهاتن .

هاوەڵانی منداڵیی خوێندکارەکان لەگەڵیان دادەنیشتن، ئەوانەی پۆلەکانی خوێندنی سەرەتاییان لەگەڵ تەواوکردوون، پاشان لەشاردا مانەوەو پیشەیەك لە پیشەکان فێربوون، یان لە هەندێك ماڵی بازرگانیدا کار دەکەن، سکرتێرێکی ئاسایی شارەوانی یان کارمەندێکی پرۆژەیەك لە پرۆژەکان بوون. ئەوانە دوو گرووپن، گرووپێکیان بەو نێوچەوان و چارەیەی خۆیان لە شارەکەدا قایلن کە تا هەتایە تێیدا دەمێننەوە، ئەوانە بە چاوێکی ڕێزو خۆشنوودییەوە دەڕواننە هاوەڵە خوێندەوارەکانیان بێ ئەوەی خۆیان لەگەڵ بەراورد بکەن و، بێ ئەوەی ئیرەییان پێ ببەن، بەڵکو بەشداری لە پەرەسەندن و بەرەو پێشەوە چوون و پەیامەکەیاندا دەکەن. گرووپەکەی دیکە بەو ژیانە قایل نییە کە بارودۆخ بەسەریدا سەپاندووەو لەشارەکە بەسەری دەبات، ئارەزووی شتێکی دیکە دەکات، بە پلەیەکی باڵآترو بەهایەکی باشتری دەزانێت، شتێکی دیکەیە کە لەهەر ڕۆژێکی نوێدا دوورترو درەنگتر دەستەبەر دەبێت.

ئەوانەی ئەگەرچی هەر بە دۆست و هاوڕێی برادەرە خوێندەوارەکانیان دەمێننەوە، لەبەر گاڵتەجاڕیی بێ سنوورو ناشیرین یان بێ دەنگیی نەیارانەیان لییان جیا دەبنەوە. ئەوانە ناتوانن لە دەمەتەقێکانیاندا ڕوو بە ڕوو بەشدارییان لەگەڵدا بکەن و، ئەو هەستی کەمتەرخەمییەیان بەردەوام ئازاریان دەدات، ئەگەر لە قسەو

ئاخافتندا بەشداری بکەن دەیانبینیت بەشێوەیەکی زێدەڕۆیی و بڕوانەکەرانە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوان کەسانێکی دواکەوتووی نەزانن، بەبەراورد لەگەڵ هاوڕێکانیاندا کە بەختیان لە بەختی ئەوان باشترە، یان دەیانبینیت شانازی بە نەزانینی خۆیانەوە دەکەن و بە نابەدڵییەوە گاڵتە بە هەموو شتێك دەکەن، لەهەردوو باردا ئیرەییەکی زۆریان پێ دەبەن تا ڕادەیەك هەستی پێ دەکرێت و دەبینرێت. بەڵام لاوان بە ئاسانی بەرگەی خراپترین ئارەزووی خۆڕسکی دەگرن و دەتوانن لەگەڵیدا بژین و ئازادو ڕەها بێ گوێدانە هیچ شتێك لە نێواندا بجوولێنەوە.

شار بەر لە ئێستە چەندین شەوگاری بەخۆوە بینی ئەستێرە ڕازاندبوونیەوە یان تریفەی مانگەشەو ڕووناکی کردبوونەوە، بەڵام شار بەر لە ئێستەو، کەس نازانێت خوا نەبێت پاش ئێستە، لاوانی چوون ئەو لاوانە لەگەڵ دەمەتەقێی جۆری ئەم دەمەتەقێیەو، هزری جۆری ئەم هزرانەو، سۆزی جۆری ئەم سۆزانە بە خۆوە دەبینێت یان نا.

ئەوان نەوەیەك فریشتەی یاخیگەرو شۆڕشگێڕن لەم ساتە کورتەدا کە هێشتە هەموو ئەو هێزو مافانەیان هەیە کە فریشتە هەیانەو هەموو ئەو بەخۆنازین و سنگ دەرپەڕاندنەیان هەیە کە شۆڕشگێڕە یاخیگەرەکان هەیانە. ئەو لاوانەی کوڕە جووتیارو کوڕە بازرگان و کوڕە خاوەند پیشەکانن، لە شارۆچکەیەکی وێڵی بۆسنیادا پەروەردە بوون کە چارەنووس ، بێ ئەوەی کۆششێکی تایبەتی بنوێنن، دەروازەیەك بەرەو جیهان و وەهمێکی گەورەی لەبارەی ئازادییەوە پێ بەخشیون. بەو خەسڵەتە لادێیانەی خۆیانەوە کە خۆڕسکانە لێی ڕاهاتوون ڕوویان دەکردە جیهان، بەخۆیان بابەتی خوێندنی خۆیان دەستنیشان دەکرد کە بە پێی ئامادەگی خۆیان یان بە پێی ئارەزووی ساتی هەنووکە یان ئارەزووی ڕێکەوت، هەروەها بەخۆیان جۆری کاتی ڕابواردن و هاوڕێ و دۆستەکانی خۆیانیان هەڵدەبژارد. لەبەر ئەوەی زۆربەیان نەیاندەتوانی دەرك بەوە بکەن کە ڕێیان پێ دراوە ببینن یان سوودێکی زۆری لێ ببینن، بۆیە هەر یەکەیان هەستی دەکرد کە چی بوێت دەستەبەری دەکات و، هەموو ئەوەی دەستەبەری دەکات موڵکی خۆیەتی. ژیان (ئەم وشەی ژیانە زۆر لە ئاخافتنەکانیاندا دووبارە دەبووەوەو، وەك چۆن لەو سەردەمەدا لە وێژەو سیاسەتدا دووبارە دەبووەوەو، بۆ ڕێز لێ گرتنیش بە پیتی کاپیتاڵ (گەورە) دەنووسرا) ژیان، بەلای ئەوانەوە بە بابەتێك لە بابەتەکانی ئارەزووە ڕەهاو تامەزرۆیی ئەقڵی و سەرکێشییە سۆزدارییەکانیان دەچوو کە بێ سنوور بوون. هەموو ڕێگەکانیان لەبەردەمدا واڵابوون. ئەگەرچی پێیان نەدەنایە ئەم ڕێگانەوە، بەڵام خۆشنوودی ژیان بە لایانەوە بەو جۆرە بوو کە دەتوانن (بەلایەنی کەمەوە بە تیۆریانە) ئەو ڕێگەیەی دیانەوێت هەڵبژێرن. ئەوەی پیاوانی دیکە یان ڕەگەزی دیکە، لە وڵاتی دیکەو سەردەمی دیکەدا، توانییان لە پاش خۆیان بەجێی بهێڵن و بە دەستی بهێنن، نەوە لە دوای نەوە بە کۆششی چەندین سەدەو چەندین جۆرە قوربانی ئەوە لەبەردەمیاندا شتێکی ڕەمەکییەو بەخششێکی زەبەندەی بەخشندەکانی چارەنووسە. ئەم کارە بە کارێکی خەیاڵی دێتە پێش چاو بڕوای پێ نەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا شتێکی واقیعییە: دەیانتوانی لاوەکانیان بەو شێوەیە پەروەردە بکەن کە دەیانەوێت، لە جیهانێکدا کە بنەمای ئاکاری کۆمەڵایەتی و کەسایەتی تەنانەت ئەوەی پێوەندی بە تاوانەوە هەبێت، لەو ساڵانەدا بە دەستی تەنگژەیەکی مەزنەوە دەیناڵاند، چونکە هەر گرووپێك

و هەر تاکێك لە تاکەکان بەو شێوەیەی ئارەزووی دەکرد، شی دەکاتەوە یان پەسەندی دەکات یان ڕەتی دەکاتەوە. دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان بیر بکەنەوەو، تا حەزیان لێیە بەدوورو درێژی باسی هەموو کارەکان بکەن چونکە هیچ بەربەستێك نەبوو، دەیانتوانی بوێرانە چییان بوێت بیڵێن، بەلای زۆربەشیانەوە ئاخافتنیان بە کارێکی کردەنی دادەنا، چونکە ئەو پێویستییە کۆنەی عەبداڵبوونی پاڵەوانیەتی و توندوتیژی و هەڕەشەیەی دادەمرکاند کە لە ناخیاندا گڵپەی سەندبوو، بەڵام نەدەبووە هۆی ئەوەی ئەو کەسە گوتوویەتی پابەندی کارێك ببێت یان بەرپرسیاریەتی ئاکامەکەی لە ئەستۆ بگرێت. بەهرەدارترین کەسیشیان بە چاوێکی سووکەوە تەماشای ئەو شتانەیان دەکرد کە پێویستە فێریان بن و لە بەهاو بایەخی ئەوەشیان کەم دەکردەوە کە دەتوانن فێریان بن، بەڵام لافیان بەو شتانەوە لێ دەدا کە نەیاندەزانین و پەرۆشی ئەو شتانە بوون کە لە سنووری توانای ئەوان تێدەپەڕین.

دژوارە مرۆڤ بیری بۆ شێوەیەك لە شێوەکانی چوونە ناو ژیانەوە بچێت لەم شێوەیە مەترسیدارتر بێت و، نەیش بیری بۆلای ڕێگەیەکی ئەنجامدانی کاری دەگمەن یان هەڵوەشانەوە بچێت، هەڵوەشانەوەیەکی تەواو وەك بە پەرۆشییەوە چوون پەرۆشی سۆفیگەرەکان کە لەکارکردندا چوون مۆم دەسووتێن، ئەوەندە ناخایەنێت هاوچەرخەکانیان ستایشیان دەکەن وەك چۆن شەهیدان و پیاوچاکان ستایش دەکەن (نەوە نییە پیاوچاکی خۆی نەبێت) و، بۆ پلەو پایەی ئەو پاڵەوانانەیان بەرز بکەنەوە کە شانازی بەو پلەو پایانەوە دەکرێت.

هەر نەوەیەك لە نەوەکان خەیاڵ پلاوی خۆی لەمەڕ شارستانیەت هەیە، هەندێك خەڵك وا دەزانن لە بازدانێك لە بازدانەکانی شارستانیەتدا بەشداری دەکەن، هەندێکی دیکەیان وا دەزانن ئاوابوونەکەی دەبینن. لە ڕاستیشدا شارستانیەت لە ژێر خۆڵەمێشدا گڕ دەگریت یان کپ دەبێتەوە یان دەکوژێتەوە، ئەویش بە پێی ئەو شوێنەی لێوەی تەماشای دەکەین. ئەو نەوەیەی لەم ساتەدا لەسەر کابیاکەو لەژێر ئەستێرەکان و لەسەر ئاوەکەوە، پرسیاری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەورووژاند، لە نەوەکانی دیکە جیاواز نەبوو تەنیا ئەوە نەبێت کە خەیاڵ پلاوەکانی پتر بوون، بەڵام لە شتی دیکەی جگە ئەو شتەدا لە هەموو نەوەکانی دیکەی دەکرد. ئەویش هەست بەوە دەکات کە ئاگری بەرایی شارستانیەتێکی نوێ هەڵدەگیرسێنێت و، دوایەمین گڕو بڵێسەی ئاگری شارستانیەتێکی دیکە دەکوژێنێتەوە کە بەرەو کزبوون و کوژانەوە دەڕێت. ئەو شتە تایبەتەی دەشێین لەبارەیەوە بیڵێین ئەمەیە: ماوەیەکی دوورو درێژە نەوەیەك پەیدا نەبووە وەك بوێری ئەم نەوەیە خەون بە ژیان و چێژو ئازادییەوە ببینێت پاشان بەختی لە بەختی ئەم نەوەیە خراپتر بووبێت، یان پتر لەم نەوەیە ئازارو ئەشکەنجەی بینیبێت، یان دیلایەتییەکی قورستری بینیبێت لەوەی ئەم نەوەیە بینیویەتی.

بەڵام هەر هەموو ئەو شتگەلە، وێڕای ئەو پەرۆشی و سووربوونە، لەو ڕۆژگارەی هاوینی 1913دا بە تەواوەتی ڕوون نەبووبوونەوە. هەر هەموو شتێك لەسەر ئەم پردە کۆنە وەك یارییەکی نوێی سەرنجڕاکێش وابوو، ئەو پردەی لە شەوانی حوزەیراندا لەبەر تریفەی مانگەشەودا سپی و لاوو نەگۆڕاوو زۆر جوان و زۆر پتەو دیاربوو.. لە هەموو ئەو شتانە پتەوتر کە ڕۆژگار دەشیا بیانهێنێت، لە هەموو ئەو شتانە بەهێزتر کە خەڵك دەشیان بیریان لێ بکەنەوەو ئەنجامیان بدەن.

# نۆزدەمین پاڕ

وەك چۆن شەوە گەرمەکانی وەرزی هاوین لەیەك دەچن، بۆیە ئاخافتنی ئەو فێرخوازو قوتابیانەیش نەدەگۆڕان، یان بە لایەنی کەمەوە لە یەکدی دەچوون.

هەرکە بە پەلەو ئارەزووەوە شیوی ئێوارەیان خواردبا( چونکە ڕۆژیان بە مەلەوانی و خۆدانە بەر هەتاو بەسەر دەبرد) یەك لە دوای یەك دەگەیشتنە سەر کابیاکە. ئەوەتە یانکۆ ستیکۆڤیچ یەکەمین کەس دەگەیشتە کابیاکە. نێوبراو کوڕە دروومانکەرێکی خەڵکی گەڕەکی مەیدانە ماوەی چوار ساڵە لە شاری گراتس دەخوێنێت: لاوێکی باریکەلەیە، ئەگەر لە تەنیشتەوە تەماشای دەم و چاوی بکەیت، دەیبینیت دەرپۆقیوە، قژی ڕەش و سافە، زۆر دەخوێنێتەوەو، بە ناوی خوازراویش وتار دەنووسێت و لە ڕۆژنامەکانی لاوان و بڵاوکراوە شۆڕشگێڕییەکاندا کە لە پراگ و زەغرب بڵاو دەکرێنەوە ناوی دەرکردووە، بەڵام هۆنراوەیش دەهۆنێتەوەو چامەکانیشی بە ناوی خوازراو بڵاو دەکاتەوە. کۆمەڵێك هۆنراوەی ئامادە کردووە دەزگەی (خانەی بەیان) (کە خانەیەکی چاپەمەنی نەتەوەییە) بۆی بڵاودەکاتەوە. وێڕای ئەوەیش لەو کۆبوونەوانەدا کە خوێندکاران سازی دەدەن وتاربێژو ئاخێوەرێکی پەرۆشە. ئەمەیش (فیلیمێر ستیڤانۆڤیچ)ە: لاوێکی بەتەندروست و بە خۆوەیە، ئەسڵ و فەسڵی نازانرێت، چونکە زڕ کوڕ بووە. گاڵتەجاڕو واقیعی و بزێوەو دەست بە خەرجییەوە دەگرێت. خوێندنی نۆژداری لە پراگ تەواو دەکات. ئەمەیش (یاکۆف کیراك)ە: کوڕە پۆستەچییەکی دلێری ناسراوو خۆشەویستی (فیشیگراد)ە. یاکۆف یاسا دەخوێنێت، لاوێکی گەنم ڕەنگ و باریکەلەی زیرەك و گۆساغ و سۆسیالیستە، گیانی وتووێژو مشت و مڕی تێدا دەبینرێت و لە دڵ نەرمی خۆی شەرم دەکات و هەموو سۆزەکانی خۆی ڤەدەشێرێت. ئەمەیش (ڕانکۆ میخائیلۆڤیچ)ە: لاوێکی بێ دەنگ و خۆشەویستە لە زەغرب ماف دەخوێنێت و، هەر لە ئێستەوە بیر لەوە دەکاتەوە کە ببێتە فەرمانبەر. بەشدارییەکی لاوازو کەم لە مشت و مڕو دەمەتەقێی  نێوان برادەران لە بارەی خۆشەویستی و ڕامیاری و ئەو بیرو ڕایانە دەکات کە سەبارەت بەژیان و سستمی کۆمەڵایەتی ئاڵ و گۆڕیان دەکەن. لە دایکیەوە دەچێتەوە سەر یەکێك لە نەوەکانی میخائیلۆی گەورە قەشە، کە لە مێژە سەری بەسەر قازووخێکەوە لە سەر خودی ئەم کابیایە پیشان دراو جگەرەیەکی بە دەمەوە بوو.

هەروەها ژمارەیەك خوێندكارانی قوتابخانە دواناوەندییەكان هەبوون لەوانەی لە سەراییڤۆ دەیانخوێند. ئەوانەی بە ئارەزوویەكی زۆرەوە گوێیان بۆ هاورێ بەتەمەنەكانی خۆیان و سەرگوزەشتەو بەسەرهاتەكانیان لە بارەی ژیانەوە لە شارە گەورەكان ڕادەدێرا، بۆیە بەو خەیاڵەی كە لووت بەرزی لاوان و ئارەزووە شاراوەكانیان هەڵی دەگیرسێنێت، مەزەندە دەكەن كە هەموو شتێك گەورەترو جوانترە لەهەموو ئەوەی لە واقیعدا هەیەو هەموو ئەوەی دەشێت بشێت. ئەوەیش (نیكۆلا گلاسنچانین)ە، كە لاوێكی ڕەنگ زەردی ڕەقەڵەیە، بەهۆی دەست كورتی و نەخۆشی و سەرنەكەوتنەوە، ناچار بوو دوای چوار ساڵ واز لە خوێندنی دواناوەندی بهێنێت و، بگەڕێتەوە فیشیگرادو بە نووسەر لە دەزگەیەكی ئەڵمانی ناردنە دەرەوەی دار دابمەزرێت. سەر بە خێزانێكی خەڵكی (ئۆكۆڵچە)یە كاتی خۆی دەوڵەمەند بووە، بەڵام ئێستە نەدارە. (میلان گلاسنچانین)ی باپیری پاش داگیركاری لە شێتخانەیەكی سەراییڤۆ مردووە، دوای ئەوەی بە گەنجی بەشێكی زۆری سامانی خۆی بە قومار لەدەست داوە. هەمان ساڵ (بوترس گلاسنچانین)ی باوكی مرد. كە پیاوێكی نەخۆش بوو، بێ ورەو بێ هێز، خەڵكی ڕێزیان نەدەگرت. ئێستە نیكۆلا هەر هەموو ڕۆژگاری خۆی لە كەنارە سەختەكەی ڕووبارەكە نزیك بە كرێكارەكان بەسەر دەبرد ئەوانەی كە بنە داربەڕووی قورسیان تل پێ دەداو پێكەویان دەبەستنەوە. قەوارەی ئەو دارانەی دەپێوا كە پێشتر پێوراون، دواتر لە نووسینگە دەیژماردن و لە لیستدا تۆماری دەكردن. بەم كارە بێزارو جارسەی كە لە ناو كەسانێكی ساكاردا ئەنجامی دەدات، ئەم كارەی هیچ پەرۆشییەكی لە دەروونداا ناورووژێنێت و هیچ هیوایەكی بۆ ئاییندەیش پێ نابەخشێت، بەو كارەی هەست بەوە دەكات كە ئازارو ئەشكەنجەو سەرشۆڕییە، هەروەها نائومێدی لەمەڕ گۆڕین یان گۆڕانی باری كۆمەڵایەتی وای لەم لاوە هەستوەرە كردووە چوون خۆراكێكی روحی دڵی ناداتەوەو ناتوانێت ئەنجامی بدات، لەبەر ئەوە هەموو شتێكی لا تاڵ بووە. بەدبەختی و تاك و تەنیایی و ئازار چەشتن، هەر هەموو ئەوە چاویان كردووەتەوەو لە زۆر لایەنەوە دڵیان ناسك كردووە، بەڵام جوانترین هزرو بە بەهاترین زانیاری پتر نائومێدو بەدبەختی دەكەن، چونكە هەستی بەسەرنەكەوتن بەهێزتر دەكات و تا دەهاتیش هەستی دەكرد ژیانی لەم شارۆچكەیەدا هیچ ئومێدێك لەخۆ ناگرێت.

ئاكام ئەوەیش (فلادۆ مارچ)ە، كلیلساز، كە لاوێكی قسەخۆش و دلێرە، هاوەڵەكانی، لە خوێندكارانی قوتابخانە باڵاكان خۆشیان دەوێت و گازی دەكەنە لای خۆیان، چ لەبەر دەنگ خۆشی (برایتۆن) چ لەبەر ساكاری و دڵ نەرمی و دۆستایەتی. ئەم لاوە بەهێزەی كڵاوی كلیلسازی لەسەرە. یەكێكە لەو لاوە بێ فیزانەی كە بەخۆیان خۆیان پێگەیاندووە، ئەوانەی خۆیان بە كەس ناگۆڕنەوەو خۆیان لەگەڵ كەسدا بەراورد ناكەن و هەرچی ژیان پێیان ببەخشێت بە سوپاس و قایل بوونەوە وەریدەگرن و بە ساكاری و ئاسانیش چییان هەبێت دەیبەخشن و پێشكەشی دەكەن.

هەروەها دوو مامۆستای ئافرەت هەن كە (زۆركا)و (زاگۆركا)ن، هەردووكیان لە فیشیگراد لەدایك بوونە. هەموو ئەو لاوانە كێبەركێیانە دڵیان بەلای خۆیاندا ڕاكێشن و، لەبەردەمیان و لە چواردەوریان ڕۆڵی ئەویندارانەی ساكارو ئاڵۆزو پرشنگدارو گیرۆدە دەنوێنن. لەبەردەمیاندا دەكەونە مشت و مڕێكی توندو گەرم و گوڕەوە، چوون شۆڕەسوارانی ئەوسا بە پەرۆشەوە بوون بە شمشێر لەبەردەم خانمانی سەدەكانی

ڕابوردوودا بجەنگێن. پاشان بۆ بینینیان لەسەر کابیاکە دادەنیشتن، بە تاریکی یان بە تەنیا جگەرەیان دەکێشا، یان لەگەڵ یەکێکدا گۆرانییان دەچڕی کە تا ئەو کاتە لە شوێنێك هەر دەیخواردەوە. بە هۆی ئەو دووانەوە چەندین جۆرە ڕق لێبوونەوەو ئیرەیی پێ بردنی شاراوە لەنێوانیاندا سەری هەڵدەدا، کە دەکۆشان پەردەپۆشی بکەن بەڵام نەیاندەتوانی، هەروەها ناکۆکی و دەمەقاڵێی ڕاشکاوانە ڕووی دەدا. ئەو دوو کیژە کاتژمێر دە کابیاکە بەجێ دەهێڵن، دوای ئەوان لاوەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەمێننەوە، بەڵام ڕۆیشتنی هەردوو کیژەکە هێزی خۆشییەکە سست دەکات و، توندو تیژی مشت و مڕەکانیش لاوازتر دەکات.

ستیکۆڤیچ کە زۆر جار ڕۆڵی سەرەکی لە دەمەتەقێ و ئاخافتندا دەبینێت، ئەم ئێوارەیە بێ دەنگەو جگەرە دەکێشێت. پەشێوە. لە ناخەوە بێزارە، بەڵام دەکۆشێت ئەو بێزارییەی خۆی ڤەشێرێت، وەك چۆن دەکۆشێت بەردەوام هەموو سۆزە ڕاستەقینەکانی خۆی ڤەشێرێت بێ ئەوەی بتوانێت بە تەواوەتی پەردەپۆشیان بکات. پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جار بە دیداری مامۆستا (زۆرکا) شادبوو، ئەو کیژە فریودەرە، پڕو بەخۆوە بووە، دەم و چاو هەڵبزوڕکاوو، نیگا تیژە، بە پێداگرتنێکی لەڕادەبەدەری ئەم کارێکیان کرد دژوارترین کارە کە لاوێك و کیژێك لە شارۆچکەیەکدا بیکەن: لە شوێنێکی نادیاردا بەیەك بگەن کە کەس نەیانبینێت و، کەس بەو دیدارەیان نەزانێت. لە قوتابخانەی کیژەکە بە یەك گەیشتن کە ئێستە بەم پشووی هاوینە چۆڵەو کەسی تێدا نییە، کوڕە لە شەقامێکەوە چووە ناو باخچەی قوتابخانەکەوە، کیژەکەیش لە شەقامێکی دیکەوە لە دەرگە سەرەکییەکەوە هاتە ژوورەوە. هەردووکیان لە ژوورێکی تاریکدا بەیەك گەیشتن، پڕ لە تۆزو گەرد بوو، تەختەکانیان تێدا کەڵەکە کرابوو تا دەگەیشتە بنمیچەکە. ئارەزووی ئەوین بەم جۆرەیە: کە زۆر جار ئەویندار بە دوای شوێنی نەبینراوی ناقۆڵادا دەگەڕێت. نەیانتوانی نە دانیشن و نە پاڵ بکەون. هەردووکیشیان شپرزەو شڵەژاو بوون، پڕ لە ئارەزووی سێکسی بوون. ئەوندەی نەخایاند باوەشیان بەیەکدا کردو لەسەر یەکێك لەو تەختانە تێك ئاڵان کە کیژەکە باشیان دەناسێت و، هیچ شتێکیان لە دەوروبەری خۆیان نەدەبینی و هەست پێ نەدەکرد. کاتێك کوڕەکە پێش کیژەکە ئارەزووەکانی دامرکانەوە جلەکانی ڕێك کردەوەو بە ڕوو سەختی ئیزنی لێ خواست بڕوات بێ ئەوەی گوێی پێ بدات. کیژەکەیش دەستی بە گریان کرد. هەردوو لاوەکە نائومێد بوون. هەرکە بە هەر چۆنێك بوو هێوری کردەوە، یەکسەر لە دەرگەی لاوەکییەوە وەك هەڵاتوو تێی تەقاند.

کە گەیشتە ماڵەوە پۆستەچییەکەی بینی گۆڤارێك لە گۆڤارەکانی لاوانی بۆ هێناوە وتارەکەی خۆیی تێدایە بە ناوی (بەلقان و سیرب و بۆسنیاو هەرزەگۆڤینا). بە خوێندنەوەیەکی نوێ وتارەکەی خوێندەوە، خوێندنەوەی وتارەکە ئەو سەرکێشییەی لە بیر بردەوە کە پێش کەمێك ئەنجامی دابوو، بەڵام شتی وای لە وتارەکەدا بینی ئەوەندەی دیکە بێزاری کرد. هەڵەی چاپی تێدایە، جگە لەوەی چەند دەربڕین و فرێزی تێدایە جێی گاڵتەجاڕین، بۆیە هەستی بەوە کرد کە زۆر هزر هەن دەکرا جوانترو ڕوونترو کورتتر بنووسرابان، بەڵام دوای چی.

ئەوەتە ئەم ئێوارەیە، ئەو لاوانە لەسەر کابیاکە دانیشتوون و، بە درێژایی ئەو ئێوارەیە بەرانبەر بە هەمان ئەو کیژە (زۆرکا) وتارەکەی تاوتوێ دەکەن. نەیاری سەرەکی ئەو (کیراك)ی زمان شڕو تەوێڵ پانە کە هەموو شتێك بە بۆچوونی سۆسالیزمی دەبینێت و بە بۆچوونی سۆسیالیزمیش ڕەخنەیان لێ دەگرێت. هەرچی ئەوانی دیکەیە ئەوە بەشداری لە مشت و مڕەکاندا ناکەن تەنیا جار ناجارێك نەبێت. هەرچی هەردوو مامۆستا ئافرەتەکەیە ئەوە بێ دەنگن و ناڕاستەوخۆ پشتگیری ئەو کەسە دەکەن پاساوەکانی بەهێزترن. ستیکۆڤیچ بە شێوەیەکی لاواز بەرگری لە خۆی دەکات، یەکەم لەبەر ئەوەی ئێستە دەرك بەوە دەکات کە وتارەکەی پەلەکردن و لە لۆژیك دەرچوونی پێوە دیارە، ئەگەرچی هەر چۆنێك بووە ناشێت خۆی لەبەردەم خەڵکدا دان بەشتێکی لەو جۆرەدا بنێت، دووەم لەبەر ئەوەی لە ڕووداوی ئەم پاش نێوەڕۆیە بێزارە کە لە هۆڵە تاریك و پڕ لە تەپ و تۆزەکەی وانەگوتنەوەکەدا بەسەری برد، لە یادی ئەو دیمەنانە بێزارە کە ئێستە وای دێنە پێش چاو کە ناپەسەندو ناشیرینن، ئەگەرچی ماوەیەکی دوورو درێژ پێگەی ئارەزووە گەرمەکانی بوون و بابەتێکیش بوو زۆری لەسەر سوور بوو کە کچەکەی دەبینی (ئەوەتە ئەو کیژە لەوێ دانیشتووە، لە تاریکایی ئەم شەوەی هاویندا، بەهەردوو چاوی بریسکەداریەوە تەماشای دەکات). لاوەکە هەست دەکات کە هەڵەی کردووەو گوناهبارەو، هیوا دەخوازێت لەم ڕۆژەدا نەچووبایەتە ئەو قوتابخانەو، هیوا دەخوازێت ئەو کیژەیش هەنووکە لێرە نەبووایە.

ئەوەتە (کیراك) دەبینێت، لەبەر ئەو بارەی تێیدایە، ئەو بارە دەروونییە تایبەتەی، لە زەردەواڵەیەك دەچێت مرۆڤ نەتوانێت لەخۆی دووری بخاتەوە. هەستیش بەوە دەکات نەك هەر بەرگری لە وتارەکەی بکات، بەڵکو ئەوەی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە قوتابخانەکە ڕووی دا، هێوای ئەوەی دەخواست هەنووکە لە شوێنێکی دوور لەم شوێنە تاك و تەنیا بووایە، بیری لە شتێکی دیکە بکردایەتەوە نە وتارەکەو نە کیژەکەیە. بەڵام خۆ ویستن پاڵی پێوە دەنێت بەرگری لەخۆی بکات. بۆیە ستیکۆڤیچ پشتی بە بیروڕاکانی تسفیئیتس و ستڕۆسمایەر بەستووە، (کیراك)یش پشتی بە بیروڕاکانی کاوتسکی و بیبڵ بەستووە.

کیراك وتارەکەی (ستیکۆڤیچ)ی شی کردەوەو هاواری کرد:

ـ تۆ ڕەوڕەکە لەبەردەم مانگاکاندا دادەنێیت. مادامەکێ هاووڵاتی بەلقانی جووتیار نغرۆی کولەمەرگی و هەموو جۆرە نەهامەتییەکە، ئەوە ڕێی تێناچێت پێکهاتەیەکی ڕامیاری بەردەوام و پتەو لەهیچ شوێنێك و لە هیچ بارودۆخێکدا بێتە کایەوە. پێویستە سەرەتا چینە چەوسێنراوکان ڕزگار بکرێن، کە ئەمەیش کارێکە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەمانە هەنگاوە سروشتییەکانن، ئەمە ئەو ڕێگەیە کە پێویستە پێڕەو بکرێت، نەك پێچەوانەکەی. بۆیە پێویستە دەست بە ڕزگارکردنی نەتەوەیی بکرێت و یەکبوونی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ڕزگاری کۆمەڵایەتی و نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی دامەزرێت. ئەگینە جووتیارو کرێکارو بۆرژوای بچووك دێن و نەداری خۆیان و مۆرکی چەوسێنراوەی خۆیان بەسەر ئەم پێکهاتە سیاسییانەدا وەك پەتایەکی کوشندە دەسەپێنێت، لەکاتێکدا چەوسێنرەکانیش دێن کە ئەوانیش ئەژمارەیان کەمە مشەخۆری و کۆنەپەرستی نێو مێشکیان بەسەر ئەم پێکهاتە سیاسییانەدا دەسەپێنن، هەروەها هەموو ئەو

ئارەزووانەیان بەسەردا دەسەپێنن کە پێچەوانەی بەرژەوەندی کۆمەڵن. لە ئاکامی ئەوەشەوە نە دەوڵەتێکی سەقامگیرو نە دەوڵەتێکی دروست دانامەزرێت.
ستیکۆڤیچ وەڵامی دایەوە:
ـ خۆشەویستم هەر هەموو ئەوە پەندێکی بیانییە لە نێو کتێبەکانەوە وەرگیراوە ... پەندێکە ئەوەند ناخایەنێت سەرەتا لەبەردەم جۆش و خرۆشی ڕاچەنیوو زیندووی نەتەوەیی لای سیربەکان و دواتر لای کروات و سلۆڤینییەکان بزر دەبێت و خۆی ڕاناگرێت، کە هەر هەموویان یەك ئامانجیان هەیە. ڕووداوەکان بەپێی پێشبینی ئەڵمانە خاوەند تیۆرییەکان بەڕێوە ناچێت، بەڵام بەرانبەر بەوە بەتەواوەتی لەگەڵ ڕێڕەوی قووڵی مێژوو و پەیامی نەتەوەکەماندا بەرەو پێشەوە دەچێت. بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەوەتای قەرە جۆرج بانگەوازەکەی خۆی ئاراستەکرد : (با هەر یەکێك سەرۆکە تورکەکەی خۆی بکوژێت)، ئەوە لەولاتانی بەلقان خۆڕسکانە بەهۆی شەڕی نەتەوەیی ڕزگاریخوازییەوە چارەسەر دەبن. هەموو کارەکان بە شێوەیەکی زۆر لۆژیکیانە بەرەو پێشەوە دەچن: لە بچووکەکانەوە تا دەگاتە گەورەکان، لە کاروباری ناوچەو هۆزەوە بگرە تا دەگاتە کاروباری نەتەوەو دامەزراندنی دەوڵەت. تەماشای سەرکەوتنەکانمان بکەن لە کۆمانۆڤۆو، لەسەر ڕووباری بریگالنتسا، ئایە هاوکات گەورەترین سەرکەوتن نەبوو کە هزری شۆڕشگێڕی و دادوەری کۆمەڵایەتی بەدی هێنا؟
ـ دەبینین.
ـ ئەوەی هەر لە ئێستەوە شت نەبینێت، ئەوە ناشێت ڕۆژێك لە ڕۆژان شتێك ببینێت. ئێمەیش لەو بڕوایەداین ...
ـ ئێوە بڕواتان وایە .... بەڵام ئێمە بڕوامان وا نییە، بەڵکو دەمانەوێت بەهۆی بەڵگەو ڕووداوەکانەوە بڕوا بکەین.
ئایە ئاوابوونی تورکان و، تێکچوون و لاوازبوونی نەمسا مەجارستان و بەرەو نەمان چوونیان، ئایە ئەو دوو شتە لە واقیعدا سەرکەوتن نین کە گەلانی بچووکی دیموکراسیخوازو چینی چەوسێنراو کە ئاواتەخوازن شوێنی خۆیان لەبەر تیشکی هەتاودا هەبێت، بەدی دەهێنن؟
ـ ئەگەر ئاواتە نەتەوەییەکان دادوەری کۆمەڵایەتیش بەدی بهێنن، ئەوە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا کە زۆربەیان ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان بەدی هێناوەو، ئەو لایەنە بووەتە جێی ڕەزامەندی، ئەوە کێشەی گەورەی کۆمەڵایەتی گەورەمان تێیاندا نەدەبینی و ئەوە ئەو بزووتنەوەو ئەو جۆرە ململانێیانەمان نەدەبینی کە هەنووکە دەیانبینین.
ستیکۆڤیچ بە جۆرە بێزارییەکەوە گوتی:
ـ جارێکی دیکە پێت دەڵێم (ڕزگارکردنی کۆمەڵایەتی) ناشێت ببێتە بابەتی تۆژینەوە، بەر لەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر بنەمای یەکبوونی نەتەوەیی دروست ببێت و، بەر لە بەدی هێنانی چەمکە نوێیەکانی لەمەڕ ئازادی تاکە کەسان و کۆمەڵایەتی. وەك چۆن فەرنساوییەك گوتوویەتی: (یەکەم شت سیاسەت) ...
ـ بەڵکو پێشتر گەدەم ...

کیراك بەم شێوەیە دواو ئاخافتنەکەی پێ بڕی، ئەوانی دیکەیش دەستیان بە هات و هاوار کردو، ئەو مشت و مڕە بێ مەبەستە بوو بە تێك گیرانی نێوان لاوەکان، هەر هەموویان پێکەوە دەئاخافتن و هەر هەموویان پێکەوە قسەیان بەیەکدی دەبڕی، ئەو تێك گیرانەیش ئەوەندەی نەبرد پاش گێڕانەوەی چەند نوکتەیەك لە ناو پێکەنین و هات و هاوارەکاندا پەرت بووەوەو نەما.

ئەوەیش هەلێکی ڕەخساو بوو لەبەردەم (ستیکۆڤیچ)دا بۆ ئەوەی مشت و مڕەکە کۆتایی پێ بهێنێت و بێ دەنگ بێت، بەبێ ئەوەی بە نشوستی یان پاشەکشێ بۆی بژمێررێت.

نزیك کاتژمێر دە زۆرکاو زاگۆرکا بە پاسەوانی فیلیمێرو ڕانکۆ گەڕانەوە ماڵەوەی خۆیان، ئەوانی دیکەیش بڵاوەیان لێ کرد، کەس نەمایەوە تەنیا ستیکۆڤیچ و نیکۆلا گلاسنچانین نەبێت.

ئەو دوو لاوە هاوتەمەنن، لە خوێندنگەی دواناوەندی هاوەڵی یەکدی بوون، لە سەرایێڤۆ لە یەك ماڵدا ئاکنجی بوون. هەر یەکەیان باش یەکدی دەناسن، بۆیە ناکرێت هیچ کامێکیان باشتر ئەوی دیکە هەڵسەنگێنێت و، نەیش ڕاستگۆیانە خۆشی بوێت، بە تێپەڕبوونی ساڵانیش درزی نێوانیان قووڵتر بووبووەوەو، فرەوانترو ناخۆشتر بووبووەوە. هەردووکیان هەموو هاوینێك لەکاتی پشوودانداا لێرە لەم شارۆچکەیە بەیەك دەگەن و، هەر یەکەیان خۆی بە هاوەڵەکەی بەراورد دەکات و هەر یەکەیان وا هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوەڵەکەیدا دەکات وەك هەڵسوکەوتی هاوەڵی نەیار کە لە یەکدی جودا نەبنەوە. ئەوەی قوڕەکەی ئەوەندەی دیکە خەستتر کردبوو ئەوەیە ئێستە ئەو مامۆستا جوان و نیگەرانە (زۆرکا) کەوتووەتە نێوانیانەوە. چونکە زۆرکا بە درێژایی مانگەکانی زستانی ڕابوردوو پێوەندی لەگەڵ (گلاسنچانین)دا هەبوو کە ئەوەندەی خۆش دەویست نەیدەتوانی ئەو خۆشەویستییەی خۆی ڤەشێرێت. تا ڕادەیەکی ئەوتۆی خۆش دەویست کە هیچ لاوێکی دیکەی جگە نموونەی ئەوی تووڕەو کینە لەدڵ نەتوانێت ئەو خۆشەویستییە بنوێنێت. کاتێك مانگەکانی هاوین هاتن و خوێندکاران ڕوویان کردە شارەکە (گلاسنچانین)ی هەستوەر هەستی بەوە کرد کە زۆرکا حەز لە ستیکۆڤیچ دەکات. بۆیە باری گرژی نێوان هەردوو لاوەکە، ئەگەرچی خەڵك هەستیان پێ نەدەکرد، لەم ماوەی دواییەدا زۆر توندوتیژتر بووە. هەر لەسەرەتای پشووی هاوینەوە هەردوو هاوەڵەکە تەنیا جارێکیش بەیەك نەدەگەیشتن وەك هەنووکە بەیەك دەگەن.

یەکەمین هزر کە بیریان لێ کردەوە، کاتێك بە ڕێکەوت بە یەك گەیشتن، ئەوەبوو بە زووترین کات لێك جودا ببنەوە، بێ ئەوەی دەست بەهیچ قسەیەك بکەن، چونکە هەر قسەیەکی نێوانیان ئاکامێکی ناخۆشی لێدەکەوێتەوە. بەڵام کارێك لەو کارە ناشیرینانەی تایبەت بە لاوان ڕێی نەدان ئارەزووەکەیان بەدی بهێنن کە لێك جودا بوونەوەیە. بۆیە بارودخێکی وایان بۆ هەڵکەوت لەو پەشۆکاوییەی ڕزگار کردن، یان بەلایەنی کەمەوە بار قورسی ئەو بێ دەنگییە سەختەی لەسەر سووك کردنەوە کە ماندووی کردبوون . لە تاریکیدا گوێیان لە دوو کەس بوو بەئەسپایی دەڕۆیشتن، پاشان نزیك کابیاکە لەو دیوی گۆشەی ئیفریزەکەوە ڕاوەستان، نە ستیکۆڤیچ و نە گلاسنچانین نەیاندەتوانی لە کۆڕەکەی خۆیانەوە لەسەر کابیاکە بیانبینن و نە ئەوانیش (ستیکۆڤیچ) و (گلاسنچانین)یان دەبینی، بەڵام هەردوو برادەرەکە گوێیان لەهەر هەموو وشەیەکە

که هەردوو قسەکەرەکە دەیکەن و بە دەنگیان هەردووکیانیان ناسییەوە، کە دوو لە برادەرەکانیانن لەوانەی بەتەمەن لەوان بچووکترن: (تۆماس گالۆس و فەهیم بەختیارۆڤیچ)ن. ئەو دوو لاوە لەسەر ئەوە ڕاهاتوون لەو گرووپانە دوور بن کە زۆربەیان لە فێرخوازو خوێندکاران پێکدێن، کە شەوانە لەسەر کابیاکە لەدەوری ستیکۆڤیچ و کیراك کۆ دەبنەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی گالۆس شاعیرو وتاربێژێکی نەتەوەییە، ڕکەبەری (ستیکۆڤیچ)ە، خۆشی ناوێت و ڕێزیشی ناگرێت، هەروەها بەختیارۆڤیچ تا بڵێیت لاوێکی بێ دەنگە، لووت بەرزو کەللە ڕەق و دڕە، وەك چۆن نەوەی بەگێك لە بەگەکان شایەنی ئەوخەسڵەتانە بێت.

تۆماس گالۆس لاوێکی بەژن بڵندی گۆنا ئاڵ و چاو شینە، باوکی ئەلبان گالۆس (ئەلبان فۆن گالۆس) کە دوایەمین کەسی زیندووی ئەو خێزانە دیرێنەیە کە پاش داگیرکاری وەك فەرمانبەر لە (بۆرگلاند)ەوە هاتە شارەکەو ماوەی بیست ساڵ بەرپرسی ئاودێری پاوەنەکان بوو. ئێستە خانەنشینە. ئەو کاتەی هاتە شارەکە کیژی خێزانێکی دەوڵەمەندی لە دەوڵەمەندەکانی فیشیگراد خواست (حاجی تۆماس ستانکۆڤیچ) کە کیژێکی بەخۆوە بووی کەمێك بەتەمەن بوو، گەنم ڕەنگ و، بەدەستەڵات بوو. سێ منداڵی لێ بوو، دوو کچ و کوڕێك، کە هەموویان لە کڵێسای سیربەکان پیرۆز کران و، وەك منداڵانی فیشیگراد پەروەردە کران و، بە ڕاستی نەوەی حاجی تۆماس بوون، تەنانەت (گالۆس)ی بەساڵداچوو، پیاوێکی درێژکەڵەی دەم و چاو جوانە (بەلاوی)، بزەیەکی جوانی لەسەر لێوەو قژی پڕە، ماوەیەکی دوورو درێژە بووەتە هاووڵاتییەکی ڕاستەقینەی هاووڵاتییانی فیشیگراد. ئێستە لەناو شاردا بەناوی (بەرێز ئالبۆ) ناودەبرێت، نەوە لاوەکان بیریان بۆ ئەوە ناچێت کە بیانی بێت و لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا هاتبێتە شارەکەوە کە هاتوونەتە شارەکە. حەزی لە دوو شتە کە کەس بێزار ناکات: قلیان و ڕاوکردن. برادەری کۆنی لە شارەکە هەیە، چ سیرب و چ جووتیاری موسوڵمان بن لەوانەی ئارەزووی ڕاوکردن کۆیان دەکاتەوە. زۆر لە خوو و ڕەوشتی ئەوانی گرتووە وەك بڵێیت لەناو ئەواندا گەورەو پەروەردە بووە، لەوانەیش بێ دەنگی ئاسوودەو دەمەتەقێی هێور، لەوەی ئارەزوومەندانی جگەرەکێشان و ئارەزوومەندانی ڕاوکردن و دارستان و ژیان لە ناو سروشت حەزی لێ دەکەن.

ئەم ساڵ گالۆس بڕوانامەی بەکالۆریای لە دواناوەندی سەراییڤۆ وەرگرت، دەبێت پاییز بچێت لە ڤییەنا خوێندن تەواو بکات. لەو بارەوە بیرو ڕای نێوان ئەندامانی خێزانەکەی جیاوازو پێچەوانەی یەکدییە. باوکی دەیەوێت کوڕەکە زانستی پرەکتیکی بخوێنێت یان زانستی کشت و کاڵ و چاندن، کوڕەکەیش دەیەوێت بچێتە کۆلێژی ئەدەبیات، چونکە ئەم (تۆماس گالۆس)ە هیچی لە باوکی ناچێت بە دیمەنی دەرەکی نەبێت. هەرچی ئارەزووە سرووشتییەکانیەتی ئەوە بەپێچەوانەی ئارەزوەکانی باوکیەوەن. یەکێکە لەو خوێندکارە زیرەکە بێ فیزانەی لە هەموو شتێکدا بە نموونە دەهێنرێنەوە، زۆر بەئاسانی تاقیکردنەوەکانیان ئەنجام دەدەن وەك بڵێیت یاری بکەن، بەڵام تەنیا بایەخ بە تێرکردنی ئارەزووە ڕوحییە شێواوو تەواو نەزانراوەکانیان دەدەن، ئەو ئارەزووانەی لە دەرەوەی چوارچێوەی خوێندنگەو پرۆگرامەکانی خوێندنەوەن. خوا دڵێکی هێوری پێ بەخشیون، بەڵام هزرێکی پەرۆشیشیان هەیە زۆر ئارەزووی زانیاری وەرگرتن دەکات. ئەوان ئاگەداری ئەو تەنگژە بە ئازارو ترسناکانە نین، تەنگژەکانی ژیانی ئالۆش و سۆزداری، کە ژمارەیەکی زۆر لە لاوان لە تەمەنی ئەواندا بە دەستییەوە دەناڵێنن، بەڵام لەهەمان کاتدا بەئاسانی ناتوانن ئەو نیگەرانییە هزرییە

هێور بکەنەوە کە بە دەستیەوە دەناڵێنن، بۆیە زۆر جار بەدرێژایی تەمەنی خۆیان هەموو کارێك تاقی دەکەنەوەو بە نەشازی خۆیان سەر لە خەڵکی دەشێوێنن و، لەسەر کارێکی جێگیر ڕاناوەستن و، بە یەك ئاراستەدا ناڕۆن. وەك چۆن پێویستە هەر لاوێك بەدەنگی داخوازییە سرووشتییە نەمرەکانەوە بچێت، داخوازییەکانی هەرزەیی و باڵق بوون، هەروەها چۆن پێویستە باجی ئەو ڕەوتە ڕوحییە هاوچەرخ و (مۆدە)و نەریتانە بدات کە لە هەموو سەردەم و چەرخێکدا تا ماوەیەك باڵ بەسەر لاواندا دەکێشن، بەو شێوەیە گالینۆس شیعری دەنووسی و، ئەندامی کارای ڕێکخراوەکانی لاوە شۆڕشگێڕە نەتەوەییەکانە. وێڕای ئەوەیش بۆ ماوەی پێنج ساڵ زمانی فەرەنسی وەك بابەتێکی هەڵبژاردە دەخوێنێت، بە تایبەتی بایەخیشی بە ئەدەب و فەلسەفە دەدا، خوویەکی زۆریشی بە خوێندنەوە دەدا بێ ئەوەی ماندوو یان شەکەت بێت. ئەو دەمە خوێندکارانی خوێندنگە دوا ناوەندییەکانی سەرایێڤۆ ئەو کتێبە بیانییانەیان دەخوێندەوە کە دەزگەیەکی ناوداری چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەڵمانی بڵاوی دەکردنەوە ناوی (ڕیکامز یونیڤێرستی بیبلیۆتیك) بوو، بۆیە نامیلکە بەرگ زەردەکان، کە ئەو دەزگە بە پیتی زۆر بچووك چاپی دەکردن و بەنرخی تۆڵەکەی دەفرۆشتن، خۆراکی هزری سەرەکی بوو کە لاوانی ئەو ڕۆژگارە دەیانتوانی دەستەبەری بکەن. ئەو کتێبانە نەك تەنیا ڕێی پێ دەدان ئاگەداری ئەدەبیاتی ئەڵمانی بن، بەڵکو ڕێیشی پێ دەدان شارەزای شاکارەکانی وێژەی جیهانی بن کە بۆ سەر زمانی ئەڵمانی وەرگێڕرابوون، گالۆس زانیاری لەمەڕ فەیلەسووفە نوێیەکانی ئەڵمانیاوە دەستەبەر کردبوو، بە تایبەتی نیتشەو شترنەر، ئەوەبوو لە چوارچێوەی ئەو سەیرانانەی لە گەڵ هاوەڵەکانیدا بە درێژایی ڕووباری ملیاتسکا ئەنجامیان دەدا، ئەو فەیلەسووفانە مشت و مڕی ئەوتۆیان دەکرد کە هەرگیز کۆتایی نەدەهات، ئەویش بەوپەڕی سووربوون و پەرۆشی و ڕێزەوە، بێ ئەوەی زانیارییەکان بە ژیانی تایبەتی خۆیەوە ببەستێتەوە وەك چۆن لاوان زۆر جار وایان دەکرد. ئەم جۆرە کەسانەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیەو پێش وەخت پێدەگەن، کە زانیاری جۆراوجۆریان لایە بەڵام شێواوو نەزانراون، لەنێو خوێندکارانی دواناوەندییەکانی ئەو ڕۆژگارەدا دەگمەن نەبوو. گالۆس لاوێکی پاك و خوێندکارێکی زیرەکە، هیچ لە ئازادی لاوان و کات ڕابواردنیان نازانێت تەنیا ئەو بوێری بیرکردنەوەو زۆر خوێندنەوە نەبێت.

هەرچی (فەهیم بەختیارۆڤیچ)ە خەڵکی شاری فیشیگراد نییە تەنیا لە دایکیەوە نەبێت. باوکی بە نژاد خەڵکی ڕۆگاتستایە کە ئێستە لەوێ دادوەرە، بەڵام دایکی سەر بە خێزانێکی گەورەی ئێرەیە ئەویش خێزانی (عوسمان ئاغچ)ە. بۆیە هەر لە منداڵییەوە بەشێکی پشووی هاوین لەگەڵ دایکیدا لای کەس و کارەکەی لە فیشیگراد بەسەر دەبات. لاوێکی باریکەلەی باڵا بەرزە، ئەندام وردیلەیە، ڕوخساری وردە بەڵام پتەوە. هەموو شتێکی ئەم کوڕە بریتییە لە بەدبەختی و بێ چارەیی و نائومێدی. دەم و چاوی لەوە دەچێت خۆر سووتاندبێتی، دەم و چاوێکی لاکێشەیی ڕیکی گەنم ڕەنگ، تێکەڵ بە چەند دەزوویەکی باریکی شینی تاریك. جووڵەکانی کورت و کەم، هەردوو چاویشی ڕەش، بە دوو بیبیلەوە کە سێبەری شینیان بەسەرەوەیە، ڕوانینی تیژە، بەڵام بریسکەدار نییە، دوو برۆی گەورەو تێکەڵاو، وردە نیشانەیەکی ڕەش بەسەر هەردوو لێوە جوان ڕازاوەکەیەوەیە. مرۆڤ ئەم جۆرە دەم و چاوە لە وێنە بچووکە فارسییەکاندا دەبینێت. ئەویش ئەم

هاوینە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرت، ئێستە چاوەڕوانی بەخشش‌ێکە حکوومەت پێی ببەخشێت بۆ ئەوەی بڕواتە ڤییەناو پسپۆری لە زمانانی ڕۆژهەلاّت وەربگرێت.
هەردوو لاوەکە درێژە بە ئاخافتنەکەیان دەدەن کە پێشتر دەستیان پیّ کردبوو، ئاخافتنەکەیش سەبارەت ئەو خوێندنەیە کە پێویستە بەختیارۆڤیچ هەلّی ببژێرێت. گالینۆس دەیەوێت بۆ هاوەڵەکەی بسەلمێنێت کە هەلّە دەکات ئەگەر ڕوو لە ڕۆژهەلاّتناسی بکات. گالینۆس زۆر جار لە برادەرەکەی پتر دەئاخفێت، لە ئاخافتنەکەیشیدا گەرمییەك بەدی دەکرێت کە لە ئاخافتنی برادەرەکەیدا نییە، خەلّکی ڕاهاتوون گوێی لیّ بگرن و ئەویش ڕاهاتووە کە وتار بخوێنێتەوە، لە کاتێکدا بەختیارۆڤیچ کەم دەئاخڤێت و قسەکانی کورتن، وەك پیاوێك گەیشتبێتە ڕادەی قایل بوون و پێویستی بەوە نەبێت کەسی دیکە قایل بکات، کاتێك گالۆس دەپەیڤێت، وەك هەموو لاوە خوێندەوارەکان، بەو وشەو زاراوەو دربڕینانە بەسەر زاریدا دێن و ئەو خوازە جوان و سەیرانەی ئەندێشەی دروستیان دەکات شادومانە، لەگەلّ ئارەزووی گشتاندندا، لە کاتێکدا برادەرەکەی کە دەپەیڤێت، بیّ ئەوی گوێی پیّ بدات ، قسەکانی وشك و کورتن.
ستیکۆڤیچ و گلاسنچانین لە سێبەرەکەدا لەسەر تەختە بەردینەکە دانیشتوون و بزرو بیّ دەنگن، وەك بلّێیت لە نێوان خۆیاندا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبن لەسەر پردەکە گویّ لە قسەی هەردوو برادەرەکە بگرن بیّ ئەوەی بیانبینن.
ئەوەیش گالۆسە ئاخافتنی لەمەڕ هەلّبژاردنی خوێندنەکە تەواو دەکات، بە گەرمییەوە دەپەیڤی:
ـ ئێوەی موسولّمانان، کوڕانی بەگەکان، زۆر جار سەبارەت بەم پرسە دەکەونە هەلّەوە، ڕۆژگارە نوێیەکان دەخەنە پەشێویو سەر لیّ شێوانەوە، تەنانەت واتان لێهاتووە بە تەواوەتی دەرك بە پێگەی خۆتان لە جیهاندا ناکەن، خۆشویستنی هەر شتێکی ڕۆژهەلاّتیانە تەنیا بۆ دەربڕینێکی هاوچەرخانەی (خواستی داگیرکاری)یە کە لە دەروون و ناختاندا کلّپەی سەندووە. ئەو شێوازە ڕۆژهەلاّتییانەی ژیان و هزر لەمێشکتاندا توند بە سستمێکی کۆمەلاّیەتی یاساییەوە بەستراوەتەوە کە بنەمای دەستەلاّتی کۆنتان بوو. ئەمەیش شتێکە لێی دەگەین بەلاّم هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە ئێوە هەست بە ڕۆژهەلاّتناسی دەکەن لەو ڕووەوە کە زانستە. ئێوە ڕۆژهەلاّتین، بەلاّم بە هەلّەدا دەچن ئەگەر لەو بڕوایەدا بن کە پێویستە لەو پێناوەدا ببنە ڕۆژهەلاّتناس. لەڕاستیدا ئێوە ئەو توانایەتان نییە پەیامی زانست هەلّبگرن و، بە ڕاستیش ئارەزووتان بە لای زانستدا ناشکێتەوە.
ـ تووخوا ...
ـ بەلّیّ بەلّیّ. کاتێك ئەو قسەیە دەکەم ئەوە شتێکی پیشەیی یان خراپ نالّێم. بە پێچەوانەوە. ئێوە تەنیا فەرمانڕەوا بوون لەم خاکەدا، یان بەلایەنی کەمەوە بەو شێوە بوون. لە سەردەمەکاندا توانیتان داگیرکاری و دەستەلاّتی خۆتان فرەوان بکەنەوەو پتەوی بکەن و بە شمشێرو بە کتێب و بە یاساو ئایین و جەنگ بەرگری لیّ بکەن. ئەوەیش کارێکی وای کرد نموونەیەکی جەنگاوەرو فەرمانڕەواو پیاوی دەولّەتی لیّ دروست کردن. ئەوەی دەیزانین ئەوەیە کە ئەم چینەی خەلّکی لە هیچ شوێنێکی جیهان بایەخ بە زانست نادەن، بەلّکو ئەو کارە بۆ ئەو کەسانە بەجیّ دەهێلّن کە هیچ کارێکی دیکەیان نییە بیکەن و ناشتوان جگە لەو کارە کارێکی

دیکە بکەن. ئێوە پێویستە ماف و ئابووری سیاسی بخوێنن، لەبەر ئەوەی ئێوە خاوەن زانیاری بینراوی هەست پێکراون، هەروەها پیاوانی چینی دەستەڵاتداریش لە هەموو شوێن و ڕۆژگارێکدا بەو جۆرەن.
ـ ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت بێ ڕۆشنبیری بمێنینەوە.
ـ نا ... بەڵکو واتای ئەوەیە کە دەبێت وەك خۆتان چۆنن بەو شێوەیە بمێننەوە، یان ئەگەر ئارەزووت لێیە بڵێ وەك چۆن لە ڕابوردوودا وابوون بەو شێوەیە. پێویستە بەم شێوەیە بن، چونکە هیچ مرۆڤێك نییە شتێك بێت و هاوکات پێچەوانەی ئەو شتەیش بێت.
ـ بەڵام ئێستە چینی فەرمانڕوا نین. ئێمەو ئێوە هەر هەموومان ئەمڕۆ هاوسانین.
بەختیارۆڤیچ ئەوەی بە نەختێك گاڵتە پێ کردنەوە گوت کە تێکەڵ بە تاڵی و تێکەڵ بە لووت بەرزی بوو.
ـ چینی فەرمانڕەوا نین، بەڵێ چینی فەرمانڕەوا نین. ئەو بارودۆخەی ئێوەی بەو شێوەیە لێ کردبوو لەمێژە گۆڕاوە، بەڵام ئەوە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە ئێوەیش دەتوانن بەو خێراییە بگۆڕێن. یەکەمین و دوایەمین چینی کۆمەڵایەتی نین کە بنکردایەتی خۆی لەدەست دابێت و دواتر وەك خۆی مابێتەوە. ڕەنگە بارودۆخی گوزەرانی چینیکی خەڵکی بگۆڕێت کەچی ئەو چینە وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەوەیش دەژێت و بەمەیش لەناو دەچێت.
ئەو دوو لاوەی نغرۆی تاریکایی بووبوون لە ئاخافتن کەوتن، ئاخافتنەکەیان ساتێك ڕاوەستا چونکە بێ دەنگی بەختیارۆڤیچ کپی کردەوە.
لەو ئاسمانە سامالە، ئاسمانی مانگی حوزەیران، بەسەر چیا ڕەشەکانەوە، لەوپەڕی ئاسۆوە مانگ بە لەتکراوی هەڵات وەك بڵێیت لەئاوت ڕاژەندبێت، لەناکاو تابلۆ تابلۆ سپییەکەی قەد دیوارە بەرزەکەی ڕووناك کردەوە، لەگەڵ ئەو نووسینە تورکییەی لێی نووسراوە، وەك بڵێیت پەنجەرەیەکە لە تاریکایی شیندا ڕووناکییەکی کزی لێوە دێتە دەرێ. بەختیارۆڤیچ شتێکی گوت، بەڵام دەنگی ئەوەند کز بوو بۆیە هیچ شتێك لە قسەکانی نەگەیشتنە گوێی ستیکۆڤیچ و گلاسنچانین تەنیا چەند وشەیەکی پچڕ پچڕ نەبێت کە لێیان نەدەگەیشتن. ئێستە سەرقاڵی بابەتێکی دیکەن، وەك چۆن بەردەوام لە قسەی لاوەکاندا ڕوو دەدات کە زوو و خێرا هزریان تێدا دێن و دەچن. ئاخافتنیان سەبارەت بە زەمانانی ڕۆژهەڵاتی بەرەو ئاخافتن سەبارەت بە نووسراوەکەی سەر تابلۆ سپییەکەی بەردەمیان گۆڕی، ئەوەتە ئێستە سەبارەت بە پردەکەو بەو کەسە دەدوێن کە دروستی کردووە.
دەنگی گالۆس لە دەنگی هاوەڵەکەی زۆر بڵندترو لە ڕووی دەربڕینەوە دەوڵەمەندتر بوو. ئەگەرچی بەشداری لەگەڵ برادەرەکەیدا دەکات لەو پێدا هەڵدانەی بە محەمەد پاشا سۆکۆلۆڤیچ و بە فەرمانڕەوایی تورك لەسەردەمی ئەودای هەڵدەدا کە بینای مەزنی وەك ئەم بینایەی دروست کردووە، ئێستە بیروڕا نەتەوەییەکانی خۆی سەبارەت بە ڕابوردوو و ئاییندەی گەلی سیرب و کولتوورو شارستانی ئەو گەلە بەپەرۆشەوە شی دەکردەوە (لەبەر ئەوەی هەر یەکە لەم خوێندکارانە لە ئاخافتندا پشت بە بیرو ڕا تایبەتییەکانی خۆی دەبەستێت).
گالۆس گوتی:

ـ ڕاستە ... بێگومان پیاوێکی بلیمەت بوو. ئەو یەکەمین و دوایەمین پیاو لەپیاوانی نەتەوەی سیربمان نییە کە بلیمەتییان لە خزمەتی ئەمپراتۆریەتێکی بیانیدا هەڵکەوتووە. سەدان پیاوی بلیمەتمان پێشکەش بە ئەستەنبووڵ و ڕۆماو ڤییەنا کردووە لەوانەی لە بواری ڕامیاریو جەنگ و هونەردا هەڵکەوتوون... یەکخستنی گەلەکانمان لەسایەی ئاڵای دەوڵەتێکی نەتەوەیی گەورەی بەهێزو هاوچەرخ و نوێدا هیچ واتایەکی نییە تەنیا ئەم واتایە نەبێت، ئەویش ئەوەیە کە هێزو تواناکانمان لە وڵاتەکانی خۆماندا گەشە دەکەن و بە ناوی ئێمەوە بەشداری لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا دەکەن نەك لە ڕێگەی بنکە بیانییەکانەوە.

ـ لەو بڕوایەدایت کە ئەو (بنکانە) بەڕێکەوت سەریان هەڵداوەو، دەشێت بە پێی خواست و بە پێی ئارەزوو و هەر کاتێك بمانەوێت بنکەی نوێی چوون ئەو بنکانە دامەزرێنین ؟

ـ بە ڕێکەوت ... بەڕێکەوت نا ...ئەمڕۆ ئەوە پرسیارەکە نییە. گرنگ نییە بزانین چۆن دەستی پێکردووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوەتە ئێستە بەرەو لەناوچوون دەچێت، سیس دەبێتەوە، هەرەس دەهێنێت، پێویستە شوێنەکەی خۆی بۆ بنکەی نوێ چۆڵ بکات کە گەلە لاوە ئازادەکان پرشنگی تێدا دەدەنەوە، ئەوامەی لەسەر شانۆی مێژوو سەر هەڵدەدەن و بەبێ ناوبژیوان خودی خۆیان دەخەنە ڕوو و دەردەبڕن.

ـ لەو بڕوایەدایت کە محەمەد پاشا سۆکۆلۆڤیچ، بەجووتیارێکی ساکار لەوێ لە سۆکۆلۆڤیچ لەو چیایە بمایەتەوە، دەبووە ئەوەی بوویەو، وەك ئەم جۆرە پردەی دروست دەکرد کە لەم ساتەدا لەسەری دەپەیڤیت؟

ـ لەو سەردەمەدا ...نا ... بەڵام دەبێت ددان بەوەدا بنێین کە دژوار نەبوو تساریگراد (ئەستەنبووڵ) ئەم جۆرە تەلارانە دروست بکات، چونکە حکوومەتی تورکیا لەو هەموو گەلانەی کە ژێردەستەی کردبوون، نەك هەر خێرو بێرو بەرو بووم و ڕەنجی کارەکانی زەوت دەکردین، بەڵکو باشترین هێزو، بێ گەردترین خوێنی دەمارەکانی لێ زەوت دەکردین. ئەگەر بەهاو ترسناکی هەر هەموو ئەو شتانە بیری خۆت بخەیتەوە کە لەماوەی چەندین سەدەدا لێمان زەوت کراوە ئەو کات بێ بەهایی ئەم تەلارانەت بۆ دەردەکەوێت ئەگەر لەگەڵ ئەو هەموو سامانە زەوتکراوانەدا بەراورد بکرێت. بەڵام هەر کاتێك گەلەکەمان ئازادی خۆی و سەربەخۆیی ڕامیارییانەی خۆی بەدەست هێنایەوە، ئەو کات سامان و خوێن و خێرو بێری خۆمان بۆ خۆمان دەمێنێتەوەو، هەموو ئەو شتانەی بەشداری لە بنیاتی شارستانیەتێکی نەتەوەییدا بکەن مۆرکی خۆمان هەڵدەگرن و بەناوی خۆمانەوە ناوزەد دەکرێن و، بۆ بەدیهێنانی بەختەوەری و ئاسوودیی بۆ فرەوانترین چینەکانی گەلەکەمان تێدەکۆشن.

بەختیارۆڤیچ بێ دەنگ بوو هیچ ورتەی لێوە نەدەهات، ئەم بێ دەنگییەی، لەو ڕووەوە کە بەهێزترین و باشترین بەرنگاربوونەوە بوو، (گالۆس)ی دەورووژاندو پاڵی پێوە دەنا دەنگی بەرز بکاتەوەو لە قسەکردندا زۆر توندترو تووڕەتر بێت. دەستی بە ئەژمارکردنی ئەو پرۆژەو کارانەکرد کە دەکەونە ئەستۆی لاوانی شۆڕشگێڕەوە، ئەو پرۆژەو کارانەی بەو حەماسەتەوە دەژمارد کە پێی ناسراوە، بەو زاراوەو وشە باوانەی کە نووسەرە نەتەوە پەرستەکانی ئەو دەمە لە وتارەکانیاندا بەکاریان دەهێنا:

( ڕۆژێك دێت هەموو هێزە زیندووەکانی نێو ڕەگی نەتەوەکەمان ڕاچەنن، ڕایش دەچەنن .. ئەو کات بە لێدان تەختی نەمسا مەجارستان و بەندیخانەی گەلان دێننە لەرزین، لە ئاکامدا هەرەس دێنێت، وەك چۆن

توركیای ئەوروپا هەرەسی هێنا، ئەو کات هەموو هێزە نەیارەکانی نەتەوە، هەموو هێزە کۆنەپەرستەکان لەناو دەچن لەوانەی ئەمڕۆ تەگەرەو کۆسپ لەبەردەم ڕاچەنینی نەتەوەکەمان و گەشەسەندنیدا دروست دەکەن. هەر هەموو ئەوە بەدی دێن، چونکە گیانی سەردەم کە تێیدا دەژین باشترین هاوپەیمانی ئێمەیە، چونکە ڕەنج کۆششی گەلانی دیکەی ژێردەستە بەهەمان ئاراستەدا بەرەو پێشەوە دەچێت کە ئێمەی بەسەردا بەرو پێشەوە دەچین. نەتەوەی هاوچەرخ بەسەر جیاوازی ئایینی و وەهمە پڕو پووچەکاندا سەردەکەوێت و، گەل لە دەستەڵاتی بیانی و چەوساندنەوەی بیانی ڕزگاری دەبێت و ئەو کات دەوڵەتی نەتەوەیی دروست دەبێت).

پاشان گالۆس دەستی بە باسکردنی مۆرك و جوانی و چۆنیەتی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە نوێیە کرد، ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە کە لەدەوری سیرب (ڕۆڵی سیرب وەك ڕۆڵی بییمۆنت دەبێت) هەموو سلاڤییەکانی خوارووی لەخۆ دەگرێت، ئەویش لەسەر بنەمای مافی نەتەوەکان و، لێبوردەیی ئایینی و، هاوسانی لە نێوان هاووڵاتیاندا. گالینۆس لەنێو ئاخافتنەکەیدا ئەو دەبڕین و فرێزە بوێرانەی کە واتایەکی دیاریکراویان نەبوو تێکەڵ بەو وشانە دەکرد کە ڕاستەوخۆ پێداویستییەکانی ژیانی هاوچەرخیان دەردەبڕی، ئەو ئارەزووانەی لە قووڵایی ناخەوەی دڵی نەتەوەدان، ئەم ئارەزووانەی کە زۆر جار وایان لەبارەوە دەگوترێت کە هەر وەك ئارەزووی دەربڕینی داخوازییەکان دەمێننەوە، ئەو داخوازییانەی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانە کە دەشێت بێنە دی، ئەو ڕاستییە گەورانەی کە لەماوەی تەمەنی نەوەکاندا پێدەگەن بەڵام کەس دەرکیان پێناکات و پێشتر کەس ناوێرێت دەریانبڕێت تەنیا لاوان نەبێت، ئەو خەیاڵە نەمرانەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان کپ ناکرێن کەچی هیچ کاتێك بەدی نایەن، بەڵکو وەك مەشخەڵ کە ئەفسانەکان لێی دەدوێن نەوە ڕادەستی نەوەیەکی دیکەیان دەکات. ڕاستە ئاخافتنەکەی لاوەکە زۆر بیرو ڕای لەخۆ گرتبوو لەوانەی لەبەردەم ڕەخنەدا خۆیان ناگرن و زۆر لەو گریمانەی کە بە تاقیکردنەوە ناسەلمێنرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا جۆرە هەوایەکی دڵخۆشکەری لەخۆ گرتبوو، شیلەیەکی بەهاداری تێدا بوو کە بە هۆیەوە مرۆڤایەتی دەمێنێتەوەو تا دێت لاویەتی گەنج دەبێتەوە.

بەختیارۆڤیچ هەر بێ دەنگ بوو.

ـ دەبینیت (گالۆس بە پەرۆشییەوە دەستی بە ئاخافتن کردەوەو دەیویست برادەرەکەی بە پیشبینییەکانی قایل بکات وەك بڵێیت ئەو کارە خودی ئەم شەو یان سبەینێ ڕوو دەدات) دەبینیت ... دەوڵەت دادەمەزرێنین کە بەنرخترین بەشداری دەبێت لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا .. دەوڵەتێك هەموو کۆششتکی تێدا پیرۆز دەبێت، هەموو قوربانییەکی تێدا پیرۆز دەبێت، هەموو هزرێکی تێدا ڕەسەن دەبێت کە زمانەکەمان هەڵیبگرێت و، هەر کارێك بە مۆری ناوی ئێمە مۆر دەکرێت. ئەو کات شوێنەوارو کاریگەرییەك بەدی دەهێنین کە بەرو بوومی کاری ئازادمان دەبێت و، بلیمەتی نەتەوەکەمان دەردەبڕێت، کارگەلێك ئەگەر بێت و هەموو ئەوانەی لەگەڵدا بەراورد بکرێت کە لە چەندین سەدەی ژێردەستەیی و داگیرکاری بیانیدا دروست کراون، بە کەڵەکەبوویەکی بێ بەهای یاری دەژمێررێت هیچ بەهایەکی نەبێت. پرد بەسەر گەورەترین ڕووبارو قووڵترین دۆڵەوە دروست دەکەین. پردی نوێی جوانترو گەورەتر دروست

دەکەین، نەك بۆ ئەوەی بنکە بیانییەکان و وڵاتانی ژێردەستەی پێ بەیەکدی ببەستینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ناوچەکانی خۆمانیان پێ بە یەکدییەوە گرێ بدەین و بۆ ئەوەی دەوڵەتەکەمان بە هەموو لایەکی جیهانەوە ببەستینەوە. ئەوە کارێکە هیچ گومانێکی لێ ناکرێت، ئەویش ئەوەیە ئەو ئامانجانە بەدی بهێنین کە هەموو نەوەکانی پێشوو ئاواتەخوازیان بوون، دەوڵەتێك لە ئامێزی ئازادیدا دادەمەزرێت و لە سەر بنەمای دادوەری پێك دێت، وەك بەشێك لە هزری خواوەند لەسەر ئەم خاکە بەدی دێت.

بەختیارۆڤیچ هەر بێ دەنگ بوو. دەنگی گالینۆس نزم دەبووەوە. هەرکە هزری بەرزتر ببوایەتەوە، دەنگی نزمتر دەبووەوەو دەگیرا، تا وای لێهات بوو بە پسکە پسکێکی زۆرو، دواتر لە کپی شەوە مەزنەکەدا بزر بوو. ئێستە هەردوو لاوەکە  بێ دەنگن . بەڵام بێ دەنگی بەختیارۆڤیچ کەللە ڕەقانە قورس سەر سینگی شەوی گرتووە. ئەو لە تاریکاییدا هەست پێ کراوو واقیعیانە قیت ڕاوەستاوە، وەك شوورەیەك ناکرێت بەسەریدا بپەڕیتەوە، زۆر توند پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت تا بۆی بکرێت هەموو وتەکانی گالۆس بە درۆ بخاتەوەو، هزرێکی ڕوون بدرکێنێت کە جێ لەق نەبێت.

ـ بنەماکانی جیهان و بناغەکانی ژیان و پێوەندییەکانی نێوان ئادەمیزاد بۆ چەندین سەدە دیاریکراون. ئەویش ئەوە ناگەیەنێت کە ناگۆڕێن، بەڵام ئەگەر بە ماوەی ژیانێکی مرۆیی بەراورد بکرێت و بپێورێت ئەوە بە هەمیشەیی و بەردەوام دێتە پێش چاو. ڕێژەی نێوان درێژایی وی و ژیانێکی مرۆیی وەك ڕێژەی نێوان ڕووی ڕووبارە شەڵاڵ و خێراو بزێوەکەو بنەوەی وایە کە ڕاوەستاوو سەکنیوە بە شێوەیەکی لەسەرخۆی ئەوتۆ دەگۆڕێت دەرکی پێ ناکرێت. تەنانەت بیرۆکەی گۆڕانی ئەم (بنەما)یانە هزرێکی سەقەتەو ناکرێت بەدی بێت. وەك ئەوەی بیەوێت شوێنی چیاکان بگۆڕێت. ئارەزووی گۆڕانکارییەکی لەناکاوو بیرکردنەوە لەمەڕ ئەوەی گۆڕانە کە لەڕێگەی هێزەوە بەدی بهێنێت، زۆر جار لە نێو خەڵکیدا وەك سەرهەڵدانی نەخۆشی و دەردو پەتا دێتە پێش چاو، زۆر جاریش لە مێشکی لاوەکاندا پەرەدەستێنن. بەڵام ئەو مێشکانە وەك چۆن پێویستە بیر ناکەنەوەو لە ئاکامیشدا ناگەنە ئاستی بیرکردنەوەی ئادەمیزاد، ئەوانەیش نین کارەکان ڕێك بخەن و نەیش کاروباری جیهان بەڕێوە ببەن، ئارەزوو چوون ڕەشەبا وایە، لێرەو لەوێ تەپ و تۆز دەکات، ڕەنگە هەندێك جاریش بە تەواوتی بەردەمی ئاسۆ بگرێت، بەڵام لە ئاکامدا هێور دەبێتەوەو نامێنێت و، لەپاش خۆی وێنە کۆنە هەمیشەییەکەی جیهان بەجێ دەهێڵێت. ئەو کارانەی لەسەر ڕووی ئەم عەردە دەمێننەوە بە خواستی خواوەند بەدی دێن، مرۆڤیش تەنیا ئەو ئامرازە ملکەچ و گوێڕایەڵەیە. کارێك لە ئاکامی ئارەزووی ئادەمیزادەوە سەرهەڵبدات، بە دووباردا لێك دەدرێتەوە: یان دەگاتە پلەی بەدی هاتن، یان ئەگەر بەدی بێت، لەناو دەچێت، کە هەرچۆنێك بووە کارێکی چاك نییە. هەر هەموو ئەم ئارەزووە ئاشکراو هەموو ئەم وشە گەرمانەی ژێر ئاسمانی تاریکی سەر کابیاکە هیچ شتێك لە جەوهەری شتەکە ناگۆڕن. هەروەها سەرپێیانە بە تەنیشت ڕووداوە گەورەکاندا تێدەپەڕن کە لەم جیهانەدا ماونەتەوەو لەو شوێنەیش بزر دەبن کە ئارەزووەکان کپ دەبنەوەو بایەکان دەسەکنن. پیاوە مەزنەکان، هەروەها تەلارە مەزنەکان، پتر دەبن و، تا خواوەند ئارەزووی لێ بێت پتر بن، بەردەوام هەر پتر دەبن ، ئەم ئارەزووە پووچە لە ناکاوانەو، لووت بەرزی مرۆڤ دەستیان لەو کارەدا نییە.

بەڵام بەختیارۆڤیچ هیچ وشەیەك لەم وشانەی لەزار نەهاتە دەر. ئەوانەی فەلسەفەكەیان لەناو خوێنیاندا دێت و دەچێت، وەك ئەم لاوە موسوڵمانە، بەپێی ئەو فەلسەفەیە دەژین و دەمرن، بەڵام نازانن چۆن بە وشە دەریببڕن و هەست بە پێویستی ئەو ناكەن. پاش ماوەیەكی بێ دەنگی دووردورێژ، ستیكۆڤیچ و گلاسنچانین تێبینییان كرد كە یەكێك لە هەردوو هاوڕێ بزرەكەی نێو تاریكی پشتەوەی دیوارەكە سووتكە جگەرەیەكی فڕێ دا، لە پردەكەوە وەك تیشكێك بەربووەوە ناو ڕووباری دریناو كەوانەیەكی گەورەی دروست كرد. هەمان كات گوێیان لە ترپەی هەنگاوی هەردوو هاوڕێكە بوو بێ دەنگ و لەسەرخۆ بەرەو گۆڕەپانی بازاڕەكە دۆڕیشتن، ئەوەندەی نەخایاند بزربوون و ترپەی پێیان نەدەبیسترا.

كاتێك سەرلەنوێ ستیكۆڤیچ و گلاسنچانین بە تاك و تەنێ مانەوە، هەستانەوەو ڕاچەنین، هەر یەكەیان تەماشای ئەوی دیكەی كرد وەك بڵێیت بەیەك نەگەیشتوون تەنیا ئەم ساتە نەبێت.

لەژێر تریفەی كزی مانگە شەوەكەدا، چەند ڕووناكی و سێبەر بەدی دەكرێن كە تێك دەئاڵێن و یەكدی دەبڕن. بەتەمەنتر دێنە پێش چاو، ئاگری جگەرەكەیان وەك بریسكەی فسفۆر دەبریسكایەوە. هەردووكیان بێ ورە بوون. ئەگەرچی هۆی هەر یەكەیان لەوی دیكە جیاوازتر بوو، بەڵام ئەم شەكەتییەی بە دەستییەوە دەناڵێنن. هەر یەكەیان تەنیا یەك ئارەزووی هەبوو ئەویش ئەوەیە هەڵسێت و بگەڕێتەوە ماڵەوە. بەڵام لەسەر تەختە بەردینەكە ڕۆنیشتن، كە هێشتە بەهۆی تیشكی هەتاوی ڕۆژەوە هەر گەرمە، هەر دانیشتبوون وەك بڵێیت چەقیبن. ئەو ئاخافتنەی لەنێوان هەردوو هاوەڵەكانیاندا ڕووی دا كە بەتەمەن لەمان بچووكترن، ئەو ئاخافتنەی كە بە ڕێكەوت بیستیان بێ ئەوەی كەس بیانبینێت، باشترین هەل بوو بۆیان بۆ دواخستنی ئەو ئاخافتنەی كە بە نیاز بوون دەستی پێ بكەن، بەڵام ئێستە ناتوانن خۆیان لەو ئاخافتنە دوورەپەرێز بگرن.

ـ (كیراك)ت بینی و ئەو پاساوانەت بیست كە ئاماژەی پێ دان؟

ستیكۆڤیچ بەم شێوەیە دەستی بە ئاخافتن كردو گەڕایەوە سەر ئەو مشت و مڕەی كە ئێوارە دەستیان پی كردبوو. ئەوەندەی نەخایاند هەستی بە لاوازی هەڵوێستەكەی خۆی كرد.

گلاسنچانین هەستی بە باشی هەڵوێستەكەی خۆی كرد كە كاتییە، ئەویش هەڵوێستی ئەوەیە كە دەكەوێتە نێوانەوە، دەست بەجێ وەڵامی نەدایەوە.

ستیكۆڤیچ كە ئۆقرەی لێ بڕابوو، پرسیاری كردەوە:

ـ پێم بڵێ تكایە … جێی گاڵتەو پێكەنین نییە ئەمڕۆ لەبارەی ململانێی چینەكانەوە بدوێین و بێین داوای ئەم شتە بێ فەڕانە بكەین لە كاتێكدا هەر پیاوێك لە پیاوەكانمان هەستێكی ڕوونی هەیە كە یەكیەتی نەتەوەیی و ڕزگاربوونی نەتەوەیی كە پێویستە بە شێوازی شۆڕشگێڕانە بەدی بهێنرێن، ئەو دوو ئەركە زۆر گرنگەن كە پێویستە كار لە پێناویاندا بكەین؟

دەنگی ستیكۆڤیچ پرسیارو بانگەوازگەلی بۆ مشت و مڕ لەخۆ گرتبوو. بەڵام گلاسنچانین جارێكی دیكە وەڵامی نەدایەوە. لە كپی ئەم بێ دەنگییە تۆڵەخوازانەی نەیارانەدا، دەنگی میوزیكێك بەر گوێیان كەوت لەیانەی سەربازی سەر كەنارەكەوە دەهات. پەنجەرەكانی نهۆمی خوارەوەی یانەكە ڕووناكن و كراونەتەوە.

ئەمە کەمانێکە لەگەڵ پیانۆیەکدا. دکتۆر بالاك، نۆژداری سەربازی، بە خۆی کەمانەکە دەژەنێت. ژنەکەی کۆلۆنێل پاوەری فەرماندەی ئۆردووەکەیش شان بە شانی پیانۆ دەژەنێت (هەردووکیان دووەمین بەشی سۆناتینەی شوپێر بە پیانۆو کەمان دەژەنن). سەرەتایەکی باشیان دەست پێکرد، بە تەواوەتی پێکەوە گونجاو بوون، بەڵام بەر لەوەی بگەنە ناوەڕاستی پارچە میوزیکەکە پیانۆکە پێش کەمانەکە کەوت، بۆیە کەمانەکە ڕاوەستا. پاش ماوەیەکی کورتی بێ دەنگی ڕەنگە هەردوو میوزیکژەنەکە لەو ماوەیەدا ڕاوێژیان لە بارەی بڕگە دژوارەکەوە کردبێت، دەستیان بە میوزیك ژەندن کردەوە. ئەوانە نزیکەی هەموو ئێواریەك بەو شێوەیە دەکەن، تا کاتێکی درەنگانی شەو هەر میوزیك دەژەنن، لە کاتێکدا کۆلۆنێل لە ژوورێکی دیکە سەرقاڵی یاری کۆنکان دەبێت، یان لە پەنای پەرداخێك شەرابی موستارەوە دانیشتووەو دەیخواتەوە، یان جگەرەیەکی نەمساوی دەکێشێت، لە کاتێکدا ئەفسەرە لاوەکان گاڵتە بەهەردوو میوزیکژەنە ئەویندارەکە دەکەن.

لە ڕاستیدا ماوەی چەند مانگێکە سەربوردەیەکی ئاڵۆزو دژوار لەنێوان خاتوو پاوەرو لەنێوان نۆژدارە لاوەکەدا دەستی پێ کردووە. بەڵام کام لە ئەفسەران ئاگەدارن ناتوانن جۆری پێوەندی نێوانیان دەستنیشان بکەن. هەندێکیان دووپاتی دەکەنەوە ئەو پێوەندییە پێوەندییەکی ئەفلاتوونی ڕووتە (ئاساییە بەمە پێدەکەنن) هەندێکیشیان دەڵێن بێگومان جەستەیش لەمەدا بەشی خۆی هەیە. هەرچۆنێك بێت، ئەوە ئەو دوو کەسە لەیەکدی جودا نابنەوە، ئەویش بە ڕەزامەندییەکی باوکانەی کۆلۆنێل، کە پیاوێکی بە ڕەفتار چاکە کە خزمەتی سەربازی و بە نێوساڵدا چوون و شەراب و تووتن خڵەفاوە.

هەر هەموو شارۆچکەکە ئەو دوو کەسە دەناسن کە دوو هاودەمی یەکدین و لێك جودا نابنەوە. کۆمەڵی ئەفسەران ژیانی تایبەتی خۆیان بەگۆشەگیری بەسەر دەبردو، هیچ پێوەندییەکیان بە دانیشتووانی فیشیگرادو نە بە فەرمانبەرانی بیانییەوە نەبوو، تەنانەت لەسەر تابلۆیەکی دەروازەی باخچەکانی ئەفسەراندا کە پڕ شوێنگەی بازنەیی و ئەستێرەیی گوڵە دەگمەنەکان بوون، نووسرابوو (سەگ هێنان قەدەغەیە) و (چوونە ژوورەوەی سڤیلیش قەدەغەیە) تەنانەت ڕابواردنەکانیشیان لەو کارانە بوو کەس بەشداری تێدا نەدەکردن ئەوانە نەبێت کە جلی سەربازییان پۆشیبوو. لە ڕاستیدا ژیانیان ژیانی چینێکی گەورەی گۆشەگیر بوو، چینێك بە تەنگی تاکڕەوییانەی خۆیانەوە بوون، وەك چۆن بە تەنگی گرنگترین بەشەوە بوون لەو دەستڕۆیشتوویی و دەستەڵاتەی هەیەو، لەژێر ئەو ڕواڵەتە دەرەکییە بریقەدارە ڕەقەوە هەموو ئەو مەزنیەتی و کولەمەرگی و شیرینی و تاڵییەیان شاردبووەوە کە ژیان بەوانی دیکەی دەبەخشێت .

بەڵام هەندێك شت هەن بە پێی سروشتی خۆیان ناشاررێنەوە، ئەو شتانە هەموو چوارچێوەیەك دەشکێنن، چەندە بەهێزیش بن و سنوورەکانیش دەبەزێنن، چەند پاساوانی توند بکرێن (عوسمانییەکان دەیانگوت: سێ شت ناشێن بشاررێنەوە: ئەویندارى و هەڵامەت و نەداری). هەروەها هەمان پەیڤ ئەو دوو ئەویندارە دەگرێتەوە. هیچ پیرەمێرد یان منداڵ یان ئافرەت یان پیاوێك لە شاردا نییە هەردووکیان پێکەوە نەبینێت لە پیاسەکردنەکانیاندا لەو ڕێگە چۆڵانەی دەوروبەری فیشیگراد کاتێك سەرقاڵی ئاخافتن دەبن و چاویان هیچ نابینێت و گوێشیان هیچی دەورو بەریان نابیسێت. شوانەکان ڕاهاتوون بیانبینن وەك ئەو جووتە مێروانە کە تەنیا لەمانگی ئایاردا بە درێژایی ڕێگەکان لەژێر گەڵای درەختەکاندا دەیانبینین، بەردەوام بە جووتە

دەبینران، هەر یەکەیان لە ئەویندارێدا بەوی دیکەوە نووسابوو. خەڵکی ئەو دوو ئەویندارە لە هەموو شوێنێك دەبینن: لە دەوروبەری ڕووباری دریناو ڕووباری ڕزاف دەیانبینن، لە ژێر وێرانەی قەڵا کۆنەکاندا، لەو ڕیگەیەی لە شارەوە بۆ دەرەوە دەچوو، لەدەورو بەری سترایچە، ڕۆژانە لە هەموو کات و ساتێکدا پێکەوەیان دەبینی. لەبەر ئەوەی کات لای ئەویندااران زۆر کورتەو بەلای ئەوانەوە هیچ ڕێگەیەکی درێژیش ئەوەند درێژ نییە. سواری ئەسپ دەبوون و، گالیسکەی بچووکیان دەهاژووت، بەڵام زۆر جار بەپێ دەرۆیشتن، ڕۆیشتنی دوو کەس کە ئەمیان تەنیا لە پێناوی ئەوی دیکەیاندا بژێت، بە هەنگاوێکی تایبەتی دەڕۆیشتن بەخۆی بەڵگەی ئەوەبوو کە دەربەستی هیچ شتێکی ئەم جیهانە نایەن تەنیا ئەوە نەبێت کە پێویستە هەر یەکەیان بەوی دیکەی بڵێت!

پیاوەکە بە نژاد سلۆڤاکییەو ئێستە بووەتە خەڵکی مەجەر. کوڕە فەرمانبەرێکی نەدارە لە سەر حسێبی دەوڵەت خوێندوویەتی، بە ڕاستی لاوێکی بەهرەمەندی بواری میوزیکە، ئاواتی هەیە، زۆر هەستیارە، بە تایبەتی بە هۆی نژادییەوە کە ڕێی ئەوەی لێ گرتووە خۆی بە هاوشانی ئەفسەرە ئەڵمانی یان ئەفسەرە مەجەرییەکان بژمێرێت کە سەر بە خێزانی پایەدارترو دەوڵەمەندترن. هەرچی ئافرەتەکەیە تەمەنی لە چل ساڵی تێپەڕیوە، هەشت ساڵ لەو گەورەترە، بەژن زرافێکی قژ زەرد، کەمێك چرووساوەتەوە، بەڵام ڕەنگی سپی مەیەلەو ئاڵە، دوو چاوی بریسکەداری پێوەیە، بەو شێوەو بەو دیمەنەیەی لەو وێنانە دەکات کە دەم و چاوی شاژنان و جوانی کیژان دەنوێنن.

هەر یەك لەو دوو کەسە پاساوی تایبەتی خۆیان هەیە (ڕەنگە دروست بن یان خەیاڵی بن، بەڵام هەرچۆنێك بێت قووڵن) کە وایان لێدەکات لەم ژیانە ڕازی نەبن. لەو پاساوانەیش یەك پاساوی هاوبەشی نێوانیان: چونکە هەردووکیان لەم شارۆچکەیەدا لەناو ئەم کۆمەڵەی ئەفسەراندا کە زۆربەیان بێ بەهاو بێ قیمەتن هەست بەوە دەکەن کە لە کولەمەرگیدان و لەوە دەچێت لە تاراوگەدا بن. بۆیە بەم شێوەیە توند پێکەوە نووساون و هەر یەکەیان توند ئەوەی دیکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، وەك چۆن دوو خنکاو وا دەکەن. هەر یەکەیان ئەوی دیکەی خۆش دەوێت و، دەتوێتەوەو لەو ئاخافتنە دوورو درێژانەدا یان لە میوزیکدا خۆی ژ بیر دەکات، وەك چۆن ئێستە وا دەکەن.

ئەوە ئەو دوو کەسەن کە بە میوزیکەکەیان ئەو بێ دەنگییە ناخۆشە پڕ دەکەنەوە کە باڵی بەسەر هەردوو لاوەکەدا کێشاوە.

ساتێك لە ساتان ئەو میوزیکەی دەڕژایە نێو شەوە هێمن و کپەکەوە تێکچوو، تا ماوەیەك بێ دەنگ بوو. ئەو کات گلاسنچانین، لەو بێ دەنگییەی هاتە کایەوە، بە دەنگی بەرز دەستی بە ئاخافتن کردو، بەرسڤی دوا ئاخافتنی (ستیکۆڤیچ)ی دایەوە:

ـ جێی گاڵتەیە؟ ئەگەر بتەوێت بە شێوەیەکی دادوەرانە حوکمی بەسەردا بدەیت زۆر شت لەو مشت و مڕەدا هەن جێی گاڵتەن.

لەناکاو ستیکۆڤیچ جگەرەکەی لە لێوی کێشایەوە، هاوکات گلانسچانین لەسەرخۆو بە سووربوونەوە بیروڕای خۆی دەردەبڕی کە ڕوون و ئاشکرا بوو بیروڕای ئەم ئێوارەیەی نەبوون، بەڵکو ماوەیەکی دوورو درێژە پێوەیان دەتلێتەوە:

ـ من وریایانە گوێ لەهەموو ئەو مشت و مڕانە دەگرم کە لەنێوان خۆتاندا دەیکەن وەك چۆن لەنێوان ڕۆشنبیرانی دیکەی ئەم شارەدا دەکرێت و، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەخوێنمەوە، هەرکە زۆرتر گوێ بگرم پتر دەگەمە ئەو بڕوایەی کە ئەم مشت و مڕانەی ئەو خافتنانەیان تێدا دەکرێت یان ئەوەی پێنووس و خامەکان دەیاننووسن هیچ پێوەندیەکیان بە ژیان و پێداویستییەکان و گیروگرفتە واقیعییەکانی ژیانەوە نییە. لەبەر ئەوەی من لە نزیکەوە دەڕوانمە ژیان، ژیانی ڕاستەقینە، لای کەسانی دیکەی دەبینم و، لای خۆمەوە هەستی پێ دەکەم. ڕەنگە بەهەڵەدا چووبم و، نەتوانم بیروڕای خۆم بە باشی دەرببڕم، بەڵام زۆر جار دەمبینیت ناچار دەبم لەو بڕوایەدا بم کە پێشکەوتنی تەکنیکی و ئاشتی ڕێژەیی لە جیهاندا جۆرە هێورییەکی کاتییان هێنابێتەوە کایەوە، ڕەوشێکی تایبەتی دەستکردی ناواقیعییان هێناوەتە کایەوە هەلی بە چینێکی خەڵکی بەخشیوە، چینی ئەو کەسانەی پێیان دەڵێن ڕۆشنبیران، ئازادانە یاری بە بیرو هزرەکان بکەن، یاری بێکارەکان کە کات بەسەر دەبەن و، (بە چەند ڕوانینێك لە ژیان و جیهان) دەڕوانن، ئەو دوو شتە شتێکی چوون شێوەی خانووە شووشەییەکانیان بۆ هزر هێناوەتە کایەوە کە ڕووەکەکانی ناوچە بیانییەکانیان لە کەشێکی دەستکرددا تێدا دەڕوێنن، بۆیە هیچ پێوەندییەك لەنێوان هەموو ئەمەو لەنێوان خاکدا نییە، هیچ پێوەندییەك لە نێوانی و لە نێوان بناغەی پتەوی واقیعیدا نییە کە جەماوەری گیان لەبەرە زیندووەکان لەسەری دەجووڵێنەوە. ئێوە وا دەزانن کە چارەنووسی جەماوەرو ئەو ئەرکەی جەماوەر لەو شەڕانەدا تاوتوێ دەکەن کە پێویستە بیانکەن لە هەوڵێکدا بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرزانەی کە نەخشەتان بۆ داڕشتوون، بەڵام لەواقیعدا ئەو ڕەوڕەوانە لەناو مێشکتاندا دەخولێنەوە هیچ پێوەندییەکیان بە ژیانی جەماوەرو بە ژیانەوە بە گشتی نییە. ئا لێرەدا یارییەکەتان مەترسیدار دەبێت، یان دەشێت بۆ خەڵکی و بۆ خۆیشتان مەترسیدار بێت

گلاسنچانین ڕاوەستا. ستیکۆڤیچ ئەوەند سەری لەو وتارە دوورو درێژە وریایانە سوڕ ما، تەنانەت بیری لەوە نەکردەوە نە پێی ببڕێت و نەیش بەرسڤی بداتەوە. تەنیا شتێك کە کردی ئەوە بوو کاتێك وشەی (مەترسی) بیست دەستی جووڵاندەوە، جووڵانەوەیەکی لەسەرخۆی گاڵتەجاڕیانە. ئەمەیش (گلاسنچانین)ی تووڕە کرد، بۆیە زۆر بە توندی دەستی بە ئاخافتن کردەوە:

ـ بەخوا مرۆڤ کاتێك گوێی لە قسەکانتان دەبێت دەشێت وا تێ بگات کە هەموو کێشەو گیرو گرفتەکان سەرکەوتووانە چارەسەر کراون و هەموو مەترسییەکان تا هەتایە دوور خراونەتەوەو، هەموو ڕێگەو بانەکان ڕاکێشراون و قیرتاو کراون، هیچ نەماوەتەوە تەنیا ئەوە نەبێت بەسەریاندا بڕۆین ... کەچی هیچ شتێکی ژیان چارەسەر نەکراوەو، ناکرێت هیچ شتێك لە ژیاندا بەئاسانی چارەسەر بکرێت و، هیوای چارەسەرێکی تەواویش لەئارادا نییە، بەڵکو هەموو شتێك دژوارو ئاڵۆزو، گرانە، بە مەترسی گەورەوە بەستراوەتەوە کە لەگەڵ ئامانجی دیاریکراودا ناگونجێت. لەهیچ شوێنێك سێبەری ئەو ئاواتە بوێرانە بەدی ناکرێت کە کیراك

هیوای پێیان هەیە، نەیش ئەو ئاسۆ فرەوانانەی کە تۆ سەریان لێوە دەربهێنیت. مرۆڤ بە درێژایی ژیانی ئەشکەنجەو ئازار دەچێژێت و، ڕۆژێك لە ڕۆژان ناگاتە ئەوەی پێویستی پێیەتی، کەواتە چۆن دەگاتە ئەوەی هیوای پێ هەیەو ئارەزووی دەکات. ئەو بەو تیۆرانەی وەك تیۆرەکانی ئێوە هیچی بۆ ناکرێت تەنیا ئەوە نەبێت پێویستی هەمیشەیی بە یاری کردن قایل بکات. لووت بەرزی خۆی قایل دەکات و، کەسانی دیکە فریودەدات. ئەمە ڕاستییەکەیە، یان بەلایەنی کەمەوە من وای دەبینم.

ـ بەسە کەم سەردەمە مێژووییە جۆراجۆرەکان بەراورد بکە تا پێشکەوتن ببینیت و تا واتای تێکۆشانی مرۆیی ببینیت و، ئاکام واتای ئەو تیۆرانە بزانیت کە تێکۆشانی مرۆیی ئاراستە دەکەن.

یەکسەر گلاسنچانین لەوە تێگەیشت کە ئەم ئاخافتنە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە خوێندنی تەواو نەکردووە، لە ناخی خۆیەوە لەرزی، وەك چۆن هەموو جارێك لەم جۆرە حاڵەتەدا وای لێ دێت. بۆیە گوتی:

ـ من مێژوو ناخوێنمەوە.

ـ کەواتە ئەگەر بتخوێندبایەوە دەتبینی.

ـ بەڵام تۆیش لێی نایخوێنیتەوە.

ـ چۆن؟ من مێژوو دەخوێنمەوە!

ـ جگە لە زانستی سروشتی؟

گلاسنچانین بە خەباسەتەوە ئەوەی بە دەنگێکی لەرزۆك گوت، ستیکۆڤیچ ساتێك شڵەژاو، دواتر بە دەنگێك لەوە دەچوو نووزە بێت دەستی بە ئاخافتن کردەوە:

ـ بەڵێ جگە لە زانستی سروشتی، ئەگەر لەسەر ئەوە سوور بیت ئەو شتە بزانیت. من لە پاڵ زانستی سروشتیدا، بایەخ بە پرسی ڕامیاری و مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەدەم.

ـ شتێکی گەورەیە کە بتوانیت بایەخ بە هەموو ئەمانە بدەیت ... چونکە وەك بزانم تۆ وێڕای هەر هەموو ئەوەیش، وتاربێژو پێشەنگ و شاعیرو ئاشقیشیت.

ستیکۆڤیچ بە بێزارییەوە بزەیەکی هاتێ. یادوەری پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ کە لە هۆڵی چۆڵی وانەگوتنەوەکەی بەسەر برد، وەك شتێکی دوور بەڵام بە ئازار بە مێشکیدا تێپەڕی، تەنیا ئەو کاتە بیری کەوتەوە کە گلاسنچانین و زۆروکا پێوەندی خۆشەویستییان لە نێواندا هەبووە پێش ئەوەی ئەو بێتە شارۆچکەکەوە. ئەوەی خۆشەویستی لە دڵدا نەبێت ناتوانێت هەست بەو شتە بکات کە ئەویندار هەستی پێ دەکات و، ناشتوانێت مەزەندەی هێزو توانای جاڕکێشان و ئەو مەترسییە بکات کە لە جاڕکێشاندایە.

ئەوەندەی نەخایاند ئاخافتنی نێوان هەردوو لاوەکە بوو بە دەمەقاڵێیەکی خۆ بە خۆی توندوتیژ کە هەر لە سەرەتاوە بە سەر سەریانەوە دەخولایەوە.

لاوان نایانەوێت خۆیان لە دەمەقاڵێ ببوێرن، ئەوانیش چوون بێچووی زیندەوەرو گیان لەبەران کە بە ئاسانی دەست بە یاری توندوتیژو دڕندانە دەکەن.

ـ من چیم، بایەخ بەچی دەدەم، هەرچۆنێك بووە ئەوە تەنیا پێوەندی بە خۆمەوە هەیەو پێوەندی بە کەسی دیکەوە نییە. خۆ خۆم لە کاروباری مەترە سێ جایەکان و بنەدارەکانت تێ هەڵنەقورتاندووە؟

ئەو تووڕەبوونە توندەی کەبەردەوام لە دەروون و ناخی (گلاسنچانین)دا دەخولێتەوە کاتێك یەکێك ئاماژە بە حاڵەتەکەی بکات، ئێستە زۆر توند ئازاری پێ گەیاند.

ـ تۆ واز لە مەتری سێ جایەکانم بێنە. من بە هۆی بەروبوومی کارەکەمەوە دەژیم، بەڵام بە هۆیەوە فێڵ لە کەس ناکەم. من فێڵ لەکەس ناکەم و کەس فریو نادەم.

ـ ئەی من کەسم فریو داوە؟

ـ هەموو ئەو پیاوانە یان هەموو ئەو ئافرەتانە دەکەونە ژێر کاریگەری فریودانتەوە!

ـ ڕاست نییە.

بەڵکو ڕاستە. بە خۆت دەزانیت کە ئەمە ڕاستە. جا مادامەکێ بەرەنگارم بوویتەوە ئەوە پێت دەڵێم ...

ـ بیشیلێیت دەربەست نایەم.

ـ بەڵام من بەتەنگی ئەوەوەم. ڕەنگە مرۆڤ هەموو ڕۆژگاری خۆی لە نێوان بنە درەختەکاندا بەسەر ببات، پاش ئەوە ڕێی ئەوەی لێ ناگرێت فێر ببێت و بهزرێنێت و هەست بکات. ڕای خۆمت سەبارەت بە سەرقاڵ بوون و پسپۆرییە زۆرەکانی تۆو ڕا بوێرەکانت دەخەمە ڕوو، هەروەها سەبارەت بە شیعرو دڵدارییەکانت.

ستیکۆڤیچ جوولایەوە وەك یەکێك بیەوێت هەستێت، بەڵام لە شوێنەکەی خۆیدا مایەوە. ماوەیەکی دوورو درێژە میوزیکی کەمان و پیانۆکە لە یانە سەربازییەکەوە دەستی پێ کراوەتەوە (هەردووکیان هەنووکە سێیەمین بەشی سۆناتینەکە دەژەنن، کە بەشێکی خۆش و جوولاوە)، دەنگەکانیش بەو شەوە لەناو هاژەی ڕووبارەکەدا بزر دەبن.

ـ سوپاس، لەو بارەیەوە ڕای لەتۆ زیرەکترم بیستووە.

ـ نا، نا ... ئەوانی دیکە یان ناتناسن، یان درۆت لەگەڵ دەکەن، یان ڕایان وەك ڕای منە بەڵام خۆیان کڕ دەکەن. هەموو تیۆرەکانت و، هەموو بایەخ پێدانە زۆرو زەبەندە ڕوحییەکانت و، هەموو پێوەندییە ئەویندارى و برادەرایەتییەکانت، هەموویان لە ئاواتەکانتەوە هەڵقوڵاون، ئاواتەکانیشت ئاواتێکی درۆکینەی گەندەن، لەبەر ئەوەی لە لووت بەرزیتەوە، تەنیا لە لووت بەرزیتەوە هەڵقوڵاون.

ـ ها ها ...

ـ بەڵێ، ئەو بانگەشە گەرمەی هەنووکە بۆ ئەو بیرۆکە نەتەوەییە دەیکەیت ئەویش تەنیا لایەنێکی تایبەتییە لە لایەنەکانی لووت بەرزیت. تۆ ناتوانێت نە دایکت و نە خوشکەکانت و نە براکەت خۆش بوێت، کەواتە چۆن دەتوانیت بیرۆکەیەك لە بیرۆکەو هزرەکانت خۆش دەوێت ! ... ناشێت تۆ کابرایەکی چاك و مەردو دڵسۆز بیت تەنیا لە ڕووی لووت بەرزییەوە نەبێت ... لووت بەرزیت ئەو هێزە گەورەیەیە کە دەتبزوێنێت. تەنیا خۆراکتە. ئەو تەنیا شتەیە کە پتر لە خۆت خۆشت دەوێت. ئەوەی نەتناسێت، دەشێت بە ئاسانی بە چالاکی و پەرۆشیت لە مشت ومڕو تاوتوێ کردن و دڵسۆزیت بۆ بەهای باڵای نەتەوەیی، یان بۆ زانست، یان بۆ شیعر، یان بۆ هەر ئامانجێکی دیکەی بەرزی سەرووی تاك فریو بخوات. بەڵام ناتوانیت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ خزمەتی شتێك بکەیت، ناشتوانیت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەلایەنداری کەسێك بمێنێتەوە، چونکە لووت بەرزی ئەو ڕێگەیەت پێ نادات ... بۆیە هەر کاتێك شتەکە پێوەندی بە لووت

بەرزیتەوە نەبێت، بەلای تۆوە دەبێتە شتێکی نامۆی دوور دەست و ناتەوێت پەنجەیەکی لە پێناودا بلّند بکەیتەوەو ناشتوانێت پەنجەیەکی لەپێناودا بلّند بکەیتەوە. ئەو کات بە هۆی لووت بەرزیتەوە خۆت ڕسوا دەکەیت، چونکە تۆ بە خۆت کۆیلەی ئەو لووت بەرزییەیت. تۆ نازانیت تا چ ڕادەیەك لووتت بەرزە. بۆیە من باشت دەناسم. تەنیا بە خۆم دەزانم تۆ چ ئیبلیسێکی لووت بەرزیت.

ستیکۆڤیچ بەرسڤی نەدایەوە: سەرەتا لەم وشە هوشیارە بەجۆش و خرۆشانەی هاوەڵەکەی سەری سوڕما کە لەناکاو بە دیمەنێکی نوێ و بە ڕۆڵێك خۆی پیشان دا، پێشبینی ئەوەی لێ نەدەکرد پاشان ئەو وشە توندو تیژانەی کە هاوەڵەکەی بەیەك شێوە خستنیە ڕوو، کە سەرەتا بریندارىان کردو ورووژاندیان، ئەو وشانەی بەچێژ هاتنە پێش چاو، تەنانەت لەوە دەچن شیرین و خۆش بن. بێگومان هەندێك دەربڕین دڵیان پێکاو ئازاریان پێگەیاند، بەڵام ئاخافتنەکە بە گشتی ـ مەبەستم ئەم ڕۆچوونە ناو ڕەفتارو هەڵس و کەوتەکانیەوەیە ـ ڕیایی بۆ کردو تا ڕادەیەك قایلی کرد. لەبەر ئەوەی ئەگەر بتەوێت بە لاوێك بڵێیت کە ئەو ئیبلیسێکی لووت بەرزە ئەوە ختۆکەی ئەوەی دەدەیت بە خۆیەوە بنازێت و خۆی خۆش بوێت . ستیکۆڤیچ بە ڕاستی ئارەزووی لێبوو گلاسنچانین لە هەڵدانەوەی ناخەوەی قووڵی بەم جۆرە هەڵدانەوە تووڕەیەو، تیشك خستنە سەر کەسایەتی شاراوەی بەردەوام بووایە، چونکە ئەمەی بە بەڵگەیەکی نوێ دەزانی کە خەسڵەتی باڵای هەیەو پێشەنگە.

لەو کاتەیشدا نیگای توند لەسەر کەلووە سپییەکە نەدەترووکاند کە لەبەر تریفەی مانگە شەوەکەدا بەسەر بەردە سوورەکەوە دەرکەوتبوو.

لەو نووسینە تورکییەی دەڕوانی، کە تێی نەدەگەیشت، ڕوانینی ئەو کەسەی کە دەیخوێنێتەوەو دەکۆشێت واتای قووڵ و دروستی تێدا بۆ ئەو قسە کاریگەرو زیرەکانە بدۆزێتەوە کە ئەم هاوەڵە نەگریسەی لە تەنیشتییەوە دانیشتووە کردنی.

ـ تۆ هەرگیز بایەخ بە هیچ نادەیت. لە ڕاستیدا تۆ نە کەست خۆش دەوێت و نەیش ڕقت لەکەس دەبێتەوە، چونکە هەر یەکە لە خۆشویستن و ڕق لێبوونەوە پێویست بەوە دەکەن مرۆڤ لە قاووغی خۆی بچێتە دەرەوە، خۆی بەخت بکات، خۆی ژ بیر بکات، خۆی تێپەڕێنێت، بەسەر لووت بەرزی خۆیدا زاڵ بێت. تۆیش ناتوانیت ئەوانە بکەیت، ئەگەر بشتوانیت بیانکەیت ئەوە هیچ شتێك نییە لە پێناویاندا بیکەیت. چاك بوونەوەی ئەوانی دیکە کارت تێناکات، کەواتە چۆن ئازارت بدات! تەنانەت کولەمەرگی خۆت، بایەخ بەو کولەمەرگییەی خۆت نادەیت، ئەو کاتە نەبێت کە ڕیایی بۆ لووت بەرزیت بکات! تەنانەت ئیرەیی بە کەس نابەیت، نەك لەبەر ئەوەی چاکیت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوەندە خۆپەرستیت هەموو سنوورێکت تێپەڕاندووە. تۆ هەست بە شادومانی و کولەمەرگی کەسانی دیکە ناکەیت. هیچ شتێك دڵت ناهەژێنێت و ناتجوولێنێت. تۆ خۆت لە هیچ ناپارێزیت، نەك لەبەر ئەوەی بەجەرگیت، بەڵکو لەبەر ئەوەی چی ئارەزووی چاکەت لە ناخدا هەیە هەموویان مت بوونە، وێڕای لە خۆبایی بوونت هیچ پەیوەستییەکت بە خوێن و بە سۆزداری خۆڕسکانەو، نەیش بە خواو، نەیش بە جیهان و نە بە خێزان و نەیش بە برادەرو هاوەڵانەوە نییە. تەنانەت بایەخ بە توانا تایبەتییەکانی خۆت نادەیت. بێزاری لەخۆبایی بوونت ـ نەك ژانی لەخۆبایی بوونت

ـ تەنیا شتە کە دەشێت بتهەژێنێت، بەردەوام و سەبارەت بە هەموو کارێك، ئەو بەخۆی لە جیاتی تۆو بە زامنی تۆوە دەدوێت و کردارەکانی خۆتت بەسەردا دەسەپێنێت.

ستیکۆڤیچ لە ناکاودا گوتی:

ـ ئەمە بۆ ئەوەیە خۆت لە زۆرکا ببەیتە پێشەوە؟

ـ ئەگەر دەخوازیت با لەبارەی زۆرکاوە بدوێین. بەڵی بۆ ئەوەیە خۆم لە زۆرکا ببەمە پێشەوە. تۆ هیچ پەرۆشی وێ نەدەبوویت، بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانیت داوێن پاك و بێ گەرد بیت و ناتوانیت بەرانبەر بە هیچ شتێك ڕاوەستیت، بۆیە ئەوە بە ڕێکەوت پێشنیار کراو لەخۆبایی بوونتی وروژاند ... تۆ دەست بەسەر ئەو مامۆستا بەستەزمان و پەشێوو ناسکەدا بگرێت، وەك چۆن وتارو چامە دەنووسیت و، وەك چۆن وتار دەبێژیت و وانەبێژی پێشکەش دەکەیت، هەرکە لێیان ببێتەوە، لێیان بێزار دەبیت و، لەخۆبایی بوونەکەت لە بێواریدا باوێشك دەدات و، بە نیگا هەموو شوێنێك دەپشکنێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان تێر ناخۆیت و، تێر ناخۆیتەوە، هەموو شتێك دەخەیتە ژێر ڕکێفی لەخۆبایی بوونی خۆتەوە، بەڵام بە خۆت یەکەمین کۆیلەی ئەو لەخۆبایی بوونەیت، یەکەمین شەهیدی ئەو لەخۆبایی بوونەیت. ڕەنگە لە ئاییندەدا زۆر کاری نەبەردی و سەرکەوتنی گەورە دەستەبەر بکەیت، بەسەرکەوتنی گەورەتر لە سەرکەوتنت بەسەر لاوازی ئەو ئافرەتانەدا کە فریویان دەدەیت، بەڵام هیچ سەرکەوتنێك نییە بتوانێت ڕۆژێك لە ڕۆژان دڵت ئاو بدات، لەبەر ئەوەی لەخۆبایی بوونەکەت بەردەوام شتی لەوە دوورتری دەوێت، چونکە بەردەوام لەخۆبایی بوونەکەت هەموو شتێك هەڵدەلووشێت، تەنانەت گەورەترین سەرکەوتن تۆمار بکات ئەوەندە نابات لە یادی دەچێتەوە ... بەڵام تا هەتایە هەموو نشوستی و هەموو ئازارێکی لەیاد ناچێتەوە چەندەیش بێ بەها بێت. کاتێك هەموو شتێکت لەدەوروبەر تێك دەشکێت و، دەڕووخێت و، پیس دەبێت و، ڕسوا دەبێت و، پەرت پەرت دەبێتەوەو لەناو دەچێت، ئەو کات خۆت لەو بیابانەدا تەنێ بەرانبەر بە لەخۆبایی بوونی خۆت دەبینیتەوە کە ناتوانیت هیچ شتێکی پێشکەش بکەیت، ئەو کاتیش هیچت بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێت کە خۆت هەڵلووشیت، بەڵام ئەوەیش دادت نادات، لەبەر ئەوەی لەخۆبایی بوونت کە لەوە خۆشترو بەچێژتر ڕاهاتووە، دەتکاتە خۆراك و دەتخوات. ئەمە ڕووی ڕاستەقینەی تۆیە ئەگەرچی پێچەوانەی ئەوە پێشانی خەڵکی دەدەیت، وێڕای ئەوەیش کە ڕای خۆت بەرانبەر بە خودی خۆت ڕایەکی دیکەیە. بەڵام من دەتناسم.

لێرەدا لەناکاو گلاسنچانین بێ دەنگ بوو.

لەسەر کابیاکە مرۆڤ هەستی بە ساردی شەو دەکرد. بێ دەنگی تێکەڵ بە هاژەی ئاوەکە کە دوایی نەدهات باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشابوو. هەردوو هاوەڵەکە تێبینی ئەوەیان نەکردبوو ئەو موزیکەی لەسەر کەنارەکەوە بەرگوێ دەکەوت، کپ بووە، بە تەواوەتی لە یادیان چووبووەوە لە کوێن و چی دەکەن، لەبەر ئەوەی هەر یەکەیان لە هزرەکانی خۆیاندا نغرۆ بووبوون ئەو نغرۆبوونەی کە تەنیا لاوان لێی دەگەن. پیاوی (مەترە دوو جاکان)، ئەو زۆمدارو ڕەشکنە بەستەزمانە لە بارەی شتێکەوە دوا کە زۆری بیر لێ دەکردەوە، بێ ئەوەی وشەو دەربڕینی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام ئەم جارەیان خێراو ڕەوان و بە جۆش و خرۆش و بە ناخۆشییەوە دوا. (ستیکۆڤیچ)یش گوێی لێگرت بێ ئەوەی بجوولێتەوەو بێ ئەوەی چاو لە کەلووە سپییەکە

بترووکێنێت کە نووسراوی بە تورکی لەسەر نووسراوە، وەك بڵێیت تەماشای پەردەی سینەما بکات، گوێی لە هەر هەموو وشەیەك گرت و، هەستی بە هەر نقورچکێك کرد، بەڵام هیچ شتێکی بە ڕیسوایی تێنەگەیشت لەوەی هاوەڵەکەی دەیگوت و، هیچ مەترسییەکی تێدا بەدی نەکرد. بەپێچەوانەوە، هەر کاتێك گوێی لە وشەیەك لە وشەکانی گلاسناچین دەگرت خۆی دەهاتە پێش چاو کە گەورەتر دەبێت و، بە باڵی نەبینراو، بێ هەراوهۆریاو، خێرا، بوێرانە، بە هەژان و هەڵچوونەوە باڵ دەگرێتەوەو بەسەر ئەو ئادەمیزادانەدا باڵ دەگرێتەوە کە نووساونەتە عەردەوە، بەسەر ئەو پەیوەستانەی لە نێوانیاندایە، بەسەر ئەو یاسایانەی کاروباریان بەڕێوە دەبەن، بەسەر ئەو سۆزانەی لە دڵ و ناخیاندا دەخولێنەوە: ئەو تەنیا کەسێکە سەربڵندو، مەزن و کامەران (یان شتێك لە کامەرانی دەچێت). ئەو بەسەر هەموو شتێکدا دەفڕێت، بۆیە ئەو دەنگەی دەیبیسێت و ئەو وشانەی نەیارەکەی دەیانڵێت، هاژەی ئاون، هەراو هۆریای جیهانن، ئەو جیهانەی نایبینێت، ئەو جیهانە نزمەی، کە دەکەوێتە شوێنێکی ژێر پێیەوە. مەبەستی ئەوە نییە بزانێت جیهان چییەو، بیر لەچی دەکاتەوەو، چی دەبێژێت، چونکە بەسەریدا دەفڕێت، چوون باڵندەیەك بە سەر ناوچەیەك لە ناوچەکاندا بفڕێت.

کاتێك گلاسنچانین ساتێك بێ دەنگ بوو، وا پێدەچوو هەردووکیان بە ئاگە هاتبنەوە. هیچ کامێکیان نەیاندەوێرا تەماشای ئەوی دیکە بکات. کەس نازانێت خوا نەبێت ئەو دەمەقاڵێیە بەرەو کوێ دەڕۆیشت ئەگەر لەسەر پردەکە لای گۆڕەپانەکەوە هەندێك سەرخۆش دەرنەکەوتبان کە ئاوازی پچڕ پچڕیان دەچڕی و هات و هاواریان بوو. دەنگی یەکێکیان کە ناوی (تینۆر)ە بەسەر دەنگی هەموویاندا زاڵ بوو، بە دەنگێکی توندو نارێك گۆرانییەکی کۆنی دەچڕی:

ئەی فاتیمەی کچی عابد ئاغا

ئەی کیژی جوان و قەشەنگ

هەردوو هاوەڵەکە ئەو سەرخۆشانەیان بە دەنگیاندا ناسییەوە، کە ژمارەیەك بازرگان و کوڕی خێزانە زەنگینەکان بوون. هەندێکیان ڕاست و لەسەرخۆ دەڕۆیشتن و هەندێکی دیکەیان لە ڕێ کردندا لەتریان دەبردو بەم لاو بەولادا دەهاتن و دەچوون. بە گاڵتەو گەپە کوێ کەرکەرەکانیانەوە دیار بوو لەو خانەوە هاتبوونە دەرێ کە پێی دەگوترێت ( ژێر دار چنارەکە ) .

ئەوەمان لەیاد چوو لە چوارچێوەی بەسەرهاتەکەی پێشووەوە ئاماژە بە شتێکی نوێ بدەین لە شارۆچکەکەدا تازە هێنرابووە کایەوە (بێگومان ئەوەتان تێبینی کرد کە مرۆڤ بە ئاسانی ئەو شتە لەبیر دەکات کە حەز نەکات باسی بکات).

پازدە ساڵ دەبێت، تەنانەت پێش دەست پێکردنی ڕاکێشانی هێڵە ئاسنینەکە، ژن و پیاوێك لە فیشیگراد نیشتەجێ بوون. پیاوەکە ناوی (تردیك) بوو، ژنەکەیش ناوی (یۆلکا)بوو. ئافرەتەکە سیربی دەپەیڤی چونکە بە نژاد خەڵکی شارۆچکەی (نۆڤی ساد) بوو. ئەوەندەی نەخایاند لە شارەکەدا ئەوە بڵاو بووەوە کە بۆ ئەوە هاتوون شوێنێك دامەزرێنن لای گەلی ئێرە ناوی بۆ دانەنراوە. ئەوەبوو لەوپەڕی شارەوە لەژێر دار چنارە

بەرزەکاندا کە لە بناری چیای ستراپچەوە دەڕوێن، لە خانوویەکی کۆنی خانووی بەگەکاندا کە بە تەواوەتی دیمەنەکەیان گۆڕی ئەو شوێنەیان دامەزراند.

ئەوە ئەو شوێنە بەدناوەیە لە شارەکەدا. پەنجەرەکانی بە درێژایی ڕۆژ داخراون و پەردەکانیان دادراونەتەوە. کە ئێوارانیش دادەهات لە بەردەم دەروازەکەیدا ڕووناکییەکی سپی دەبینرا، ڕووناکی چرایەك لە چراکانی کانەکان بوو، کە بە درێژایی شەو دەگڕا، لە نهۆمی عەردیش دەنگی گۆرانی و دەنگی پیانۆیەکی میکانیکی بەرگوێ دەکەوت. لاوانی شارو پیاوانی چاولەدەر ناوی ئەو ئافرەتە گەنجانەیان بەسەر زارەوە بوو کە (تردیك) دەیهێنان، لەوانەی لەو شوێنەدا بەخێوی دەکردن. سەرەتا چوار بوون: ئیرما، ئیلۆنا، فەریدا، ئارانکا.

خەڵکی هەموو ڕۆژێك لە ڕۆژانی هەینی (کیژەکانی یۆلکا)یان دەبینی سواری دوو گالیسکە بوونەو بۆ پشکنینی هەفتانە بۆ نەخۆشخانەیان دەبردن. سووراوو سپیاویان  لە دەم و چاویان دابوو، گوڵیان بە شەبقەکانیانەوە کردبوو، چەتری درێژیان بە دەستەوە بوو باڵی دانتێلایان پێوە شۆڕ بووبووە. کاتێك گالیسکەکەیان بە ڕێگەدا دەڕۆیشت ئافرەتانی شارەکە کیژەکانی خۆیان دەشاردەوەو ڕوویان وەردەرچەرخاندو هەستیان بەجۆرە سۆزێك دەکرد کە بێزهاتنەوەی تێدا تێکەڵاو بە ڕیسوایی و بەزەیی دەبوو.

کاتێك کاری ڕاکێشانی هێڵە ئاسنینەکە دەستی پێکردو، بڕێکی بێ شوماری پارەو پوول و کرێکار ڕژانە شارەوە، ئەو کات ژمارەی ئەو ئافرەتانە پتر بوو. (تردیك) لە تەنیشت خانووە تورکییە کۆنەکەوەو، بە پێی نەخشەیەکی تایبەت، خانوویەکی نوێی دروست کرد، بنمیچەکەی بە پەردەی سوور ڕازاندەوە کە لە دوورەوە دەبینرا. خانووە نوێیەکە لە سێ بەش پێکهاتبوو: هۆڵێکی هاوبەش، هۆڵێکی تایبەت، هۆڵێکی تایبەت بە ئەفسەران. هەر یەك لەم سێ بەشەیش نرخ و کڕیاری خۆی هەبوو. لەوێ (لەژێر دارچنارەکە)دا بە گوتەی خەڵکی شار، کوڕو کوڕەزای ئەوانەی لە ڕابوردوودا مەییان لە مەیخانەکەی زاریاو دواتر لە ئۆتێلی لۆتیکادا دەنۆشی، کوڕان و کوڕەزایانی ئەوانە دەیانتوانی ئەو پارەو پوولانەیان بۆ مابووەوە یان گردیان کردبووەوە بەفیڕۆ بدەن. لەوێ گاڵتەی سووك بەرگوێ دەکەوتن و دەمەقاڵێی بەناوودەنگ و درامای سۆزداری ڕوویان دەدا، کڕیاران زۆریان دەخواردەوە. بە هۆی ئەو شوێنەوە چەندین کێشە ڕوو بە ڕووی خودی کەسان و خێزانەکان بووەوە لەو کێشانەی لە شارەکەدا ڕوویان دا.

لە ناو سەرەکی ترین کەسی نێو ئەو گرووپە سەرخۆشانەدا کە بەشێکی شەویان لە (ژێر دارچنارەکە)دا بەسەر بردووەو ئێستە هاتوون خۆیان لەسەر کابیاکە فێنك دەکەنەوە، لاوێك دەبینرێت ناوی (بتسیکۆزا)یە، لاوێکی گێلۆکەی دڵ سافەو کوڕە زەنگینەکان شەرابیان دەدایە بۆ ئەوەی گاڵتەی پێ بکەن.

ئەو لاوە کات بەسەربەرانە لەسەر ئیفریزی پردەکە ڕاوەستان بەر لەوەی بگەنە کابیاکە، دەمەقاڵێی سەرخۆشەکان کە لە نێوانیاندا ڕووی دەدا گوێی کەڕ دەکردو بەر گوێ دەکەوت. نیقۆلا لافی ئەوەی لێدەدا کە دەتوانێت تا کۆتایی پردەکە بەسەر ئیفریزە بەردینەکەدا بڕوات، هاوەڵەکانیشی پێیان دەگوت کە ناتوانێت ئەو کارە بکات، ئاکام گرەویان لەسەر دوو شووشە شەراب کرد، ئەگەر توانی بیپەڕێتەوە ئەو کات ئەو دوو شووشە شەرابەی وێ دەدەن. هەرکە لە نێو خۆیاندا ڕێك کەوتن ئەوەندەی نەبرد لاوەکە خۆی

هەڵکوتایە سەر ئیفریزەکەو، دەستی بە ڕۆیشتن کردو، هەردوو باڵی کردبووەوە، وریایانە هەر پێیەکی خستبووە پێش ئەو پێیەکەی دیکەیەوە وەك ئەو کەسەی بە نوستووییەوە بڕوات، کاتێك گەیشتە کابیاکە، ئەو دوو لاوە دواکەوتووەی بینی، هیچی پێ نەگوتن، بەڵکو درێژەی بە ڕێگە مەترسییەکەی خۆی داو ورتە ورتی دەکردو لەتری دەبرد وەك چۆن سەرخۆش ورتە ورت دەکات و لەتر دەبات، لەکاتێکدا هاوەڵە شادەکانی بە دوایەوە دەڕۆیشتن. سێبەرە زلەکەی لەبەر ڕووناکی کزی مانگدا بە درێژایی پردەکە سەمای دەکردو بەسەر ئیفرزەکەوە لە دیوەکەی ئەو دیوەوە دەشکایەوە.

سەرخۆشەکان شێتانە دەستیان بە هاوارو دەربڕینی تێبینی گێلانە کرد، هەردوو لاوەکە هەستان و بێ ئەوەی سلاویان لێ بکەن، هەر یەکەو لە لایەکەوە، بەرەو ماڵی خۆیان بەڕێ کەوتن.

گلاسنچانین لە ڕۆخی چەپەوەی ڕووباری دریناوە لەناو تاریکیدا بزر بوو لەو ڕێگەیەی بەرەو ماڵەوەی خۆیانی دەبات کە دەکەوێتە سەر لووتکەی چیای (جۆکۆڵچە)وە، (ستیکۆڤیچ)یش لە ڕۆخەکەی دیکەوە کە بەرەو گۆرەپانی بازاڕ دەچێت، بە هەنگاوی سست بەڕێ کەوت، ڕێ کردنەکەی دوو دڵی پێوە دیاربوو. نەیدەویست ئەو شوێنەی شار بەجێ بهێڵێت کە لەم کاتانەدا فێنك و شێدارە . ئەوەندەی نەخایاند لای ئیفریزی پردەکە ڕاوەستا. پێویستی بەوەبوو شتێك بەدەست بهێنێت، پشت بە شتێك ببەستێت.

مانگ لەودیوی چیای (فید)ەوە ئاوابووبوو. لاوەکە سەرنجی سێبەرە گەورەو ڕووناکییە کەمەکانی شارەکەی خۆی دەدا کە تێیدا لەدایك بووە، لەو دیمەنە ڕادەما. وەك بڵێیت یەکەمین جارە دەیبینێت، لەو کاتەیشدا لەوپەڕی پردەکەوە پشتی بە ئیفریزە بەردینەکەوە دابوو. شەکەت و غەمگین بوو. ئەو ڕێ کردنە مەترسیدارەی ئەو شێتە (بتسیکۆزا) لەسەر ئیفریزەکە دەستی پێ کرد، لەناکاو منداڵیەتی ساوای خۆی بیر خستەوە، کە ڕۆژێکیان بۆ قوتابخانە دەچوو، لەناو تەمی پاییزدا کاتی بەیانی (تاك چاوە) چوارشانەکەی لەسەر ئەم ئیفریزە بینی سەمای دەکرد. هەر یادوەرییەك لە یادوەرییەکانی تەمەنی منداڵی غەم و خەفەت لە ناخیدا دەوروژێنن. ئەو هەست کردنەیشی پەرت بووەوە کە وشە گەرم و توندەکانی گلاسنچانین بێداریان کردەوە، مەبەستم هەست کردنیەتی بەوەی کە چەند مەزن و سەرنجڕاکێش و جوانەو، تەواو بەسەر هەموو شتێك و هەموو مرۆڤێکدا دەفڕێت. وای هاتە پێش چاو کە لەناکاو ئاسمانەکانی سەرەوەی بەجێ هێشتووەو، بەسەر عەردە تاریکەکەدا سکەخشکێ دەکات، سکەخشکێیەکی دژوار وەك هەموو خەڵکانی دیکە. ئەوەیش کە ئازاری دەدات یادوەری ئەو ڕووداوەیە کە لەگەڵ مامۆستا ئافرەتەکەدا ڕووی دا کە دەبوو ڕووی نەدایە (وەك بڵێیت کەسێکی دیکە ئەو کارەی بەناوی ئەوەوە کردبێت)، هەروەها یادی ئەو وتارەی لە گۆڤارەکەدا بلاوی کردەوە، کە ئێستە وای دێتە پێش چاو لاوازو پڕ لە هەڵەیە (وەك بڵێیت یەکێك لە جیاتی ئەو نووسیبێتی و بەبێ ویستی ئەم بەناوی ئەمەوە بلاوی کردبێتەوە)، هەروەها یادوەری ئەو ئاخافتنە دوورو درێژەی لە نێوانی ئەوو لەنێوان (گلاسنچانین)دا ڕووی دا، کە ئێستە وای دێتە بەرچاو کە پڕ لە خەباسەت و ڕك و کینەو، جنێوی پیس و مەترسی واقیعیانەیە. لێرەدا لەناخیەوەو لەبەر ئەو سەرمایەی لە ڕووبارەکەوە بەرز دەبووەوە مووچڕکێك بە لەشیدا هات، تەنیا لەو ساتەدا نەبێت، وەك بڵێیت تازە لەخەو بێدار بووبێتەوە، تێبینی کرد کە هەردوو پەنجەرەکەی یانە سەربازییەکە تاریك داهاتوون. دوایەمین کڕیارانی

یانەکە بەجێی دەهێڵن. لە گۆڕەپانە تاریکەکەوە دەنگی تەق و تۆقی شمشێری درێژو، دەنگی قسەو هەراو هۆریایەکی ناچارەکی و خۆکردانە بەرگوێ دەکەوت. ئەو کاتە لاوەکە ناچار بوو خۆی لە دیوارەکە دوور خستەوەو، جارێکی دیکە تەماشای پەنجەرە ڕووناکەکەی ئۆتێلەکەی کرد، کە دوایەمین ڕووناکی ڕووناکییەکانی شارە نووستووەکە بوو، پاشان بە هەنگاوی کورت کورت بەرەو ماڵەوە تێی تەقاند کە لەوێیە لەسەرەوە، لە گەڕەکی مەیدان.

*******

# بیستەمین پاڕ

ئەو پەنجەرە تەنیایەی هۆتێلەکە، کە هێشتە وەك نیشانەیەك لە نیشانەکانی ژیان لە شارەکەدا لەو شەوەدا ڕووناکە، ئەو کونە بچووکەی یەکەمین نهۆمە کە ژوورەکەی (لۆتیکا)ی لێیە. ئەم شەو لۆتیکا لەبەردەم مێزە بچکۆلە قەرەباڵغەکەیدا دانیشتووە، وەك چۆن ماوەی بیست و ئەوەندە ساڵە بەردەوام دادەنیشت، کاتێك دەچووە ناو ئەم ژوورە بچووکەوە بۆ ئەوەی دوای هات و چۆو قەرەباڵغی ئۆتێلەکە کە لە میواناندا جمەی دێت کەمێك پشوو بدات، بەڵام لەم ساتەدا هەموو شتێك ئارام و تاریکە.

لۆتیکا لە دەوروبەری کاتژمێر دە گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی و، خۆی بۆ نوستن ئامادەکرد. بەر لەوەی لەسەر نوێنەکەی ڕاکشێت جارێکی دیکە چووەوە بەردەم پەنجەرەکە تا هەوای فێنك هەڵمژێت کە لە ڕووبارەکەوە بەرز دەبووەوەو، سەرنجێکی دوایەمین تاقی پردەکەی دا کە مانگ بە تیشکێکی کز ڕووناکی کردبووەوە، تەنیا دیمەنیشە بەردەوام لە پەنجەرەکەیەوە تەماشای دەکات بێ ئەوەی بگۆڕێت. ئەو کات قەردێکی کۆنی بیرکەوتەوە، لەبەردەم مێزەکەیدا دانیشت و بە دوایدا گەڕا. بەڵام هەرکە دەستی بە هەڵگێڕو وەرگێڕی بلیتەکانی کرد ئەوەندەی نەخایاند سەرقاڵ بوو، کاتی ژ بیر کردو، ئەوەیشی ژ بیر کرد کە پێویستی بە نوستن هەیە بۆیە نزیکەی دوو کاتژمێر لەبەردەم مێزەکەیدا ڕۆنیشت.

ماوەیەکی زۆرە نیوەشەو تێپەڕیوە، بەڵام لۆتیکا خەوی زڕاوەو خەریکە ژمارەکانی یەك لە دوای یەك ڕیز دەکات و، کاغەزەکانی یەك لە دوای یەك هەڵدەداتەوە.

لۆتیکا شەکەتە، بە ڕۆژ، کە دەئاخفێت و کار دەکات، چوست و چالاك و ڕوح سووك و زمان درێژە، تەنانەت کە شەو دادێت و، خۆی بە تەنێ دەمێنێتەوە، هەست بە بارگرانی ساڵان دەکات و هەست بە ماندوویەتی دەکات. پیری ڕووی تێکردووە، جوانیی ڕابوردوویشی تەنیا چەند شوێنەوارێکی بزری ماوەتەوە. ئێستە لاوازو، ڕەنگ زەردە، قژی بریسکەی جارانی نەماوەو، لە تەوقی سەریەوە سپی بووە. ددانە سپی و ڕەقەکانیشی کە لە تەرزە دەچوون زەررد هەڵگەڕاون و بۆشاییان تێکەوتووە. تێڕامانی هەردوو چاوە ڕەشەکەیشی، کە هێشتا بریسەکەیان دیت، بەڵام هەندێك جار .... بە دلڕەقانەو غەمبارییەوە.

لۆتیکا ماندووە، بەڵام  شەکەتی ئێستای ئەو شەکەتییە پیرۆزە بەچێژە نییە کە ئەوسا پاش چالاکییەکی زۆرو قازانجێکی زۆر هەستی پێ دەکردو، ئەوسا پاڵی پێوە دەنا لە خودی ئەم ژوورەدا هەندێك پشوو بخوازێت. ئەوەتە پیریەتی سەری لێ هەڵداوەو، ڕۆژانی دژواریش بەڕێوەن.

لە هەر هەنگاوێکدا کە دەیهاوێت هەست بەوە دەکات کە ئەم سەردەمە شێت بووە، بەلایەنی کەمەوە لای ئەوانەی تەنیا قازانجیان دەوێت و دەیانەوێت بەختەوەری بۆ خێزانەکانیان دابین بکەن.. هەست بەوە دەکات بێ ئەوەی بتوانێت بە وشە دەریببڕێت و، بێ ئەوەی بتوانێت بۆ خۆی پاساویان بداتەوە. کاتێك بەر لە 30 ساڵ گەیشتە بۆسنیاو، دەستی بە کارکردن کرد، ژیانی وا دەبینی کە یەك بارستاییە، چونکە هەموو خەڵکی بە هەمان ئاراستە دەچوون کە ئەویش پێیدا دەڕۆیشت، ئەویش کارکردن بوو لەگەڵ خێزاندا، بۆیە هەر تاکێك شوێنی خۆی گرتبووەوەو، شوێنی هەر هەموو ئەندامێك هەبوو، لەسەرووی هەموو شتێکیشەوە یاساو سستم هەبوو، سستمێکی مکوم و یاسایەکی توند. لۆتیکا جیهانی بەو شێوەیە دەبینی. هەرچی هەنووکەیە ئەوە هەموو شتێك تەواو سەرەو ژێر بووە. بە بۆچوونی ئەو خەڵك دابەش دەبن و بە بێ بنەماو بەبێ هۆ لێکدی جودا دەبنەوە. یاسای قازانج و زیانیش، ئەم یاسا جوانەی کە بەردەوام کردەوەکانی خەڵك کۆنترۆڵ دەکات، هەنووکە وای لێ هاتووە جێی بڕوا نەبێت، چونکە زۆر کەس شتی ئەوتۆ دەکەن و دەڵێن و دەنووسن کە لۆتیکا پێی وایە هیچ ئامانج و ئاراستەیەکیان تێدا نییەو، ناشێت شتی ئەوتۆی لێوە هەڵبهێنجێنن تەنیا کولەمەرکی و زیان نەبێت. ژیان پەرت پەرت دەبێت و لێك دەترازێت. وەك بڵێیت نەوەی نوێ بایەخ بە تێڕوانینی ژیان دەدات پتر لەوەی بایەخ بە خودی ژیان بدات. لۆتیکا ئەم شتەی بە نابەجێ دێتە پێش چاوو، ناشکرێت لێی تێ بگەیت، بەڵام شتێکی واقعییە. لەم پێناوەدا ژیان بەهای خۆی لەدەست دەدات و هەر هەمووی لەناو ئاخافتندا پەرت دەبێتەوە. لۆتیکا بە ئاشکرا ئەمە دەبینێت و لەهەر هەنگاوێکدا هەستی پێ دەکات.

ئەو کارانەی کە وەك گەلە کاوڕێکی شادومان بەبەرچاوییەوە دەجووڵانەوە، هەنووکە وەك ئەم کێلە گەورانەی گۆڕستانی جووەکان قورس و سەکنیون. ئەمە دە ساڵە هۆتێلەکە کارێکی ئەوتۆی نەکردووە، کارێکی کەم نەبێت. دارستانەکانی دەوری شار هەڵکەنران و تەقەی تەوشەکان تا دێت دوورتر دوورترو دوورتر دەبێتەوە، لەگەڵێشیدا سوودو فەڕی کڕیارانی هۆتێلەکەو بەشی هەرە زۆری قازانجەکانی دوور دەکەوێتەوە. (تردیك)یش ئەم پیاوە سووك و دڵڕەق و بێ ئابڕووە کە نە ئاگەی شەرم و نە ئاگەی ئابڕوو دەزانێت، خانووەکەی خۆی لەژێر دار چنارەکاندا کردووەتەوەو، زۆر لە کڕیارانی لۆتیکای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، چونکە دەست بەجێ و بە ئاسانی ئەوەی پێشکەش دەکردن کە نەیاندەتوانی لە ئۆتێلەکەی وێ بە هەر نرخێك بوایە دەستیان بکەوێت. زۆر جار لۆتیکا دژ بەم کێبەرکێ شەرمەزارییە نارەوایە هەڵچووبوو. هەر دەیگوت: ئەم ڕۆژگارەی هاتووە، ڕۆژگارێکە نە سستم و نە یاسای تێدا نییەو، مرۆڤیش ناتوانێت سەربەرزانە ڕۆزی خۆی تێدا دەستەبەر بکات.

جارێکیان ـ ئەوە لە سەرەتادا بوو ـ وا ناوی (تردیك)ی برد، لەبەر ئەو هەموو بێزارییەی هەستی پێ دەکرد، وا ناوی بردو گوتی: ئەمە گەوادە. تردیك لە دادگە سکاڵای لەسەر تۆمار کرد، بۆیە دادگە بە تاوانی

ناوزڕاندن سزای بەسەردا سەپاندو، ناچار بوو غەرامە بدات. تا هەنووکەیش ئەوە ڕەت دەکاتەوە بە ناوێکی دیکەی جگە لەو ناوە بانگی بکات، بەڵام هەنووکە لەبەردەم هەموو کەسێکدا ڕێ بە خۆی نادات بەو ناوەوە بانگی بکات.

یانەی نوێی سەربازی چێشتخانەی خۆی هەیە، ئەشکەوتی خۆیشی هەیە کە باشترین مەی و شەرابی لێیە، لە چەندین ژوور پێکهاتووەو زۆر کەس هاموشۆی دەکەن. گۆستاف، ئەو گۆستافە بێ دەنگە گۆشەگیرە، بەڵام لێزان و دەستپاکە، پاش ئەو هەموو ساڵە دوورو درێژە ئۆتێلەکەی لۆتیکای بە جێ هێشت، تا بۆ خۆی لەناوەندی شاردا قاوەخانەیەك بکاتەوە، لە باشترین شوێنی بازرگانی ناوجەرگەی شاردا بێت، بۆیە هەنووکە بووەتە کێبەرکارێکی نەیار پاش ئەوەی کە یاریدەدەرێکی دەستپاك بوو. ئەو کۆمەڵانەی گۆرانی گوتن و ئەو هۆڵە جۆراجۆرانەی خوێندنەوە کە لەم ساڵانەی دواییەدا وەك بینیمان لە شاردا کرانەوە، هەر هەموویان قاوەخانەی خۆیان هەیە کە ژمارەیەك لە کڕیاران بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

ئێستە ئەو چوست و چالاکی و جم و جووڵەی ئەوسای نێو هۆڵە گەورەکەی ئۆتێلەکە بەدی ناکەیت. لەوەیش کەمتر لە هۆڵە تایبەتییەکە دەبینیت: فەرمانبەرێك لەو فەرمانبەرانەی ژنیان نەهێناوە دانیشتووە نان دەخوات، هەندێك کەس ڕۆژنامە دەخوێننەوەو قاوە دەخۆنەوە. پاش نیوەڕۆی هەموو ڕۆژێك عەلی بەگ شاشچ سەردانی ئۆتێلەکە دەکات، ئەو پیاوە کپ و بێ دەنگەی کە دۆستی گیانی بەگیانی لۆتیکا بوو، ئەو کاتەی لۆتیکا لەهەرەتی گەنجێتیدا بوو. هێشتە وەك جاران کە چۆن ناسرابوو بەقسەو وشەو بە جم و جووڵ و ڕەفتارەکانی بەمەبەست و میانڕۆو خۆپارێزە. پیاوێکی ڕێك و پێك و بە شەرم بوو بایەخی بە پۆشتەیی جل و بەرگەکانی دەدا بەڵام ئێستە قورس بووەو سەری سپی بووە. لەبەر ئەوەی چەند ساڵێکە تووشی نەخۆشی شەکرە بووە، بۆیە قاوە بە (سوکەرین)ەوە دەخواتەوە. کاوەخۆ جگەرە دەکێشێت و، وەك ڕاهاتووە بێ دەنگ گوێ لە ئاخافتنەکانی لۆتیکا دەگرێت. تەنانەت ئەگەر کاتی ڕۆیشتنەوەی بێت بێ دەنگ و لەسەرخۆ هەڵدەستێت و، بەرەو ماڵەوەیان تێی دەتەقێنێت کە لە تسرنچایە.

دراوسێ دەوڵەمەندەکەی لۆتیکا کە (ریتشارد بافلی ڕانکۆڤیچ)ە، ئەویش هەموو ڕۆژێك دێتە ئۆتێلەکە. ماوەیەکی دوورو درێژە وازی لە جل و بەرگی نیشتمانی هێناوەو، جل و بەرگی ڕێك و پێك لەبەر دەکات کە دانیشتووانی شارەکان دەیپۆشن، هیچ جل و بەرگێکی کۆنیشی لای خۆی گل نەداوەتەوە تەنیا فێسە سوورەکە نەبێت. بەردەوام کراسێکی سینگ ڕازاوەی بە یاخەیەکی ڕەق و دوو قۆڵی خڕەوە لەبەر دەکرد کە هەندێك جار ژمارەو حسێبی کاتی لەسەر ئەو دوو قۆڵە تۆمار دەکرد. ئەم پیاوە توانی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە جیهانی بازرگانیدا لە فیشیگراد پێشەنگ بێت. ئێستە پلەو پایەی پتەوو بەهێزە، بەڵام ژیانی گیرۆدەی هەندێك گێرمەو کێشەیەو هەندێك غەم و خەفەتیشی لە دڵدایە.

ئەو چوون پیاوە بەساڵداچووەکان، ئەوانەی هەندێك دەستیان دەچێت و خوا پێداون، ئەم ڕۆژگارە نوێیانە پەشێوی کردوون، بەو هەموو هزری نوێیانەی لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنن و، ژیان و هزرین و دەربڕینی نوێیان لێ دێتە کایەوە. بە بۆچوونی ئەو هەموو شتێك بەرەو (ڕامیاری) دەچێت.

هەر ئەم ڕامیارییەشە تووشی ژانەسەری کردووەو ڕك و کینەی دەورووژێنێت، هەر ئەویشە ماوەیەك لە ماوەی تەمەنی لێ دەشێوێنێت کە پێویست بوو ماوەیەکی ئارام و قایلی بێت پاش ئەو هەموو ساڵە دوورو درێژەی کە بە کارکردن و پاشەکەوت کردن و بێ بەشی بەسەری بردوون. ئەو نایەوێت لەگەڵ دەستەڵاتداراندا بکەوێتە گێرمەو کێشەوە، بەڵکو حەز دەکات بە ئاشتییەکی بەردەوام لەگەڵیاندا بگوزەرێنێت، تەنانەت ئەگەر بە ڕواڵەتیش بوویێت. بەڵام ئەو کارەیش دژوارەو لەوە دەچێت بەدیهێنانی ئەستەم بێت. تەنانەت ناتوانێت لەگەڵ کوڕەکانیدا لەیەك بگەن وەك لێك گەیشتن پێویست دەکات.

کوڕەکانی تووشی سەرسوڕمانیان کردووەو ناتوانێت تێیان بگات، ئەوانیش وەك هەموو لاوەکانی دیکە (لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر لە بەساڵداچووان دەبینین چاو لە لاوەکان دەکەن چ لە ڕووی پێویستی یان لاوازییەوە بێت). ئەو بڕوای وایە کە ئەو لاوانە بە ڕەفتارو هەڵویست و هەموو کارەکانیانەوە کەسانێکی یاخیگەرن، وەك بڵێیت لەو بڕوایەدا بن ژیان و مردن لەسایەی ئەو دۆخەی هەنووکەدا ڕێیان تێ نەچێت و، باشتر وایە مرۆڤ ژیانی یاخیگەرانە لەچیاکان بگوزەرێنێت. ئەم لاوانە ئاگەیان لە خۆیان نییە چی دەبێژن و، تەماشای ئەو کردارانە ناکەن کە ئەنجامی دەدەن، حسێبی ئەوەیش ناکەن چەند پارە خەرج دەکەن و، ڕوو لە کارە تایبەتییەکانی خۆیان ناکەن ... نانەکەیان دەخۆن بێ ئەوەی بپرسن ئەو نانە لە کوێوە دێت، هەر دەەپەیڤن و دەپەیڤن و دەەپەیڤن و، (بە ئەستێرەکان دەحەپن) بە پێی قسەی وی کە کاتێك لەگەڵ منداڵەکانیدا دەبێتە دەمەقاڵێیان.

ئەو بیرو ڕایانە کە دەیانهێنان وکۆتایی نەدەهاتن و، ئەم شێوازی ئاخافتن لە دوای ئاخافتنە بەبێ مەبەست و میانڕۆیی و، ئەم ژیانەی بەبێ لێکدانەوەو ئەژمارتن دەیگوزەرێنن، لە ئەژمارتن یاخی دەبن، هەر هەموو ئەمانە ڕك و کینەی هەڵدەستێنن و نائومێدی دەکەن، ئەوێك کە هەموو ژیانی بە ئەژمارتن گوزەراندووەو خۆی خستووەتە ژێر ڕکێفی ئەژمارتنەوە.

کاتێك گوێیان بۆ شل دەکات و کاتێك تەماشایان دەکات، هەست دەکات ترسێك دایدەگرێت، بڕوای وایە سەرشێتانەو هێدی هێدی، زیان بە بنەماکانی ژیان و بەهادارترین و پیرۆزترین شت بەلای ئەوەوە دەگەیەنن. ئەگەر پرسیاری شیکردنەوەیەکیان لێ بکات بۆ ئەوەی قایل بێت و هێور ببێتەوە هیچ شتێکی ئەوتۆی پێشکەش ناکەن تەنیا ئەوە نەبێت بە لووت بەرزی و بێزەوە بە وشەی زلی وەك: ئازادی، سەربەخۆ، مێژوو، نەبەردی، مەزنی ..وەڵامی دەدەنەوە، کە وشەگەلێکن هەرکە گوێیان لێ بگرێت مووچڕکەیەکی بە لەشدا دێت.

ئەویش بەرانبەر بەوە حەز دەکات ساتێك دانیشێت و قاوە لەگەڵ لۆتیکادا بخواتەوە کە مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵیدا سەبارەت بە کارو ڕووداوەکان بئاخفێت ئەویش بە پشت بەستن بە ژمارەی بڕوا پێکراو لەوەی هەموو خەڵك پەسەندی دەکەن، دوور لە ڕامیاری و وشەی زل زل کە هیچ شتێك ڕوون ناکەنەوەو هیچ شتێك ناڵێن. بە خۆی کاتێك دەدوێت زۆرجار پێنووسە بچووکەکەی بەدەستەوە دەگرێت (ئەو پێنووسە نییە کە ماوەی بیست و پێنج ساڵە هەڵی دەگرت، بەڵکو پێنووسێکی دیکەیە کە بە ئاستەم نەبێت نابینرێت،

پێنووسێکی بریقەدارە وەك پێنووسە کۆنەکە): ئەو هەموو ئەو قسانە کە دەگوترێن بەو پێوەرە ڕاستگۆیە کە هەرگیز هەڵە ناکات و ناهەقی ناکات، تاقی دەکاتەوە کە ژمارەیە.

بافلی و لۆتیکا لە ئاخافتنەکانیاندا یادوەری سەرکێشییەکانی ڕابوردوو یان ئەو نوکتە کۆنانەیان دەگێڕایەوە کە زۆربەی خاوەنەکانیان کۆچی دواییان کردووە، کاتێك لە ئاخافتنەکەیان بوونەوە، بافلی پشت کۆماوو خەفەتبار هەڵستاو، لە شەقامەکە پەڕییەوەو بەرەو دوکانەکەی چوو کە دەکەوێتە گۆڕەپانی بازاڕەوە، لۆتیکایش تاك و تەنیا لەگەڵ خەم و خەفەت و ئەژمارتنەکانیدا مایەوە.

ئەو کارە بازرگانییانەی کە لۆتیکا ئەنجامیان دەدات لە کارەکانی ئۆتێلەکەی باشتر نەبوون. لە ساڵانی سەرەتای داگیرکاریدا کە مرۆڤ پشکی هەر پرۆژەیەکی دەکڕی، لەوە دڵنیا بوو کە ئەو پارەیەی خستووەتە شوێنی دروستی خۆیەوە، دواتر بیری لە هیچ نەدەکردەوە تەنیا لەو بڕە قازانجە نەبێت کە لەو پشکانە بەدەستی دەهێنان. بەڵام لۆتیکا لەو ماوەیەدا تازە ئۆتێلەکەی کردبووەوە، ئەو کاتەیش پارەیەکی ئەتۆی بە دەستەوە نەبوو، ئەو پشتیوانییەی بانقیشی نەبوو کە دواتر دەستەبەری کرد. ئەو کاتەی پارەو پشتیوانی بانقی دەستەبەر کرد، باری بازاڕ گۆڕابوو. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا تەنگژەیەك لە گەورەترین تەنگژەکان دووچاری وڵاتی نەمسا مەجارستان هات. ئەو کات کاغەزەکانی لۆتیکا چوون گەردی بەردەم ڕەشەبا بە ئاسماندا پەرت بوونەوە. لۆتیکا کاتێك لە کۆتایی هەفتە لە(ڕۆژنامەی ڤییەنا)دا دوایەمین نرخی بەنکەنۆتەکانی دەخوێندەوە، لە ڕق و خەفەتاندا فرمێسکی دەڕشت. هەموو قازانجەکانی ئۆتێلەکە، کە ئەو کاتە قازانجی باشی دەستەبەر دەکرد، بەشی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی نەدەکرد لە ئاکامی هەرەسهێنانی نرخی هەموو (قەواڵەکان) لێی دەکەوت. ئەو دەمە لۆتیکا دووچاری دەمار گرژییەك بوو، دوو ساڵی ڕەبەق لە کۆڵی نەبووەوە. لەو ماوەیەدا لە ئەژمەتی ئازاردا چوون شێتی لێهاتبوو ... لەگەڵ خەڵکدا دەپەیڤی بێ ئەوەی گوێیان لێ بگرێت چی دەڵێن و بێ ئەوەیش بیر لەوە بکاتەوە کە خۆی چی دەڵێت ... تەماشای دەم و چاوی دەکردن بەڵام نەیدەبینین، بەڵکو لە دەم و چاویاندا ئەو گۆشە بچووکانەی (ڕۆژنامەی ڤییەنا)ی دەبینی کە هەواڵی بەختەوەری یان کولەمەرگییان بۆ دەهێنا. ئەو کاتە دەستی بە کڕینی بلیتی خۆت و بەختت کرد ... مادامەکێ هەموو شتێك سەرکێشییە با ئەویش تا ئاکام لەسەر سەرکێشییەکە بەردەوام بێت. وای لێهات هەموو جۆرە بلیتێکی خۆت و بەختتی دەکڕی کە لە هەموو وڵاتان دەردەچوون. توانیشی چارەکە بلیتێکی خۆت و بەختی ئەسپانی (خۆت و بەختی جەژنی لەدایك بوون) بۆ خۆی دەستەبەر بکات کە خەڵاتی یەکەمی دەگاتە 15 ملیۆن بێزتا، لە هەموو ڕاکێشانێکدا ئەوەندە پەشیو بوو مووچڕکەی بە لەشدا دەهات و، کاتێك لیستی ژمارە بەرەندەکانی دەخوێندەوە دەگریا، لە نوێژەکاندا لە خوا دەپاڕایەوە ئەو پەرجووە بەدی بهێنێت و یەکەمین خەڵات بباتەوە. بەڵام ئەو ئاواتەی بەدی نەهات.

تسالەر، مێردی خوشکی، بەر لەوە بە حەوت ساڵ، لەگەڵ دوو دەوڵەمەندی خانەنشیندا بەشداری لە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نوێی هەرەوەزی پیشەسازی شیرەمەنیدا کرد. لۆتیکا بە سێ لەسەر پێنجی تێچووی دامەزراندنی کۆمپانیاکە بەشداری کرد. هاوبەشەکان ئاواتێکی زۆریان بە پرۆژەکە هەبوو،

مەزەندەی ئەوەیان کرد کە یەکەمین سەرکەوتنی پرۆژەکە سەرمایەدارەکانی دەرەوەی شار بەڵکو دەرەووەی بۆسنیا بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. بەڵام تەنگژەی (خستنە سەر) لەو ساتەدا بوو ڕووی دا کە پرۆژکە بە قۆناغی گواستنەوەی گرنگدا تێدەپەڕی. بۆیە ئاواتی ڕاکێشانی سەرمایەی نوێ فڕی. ئەو ناوچانەی سەر سنوور لە ئاکامی بێ بڕوایی و پشت پێ نەبەستنیانەوە وایان کرد ئەو سەرمایانەی کە لە پرۆژەکەدا بەکار هێنرابوون لەدەست دەچوون، بۆیە دوای دوو ساڵ کۆمپانیاکە هەڵوەشێنرایەوە، ئاکام هەموو ئەو پارەیەی لەدەست چوو کە لەو پرۆژەیەدا بەکاری هێنابوو. بۆیە لۆتیکا ناچار بوو باشترین و مسۆگەرترین بەنکەنۆتەکانی خۆی بفرۆشێت بۆ ئەوەی زیانەکانی پێ داپۆشێت، وەك پشکەکانی (کارگەکانی بیرە) لە سەراییڤۆو، پشکەکانی کۆمپانیای (سۆلفی بۆ دروست کردنی سۆدا) لە یۆزلا.

جگە لەم نەگبەتییانە لۆتیکا تووشی غەم و خەفەتی خێزانەکەیشی هاتبوو وەك بڵێیت پێوەندی بەو نەگبەتییانەوە هەبێت. ڕاستە کیژێك لە کیژەکانی تسالەر، کە (ئیرین)ە، مێردێکی کرد، هیوای ئەوەیان نەبوو ئەو مێردە بکات (بۆیە لۆتیکا مارەییەکەی دا)، بەڵام کیژە گەورەکەی، مینا، لە مێردەکەی جودا بووەوە. لەگەڵ ئەوەی مارەیان بۆ بڕی بەختی نەیهێنا. مێردکردنی خوشکە بچووکەکەیشی غەمی دایە بۆیە خۆی پێش وەخت بوو بە قەیرەیەکی شێت و وێت ژیانی لە ماڵ و کاری لە ئۆتێلەکە گرانترو دژوارتر کرد کە بەرگە نەگیرێت. تسالەر کە هیچ ڕۆژێك چوست و چالاك و سووك نەبووە هەنووکە زۆر قورستر بووەو پتر دوودڵ، وای لێهاتووە لە ماڵەوە وەك میوانێکی باش و لاڵ دەگوزەرێنێت. دۆبۆرایش ئەگەرچی بەساڵدا چووبوو، ئەگەرچی ناساغیش بوو، بەڵام کوڕێکی بووە، منداڵەکە نوقستانەو گەورە نابێت. ئێستە تەمەنی شەش ساڵانە، لەگەڵ ئەوەیشدا قسە ناکات و ناتوانێت لەسەر پێ ڕاوەستێت. وینگە وینگیەتی و بەناو ماڵدا لەسەر هەر چوار پەلی دەڕوات. بەڵام ئەو منداڵە بەدبەختە ئەوەندە باش بوو، سۆزو بەزەیی نێو دڵی مرۆڤی دەجووڵاندەوەو، بۆ پلکەکەی پیدەکەنی کە پتر لە دایکی خۆشی دەویست و، بە دەست بە قەدیدا هەڵدەگژا کە ئەوەندە دەلەرزی پاڵی بە لۆتیکاوە دەنا، وێڕای خەم و خەفەت و کارەکانی خۆی، بە خۆی بایەخی پێ بدات و خزمەتی بکات ، بۆیە خواردنی دەدایەو پاکی دەکردەوە. ڕۆژانەیش دڵی دەگوشرا کاتێك ئەم منداڵە نوقستانەی دەبینی، کاتێك بیری دەکردەوە کە کارەکانی بەرەو باشی ناڕۆن و، ئەوەندەیش پارەی نییە بتوانێت ئەم منداڵە بۆ نەخۆشخانەیەك لە نەخۆشخانەکانی ڤییەنا ڕەوانە بکات تا گەورە نۆژداران چارەسەری بکەن. کاتێك ئەوەی بیر دەکەوێتەوە کە هیچ پەرجوویەك لە ئارادا نییەو، ئیفلیجەکانیش چاك نابنەوە تەنیا مەگەر خوا لە ئاکامی پاداشتی کاری چاکەوە، یان بەدەنگەوەچوونی نزاو تکاو پاڕانەوەی ئادەمیزادەوە چاکیان بکاتەوە .

کەس و کاری گالیسیا کە لۆتیکا سەرپەرشتی دەکردن و، لە ڕۆژگاری پیت و فەڕدا پارەی تێچووی خوێندن یان ژنهێنان و مێردکردنی داون، ئێستە زۆر خەم و خەفەتی دەدەنێ و، زۆر جاریش نائومێدی دەکەن، هەندێك لەوانە خێزانیان پێکهێناوەو، کارەکانیان فرەوانتر کردووەتەوەو، نەختێك دەوڵەمەند بوونە. لۆتیکا بەردەوام پیرۆزبایی و نامەی پڕ لەڕێزو سوپاسی لێیانەوە پێدەگەیشت. بەڵام ئەندامانی خێزانی (ئابلفلمایەر) کە لە هەڵنووتان و کێشەکانیان قوتاری کردوون، یان ئەرکی خوێندنی کێشاون، یان فاکتەری سەقامگیری بۆ

دابین کردوون، ئەوانە یارمەتی خزمە نەدارە تازەکانیان نەدەدا کە لە (گالیسیا) لەدایك دەبوون و گەورە دەبوون، ئەوانە کە لە شاری بیانیدا ژیان دەگوزەرێنن، تەنیا بایەخ بە خۆیان و منداڵەکانی خۆیان دەودەن، تەنانەت وەك بڵێیت بەشی هەرە گەورەی سەرکەوتنیان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە تا هەتایە تارنۆڤۆو دەوروبەرە تەسك و ترووسکەکەیان زۆر خێرا لەبیر دەچێتەوە کە تێیدا گەورە بوونەو بەختیان یار بووەو بەجێیان هێشتووە. شتێکی ئاساییە لۆتیکا نەیدەتوانی دەستبەرداری بڕە پارەیەك ببێت لەو پارەیەی کە یارمەتی نەدارانی تارنۆڤۆی پێ دەدا وەك چۆن ئەوسایش وای دەکرد. لۆتیکا هەرکە دەچووە نێو جێگەکەیەوەو هەرکە لە خەویش هەڵدەستا هەر ئەو بیرۆکە بەئازارە لە مێشکیدا دەخولایەوە، ئەویش ئەوەیە کە یەکێك لە خزمەکانی لە تارنۆڤۆ تا هەتایە نغرۆی نەزانین و کولەمەرگی بووە، دووچاری بێ نەواییەکی ڕیسواکارانە بووە کە بە تەواوەتی دەزانێت چی دەگەیەنێت و، بە درێژایی ژیانی هەر بە گژیدا دەچوو.

ژمارەیەکیش لەوانەی هۆیەکانی سەقامگیری بۆ دابین کردوون زۆریان خەفەت داوەتێ و ئازاریان پێگەیاندووە. باشترین ئەو کەسانەیش کە هۆکاری سەقامگیری بۆ دەستەبەر کردوون ڕێیان بزرکردووە یان پێیان لار داناوە پاش ئەوەی یەکەمین هەنگاوی سەرکەوتنیان هاویشتووەو باشترین هیواو ئومێدیان بە ناخ و دەروون بەخشیوە. ئەمە یەکێکە لە خوشکەزاکانی، کە کیژێکی میوزیکژەنی بەهرەدارە، بە هاندان و یارمەتیدانی لۆتیکا توانی خوێندن لەکۆنسرڤاتواری ڤیيەنا تەواو بکات، ماوەی چەند ساڵێك دەبێت بە ژەهر خۆی کوشت کاتێك لە لووتکەی یەکەمین سەرکەوتندا بوو. کەسیش نەیزانی بۆچی خۆی کوشت.

ئەمەیش (ئەلبرت)ە، یەکێك لە برازاکانیەتی، هیوای خێزانەکەو جێی شانازی لۆتیکایە، سەرەتا لە خوێندندا لە خوێندنگەی ئامادەیی سەردەکەوێت و دواتر لە زانکۆ سەرکەوتنێکی باش بەدەست دەهێنێت، بەڵام هیچ بڕوانامەیەکی شاهانە یان میداڵێکی ئەمپراتۆری پێ نابەخشرێت، وەك چۆن لۆتیکا لەدڵی خۆیدا ئەو ئومێدو ئاواتەی هەبوو، ئەویش لەبەر ئەوەی جوولەکە بوو. لۆتیکا مەزەندەی ئەوەی دەکرد بەلایەنی کەمەوە ببێتە پارێزەرێکی ناودار لە ڤیيەنا یان لە (لفووف) مادامەکێ ناتوانێت لەبەر ئەوەی جوولەکەیە ئەو ئاواتە بەدی بهێنێت کە ئومێدی پێیەتی ئەویش ئەوەیە کە ببێتە فەرمانبەرێکی پایە بەرز، بەڵام ئەو کوڕە تووشی نائومێدییەکی ناخۆشی کرد. ئەو دکتۆرەی بواری ماف لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کاری کردو بوو بە ئەندامی پارتی سۆسیالیست، بەڵکو وێڕای ئەوە بووە ئەندامی باڵی توندڕۆی ئەو پارتە، ئەو باڵەی ڕۆژنامەکان بە بۆنەی مانگرتنە گشتییەکەی ساڵی 1906ی ڤیيەناوە باسیان کردووە. بە بۆنەی ئەو بزووتنەوە چاکسازییەوە، کە بە هۆیەوە خەڵکانێکی بیانی و ئاژاوەچییەکانیان لە پایتەخت دوور خستەوە، لۆتیکا بە چاوی خۆی لە ڕۆژنامەکانی ڤیيەنادا ئەوەی خوێندەوە کە دکتۆر ئەلبرت ئابفلمایەر، هاندەری ناوداری جوولەکە، لە وڵات دوور خراوەتەوە پاش ئەوەی بیست ڕۆژ سزای بەندکردنی بەسەردا سەپێنراوە. ئەمەیش بە زمانی خەڵکی فیشیگراد ئەوە دەگەیەنێت کە بووەتە (ڕێگر ـ چەتە). پاش چەند مانگێك لۆتیکا لە (ئەلبرت)ی خۆشەویستییەوە نامەیەکی لە بۆینس ئایرسەوە پێگەیشت تێیدا ئاگەداری کردبووەوە کە کۆچی بۆ ئەو وڵاتە کردووە.

لەو ڕۆژگارە ناخۆشانەدا لۆتیکا تەنانەت لە ژوورە بچووکە تایبەتییەکەیدا هیچ جۆرە هێوری و ئارامییەکی دەستگیر نەدەبوو، ئەوەتە نامەکەی بە دەستەوەیەو بەرەو لای خۆشکەکەی و مێردی خوشکەکەی دەچێت، بەڵام ڕووخاوو دڵشکاوانە بەسەر دۆبۆرادا بەردەبێتەوە کە نازانێ چ بکات ئەوە نەبێت دەست بە گریان دەکات و، بە ڕقەوە بڵێت: چیمان بەسەر دێت؟ پێم بڵێ چیمان بەسەر دێت ئەگەر کەس نەزانێت چۆن لەسەر پێ ڕاوەستێت و بە خۆی بڕوات، بەڵام بەر دەبێتەوە ئەگەر دەست بە باڵیەوە نەگریت؟ چیمان بەسەر دێت؟ ئێمە کەسانێکین نەفرەتمان لێ کراوە ... هەموو شتەکە ئەمەیە.

دۆبۆرای بەستەزمان هەناسە هەڵدەکێشێت و دەڵێت: (خوایە خوایە خوایە)و بە کوڵ فرمێسك دەڕێژێت، شتێکی ئاساییە ناشتوانێت وەڵامی پرسیارەکەی لۆتیکا بداتەوە. خودی لۆتیکایش هیچ وەڵامێکی پێ نابێت، بەڵکو هەردوو دەستی دەنووقێنێت و هەردوو چاوی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە، نەك پڕ بە فرمێسك و تۆقیو بەڵکو تووڕەو هەڵچوو:

ـ بووەتە سۆسیالیست .... سۆسـ ... یـا .... لیست ... ئەوەمان بەس نییە کە جوولەکەین؟ ئایە پێویستمان بەمەیش هەیە؟ خوای تاك و تەنیا چیم کردووە تا بەم جۆرە سزام بدەیت؟ سۆسیالیست .. ها ...

لۆتیکا وا بۆ ئەلبرت گریا وەك چۆن بۆ مردوویەك بگریت، دواتر هیچی لە بارەوە نەوت.

پاش سێ ساڵ یەکێك لە برازاکانی مێردی کرد، ئەویش خوشکی ئەم (ئەلبرت)ە بوو، مێردێکی زۆر سەرکەوتووانەی کرد. بۆیە لۆتیکا بەخۆی کەل و پەل و ناومالەی کیژەکەی کڕی و، ڕۆڵێکی کاریگەری لەو تەنگژە دەروونییەدا گێڕا کە ئەو مێردە لە ناو خێزانی گەورەی (ئابفلمایەر)دا لە تارنۆڤۆ نایەوە، ئەم خێزانەی تەنیا لە یەك ڕووەوە دەوڵەمەند بوو ئەویش کوڕو کیژو نەریتە ئایینییەکانیەتی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەلەوتاوە. ئەو پیاوەی کە دەبوو کیژەکە مێردی پێ بکات پیاوێکی زەنگینی بازاڕی دراو بوو، بەڵام کریستیانێکی کالفینی بوو، مەرجێکی بۆ ئەو هاوسەرگیرییە دانابوو کە دەبێت کیژەکە بچێتە سەر ئایینەکەی ئەو، بۆیە دایك و باوکی ناڕازی بوون، بەڵام لۆتیکا کە تەنیا هۆڵی بەرژەوەندی خێزانەکەی بوو، دەیگوت کارێکی نەکەردەنییە ئەگەر مرۆڤ بە کەشتی بە نێو دەریادا بڕوات بێ ئەوەی کەمێك لانەدات و بێ ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی بادا خۆی نەگونجێنێت، مادامەکێ کەشتییەکە هەر هەموو ئەو نەفەرانەی هەڵگرتووەو، ساغ و سەلامەتی هەموویش پێویست بەوە دەکات هەندێك باری کاڵاو کەل و پەل فڕێ بدرێتە نێو دەریاوە. لۆتیکا پشتیوانی کیژەکەی کرد، قسەکانی ئەو یەکلاکەرەوە بوون. کیژەکە بوو بە کریستیان و مێردی کرد. لۆتیکا هیواخواز بوو بتوانێت یارمەتی ئەو زاوایە بدات، بەلایەنی کەمەوە یەکێك لە برازاکانی بهێنێتە ناو جیهانی بزنسمانەکانەوە لە شاری (بیست)، لەو برازایانەی کە تەواو لەڕێ دەرچوونە. بەڵام بەدبەختی وای کرد زاوا دەوڵەمەندەکە لە یەکەمین ساڵی هاوسەرگیریدا بمرێت. بۆیە لە خەفەتدا ئەقڵی ژنە لاوەکە تێکچوو. مانگ لە دوای مانگ تێپەڕی بێ ئەوەی ژنەکە لەو ڕووداوە کوت و پڕییە بێتەوە سەر خۆی. ئەوەتە چوار ساڵ تێپەڕی و، هێشتە بێوەژنە لاوەکە نێشتەجێی (بیست)ەو، خۆی داوەتە دەستی جلەوی خەفەتی ئەو نەخۆشییەوە کە تەنیا بریتییە لە شێتبوونێکی سووك. هەموو ڕۆژێك دەچێتە گۆڕستان،

نزیك گۆڕی مێردەکەی دادەنیشێت و لەسەرخۆی لیستی نرخەکانی بازاڕی دراوی ئەو ڕۆژەی بۆ دەخوێنێتەوە. ئەگەر یەکێك بکۆشێت ڕێی ئەو ڕەفتارەی لێ بگرێت و لە چنگی ئەم تەمبەڵییەی قوتار بکات کە تێیکەوتووە، لەسەرخۆو هێورانە وەڵامی دەداتەوە کە خوالێخۆشبوو لە هەموو شتێکی دیکە پتر حەزی لەمە دەکردو ئەمەیش دڵڕفێنترین میوزیك بووە لە ژیانیدا ناسیبێتی.

بەم شێوەیە چارەنووسی جۆراوجۆر لەم ژووره بچووکەدا گرد ببوونەوە کە لۆتیکای لێ دەنوێت. لۆتیکا لە تێنووسە زۆرو جۆراوجۆرەکانی خۆیدا ئەژمارتنی زۆرو قەردی زۆرو ژمارەی زۆری سڕییەوە. بەڵام پرەنسیپی کارکردن هێشتە وەك جاران ماوەتەوە. لۆتیکا شەکەتە، بەڵام ورەو خواست و بوێری خۆی لەدەست نەداوە. پاش هەر زیان و هەر هەڵنووتانێك، ورەو توانا وەبەر خۆی دەهێنێتەوەو، دان بە خۆدا دەگرێت و، بەرەو پێشەو دەچێت و لە تێکۆشان بەردەوام دەبێت. هەموو کارەکانی لەم ساڵانەی دواییەدا بریتی بوو لە بەرگری کردن، بەڵام کە شەڕی بەرگری کردنی دەکرد، ئەو ئامانجەی لەبەر چاو بوو کە لە ڕابوردوودا مەبەستی بوو، شەڕی بەرگری کردنی بە کەللەڕەقانە دەکرد هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو کەللە ڕەقییەدا نەبوو کە بەهۆیەوە دەوڵەمەند بوو، پلەو پایەی بەرز بووەوە. لە ئۆتێلەکەیدا پیاوی ماڵەوە بوو، لای هەموو شاریش بە (پلکە لۆتیکا) ناسراوە، هێشتە لە شارەکەو لە جیهانیشدا کەسانێك هەن چاوەڕوانی یارمەتی و ئامۆژگارییەکانی دەکەن، یان بەلایەنی کەمەوە چاوەڕوانی ئامۆژگارییەکی باشی لێدەکەن، ئەوەیان بە یاددا نایەت کە لۆتیکا شەکەتە. بەڵام بە ڕاستی شەکەتە: ئەوەند شەکەتە زۆرتر لەوەی خەڵك مەزەندە بکەن، ئەوەندەیش شەکەتە پتر لەوەی بە خودی خۆی ئاگەی لێیەتی.

کاتژمێرە دارینەکەی قەد دیوارەکە کاتژمێر یەك لێ دەدات. لۆتیکا بە زەحمەت هەڵدەستێت و هەردوو گورچیلەی خۆی گرتووە. بەرەو لای چرا سەوزە گەورەکە دەچێت کە لەسەر مێزە بچووکە بڵندەکە دانراوە، وریایانە دەیکوژێنێتەوە، پاشان بە هەنگاوی ورد ورد بەرەو لای نوێنەکەی دەچێت، هەنگاوی پیرەژنێکی بەساڵداچوو، ئەو هەنگاوانەی کە لە ژوورەکەی خۆیدا پێش نوستن دەیانهاوێت.

لۆتیکا چووە ناو نوێنەکەیەوەو نوست.

تاریکییەکی نووتەك باڵی بەسەر شارە نوستووەکەدا کێشا.

* * * * * *

# بیست و یەکەمین پاڕ

ساڵی 1914یش هات. دوایەمین ساڵە لە مێژووی پردەکەی سەر ڕووباری درینا. ئەم ساڵەیش هات وەك چۆن هەموو ساڵەکانی پێشتر لەسەرخۆو سست هاتن، وەك کاروبارەکانی ئەم ژیانەی سەر ڕووی زەوی، بەڵام پـڕ لە هەراو هوریای کپ بوو، هەراو هوریای ئەو ڕووداوانەی کە بـەردەوام نـوێ و بـەردەوام دەگمـەن بـە دوای یەکدیدا دێن و تێك دەشکێن و چوون شەپۆل کەف دەچەرێنن.

ساڵانێکی زۆر بەسەر شارەکەی نزیك پردەکەدا تێپەڕیوە و، ساڵانی زۆرتری دیکەیشی بەسـەردا تێدەپـەڕێت ... ساڵانی لە هەموو جۆرو چەشنێك ... بەڵام ساڵی 1914 زۆر لە ساڵەکانی دیکە جوداوازتر دەمێنێتەوە، یان بە لایەنی کەمەوە ئەمە هەستی ئەو کەسانەیە کە ئەو ساڵانەیان گوزەرانـدووە. ئەوانـە بڕوایـان وایـە، وێڕای هەموو ئەوەی لە بارەی ئەو ساڵەوە گوتراوەو هەموو ئەوەی لەسەری نووسراوە، کـەس ناتوانێـت یـان ناوێرێت هەموو ئەوە دەربڕێت لەو ساڵەدا ڕوویان داوە لە ڕووی چارەنووسـی مرۆییـەوە، لەوانـەی ڕۆژگـار شاردوونیەتەوەو ڕووداوەکان شاردوونیانەتەوە. کێ دەتوانێت ( بە لایەنی کەمەوە ڕایـان وایـە) وێنـەی ئـەو هەژانە بە کۆمەڵ بکێشێت کە هەر هەموو ئەو خەڵکەی پێکەوە هەژانـد، پـاش مـرۆڤ و گیـان لەبـەرانی زیندوویش بەرەو شتی بێ گیان و وڵاتان و تەلارەکانیش تەشەنەی کـرد؟ چـۆن بتـوانین ئـەو پەشـێوییە بـە کۆمەڵ باس بکەین کە لە نێوان ئەو ترسە لاڵـە حەیوانییـەو نێـوان شـێتایەتی خۆکوشـتندایە، لـە نێـوان سووکترین ئارەزووی خوێناوی و تاڵان و بڕۆی شاراوەو لە نێوان دلێرترین و پیرۆزترین قوربانیداندایە کە مرۆڤ تێیدا لە خودی خۆی تێدەپەڕێنێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان ناکرێت باسی ئەم شتانە بکرێت، چونکە ئەوەی بینـی و گیانی لەدەست نەداو ژیا توانای قسەکردنی نەما، چونکە ئەوانەیش مردن ناتوانن بپەیڤن. ئەمانە شـتێکن ناکرێت بگوترێن .. بەڵام دەشێت لەیاد بچنەوە ... ئەگەر لە بیر بچنەوە، دەکرا دووبارە ببنەوە؟

لەو هاوینەی ساڵی 1914دا، کاتێك جڵەو بە دەستانی چارەنووسی ئادەمیزاد توانییان مرۆیـی ئـەوروپا لـە شانۆی مافی دەنگدانی گشتی بەرەو گۆڕەپانی خزمەتی زۆرەملێی سـەربازی ببـەن، کـە ڕێیـان بـۆ خـۆش کردبوو، شاری فیشیگراد نموونەیەکی بچکۆلە بوو، بەڵام واتابەخش بوو، لە ڕووی نیشانەکانی ئەو پەتایـەوە کە وردە وردە بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار بوو بە خەسڵەتێکی ئەوروپایی، پاشـان بـوو بـە جیهـانی گشـتیی سەرتاسەری.

ئەو ڕۆژگارە دەکەوتە سەر سنووری نێوان دوو سەردەمەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، خەڵکی ڕوونتر کۆتـایی ئەو سەردەمەیان دەبینی کە خەریك بوو کۆتایی دەهات پتر لە بینینی سەرەتای ئەو سەردەمەی کە دەسـتی پێ دەکرد. خەڵکی لەو سەردەم و کاتەدا بە دوای پاساوی توندو تیژیدا دەگەڕان، ناوێکیان لـە ناوەکـان بـۆ کردارە دڕندەکان دەدۆزییەوەو لە کولتووری ڕوحی دەیانخواست کە لە سەدەکانی ڕابوردووەوە مابوونەوە. هەر هەموو ئەوەی ڕوویان دەدا، هێشتە هەر ڕواڵەتی سەربەرزی خۆیان پاراستبوو، خەسڵەتی سـەرنج ڕاکێشـانی

ڕاستەقینەیان هەبوو، ئەم سەرنج ڕاکێشانە ترسێنەرو لەناوچووە کە زمان ناتوانێت باسی بکات، ئەم سەرنجڕاکێشانە کە دواتر گەیشتە ڕادەیەکی ئەوتۆ لەناو بچێت تەنانەت ئەوانەی ئەو کاتە زۆر هەستوەرانە هەستیان پێدەکرد، ئەوانە بە خۆیان وایان لێهاتووە بە ئەندێشە ناتوانن بە یادیان بێتەوە.

ئەمانە شتانێکن ئێمە ئێستە سەرپێیانە بەلایاندا تێدەپەڕین، شاعیرانی سەدەکانی ئاییندەو زاناکانیان دێن و لێیان دەکۆڵنەوەو شییان دەکەنەوەو بە فاکتەرو پرۆگرامی ئەوتۆ دەیانبووژێننەوە کە ئێستە بە بیری ئێمەماناندا نایەن، هەموو ئەوەیش بە هێمنی و ئازادی و بوێرانەیەکی هزرییەوە دەکەن وێڕای ئەوەی ئێمە لەو هەموو شتانەمان هەیە. ڕەنگە ئەو کاتە بتوانن ئەو ساڵە ڕوون بکەنەوەو، لە شوێنی خۆی لە مێژووی جیهان و پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا داینێن. بەڵام لەم کتێبەدا بەلای ئێمەوە، سەرەتاو بەر لە هەموو شتێك، ساڵی یەکلاکەرەوەیە لە مێژووی پردەکەی سەر ڕووباری دریندا.

هاوینی ساڵی 1914 لە یادوەری ئەوانەی لێرە گوزەراندیان بە ڕووناکترین و جوانترین هاوین بیریان دێتەوە، چونکە لە ویژدانیاندا دەبریسکێتەوەو لە ئاسۆیەکی بەرفرەوانی تاریکی پڕ لە ئازارو چەندین جۆرە کولەمەرگیدا دەدرەوشێتەوە کە تا چاو بڕکات دیارە.

ئەو هاوینە سەرەتایەکی باش دەستی پێکرد، دەست پێکردنێکی باشتر لە سەرەتای زۆر لەو هاوینانەی پێشتر، بەرهەمی قۆخ بەرهەمێکی زۆر بوو، چەندین ساڵە ئەو جۆرە بەرهەمەی بە خۆوە نەبینیوە، کێڵگەکانی گەنم و جۆیش مژدەی دروێنەی زۆریان پێبوو. خەڵکی پاش ئەوەی نزیکەی دە ساڵیان بە بەرخودان و ڕاپەڕین و ڕاچڵەکیندا بەسەر برد، ئێستە هیوا دەخوازن، بێ ئەوەی بزانن بۆچی، بۆ ماوەیەك بە هێوری بگوزەرێنن و، ئەم ساڵە باشە لە هەموو ئەو بوارانەدا قەرەبوویان بکاتەوە، کە لە ساڵانی ڕابوردوودا زیانیان لێ کەوتووەو تووشی ئەو خەفەت و خەمە بوونە. بێگومان هەموو جۆرە لاوازییە مرۆییەکان کە جێی داخ و کارەساتن، ئەوەیە کە مرۆڤ توانای پێشبینی کردنی نییە، توانانەبوونێکی تەواو، توانا نەبوونێك کە بە تەواوەتی پێچەوانەی ئەو بەهرەو ئەو زانیاری و ئەو هونەرانەیە کە مرۆڤ بە باشی دەیانزانێت.

هەندێك جار ڕێك دەکەوێت کە ساڵانێکی دەگمەنی وەك ئەم ساڵە دابێت، کە گەرمای هاوین و شێی زەوی تێدا هاریکاری یەکدی بکەن، بۆیە دۆڵی بەرفرەوانی فیشیگراد هێزێکی زۆرو پێویستییەکی گشتی بۆ پیتاندن تێدا دێتە جۆش و خرۆش، زەوی ئاوس دەبێت و هەموو ئەو تۆوە زیندووەی لەژێر زەویدان چرۆ دەکەن و گەڵاو گوڵ دەگرن، سەد ئەوەندەی هەیە. مرۆڤ هەست بە لەرزینی سروەی ئەو پیت و فەڕە دەکات کە لەو هەڵمە گەرمەی مەیلەو شینەدا بەرچاو دەکەوێت، کە لە هەموو دۆڵ و درزو کێڵگەو شکارتەیەکدا بەرز دەبێتەوە. مانگاو بزنەکانیش گەڵاو گەڵ ڕێ دەکەن، گوانیان پڕ لە شیر بووەو قورس بووە، وایان لێ هاتووە بە زەحمەت بەڕێوە دەچن. ماسییەکانی ڕووبارەکەیش کە لەسەرەتای هاوینی هەموو ساڵێکدا پۆل پۆل لە ڕووباری (ڕزاڤ)ەوە دێنە خوارەوە بۆ ئەوەی لە لای ڕێژگەکەیەوە زاوزێ بکەن ئەوەندە زۆرن تەنانەت منداڵان لەناو سەتڵدا لە شوێنە تەنکەکان کۆیان دەکەنەوەو فڕێیان دەدەنە کەنارەکەوە. بەردی پردەکەیش کە کون کونن پتر نەرم بوونە، وەك بڵێیت زیندوون پڕ لە تواناو هێزن کە لە زەوییەوە هەڵدەقوڵێن و بەسەر

شارەکەدا دەخولێنەوە وەك ڕۆژانی گەرما کاتێك هەموو شتێك خێراتـر هەناسـە دەدات و هـەموو شـتێکی تێدا پتەوترو بەهێزتر دەڕوێت.
نموونەی ئەم هاوینە لە دولّی فیشیگراد کەمە، بە لاّم کاتێك هاوینێکی لەو جـۆرە دادێـت خـەڵکی هـەموو ڕۆژگارە ناخۆشەکان ژ بیر دەکەن و، بیر لەو جۆرە کولەمەرگیانە ناکەنـەوە کـە لـە ئایینـدەدا ڕوو دەدەن و، ژیانی خۆیان سێ چەندین جار لەم دۆڵەدا بەسەر دەبەن کە پیت و فەرێکی پیرۆزی پێ بەخشراوە، وەك بڵێیت بەشێکی ئەم جووڵەو بزاوتەن، جووڵەی گەرماو شێ و ئاوونگی زۆرو زەبەندە.
ئەو جووتیارەی کە بەردەوام پاساو بۆ سکالاّی خۆی دەدۆزێتـەوە، دەبـوو ددان بـەوەدا بنێـت کـە سـاڵ بـە سەرەتایەکی باش دەستی پێ کردووە، بەڵام بۆ هەر وشەیەك لە وشەگەلی سـتایش کـردن ئەمـەی دەخسـتە سەر (ئەگەر کار وا بڕوات ...) خەڵکی گەڕەکی بازرگانی سەریان دادەنەواندو ڕوویان دەکردە کارەکانیـان و چوست و چالاکانە سەرقاڵی کارەکانیان دەبوون، وەك چۆن هەنگ و زەردەواڵە لەناو دوو توێی گوڵـدا نغـرۆو سەرقاڵ دەبن. ئەو خەڵکە بە گوندەکانی دەوروبەوری شاردا پەرت و بـلاّو دەبوونـەوەو پێشـینەیان لـە بـری گەنمێك بە جووتیاران دەبەخشی کە هێشتە گوڵ بوو، هەروەها پێشینەیان لە بری قۆخێـك دەدا کـە هێشـتە گوڵ بوو، جووتیاریش لە گردبوونەوەی ئەو کڕیارە فێڵبازانە لەبەر دەرگەکەی سەری لێ شـێوابوو، بەرانبـەر بەم بەروبوومە دەگمەنە زۆرەیش سەری سوڕ مابوو، کاتێك نزیك درەختە بەردارەکانی ڕادەوەسـتا، ئەوانـەی هەر لە ئێستەوە نەیانـدەتوانی ئـەو بـەرو بوومانـە هـەڵبگرن کـە گرتوونیـان، یـان کاتێـك لـە تەنیشـت کێڵگەکەیەوە ڕادەوەستا کە کەروێشکەی دەکرد. جووتیار بەرانبەر بەو سڤیلانە سەری سوڕمابوو کە خۆیـان ماندوو کردووەو پەنایان بۆ لای ئەو هێناوە، بەرانبەر بەوەیش جـۆرە گرژییـەکی خەفەتبارانـە دەم و چـاوی دادەپۆشی هاوچەشنی ئەو نیشانە بوو کە لە ساڵانی قات و قڕیدا بە دەم و چاوی جووتیارانەوە دیارە.
بەڵام بازرگانە زەنگین و بەهێزو بە تواناکان نەدەچوونە لای جووتیارەکان بەڵکو جووتیارەکان دەهاتنە لایان. لە ڕۆژی بازاڕدا دوکانەکەی (بافلی ڕانکۆڤیچ)ت دەبینی لە جووتیاراندا جمەی دەهات کە پێویستیان بە پارە هەبوو. هەروەها دوکانەکەی (سـانتۆ بـابۆ) کـە ماوەیـەکی دوورو درێـژە بووەتـە پـارەدەری (جووەکـان)ی فیشیگراد (دەبێت باسی ئەوەیش بکەین کە وێڕای ئەوەی ماوەیەکی دوورو درێژە بانق هەیەو، وێڕای ئەوەی دەکرێت بە ڕەهن قەرد لەو بانقانە وەربگیرێت، کەچی جووتیاران و بە تایبەتی بەتەمەنەکانیان ئەوە بە باشتر دەزانن بە پێی شێوازی کۆن قەرد لە زەنگینەکانی شارەکە وەربگرن کەچی کالاّیەکیان پێویست بێـت لێیـان دەکرن، ئەوانەی هەر لە کۆنەوە باوباپیریانیان قەردیان لێ دەکردن).
کۆگەکەی سانتۆ بە بەرزترین و فرەوانترین کۆگەکانی گەڕەکی بازرگانی لە فیشیگراد دەژمێررێت. بەبـەردی پتەو دروست کراوەو، دیوارەکانی ئەستوورن، زەوییەکەیشـی بـە کاشـی بـەردین ڕازێنراوەتـەوەو، دەرگـەو کیلۆنەکانیشی لە ئاسن دروست کراون، پەنجەرەکانیشی بە تێلبەندی چڕی ئەڵقەدار داپۆشراون.
پێشەوەی کۆگەکە دوکانێکە شتی تێدا دەفرۆشێت، دیوارەکانی ڕەفەی قووڵی تەختەداریان پێوەیـە پـڕ لـە دەفری چەور کراون، لە بنمیچەکەیشی، کە ئەوەندە بەرزە لە تاریکاییدا بزر دەبێت، کالاّی سووك دەبینرێت: چرا لە هەموو جۆرو قەوارەیەك، کتری قاوەی تورکی، قەفەس، تەڵەی مشك، ئامێرو کەرەستەی دیکـە کـە

بۆ پاککردنەوەو بژاری دانەوێڵە بەکار دێن. شان بە شانی مێزە گەورەکەی دارتاشی چەندین سندووقە بزمارو چیمەنتۆو، گەچ و، دەفری لە تەنەکە دروستکراوی لە هەمەوو ڕەنگێك، لەگەڵ تەوشەو خاکەنازو قوڵنگەی بێ دەسك، ئەوانە جوان بە تێلی ئاسنین ڕیز کراون. لە گۆشەکانیشدا دەفری سپی و گەورە، هەوجاڕو، تەوشەو ئامێرو کەرەستەی گەورە گەورە. هەر هەمووشیان لەسەر یەك کەڵەکە کراون بە شێوەیەك هیچ بۆشاییەك لە نێوان کاڵاکاندا نەماوە تەنیا ڕێڕەوێکی بچووك نەبێت کە دەڵێیت ڕێڕەوێکی نێوان دیواری زۆر بەرزە. ئێرە بەردەوام تاریکە، بەبێ چرا ناتوانیت بچیتە ژوورەوە.

دیوارە چڕو زەوییە بەردین و ئەو ئاسنە کەڵەکە کراوانە کەشی ئەم شوێنە چوون ساردیی بەردو ئاسن ساردتر دەکەن کە ناشێت گەرم بکرێتەوەو نەهێڵرێت. هەرزەکارە چوست و چالاکە گۆنا سوورهەڵگەڕاوەکان ئەوانەی لەم کۆگەدا کاردەکەن ئەوەندە نابات بەهۆی ئەو کەشەوە دەبنە فرۆشیاری بێ دەنگ و ڕەنگ زەردو بادار، بەڵام هاوکات دەبنە کەسانێکی شارەزاو بیر تیژو بە درێژایی تەمەن کەم خەرجکەر. بێگومان ئەم کەشە نەوە لە دوای نەوە زیان بە خاوەنەکانی کۆگەکە دەگەیەنێت و ماندوویان دەکات، بەڵام هاوکات لە ناخی دڵەوە خۆشیان دەوێت، چونکە هەست بەوە دەکەن کە سەرچاوەی موڵك و ئەو قازانج و دەوڵەمەندییەیە کە دەستەبەری دەکەن.

ئەو پیاوەی لەم ساتەدا لەبەردەم مێزێکی بچووکدا لەو دوکانە ساردو تاریکە لە تەنیشت ئەو سندووقە ئاسنینەی مارکەی (فرتهایم)ەوە دانیشتووە لە هیچ شتێکدا لەو سانتۆ چالاك و قسەخۆشە ناکات کە ماوەی 30 ساڵ بوو دەیزانی چۆن بانگ بکات: (یەك پەرداخ ڕووم بۆ کوێرە بێنن). ساڵان گۆڕیویانەو، کاری نێو کۆگەکیش گۆڕیویەتی. چاوی کز بووە، هەردوو چاوە ڕەشە لێکەوە دوورەکانی کە لەو دیوی چاویلکەیەکەوە تەماشا دەکەن کە هەردوو شووشەکەی ئەستوورەو چوارچێوەکەی لە میتاڵ دروست کراوە، وایان لێهاتووە ترس و دڵڕقی دەنوێنن. هێشتەیش فێسێکی سووری لە ڕەنگی گێلاس لەسەر دەنێت کە دوایەمین شتە لە جل و بەرگە تورکییە کۆنەکەی ماوەتەوە. باوکی منتۆ بابۆ، کە پیرەمێردێکی کورتە باڵایە، تەمەنی لە هەشتا ساڵ تێپەڕیوە، هێشتە بەخۆوەیەو توانای ماوە. بەڵام چاوی کز بووە. ئەو ڕۆژانەی هەتاو بێت، دێتە کۆگەکەو لە دوکانەکە دادەنیشێت و بە هەردوو چاوە بە فرمێسکەکەیەوە، کە مرۆڤ هەست دەکات خەریکن لەو دیو ئەو چاویلکە ئەستوورەوە دەتوێنەوە، تەماشای کوڕەکەی دەکات لە تەنیشت سندووقە ئاسنینەکەوە دانیشتووەو کوڕەزاکەیشی لەسەر گلێمەکە دانیشتووەو هەوای کۆگەکە هەڵدەمژێت، پاشان دەستی ڕاستی دەخاتە سەر شانی کوڕەزاکەی کە تەمەنی دە ساڵانەو وردە وردە بە هەنگاوی لەسەرخۆ دەگەڕێتەوە.

سانتۆ شەش کچ و پێنج کوڕی هەیە زۆربەیان ژنیان هێناوەو مێردیان کردووە. تەنانەت ڕاڤۆی کوڕە گەورەکەی، ئێستە کوڕو کچی گەورەی هەیە، ئەو لە کۆگەکەدا یارمەتی باوکی دەدات. یەکێك لە کوڕەکانی (ڕاڤۆ)یە کە بەناوی باپیریەوە ناو نراوە، ئێستە لە خوێندنگەی ئامادەیی سەرایێڤۆ خوێندکارە. گەنجێکی ڕەنگ زەرد، چاو کز، لاوازە، هەر لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە زۆر باش چامەکانی زمای (شاعیری نیشتمانی ناوداری سیرب (1830 – 1904) لە سەیرانەکانی خوێندنەگەکەیدا دەخوێندەوە. بەڵام

ئەوەی لێ دەربچێت ئەوە خوێندکارێکی سەرکەوتوو نییە، چونکە حەز ناکات سەر لە کڵێسا بدات و نە لە هاویناندا یارمەتی باوکی بدات. دەڵێت یان دەبێتە ئەکتەر یان بەهەر شێوازێکی دیکەی بلیمەتانە بووبێت دەبێتە کابرایەکی ناودار.

سانتۆ سەری بەسەر تێنووسە گەورەو پەڕپووت و چەورەکەی ئەژمارتنەکانیدا شۆڕ کردووەتەوە، کە بە پێی ئەلف و بێ ڕێکی خستووە، لە تەنیشتیەوە جووتیاریکی خەڵکی ئۆزاڤیچا کە ناوی (ئیبرۆ چیمالۆڤیچ)ە لەسەر سندووقێکی بەتاڵی سندووقەکانی بزمار دانیشتووە. سانتۆ ئەو قەردە دەژمێریت کە بە لای ئیرۆوەیە، لەگەڵ ئەو برە پارەیەی کە دەشێت لێی قەرد بکات، لەگەڵ مەرجەکانی قەردە نوێیەکە. ئەو بە زمانی ئەسپانی بە چرپەوە دەڵێت:

ـ شنكونتا، شنكونتا إى أوكو، سنتا أى ترس .....

جووتیارەکەیش ئەبڵەقاوی و خەفەتبارانە تەماشای دەکرد، وەك بڵێیت کارەکە کاری سیحر بێت نەك ئەژمارتن کە باش دەیزانێت و لە خەودا خەونی پێوە دەبینێت. هەرکە سانتا لە ئەژماردن دەبێتەوەو، کۆی قەردەکان و بڕی قازانجەکانی بۆ ڕوون دەکاتەوە، جووتیارەکە ورتە ورتێك دەکات و دەڵێت:

ـ هەر ئەوەندەیە؟

جووتیارەکە ئەو پرسیارەی کرد نەك لەبەر هیچ شتێك بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی بۆ بڕەخسێت بەراوردێك لەنێوان ئەو ئەژمارتنەی خۆی کردوویەتی و ئەو ئەژمارتنەی سانتۆ کردوویەتی بکات.

سانتۆ بەو ڕستەیە بەرسڤی دایەوە کە بەردەوام لەم جۆرە کەشانەدا بەکاری دەهێنێت:

ـ ئیبراجا تەواوە، هیچی دیکە نییە.

پاش ئەوەی هەردووکیان بە شێوەیەکی دۆستانە بەم جۆرە بڕی قەردەکەیان پەسەندکرد، دەبوو جووتیارەکە داوای قەردێکی نوێ بکات، دەبوو سانتۆیش تواناو مەرجەکانی خۆی بخاتەڕوو. بەڵام ئەم هەنگاوانە بە شێوەیەکی خێراو ئاسان بەدی نایەن. مشت و مڕێکی دوورو درێژ لەنێوان هەردووکیاندا دێتە ئاراوە. مشت و مڕێکی ئەوتۆ کە لە وردەکارییەکانیدا لەو مشت و مڕانە دەچوو کە پێشتر لەم شوێنەدا ئەنجامیان گرتووە، ئەوە پەنجا ساڵە، بەر لە دروێنە، لە نێوان باوکی ئەم یبرۆیەو لە نێوان باوکی سانتۆدا. ئەو بابەتە بنەڕەتییە ڕاستەقینەی کە پێویستە ئاخافتنی لە بارەوە بکرێت، دەبێت قسەیەکی زۆری بە لێشاوی بەدوادا بێت خۆی لە خۆیدا هیچ نەگەیەنێت، لە قسەی دووبارە بەو لاوە هیچی دیکە نییەو، وا پێدەچێت هیچ واتایەکی نەبێت، ئاخافتنێکە کە ئەگەر نەشارەزایەك گوێی لێ بێت ناچار دەبێت لەو بڕوایەدا بێت کە بەلایەنی کەمەوە ئەو ئاخافتنە هیچ پێوەندییەکی بە قەردکردنی بڕێك پارەوە نییە، یان مرۆڤ هەندێك سات وای لێك دەداتەوە.

ـ ئەم ساڵ وەرزی قۆخ زۆر باشە ... بەرو بووم لێرە لە هەموو شوێنێکی دیکە زۆر فرەترە.... ساڵێکە ماوەیەکی دوورو درێژە نموونەیمان نەبینیوە.

ـ سوپاس بۆ خوا ... لەو بڕوایەدام ئەم ساڵ بەرو بوومەکە خراپ نابێت. خوا یار بێت بەروبووم دەبێت و نانیش دەبێت .

جووتیارەکە ئەوەی گوت، پاشان غەم بە ڕوخساریەوە دەرکەوت و بە پەنجەی سەرقالّی خوراندنی دروماوانی شەرواڵەکەی بوو کە لە لۆکەیەکی ئەستووری سەوز دروابوو، لەژێرەوە تەماشای سانتۆی دەکردو، گوتی:

ـ بەڵام کێ دەزانێت نرخ چەند دەبێت؟

ـ ئیستە نازانین نرخ چەند دەبێت، بەڵکو ئەو کاتە دەیزانین کە بەرو بوومەکە دێنیتە فیشیگراد. تۆیش ئەو پەندەت گوێ لێ بووە کە دەڵێت: نرخ لە مستی خاوەن بەروبوومدایە.

جووتیارەکە بەخوددارییەوە گوتی:

ـ بەڵێ، ئەگەر بێت و خوا تا کۆتایی چاوی لێمان بێت.

ـ بەڵێ .... ئایە مرۆڤ دەتوانێت شتێك دەستەبەر بكات و شت بەرهەم بێنێت تەنیا بە خواستی خوا نەبێت؟ ... هەمموو ئەو کولەمەرگییەی لە ئاکامی کارکردنەوەوە تووشی مرۆڤ دەبێت هیچ سوودێکی نابێت خاوەند فەڕو بەرەکەتی خۆی بەسەردا نەبارێنێت.

سانتۆ ئەوەی گوت و ئاماژەی بە ئاسمان کرد کە بەرەکەتی لێوە دەبارێت، ئەو ئاسمانەی دەکەوێتە شوێنێکی پشتەوەی ئەم بنمیچە بەرزە کە چرای سپی ئاسنینی هەمموو جۆرە قەوارەیەکی پێدا شۆڕ بووەتەوە، هەروەها شتی دیکەی پێدا شۆڕ بووەتەوە کە چەپك چەپك بەستراون.

ئیبرۆ هەناسەیەکە هەڵکێشاو گوتی :

ـ قسەکەت دروستە .. هەر هەمموو ئەوە سوود بە مرۆڤ ناگەیەنێت ... مرۆڤ دەچێنێت و تۆو دەکات، بەڵام ئەگەر خواوەند چاودێری نەکات ئەوە وەك ئەوە وایە کە هەمموو شتێك فڕێ بداتە ناو ئاوەوە. واتە بە پشتیوانی خوای مەزن .... مرۆڤ زەوی هەڵدەکەنێت و گژو گیاکان هەڵدەکێشێت و درەختەکان دادەپاچێت و، شت پاك دەکاتەوەو هەڵدەبژێرێت، بەڵام ... لە ئاکامی هەر هەمموو ئەوەدا هیچ شتێك مسۆگە ناکات مەگەر ئەوەی لە چارە نووسرابێت... ئەگەر خواوەند بیەوێت بەروبوومێکی باش بەرهەم بهێنرێت ئەوە خێرو بێر بەسەر هەمموو مرۆڤێکدا دەبارێت و، مرۆڤ دەتوانێت قەردەکانی خۆی بداتەوەو سەرلەنوێ قەردیش بکاتەوە ... بە مەرجێك خواوەند تەندروستی پێ ببەخشێت.

ـ ها .... تەندروستی لە هەمموو شتێکدا ... هیچ شتێك هاوسانی تەندروستی نییە ... مرۆڤی بەستەزمان بەم شێوەیە خولقاوە: ئەگەر هەمموو شتێکت پێ بەخشی و تەندروستیت لێ ستاندەوە، وەك ئەوەیە هیچ شتێکت پێ نەبەخشیبێت .

سانتو  وای گوت و هەمموو ئاخافتنەکەی بەم ئاراستەدا برد.

جووتیارەکەیش دەستی بەوە کرد بیرو ڕاکانی خۆی سەبارەت بە تەندروستی دەربڕی کە بیرو ڕای گشتی ئەوتۆی زانراو بوو وەك بیرو ڕاکانی سانتۆ. ساتێك لە ساتەکانیش وا دەرکەوت کە ئاخافتنەکە باسی شتی بێ نرخ و بێ بەهای تێدا کرا. بەڵام ئەوەندەی نەبرد لە هەلێکی ڕەخساودا هەردووکیان سەرقاڵی سازش بوون لەمەڕ قەردە نوێیەکەو بڕو سوودو ماوەو چۆنیەتی قەرد دانەوەکە کرد. ماوەیەکی دوورو درێژ قسەیان کرد، جارێك بە گوڕو گەرمی و چالاکانەو، جارێکی دیکە بە هێوری و لەسەرخۆ، لەگەڵ دەرخستنی غەم و نیگەرانی، دواتر ڕێککەوتن و بۆندەکەیان مۆر کرد. ئەو کات سانتۆ هەڵستایە سەر پێ و کۆمەڵێك کلیلی

لە گیرفانی دەرهێنا بە زریزەیەکەوە بەسترابوونەوە، سندووقە ئاسنینەکەی بە یەکێکیان کردەوە بێ ئەوەی کلیلەکەی لێ دەربکات، سندووقە ئاسنینەکە سەرەتا تەق و تۆقێکی لێوە دەبیسرێت و دواتر لەسەرخۆو بەرێزانە دەکرێتەوە، کاتێکیش کە دادەخرێت دەنگێکی مەتریالیانەی جوانی لێوە دەبیسترێت وەك بلێیت هەناسە هەلکێشانە، چوون هەموو سندووقە ئاسنینەکانی دیکە .

سانتۆ بە وریاییەکی زۆرو رێزەوە، نەختێك غەم و پەژارەیش بە روویەوە دیاربوو، یەك یەك دەستی بە ئەژمارتنی پارەکە کرد بۆ جووتیارەکە. کە لە ئەژمارتنەکە بووەوە، بە دەنگێك هاواری کرد کە گۆڕابوو، پتر گەرم و بەهێزبوو:

ـ بیرۆ بەم شێوەیە تەواوە؟ ئێستە دلت خۆشە؟

بیرۆ ورو سەرسام بە دەنگێکی نزم گوتی:

ـ تەواوە ... سوپاس ...

ـ خوا دەست بە بالتەوە بگرێت ... خوا یار بێت ئەم جارەی بێتەوە بەوپەڕی تەندروستی و دۆستایەتییەوە بەیەك دەگەین.

سانتۆ ئێستە بە جۆش و خرۆش و شادییەکی تەواوە ئەم قسانە دەکات. ئەوەتە کوڕەزاکەی ڕەوانەی قاوەخانەکەی بەرانبەر دوکانەکەی لە کەناری ئەو بەرەوەی شەقامەکە دەکات بۆ ئەوەی دوو کوپ قاوەیان بۆ بهێنێت (یەکێکیان تال و ئەوی دیکە شیرین).

جووتیارێکی دیکە لەبەردەم دوکانەکەدا چاوەڕوانە بۆ مەبەستێکی وەك هەمان مەبەست و بۆ ئەژمارتنی وەك خودی ئەم جۆرە نۆرەی بێت.

لەگەل ئەو جووتیارانەو پێشبینیکردنیان لە بارەی بەروبووم و دروێنەیانەوە، سروەیەکی فێنکی قورس لە سروەی سالێکی بەرچاوتێری دەگمەن، دەچووە ناو قوولایی تاریکی دوکانەکەی سانتۆوە. ئەم سروانە سندووقە سەزوە ئاسنینەکە بە هەلم دادەپۆشین و سانتۆیش بە پەنجە گەورەکەی کراسەکەی لە ملە زەردو بە ڕۆن لیق بووەکەی دەکاتەوەو، بە دەستەسڕەکەی ئەو هەلمەی دەسڕی کە چاویلکەکەی داپۆشیبوو.

بەم شێوەیە هاوین دەستی پێکرد.

بەلام هەورێکی گەڕۆکی ترس و غەم لەسەرەتای ئەم هاوینەوە ژان و ئازاری لە شارەکەدا بلاوکردەوە. ئەوەبوو لەسەرەتای بەهاردا پەتای تیفۆ لە ئۆفاتس بلاو بووەوە، شارۆچکەیەکی سەر سنووری هاوبەشی نێوان تورکیاو نەمسایە (واتە سنووری ئێتسای نێوان سیربیاو نەمسا). لەبەر ئەوەی ئەم شارۆچکەیە لەسەر سنوورەو لەبەر ئەوەی دوو کەس لە ئۆردووی جەندرمەدا تووشی ئەو پەتایە بوون، بۆیە دکتۆر بالاك نۆژداری سەربازی لە فیشیگراد، لەگەل پەرستیارێکدا ڕۆیشتبووە ئەو شارەو دەرمانی پێویستی لەگەل خۆی بردبوو. دکتۆر بالاك پیاوێکی دووربین و شارەزا بوو، بۆیە هەموو هەنگاوێکی پێویستی بۆ لێك جوداکردنەوەی نەخۆشەکان وەرگرتبوو، بە خۆی چاودێری چارەسەریشی کردبوون، بۆیە کەس لەو پازدە کەسەی تووشی ئەو نەخۆشییە بوون نەمرد تەنیا دوو کەس نەبێت، نەخۆشییەکە لە ئۆفاتس کۆنترۆل کراو، بە تەواوەتی لەناو برا.

دوایەمین کەس کە تووشی بوو خودی دکتۆر بالاك بـوو ... کـەس نازانێـت چـۆن تووشـی پەتایەکـە بـوو، نەخۆشییەکەی ئەوەندە درێژەی نەخایاند، بەڵام بە هۆکاری دیکـەی پێشـبینی نـەکراو مـرد، هـەر هـەموو ئەوەیش مۆرکی کارەساتێکی دڵتەزێن و دەگمەنی لەخۆ گرت.
لە ترسی مەترسی بڵاوبوونەوەی پەتایەکەیش نۆژدارە گەنجەکە لە خودی (ئۆفاتس) نێژرا. خـاتوو پـاوەر بـە خۆی چۆنیەتی ناشتنەکەی بینی، هەروەها مێردەکەی و ژمارەیەك لە ئەفسەران بینییان. خاتوو پـاوەر بـڕە پارەیەکیشی دا بۆ ئەوەی پەیکەرێك لەسەر گۆڕی نۆژدارەکە دروست بکرێت کە بە شـێوەیەکی ورد دروسـت نەکرابوو. ئەوەندەیشی نەخایاند خاتوو پاوەر شـارەکەی بـەجێ هێشـت و وازی لـە مێردەکـەی هێنـا. لـە فیشیگراد گوتیان خاتوو پاوەر بۆ شێتخانەی (ساناتۆریۆم)ی نزیك ڤییەنا ڕۆیشتووە، یان بەم جـۆرە کیـژانی شارەکە بە گوێی یەکدییەوەیان دەچـرپاند، چـونکە لـەو کاتـەوە کـە مەترسـی پەتایەکـە نـەماو واز لـەو هەنگاوانەیش هێنرا بۆ ڕێ گرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتایەکە نرابوو ئەوەندەی نەبرد ئەوانەی بەتەمــەنتر بـوون نۆژدارەکەو ژنی کۆلۆنێلەکەیان لەیاد کرد. ئەو کیژانەی کە هیچ شارەزایی و ڕۆشنبیرییەکیان نەبوو بە وردی نەیاندەزانی وشەی (ساناتۆریۆم) شیتخانە چییە، بەڵام زۆر باش دەزانن پیاسەکردنی دوو کەس بە ناو چـیاو دۆڵ و لاپاڵەکاندا چی دەگەیەنێت، وەك چۆن نۆژدارەکەو ژنی کۆلۆنێلەکە بەر لە ماوەیەك وایان دەکرد. ئـەو کات زۆریان پێ خۆش بوو ئەم وشە بیانییە (ساناتۆریۆم) لە ئاخافتنـە نهێنییەکانیانـدا بـەکار بهێـنن کـە لەبارەی ئەو دوو کەسە سەرکێشەوە دەیانکرد، پێیان خۆش بوو مەزەنـدەی ئـەوە بکـەن کـە ئـەوەی نـاوی (ساناتۆریۆم)ە شوێنێکی نهێنی دوورو خەفەتئەنگێزەو ئەو ئافرەتە جوانانە تۆبەی تێدا دەکەن کە بە دزییەوە دڵدارییان کردووە.
لە کێڵگەکان و لەسەر لووتکەکان، لە دەورو بەری شار، ئەم هاوینـە دەگمەنـە پرشـنگدارە گـەورە دەبـوو، پێدەگەیشت. پەنجەرەکانی یانە سەربازییەکە کە لە نزیك پردەکەوە دەڕوانێتە سەر ڕووبارەکـە، وەك هـاوینی پار ساڵ، ئێواران ڕووناکن و بە هەردوو لادا کراونەتەوە، بەڵام هەنووکـە دەنگـی کـەمان و پیانۆیـان لێـوە نابیسترێت. کۆلۆنێل پاوەریش لە تەنیشت خوانەکەیەوە لە ناو ژمارەیەك ئەفسەری بەتەمەنـدا، سـاغ و بـزە لەسەر لێو دانیشتووە، لەبەر ئەو گەرما پڕووکێنەرە و بە کاریگەری ئەو ئارەقە سوورە، هۆن هۆن ئارەق بـە لەشیدا دێتە خوارەوە .
شەوانی گەرمیش، لاوانی شار لەسەر کابیاکە دادەنیشـتن و گۆرانییـان دەگـوت. کۆتـایی حـوزەیران نزیـك دەبووەوە، لاوەکان چـاوەڕوان بـوون وەك هـەر هـەموو هاوینێـك خوێنـدکارانی فێرگـە دواناوەندییـەکان و خوێندکارانی زانکۆکان بگەڕێنەو بەر خوێندن. مرۆڤ لەسەر کابیاکە لەم جۆرە شەوانەدا هەست بەوە دەکـات کە کات ڕاوەستاوە، لەکاتێکا ژیان پڕ جم و جووڵ و دەوڵەمەندو بێ کۆتایی و ئاسان دەگوزەرێت، مرۆڤ حەز ناکات پێشبینی ئەوە بکات کە ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە چەند دەخایەنێت.
شەقامە سەرەکییەکان لەم کاتانەدا ڕووناکن، چونکە لە بەهارەوە شار بە کارەبا ڕووناك دەکرێتەوە، سـاڵێك دەبێت لە دوورایی دوو کیلۆمەتر لە شارەوە وێسـتگەیەکی کارەبـایی دروسـت کـراوە، لـە تەنیشتیشـیەوە کارگەیـەك دروسـت کـراوە لـە پەلکـەدار (ڕاتیـنگ)، سـووتەمەنی (تـربنیتن) دروسـت دەکـات وێـرای

بەرهەمهێنانی خودی (کۆلۆفـان). شـارەوانی بۆنـدێکی لەگـەڵ ئـەم کارگەیـەدا مـۆرکردووە تـا وێسـتگە کارەباییەکەی شەقامەکانی شاریش ڕووناك بکاتەوە. بەم شێوەیە چی دیکە چرا سەزوەکان بەکار نەدەهێنران کە بە نەوت دەسووتان، هەروەها فەرەحاتە درێژیش بزر بوو کە ئەو چرایانەی پاك دەکردەوەو دادەگیرسـاند. شەقامی سەرەکی کە بە درێژایی شار لە پردەکەوە دەگاتە گەڕەکی نوێ بە گڵۆپی گەورەی شووشە ئەسـتوور ڕووناك کراوەتەوە، هەرچی شەقامە لاوەکییەکانە کە لای ڕاست و چەپەوە لەو شەقامە دەبنـەوەو بـە دەوری (بیکافتس)دا دەخولێنەوە، یان بەرەو مەیدان یان ئۆکۆلچە سەر دەکەون ئەوە بە گولۆپی بچووکی ئاسـایی ڕووناك کراونەتەوە. لە نێوان ئەم ڕیزە ڕووناکییە ڕێك و پێکەدا، چـەندین سـێبەری نارێـك و پێـك بەرچـاو دەکەون .. ئەوانە بەردەرگەی ماڵان و باخچە گەورەکانن کە ڕیز ڕیز بە قـەد لاپـاڵ و هەورازەکانـەوە قیـت بوونەتەوە.

لە یەکێك لەو باخچەیانەدا، هەنووکە زۆرکا، کە مامۆستایە، لەگەڵ (نیقۆلا گلاسنچانین)دا دانیشتووە. ئەو ناکۆکییەی پارساڵ کەوتـە نێوانیانـەوە کاتێـك سـتیکۆڤیچ لـە ڕۆژانـی پشـووی هاوینـدا دەرکـەوت، ماوەیەکی دوورو درێژ بەردەوام بوو تەنانەت تا سەرەتای ساڵی نوێی خایاند. لەسـەرەتای سـاڵی نوێـدا لـە یانەی سیربەکان خۆئامادەکاری دەستی پێکرد چوون هەموو زستانێك ئەو خۆئامادەکارییە دەستی پێـدەکرد بۆ ئەوەی بە بۆنەی چەژنی سـاڤای پـیرۆزەوە (دامەزرێنـەری کڵێسـای سـەربەخۆی سـیربەکان لـە سـەدەی هەژدەمەدا) ئاهەنگێکی میوزیك بگێڕن و شـانۆگەرییەك پێشـکەش بکرێـت. زۆرکـا و گلاسنچـانین لـەو ئامادەکارییانەدا بەشداربوون، هەر یەکەیان بۆ یەکەمین جار پاش هاوینی ڕابوردوو لە کاتی گەڕانـەوە لـەو ئامادەکارییانە لەگەڵ ئەوی دیکەدا دوا. سەرەتا ئاخافتنەکەیان کورت و خوددارانـەو لـووت بەرزانـە بـوو، بەڵام لە دیدارو پێکەوە ئاخافتن دانەبڕان، لەبەر ئەوەی لاوان زیزبوونەکانی دڵداری چەندە تـاڵ و نـاخۆش و چەندە نائومێدانەیش بن لە گۆشەگیری و بێزاری ئەو ژیانەیان پـێ باشـترە کـە ڕابـواردن و بـیری ڕاگـوزاری ئەوینداریيان تێدا نەبێت. ئەوەبوو لـە ئاکـامی ئـەو دەمـەقاڵێ دوورو درێژانـەوە کـە کۆتاییـان نـەدەهات هەردووکیان ئاشت بوونەوە بێ ئەوەی بزانن کەی ئاشت بوونەوەو چۆن ئاشـت بوونـەوە. ئەوەتـە لـەم شـەوە گەرمانەی هاویندا بەردەوام بە دیداری یەکدی شاد دەبن. ئەگەرچـی شـەبەنگی سـتیکۆڤیچ نـاوە نـاوە لـە نێوانیاندا زیندوو دەبێتەوەو دەمەقاڵێیەکی دیکەیان لە نێواندا دەنێتەوە، بەڵام ئەو دەمەقاڵێیە لێکی جـودا نەدەکردنەوەو لێکی دوور نەدەخستنەوە، کەچی هەر ئاشتبوونەوەیەکی نوێ زۆرتری لێك نزیك دەکردنەوە.

ئێستە بەو گەرمایە لەو تاریکییەدا، لەسەر کۆنە بنەدارێکی دارگوێز دانیشتوون، هـەر یەکـەیان بـیری لای بیرە ڕاگوزارییەکانیەتی و، تەماشای تیشکە گـەورەو بچـووکەکان دەکـات کـە لـە شـاردا، لـە خـوارەوە، بەدرێژایی ڕووبارەکە دەبریسکێنەوە، ئەو ڕووبارەی کە ڕۆتینیانە هاژەی دێت.

گلاسنچانین زۆر ئاخافت دواتر تا ماوەیەك بێ دەنگ بوو. هەرچی زۆرکایە ئەوە تا کۆتـایی شـەوبێدارییەکە بێ دەنگ بوو، هەنووکەیش لەو بێ دەنگییە بەردەوامە کە کەس باش لێی نازانێت ئافرەتان نـەبێت کاتێـك لە مێشکی خۆیاندا غەم و خەفەتی ئەوینداری هەڵەوگێڕ دەکەن کە بەلای ئەوانەوە لەهەر هـەموو شـتێکی دیکەی ژیان مەترسیدارترو گرنگ و پێویست ترە.

له هه‌مان ئه‌م کاته‌ی پارساڵدا، کاتێك ستیکۆڤیچ له‌شاردا ده‌رکه‌وت زۆرکا وای زانی که جیهانێکی کامه‌رانی و به‌خته‌وه‌ری تا هه‌تایه له‌به‌رده‌میدا کرایه‌وه، به‌هه‌شتێکی به‌رینی ئه‌ویننداری تا چاو برکات له‌به‌رده‌مدا کرایه‌وه، به‌هه‌شتێك له گونجاوی ته‌واوی نێوان سۆزو ئاره‌زوو و هزری ئه‌وه‌ی که ماچ چه‌ند به‌چێژو خۆشه‌و، چوون ژیانی مرۆڤ درێژه. به‌ڵام ئه‌و خه‌یاڵ کردنه ماوه‌یه‌کی دوورو درێژی نه‌خایاند. که‌چی زۆرکا ئه‌گه‌رچی له بواری ئه‌وینداریدا ئه‌وه‌نده‌ی ئه‌زموون نه‌بوو، وێڕای مه‌ست بوونی به شه‌رابی ئه‌وینداری، که‌چی ئه‌وه‌ی به‌سه‌ردا تێنه‌په‌ڕی که لاوه‌که له‌پڕ به‌گه‌رمی خۆشی ویست، پاشان له‌ناکاویش سۆزی به‌رانبه‌ر به‌م سارد بووه‌وه، ئه‌ویش له‌به‌ر چه‌ند هۆکارێك که ته‌نیا پێوه‌ندی به خۆیه‌وه هه‌یه‌و، ئه‌م هیچ پێوه‌ندی پێوه نییه، پێوه‌ندی به‌و شته‌شه‌وه نییه که ئه‌و کوڕه به مه‌ترسیدارترین و گه‌وره‌ترین پله‌و پایه‌ی داده‌نا، گرنگترو گه‌وره‌تر له ئه‌وو له خۆیشی . کاتێك سه‌فه‌ریشی کرد ماڵئاوایی لێ نه‌کرد. بۆیه تووشی سه‌ر لێشێوانێکی دژوار هات، چوون زامێکی قووڵی شاراوه ئازاری ده‌دا. ئه‌و نامه‌یه‌ی بۆی ناردبوو له جۆره ئه‌نتیکه‌یه‌کی بچووکی داڕشتن و به‌هره‌ی وێژه‌یی ده‌چوو، به‌ڵام هه‌موو شتێك له‌و نامه‌یه‌دا چوون قسه‌ی پارێزه‌ران تونده‌و مکوم ژمێررابوو، پێورابوو، وه‌ك ده‌فرێکی شووشه‌یینیش ڕوون و به‌تاڵ بوو. ستیکۆڤیچ له‌م نامه‌یه‌دا له‌مه‌ڕ ئه‌وینداری نێوان هه‌ردووکیان ده‌دوێت وه‌ك ئه‌وه‌ی بڵێیت ئه‌وه سه‌د ساڵه له ناو گۆڕه‌کانیاندا مردوون و درێژ بوونه‌ته‌وه‌و ڕاکشاون. کاتێك به نامه‌یه‌کی گه‌رم و گوڕو ڕه‌ها وه‌ڵامی دایه‌وه، وه‌ڵامه‌که‌ی کارتێك بوو تێیدا ده‌ڵێت:

( له‌ناو ئه‌و خه‌م و کارانه‌دا که شه‌که‌تم ده‌که‌ن و سه‌رم سوڕ ده‌هێنن، بیرت لێ ده‌که‌مه‌وه و، بیر له شه‌وانی هێوری فیشیگراد ده‌که‌مه‌وه، بیر له هاژه‌ی ڕووباره‌که‌و، بۆنی ئه‌و گژو گیایانه ده‌که‌مه‌وه که نابینرێت) کارته‌که ئه‌مه‌ی تێدا نووسرابوو.

بێ هووده زۆرکا هه‌وڵی دا هاژه‌ی ڕووباره‌که‌و بۆنی گوڵه‌کان که نابینرێن بیر بکه‌وێته‌وه. هه‌ر هه‌موو ئه‌و شتانه ته‌نیا له کارته‌که‌دا هه‌ن. ڕه‌نگه ئه‌وه‌ی له بیر چووبێته‌وه وه‌ك چۆن هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی له بیر چووه‌وه که له نێوانیاندا هه‌بوو. ئه‌و کاته وه‌نه‌بوو شێت بێت کاتێك گه‌یشته ئه‌و بڕوایه‌ی که فریو دراوه. پاشان خۆی به بیرۆکه‌یه‌کی سه‌یر دڵخۆشی خۆی ده‌دایه‌وه که خۆیشی تێی نه‌ده‌گه‌یشت، بیرۆکه‌یه‌کی ئه‌وتۆی دوور له واقیع له‌وه‌ی له په‌رجووه‌وه نزیك بێت، به خۆی گوت: (ڕاسته که که‌س لێی تێناگات، دوورو، ساردو، خۆپه‌رست و، به ئاڵۆش و ئاره‌زووه، به‌ڵام ڕه‌نگه هه‌ر هه‌موو زیره‌که‌کانیش وا بن) هه‌رچۆنێك بێت ئه‌وه هه‌ر هه‌موو ئه‌و شتانه له جۆره ئازارێك ده‌چن وه‌ك ئه‌وه‌ی له ئه‌وینداری بچن، هه‌نووکه، له‌و دڵشکان و له‌و ڕووخان و درزتێکه‌وتنه‌ی تووشی ناخی ناخه‌وه‌ی بووه، هه‌ست به‌وه ده‌کات که ئه‌و باری ئه‌وینداریییه‌ی دڵداره‌که‌ی له ده‌روونیدا چاندوویه‌تی وای لێهاتووه ئه‌وه‌ند قورس بووه نه‌توانێت به‌رگه‌ی هه‌ڵگرتنی بگرێت و، له‌ناو ته‌مێکی دووردا بزر ده‌بێت که ناتوانێت به ناوی خۆی ناوی بهێنێت. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئافره‌تی دڵدار هه‌ر له گه‌ڵ دڵدارییه‌که‌ی خۆیدا ده‌مێنێته‌وه هه‌رچه‌نده خه‌یاڵه‌کانیشی په‌رت و بڵاو ببنه‌وه، ئه‌وه هه‌رخۆشی ده‌وێت وه‌ك چۆن منداڵێکی خۆش بوێت که له چاره‌ی نووسراوه له‌دایك بێت. زۆرکا بۆ ماوه‌یه‌کی دوورو درێژ جڵه‌وی سۆزداری خۆی به‌رانبه‌ر کۆنترۆڵ کرد که دوو مانگی خایاند. ئه‌وه‌ته هه‌نووکه له سه‌ر چیا

بەرزەکانی زنجیرە چیای ئەلبەوە بۆ زۆرکا دەنووسێت: ( لە بەرزایی دوو هەزار مەترەوە، لە نێوان خەڵکانێکی ئەو وڵاتانەی بە زمانانی جۆراوجۆر قسان دەکەن، لە ڕەهایی ئاسۆ دەنوارم و، بیر لە تۆو هاوینی ڕابوردوو دەکەمەوە). ئەمەیش بۆ ئەوە بەس بوو کە لە ڕاستی بگات، وێڕای تەمەن و کەم شارەزایی. ئەگەر بینووسیبایە: (هیچ ڕۆژێك خۆشم نەویستوویت و، ئێستەیش خۆشم ناوێیت و، ناشتوانم لە ئاییندەیشدا خۆشم بوێیت) ئەوە ئەم قسانە ڕوون و ئاشکراتر نەبوون و کەمتر بە ئازار نەبوون. لەبەر ئەوەی کارەکە بەلای ئەوەوە کاری ئەوینداربیە، نە کاری بیرەوەری تەم و مژاوی یان چیایەکی بەرز کە لەسەر لوتکەکەیەوە بۆی بنووسێت و، نەیش خەڵکانێك چوار دەوریان داوەو، نەیش زمانی جۆراجۆر کە پێیان دەپەیڤن. هیچ کات خۆشەویستی لەو کارتەدا بەدی ناکرێت. زۆرکا بێ دایك و باوکە، لە فیشیگراد لە ماڵی کەسانێکدا پەروەردە بووە کە لە دوورەوە بە خزمایەتی پێی دەگەن . بەڵام ساڵانی خوێندنی لە ئامۆژگەی مامۆستایان لە سەراییڤۆ تەواو کردووەو بە مامۆستا لە فیشیگراد دامەزرێنراوە، بۆیە گەڕایەوە ماڵی ئەو کەسانەی کە کەمێك دەستیان دەڕۆیشت، بەڵام کەسانێکی ساکارن، شتێك نییە پێوەیان گرێ بدات.

زۆرکا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو لاوازو گۆشەگیر بوو. کەسی لە بارودۆخی خۆی ئاگەدار نەدەکردەوە. وەڵامی ئەو کارتەی نەدایەوە کە برادەرەکەی بۆی ناردبوو تێیدا پیرۆزبایی جەژنی سەری ساڵی کردبوو، کە کارتێکی کورت و سارد بوو، لە ڕووی نایابی شێوازەوە لە دوو کارتەکەی ڕابوردوو کەمتر نەبوو. زۆرکا دەیویست بە خۆی گوناە و شەرمەزارییەکەی خۆی بسڕێتەوە بێ ئەوەی کەس یارمەتی بدات یان دەست بە باڵییەوە بگرێت. بەڵام زۆرکا لاوازە، سەری سوڕماوە، گەنجە، نەزانە، شارەزایی ئەوتۆی نییە. بۆیە ئەوەتە پتر بەناو ئەم تۆڕە مکومەی هەستی ئازارچەشتنەو ئارەزووی توندو بیرە ڕاگوزارییە تایبەتییەکانیدا ڕۆ دەچێتە خوارو دەشڵەژێت، هەروەها لە کردارە نامرۆییەکانی ستیکۆڤیچ کە تێیان ناگات. ئەگەر بیتوانیایە پرسیاری لە یەکێك بکردایە، ئەوە ئەو کات بێگومان ئەو کارە ئاسوودەی دەکرد، بەڵام شەرم کردن ڕێی پێ نادات. لە لایەکی دیکەشەوە هەستی دەکرد کە هەموو شار بەو نائومێدییە دەزانن کە تووشی هاتووەو، کاتێك بە ناوجەرگەی شاردا تێدەپەڕێت ڕوانینی فرت و فێڵانەو گاڵتەجاڕی و ئۆخەی زۆری ئازار دەدەن. نە خەڵك و نە کتێب و نە هیچ شتێك ناتوانن هۆکاری ئەو ڕووداوەی بۆ ڕوون بکەنەوە کە ڕووی دا. ناتوانێت هیچ شیکردنەوەیەك بۆ ئەو ڕووداوە بکات.

ئەوەی ئاشکرایە کە ئەو کوڕە ئەمی خۆش نەویستووە، کەواتە هەر هەموو ئەو شانۆگەرییە لەبەر چی بوو، ئەو هەموو قسە گەرم و گوڕانە لەبەر چی بوون کە ئاراستەی ئەمی دەکردن، لەگەڵ ئەو هەموو کۆششانەدا کە لە هاوینی ڕابوردوودا دای بۆ ئەوەی قایلی بکات؟ کەواتە ئەو دیمەنەی لەبەر چی بوو کە لەسەر تەختی خوێندنگەکە نواندی، کە دیمەنێکە هیچ پاساوێکی نییە تەنیا خۆشەویستی نەبێت، بەبێ خۆشەویسیش هیچ شتێك ئەنجام ناگرێت ئەوە نەبێت ڕۆبچێتە نێو سەرشۆڕییەکی ئەوتۆوە لە توانای مرۆڤدا نەبێت؟ ئایە ڕێی تێدەچێت کەسانێك هەبن بگەنە ئەو ڕادەیەی گاڵتە بە خۆکردن و بە کەسانی دیکە لەوە سڵ نەکەنەوە ئەم جۆرە کارە بێ هوودەییە ئەنجام بدەن ؟

چی پاڵی پێوه نان ئەو شتە بکەن ئەگەر خۆشەویستی نەبێت؟ ئەگەر کارەکە وا نەبێت ئەوە ئەو ڕوانین و تەماشاکردنە گەرمانە چی دەگەیەنن، ئەو هەناسە گەرم و گوڕو ئەو ماچە گەرم و تامەزرۆیانە چی دەگەیەنن؟ هەر هەموو ئەوە چی دەگەیەنن، ئەگەر خۆشەویستی نەبێت؟ بەڵام نا ... هەر هەموو ئەوە پێوەندییەکی ئەوتۆی بە خۆشەویستییەوە نەبوو.

ئێستا زۆرکا هەست بەو ڕاستییە دەکات هەستکردنێکی تەواوترو ڕوونتر لەوەی دەیەوێت. بەڵام ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ملکەچی ئەو ڕاستییە بێت ملکەچ بوونێکی ڕاستگۆیانە ( کێ بوو ڕۆژێـك لـە ڕۆژان بە تەواوەتی ملکەچی ئەم جۆرە شتە بووبێت؟). ئاکامی سروشتی ئەم جۆرە ڕووخانە دەروونییە وای لێ کرد بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە. هزری مردن بەردەوام لە پشتەوەی هەموو خەونەکانی کامەرانییەوە خۆی مـەڵاس داوە کە بەردەوام دەیـانبینین. زۆرکـا بـە خـۆی دەگـوت: پێویسـتە بمریـت ... لـە کابیاکـەوە بخزێـرە نـاو ڕووبارەکەوە وەك بڵێیت ئەوە بە ڕێکەوت ڕووی دابێت بێ ئەوەی نامەیەك بۆ هیچ کەسێك بـەجێ بهـێڵم و، بێ ئەوەی ماڵئاوایی لە کەس بکەم و، بێ ئەوەی بۆ کەس ددانی پێدا بنێم. پێویستە بمرم) .......

زۆرکا بەم شێوەیە بیری دەکـردەوە کاتێـك دەنووسـت و، کاتێـك هەڵدەسـتاو، کاتێـك بەشـداری لـە هـەر ئاخافتنێکی گەرم و گوڕدا دەکردو، کاتێك دەم و چاوو ڕوومەتی خۆی بە زەردەخەنەیەك لە زەردەخەنـەکانی دەڕازاندەوە. هەموو شتێکی بەردەوام هەمان ئەم شتەی دەگوت و دەگوتەوە: مردن، مردن ... بـەڵام مـرۆڤ خۆی ناکوژێت، بەڵام دەژێت و ئەم بیرۆکە لەگەڵ خۆدا هەڵدەگرێت کە ڕێی تێناچێت و بەرگەی ناگیرێت.

ئاکام ئەو ڕۆژە ناخۆشە هات کە پێشبینی نەدەکرد. ئەوەبوو ئازاری ناخەوەی لە پشووی جەژنی سەریساڵدا گەیشتە چڵەپۆپە. ئەو بیرۆکەو ئەو پرسیارانەی بەرسـڤیان نییـە مـرۆڤ ژاراوی دەکـەن و پـتر لـە نەخۆشـی دەیرووخێنن و هەرەسی پێ دەهێنن. هەموو خەڵك هەستیان بەو گۆڕانە ناخۆشانە کرد کـە تووشـی زۆرکـا بوونەو بەرانبەر بەو نیگەران بوون، ئامۆژگارییان دەکرد کە پـرس بـە نۆژدارێـك بکـات، خزمـەکانی ئـەو ئامۆژگارییانـەیان کـردو بەرپرسەکەیشـی (کـە پیـاوێکی قسـەخۆش بـوو کۆزێـك منـداڵی هـەبوو)و دەستەخوشکەکانی هەمان ئامۆژگارییان کرد.

ئەوەبوو لەو ڕێکەوتە خۆشانەیش ئەوەبوو کاتی مەشق کردن لەسەر ئاهەنگی میوزیکەکـە لـە هـەمان ئـەو کاتەدا بوو، بۆیە پاش دابڕانێکی چەند مـانگێکی دوورو درێـژ سـەرلەنوێ زۆرکـا لەگـەڵ (گلاسنچـانین)دا دەستی بە ئاخافتن و پەیڤین کردەوە. تا هەنووکە گلاسنچانین خۆی لە هەر دیدارێك یـان ئاخافتنێـك لەگـەڵ زۆرکادا دوورەپەرێز دەگرت. بەڵام پەرۆشی دۆستایەتی کە زۆر جار بە بۆنەی ئەم جۆرە ڕابواردنەی میوزیك و شانۆییەوە لە شارۆچکەکاندا ڕێك دەخرێن کە ساکاری و ڕاستگۆییان پێوە دیارە، پاشان شەوانی ڕووناك و فێنك کە هەردوو کوڕو کیژەکە تێیاندا بۆ ماڵ دەگەڕانەوە، هەر هەموو ئـەوە لێکـی نزیـك کردنـەوە پـاش ئەوەی تا ئەو کاتە لێك دابڕابوون. هەرچی زۆرکا بوو پاڵی پێوە دەنا لێـی نزیـك ببێتـەوە بـۆ ئـەوەی لـەو ئازارەی سووك بکاتەوە کە هەیەتی، هەرچی کوڕەیە ئەوە خۆشەویستی پاڵی پێوە دەنا لێی نزیـك ببێتـەوە، ئەو خۆشەویستییەی بە ئاسانی لە شت خۆش دەبێت و بە ئاسانیش شتی لە بـیر دەچـێتەوە ئەگـەر بێـت و خۆشەویستییەکی ڕاستگۆیانە بێت. خۆشەویستییەکەی ئەویش لەو جۆرە بوو.

شتێکی ئاساییە ئاخافتنی بەراییان ئاخافتنێکی ساردو سڕو ورییایانەو پەشێوانە بوو، ئاخافتنەکانی سەرەتاشیان ڕوونکردنەوەی دوورو درێژو بێ ئاکام بوون. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ئاخافتنانە کەمێك کیژەکەیان هێورتر کردەوە. بۆ یەکەمین جار دەیتوانی ئازاری ناخەوەی بۆ کەسێك باس بکات کە لە شەرمی ئەو ئازارەدا سوور هەڵدەگەڕا، بێ ئەوەی ناچار بێت بە دوورو درێژی دان بە وردەکارییە پڕ لە شەرمەزاری و ئازاربەخشەکانیدا بنێت. گلاسنچانین چوست و چالاکانە و بە دوورو درێژی بە دەربڕینی گەرمی پڕ لەوێنەی زیندوو قسەی دەکردو، سەربڵندی و ڕێزی خۆیشی دەپاراست. پتر لە پێویست قسەی خراپیشی دەربارەی ستیگۆڤیچ نەدەکرد. قسەکانی لەو قسانەی دەچوون کە لەو شەوە بەناوبانگەدا لەسەر کابیاکە لێمان بیست: قسەی کورت کورت، توندو تیژ بێ هیچ نەرم و نیانییەك، بە کورتی ئەوەیان ڕوون دەکردەوە کە ستیکۆڤیچ کابرایەکی خۆپەرست و، خۆڕسکانە نەشازەو، ناتوانێت هیچ کەسێکی خۆش بوێت ئەو کەسە هەر کێیەك بێت، ئەوی بەئازارو نیگەران، بە درێژایی ژیانی خۆی ئازاری هەر هەموو ئەوانە دەدات کە فریوی دەخۆن و لێی نزیك دەبنەوە. گلاسنچانین سەبارەت بە ئەویندارییەکەی خۆی ئەوەند نەدەپەیڤی زۆر کەم نەبێت، بەڵام ئەم خۆشەویستییە لە هەر هەموو وشەیەك لە وشەکانی، لە هەر هەموو ڕوانینێك لە ڕوانینەکانی و، لە هەر هەموو جووڵەیەك لە جووڵەکانیدا دەردەکەوت. کیژەکەیش زۆربەی کات بێ دەنگ گوێی بۆ ڕادێڵا. هەموو شتێکی ئەو ئاخافتنانە قایلی دەکردو سەرنجی ڕادەکێشا. دوای هەر هەموو ئاخافتنێك لەو ئاخافتنانە هەستی دەکرد کە هێوری دەخزێتە نێو دەروونیەوەو ئارام دەبووەوە. ئێستە، بۆ یەکەمین جارە دوای چەند مانگێکی دوورو درێژ، هەست بەوە بکات کە هێوری بۆ دەروونی پەشێوو نیگەرانی دەگەڕێتەوەو، بۆ یەکەمین جارە دەتوانێت خۆی بە مرۆڤێکی داوێن پیس نەژمێرێت. لەبەر ئەوەی وشەکانی لاوەکە کە پڕ لە خۆشەویستی و ڕێزبوون بۆیان دەسەلماند کە ڕێی ون نەکردووە، ڕێ ون کردنێك کە نەتوانێت چاك ببێتەوەو، ئەو نائومێدییەیشی تەنیا خەیاڵ بوو، وەك چۆن ئەو خەونەی خۆشەویستییە خەیاڵ بوو کە لەو هاوینەدا بە خەیاڵیدا تێپەڕی. ئەم ئاخافتنانە لەو جیهانە تاریك و نووتەکەی دوور دەخاتەوە کە خەریك بوو تێیدا نغرۆ ببێت و، بەرەو واقیعی زیندوویی مرۆیی دەگێڕێتەوە کە چارەسەرو هەتوانی هەموو شتێك یان نزیکەی هەموو شتێکی تێدایە.

ئەم ئاخافتنانە لە نێوان هەردوو کیژو لاوەکەدا پاش ئاهەنگەکانی جەژنی ساڤای پیرۆز بەردەوام بوون. زستان تێپەڕی و بەهاریش ڕابورد. ئەوەتە هەموو ڕۆژێك بەیەك دەگەن. ورده ورده کیژەکە لەو نەخۆشییەی چاك بووەوەو، تواناو هێزی خۆی بەبەر هاتەوەو، چاك بووەوەو، بەو شێوە خێرایە گۆڕا کە خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی لاوان.

بەم شێوەیە ئەو هاوینە پڕ پیت و فەڕە پەشێوە تێپەڕی. خەڵکی ڕاهاتبوون بەو جۆرە تەماشای زۆرکاو (گلاسنچانین)یان دەکرد، وەك چۆن تەماشای کوڕو کیژێك بکەن لەگەڵ یەك ڕابوێرن.

بە ڕاستی ئەو سەربوردە درێژانەی کە گلاسنچانین دەیگێڕانەوەو، کیژەکە زۆر بە گوێڕایەڵی گوێی لێ دەگرتن و وەك هەتوانێك دەیقۆستنەوە کە نەخۆشییەکانی چاك بکاتەوە، ئەو سەربوردانە هەنوکە وایان لێهاتووە سەرنجی ڕانەدەکێشان وەك ئەوسا سەرنجی ڕادەکێشان. تەنانەت هەندێك جار پێویستی ئاڵ و گۆڕی ڕازو

نیازو ددان پێدانان دەرروونی دەگوشی. وای لێهات بە بەزەیی خواستن و سەرسوڕمانێکی ڕاستگۆیانەوە دەیپرسی: ئەم پێوەندییە گەرم و گوڕەی نێوان ئەوو نێوان گلاسنچانین لە کوێوە هات؟ بەڵام ئەو کاتە ئەوەی بیر دەکەوتەوە کە ئەو کوڕە ئەم زستانە گیانی ئەوی ڕزگار کردووە، بۆیە بێزاری خۆی کۆنترۆڵ دەکردو بەوپەڕی وریاییەوە گوێی ڕادەگرت، گوێگرتنی مرۆڤێکی قەردار کە دان بە چاکەی بەرانبەردا بنێت، هەستی بەوەیش دەکرد برادەرەکەی چی چاکەیەکی بۆ کردووە.

ئەو شەوەی شەوانی هاوین گلاسنچانین دەستی وێی گرتبوو (ئەوەیش ئەوپەڕی شت بوو کە دەیوێرا بیکات)، ئەو فێنکاییە بەجۆشەی کە پانتایی شەوی پڕکردبوو بەهۆی ئەو دەست لەناو دەستەوە دەخزایە گیانییەوە. لەم جۆرە ساتانەدا بە ڕوونی ئەو شتە باشانەی دەبینی لەم ئافرەتەدا شارابوونەوە، هاوکات هەستی دەکرد ئەو تاڵی و بێزارییەی ژیانیان کۆنترۆڵ کردبوو دەبوونە هێزو توانای بەپیت کە بەشی ئەوەیان دەکرد هەردووکیان تا دوورترین مەبەست ببات، ئەگەر (خۆشەویستی) هەردوو دڵیان کۆبکاتەوەو پشتیوانییان لێ بکات.

ئەو ئێستە کە لەم تاریك و نووتەکییەدا پڕ لەم سوزە بووە جیاوازی لەگەڵ (گلاسنچانین)ی ڕۆژدا هەیە، لە (گلاسنچانین)ی ئەو فەرمانبەرە بچووکەی دەزگەیەکی بازرگانی گەورەی شاری فیشیگراد ناکات. ئەو هەنووکە پیاوێکی دیکەی بەهێزەو بڕوای بە خۆی هەیە، وەك بیەوێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ژیانی خۆی ڕێك بخات . چونکە ئەوەی هەست بە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەی پاکژو خاوێن بکات، ئەگەر ئەویندارییەکی بەرانبەرانەیش نەبێت، ئاسۆو تواناو ئەو ڕێگەیانەی لەبەردەمدا دەکرێتەوە کە بۆ زۆر کەسی لێهاتووی چاوچنۆکی و خۆپەرست هەر بە داخراوەیی و نەزانراو دەمێننەوە.

ئەوەتە گلاسنچانین بۆ ئەو ئافرەتە دەدوێت کە لە تەنیشتییەوەیەو دەڵێت:

ـ وابزانم خۆم هەڵناخەڵەتێنم ... بەلایەنی کەمەوە لەبەر ئەوەی ناشێت من تۆ فریو بدەم.

من تەماشای خەڵکی دەکەم و دەیانبینم لە کاتێکدا هەندێکیان دەپەیڤن و وڕینە دەکەن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان بەرەو کارو پیشەی خۆیان دەچن، بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بڕوا بەوە دەهێنم کە بواری ژیان لێرە نەڕەخساوە. لە ماوەیەکی درێژدا لێرە نە ئاشتی و نە سستەم و نە هیچ کارێکی سوودمەند لێرە نابێت. نموونەی لە چەشنی ستیکۆڤیچ و نە نموونەی لە چەشنی کیراك ناتوانن ئەم بارودۆخە بگۆڕن. بە پێچەوانەوە بارودۆخەکە تا دێت خراپتر دەبێت. ئەو ڕزگارکارە زۆرو زەبەندە نیگەرانانەیش کە لە هەموو هەنگاوێکدا دەیانبینین کە دەیهاوین تەنیا هوشدارییەکە لەمەڕ کارەساتێکی ئەوتۆ کە بەڕێوەیە. لەبەر ئەوەیش کە مرۆڤ ناتوانێت پەتا لە خۆی دوور بخاتەوە ئەوە باشترین شت ئەوەیە خۆی لێ دوور بخاتەوە.

ئەو کاتانەیش کیژەکە بێ دەنگ بوو، ورتەی لێوە نەدەهات.

ـ ئەو شتەی ئێستە حەز دەکەم لە بارەیەوە قسەت لەگەڵ بکەم، پێشتر لەبارەیەوە قسەم لەگەڵ نەکردوویت، بەڵام ماوەیەکی دوورو درێژ زۆرم بیر لێ کردەوە، تەنانەت هەندێك لە شتەکانیشم بۆ ئامادە کردووە. تۆ دەزانیت کە بۆدگان دڕۆڤیچ، برادەرکەی (ئۆکۆڵچە)م ماوەی سێ ساڵە لە ئەمەریکا نیشتەجێیە. لە پارساڵەوە نامە ڕەوانەی یەکدی دەکەین، ئەوەبوو وێنەکەیم پێشان دایت کە لەوێوە بۆی ڕەوانە کردبووم.

ئەو بانگهێشتم دەکات سەری لێ بدەم و، بەڵێنم پێ دەدات کارێکی مسۆگەرم بۆ دابین دەکات، مووچەیەکی باشی لێ وەردەگرم. من دەزانم جێبەجێ کردنی ئەم پلانە کارێکی ئاسان و سانا نییە، بەڵام لەو بڕوایەدام کە کارێك نییە نەشێت جێبەجێ بکرێت. بیرم لە هەموو شتێك کردووەتەوەو، هەموو شتێکیشم لەبەرچاو گرتووە. هەرچیم لە (ئۆکۆڵچە) هەیە دەیفرۆشم. ئەگەر ڕازی بیت مێردم پێ بکەیت، دەبێت ڕێ و ڕەسمی ژن مارە بڕینەکە بە شێوەیەکی خێرا تەواو بکەین و، سەفەری (زگرب) بکەین بێ ئەوەی بە کەس بڵێین. لە زگرب کۆمپانیایەك هەیە کۆچبەران ڕەوانەی ئەمەریکا دەکات. ڕەنگە لەوێ یەك تا دوو مانگ بمێنینەوە تا بۆدگان بانگهێشتێکم بۆ ڕەوانە دەکات، لەو ماوەیەدا خۆمان فێری زمانی ئنگلیزی دەکەین. ئەگەر بە هۆی خزمەتی سەربازییەوە نەمانتوانی سەفەر بکەین ئەوە دەچینە سیربیاو، لەوێوە سەفەر دەکەین. هەموو کارەکان ڕێك دەخەم بەشێوەیەك هیچ ماندوو نەبیت تەنیا بە ئاستەم نەبێت. لەوێ لە ئەمەریکا هەردووکمان کار دەکەین. لەوێ خوێندنگەو فێرگەمان هەیە پێویستیان بە مامۆستای ئافرەت هەیە. لەوێ کارێك بۆ خۆم دەدۆزمەوە، چونکە دەروازەی هەموو کارەکان لەبەردەم هەمووماندا والآیە، کەس حەز ناکات خۆی لەقەرەیان بدات. لەوێ هەردووکمان ئازادو شادومان دەبین. ئەگەر بتەوێت، ئەگەر تۆ ڕازی بیت، هەموو ئەوە دەکەم.

کوڕە ئەوەی گوت و بێ دەنگ بوو. زۆرکایش وڵامی نەدایەوە، بەڵام هەردوو دەستی خستە ناو دەستییەوە. هەستی کرد ئەم جووڵەیە دەربڕینی سوپاسێکی زۆر دەگەیەنێت. بەڵام زۆرکا نە بە ئاو نە بە نا وەڵامی نەدایەوە. بەڵام سوپاسی هەر هەموو ئەم چاودێری و هەموو ئەم بایەخ پێدانەی کرد، هەرەەها سوپاسی ئەم دلێرییەی کرد کە نە سنووری هەیەو نە کۆتایی. بە ناوی ئەو دلێرییەوە داوای لێ کرد یەك مانگ مۆڵەتی پێ بدات تا وەڵامی یەکجارەکی بداتەوە .... مۆڵەتێك تا کۆتایی ساڵی خوێندن. لە کاتێکدا دەستی دەگوشی، پێی گوت:

ـ سوپاس نیقۆلا ... سوپاس ... تۆ پیاویت.

لە کابیاکەوە دەنگی گۆرانی لاوانیان بەرگوێ دەکەوت. ئەوانە لاوانی فیشیگراد بوون. ڕەنگە خوێندکارانی فێرگەی دواناوەندی سارایێڤۆ بن کە تازە دەگەیشتنەوە شار. پاش پازدە ڕۆژی دیکە خوێندکارانی زانکۆکانیش دەگەنەوە شار.

زۆرکا ناتوانێت بەر لەو بەرواره خۆی کۆ بکاتەوەو هیچ بڕیارێك بدات. هەموو شتێك ئازاری پێ دەبەخشێت، بەتایبەتی دلێری ئەم پیاوە. بەڵام ئێستە ناتوانێت بڵێ (بەڵێ)، ئەگەر پارچە پارچە بکرێت. هیوای بە هیچ شتێك نییە، بەڵام دەیەوێت جارێکی دیکە ئەو (پیاوەی ناتوانێت خۆشەویستی بکات) ببینێتەوە، ئەوسا هەرچی ڕووبدات با ڕوو بدات. نیقۆلا چاوەڕوانی دەکات، ئەوە دەزانێت.

کیژو کوڕەکە هەستان و دەستیان بە دەستی یەکدییەوە بوو، بە ڕێگە هەورازەکەدا بەرەو تەپۆڵکەکە ڕۆیشتنە خوارەوە، کە دەنگی گۆرانییەکەی لێ بەرز دەبووەوە.

# بیست و دووەمین پاڕ

کۆمەڵە سیربییەکان، وەك هەموو ساڵێك، بە بۆنەی یادی پیاوی ئایینی جی (فیدۆن ڕان)ەوە لەو دەشتاییە لە (میزالین) ئاهەنگێکیان سازکرد. لەوێ، لەو شوێنەی هەردوو ڕووباری دریناو ڕزاف بە یەك دەگەن، لەژێر دارگوێزە چڕو تێك ئاڵاوەکاندا، لە کەنارە سەوزو بەرزەکەدا ئەو خێوەتانە هەڵدران کە خواردنەوەیان تێدا دەفرۆشرێت و کاوڕیان تێدا دەبرژێنرێت (کاوڕەکان لە شیش دەدران و بەسەر ئاگرێکی هێورەوە دەبرژێنران). ئەو خێزانانەی کە خواردنیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە لەسێبەرەکاندا دادەنیشن. لەسەر ئەو گەڵا دارە تەڕانەی لەسەر عەردەکە داخراون، دەنگی میوزیك بەرز دەبێتەوە.

لە گۆڕەپانێکی چۆڵیشدا کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە، لە بەیانییەوە سەمای (کۆلۆ) دەستی پێ کردووە. ئەوانەی هەڵدەپەڕن لاوو بێکارەکانن ... ئەوانەی هەرکە ڕێ و ڕەسمە ئایینییەکە تەواو بوو یەکسەر لە کڵێساکەوە ڕوویان کردە (میزالین) ... ئاهەنگی ڕاستەقینە پێویستە پاش نیوەڕۆ دەست پێ بکات. بەڵام سەمای کۆلۆ هەر لە ئێستەوە دەستی پێ کردووەو، دەگاتە چڵەپۆپەیش، ئێستە جوانترو ڕێك و پێکترە لەوەی پاش نیوەڕۆی، کاتێك جەماوەری خەڵك دەگەن، ئەو کاتەی ئافرەتانی بە مێرد و بێوەژنانی شەکەت و کیژانی تەمەن بچووك و بازنەی بەشداران دەبێتە پەلکێکی شادو کامەران بەڵام پچڕ پچڕو بێ ئەوەی لەگەڵ یەك گونجاو بن. ئەو بازنە بچووکەی کە ژمارەیەکی زۆرتری لاوانی تێدایە لەژمارەی کیژەکان زۆرترە، هەنووکە بە جۆش و خرۆشێکی ئەوتۆوە هەڵدەپەڕن و لە سووڕانەوەدا باڵ دەگرنەوە . هەموو شتێکی دەورو بەری سەماکاران دەجوولێتەوەو شەپۆل دەدات. ئەو بایەی لەسەر ڕیتمی میوزیك گڤەی دێت و، لق و پۆپی چڕو پڕی درەختەکان و، ئەو هەورە سپییانەی بە هاوین دەبینرێن، ئەو ئاوە سازگارەی بە هەردوو ڕووبارەکەدا کشەی دێت. زەوی لەژێریان و لە دەورو بەریاندا دەجووڵایەوەو، دەبوو گونجانێك لەنێوان جووڵەکانیان و ئەم جووڵە گشتییە سەرتاسەرییەدا بهێننە کایەوە. لە ڕێگەکەوە لاوانی دیکەیش دەگەنە جی ... بە هەڕاکردن دێن و یەکسەر دەچنە ڕیزی ئەلقەکەوە. هەرچی کیژەکانە ئەوە بۆ ماوەیەکی کورت ناچنە ڕیزی ئەو بازنەوەو، ڕادەوەستن و تەماشای هەڵپەڕکێکە دەکەن وەك بڵێیت ڕیتمەکەی بپێون و چاوەڕوانی هاندانێکی ناوەوە دەکەن و، ئەو کات لە ناکاودا دەچنە ڕیزی ئەڵقەکەوەو، ئەژنۆیان دەنووشتانەوەو سەریان نزم کردبووەوە، وەك چۆن یەکێك خێرا خۆی بخاتە نێو ئاوی ساردەوە. تەوژمێکی بەهێز لە زەوییە گەرمەکەوە دەخزایە پێیە هەنگاو هاوێژەکان و دەگەیشتە ئەو زنجیرە دەستە گەرم و گوڕانەی تێك ئاڵابوون. ئەو زنجیرەیە بە هەڵپەڕکێ دەلەرزی و دەهەژا، وەك یەك جەستە کە یەك خوێن بیجووڵێنێتەوەو بیبزوێنێت و یەك ڕیتم هەڵی بگرێت. لاوەکان هەڵدەپەڕین و سەریان دەبردە پشتداو، ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو، لە خۆیان بایی بووبوون، کیژەکانیش هەڵدەپەڕین و گۆنایان سوور هەڵگەڕابوون و، لە شەرماندا تەماشای

عەردیان دەکرد، لەترسی ئەوەی نەك ڕوانین و تەماشاکردنیان پەردە لە ڕووی ئەو چێژو خۆشییە لابدات کە هەڵپەڕکێکە پێی دەبەخشین.
هەرکە ئاهەنگەکە خەریك بوو دەستی پێ بکات لە بناری لووتکەی (میزالین)ەوە چەندین پیاو دەرکەوتن جل و بەرگی ڕەشی فەرمییان لەبەر کردبوو، جوانکاری و شمشێرەکانیان لەبەر تیشکی پرشنگداری هەتاودا دەبریسکایەوە.
ژمارەیان لەو ژمارانەی پێشووی خولە ئاساییەکان زۆرتر بوو کە لە بازاڕە وەرزییەکاندا دەسووڕانەوەو بە گوندو لادێکاندا دەخولانەوە. ئەوەتانێ بەرێوەن و بەرەو شوێنە سەوزەکە دێن کە میوزیکژەنەکانی لێ دانیشتوون. ئەوەش ئامێرەکانی میوزیکن یەك لە دوای یەك کپ دەبن. ئەڵقەی هەڵپەڕکێکەیش دەشڵەژێت و ڕادەوەستێت . بۆیە دەنگی ناڕەزایی و بێزاری لاوەکان بەرز دەبێتەوە. ئەو لاوانە هێشتە دەستی یەکدییان بەرنەداوە، تا ڕادەیەك هەندێکیان ئەوەند بە ئارەزوو بوون و ڕیتمەکە کاری تێکردبوون لە شوێنەکەی خۆیاندا هەر هەڵدەپەڕین هەڵپەڕینێکی بچووکترو، چاوەڕوان بوون میوزیکژەنەکان دەست بە میوزیك ژەندن بکەنەوە. بەڵام ئەوەندەی نەخایاند میوزیکژەنەکان خێرا هەڵستان و خەریك بوون شەیپوورو کەمانجەکانیان دەخستە نێو کیسە نایلۆنەکانیانەوە. جەندرمەکان ڕوویان کردە خێوەت و خێزانە پەرت و بڵاوەکان ئەوانەی لەسەر گیا دانیشتبوون. چاوشەکە بۆ هەر کوێ بچووبایە وشە سەرسوڕهێنەرەکەی خۆی بە دەنگێکی نزم دەگوت، ئەو وشەیە یەکسەر خۆشی و شادییەکەی دەکوژاندەوەو، هەڵپەڕکێکەی دەوەستاندو، هەموو قسەکردن و ئاخافتنەکانی وەك ئەفسوونگەر ڕادەگرت. هەرکە لە کەسێك نزیك ببوایەتەوە ئەو کات بارودۆخی ئەو کەسە دەگۆڕاو، لەو نیازەی هەیبوایە پاشگەز دەبووەوەو، یەکسەرو خێرا شتەکانی خۆی گلێردەکردەوەو، دەڕۆیشت. دوایەمین کەس بازنەی هەڵپەڕکێکەرەکان بڵاوەیان لێ کرد. نەیاندەویست مەزەندەی ئەوە بکەن کە خۆشی و شادییان لەناو ئەو سەوزاییەدا کە لە هەموو شوێنێکەوە دەوورەی داون بە ڕاستی کۆتایی پێ هات. بەڵام دڕترین کەسان هیچ شتێکیان پێ نەدەکرا ئەوە نەبێت لەبەردەم ڕوخساری درژو مۆنی چاوشی جەندرمەو هەردوو چاوی پڕ لە خوێنیدا پاشاکشێ بکەن.
خەڵکی لە میزالین نائومێدو سەر لێ شێواو گەڕانەوە، بە ڕێگە پان و بەرینەکەدا بەرەو شار بوونەوە، هەرکە زۆرتر دەچوونە ناو شارەوە پتر گوێیان لە قسەو قسەڵۆکی تۆقێنەرو شێواو لەبارەی ڕووداوی تیرۆرکردنەکەی ئەم بەیانییەی سەرایێڤۆو کوژرانی ئەرشیدۆق فرانسوا فردیناندو ژنەکەیەوە بەرگوێ دەکەوت، شان بە شانی ئەو ڕێ و شوێنانەی کاربەدەستان بۆ ڕاوەدوونانی ئەو سیربییانە گرتوویانەتە بەر کە لە هەموو لایەکەوە چاودێرییان خستوونەتە سەر. کاتێك گەیشتنە بارەگای فەرماندایەتی گشتی یەکەمین ئەو کەسانەیان بە دەست بەستراوی بینی بەرەو بەندیخانە ڕاپێچ دەکران، (میلان)یشان تێدا دەبینرا کە قەشەیەکی لاو بوو.
بەم شێوەیە پاش نێوەڕۆی ئەو ڕۆژەی هاوین، کە دەبوو ڕۆژی جەژن و شادی بووایە، بوو بە کەشێکی شێواوو پڕ لە ناخۆشی و چاوەڕوانییەکی پڕ لە ترس و لەرز.
لەسەر کابیاکەیش لە جیاتی خۆشی و کات ڕابواردن بێ دەنگی وەك بێ دەنگی گۆڕستان باڵی بەسەردا کێشا. هەر لە ئێستەوە پاسەوانی لەسەر کابیاکە دانرا، ئەوەتە سەربازێکی پڕ بە چەکی نوێوە لە سۆفیاکەوە

تا شوێنی سەرپۆشە ئاسنینەکەی دەروازەی ئەستوونە مینرێژ کراوەکە دێت و دەچێت. ئەو سەربازە بێ ئەوەی بێزارو ماندوو بێت پێنج یان شەش هەنگاو دەهاوێت، هەر کاتێکیش کە دەسووڕێتەوە، تا ئاراستەی خۆی بگۆڕێت، نێزەکەی لەبەر تیشکی هەتاودا دەبریسکێتەوە.

هەر لە بەیانی ڕۆژی دواترەوە لەسەر کەلووەکەی کە بە تورکی لەسەری نووسراوە، ڕیکلامێکی نوێ بەرچاو دەکەوت بە پیتی گەورە گەورە نووسرابوو، بە چوارچێوەیەکی ڕەشی پان چوار دەور درابوو، خەڵکی لە ڕووداوی تیرۆرکردنی جێنشینی ئەمپراتۆر ئاگەدار دەکردەوە، ئەو تاوانەیشی سەرگۆنە دەکرد. بەڵام کەس ڕانەوەستا تا ڕیکلامەکە بخوێنێتەوە، بەڵکو خەڵکی کاتێك بەبەردەم ڕیکلامەکەو پاسەوانەکەدا تێدەپەڕین چاویان هەڵنەدەبڕی و، تا بۆیان بکرایە خێرایانە لە پردەکە دەپەڕینەوە.

لەو ڕۆژەوە پاسەوانان لەسەر پردەکە پاسەوانییان دەکردو بەجێیان نەدەهێشت، لەو ساتەوەیش ژیانی شارەکە یەك جارەکی ڕاوەستا، وەك چۆن هەڵپەڕکێی (کۆلۆ) لە (میزالین) ڕاوەستا، وەك هەموو ئەو ڕۆژەی ڕۆژانی حوزەیران کە مژدەی ئەوەی پێ بوو ببێتە جەژنێکی خۆشی و شادی.

ئێستە ڕۆژگار بە شێوەیەکی سەیرو نامۆ تێدەپەڕن: بەشێوەیەکی کپ و گرژو بە ڕۆژنامە خوێندنەوەو چرپە چرپ و لە کەشێکی پڕ لە ترس و بەرەنگاری و دەستگیرکردنی کەسانێکی سیرب و ڕێبوارانی گومان لێکراو بەسەر دەچن، لەگەڵ توندوتۆڵ کردنی خێرای هەنگاوی سەربازی لەسەر سنوور. شەوانی هاوین یەك بە دوای یەکدا، تێدەپەڕن، بەڵام ئێستە بێ گۆرانی چڕین، بێ کۆبوونەوەی لاوان لەسەر کابیا، بێ چرپە چرپی ئەوانەی جووت جووت لە تاریکیدا پیاسەیان دەکرد. تەنیا سەربازان لە شارەکەدا دەبینرێن. کە کاتژمێری حەوتی ئێوارە دادێت و، دەنگی شەیپووری ئۆردووە دارینەکان کە لەسەر (بیکافاتس) دامەزرێنراون و، دەنگی شەیپوورەکانی ئۆردووە گەورەکەی نزیك پردەکە بەرگوێ دەکەون، ئەو کات ئاوازە نەمساوییە غەمبارەکە دەژەنرێت، ئاوازی قەدەغەکردنی هات و چۆ، ئەو کات شەقامەکان بە تەواوەتی لە هاتوچۆکەران چۆڵ دەبن

.

ڕۆژانێکی خەفەتئەنگێز بوو بۆ ئەو دڵدارانەی کە دەیانویست بەدیداری یەکدی شاد بن و پێکەوە بدوێن بێ ئەوەی کەس بیانبینێت. گلاسنچانین هەموو ئێوارانێك بە بەردەم ماڵی زۆرکادا تێدەپەڕی. زۆرکا لەبەردەم پەنجەرەیەکی والای نهۆمی عەردی دادەنیشت کە کەمێك بەرز بوو. لەوێ پێکەوە قسەیان دەکرد. بەڵام قسەکانیان کورت و چڕ بوون چونکە ناچار بوو لە پردەکە بپەڕێتەوەو بۆ ئۆکۆڵچە بگەڕێتەوە پێش ئەوەی شەو بە تەواوەتی دابێت.

ئەم ئێوارەیەیش گلاسنچانین بە هەمان شێوە هات. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، شەبقەکەی بە دەستەوە بوو. داوای لە کیژەکە کرد بێتە بەر دەرگە گەورەکە، چونکە دەیەوێت بە دەنگی نزم شتێکی گرنگی پێ ڕابگەیەنێت. کیژەکەیش دوودڵ و نیگەران دابەزی. لە بەردەگەکە ڕاوەستا کە لە ئاستی لاوەکەدا بوو. لاوەکەیش بە هەڵچوونەوە بە ورتە ورت دەستی بە قسەکردن کرد بێ ئەوەی کەس بیبیستێت، گوتی:

ـ بڕیارمان داوه ئەم ئێوارەیه هەڵێین. فلادۆ مارچ و دوو کەسی دیکه. لەو بڕوایەدام کە هەموو شتێك مسۆگەرانه ڕێك خراوەو، ئێمه تێدەپەڕین ... بەڵام ... ئەگەر نەمانتوانی ..... ئەگەر شتێك ڕووی دا ...... زۆرکا؟

ئەو کات ورته ورتەکەی پچڕا. هەردوو چاوی زۆرکا زەقتر بوونەوه، بۆیه ئەو ترس و شڵەژانەی تێدا بەدی دەکردن. به خۆیشی شڵەژاوو هەڵچووبوو، وەك بڵێیت پەشیمان بێت لەوەی که ئاگەداری دەکاتەوەو مۆڵەتی لێ دەخوازێت.

ـ وام به باش دەزانی که پێت بڵێم.

ـ ئەی چی لەبارەی ... ئەی چی له بارەی ئەمەریکاوه؟

ـ مەڵێ (چی له بارەی ).... ئەگەر پێش مانگێك ڕازی بووایەیت، کاتێك داوام لێ کردیت، هاوسەرگیری پێك بێنین، ئەوه ڕەنگه ئێستە لێرەوه دوور بووایەین . هەرچۆنێك بێت، ڕەنگه حەز لە شتێك نەکەن کە سوودبەخشه. تۆ هەڵویستەکە دەبینیت. دەبێت لەگەڵ برادەرەکانمدا بڕۆم. هەر له ئێستەوه شەڕ هەڵگیرسا. شوێنی هەر هەمووومان سیبریایه. زۆرکا دەبێت بڕۆم، ئەمه ئەرکه. ئەگەر هات و ژیام و وڵاتەکەمان ڕزگار بوو، ئەو کات پێویست ناکات مرۆڤ بۆ ئەو ئەمەریکایەی ئەودیوی زەریاکان کۆچ بکات، لە وڵاتەکەی خۆماندا ئەمەریکای تایبەت به خۆمانمان دەبێت، وڵاتێکمان دەبێت کارێکی زۆری تێدا دەکەین، کارێکی سەربەرزانه، شادو سەربڵندانەیش تێیدا دەگوزەرێنین.

ئەگەر بتەوێت دەتوانین هەردووکمان پێکەوه تێیدا بژین. ئەوه بە ئارەزووی تۆوه پەیوەستە. بیرت لێ دەکەمەوه، تۆ .... جار جار ..

لێرەدا لاوەکە وشەی بۆ نەهات، لەناکاو دەستی بەرز کردەوەو، به خێرایی بەسەر قژە چڕو پڕە کستناییەکەی کیژەکەیدا هێنا. ماوەیەکی دوورو درێژە ئەوه بووەتە خولیایەکی گەورەی، ئێستە هەلی بۆ ڕەخسا بەدی بهێنێت، وەك چۆن ڕێ به یەکێك بدرێت سزای مەرگی بەسەردا سەپێنرابێت بەر لە سێدارەدان و مردن ئارەزووەکەی بەدی بهێنێت. کیژەکە شڵەژاو پاشەکشەی کرد. ئەویش دەستی به هەواوه بەرز کردبووەوه.

دەرگەی کیژەکە بێ جیرە پێوه درا، پاش ماوەیەك زۆرکا لە پەنجەرەکەوه دەرکەوت، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، چاوی زەق بووبوونەوه، به گرژییەوه پەنجەکانی تێك ئاڵاندبوون، لاوەکه به تەنیشت پەنجەرەکەدا تێپەڕی و سەری بەرەو دواوه بەرز کردەوه، دەم و چاوی زۆرکای بینی که زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو هیچ غەمێکی پێوه بەدی نەدەکراو به شێوەیەکی جوان دەهاتە پێش چاو. وەك بڵێیت کیژەکە لەوه ترسابێت، ببینێت دوای ئەوه چی ڕوو دەدات، بۆیه کشایەوه ژوورەکەی خۆی که تاریکی باڵی بەسەردا کێشابوو. لەوێ لەسەر نوێنەکەی دانیشت و ، سەری دانەواندو دەستی به گریان کرد.

سەرەتا هێور هێور گریا، پاشان تا دەهات گریانەکەی پەرەی دەستاند، چونکه هەستی بە دژواری ئەو هەڵویستە دەکرد که چارەسەرێکی دیکەی نەبوو. هەرکە درێژەی بە گریان دابایە هۆکاری زۆرتری دەبینییەوه پاڵیان پێوه دەنا پتر بگریت، پتر هەستی بەوه دەکرد کە هەموو ئەوەی لە دەورو بەرین نائومێدییەکی ڕەش و تاریکه. نا، هەرچۆنێك بووه هیچ چارەسەرێك بۆ ئەم هەڵویستە نادۆزێتەوەو،

ناشتوانێت ڕۆژێك لە ڕۆژان بڕیاری خۆی بدات و یەکلای بکاتەوە: هیچ کاتێك ناتوانێت ئەم نیقـۆلا بـاش و سەربڵندەی خۆش بوێت کە خەریکە دەڕوات، خۆش ویستنێك بەو شێوەیەی کە شایانیەتی، نا ئەو ڕۆژەیـش نابینێت کە تێیدا ئەو مرۆڤەی خۆش بوێت کە ناتوانێت هیچ کیژێکی دیکەی خـۆش بوێـت. ئـەو ڕۆژگـارە شادانە ناگەڕێنەوە کە پارساڵ هێشتە شارەکەیان ڕووناك دەکردەوە. هیچ کام لە پیاوەکانیشمان ناتوانێت لەم پەرژینە چیایە تاریکانە دەرباز بن و، نەیش ئەمەریکا ببینن و، نەیش لێرە نیشتمانێك دروست ببێت مـرۆڤ کاری زۆری تێدا بکات، وەك دەڵێن، بەڵام بە کامەرانی و ئازادی تێدا بگوزەرێنێت. نا ڕۆژێك لە ڕۆژان هیچ شتێك لەوانە بەدی نایەن.

پاش نیوەڕۆ لە شارەکەدا هەواڵێك بڵاوبووەوە، کە فلادۆ مارچ و، گلاسنچانین و ژمارەیەکی دیکەی لاوان بۆ سیربیا هەڵاتوون و، هەموو سیربەکانی دیکە، بە هەموو سامان و سەرو ماڵیانـەوە لەگـەڵ خێزانەکانیانـدا، لەناو ئەو دۆڵەدا مانەوە کە گەیشتبووە ئاستی تەقینەوە، وەك بڵێیت کەوتبنە ناو تەڵەو بۆسـەوە. ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ تا دێت کەشی مەترسی و هەڕەشە لە شارەکەدا پترو چڕتر دەبێت. ئەوەتە ئاکام گەردەلوولەکە لـە ڕۆژێك لە ڕۆژانی مانگی تەمووزدا لەسەر سنوور تەقییەوە، ئەو گەردەلوولـەی کـە پاشـان بڵاوبـووەوە تـا هەموو جیهانی گرتەوەو، چارەنووسی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان و شاران و، چارەنووسی پردەکـەی ڕووبـاری درینایش کەوتە مەترسییەوە.

ئەو کاتە بە ڕاستی دەست بە ڕاوەدوونانی سیربەکان و دەست بە ڕاوەدوونانی هەموو ئـەوە کـرا کـە بەهـەر هۆیەکەوە بووە پێوەندی بەوانەوە بێت. ئەو دڕندە ناجسنەی لە ناخی مرۆڤدا خـۆی مـەڵاس داوەو ناوێرێـت خۆی دەربخات تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بەربەسـتەکانی ڕەوشـتی بـاش و یاسـا چـاکەکان نـەبێت، ئێسـتە هەنگاوی هەڵهێناوەو ڕێی بۆ ئاواڵە کراوە. چرای سەوزی بۆ پێ کراو، بەربەسـتەکان لابـران. وەك چـۆن زۆر جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوو دەدات، کاری توندو تیژی و تاڵان و بڕۆو تەنانەت کوشتن بـوون بـە جـۆرە کارێك خەڵکی خۆیان لێ بێ دەنگ و نـەبان دەکـردو ڕێـی پـێ دەدرا، بەمـەرجێك بـە نـاوی بەژەوەندییـە باڵاکانەوە ئەنجام بدرێت و، لە سایەی چەند دروشمێکی دیاریکراوداو، دژ بە ژمارەیـەکی کـەم لـەو کەسـانە ئەنجام بدرێت کە بە ناوی تایبتەوە ناوزەد دەکرێن و سەر بـە بڕوایـەکی دیـاریکراون. ئەوانـەی ئـەو کاتـە وریایی و هۆشمەندی هزریان پاراست و چاویان کرابووەوە، توانییان ئەو پەرجووە بە چـاوی خۆیـان ببیـنن و، کۆمەڵێك ببینن کە سەرتاپای بە شەوو ڕۆژێك گۆڕا. لەماوەی چەند ساتێکدا هەموو گەڕەکی بازرگانی لادرا کە لەسەر چەند ڕەفتارو ڕەوشتێك دامەزرابوو، بۆ چەندین سەدە دەگەڕایەوە، ئەو ڕەفتـارو ڕەوشـتانەی کـە ئەگەرچی بەردەوام چەند جۆرە ڕکی شـاراوەو ئیرەیـی و ئەفسـانەو دەمـارگیری ئـایینی و دڵڕەقییـان لـەخۆ گرتبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا بوێری و مرۆیی و ئارەزووی مەبەست و سستمی ڕێکخراوو ڕێـك و پێکیـان لـەخۆ گرتبوو، هەموو ئەمانەیش سۆزن، ئەو ئارەزووە خراپ و نەریتە ناشیرین و ناقۆڵایانـە لەهەنـدێك سـنووردا بەربەست دەکەن بۆیە دەکرێت بەرگەیان بگیرێت، پاشان دەگاتە ئەوە هێوریان بکاتەوەو بیانخاتە ژێر ڕکێفـی بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە کە ژیانی هاوبەش پێویستی پێیان هەیە. ئەو پیاوانەی مـاوەی چـل سـاڵە لـە

گەڕەکی بازرگانی بە قسەو بە گوێیان دەکرا لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا نەمان، وەك بڵێیت هەموویان مـردبن، وەك بڵێیت نەریت و چەمك و یاساکان لەگەڵیاندا لەناوچووبن کە بەرجەستەیان دەکردن.
ئەوەبوو لەو کاتەوە شەڕی دژ بە سیربەکان ڕاگەیەنرا گرووپێك لە (شۆتسکۆربس) (واتە گرووپی پاسـەوانی) لە هەموو لایەکەوە بەناو شاردا دەسووڕانەوە. مەبەست لە پێکهێنانی ئەم گرووپە کە زۆر بەپەلـە چـەکیان پێ درا بۆ ئەوە بوو لە ڕاوەدوونانی سیربەکاندا یارمـەتی دەسـتەڵاتداران بـدەن. لـە قـەرەج و سـەرخۆش و تەمبەڵانی دیکە پێکهاتووە، لە کەسانێك کە هـەر هـەموویان دژایـەتی کۆمـەڵ دەکـەن و سەرپێچـی لـە یاساکان دەکەن. ئەمەیان پیاوێکە ناوی (هۆزۆ کۆکۆشار)ە، کە قەرەجێکی بێ ئابڕووی بێ پیشەیە، بـەلاوی بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە تووشی بووە هەموو لووتی خوراوە، ئەوەیە کە بـە سـەرۆکایەتی خێڵێـك لـە پـێ پەتییەکان لەوانەی بە تفەنگی کۆنی جۆری (فرەندەل) چەکدار کراون کە نێزەیەکی درێژی پێوەیـە سـەرەوەی شەقامی سەرەکی لە گەڕەکی بازرگانی گرتووە.
بەرانبەر بەم هەڕەشەیە بافلی ڕانکۆڤیچ، بەوەی کە سەرۆکی یەکیەتی سیربەکانە، کە ڕاسپێرراوە قوتابخانەی ئەبرەشییەکە بەڕێوە ببات، ئەو لەگەڵ چوار کەسی دیکەی پیاوماقووڵدا چـوونە لای جێگـری پارێزگـار کـە ناوی (سابلیاك)ە. ئەم (سابیلاك)ە پیاوێکی قەڵەوی ڕەنگ زەردی سەر تەواو رووتاوی بە نژاد (کرواتی)یـە، ماوەیەکی کەمە ئەو پلەو پایەی پێ دراوە. تووڕەیە، شەو تێر نەنووستووە، هەردوو چاوی سوورهەڵگەڕاون، هەردوو لێوی وشکن و خوێنیان تێدا نەماوە، جووتێك پووتی لە پییەو، پاخـەی چـاکەتەکەی نیشـانەیەکی دوو ڕەنگی پێوەیە، ڕەش و زەرد. جێگری پارێزگار هەر بە پێوە پێشـوازی لـە هـەر چـوار پیاوەکـە کـرد، کورسی پێشکەش نەکردن لەسەری دانیشن. بافلی ڕانکۆڤیچ بەدەنگێکی خنکاوی سەیر دەستی پـێ کـردو، ڕەنگی دەم و چاوی تاریك داهات و هەردوو چاوی بوون بە دوو هێڵی ڕەشی هەڵەوگێڕ:
ـ گەورەم پارێزگار، ئێوە بە خۆتان دەبینن چ ڕوو دەدات و خەریکە چی ڕوو بدات و، دەشزانن ئێمەی سیرب لە دانیشتووانی فیشیگراد حەزمان نەدەکرد ئەمە ڕوو بدات ...
ـ بەڕێز من هیچ شتێك نازانم و، ناشمەوێت هیچ شتێك بزانم. ئێستەیش کـارێکی زۆری دیکـەم هەیـە لـەوە گرنگترن گوێ لە قسەکانی ئێوە بگرم. ئەمە هەموو ئەو قسانەی منە کە بتوانم بۆ ئێوەی بکەم.
بەم جۆرە جێگری پارێزگاریش بە دەنگێکی تووڕەوە قسەکانی پێ بڕی.
بافلی ڕانکۆڤیچ دەستی بە قسە کردن کردەوەو لەسـەرخۆ وەك بیـەوێت بـەو هێورییـەی ئـەم پیـاوە تـووڕە هەڵچووە هێور بکاتەوەو گوتی:
ـ ئێمە بۆ ئەوە هاتووینەتە ئێرە تا خزمەت بە ئێوە پێشکەش بکەین و، بۆتان دووپات بکەینەوە ...
ـ هیچ پێویستم بە خزمەتی ئێوە نییەو، هیچ پێویستیش ناکات هـیچ شـتێکم بـۆ دووپـات بکەنـەوە. لـە سەراییڤۆ بازووی خۆتان لەو کارەدا نواند کە باش دەزانن ئەنجامی بدەن.
ڕانکۆڤیچ بە هەمان ئەو دەنگە هێورەو، بە سووربوونی پترەوە پێی لەسەر داگرت و گوتی:
ـ ئێمە دەمانەوێت لە سێبەری یاسادا، کە ...
ـ هەهـ ! ... ئێستە یاساتان بیر دەکەوێتەوە .. کام یاسایانە کە بوێرن قسەیان لەبارەوە بکەن؟

ـ بەڕێز پارێزگار یاساکانی دەوڵەت ... ئەو یاسایانەی بەسەر هەمووماندا جێبەجێ دەکرێن.
ئەو کات لەناکاو پارێزگار گەڕایەوە دۆخی ویقارو ڕێز، وەك بڵێیت کەمێك هێور بووبێتەوە. بافلی ڕانکۆڤیچ ئەو ساتە کورتە هێورییەی بە ڕوخساری پیاوە تووڕەکەوە دەرکەوت بە هەل زانی و گوتی :
ـ بەڕێز پارێزگار، دەمانەوێت بزانین ئایە ئێمەو خێزانەکانمان سەرو ماڵمان پارێزراوین؟ ئەگەر نا چ پێویستە بیکەین؟
ئەو کات پارێزگار هەردوو دەستی درێژ کردەوەو هەردوو ناو لەپی بەرەو ڕانکۆڤیچ وەرگێڕاو، هەردوو شانی هەڵتەکاندو، هەردوو چاوی نوقاندو، گازێکی توندی لە هەردوو لێوە تەنك و کاڵەوەبووەکەی گرت.
بافلی ڕانکۆڤیچ زۆر باش لەم دەربڕینە تایبەتە دەگات کە هیچ بەزەییەکی تێدا بەدی ناکرێت .. ئەم دەربڕینە کەڕو لاڵ و کوێرەی کە پیاوانی دەوڵەت لە ساتە مەترسیدارو گرنگەکاندا نیشانی دەدەن. بۆیە خێرا دەرکی بەوە کرد کە قسەکردن لەگەڵ ئەم پیاوەدا هیچ ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە.
پارێزگار هەردوو باڵی نزم کردەوەو، سەری بەرز کردەوەو، بە دەنگێکی کەمێك نەرمەوە گوتی:
ـ دەستەلاتدارانی سوپایی ئەوان چ پێویستە بۆ هەموو مرۆڤێکی دیاری دەکەن.
ئەم جارەیان ڕانکۆڤیچ هەردوو باڵی لێك دووخستنەوەو، هەردوو پێڵووی نوقاندو، هەردوو شانی هەڵتەکاندو بە دەنگێکی گڕو شێواو گوتی:
ـ بەڕێز پارێزگار سوپاس.
هەرچوار پیاوەکە نووشتانەوە نووشتانەوەیەکی ڕەق و ناهەموارانەو، پارێزگاریان بەجێ هێشت و چوونە دەرەوە، چوونەدەرەوەی یەکێك کە بە سزای مەرگ سزا درابێت.
گەڕەکی بازرگانی دەکوڵێت و تا دێت گەرمتر دەبێت، چەندین کۆبوونەوەی نهێنی لێرەو لەوێ بەخۆوە دەبینێت. لە دوکانەکەی عەلی خۆجەدا ژمارەیەك پیاوماقووڵانی تورك دانیشتوون، نائل بەگ تفرتکۆڤیچ و، عوسمان ئاغا شابانۆڤیچ و، سەولی ئاغا میزیلدیچ. ڕەنگ هەڵبزوڕکاوو خەفەتبار. دەم و چاو درژو سەکنیویان شتگەلێك دەردەخەن کە دەم و چاوی ئەو کەسانە دەریان دەخەن بەرانبەر بە ڕووداوی لەناکاوو گۆڕانکاری گەورە شتێك لە دەست بدەن. ئەوان ئەو کەسانەن کە دەستەلاتداران داوایان لێ کردوون ببنە سەرۆکی (شۆتسکۆربس).
ئێستە لێرە کۆبوونەتەوە، وەك بڵێیت ئەم کۆبوونەوەیان بە ڕێکەوت بێت. بۆ ئەوەی لەسەر ئەوە ڕێك بکەن کە چی بکەن بێ ئەوەی کەس پێیان بزانێت. هەندێکیان بڕوایان وایە کە قایل بن و ڕەزامەندی بنوێنن، هەندێکی دیکەیان بڕوایان وایە ڕەزامەندی نەنوێنن. عەلی خۆجە وەك ڕاهاتووە، هەڵچووەو سوور هەڵگەڕاوە، چاوی ئاگری دەکردەوەو، قسەی دەکردو، بە تەواوەتی چوونە ڕیزی (شۆتسکۆربس)ی ڕەت دەکردەوە، هەرچۆنێك بووبێت. زۆرتر لە نائل بەگ تووڕەبوو کە ڕای وابوو سەرۆکایەتی چەند کەرتێکی خۆبەخشانی موسوڵمان بکەن بەوەی کە پیاوماقووڵن، عەلی خۆجە پێی دەگوت:

ـ هەرچی پێوەندی بە منەوە بێت، ئەوە تا لە ژیاندا ماوم توخنی ئەم جۆرە کارە ناکەوم. ئەگەر تۆزێك ئەقڵت ببوایە تۆیش توخنی ئەم کاروبارە نەدەکەوتیتەوە. نابینیت کریستیانەکان لە شەڕو کوشتارەکانی خۆیاندا بەکارمان دەهێنن و ئاکام پیاو خراپییەکە هەر بۆ ئێمە دەمێنێتەوە؟

بە هەمان ئەو گۆساغییەی کە لە قسەکانیدا بینیمان کاتێك لە ڕابوردوودا لەسەر کابیاکە لەگەڵ عوسمان قەەرەمانلیادا مشت و مڕی کرد، عەلی خۆجە ئەم جارەیش دەیویست بیسەلمێنێت کە تورکەکان لە هیچ لایەنێك لە هەردوو لایەنەکە هیچ سوودێکیان نەبینیوەو، خۆتێهەڵقورتانیدیان لەم کارە هیچ قازانجێکیان پێ ناگەیەنێت تەنیا زیان نەبێت :

ـ ماوەیەکی دووروودرێژە کەس لە بارەی هیچ شتێکەوە پرسمان پێ ناکات و هیچ هەڵسەنگاندێکمان بۆ ناکات. نەمساوییەکان هاتنە ناو خاکی بۆسنیاوە، بەبێ ئەوە سوڵتان پرسمان پێ بکات و بێ ئەوەی ئەمپراتۆر پرسمان پێ بکات: بەگ و پیاوانی گەورەی تورك ڕێ بەمە دەدەن؟ پاشان سیربەکان و دانیشتووانی مۆنتی نیگرۆ شۆڕشیان بەرپاکرد کە تا دوێنێ کۆیلەی ئێمە بوون، بۆیە نیوەی موڵکەکانی تورکیان داگیرکرد، تەنانەت هیچ کەسێك ڕێی بە خۆی نەداو بێت و تەماشایەکمان بکات. ئێستەیش ئەمپراتۆر لە سیربەکان دەدات، بێ ئەوەی کەس پرسمان پێ بکات و ڕای ئێمە وەربگرێت، کەچی چەند تفەنگ و شەڕواڵێکمان پێدەدەن و، دەیانەوێت ببینە تانجی نەمساوییەکان. ڕاوەدووی سیربەکان بنێین تا شەڕوالی نەمساوییەکان نەدڕێت کاتێك بە چیای (شارجان)دا سەردەکەون. بەڵام ئەی بەستەزمان چۆن بیر لەوە ناکەیتەوە بپرسیت: بۆچی ئێستە بەم شێوەیە لە ئامێزت دەگرن وەنییە پەراسووەکانت تێك بشکێن، کەچی چەندین ساڵی دوورو درێژە لەبارەی ڕووداوە ترسناکەکانەوە هیچ پرسێکت پێ ناکەن؟ برادەر ئەمە ئەوپەڕی بلیمەتی و دووربینییەو، ئەوەی تێگەیشتوو بێت پتر لەپێویست خۆی تێهەڵناقورتێنێت. لێرە خەڵکی لەسەر سنوور دەستیان بەوە کرد هەر یەکە سکی یەکدییان هەڵدەدڕی، بەڵام کێ دەزانێت هەر هەموو ئەمە بەرەو کوێمان دەبات. بێگومان یەکێك هەیە لەپشتەوە یارمەتی وڵاتی سیربیا دەدات. شتەکە جگە لەمە هیچ شتێکی دیکە نییە. بەڵام لە شوێنی خۆتەوە لەپەنجەرەکەی ماڵەکەتەوە لە (نیزۆکە) هیچ شتێك لەبەردەم خۆتدا نابینیت تەنیا چیایەك نەبێت، چاوت بڕی دوورتر لەم کۆمەڵە بەردانە ناکات.

واز لەوە بهێنە کە دەستت پێکردووە، بەشداری (شۆتسکۆربس) مەکەو، هانی کەسی دیکە مەدە بەشداری تێدا بکات. باشترە سوود لەو دە کۆیلەیەت ببینیت کە ماونەتەوە، تا سوودێکت پێدەبەخشن.

هەموو ئەوانەی گوێیان دەگرت بێ دەنگ و گرژو مۆن و کپ بوون. نائل بەگیش بێ دەنگ بوو. شتێکی ڕوون و ئاشکرابوو کە قسەکانی عەلی خۆجە بریندارییان دەکرد ئەگەرچی ئەو هەوڵی دەدا بەسەر خۆی نەهێنێت. چوون مردوو ڕەنگی هەڵبزورکابوو، بڕیارێك لە مێشکیدا دەخولایەوە، بڕیاری دابوو جێبەجێی بکات. عەلی خۆجە هەموو گوێگرەکانی هەژاند تەنیا نائل بەگ نەبێت، هەژاندنی و ورەی بەرزتر کردنەوە. ئەوان هەنووکە جگەرە دەکێشن و بێ نقە تەماشای هەموو ئەم کاروانانە دەکەن کە دواییان نایەت، کاروانی ئەو گالیسکەو ئەسپانەی بار کرابوون و بەسەر پردەکەدا دەپەڕینەوە. دواتر یەك لە دوای یەکدی هەستان و مۆڵەتیان وەرگرت بڕون.

نائل بەگ دوایەمین کەس بوو کە هەستێت. بـۆ بەرسـڤ دانـەوەی سـڵاوە نووتەکەکانیشـی، عـەلی خۆجـە جارێکی دیکە چاوی لە چاوی کردو، بە شێوەیەك پێی گوت کە غەمباری پێوە دیار بوو:

ـ دەبینم نیازت وایە بڕۆیت، حەز دەکەیت ژیانت بخەیتە مەترسییەوە. دەترسیت قەرەجەکان پێش تۆ بکەون. بەڵام من داوات لێدەکەم قسەی پیرەمێردانی سەردەمانی کۆنت بیرت بکەوێتەوە کە دەیانگوت: ئەمە کـاتی مردن نییە، بەڵکو کاتی ئەوەیە مرۆڤ بەهای خۆی بسـەلمێنێت. بـەڵێ ئەمـە کـاتی ئەوەیـە بـەهای خـۆت بسەلمێنیت. گۆڕەپانی بازاڕەکە کە کەوتووەتە نێوان دوکانەکەی عەلی خۆجەو پردەکەوە لە گالیسکەو ئەسپ و هەموو جۆرە سەربازێکدا جمەی دێت، لەگەڵ سەربازانی یەدەك ئەوانەی دەهاتن فۆرمەکانیان پێشکەش بە پۆلیس دەکرد. ناوە ناوەیش پیاوانی جەندرمە دەگەیشتن کۆمەڵێك سیربی دەست بەستراویان لەپێش خۆ دابوو کەسانێکی جووتیار یان دانیشتووانی شار بوون. هەوا پڕ لە تۆزو گەرد بوو، خەڵکی بە دنگی بەرزتر لەوەی پێویست دەکات دەپەیڤین و خێراتر تێیان دەتەقاندو دەڕۆیشتن پتر لەوەی کارەکانیان پێویستی دەکرد. ئارەقە بە دەم و چاوی سوور هەڵگەڕاویاندا چـۆڕاوگەی بەسـتبوو، جنێـوو دوژمـان بـە هـەموو زمانێـك بـەرگوێ دەکەوت. شەراب و بێداری و ئەو پشـێوییە بـە ئـازارەی بـەردەوام لـەکاتی نزیکبوونـەوەی مەترسـییەك و ڕوودانی ڕووداوی خوێناویدا تووشی خەڵکی دەبێت، هەر هەموو ئەمـە وا دەکـات چـاوی هـەموو خـەڵکی سوورهەڵگەڕێت و ببرژێتەوە.

یەکسەر لە ناوەندی گۆڕەپانەکەی بەردەم پردەکەدا ژمارەیەك سەربازی یـەدەکی مەجـەری ئەوانـەی جـل و بەرگی نوێی سەربازییان پۆشیبوو، دەستیان بە بڕینی لق و پۆپی درەختەکان کرد. چەکوش و تەورەکان خێرا بەکار دەهێنران و تەق و تۆقیان دەهات و، هەرەکانیش دارەکانیان دەبڕییەوە. سرپە سرپێك بە گۆڕەپانەکەدا بڵاو بووەوە دەیگوت: نیازیان وایە سێدارەیەك دامەزرێنن. منداڵان لە دەوروبەری سەربازەکان گرد بوونەوە. عەلی خۆجە لە دوکانەکەی خۆیدا دانیشـتووە. ئەوەتـە دەبینێـت کـە سـەربازەکان سـەرەتا دوو بنـەداریان چەقاند، ئەم جار سەربازێکی یەدەك، کە کابرایەکی زل بوو، دوو سمێڵـی پێـوە بـوو، سـەرکەوت و هـەردوو بنەدارەکەی ئاسۆیی بە بنەدارێکی دیکەوە توند شەتەك دا.

خەڵکێکی زۆر لە دەوری سێدارەکە گردبوونەوە وەك گردبوونەوەیان لە دەوری شیرینییەك دابەش بکرێت. بـە جەستەیان بازنەیەکیان لەدەور دروست کرد. زۆربەی ئەوانەی گردبووبوونەوە سەرباز بوون، بـەڵام ژمارەیـەك جووتیاری نەداری تورك و پیاوی قەرەجی شارەکەیان تێـدا بـوو. ئەوەنـدەی نەخایانـد ڕێگەیـەك لـە ڕیـزی حەشاماتەکەدا کرایەوە و مێزێك و دوو کورسی بۆ ئەفسەرەکەو هەردوو سـکرتێرەکەی هێنـران. ئـەو کـات سەربازانی (شۆتسکۆربس) هاتن و سەرەتا دوو جووتیاریان لە پێش خۆ دابوو، پاشان پیـاوێکی دانیشـتووی شار. هەرچی دوو جووتیارەکە بوو ئەوە کوێخای دوو گونـدی سـەر سـنوور بـوون، گونـدی (بـۆزدرچ چـۆ)و (کانتسا). پیاوە سڤیلەکەیش کابرایەك بـوو نـاوی (فـایۆ) بـوو، بەنـژاد خـەڵکی شارۆچـکەی (لیکا)یـە. قۆنتەراتچییەو ماوەیەکی دوورو درێژە نیشتەجێی شارەکەیەو هەر لەوێش ژنـی هێنـاوە. ئـەو سـێ کەسـە دەستیان بەسترابووەوە، زەندەقیان چووبوو، تەپ و تۆز داپۆشیبوون. بە توندی لە دەهۆڵ دەدرا بۆیە دەنگی دەهۆڵەکە لەناو ئەم گرژی و بشێوییە گشتی و سەرتاسەرییەدا لە دەنگـی هەورەتریشـقەی شـوێنێکی دوور

دەچوو. بێ دەنگی باڵی بەسەر بازنەی دەورو بەری سێدارەکەدا کێشابوو. ئەفسەرەکە، کە ئەفسەرێکی یەك ئەستێرەی ئەفسەرانی یەدەکی مەجەری بوو، بە زمانی ئەڵمانی دەستی بە خوێندنەوەی بڕیاری لە سێدارەدانەکە کرد. چاوشێکیش ئەوەی وەردەگێڕا کە ئەفسەرەکە دەیخوێندەوە.

ئەنجوومەنی جەنگ ئەو سێ کەسەی بە مەرگ سزا داوە، لەبەر ئەوەی چەند کەسێك سوێندیان خواردووە کە شەو بینیویانن بە ڕووناکی ئاماژەیان بەرەو سنووری سیربیا کردووە. پێویستە لەسێدارە دانەکەیش لە گۆڕەپانی نزیك بە پردەکە بەبەرچاوی خەڵکەوە ئەنجام بدرێت.. هەردوو جووتیارەکە نقەیان لێوە نەدەهات، چاویان دەترووکاند وەك بڵێیت سەریان لێ شێوابێت، فایۆیش ئارەقەی دەم و چاوی دەسڕییەوەو، بە دەنگێکی نەرمی غەمبارانە دووپاتی دەکردەوە کە بێ تاوانە. هەردوو چاوە ئەبڵەق بووە شێتەکەی دەگێڕاو دەکۆشا یەکێك ببینێت بۆی دووپات بکاتەوە کە بێ تاوانە.

ئەو کاتەی دەیانویست بڕیارەکە جێبەجێ بکەن سەربازێکی سوورەفڵی قژ زەردی کورتە بنەی گەڵ بڵاو، ڕێگەیەکی لە نێو حەشاماتەکەدا بۆ خۆی کردەوە. ئەوە گۆستاڤ بوو کە ئەوسا لە ئۆتێلی لۆتیکا گەرسۆن بوو، ئێستەیش لەبەشی خوارەوەی گەڕەکی بازرگانی قاوەچییە. جل و بەرگی نوێی سەربازی پۆشیوەو پلەی چاوشی هەڵگرتووە. دەم و چاوی سوور هەڵگەڕابوو، هەردوو چاویشی وەك جاران و پتریش خوێنیان تێ زابوو. پاش ئەوە مشت و مڕو بگرەو بەردەیەك ڕووی دا. چاوشەکە ویستی دووری بخاتەوە. بەڵام قاوەچییە جەنگاوەرەکە نەیویست دوور بکەوێتەوەو، بە ئەڵمانی و بە دەنگێکی سەرخۆشانە گوتی:

ـ من لێرە ماوەی پێنج ساڵە باوەڕ پێکراوی هەواڵگریم و، جێی متمانەو باوەڕی باڵاترین ناوندی سەربازیم. بەڵێنم پێ دراوە هەر کاتێك هەلم بۆ ڕێك بکەوێت و بتوانم دوو سیربی بە دەستی خۆم لە سێدارە بدەم. ئێوە من ناناسن. ئەو مافەم بۆ دەستەبەر بووە. ئەوەتە ئێوەیش ئێستە ....

چرپە چرپ و مقۆ مقۆ کەوتە نێو حەشاماتەکەوە. چاوشەکە سەری لێ شێواو نەیزانی چی بکات. تا دەهات گۆستاڤ پتر هەڵدەچوو. بە هەر شێوەیەك بووە دەکۆشا هەردوو پیاوەکەی بخرێتە بەردەست بۆ ئەوەی بە خۆی لەسێدارەیان بدات. ئەو کات ئەفسەرەکە هەڵستا، کە پیاوێکی باریك و گەنم ڕەنگی بەڕێز بوو، زۆر غەمبار دەهاتە پێش چاو وەك بڵێیت بە خۆی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە، تەواو خوێن لە دەم و چاویدا نەما، گۆستاڤ کە ئەگەرچی سەرخۆش بوو، هیچی لەبەردەمدا نەمایەوە ئەوە نەبێت ڕاوەستێت، ڕاوەستانێکی سەربازی. بەڵام هەردوو سمێڵە باریکەکەی دەلەرزین و، هەردوو چاوی جارێك بەلای ڕاست و جارێك بەلای چەپدا دەخولانەوە.

ئەفسەرەکە ئەوەند لە دەم و چاوی سوورەفڵی گۆستاڤ نزیك بووەوە وەك بڵێیت بیەوێت تفی لێ بکات و، گوتی:

ـ ئەگەر لێرە ملت نەشکێنیت، ئەوە فەرمان دەدەم بە زنجیرت ببەستنەوەو ڕەوانەی بەندیخانەت بکەن. هەرچۆنێکیش بووە ئەوە سبەینێ لەبەردەم دادگەدا ئامادە بیت. تێگەیشتیت؟ ئێستەیش ... بڕۆ ... بڕۆ ...

ئەفسەرەکە بە ئەڵمانی و بە شێوەی مەجەری دەپەیڤی، دەنگیشی تا بڵێیت نزم بوو، بەڵام ئەوەند توندو بە تووڕەیی بوو وای کرد قاوەچییە سەرخۆشەکە نوشتایەوەو لە ناو حەشاماتەکەدا بزربوو لە کاتێکدا بێ ڕاوەستان سڵاوی سەربازی بۆ دەسەندەوەو، بە بڵمە بڵم داوای لێبوردنی کرد کە کەس تێی نەدەگەیشت.

جارێکی دیکە بیری خەڵکەکە گەڕایەوە لای ئەوانەی سزای لەسێدارەدیان بەسەردا درابوو. هەرچی دوو جووتیارەکەیە کە هەردووکیان خاوەن خێزانن، ئەوە باری هیچ کامێکیان لەوی دیکە جیاواز نەبوو. هەردووکیان دەلەرزین. گەرمای هەتاوو هاڵاوی ئەو گەرما خنکێنەرەی لە حەشاماتە زۆرەکەوە بەرەو ڕوویان دەهات وای لێ کردبوون چاو بتروکێنن و بڕۆیان بەیەکدا بدەن، تەنیا ئەوە بێزاری دەکردن و ئازاری دەدان. هەرچی فایۆیە ئەوە بە دەنگێکی لاوازو کز سکاڵای دەکردو دەیگوت بێ تاوانە و، کێبەرکارەکەی بە درۆوە سکاڵای لێ کردووە، لە کاتێکدا ئەو، لە سوپادا خزمەتی نەکردووەو لە ژیانیدا نەیبیستووە بە ڕووناکی ئاماژە بگوێزرێتەوە.

فایۆ نەختێك ئەڵمانی دەزانێت، وشەکانی بە دەنگێکی نائومێدانە یەك لە دوای یەك لە زار دەردەپەڕی و، هەوڵی دەدا دەربڕینێکی ئەوتۆ بدۆزێتەوە قایلیان بکات و ئەم تەوژمە خنکێنەرە ڕابگرێت کە لە دوێنێوە ڕایدەماڵێت و هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکات لەم جیهانەی دەربهێنێت، ئەگەرچی تەواو بێ تاوانە. بە ئەڵمانی دەیگوت:

ـ گەورەم ئەفسەری بەڕێز ... تۆوخوا ... بێ تاوان ... منداڵی زۆر .... بێ تاوان ... هەموو درۆو دەلەسەن.

فایۆ وشەکانی هەڵدەبژێرێت وەك بڵێیت بە دوای ئەو وشە ڕاستگۆیانەدا بگەڕێت کە قوتاری دەکات.

ئەو کاتە سەربازەکان لە یەکەمین جووتیار نزیك بووبوونەوە. جووتیارەکە کڵاوە فەروەکەی خێرا لەسەری داکەندو نواڕییە چیای مەیدان کە کڵێساکەی لێیە، دوو جار بە گەرمی نیشانەی خاچی کێشا. بەڵام ئەفسەرەکە بە چاوهەڵتەکاندنێك فەرمانی بە سەربازەکان دا یەکەمین جار فایۆ لەکۆڵ بکەنەوە. کابرا کە بینی نۆرەی هاتووە نائومێدانە دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو بە دەنگی بڵند دەستی بەپاڕانەوەو لاڵانەوە کرد:

ـ نا ... نا ... تۆو خوا ... گەورەم ئەفسەری بەڕێز ... تۆ دەزانێت ... تەنیا درۆو دەلەسەیە ... خوایە ... درۆو دەلەسەیە ...

فایۆ بەم جۆرە دەستی بە هات و هاوار کرد، بەڵام سەربازەکان هەردوو لاق و هەردوو سمتیان گرتبوو، بۆ ئەو جێ بەرزەی ژێر گوریسەکەیان بڵند کردەوە.

حەشاماتەکە واق وڕماوانە تەماشای هەر هەموو ئەم دیمەنانەیان دەکرد، وەك بڵێیت یارییەك لە نێوان قۆنتەراتچییە بەدبەختەکەو ئەفسەرەکەدا ببینن و، ئەوەند پەرۆش بوون موچڕکەیان بەلەشدا دەهات تا بزانن کامیان سەردەکەوێت و کامیان ژێر دەکەوێت.

تا ئەو کاتە عەلی خۆجە تەنیا گوێی لەو دەنگانە بوو کە تێی نەدەگەیشتن و، مەزەندەی ئەوەی نەدەکرد لەم بازنە بچووکەی ئەو حەشاماتەدا شتێکی ئاوا ڕووبدات، بەڵام لەناکاو دەم و چاوی تۆقیوی فایۆی بینی

لەسەر سەری هەمووانەوە بەرز بـووەوە، دەسـت و بـرد بـە یـەك بـازدان دوکانەکـەی داخسـت، ئەگەرچـی دەستەڵاتدارانی سوپایی فەرمانێکیان دەرکردبوو کە دەبێت هەموو دوکانەکان واڵا بن و دانەخرێن.

هێزی نوێ و ئازووقـەو ئـامێر دەگەیشـتنە شـار، نـەك هـەر بـە شـەمەندەفەرە ماندووەکـە، بـەڵکو لـەو ڕێگەیەوەیش کە بە (برۆجاتتسا)دا تێدەپەڕی. شەوو ڕۆژ کالیسکەو ئەسپ بەسەر پردەکەدا دەپەڕینەوە، لـە کاتی پەڕینەوە لەپردەکەو هاتنە ناو شارەوە یەکەمین دیمەن کە ببیینیت دیمەنی ئـەو سـێ کەسـەیە لـەنزیك قەنارە بەرزەکەوە کە لووتی ڕووەو بۆشایی ئاسمانە لە گۆڕەپانەکەدا لەسـێدارە دراون. چاوشـەکان بەسـواری ئەسپەکانیان لەنێوان گالیسکەو ئەسپەکاندا کە باری قورسیان لێنرابوو دەهاتن و دەچـوون و، تـەپ و تـۆز داپیۆشیبوون و، سوورهەڵگەڕابوون و، ئەوەند قیڕاندبوویان و تووڕە بووبوون دەنگیـان نوسـابوو، بۆیـە بـە تووڕەیی و ڕکەوە دەستیان دەبزواندەوەو ئاماژەیان دەداو بە هەموو زمانانی مەملەکـەتی نەمسـاو مەجـەر جنێویان بە هەموو شتێکی پیرۆزی هەموو ئایینەکاندا دەکێشا.

دوای سێ یان چوار ڕۆژ، بەیانی زوو، کاتێك چەند کاروانێکی نوێی سـەربازی سـەرلەنوێ بەسـەر پردەکـەدا تێدەپەڕین و، لەسەرخۆ بەناو نێوەندی تەسکی شارەکەدا دەڕۆیشتن، لە شارەکەدا هاژەیەکی گـەورەی نابـاو بەرگوێ کەوت، پاشان گوللەتۆپێك بەسەر ئیفریزی پردەکەدا کەوتە سەر عەرد تەواو لە ناوەڕاستدا لە بەردەم کابیاکە، پارچە ئاسن و پارچە بەرد بەسەر ئەسپ و خەڵکەکەدا پەرت و بڵاو بوونەوە، بوو بە هەراو هوریـاو خۆ بەیەکدیدادان، ئەسپەکان هەڵتووڕان و، هەمووان هەڵاتن، هەندێك بەرە پێشەوە بۆ ناوندی شـار هـەڵاتن و، هەندێکی دیکەیش بە پێچەوانەوە ڕایان دەکرد بۆ ئەو ڕێگەیەی لێوەی هاتبوون. لە هـەمان کاتـدا سـێ گولله تۆپی دیکـە کەوتنـە خـوارەوە، دوانیـان کەوتنـە نـاو ئاوەکـەوەو سـێیەمیان کەوتـە نـاو خـەڵك و ئەسپەکانەوە. بۆیە لەچاو تروکانێکدا پردەکە چۆڵ بوو، ئێستە تەنیا چەند پەڵەیـەکی ڕەش دەبینرێـت کـە بریتین لە گالیسکە تێکشکێنراوەکان و ئەسپە مرداربووەکان و کوژراوەکان.

تۆپخانەی نەمساوی لە (خسوور بۆنۆکۆ)وە دەستی بە بۆردومان کردنی ئەو تۆپخانە سـیربییە کـرد کـە لـە چیاکەوە ئەو شوێنەی بۆردومان دەکرد، پاشان بە بۆمب لەو کاروانە ڕاکردووانەی دەدا لەم دیوو ئـەو دیـوی پردەکەوە پەرت و بڵاو بووبوونەوە.

لەو ڕۆژەوە ئەو تۆپخانەیەی لە (بانۆس) جێگیر بووبوو پردەکەو ئۆردووەکـەی تەنیشـتی کردبـووە ئامـانجی خۆی. چەند ڕۆژێك پاشتر بەیانیانێك دەنگی تەقینەوەیەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی (جۆلیش)ەوە بەرگوێ کەوت. ئەو تەقینەوەیە ئێستە دوورترە، بەڵام قووڵترە. گوللەتۆپ و مووشەك تونـدترو بـەهێزتر بەسـەر شـارەکەدا دادەباری. ئەوە دوو تۆپخانەن مووشەکەکانی خۆیان ئاراستەی پردەکە دەکەن. مووشەکەکان سەرەتا کەوتنە ناو ڕووباری دریناوە، پاشان ئەو ڕووپێوە بۆشاییەی بەردەم پردەکەو، زیانیان بە ماڵەکانی تەنیشت و ئۆتێلی لۆتیکاو یانەی سەربازی گەیاند، پاشان مووشەکەکان بە شێوەیەکی وردتـر ئاراسـتەی پردەکـەو ئۆردووەکـە دەکران و، ناوە ناوە دەکەوتنە خوارەوەو دەیانپێکان، کاتژمێرێك تێنـەپڕی ئۆردووەکـە ئـاگری گـرت. ئـەو سەربازانەیش مردن کە تێکۆشـان ئاگرەکـە بکوژێننـەوە، بـە گوللـەی ئـەو مەترەلۆزانـە کـوژران کـە لـە (بانۆس)ەوە تەقەیان لێ دەکردن. دواتر وازیان لە ئۆردووەکە هێنا. بۆیە لە کاتی گەرمای ئەو ڕۆژەدا هەموو

ئەو تەختەدارەی تێدا بوو هەموو سووتان، جار جاریش مووشەکەکان دەکەوتنە سەر وێرانە گڕگرتووەکـان و، ناوەوەی بیناو تەلارەکان دادەڕووخان.
بەم شێوەیە خانە بەردینەکە جارێکی دیکە ڕووخا، بەم شێوەیە خانـە بەردینەکـە جـارێکی دیکـە بـوو بـە کۆمەڵێك بەرد.
پاش ئەوە هەردوو تۆپخانەکـە لـە (جـۆلیش)ەوە مووشـەکەکانیان ئاراسـتەی پردەکـە دەکـرد، بەتایبـەتی ئەستوونی ناوەند. مووشەکەکان جارێك دەکەوتنە ناو ڕووبارەکەوە، لای ڕاسـت یـان لای چـەپی پردەکـەوە، جارێکیش سەر خودی پردەکە، بەڵام هیچیان نەکەوتنە سەر ئەو سەرپۆشە ئاسنینەی کە سەری ئەو کونـەی ناو ئەستوونی ناوەڕاستی داپۆشیوە کە مینەکەی تێدایە.
بۆردومانەکە دە ڕۆژی خایاند، بەڵام زیانێکی ئەوتۆی بەپردەکە نەگەیاند. مووشەکەکان بەر ئەستوونە لووس و تاقە خڕەکان دەکەوتن و هەڵدەبەزینەوە بە ئاسمانەوە دەتەقینەوە بـێ ئـەوەی هـیچ شـوێنەوارێکی ئـەوتۆ بەقەد دیواری پردەکەوە بەجێ بهێڵن تەنیا چەند ڕووشانێکی سپی نەبێت. پارچەی بۆمبەکان چوون تەرزە بە قەد دیوارە لووسەکانەوە هەڵدەبەزینەوە. ئەو مووشەکانەی بەر عەردی پردەکە کەوتن تەنیا ئەوانە هەنـدێك شوێنەواریان لە سەر پردەکە بەجێ هێشت، چونکە چەند قۆرتێکی تەنك و درزیان بەجێ هێشت، بەڵام مرۆڤ ئەو قۆرت و درزانە بەچاو نابینێت مەگەر بەسەر پردەکەدا تێپەڕێت.
بەم شێوەیە لە کاتی ئەم گەردەلوولە نوێیەدا کە بەسەر شارەکەدا هەڵیکرد، نەریتە کۆنەکانی هەڵەوگێڕکردو لە ڕیشەوە دەریهێنان و گیانلەبەرانی زیندوو و شتگەلی بێ گیانی ڕووخاند، کەچی پردەکە هەر بـە ڕەنگـی سپی و بە هێزی خۆی مایەوە، وەك جاران نەدەتوانرا ئەزیەتی پێ بگەیەنرێت.

********

# بیست و سێیەمین پاڕ

بە هۆی بۆردومانی بەردەوامەوە هەموو هات و چۆو جووڵانەوەیەکی چڕ بە ڕۆژ ڕاەستا. سقیلەکان ئازادانە بەسەر پردەکەدا دەپەڕنەوە، بەڵکو هەندێك سەربازیش بە ڕاکردن بەسەر پردەکەدا یەك لە دوای یەك دەپەڕنەوە. بەڵام هەر کاتێك کۆمەڵێکی زۆریان ببینرێت تۆپخانەکانی (شەرانبل) لە چیای (بانۆس)ەوە مووشەکەکانی خۆیان دەتەقاند. پاش چەند ڕۆژێك خەڵکەکە لەم ڕووەوە هەندێك بنەما فێربوون: تێبینی ئەوەیان کرد کەی تەقەکردنەکە زۆرتر دەبێت و کەی بە تەواوەتی ڕادەوەستێت، بۆیە ڕەچاوی ئەو تێبینیانەیان دەکردو، هات و چۆیان دەکردو دەچوونە سەر کارە بەپەلەکانیان ئەگەر پاسەوانە نەمساوییەکان ڕێیان لێ نەگرتبان.

تۆپخانەکەی بانۆس تەنیا بە ڕۆژ نەبووایە تەقەی نەدەکرد، بەڵام تۆپخانەکانی دیکە بەشەویش تەقەیان دەکرد، بۆ ئەوەی ڕێ لە هات و چۆی هێزەکان و تێپەڕبوونی کاروانەکان بگرێت لەم بەرەوە نەپەڕنەوە ئەوبەر.

ئەو دانیشتووانەیماڵەکانیان دەکەوێتە ناوەندی شارەوە نزیك بە پردەکە یان نزیك ئەو ڕێگەیەی بەرەو شار دەچێت گواستبوویانەوە گەڕەکی مەیدان یان گەڕەکی دیکەی دوورو، بووبوونە میوانی خزم و برادەران، تا لە مەترسی بۆمبەکانەوە بەدوور بن. ئەم ڕاکردنە لەگەڵ منداڵان و کەل و پەلی پێویست ئەو شەوە بەئازارانە بیر دەهێنێتەوە کاتێك لافاوە گەورەکە شارەکەی ڕاماڵی بەڵام هەنوکە تایەفە ئایینییەکان تێکەڵاوی یەکدی نابن و، هەستی هاریکاری لە مەینەتی هاوبەشدا کۆیان ناکاتەوە. هەنوکە خەڵکی بە هەموو نەتەوەو ئایینەکانیانەوە کۆ نابنەوە تا لە چوارچێوەی قسەکردندا پاڵپشتێك ببینن پشتی پێ ببەستن و دڵنیاییەك هێوری بخاتە دەروون و ناخیانەوە وەك ئەوسا لەکاتی لافاوەکەدا دەیانکرد. تورکەکان چوونە ماڵە تورك و سیربەکان چوونە ماڵە سیربەکان، بێزراو وەك بڵێیت تووشی نەخۆشی چاوە قووڵە هاتبن. بەڵام هەر هەموو خەڵکی، وێڕای ئەو دابەشبوون و ئەم لێك جودابوونەوە، ئەوە هەر نزیکەی بە یەك شێوە دەژیان، ئەوەتە لە ماڵانێکدا تێکچرژاون کە ماڵی خۆیان نییە، نازانرێت چۆن ئەو کاتە درێژەیان بەسەر دەبەن و، نەیش چی بەو هزرو بیرە ڕەش و خەفەتاوی و نیگەرانییەی نێو مێشکیان دەکەن. بێکارن، باڵیان شۆڕ بووەتەوە وەك بڵێیت کارەساتێك ئەزیەتی پێ گەیاندبن، لە چارەنووسی ژیانی خۆیان دەترسان، لە خۆراك و ڕۆزی خۆیان نیگەران بوون، بە هیواو چەندین ئارەزووی پێچەوانەوە دەتلانەوە کە هەر گرووپەو لە ناخی خۆیدا شاردبوونیانەوەو ئاشکرایان نەدەکرد.

بە تەمەنانی هەردوو گرووپ هەوڵیان دەدا، وەك چۆن لەسەردەمی لافاوە گەورەکاندا وایان دەکرد، بە نوکتەو سەربوردە ئەوانەی دەورو بەری خۆیان شادو کامەران بکەن، هێورییەکی درۆکینانەی دەستکردو ورەبەرزییەکیان دروست دەکرد کە لەناخ و دەروونیاندا هەستیان پێ نەدەکرد. بەڵام ئاشکرابوو کە نوکتە دەستکردە کۆنەکان لەم جۆرە کولەمەرگییەدا هیچ سوودێکیان نەبوو کە ئێستە بەسەریان دێت. سەربوردە

کۆنەکان ڕەنگیان بزڕکاوەو، نوکتە کۆنەکان تام و چێژو واتای خۆیان لەدەست داوە. شتێکی ئاسانیش نییە سەربوردەی دیکە بدۆزرێنەوە، ئەوە پێویستی بە کات هەیە.

شەوان خەڵکی بە ڕواڵەت خۆیان وا نیشان دەدا کە نوستوون، کەچی کەس نەیدەتوانی چاو لێك بنێت. خەڵك بە سرپەو چرپە لەگەڵ یەك دەدوان، ئەگەرچی کەس نەیدزەانی ئەو وریاییە لەبەر چییە، لە کاتێکدا هەموو ساتێك دەنگی تۆپخانەو گوللەتۆپ بەرگوێ دەکەوت، جارێك تۆپخانەی سیربیاو جارێکی دیکە تۆپخانەی نەمسا. ترسی (ئاماژە دان بە تیشك بە دوژمن) لە ناخیاندا جێگیربووبوو، ئەگەرچی کەس نازانێت ئەو ئاماژانە چۆن دەدرێن و ئەو شتە بە تەواوەتی چی دەگەیەنێت. ترس گەیشتە ئەوەی کە کەس نەیدەوێرا بە چوکلە شقارتەیەك ئاگر بکاتەوە. ئەگەر پیاوەکان بیانەوێت جگەرە بکێشن ئەوە خۆیان لە ژووری بچووك بچووك و باش درگە داخراوو بێ پەنجەرەدا دەپەستاند، یان سەریان بە سەرپۆشێك دادەپۆشی و بەو شێوەیە جگەرەیان دەکێشا. پلەی گەرمایش زۆر گەرم بوو، خەڵکی چۆڕاوگەی ئارەقیان پێدا دەهاتە خوارەوە، بەڵام هەموو دەرگەکان پێوەدرابوون و هەموو پەنجەرەکان داخرابوون و پەردەکانیان دادرابوونەوە. شارەکە لە کابرایەکی سەرکێش دەچوو بەر مستەکۆڵانێك کەوتبێت، نەیدەتوانی خۆی لە دەستیان قوتار بکات، بۆیە دەستی لەسەر هەردوو چاوی خۆی دانابوو، چاوەڕاون بوو. هەموو خانووەکان وا دەهاتنە پێش چاو بە رووی مردوواندا داخرابن. لەبەر ئەوەی هەر یەکێك بیەوێت بە زیندوویی بمێنێتەوە، دەبوو بە ڕواڵەت خۆی وا پیشان بدات کە مردووە، تەنانەت ئەم هۆکارە لە هەموو بارو دۆخێکدا سوودی نەبوو.

کەش و هەوا لە ماڵی موسوڵمانەکاندا پتر لە ژیان و لە خۆشنوودییەوە نزیکتربوو. زۆر ئارەزووی کۆنی کوشتارو شەڕکردن هەن، بەڵام ئەم ئارەزووانە سەرلێشێواوو پەڕوباڵ کراو لەکاتی ناوادەی خۆیاندا بێداربوونەتەوە لەم ململانێیەی بەسەر سەریانەوە لەنێوان دوو نەیاری کریستیاندا بەرێوەدەچێت. بەڵام چەندین غەمی گەورەی شاراوەیش هەن، تەنانەت چەند کارەساتیش هەن نازانن چۆن چارەسەریان بکەن و، تروسکەیەك بەدی ناکەن خۆیانیان لێ دەربازبکەن.

خانووەکەی عەلی خۆجە کە لە ژێر قەڵاکەدایە خۆی لەخۆیدا بووەتە فێرگەیەك. منداڵەکانی کە بە خۆیان زۆرن، ئێستە نۆ منداڵی دیکەیان هاتوونەتە پاڵ کە منداڵەکانی (مووئی ئاغا موتابدینش)ن کەتەنیا سێیان بەتەمەن گەورەن و، ئەوانی دیکە هێشتە منداڵن و ئەگەر هەر هەموویان لەتەنیشت یەکدییەوە ڕاوەستن لە رووی باڵاوە هەر یەکەیان دەبینیت دەگاتە ئاستی گوێی براکەی. جا لەپێناوی ئەوەی پێویستی بە چاودێری و هەموو ساتێك بانگ کردنیان بە ناو حەوشەی ماڵ نەکرێت، هەر هەموویان لەناو هۆڵێکی گەورەی فێنك پەستێنران. لەوێ لەگەڵ دایك و براکانیاندا لەو ئاپوورەو قەرەباڵغییەدا سەرقاڵی زرمەزلێ و پێکدادان و هات و هاوار بوون.

ئەم (مووئی ئاغا موتابدینش)ە کە بە نژاد خەڵکی شارۆچکەی (ئۆتیسە)یە، لە ڕابوردوودا دانیشتوویەکی خەڵکی ئەو شارۆچکەیە بوو (کەمێکی دیکە دەزانین بۆچی و لەبەرچی). کابرایەکی درێژی تەمەن لە پەنجا ساڵ تێپەڕیوی لووت فسە، چرچ و لۆچی دەم و چاوی تەنیوەتەوە، دەنگی گڕە، توندوتۆڵ و بزێوە. بەتەمەنتر لە عەلی خۆجە دێتە پێش چاو، ئەگەرچی دە ساڵ لەو بچووکترە. لەگەڵ عەلی خۆجە لە ماڵەوە

دەمێنێتەوە، بەردەوام جگەرە دەکێشێت، قسەیش ناکات زۆر کەم نەبێت ئەویش ماوە نا ماوەیەك، نغرۆی هزرەکانیەتی کە مەترسییان لە دەم و چاوو هەر جووڵەیەك لە جووڵەکانیدا دەردەکەوێت. لە یەك شوێن ئوقرە ناگرێت. ئەوەتە هەڵدەستێت و، بەرەو لای دەرگەکە دەچێت و، لەباخچەکەوە تەماشای گردو تەپۆڵکەکانی دەوروبەری شار دەکات، لە هەردوو لای ڕووبارەکەوە، بەم شێوەیە سەری بەرز کردووەتەوەو هەر تەماشای ئاسۆ دەکات، وەك بڵێیت تەماشای کەش و هەوای نالەبار بکات، ئەوەتە عەلی خۆجەیش دەچێتە پاڵیەوە، حەز ناکات بە تاك و تەنێ بێت و، بەردەوام دەکۆشێت دڵی بداتەوەو هێوری بکاتەوە.

لەوێ لە باخچە لێژەکە کە هەندێك زۆرتر لە لێژیدایە، ئەو باخچەی کە لەگەڵ ئەوەیشدا فرەوان و جوانیشە، کپ و بێ دەنگی هاوین باڵی بەسەردا کێشاوە. بەروبوومی قۆخ ڕنراوەو لەسەر عەرد ڕۆکراوە، گوڵەبەڕۆژەیش پڕ لە هێزو توانایەو، مێش هەنگیش لەدەوری گەڵا ڕەشەکانی گێزە گێزیەتی. لەم لاو لەو لاوەیش هەندێك گوڵی بچووك هەر لەئێستەوە خەریکن تۆو دەردێنن. مرۆڤ کە لەم بەرزاییەوە تەماشای شارە گوشادو فرەوانەکەی لای پێك گەیشتنی هەردوو ڕووبارەکە (دریناو ڕزاف) بکات، کە لەگەڵ زنجیرەیەك گردو تەپۆڵکەدا دەوریان داوە، لە ڕووی بەرزییەوە لێك جیاوازن و هەر یەکەو ڕەنگێك دەنوێنن. لە نزماییەکانی دەورو بەری شارو لەم لاو لەو لای گردۆلکە لێژەکانەوە چەندین پارچەی ڕێك و پێکی شکارتەی جۆی پێگەیشتوو و گەنمە شامی سەوز دەبینرێن، خانووە سپییەکانیش سپی دەچنەوەو دەبریسکێنەوە، دارستانەکانیش کە لووتکەکانیان داپۆشیوە بارستاییەکی ڕەش و نووتەك دەنوێنن. بە بۆمب بۆردومان کردنیش، کە لێرەدا لەگەڵ هەر دوو لادا هاوسانە، لەم شوێنەی کە دەنگی بەر گوێ دەکەوێت تەنیا وەك دەنگی گوللە تۆپێك بەرگوێ دەکەوێت کە لە ڕۆژانی جەژندا بۆ خۆشی دەتەقێنرێت، چونکە بەم بەیانییە هێورەی ئەم ڕۆژەی ڕۆژانی هاوینە لە سەرووییەوە ڕووپێوێکی گەورەی زەوی و ئاسمان هەیە.

ئەوەتە گرێی زمانی مووئی ئاغا دەکرێتەوە، وێڕای هەر هەموو ئەو غەم و خەفەتەی هەیەتی، وەڵامی ئەو قسە باشانە دەداتەوە کە عەلی خۆجە بە گوێیدا دان و، سەربوردەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، نەك لەبەر ئەوەی عەلی خۆجە نایزانێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی پێویستە لێرە، لەبەر هەتاودا،خۆی لەو گوریسە ڕزگار بکات کە لە دەوری مل و گەردنی ئالاوەو خەریکە دەیخنکێنێت. لێرە، لەهەمان ئەم شوێنە، ئێستەو، هەموو ساتەکانی ئەم ڕۆژەی هاوین، لەگەڵ هەر گوللەیەکدا لە لوولەی تۆپخانەوە دەتەقێنرێت، چ لەم لا چ لەو لاوە بێت، چارەنووسی دیاری دەکرێت.

تەمەنی لە پێنج ساڵان تێنەپەڕیبوو، کاتێك تورکان ناچاربوون شارەکانی سیرب بەجێ بهێڵن. ئەو سەردەمە موسوڵمانەکان بۆ تورکیا کۆچیان کرد، بەڵام باوکی، سۆڵی ئاغا موتابدیچ، کە هێشتە گەنج بوو، بەڵام کابرایەکی پایەداربوو لەبەر پلەو پایەکەی بە گەورە پیاوێکی تورکان دەژمێررا، بڕیاری دا بێتە بۆسنیا کە لە کۆنەوە بە نژاد خێزانەکەی سەر بەوێن. منداڵەکانی لەناو بەلەم پەستاندو بۆ هەتا هەتایە (ئۆتیسە)ی بەجێ هێشت و ئەو شتانەی لەگەڵ خۆ هێنا کە مرۆڤ دەتوانێت لەم جۆرە بارودۆخەدا کۆیان بکاتەوە چ پارەو چ لە فرۆشتنی زەوی و زارو خانووەکانی بێت، بۆیە لەگەڵ چەند سەد کەسێکدا لەخودی ئەو شارە هەڵاتن و،

هاتنە بۆسنیا کە ئەو کات هێشتە حکوومەتێکی سەر بە تورکیای لێ بوو، بۆیە لە فیشیگراد نیشتەجێ بوو کە هەر لەمێژە تیرەیەك لە تیرەکانی خێزانی (موتابدیچ)ی لێیە.

هەرکە دە ساڵی لەم شارە بەسەر بردو، پلەو پایەی خەریك بوو لە گەڕەکی بازاڕ بەهێز دەبوو، کەچی داگیرکاری نەمسا دەستی پێکرد. ئەم کابرایەیش پیاوێکی کەللە ڕەقەو مل بۆ بارودۆخ دانانەوێنێت و خۆی لەگەڵدا ناگونجێنێت، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئایە لە دەستی دەستەڵاتێکی کریستی هەڵدێم تا بچمە ژێر ڕکێفی دەستەڵاتێکی دیکەی کریستییەوە؟ ساڵێك بەسەر گەیشتنی نەمساوییەکاندا تێنەپەڕیبوو، کەچی سەرلەنوێ لەگەڵ هەموو کەس و کارەکەیدا بۆسنیای بەجێ هێشت، هاوکات چەندین خێزانی دیکەیش ئەوێیان جێ هێشت کە نەیانەویست ژیانیان لە وڵاتێکدا بەسەر ببەن (زەنگی تێدا لێدەدرێت)، بۆیە ڕۆیشت لە شارۆچکەی (نۆڤا فاروخ) لە سنجق نیشتەجێ بوو (ئەو کاتە مووئی ئاغا لاو بوو، تەمەنی لە پازدە ساڵان تێنەدەپەڕی کەمێك نەبێت). لەوێ سۆڵی ئاغا مەتابدیچ دەستی بە بازرگانی خۆی کردەوە، هەر لەوێیش هەموو منداڵەکانی دیکەی لەدایك بوون. بەڵام هیچ ڕۆژێك خەفەتی بۆ ئەوە نەدەخوارد کە لە (ئۆتیسە)ی بەجێ هێشتووەو، نەیش لەگەڵ ئەوانە بگونجێت کە لە سنجقەکە دەژین و، نەیش لەسەر ئەم ژیانە نوێیەی سنجقەکە ڕابێت. ئەمەیش ئەو هۆیە بوو کە وای کرد بەر لە وادەی خۆی بمرێت. کیژانێکی زۆر جوان و بەئابڕووی هەبوو، لە هاوسەرگیرییەکانیاندا سەرکەوتن. کوڕەکانیشی توانییان ئەو نەریتە بچووکەی باوکیان بۆی بەجێ هێشتن بە باشترین شێوە پەروەردە بکەن. بەڵام هەرکە یەك لە دوای یەك دەستیان بە ژن هێنان کرد، ڕەگ و ڕیشەیان تا دەهات لەم ژینگە نوێیەدا توندو پتەوتر دەبوو، تا شەڕی بەلقان لە ساڵی 1912 بەرپابوو. ئەوەبوو مووئی ئاغا لە جەنگی بەرەنگاریدا بەشداری کرد کە هێزەکانی تورك نزیك بە (نۆڤا روخ) دژ بە سوپای سیرب و مۆنتی نیگرۆ بەرپایان کرد. ئەو بەرەنگاربوونەوە درێژەی نەکێشا، بەڵام نا شێت لەبارەیەوە ئەوە بگوترێت کە لاواز بوو و خۆی لە خۆیدا نشوستی هێنا. لەگەڵ ئەوەیشدا هێزەکانی تورك لە سنجقەکە کشانەوە، وەك بڵێیت ئەوە لە ئاکامی پەرجوویەکدا ڕووی دابێت، وەك بڵێیت چارەنووسی سوپاکان و چارەنووسی ئەم ژمارە زۆرەی هەزاران خەڵکە لەو شوێنە بڕیاری لەسەر نەدرێت، بەڵکو لە شوێنێکی دوور، بێ ئەوەی پێوەندی بە هیچ بەرەنگارییەکەوە بێت چ بەهێزو چ لاواز بێت. کاتێك مووئی نەیتوانی چاوەڕوانی ئەو دوژمنە بکات کە بە منداڵی لە (ئۆتیسە) لە دەستی هەڵاتبوو، کە ئێستە بێ هوودە بەرەنگاری بووەوەو، لەبەر ئەوەی نەیتوانی بۆ شوێنێکی دیکەی وڵاتێکی دیکە هەڵێت، بڕیاری دا بۆ بۆسنیا بگەڕێتەوەو لە سایەی هەمان ئەو دەستەڵاتەدا بژێت کە باوکی لەدەستی هەڵاتبوو. بەم شێوەیە بۆ سێیەمین جار کۆچی کردو لەگەڵ خێزانەکەیدا بۆ ئەم شارە گەڕایەوە کە تەمەنی منداڵی تێدا گوزەراندبوو. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییەدا، بەو پارەیەی هەیبوو، بە یارمەتی تورکانی دانیشتووی فیشیگراد، کە چەند خزمێکی خۆیشیان تێدا بوو، هەوڵی دا پرۆژەیەك دامەزرێنێت. بەڵام کارەکە ئەوەندە ئاسان نەبوو، ئەوەبوو زانیمان لەم ماوەیەدا چۆن ژیان سەخت و گرانبوو، چۆن بارودۆخەکە ناسەقامگیرو پڕ نیگەرانی بوو، چۆن قازانج دژواربوو تەنانەت بۆ ئەو کەسانەیش کە حاڵیان باش بوو، مووئی ئاغا بەو پارەیە گوزەرانی دەکرد کە هەیبوو، چاوەڕوان بوو بارودۆخێکی باشتر لەم بارودۆخە

بێتەکایەوەو لە ئاشتی و هێوریییەوە نزیك بێت. ئەوەتە ئێستە، پاش ئەوەی دوو ساڵی ڕەبەقی بە کولەمەرگی بەسەر برد، چوون پەنابەرێك لە پەنابەران ژیان دەگوزەرێنێت، دەبینێت ئەوەتە گەردەلوول بەم توندو تۆڵییەوە بەسەر شاردا هەڵی کردووەو، ئەویش ناتوانێت هیچ بکات و، ناشزانێت چی بکات. هەموو ئەوەی ماوەو بتوانێت جێبەجێی بکات ئەوەیە بە نیگەرانی چاودێری پەرەسەندنی ئەم گەردەلوولە بکات و بە ترسەوە تەماشای ئەنجامەکەی بکات. بۆیە ئێستە ئەو دوو پیاوە بە دەنگێکی نزم و بێ پلان و بێ سستم لەو بارەوە دەدوێن، وەك چۆن خەڵکی سەبارەت بە شتگەلێك دەدوێن کە زۆر باش دەیانزانن، بۆیە دەتوانن ئاخافتنەکانیان لەو بارەیەوە لە کۆتاییەوە یان سەرەتاوە یان لە ناوەندەوە دەست پێ بکەن. عەلی خۆجە (مووئی)ی زۆر خۆش دەوێت و، زۆری ڕێز لێ دەنێت و، بەردوام دڵی دەداتەوەو هێوری دەکاتەوە، نەك لەبەر ئەوەی بڕوای وایە کە دەتوانێت دەردەکەی تیمار بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەست بە پێویستی بەشداری کردن لە ئازارو ئەشکەنجەکانی ئەم مرۆڤە سەربڵندە بەدبەختە موسوڵمانە ڕاستەقینەدا دەکات، هەستیش دەکات کە ئەوە ئەرکێکەو دەکەوێتە سەر شانی ئەو. مووئی ئاغا دانیشتووەو جگەرە دەکێشێت: وێنەیەکی ڕاستەقینەو وردی ئەو مرۆڤەیە کە چارەنووسی دڵڕەقی بەرانبەر کردو زۆری شەکەت و ماندوو کرد. دڵۆپە ئارەقی گەورە گەورە بە تەوێڵ و هەردوو لاجانگیدا ڕێچکەیان دەبەست و، چەند چرکەیەك دەمانەوەو، گەورە دەبوون و قورس دەبوون و، لە بەر تیشکی هەتاودا دەبریسکانەوەو پاشان بەدرێژایی دەم و چاوە پڕ چرچ و لۆچەکەیدا دادەچۆڕان. بەڵام مووئی ئاغا هەستی بە دڵۆپە ئارەقەکان نەدەکردو نەیدەسڕین. بەهەردوو چاوە خاکی و کزەکانی تەماشای گژو گیاکەی بەردەمی دەکردو نغرۆی هزرەکانی بووبوو، گوێی لەو شتانە دەگرت لە ناخیدا دەجووڵانەوە، کە لە هەموو قسەیەکی دیکە بەهێزترو توندتر بوو کە بۆ سەرخۆشی لێکردنی بگوترێت، لە هەموو تۆپ بۆردومان کردنێکی دەوروبەریشی توندترو تیژتر بوو. هیچ شتێکی نەدەگوت تەنیا ئەوە نەبێت جار نا جارێك دەستی دەجووڵانەوە جووڵانەوەیەکی ڕەتکردنەوەو، بە بڵمە بڵم چەند وشەیەکی دەدرکاند کە لەوەوە نزیکتر بوون بەشێك لەو دیالۆگە بن کە لە نێوان خۆی و ناخی خۆیدا دەیکرد پتر لەوەی بەرسڤی ئەوە بێت کە پێی دەگوترا یان ئەوەی لە دەورو بەری ڕووی دەدا.

ـ خۆشەویستم عەلی خۆجە گەیشتووینەتە ئەو شوێنەی کە مرۆڤ نازانێت سەر بە چ شوێنێکدا بکات. تەنیا خوا بە خۆی دەزانێت، کە من و باوکی خوالێخۆشبووم، چیمان کرد بۆ ئەوەی ئایینی خۆمان و ڕەوشتی ئیسلامیانەی خۆمان بپارێزین. باپیرم لە (ئۆتیسە) مردووە، ڕێی تێدەچێت کە گۆڕەکەی لەوێ تەخت بووبێت و هیچ شوێنەوارێکی نەمابێتەوە. باوکیشم لە نۆڤا فاروخ نێژراوە، ناشزانم ئایە گاگەلە کریستیانەکان بەپێ پێشیلیان نەکردووە. من بەلایەنی کەمەوە دەمتوانی لێرە بمرم، لەم شارۆچکەیەدا کە دەنگی بانگی لێ دەبیسترێت داوا لە بڕواداران دەکات بچن نوێژ بکەن، بەڵام ئێستە بۆم دەردەکەوێت کە لە چارەی نەوەکانی ئێمە نووسراوە لەناو ببرێن و لەمرۆ بە دواوە کەسمان نەزانین گۆڕی خێزانەکانمان لە کوێیە. هەرچۆنێك بێت خواوەند وای دەوێت، ئەدی وا نییە؟ بەڵام بڕوام وایە کە مرۆڤ وای لێ هاتووە نەتوانێت بۆ هیچ کوێیەك بڕوات. ئەو ڕۆژگارە هاتووە کە دەگوترێت ئایینی ڕاستەقینەی تێدا نامێنێت ئەوە نەبێت کە لەناوبچێت. چیم پێ دەکرێت؟ ئایە لەگەڵ نائل بەگ و پیاوانی (شۆتکۆربس)دا بەڕێ بکەوم ، بۆ ئەوەی بمرم

و تفەنگێکی نەمساویم پێ بێت، تا لەم دنیاو لەو دنیایش خۆم ڕیسوا بکەم، یان لێرە بەم حاڵەتەوە بمێنمەوە کە تێیدا دەژیم: چاوەڕوانم سیربییەکان بێن و ئەو شتە قبووڵ بکەم کە مــاوەی پــەنجا ســاڵە بــە هــەڵاتن لــە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە خۆمانی لێ دوورەپەرێز دەگرین؟

عەلی خۆجە ویستی چەند وشەیەك بڵێت برادەرەکەی هان بدات و تروسکاییەك هیــوای بــۆ ڕوون بکاتــەوە، بەڵام نەیکرد، چونکە ڕێژنەیەك گوللەتۆپی تۆپخانەی (تاوێرەکانی بۆتکۆ) دابــارین، ئەوەندەیشــی نەخایانــد تۆپخانەکانەکانی چیای (بانۆس) بەرسڤیان دایەوە، هەروەها دەنگــی تۆپخانــەکانی (جــۆلیش)یش بــەرگوێ دەکەوت. گوللەتۆپە جۆراوجۆرەکان بە نزمی بەســەر ســەریاندا تێدەپــەڕین و، لەســەرەوە جــۆرە تۆڕێکیــان دروست دەکردو، گیڤەیەکی نالەباریان لێوە دەهات کە هەناسەی دەبڕی و دەزوولەکانی خوێنیان گرژ دەکــرد تا ڕادەی ئێشاندن. عەلی خۆجە هەستایە سەرپێ و پێشنیاری کرد بەلایەنی کەمەوە با خۆیان لە ڕێڕەوەکــە بپارێزین، مووئی ئاغا، وەك ئەوەی بە نوستوویی ڕێ بکات، دوای کەوت.

هەرچی سەبارەت ئەو ماڵە سیربیانەی دەوروبەری کڵێساکەیە لە چیای مەیدان، ئەوە هیچ سکاڵایەك لەبارەی ڕابوردووەوەو هیچ ترسێك لەبارەی ئاییندەوە لە ئارادا نەبوو، بەڵکو تــرس لــەبارەی ئێســتەو لــەبارەی ئــەم بارگرانییەوە هەبوو کە ئێستە سەپاندوویەتی. جگە لەوەی ئەو جۆرە سەرسوڕمانە تایبەتییە هەبوو کە هــەر زەمانی خەڵکی لاڵ دەکات و گرێ دەدات پاش ئەوەی یەکەمین مستەکۆڵەی تیرۆرو تۆقین و گرتن و کوشــتنی بێ یاساو بێ بنەمایان ئاراستە دەکرێت. بەڵام هەموو شتێك کە لەو دیوی ئەو سەرسوڕمانەوە بوو، هــەمان ئەو شتەی بەر لەسەد ساڵ بوو کاتێك ئاگری شۆڕشگێڕان لە چیای بانۆسەوە هەڵدەگیرسا: ئەو گوێ ڕایەڵییە نهێنییە، هەمان ئەو هیواو ئاواتە، هەمان ئەو وریاییەو، ئەو نیازی بەرگەگرتنەی هەموو ئەو شــتانە بــوو، ئەگەر هیچ ڕێگەچــارەیەکی دیکــە نــەبێت، هــەروەها ئــەو بــڕواو دڵنیاییــەی کــە ئاکــام شــتی باشــی لێ دەکەوێتەوە.

کوڕەزاو کوڕانی نەوەکانی ئەو خەڵکانەی بەر لەسەد ساڵ، لەسەر خودی ئەم چیایە، کە بەندی نێو ماڵەکانی خۆیان بوون، نیگەران و سەرسوڕماوو هەڵچووانە، گوێیان بۆ ئەو دەنگە کزانە شل دەکرد، دەنگی تۆپەکــەی قەرە جۆرج کە لە لووتکەی چیای (فیلیتۆ)وە بەر گوێیان دەکەوت، ئێستە لە تاریکایی شەوی گەرمدا، گوێ لە گرمەو هوڕەی مووشەکی قورس دەگرن کە بەسەر سەریاندا گڤی دێــت و، لــە بیســتنی دەنگەکانیانــەوە دەزانن ئایە هی سیربەکانە یان هی ئەڵمان، بۆیە یــان جــوانترین قســەیان ئاراســتە دەکــەن، یــان پیســترین جنێویان پێ دەدەن ... هەموو ئەوەیش لەو کاتەدا دەبێــت کــە مووشــەکەکان بــەرزبن و دەوروبــەری شــار بکەون، بەڵام ئەگەر بۆردومانەکە بەر پردەکە یان شارەکە بکەوێت ئەو کات لەناکاو بێ دەنگ دەبن و، هیچ قسەناکەن، چونکە ئەو کاتە ـ ئامادەن سوێند بخۆن کە هەستکردنیان ڕاستە ـ هەست دەکەن کە هــەردوو لا یان سەربازگە، لەم کپی و بێ دەنگییە سەرتاسەری و لەم ئاسمانە بەرینەدا، تۆپەکانیان ناتەقێنن، تــەنیا بــۆ بۆردومانکردنی ئەوان و ئەو ماڵە نەبێت کە ئەوانی تێدان. هەرکە گرمەی تەقینــەوە نزیکەکــە بســەکنێت، سەرلەنوێ بە دەنگێك کە ترس شــێواندوویەتی دەســتیان بــە ئاخــافتن دەکــردەوەو، بــۆ یەکــدییان دووپــات

دەکـردەوە کـە گوللەتۆپەکـە زۆر نزیـك لـەو شـوێنە تەقیوەتـەوە کـە ئـەوانی لـێن و، لـە جـۆرێکی زۆر مەترسیداریشە ئەگەر لەگەڵ مووشەك و گوللەتۆپەکانی دیکەدا بەراورد بکرێت.

ماڵەکەی (ریستچ) ئەو ماڵەیە کە بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی گەڕەکی بازاڕ پەنایان بۆ بردووە، یەکسەر لەودیوی ماڵی قەشەوەیە، لە ماڵەکەی قەشە جوانترو گەورەترەو، بێستانی لێژی پڕ لـە دارقـۆخ لـە ئـاگری تۆپخانەی هەردوو لا دەیپارێزێت. هەنووکە کەمترین ژمارەی پیاو لەماڵەکەدایە، بەڵام ژمارەیەکی زۆرتـری ئافرەتانی لێیە، لەو ئافرەتانەی کە مێردەکانیان گیراون یان بـە بارمتـە بـراون ... لەگـەڵ منداڵەکانیانـدا هاتوونەتە ئێرەو پەنایان وەبەر ئێرە هێناوە.

لەم خانووە بەرین و دەوڵەمەندەدا تەنیا میخائیلۆ ڕێستچ و ژنەکـەی و براژنەکـەی دەژیـان، کـە بێوەژنـەو نەیویستووە جارێکی دیکە مێرد بکاتەوەو نـەیش بـۆ مـاڵی بـاوکی بگەڕێتـەوە پـاش ئـەوەی مێردەکـەی مردووە، بەڵکو ئەوەی بـەباش زانیـوە لێـرە بمێنێتـەوە تـا هـەردوو کوڕەکـەی لـە نزیـك ئـەو دوو کەسـە بەساڵداچووەدا پەروەردە بکات. کوڕە گەورەکەیشی ماوەی دوو ساڵ دەبێت هەڵاتووەتە سـیربیاو، لـەوێ لـە (بریگا لنتسا) وەك سەربازێکی خۆبەخش کوژراو تەمەنی هەژدەی پڕ نەکردبووەوە.

میخائیلۆی پیرەمێردو بەسەاڵداچوو و ژنەکەی و براژنەکەی خزمەتی ئەو میوانانە دەکەن کـە بـەبێ ئـەوەی بیانناسن و بەبێ هیچ ئاگەدارکردنەوەیەك هاتوون، بە شێوەیەك خزمەتیان دەکەن خزمەتی کەسێك بە بۆنـەی جەژنێك لە جەژنەکانییەوە ئاهـەنگ بگێڕێـت. بەتایبـەتی پیرەمێردەکـە ئاگـەی مانـدووبوون و شـەکەتی نازانێت. ئێستە سەری ڕووتە، پێشتر وانەبوو چونکە فێسە سوورەکەی دانەدەکەند. ئەوەتە پرچە سپی و چڕو پڕەکەی بەسەر هەردوو گوێ و تەوێڵیدا شۆڕ بووەتەوە، هاوکات هەردوو سمێڵە گـەورە زیوینەکـەی، کـە لـە خوارەوە بە دووکـەڵی جگـەرە زەرد هەڵگـەڕاون، دەورەی دەم و چـاویان داوە وەك بڵێیـت زەردەخەنەیـەکی بەردەوام بن. هەرکە یەکێك یان پترى ببینیایە کە شەرم دەکات یان لەوانی دیکـە غـەمبارترە، لێـی نزیـك دەبووەوەو، هانی دەداو، ڕاکیا یان قاوە یان جگەرەی پێ دەدا.

ـ مام میخائیلۆ ناتوانم ... سوپاست دەکەم چوون کچێك سوپاسی باوکی بکات ... بەڵام ناتوانم ... قورگم دەگیرێت ...

ئەمە قسەی ئافرەتێکی هێشتە گەنج بوو، بە دەستی ئاماژەی بە گەردنی سپیی خۆی دەکرد لـەو شـوێنەی کە مرۆڤ قورگی دەگیرێت ...

ئەم ئافرەتە خێزانی (بوترس جاتاڵ)ی خەڵکی ئۆکۆڵچەیە. بوترس ماوەیەکە بۆ هەندێك کاری خۆی چـووەتە سەراییڤۆ. کە لەوێ بوو شەڕ دەستی پێ کرد. ئیدی لەو کاتەوە کـەس نازانێـت چـی بەسـەر هـاتووە. کـە سوپایش هات خۆی و منداڵەکانی لە ماڵەکەیان وەدەر نا. بۆیە پەنایان بردە مـاڵی میخـائیلۆ ڕیتسـچ کـە پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ کەس و کاری مێردەکەیدا هەیە. ئێستە لە خەفەتاندا هەرەسـی هێنـاوە، لەبـەر ئەوەی ئاگەی لە دەنگوباسی مێردەکەی نەماوەو، لەبەر ئەوەی لـە ماڵەکـەی وەدەر نـراوە، بۆیـە بـەردەوام دەستی خۆی دەگەزی و دەگریاو ئاهی هەڵدەکێشاو بەرەنسکی دەدا .

میخائیلۆ بەردەوام چاوی پێوەیەو، بەردەوام لە نزیکیەوە دادەنیشتێت. ئەم بەیانییە زانیویەتی کە پـوترس کاتێك ویستوویەتی لە سەراییڤۆوە بگەڕێتەوە لەناو شەمەندەفەردا ، بە بارمتە بۆ (فاردشتە) براوەو، لەوێ لە ئاکامی ڕاگەیەنراوێکی هەڵبەستراوەوە بە هەڵە گولله بـاران کـراوە. ئـەو هەواڵـەیان لـە هاوسـەرەکەی شاردووەتەوە، بۆیە میخائیلۆ زۆر بە تەنگی ئەوەوە بوو یەکسەرو بێ هیچ پێشەکی و ڕێ خۆش کردنێك ئەو هەواڵەی پێ ڕانەگەیەنرێت. ئەو ئافرەتە هەموو ساتێك لە شوێنی خۆی هەڵدەستێت، تا بچێتە ناو حەوشـەو لەوێوە تەماشای لای ئۆکۆڵچە بکات، بەڵام میخائیلۆ ناهێڵێت و، بە هەموو توانایەکەوە دەیەوێت هێـوری بکاتەوە، چونکە دەزانێت هەر هـەموو ماڵـەکانی جاتـالۆڤیچ ئاگریـان تێبـەردراوەو، ئێسـتەیش خـەریکن دەسووتێن، میخائیلۆیش دەیەوێت ئەو ئافرەتە بەستەزمانە ئەو دیمەنە نەبینێت. بۆیە سەری دەنایە سەری و بۆی پێدەکەنی و بەردەوام شتی پێشکەش دەکرد:

ـ ستانویکای کچم بخۆوە ... خۆشەویستم بخۆوە ... تەنیا یەك پەرداخ بخۆوە... ئەمە ڕاکیا نییە ... ئەمـە هەتوانی غەم و خەفەتانە ...

بۆیە ئافرەتەکەیش دەیخواردەوە. میخائیلۆیش دەچوو شەرابی بە میوانەکانی دیکە دەداو، بە سۆزی خۆی کە نە ماندوو دەبوو، نە بێزار دەبوو، نـەیش بـەرەنگاری دەکـرا، هـەموو کەسـێکی ناچـار دەکـرد بخواتـەوەو غەمەکانی بەبا بدات. پاشان بۆ لای (جاتاڵ)ی هاوسەرەکەی پوترس دەگەڕایەوە. ئێستە کـەمێك لەپێشـوو هێورترە، هیچ ناکات تەنیا ئەوە نەبێت بە واق وڕماوی تەماشای پێشەوە دەکات. بەڵام میخـائیلۆ وازی لێ ناهێنێت. بۆی دووپات دەکاتەوە، وەك چۆن بۆ منداڵێکی دووپات بکاتەوە، کە هەموو شتێك بەسەر دەچێت و، مێردەکەی بە سـەلامەتی لـە سـەراییڤۆ دەگەڕێتـەوەو هـەموویان بـۆ ماڵەکـەی خۆیـان لـە ئۆکۆڵچـە دەگەڕێنەوە.

ـ من ئەم (پوترس)ە دەناسم،... من ئامادەی پیرۆزکردنەکەی بوومە. زۆر کەس لەبارەی ئەو پیرۆز کردنەوە قسەیان کردووە. هێشتە لە یادمە وەك بڵێیت دوێنێ ڕووی دابێت. ئەو کاتە لاو بووم لەتەمەنی ژن هێنانـدا بووم لەگەڵ باوکی خوالێخۆشبوومدا کە (کاهن)ی منداڵەکانی (یانکۆ جاتاڵ) بـوو، چـووینە ئۆکۆڵچـە بـۆ ئەوەی ئامادەی پیرۆزکردنی (پوترس)ی مێردت ببین.

میخائیلۆ ئەوەی گوت و دەستی بە گێڕانەوەی سەربوردەی پیرۆزکردنی پـوترس کـرد. هـەموو خـەڵك ئـەو سەربوردەیان دەزانی، بەڵام لەم کاتە گرنگانەی ئەو شەوەدا بە شتێکی نوێیان دەهاتە پێش چاو.

پیاوو ئافرەتەکان لە میخائیلۆ نزیك بوونەوە گوێیان لەو سەربوردەیە گرت کە میخائیلۆ دەیگێڕێتەوەو ئـەو مەترسییەیان لەبیر دەکرد کە ڕوو بە ڕوویان دەبێتەوە و، ئاگەیان لە گرمەی تۆپەکان نەما.

لە سەردەمی ئەوسادا کە سەردەمێکی خۆش بوو، ئەو ڕۆژگارەی قەشەی بەناوبانگ نیقـۆلا لـە فیشـیگراد بوو، (یانکۆ جاتاڵ) پاش چەندین ساڵ دوای ئەوەی ژنی هێنابوو، دوای ئەوەی چەند کچێکیان بووبوو، خـوا کوڕێکی پێ بەخشین. باوکی زۆر دڵخۆش بوو، هەفتـەی دواتـر گرتییـە باوەشـەوەو بـە یـاوەری (کـاهن) و ژمارەیەك خزم و دراوسێیان بۆ پیرۆزکردن بۆ کڵێسای برد. کاتێك لە ئۆکۆڵچەوە دەهاتن چـەند جارێـك لـە ڕێگە بۆ پشوودان ڕاوەستان، ڕاکیای بەناوبانگیان لە گـۆزە گەورەکـەی (کـاهن) خـواردەوە، تـا گەیشـتنە

پردەکە، کە گەیشتنە لای کابیاکە، لەوێ دانیشتن تا ساتێك پشوو بدەن و پەرداخێك مەی بخۆنەوە. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ساردی پاییزێکی درەنگ بوو، کەس لەسەر کابیاکە نەبوو قاوە پێشکەش بە نەفەرەکان بکات، کەس لە تورکانی شارەکەیش لەوێ نەبوو قاوە بخۆنەوە. بۆیە لەسەر کابیاکە دانیشتن وەك بلێیت مالّی خۆیان بێت و، بوخچەکانیان کردەوەو دەستیان بە خواردنەوەی بوتلێکی نوێی ڕاکیا کرد، شادو کامەران پەرداخەکانیان بۆ یەکدی هەڵدەدا، ئەو منداڵەیان لەیاد کردبوو کە دەبوو پیرۆز بکرێت و ئەو قەشەیەی کە دەبێت پاش نوێژ پیرۆزی بکات. لەو سەردەمەدا ـ حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەم ـ کڵێساکان زەنگیان تێدا نەبوو، ڕێش نەدەدرا کڵێساکان زەنگیان تێدا بێت، بۆیە ئەم کاروانە دڵخۆش و کامەرانە ئاگەیان لەوە نەبوو کە کات تا دێت دەڕوات و، ماوەیەکی زۆریشە نوێژ تەواو بووە. لە ئاخافتنەکانی نێوانیاندا، کە تێیاندا ئاییندەی منداڵەکە تێکەڵ بە ڕابوردووی کەس و کارەکەی دەبوو، ئەوە کات هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو، بگرە کاتیان نەدەپێوا.(کاهن)ەکە چەند جارێك ئاگەداری کردنەوە کە دەبێت بڕۆن، بەڵام ئەوان بێ دەنگیان دەکرد. (کاهن)ەکە بە ورتە ورت دەیگوت:

ـ هاوڕێیان با ئێستەیش بڕۆینە کڵێسا تا ئەو ڕێ و ڕەسمە کۆتایی پێ بهێنین کە ئایینی کریستی لێمانی دەوێت.

ـ بێ دەنگ بە. بێزارمان مەکە. لەم ئەبرەشییە کەس هەیە پیرۆز نەکرابێت؟

ساتێك لە ساتەکان پیاوە ئایینییەکە ویستی هانیان بدات بۆ ئەوەی بەڕێ بکەون، بەڵام ئاکام ڕاکیا هەمووی بێ دەنگ کردن. ئەو ئافرەتەیش تا ئەو کاتە منداڵەکەی لە باوەش گرتبوو، هەردوو باڵی لەسەرماندا شین بووبوونەوە، ئاکام لە سەر نشینگە بەردینەکەی داناو بە پەتۆیەکی ڕەنگین داپۆشی.

منداڵەکە هێور بوو وەك بلێیت لە ناو لانکەکەیدا بێت، جارێك دەنووست و جارێکی دیکە هەردوو چاوی دەکردەوە، وەك بلێیت بەشداری لەم خۆشییە گشتییە سەرتاسەرییەدا بکات (کاهنەکە دەیگوت : ئاشکرایە کە ئەم منداڵە خەڵکی شارەکەمانە. حەز بە هاوەڵی و هاوڕێیەتی خەڵك و ئاهەنگ و جەژنان دەکات).

یەکێك لە دراوسێکان هەڵی دایە:

ـ یانکۆ ئەمە بۆ تەندروستی تۆ هەڵدەدەم. خوا کوڕەکەت شادو کامەران بکات و، تەمەنی درێژ بکات و لە ناو باوکاندا جێی شانازیت بێت و، لە ناو سیربەکاندا بە نەوەو فەڕو ڕۆژی زۆرەوە سەربەرزی بکات. لە خواوەند داواکارم کە ...

پیاوە ئایینییەکە قسە پێ بڕی :

ـ چی دەڵێن پەلە بکەین و خۆمان بگەیەنینە کڵێساکە بۆ ئەوەی ڕێ و ڕەسمی پیرۆزکردنەکە تەواو بکەین؟

هەموویان هەڵیان دایە:

ـ جارێکان تۆ واز لە پیرۆزکردنەکە بێنە.

جارێکی دیکە ڕاکیا دابەش کرایەوە.

یەکێك لە دراوسێکان گوتی:

ـ راغب ئەفەندی بۆرۆفاتس پیرۆز نەکراوە، لەگەڵ ئەوەیشدا تەماشای بکە چ کوڕێکی بوێرو ئازایـە: ئەگـەر سواری ئەسپێك ببێت ئەوە ئەسپەکەی لەژێردا پان دەبێتەوە...

خەڵکەکە دەستیان بە پێکەنین کردو قاقا خەنینەوە ...

بەڵام ئەگەر ئەو خەڵکە، لێرە لەسەر کابیاکە، هەستی کاتیـان لەدەسـت دابێـت، ئـەو قەشـە نیقـۆلا ئـەو هەستەی لە دەست نەداوە. ماوەیەك لەبەردەم کڵێساکە ڕاوەستا، پاشان تووڕەبوو، پاڵتۆکەی بەخۆدا دا کـە لە کەوڵە ڕێوی دروستکرابوو، لە مەیدانەوە دابەزییە شار. لەوێ یەکێك پێی ڕاگەیاند کە خەڵکەکـە لەگـەڵ منداڵەکەدا لەسەر کابیاکە دانیشتوون. بۆیە بەرەو لای پردەکە بەڕێ کەوت و نیـازی وابـوو سەرزەنشـتییان بکات وەك چۆن لەم جۆرە کارەدا زۆر شـارەزایە، بـەڵام هەرکـە بـە سـۆزو شـادییەکی ڕاسـتگۆیانەو داوای لێبـووردنێکی زۆرو هیواخـوازی و قسـەی شـیرینەوە پێشـوازییان لێ کـرد، بۆیـە ئەوەنـدەی نەخایانـد کـە تووڕەییەکەی لەیاد کرد( ئەو پیاوێکی تووڕەو کەللە ڕەق بوو، بـەڵام بـەدڵ فیشـیگرادی بـوو) بۆیـە لێیـان بووراو قایل بوو پەرداخێك بخواتەوەو بابۆڵەیەکیش بخوات. بەسەر منداڵەکەیشدا نوشتایەوەو چەند وشەیەکی ڕێك و پێکی بەگوێدا چرپاند. بەڵام بچووکەکە هێورانە تەماشای دەم و چاوە پان و پۆڕەکـەی کـرد کـە دوو چاوی شینی زەق و ڕیشێکی پان و سووری پێوەبوو.

ئەو سەربوردەیەی کە پاشان دەیانگێڕایەوە گوایە منداڵەکە لەسەر کابیاکە پیرۆز کراوە دروست نییە، بـەڵام بێگومان ئەو کاتە ئاخافتنەکانیان هەموو شتێکی لەخۆ گـرت و چـەندین پـەرداخی پڕاوپڕیـان خـواردەوەو چەندین جاریش پێکیان بۆ یەکدی هەڵدا، تا دوای نیوەڕۆ کاروانـە خۆشـنوودەکەیان بـەرەو مەیـدان بـەڕێ نەکەوت، ئەو کات دەرگەی کڵێسەکە کرایەوەو، (کاهن)ەکە بە زمانێکی پڵتەوە چەند وشەیەکی گۆکرد کـە بەناوی هاووڵاتی نوێی فیشیگرادەوە خۆی لە ئبلیس و کارەکانی دوورەپەرێز دەگرێت.

میخائیلۆ بەم شێوەیە بەسەرهاتەکەی کۆتایی پێ هێنا:

ـ بەم شێوەیە هاوڕێ (پوترس)مان پیرۆز کرد، خوا بیپارێزێت و سەلامەتی بکات ... ئەوەتە چـل ساڵێشـی تێپەڕاندووەو پێویستی بە هیچ شتێك نەبووە.

جارێکی دیکە ڕاکیاو قاوەیان خواردەوە، ئەم بارودۆخەی هەنووکـەیان لـەیاد چـووبووەوە لـەپێناوی ئـەوەی بتوانن بەرگەی بگرن، هەر هەمووشیان بەوپەڕی ئازادی و بە ئاسانی پەیڤین، بۆیان ڕوون دەبـووەوە کـە لـە ژیاندا چەند کارێك هەن لە مرۆڤایەتی و لە شادومانییەوە نزیکترن پتر لەوەی لەم تاریکستانی و ئەم ترس و تۆقین و ئەم بۆردومانە کوشندەیەوە نزیك بن.

ئەو شەوە بەم شێوەیە بەسەرچوو، ژیانیشیان بەم شێوەیە بەڕێوە دەچوو، بەڵام هەر پرشنگدارو ڕاسـتگۆیانەو خۆگری دەمایەوە. بە ئارەزووە خۆڕسکییە کۆنەکانیانەوە کە پشتاو پشت بۆیان ماوەتەوە ئەم ژیانەیان بەش بەش دەکرد، بەسەر هەستگەلی کاتی و پێداویستی ڕاستەخۆدا دابەشیان دەکردو بـە بـەردەوامی نغرۆیشـی دەبوون. نەیاندەتوانی بەرگەی ژیانێکی لەم جۆرە ژیانە بگرن و خۆیان بۆ ڕۆژانی لەو ڕۆژانە باشتر هەڵبگرن، ئەگەر بەم شێوەیە نەژیابان و، ئەگەر هەر ساتێك لە ساتەکانی ژیانیان بە جیا بەسـەر نەبردایـە، بـێ ئـەوە تەماشای پێشەوە بکەن و ، بەبێ ئەوەی تەماشای دواوە بکەن.

ڕۆژ بووەوە. ڕۆژ بوونەوەیش بەلای ئەوانەوە واتای ئەوەی دەگەیاند کە بۆردمانەکە چڕتر دەبێت و، جوولەو بزاوتی جەنگ، ئەو بزاوتنەی کە کەس تێی ناگات و کۆتایی نایەت، لەبەر ڕۆشنایی هەتاودا بەردەوام دەبێت. لەبەر ئەوەی ڕۆژان ناویان لەدەست داوەو، بەخۆشیان هیچ واتایەکیان نەماوەو، کاتیش هیچ نیشانەو بەهایەکی نەماوە. ئەوەی مرۆڤ بیتوانیبا بیکردایە تەنیا ئەوەبوو چاوەڕوانی بکردایەو بلەرزیایە. جگە لەوە ئامێر ئاسا بیریان دەکردەوەو کاریان دەکردو دەپەیڤین و دەڕۆیشتن .

بەم شێوەیە، یان بەو شێوەیەی لەم شێوەیە بچێت، دانیشتووانی گەڕەکە بەرزەکانی خوارەوەی قەڵاکەو، دانیشتووانی گەڕەکی مەیدان ژیانیان دەگوزەراند.

هەرچی لەخوارەوەیە، لە ناوەندی شار، ژمارەیەکی کەم خەڵك مابوونەوە. لە یەکەمین ڕۆژ لە ڕۆژانی جەنگەوە فەرمانی ئەوە دەرچووبوو کە پێویستە دوکان و ئەنبارەکان والا بن، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو سەربازانەی بەشاردا تێدەپەڕن چی وردەواڵەیەکیان پێویست بێت بیکڕن، بە تایبەتی بۆ ئەوەی بۆ دانیشتووان بسەلمێنرێت کە دوژمن دوورەو مەترسی لەسەر شارەکە نییە .

ئەوەی سەیربوو خەڵکی بەو فەرمانانەوە پابەندبوون، تەنانەت لەم ماوەیەشدا لە کاتی بۆردومان کردنی تۆپخانەکانیشدا، بەڵام هەر یەکە لە خاوەن کۆگەکان دەکۆشا بەهەر بیانوویەکەوە بوایە بەشێکی زۆری ڕۆژ کۆگەکەی داخستایە، هەروەها دوکانە زۆر نزیکەکانی پردەکەو خانە بەردینەکە، وەك دوکانەکەی بافلی ڕانکۆڤیچ و عەلی خۆجە، بەدرێژایی ڕۆژ داخرابوون، چونکە زۆرتر بەر بۆردومان دەکەوتن، هەروەها ئۆتێلی لۆتیکا بە تەواوەتی داخرا، چونکە مووشەکێك بەر سەربانەکەی کەوت و هەندێك شوێنی ڕووخاندو گوللەی شەستیرەکانیش دیوارەکانیان کون کردبوو.

عەلی خۆجە ڕۆژانە تەنیا دووجار لە گردۆڵکەکەیەوە دانەدەبەزییە بازاڕ، بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت و بزانێت دوکانەکەی هیچی بەسەر نەهاتووە، پاشان ئەوەندەی نەدەبرد بەرەو ماڵەوە دەگەڕایەوە.

لۆتیکایش لەگەڵ خێزانەکەیدا لە یەکەمین ڕۆژەوە کە بە گوللەتۆپ دەست بە بۆردومانی پردەکە کرا ئۆتێلەکەی بەجێ هێشت. چوونە کەناری دەستە چەپی ڕووباری درینا، پەنایان بردە خانوویەکی نوێ و فرەوانی تورکان. ئەو خانووە، زۆر لە ڕێگەکەوە نزیکەو، لە پەنای لێژاییەکەوەیەو، ڕۆچووەتە ناو درەختگەلێکی گەلا چڕو پڕی بێستانێك، تەنیا سەربانە سوورەکەی دیارە. خاوەنی ئەو خانووە لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزانەکەیدا لە لادێ بوون.

کە شەو داهات ئۆتێلەکەیان بەجێ هێشت، ئەو کاتەی کپ و بێ دەنگییەکی سەرتاسەری باڵ بەسەر شاردا دەکێشێت. لە بەردەستەکانیان تەنیا میلان مابووەوە، ئەو دڵسۆزە بەوەفا خۆڕاگرەی کە هێشتە ژنی نەهێناوەو بایەخێکی زۆر بە پۆشتەو پەرداخی خۆی دەدات وێڕای ئەوەی بە نێو ساڵدا چووە. ماوەیەکی دوورو درێژە پێویستی بەوە نەماوە کەس لە ئۆتێلەکە وەدەر بنێت. هەرچی بەردەستەکانی دیکەن ئەوە لەگەڵ یەکەمین بۆمب بەر شارەکە کەوت هەموویان هەڵاتن، وەك چۆن زۆر جار لەم جۆرە باروخانەدا ئەوە ڕوو دەدات. لۆتیکا وەك بەردەوام ڕاهاتبوو، هەروەها لە هەموو بۆنەیەکدا تەنێ خۆی بڕیاری دا بگوێزێتەوەو بڕوات، کەسیش بەرەنگاری نەبووەو تەنێ خۆیشی فەرمانی جێبەجێ کردنی داو ئەو شوێنەی

دەستنیشان کرد کە بۆی دەڕۆن و شتە گرنگ و بەهادارەکانی دەستنیشان کرد کە پێویستە لەگەڵ خۆیاندا بیانبەن، ئەو شتگەلەیشی دەستنیشان کرد کە پێویستە لە ئۆتێلەکەدا بمێننەوە، بۆ هەر یەکەشیان ئەو جل و بەرگەی دەستنیشان کرد کە پێویستە لەبەری بکەن، ئەو کەسەیشی ناوزەد کرد کە منداڵە گەوج و شەلەکە، کوڕەکەی دۆبۆرا هەڵبگرێت و ئەو کەسەی کە دەبێت دەستی دۆبۆرای نەخۆش بگرێت کە هەر دەگریت و، ئەو کەسەی کە دەستی مینای قەڵەو دەگرێت کە لە ترساندا زەندەقی چووە. تاریکی ئەو شەوە گەرمەی شەوانی هاوینیان قۆستەوە، هەرچواریان لە پردەکە پەڕینەوە، لۆتیکاو تسالەرو دوبۆراو مینا، لەگەڵ گالیسکەیەکی دەستیدا کە منداڵە نەخۆشەکەیان تێدا دانابوو لەگەڵ هەندێك شت و مەك و هەگبەو چەند پێچراوو لوولدراوێکدا کە بە دەستیانەوە بوون. ئەمە یەکەمین جارە لە ماوەی ئەم 30 ساڵەی دواییەدا ئۆتێلەکە دەرگەی بە یەکجاری دابخات و چۆڵ و هۆڵ بێت و هیچ مرۆڤێکی لێ نەبێت. ئۆتێلەکە یەکەمین مووشەکی بەرکەوت و تا ڕادەیەك وێران بوو، وەك وێرانەیەکی کۆن دەهاتە پێش چاو. لەوەتای پێیان ناوەتە سەر پردەکە، چ پیرو چ لاو، چ شەل و چ قەڵەوو چ ئەوەی هەردوو قاچی بەیەکدا دەچوو و لە کۆچ و کۆچ کردن ڕانەهاتبوو، یەکسەر شێوەی ئەو جوولەکانەیان لێ نیشت کە ڕێیان بزرکردووەو بەردەوام بەدبەخت و هەناسە سارد بەم لاو بەولادا هەڵدەهاتن.

بەم شێوەیە گواستیانەوە کەنارەکەی ئەوبەرو گەیشتنە ئەو خانووە فرەوانەی تورکان تا لێی نیشتەجێ بن. لەێ لۆتیکا هەموو شتێکی لە شوێنی خۆیدا دانا، گرووپەکەی خۆی بەسەر ژوورەکاندا دابەش کردو، ئەو کەل و پەل و شتگەلەیشی ڕێکخست کە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، بەڵام کاتێك چووە ناو جێگەوە بۆ ئەوەی بنوێت وەك چۆن ئەوان نوستن، لەم خانووەی کە لە نیوچە چۆڵێك دەچێت، لەم خانووەی کە خانووی خۆی نییە، لەم خانووەی کە شت و کاغەزەکانی ئەوی تێدا نییە کە سەرجەم ژیانی خۆی لەگەڵ بەسەربردوون، دڵی ڕەنجاو لەناکاو هەموو هێزو توانای لەدەست داو، بۆ یەکەمین جار لە خودی خۆی گەیشت، بۆیە لەناکاو بە ئازارەوە قیژاندی و، قیژەکەی لەهەموو لایەکی خانووە چۆڵەکەدا دەنگی دایەوە: شتێك بوو کەس بەر لە ئێستە لە شێوەی نەبینیبوو، بەرگوێیشی نەکەوتبوو، بیریشی لێ نەکردبووەوە. بەم شێوەیە لۆتیکا دەستی بە گریان کردو گریانەکەی توندو ماندووانەو خنکاو بوو لە گریانی پیاو دەچوو، بەڵام لۆتیکا گریانەگەی ڕانەدەگرت و نەیدەتوانی کپی بکات، بۆیە ئەندامانی خێزانەکە زەندەقیان چوو، زۆر تۆقین، بێ دەنگییەك باڵی بەسەریاندا کێشا لەوە دەچوو بێدەنگییەکی ئایینیانە بێت، ئەوەندەی نەبرد هەر هەموویان دەستیان بە گریان و واوەیلا و باوکەڕۆ کرد. هەرەسهێنانی تواناو ورەی لۆتیکا بەلای ئەوانەوە لە جەنگ و کۆچ کردن و لەدەستدانی خانوو کارەساتاوی ترە، لەبەر ئەوەی بە هۆی ئەوەوە دەتوانن هەموو شتێك دەستەبەر بکەن و بەسەر هەموو دژوارییەکدا سەر بکەون، بەڵام بێ ئەو ناتوانن هیچ شتێك بکەن و نەیش دەتوانن هیچ بیرێك بکەنەوە.

بەیانی ڕۆژی دواتری ئەو ڕۆژانەی هاوین هەتاو هەڵات، چەند پەڵە هەورێکی سوور بە ئاسمانەوە بوون، ئاونگێکی زۆر بەسەر پەڕەی گوڵەکانەوە بوو، باڵندەکانیش بەسەر لق و پۆپی درەختەکانەوە دەیانخوێند..... ئەم بەیانییە لە لۆتیکا بووەوە، بەڵام وەك بەیانییەکانی دیکەی نەهاتە پێش چاو کە لە ڕابوردوودا دەیبینین

که ئەو ئافرەتە چوست و چالاکە بوو، تا دوێنێ چارەنووسی هەموو کەس و کارەکانی خۆی ئاراستە دەکرد، بەڵکو بووبووە پیرەژنێکی جوولەکەی پەککەوتە، لە پەل و پۆ کەوتبوو، نەیدەتوانی خزمەتی خۆی بکات و نەیدەزانی چۆن خزمەتی خۆی بکات و، وەك منداڵ دەگریاو، نەیدەزانی بڵێت لە چی دەترسێت و نەیش ئەو شتە چییە کە ئازارو ئێشی پێ دەگەیەنێت. ئەو کات پەرجوویەکی دیکە بەدی هات. تاسلەر ئەو پیرەمێردە قورسە نوستووە، کە تەنانەت لەهەرەتی لاویشدا هیچ ورەو توانایەکی نەبووەو، ڕۆژێك لە ڕۆژانیش هیچ ڕایەکی نەبووە، بەڵکو لۆتیکا جڵەوی هەموو ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی بە دەستەوەیە، ئەم تسالەرەی کە بە درێژایی ژیانی لاوێك نەبووە پڕ بە پێستی وشەکە، لە ناکاو گۆڕاو بوو بە پیاوێك دەزانێت چۆن خێزانێك بەڕێوە دەبات، دانایی و ورەو توانایەکی زۆری هەیەو، دەتوانێت بڕیارگەلێك وربگرێت کە پێویستە وەربگیرێن، ئەو هێزو توانایەیشی هەیە کە جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانە پێویستی پێ دەکەن. دڵخۆشی خوشکی ژنەکەی دەدایەوەو سەرەخۆشی لێدەکردو، چوون منداڵێکی نەخۆش بایەخی پێدەداو، سەرپەرشتی کاروباری سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی دەکرد وەك چۆن تا شەوی ڕابوردوو لۆتیکا سەرپەرشتیی دەکرد. لەو کاتانەیشدا تا ماوەیەك بۆردومانکردنی شارەکە ڕادەوەستا دەچووە شارو، ئەوەی پێویستیان پێ بووایە چ خواردن و کەل و پەل و شت و مەك لە ئۆتێلە چۆڵەکەوە هەڵیدەگرتن و لەگەڵ خۆی دەهێنانەوە. لە شوێنێکیشدا نۆژدارێکی بینی بۆ لای نەخۆشەکەی هێنا. نۆژدارەکە بۆی دەرکەوت کە پیرە ژنە ڕووخاوو داتەپیوەکە تووشی دەمارگرژییەکی تەواو بووەو ڕێنوێنی کردن بە زووترین کات لەو شوێنەی دوور بخەنەوەو بۆ شوێنێکی دوور لە شەڕو شۆڕو تەق و تۆقی ڕەوانە بکەن، وێڕای ئەوەیش دەرمانێکی بۆ دەستنیشان کرد بەکاری بهێنێت. تسالەر توانی لەگەڵ دەستەڵاتداراندا ڕێك بکەوێت گالیسکەیەکی بۆ دەستەبەر بکەن هەموو خێزانەکە سەرەتا بۆ (ڕۆجاتتسا)و دواتر بۆ سەرایێڤۆ بگوێزێتەوە. بەڵام دەبوو ڕۆژێك تا دوو ڕۆژ چاوەڕوان بن تا لۆتیکا هەندێك بەسەر خۆی دێتەوەو تەندروستی باشتر دەبێت و، دەتوانێت بەرگەی شەکەتی بگرێت. بەڵام لۆتیکا هەر لەناو جێگەدا ڕاکشابوو وەك بڵێیت ئیفلیج بووبێت، بە کوڵ دەگریاو بە وشەگەلی تێکەڵ و پێکەڵ قسەی دەکردو ئەوپەڕی نائومێدی و ترس و تۆقینی دەردەبڕی کە مرۆڤ بە دەستیانەوە دەناڵێنێت. لەدەورو بەریشی لەسەر عەردە ڕووتەکە کوڕە بەدبەختەکەی دوبۆرا زگەخشکێی دەکردو بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەم و چاوی پوورەکەی دەکردو بەو هاوارە پچڕ پچڕو بێ واتایانە بانگی دەکرد کە لۆتیکا تێیان دەگەیشت، بەڵام ئێستە وای لێهاتووە وەڵامیان ناداتەوە. لۆتیکا نایەوێت هیچ بخوات و نایەوێت کەس ببینێت. هەست بە ژان و ئازارو ئێشێکی دژوار دەکات سەبارەت بە بۆچوونی سەیرو نامۆ کە دەبنە ئێش و ژانی لە ڕادەبەدەری ڕووت. جارێك خەیاڵی ئەوە دەکات کە دوو دەریچەی نالەبار لە ژێریدا کوت و پڕ دەکرێنەوەو کونێکیان لێ دەبێتەوە، ئەویش دەکەوێتە ناو کونەکەوە. بەبێ ئەوەی هیچ شتێك هەبێت دەستی پێوە بگرێت تا نەکەوێتە خوارەوە. جارێکی دیکە خەیاڵی ئەوە دەکات کە ئافرەتێکی بالاَ بەرزی سووك و بەهێزە، دوو لاقی زەبەلاحێك و دووباڵی باڵندەیەکی بەهێزی پێوەیەو، چوون وشترمەل ڕادەکات، بەڵام هەنگاوەکانی لە ڕێکەی نێوان ئێرەو سەرایێڤۆ درێژ ترن، بۆیە ڕووبارو دەریاکان لەژێر پێیدا چوون کانیی بچووك دەلەرزێنەوەو شارە گەورەکانیش چوون بەردو شووشە تەق و تۆقیان پێ دەکەوێت.

ئەوەیش وای دەکرد کـە دڵـی تونـد لێبـدات و، هەناسـە بڕکێـی پـێ بکـەوێت. لۆتیکـا نازانێـت لـەکوێ ڕادەوەستێت و نە ئەم ڕاکردنە باڵدارە بۆ کوێی دەبات، بەڵام دەزانێت لە دەستی ئـەو دوو دەریجـە نالـەبارو ستەمگەرانە ڕادەکات و هەڵدێت کە چوون خێرایی برووسکە لەژێریدا دەکرێنەوە. دەزانێت بەسەر خاکێکـدا دەگوزەرێت بۆ مرۆڤ باشترە تێیدا نەمێنێتەوە، بەسەر ئەو خاکەدا دەگوزەرێت بۆ ئـەوەی لـەدوای خۆیـەوەی بەجێ بهێڵێت، ئەوەیش دەزانێت لە ڕێ کردندا بەسەر چەندین شوێندا تێدەپەڕێت لەوە دەچن پیس بـن، کـە ئەوانەیش ئەم گوندو ئەم شارە گەورانەن کە تێیاندا خەڵکی یەکدی فریو دەدەن و لە قسـەکردن و ژماردنـدا درۆ لەگەڵ یەکدی دەکەن . تەنانەت کاتێك لەو نواندنە پێکەنیناوییە دەبنەوە کە قسـەکردن بنەمایـەتی و، ژمارەکان تێك دەچن، ئەو کات لەناکاو وەك چۆن سیحرباز دیمەنەکە بگۆڕێت ئـەوانیش یارییەکـە دەگـۆڕن، ئەو کات دەبینیت تۆپخانەکان پێشڕەوی دەکەن، ئەمەیش بـە پێچـەوانەی هـەموو ئـەوەی دەگـوتران و بـە پێچەوانەی هەموو ئەوانەی پێشبینی دەکران، هەر ئـەو کاتـەیش تفـەنگ و ئامرازەکـانی دیکـەی کوشـتن دەردەکەون و، پیاوانی نوێیش دەبینرێن خوێن چاوی سوورکردوون، ناتوانرێت هیچ قسەیەکیان لەگەڵ بکرێت و هیچ دیالۆگ و وتوێژو لێك گەیشتنێکیان لەگەڵ بکرێ. بۆیە ئەم بەرانبەر بەم داگیرکارییەی ئێسـتە ئـەو باڵندە زلە نییە کە ڕای دەکرد بەڵکو بووەتە پیرەژنێکی بەدەبەخت و بێ چـارەی یەککـەوتوو، لەسـەر ئـەو عەردە ڕەق و تەقە پان بووەتەوە. ئەو خەڵکەیش بە هەزاران هەزارو بە ملیۆنان هوروژم دێـنن و ، بـە پێـی پلان و پرۆگرام و بەبێ بەزەییانەو بەبێ هیچ هۆیەك تەقە دەکەن و خـەڵك دەکـوژن و سـەردەبڕن و خـەڵکی دیکە لەناو دەبەن. ئەوەتە یەکێکیان بەسەریدا دەنووشتێتەوە، لۆتیکا دەم و چـاوی نابینێـت بـەڵام هەسـت دەکات سەری نێزەکەی لەو شوێنە دەچەقێنێت کە پەراسووەکانی مرۆڤ لێك جـودا دەبێتـەوە .. نـەرم تـرین شوێنی جەستەی مرۆڤ ...

ـ ئا ... نا ... هاوارە هاوار ... ڕزگارم کەن.

لۆتیکا بەم شێوەیە هاواری کرد کاتێك هەستاو لێفە بۆرەکەی لەسەر خۆی لادا کە پێی داپۆشرابوو.

منداڵە گێلەکە لەسەر عەرد دانیشتبوو پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو. بەدوو چاوی زەق و ڕەشەوە تێی دەڕوانی کە پتر ئاگەییان تێدا بوو پتر لەوەی ترس یان بەزەییان تێدا بێت. مینا لە ژوورەکەی دیکـەوە بەهەڵـەداوان ڕایکردو لۆتیکای هێور کردەوەو ئارەقە ساردەکەی نێوچەوانی سڕی و، لـەو ئـاوەی دایـە کـە چـەند دڵۆپـە دەرمانی تێکرابوو، لەو دەرمانەی زۆر وەستایانە بۆی ئامادەکردبوو.

ئەو ڕۆژەی هاوین لە پێدەشتە شینەکە وا دەهاتە پێش چاو ڕۆژێکی درێـژ بێـت و کۆتـایی نەیـەت، مـرۆڤ نازانێت کەی دەستی پێکردووە. بیری بۆ ئەوەیش نەدەچوو کەی کۆتایی دێت. لەوێ کەش و هـەوا گەرمـە، بەڵام مرۆڤ هەستی بە گەرمای هەتاو نەدەکرد. دەنگی ترپـەی پـێ لـەناو ماڵەکـەدا بـەرگوێ دەکـەوت و، دانیشتووانی نوێ دەگەیشتن و، بە ڕێکەوت سـەربازێك یـان ئەفسـەرێك دەهـات. خـواردن زۆرەو میـوەیش زۆرترو میلان پەیتا پەیتا قاوە ئامادە دەکات. هەر هەموو ئەم دیمەنە لە سـەقامگیربوونێکی دوورو درێـژی لادێ دەچوو، ئەگەر ئەو زریکە نائومێدانەی لۆتیکا نەبوایە کـە جاروبـار دەیزریکانـد، ئەگـەر ئـەو گرمـە گوێکەرکەرە نەبووایە کە دەگەیشتە ئەم دۆڵ و نهالە وەك بڵێیت بۆڵە بۆڵی تووڕەیەو ئاماژە بەوە دەکات کە

شتێك لەم جیهانەدا تێكچووەو، ئەو كولەمەرگییەی كە خەریكە تووشی هەموو خەڵكی دەبێت زۆر نزیكترو توندترە لەوەی مرۆڤ لەم سایەقە فرەوان و هێورەی ئەو ڕۆژە بەدی دەكات.
جەنگ ئەم بەسەرهاتەی بەسەر ئۆتێلەكەی لۆتیكاو نیشتەجێبووەكانیدا هێنا. دوكانەكەی (بافلی ڕانكۆڤیچ)یش داخرابوو. لە دووەمین ڕۆژی دەستپێكردنی جەنگەوە بافلی ڕانكۆڤیچ گیرابوو، هەروەها ژمارەیەك لە پیاوماقوولانی تورك گیران و بەبارمتە بران، هەندێكیان لە وێستگەكە دانران و بەرپرسیاریەتی هێوری و سەقامگیری و ڕێكخستنی هات و چۆیان پێ سپێررا، ئەگینە دەكوژران ..
هەندێكی دیكەشیان خرانە ناو كوختەیەكی بچووكی لەتەختەدار دروستكراوەوە لە پایینی گۆڕەپانەكەوە كە ئەوەندە لە پردەكەوە دوور نەبوو، ئەو كوختەی كە لە ڕۆژانی بازاڕدا بە تەرازووی حكوومەت كاڵاكانیان تێدا كێشانە دەكرد بۆ ئەوەی باجیان لێوەربگیرێت، لەوێ دیلە بەبارمتە گیراوەكان بەرپرسیاریەتی هەر ئەزیەت دان یان وێرانكردنێكی پردەكەیان دەخرێتە ئەستۆوە، ئەگەر هەر شتێك لەو شتانە ڕوویان دابایە ئەوە دەكوژران ...
ئێستە بافلی ڕانكۆڤیچ لەسەر كورسییەك لە كورسییەكانی قاوەخانەی نێو كوختەكە دانیشتووە. ئەگەر تەماشای بكەیت، هەردوو دەستی لەسەر هەردوو ئەژنۆی داناوەو سەری دانەواندووە، دەیبینیت لە پیاوێك دەچێت ئیشێكی دژواری كردبێت و ماندوو بووبێت و خۆی بەسەر كورسییەكەدا دابێت تا كەمێك پشوو بدات، بێ سروەو بێ جووڵەیە، شێوەی دانیشتنەكەی ناگۆڕێت. لە نزیك دەرگەكەشەوە دوو سەرباز لە سەربازانی یەدەك لە سەر بڕێك كیسەی بەتاڵ دانیشتوون. دەرگەكە داخراوە، تاریكی باڵی بەسەر كوختەكەدا كێشاوەو گەرمایەكی نالەباریش ئەو ناوەی تەنیوەتەوە، ئەگەر مووشەكێك لە چیای بانۆس یان لە چیای (جۆڵش)ەوە بتەقێنرایەو گڤەی بهاتایە، بافلی تفی قووت دەداو، گوێی لە گڤەكە دەگرت تا بزانێت مووشەكەكە لەكوێ بەعەرددا دەدات. دەیزانی ماوەیەكی زۆر دوورو درێژە كە پردەكە مینڕێژ كراوەو، بەردەوام ئەو پرسەی بیر ناچێتەوەو، دەیپرسی تۆ بڵێیت یەكێك لەو مووشەكانە مینەكە بتەقێنێتەوە ئەگەر هات و پێی بكەوێت، هەركە ئەو دوو سەربازە بگۆڕرابان كە پاسەوانییان دەكرد، گوێی لە ئەفسەری یاریدەدەر دەبوو فەرمانی بە هەردوو سەربازە نوێیەكە دەدا بەم وشانە كۆتایی هات: (هەركاتێك ساكارترین هەوڵ بدرێت زیان بە پردەكە بگەیەنرێت، یان ساكارترین نیشانەی گومان لێكردن ببینرێت ئاماژەی ئەوە بدات كە خەریكە شتێكی لەو جۆرە ڕوو بدات، دەبێت دەست بەجێ ئەم پیاوە بكوژن). بافلی ڕاهاتبوو ئەم وشانە ببیسێت تا ڕادەیەك وای لێهاتووە وەك بڵێیت پێوەندی بەوەوە نییەو باس ئەو ناكات. نێگەرانی ئەو لەم ڕووەوە ناگاتە ئەو نیگەرانییەی لە بارەی مووشەكی تۆپخانەكان و مووشەكی (شەرانبڵ)ەوە هەیەتی كە زۆرجار لە شوێنی وادا دەتەقنەوە زۆر لە كوختەكەوە نزیكە كە ئەوی لێیە بۆیە بەردو پارچە ئاسنەكان دادەبارێنە سەر تەختەدارەكان. بەڵام بەردەوام بیرە ڕاگوزارییەكانی نیگەرانیان كردووە كە ناتوانێت بەرگەیان بگرێت.

بافلی بیر لەو چارەنووسە دەکاتەوە کە خۆی و، ماڵ و ڕۆزی و موڵکەکانی پێی گەیشتوون و تووشی هاتوون. هەرکە زۆرتر بیر بکاتەوە بۆی دەردەکەوێت کە ئەوە خەونێکی خراپە. ئەگینە هەر هەموو ئەوەی لەم ڕۆژانی دواییەدا دووچاری خۆی و کەس و کارەکەی بووە بەچی شی دەکاتەوە؟

دووان لە کوڕەکانی، کە لە زانکۆ دەخوێنن، لە یەکەمین ڕۆژەوە جەندرمەکان گرتوونیان، لەماوڵـەوە کەسـی نەماوە تەنیا ژن و کچەکانی نەبێت. ئەو وەرشە گەورەیەی دەکەوێتە (ئۆسوینتسا)وەو (جەرە)ی تێدا دروست دەکرێت، بە بەرچاویەوە سووتا. ڕەنگە کۆیلەکانی لە گوندەکانی دەوروبەر گیانیان لەدەست دابێت یان پەرت و بڵاوبووبنەوە. هەموو ئەو پارەو پوولەی بەقەرد بەخەڵکی ناوچـەکەی داوە هــەر هــەمووی بــەفیڕۆ چـوو. دوکانەکەیشی کە چەند هەنگاوێك لێوەی دوورە، کە جوانترین دوکانەکانی شارەکەیە، داخراوەو ڕەنگە تاڵان بکرێت یان مووشەکێك لە مووشەکەکان پاش کەمێکی دیکە بیسووتێنێت. ئەویش لـەم کوختــە تاریکــەدا دانیشتووەو، بە بارمتە گیراوەو، بووەتە بەرپرسی شـتێك کـە هــەرگیز پێوەنـدی بــەوەوە نییــە، مەبەسـتم چارەنووسی پردەکەیە، چونکە هەر زیانێك بە پردەکە بگات ئەو دەکوژن.

چەندین هزر لە مێشکیدا بە شێوەیك هورژم دێنن و دەخولێنەوەو سەرقاڵیان کردووە کە لەوەوپێش وێنــەیان نەبووە .. ئەو هزرانە پێکدادەدەن و بزر دەبن .. ئەم چی پێوەندییەکی بە پردەکەوە هەیە، ئەوێك کـە هـیچ ڕۆژێك لە ڕۆژانی تەمەنی خۆیدا جگە لەکارەکان و ماڵەکەی بایەخی بە هیچ شـتێکی دیکـە نـەداوە؟ ئـەو پردەکەی مینرێژ نەکردووە، خۆ ئەویش نییە بە بۆمب پردەکە بۆمب باران دەکات. ئەوێك کاتێك گەنج بـوو کرێکاری دەکرد، ژنی نەهێنابوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر کابیاکـە دانەنیشـتووەو، وەك لاوە بـێ کارەکـانی خەڵکی فیشیگراد کاتی خۆیشی تێدا بەسەر نەبردووە، گۆرانی بچڕێت و گاڵتــە بکـات. ئێسـتە ژیـانی بـە چەندین وردەکاری بەرچاودا تێدەپەڕێنێت کە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژە ژ بیری کردوون.

ئێستە ئەوەی بیر دێتەوە چۆن بە لاوی و لە تەمەنی چواردە ساڵیدا برسـی و ڕووت و ڕەجـاڵ لــە سـنجقەوە گەیشت و جووتە پێڵاوێکی دڕاوی لەپێدا بوو. سەرەتا لەگەڵ دەوڵەمەندێك لە دەوڵەمەندەکان ڕێککەوت کە ناوی (پوترس) بوو خزمەتی بکات، بە مەرجێك بیژێنێت و جل و بەرگی بۆ بکات و ساڵانە جووتێك پێڵاوی بۆ بکڕێت. منداڵەکانی هەڵدەگرت و لە باوەش دەناو لە کۆگە کاری دەکردو ئاوی لـە بیرەکـە دەردەهێنـاو، ئەسپەکانی بەخێو دەکرد.

لە ژێر پێپلکەکەدا لە ژوورێکی بچووکی تاریك و بێ پەنجەرەدا دەنوسـت، ژوورێکـی ئەوەنـدە بچـووك بـوو تەنانەت نەیدەتوانی قاچی تێدا درێژ بکاتەوە. بەرگەی ئەو ژیانە کولەمەرگانەی نەگرت، تا تەمەنی گەیشتە هەژدە ساڵان، ئەو کات گوێزایانەوە دوکانەکەو تەواو سەرقاڵی ئیش کردن بوو، مانگانەی وەردەگرت. جگـە لەوەیش لەسنجق لەبری مێرد منداڵێکی دیکە دامەزرا. ئەو کات بافلی لە واتای پاشەکەوت کردن گەیشت. دەرکی بە واتای پاشەکەوت کردن کرد. هەستی بەو چێژە خۆشە دەکرد کە پاشەکەوت کردن پێی دەبەخشـی و، ئەو هێزە مەزنەی پیی دەبەخشی. بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ژوورێکی بچووکی بنەوەی دوکانەکەیدا بەسەر برد. ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاگری نەکردەوەو، نەیش لەبەر ڕووناکی مۆمێکدا نوسـت. کاتێـك تەمــەنی گەیشـتە بیست و سێ ساڵ پوترس بە خۆی کیژێکی بە ڕەوشـتی خـەڵکی (چـائنچ)ی بـۆ خواسـت کـە تـا ڕادەیـەك

دەوڵەمەند بوو. لەو کاتەوە هەردووکیان دەستیان بە پاشەکەوت کـردن کـرد. کاتێـك وڵات داگیرکـرا، کـار گۆڕی تێکەوت و قازانج کردن ئاسان بوو و خـەرجی کـەم بـووەوە. سـوودی لـە قازانجـەکانی بینـی لەگـەڵ بەردەوامبوون لەسەر کەم خەرج کردن، بۆیە دوکانێکی بۆ خۆی کردەوەو دەستی بە پاشەکەوت کردنی پـارە کرد. لەو ڕۆژانەدا کاسبی کردن ئەوەندە دژوار نەبوو، زۆر کەس بە ئاسانی قازانجێکی باشیان بەدەست هێنا بەڵام ئەوەندەی نەخایاند زۆر خێراتر ئەوەی بە دەستیان هێنابوو لەدەستیان دا. دەست بـە قازانجـەوە گـرتن کارێکی گرانتر بوو. ئەویش قازانجێکی دەست بکەوتایە هەڵیدەگرت و، ڕۆژ نەبوو قازانجی زۆرتر پاشـەکەوت نەکات. کاتێك ئەم ساڵانەی دوایی بەسەردا هات، پشێوی لەگەڵـدا سـەری هەڵـداو( سیاسـەت)ی لەگەڵـدا سەری هەڵدا، ئەو وێڕای ئەوەی بـە نێـو سـاڵدا چـووبوو، هـەموو ئـەو هەنگاوانـەی هاویشـت کـە دەبـوو بیانهاوێژێت بۆ ئەوەی لەم تەنگژە نوێیە بگات و خۆی لەبەرانبەردا ڕابگرێت و بگونجێنێـت و، لێـی دەربـاز بێت بێ ئەوەی هیچ زیان و هیچ ڕیسواییەکی تـووش ببێـت. یاریـدەدەری سـەرۆکی شـارەوانی و سـەرۆکی تایەفەی ئایینی و سەرۆکی کۆمەڵەی سیرب (کۆنکۆرد) بوو. گەورەترین بەشداری بانکی سیرب و ئەنـدامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی بانکی ناوچەیی بوو، بە پێی بنەما پەیڕەوکراوەکانی گەڕەکی بازرگـانی هـەوڵی دا کاربەدەست و دەستەڵاتداران پشت گوێ نەخات، بەڵام بەبێ ئەوەی لەڕوانینی گەلەوە خـۆی بـەدناوو ڕیسـوا بکات. بەڕای هەموو دانیشتووان نموونەیەکی بێ هاوتای پلەو پایە بەرزی و چاك ڕەفتاری و وریایی بوو. بەم شێوەیە لە ماوەی نزیکەی نیوەی تەمەنی مرۆڤێك کـاری دەکـردو پاشـەکەوتی دەکـردو، مانـدوو دەبـوو، تەنانەت ئەزیەتی مێشێکیشی نەدەدا، تووشی بە تووش هەرکەسێکەوە ببووایە سەڵاوی لێـدەکردو، هێـورو بێ دەنگ بە ڕێی خۆیدا دەڕۆیشت و پتر لە هەر شتێکی دیکە پـارە پاشـەکەوت کـردن سـەرقاڵی کردبـوو. ئێستە تەماشای بکە کە هەموو ئەو ڕێگەیەی بڕیوە، چی بەسەرهاتووەو بـەکوێ گەیشـتووە. ئەوەتـە لـەم کوختەدا دانیشتووە، وەك بڵێیت جەردەو ڕێگر بێت، دوو سەرباز پاسەوانی دەکەن، چـاوەڕوانە مووشـەکێك یان هەر ئامێرێکی دیکەی دۆزەخیانە بێت و، پردەکە وێران بکات و، بـەو هۆیـەوە ئـەویش سـەربڕن یـان گوللەباران بکەن. هەر هەموو ئەوەیش گەیاندیانە ئەو باوەڕەی (هەر ئەمەیش بوو پتر لەهەر شتێکی دیکـە ئازاری دەدا) کە هەموو ئەو شەکەتی و دژوارییەی چەشتی و هـەموو ئـەوەی خـۆی لێ بێبـەش کـرد، تـا ژیانێکی ئەوتۆ بەسەر ببات شایەنی سەگ بێت نەك مرۆڤ، کە هەر هەموو ئەوە بـێ سـوودو بـێ ئومێدانـە بوو، بۆیە بە گشتی بە ڕێگەیەکی هەڵەدا ڕۆیشت و، بۆیە ڕای کوڕەکانی و ڕای لاوەکانی دیکە لە ڕای ئـەو باشتر بوو، ئەم سەردەمەیش پێوەرێکی نییە کەیسەکانی پێ بپێورێن و، ڕێگەیـەك لەڕێگـەکانی پێوانـەیش نییە، یان چەندین پێوەری جیا جیای لە ئەژماردنا هەیە، یان بەلایەنی کەمەوە دەرکەوت کە ئەژماردنەکانی ئەو هەڵەن و، دەرکەوت کە پێوەرەکانیشی کورت مەوداو کورتبینن.

لەگەڵ خۆیدا دەیگوت:

ـ شتێکی مەزنە! ... هەموو شتێك ئامۆژگاریت دەکەن کە کار بکـەیت و پاشـەکەوت بکـەیت و، هانـت دەدەن کار بکەیت و پاشەکەوت بکەیت .. هەموو شتێك ئامۆژگاریت دەکەن و هانت دەدەن ئەمـە بکـەیت ... کڵێسەو دەستەڵات و ئەقڵت .. تۆیش بە گوێی ئامۆژگارییەکان دەکەیت و، وریایانەیش بەرەو پێشـەوە

هەنگاو دەهاویت و ژیانێکی دادوەرانە دەژیت یان بلێ هەرگیز ناژیت، بـەڵکو کـار دەکـەیت و پاشـەکەوت دەکەیت و غەمەکانت بەسەرتدا دادەوالێن و هەر هەموو ژیانت بەم شێوەیە بەسەر دەبەیت، پاشان لـەناکاو هەر هەموو ئەم شتانە دەگۆڕێن و تـۆیش نکۆڵییـان لێدەکـەیت و نایانناسـیت: سـەردەمێك دێـت هـەموو خەڵکی گاڵتە بە ئەقڵ دەکەن و، کڵێسەیش دەروازە دادەخات و کـپ و بـێ دەنـگ دەبێـت و، تـەنیا هێـز شوێنی هەموو دەستەڵاتێك دەگرێتەوە، سەردەمێك ئەوانەی سامان و دارایی خۆیان تێدا بە دەست پـاکی و زەحمەت دەستەبەرکردووە، تەماشا دەکەن ڕۆزی خۆیان لەدەست داوەو تەمەنیان بفـیڕۆ چـووە، سـەردەمێك کەسی تێدا سەرناکەوێت تەنیا بە زەبرو جەربەزەیی نەبێت. کەسیش ددان بەو ڕەنج و کۆششانەدا نانێت کـە تۆ داوتن، کەس یارمەتیت نادات، کەسیش ئامۆژگاری و ڕێنوێنیت ناکات کە چـی پێویسـتە بیکـەیت تـا سامانەکەت بپارێزیت، ئەو سامانەی بەکارو پاشەکەوت کردن بەدەستت هێناوە. ئایە ئەمە کردەنییـە؟ . . . ئایە ئەمە کردەنییە؟

هەروەها بافلی ڕانکۆڤیچ بەردەوام پرسیاری دەورووژاند، تەنانەت ئەگەر وەڵامێکیشی دەستەبەر نەکردایـە، سەرلەنوێ دەهات و لەسەرەتاوە دەستی بەبیرکردنەوە دەکرد. کاتیش سست و دژوار بەرێوە دەچـوو. بـافلی بیری لەوە دەکردەوە کە ئەم پردەی هەزاران جـار بەسـەریدا پەڕیوەتـەوە، بـەڵام ڕۆژێـك لـە ڕۆژان لێـی ورد نەبووەتەوە، نهێنییەکی شووم و ناچارە بەهەمـوو قورساییەکیەوە بەسەر هەردوو شـانی ئەوەوەیـە کـە شـی ناکرێتەوەو بە ئەقڵیشەوە ناچێت. وەك دەبێت کارەکە وابێت جۆرە نوستنێك بێت کە هەڵستانەوەی بـەدوادا نەیەت.

بافلی تەنیا کەس نەبوو ئارەقەی خوێن و ئاوی دەردەداو نغرۆی خەوێك دەبوو هەڵسانەوەی بە دواودا نەیەت، لەو ڕۆژانەی وەرزی هاویندا، لەو پارچە زەوییە تەسکەی نێوان ڕووباری درینناو ئەو سنوورە پڕ لە هەڵـەت و سەختەدا، لە شارو گوندو ڕیگەو بان و دارستانەکاندا، لە هەموو شوێنێك، پیاوانی زۆر هـەبوون ئـارەق بـە دەم و چاویاندا ڕێچکەی بەستبوو لەکاتێکدا بەرەو پیری مەرگ دەچوون، مەرگی خۆیان و مـەرگی کەسـانی دیکە، لە هەمان کاتیشدا لە چنگی ئەو مەرگە هەڵدەهاتن و، دەکۆشان بە هەموو هێزو تواناو هەموو ئـەو هۆکارانەی هەیانە لە خۆیانی دوور بخەنەوە. ئەم یارییە سەیرەی ئادەمیزادان دەیانکرد، ئـەو یارییـەی پێـی دەگوترێت جەنگ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فرەوانتر دەبووەوەو بڵاوتر دەبووەوەو، چی زیندەوەرو چی بـێ گیانیشـە ژێر ڕکێف و دەستەڵاتی دەکەوتن.

لەو شوێنەشەوە کە لە کوختەکەی شارەوانییەوە دوور نەبوو، لەو بەیانییەدا، گرووپێـك سـەرباز بینـران کـە خەڵکی پێشتر لەو سەربازانەیان نەبینیبوو. جلی سپیی سەربازییان پۆشیبوو، شەپقەی سپییان لەسـەر بـوو، ئەوانە هێزی سەر بە سوپای ئەڵمانیان، ئەو هێزانەی ناوی مەفرەزەی (سکۆتاری)یان لێنرابوو.

بەر لە جەنگ ڕەوانەی (سکۆتاری) کرابوون، بەو ناوەی کە سوپای نێو دەوڵـەتین، تـا لـەوێ بـە هاریکـاری گرووپی دیکە لە نەتەوەکانی دیکە ناردبوونیان سستم و ئاسایش سەقامگیرو بەرقەرار بکەن. کاتێك جەنگ دەستی پێکرد فەرمانیان پێکرا سکۆتاری بەجێ بهێڵن و بچـنە ژێـر دەسـتەڵاتی نـزیکترین فەرماندایـەتی نەمسا لەسەر سنووری سیربیا. شەوی ڕابوردوو گەیشتنە شارەکە، ئەوەتە ئێستە لەو پارچـە زەوییـە پانـەی

نێوان گۆڕەپانەکەو گەڕەکی بازرگانیدا پشوو دەدەن. سەربازەکان لەوێدا چاوەڕوان بــوون تــا فــەرمانیان پــێ بکرێت هێرش ببەن. نزیکەی سەدو بیست سەربازێك دەبن، ئەمەیش سەرهەنگەکەیانە، کە پیاوێکی سوورە فلّی قەڵەوەو بەرگەی گەرما ناگرێت، لەم ساتە وەختەدا سەرقاڵی سەرزەنشــت کردنــی چاووشــی جەندرمــە (دانیلۆ ڕیباتس)ە، بە شێوەیەك سەرزەنشتی دەکات وەك چۆن سەرۆکێك لــەخوارەوەتری خــۆی سەرزەنشــت ناکات تەنیا لە ســوپای ئــەڵمانیادا نــەبێت، بــە شــێوەیەکی ناشــیرین و نــاڕواو نالــەبارو بــێ هــیچ جــۆرە ڕەچاوکردنێك سەرزەنشتی دەکات. سەرهەنگەکە سکاڵای لەدەست ئەوەیە کە خۆی و سەربازەکانی خەریکن لە تینووواندا دەخنکێن و، پێویستیان بــەو شــتانەیە کــە زۆر پێویســتن و دەبێــت هــەیانبێت کەچــی نیانــەو دووکانی دەورو بەریشیان کە ڕەنگە پڕ لەو شتانە بــن هــەر هــەموویان داخــراون. ئەگەرچــی فــەرمان دراوە هەموو واڵا بن.

ـ ئێوە لێرە چین؟ جەندرمەن یان بووکەشووشە؟ دەبێت مـن و پیاوەکانم لێرە بمرین؟ یان دەتانــەوێت وەك دزان پڕیان بدەمێ و بیانکەمەوە؟ دەبێت هەر ئێستە خاوەنانی ئەم دوکانانە بدۆزرێنەوە. ئایە واتای ئــەم وشــەیە دەزانیت: هەر ئێستە؟

سەرهەنگەکە هەرکە وشەیەکی نوێی گۆ دەکرد خوێنی زۆرتر دەزایە دەم و چاوی. بە جل و بەرگە سەربازییە سپییەکەی و بە سەری تاشراویەوە زۆر تووڕە بووبوو چوون مەشخەڵ بڵێسەی دەهات.

چاوشەکە واقی وڕمابوو، چاوی دەترووکاندو، هیچی نەدەکرد تەنیا ئەوە نەبێت کە دەیگوت:

ـ بەڵێ گەورەم ... هەر ئێستە ... بەڵێ ئێستە ... ئێستە ...

ئەوەندەی نەبرد لە باری واق وڕماوییەوە چووە بــارێکی بشــێوی سەرشــێتانەوەو، لەســەر هــەردوو پاژنــەی وەرچەرخایەوەو بەرەو گەڕەکی بازرگانی تێی تەقاند، وەك بڵێیت چاووشی جەندرمەکان، لە حەژمەتی قســە نابەدڵەکانی سەرهەنگەکەدا کە لە تووڕەییدا چاوی ئاگری دەکردەوە، تینی ئەو ئاگرەی پێگەیشتبێت. بۆیــە هەرای دەکردو هەڕەشەی دەکردو چی بەرچاو بکەوتایە دایدەپلۆساند.

لەو ڕاکردنەیدا یەکەمین کەس تووشی بوو بە تووشیەوە عەلی خۆجە بــوو. عــەلی خۆجــە لــە گەڕەکەکــەی خۆیانەوە دابەزیبووە بازاڕ بۆ ئــەوەی ســەر لــە دوکانەکــەی بــدات، کاتێــك ئــەم (بیراتــس)ە فاکمایســتۆرە بەناوبانگەی بینی گەردەلوول ئاسا بەرەو ڕووی دێت و تەواو گۆڕاوە، زۆر سەری ســوڕماو پرســی ئایــە ئــەم پیاوە دڕندەیە کە لە شێتێك دەچێت بەتەواوەتی ئەقڵی لە دەست دابێت، تۆ بڵێیت بــە ڕاســتی خــودی ئــەو (فایکماستۆر)ە بێت کە ماوەی چەند ساڵ بوو، دەیبینی هێورو بــەڕێزو لەســەرخۆ بــە بــەردەم دوکانەکەیــدا تێدەپەڕی. کەچی ئێستە بووەتە (بیتراس)ێکی دیکەی دەم و چاو گرژ بەو دوو چاوی ئەبڵەقاوی دەنۆڕێــت و کەس نابینێت و کەس ناناسێت تەنیا ئەو ترس و تۆقینە نەبێت کە تێیاندا بەدی دەکرێت. ئەوەنــدەی نــەبرد چاوشەکە بە هات و هاوارەوە قیراندی وەك بڵێیت ئەو کردارە دووبارە بکاتەوە کە سەرهەنگەکە ئەنجامی داو هەمان ئەو وشانەی بە ئەڵمانی دووبارە دەکردەوە کە پێش چەند ساتێك لە سەرهەنگەکەی بیست.

ـ بەخوای مەزن دەبێت لەسێدارە بدرێن. ئەدی فەرمانتان پێنەدراوە دوکانەکانتان واڵا بن؟ ئایە پێویستە بە هۆی ئێوەوە ....

بەر لەوەی عەلی خۆجەی واق وڕماو یەك وشە گۆ بكات، چاووشەكە یەك شەپازلەی بـە لاجـانگی ڕاسـتیدا سرەواند، بۆیە سەروێنەكەی لای گوێی ڕاستییەوە بەلای گوێی چەپیدا لارە سەنگ بوو.

چاووشە پەشێوەكە كە هیچ شتێكی نەدەبینی چەند دوكانداریكی دیكەی ناچار كرد دوكانەكانیان بكەنـەوە. عەلی خۆجە سەروێنەكەی ڕاست كردەوەو، پاشان دەرگەی دوكانەكەی كردەوەو لێی دانیشـت و هێشـتە واق وڕماوی بەری نەدابوو. ژمارەیەك سەربازی نامۆ لەدەوری كالآكانی گردبوونەوە، جل و بـەرگێكی سـەیریان پۆشیبوو بە درێژایی تەمەنی نەیبینیبوو. هەر هەموو ئەم شـتانە وای لێدەكـەن هەسـت بكـات كـە خـەون دەبینێت . بەلاّم لەم سەردەمەدا وای لێهاتووە بەرانبەر بە هیچ شتێك سەری سـوڕنەمێنێت كـە شـەپازلەی تێدا لە ئاسمانەوە دەبارێت.

بەم شێوەیە یەك مانگی ڕەبەق تێپەڕی: پردەكە جارو بار بۆردومان دەكرێـت و، مووشـەكی تۆپخانـەكانیش پێدەشت و گردۆلكەكانی دەوروبەر دەهەژێنن و، لە هەموو لایەكەوە هەموو جـۆرە ژان و ئـازارو تەنگانـەو توندوتیژییەك تووشی خەلّكی دەبێت، ئەوانیش چاوەڕوانی ئێش و كولەمەرگی زۆرتر دەكەن. هەر لە ڕۆژانی سەرەتاوە زۆربەی دانیشتووان شارەكەیان بەجێ هێشت، پاش ئەوەی كەوتە نێـو دوو ئـاگرەوە. لـە كۆتـایی مانگی ئەیلوولدا بەتەواوەتی لێی كشانەوە. دوایەمین فەرمانبەران بەشەو لێی كشـانەوە: بەسـەر پردەكـەدا پەڕینەوەو ملی ئەو ڕێگەیان گرت كە لە شارەوە دەردەچێت، چونكە هێلّی شەمەندەفەرەكە پچڕابوو. پاشـان بەتالیۆنی سەربازەكان لە كەناری ڕاستەوە كشانەوە، وردە وردە هیچ لە گۆڕەپانی شارەكەدا نەمایەوە تـەنیا ژمارەیەكی كەم بەرگریكارو پاسەوانی تاك و تەرای جەندرمە نەبێت ... ئەوانیش چـاوەڕوان بـوون نۆرەیـان بێت و بكشێنەوە.

پردەكەیش لە كابرایەك دەچوو سزای لە سێدارەدانی بەسەردا درابێت، بەلاّم هێشتە لە نێوان دوو جیهاندا كە دەجەنگان بە ساغی مابووەوە.

******

# بیست و چوارەمین پاڕ

ئەو شەوە هەور ڕووی ئاسمانی گرتەوە، تەنانەت مرۆڤ وای دەزانی پاییزە، پەڵە هەورەکان لووتکەی چیاکان و ئەو ئاسمانەی نێوانیان داپۆشیبوو. نەمساوییەکان تاریکی شەویان قۆستەوەو دوایەمین مەفرەزیان کشـایەوە، کە بەیانی بووەوە نەك هەر هەموو مەفرەزەکان لەو دیوی کەناری ڕووبارەکەوە بوون بـەڵکو لەبەرزاییـەکانی پشـتەوەی نشـێوی چـیای (لێشـتە)وە بـوون، بەچـاو نـەدەبینران و مووشـەکەکانی تۆپخانـەی سـیربەکان نەیدەپێکان.

کە ڕۆژ بووەوە پرزە پرزی بارانێکی پاییزانە بەسەر شاردا باری. دوایەمین پاسەوانان بەبەر ئـەم پـرزە پـرزی بارانەوە ماڵ بەماڵ و کۆگە بە کۆگەی نزیك پردەکە دەگەڕان تا بزانن کەسیان تێدا ماوە. هەموو شتێك کپ و خامۆش بوو: یانەی ئەفسەران، ئۆتێلی لۆتیکا، ئۆردووە ڕووخاوەکە، ئەو سێ یان چوار دوکانانەی دەکەونە دەروازەی شارەوە. بەڵام لەپڕ عەلی خۆجەیان بینی لەبەردەم دوکانەکەیدا ڕاوەستاوە. هەر ئێستە لە ماڵـەوە گەیشتووەتە ئێرەو خەریکە دەرگەی دوکانە دەکاتەوە. خۆجـەیان دەناسـی و دەیـانزانی کابرایـەکی ڕەفتـار سەیرو سەمەرەیە، بۆیە فەرمانیان پێکرد یەکسەر دوکانەکەی داخات و گۆڕەپانی بازاڕەکە بـەجێ بهێڵێـت، چونکە مانەوە لە نزیك پردەکە بە تەواوەتی قەدەغەیەو، هەرکەسێك بەو شـێوەیە بجووڵێتـەوە ژیـانی خـۆی دەخاتە مەترسییەوە.

خۆجە تەماشایەکی کردن، چۆن تەماشای چەند سەرخۆشێك بکات قسەی هەڵـەت و پەڵـەت سـەبارەت بـە شتێك بکەن هیچی لەبارەوە نەزانن، ویستی وەڵامیان بداتەوەو بڵێت: ماوەیـەکی دوورو درێـژە ژیانمـان لـە مەترسیدایەو ماوەیەکی دوورو درێژە هەموومان مردووین، ئەگەرچی یەك لـە دوای یـەك دەنێـژرێین، بـەڵام قسەی نەکرد چونکە تاقیکردنەوەی ئەم دواییەی چەشتبوو، بۆیە بە زارێکی ئاسایی و سروشتی پێـی گـوتن کە هاتووە شتێك لە دوکانەکەی بباتەوەو ئەوەتە یەکسەر بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە. زۆر ڕوون و ئاشکرایش بوو کە زۆریان پەلە بوو، بۆیە دووبارە فەرمانیان پێکرد بە زووترین کات ئەم گەڕەکە بەجێ بهێڵێت، پاشـان بـە گۆڕەپانی بازاڕەکەدا تێپەڕین و ڕوویان کردە پردەکە.

کاتێك بە هەنگاوی کپ و بێ دەنگ بەسەر ئەو خۆڵەدا کە بارانەکە کردبوویە مافوورێکی چڕی شێدار دوور دەکەوتنەوە، عەلی خۆجە تەماشای کردن. هەروەها تەماشای کردن کاتێك بەسەر پردەکەدا دەپەڕینەوەو لە

پشتی ئیفریزە بەردینەکەوە بزربوون و تەنیا سەریان و نیزە درێژەکانی تفەنگەکانیان دەبینران. ئەو کات هەتاو هەڵهات و لووتکەی (تاوێرەکانی بۆتۆکۆ)ی ڕووناک کردەوە.
عەلی خۆجە لەگەڵ خۆیدا گوتی: هەموو ئەم هەنگاوانە دڵڕەقانەن، بەڵکو بێ نرخ و بەهان.
سەربەخۆ بزەیەکی هاتێ، بزەی منداڵێك مامۆستاکەی فریو دابێت. دەریچەی دەرگەکەی بەرز کردەوە بە شێوەیەك بتوانێت خۆی بخزێنێتە ناو دوکانەکەوە، کە چووە ژوورەوە وازی لە دەرگەکە هێنا بەخۆی بێتە خوارەوە. بەڕواڵەت دوکانەکە وا دەهاتە بەرچاو کە داخرابێت. ئەوەتە لە تاریکیدا پەنا دەباتەوە بەر ژوورە بچکۆلەکەی پشتەوەی دوکانەکە، ئەو ژوورەی کە زۆر جار لە دەستی ئەو خەڵکانەی بێزاریان دەکردو، ئەو مشت و مڕو ئاخافتنانەی مێشکیان ژاراوی دەکردو ماندوو و شەکەتیان دەکردو، لە دەستی خێزانەکەی و لە دەستی غەم و خەفەتەکانی ڕای دەکردو، خۆی تێ دەپەستاند. لەسەر کورسییەکی نزم دانیشت و هەردوو قاچی لەژێر خۆیدا نووشتانەوەو پشووی دا. هێشتە ناخی پەشێوی بە دەستی زۆر هەستی دەرەکیوە لە هەڵچوون و داچووندا بوو، کەچی ئەوەتە ئێستە هێور دەبێتەوەو چوون تەرازوویەکی ڕێك و پێك هاوسەنگی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە. ئەوەندەی نەخایاند ژوورە بچکۆلەکە بە گەرمای جەستەی گەرم بووەوەو، ئەوەندەی نەبرد خۆجە هەستی بە چێژی تاك و تەنیایی و، هێوری و بیرچوونەوە کرد، کە شوێنە تەسك و تاریك و پڕ لە تۆزەکەی دەکردە چەندین باخچەی ئەوتۆ کە نەدەبینران، دەیکردە چەندین باغ و باغاتی بێ کۆتایی، دەیکردە بەهەشتگەلێکی کەنار سەوزو ئاوو ڕووباری ئەوتۆ لەسەرخۆ هاژەیان دەهات.
لە تاریکایی ئەم شوێنە تەسك و تروسکەدا مرۆڤ هەست بە فێنکی بەیانی بارانـاوی و خۆرکەوتن دەکات. لەدەرەوەیش کپییەکی نائاسایی باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشابوو، کپی و بێ دەنگییەك هیچ تەق و تۆقێك نەیدەشڵەژاندو هیچ دەنگێك لە دەنگی مرۆڤ نەیدەپچڕی و ترپەی پێیش تێکی نەدەدا ـ ئەوەیش جۆرە پەرجوویەکە ـ هەستێکی شادی و کامەرانی دڵی عەلی خۆجەی تەنیبووەوە. خۆجە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەوەتە چەند تەختەدارێك وەك کەشتییەك لە کەشتییەکانی پەرجوویان لێ دێت، دەشێت بڕوادارێك لەوانەی بڕوایان بە ئایینی ڕاستەقینە هەیە داڵدە بدات و بیپارێزێت، لە هەموو خراپەیەك و لە هەموو جۆر کولەمەرگییەکی دەپارێزێت، لە هەموو ئەو غەم و خەفەتانەی دەپارێزێت کە بێ چارەسەرن، لەو تۆپخانانەی دەپارێزێت کە ئاگر دەبارێنن، تۆپخانەکانی دوو دوژمن کە بەسەر سەرتەوە دەجەنگن، دوو دوژمن هەردووکیان خواناناسن، نازانیت کامیان لە کامیان خراپترە. خۆجە بە شادییەوە لەگەڵ خۆیدا گوتی: لە ڕۆژانی جەنگەوە تا هەنووکە دنیا بەم شێوەیە هێورو کپ نەبووە ... کپی چەند خۆش و چەند جوانە ... بە گەڕانەوەی کپی تا ماوەیەکیش بووبێت ئەو ژیانە ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییە بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە ماوەیەکی دوورو درێژە بەرەو کزبوون دەچوو، کە لە ئاکامی بۆردومانکردنی تۆپخانەی کریستیانەکانەوە بەتەواوەتی لەناودەچوو. بێ دەنگی لەنوێژ دەچێت، بەڵکو خۆی لە خۆیدا نوێژە.
لەو ساتەدا، خۆجە هەستی کرد کورسییەکە لە ژێریدا باڵ دەگرێتەوەو چوون پەرێکی بەردەم ڕەشەبا بەرزی دەکاتەوە. ئەو بێ دەنگی و کپییە (خۆشە) پچڕاو لەناکاو بوو تریشقەیەکی گوێکەڕکەرو، پاشان بوو بە گرمەیەکی ئەوتۆ دەنگی دایەوەو ئاسمانی تەنییەوەو هەردوو گوێی پڕکردو، ئەوەند پەرت و بڵاو بووەوە

گوێی مرۆڤ نەیدەتوانی بەرگەی بگرێت. بۆیە ڕەفەکانی بەرانبەری بە دیوارەکەوە هەڵکەنران و، ئەو کاڵایانەی بەسەریانەوە بوون بەرەو ڕووی ئەو فڕین، هاوکات بە خۆی بەرەو کاڵاکان فڕی. خواجە دەستی بە ئاخ و ئۆف کرد: ئاخ، یان بڵێ هزری وی بوو کەوتە ئاخ و ئۆف کردن، چونکە نە دەنگ و نە توانای بیستنی نەما، بەڵکو شوێنیشی لەم دنیایەدا نەما. قاووقیژو دەنگێکی بەهێز هەموو شتێکی خنکاندو، هەموو شتێکی تێکشکاندو هەموو شتێکی لە ڕیشەوە هەڵکێشاو هەموو شتێکی باڵ دایەوە. مەزەندەی ئەوەی دەکرێت ئەو پارچە زەوییە بچووکەی دەکەوێتەوە نێوان هەردوو ڕووبارەکەوەو شارەکەی لەسەر دروست کراوە لە بنەوە هەڵتەکێنرابێت، ئەو هەڵتەکانەی ئەم گرمە قەبەیە هێنایە کایەوە، بۆیە فڕێی داوەتە بۆشایی ئاسمان و بە ئاسماندا دەفڕێت و، هەردوو ڕووبارەکە لە ڕێڕەوی خۆیان دەرچوونەو بەرەو ئاسمان بوونەتەوەو ئێستەیش بە هەموو ئەو ئاوە قورسەیانەوە وەك دوو تاڤگە لە ئاسمانەوە دادەڕژێنە خوارەوە بێ ئەوەی جارێك ڕاوەستن یان تێك بشكێن. تۆ بڵێیت ڕۆژی (قیامەت) بێت؟ تۆ بڵێیت ئەو کاتە بێت کە کتێبی خواو زاناکان قسەی لەبارەوە دەکەن؟ تۆ بڵێیت ئەو کاتە بێت کە ئەم جیهانە لەناوچووەی بە چاوترووکانێك تێدا نامێنێت وەك بڵێیت برووسکەیەك بێت و بکوژێتەوە؟ بەڵام خواوەند چ پێویستی بەم هەموو تێکدانە هەیە، کە ئەگەر بیەوێت شتێك بکات پێی دەڵێت ببە ئەویش دەبێت؟ نا، ئەمە کردەی خوا نییە. بەڵام کەی دەستی مرۆڤ هەموو ئەم هێزو توانایەی هەیە؟

ئایە خۆجە دەیتوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە بەرانبەر بەم مستەکۆڵە کوشندەیە کە دەیویست لەناوی ببات و هەموو شتێکی تێدا بخنکێنێت، تەنانەت هزریش؟ لەکاتێکدا ئەوەندە سەری سوڕمابوو ئەوەندە نائومێد بووبوو، ئەوەندە شێوابوو، ئەو هێزە زەبەلاحە ناناسێت کە هەڵیگرتووە، نازانێت بۆ کوێی دەبات و نە لە کوێ ڕادەوەستێت، بەڵام دەزانێت کە خۆی عەلی خۆجەیە، بەردەوام سەبارەت بە هەر کارێك لەسەر هەق بووە، خۆجە جارێکی دیکە کەوتە ئاخ و ئۆفەوە: ئاخ ... بەڵام ئاخەکەی ئەم جارەی بە ئێش و ئازار بوو، چونکە ئەو هێزەی کە بەرزی کردبووەوە هەنووکە دەیهێنێتە خوارەوە نەك بۆ ئەو شوێنەی لێی دانیشتبوو، بەڵکو بۆ سەر عەردەکەی نێوان دیوارە دارینەکەو کورسییە هەڵەوگێڕاوەکە، هەستی کرد سەری بەر لێدانێکی گەورە کەوت، هەستی کرد هەردوو ئەژنۆو پشتی دێشێن. هەموو ئەوەی توانی لێکی جیا بکاتەوە ئەوە بوو گوێی لێبوو، وەك دەنگێکی جیاکاری ئەو هەراو هوریا سەرتاسەری و گشتییە، شتێك بە توندی کەوتە سەربانی دوکانەکەی و، لەو دیوی بەربەستەکەوە گوێی لە تەق و تۆقی شت و مەکی میتاڵ و دارین بوو، وەك بڵێیت هەموو کاڵاکانی نێو دوکانەکەی بوونەتە زیندەوەرو باڵیان گرتووەتەوەو لە فڕینیاندا پێکدا دەدەن. پاش ئەو بەرکەوتنە لێزمەیەك بەردی بچووك بەسەر سەربانی دوکانەکەو عەردی شەقامەکەدا داباری. بەڵام عەلی خۆجە ئەو کات بوورابووەوە. ئەوەتە لە ژوورە بچووکە تەسکەکەیدا کە بۆی بووەتە تابووت، بێ گیان و بێ جووڵە درێژ بووەتەوە.

کاتێك عەلی خۆجە بە ئاگە هاتەوە، دەرەوە هەتاو بوو. نەیدەتوانی بڵێت چەند سەعات بەو شێوەیە لەو شوێنەدا بەو ڕاکشاوییە مابووەوە. ئەوەی لەو بوورانەوە قووڵەی بە ئاگە هێنایەوە ڕووناکی هەتاو دەنگی مرۆڤان بوو. زۆر بە زەحمەت هەستایەوە. ئەو دەیزانی کە لە تاریکییەکی تەواودا دانیشتبوو. هەرچی

ئێستەیە ئەوە ڕووناکییەك لە کونێکی تەسکەوە دێتە ناو دوکانەکەوە. بیری کەوتەوە کە دەنگێکی گەورە کە گوێی کەڕدەکردو دڵی دەتۆقاند دنیای گرتەوە. کەچی ئێستە دنیا کپ و بێ دەنگە. بەڵام بێ دەنگییەکە لەو بێ دەنگییە ناکات کە پێش ماوەیەك وای دەهاتە پێش چاو زۆر خۆشە، بەر لەو بوومەلەرزەیەی کە بە عەردیدا دا، بەڵکو لە برا نارەسەنەکەی دەکات، کە ئەویش مردنە. دەرکی بە قووڵایی ئەم بێ دەنگییە کرد کاتێك گوێی لە دەنگێك بوو بە ناوی خۆیەوە بانگی دەکردو، مەزەندەی دەکرد لە دوورەوە دەهات.

خۆجە دەرکی بەوە کرد کە هێشتە زیندووەو، هێشتە لە حەشارگە تەسکەکەیدایە. خۆی لەژێر کالاّ کەڵەکەبووەکان دەرهێنا کە بەسەر سەریدا بەربووبوونەوە، بەدەم ئاخ و ئۆفەوە هەستایە سەرپێ و بێ پسانەوە هاوارە پڕ لە ئێش و ئازارەکەی دووبارە دەکردەوە: ئاخ ... ئێستە گوێی لەو دەنگ و بانگەوازانەیە ڕوون و ئاشکرا لە شەقامەکەوە دێن. نووشتایەوەو لە کونە تەسکەکەوە دزەی کردە ناو دوکانەکەوە. ئێستە دوکانەکە بریتی بوو لە وێرانەی بەسەر یەکدا داتەپیوو شتگەلێکی هەڵەوگێڕ کە تیشکی هەتاو لێی دەدان. دەرگەکەیش کراوەتەوەو هێدمەی دەنگەکە هەردوو دەریچەی دەرگەکەی لە بن دەرهێناوە. لەناو ئەم بشێوی و لەناو ئەم کالاّ تێکەڵ و پێکەڵ و پەرت و بڵاوەو لەناو ئەم شتانەدا کە لە هەموو لایەکەوە بەسەر یەکدا کەوتوون، پارچە بەردێکی لە قەوارەی سەری مرۆڤ بەدی کرد. خۆجە چاوی هەڵبڕی. بینی ڕووناکی هەتاو لە بنمیچەکەوە دێتە ژوورەوەی دوکانەکە. ئاشکرایە کە بەرد سەربانە ڕایجەکەو بنمیچە دارینەکەی کون کردووە. خۆجە جارێکی دیکە تەماشای ئەم بەردە سپییە کون کونە جوان تاشراوو لە هەردوو لاوە لووس و لە لاکانی دیکەوە شکاوەی کردەوە ...

ـ ئاه ... پردەکە ...

خۆجە ئەمەی لەگەڵ خۆدا درکاند، بەڵام ئەو دەنگەی لە شەقامەکەوە بانگی دەکرد تا دەهات بەرزتر دەبووەوەو، ڕێی نەدەدا پتر بیر بکاتەوە.

خۆجە، بەم شێوەیەی کە هەرەسی هێناوەو هێشتە تەواو نەهاتووەتە سەر خۆی، ئەوەندەی نەبرد خۆی لەبەردەم پێنج یان شەش لاودا بینی جلی بۆری سەربازییان لەبەر بوو، شەبقەی لە جۆری شەبقەی پۆلیسیان لەسەر نابوو، پێڵاوی لە جۆری پێڵاوی جووتیارانیان لە پێ بوو، ڕدێنیان درێژ بووبوو، تەپ و تۆزیان لێ نیشتبوو. هەر هەموویان چەکدار بوون، هەر هەموویان دوو ڕەختی گوللەی بچووکی بریقەداری یەکدیبڕیان بەسەر سینگەوە بەستبوو. (فلادۆ مارچ)ی کلیلسازیان لەگەڵە. بەڵام ئێستە شەپقە ئاساییەکەی لەسەر نییە کە لێواری هەبوو، بەڵکو کلاوێکی خوری لەسەرە، دوو ڕەختی گوللەیش بەسەر سینگی ئەویشەوە یەکدیبڕ بەستراون. ئەوەتە یەکێك لەپیاوەکان یەکسەر لە خۆجە نزیك دەبێتەوە. بێگومان ڕەنگە بەرپرسیان بێت. گەنجێکە بە جووتێك سمێڵی ڕەشی ڕێك و پێك و ڕوخسارێکی سەرنجڕاکێش و جووتە چاوێکی بریسکەدارەوە، لەسەر شێوازی ڕاوچییەکان تفەنگەکەی لەسەر شان دانابوو، دارێکی باریکەلەی لقەدار گوێزی بە دەستەوە بوو.

بە جنێودان و تووڕەییەوە لە خۆجە نزیك بووەوەو، دواتر دەنگی بەرزکردەوەو پێی گوت:

ـ هێی ... تۆ ... کەس هەیە بەم شێوەیە دوکانەکەی دەرگە لەسەر پشت بەجێ هێشتبێت؟ ئەگەر سبەینێ شتێك لەنێو دوکانەکەدا نەمێنێت دەڵێیت یەکێك لە سەربازەکانی من بردوویەتی؟ ئەرکی من ئەوەیە پاسەوانی کاڵاکانی تۆ بکەم؟

ڕووی ئەم پیاوە هێورو هێمن دێتە بەرچاو. بەڵام دەنگی گڕ بوو، دارەکەی ڕادەوەشاندو هەڕەشەو گوڕەشەی دەکرد. لەم کاتەدا فلادۆ مارچ لێی نزیك بووەوە، بە ئەسپایی شتێکی پێگوت پیاوەکەیش وەڵامی دایەوە گوتی:

ـ دەزانم پیاوێکی باش و بەڕێزە. بەڵام ئەگەر جارێکی دیکە دوکانەکەیم بینی بێ چاودێری دەرگەی لەسەر پشت بێت ئەو کات کارەکە بەئاسانی تێناپەڕێت.

پاشان پیاوە چەکدارەکان ڕۆیشتن. خۆجە لە کاتێکدا ئەوان دەڕۆیشتن و ئەم تێی دەڕوانین لە دڵی خۆیەوە گوتی: (ئەوانەیش ئەوەکانی دیکەن. هەرکە گەیشتن یەکسەر ڕوو بە ڕووی من بوونەوە. هەر گۆڕانکارییەك لەم شارەدا ڕوو بدات یەکسەر من تووش دەبم ).

خۆجە هەنووکە واق وڕماو، زار ترەکیو، وڕو گێژ، ڕووخاو لە نزیك دوکانە لێقەوماوەکەیەوە ڕاوەستاوە. بازاڕەکەی لەبەردەمدا پان بووەتەوە، کە لە بەر تیشکی هەتاوی ئەم بەیانییەدا چوون شەڕگە دێتە پێش چاو، بەردی گەورە گەورەو بچووك و قرمیدو لق و پۆپ و بنەدار دایپۆشیوە. خۆجە چاوی گێڕاو تەماشای پردەکەی کرد. کابیاکە هێشتە لەشوێنی خۆیدا بوو، بەڵام پردەکە یەکسەر لە دوای کابیاکەوە ڕووخاوە، حەوتەمین ئەستوونی پردەکە نەماوە. لە نێوان شەشەمین و هەشتەمین ئەستوونیشدا بۆشاییەك زاری کردووەتەوە، کە ئەگەر مرۆڤ لابە لا تەماشای بکات دەتوانێت ئاوی ڕووبارەکە ببینێت بە ژێریدا دەڕوات کە سەوز دەچێتەوە. پاش هەشتەمین ئەستوون پردەکە سپی و لووس چوون دوێنێ و چوون لەو کاتەوە دروست کراوە بەردەوامە تا دەگاتە کەنارەکەی دیکە.

خۆجە چەند جارێك چاوی ترووکاند و نەیدەویست ئەم کارەساتەی دەیبینی بسەلمێنێت، پاشان هەردوو چاوی نوقاند. یادی ئەو سەربازانەی بە خەیاڵدا تێپەڕی کە بەر لە پێنج یان شەش ساڵ لەژێر خێوەتە سەوزەکەدا خۆیان حەشار دابوو، ئەو ئەستوونەیان هەڵدەکەند، بیری بۆ لای ئەو قەپاغە ئاسنینە چوو کە پاش ئەو ڕووداوە چەند ساڵێك کونی ئەستوونە مینرێژ کراوەکەی داپۆشیبوو، خەیاڵی کرد ئەو دەم و چاوە بە ڕازو ڕەوانە، ئەو دەم و چاوە کەڕو لاڵ و کوێرە، دەم و چاوی ئەفسەری یاریدەدەر (ڕانکۆڤیچ)ی لە تەنیشتەوە ڕاوەستاوە، عەلی خۆجە مووچڕکەیەك جەستەی تەنییەوە و، سەرلەنوێ چاوی کردەوە، بەڵام هیچ دیمەنێکی دیکەی نەبینی تەنیا ئەو دیمەنە نەبێت کە بەر لە کەمێك بینیبووی: بازاڕەکە کە بە بەردی گەورەو بچووك داپۆشرابوو، پردەکە کە یەکێك لە ئەستوونەکانی نەمابوو. لەگەڵ بۆشاییە زار تەرەکیوەکەی نێوان هەردوو پایەکە، کە مینەکە دڕندانە ڕووخاندبووی. تەنیا لە خەوندا نەبێت ئەم جۆرە دیمەنانە ڕوو نادەن و نابینرێن.. تەنیا لە خەوندا نەبێت... بەڵام کاتێك ڕووی لەم دیمەنە وەرچەرخاند کە چاو بڕوای پێ ناکات، دوکانەکەی خۆی بینی و، لە ناو کاڵا پەرت و بڵاوەکانی ئێرەو ئەوێدا بەردە زلەکەی بەرچاو کەوت. کە پارچەبەردێکی حەوتەمین ئەستوونی پردەکە بوو. ئەگەر بڕوا بکرێت کە ئەمە خەونە، کەواتە خەون لە هەموو شوێنێك

هەیە. لە ناوەندی شارەوە بانگەوازێك بەر گوێ كەوت. فەرمانێك بوو بە دەنگی بەرزو بە زمانی سیربی بڵاو دەكرایەوە. عەلی خۆجە گوێی لە دەنگی ترپەی چەند پێیەك بوو نزیك دەبووەوە، خێرا دەرگەی دوكانەكەی داخست و كلیلی داو، بەرەو ماڵ تێی تەقاند و ڕووەو سەرەو ژووركەكە سەركەوت.
پێشتر زۆر جار، كە بەرەو ماڵ سەردەكەوت، هەناسەی سوار دەبوو، هەستی دەكرد دڵی لە شوێنێكی دیكەدا لێدەدات. چونكە ئەم گردۆڵكەی لێی لەدایك بووە، ماوەیەكی زۆرە، لەوەتای تەمەنی گەیشتووەتە پەنجا ساڵ، وای دێتە پێش چاو كە زۆر بەرزەو، تا دێت بەرزتر دەبێتەوەو، هەروەها ئەو ڕێگەیەی بەرەو ماڵەوەیان دەچێت بەلای ئەوەوە درێژەو تا دێت درێژتر دەبێتەوە. بەڵام هیچ ڕۆژێك هەستی بە هەر هەموو ئەمە نەكردووە وەك ئەمڕۆ هەستی پێدەكات و حەز بەوە دەكات زوو لە ناوەندی شارەوە دوور بكەوێتەوەو زۆر خێرا بگاتە ماڵەوە. دڵی بە لێدانێكی نائاسایی لێدەدات و هەناسەی دەپچڕێت . ناچار بوو ڕاوەستێت.
خەیاڵی ئەوەی كرد لەوێ لە خوارەوە گۆرانیی بەر گوێ دەكەوێت. لەوێش لە خوارەوە پردەكە، بە شێوەیەكی ترسێنەرو دڵڕەقانە ڕووخاوەو بووەتە دوو كەرتەوە. عەلی خۆجە پێویستی بەوە نییە ئاوڕی دواوە بداتەوە، تا هەموو دیمەنەكە ببینێت. نا هەرچۆنێك بووە ئاوڕ ناداتەوە: ئەستوونەكە، دوای ئەوەی وەك بنەدارێكی زەبەلاح لە ڕیشەوە هەڵكێشرا، نغرۆی بنەوەی ئاوەكە بووە، پارچەكانیشی بە هەزاران هەزار لە دەوروبەری پەرت و بڵاو بوونەتەوە، هەردوو كونەكەی لای ڕاست و لای چەپیشی توندو دڵڕەقانە ڕووخاون، بۆشایی نێوانیان پازدە مەتر درێژە، بە ئێش و ئازارەوە دەیانەوێت بە یەك بگەن.
نا هەرچۆنێك بووە عەلی خۆجە ئاوڕ ناداتەوە. بەڵام ناشتوانێت لە ڕێ كردندا بەرەو پێشەوە بچێت و بە تەپۆڵكەكەدا سەربكەوێت. وردە وردەیش تا دێت دڵی هەناسەی لێدەبڕێت و، هەردوو قاچی هەڵێنەدەگرتن. عەلی خۆجە خۆی ناچار دەكرد ڕێك و پێك و لەسەرخۆ هەناسەی قووڵ بدات، هەناسەیەك كە تا دەهات قووڵتر دەبوو. ئەوسا ئەمە سوودی پێدەگەیاند، ئێستەیش سوودی پێدەگەیەنێت. عەلی خۆجە هەستی بە هێوربوونەوەی تەنگە نەفەسی نێو سینگی كرد. جۆرە هاوسەنگییەكی لە نێوان هەناسە قووڵ و ڕێك و پێكەكان و لێدانەكانی دڵیدا بەدی هێنا.درێژەی بە ڕۆیشتنەكەی دا.
عەلی خۆجە خەیاڵی ماڵەوەو خەیاڵی نوێنەكەی كرد، وێنەی ماڵ و نوێنەكەی پتر هانیان دا ڕێ بكات. بە زەحمەت و لەسەرخۆ ڕێ دەكات. تا دێت دیمەنی پردە ڕووخاوەكە بە بەرچاویەوە ڕادەكشێت. ئەوە بەس نییە تەماشات لەسەر شتێك لە شتەكان وەرگێڕێت بۆ ئەوەی چی دیكە ڕاوەدووت نەكەوێت و ئازارت نەدات. عەلی خۆجە چاویش بنووقێنێت تەنیا ئەو دیمەنە دەبینێت.
عەلی خۆجە هەندێك هەناسەی باشتر بووبوو بە جۆرە خۆشنوودییەكەوە لەگەڵ خۆیدا گوتی: ئێستە مرۆڤ دەزانێت ئەو هەموو ئامێرو ئەو هەموو ئامرازانەیان بۆچی بوو، ئەو هەموو خێرایی و پەلەكردن و ئەو چالاكییەیان بۆچی بوو (بەردەوام لەسەر هەق بوو، لە هەموو شتێكدا، دژ بە هەموو خەڵكی، بەڵام هەنووكە ئەم لە هەڵە بەدەرییە جێی ڕەزامەندی خۆی نییە. یەكەمین جارە ئەم ڕاستییەی لا بەرەواژ دەبێت: كە ئەو لەسەر هەقە). لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا لەسەر پردەكە دەیبینین كاریان دەكرد: پاكیان كردەوە، ڕازاندیانەوە، بناغەكانیان پاكژ كردەوە، لوولەو بووڕی ئاویان تێدا ڕاكێشا، گڵۆپی كارەباییان بۆ دانا، بەڵام

ڕۆژێك لە ڕۆژان هەر هەموو ئەوەیان تەقاندەوە، وەك بڵێیت تاوێرێك لە تاوێرەكانی چیا دەتەقێننــەوە، نــەك بنیاتێكی خێرخوازی جوان. ئێستە مرۆڤ تێدەگات چی بوون و، چییان دەویست. ئەو هەر لەسەرەتاوە ئەوەی دەزانی، بەڵام هەنووكە گێلترین گیل دەتوانێت ببینێت. شتێكیان ڕووخاند كـە لـە نـاو هــەموو شـتەكانی دیكەدا بەهێزترین و نەمرترین شتە، ئەو شتەشیان زەت كرد كـە هـی خواوەنـدە، كەسـیش نازانێـت لـە چ سنوورێك ڕادەوەستن. تەنانەت پردی وەزیرەكە لێك ترازاو داڕووخاو پسا وەك چـۆن ملوانكەیـەكی مـرواری دەپسێت و دەپچڕێتەوە، هەركە ئەو كارەیش دەست پێ بكرێت كەس ناتوانێت ڕایبگرێت.

خۆجە جـارێكی دیكـە ڕاوەسـتا. هەناسـەكانی خیانـەتیان لێـدەكرد و ڕێگـە سـەرەوژوورەكەیش لـەناكاو لەبەردەمیدا قوت دەبووەوە، بە هەناسەدانی قوول ویستی جارێكی دیكە دڵی هێور بكاتەوە. توانی جارێكی دیكە هەناسە وەربگرێتەوە، هەستی كرد، جارێكی دیكە سەرلەنوێ دەژێتەوە، زۆر خێرایانە دەسـتی بـە ڕێ كردن كردەوە.

خۆجە لەگەڵ خۆیدا گوتی: هەرچی دەبێت با ببێت. ئەگەرچی خەڵكی لێرە شت دەڕووخێنن، ئەوە لە شوێنی دیكە شت دروست دەكەن. ڕەنگە هێشتە لە سەر ڕووی زەوی وڵاتێكی هێورو كەسانێكی تێگەیشتوو هــەبن ڕێز لە ویستی خوا بگرن. ئەگەرچی خوا ئەم شارە بەستەزمانەی سەر ڕووباری درینای پشت گوێ خستبێت، ئەوە هەر هەموو جیهانی پشت گوێ نەخستووە، ڕەنگـە هــەموو ئـەم زەوییــەی ژێـر ئاسمـانی پشـت گـوێ نەخستبێت. با ئەوانەیش تا (ئاخر زەمان) بۆ خۆیان هەرچی دەكەن با بیكەن . بەڵام كێ دەزانێت؟ (ئاخ ... خۆزگە دەیتوانی كەمێك هەوای دیكەی هەڵمژیبایە) ... كێ دەزانێـت؟ ڕەنگـە ئـەم ئایینـە ناهەقـەی كـە لایەنگرانی هەموو شتێك ڕێك دەخەن و، شت پاك و چاك دەكەنەوەو كـاری چـاكەیش دەكـەن، لـە پێنـاوی ئەوەدا بێت پاشان لەچاوترووكانێكدا هەموو شتێك برووخێنن، ڕەنگـە ئـەم ئایینـە ناهەقـە لـە پاشـەڕۆژدا لەسەر هەموو ڕووی عەرد بڵاو ببێتەوەو، لایەنگرانی ئەو ئایینە هەموو ئەم جیهانەی خوا دروستی كـردووە دەكەنە گۆڕەپانی چۆڵ و هۆڵی بینایە شێت و وێرانكارییە تاوانكارەكەیان، دەیكەنـە لەوەڕگەیـەك بـۆ ئـەو برسیەتییەیان كە تێر نابێت و ئەو ئارەزووانەیان كە كەس تێیان ناگات ... هەموو شـتێك ڕێـی تێدەچـێت. بەڵام تەنیا یەك شت هەیە كە شتێكی نەكەردەنییە بێتە دی، ئەویش ئەوەیە دنیا بە تەواوەتی و تا هەتایـە پیاوانی مەزن و دانای خاوەن دەروونی باڵاو بوێری تێدا نەمێنێت، كە لە ڕێی خوادا تـەلاری نـەمر دروسـت دەكەن، بۆ ئەوەی دنیا جوانتر بێت و، مرۆڤ ژیانێكی باشترو ئاسانتر بەسەر ببات. ئەگەر نموونەی ئەو كەسانە نەمێنێت ئەوە واتای ئەوەیە كە خوشویستنی خوا لەم جیهانە نامێنێـت و دەكوژێتـەوە، ئـەوەیش شـتێكی دەگمەن و نەكەردەنییە.

ئەم هزرانە بە مێشكی خۆجەدا دەخولێنەوەو، تا دێت بە زەحمەت و سستتر ڕێ دەكات. هەنووكە بە ڕوونـی گوێی لە گۆرانییە لە شارەوە بەرگوێ دەكەوێت. خۆزگە دەیتوانی هەوای زۆرتر هەڵمژێت ... خۆزگە ڕێگەكە ئەوەندە سەرەوژوورتر نەدەبوو ...خۆزگە دەگەیشتە ماڵەوە بۆ ئەوەی لەسەر نوێنەكەی ڕاكشـێت و، یـەكێك لە ئەندامانی خێزانەكەی ببینێت و گوێ لە قسەی بگرێت. تـەنیا ئـەو هێوایـەی دەخواسـت. بـەڵام ئەمـە كارێكی نەكەردەنی بوو.


وای لێهات نەیدەتوانی هاوسەنگییەکی دروست لە نێوان هەناسەدان و لێدانی دڵیدا بەدی بهێنێت. دڵـی بـە تەواوەتی هەناسەکانی کپ کردووە، وەك چۆن جار نا جار لە کاتی نوستندا ئەوو تۆیش تووشتان دەهات.
بەڵام ئەوسا لە خەو هەڵدەستا، هەڵستانێك سەلامەتی بۆ دەستەبەر دەکرد، بەڵام ئێستە وریایە ...
زاری بەش بەش بووەوەو هەستی کرد هەردوو چاوی کەللەسەری بەجێ دەهێڵن، ئەو ڕێگە سەرەو ژوورەیـش کە تا دەهات بڵندترو سەرەوژوورتر دەبوو هەنووکە خەریکە تەواو لە دەم و چاوی نزیك دەبێتەوە. بەرچـاوی تەواو پڕ بەو ڕێگە سەخت و دژوارە بوو کە بوو بە تاریکایی و بە تەواوەتی لەناوی برد.
لەو ڕێگەیەی سەردەکەوێت و دەگاتە گەڕەکی مەیدان عەلی خۆجە درێژ بووبووەوە، بە چەند هەناسەدانێکی کورت، عەلی خۆجە گیانی سپارد.

***کاتژمێر 9ی ئێوارەی 2008/11/25 تەواو بوو.***



پردەکەی سەر ڕووباری درینا






ئیڤۆ ئاندریچ و پردەکەی درینا ساڵی 1963



# وەرگێڕ لەچەند دێڕێکدا



- ساڵی 1951 لەناوچەی بنکوورەی سەر بە قەزای خانەقین لەدایکبووە .
- ساڵی 1963 خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی گۆڕەشەلەی کەناری زێی سیروان لە ناوچەی خانەقین تەواوکردووە.
- قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری خانەقین تەواو کردووە .
- ساڵی 1970 چووەتە بەشی کوردی کۆلێژی وێژەیی زانکۆی بەغداو لە ساڵی 1974دا بەکالۆریۆسی زمان و وێژەی کوردی وەرگرتووە .
- لەساڵی 1970وە دەستی بە نووسین کردووە .
- لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی وێژەیی و شیعرو بابەت و وتاری هەمەجۆری بلاّوکردووەتەوەو بەرهەمێکی زۆری شاعیران و چیرۆکنووسانی کوردی کردووەتە عەرەبی بۆ چاپ ئامادەی کردوون و چەند بەرهەمێکی دەستنووسی دیکەیشی هەیە چاپ نەکراون، ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە
- کۆشیعری شەپۆلی ئاواز ساڵی 1978 بەغدا .
- کۆشیعری ژیلەمۆی ڕاز ساڵی 1980 بەغدا .
- کۆشیعری بەردەباز ساڵی 1986 بەغدا .
- کۆشیعری خۆر کۆچ ناکات ساڵی 1987 بەغدا .
- کۆشیعری ڕێس ساڵی 1997 هەولێر ..

- کۆ شیعری ئەفسانەی سێو ساڵی 2005 هەولێر .
- دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا 2008 هەولێر.
- ئامۆژگاری دایك، کۆچیرۆکی وەرگێڕراو بۆ منداڵان، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، 2008.
- کۆچیرۆکی مەرگەمووش ، چاپ نەکراوە
- لە ساڵی 1976ەوە تا 1992 کاری ڕۆژنامەسی کردووە.
- لەساڵی 1992وە تا 2008/9/1 مامۆستای زمان و ئەدبی کوردی بوو لە ئامادەیی پیشەسازی هەولیرو لە ساڵی 2000 خانەنشین بوو، لە ساڵی 2003 گەڕایەوەو بوو بە مامۆستای زمانی کوردی لە ئامادەیی میدیای کچان.
- لە 2008/9/1 بە تەواوەتی بۆ وەزارەتی پەروەردە، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی گوێزراوەتەوە.
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لقی هەولێرە.